به‌رگی 2

لە بیرەوەرییەکانم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کەریم حیسامی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

لەبیرەوەرییەکانم

بەرگی چوارەم

١٩٧٠-١٩٧٥

کەریمی حسامی

لەبیرەوەرییەکانم

کەریم حسامی
دەرهێنانی هونەری : خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ:
تیراژ : (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٦٧٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دراوە.

پێش دەستپێك

بەتەما نەبووم لەسەرەتای بەرگی چواری بیرەوەرییەكانمدا هیچ بنووسم چونكە شاعیر و نووسەری بەڕێز مامۆستا محەمەد رەسوڵ هاوار لوتفی كردووە و پێشەكی بۆ نووسیوە، كەوابوو نووسینی من وەك پێشەكی لەزیادی دەبوو، بێجگە لەوە شاعیری لاوی خۆشەویست، شاگرد و كوڕئامۆزای شاعیری مەزن مامۆستا هێمنی رەحمەتی كاك جەعفەری شێخ الاسلامی وتارێكی لەسەر سەرجەمی بیرەوەریەكانم بۆ رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) ناردووە و ئەزیش لەبەر شیرینی و شێوای قەڵەمەكەی و بۆ متفەڕك پاشكۆی ئەم بەرگەم پێ رازاندۆتەوە.

بەڵام دیسان نووسینی چەند دێڕێكم هەر بەپێویست زانی، ئەم بەشەی بیرەوەرییەكانم پێوەندی بەمێژووی تێكۆشانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە هەیە، (١٩٧٠–١٩٧٥) منیش لەو ماوەیەدا لەریزی ئەو تێكۆشانەدا بووم، ئەگەر وەك مێژووی حیزبی دیموكرات نووسیبام، دەبوایە شێوەیەكی تر بایە و زۆری لێ زیاد بكەم، راست و چەوتی ئەو ماوە تێكۆشانە هەڵسەنگێنم و رووناین كەمەوە، باسی گەلێك ناو و بۆچوون و هەڵوێستیان بكەم، بەڵام سەبارت بەبارودۆخی ئێستای تێكۆشان نەچوومە سەر هێندێ باسی تایبەتی و شەخسی بەشداربوانی تێكۆشانی ئەو سەردەمە.

لەو ماوەیەدا دۆست و برادەر و ئاشنا و نیشتمانپەروەرانی كوردستانی عێراق، لەبەغدا یا لەكوردستان ئەوپەڕی رێز و برایەتی و میواندارییان لەئاست ئێمە (ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران) نیشان داوە، هەرچەندە قەڵەمی من لەتوانای دا نەدەبوو كەئاوێتەی رەنگی جوامێری و قەدر زانی برایانی كوردی عێراق بنوێنێ، بەڵام دیسان ئەگەر خۆم لەقەرەی ئەو باسە دابایە، دەبوایە بەرگێكی تەواوی بۆ تەرخان بكەم، سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ئێستای كوردستان لەنووسینی ناو و یادی پیاوەتی و جوامێری دۆست و برادەر و

ئاشنا و هاوڕێ و هاونیشتمانانی کوردستانی عێراق دەستم پاراستوە، بەڵام بێ وەفا نیم و هەتا مردن لەچاوم دایە و بەئاواتی ئەو رۆژەم کەڕێگای دەربڕینی هەموو بیروبۆچوونێك و نووسینی هەموو باسێك لەکوردستان بکرێتەوە.

لەم بەشەشدا، هەروەك بەشەکانی دیکەی بیرەوەرییەکانم، وەك گێڕانەوەی رووداوەکان و ئەوانەی پتر پێوەندییان بەخۆمەوە هەبووە تۆمارم کردوون، رەنگە دیسان خوێنەری ئاواش هەر پەیدا بن کەبێژن: کابرا فرە باسی خۆی کردووە، لایان وابێ کابرای کە سەرگزەشتی خۆی دەنووسێ، ئەشێ هەر باسی خەڵکی تر بکات.

بەداخەوە چاپی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم، کەوتە کات و زەمانێك کەدکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزبی دیموکرات و هاوکاری ٣٠ ساڵی خەباتم بەدەستی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی شەهید کرا، ئەم کارەساتە بەناچاری تا رادەیەك کاری کردە سەر نووسینەکانی من و بەپێویستم نەزانی ئەسکۆێ بگەیەنمە بنی دیزە و بەسەر گەلێك مەسەلە دا بازم دا، رەنگە بەشەکانی تری بیرەوەرییەکانیشم، سەبارەت بەو کارەساتە تووشی کەم و کوڕی بێن.

هەر چۆنێك بێ ئەوە بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانم دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزی کورد، رەنگە زۆر کەس سەبارەت بەنێوەرۆکی نووسینەکانم بیروبۆچوونی تایبەتی هەبێ و یا لەرووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پتر ئاگادار بێ، دەتوانێ لەسەریان بنووسێ و لێیان بکۆڵێتەوە و ئەگەر بەچەوتیان دەزانێ راستیان کاتەوە و لەو رێگایەوە ئەویش یارمەتی بەرووڕنکردنەوەی بەشێکی مێژووی تێکۆشانی نەتەوەکەمان بکات، خوای تەعالا جەزای دەداتەوە و ئەزیش گەلێك سوپاسی دەکەم.

کەریمی حسامی

پێشەکی

تۆمارکردنی یاداشت یاخود بیرەوەری و چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان کارێکی زۆر گرنگ و بەنرخە و سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە و هەندێ جار هەندێك لەو یاداشت و بیرەوەریانە ئەبن بەبەشێك لەمێژوی رووداو و بەسەرهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەت لەو قۆناخانەدا کەنووسەری یااشت باسی کردوە و لێی دواوە، وەئەبن بەسەرچاوەیەکی زۆر بەنرخ بۆ شی کردنەوە و لێکۆڵینەوەی باری قۆناخێك یا چەند قۆناخ لەمێژووی ئەو میللەتە.

مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتان بەزۆری لەکۆکردنەوە و یەکخستن و بەراوردکردنی گەلێك یادداشت و بیرەوەری نووسەرانی ئەو میللەتە پێکهاتووە و بوون بەسەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ ئاگاداربوون لەژیانی ئەو سەردەمەی کەنووسەر یادداشت و بیرەوەریەکانی تیادا نووسیوە، بەڵام بەداخەوە میللەتی کوردی کۆڵۆڵ وەك لەهەموو شتێکی تردا چوون کەم تەرخەم بووە و کورت بین و دواکەوتوو بوە، لەمەشدا هەر کەمتەرخەم بووە و بایەخ نەدراوە بەتۆمارکردنی بەسەرهات و رووداوەکانی رابوردوومان کەبەوە زۆر شتمان لەکیس چوە و زیانێکی زۆرمان پێ گەیشتووە، بۆ نموونە: ئەبوایە یەکی وەك شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و بەدرخان پاشا و یەکێکی وەك شێخ مەحمودی مەزن و سمایل خانی شکاك و شەهیدێکی نەمری وەکو قازی محەمەد و تێکۆشەرێکی وەکو مستەفا بارزانی خۆیان یا بەچاودێری خۆیان ئەوانەی کەلێیانەوە زۆر نیزیك بوون رووداو و بەسەرهاتە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان تۆمار بکردایە و هەتا ئەوکاتەی دەرفەتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان ئەهات هەمووی بپارێزرانایە و هەرچی نهێنییەکان و رووداوە ئاشکراکانی سەردەمی خۆیان هەموو تۆمار بکردایە و پێشکەشی نەوەی دواڕۆژی نەتەوەکەی خۆیان بکردایە.

خۆ ئەگەر چەند کەسێکی وەکوو (بەڵەچ شێرکۆ- جەلادەت بەدرخان) وەیا (زنار سلوپی- قەدری جمیل بەگ) نەبوونایە کەهەندێ بیرەوەری و یادداشتی خۆیان نووسیوە و بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر ئەوانە نەبوونایە ئەوا ئیمڕۆ باسی هەندێ رووداو و بەسەرهاتی ئەو سەردەمەی ئەوان لێی دواون نەمان دەزانی و نەماندەبیست، ئەگەر بشمان بیستایە دوور نەبوو لەهەندێ سەرچاوەی شێواوی بێگانەوە دەستمان ئەکەوت و ئەمان خوێندەوە کەبەزۆری لەسەرچاوەکانی ئەرشیفی تورکیاوە هەڵگوزرا بوون کەپڕن لەدرۆ و دەلەسە و دەس هەڵبەست کەبۆ مەبەستی ناوزڕاندنی کۆڕ و زڕاندنی نرخی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد تۆمار کراون، هەرچەند بەداخەوە ئەو سەرچاوە درۆزنانە تا رادەیەک و تا ماوەیەک کاری خۆیان هەر کردووە و لەشوێنێکی وەکو وڵاتی سۆڤێت دا بەڵگە و سەرچاوەی بۆچوونی زۆربەی رۆژهەڵاتناس و مێژووناسەکانی سۆڤێت بریتی بوون لەو درۆ و دەلەسانە تورک تا ماوەیەک لای ئەوان شۆڕشەکانی کوردستانی ژوورو و بەهاندانی ئینگلیز لەقەڵەم دراون هەتا ساڵی سییەکان بەدواوە، بەتایبەت لەساڵی شەستەکان بەدواوە وردە وردە بۆ نووسەرانی سۆڤێت دەرکەوتوە کەئەو بۆچوونانەی کۆن دەربارەی شۆڕشەکانی کورد هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوە لەگەڵ بیروبۆچوونی نووسەرانی بۆرجوازی ناو رۆژنامەی تایمس و دیلی تلگراف.

هەروەها ئەگەر یاداشتەکانی ڕەفیق حلمی و ئەحمەد تەقی و ئەحمەد خواجە و چەند کەسێکی تر نەبوایە ئەبوو ئێستە تەنها پەنامان ببردایەتە بەر ئەو کتێب و نووسینانەی کەسیاسی و ئەفسەرەکانی ئینگلیز کەلەکاتی خۆیدا نووسیویانە و زۆربەیان بریتین لەدرۆ و دەسەلە و پڕن لەقین و دژایەتی بەرامبەر بەکورد وەکو نووسینەکانی مس بیل و ئەد موندس و میجرسۆن و گەلێکی تر، وەزۆر راستی هەبوو ئیمڕۆ پێی نەدەزانرا و ون ئەبوون، بەڵام بەداخەوە نیمچە یادداشت و بیرەوەریش هەیە کەنووسەرەکەی تەنها تەقەڵای ئەوەی داوە کەپاکانە بۆ خۆی

بکا و خۆی لەوە دوور بخاتەوە کەهیچ تاوانێکی نەبووە لەبەشداربوون لەهەڵە و بۆچوونە ناڕێکانەی کەلەوڵاتەکەمانا رووبداوە.

مامۆستا کەریمی حسامی کەهەتا ئێستە (٣) زنجیرە لەبیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە یەکەمیان بریتییە لەکاتی منداڵییەوە هەتا ساڵی ١٩٥٧.

زنجیرەی دوەەم لە ١٩٥٧ بەدواوە هەتا ساڵی ١٩٦٥ و زنجیرەی سێهەم ساڵی ١٩٦٥ هەتا ساڵی ١٩٧٠.

زنجیرەی یەکەمی بریتییە لەبیرەوەری خۆی لەسەرەتای تاقیکردنەوەی ژیانێکی تاڵ و تفتی ناو کۆمەڵگایەکی کوردەواری دواکەوتوی دەرەبەگایەتی و نیمچە خێڵایەتی دوور لەشارستانیەتی کەمێردەزمەی نەخوێندەواری باڵی ڕەشی کێشا بوو بەسەر وڵاتە پارچە پارچە کراوەکەی کوردا، لەگێژاوی ژیانی ئاڵۆزی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا چاوی کردۆتەوە و هەر لەمنداڵیەوە خۆی و کەس و کاری تووشی دەردەسەری و کوێرەوەری بووە و هەر ڕۆژە بەجۆرێك و لەشوێنێکدا پەلاماری داوە کەپاروە نانێکی بەئاسوودەیی بۆ خۆی و کەسوکاری پەیدا بکات، بەڵام وەکو زۆربەی زۆری کوردی ئەو سەردەمە کەرزێمی داگیرکەری شاهەنشاهی سەیری کوردی وەکو ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ کردووە و لەدادۆشین بەولاوە هیچ حیسابێکی تری بۆ نەکراوە نەیهێشتووە تەمی مەینەتی بڕەوێتەوە و تروسکەی ڕووناکبیری و خوێندەواری تیا بڵاوببێتەوە، ئەویش لەو گێژاوە سەختەدا هەر ڕۆژە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێك کۆڵ بەکۆڵ بووە و کەسوکاری ڕاونراوە و لێك ترازاون و وەکو هاوڵاتیەکی تر دەرفەتی ئەوەیان نەداوە کەلەشوێنێکدا نیشتەجێ ببێ و بحەسێتەوە.

مامۆستا کەریم لەزنجیرەی یەکەم و دوەەمیدا هەوڵی داوە وەکو نووسەرانی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاواییەکان ژیانی خۆی بەوپەڕی سەربەستی و بەبێ پێچ و پەنا و شاردنەوە هەندێ کەل و قوژبنە نەهێنی و تایبەتییەکانی ژیانی خۆی باس بکا و

هەر چی بینیویە و بەسەریدا هاتووە بەچاك و خەراپیەوە گولّبژێری نەکردووە سەر کۆزەرەکەی لانەداوە و رپ و رەوان هەمووی بلّاوکردۆتەوە، کەئەمە بەلای هەندێ کەسەوە تازە بابەتە و لەو رووەوە هەندێ پلاری ناڕەواشی تێ گیراوە.

لەکۆتایی زنجیرەی دوهەم بەدواوە لەزنجیرەی سێیەمیدا هەست بەوە ئەکرێ کەبەچاوێکی تـرەوە سـەیری دنیـای کـردووە و پێـی ناوەتـە قۆنـاخێکی نـوێی بیرکردنەوە لەژیان و لەدواڕۆژێکی پـڕ لەشـادمانی بـۆ گـەل و نیشـتمانەکەی لـەڕێ ڕەوێکـی پێشـکەوتووخوازانەی دوور لـەکورتبینی و گۆشـەگیری و ڕەگەزپەرسـتی لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی هەندێ کەس کـەلایان وابـووە پێشـکەوتنخوازی لەوەدایـە کەناوی کورد و کوردستان و مافە ڕەواکانی پشتگوێ بخرێت و دوابخرێ.

ئەو نامە و نووسراوانەی کەدەقی هەندێکیان لەزنجیرەی سێیەمی بیرەوەرییـەکانیا بلّاوکراونەتـەوە کەهەریەکـەیان پێوەنـدییان بـەرووداو و بەسـەرهاتێکەوە هەیـە کەداخی گرانم ئەگەر بیرەوەری هەندێ کەسی تری ئەو سـەردەمانە بلّاوبکرێنـەوە کەلای هەندێ کەس ئاخنراونەتە ناو فایلەوە و یا هێشتا لەناو مێشـك و دڵدا کەڵـە کۆیان کردوە و خاوەنەکەی بیر لەوە ناکاتەوە کەتۆماریان بکا و بلّاویان بکاتەوە، ئەگەر ئەوانـە بکرایـە ئێسـتە ئـەتوانرا لەوانـە لەهـەموویان گـەلێك باسـی مێـژوویی پوخت ئامادە بکرایە و ببونایـە بەسەرچـاوە بـۆ خوێنـدەواران و ڕۆشـنبیرانی ئـەو سەردەمە.

کاشکی لەزۆر لای تـرەوە، چ لەڕۆژهـەلاّتی کوردسـتاندا و چ لـەباکوور و باشـووری کوردستانیشدا زۆر کەسی تـر کەمتەرخـەمی نـەکا و کـەم و زۆر هەرچـی لەلایـەتی بلّاوی بکاتەوە و دەستو بردی لێ بکا و لەگەڵ خۆیدا نەیباتە ناو گلّەوە، بەمەرجێك هیچ شتێك دیزە بەدەرخۆنە نـەکرێ و گـوێ نەدرێتـە پـلار و تـوانجی ئـەم و ئـەو، لەناوچوون و بلّاونەکردنەوەی بیرەوەری هەندێ کەسی لێ هاتووەمـان تـاوانێکی زۆر گەورەیە، چونکە ئەوانە هـەمووی ئەمانـەتی میللەتـە و زادەی فرمێسـك و خـوێنی شەهیدانە و کەسو کاریانە و لام وایە ئەو نووسەرەی کەلەباسـەکانیا ئەگـەر هـەوڵ

نەدا تەنها هەر پاکانە بۆ خۆی بکا و دان بەبەشداری خۆیدا بهێنێ لەو هەڵانەی کەرووبداوە، لام وایە نەك تەنها بەوە دڵی خەڵکیش لەخۆی پاك ئەکاتەوە، بەڵکو رێزێکی یەکجار زۆری لێ ئەگیرێ و نووسینەکەی ئەبێتە مایەی شانازی.

ئومێدی سەرکەوتنی مامۆستا کەریمی حسامی ئەکەم لەبڵاوکردنەوەی زنجیرەی چوارەمی بیرەوەرییەکانی و ئەوانەی داهاتووش بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان.

هاوار

بادانەوەیەك بۆ دواوە

لەکوردستانی ئێران مەشهوورە دەڵێن: لەنێو مەنگوڕان بادانەوە عەیب نییە، هێندێ مەسەلە هەن، مرۆڤ ناکرێ بۆیان بانەداتەوە، مەسەلەی کوشتن و بێ سەر و شوێنکردنی تێکۆشەر و زانا کاك سدیقی ئەنجیری یەك لەو مەسەلانەیە کەنابێ بخرێتە پشتگوێ.

لەبەرئەوەی راستەوخۆ هیچ پێوەندی بەمنەوە نەبوو، هیچیشم لەسەر نەدەزانی، لەبەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانمدا باسی نەهاتبوو، پاش بڵاوبوونەوەی بەرگی سێیەم، چەند نامەم پێگەیشتن رەخنەیان گرتبوو کەبۆچی باسی کوشتنی کاك سدیق نەکراوە؟ جارێکی دیکە رەش نووسی یادداشتەکانم پشکنی نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم دیتەوە کەزستانی ١٩٦٦ بۆی نووسیبووم.

دکتۆر قاسملۆ لەنامەکەی دا پاش چاك و خۆشی و رێنوێنی بۆ نووسینی وتار بۆ رۆژنامەی کوردستان دەنووسێ: کاکە خەبەرێکی زۆر ناخۆش و سەیر، کاك نوری ئەحمەد تەها لێرە بوو، باسی ئەوەی دەکرد کەچەند مانگ لەمەوبەر لەرایەت بووە، لەوێ تووشی بابی سدیقی ئەنجیری بووە کەلەکوڕەکەی دەگەڕا، پاش ماوەیەك لەسلێمانی موعینی پرسیوە، سلێمان گوتوویەتی: بەڵێ ئەنجیری چەند مانگە ون بووە و دیار نییە و ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کەئەحمەد تۆفیق لەبەینی بردووە، گوێا سلێمان زۆر بەپەرۆشەوە ئەو مەسەلەی باس کردووە، ئەحمەد تۆفیق ئێستا لەلای شێخ ئەحمەدی بارزانە.

پاش کاك سەعید کوێستانی کەلەنێو جەرگەی تێکۆشان دابووە و لەنێزیکەوە لەگەڵ کاك سدیق و برادەرانی تر ژیاوە، لەتەئریخی ١٩٨٩/١/١٥ لەمبارەوە نامەیەکی بۆ ناردم کەوا دەقی نامەی کاك سەعید لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

پاش دیتنەوەی نامەی دکتۆر قاسملۆ، نامەیەکم بۆ کاك حەمەدەمینی سیراجی نووسی و داوام لێکرد بەسیفەتی ئەوە کەئەو خۆی لەکوردستانی عێراق لەنێو

شۆڕش بوە و پێوەندی بەکاك سدیقەوە هەبووە و لەنێزیکەوە لەجەرەیاندا بوە ئەوەی لەو بارەوە دەیزانێ و ئاگادارە بۆم بنووسێ.

لەگەڵ سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی کاك حەمەدەمینی سیراجی ئەوە دەقی نووسراوەکەی ئەو کە ١٩٨٩/١/٦ بۆی ناردووم بڵاوی دەکەمەوە.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی: ..... لەبارەی مەسەلەکانی داوات کردبوون، مەسەلەی کاك سدیق کەچۆن لەناو چووە:

شەهید سدیق لەساڵی ١٩٦٤ چووە کوردستانی عێراق و لەو کاتەدا ئەحمەدی پێ فیدڵ کاسترۆیەك بوو، لەکۆنگرەی ٢ بەئەندامی رابەری هەڵبژێردرا و بۆ وتوێژ بەمەبەستی یەکگرتنەوە، لەگەڵ شەهید سلێمان و شەهید نوح پاشایی کاك ئەمیری قازی و رەشە لەلایەن کۆنگرەوە دیاری کران، پاش وتوێژ و رێککەوتن لەسەر چەند خاڵ، دەستەی نوێنەرایەتی بەگشتی و شەهید سەدیق سلێمان بەتایبەتی کەوتنەبەر پلارو هێرشی ئەحمەدەوە، شەهید سلێمان و کاك سدیقو نحۆ لێی دوورکەوتنەوە و بەلای ئێمە، قۆڵی پێشکەوتووی حیزب هاتن، ئەحمەد وەك تووڕەیی و زیز بوون ئیستعفای کرد، هێندێ لەلایەنگرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بنکەی شێخانی لەنێزیك دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری، مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەد و بەرهەڵستکارەکانی ئەمڕۆی هەر لەزیادی دەدا، راست لەو کاتەدا بەرەو کانی ماسی دوور خرایەوە، ئێمە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکمان دەدا کەدەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێ و سەر لەنوێ رابەری هەڵبژێرێتەوە، کاك سدیق لەلایەك لەو هەوڵەدا بوو، پێوەندی بەرابەری پارتییەوە دەگرت (حبیب محەمەد کەریم) و لەلای تر نەخشەی پێوەندی ساز کردنەوەی لەگەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەبوو، دوای دوورخستنەوەی ئەحمەد بنکەی شێخان بەکردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو، لەناوخۆی وڵاتیش مراد و چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی لەلاجان خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی و هەڕەشە لەم و لەو بوون، سوارە سەکر یەکێك

لەو کەسانە بوو کەلەو پێوەندییەدا دەهات و دەچوو، تفەنگ و تەقەمەنیش لەبنکەی شێخانەوە دابین دەبوو، گوێا کاك سدیق ئەم مەسەلەی لەلای سدیق ئەفەندی و فرانسوا درکاندوە و هەر لەبەر ئەمەش سوارە سەکر گیراوە و دراوەتەوە بەئێران، ئەم کارە بەگوێی ئەحمەد دەگاتەوە و تەنووری تووڕەیی دەهارۆژێنێ و بڕیاری کوشتنی دەدا، حەسەنی برازای ئەحمەد جێ بەجێ کردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لەهاوینی ١٩٦٦ تەنیا ٣ رۆژ دوای ئەوە کەلەلێوژە بەیەکەوە لەگەڵ کاك سدیق و سالار و مەلا سەید رەحمان و سەعید نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرەو قەسر، جێگای رادیۆی شۆڕش چوو، بوو بەدەنگۆ کەکاك سدیق نانی نیوەڕۆی بەجێ هێشتووە و نەگەڕاوەتەوە، ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاودەکرایەوە، پەیگیری و دواکەوتن بەدوای ئەم رووداوەدا، نیشانی دا، دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لەجەماعەتی رادیۆی شۆڕشی دوورخستۆتەوە و بەرەو (وەسان) هەڵکشاون، ئیتر سدیق بەزیندوویی نەدیتراوەتەوە، حەسەن گوێا، حاصل، محەمەد حەرەس و دوو سێ کەسی تریشی لەگەڵ بووە، کاك هەژار ئەگەر لەبیری مابێ و حاشای لێ نەکا، خۆی ساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتنی ئەحمەد و هەڕەشە و گوڕەشە ئەوی کرد کەئەگەر وابێ و وابکرێ، وەك سەدیقی کە (تۆپاندوویەتی) بەرهەڵستکارانی تریشی دەتۆپێنێ.

چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاك سدیق، برادەرانی (حشم) لاشەیەکی سەربڕاویان لەچەم دۆزیبۆوە کەپێیان وابوو دەبێ کاك سدیق بێ.

نامەی کاك سەعید کۆیستانی:

برای بەڕێز کاك کەریمی حسامی، وێڕای سڵاو هیوادارم هەر شاد و کەیف خۆش بی، بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانت کەپشتەکەشت ئیمزا کردبوو گەیشت، سوپاست دەکەم.

کاکە گیان لەلاپەڕەی هەوەڵدا داوات کردوە کەئەگەر کەسێک لەسەر رووداو یان شەهید بوونی کەسێک ئاگاداری هەیە بۆم بنێرێ تۆماری دەکەم و بەچاپی دەگەیەنم، پێم خۆشە وەک شتێکی زۆر پێویست لەسەر کاک صدیقی ئەنجیری ئازر چەند دێڕێک بنووسم هیوادارم بتوانم یادێک لەو برادەرە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرە بکەی، چونکە تا ئێستا لەهیچ کتێب و نامیلکە و رۆژنامەیەک دا یادی لێ نەکراوە.

کاک سدیق کوردێکی تێکۆشەر و بەتەواوی دڵسۆزی کورد بوو، لەسەر مەسەلەی کورد و دیفاع لەکورد زۆرجار لەکاری سیاسی دا دەرجای لێ داوە و مەسئولیەتی نەچۆتە سەر، کاک سدیق ماوەیەکی دوور و درێژ بەتاوانی تێکۆشین دژی رژێمی شاهنشاهی چووە زیندان و کاری مامۆستایی دانشگایان لێ ئەستاندەوە، ناوبراو لەرێگەی نووسین و وەرگێڕان بەشێک لەژیانی خۆی دابین کردوە، وەکتێبی (مردەهای بێ کفن و دفن) وەرگێڕاوی ناوبراوە، دیارە شتی تریشی هەیە بەڵام بەداخەوە ناویان نازانم.

ساڵی ١٩٦٤ کاک سولەیمانی موعینی نامەیەکی بۆ نووسی کەبێتە کوردستان و تاران بەجێ بێڵێ و بێ، لەنامەکەدا داوای لێ کردووە کەبێت بەڵکو لەو سەردەمە مێژوویەدا بتوانێ نەخشی بنەڕەتی هەبێت و ناکۆکی نێو حیزب چار بکات، کاک سدیق دێتە مەهاباد و لەوێڕا برادەرانی حیزبی دەیگەیەنە سونێ، من و مەلا ئاوارە و هاشمی حق طلب (قادر شەریف) لەکوردستانی ئێران بەشاخانەوە لەناوچەکانی دوور و نێزیکی کوردستان لەنێو خەڵکدا دەگەڕاین، بەنێوی (کۆمیتەی ساخکەرەوە ی.ح.د.ك) خەڵکمان روون دەکردەوە، زۆری پێ نەچوو کۆنگرەی دوهەمی ح.د.ك لەچیاکانی سونێ دەگیرێ، کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و هێندێ کەس لەو کۆنگرەیەدا دەردەکرێن، من و قادر شەریف و مەلا ئاوارە لەو کەسانە بووین کەدەرکرا بووین.

بەڵام پاش مانگێك هەیئەتێك لەلایەن ح.د.ك بۆ بانگکردنەوە و هاوکاریکردن و دەست بەکاربوون بەدوامان دا هاتن، کەبریتی بوون لە: ١- مەلا حەسەن رستگار. ٢- مەلا رەسوڵ پێشنماز. ٣- منتقم قازی. ٤- قاد قازی و دوو کەسی تر.

من و مەلا ئاوارە و قادر شەریف هاتینەوە کوردستانی عێراق، کۆمیتەی ناوەندی حیزب بڕیاری کۆنگرەی شکاند و مشاوەرەتی کۆمیتەی ناوەندیان داینێ، کاك سدیق بۆ یەکیەتی و پتەوی حیزب لەهەموو دەرفەتێك کەڵکی وەردەگرت و دڵسۆزانە خەریکی کار و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی بوو، کاك سدیق بۆ ئەوەی هێندێك دەستی ئەحمەد تۆفیق کورت کاتەوە هاتە باڵەکایەتی لەگوندی دەربەند لەدۆڵێکا خانوێکمان گرت و دوور لەپێش چاوی دوژمنان پێکەوە لەوێ دەژیاین و کادرەکانی حیزبی و برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی جاروبار ئەگەر کارێکی زەروریان هەبایە دەهاتنە دەربەند و پاش وتوێژ دەگەڕانەوە بۆ لای سونێ.

هاوینی ١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەکی گرنگی دەروون حیزبی کەمەبەست پتەوکردنی حیزب و نێزیك بوونی زیاتر لەپارتی بوو، سەفەرێکمان بەرەو لێوڕە کەدەفتەری سیاسی پارتی لەوێ بوو رێك خست، لەوێ لەگەڵ حەبیب محەمەد و هێندێك ئەندامی دەفتەری سیاسی قسەی کرد و بەرەو دوا گەڕاینەوە، شەوێ گەیشتینە (مامە رووت)، مامە رووت چەند تەپکێکە لەنێو جەنگەڵ و چەند ئەشکەوتێکی تێدایە، لەوێ ئێستگەی رادیۆ کوردستانی لێ بوو کەئێواران هەواڵەکانی شۆڕشیان لێ بڵاودەکردەوە، لەمامە روت شەوێ میوانی کاك خالید حسامی بووین، بۆ شەوێ کاك سدیق ئەنجیری دەبوایە بمێنێتەوە، چونکە بەیانی قەرار بوو بچێتە لای مستەفا بارزانی بۆ هێندێك وتوێژ لەمەڕ وەزعی حیزب و ئەو وەزعەی کە پێکهاتبوو، وەهەروەها لەمەڕ ئەو مەترسیانەی کەرۆژ بەرۆژ بۆ کادر و ئەندامانی حیزب پێکدەهات، دەبوایە منیش بگەڕێمەوە بەرەو دەربەند بۆ هێندێك شت کەدەبوایە بکرێن و وردە وردە جێگاکانمان بگوێزینەوە و نێزیك سنوور و جادەکان

چۆڵ کەین، قەرار وابوو کاك سدیق پاش دیتنی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ دەربەند، بەڵام تا سێ ڕۆژ خەبەرێکی نەبوو، من دوای سێ ڕۆژ چوومەوە مامە ڕووت لای کاك خالید حسامی و پرسیاری کاك سدیق ئەنجیریم لێکرد، وەڵامی دامەوە کەچۆتە لای بارزانی و هاتۆتەوە ئێرە و نەهاری خواردوە و کیسەکەم بۆ پڕ کردووە لەتوتن و ڕۆیشتوە، وەپاش چەند ڕۆژ جارێکی دیکە چوومەوە بۆ پرسیار، ئەو جار قسەی پێشووی لەبیر نەمابوو گوتی: کاك سدیق لیباسەکانی خۆی لەسەر چۆمی شوشت و گوتی سەفەرێکی دوورم لەپێشە و زۆرم پێ دەچێ زۆرم نان بۆ دانێ، بەهەرحاڵ کاك سدیق لەمامەڕووت سەری تێدا چوو وەتەنیا کاك خالید حسامی دەزانێ قاتڵی کاك سدیق کێیە.

پاش ماوەیەك برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق لەچۆمی نێوان گەڵاڵە و دەرگەڵە کەلاکێکی بێ سەریان دیتبۆوە لەنێو نیشانەکانی دەردەکەوت کەدەبێ کاك سدیق بێت کوژرا بێ، پێم خۆشە ئەوەشت عەرز بکەم کەکاك سدیق کەوتبوە بەر ڕق و توڕەیی ئەحمەد تۆفیق چونکە بەراستی پیلانەکانی ناوبراوی بەتەواوی تێکدابوو و لێی هەڵوەشاندبۆوە، باڵی چەپی حیزبی هێندێك بەهێز کردبوو، وەبەرەبەرە لەو ئاڵۆزی و ناکۆکی فیکرییە دەهاتە دەر، بەداخی گرانەوە لەماوەی سااڵنێکدا کادرەکانی حیزبی یەك لەدوای یەك هەر یەك بەناوێك و بەهۆیەك لەناو دەچوون و نەگبەتی و نەهاتی کەلەلایەن دوژمنانەوە بەرنامەڕێژی طرح ڕێژ دەکرا ڕووی تێ کردبووین و هەریەك بەلایەکدا تەفر و تونا دەکراین.

کاکە گیان جا ئەوە گۆشەیەکی بچوك لەبەسەرهاتی کاك سدیقە، هیوادارم ببێتە مایەی ئەوە کەشتێکی لەسەر بنووسی و یادێکی لێ بکەی.

ئیتر خۆشیت– برات سەعید کوێستانی

١٥ ژانویە ١٩٨٩

شەوی ١٩٨٩/٣/٢٦ لەشاری لین شۆپینگ لەماڵی کاك حامیدی گەوهەری بووم مەلا حەسەنی رستگار و کەمالی کەریمی و حاجی ئەحمەدی و دوو برادەری دیکە هاتنە ئەوێ، بەو سیفەتە کەمەلا حەسەن کاتی شەهید بوونی کاك سدیقی ئەنجیری لەو ناوچەیە بووە و لەگەڵ جەرەیانی سیاسی ئەودەم دا بووە و دۆستی کاك سدیق بووە بەدەرفەتم زانی کەباسی بێ سەروشوێن بوونی سدیقی ئەنجیری لەویش بپرسم کاك مەلا حەسەن لەوەڵامی پرسیاری من دا گوتی: کەخەبەری ون بوونی سدیقمان زانی وەدوای کەوتم، چوومە لای خالیدی حسامی لەرادیۆی شۆڕش، چونکە سدیق لەکن خالیدئاغا نانی نیوەڕۆی خواردبوو، خالید ئاغا گوتی: سدیق لای من بووە، دوای نانخواردن کتێبێکی وەرگرتووە، چووە لەو سەرە بیخوێنێتەوە و ئیتر نەهاتۆتەوە، بەڵام راستی نەدەکرد.

پاشان بڵاو بۆوە کەحەسەنی برازانی عەولای ئیسحاقی کوشتوویەتی و گوایا حاسڵ و ئەوانیش لەگەڵ بووە، پێشتر دەمانچەیەك بەحەسەنی برازای عەولا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بووە کەدەمانچەی مرۆڤێکی بەڕێز و ناسراوی کورد بووە.

لێم پرسی ئەو مرۆڤە ناسراوە کێیە، من دەیناسم؟

مەلا حەسەن گوتی: عەولای مام سەعیدییە، جارێك لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بەحەسەنی ئیسحاقی بووە؟ چرڕا، تێکچوو، گوتی: راستە من ماوەیەك دابووم بەحەسەنی ئیسحاقی.

مەلا حەسەن لەکۆتاییدا گوتی: بێ شك خالیدی حسامی ئاگای لەکوشتنی کاك سدیقی ئەنجیری هەیە.

پاش ون بوونی سدیقی ئەنجیری بابی بەدوای سەروشوێنی دا وەدوای کەوتبوو بۆ کوردستانی عێراق و ناوچەی شۆڕش و چەند جار چووبووە لای مەلا مستەفا، بەڵام هیچ سۆراخی نەکردبوو تا ئێستاش بەتەواوی روون نەبووە کەکاك سدیقی ئەنجیری بۆچی و لەسەرچی کوژرا و سەر بەنیست کرا؟

گەڕانەوە بۆ نێو کۆڕی تێکۆشان

هەروەك لەلاپەڕەکانی ئاخری بەرگی سێیەم دا باسکرا، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئیجازەی ڕێبەرایەتی حیزبی توده بم، یا بیر لەمانەوەی منداڵەکانم بکەمەوە، ڕۆژی ٣٠ی مارسی ١٩٧١ لەبولغارستانەوە سواری فڕۆکە بووم و بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ، پێشتر برادەرانی حیزبیم ئاگادار کردبوو کەلەفلان ڕۆژ دا دەگەڕێمەوە، دکتۆر قاسملۆ، کاك حەمەدەمینی سیراجی، مامۆستا هێمن، مەلا عەولای حەیاکی و یەك دوو برادەری تر هاتبوونە فڕۆکەخانەی بەغدا، چاو پێکەوتن و خۆش و بێشیەکی لەرادەبەدەر و بەتام و چێژ، سوار بووین بەرەو مالّی حیزب، لەشەقامی (٥٢) برادەران خانوویەکیان گرتبوو، حکومەتی عێراق و ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق ڕێگایان دابوو ئەو ئەندامانەی حیزبی کەپاش شکانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٦٧–٦٨ لەکوردستانی عێراق بڵاوببوونەوە، کۆیان بکەنەوە و لەباری ڕێکخستنی حیزبییەوە ڕێك و پێکیان بکەن.

ئەو دەم کەمن گەڕامەوە برادەرانیان لەکۆیە لەبنکەیەکدا کۆکردبۆوە، بەڵام ناتەبایی کۆن لەنێویاندا هەر مابوو پێکەوە ڕێك نەبوون.

ئەو دەستەی لەئێران لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی و کاك سمایلی شەریف زادە و کاك سولەیمانی موعینی لەخەباتی چەکدار دا ببوون و پاش شکان چوبوونە بەکرەجۆ لای مام جەلال گیرسابوونەوە پاشانیش هاتبوونە ناوچەی کۆیە، دەستەی دیکە کەلەگەڵ کاك ئەمیری قازی و مەلا عەولای حەیاکی و مامۆستا هێمن لەناوچەی شۆڕش مابوونەوە ئەوانیش کۆکرابوونەوە و لەکۆیە و لەقەڵادزێ دەژیان و بەڵام لەگەڵ دەستەکەی تر دانویان پێکەوە نەدەکوڵا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم تۆزێك بۆ دوایە بگەڕێمەوە.

پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ئەو دەستەی لەگەڵ کاك ئەمیری قازی بوون کۆنفرانسی ٢ی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکدێنن، دیارە کۆبوونەوەکەیان تەنیا لەسەر

چۆنیەتی وەزعی نێوخۆیان و کۆکردنەوەیان و وەزعی سەید عەولای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) کەچوو بۆ لای حکومەتی عێراق راوێژ دەکەن و بەبێ ئەوەی پێڕەو پڕۆگرامێك بۆ حیزب دابنێن، چەند کەس بۆ رێبەرایەتی هەڵدەبژێرن بڕیار دەدەن کەداوا لە دکتۆر قاسملۆ و لەکاك حەسەنی قزلجی و لەکەریمی حسامی بکەن کەبگەڕێنەوە نێو ئەوان و پێکەوە خەریکی تێکۆشانی سیاسی بن.

پاش ١١ی ئازار دکتۆر قاسملۆ کەدەگەڕێتەوە بەغدا، دەچێتە لای سەرۆك بارزانی و داوای لێ دەکا کەرێگا بدا ئەو ئەندامانەی حیزبی کەلەلای جەلال تاڵەبانی گیرساونەوە، بێنەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش.

لەو کاتەدا کاك ئەمیری قازی و مامۆستا هێمن و مەلا حەسەنی رەستگار و مەلا عەولای حەیاکی لەناو پردان دەبن، لەنامەیەکدا کە دکتۆر قاسملۆ بۆ منی نووسیوە دەڵێ: چوومە لای مەلا مستەفا ئەمیری قازی و هێمن و چەند کەس لەوێ بوون، دکتۆر مەحمود عوسمان زۆر ئیسراری هەبوو کەیەك بگرینەوە، ئێمەش لەبەر قسەی ئەوان لەگەڵیان دانیشتین، پاش گلەیی و دەمەتەقە بەتایبەت لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی بڕیارمان دا هەتا کۆنفرانسێکی حیزبی ٨ کەس بەناوی (کۆمیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دیاری بکەین، ئەم ٨ کەسە ئەمانەن: (قاسملۆ، ئەمیری قازی، هێمن، سیراجی، حەسەنی رەستگار، عەولای حەیاکی، یوسفی رێزوانی، کەریمی حیسامی) هەروەها بڕیارمان داوە ئەگەر کاك حەسەنی قزلجی بگەڕێتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە.

لەوەڵامی نامەی دکتۆر قاسملۆدا بۆم نووسین کەکارێکی زۆر بێ جێیە یوسفی رێزوانی بەئەندامی رێبەرایەتی دیاری بکەن، بەڵام بۆ کاك حەسەنی قزلجی شەرتی گەڕانەوە دابنێن.

دکتۆر قاسملۆ لەنامەیەکی دیکەدا کەداوای لێ کردبووم بێ راوەستان بۆ عێراق بگەڕێمەوە، نووسیبووی: نامەکەی تۆ لێرە کێشەی بۆ ساز کردووین، یوسفی

ڕێزوانی زیز بوە، مەگەر بۆ خۆت بێیەوە چاری بکەی، گیرنەوەی پێوەکوە ڤۆر پێویستە، پاشان نووسیبووی کەبانگ کراوم لەکۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دا بەشداری بکەم، بەڵام ناتوانم بچم، برادەرانی دیکە دەنێرم.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی گێڕابۆوە کەنوێنەر بۆ بەشداری لەکۆنگرەی هەشتی پارتی بنێرێ، دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چووبوە ناوپردان، مەکتەبی سیاسی پارتی داینابوو کەدەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات وتاری پیرۆزبایی بخوێنێتەوە، برادەرانی حیزبی ئەم وتارەی خوارەوەیان ئامادە کردبوو کەپێشکەشی بکەن:

سەرۆکی خۆشەویست کاك مستەفا بارزانی

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان!

ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی ئەحزاب و منزماتی پێشکەوتوو ئازادیخوازی بەشدار لەجەلەسەی ئیفتتاحیەی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دا!

بەنوێنەری لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا و واریسی افتخاراتی جمهوری دیموکراتی کوردستان کەلەماوەی خەباتی بیست و پێنج ساڵەی پڕ لەشانازی و گیانبازی خۆیدا گەلێك لاپەڕەی زێڕین و تروسکەداری خستۆتە سەر مێژووی خوێناوی و لەمێژینەی نەتەوە سەربەرزەکەمان و لەپێناوی رزگاری کورد و کوردستاندا قوربانی زۆر بەنرخ و هێژای داوە، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی بەستنی ئەو کۆنگرە مەزنە بەپارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش دەکەین و سەرکەوتنی بەئاوات دەخوازین.

ئەو کۆنگرەیە لەکاتێکدا دەبەسترێ کەپتر لەسێ مانگ بەسەر دەرچوونی بەیانە مێژوویەکەی یازدەی ئازاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حەڤدەی تەموزدا تێ دەپەڕێ و کوندەبومەی شومی شەڕ لەعێراقی خۆشەویست تەرەبووە و کۆتری سپی ئاشتی و هێمنی باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە و میللەتی قارەمانی عێراق لەزروفێك دا دەژی کەلەتاریخی ئەو میللەتەدا هەرگیز وێنەی نەبینراوە.

بڕانەوەی شەڕی براکوژی ساڵەکانی ١٩٦١ تا ١٩٧٠ کەبەپێچەوانەی ویست و دڵخواری هەردوو نەتەوە سەرەکییەکەی کورد و عەرەب و بەقازانجی ئیستعمار و ئیمپریالیسم و کۆنەپەرستی لەلایەن حکومەتی مل هوڕ و دیکتاتۆرەکانی پێشووی بەغدا بەزۆری زۆرداری بەسەر ئەو دوو گەلە خەباتکەرەدا سەپێنرا بوو، کرانەوەی لاپەڕەیەکی تازەی پڕ لەئاشتی و ئاسایش و خۆشەویستی لەمێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی عێراقدا پاش دانانی حکومەتی نیشتمانی و حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەمافی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی دا، رووداوەیەکی هەرە گرینگ و مێژوویی بوو کەوەکو دیتمان و بیستمان لەلایەن هەموو گەلانی دیموکرات و ئازادیخوازی جیهانەوە بەگەرمی پێشوازی و پشتیوانی لێ کرا.

چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد و هەنگاونان بۆ حەللی مەسەلەی نەتەوایەتی لەعێراقدا بێ گومان سەرەتایە بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی پڕ لەبەختیاری و کامەرانی لەناوخۆی وڵاتەکەدا و کاریش دەکاتە سەر جوڵانەوەی ئازادیخوازی لەمەڵبەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و هەروەها تەئسیرێکی گەورەی هەیە بۆ نەمان و لەناوچوونی دەسەڵاتی شومی ئیستعمار و تەرت و تونا بوونی کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و بۆ دامەزراندنی سەربەخۆیی و دیموکراسی تەواو لەو ناوچە پڕ پیت و بەرەکەتەدا.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەلەلایەن حیزب و گەلی کورد لەکوردستانی ئێرانەوە ئیفتخاری بەشدار بوونی لەجەلەسەی ئیفتتاحیەی

کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دا هەیە، پێی سپێراوە کەئەوپەڕی پێ خۆشبوون و شادمانی گەلەکەمان لەگەیشتنی برا کوردەکانی عێراق بەمافی حوکمی زاتی رابگەیەنێ و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنەیان لێ بکا و چاوەڕوانە کەهەرچی زووتر هەنگاوی بەکەڵک و موئسیر باوێژرێ بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو بەندەکانی بەیانی ئاشتی تا هەموو کەلێن و قوژبنێک لەئاژاوەچیەکانی سەر بەئیمپریالیزم بگیرێ و هەموو پەنا و پەسیوێک لەدوژمنانی ئاشتی و ئاسایش ببڕێت و ئیتر بەهیچ بارێک ماوە نەدرێ بەبازرگانی شەڕ کەلەشەڕی براکوژی گەلانی عێراق کەڵک وەرگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەلومەرجی ئێستادا بەسەرەتای قۆناخێکی تازەی خەباتی نەتەوەکەمان دەزانێ و هیوادارە کەکۆنگرەی هەشتەمی پارتی هاندەر بێ، بۆ تێکۆشان و هەوڵ و تەقەلای رۆڵە دڵسۆزەکانی وڵات، لەپێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوی دیموکراتی لەهێزە نیشتمانی و پێش کەوتوەکانی عێراق.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سوریا کەبەدرێژایی مێژوو لەدژی برا کوردەکانمان بەکاریان هێناوە زۆر بەتوندی مەحکوم دەکا و بەهەموو هێز و توانا پشتگیری لەخەباتی عادلانەی ئەو سێ گەلە قارەمانە دەکا بۆ وەدەست هێنانی سەربەستی و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا.

لێرەدا بەدەرفەتی دەزانین پڕ بەدڵ تەشەکور لەهەڵوێستی ئینسانی پارتی دیموکراتی کوردی سوریای برامان بکەین کەلەکاتی هێرش و پەلاماری دڕندانەی حکومەتی بەکرێ گیراوی ئێران بۆ سەر گەلی کوردمان لەکوردستانی ئێران لەسەرمان وەجواب هاتون و دەنگی ئیعترازی خۆیان لەدنیادا بەرز کردۆتەوە.

ئێمە لەسەر ئیمان و بڕوامان بەو حەقیقەتە: کەهاوکاری و تەعاونی نێوان ئەحزابی دیموکراتی گەلەکەمان زامنی هەرە گەورەی سەرکەوتن و هۆی هەرە گەورەی رزگاربوونمانە، لەهەموو حیزبە دیموکراتییەکانی کوردستان داوا دەکەین کەزیاتر لەهەموو کات و زەمانێك لێك نیزیك بنەوە و یارمەتی یەکتر بدەن بۆ ئەوەی گەلی کوردمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان دا بەمافە رەواکانی خۆی بگات و گەلی ئێمەش جێگای خۆی لەناو گەلانی ئازادی جیهان دا بکاتەوە.

ئیتر سەرکەوێ کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

مەحکەمتر بێ ئالقەی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی تر لەعێراقدا، بۆ پێکهێنانی عێراقێکی سەربەست و دیموکراتیك.

بەهێزتر بێ برایەتی حیزبە دیموکراتیەکانی کوردستان بۆ هێنانەدی تەواوی مافە رەواکانی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر کەگۆیا نۆرەیان دێت و وتاری پڕۆزبایی خۆیان دەخوێنەوە پێیان رادەگەیەنن لەبەر هەل و مەرجی تایبەتی ئێوە وتار ناخوێنەوە، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەم هەلۆێستە فرە دڵشکاو دەبێ و نامەیەك بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە دەنووسێ و ناڕەزایی خۆی لەم هەلۆێستەی رێبەرایەتی پارتی دەردەبڕێ، ئێمە لێرەدا بۆ مانەوە لەمێژووداء دەقی نووسراوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاودەکەینەوە:

پێویستە ئەوەش بڵێم کەدەقی وتارەکەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەعەرەبی نووسراوە، ئەمەش وەرگێڕاوەی کوردیەکەیەتی:

بۆ لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان!

وێڕای سڵاو: دەستەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەلەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە بەچەشنێکی رەسمی بۆ بەشداربوون لەجەلەسەی ئیفتتاحیەی کۆنگرەدا دەعوەت کرابوو، پێش کردنەوەی کۆنگرە پێوەندی بەمەکتەبی سیاسییەوە کرد و رایگەیاند کەوتاری خۆی بۆ خوێندنەوە لەکۆنگرەدا ئامادە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەموافەقەی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە نیشان دا لەجەلەسەی کردنەوەی کۆنگرەدا بەئێمە راگەیەندرا کەلەبەر خستنە پێش چاوی هێندێك بەرژەوەندی تایبەتی، پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرنامەدا نەگونجاوە، سەرەڕای هەوڵدانمان بۆ خوێندنەوەی وتارەکە موافەقەیان نەکرد و پێشنیاریان کرد کەخۆیان لەلایەن ئێمەوە شتێك بەناوی پیرۆزبایی بخوێننەوە، ئاشکرایە لەکاتێکدا خۆمان لەجەلەسەدا ئامادەبووین ئەو پێشنیارەمان دایە دواوە، ئێمە پاش دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بووین لەمەوقفی پارتی دا بەرانبەر بەحیزبمان، کەچی زۆر بەداخەوە سەرنج ئەدەین ئەو سارد و سڕییەی پێشوو هێندێك وردە تێبینی لەهەڵوێستی پارتی دا بەرانبەر بەحیزبمان هەر ماوە کەئەم کارەی پارتی بەڵگەیەکی زیندووی ئەو حەقیقەتە تاڵەیە.

ئێمە لەکاتێکدا سەرکەوتنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەئاوات دەخوازین ناتوانین ناڕەزایی خۆمان لەو هەڵوێستە نالەبارە بشارینەوە.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران

– وێنە بۆ سەرۆك بارزانی بۆ ئاگاداری.

– وێنە بۆ دەستەی نوێنەرایەتی هەموو حیزب و رێکخراوەکانی بەشدار لەجەلەسەی ئیفتتاحیەی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دا.

پاش گەڕانەوەی من بۆ عێراق لەسەرەتاوە بەشێکی زۆری تێکۆشانی کۆمیتەی سەرکردایەتیْ کاتی ببوە پێ راگەیشتنی ناکۆکی برادەرانی ئەم دوو دەستەیە، زیز بوونی مەلا عەولای حەیاکی و یوسفی رێزوانی و هێندێ برادەری دیکە، بەشێکی دیکەی کاری سیاسی کۆمیتەی گرتبوو.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقیش بەهۆی یارمەتی دان بەبرادەران دەستی خستبوە ناویان و دەیویست یەک یەک بۆ لای خۆیان رابکێشێ، هەموو سەری مانگان پیاوێکی خۆی دەنارد بۆ کۆیە و هەر یەکەی یارمەتیەکی ماددی پێ دەکردن، دیارە ئەم وەزعە نەیدەتوانی بۆ ئێمە جێگای رەزامەندی بێ، لەکۆبوونەوەیەک دا کۆمیتە بڕیاری دا کەیارمەتی حکومەتی عێراق وەرنەگرین، ئەگەر حیزبی بەعس یارمەتی دەکا دەبێ راستەوخۆ بیدا بەحیزب و حیزب خۆی ژیان و کاروباری ئەندامانی خۆی بەڕێوە دەبا، نابێ پیاوی حکومەت پێوەندی جیاجیای بەئەندامانی حیزبەوە هەبێ، دیارە دکتۆر مرادی رەزم اوەر دەستی لەو بەزمەدا هەبوو خۆی کردبووە دم راست و دەیویست لەرێگای لێ قەوماوانی کوردستانی ئێرانەوە دەزگا و دەبدەبەیەک بۆ خۆی ساز بکا، لەلایەکی دیکەوە ژەنەرالْ پەناهیانیش لەئازربایجانی سۆڤیەتییەوە هاتبووە عێراق و ئەویش خۆی بەنوێنەری هەموو ئێرانیەک دەزانی و دەیویست حیزبی دیموکراتیش لەبەر دەستی ئەودا بێ، کۆبوونەوە بڕیاری دا کەبەحکومەتی عێراق رابگەیەنین کەهیچ کەس نوێنەری حیزبی دیموکرات نییە، پێویستە حیزبی بەعس راستەوخۆ لەگەلْ نوێنەری حیزبی دیموکرات پێوەندی بگرێ، هەرچەند پێش گەڕانەوەی ئێمە کاک ئەمیری قازی هێندێ پێوەندی گرتبوو دەیاننناسی، بەلاّم کۆبوونەوە بڕیاری دا دکتۆر قاسملۆ لەگەلْ عبدالخالق سامرائی پێوەندی بگرێ.

پاش ئەو بڕیارەی ئێمە حیزبی بەعس ئەو یارمەتیە بچوکەی بڕی کەلەپێشدا بەئێمەی دەکرد، پاش بڕینی یارمەتی کۆبوونەوە بڕیاری دا ئەو برادەرانەی ژن و منداڵیان هەبوو، لەگەڵ مامۆستا هێمن هەر یەکەی مانگی ٣٠ دینار یارمەتیان پێ بکرێ، یارمەتی من و دکتۆر قاسملۆش مانگی هەریەکەی ١٥ دینار دیاری کرا، بڕیار.درا ئەو ئەندامانەی کەلەکۆیە کۆکرابوونەوە، بڵاوبن و هەرکەس بۆ خۆی کارێك بدۆزێتەوە و کار بکا، حیزبیش بەگوێرەی توانا جاروبار یارمەتیان بدا، ئەوەش بۆ کۆمیتەی کاتی بوو بەژانە سەرێك کەزۆربەی کاتی تێکۆشانی دەگرت.

پاش نووسینی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزب کۆمیسیۆنێك لەدکتۆر قاسملۆ، کەریمی حسامی، حەمەدەمینی سراجی و مەلا عەولای حەیاکی دیاری کرا.

لەسەر پێوەندی لەگەڵ (سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران) لەنێو کۆمیتەی کاتیدا ناکۆکی توند هەبوو، من بەتەنیا دژی ئەوە بووم کەلەگەڵ چەند کەسی بەناو (سازمانی ئینقلابی) پێوەندیمان هەبێ کەدژی هەموو حیزب و رێکخراوێکی پێشکەوتووخواز بوون و بیروباوەڕی ئاژاوەچیەتی مائۆیستییان بڵاو دەکردەوە، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی لایەنگری ئەوە بوون کەلەگەڵ ئەوان پێوەندیمان هەبێ، من بەتوندی رامگەیاند کەئەگەر پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئەو سازمانە بکەین من لەحیزب دا نامێنم، ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەوە کەحەمەدەمین جاروبار بیانبینێ و هەر مەسەلەیەك بێتە گۆڕێ کەپێوەندی بەهاوکاری لەگەڵ ئەوانەوە هەبێ، کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبێتەوە و بڕیاری لەسەر بدا.

رۆژی ١٩٧١/٤/٢٩ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەبەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیاری کردم، بڕیاردرا حەسەنی رەستگار و حەمەدەمینی سیراجی هاوکاریم بکەن، هەروەها بەئەندامی کۆمیسیۆنی تەبلیغات و ئینتشاراتی حیزب هەڵبژێردرام، ئەرکی قورسی تەشکیلاتی کەوتە سەر شانم کەدەبوایە لەنێو ئەو برادەرانەی کەشارەزای کاری سیاسی نەبوون، تەشکیلاتی حیزبی پێك بێنین،

رۆژی ١٩٧١/٥/١ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری دا گەلاڵەی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزب کەئامادەکرابوو چاپ بکرێ و بدرێ بەئەندامانی حیزبی تا بیروڕای خۆیان بەکۆمیتەی سەرکردایەتی رابگەیەنن.

سەبارەت بەخەبات و تێکۆشان لەکوردستانی ئێران بیروڕای جیاواز هەبوو، هێندێ کەس لەژێر تەئسیری بیروباوەڕی چەوتی زیە شۆڕشگێڕی دا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون هەر دەبێ ئێستا بچینەوە ئێران و شەڕی پارتیزانی دەست پێ بکەین، هێندێکیش دەیانگوت دەبێ رێکخراوی حیزبی، بەبێ تەشکیلاتی رێك و پێك دەست دانە چەك کارێکی راست نییە، ئەو مەسەلەش لەنێو برادەرانی حیزب دا باسێکی توندی هەڵگیرساندبوو، پاش باس و وتوێژێکی زۆر رۆژی ١٩٧١/٥/١٣ ئەم بڕیارەی خوارەوە بەزۆربەی دەنگ لەکۆمیتەی سەرکردایەتیدا پەسند کرا:

سەبارەت بەجوڵانەوەی چەکداری

١- کۆمیتەی ناوەندی نەزەری ئەوەیە کەشۆڕشی چەکدارانە رێگای ئەسڵی رزگاری ئێرانە لەژێر باری رژێمی شا و ئیمپریالیزم.

٢- کۆمیتەی ناوەندی لەو بڕوایەدایە کەخەباتی گەلانی ئێران گەیشتۆتە قۆناغێکی تازە و زۆر کارەساتی ئەو چەند مانگەی دوایی ئەو راستییە ئیسپات دەکا.

٣- هێندێ شەرتی ئەساسی وەك یەکگرتنی هێزە دیموکراتیەکانی ئێران، شەرایەتی دەرەوەی لەبار بەتەواوی بۆ بەرپا کردنی شۆڕشی چەکدار پێك نەهاتوە، بەتایبەتی ڕوون بوونی هەڵوێستی سەرۆکایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق زۆر گرینگە.

٤- دەستپێکردنی جوڵانەوەی چەکدار بەم چەشنە، واتە بەبێ ئامادەیی و بەبێ پێك هێنانی تەشکیلاتی رێکوپێکی حیزبی و بەهۆی ئەو کەسانە کەناوبانگیان لەکوردستانی ئێران باش نییە، بەراست نازانین.

٥- کۆمیتەی ناوەندی لەو بڕوایەدایە کەحیزب دەبێ لەهەموو جوڵانەوەیەك کەکۆمەڵانی خەڵك پشتیوانی لێ بکەن بەشدار بێ.

٦- کۆمیتەی ناوەندی دەبێ رێکخراوی حیزبی ئامادە بکا بۆ ئەوە بەهەموو هێزییەوە لەبەرپاکردنی شۆڕشی سەرتاسەری ئێراندا هاوبەشی بکا.

٧- کۆمیتەی ناوەندی دەبێ هەر لەئێستاوە بەگورجی خەریکی پەروەردەکردنی کادری سیاسی و عەسکەری بێ.

٨- کۆمیتەی ناوەندی دەبێ لەپێوەندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران بۆ بەشداربوونی حیزب لەجوڵانەوەی چەکداردا کەڵك وەرگرێ.

بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی ئەرکێکی قورسی خستە سەر شانی من، دەبوایە سەری هەموو ئەو برادەرانە بدەم کەلەکوردستانی عێراقدا بڵاوببوونەوە، من پێشتر زۆربەی ئەو برادەرانەم دەناسی پێویست بوو چاوم پێیان بکەوێ و بۆ نێو تەشکیلاتی حیزب رووننیان بکەمەوە.

دکتۆر قاسملۆ دەیزانی کەتەنیا من دەتوانم لەگەڵ ئەندامانی حیزب کەپێشتر دەمناسین قسە بکەم و ئیقناعیان بکەم کەیەکگرتن و تێکۆشانی بەکۆمەڵ لەحیزبی دیموکراتدا تاقە رێگای سەرکەوتنە، بەو بۆنەوە پێشنیاری کرد کەسەفەرێك بۆ کوردستان بکەم و چاوم بەبرادەران بکەوێ، لەو کاتەشدا کاك ئەمیری قازی کەلەسەر هێندێ مەسەلەی بچووك بەتایبەت لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ ناکۆکی هەبوو، بەغدای بەجێ هێشتبوو چووبۆوە کوردستانی عێراق و لەبناری قەندیل لەگوندی پاشقولکە دانیشتبوو، دیارە هێندێك لەو لێقەوماو و دەربەدەرانە کەهاتبوونە کوردستانی عێراق ماوەیەك لەگەڵ کاك ئەمیر ژیابوون و یارمەتی پێ

کردبوون، کاك ئەمیریان خۆشدەویست و لەدەوری کۆدەبوونەوە، بەڵام هیچیان لەباری حیزبایەتی و پێگەیشتنی سیاسی دەورێکیان نەبوو.

لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی سەرکردایەتی چوومە کۆیێ، زۆربەی ئەندامانی حیزب لەو شارە کۆکرابوونەوە، هێندێکیش لەقەڵادزە و سەنگەسەر و لەسولەیمانی دەژیان، یەك دوو رۆژ لەکۆیێ لەنێو برادەران بووم، پاشان لەگەڵ سەید رەسوی بابی گەورە و مەلا رەسوی پێشنماز بەرەو قەڵادزە رۆیشتین، سەید رەسو لەئاشقوڵکە دەژیا و بەڵام مەلا رەسو مالّی لەقەڵادزە بوو، کاتێك لەماشێن دابەزین، گوێم لێ بوو مەلا رەسو بەسرتە بەسەید رەسوی گوت: بیبەینە کوێ؟

سەید رەسو گوتی: نازانم ئەوەندەیە جێیەك بێ ئیستراحەتی لێ بکا، چونکە برادەرانیش دەوری دەدەن.

– کەوایە با بچینە ماڵە کەریم حەدادی.

– واباشترە، هەر دەچینە ئەوێ.

سرتەی وان تەواو بوو بەڵام بەراستی من سەرم سوڕما و دەنگم نەکرد، چونکە مەلا رەسو لەگەڵ من هاتبوو، ببوە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنفرانسی حیزبی، مالّیشی لەقەڵادزە بوو بەڵام تەگبیری دەکرد کەمن بەرێتە کوێ، لەبەر خۆمەوە ناڕەحەت بووم، قسەی کابرای مەهابادیم وەبیر هاتەوە کەسالّی ١٩٤٣ لەسندووسەوە هەتا مەهاباد پێکەوە هاوسەفەر بووین، ئێوارێ درەنگانێك گەیشتینە نێو شاری مەهاباد، کابرا گوتی: تۆ دەچییە کوێ؟ من بەو رێگایەدا دەڕۆم.

– دێمە مالّی ئێوە و شەو میوانی تۆ دەبم، چونکە لەشاری بەڵەد نیم و کەس ناناسم.

هەرچۆنێك بوو چوینە مالّی کەریم حەداد، من تا ئەودەم لەنێزیکەوە کەریم حەدادم نەناسیبوو، بەڵام برادەران باسیان کردبوو لەدوورەوە دەمزانی، مالّێکی

خۆش، ئاوەدان، بەڕێز و حورمەت، میواندار و جوامێر، چەند رۆژ لەوێ بووم، دایم دەورەم پڕ بوو، برادەران دەهاتن، هەمووشیان لەسەر سفرەی کەریم حەداد نانیان دەخوارد.

مەسەلەی کەریم حەدادیش بۆ خۆی چیرۆکێکی تایبەتییە، کاتێک لەئێران رای کردبوو، گوێا پولێکی باشی هەبووە، برادەرانی حیزبی لێ هاڵاون و مااڵی هەمیشە پڕ بووە لەمیران و پوڵەکەیان پێ خەرج کردووە، لەم دواییەدا هەرچەند پوڵەکەی نەمابوو، بەاڵم میواندارى و پیاوەتیەکەی هەر لەجێی خۆی بوو.

پاش دوو سێ رۆژ مەلا رەسو میوانداریەکی هەتا بڵێێ پیاوانە و کوردانەی ساز کرد، کەچووین بۆ مااڵی، بۆم دەرکەوت سرت و خورتەکەی لەگەڵ سەید رەسوی لەبەر بێ جێگا و رێگایی بووە، چونکە خانوویەکی زۆر چکۆلەی هەبوو کەبەحاڵ جێگای خۆیانی تێدا دەبۆوە.

یەک دوو رۆژ لەقەاڵدزە بووم، دەبوایە بۆ دیتنی کاك ئەمیری قازی و هێنانەوە سەر خۆی، بچمە ئاش قوڵکە، لەگەڵ سەید رەسوی بەپێیان بەرەو چیای قەندیل کەوتینەڕێ.

لەمەزرای سەنگەسەری لەبناری شاخی ماڵە جوتیارێك توتنیان دەچەقاند.

سەید رەسو گوتی:

– ئەوە رەسووە سورە، شیوعییە، هەتا بڵێ پیاوێکی باش و مەرد و رەندە، با لادەین سڵاوێکی لێ بکەین، رەنگە چاپەکیشمان بداتێ.

چوینە نێو توتن سڵاومان کرد و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، دیاربوو لەگەڵ سەید رەسو پێکەوە ئاشنا و دۆست بوون.

سەید رەسو گوتی: بابم مام رەسو هەر دەڵێ وابوو واچوو، ئەوەتا شیوعییەکم بۆ هێناوی تازە لەبولغاریاوە هاتوە، تەماشای رەنگی سوێند بخۆی کەعروسە سوێندت لێ ناکەوێ.

دەستمان کرد بەقسە مام رەسو گوتی: یاخوا بەخێربێی، جاران لەدورەوە دەنگی تۆمان دەبیست، ئێستا ئەوە لەنێزیکەوە لەنێو توتنێت دەبینم.

– دەنگی چی؟ من هەر ئەو جارە هاتوومە عێراق.

– دەنگەکەت زۆرجار هاتووە، کەس نەبوو ئێواران خۆ نەکوتێ بۆ بن رادیۆی تا گوێی لەدەنگی تۆ ببێ.

باسی کشتوکاڵی بولغارستانم بۆ کرد، گوتم ئێستا لەوێ توتن ماشێن دەیچەقێنێ، لەهەموو گوندێك کارەبا و مەدرەسە و خەستەخانە هەیە، مام رەسو گوتی: کاك فەعلەکانم لێ بەدعەمەل مەکە، لێرە خولاّ خولاّمانە نانی جۆمان وەگیر کەوێ بیخۆین.

لەگەڵ رەسوە سور بووینە ئاشنا، یەك دوو جاری دیکەم دیتەوە، جارێك لەقەڵادزە هاتە لام و زۆری هەوڵ دا بچم لەگوندی میوان بم، نەمتوانی بچم، رۆژی دوایی گیسکێکی بۆ ناردبووم بۆ قەڵادزە لەگەڵ برادەران خواردمان، کاك رەسوم نەدیتەوە تا ساڵی ١٩٧٩ رۆژێك لەتەشکیلاتی مەهاباد بووم لەگەڵ دوو برادەری دیکە لێم وەژوور کەوت، یەکترمان ماچ کرد، پاش بەخێرهاتنێکی گەرم بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆم بردمنەوە بۆ ماڵی کاك کەمالی شافعی، کەئەودەم ببوە خانەقای حیزبی، ئیتر ساڵی ١٩٨٤ لەگۆڤاری (رسالە العراق)دا چاوم بەوێنەی رەسوە سور کەوت کەبەدەستی (کوردپەروەرانی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەهید کرابوو.

لەگەڵ سەید رەسوی سەفەرەکەمان درێژە پێ دا و چووینە ئاشقوڵکەو سورەبان دوو سێ رۆژ لەوێ بووم، باسی میوانداری سەید رەسوش ناکرێ و یا لەوزەی

قەڵەمی مندا نییە، لەگەڵ کاك ئەمیر زۆرمان قسە کرد و پێم گوت باشترە بێتەوە خوارێ و بڕیار وایە کۆنفرانسی حیزبی بگیرێ و بەشداری و هاوکاری بکەی، بەگوێرەی بڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتی پارەی مانگێك یا دوو مانگ کەدەبوە ٦٠ (شێست) دینار دامێ، پاش دوو سێ رۆژ (قادر نەستانێ)یان لەگەڵ خستم گەڕامەوە بۆ سەنگەسەر، کاتێك لەچیا هاتینە خوار و گەیشتینە دەشتایی، پێڵاوەکانم پەکیان کەوت، دڕابوون بەپێمەوە هەڵنەدەگیران، ناچار پێڵاوم دەرهێنان و بەپێ خواسی دەڕۆیشتم، (قادر نەستانی) گوتی: ئێستا ئەگەر رۆژێك بڵێم لەمەزرای سەنگەسەر کاك کەریمی حسامی بەپێ خواسی وەپێش خۆم داوە کەس بڕوام پێ ناکات.

ئەندامەتی یەکێتی نووسەرانی کورد

لەکوردستانی عێراق لەژێر کارکردی بەیانی ١١ی ئازاردا، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردن و پەرەگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی رەخسا بوو، نووسەرانی کورد دەرفەتیان وەدەست هێنا و یەکێتی نووسەرانی کوردیان دامەزراند.

من و مامۆستا هێمنی رەحمەتیش بەئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد وەرگیراین، رۆژی ١٩٧١/٥/٢١ کارتی ئەندامەتیم بەژمارەی ٢٠١ وەرگرت کەوا وێنەکەی لەریزی بەڵگەکاندا چاپ کراوە.

ئێستا کەباسی یەکێتی نووسەرانی کورد هاتە گۆڕێ، بێ جێ نابێ یەك دوو قسەی خۆشی مامۆستا هێمنیش بگێڕمەوە.

رۆژێك بڵاو کرایەوە کە دکتۆر مارف خەزنەدار لەسەر چالاکی نووسەرانی کوردی سۆڤیەت و ئەو کتێبانەی لەیەکێتی سۆڤیەت لەسەر کورد نووسراون نەدوەی هەیە، لام وایە لەلای کۆشکی سپی (قصر الابیض) ئێوارەیەك کۆبوونەوە سازکرا، خەڵکێکی زۆر هاتبوون، یەك دوو خوێندکاری زانکۆی ئەدەبیات

هەریەکەی ئامێزە کتێبێکیان هێنا و لەپێش دکتۆر مارف دایان نان، مامۆستا هێمن رەوانی شاد گوتی: کوڕینە، مارف ئەو هەموو کتێبانە بخوێنێتەوە و باسیان بکا، نوێژی سبەینێ ئەلێرە دەکەین.

جارێکی دیکەش لەڕۆشنبیری کوردی لای سەیدا سالّحی رەحمەتی بووین، لام وایە لقی پێنجی پارتی دەیویست بەبۆنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە جێژن بکات.

سەیدا سالّح بەمامۆستا هێمنی گوت: تکایە بەو موناسەبەتە شیعرێکمان بۆ بڵێ.

مامۆستا هێمن گوتی: سەیدا من بەموناسەبەت شیعر نالّێم، ئەگەر بۆم هات و هەستم بزوت ئەوا شیعر دەڵێم، دەنا هیچ.

برادەرێکی هەولێری، لام وایە ناوی مەغدید بوو گوتی: سەیدا، من ئیجازەم هەیە پێویستە بەیانی بچمەوە سەر ئیش لەدائیرە، ئەگەر تۆ نامەیەکم بۆ بنووسی هەتا بەیانی بەو موناسەبەتە شیعرێکی کوردی و یەکی فارسی و یەکی عەرەبیت بۆ دەهۆنمەوە.

دکتۆر عیزەدین مستەفا گوتی: ئەگە هەروایە یەکی تورکیشی لێ زیاد کە، مامۆستا هێمن گوتی: بابم سەیدا، تۆ کەشاعیری ئاوات هەیە، ئیتر چیت لەمن داوە.

جارێکیش لەبەغدا فیستیوالێ گۆرانی و ئاوازی کوردی هەبوو، لەهۆڵی خولد، خەڵکێکی زۆر بانگ کرابوو، زۆربەی باڵیۆز و دیپلۆماتەکانی وڵاتانی دەرەوەش بۆ ئەم ئاهەنگە بانگ کرابوون و هاتبوون، منیش لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ و مامۆستا هێمن و چەند برادەری تر بەشدار بووم و لەریزی باڵیۆز و دیپلۆماتەکان جێگایان دابووینێ دەستەی نوێنەرایەتی باڵیۆزخانەی چینیش لەتەنیشت ئێمە بوو.

نۆرەی عیسا بروارى هات و دەستی کرد بەگۆرانی.

مامۆستا هێمن بەدکتۆر قاسملۆی گوت: دکتۆر تکایە تۆ بەئینگلیزی بەو چینییانە بڵێ، سکیان بەخۆیان نەسووتی، من کوردیشم، بەڵام هەر بەقەدرایی ئەوان لەم گۆرانییانە دەگەم.

کۆنفرانسی ٣ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لەپێش بەستنی کۆنفرانس برپاردرا دکتۆر قاسملۆ بچێتە لای مەلا مستەفا و مەسەلەی بەستنی کۆنفرانسی لەگەڵ باس بکا و هەروەها داوای یارمەتیش لەپارتی دیموکراتی کوردستان بکا، لەگەڕانەوەدا دکتۆر قاسملۆ گوتی:

– مەلا مستەفا گوتویە ئەو رۆژنامەی بۆچی بڵاو دەکەنەوە؟ رۆژنامە بەکاری چی دێ؟ هەروەها قەولیان داوە کەمانگی پێنج سەد دینار یارمەتی بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەن.

بەڵام بەداخەوە ئەم قەول و بەڵێنییە قەت نەگەیشتە جێ.

رۆژی ١٩٧١/٦/٢١ لەشاری کۆیێ بەبەشداری سی و دوو (٣٢) کەس کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکرات کرایەوە، لەسەرەتاوە ناکۆکی هەبوو کەداخوا ئەمە کۆنفرانسی دووە یا سێیە، دکتۆر قاسملۆ لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کەدەبی کۆنفرانسی دوو بێ، چونکە ئەو کۆنفرانسەی کاك ئەمیری قازی و برادەرانی تر گرتبوویان بەکۆنفرانسی حیزبی نەدەناسی، کاك ئەمیر و مەلا عەولای حەیاکی و لایەنگرەکانیان لەسەر ئەو باوەڕە بون کەئەوە کۆنفرانسی سێیە، ئاخرەکەی پاش پشتیوانی من کەدەبێ کۆنفرانسی سێ بێ دکتۆر قاسملۆ ملی راکێشا، هەر ئەم هەڵوێستەی قاسملۆ بوو بەهۆی ئەوە کەلەکۆنفرانسدا کەریم حەدادی نەخوێندەوار بە ٣١ دەنگ ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام دکتۆر قاسملۆ بەبیست و چوار دەنگ هەڵبژێردرێ.

سەرەڕای ئەم وەزعە نالەبارە کەشەقی زەمانە هێندێ کەسی لێك کۆکردبوونەوە و هەلومەرجی نالەبار چەند کەسی گەیاندبووە پلەی رێبەرایەتی حیزب، دیسان

کۆنفرانسی سێیەم بناخەیەکی رێکوپێکی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دارشت، کۆنفرانس پێڕەو و پڕۆگرامێکی حیزبی پەسەند کرد و هێندێ ڕێ و شوێنی بۆ خەباتی دواڕۆژی حیزب دامەزراند.

پاش تەواوبوونی کۆنفرانس کۆمیتەی ناوەندی ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٤ لەکۆبوونەوەی خۆیدا، بۆڕۆی سیاسی لەو کەسانەی خوارەوە هەڵبژارد: (دکتۆر قاسملۆ، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیراجی، مامۆستا هێمن، مەلا عەولای حەیاکی)، هەروەها دکتۆر قاسملۆ بەسکرتێری گشتی حیزب و کەریمی حسامی بەمەسئولی تەشکیلاتی حیزب هەڵبژێردران، بێجگە لەوە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب لەدکتۆر قاسملۆ، مامۆستا هێمن، کەریمی حسامی، حەمەدەمینی سیراجی، مەلا عەولای حەیاکی، هەڵبژێردران.

مەلا عەولا ئەودەم لەنووسینی بابەتی سیاسی و ڕۆژنامەگەری کۆڵ بوو، هەرچەندە زمانی کوردی باش دەزانی، دکتۆر قاسملۆ مەجبوری دەکرد بنووسێ، دەچوو دەینووسی، دکتۆر دەیگوت تەواو نییە، بچوو بینووسەوە، مەلا عەولا زیز دەبوو، دەیگوت: بەئانقەست نووسینەکانی من وەلا دەنێن، دکتۆر دەیگوت: بچوو بینووسەوە، ئاخرەکەی زیز بوون و گوێ نەدانی دکتۆر قاسملۆ، مەلا عەولای فێری نووسین و بابەتی سیاسی کرد، مەلا عەولا بەرپرسی چاپکردنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی حیزبی گرتە ئەستۆ و زۆر بەجوانی بەڕێوەی دەبرد و بوو بەنووسەرێکی شاز و کەم وێنە.

ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٥ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کەپێوەندی بەئەحمەد تۆفیقەوە بکرێ و ئەگەر بێتە ژێر فەرمان و دیسپلینی حیزبی، ئەوا بگەڕێتەوە، هەروەها بۆ هاوکاری و ڕاوێژ و دۆستایەتی پێوەندی بەمامۆستا زەبیحیشەوە بکرێ، بێجگە لەوانە داوای هاوکاری لەمەلا سەید ڕەشیدیش بکرێ کەئەندامی حیزبە.

ئەو برادەرەی پێوەندی بەئەحمەد تۆفیقەوە گرتبوو، لەراپۆرتی خۆیدا رایگەیاند کەناوبراو ئەم کۆنفرانسە و رێبەرایەتییە بەحیزب ناناسێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو وازی لەدژایەتی حیزبیش نەدەهێنا، حیزب برادەرێکی بەناوی مەلا محێددین بۆ کار لەرادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێراندا هێنابوە بەغدا، لەهوتێلێکمان دانبوو، هەتا مالّ و منداڵەکەی دێنێ، ئەحمەد تۆفیق دیتبوویەوە و داوای لێکردبوو کەجێگای رادیۆ و شێوەی کار و ئەسراری حیزبی پێ بڵێ، بۆرۆی سیاسی لەکۆبوونەوەی ١٩٧١/٨/٥دا، مەلا عەولاّی کردە مەسئول کەبچێتە لای و داوای لێ بکا بگەڕێتەوە نێو حیزب و دەست لەگێرەشێوێنی هەڵبگرێ، دکتۆر قاسملۆش کرا بەمەسئول کەلەگەڵ مامۆستا زەبیحی جارێکی تریش پێوەندی بگرێ، تەواوی ئەو ماوەیە کەکۆمیتەی ناوەندی لەعێراق بوو، مامۆستا زەبیحی لەگەڵ ئێمە پێوەندی برایانە و دۆستانەی هەبوو، زۆرجار لەبارەی مەسەلەکانی رۆژدا بیروڕامان دەگۆڕیەوە، ئەو دوو ساڵەی لەحەپسێ دابوو، هەموو حەوتوان مامۆستا هێمن و کاک حەمەدەمینی سیراجی دەچوونە لای، بەڵام ئەحمەد تۆفیق، بەپێچەوانە نەک هەر نەهاتەوە ریزی حیزب، بەڵکو بەهۆی یەک دوو خوارزا و کەسێکی تر، بەناوی تاهیر و لەراستی دا رەحیمە کۆڵ، دژی حیزب و ئەندامانی دەستی کرد بەخەراپە و ئاژاوە نانەوە، رۆژێك پیاوەکەی ئەحمەد تۆفیق و یەك لەخوارزاکانی تووشی مەلا عەولاّ حەیاکی دەبن، لێی دەکەنە هەلاّ کەئەوە جاسوسی ئێرانە و دەیناسین، خەڵك وەکۆ دەبن و پۆلیس دەگاتێ مەلا عەولای رەپێچەك دەدەن بۆ کونە رەشێ، مەلا عەولاّ ون بوو بێ سەر و شوێن، پاش دوو رۆژ هەولّ و تەقەلاّ و پرسیار، زانیمان مەلا عەولا لەحەپسێ دایە، هەرچۆنێك بوو ئازاد کرا، بەو دوو رۆژە ئەوەندەی دیکەش باریك ببوو.

بۆرۆی سیاسی لەکۆبوونەوەی ١٩٧١/١٠/١٤ بڕیاری دا کەبۆ ئاخرین جار پێوەندی بەئەحمەد تۆفیقەوە بکرێ و پێی بگوترێ کەدەست لەو کارە دزێوانە هەڵبگرێ و بێتەوە ریزی حیزب، بەڵام فایدەی نەبوو، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات

لەکۆبوونەوەی مانگی ژانویەی ١٩٧٢دا، بڕیاری دا کەئەحمەد تۆفیق لەحیزب دەربکرێ و لەڕۆژنامەی کوردستانیش دا بڵاو بکرێتەوە.

لەهاوینی ١٩٧٢دا، خەبەرمان زانی کەئەحمەد تۆفیق دیار نییە و خانوەکەی داخراوە، پاشان خەبەر بڵاو بۆوە کەگیراوە، بۆڕۆی سیاسی بڕیاری دا کەوەدوای سۆراخی بکەوین و هەوڵ بدەین کەئازاد بکرێ، کاك حەمەدەمینی سیراجی وەك جێگری پێوەندییەکانی دەرەوە، مەئمور کرا کەوەدوای سەر و شوێنی بکەوێ و لەپێوەندی خۆیدا لەگەڵ بەرپرسانی بەعس بەتوندی داوای ئازادی و یا جێگا و شوێنی بکا، بۆڕۆی سیاسی لەوبارەوە نامەی بۆ سەرکردایەتی حیزبی بەعس نووسی، بەڵام نەك هەر سۆراخی نەکرا، بەڵکو بەداخەوە درەنگتر زانیمان کەئیعدام کراوە، وەك لەبیرم بێ برادەرێکی کوردی خەڵکی کۆیە کەلەزیندان ئازاد دەبێ، باسی ئیعدامی ئەحمەد تۆفیق دەکات.

هێندێ خەبەری دیکەش بڵاو بوونەوە کەگۆیا خوارزاکانی بەگرتنیان داوە کەگۆیا پێوەندی لەگەڵ شوێنی تر هەبووە، چونکە پاش ون بوونی ئەحمەد تۆفیق خوارزاکانی لەبەغدا مابوون و هەر یەك مانگێ چل دیناریان گۆیا وەك پەناهەندە وەردەگرت و دەمانچەشیان هەبوو.

کاتی چاپی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم، بەپێویستم زانی ئەم مەسەلەیە لەکاك حەمەدەمینی سیراجی پرسیار بکەم، کاك حەمەدەمین لەنامەی ١٩٨٩/١/٦ ئەم وەڵامەی خوارەوەی بۆ نووسیبوومەوە، کەسوپاسی دەکەم.

لەمەڕ ئەحمەد تۆفیق، ئەمە کەی و چۆن گیرا، ئاگادار نین، لەرێگای ئاسوریەکانی برادەر و ناسیاوی برایم جیجۆوە کەبەبرایمیان گوتبوو، ئەویش هات باسی کرد، ئاگادار بووین، دوای ئاگاداری، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی تەواومان لەباری بیروباوەڕەوە لەگەڵ ئەحمەد هەبوو، ئەو کارەمان بەدزێو دانا و بڕیاری پەیگیریمان دا، لەسەر پەسندی برادەران سێ چوار جار لەگەڵ عەلی رەزا

بەرپرسی دەفتەری جێگری سەرکۆمار باس کرا، هەموو جارێ جوابی ئەمە دەبوو کەداوای خوێندنی لەفەرانسە کردووە و بۆ لوبنان (تەسفیرمان) کردووە و لەوێرا دەچێتە فەرانسە، ئاخر جار کەگوتم لەلوبنانەوە خەبەر هاتووە کەلەوێ نیە و نەچۆتە لوبنان، ئەحمەد کەسێك نییە خۆ لەلوبنان بشارێتەوە و داوای بەردانیمان کرد، زۆر بەتوندی جوابی دامەوە کە: ئێمە وەك حیزب و دەوڵەتێکی سەربەخۆ، مەگەر لەئێوە دەترسین کەدرۆتان لەگەڵ بکەین، ئێمە بەرپرسانی خۆمان دەگرین و بێ سەر و شوێنیان دەکەین، با ئەندامی سەرەوەش بن، مەگەر چ ترسێکمان لەئێوە هەیە کەحاشا بکەین؟ ئەحمەد نەگیراوە و لەسەر داوای خۆی عێراقی بەرەو فەرانسە لەرێگای لوبنانەوە بەجێ هێشتووە و ئیتر یەخەی ئێمە لەم بارەوە مەگرن و دڵنیا بن.

ساڵی ٧٣ دوای شکستی پیلانی نازم گزار و بەربوونی کۆڵێك زیندانی کورد لەبەغدا و شارەکانی کەرکوك و موسڵ و سلێمانی و بەردانی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و گروهبان و غەیرەی ئەرتەشی عەرەب و کوردی سەر بەرژێم، یەکێك لەگیراوەکان (محەمەد یان ئەحمەد سێوکانی) بڵاوی کردبۆوە کەئەگەر کەسێك کەفالەتی دوو هەزار، دوو هەزار و پێنج سەد دیناری ئەحمەد بکا، ئازاد دەکرێ، هێندێك لەدۆستانی ئەحمەد داوایان لە (حاجی محەمەی زێڕینگەر) کردبوو، ئەم کارە بکا، ناوبراو پیاوانە ئامادەیی دەربڕیبوو، چوو بوو کەبەکەفالەت ئازادی بکا، بەڵام حاشا کرابوو کەگیراوێکی وا نییە، وادەردەکەوێ ئەویش چارەنووسێکی وێنەی قادر تەگەرانی و سێ سەد و پەنجا کەسەی بێ کەبەتەواوی لەناوبران و جیا لەبکوژە تاوانبارەکان کەس نەیدەزانی چۆن لەناوبران، کوڕەکەی کەلەگەڵی بوو پاشان دراوە بەئێران و ئازاد کرا لەگەرمێن ناوی تاهیر بوو.

بەم جۆرە ئەحمەد تۆفیق بێ سەر و شوێن کرا، رەنگە خەڵکی بێ خەبەر و نائاگای ئەوتۆش هەبن کەپێیان وابێ حیزبی دیموکرات دەستی لەو کارەدا

بووبێت، بەڵام زۆر بەوێژدانەوە دەتوانم بڵێم کەحیزبی دیموکرات بەپەرۆش و بەدڵسۆزییەوە بۆ بەردانی هەوڵی دا و هیچی بۆ نەکرا.

سەفەر بۆ بارەگای بارزانی

پاش کۆنفرانس و دابەشکردنی بەرپرسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دکتۆر قاسملۆ بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی سەفەری دەکرد بۆ ئەورووپا، دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کەمن سەفەرێکی لای مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی بکەم، بێجگە لەباسی کۆنفرانس سێ داواش لەمەکتەبی سیاسی بکەم کەلەبارەی یارمەتییەوە بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەیدا سالح یوسفی رەحمەتی دیاری کردبوو، لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی چوینە لای سەیدا و پێمانگوت کەدەچم بۆ سەرێ، پێمان خۆشە تۆش نامەیەك بنووسی، سەیدا سالح یوسفی گورج دەستی دا قەڵەم و نامەیەکی بەعەرەبی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی و دای بەمن گوتی تەماشای کە، کەسەیرم کرد نووسیبووی: هاوڕێ کەریمی حسامی لەجەماعەتی قاسملۆ ئەوە دێتە لاتان تکایە رێزی لێ بگرن.

گوتم سەیدا من ئەم نووسراوەیە نابەم، چونکە ئێمە جەماعەت نین، من ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتم، جەماعەتی قاسملۆ نیم.

سەیدا گوتی: لەنێو ئێمە هەر واباوە، جەماعەت بەکاردێنین، گوتم: تکایە ئەم باوە مەخەنە نێو ئێمە، ئێمە حیزبێکین هەرکەس ئەرکی خۆی بۆ دیاری کراوە.

سەیدا سالحی رەحمەتی نامەکەی گۆڕی.

١٩٧١/٧/٧ سواری تاکسی بووم و بەرەو حاجی عومەران کەوتمەڕێ، لەکەرکوک وەدەرکەوتین سەیتەرەی عێراق تاکسییان راگرت و داوای پێناسیان کرد، منیش دەفتەر نفوسێکی عێراقیم ساز کردبوو (بۆیان ساز کردبووم) هێنامە دەرێ و دام بەکابرای عەسکەر، من نەمدەزانی کەناوی بابی دایك دەپرسن لەپێ ناسەکەدا ناوی باوکی دایکم (سالّح) نووسرابوو، من ئەوەم لەبیر نەبوو کابرای عەسکەر پرسی: جدك (ناوی باپیرت؟) منیش گوتم: مەحمود.

– شلون محمود؟ انت ما تقدر تقرأ: صالح. (چۆن مەحمود تۆ ناتوانی بخوێنییەوە سالّح ە).

– نعم– عفوا صالح. (بەڵێ... ببورە.. سالّحە).

دەفتەر نفوسی وێ دامەوە رۆیشتین، بیرێکی لەچارەنووسی میللەتەکەمان کردەوە کەلەنیشتمانی خۆی، لەوڵاتی خۆی، کابرای بێگانە پێشی پێ دەگرێ و داوای پێ ناسی لێ دەکا، ئەویش کێ؟ ئەو عەسکەرە بێ عەقڵە و نەخوێندەوارە کەوا پێشت پێ دەگرێ.

لەحاجی عومەران ئەو باسەم بۆ مامۆستا هەژاری شاعیر گێڕاوە، گوتی: خۆ هەر ئەو عەسکەرە وا کەر نەبووە، لەسەردەمی مەشروتەدا لەتەورێز شۆڕشگێڕەکان ناوی شەوییان داناوە، هەرکەس بەشەو هاتووچۆی کردوە دەنگیان داوە و دەبوایە کابرا ناوی شەو بڵێ، ئاغایەکی فەیزوڵا بەگی لەتەورێز شەوێ لەمالّە برادەرێکی میوان دەبێ، شەو درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ مزڵەکەی خۆی.

کێشك چی دەنگ دەدا: کێی؟ ناوی شەو؟

کابراش کەهیچ نازانێ ناوی شەو چییە، هەر لەخۆوە دەڵێ: تاران.

– زرت... بیلمادن.. تەبریز... گیل گیت (زرت... نەتزانی... تەورێز.. بڕۆ)!

مامۆستا هەژار گوتی چارەنووسی کورد لەبەردەستی ئەوانەدا بووە.

لەداوێنی سەڵاحەدین لەچایخانەیەکی فێنک و خۆش لامان دا، چایچی چایەکی جوان و خاوێنی هێنا، پێم گوت: برا ناکرێ تۆزێک خەفیفی کەی زۆر تۆخە پێم ناخورێتەوە، ئیستکانەکەی هەڵگرت و بردی، کەهێنایەوە هەر رەش بوو گوتم: برا ناکرێ تۆزێک کەم رەنگی کەی، ئەمجارەش ئیستکانەکەی برد بەڵام فایدەی نەبوو، وەدەنگ هاتم گوتم: خۆ هەر وەک خۆیەتی، برا هێندێ ئاوی گەرمم بۆ تێکە و بڕایەوە، کابرا گوتی: هەرسێک تەڵاقم کەوێ ئابڕووی چای خۆم نابەم نایخۆیەوە کەیفی خۆتە.

چار نەبوو، خەڵکەکە پێکەنی، هەستام بۆ خۆم ئاوم لەئیستکانەکە کرد و خواردمەوە.

لای ئێوارە بوو گەیشتینە ناوپردان، دابەزیمو پەڕیمەوە و چوومە لای حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب، بەخێرهاتنی کردم و ئەحوالّی برادەرانی پرسی نامەکەی سەیدای خوێندەوە و گورج تەلیفۆنی کرد بۆ حاجی عومەران و گوتی: ئەوە کاک کەریمی حسامی هاتووە ئێستا دەینێرم بۆ سەرێ و میوانی مالّە مەلا مستەفایە، پاشان گوتی: با بچین سەرێک لەدکتۆر مەحمود بدە، ئێستا سەیارە ئامادە دەبێ و بچۆ بۆ سەرێ.

چووینە لای دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەحوالّی برادەرانی پرسی، باسی کۆنفرانسی حیزب و هێندێ مەسەلەی سیاسیمان کرد، گوتی: پاش گەڕانەوەی دکتۆر قاسملۆ ئێمە لەکۆمیتەی ناوەندی باسی وەزعی حیزبی ئێوەمان کردووە، ئێستا بچۆ بۆ سەرێ چاوت بەئیدریس و مەلا مستەفا بکەوێ، منیش رەنگە بێم و پاشان بەدرێژی قسە دەکەین.

ماشێنێکیان هێنا سوار بووم بەرەو حاجی عومەران، ماشێن لەپێش پۆستی کۆنترۆڵ رای گرت و من دابەزیم، دیار بوو تەلیفۆنیان کردبوو، بارزانیەک هات لەگەڵ خۆی بردمی بۆ مالّی مەلا مستەفا و لەدیوەخانی میوانان دانیشتم.

سێ رۆژان لەوێ بووم، نەمەلا مستەفا دیار بوو نەئیدریس و نەهیچ کەس نەرادیۆ هەبوو نەرۆژنامە نەکتێب و نووسراوەیەك، جەمیل محۆ کوردی لوبنانی لەوێ دەس بەسەر بوو، جاروبار دەهاتە لام و دەستی پێ دەکرد.

من پێشتر زۆر لەدوکاندارەکانی حاجی عومەرانم دەناسی، کەرۆژانە دەچوومە دوکانەکان و قسە و باسی ناوچە و ئێرانم لێ دەپرسین، بەگشتی لەدەست جاسوس و ساواکی عەجەم هاواریان بوو، دەیانگوت ئێرە پڕ بووە لە ساواکی و عەجەمی قەرەیەخە بەنێوی تاجر و کڕین و فرۆشتن دێن و دەچن و دەسەلاتی تەواویان هەیە و کەڵەگایی دەکەن.

رۆژێك لەو کەسانەی کەلەدیوەخانی مەلا مستەفا خزمەتیان دەکرد پرسیم: ئەرێ لێرە رادیۆ، رۆژنامە، کتێب هیچ نووسراوەیەك وەگیر ناکەوێ؟

– نا... خودێ تشتەك نینە!

جاروبار دەچوومە مالّی مامۆستا هەژار و چاك بوو لەگەڵ ئەو بەقسەی خۆش و بەشەترەنج رام دەبوارد، رۆژێکیان پێکەوە دەچووینەوە مالّی مامۆستا هەژار، عەجەمێکی ئێرانی لەبەر دەرگای دوکانێك لەگەڵ دووکاندارەکە کێشەی بوو، دیار بوو عەجەم شتێکی لەکابرای کورد کڕیوە و پێنج تمەنی لەلا ماوە و نایداتێ، چەقەیان بوو، مامۆستا هەژار گوتی راوەستە با سەیری ئەوانە بکەین، عەجەم ملی نەدەدا و دەیویست پێنج تمەنە بخوا.

کابرای دووکاندار گەیشتە ئێسکانی و هەر راست بۆوە و خۆی لێ راست و چەپ کرد و بەهەموو هێزی خۆی شەقێکی لەعەجەمە دا و زللەیەکیشی تێ سرەواند و گوتی: دینت.. دەتەوێ کەڵەگایی بکەی؟

عەجەم: دەیدەم دا.. کورە بۆ دەیکوژی؟

کابرا نەغد پێنج تمەنەی وەرگرت و عەجەمی وەدەرنا، مامۆستا هەژار چووە پێش و گوتی: هەق ئاوا دەستێنرێ جا ئەگەر ئەوەت دەزانی ئەو چەقەی پێشووت بۆ دەکرد!

(دەیدەم دا) ماوەیەك ببوە مەزەی قسە و گاڵتەکانمان.

رۆژێکی دیکە لەماڵی مامۆستا هەژار دانیشتبووین باسی خوێندەواریمان دەکرد، برادەرێکی کوردی خەڵکی ترکەشی ناوچەی مەنگوڕان هاتبووە حاجی عومەران، بیستبوی ئەمن لەوێ لەماڵی کاك هەژارم، لێمان وەڕوور کەوت، باسی ولاتم لێ دەپرسی پاشان مامۆستا هەژار پرسی خەڵك چۆنە سەوادیان هەیە یا نیانە یا خەڵکەکە هەروا بێ سەوادە، لەو قسانەدا کابرایەکی پیری بارزانی لەوێ دانیشتبوو، لەپڕ هەڵی دایە:

– ساوار تپیژن... ساوار ئەز چی کەم!

کابرا پێی وابوو کەئێمە باسی ساواری دەکەین.

پاش سێ رۆژان کاك ئیدریس پەیدا بۆوە لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمانی بوو، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم گوتی: دەبێ ببەخشی کاری زۆرمان هەیە، دکتۆر موراد لەگەڵ ژن و کچی هاتبوو میوانی عەبدولقادری کوڕی شێخ بوو، پیاوم دەسەر کرد و دوو کەسم لەگەڵ خستن تا دەیبەن لەسەلاحەدین تێی دەپەڕێنن.

سەیر ئەوە بوو چەند رۆژ پێش دکتۆر موراد لەبەغدا هاتبوە لای ئێمە گوتبووی: مەلا مستەفا بانگی کردووم کەبچم دە پانزدە رۆژ لەحاجی عومەران بحەسێمەوە.

پاشان کاك ئیدریس گوتی دوو رۆژی تر لێرە بە، مەلا مستەفا دێتەوە چاوت بەویش بکەوێ، سبەی ئێوارێ لەگەڵ دکتۆر مەحمود دێینەوە یەکتر دەبینین.

خەڵکێکی یەکجار زۆر لەحاجی عومەران لەهاتووچۆدا بوون، منیش لەنێویاندا دەسوورامەوە، رۆژێك کاك مەسعود لەگەڵ کابرایەك گرێوی کردبوو کەکابرا

گیسکێك بەجەمێکی دەخوا، لەچادرێك گیسکیان بۆ کابرای سوور کردبۆوە و هێنایان لەتەشتێکدا لەپێشیان دانا، کابرا باسکی لێ هەڵکرد و دەستی کرد بەخواردنی، زۆری خوارد پاشان کاك مەسعود نەیهێشت چیدی بخوا گوتی گرێوەکەت بردەوە دەمری نابێ چیدی بخۆی.

جاروبار غەزالی بانگی دەکردم لەچادرەکەی ئەو نانم دەخوارد، رۆژێك تووشی لاوێکی رەنگ پیاوی خانەقینی بووم، دەستمان کرد بەقسە و لێم پرسی چۆنە لێرەی؟

– کادری ناوچەی خانەقینم، قەرار بووە مانگی پانزدە دینارم بدەنێ، چەند مانگ نەیاندامێ، گوتیان دەبێ لەبارەگای بارزانییەوە بینووسن، پێنج دینار کرێ سەیارەم داوە، سێ رۆژە لێرەم رۆژی بەپێنج دینار خەرج دەرناچم، لێرەش دەڵێن دەبێ کاك ئیدریس بڵێ، کاك ئیدریسیشم وەگیر ناکەوێ.

رۆژی دوایی کاك ئیدریس لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان هاتنە لام، گوتیان: ئێمە مەوقفی ئێوە تەقدیر دەکەین، لەنێو خۆماندا بڕیارمان داوە کەمانگی چوارسەد دینار یارمەتی بەحیزبی ئێوە بکەین، بڕیار وایە یازدەی مانگ کۆمیتەی ناوەندی کۆببێتەوە، تکا دەکەین بۆ رۆژی ١٤ و ١٥ی مانگ سەرێکمان لێ بدەوە، پاشان گوتی: بەمەلا مستەفام گوتوە سبەی شەو دێتەوە ئێرە و لەگەڵت دادەنیشێ.

دکتۆر مەحمود خواحافیزی کرد و رۆیشت، ئیدریس مایەوە و گوتی با دانیشین تۆزێك قسە بکەین، پاشان گوتی: ئێمە دەبێ لەرێی کوردستانداا هاوکاری یەکێتی بکەین، ئێوە لەوێ دەتوانن زۆر کاری گەورە بکەن، ئێستا... خائینی کورد دەبێ بکوژرێ، ئێوە بۆ نایکوژن؟ پارە، چەك، پیاو، هەرچی بتانەوێ هەیە و دەیخەمە بەردەستان، وەرە با پیاوانە ئەو خائینە لەناوبەرین، گوتم کاك ئیدریس: ئێمە حیزبی سیاسین پیاوکوژ نین، بەراستی چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کەئێوە مەسەلەی ئاوا لەگەڵ من باس بکەن، هاوکاری ئێمە پێویستە لەباری سیاسی و

لەچوارچێوەی بەرژەوەندی کوردستاندا بێ، ئێمە لامان وانییە بەکوشتنی چەند کەس مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ.

قسەکانمان کۆتایی پێ هات، ئیدریس رۆیی، هەستم کرد قسەکانی منی بەدڵ نەبوو، شەوی دوایی دەوری سەعات ١١ ئیدریس بانگی کردم لەهۆدەیەکی خاڵی بۆ لای مەلا مستەفای بردم، خۆی چەند دەقیقە راوەستا و پاشان گوتی: من یەکجاری خواحافیزیت لێ دەکەم، ئەوە لەخزمەت باوکم قسەکانت بکە.

مەلا مستەفا بەخێرهاتنی کردم ئەحواڵی برادەرانی پرسی، قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو لەسەر کاغەز ئازبووکای دەنووسیەوە، گوتی: کوردستان یەکە من قەت ئیعتیراف بەم سنوورە ناکەم نابێ ئیعتیراف بەو لەتکردنەی کوردستان بکرێ، پاشان هاتە سەر دکتۆر قاسملۆ گوتی: قاسملۆ چی بۆ کورد کردووە؟ توانیویەتی لەم وڵاتە ئیشتراکیانە میلیۆنێك دۆلار بۆ شۆڕشی کورد پەیدا بکا؟ نەیتوانیوە، کەوابوو هیچی نەکردووە، ئێوە کەخزمەت بەکورد دەکەن بۆ.... ناکۆژن، ئەو سەبابە دەبێ بکوژرێ، خائینی کوردە.

پتر لەسەعاتێك لەگەڵ مەلا مستەفا قسەمان کرد، دیارە بەشی زۆر هەر ئەو قسەی دەکرد و لەبارەی کوردستانەوە نسحەتی دەکردم، هەستا و خواحافیزی کرد و گوتی سڵاوی برادەران بگەیەنە.

بەیانی سواری تاکسی بووم و بەرەو بەغدا تێم تەقاند.

ئەو چەند رۆژەی لەحاجی عومەران بووم بەدەرفەتم زانی هێندێ ئەندامی حیزب و دۆست و برادەرانی کۆن کەپێشتر لەودیو رایان کردبوو هاتبوونە زینوێ شێخی و لەچۆمان و لەخەلان و لەئازادی خۆیان گرتبۆوە، بیاندۆزمەوە و سەریان بدەم، لەپێشدا مام عەولاّم دیتەوە، مام عەولاّ کابرایەکی خەڵکی شاروێران و لەگوندی (لەجێ) دووکانی هەبوو، ساڵە ٤٨-١٩٤٩ کاتی زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات، ببوە ئەندامی حیزب و برادەرێکی چالاك و هەڵسووڕو بەکاربوو،

ساڵەکانی ٦٢–١٩٦٣ ئاغاکانی لەجێ و کێچاوە تێیان هەڵپێچابوو خستبوویانە بەردەستی ساواک و ژیانیان لێ تێکدابوو، ساڵی ١٩٦٥ بەئادرێسی پەیکی ئێران نامەیەکی مام عەولام پێ گەیشت، سەرگوزەشتی داخداری خۆی نووسیبوو کەچۆن ئەحمەد ئاغای کێچاوا دەگەڵ ساواکی مەهاباد گرتوویانە و پوڵیان لێ ئەستاندوە، پاشان رای کردووە هاتۆتە کوردستانی عێراق، لام وایە رادیۆ پەیکی ئێران لەکاتی خۆی دا سەرگزەشتەی مام عەولا و جنایەتی ساواک و دەرەبەگەکانی بڵاوکردبۆوە.

ساڵی ٧١ کەلەبەغدا بووم نامەیەکی نووسیبوو داوای کردبوو پێوەندی حیزبی لەگەڵ بگیرێ و ئامادەیە هاوکاری بکا.

مام عەولام دیتەوە هێندێ قەرار و مەداری رەمزیم لەگەڵ دانا و پێم گوت ئەگەر کەسێك لەئێرانەوە هات ئەو ناونیشانەی پێ بوو، لای خۆت یا لەشوێنێکی ئەمین رایبگرە و خەبەرم بدەیە، مام عەولا زۆر بەسەرخۆشی قبوڵی کرد.

ناوبراو لەحاجی عومەران هوتێلی لەشۆڕش بەئیجارە گرتبوو، هەروەها ئیجازەشی وەرگرتبوو کەلەئێرانەوە تەگەپی تڕومبێل بێنێ و بیفرۆشێ، پاشان دەرکەوت بۆتە هاوکاری بەشی پاراستنی شۆڕش و کاریان بۆ دەکا.

لەگەڕانەوەدا لەچۆمان لای یەك دوو برادەر لام دا، گوتیان مام عەلی (عەلی عەجەم) لێرەیە، یەك دوو جاری لێ پرسیوی، ئەگەر نەیبینێ باسی سەرە.

با بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنەری بەڕێز تۆزێ باسی مام عەلی و قسە و ئاکارەکانی بکەین و رەسمەکەشی بۆ یادگار لێرەدا بڵاو بکەینەوە.

مام عەلی ناسراو بە عەلی عەجەم، کابرایەکی تورك بوو، کەس نەیدەزانی کەنگێ و لەکوێ لەدایك بووە، کەسیش نەیدەزانی کەنگێ کەوتۆتە کوردستان و لەکوردستانیش لەکوێو لەکام ناوچە و لەکام گوند ژیاوە، مامۆستا هەژار دەیگوت: مام عەلی لەدایك نەبووە، لەعەرزی هەڵتۆقیوە و لەپێشدا سمێڵەکانی

هاتوونە دەرێ، مام عەلی لەناوچەی کرماشانەوە بگرە تا هەوشار و مەریوان و هەورامان و ئالان و گەورك و مەنگور و لاجان و مەهاباد و شنۆ و تەرگەوەر و سۆما و برادۆست و ماکۆ، باسی هەر جێیەکت کردبا مام عەلی شارەزای بوو باسی دەکرد و خەڵکی دەناسی، لەعێراق لەئێران شارەزاتر بوو، گوێا جارێك لەحەبانیەی عێراقەوە بەپێیان ١٣ تفەنگی بەقاچاخی بردۆتەوە قەڵادزەی کوردستان و لەوێ فرۆشتوونی، خۆ نەشدەکرا بڵێی وانیە، گوێا کورێکی لەلینینگراد سەرهەنگی ئەرتەشی شورەوی بووە ! لەشەڕەکانی ئەرتەشی ئێراندا لەگەڵ عەشیرەتەکان ئەفسەر بووە ! جارێك جنێوی بەرەزا شا داوە ویستوویەتی بیکوژێ بەڵام نەیانهێشتوە یەکێك لەرێبەرانی شۆڕشی مەشروتە بووە لەگەڵ شێخ محەمەدی خەیابانی لەتەورێز لەسەنگەر دا بووە، یەکێك لەدامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات بووە، تەمەنی حیزبی دیموکرات ٢٧ ساڵ بوو، ئەو دەیگوت ٥٠ ساڵە ئەندامی حیزبم، حیزب لەسولەیمانییەوە بەپێیان ناردوویەتە مۆسکۆ و لەکۆنفرانسێك دا بەشداری بکا، لەگەڵ گارگارین قسەی کردووە هەر پێی گوتووە تۆ ناسیۆنالیستی، گاگارین گوتویە: ناسیۆنالیست نیم، مام عەلی گوتویە: کاتێك لەئاسمان دەخولایەوە لەسەر کام وڵات دڵت خۆش بوو.

– لەسەر مۆسکۆ.

– ها... ئەوەیە ناسیۆنالیست، کەوا بوو تۆ ناسیۆنالیستی.

مام عەلی پیشەی ئەسڵی کەن کەنەچی بوو، پاشان پیر ببوو رەگەڵ برادەرانی حیزبی کەوتبوو، لەراپەڕینی شەریف زادە و موعینی دا مام عەلیش لەگەڵ ببوو، بەڵام چونکە بەقسەی ئەویان نەکردبوو تێ شکابوون.

لەهەر جێگایەك با دوو کار ئەرك و پیشەی مام عەلی بوو، یەکەم ئاشپەزی و بەسەر راگەیشتنی ئازوخە و خواردەمەنی، دووەم بێستان و سەوزی خانە، هەرچی مام عەلی گوتبای کەس حەقی نەبوو قسەی لێ بکا و بڵێ وانییە، رۆژێك حەبیب

محەمەد کەریم و دکتۆر مەحمود عوسمان بانگیان کردووە و گوتویانە: مام عەلی تۆ بۆچی نابی بەئەندامی پارتی؟

لەوەڵامدا مام عەلی گوتویە: ئێوە چۆن نابن بەئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران؟ وەرن بین بەئەندامی حیزب پاش دوو رۆژ کارتت دەیدەمەوە!

برادەران دەیانگێڕاوە کەشەوێك لەلای باڵەکەوە بۆ لای بیتوێن چوون، باران و تاریکەشەو بووە، مام عەلی پیر و هیلاك یەك دوو جار کەوتوە و هەستاوەتەوە، لەبەرخۆیەوە گوتویە: من کوپێك ئوغلینە باخ... ئون ئیکی ئیمامی براخب گیلب کورد ئولّمیشم. (تەماشای منی سەگباب کە ١٢ ئیمامم بەجێ هێشتووە هاتووم بووم بەکورد).

مامۆستا هەژار لەنێزیك رادیۆی شۆڕشی کوردستانی عێراق مام عەلی بردبۆوە لای خۆی بێستانی کردبوو خزمەتی دەکردن و کێشکی دەکێشا.

ناردم مام عەلی هاتە خوارێ، تفەنگێکی بڕنۆی درێژ و دوو قەت فیشەکدان، لەپێش چاك و خۆشی دا گوتی: ئەمنت نەدیبا و رۆیشتبای عێراقم لێ حەرام دەکردی، هەستە با بچینە ماڵەکەی من تەماشاکە چ بێستانێکم کردووە.

مام عەلی دەستی هەڵنەگرت لەپشتی چۆمان بۆ لای مەمی خەلان هەڵکشاین، شۆربا و باینجانێکی خۆشی لێنابوو، ئارەقیشی لەکن دانابوو، کابرایەکی ئاسۆری خەڵکی ورمێی لەکن دەژیا، مام برایمی خەڵکی مەمی خەلانیش لەوێ بوو، دانیشتین نان و چایەکمان خوارد و پاشان خوداحافیزیم لەمام عەلی کرد و گەڕامەوە.

با باسی مام عەلی بەچەند دێڕێکی دیکە تەواو بکەم پاش ١١ ئازار مامۆستا هەژار هاتبووە بەغدا و مام عەلی بەتەنیا مابۆوە، وەزعی ژیانی ناخۆش بوو، برادەران پێشنیاریان کرد با مام عەلی بێنینە بەغدا و لەگەڵ ئێمە لەخانوی حیزب بژی. پێشنیارێکی باش بوو مام عەلیمان هێنا بەغدا .ئارەقی بۆ مامۆستا هێمن دەکڕی

و دروێ بۆ ئێمە دەکردن و لە حەساریێ سەوزی خانەیەکی ساز کردبوو . دەیگوت ٤٠ ساڵە عەرەبی دەزانم کەس نەیدەویرا بڵێ ئیستاش نایزانی .

رۆژێک هاوڕێ غەسان (عیسمەت جاوید) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان لەبەغدا بوو، لەگەڵ خێزانی شەوێک بانگێشتنمان کرد، مام عەلی هات دانیشت و دەستی کرد بەخواردنەوە، پاشان لەگەڵ هاوڕێ عیسمەت بەتورکی دەستی پێ کرد، زوو تێی گەیشت ئەویش هەر وەک ئێمە بەڵێی بۆ دەگوت و سەری بۆ دەلەقاند، شەو درەنگ میوان گەڕاوە بۆ هوتێل مام عەلی گوتی:

– کاک کەریم کارێکی باشتان کرد منو هێنا ئێرە.

– چ بکەین مام عەلی، تۆ بەتەنیا لەو کەڕ و کێوە نەدەحاوایەوە.

– نا... لەبەر ئەوە نییە لێرە بۆیە ئەو کۆمۆنیست و میوانی بێگانە دێن، ئەوانە هیچ نازانن، تۆزێک لەمەسەلەی کورد حاڵیان دەکەم!!

پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران مام عەلیش گەڕاوە بۆ کوردستانی ئێران و لەناوچەی سەردەشت لەگەڵ پێشمەرگە بوو، ساڵی ١٩٨٢ لەگوندی مەزناوێ لەناوچەی ئالان پاش نەخۆشیەکی درێژخایەن کۆچی دوایی کرد، ڕەوانی شاد.

چوونەوە بۆ حاجی عومەران

چاردەی گەلاوێژی ١٩٧١ بەگوێرەی قەرار و مەدارێکی لەگەڵ ئیدریس کرابوو دەبوایە بچمەوە حاجی عومەران، لەحاجی عومەران پێنج ڕۆژ مامەوە ئیدریس دیار نەبوو، هاتمە ناو پردان بەدکتۆر مەحمود عوسمانم گوت: من لەبەر قسەی ئێوە هاتوومەوە چەند ڕۆژە لێرە مەحتەلم، دکتۆر مەحمود گوتی: مەسەلەی

پێوەندی دەگەڵ ئێوە بەکاك ئیدریس ئەسپێراوە، من هیچ نازانم، ئاخری ئێوارەیەك لەگەڵ مامۆستا هەژار چووینە مالّی مەلا مستەفا و ئیدریسم چاو پێ کەوت، زۆر بەلالوتی بەخێرهاتنی کردم و گوتی: بەخوا پێم باش نییە تۆ لێرە بمێنێ با قاسملۆ بێ، کارمان پێ هەیە و لەگەڵ ئەو هەموو مەسەلەیەك دەبڕێنینەوە.

گوتم: کاك ئیدریس من لەسەر قەولی ئێوە هاتووم‌ەوە، بێجگە لەوە هەر مەسەلەیەك بێ من نوێنەری دەفتەری سیاسیم و دەتوانم لەگەڵتان باس بکەم.

ئیدریس گوتی: مەسەلە ئەوە نییە، هەر پێویستە قاسملۆ ببینین.

ئیتر لەسەری نەڕۆیشتم بێ ئەوەی خواحافیزی لێ بکەم گەڕامەوە بۆ مالّی هەژار و بەیانی بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لەسەر سەفەری من و هەڵوێستی ئیدریس و چوونی دکتۆر قاسملۆ بۆ حاجی عومەران کۆبۆوە، بەگشتی هەڵوێستی ئیدریس مەحکوم کرا، من و دکتۆر قاسملۆ دژی ئەوە بووین کە دکتۆر بچێتە حاجی عومەران، دکتۆر قاسملۆ دەیگوت: لەلایەك هاتنە خواری پۆتێژی حیزبە تا ئیدریس گوتی، سکرتێری حیزب بڕوا بۆ حاجی عومەران، لەلایەکی تر ئەمە شێوەی پێوەندی حیزب نییە، نوێنەری ئێمە چووە قسەی کردووە ئێستا سکرتێر بۆچی بچێ.

زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دکتۆر سەفەر بکا، زۆر بەسەر سەنگی دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ مەلا رەسووی پێشنەماز چوو بۆ حاجی عومەران، کاتێك پاش چەند رۆژ گەڕایەوە، زۆر ناڕەحەت و ناڕازی بوو، ئیدریس بارزانی پێی گوتبوو: ئێمە خەبەرمان هەیە کەکەریمی حسامی پیاوی ساواکی ئێرانە، بۆیە نەمانتوانیوە قسەی لەگەڵ بکەین.

دکتۆر قاسملۆ زۆر بەتوندی لەوەڵامدا گوتبووی ئەم قسەیە بۆ ئێوە زۆر عەیبە، پاشان ئیدریس گوتبوی وەزعی ماڵییەمان زۆر خراپە تەنانەت بۆ خەرجی مەقەڕ پەنیرمان فرۆشتوە !

ئیتر مەسەلەی پەنیر فرۆشتن لەنێو ئێمەدا ببوە (نوکتە و ضرب المثل).

بۆرۆی سیاسی لەبەغدا ئەو مەسەلەی لەگەڵ سەیدا سالح یوسفی باس کرد و داوای لێ کرد کەئیعتیراز و رەخنەی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەم هەڵوێستە بەمەکتەبی سیاسی پارتی رابگەیەنێ.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لەکۆبوونەوەی ١٩٧١/٨/٦ گەیشتە ئەو بڕوایە کەلەسەر چۆنیەتی پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نامەیەك بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بۆ سەرۆك بارزانی بنووسێ و بۆچوون و هەڵوێست و پێشنیاری حیزبی دیموکرات سەبارەت بەهاوکاری و پێوەندی رووبکاتەوە، لەسەر ئەو بڕیارە کۆمیتەی ناوەندی ئەم نامەیەی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نووسی.

دەقی نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

نوسخە بۆ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات

نوسخە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

برایانی بەڕێز پاش سڵاوێکی گەرمی برایانە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتە سەر ئەو باوەڕە کەیادداشتێکیان پێشکێش بکا و نەزەری خۆی لەسەر

پێوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بخاتە بەرچاو.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦ کەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ساڵێك لەپاش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهات هەتا ئێستا حیزبەکانی ئێمە پێکەوە پێوەندیان هەر هەبووە، پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەکوردستانی ئێران هەتا چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ چەشنە پێوەندییەك لەناو حیزبەکانی ئێمەدا دامەزراوە، هەرچەندە ئەم پێوەندییە نارێك و پێك بووە بەڵام بۆتە هۆی ئەوە کەدۆستایەتی و برایەتی لەناو حیزبەکانماندا بەهێزتر بکا.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەپێوەندی لەناو حیزبی ئێمە و پارتیدا لەپاش تەممووزی ١٩٥٨ زۆر باش شارەزایە، ئەم پێوەندییە لەو دەمەوە هەتا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کەپەیمانە مێژوویییەکە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حکومەتی عێراق پێکهات، هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و بەسەر زۆر قۆناخاندا تێپەڕیوە، راستی ئەوەیە کەئەمە پێوەندی ناو دوو حیزب نەبووە، یانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق حیزبی ئێمەی وەك حیزبێك تەماشا نەکردووە، دیارە ئێمە بەنۆرەی خۆمان دان بەوە دادەنێین کەزۆرجار لەلایەن هێندێ لەئەندامانی ئێمە بەتایبەتی ئەحمەد تۆفیقەوە بەرامبەر بەپارتی ئاکاری نالەباری رووی داوە، لەبەر شارەزایی ئێوە بەسەر هەموو کارەساتە گرنگەکانی ئەو سەردەمە نامانەوێ باسیان بکەین و ناشمانەوێ گیروگرفتەکانی کۆنی رابردوو زیندوو بکەینەوە.

پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ حیزبی ئێمە هەوڵێکی زۆری دا ریزەکانی خۆی چەسپاو تر بکا و هەموو ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب کەپەرش و بڵاو ببوون لەرێکخراوێکی

یەکگر و یەکپارچە دا کۆ بکاتەوە، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە تا حوزەیرانی ١٩٧١ کەکۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێك هات، ئێمە هەموو هێزی خۆمان لەپێناوی ئەم مەبەستە دانابوو، ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سالێك زیاترە بەڕێکوپێکی دەردەچێ و سیاسەتی حیزب بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران ڕوونەکاتەوە، تێکۆشانی ئەندامانی دڵسۆزی حیزب بێ کەڵك نەبوو، بوو بەهۆی بووژاندنەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنفرانسی سێیەم نەتیجەی ئەم تێکۆشانە بوو، لەم کۆنفرانسەدا بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزب پەسند کرا، کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا و هەموو دەستە و ڕێکخراوەکانی پێشوو کەبەر لەمە جیاجیا خەریکی تێکۆشانی سیاسی بوون لەژێر ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا کۆبوونەوە، پاش ماوەیەکی درێژ کەچەند ساڵی خایاند حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەم لەریزی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا و هەم لەناو خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی شا جێگای خۆی گرتۆتەوە، هەموو هەوڵ و تەقەلای کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە ئەوەیە کەڕۆژ بەڕۆژ لەو ڕێگایەدا زیاتر هەنگاو هەڵێنێ.

پاش ١١ی ئازار کەحیزبی ئێمە خەریکی بووژانەوەی تێکۆشانی خۆی بوو، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی بەنێزیکترین دۆستی خۆی دەزانی و چاوەڕوانی یارمەتیەکی هەموو لایی لەلایەن پارتییەوە بوو، بەداخەوە چەند مانگێك پێ نەچوو، بۆ ئێمە دەرکەوت کەپارتی ئامادە نییە ئەو ئەرکە کەمێژوو خستوویەتە سەر شانی بەجێی بێنێ، دەرکەوت کەنەپچڕاندنی پێوەندی بەڕێوەبەری شۆڕشی کوردستانی عێراق دەگەڵ حکومەتی ئێران لەسەر ڕێگای بەهێزترکردنی دۆستایەتی و برایەتی لەناو هەردوو حیزبەکانماندا کۆسپێکی گەورەیە.

نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی ئێمە لەپێوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڵ سەرۆك بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەگەڵ کاك حەبیب محەمەد کەریم

سکرتێری پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی چەند جار ئەم گیروگرفتانەیان باس کردووە، نەزەری ئێوە ئەوە بووە و ئێستاش هەر ئەوەیە کەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق خۆی مەسڵەحەتی خۆی باشتر دەزانێ و وادیارە نەپچڕاندنی پێوەندی دەگەڵ حکومەتی ئێران لەم پلەیەدا بەقازانجی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق دەزانێ، ئەگەر بەڕێوەبەری شۆڕشی کوردستانی عێراق پێوەندی خۆی دەگەڵ حکومەتی ئێران دەپارێزێ یا ناپارێزێ، کەیفی خۆیەتی، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بەنەزەری ئێمە ئەم پێوەندییە نابێ بەزیانی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران تەواو ببێ، ئێمە لەو بڕوایە داین کەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نابێ بچێتە ژێر باری هیچ شەرتێکی حکومەتی ئێران کەمەبەستی زەربە وەشاندن لەجوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و لێدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێ، پێمان وایە ئەوە ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە و ڕێبازی ستراتیژی پارتی دەبێ لەسەر ئەم بناخە داندرا بێ، ئەوەی بۆ دواڕۆژی جوڵانەوەی گەلی کورد گرنگە، یەکێتی و دۆستایەتی حیزبەکانی ئێمەیە، ڕێکخستن و هاوەنگ کردنی خەباتی ئێمە لەهەموو پارچەکانی کوردستانە، گیروگرفتەکانی تر دەبێ تابیعی ئەم ڕێبازە ستراتیژییە بن، ئێمەش بەنۆرەی خۆمان هەرچەند لەدامەزراندنی پێوەندی دەگەڵ هەموو هێزێکی سیاسی بەمەسڵەحەتی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا دەجوڵێینەوە و سەربەخۆ ئەم چەشنە پێوەندییە دادەمەزرێنین، بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆمان دەزانین کەهیچ کارێکی وا نەکەین کەبەزیانی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق تەواو بێ و نەچینە ژێر باری هیچ شەرتێك کەمەبەستی زەربە وەشاندن لەجوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق و لێدانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بێ، دەتوانین بەسەربەرزییەوە بڵێین کەهەتا ئێستاش سیاسەتی ئێمە هەر وابوە، هەرچەند بۆ پاراستنی ئەم سیاسەتە ناچاربووین واز لەهێندێ قازانجی گرنگی ئانیش بێنین، ئەگەر ئەو سیاسەتە ئوسولیە لەلایەن

هەردوو لاوە پەسند کرا، کەئێمە پێمان وایە پێویستە پەسند بکرێ: ئەو دەم هێندێ کردەوەی بەڕێوەبەرانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و بەڕێوەبەرانی پارتی جێگای داخە.

بۆ ئەوەی بەخۆڕایی قسەمان نەکردبێ، چەند نموونەتان دەخەینە بەرچاو.

١- لەکۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا، دەگەڵ ئەوە کەبەڕەسمی لەحیزبی ئێمە بانگ هێشتن کرا بوو، رێگا نەدرا نوێنەری حیزبی ئێمە وتاری کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش بکا، لەراستی دا نوێنەری ئێمە تەنیا نوێنەرێك بوو کەرێگای نەدرا وتاری خۆی بخوێنێتەوە، لەکاتێك دا کەلەپاش خەباتێکی دوور و درێژی گەلەکەمان لەبەشێکی کوردستانی رزگارکراو دا کۆنگرەی حیزبێکی کوردستانی دەگیرێ رێگا نادرێ نوێنەری حیزبێکی کوردستانی تر کەبۆ ئەم کۆنگرەیە بانگ کراوە، وتاری خۆی بخوێنێتەوە، ئایا ئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە؟

٢- لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە هەتا ئێستا زۆرجار داوای یارمەتی سیاسیمان لەپارتی کردووە بەداخەوە لەم بارەوە یارمەتی پێویست بەئێمە نەکراوە.

الف- هەتا ئێستا رێگا نەدراوە هیچ بەیاننامە و یا نووسراوێکی ئێمە لەسەر کوردستانی ئێران لە (التأخی) بڵاو بکرێتەوە، زۆر سەیرە کەنوێنەرانی پارتی خۆیان بەڕەسمی دژی سیاسەتی حکومەتی ئێران لەجزیرەکانی خەلیج قسە دەکەن و لە (التأخی)دا قسەی زۆر رێکخراو و حیزبی سیاسی تریش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەیانی حیزبی ئێمە لەم بارەوە وەك جارانی تر خرایە پشت گوێ، هەرچەند بەتایبەتی ئەم بەیانەمان بۆ (التأخی) ناردبوو.

ب- کاربەدەستانی پارتی نەلەنووسراوەکانی خۆیان و نەلەهیچ جێگایەکی تر کەبەڕەسمی قسە دەکەن باسی گەلی کورد لەئێران ناکەن، هەر وابزانە لەئێران کورد نییە و یا هەیە و مافی نەخوراوە.

٣- هەتا ئێستا زۆرجار ئەندامانی حیزبی ئێمە لەلایەن کار بەدەستانی شۆڕشەوە گیراون و جەپس کراون، بەتایبەتی لەناوچەی قەڵادزە کاربەدەستانی شۆڕش بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن بیانوو بەئەندامانی حیزبی ئێمە بگرن و لەبەندیخانەیان بکەن و یا لەم ناوچەیە وەدەریان نێن، ئایا قازانجی جولانەوەی گەلی کورد لەوەدایە کەئەندامانی حیزبی ئێمە نەتوانن لەناوچەی قەڵادزە بژین؟ هەتا ئێستا هێندێ لەئەندامانی حیزبی ئێمە ناچار کراون کار و کاسبی خۆیان بەجێ بێڵێن و بۆ ناوچەیەکی تر بڕۆن.

٤- ئێمە پێمان وایە لەو گیروگرفتانە دا کەپێوەندی بەکوردستانی ئێرانەوە هەیە، پارتی پێویستە دەگەڵ حیزبی ئێمە هاوکاری بکا، بەداخەوە هەتا ئێستا هاوکاریەکی زۆر کەمان لەم بارەوە دیوە، ئێمە بەنۆرەی خۆمان لەپاش ١١ی ئازار هەموو وەختێك ئەوەی پێویستی سەرشانمان بووە بۆ ئەم هاوکاریە بەجێمان هێناوە، بەڵام وەختێك پێش ٣ مانگ مەسەلەی سەننار و هاودەستەکانمان دەگەڵ بەڕێوەبەرانی شۆڕش هێنایە گۆڕێ، بەئێمە گوترا کەئاگایان لەسەننار نییە، دەگەڵ ئەوە لەکوردستانی عێراق و تەنانەت لەبەغداش کەم کەس هەبوو نەزانێ سەننار و هاودەستانی لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە زیندانی کراون، ئێمە نەزەری خۆمان بەئاشکرا لەسەر کردەوەی چەوتی قادر تەگەرانی و سەننار و هی تر بەکار بەدەستانی شۆڕش راگەیاندوە، بەڵام بەداخەوە لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە ئەو هەستە هاوکاریە بەرچاو نەکەوت، دیارە ئێمە راست و ڕەوان بەکاربەدەستانی حکومەتی عێراقیشمان گوتووە کەکردەوەی ئەوتۆ بەراست نازانین و بەزیانی خەباتی گەلی کوردی لەئێران دادەنێین.

٥- ئێستا لەعێراق بەدەیان ڕێکخراوی عەرەبی و غەیرە عێراقی خەریکی تێکۆشانی سیاسین و گشتیان یارمەتی لەحیزبی بەعس وەردەگرن، هیچ کەس ناتوانێ ئینکار بکا دەگەڵ ئەوە کەئێمە لەماوەی چەند سالّی رابردوودا وەك حیزبێکی سیاسی کزتر بووین، لەم یەك سالّ و نیوەدا توانیومانە هێزی خۆمان

کۆبکەینەوە و ئێستا لەحزبەکانی کوردستانی تر (هی تورکیا و سوریا) ئەگەر بەهێزتر و بەنفوزتر نەبین، کزتر نین.

دیارە تێکۆشانی سیاسی پێویستی بەیارمەتی مالّی هەیە، بەتایبەتی کەئێمە ئێستا لەئیمکانمان دا نییە لەکوردستانی ئێران پارە کۆبکەین و هەڵوێستی پارتیش لەو مەسەلەیەدا زۆر باش نییە و کۆسپ دەخاتە سەر رێگامان، بۆ ئەوە چەند جار لەبەڕێوەبەرانی پارتی داوای یارمەتی مالّیمان کرد، تەنانەت بەشاهیدی هێندێ لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەبەرئەوە کەخەریکی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی نیشتمانی سەربەخۆی خۆمان بووین، لەلای تریشەوە یارمەتیان لێ بڕین، بەڵام بەڕێوەبەرانی پارتیش یارمەتی حیزبی ئێمەیان نەدا، ئەو پارەیەش.... کەکۆمیتەی ناوەندی پارتی قەرارى لەسەر دابوو کەمانگانە بەئێمە بدرێ، تەنیا جارێك بەدەستمان گەیشت، بۆ جاری دوەم دوو برادەری مەسئولی ئێمە ناچار کران بچنە حاجی عومەران، بەڵام دیسان پارەکەیان دەست نەکەوت، لەراستی دا کەرامەتی برادەرانی ئێمە خرایە ژێر پێ و زیاتر لەوەش ئەم کەرامەتە رێگای نەدا داوای یارمەتی مالّی لەپارتی بکەین.

٦- هەموو ئەو کارەساتە بۆ ئێمە دەرسێکی بەنرخ بوو، پاش سالّ و نیوێك ئەو راستییە تالّەمان بۆ دەرکەوت کەبۆ بەڕێوەبەرانی پارتی بەهێز بوون و نەبوونی جولّانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران، چەسپاوتر بوون و نەبوونی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەیکی گرنگ نییە، ئەو هیوایە کەپارتی لەهەموو کەس بەئێمە نێزیکترە، بەرەبەرە خەریکە جێگای خۆی بۆ ئەم فیکرە دەدا کەپارتی پێی خۆش نییە خۆی لەئێمە نیزیك بخاتەوە.

ئەو راستییە تالّە بوو بەهۆی ئەوە کەکۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی تر مەسەلەی پێوەندی خۆی دەگەڵ پارتی لەدواڕۆژدا لێك بداتەوە و هاتە سەر ئەو باوەڕە کەهەموو ئەم گیروگرفتانە بەئاشکرا و برایانە بەرچاوی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بخا.

ئێمە لەو بڕوایەداین کەدەگەڵ هەموو ئەو هەڵوێستە کەبەڕێوەبەری پارتی دەگەڵ ئێمەی هەبووە ئیمکانی ئەوە هەیە لەدواڕۆژدا پێوەندی لەناو هەردوو حیزبەکانماندا بەقازانجی هەردوولا چار بکرێ.

ئێمە لێرەدا پێشنیارەکانی خۆمان لەم بابەتەوە دەخەینە بەرچاوی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، پێشنیارەکانی ئێمە ئەوانەن:

١- پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق حیزبی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك حیزبێکی برا تەماشا بکا، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئەو گیروگرفتانە کەپێوەندیان بەکوردستانی ئێرانەوە هەیە دەگەڵ ئێمە هاوکاری و مەشورەت بکا، هەروەها ئێمە بەپێویست دەزانین کەلەسەر ئەو گیروگرفتانەی کەپێوەندیان بەکوردستانی عێراقەوە هەیە دەگەڵ ئێوە هاوکاری و مەشوەرەت بکەین، هەر لەوکاتەش دا پارتی کەبەخۆی حەق دەدا دەگەڵ زۆر حیزب و هێزی سیاسی پێوەندی هەبێ، دەبێ ئەو حەقەش بەئێمە بدا کەبۆ قازانجی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران دەگەڵ ئەو حیزب و هێزە سیاسیانە کەبەمەسڵەحەت دەزانێ پێوەندی دایر بکەین و ئەوە بەگوناهێکی گەورە نەدرێتە قەڵەم، بەتایبەتی کەحیزبی ئێمە دەگەڵ هیچ حیزبێکی سیاسی کەدوژمنی پارتی بێ پێوەندی نەبووە.

٢- لەهەلومەرجی ئەوڕۆدا پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بێجگە لەوە ناوچەیەکی زۆری کوردستانی عێراقی بەدەستەوە و بەراستی لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە، پێنج وەزیری هەیە، موحافیزەکانی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن پارتیەوە دیاری کراون و لەدەزگای دەوڵەتیشدا بەتایبەتی لەکوردستانی عێراق نفوزێکی زۆری هەیە، پشتیوانی پارتی لەحیزبی ئێمە دەتوانێ لەسەر تێکۆشانی ئێمە تەئسیرێکی زۆرباشی هەبێ، ئەم پشتیوانی و یارمەتییە دوو باری هەیە:

الف- یارمەتی سیاسی.

ب- یارمەتی مالّی.

یارمەتی سیاسی پارتی بۆ ئێمە بریتییە لەپشتیوانی لەسیاسەتی ئازادیخوازی ئێمە، دیفاع لەمافی گەلی کورد کەلەکوردستانی ئێران (سەرنجی ئێوە بۆ سەر ئەم کارەساتە رادەکێشین کەپارتی پاش ١١ی ئازار بۆ یەکەم جار لەسەر داگیرکردنی ٣ جزیرەی خەلیج وەدەنگ هات و دژی رژێمی شا قسەی کرد کەئێمە ئەمە بەهەنگاوێکی راست دەزانین، بەلاّم بەداخەوە هەتا ئێستا لەسەر کوشت و کوشتاری رۆلّە بەشەرەفەکانی گەلی کورد لەئێران وەدەنگ نەهاتووە)، حەق ئەوەیە پارتی یارمەتیمان بدا بۆ ئەوە بتوانین تێکۆشانی سیاسی خۆمان بەرینتر بکەین و رێکخراوەکانمان لەسەرتاسەری کوردستانی ئێران ببوژێنینەوە.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کەنێزیکەی سالّ و نیوێکە جولاّنەوەی دیموکراتی گەلانی ئێران پێی ناوەتە پلەیەکی بەرزتر و رژێمی شا رۆژ بەرۆژ کزتر دەبێ و ئیمکانی رووخانی زیاتر دەبێ، ئێمە لەو بڕوایەداین کەحیزبی ئێمە وەك هێزی بەڕێوەبەری گەلی کورد لەکوردستانی ئێران، هەرچی زیاتر لەو خەباتەدا بەشدار بێ، لەپاش روخانی رژێمی شا ئەوەندە زیاتر دەتوانێ مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دابین بکا.

بەپێچەوانەوە ئەگەر حیزبی ئێمە دەست لەسەر دەست دابنێ و چاوەڕوانی روخاندنی رژێم لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری ئێران بێ، لەپاشان بێجگە لەپێڕەوی لەئەمری واقیع رێگایەکی تری بۆ نامێنێ.

لەوەزع و حالّی ئێستای ئێرانیشدا، کەهەستی شۆڤێنیستی تەنانەت لەلای هێزە نیشتمانیەکانیش بەهێزە، ئەم ئەمری واقیعە مانای ئەوە دەبێ کەگەلی کورد لەکوردستانی ئێران هیچ مافێکی نەتەوایەتی دەستنەکەوی، تاقی کردنەوەی کوردی تورکیا پاش هاتنە سەر کاری عەبدولکەریم قاسم دوپاتە بکرێتەوە، ئێمە

بەئەرکی نیشتمانی خۆمانی دەزانین لەئێستاوە لەفیکری چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە دا بین و لەتاقی کردنەوەی نەتەوەکەمان لەپارچەکانی تری کوردستان دەرس وەربگرین، دیارە ئێمە کەلەبارەوە داوای یارمەتی لەپارتی دەکەین هەر لەوکاتەشدا وەزعی پارتی و سیاسەتی پارتی دەخەینە بەرچاو، تێکۆشانمان ئەوەندە بەنهێنی دەبێ کەزیانی بۆ پارتی نەبێ، ئێمە لەو بڕوایە داین کەپارتی دەتوانێ زۆرباش لەم بارەوە یارمەتیمان بدا، داوامان ئەوەیە ئەگەر پارتی نایەوێ یارمەتیمان بدا، هەر نەبێ پێشگیری لەکار و تێکۆشانی حیزبی ئێمە نەکا.

پێشنیار دەکەین پارتی یارمەتی مالّیمان بدا، پێمان وایە کەلەوەزع و حالّی ئێستادا پارتی ئیمکانی ئەو یارمەتیەی هەیە، دیارە ئەو یارمەتیە پێویستە بەرێك و پێکی بەحیزبی ئێمە بکرێ و حەق نییە تاقی کردنەوە دووپاتە بکرێتەوە.

ئەوانە پێشنیاری ئێمەن و پێمان وایە هیچ پێشنیارێکی وامان نەکردوە کەدژی قازانجی پارتی یا جولّانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق دابێ وەیا پەسند کردنی لەتوانای پارتی دا نەبێ و لەبەر ئەوە پێمان وایە پارتی دەتوانێ ئەو پێشنیارانە پەسند بکا.

برایانی بەڕێز

بەپێویستمان زانی ئەم گیروگرفتانە بەنوسین بخەینە بەرچاوتان، ئێمە خۆمان بەرامبەر بەپێنج میلیۆن کوردی ئێران بەمەسئول دەزانین و هەروەها بەرامبەر بەهەموو جولّانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان هەست بەمەسئولیەتێکی ئەخلاقی دەکەین، پێمان وایە ئەم مەسئولیەتە، مەسئولیەتێکی مێژوویە و ناتوانین هەروا وازی لێ بێنین، ئەگەر ناچار بووین ئەم یادداشتە بخەینە بەرچاوتان تەنیا هۆی ئەوەیە کەهەست بەم مەسئولیەتە گەورەیە دەکەین کەقازانجی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران دەگۆڕێ دابێ، ئێمە

وەك تاقە حیزبی پێشڕەوی گەلەكەمان لەكوردستانی ئێران ناتوانین دەست لەسەر دەست دابنێین و تەنیا تەماشای وەزعەكە بكەین، ئێمە هیوامان وایە كەبەڕێوەبەرایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان زۆرباش لەهەڵوێستی ئێمە بگا و دڵنیابێ كەتەنیا هەستێك كەئێمە تا ئێستا بەرامبەر بەپارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق هەمان بوە و هەمانە، هەر هەستی دۆستایەتی و برایەتییە.

كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەیە، دیارە ئێمە هەموو وەختێك ئامادەبووین و ئێستاش ئامادەین لەسەر هەموو ئەو گیروگرفتانە كەپێوەندی بەهەردوو لاوە هەیە دەگەڵ ئێوە وتوێژ بكەین.

ئیتر داوای سەركەوتنتان بۆ دەكەین

كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران

رادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران

لەو سەروبەندەدا حكومەتی عێراق جەماعەتێكی زۆری لەئێرانیەكانی دژی رژێمی شا لەعێراق كۆكردبۆوە، یەك لەو جەماعەتانە (ژەنراڵ پەناهیان) بوو، كەكاتی خۆی لەئازربایجانی ئێرانەوە چوبوە باكۆ و لەوێوە هاتبوە بەغدا، حكومەتی عێراق دەزگا و دەبدەبەیەكی بۆ ساز كردبوو، چەند ماشێن و كۆشك و پارێزگار و پارەی خستبوە بەردەستی و پێی وابوو كەرژێمی شای بۆ دەڕووخێنێ، (مرادی رەزم ئاوەری)ش وەك راوێژكارو بەردەست هەڵدەسوڕا و خەبەری بۆ كۆدەكردەوە.

برادەرێكی دڵسۆزی كوردستانی عێراق كەلەگەڵ ئێمە نێوانی زۆر خۆش و دۆستێكی بەڕاستی بوو، رۆژێك گوتی: كاكە ئێوە پێویستە زەلامێكی بەقەوارە و كەلە زل پەیدا بكەن و بیهێنن بڵێن ئەوە ژەنەڕاڵی ئەرتەشی ئێران بوە و لەگەڵ

ئێمەیە، بەو شەرتەی نەناسرابێ، بەعس دەزگا و دەبدەبەتان بۆ ساز دەکا و پارە و ماشێن و خانووتان دەداتێ و لەو فەقیریە رزگارتان دەبێ، دەنا لێرە و لەم حکومەتەدا کاری حیزبایەتی و تێکۆشانی ئوسولّی نرخی بۆ دانانرێ.

حکومەتی عێراق بڕیاری دابوو بەرنامەیەکی رادیۆیی بۆ هێزەکانی ئێرانی دژی رژێمی شا بکاتەوە، دیارە پەناهیان و دار و دەستەکەی پێ ڕادەگەیشتن، ژەنەڕاڵ پەناهیان داوای لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد کەلەبەڕێوەچوونی رادیۆدا بەشداری بکات، بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکرات لەکۆبوونەوەی ١٩٧١/٧/١٥ی خۆیدا بڕیاری دا بەو شەرتەی بتوانێ سیاسەتی حیزبی خۆمانی تێدا بڵاو بکاتەوە بەشداری بکات، هەر لەوکاتەشدا بەرنامەی رادیۆی بەم چەشنەی خوارەوە ئامادە کرد و پێشنیاری کرد بەڕێوەبچێ.

گەڵاڵەی پێشنیاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرنامەی رادیۆیی دەنگی شۆڕشگێڕانی ئێران:

ئەلف- بەرنامە.

١- بەرنامەی فێرکردن نابێ پتر لەیەک سێیەمی کاتی رادیۆ بگرێ.

- مێژوویی: ئەزموونی خەباتی گەلانی ئێران و جیهان، لێکۆڵینەوەی مێژووی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئێران.

- تیۆرێکی: ئاشناکردنی خەڵک لەگەڵ شێوە بیرکردنەوەی زانستی بەزمانی سادە، ڕوون کردنەوەی تیۆری شۆڕشگێڕی.

- فێرکردنی کاری نهێنی: خەبات لەگەڵ پۆلیس و نهێنی کاری، ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی و فێرکردنی خەباتی پارتیزانی، پەروەردەکردنی کادری شۆڕشگێڕ و هەڵسوڕانی تاکتیکی و ستراتیژی.

٢- بەرنامەی پڕۆپاگەندە و لەقاودان:

- بڵاوکردنەوەی دەنگو باسی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی و شەڕی ڕزگاریخوازی و خەباتی نێوخۆی وڵات.

- بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی نێو وڵات.

- ئامادەکردنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕووخانی ڕژێمی شا.

- بانگکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بۆ یەکێتی و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستی و دژی ڕژێمی ئێران.

- لەقاودانی دەربار و کۆنەپەرستی سەر بەئیمپریالیزم و سازمانی ئەمنیەت و نەخشی ڕژێمی شا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- لەقاودانی نەخش و کردەوەی ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنیست و هێزە کۆنەپەرستەکانی جیهان.

- بیرەوەری ڕۆژەکانی مێژوویی و یادی شەهیدان.

- دیفاع لەگیراوە سیاسیەکان و پشتیوانی لەخەباتگێڕانی وڵات.

- پڕۆپاگەندە بۆ تێکۆشان و خەباتی خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات.

- لێکدانەوەی نەخشی گەلان و ژێر ستەمی ئێران لەشۆڕشی ئێراندا.

- پڕۆپاگەندە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران.

- پڕۆپاگەندە بۆ یەکێتی گەلانی ئێران لەچوارچێوەی سیاسی وڵاتدا.

- مەحکومکردنی شۆڤێنیزمی مەزنی خواز.

- خۆپاراستن لەهاندانی ناسیۆنالیزمی مەحەللی.

- لەبەرچاوگرتنی خسوسیاتی مەحەللی و میللی لەبەرنامەکانی فێرکردندا.

٣- ئـەو دوو رێکخـراوە لەهـەموو کاروبـاری بـەرێوەبردنی رادیـۆدا پێکـەوە راوێـژ دەکەن و بڕیاری هاوبەش دەدەن.

کاك حەمەدەمینی سیراجی بەنوێنەری حیزب و بەرپرسی بەرنامـەی کـوردی رادیـۆ دیاری کرا، بـەڵام ئـەو هاوکاریـە زۆری نەخایاند، چـونکە پـاش مەسـەلەی گرتنـی سەنناری مەمەدی لەلای شۆڕشەوە، ژەنەراڵ پەناهیان بەیاننامەیـەکی دژی پـارتی و سـەرۆك بـارزانی ئامـادە کـرد بـوو دەیویسـت لـەرادیۆدا بەفارسـی و کـوردی بخوێنرێتـەوە، بـۆرۆی سیاسـی حیـزب دژی وەسـتا و لەسـەر ئـەوە هاوکارییەکـە تێکچوو.

بەڵام مەسەلەی سەنناری مەمەدی:

لەبەرئەوەی لـەو سـەروبەندی دا لـەعێراق نـەبووم، راسـتەوخۆ ئاگـام لەمەسـەلەی سەنناری نەبوو، تەنیا قاو بـوو کەسـەنناری لەلایـەن شۆڕشـەوە گـیراوە و دراوەتـەوە بەئێران، لەیادداشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێرانیشدا بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی باسـی کـراوە، بـۆ روون بوونـەوە پـتر داوام لـەکاك حەمـەدەمینی سـیراجی کـرد، بـەو سـیفەتە کەیاریـدەدەری بەرپرسـی عـەلاقاتی دەرەوە بـوو، نـەختێ ئـەو باسـەم بـۆ روون کاتـەوە، کـاك حەمـەدەمین لەنامـەی ١٩٨٩/١/٦دا وەڵامی دامەوە و دەنووسێ:

لەبارەی مەسەلەکانی داوات کردوون:

یەکەم سەنناری، نازانم هیچ لەسوید خۆت تێگەیاندوە یان نا؟ خۆی ئەگەر بەراسـتی باسی بکا باشتر لەهەموو کەس سەرەتا و بناوانی ئـەو پرسـیارەت دەزانـێ، بـەڵام ئێستا کەحەوالّەی بیری منت کردوە، بەم چەشنەم لەبیرە: لەسـاڵی ١٩٧١ سـەنناری بەنێوی سەفەری ئەوروپا و بەمەبەستی پێوەندی لەگەڵ (حدکا) دەچێتە ئەڵمان یا ئیتاڵیـا و لـەوێ پێوەنـدی لەگـەڵ باڵیۆزخانـەی عێـراق دەگـرێ، خێـرا بەبەغـدای

رادەگەیەنن، دکتۆر ژەنەرالّ مەحمود پەناهیان مرادی نوێنەری بۆ دیتنی دەنێرێ و مراد لەگەلّ خۆی رەکێشی دەکا، پاش چەند جار داوای کەمەبەستی دیتنی رابەرانی (حدکا) و بەتایبەت ئەو بەرپرسانەیە کەدەیانناسێ، دەلّێن لێرە نین و پێیان نازانین و تۆ کەمەبەستت جموجۆلّی دژی شایە ئێمە هەر چەشنە یارمەتیەکت دەکەین، سەنناریش کەبرادەرانی حیزبی نابینێتەوەو داموەدەزگای (ژەنەرالّ) و فرکە فرکی ماشێنی مراد و گاردەکانی دەبینێ، بیر دەکاتەوە کەئەوانە هەمە کارەن و داوای یارمەتی پێویستی دەست پێکردنی جموجۆلّی چەکدارانەیان لێ دەکا، ئەوانیش پارە و چەکی دەدەنێ حەوت هەشت کەسیشی کوردی هەرکی وێنەی مەحمود گەنجۆ خەلیل و.... لەگەلّ دەخەن و دەیان بەنە رەواندز کەلەوێوە بەرەو سیدەکان و لەسیدەکانیشرا بەرەو مەلّبەندی کاریان بچن، کرێبارچی هەلّگری چەک و تەقەمەنی بێ پێوەنەد لەگەلّ پ.م نابێ و ئاگاداری پارتی دەکا و لەسەر رێگایان دادەنیشن و هەر کەلەشار دوور دەکەونەوە، دەسرێژیان لێ دەکەن، سەنnار بریندار دەبێ و باقی دەگیرێن و سەنnار بەمەرجی نەکوشتن دەدرێتەوە بەرژێمی شا، ئێمە تا بریندار و گیرانی ئاگادار نەبووین، ئەوکاتە ئاگادار بووین کەمەسەلەکە درکا و داوای یارمەتیان لێ کردین بۆ بەردانی، هەر ئەو دەمەش دەرکەوت کەچۆن مراد و پەناهیان چاویان بەستوە و پاشانیش کەدکتۆر چووە سەرێ ئاگادار بوو کەدراوەتەوە بەئێران و پەناهیانیش ئاگاداریەکی لەدژی پارتی و بارزانی هێنا رادیۆ کەوەرگێڕدرێتەوە و بەکوردیش بخوێندرێتەوە کەلەدژی راوەستاین و ئەم هەلّوێستە کاری هاوکاری رادیۆیی ئێمە و پەناهیانی پەکخست.

پاش هاتنی نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی رۆژی ١٩٨٩/٣/٤ چاوم بەسەنnار کەوت، باسی رووداوەکەم لێ پرسی گوتی لەپایزی ١٩٧١ چوومە لەندەن و لەگەلّ سەفارەتی عێراق تەماسم گرت، پاش چەند رۆژ گوتیان چەند کەس هاتوون بتبینن، کەچووم کابرایەك بەناوی عەلی رەزا و پەناهیان و مراد هاتبون، لەگەلّ

ئـەوان چـوومە بەغـدا، لەبەغـدا ویلایـەکیان دامـێ، داوام کـرد کەرێبـەرانی حیزبـی دیموکرات ببینم، قبوڵیان نەکرد، مەحمودی برای زیرۆ بەگ و عەلیخانی زیرۆ بـەگ وْ ٢٤ کەسـیان ئامۆشـی نیزامـی دەکـرد لـەنێزیک بەغـدا، رام ئەسـپارد کەئەحمـەد تۆفیق ببینم، ئەحمەد تۆفیقیان بۆ هێنام، پاشان بردیانمە کۆبوونەوەیـەک بـەناوی (جبهه متحدد مللل ایران).

پاشان لەگەڵ شەش کەس بەچـەکەوە چـووینە رەوانـدز، لەرەوانـدز بەحـەوت بـار چـەک و وەسـائیلەوە کەوتینـەرێ، بـەعس بەئێمـەی گوتبـوو کەلەگـەڵ بـارزانی قسەمان کردوە کەجەماعەتی ئێرانی دەچنەوە، ئـەویش موافقـەتی کـردووە، دیـار بوو راستیان نەکردبوو، جەماعەتی بارزانی پێیان زانیبوو رێیان گرتبوو، لەرەوانـدز وەدەرکەوتین تەقەیان لێ کردین، من بریندار بـووم، بەبرینـداری گرتیـانم و بردیـانم بـۆ چـیا، پاشـان بردیانمـە زینـدانی رایـەت، رۆژی دوایـی حەمـە عـەزیز و سـەعید مەسیفی هاتن، دوای چەند رۆژ بردیانم بۆ حـاجی ئۆمـەران، مەسـعود هـات لەگـەڵ یـەکی تـر پرسـیاریان کـرد، پاشـان بردیانمـە زینـدان و پـاش ١٧ رۆژ بردیـانم بـۆ سنوور– چوپداری و صیادیان بردیانم بۆ کرماشان.

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و سیاسیەکی تێکۆشەر و پێشـکەوتووخواز، لەبەغـدا دۆسـت و بـرادەر و دڵسـۆزمان بـوو، زۆرمـان هاتووچـۆ دەکـرد و زۆرجـار میوانی دەکردین، شەوی خۆش و کوردانەمان رادەبوارد.

مرادی رەزوار (مراد عەزیز) کەرۆژێک کرابـوو بەئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق و پاشـان بایـدابۆوە خزمـەت بـەعس و حکومـەتی عێراق، ئـەویش زۆر هاتووچـۆی ئـەو بـرادەرەی دەکـرد، مـراد لـەباس و خەبـەران دەگەڕا کەدەرخواردی بەعسیان بدا و خۆی پێ هەڵنێ و پتر لێیان نێزیـک بێتـەوە،

حکومەتی عێراقیش لەرێگای مرادەوە خەریکی پێوەندی بوو لەگەڵ ئێرانیەکان بەکورد و فارس و تورکەوە، حکومەتی عێراق ژەنەراڵ پەناهیانیشی هێنابووە عێراق و دەزگایەکی بۆ ساز کردبوو، مرادیشی کردبوە هاوکار و یا چاوەدێری کار و هەڵسووڕانی..

رۆژێك برادەری نیشتمانپەروەر تەلەفۆنی کرد کەبچمە لای، کەچووم گوتی: ئێوە ئاگاتان لەهیچ نییە، لەئێران (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) دامەزراوە و پێوەندی لەگەڵ بەعس هەیە، ئەوەتا مراد پرۆگرامی کۆمەڵ و یادداشتی کۆمەڵەی بۆ هێناوم کەبۆ بەعسیان ناردووە، تا بۆیان بکەم بەعەرەبی، لەبەرئەوەی دەستخەتە کوردییەکەی ئێرانی دەویستەوە، ئەوا بەخەتی خۆم بەکوردی و بەعەرەبیش نوسخەیەکم لێ هەڵگرتوون بۆ ئێوە، تا ئاگاداربن، مراد زۆر بەشیلگیری داوای دەکرد کەنابێ هیچ کەس بەوانە بزانێ.

بەسوپاسەوە لێم وەرگرت و هێنامەوە بۆ لای بۆرۆی سیاسی، دەقی نوسخە کوردی و عەرەبییەکە بەخەتی ئەو برادەرە لای من مانەوە کەوا بۆ مانەوە لەمێژوودا بڵاویان دەکەمەوە.

١٩٧١/٧/٥-٢٥٨٣/٤/١٤ (یادداشتی دەزگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)

بۆ بەڕێز قیادەکانی قومی و قطری حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی تێکۆشەر

پاش پێشکێش کردنی جوانترین و گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەمان سەرکەوتنتان لەپێناوی ئامانجی گەورەی نەتەوەی عەرەبی برادا بۆ وەرگرتنەوەی خاکی عەرەبی داگیرکراو لەچنگی صهیۆنیست و استعمار و رزگارکردنی هەموو ئەرزی عەرەب ئاوات و ئارەزوومانە.

هاوڕێیانی بەڕێز، ماوەیەك لەمەوپێش بەشانازییەوە دەعوەتی شفاهی برایانەی ئێوەمان پێگەیشت بۆ پێشکێش کردنی پڕۆگرام و پێڕەوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) لەگەڵ یادداشتێکی کۆمەڵەدا بۆ ئەوەی لەنیازی کۆمەڵەمان بگەن، ئەوا لەسەر داوا و خواستی خۆتان ژمارەیەك لەپڕۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵەمان پێشکێش کردن لەگەڵ ئەم داخوازیانەی خوارەوەدا:

١- هیوادارین دوای خوێندنەوە و دراسەکردنی تەواوی پڕۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵە زیاتر هەنگاو هەڵبگرن بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی لەنێوان هەردوولادا.

٢- موجودیتی کۆمەڵە بپارێزن وەك حیزبێکی نیشتمانی نەتەوەیی، چونکە مانەوەی کۆمەڵە بەنهێنی گەورەترین مەرجی بناغەیی و هاوکاری ئێمەیە لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، لەبەرئەوە کەخەباتی ئێمە خەباتێکی دوور و درێژ و دژوارە، هەروەك خۆتان ئەزانن هەر دەستەیەك هەست بەبزووتنەوەی کرا لەلایەن دەزگا جاسوسیەکانی شاوە ئێتر نامێنێ و بنەبڕ ئەکرێت و ماوەی ئیش کردنی نادرێت لەناو کوردستانی ئێران دا، هەروەك ئەو دەستە و جەماعەتانە کەئێستە بەناو حیزبن و بەناوەڕۆك هیچ، بەڵام ئێمە بەپێچەوانە هەموو کات ویستوومانە بەناوەڕۆك شت بین.

٣- ك.ر.ك لەگەڵ ئەوەدا کەهێشتا جگە لەنەتەوەکەی خۆی یارمەتی دەرێکی نەبوە و سەر لێشێواو و دەربەدەریش زۆرە بەتایبەت لەدەرەوەی کوردستانی ئێران دا، خۆی بەهیچ لایەکدا هەڵ نەواسیوە.

٤- هەموو کات کۆمەڵەمان ئامادەی هاوکاری و پەیوەندی بووە لەگەڵ هەر دەستە و حیزبێك دا کەهاوکاری بکات بۆ وەدەست هێنانی گەلی کورد لەمافە نەتەوایەتییەکانیدا وەکو لەپڕۆگرام دا دیاری کراوە.

٥- بەپێی ئەو بیروباوەڕی ئێمە و لێکدانەوەی پڕ لەتەجروبەمان لە ظروفی ئیمڕۆدا لەکوردستانی ئێران ئیمکان و ڕێگای هیچ جۆرە قیامەتێکی چەکدارانە

نییە، جولانەوەی چەکدارانە لەکوردستانی ئێراندا لەگەڵ شکست رووبەڕوو ئەبێت بەڵام بۆ حیزبێکی بە طاقەت و ئارام و لەسەرخۆ رێگای رێکخستن و تنظیمی حیزب هەیە و ئەبێت هەر لەو رووەوە کار بکرێت.

٦- کۆمەڵەمان پیرۆزبایی ئەکات لەبەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی کەحیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بڕیاری لەسەردا بەپێی ماددەی ٦ی پڕۆگرامی کۆمەڵە کەئەڵێ (کۆمەڵە پشتیوانی ئەکات لەهەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کەهەر بەشێك لەبەشەکانی گەلی کورد لەناو سنوری ئێستادا بەدەستی دەهێنێ).

٧- کۆمەڵەمان لەگەڵ هەموو جیهەتێکی سیاسی دا هاوکاری ئەکات بۆ رووخاندنی حکومەتی شای خائین و دەستکردنی ئیستعمار و هاوکاری سەهیۆنیست بۆ ئەوە بگاتە مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکان.

٨- لەکۆتاییدا داوای ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە:

ا- وەڵامان بدەنەوە تا چ رادەیەك ئامادەی هاوکارین.

ب- هەر لەو رێگایەوە پەیوەندیمان پێوە بگرن کەتا ئێستا گرتووتانە.

ج- هیوادارین وت و وێژمان بەردەوام بێت ئەگەر پێویست بوو.

لەگەڵ باشترین ڕێز و ئیحترامی زۆردا.

مۆری کۆمەڵە

دەزگای دامەزرێنەری (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)

پڕۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

بەناوی خوا

مادەی یەکەم

ناوی حیزب (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)ە

مادەی دووەم

ئەم کۆمەڵە پێکهاتووە لەو کەسانەی کەلەرەگەزی کوردن وەیا دانیشتووی کوردستانن و باوەڕیان بەپڕۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە هەیە.

مادەی سێیەم

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەڕی هەیە کەکورد یەك نەتەوەیە و لەنیشتمانێکی لێك نەپچڕاودا ئەژی کەکوردستانە وەك (ئیعتراف ناکا) بەم سنورانەی کەبێگانە داینـاوە.

مادەی چوارەم

کۆمەڵە خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لەکوردستان دا.

مادەی پێنجەم

خەباتی ئێمە خەباتێکی (نەتەوەیی گشتی و قەومی و جەماهیریە) شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بناغەی باوەڕی کوردایەتی وەبەرێگای دیموکراتیدا ئەڕوات.

مادەی شەشەم

کۆمەڵە بەهەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لەناو ڕێکخراوەیەکی سیاسی و (ناسیۆنالیستی) بۆ پێشڕەوی ئەو خەباتەی کەمادەی پێنج رای ئەگەیەنێ.

کۆمەڵە پشتیوانی ئەکا لەهەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کەهەر بەشێك لەبەشەکانی گەلی کورد لەناو سنووری ئێستادا بەدەستی دێنێ وەدەعوەتی ئەو حکومەتانە دەکا کەدەسەڵاتیان هەیە بەسەر کوردستان بۆ ئەوەی بەرێگایەکی هێمنی و ئاشتی خوازانە دان بێنێ بەو مافانەدا.

مادەی هەشتەم

ئەم کۆمەڵە لە زروف و شەرایتی ئەمڕۆی میللەتی کورددا بەگوێرەی ناوچەکان و دەستوری پڕۆگرام بۆ ئەم مەبەستانە تێ ئەکۆشێت.

١- زیندووکردنەوەی زمانی کوردی کەزمانی نەتەوەی گەلی کوردە لەکوردستاندا.

٢- دامەزراندنی فێرگە و قوتابخانەی کوردی.

٣- پەرەپێدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لەرێگای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و هەموو شوێنەوارێکی نوسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤- رێزگرتن و رواج پێدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لەجلوبەرگی کوردیەوە هەتا جەژن و بیرەوەری نەتەوایەتیەکان.

٥- بەشدار کردنی جوتیار لەئاو و زەوی پێویست و پاراستنیان لەهەر چەشنە زوڵم و زۆرێك لەگەڵ تۆڵەی عادیلانە بۆ خاوەن زەویەکانی پێشوو.

٦- بەشدارکردنی کرێکاران لەمافی قانونی و عادیلانەی کار لەگەڵ مافی پێکەوەنانی سەندیکا (نەقابە) و مافی شەریك بوون لەمەجلیسی بەڕێوەبەری کاردا.

٧- بەربەستکردنی زوڵم و زۆر لەناو هەموو چینەکانی گەلی کورددا و بەشدار کردنی هەر فەردێك لەمافە ئینسانیەکانی.

٨- لابردنی ئەو دووبەرەکی و براکوژیە کەداگیرکەرانی کوردستان خستویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەموو چینەکانی گەلی کورد وەبۆ بەربەرەکانی کردنی بیروڕای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بەهێزی برایەتی لەناو هەموو ئەفرادی میللەتی کورددا.

٩- تێکۆشان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەهۆی کارگە و کێشانی ڕێگا و پەرەپێدانی پیشەسازی و زیادکردنی دەرهاتی نەتەوایەتی (عوائدی ملی).

مادەی نۆهەم

کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابووری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیصادی بەهێز و پێشکەوتوانە بۆ کوردستان کەڵك وەردەگرێ لەتەجاروبی عیلمی و عەمەلی میللەتانی تازەپێگەیشتوو لەمبارەوە بەهەڵسەنگاندنیان لەگەڵ زروف و واقعیاتی کوردستاندا.

مادەی دەهەم

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ددان ئەنێت بەموجودیتی هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتییەکان کە لە کوردستاندا ئەژین بەمەرجێك باوەڕیان بەرزگاری کوردستان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە خەبات بکەن.

مادەی یازدەهەم

کۆمەڵە ددان ئەنێ بەمافی وەك یەکی ژن و پیاودا.

مادەی دوازدەهەم

ک.ر.ك ئامادەی برایەتی و هاوکارییە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کوردیانەدا کەهەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتین.

مادەی سێزدەهەم

کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێ لایەنییە و دۆستی ئەو هێزانەیە کەیارمەتی مەسەلەی کورد بدەن، هەروەها باوەڕێکی پتەویشی هەیە بەمنشوری نەتەوەیەکگرتوەکان و ئیعلامیەی جیهانی حقوقی نەشرو میثاقی کۆنگرەی باندۆنك و ئامادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانییە بۆ رزگاری و ئازادیان بەپێی توانا و چاوەڕوانی دۆستایەتی و یارمەتیە بۆ رزگاری و ئازادی گەلی کورد لەلایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.

مادەی چواردەهەم

ک.ر.ك باوەڕی هەیە کەکورد لقێکی سەربەخۆیە لەرەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتییە لەگەڵ لقەکانی تر.

مادەی پازدەهەم

کۆمەڵە ئایینی پاکی ئیسلام بەمەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسێ و رێز و ئیحترامی هەموو ئاینەکانی تر ئەگرێت کەدانیشتوانی کوردستان و باوەڕیان پێ هەیە.

دەسگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

سەفەر بۆ ئەوروپا

لەمانگی سپتامبری ۱۹۷۱ بۆرۆی سیاسی برپاریدا کەسەفەرێك بۆ لوبنان بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان و حیزبی سۆسیالیستی پێشکەوتووخوازی لوبنان (حیزبی کەمال جونبلات) پێوەندی بگرم و هەڵوێست و بارودۆخی حیزبی دیموکرات و ئێرانیان بۆ روون کەمەوە، لەتوێی ئەم سەفەرەدا، بچمەوە بولغارستان و سەرێکی مالّ و مندالّانیش بدەم.

بۆرۆی سیاسی نامەیەکی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان و حیزبی سۆسیالیستی پێشکەوتووخوازی لوبنان نووسی و هەروەها نامەیەکیشی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان نووسی و بەنوێنەری حیزبی دیموکراتی ناساندم.

لەلوبنان چوومە بارەگای حیزبی کۆمۆنیست و هاوڕێ عیصمەت جاوید (ابو غصان) هات لەگەڵم دانیشت و پاش باسی بارودۆخی کوردستان و خەباتی گەلی کورد بەگشتی و وەزعی کوردەکانی ئێران بەتایبەتی، بەڵێنی هەموو هاوکاری و یارمەتیەکی دا و هەر لەوێ تەلیفۆنی کرد بۆ بارەگای پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتوخوازی لوبنان و گوتی ئەوە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دێت، پاشان بەماشێنێکی خۆیان بردیانم بۆ بارەگای حزبی سۆسیالیستی پێشکەوتوخوازی لوبنان، بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزب دکتۆر محەمەد هات بەخێرهاتنی کردم و پاش باسی وەزعی کوردستان و خەباتی میللەتی کورد بەڵێنی پشتیوانی و هاوکاری دا، لەلوبنانەوە سەفەرەکەم بەرەو سۆفیا درێژە پێدا، لەسۆفیا لەگەڵ برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی بولغار پێوەندیم گرت و بەدرێژی لەسەر وەزعی خەباتی گەلی کورد لەگەڵیان دوام.

پاش یەک دوو رۆژ (جوانشیر) نوێنەری حیزبی تودەی ئێران هاتە لام و پاش بەخێرهاتنەوە پرسیاری وەزعی ولآت، گوتی (بەڕێوەبەری حیزبی تودە دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ، لام وایە دیتنیان زیانی نەبێ، دەتوانی سەفەرێك بۆ بەرلین بکەی).

گوتم من هیچ مانیعم نییە بۆ دیتنی برادەران، بەڵام یەکەم دەبێ لەپێشدا لەگەڵ بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکرات قسە بکەم و دووەم دەبێ ئەوان ویزا و بلیتی فڕۆکەم بۆ بنێرن، جوانشیر گوتی خەبەریان دەدەمێ و پاشان لەتۆش دەگێڕمەوە.

لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری حیزبی تودەم پێ راگەیاند، دکتۆر گوتی: (پێمان خەراپ نییە بیان بینی، بزانین دەڵێن چی).

بەجوانشیرم گوت بلیت و ویزام بۆ بنێرن، دەچمە ئەڵمان و دەیانبینم، پاش چەند رۆژ ویزای ئەڵمان و بلیتی فڕۆکەی بۆ هێنام و چوومە برلین، لەپێشدا چاوم بەئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە کەوت، پاش قسە و باسێکی زۆر ئیرەج گوتی: ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابنیشین و لەبارەی وەزعی ئێران و کوردستان و هاوکاری قسە بکەین، ئێمە بەرنامەی حیزبی دیموکراتمان خوێندۆتەوە و پێمان وایە بەرنامەیەکی دژی ئیمپریالیستی و پێشکەوتنخوازە.

بەدوای ئەودا کەیانووری هات، لەپێشدا هێندێ پرسیاری لەبارەی ئێران و جوڵانەوەی حیزبی دیموکرات کرد و پاشان دەستی پێکرد و گوتی:

ئێوە بەو کارە واتە بەپێکهێنانی کۆنفرانسی حیزب و تێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات دووبەرەکی دەخەنە نێوان هێزەکانی شۆڕشگێڕ و مارکسیستی ئێران، لەوڵاتێکدا دوو حیزبی مارکسیستی نابن و ئەوە دژی تیۆری لینینیە، ئێوە پێویستە بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەی ئێران، حیزبی چینی کرێکاری ئێران خەبات بکەم، ئێوە کەخۆتان بەمارکسیست دەزانن دەبێ حیزبی مارکسیست لینینیستی ئێران، واتە حیزبی تودە بەهێز بکەم، گوتم: ڕەفیق کەیانووری ئێستا مەسەلەی پێك هێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی دژی دیکتاتۆری و دژی ئیمپریالیستی لەگۆڕێ دایە و پێویستە بۆ هاوکاری و بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات کار بکەن، ئەوە خۆی دەبێتە بناخەیەك بۆ هاوکاری و لەوانەیە ڕێکخراوی دیکەی ئێرانیش بێنە نێو بەرە.

کەیانووری گوتی: بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرنامەی حیزبێکی مارکسیستییە، ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان حیزبی تودەی ئێران دەسەڵاتی

بێتە دەست، ناتوانێ بەرنامەی لەوە پێشکەوتووتر بۆ کوردستان دابڕێژێ، کەوابوو حیزبی دیموکرات پێویستە لەگەڵ حیزبی چینی کرێکاری ئێران یەک بگرێ، بەڵام ئەگەر حیزبی دیموکرات خۆی بەحیزبێکی بورژوازی کورد دابنێ، ئەودەم ئێمە بەرەی یەکگرتووی لەگەڵ پێك دێنین.

گوتم: لەم قسەی تۆ سەرم سوڕماوە، ئێوە چۆن لەگەڵ حیزبی بورژوازی کورد بەرە پێك دێنن، بەڵام لەگەڵ حیزبێك کەبەقسەی خۆت بەرنامەی مارکسیستی هەیە، بەرە پێك ناهێنن.

پاش باسێکی زۆر کەنەگەیشتینە یەك، کەیانووری گوتی: پێشنیار دەکەین کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێتە برلین و لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی تودەی ئێران لەسەر مەسەلەی کوردستان و ئێران وتوێژ بکا.

گوتم: ئەم پێشنیارە لەبۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکرات دا دێنمە گۆڕێ و پشتیوانیشی لێ دەکەم.

لەمانگی ئۆکتۆبەر گەڕامەوە بۆ عێراق، سەفەری خۆم لەبۆڕۆی سیاسی هێنا گۆڕێ و پێشنیاری حیزبی تودە باسکرا، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ مەلا عەولای حەیاکی دژی ئەوەی بوون کەلەگەڵ حیزبی تودە وتوێژ بکرێ، مامۆستا هێمن و کاك حەمەدەمینی سیراجی و من دژی بیروڕای ئەوان بووین، قاسملۆ هەستی پێ کرد ئەگەر دەنگ وەربگرین لەکەمایەتی دا دەبێ، زیرەکانە بایداوە و گوتی: جا ئەگەر وایە با پێشنیار بکەین ئەوان بێنە ئێرە، یا پێنج پاسپۆرتمان بدەنێ ئەو دەم دەستەی نوێنەرایەتی بۆ وتوێژ دەنێرین، چونکە ئەوان هەم دەتوانن بێنە ئێرە و هەم دەتوانن پاسپۆرتیشمان بدەنێ.

گوتم: هەرچەند ئەوە بیانویەکە بۆ ڕەدکردنەوەی پێشنیاری ئەوان بەڵام نامەیەکیان بۆ دەنووسین، دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بەخەتی خۆی بەفارسی

لەزمانی منەوە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی تودە نووسی و بۆمان بەڕێ کردن بەڵام بەڕێوەبەری حیزبی تودە تا ساڵی ١٩٧٤ جوابی نامەکەی نەدایەوە.

ئەوەش دەقی ئەو نامەیەیە کەدکتۆر قاسملۆ بەخەتی خۆی نووسیویەتی:

هیئت اجرائیه حزب توده ایران

رفقای گرامی:

سلامهای دوستانه مرا بثذیرید. پیشنهاد شمارا در بارهء اعزام یك هیئت نمایندگی از طرف کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان بمنطور ملاقات ومذاکره با هیئت نمایندگی حزب تودهء ئیران، در بوروی سیاسی حزب دمکرات مطرح کردم.

پش از بحث و تبادل نظر بوروی سیاسی در اصل یا مذکره با هیئت نمایندگی حزب تودهء ایران موافقت کرد، رفقای بوروی سیاسی حزب ما پیشنهاد میکنند که در شرایط کنونی بهتر است که از طرف هیئت اجرائیه حزب توده ایران یك هیئت نمایندگی برای این ملاقات به عراق اعزام گردد، ممکن است امدن چنین هیئتی به عراق از لحاظ دیگر هم مفید واقع شود، ولی در صورتیکه هیئت اجرائیه حزب توده ایران اعزام هیئتی را به عراق ممکن ویا صلاح نداند، کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان اماده است یك هیئت نمایندگی برای ملاقات با هیئت نمایندگی حزب تودهء ایران اعزام دارد، ولی با در نظر گرفتن برنامه کار کمیته مرکزی حزب ما این مسافرت تا سال ١٩٧٢ بتاء خیر میافتد، در ضمن رفقای بوروی سیاسی یادا ور شدند که برای چنین مسافرتی ضروری است هیئت اجرائیهء حزب تودهء ایران پنج عدد گذرنامه و ایرانی دست نخورده در اختیار ما بطذارد. در صورتیکه اصرار داشتید کههیئت نمایندگی حزب ما برا مذاکره به

ملاقات شما بیاید انوقت پس از دریافت گذرنامه بوروی سیاسی تاریخ قطعی مسارفت را باطلاع شما خواهد رسانید.

موفقیت شمارا خواستارم ۱۹۷۱/۱۰/۲۰

بەقەد زەرپێکی ون نابێ، وەفای چاکە هەر چاکە

لەبەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا، باسی ئەوەم کردبوو، کاتێک دەیانویست لەعێراق وەدەرم بنێن و هیچ پەنا و دەرەتانم نەمابوو، چوومە کن مامۆستا هادی چاوشلی کەئەو دەم مەعاونی وەزیری نێوخۆی عێراق بوو، فرە پیاوانە بەخێرهاتنی کردم، نەیدەناسیم، بانگی کرد چایان هێنا، ئەزیش سەرگزشتەی خۆم بۆ گێڕاوە، گوتم دەیانەوێ لەعێراق وەدەرم بنێن، هیچ شوێن و رێگاشم نییە، هاتووم، یارمەتییەکم بدەی، هەستم کرد زۆر گرژ و ناڕەحەت بوو، بانگی سکرتێرەکەی کرد گوتی: ئەو (فایلەی صالح تۆفیق لاجئی سیاسی ئێران) بێنە، زۆری پێ نەچوو هێنایان، گوتی: کەس نەیەتە ژوور، تۆزێ پەڕەکانی هەڵدایەوە و نەختێک راما و پاشان گوتی: کاکی خۆم، بەینی خۆمان بێ و لای کەس باسی مەکە، ئەمری وەزیری داخیلەیە و تۆ لەعێراق دەردەکەن، هیچ رێگای نییە بڕۆ فیکرێک بۆ خۆت بکەوە، پیاوەتییەکی گەورە بوو، فرە مەمنونی بووم.

هاوینی ۱۹۷۱ لەسەفەری ئەوروپا دەگەڕامەوە بۆ بەغدا، لەفڕۆکەخانەی سۆفیا موسافیر راوەستابوون، مەعموری گومرگ تەماشای پاسپۆرتانی دەکرد و جانتای دەپشکنین، مرۆڤێکی رەنگ پیاو لەپێش من راوەستابوو پشتی لەمن بوو. جانتایان پێ کردەوە شتێکی زۆری کڕی بوو، جانتای باخەڵیان پێ هێنا دەرێ، ٤٩ لێوەی پارەی بولغاری پێ بوو، پارەی بولغاریش بردنە دەری یاساخە، کابرای گومرگ هەڵیپێچا، ئەو پارەیەت بۆ پێیە، ئەو هەموو شتەت بەچی کڕیوە؟

وەرەقەی بانک کوانێ ئەگەر بەرەسمیت پارە گۆڕیوەتەوە؟

دیتم پیاوەکە تێکچوو، بەئینگلیزی شتێکی پێدەگوت، بەڵام کابرای بولغاری تێ نەدەگەیشت و هەر دەیپرست، چوومە پێش و تەماشام کرد، بەناسیارم هاتە بەرچاو، پرسیم: جەنابت کوردە؟ گەش بۆوە، گوتی: کوردم، ئەم پارەیەم پێ مابوو نەمدەزانی یاساخە بردنە دەری، لەڤارنا بووم و ئێستاش ئەو کابرایە پاسپۆرت و شتەکانی گل داوەتەوە.

گوتم: جەنابت مامۆستا هادی چاوشلی نی؟

– بەڵێ هەوم، من تۆ ناناسم.

– تۆ زۆرت پیاوەتی لەگەڵ من کردوە، باسەکەم بۆ گێڕاوە، گوتم خۆزیا دەمزانی هاتوویە سۆفیا، من مالّم لێرەیە و مالّی خۆتە من فرە مەمنونی تۆم.

گوتی: ئێستا لەگەڵ ئەم کابرایە چبکەین؟

– هیچ، من حاڵی دەکەم، بەکابرام گوت: ئەو پیاوە کەسێکی ناسراوی کوردە، نووسەرێکی ناسراوە کاتی عەبدولکەریم قاسم مەعاونی وەزیری داخیلە بوە، نەی زانیوە نابێ پارەی بولغاری پێ بمێنێ، من دەیناسم و پیاوی فرۆفێڵ نییە.

کابرا چوو مودیری گومرگی فرۆکەخانەی بانگ کرد، چەند جار سەفەرم کردبوو دیار بوو بەناسیاری دەزانیم، پێم گوت مەسەلە چییە، گوتی: با بچێ ئەم پارەیە لەو دوکانە خەرج بکا و شتی پێ بکرێ، پاسپۆرتەکەی وێداوە، مامۆستا هادی چاوشلی چوو هێندێ شتی کڕی، گوتی پیاوەتیت لەگەڵ کردم من ئەو شتەم نەدەزانی، تا بەغدا پێکەوە سواری فرۆکە بووین، لەفرۆکەخانەی بەغدا بۆ پێشوازی هاتبوون، یەقەی گرتم دەیگوت: دەبێ بچینە هەولێر، گوتم: ئێستا لەبەغدا دەژیم و لەگەڵ برادەران خەریکی کاری سیاسیم، زۆر ئیراری کرد کەلەهەولێر سەری بدەم، بەداخەوە نەمتوانی لەهەولێر بچمە مالّیان، بەڵام لەبەغدا چەند جار لەکۆڕی زانیاری و لەیەکێتی نووسەران چاوم پێ دەکەوت و چاك و چۆنیمان دەکرد.

قەستە سەر کردنی بارزانی

لەرۆژەکانی ئاخری مانگی سپتامبەری ۱۹۷۱دا، رژێمی عێراق بۆ کوشتنی مەلا مستەفای بارزانی پیلانێکی شەیتانانە و ناجوامێرانەی داناوە.

چەند مەلایان ساز کردبوون کەبچنە سەردانی مەلا مستەفا، بەڵام هەر لەو کاتەشدا، عەبا و جل و کورتانی مەلاکانیان پڕ کردبوو لەجۆرە مادەیەکی تەقێنەر کەبتوانێ مرۆڤ بکوژێ، مەلای ناموبارەک دەچنە حاجی ئۆمەران و میوانی مەلا مستەفا دەبن، لەوکاتەدا کەلەکن مەلا مستەفا دادەنیشن کەوتوێژ بکەن و چایان بۆ دێنن، راست لەو کاتەدا جلی مەلا دەتەقێتەوە.

مەلا بۆخۆیان تێدا دەچن و بەڵام خوای تەعالا مەلا مستەفا لەو بەڵایە و پیلانی شەیتانیە نەجات دەدا.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە ئەم نامەیەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نارد.

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ۱۹۷۱/۱۰/۱

برایانی بەڕێز

زۆر بەداخەوە ئەو خەبەرەمان بیست کەدەستەیەک بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم هەوڵی کوشتنی سەرۆک بارزانیان داوە و چەند پێشمەرگەیەک شەهید کراون، ئێمە بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لەکوردستانی ئێران، بێزاری و تورەیی خۆمان بەرامبەر بەو کردەوە ناپیاوانە دەردەبڕین و هەر لەوکاتەش دا خۆشحاڵین کەئەم پیلانە سەرنەکەوتووە و سەرۆک بارزانی سالمە، هیوادارین خەباتی یەکگرتووی گەلانی عێراق بەکورد و عەرەبەوە هەر سەرکەوتوو بێ و بەیاننامەی ۱۱ی مارسی مێژوویی کەنیشانە و دەستکەوتی ئەو یەکگرتنەیە و

کۆسپی رێگای دوژمنانی جولاّنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بێتە دی، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی حیزبی لەکوردستانی ئێراندا

وەك بەڕپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێجگە لەنووسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان گرنگترین کاری من زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی بوون لەکوردستان، بۆ ئەو کارە کۆمیسیۆنێك لەو برادەرانە: (حەسەنی ڕەستگار، مەلا ڕەسوی پێشنماز، کەریم حەداد و مەلا قادری ویردی) پێکهاتبوو، دەبوایە بەهەمووان خەریك بین لەگەلّ ئەندامانی قەدیمی حیزبی دۆست و ناسیاو پێوەند بگرین و ڕێگا بۆ کاری تەشکیلاتی لەکوردستانی ئێراندا خۆش بکەین.

مەلا قادر کەخەلّکی ناوچەی بانە بوو دەست بەکار بوو بۆ پێوەندی گرتن و چالاکانە تێ دەکۆشا و بەداخەوە گیانی خۆشی لەسەر دانا، کەریم حەداد لەناوچەی سەردەشت دۆست و برادەری هەبوون و هۆی پێوەندی و هاتووچۆی برادەران و گۆڕینەوەی نامەی پێکهێنابوو، حەسەنی ڕەستگار و مەلا ڕەسو بەهۆی پێوەندی لەگەلّ خزم و دۆست و برادەرانەوە هەریەکە بەگوێرەی توانا تێ دەکۆشان.

هەوەلّین نامەی کاك حوسینی ئیبراهیمیم پێ گەیشت، لەنامەیەکدا سەبارەت بەوەزعی حیزب و شێوەی تێکۆشانی سیاسی پرسیاری کردبوو هەر لەو کاتەشدا ڕایگەیاندبوو کەئامادەیە هاوکاری بکا.

خەبەرم دایە بێتە قەلاّدزە و چاوم پێ بکەوێ، ئێوارەیەك کەریم حەداد تەلیفۆنی کرد کەپێویستە بچمە قەلاّدزێ، کەچووم مەلا حوسێنی ئیبراهیمی هاتبوو لەگوندی سەید ئەحمەدان لەنێزیك قەلاّدزە لەماڵێك بوو، خەبەرمان دایە هاتە ماڵی کەریم

حەدادی، هەوەڵجار بوو ئەو برادەرەم دەبینی، ئەویش لەگەڵ راپەڕینی ١٩٦٧ ببوو، پاشان هاتبوە کوردستانی عێراق و لەبەکرەجۆ کەوتبوە داوی مائوێستەکان و شۆڕشگێڕێکی زۆر توند بوو، لەهەوەڵی ئێوارەوە تا سەعاتی هەشتی بەیانی دوو بەدوو لەژوورێکدا دانیشتین و قسەمان کرد لەسەر شێوەی تێکۆشان، چۆنیەتی پێوەندی وەگەلێك مەسایلی دیکە رێك کەوتین، بەڵێنی دا کەهاوکاری بکا، چەند کەسم بۆ دیاری کرد کەبچێتە لایان و لەزمانی منەوە قسەیان لەگەڵ بکا و جێگای دڵنیایین، هەروەها رام ئەسپارد بچێتە خزمەت حاجی مەلا خالیدی مزگەوتی سوور و سڵاوی منی پێ بگەیەنێ.

قەرارمان دانا بەهۆی برایەکی زەحمەتکێشی خەڵکی بێشاسپێ پێوەندیمان بەقەرار بێ، ئەو برا زەحمەتکێشە هەموو جارێ دەهاتە قەڵادزە و نامەی تەشکیلاتی دەبردە مەهاباد و جوابی دەهێناوە.

کاك حوسێنی ئیبراهیمی لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم: چوومە خزمەت حاجی مەلا، کەباسی تۆم کرد گریا، منیش بەخۆم نەبوو گریانم هات، نازانم بۆچی؟ دوعای بۆ کردی کەسلامەت و سەرکەوتوو بی.

کاك حوسێن تا ساڵی ١٩٧٤ بەدڵەوە هاوکاری دەکرد، لەبارەی وەزعی ژیانی خەڵك زۆڵمی ژاندارم و ساواك وەزعی ئابووری وڵات شێوەی تێکۆشان و کاری حیزبی زۆر بەدرێژی و رێك و پێکی نامەی دەنووسی، ئەگەر بێت و نووسراوەکانی کاك حوسێن چاپ بکەم لە ٥٠ لاپەڕە تێ دەپەڕێ، هەرچەند کاك حوسێن نەیتوانی بنکەیەکی قایمی حیزبی دابمەزرێنێ، بەڵام لەوریاکردنەوەی خەڵك لەناساندنی برادەران، لەتەگبیر و را لەگەڵ ئەندامانی پێشووی حیزب، لەناردنی خەبەر و پێشنیاری بەکەڵك دەورێکی گرینگی هەبوو، پاشان چووبوو لەتاران ئیمتیحانی دابوو، ژنی هێنابوو و لەشارۆچکەی رەبەت ببوە مامۆستا و لەئاخرین نامەی دا رایگەیاندبوو کەلەبەر وەزعی ژیان و گەلێك هۆی تر ناتوانم هاوکاری درێژە پێ

بـدەم، بـەڵام مرۆڤێکـی سـاخ و بەشـەرەف مایـەوە و لـەکۆنگرەی چـواری حیزبـی دیموکرات بەئەندامی جێ گر هەڵبژێردرا.

تێکۆشانی کەریم حەداد بۆ راپەڕاندنی کاروباری پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێران جێگای دەستخۆشانە بوو، لەرێگای ئەوەوە کاك حەمە رەسوی حەسەنپور بەناوی (گۆران) لەتێکۆشانی سیاسـی دا بەدڵـەوە بەشداری کـرد نامـەکانی ئێمـە بـەهۆی حاجی برایمی هەرزنە و عەولای کوپی دەگەیشتنەوە دەستی گـۆران ئـەو بـرادەرە بەراستی هەرچـی بـۆی دەنووسـرا و هەرچـی لەتوانایـدا هـەبوو بەدڵـەوە ئـەنجامی دەدا، هـەر لـەرێگای ئـەوەوە پێوەنـدی لەگـەڵ گـەلێك لەئینسـانی تێکۆشـەر و نیشتمانپەروەر و بەقەرار کرا، بەهۆی ئەلف و بێی رەمزی لەگەڵ گـۆران پێوەنـدی دەگیرا و نامەکان دەپـارێزران، باسـی شـێوەی پێوەنـدی و ئـەو کەسـانەی کەلـەو سەروبەندەدا پێوەنـدییان دەگـرت و نامـەیان دەنووسـی و هاوکاریـان دەکـرد لـەو نامیلکەیەدا جێ نابێتەوە و تەنیا دەتوانم لەکانگای دڵەوە سوپاسیان بکەم.

لـەمانگی ئۆکتۆبـەری ١٩٧١ لـەحاجی عومەرانـەوە خەبـەریان دایـنێ کـە سـەدیقی عـەلائی هاتۆتـە چـۆمان و لەلایـەن شۆڕشـەوە گـیراوە، سـەدیقی عـەلائی یـەکێك لەئەنـدامانی پێشـووی حیزبـی دیمـوکرات بـوو لەناوچـەی سـنـدوس، سـاڵی ١٩٥٩ لەگـەڵ گـەلێك لەئەنـدامانی حیزبـی گیرابـوو، پـاش سـێ سـاڵ زینـدانی هـاتبۆوە لەنەغـەدە خـەریکی ژیـان و بـەرێ چـوونی خـۆی بـوو. ١٩٧١/١٠/٢٥ نامەیـەکی نووسیبوو داوای کردبوو: لەبەردەستی ساواك رام کردوە هاتووم تا بتوانم بۆ کار و ئیشی پێویست گیانی خۆم بەخت بکەم، کەوتوومەتە چەنگ بەشی پاراستن تکایـە نەجاتم بدەن، هیوادارم لەوەرگرتنم دا دڵسۆزی بکرێ.

بـەهۆی سـەید رەسـوی بـابی گـەورەوە بـۆرۆی سیاسـی نامەیـەکی بـۆ مەکتـەبی سیاسی پارتی نارد و داوای کرد کە سەدیقی عەلائی ئازاد بکرێ، پاشان نامەیـەکم بـۆ نووسـی داوام لێ کـرد کـەوەزعی ناوچـەی سـنـدوس و نـاوی گیراوکـان و

دوورخراوەکـان و نـاوی جاسـوس و هاوکارەکـانی سـاواک و ژاندەرمـەریمان بـۆ بنووسێ و جارێ بێ لەقەڵادزە بمێنێتەوە.

سەدیقی عەلائی ۱۹۷۱/۱۲/۱۳ نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەوا بۆ مانـەوە لەمێـژوودا لێرەدا تۆماری دەکەم.

نامەی سەدیقی عەلائی:

بۆ برای هەرە خۆشەویستم کاك پیران

کاکە گیـان لـەپاش سڵاوی گـەرم دەسـتەکانت دەگوشـم و سـەرکەوتنت لـەرێگای گەلـدا ئاواتـە، کاکـە گیـان نامەکـەت گەیشـت لەکـەیف خۆشـی ئێـوە و لـەوەی کەلەوپـەڕی پڕکاریـدا منتـان لـەبیرە زۆر شـاد و خۆشـحاڵم، هیـوادارم شـادی و پێشکەوتنتان هەمیشە موژدەم بـێ، بـرا گیـان بەرامبـەر بەمەسـڵەحەتی ئێـوە تـا مومکینە رای دەبوێرم و تا ئێستا بۆ خۆشی رابراوە، لام وایە بەرامبەر بەهاتنم بـۆ ئێرە بەپێی مەسـڵەحەت لەژیانی ئێوە دوور و بێگانە نەبم.

۱- کاکە گیان وەزعی مەڵبەندی سـندوس و لاجـان و شـنۆ، وێـڕای مەڵبەنـدەکانی تری کوردستانی ئێران بەتایبەتی لەو دوو سێ ساڵەی دواییدا کەموبارەزەی خـەڵك بەشکلی حیزبایەتی (منظم) نەماوە، وەتا ئەو دوو سێ ساڵەی دوایی یەك لـەدوای یەك دەزگیر و بەساواك تێکشکاون، کەوتۆتە ژێر زەخت و فشاری ساواك و ژانـدارم دەوپـەڕی خراپـی دا ماوەتـەوە و مـاوە بـۆ لێـك هـاڵانی خـەڵك نـەماوە، ئەوەیـە مەعمورەکانی ژاندارم و ساواك هەر بەئیستنادی رەفتار و ئاکـارە و مـل نـەدان بـۆ بەڕێوەبردنی کاربەدەستەکان و ئاکارەیی، بێ لایەنی بەشکلی رەشبگیری یەك یەك خەڵك راو دەنێن و دەیـانگرن یـان بەسـزا و ئـازار بـۆ بـەڕێوەبردنی مـەیلی خۆیـان بەرباریان دەکەن، بۆ نێـو گـەل بـەڕەڵایان دەکـەن و یـا لەبەرانبـەر سەرسـەختیدا حەواڵەی زیندانی دەکەن.

٢- ئەو کەسانەی کەتا ئێستاش تەسلیمی خواست و مەیلی ساواک و ژاندارم بوون، پاش بەجێ هێنانی نەزەری مەعمورەکان و هەڵتەکانی جانتا (ئەو کەسە) بەتاوانێك خراونەتە زیندان وەك: ئاغاکانی بەرەی سێمانی (مەڵبەندی لاجان) بایزە کوێری خراپە و مەلا رەحیمی مەجیدە شێتی (سەرینگد چاوە) هی تریش کەبیرم نین.

٣- لەهەموو گوندەکان مەلا و کوێخا سجیل و کەم تا کورتێك ئاغاکان بەئاشکرا کراونە مەسئولی دانی خەبەر و گرتنی ئەشخاصی مەشکوك بەتایبەتی مەلاکان پارە و یارمەتیان لەلایەن ساواک و یان ژاندارم دەدرێتێ، لەو دواییەدا مەلاکان مەجبور کراون هەریەکە دووربینی عەکاسی زەبتی سەوتیان هەبێ تا لەکاتی لازم بەکاری بێنن.

٤-١- مەلا حەسەنی مودەڕیسی (جەلدیان) کەئەوسا مالّی هاتۆتە نەغەدە. ٢- مەلا قادری ئەشعەری (ئیندرقاشی) لەنەغەدە. ٣- مەلا قادری تالّەپوت چپرا باداشنوی. ٤- مەلا قەسیمی رواندل (دەربەند) کەخەڵك لەدەربەند دەریانکرد و ئێستا لەنەغەدەیە. ٥- کەریم کاشان لەنەغەدە (قاوەچی). ٦- عەبباسی فازیلی مەلا رەحیمی قاچاخچی و چەند کەسی تریش بەئاشکرا لەگەڵ ژاندارم و ساواک هاوکاری دەکەن. پاش ئەوانە مەحەمەد کاکیل کوێخا سجیل لەوەزنە، مەولودی قادر قەساب لەنەغەدە، خدر ئاغا خانلەر شنۆ، مەلا سەید حەسەن لەگۆڵی سندوس پڕ بەدڵ لەگەڵ ساواک هاوکاری دەکەن و شایەد ئێتریش هەبن لەبیرم نین، سادقیش بۆ مەسڵەحەتی خۆی لەدەستگا نێزیکە، کاك ئەحمەدی ئاهەنگەری ئەحمەد هەوراز لەنەغەدە، مەولودی عەزیز نیشان (لێتان) لەدێشەمسی شنۆیە، کاك سادقی زەندی لەبایزئاوا بۆ ئاستانی کرمان تەبعید کراون.

نەزەر: تێکۆشان بەشکلی پێشوو مونەزەم، حەوزە و غەیرە مومکین نییە، چون جگە لەمەلا و کوێخا کەلەدێ دا خەتەرناکن سوپای دانیش و پیاوی تریشیان هەیە، لەبەرئەوە لازمە لەهەر دێیەك یان لەدوو گوند یەك نەفەر لەپیاوە

حیزبیەکانی تێکۆشەر کەماون زۆر بەنهێنی بێ هەست تەماسی لەگەڵ بگیرێ و رێ و شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوە رۆژی خۆی کەڵکی لێ وەربگیرێ بەوردی حاڵی بکرێ، وەبۆ پێك هێنانی ئەو کارە کەلەمەڵبەندی سندوس خەڵك بەناوی سەربازی یا قاچاخی یا ئیجارەی قوڕس ئێرانیان بەجێ هێشتوە و لەسنوری زینوو خەلان و گوندەکانی تر بەژن و منداڵەوە دانیشتون کەڵك وەربگیرێ و بۆ یەك یەکی ئەوانە راسیتە پەیدا بکرێ تا بتواندرێ بەنێوی تەشکیلات لەژوورەوەی کوردستان جێ لاق بکرێتەوە، ئیتر هەر بەخۆشی بژی و پێشکەوتووبی.

طاهر حسین ۱۹۷۱/۱۲/۱۳

پاش وەرگرتنی ئەم نامەیە رام ئەسپارد بێتە قەڵادزە و لەماڵە خوشکی بمێنێتەوە تا دەچم سەری دەدەم، پاش بەینێك چوومە قەڵادزە کەچاوم پێ کەوت و قسەم لەگەڵ کرد هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەدەتوانێ بمێنێتەوە و لەگەڵ حیزب هاوکاری بکا، لیباسێکی کۆنی لەبەردابوو، دەستێك رانگ و چۆخە کەبەپارەی حیزب کڕابوو، دکتۆرقاسملۆ جارێك بۆ سەفەری کۆیە دەبەری کردبوو دام بەسدیقی عەلائی، کەگەڕامەوە دکتۆر هەڵیپێچام و لەجیاتی رانکو چۆخەی حیزبی کەئەو جارێك دەبەری کردبوو هەشت دیناری لێ ئەستاندم، سدیق نێزیکەی چەند مانگ لەعێراق مایەوە، لەو ماوەیەدا لەکوردستانی ئێرانەوە نامەیەکمان بۆ هات نووسیبوویان کەسدیقی علائی ساواك ناردوویە بۆ کوشتنی کەریمی حیسامی، برادەرانی دەفتەری سیاسی پاش ئەو کاغەزە وریاییان دا بەمن کەلەسەر سدیق پتر بیر بکەمەوە، چەند جار دەچوومە قەڵادزە سدیق شەو و رۆژ لەگەڵ من دەبوو، تەنانەت ئەو شەوانەی لەوێ دەمامەوە، نەم دەهێشت بچێتەوە ماڵە خوشکی.

پاشان رۆژێك گوتی: ئەوە چەند مانگە لێرە بێکارم، تەکلیفی خۆم نازانم، شەش حەوت منداڵم هەن و بەڕێ ناچن، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئێران، گوتم: دەتگرن هەروا بەهاسانی دەستت لێ هەڵناگرن، دیارە مەسڵەحەتی خۆشت باشتر دەزانی.

گوتی: دەچمە مااڵی عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕ و کاغەزێکی لێ دەستێنم بۆ عەلی ئاغای ئەمیر خەشایری، نازانم چم بەسەر دێ.

گوتم: لێتدەپرسن لەکوێ بووی چت کردووە، کێت دیوە؟ دەڵێی چی؟

– دەڵێم لەقەڵادزێ لەمااڵی خوشکم بووم، کەریمی حسامیم دیوە کەجاروبار دەهاتە وێ.

پاش ماوەیەك کاك کەریم حەداد خەبەری دامێ کەسدیقی عەلائی چۆتەوە، ١٩٧٢/٩/٨ کاك حوسێنی ئیبراهیمی لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم: سدیقی عەلائی شارەکەی تۆ هاتۆتەوە، دەوری ماڵەکەیان داوە، پیلیان بەستووە، سواری جیپیکی سەر ئاواڵەیان کردوە و سەبر سەبر بەخەیاباندا هێناویانەتە خوارێ و بەخەڵکیان نیشان داوە، ئێستا خەریکی کاروباری خۆیەتی.

جارێکی دیکەش مام عەولا و حەسەنی ئەردەهاڵی

رۆژێك لەبەغدا برادەرێك تەلیفۆنی بۆ کردم و گوتی: برادەرێکی خەڵکی زینوێ شێخی لێرەیە، دەیەوێ تۆ ببینێ، کاتێك چووم زەلامێك لەوێ دانیشتبوو نەمدەناسی، سڵاوی کرد و گوتی: من لەلایەن شۆڕشەوە گیرابووم و لەزیندانی خەلانێدا حەبس بووم، دوو کەسی ئێرانی مانگێکە لەوێ گیراون یەکیان ناوی حەسەنی ئەردەهاڵییە، لام وایە عەجەمە بەڵام کوردی باش دەزانێ، ئەوی دیکە کوردی نازانی کاتێك زانیان من لەزیندان دێمە دەرێ گەلێك پارانەوە کەتۆ بدۆزمەوە و خەبەرت بدەمێ، ئەگەر دەفریایان نەکەوی لەوانەیە بیاندەنەوە

بەئێران، منیش ئەوە هاتوومە بەغدا لێرە پرسیاری تۆم کرد باش بوو بەجێگای تۆیان دەزانی.

زۆر سوپاسی ئەو نیشتمانپەروەرەم کرد، گەڕامەوە لەگەڵ برادەرانی دەفتەری سیاسی مەسەلەکەم باس کرد، خێرا نامەیەك بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسرا و کاك حەمەدەمینی سیراجی بەرەو ناوپردان کەوتەڕێ، کاتێك دەچێ دەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان قسە دەکا، گورج خەبەر دەدەن دەیانهێننە دەر و کاك حەمەدەمین لەگەڵ خۆی هێنانی بۆ بەغدا.

حەسەنی ئەردەهاڵی کوڕێکی خەڵکی رادانەی سندوسێ بوو، کوڕێکی رووناکبیر، پێشکەوتووخواز ئازا و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ، ساڵی ١٩٥٤ لەزیندانی وردێ ١٨ مانگ لەگەڵ من لەبەندیخانەدا بوو، ساڵی ١٩٥٩ رای کردبوو هاتبوە کوردستانی عێراق، پاش ئەوەی ئێمەیان لەعێراق دەرکرد ئەویش گەڕاوە بۆ ئێران و تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا، ساڵی ١٩٦٣ رادەکا دەچێتە یەکێتی سۆڤیەتی، لەوێ دەگیرێ و کەپرسیاری لێ دەکەن کێیە و چکارەیە دەڵێ کەریمی حسامی دەناسم کەئێستا لەچیکۆسلۆڤاکییە، لەپراگ لەلایەن کاربەدەستانی چیکەوە پرسیاری حەسەنی ئەردەهاڵییان لێ کردم، منیش چۆن دەمناسی وەك تێکۆشەرێك باسم کرد، پاش ماوەیەکی زۆر کەهاتبوومە بولغاریا نامەیەکی حەسەنی ئەردەهاڵیم پێ گەیشت کەلەسۆڤیەت گەڕابۆوە و لەگەڵ چەند کەس رێکخراوی (پیکار)یان پێکهێنابوو، ئیتر لەحەسەن بێ خەبەر بووم.

حەسەنی ئەردەهاڵی لەگەڵ برادەرێکی فارس رێگا دادەگرن کەبێن بۆ عێراق، لەحاجی عومەران دەچنە لای مام عەولا و پێ دەڵێن هاتووین بۆ لای کەریمی حیسامی، خەبەری بدەیە، حەسەن پێشتر لەکوردستانی ئێران مام عەولای دەناسی، مام عەولا بەخێرهاتنیان دەکا و دەڵێ لێرە گیر مەبن، بچن بۆ زینوێ شێخی مالە سەید غەفوری، بڵێن مام عەولا ئێمەی ناردوە، ئەو راتان دەگرێ هەتا بەیانی من تەلیفۆن بۆ کاك کەریم دەکەم.

حەسەن و هاوڵەکەی دەچنە زیندوێ شێخی و لەماڵە سەید غەفوری وەژوور دەکەون، تەواو دانانیشن بارزانی دەگەنە سەریان و رەپێچەکیان دەدەن بۆ بەندیخانەی خەلان، هەرچەند هاوار دەکەن کەهاتوینە لای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران فایدەی نابێ و دەژوورێیان دەکەن.

لەبەغدا حەسەنی ئەردەهاڵیمان لەهوتێلێك دانا، دیاربوو لەگەڵ حکومەتی عێراق قسەی کردووە و رێك نەکەوتوون، پاش چەند رۆژ داوای کرد کەبیانگەیەنمەوە کوردستانی ئێران، لەگەڵ خۆم بردم بۆ قەڵادزە و لەوێوە لەگەڵ برادەرانی خۆمان ناردمەوە ئێران و بەسەلامەتی هەتا مەهابادیان بردبۆوە.

پاش ماوەیەك لەتارانەوە نامەی بۆ نووسیبووم و هەندێ شوێن و عەلامەتی رەمزی لەتاران و لەورمێ بۆ پێوەندی و نامە گۆڕینەوە دیاری کردبوو.

حەسەنی ئەردەهاڵی پاش دوو ساڵ لەگەڵ برادەرێکی دیکەی هاتەوە عێراق و میوانی حیزبی بەعس بوو، حکومەتی عێراق حەسەنیان لەئێمە شاردبۆوە نەیاندەهێشت ببینین، حەسەن تەلیفۆنی منی هەبوو، رۆژێك تەلیفۆنی بۆ کردم شوێنێکی دانابوو کەبچم ببینم، کەچووم پاش چاك و خۆشی گوتی ئەوە چەند رۆژە لێرەم، لەهوتێلێکیان هەموو ئەفسەری بەعسی تێدان، داوای چەکم لێ کردون قەولیان پێ داوم چەکم بدەنێ، نازانم چۆن بیانگەیەنمەوە ئێران، پێم گوت: هەرچی دەتدەنێ چەك وەرگرە ئێمە وەك جاری پێشوو بەسلامەتی دەتگەینینەوە دەوروبەری مەهاباد، پاش چەند رۆژ حەسەن داوای کرد ببینمەوە، کەچووم گوتی: بەعسییەکان گوتویانە خۆمان بەرێگای جنوبدا بۆ ئێرانت دەبەین، وادیارە نایانەوێ لەگەڵ ئێوە پێوەندی بگرم، حەسەنیان لەئێمە شاردەوە و نەمان دیتەوە، پاش ماوەیەك رۆژنامەی کیهانی چاپی تاران خەبەری کوشتنی دوو کەسی بڵاوکردبۆوە کەلەعێراق گەڕاونەوە و لەجنوب لەگەڵ ژاندارم بەشەڕ هاتوون و کوژراون، ئەم ناونیشانەی کەرۆژنامەی کیهان نووسیبووی گومانمان لەوەدا نەما کەکوژراوەکان بەداخەوە حەسەنی ئەردەهاڵی و هاوڕێکەی بووە.

تێبینی:

پێویستە لێرەدا روونی کەمەوە لەو پێوەندی و هاتووچۆ و چاوپێکەوتنەدا کەهەر باسی خۆم دەکەم، لەبەر ئەوەیە کەبەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بووم و پێوەندی لەگەڵ ئێران و کاروباری تەشکیلاتی تەنیا منی لێ مەسئول بووم، دەنا تەواوی ئەو کار و پێوەندییانە و هەنگاوانەی هاوێژراون هەموویان لەگەڵ دەفتەری سیاسی باسکراون و ئاگاداربوون.

پێوەندی لەگەڵ ولات

بەگوێرەی رێنوێنی و راسپاردەی کۆمیتەی ناوەندی، ئەرکی گرنگی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، پێکهێنانی رێکخراوی حیزب بوو لەکوردستاندا، هەروەك بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە هەوڵی دەدا، نیشتمانپەروەرانی کوردستانی ئێرانیش لەپل و پادا بوون کەرێگای پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ حیزب بدۆزنەوە، لەتەئریخی ١٣٥١/٥/٣ (١٩٧٢/٧/٢٥) چەند کەس لەلاوانی ناوچەی سەردەشت و مەنگوڕان کەزۆربەیان فەقێی مەدرەسەی ئایینی بوون، نامەیەکیان نووسیبوو، داوایان کردبوو کەپێوەندییان پێوە بگیرێ و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری راگەیاند بوو.

وەك بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب ١٩٧٢/٨/٩ بەهۆی ئەم نامەیەوە وەڵامی ئەو برادەرانەم دایەوە، بۆ نیشاندانی شێوەی کار و تێکۆشانی ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات لەکوردستانی ئێراندا دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کەسەبارەت بەبارودۆخی ژیانی ئێستای کوردستانی هەر تك دیو، لەنووسینی ناوی ئاشکرای هاوڕێ و برادەران دەستم گێڕاوەتەوە.

بەهۆی هاواڵی بەنرخ..... بۆ هەموو ئەو هاواڵە تێکۆشەرانەی کەلەنامەی٣/٥/١٣٥١دا ناویان هاتووە.

پاش سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە یەک بەیەک دەستەکانتان دەگوشم، هیوام وایە لەخەبات و ژیان و تێکۆشاندا سەرکەوتوو بن.

نامەکەتان جارێکی دیکەش ئەم ڕاستیەی نیشان دا کەنیشتمانپەروەرانی کورد لەکوردستانی ئێران لەهەموو هەل و مەرجێکی ژیان و لەژێر زەبر و زەنگی ڕژێمی پۆلیسی و کورد کوژی شاشدا، دەست لەخەبات هەڵناگرن و پێوەندی خۆیان لەگەڵ حیزبی پێشڕەو و ئاڵا هەڵگری ڕزگاری کوردستان تازە دەکەنەوە و لەژێر ڕێنوێنیەکانی ئەودا خەبات درێژە پێدەدەن.

هاوڕێنی بەڕێز!

حیزبی ئێمە لەهەل و مەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا خەبات دەکا، خەباتی ئەم قۆناخە پێویستی بەژیری، وریایی و نەترسی و یەکێتی ئەندامانی حیزب هەیە هەروەها پێویستی بەڕێنوێنی و دیاریکردنی ڕێبازێکی ڕاست و ناسینی دۆست و دوژمن و دەرفەت هێنان لەهەموو چەشنە خەباتێك هەیە.

حیزبی ئێمە توانیویەتی پاش کۆنفرانسی سێهەم خەباتی سیاسی خۆی لەسەر ڕێبازێکی زانستی پێشکەوتوانە دابمەزرێنێ و شوێنەوارە ناڕەباڕەکانی بێ سەرە و بەرەیی ڕابردوو کوێر کاتەوە و خەباتی گەلی کورد بەحیزب و گەلە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان بناسێنێ.

ڕۆژنامەی (کوردستان) و نامیلکەی (تێکۆشەر) لەو بارەوە دەورێکی گرنگیان هەبووە، حیزبی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەیە لەهەل و مەرجی ئێستادا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بەهەموو تواناوە بۆ ئەو مەبەستانەی خوارەوە تێبکۆشن:

١- ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لەسەر بەرنامە و داخوازییەکانی حیزب.

٢- بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حیزب بەگوێرەی نووسراوەکانی (کوردستان) لەنێو خەڵکدا.

٣- پاراستنی یەکێتی حیزب و کۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری رێبەرایەتی.

٤- پێوەندی کپ و دایمی دەگەڵ رێبەرایەتی و ئاگادارکردنی لەوەزعی ژیان و خەبات و رووداوەکانی وڵات.

٥- پاراستنی نهێنییەکانی حیزب و ناساندنی جاسوس و پیاو خراپ لەناوچەدا.

حیزبی ئێمە لەهەل و مەرجی ئێستادا پێویستی بەزۆری ئەندامان نییە، بەڵکو پێویستی بەهاواڵی بەئیمان و نەبەز و زانا و ژیر هەیە کەبتوانێ بەشێوەی ئاقڵانە خۆی لەناو خەڵکدا بپارێزێ و لەکاتی خۆی دا بکرێ حیسابی لەسەر بکەین، هیوامان وایە ئێوەش بەپێی ئەو رێنوێنییە کار دەکەن و پێوەندی خۆتان هەر لەو رێگایەوە لەگەڵ رێبەرایەتی حیزب دەپارێزن.

هەر پێشنیارێکتان هەبێ وەڵامی دەدرێتەوە، ئەوەندەی بتوانن دەبێ ئاگاتان لەخۆ بێ، هەڵەشە نەبن، خۆتان رانەنێن، لەکاری سیاسی دا تەڵوکە مەکەن.

پێمان خۆشە ئەگەر بتوانن برادەرێك بنێرن تا لەنێزیکەوە پتر باسبکەن، رێگای پێوەندی هەر ئەو شوێنەیە کەنامەتان بۆ ناردوە.

مەسئوڵی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کاروانی شەهیدان

بێجگە لەخەریك بوونی کاری تەشکیلاتی لەگەڵ برادەرانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات و بەشداری لەنووسینی وتارەکانی (رۆژنامەی کوردستان) و (نامیلکەی تێکۆشەر)دا، دەستمکرد بەنووسینی کتێبی (کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران)، بۆرۆی سیاسی حیزب بڕیاریدا کەچاپ بکرێ، بەو شەرتە سەتی چلی داهاتی بۆ حیزب بێ و سەتی دەی بدرێ بەمەلا عەولای حەیاکی وەك سەرپەرشتیکردنی چاپی کتێبەکە و ئەوی تریش بۆ نووسەر بمێنێتەوە.

کاروانی شەهیدان پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، دکتۆر عیزەدین مستەفا بێ ئەوەی چاوی لەپارە و پاداشتێك بێ وەری گێڕا سەر زمانی عەرەبی و بوو بەهۆی ئەوەی کەخەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەخوێنەرانی عەرەب بناسێنێ، ئێستا کەئەم یادداشتانە دەنووسم جوامێری دکتۆر عیزەدین مستەفام لەبیر نەچۆتەوە و سوپاسی دەکەم، کاروانی شەهیدان نەك هەر لەعێراق بەڵکو لەلوبنانیش بڵاو کرایەوە، لەمۆزەی شۆڕشی یەمەنی دیموکراتی دوو نوسخە لەکتێبی کاروانی شەهیدان دانرابوو، قاچاخچییەکان بردبوویانەوە کوردستانی ئێران و دانەی بەچوار سەد تمەن فرۆشرابوو، ساڵی ١٩٧٩ کەبۆ مەهاباد گەڕامەوە برادەرێکی مەهابادی شوفێری تاکسی هاتە لام و کاروانی شەهیدانی بەدەستەوە بوو، گوتی (ئەو دانەیەم بەچوار سەد تمەن کڕیوە) دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (چریکەکانی فیدایی خەڵك) بێ پرس و ئیجازەی من کتێبەکەیان چاپ کردەوە و بەهەزاران نوسخەیان لێ فرۆشت، ئەوەندە نەبێ لەبەر (شۆڕشگێڕی)یان، وێنەی پێشەوایان لەسەر بەرگی کتێبەکە لابردبوو، لەجێگای ئەو چەکدارێکی کلاشینکۆف بەدەستیان لێ دابوو کەهەر ئاگری لێ دەباری! کابرایەکی خەڵکی بانەش بێ پرس کتێبەکەی چاپکردبۆوە و دەیفرۆشت.

رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێرانیش لەئەوروپا کتێبەکەیان وەرگێڕا بووە سەر زمانی فارسی، بەڵام چۆن؟ بەکەیفی خۆیان گوڵبژێریان کردبوو، ئەو شوێنانەی بەدڵیان نەببوو، (وەك بانگەوازی حیزبی تودە بۆ دیفاع لەخەباتگێڕانی کورد، یان دیفاعی حیزبی کۆمۆنیستەکان لەگەلی کورد و...) لێیان دەرهاویشتبوو، ئەوەی بەدڵیشیان ببوو، کردبوویان بەفارسی و لەتەئریخی ١٩٧٢/٨/٢٠دا ئەم نامەی ژێرەوەیان بۆ من ناردبوو کەوا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

برای بەڕێز کاك کەریم حسامی، وێڕای سڵاو و هیوای سەرکەوتن

ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران کتێبی (کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران)ی بەکەیف خۆشییەوە وەرگرت، نووسینی کتێبێکی ئەوتۆ بەلای ئێمەوە هەوڵێکی باش و هەنگاوێکی بەکەڵکە بۆ ناساندنی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و بیرخستنەوەی ڕێباز و ئامانجیان، ئێمە ئەو ئیبتکارە جوانەی ئێوە پیرۆزبایی دەکەین، بەش بەحاڵی خۆمان لەبڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوەدا تێکۆشاوین لەو ماوەیەدا زۆر لەهاواڵان و دۆستانی فارس و ئازەری داوایان لەئێمە کردووە کەبەشێك لەو نووسراوە وەرگێڕدرێتە سەر فارسی، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی ئێمە تەرجومەی فارسی ئەو کتێبە زۆر بەهەراوی بڵاو دەبێتەوە و دەخوێندرێنەوە.

هەربۆیە ڕێکخراوی ئێمە بەشێك لەو کتێبەی ئێوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و ئێستا ئامادەی چاپە، جا بەپێویستمان زانی پێشەکی ئاگادارتان بکەین و ئیجازەتان لێ بخوازین، بۆ ئاگاداری ئێوە ئەو بەشانە کەلامان وابووە بۆ خوێنەری غەیری کوردی ئێرە جێگای ئیستفادەیەکی زیاترە تەرجەمەمان کردووە، ئاشکرایە تەرجەمەکە بەبێ دەستلێدان و وشە بەوشە، نێوی نامیلکەکە وادەبێ (بەشێك لەکتێبی..... وەرگێڕان و بڵاو کردنەوە لەلایەن ڕێکخراوی.....) نووسراوەکە سەرەتایەك دەبێ کەبیروباوەڕی ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی تێدا باس دەکرێ.

لەهەر شوێنێك بەپێویستمان زانیبێ کەوونکەرەوەیەك شتێك باوێینە سەر نووسراوەکە، ئەو کارەمان لەنێو پەڕانتیز دا کردووە، چاوەڕوانی وەڵام دەبین بەزووترین کات.

رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران

١٩٧٢/٨/٢٠

من لەنامەیەکدا رەخنەم لەشێوە کارەکەیان گرت و نووسیم ئەگەر گەرەکتانە وەریگێڕن و چاپی بکەن، پێویستە هەمووی بەبێ دەستلێدان چاپ بکرێ، بەڵام هەروەك گوتمان، ئەوان بەکەیفی خۆیان چاپیان کرد و بڵاویان کردەوە و دانەیەکیشیان بۆ من نارد بوو، خوا خێریان بنووسێ.

یادێکی شێخ لەتیفی حەفید

شێخی سەعدی دەڵێ:

نام نیك رفتگان ضایع مکن　　تا بماند نام نیکت یادگار

نەدەکرا لەم بەشەی بیرەوەرییەکانمدا، شێخ لەتیف دەرباوێم و لەبیری بەرمەوە، هەرچەندە ئەوەی من دەینووسم و سەد ئەوەندەی دیکەش ناتوانن گۆشەیەکی بچوك لەباسی جوامێری و مەردایەتی و نیشتمانپەروەری شێخ لەتیف پڕ کەنەوە.

مالّی شێخ لەتیف لەسلێمانی هەر لەکۆنەوە پەناگا و پەسیوی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو بووە، پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان مالّی شێخ لەتیف ببوە پەناگای کوردە لێقەوماوەکانی کوردستانی ئێران، رووبان کردبوە کوردستانی عێراق و زۆربان لەسلێمانی لەمالّی شێخ لەتیف گیرسابوونەوە، بەتایبەت کاك حەسەنی قزڵجی، عەبدولڕحمانی زەبیحی، ئیمامی، سەمەدی، حەمەدی مەولود و خانانی هەرمێلە و زۆر کەسی تر لەمالّی شێخ لەتیف پەنادرابوون و لەچنگ پۆلیسی حکومەتی عێراق لەئەمان دا بوون.

شێخ لەتیف لەسەر ئەو جوامێری و پیاوەتییە زۆرجار تووشی دەردەسەری و کوێرەوەری هاتووە و گرانی بۆ تەواو بووە، بەڵام قەت وەسەر خۆی نەهێناوە و بەدەستیەوە نەداون و لەداری کەڵی و لەسیتەک و لەسلێمانی پاراستوونی.

ساڵی ١٩٥٨ کەهاتمە بەغدا، کاک حەسەنی قزڵجی گوتی: شێخ لەتیف هاتووە با بچین سەرێکی بدەین، لەبەغدا لەهوتێلێک میوان بوو، کەچووین بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم، لەوەزعی غەنی بلوریانی پرسی، پاشان گلەیی لەئەحمەد تۆفیقی کرد گوایا ئەحمەد گوتوویە شێخ لەتیف قەت کوردایەتی نەکردووە، تا ئایاری ساڵی ١٩٦٠ کەلەبەغدا مابوومەوە، کەدەهاتە بەغدا دەچوومە خزمەتی، ساڵی ١٩٦٧–١٩٦٨ سەردەمی خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ئێران برادەرانی بریندار لەسیتەک لەماڵی ئەو حەسابوونەوە و تیمار کرابوون.

پاش گەڕانەوەم بۆ عێراق ئەم ئاشنایەتیەم تازە کردەوە، وەک لەبیرم بێ لەبەغدا لەیەرموک خانووی گرتبوو، لەگەڵ مامۆستا هێمن و برادەرانی تر چەند جار دەچووینە لای، لەگەڵ مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، چەند جار سەردانم کرد، ئاخر جار لەمانگی پێنجی ١٩٧٢ لەنەخۆشخانەی راهبات کەوتبوو لەگەڵ مامۆستا هێمنی رەحمەتی و کاک حەمەدەمینی سیراجی چووینە لای، زۆر نەخۆش بوو، خەڵکێکی زۆر دەهاتنە لای، لەکوردستان بووم برادەران خەبەریان دامێ کەشێخ لەتیف وەفاتی کردووە، لەقەڵادزەوە هاتمە سلێمانی، شار تەواو شڵەژابوو، دوکان و بازاڕ داخرابوون، خەڵک رژابوە سەر شەقام و کۆڵانان و بۆ دەرەوەی شاریش تا نێزیک تەینالێ بۆ پێشوازی لەتەرمی شێخ لەتیف بەپێیان رۆیشتبوون و لەم بەر و ئەوبەری جادە راوەستابوون، برادەرانی ئێمە کەلەگەڵ جەنازەی هاتبوون، دەیانگوت لەکەرکوک و لەشارەکانی سەر رێگا خەڵک دوکانی داخستبوو لەسەر جادە لەپێشوازی مەیتەکەی راوەستاون.

دوای وەفاتی شێخ لەتیف ئیتر لەگەڵ کاوەی هاتووچۆمان نەپساندەوە، هەرچەندی چووباینە سلێمانی سەرێکی ماڵی شێخ لەتیفمان دەدا.

ساڵی ١٩٨٠ لەماڵەوە بەکۆڵێك گلەییەوە لەدەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات هاتە لام، باسێکی جیاوازە و ئەگەر تەمەن باقی بێ هیوادارم لەبەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانمدا باسی بکەم.

ڕەوانی هەردووکیان شاد و ڕێگایان کوێر نەبێتەوە.

سەفەری کوێت

هاوینی ساڵی ١٩٧٢ خەریك بووم ماشینێکی سواری بکڕم، بەتەنیا نەمدەتوانی بچم لەکوێت ماشێن بکڕم، نەعەرەبیم باش دەزانی نەشارەزای ماشێن بووم، تکام لەکاك جەمال خەزنەدار کرد کەلەگەڵم بێت بۆ کوێت و ماشێنم بۆ بکڕێ، زۆر پیاوانە ئیجازەی وەرگرت و چووین بۆ کوێت، لەوێ میوانی برادەرێکی کاك جەمال بووین، عەرەبێکی عێراقی بوو چووبووە کوێت و کاری دۆزیبۆوە و ژیانێکی خۆشی هەبوو، دیاربوو پێشتر ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بووە، هێشتا سەری لەسیاسەت دەخورا و پێی مابوو، هەر دادەنیشتین باسی سیاسی دەهێنا گۆڕێ، بێجگە لەکوێت سەرمایەداری و هەموو ولاتێکی کاپیتالیستی پێ خراپ بوو، لەبارەی کوێتەوە دەیگوت ئەم وڵاتە ژیانی خەڵکی دابین کردووە و لەسۆسیالیزم پێشکەوتووترە، منیش دەمگوت: چاو لەوەی مەکە کەنەوت وای لێ کردووە، هەرچی پێ سەرمایەدارییە و بناخەکەی لەسەر چەوساندنەوە دامەزراوە، دەیگوت: نا باسی کوێت مەکەن نابێ تێکبدرێ.

ڕۆژێك لەنێو بازاڕ دەگەڕاین لەبەر دەرگای شرکەتێکی گەورەی رادیۆ و سەعات و تەلیفیزیۆن فرۆشی کابرایەکی پیر دانیشتبوو، پەڕۆیەکی ڕاخستبوو منداڵێکی لەسەر درێژ کردبوو سواڵی دەکرد، دەستی کابراکەم گرت گوتم: ئەوەتا، هەرچی بێ ئەوە نێوەڕۆکییەتی، دەڵێی چی؟ تێك بدرێ یا تێك نەدرێ؟

– قسەم نەما... با بڕوخێ بەسەر ئەمیری کوێتدا وێران بێ.

ویستم هێندێك کتێبی فارسی بکڕم، برادەری خانەخوێ کەزۆر شارەزا و ڕوح سووك و داییم لەگەڵمان بوو، گوتی: کتێبخانەیەکی گەورەی فارسی هەیە، مودیری کتێبخانەکە کوردە و ساواکیشە، با بچین بزانین دەڵێ چی؟

چوینە کتێبخانەکە و پرسیم کتێبی فارسی باشت هەیە؟ کابرا گورج کتێبی (ئینقلابی سپی) شا و چەند کتێبی دیکەی لەو بابەتەی بۆ هێنام.

– ئەوانەم ناوێ کتێبی تەئریخی و ڕۆمانی وەرگەڕاوی بێگانە و شتی ئاوا.

– لام وایە تۆ کوردی... دەنگی جەنابتم لەرادیۆ بەغدا بیستووە.

من زانیم دەڵێ چی، گوتم: بەهەڵە چووی، من لەزانستگای سولەیمانی مامۆستای بەشی ئەدەبی کوردیم، وادیارە جەنابیشت کوردە.

– بەڵێ منیش کوردم، خەڵکی سەردەشتم.

– من خەڵکی سەردەشت گەلێکیان دەناسم، تۆ لەکام خێزانی؟

– خزمی شەمامیەکانم.

– ببەخشە جەنابت سنەیی، سەردەشتی وەك ئێمەی خەڵکی سولەیمانی قسە دەکەن.

– من بەمندااڵی چوومە سنە و لەوێ خوێندگەمە، لەکام هوتێل میهمانی؟

– لەماڵە برادەرێکم لەهوتێل نیم.

لەگەڵ کابرا باش لێك حاڵی بووین، ئەو گومانی نەبوو کەدەنگی منی لەپەیکی ئێران بیستووە، منیش گومانم نەما کەئەو ساواکییە، چەند کتێبی باشم بۆ کتێبخانەی حیزب کڕی و بەجێم هێشت.

لەسایەی زەحمەت و تێکۆشانی کاك جەمال خەزنەدار و برادەری خانەخوێ ماشێنێکی فیات مان بەچوار سەد دینار کڕی، ئەو چەند ڕۆژەی لەماڵی ئەو

برادەرە بووین ئەوەندە خزمەت کراین و پێمانەوە ماندووبوون کەناتوانم لەچاکەیان نەجاتیم بێ و هەمیشە سوپاسیان دەکەم.

لەگەڕانەوەدا لەنێوان بەسرە و عەمارە کەدیتمان لەگەرمای نیوەڕۆدا کابرایەک راوەستاوە و دەست بۆ ماشێن هەڵدێنێ کەسواری بکەن، بەڵام کەس بۆی ڕاناگرێ، گوتم کاک جەمال توخوا گەیشتینە ئەو کابرایە با سواری کەین.

– کوڕە لێی گەڕێ، عەرەب بەگەرمایە فێرە.

– کاک جەمال با لەژیانمدا ئاواتێکم بگاتە جێ، خۆم ئەوەندە بەپێیان ڕۆیشتوم و هیلاک بووم، دەستم هەڵێناوە کەسوارم کەن، سواریان نەکردووم لەلای خۆم شەرتم کردبوو ئەگەر ماشێنم هەبێ و یەکدەست هەڵێنێ سواری بکەم، ئێستا با شەرتەکەم بەرمە سەرێ، گەیشتینە کابرا دەستی بەرز کردەوە ڕامان گرت جانتایەکی بچوکی پێ بوو، سوارمان کرد، دەستمان کرد بەقسە، کابرا مامۆستای قوتابخانە بوو، لەعەمارە لامان دا و چامان لەکن خواردەوە.

پێك هێنانی كلاسی كادری حیزبی

لەئاخری ساڵی ١٩٧١دا، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کەبۆ هێندێك لەئەندامانی چالاکی حیزبی کلاسێکی کادر ساز بکا، دەبوایە ٢١ کەس لەبرادەران ئامادە بن، وەك بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب دیاری کردن و ئامادەکردنیان کەوتبوە سەر ئەستۆی من، بەراوێژ لەگەڵ کۆمیسیۆنی تەشکیلات چەند برادەرێکمان دیاری کرد، دەبوایە بچم لەکوردستانەوە بیان هێنم، لەگەڕانەوەدا لەسەیتەرەی بەغدا پێشیان پێ گرتین و پاش پشکنین و پرسیار کەهیچ وەرەقە و پسوڵەمان پێ نەبوو، بردیانین بۆ باقوبە، دەژوورێکیان کردین و زۆر بێ شەرەفانە و دڕندانە دەگەڵمان دەدوان، وەك بەرپرسی برادەران خۆم ناساند، دەیانگوت ئێوە ئێرانین و تەحویلی ئێرانتان دەدەینەوە، پاش هەرایەکی زۆر تەنیا منیان بانگ کرد،

ئەفسەرێك لەدیوێکی دانام و گوتی تۆ لێرەبە تا لەبەغدا وەڵام وەردەگرین، گوتم ئەگەر هەموو برادەرەکانم نەیەنەدەر، منیش تەنیا لێرە نابم، ئەوانیشیان هێنادەر و نێزیك نیوە شەو وەڵام هاتەوە و رێگایان داین برۆین.

لەلایەن بۆرۆی سیاسییەوە بەمەسئولی کلاسی کادر دیاری کرام، بێجگە لەوە دەبوایە (ئوسوڵی تەشکیلات و تەبلیغاتی حیزبی، مێژووی جوڵانەوەی کرێکاری و رزگاریخوازی گەلانی جیهان و زاراوەی سیاسی دەرس بڵێمەوە، لەو کلاسەدا دەکتۆر قاسملۆ تیۆری سیاسی و فەلسەفە و مەسەلەی کورد و پێوەندیەکانی نێو نەتەوەیی دەرس دەگوتەوە، کاك حەمەدەمینی سیراجی مێژووی سەردەمی ئێرانی دەرس دەگوتەوە، کلاسەکە هەروەك بۆ ئەندامانی حیزبی کەڵکی هەبوو، بۆ منیش فایدەی زۆر بوو، لەگەڵ ئەو برادەرانە کەدایم لەگەڵیان بووم زۆر شت فێر دەبووم و باش دەمناسین و لەرابردوو و ئێستایان حاڵی دەبووم، رۆژێك لەسەر ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم (نیشتمانپەروەری) و ئینترناسیۆنالیزم باسم دەکرد، برادەرێکمان هەبوو بەناوی مەلا سمایلی حاجی کەپاشان بوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مرۆڤێکی سیاسی و پێشکەوتووخواز و تێکۆشەر، دەستی هەڵێنا و گوتی ئیجازەیە؟

– فەرموو– مەلا سمایل.

– کاکە تا ئەو سەعاتەی کەلێرە دانیشتووم و گوێم لەدەرسەکانی تۆ دەبێ پێم وابوو شەڕی کۆمۆنیستان بکەم یا شەڕی عەجەمان (مەبەست حکومەتە) هیچ فەرقی نییە، کاکە خەتام نییە بەناوی کوردایەتی وایان تێگەیاند بووین، ئێستا دەزانم چەندە خەراپیان حاڵی کردبووین.

کۆمیتەی ناوەندی پاش تەواوبوونی دەورەی دیاریکراو، لەکۆبوونەوەی ۱۹۷۲/۱/۷ کلاسی کادری بەکارێکی باش و بەسەرکەوتنێکی بەنرخ دانا، بڕیاری دا کەبۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش کلاسێکی ئاوا دابنێ، چونکە بەراستی زۆربەی

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەئاگاداری سیاسی بێ بەشبوون و لەمستەوای ئەوەدا نەبوون، بەڵام هەل و مەرجی رۆژ وای کردبوو کەببنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

مانگی مارسی ١٩٧٢ کۆمیتەی ناوەندی لەکۆبوونەوەی بەرینی خۆیدا پاش لێکدانەوەی وەزعی ئێران و کوردستان، هاتە سەر ئەو باوەڕە کەهەل و مەرج بۆ خەباتی چەکداری بەشێوەی پارتیزانی ئامادەیە، پێویستە حیزب بۆ دەست پێکردنی شەڕی پارتیزانی لەکات و هەل و مەرجی لەباردا خۆی ئامادە بکات، کۆبوونەوە بەبۆڕۆی سیاسی ئەسپارد کەئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ بکات.

١- تەشکیلاتی حیزب لەهەموو بارێکەوە بەهێز بکا و لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان بنکەی حیزب دابمەزرێنێ.

٢- دیاری کردنی جێگای دەست پێکردنی شەڕی پارتیزانی بەوردی موتالاّ بکرێ و چەند جێگایەکی باش بۆ ئەو مەبەستە لەبەرچاو بگیرێ.

٣- بۆ هەڵبژاردنی کاتی پێویست دەبێ هەموو مەرجەکانی ژوورەوە و دەرەوە، بخرێنە بەرچاو.

٤- بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی هێزە پێشکەوتوەکانی ئێران هەوڵ بدرێ.

٥- دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ راکێشانی یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق یا هەر نەبێ لەئاست جوڵانەوەی پارتیزانی لەکوردستانی ئێران بێ لایەن بێ.

٦- هەوڵ بدرێ بۆ راکێشانی یارمەتی کۆماری عێراق.

٧- ئامادەکردنی بیروڕای هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی سۆسیالیستی و لەپێش هەموان دا یەکێتی سۆڤیەتی ئەرکێکی زۆر پێویستە.

پـاش ئـەو بڕیارانـە ئـەرکی قورسـتر دەکەوتـە سـەر شـانی بەرپرسـی تەشـکیلاتی حیزبی، دەبوایە بۆ کار لەئێران و پێوەندی زیاتر بەبرادەرانی کوردستانی ئێرانەوە بگیرێ و هەوڵ بدرێ تەشکیلاتی رێکوپێك ساز بکرێ.

یـەکێك لـەو نیشـتمانپەروەرانەی کەلـەم رێگایـەدا لەرادەبـەدەر یارمـەتی دەکـرد و پەیکێکی دایمی و بەبڕوا و جێگای موتمانە بوو، حـاجی برایمـی خـەڵکی هەرزنـەی ئالان و عەولای کوڕی بوو، نـازانم ئـەو کـەنگێ ئەنـدامی حیـزب بـوە و لەگـەڵ کـێ پێوەندی هەبووە، بەڵام ئەوەندە بوو، کەبۆ هیچ کارێك لانجومی نـەبوو، پێویسـتە ئەوەش لەبیر نەکەم کە کەریم حەداد حاجی برایمی هەڵدەسوڕاند و تەئسـیری ئـەو بۆ راپەڕاندنی کارەکانمان زۆر بوو.

بێجگـە لـەوە کەدەبوایـە بـۆ خۆمـان لـەرێگای تایبـەتی خۆمانـەوە بـۆ تێکۆشـان لەئێراندا هەوڵ بدەین، هەمیشە ئەوەشمان لەبەرچاو بوو کەهەڵسوڕانی ئێمـە زیـان بەشۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نەگەیەنێ، دکتۆر قاسملۆ زۆرجـار دەچوە لای مەلا مستەفا و باسی گیروگرفتی خۆمان و بـارودۆخی سیاسـی لەگـەڵ دەکرد، کەدەگەڕاوە دەیگوت:

– مـەلا مسـتەفا سیاسـەتی گـەورە لەهـەموو کـەس باشـتر دەزانـێ، هـەبوون، لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەلەگـەڵ بۆچـوونی دکتـۆر قـاسملۆ یـەك نـەبوون، کۆسپی گەورە بۆ تێکۆشانی ئێمە لەوڵات، بەتایبەت بـۆ هاتووچـۆ بـۆ کوردسـتانی ئێـران بەشـی پاراسـتنی شـۆرش و کـادر و مـەفرەزەکانی سـەر سـنوور بـوون، ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی و مەکتـەبی سیاسـی لـەبارەی هاوکـاری و دۆستایەتییەوە بەقسە هیچیان تێدا نەدەهێشتەوە، بەڵام لەکردەوەدا جۆرێکی تـر دەهاتە پێش و لەگەڵ هەڵوێستی برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری دوو حیزبی بـرا یەکتریان نەدەگرتەوە، لەزۆر ناوچەکان بەتایبەت لە(پشدەر) و (لەناوچـەی هێـزی خـەبات) برادەرانـی ئێمـە هەمیشـە تووشـی زینـدان و دەرکـردن و بـێ کەرامـەتی دەبوون.

سەفەرێك بۆ گەلاڵە

بۆ پێوەندی لەگەڵ هێندێك برادەران لەناوچەی باڵەکان دەبوایە سەرێکی ئەولای بدەم، مامۆستا هێمن پێی خۆش بوو لەگەڵ من سەفەر بکا و بچێ سەرێکی مامۆستا هەژاری بدا و چەند رۆژێك لەوێ بمێنێتەوە، پێکەوە بەرەو گەلاڵە و چۆمان کەوتینەڕێ، شەوێ لەگەلاڵە میوانی حاجی ئەحمەد بووین، کوردێکی ئێرانی خەڵکی شنۆیە بوو خۆی بەئەندامی حیزب دەزانی، هاتبوو لەگەلاڵە خەریکی ددان چاکردنی خەڵك بوو، پوڵێکی باشیشی وەسەر یەك نابوو، پیرە باوکێکی هەشتا ساڵەی پیری پەککەوتووی هەبوو، حاجی کۆڕی لەبەر دەستانی هەراسان بوو، لەدیوێکی کردبوو گەلێك بەچەرمەسەری دەژیا.

مامۆستا هێمن دەیگوت: ئەرێ خودایە پێم نالێی ئەو کابرا پیرەت بۆ چییە؟ نوێژت بۆ دەکا؟ رۆژووت بۆ دەگرێ؟ خۆ هیچی لەدەست نایە بەکاری چت دێ؟ بۆچیت ڕا گرتووە؟ کابرای عاقڵ قەت پیاوی وا رادەگری؟!!

ئەو شەوەی لەگەلاڵە بووین بەئەمری خودای مانگ گیرا، لەسەرانسەری دۆڵی باڵەکان بوو بەتەقە، ئەگەر بڵێم ئەو شەوە سەد هەزار فیشەك هاوێژرا پێمەوە نەماوە، بێجگە لەوە تەقەی دەهۆڵ و دەفە و لەتەنەکە دان دۆڵی باڵەکانی پڕ کردبوو، قسەی کابرای سولەیمانیم وەبیر هاتەوە، سەرخۆش بوو چووبووە دەرێ، دیتبووی تەقەیە خەڵك دەهۆڵ دەکوتێ و دەفە لێ دەدا و لەتەنەکەی دەدەن.

دەپرسێ: ئەو تەقە و هەرایە چییە؟

– چۆن نازانی مانگ گیراوە؟

– با بیگرن ئەو گەوادەی کەس نازانێ هەر رۆژێك لەجێیەك سەر دێنێتەدەر، رۆژ پیاوی چاکە لەجێیەك هەڵدێ و لەجێیەك ئاوا دەبێ.

لەگـەڵ مامۆسـتا هـێمن داخـی ئـەو هـەموو فیشـەکەمان دەخـوارد کەئـەو شـەوە بەخۆڕایی تەقێنرا، دەمانگوت قەت بووە کەس نەبێ بەو خەڵکە بڵێ، میللـەتێکی لەشۆڕش دابێ چۆن دەبێ ئەو هەموو فیشەکە بەخۆڕایی خەسار بکات.

بەیانی مامۆستا هێمن هەڵکشا بەرەو حاجی عومەران و منیش وەدوای کار و بـاری خۆم کەوتم.

بیرەوەری بارزانییەکان

مـانگی جـۆزەردانی ١٩٧٢ بەبۆنـەی ٢٥ سـاڵ تێپـەڕبوون بەسـەر پەڕینـەوەی بارزانییەکان لەچـەمی ئـاراز و پـەنابردن بـۆ یەکیـەتی سـۆڤیەتی، دکتـۆر قـاسملۆ وتاریکی جوانی لەرۆژنامەی کوردستاندا بـڵاو کـردەوە، مەبەسـت لەبڵاوکردنـەوەی ئەم وتـارە ئـەوەبوو کـەدوژمنانی رژێمـی شـا وەبـیر سـەرۆك بـارزانی بخەینـەوە و بەگوێیاندا بچرپێنین کەدەست لەدۆسـتایەتی شـا هـەڵبگرن، لـەکۆتایی وتارەکـەدا نووسرابوو: وردبوونەوە لەرووداوەکانی ئەو سـەردەمە ماهیـەتی رژێمـی پاشـایەتی ئێرانمان بەچـاکی نیشـان دەدا و بۆمـان دەردەخـا کـەئیمپریالیزم و کۆنەپەرسـتی هێزێکی یەکگرتوون و قازانجیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە و لەبەرانبەریشدا بـەرەی وڵاتـەکانی سۆسیالیسـتی و گـەلانی رزگـاریخواز لەریزێکـدا جێیـان گرتـووە و چارەنووسیان لێك گرێدراوە.

بەڵام ئـەنجام و قـازانجی ئـەم وتـارە چ بـوو؟ سـەرۆکایەتی شۆڕشـی کوردسـتانی عێراق گەلێکی پێ ناخۆش بوو، توڕە بوو لەوە کەئەو باسەمان زیندوو کردۆتەوە و دوژمنانی شای ئێرانمان وەبیر هێنانەوە، حکومەتی عێراقیش زۆری پێ تووڕە بـوو کەبۆچی یادی ئەم رووداوەمان کردۆتەوە.

هەڵوێستی کادرەکانی شۆڕشی کوردستان

بڕیار وابوو پاش تەواو بوونی کلاسی کادر هێندێك لەبرادەران بۆ کاری نهێنی بنێرینەوە ئێران، یەك دوو جار کەبرادەرانمان دەناردەوە، لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە دەگیران و ڕێگایان نەدەدا کەبۆ ئێران بچنەوە.

لەمانگی ١٩٧٢/٧ کادرێکی حیزبی کەبۆ ئێران دەگەڕاوە، لەلایەن عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین برای فەتاح ئاغا گیرا و بەهەزار کێشە تا نەجاتمان دا.

١٩٧٢/٨/٥ مەلا قادری ڕەحمەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ کادرێکی دیکە بۆ کوردستانی ئێران دەچوو، لەسولەیمانی کاغەزی لەکاك عەلی عەبدوڵڵا مەحافیزی سولەیمانی و بەرپرسی لقی چواری پارتی وەرگرتبوو کەلەرێگا کەس پێشی نەگرێ، لەسەر سنوور لەلایەن عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامیر بەتالیۆنی شارباژێڕەوی دەگیرێ، هەرچەند هاوار دەکا و نامەی کاك عەلی عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی نیشان دەدا، گوێ ناداتێ و بەبەندی دەینێرێ بۆ حاجی عومەران بۆ بارەگای بارزانی.

لێرەدا مەسەلەی سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆم وەبیر هاتبۆوە، کاتێك لەشکری سمایل ئاغا بەرەو سندوس دێت، وسێن خانی سەرتیپ ئاغای تازەقەڵا کەدایکی کورد دەبێ و خۆی بەکورد دەزانێ، دەچێ لەدزەی دۆڵی قاغەزێك لەسەید تەها وەردەگرێ کەهیچ کەس موزاحیمی نەبێ و هەقیشی هەبێ تفەنگ هەڵبگرێ، سوارەی پێشقەرەولّی لەشکری شکاکان دەگاتە رادانێ، وسێن خانی سەرتیپ سوار دەبێ و بەپێشوازیانەوە دەچێ، شکاك کەدەبینن وسێن خان تفەنگی پێیە، دەورەی دەدەن، تفەنگەکەی لێ بستێنن، وسێن خان کاغەزی سەید تەها دێنێتە دەرێ و دەڵێ ئیجازەم هەیە تفەنگ هەڵگرم، شکاك دەیهێننە خوارێ و دەڵێن ئێمە کاغەزمان ناوێ، تفەنگەکەت لێ دەستێنین و با کاغەزەکەت هەر پێ بێ.

پاش پەنجا ساڵ لەنێو شۆڕشی کورد ئەو دابە هەر پارێزراو بوو، خەبەریان داینێ کەمەلا قادر گیراوە و بەپێ کراوە بۆ حاجی عومەران.

بەدوای گەیشتنی ئەو خەبەرەدا بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم نامەیەی ژێرەوەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نارد، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

سلاوێکی گەرمی برایانەتان پێشکەش دەکەین

برایانی بەڕێز

بەپێویستی دەزانین پێتان رابگەیەنین کەئەمڕۆ خەبەرمان بۆ هات کەسێ رۆژ لەمەوبەر کاک قادر میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە دەگەڵ ئەندامێکی بەرپرسیار بەناوی محەمەد نەجات لەلایەن هێزی خەباتەوە گیراون و ناردراون بۆ مەکتەبی سیاسی.

ئەو کارەی فەرماندەی هێزمان زۆر پێ سەیرە، چونکە:

١- برادەرەکانی ئێمە هەردوکیان وەرەقەی لقی چواریان پێ بوە.

٢- ئەم کردەوە پاش سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئێمە کاک رەسوڵ مەلا رەحمان بۆ لای ئێوە رووبداوە کەبەپێی راپۆرتی ناوبراو هەڵوێستی برادەرانی مەکتەبی سیاسی نیسبەت بەسیاسەتی حیزبی ئێمە زۆر باش بووە.

٣- کاک قادر میرزا ئەحمەد لەسولەیمانی دەژی و هەمیشە دەگەڵ بەرپرسیارانی لقی چوار بەتایبەتی کاک عەلی عەبدوڵڵا و کاک عبدل سوران، پێوەندی هەیە، جا گرتن و بەم شێوەیە ناردنی برادەرانی ئێمە بۆ گەلاڵە بۆ ئێمە جێگای سەرسوڕمانە.

بەداخـەوە چـەند جـار لەمەوبـەریش برادەرانـی ئێمـە لەلایـەن کاربەدەسـتانی هێزەکانەوە گیراون.

برایانی بەڕێز! لەبەرئەوەی ئێمە دڵنیـاین کەئەندامانی حیزبـی ئێمـە لەسیاسـەتی حیزب لانادەن و سیاسەتی حیزبی ئێمـەش هەمیشـە لەهـەموو بارێکـەوە سـوود و مەسڵەحەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی لەبەرچـاو گرتـووە و هـەرگیز دژی قازانجی جوڵانەوەی شۆڕشی کوردستانی عێراق نەبووە، لامان وایە سیاسەتی گرتن و ئازاردانی ئەندامانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان خزمـەت بەجوڵانـەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ناکا و دەبێتە هۆی پـێ خۆشـبوونی دوژمنـانی، جـا بۆیـە داواتان لێ دەکەین:

١- ئـەمر بکـەن دەسـت بـەجێ ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان کاك قادر میرزا ئەحمەد و ئەندامی بەرپرسیاری حیزب محەمـەد نـەجات بەر بدرێن و بگەڕێنەوە جێگای خۆیان.

٢- تـەرتیبێکی وا بـدەن کەلەمەوبـەدوا بەرپرسـیاران و ئەنـدامانی حیزبـی ئێمـە لەلایەن هێزەکانەوە ئازار نەدرێن و نەگیرێن.

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٩٧٢/٨/٨

نامەکەی بۆڕۆی سیاسی لەپێش پێشمەرگەی هێز و مەلا قادردا، دەگاتە مەکتـەبی سیاسی و ئەمر دەکرێ کەدەستبەجێ ئازاد بکـرێن، کاتێك پێشـمەرگەی عەبـدوڵڵا محەمەد ئـەمین برادەرانمـان بـۆ حـاجی ئۆمـەران دەبـات، لـەرێگا بـاران دەبـارێ، پێشمەرگە ئەو نامە و تێلگرافەی کە عەبدوڵڵا محەمەد ئـەمین بـۆ هێـزی خـەبات و بارەگای بارزانی نووسیوە، دەیدا بەمەلا قادر کەبۆی بخاتە نێو جانتا تا تەڕ نەبن، کاتێك دەگەنـە نـاو پـردان ئـیتر دەسـت بـەجێ برادەرانـی ئێمـە ئـازاد دەکـرێن،

پێشمەرگە نامەی لەبیر دەچێ و نامە و نوسراوەی کابرا لەجانتای برادەرانی ئێمە دا دەمێنێتەوە، ئەوەش دەقی نووسراوەکانی عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامر بەتالیۆنی شارباژێڕە بۆ هێزی خەبات و بارەگای بارزانی کەبەجیا و سەربەخۆ چاپکراون.

دەقی نووسراوەکانی عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامیر بەتالیۆنی شارباژێڕ

بۆ هێزی خەباتی بەڕێز، سڵاوی شۆڕشگێڕانە

وەکو ئاگادارن لەڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٠ لەناوچەکەماندا کادری حیزبی دیموکراتی ئێرانی بەدەمانچەیەکی ستارەوە لەگەڵ مەجموعەیەك مەنشوراتی حیزبییان گیرا لەحدود لەلایەن مەفاریزمانەوە وەهەروەها لەڕۆژی ١٩٧٢/٨/٥ لەحدود دوو کادری تر بەناوی مەلا قادر مەلا رەحیم وە محەمەد عەبدوڵڵا جەلال بەدوو دەمانچەوە لەگەڵ مەجموعەیەك مەنشوراتی حیزبیان گیران، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دووانەی ئەخیریان ئیعتیرافیان کرد کەمەجموعەیەکی تر لەوێنەیان بڵاوبوونەتەوە بەناوچەکەماندا بەوەرەقەی (عدم التعرضی) جیهانی مسئولینی حیزبمان (حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق).

وەکو پێویستییەکی سەرشانمان بۆمان هەیە وەهەروەها بەحوکمی عائیدیەتمان کەبزانین ئەم حەقائقاتیان لەگەڵ رەئیماندا عەرزتان بکەین.

١- وەکو ئاگادارن ناوچەکەمان جوڵانەوەی قادر تەگەرانی تێدا هەبوو و وەتێدایە پێویستی سەرشانمانە بزانین ئەوانەی هاتووچۆی ناوچەکەمان ئەکەن کێن و مەبەستیان لەجوڵانەوە چییە؟ وەسەر بەچی کۆمەڵە تەنزیماتی سیاسین؟

هەرچەندە تا ئێستا لەلایەن مەسئولینی حیزبمان وەیا جەنابتان هیچ جۆرە مڵاحەزاتێك وەیان ئەمرێکمان پێ نەگەیشتوە بۆ ماوەدانی ئەم کۆمەڵە لەناوچەکەماندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئێزن دراوی جیهانی مسئولی حیزبمانن، هەروەها ئەم کۆمەڵە بەبڵاوبوونەوەیان ئەبێتە هۆی ماوەدانی جەماعەتی قالە تەگەرانی بۆ

ئـیش کـردن وەهـەروەها تێکـەڵ بـووونی پیاوەکـانی بـەعس بـۆ تـەنزیمات لەناوچەکەماندا.

٢- وەکـو ئاگـادارن ناوچـەکەمان حـددودە لەگـەڵ ئێرانـدا وەئـەو عەشـائیرانەی لەئێران دائەنیشن نێزیـك بەسـنووورمان وەهـەروەها دانیشـتوانی ئـەو ناوچـەیە کـە (بانەو سەردەشتە) دائیمـە حـەزیان بەجولانـەوەی کوردایـەتی کـردووە وەئەکـەن وەچاوەڕوانی هەلێکن بۆ راپەڕین، بـەرەئی ئێمـە بـەعس ئەمـە بەهـەل ئـەزانێ بـۆ جولانەوەی ئەو ناوچەیە بەتێکچوونی سنووورمان لەلایەکەوە، وەلەلایەکی تریشەوە معرضـی کردنی ئەو کوردانـە بـۆ اصطاهری مـیری ئێـران وەدەربـەدەریان بـۆ ناوچەکانمان وەیان ئیجبار کردنیان بۆ پاڵدان بەبەعث وەبۆیە لەم کاتـەدا مـاوەی چەند مانگێکە جولانەوەی ئەو کۆمەڵە کادرەی سەر بەحیزبی دیموقراطی ئێرانی نیشاطیان زیادی کردووە.

٣- وەکو ئاگادارمان کردن هەر یەکێك لەمانە وەرەقەی عـدم التعرضـی جیهـانی مسئولینی حیزبمانیان پێیە، ئەگەر هات و یەکێ لەمانە لەناوچـەی ئـیش کردنیـان لـەئێران گـیران یـان کـوژران لەگـەڵ ئـەو مستمسـکانەیاندا کەمنشـوراتی حزبیـانن (حزبی دیموقراطی ئێران) ئەو وەرەقە عدم التعرضـانـەش بەدەسـتی سلطانی ئێرانی ئەگات، وابزانم ئەمەش شتێك نەبێت کەنەتیجەیەکی سوود بەخشی هەبێت.

٤- داوامان وایە لەبەڕێزتان بەبیرێکی دواڕۆژەوە لەم خاڵانەی سـەرەوە بکۆڵنـەوە و بیخەنـە بەرچـاوی قیادەمـان بـۆ دانـانی حـەددێك لەجولانـەوەی ئـەم کۆمەڵـە سیاسییە تا ئێستا وابزانم دەورێکی تایبەتیان نەبووە لەشۆڕشەکەماندا کەجێگـەی دڵ رووونی بێت بۆ سەرکەوتن.

ئیتر بۆ پێشەوە.

بۆ مەقەری ب.م. بەڕێز تکایە بۆ ئاگاداری ئەمرتان سالّح البیداوی ۸/۹
عەبدوللّا محەمەد ئومین

س.ش.ك کوردستان یا نەمان

ژمارە– ف

ب.ھ.خ

مێژوو– ۱۹۷۲/۸/۹

بۆ هێزی خەباتی بەڕێز سلاّوێکی شۆڕشگێڕانە

لەگەلّ ئەم نووسراوەماندا دوو کادری حیزبی دیموقراطی ئێرانی بەناوی مەلا قادر مەلا رەحیم وە محەمەد عەبدوللّا جەلال کەلەڕۆژی ۱۹۷۲/۸/۵ لەحدودی ئێران بەدوو دەمانچەوە گیران لەگەلّ جانتایەك مەنشوراتی حیزبیان بەمەبەستی چوونیان بۆ ئێران وەبلاّوکردنەوەیان، مەلا قادر مەلا رەحیم دەمانچەیەکی چواردەخۆری ئیستخباراتی عێراقی پێ بوو وەناوبراو کاتی خۆی باوکی کە (مەلا رەحیم)ە لەلایەن شۆڕشەوە لەناو چووە.

محەمەد عەبدوللّا جەلال دەمانچەیەکی کەنەدی بچوکی پێیە هەروەها هەردووکیان وەرەقەی عدم التعرضی محافظتی سولەیمانیان پێیە لەگەلّ عدم التعرضی لیژنەی ناوچەی شارباژێر، وا بەبەندی بۆمان ناردن.

ئیتر بۆ پێشەوە

وێنەیەك بۆ مەقەڕی بارزانی بەڕێز

عەبدوللّا محەمەد ئەمین فەرماندەی ب.ھ.خ

س.ش.ك　　كوردستان يا نەمان

ژمارە– ف

ب.ھ.خ

مێژوو– ١٩٧٢/٨/٩

بۆ بارەگانی بارزانی بەڕێز، سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

نیشانە بەبروسکەی کاك سالح بێداوی ژمارە ١٧٤ لە ٨/٧ وەدوو کادری حیزبی دیموقراطی کوردستانی ئێران بەناوی محەمەد عەبدوڵڵا جەلال وەمەلا قادر ئەحمەد عەبدوڵڵا کەناوی ئەصلێیەکەی (مەلا قادر مەلا رەحیمە) بەبەندی ناردمانە خزمەتتان لەگەڵ جانتایەك نەشرات وەچەند ئەوراقی عدم التعرض.

ئیتر بۆ پێشەوە

وێنەیەکی بۆ هێزی خەباتی بەڕێز

عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین فەرماندەی ب.ھ.خ

لەمانگی ژانویەی ١٩٧٣دا، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا نامەیەکی بۆ بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نووسیبوو، داوای کرد بوو کەنوێنەرێك بۆ بەشداری لەکۆنگرەی ٣ی پارتیەکەیاندا بنێرێ.

سەبارەت بەوەزعی خۆمان لەعێراق نەکرا نوێنەر بۆ کۆنگرە بنێرین، تەنیا وەڵامی نامەکەمان نووسیەوە و پیرۆزباییمان لێ کردن.

لێرەدا وەرگێڕدراوی نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا و وەڵامی بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران بڵاو دەکەینەوە.

قامیشلی

١٩٧٣/١/٧

هاوڕێیانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سڵاوی گەرمی هاوڕێیانە

ئاخرین نامەی ئێوەمان ماوەیەک پێش بەهۆی هاوڕێ محەمەد ئەمین- وەرگرت، وەڵامەکەشی دراوەتەوە، وەک هاوڕێ سەڵاح لەسەر چەند مەسەلە پێتانی راگەیاندووە، لەوانە:

دانانی مەکتەبێکی سێ قۆڵی هاوبەش لەبیروت بۆ ڕێکوپێک کردنی پێوەندی بەردەوام و رابوون بەکاری هاوبەش، هەروەها مەسەلەی بڵاوکردنەوەی وتار لەڕۆژنامەکەماندا لەهەموو لایەکەوە کەئێمە ئەو کارەمان کردووە.

پاشان هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانمان لەئەوروپا، لەکۆتایشدا یارمەتیەکی مالّی بەحیزبی ئێمە با کەمیش بێ، دیارە زۆربەی ئەو مەسەلانە هەروا ماونەوە و لەلایەن ئێوە وەڵامیان نەدراوەتەوە.

ئەو نامەتان بەهۆی ڕێبەری هاوڕێمانەوە بۆتان دەنێرین و تکایە لەسەر ئەوانەی خوارەوە موافەقەت بکەن:

١- بەم زوانە کۆنگرەی سێیەمی حیزبمان دەبەسترێ، لەوانەیە نیوەی ئەم مانگە بێ، لەبەر نەبوونی ئیمکانیاتی ماددی، سەرەڕای مەترسی ناچارین لەسوریا کۆنگرە ببەستین، لەبەر هۆی ماددی وەک دەمانویست نەمانتوانی لەلوبنان ببەستین، جا بۆیە پێ خۆشحاڵ دەبین کەنوێنەرێکی ئێوە بەشداری بکات لەکۆنگرەدا، ئەگەر نەشتوانن نوێنەر بنێرن، تکایە بەنووسینی نامە بەشداری بکەن، بۆ ئاگاداریتان کۆنگرە لەژێر دروشمی سەرەکی: بۆ دامەزرانی حیزبی شۆڕشگێڕی ملتزم بەبیروباوەڕی مارکسی- لینینی بۆ ڕێبەر، سەرکەوتنی ئەرکی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی دیموکراتی بۆ گەلی کورد لەسوریا ئەوە کۆنگرەیەکی گرنگە لەمێژووی جوڵانەوە لەسوریادا.

٢- لێتـان ناشـارینەوە وەزعـی مالیمـان جۆرێکـە لەسـەر قـەرز دەژیـن، تکایـە لەیارمەتی مالّی بەحیزبمان بەشداری بکەن بەگوێرەی ئیمکانتان با کەمیش بێ.

.س. پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا مۆر

.

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پـاش وەرگرتنـی ئـەم نامەیـە بـەناردنی ئـەم نامەیـەی خـوارەوە وەلاّمـی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردی لەسوریا دایەوە:

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٩٧٣/١/١١

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد- سوریا-

سلاّوێکی گەرمی برایانە

نامـەی ١٩٧٣/١/٧تـان گەیشـت، لـەبارەی ئـەو مەسـەلانەوە کەباسـتان کـرد بـوو بەداخـەوە تـا ئێسـتا لەبـەر هێنـدێ هـۆ نـەمانتوانیوە هـەنگاویان بـۆ باوێـژین، بـا ئـەوەش بلّـێین کـەبلاّوکراوەکانی ئێـوە بەئێمـە ناگـەن تـا بتـوانین کـەلّکیان لێ وەربگرین، زۆرمان پێ خۆشە کەهـەوڵ و تەقـەلای ئێـوە گەیشـتۆتە ئـەنجام، وەک لەنامەکـەتان دەردەکـەوێ بـەم زوانـە کۆنگرەکـەتان دەبەسـتن، ئێمـە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین و هیوادارین بەستنی ئەو کۆنگرەیـە سـەرەتایەک بـێ بـۆ یەکگرتنەوە و یەکیەتی هەموو دەستە و کۆمەڵە سیاسییە پێشکەوتوەکانی کـورد لەسوریا و پارتییەکەتان بتوانێ لەریزێکی پتـەوە و یـەکگرتوودا بـۆ وەدی هێنـانی ئامانجەکانی گەلی کورد خەبات بکا.

لـەبارەی پێشـنیارەکانەوە، دیـارە ئێمـە بەدڵـەوە لایـەنگر و پشـتیوانی هـەموو رێکخراوێکی ئەسیل و خەباتکەری کورد لەهەموو شوێنێکی کوردستانین و بەشـدار بوون لەکۆبوونەوەکانیان دا بەدەرفەت دەزانین بۆ زیاتر تێکگەیشـتن و لێـک نێزیـک

بوونەوە لەگەڵیان دا، بەڵام داخمان ناچێ لەبەر هێندێ زروفی تایبەتی خۆمان لێرە و هەروەها زروفی ئێوەش لەسوریا ناتوانین نوێنەر بۆ ئەو کۆنگرە بنێرین، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ نەزەری برایانەمان هەیە کەهیوادارین بێ سوود نەبێ:

شعارێکی سەرەکی کەبۆ کۆنگرەتان هەڵبژاردووە، گومانی تێدا نییە کەشعارێکی پێشکەوتوانە و پیرۆزە، بەڵام ئایا باشتر نییە کۆنگرە لەژێر شعاری دیموکراتی و وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیەکانی گەلی کورددا ببەسترێ، تا بتوانێ زیاتر کۆمەڵانی خەڵک لەدەورەی حیزب کۆ بکاتەوە؟ بەبڕوای ئێمە گرنگترین ئەرکی سەرشانی هەموومان لەهەلومەرجی ئێستادا ئەوەیە کەلەناوخۆدا هەوڵ بدەین هەرچەندە پتوانین کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای حیزبەکانمان رابکێشین و ناکۆکی و دووبەرەکی لەناوبەرین، لەدەرەوەش هەوڵ بدەین بۆ راکێشانی پشتیوانی و دۆستایەتی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوەکان و بەتایبەت حیزب و رێکخراوە نیشتمانیەکانی کورد.

پێشنیاری دووەمی ئێوەش بەپێی ئیمکان جێ بەجێ کرا.

جارێکی تر سەرکەوتنتان بەئاوات دەخوازین.

بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)

یارمەتی شۆڕش بەکوردەکانی کوردستانی ئێران

پاش کۆنفرانسی سێیەمی حیزب و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی، چەند کەسی کوردی ئێرانیْ کەپێشتر هاتبوونە کوردستانی عێراق و ڕەگەڵ برادەرانی حیزبی کەوتبوون و یەک دوو کەسیان هاتبوونە بەغدا و ببوونە پەناهندە، لەکوردستان لەمەڵبەندی شۆڕش کۆببونەوە و دژی حیزبی دیموکرات هەڵدەسوڕان، بەشی پاراستنی شۆڕش بەئاگاداری چەند کەس لەڕێبەرانی شۆڕش لەگوندی (ئێندزێ) دانیابوون و پارە و خواردەمەنی و کەلوپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی خستبوونە بەردەست و لەژێر چاودێری کاک خالیدی حسامی کاریان دەکرد و دژی حیزبی دیموکرات بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە، هاتووچۆ و تێکۆشانی ئێمەشیان بەساواکی ئێران ڕادەگەیاند بۆ نموونە لەبەیاننامەیەکدا کەبەناوی (کۆمیتەی کاتی حیزبی دیموکرات) بڵاویان کردبۆوە، ژمارەی ترومبێلی منیان نووسیبوو کەهاتووچۆی کوردستانم پێ دەکرد، ئەو ڕۆژانەیان نووسیبوو کەچوومە سولێمانی و قەڵادزە، ئەوەیان ناو نابوو خەبات بۆ کوردایەتی و سەیر ئەوەبوو هێندێ لەکادرەکانی پارتی و دەوروبەری پاراستن بەیاننامەکانیان بۆ بڵاو دەکردنەوە، (هەروەک ئێستا کەچەند کەسی بەرەڵا بەناوی کوردایەتی پاسپۆرتی دیپلۆماسی و پارە گۆڕینەوەی من بڵاو دەکەنەوە).

بۆ ڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٣دا ئەم نامەیەی بۆ سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نارد کەوا دەقی نووسراوەکە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ١٢٣

بۆرۆی سیاسی رۆژ: ١٩٧٣/١/٢٥

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

وێنە بۆ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی

برایانی بەڕێز سلاوێکی برایانەتان پێشکێش دەکەین

بەپێویستمان زانی ئەو مەسەلانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو و داواتان لێ بکەین بەگیانێکی برایانە و بەجۆرێك کەقازانجی خەباتی گەلی کورد هەردووك حیزبمانن بپارێزێ لێی بکۆڵنەوە و جێ بەجێی بکەن.

١- لەبارەی ئەو چەند کەسانەی کەلەناو شۆڕشدا ماوەیەك لەژێر چاوەدێری هێندێ لەکاربەدەستانی شۆڕش لەدژی حیزبی ئێمە هەڵدەسووڕێن برایانی ئێمە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی باسیان کردوە، بەداخەوە لەو ماوەیەدا نەك هەر پێشگری لەهەڵسووڕانی تێکدەرانەی ئەوانە نەکراوە، بەڵکو ئەوەندەشیان ماوە دراوەتێ و تەنانەت یارمەتیشیان پێکراوە کەلەدژی حیزبی ئێمە بەیان بڵاو بکەنەوە، بێجگە لەوەی گومان لەوەدا نییە کەسازمانی ئەمنییەتی ئێران لەلاوەڕا دەستی لەوەدا هەیە و دەیەوێ لەم رێگایەوە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەکوردستانی ئێران بشێوێنێ، ناتوانین گومانیشمان لەوەدا هەبێ کەئەوڕۆ لەناوچەی شۆڕش بەبێ رەزا و ئیجازەی کاربەدەستانی شۆڕش هیچ کەس ناتوانێ جوڵانەوەی سیاسی و یا تێکدەرانەی هەبێ و بەیان و چاپەمەنی بڵاو بکاتەوە، بەتایبەتی لەدژی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەدۆست و برا و هاوبیر و هاوئامانجی پارتیە و لەسیاسەت و تێکۆشانی خۆی دا هەمیشە قازانجی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی لەبەرچاو گرتووە.

لەکاتێکدا ئێمە دڵنیاین کەتێکدەری چەند کەسێکی نەزان و بەرەڵا ناتوانێ بەهیچ جۆر ریزی حیزبی ئێمە تێکبدا و تێکۆشانی ئێمە لەرێگای راست هەڵە بکا و

بیوەستێنێ، هەر لەو کاتەشدا لامان وایە رێگادان بەو جۆرە کردەوەی ئاژاوەچیانە لەناو شۆڕشدا لەدژی حیزبی ئێمە خزمەت بەقازانجی جولاّنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و پتەوبوونی پێوەندی نێوان دوو حیزبی ئێمە ناکا و تەنیا بەقازانجی دوژمنی هەردوک لامانە، لەبەرئەوە داواتان لێ دەکەین کەلەبارەی کردەوەی ئەو چەند کەسە هەنگاوی ئەوتۆ هەڵبێن کەیارمەتی بەپتەو بوونی پێوەندی حیزبەکانمان و ئامناجە گشتیەکانیان بکا.

٢- هاواڵ دکتۆر عبدالرحمن لەبارەی وەرەقەی عدم تعرض بۆ هێندێ هاوالآنی ئێمە کەتەنیا بۆ کاری حیزبی لەناو شۆڕش پێویستیان دەبێ لەگەڵ کاك دکتۆر محمود عوسمان قسەی کردبوو، دکتۆر محمود بەڵێنی دابوو کەلەو بارەوە یارمەتیمان بکەن، پاشان کاك مەلا رەسوڵ هاواڵی ئێمە بۆ وەرگرتنی وەرەقەکان چووبووە مەکتەبی سیاسی و لەوێشەوە حەواڵەی مەکتەبی عەسکەری کرابوو، بەداخەوە لەمەکتەبی عەسکەریەوە جۆرە وەرەقەیەك دراوە بەهاواڵی ئێمە (کەوا نموونەی لەگەڵ ئەو نامەیە بۆ ئێوە دەنێرینەوە) بەهیچ جۆر لەگەڵ پێوەندی نێوان دوو حیزبی برا و تەنانەت قسە و هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی رێکناکەوێ.

جا بۆیە تکا دەکەین بۆ ئەو ناوانەی کەدەگەڵ ئەم نامەیە بۆتانی دەنێرین وەرەقەی عدم تعرضی دائمییان بەدەمانچەوە بدەنێ کەبتوانن لەناوچەی شۆڕش کەڵکی لێوەرگرن.

دەگەڵ رێز و سڵاوی برایانە بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

پاش ئەو نامەیە و باسکردنی گیروگرفتەکان لەگەڵ نوێنەری پارتی لەبەغدا، نەك هەر پێشی گێرە شێوێنی ئەو چەند کەسە نەگیرا، بەڵکو راستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانی ناوچە دژی برادەرانمان کاردەکرا.

پایزی ۱۹۷۲ بۆ کاری حیزبی چووبوومە قەڵادزە، وەک جاران لەماڵی کاک کەریم حەداد میوان بووم، یەک دوو برادەری دیکەشم لەلا بوون، دەلای بەیانی دا تەپەیەکی توند لەحەساریێ هات، کەڕابووین دیتمان نارنجۆکیان لەحەساریێ هاویشتوە، لەبەرئەوە حەسارەکە گوڵ و سەوزی لێ کرابوو، نەختە بارانێکیش باری بوو، شوێنەکە نەرم بوو نارنجۆکەکە نەتەقیبوو، خەبەرمان دا بەحسۆ میرخان، پێشمەرگەی ئەوان شەوانە کێشکی دەکێشا و بێجگە لەپێشمەرگە کەس نەیدەتوانی شەوانە بسووڕێتەوە، پێشمەرگە هات نارنجۆکی هەڵگرتەوە، گومانمان لەوەدا نەبوو کەئەوە کاری حسۆ میرخان بوو، بێدەنگەمان لێکرد، بەڵام هەر ئەوەندە وازیان نەهێنا، شەوی پێنجی مانگی شوباتی ۱۹۷۳، جارێکی دیکەش نارنجۆکیان هاویشتە حەساری کەریم حەداد، ناچار بوو لەو خانوە بگوێزینەوە و خانوێکی شوێن قایمی پەیدا کرد، ئەو جارەش بۆ چاوپێکەوتنی هێندێ لەبرادەرانی حیزبی کەلەئێرانەوە هاتبوون چووبوومە قەڵادزە، شوێن و مەکۆی کار و چاوپێکەوتنمان هەر ماڵی کاک کەریم بوو، ئەو شەوەش نارنجۆکێکیان تووڕ هەڵدا بۆ حەسار و بەڵام لەسەربانێکی دیکە کەوت.

لەسەنگەسەر ئەحمەد عەزیز مەسئوڵی رێکخراو لەئەندامی حیزبی دیموکرات دەدا، بەدوای ئەم رووداوانەدا، بۆرۆی سیاسی لەتەئریخی ۱۹۷۳/٤/۱ ئەم نامەیەی ژێرەوەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسی:

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

برایانی بەڕێز پاش سڵاوێکی برایانە بەدوای نامەی ژمارە ۱۲۳دا کەبەداخەوە هێشتا وەڵامێکمان پێ نەگەیشتۆتەوە، بەپێویستی دەزانین جارێکی دیکەش ئەو نوختانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو و داواتان لێ بکەین بەگیانێکی برایانەی

ئەوتۆ کەببێتە هۆی پتەوتر بوونی هاوپێوەندی و برایەتی نێوان دوو حیزبی ئێمە چارەسەریان بکەن.

١- هەروەك خۆتان دەزانن ماوەیەکە لەلایەن هێندێ کاربەدەستانی شۆڕشەوە چەند کەسێکی بەرەڵا و گومانلێکراوی ئێرانی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش کۆکراونەوە و لەگوندی ئیندزە مەقەڕیان بۆ کراوەتەوە و چەکدار کراون و بۆ بەگژداچوونی حیزبی ئێمە و برادەرانی ئێمە پەروەردە و بەهێز دەکرێن و دەستیان لەپشتی دەدرێ، وای لێ هاتووە کەکاربەدەستانی شۆڕش نەك هەر کەلوپەلی چاپەمەنیان لەئیختیار دەنێن بۆ ئەوەی دژی حیزبی ئێمە بەیان بڵاو بکەنەوە، بەڵکو هێندێ لەکاربەدەستانی شۆڕش بەناشکرا تەئیدی بەیانەکانیان دەکەن، لەکاتێکدا کەئەندامانی حیزبی ئێمە لەکوردستانی عێراق بەبێ ئیجازەی کاربەدەستانی شۆڕش ناتوانن دەمانچەش بۆ پارێزگاری خۆیان هەڵبگرن، ئەو بەڕەڵایانە راستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرانی هێزی پێشمەرگە چەکیان دەدرێتێ و لەسەرانسەری کوردستانی عێراق بەچەکەوە دەسووڕێنەوە و بەپشت ئەستووری شۆڕش لەدژی حیزبی ئێمە دەدوێن.

هەرچەندە جوڵانەوەی چەند کەسێکی بەرەڵاو دەستی دەستی کەلەناو گەلی کورد و لەکوردستان بچووکترین ناو و نفوزێکیان نییە ناتوانێ خەباتی حیزبی ئێمە لاواز بکا، بەڵام ئەوە جێگای سەرنجە لەناو شۆڕش و بەهاندانی کاربەدەستانی شۆڕش ئەو کەسانە راست دەکرێنەوە و بۆ لاواز کردنی خەباتی رزگاریخوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هان دەدرێن و پشتیوانیان لێ دەکرێ.

لامان وایە ئێوە خۆتان بەروبووی تاڵی دووبەرەکی و لاواز بوونی جوڵانەوەتان چێشتوە و لەو بارەوە تاقی کردنەوەتان زۆرە و بەکردەوەش بۆتان دەرکەوتوە کەسازکردنی دووبەرەکی و جەماعەت داتاشین و تێکدانی ریزی خەباتی یەکگرتوو لەهیچ کات و دەورانێکدا یارمەتی بەپەرەگرتنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد نەکردوە و لەمەو دواش نایکا.

٢- هـەر دوا بـەدوای ئـەم سیاسـەتە لەناوچـەکانی کوردسـتان و مەڵبەنـدی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە لـەدژی ئەنـدامانی حیزبـی ئێمـە هێنـدێ ئاکـار و کـردەوە دەبیندرێن کەبەهیچ جۆر لەگەڵ گیانی برایەتی دوو حیزبی ئێمە و وەك یەك بوونی ئامانجەکانیان رێکناکەوێ.

ئەوەش چەند نموونەیەك:

الف- وێنەی نامەی نوێنەری حیزبی ئێمە بۆ کاك عەلی عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتـەبی سیاسی و مەسئوڵی لقی چوار.

١٩٧٣/٣/١٢

وێنە بۆ بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بـەڕێز کـاك عـەلی عەبـدوڵڵا لێپرسـراوی لقـی ٤ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان سڵاوێکی برایانە، هەروەکو ئاگادارن سێ بـرادەری ئێمـە بـەناوی مسـتەفا، حەمـە سـەعید، حەمەسـاڵح کـەبۆ کـاری خۆیـان چـووبوونە ناوچـەی چـوارتا، لەلایـەن کابرایـەك بـەناوی شـێرکۆ وەکـە گوێـا پێشـمەرگەیە گیرابـوون، سـەرەڕای ئـەوە کەگوتوویانـە ئێمـە ئەنـدامانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانین، بـەڵام بەشێوەیەکی غەیرە ئینسانی شێرکۆی ناوبراو خستوونیە ژێر ئەشکەنجە و ئـازار و هەروەها هێرشی بردۆتـە سـەر برادەرانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی ئێمـە و زۆر پرسیاری سەیر و بێ سەرە و بەرەی لێ کردوون کەهیچ لەکابرایەکی ئەوتۆ کـەگوێا لەناو شۆڕشدا مەسئولیەتی هەیە ناوەشێتەوە.

هەرچەند ئێمە دڵنیاین کەئەم جۆرە کەسانە لەژێر هـەر ناونیشـانێکدا بـن، نـاتوانن برایەتی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردسـتان بشێوێنن، بەڵام ئەوە جێگای داخە کەئەندامی حیزبی ئێمە لەجێیەك ئازار دەدرێـن

و سووکایەتیان پێ دەکرێ کەلیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوێدا دەسەلاتدارە.

داوایان لێ دەکەین لەچوارچێوەی لێپرسراوی خۆتاندا زۆر بەتوندی لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە و شێرکۆ ناو و شێخ قادر کەگۆیا پێشمەرگەیە سزا بدرێن.. نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەپارێزگای سلێمانی.

حەسەن ئیبراهیم پەستگار

ب- بۆ جاری دوەەم لەشەوی پێنجی شوبات دا لەقەڵادزە نارنجۆکیان لەماڵی برادەرێکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە هاویشتوە، بەڵام تا ئێستا هەروا بێ پرسین و نەتیجە ماوەتەوە و کاربەدەستانی شۆڕش بۆ دۆزینەوە و سزادانی گوناهبارەکان هیچیان نەکردووە.

ج- ماوەیەك لەمەوبەر چەند کەس لەو بەرەڵا چەکدار کراوانە لەسەنگەسەر بەگژ برادەرێکی ئێمە داچوون، ئەحمەد عەبدوڵڵا عەزیز مەسئولی رێکخراو، لەجیاتی پێ راگەیشتن و رەفتاری حیزبیانە لەگەڵ ئەندامی حیزبی ئێمە سووکایەتی بەبرادەرانی ئێمە کردووە و لێیان داون و پاشان گرتوویانن و تەحویلی هێزیان داون، لەبارەگای هێز کاك خەزالی پاش جنێو و بێ حورمەتییەکی زۆر برادەرانی ئێمە حەپس دەکات و دەمانچەیان لێ دەستێنێ و ئاژاوەچیەکانیش بەرەڵا دەکا.

د- زۆر بەئاشکرا لەناوچەی شۆڕش و تەنانەت لەدەرەوەش لەلایەن هێندێ کار بەدەستانی شۆڕش و حیزبەوە لەدژی ئێمە پروپاگەندەی بێ مانا دەکرێ و شانازی بەپەیدابوونی گۆیا دووبەرەکی لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکەن، دیارە ئەو پروپاگەندە گەیشتۆتە ئەوروپا و لەوێش مەسئولینی پارتی ئەو قسە ناڕاستانە بڵاودەکەنەوە.

برایانی بەڕێز، ئەو جۆرە ئاکارەی هێندێ لەکاربەدەستانی شۆڕش لەگەڵ ئەندامانی حیزبی ئێمە کەلەرابردوودا بۆ خزمەت بەشۆڕشی کوردستانی عێراق

لەفیداکردنی گیانی خۆشیان دڕێخیان نەکردووە، لەپێش ئەوەدا ببێتە هۆی کزبوونی خەباتی حیزبی ئێمە، دەبێتە هۆی دڵ ئێشی و دڵساردی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران لەشۆڕش و زەربە بەهاوپێوەندی و پتەوبوونی برایەتی و هاوکاری ئێمە دەدا.

ئێمە لەکاتێکدا کەهەروەک رابردوو سیاسەتی خۆمان لەسەر برایەتی و لەبەرچاو گرتنی قازانج و مەسڵەحەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پتەوتر کردنی هاوپێوەندی دوو حیزب دڕێژە پێ دەدەین، هەر لەو کاتەشدا ناتوانین ئەندامانی حیزب و گەلی کورد لەکوردستانی ئێران قانیع بکەین کەبەرابەرایەتی پارتی و شۆڕش ئاگایان لەو کردەوە ناڕەوانە و لەو ئاژاوە نانەوە و هەڵسوڕانی دژی حیزبی ئێمە نییە و لێی بێ خەبەرن، چونکە شتێکی ئاشکرایە بەبێ ئاگاداری سەرکردەیی شۆڕش و رابەرایەتی پارتی هیچ کەس ناتوانێ لەکوردستانی عێراق لەبەرەی خۆی زیاتر پێ ڕاکێشێ.

لەکۆتاییدا هیوادارین بەگیانێکی برایانە ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەن و وەڵامی نامەکانمان بدەنەوە.

ئیتر سەرکەوتنی ئێوەمان لەخزمەت بەگەلی کورد دا ئاواتە.

بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

وێنە بۆ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش ئەو نووسراوە و سکاڵا و هەرا بێ فایدەیە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش نێزیکەی ٧٠ رۆژ ئەم نامەیەی خوارەوەی وەڵام داوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسی ژمارە: ٢٧١

رۆژ: ١٩٧٣/٣/٦

بۆ/ بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

نووسراوەتان ژمارە/ ١٢٣ لە ١٩٧٣/١/٢٥ گەیشت وەبەپێویستی ئەزانین بەم جۆرەی خوارەوە وەڵامتان بدەینەوە.

وەکو جارانی پێشووش ئاگادارمان کردوون هێندێك برادەری کوردستانی ئێران لەناوچەکانی شۆڕش دەژین و هێندێکیان چەکی شۆڕشیان پێیە و ئێمە بەواجبمان زانیوە کەیارمەتی ئەوان و هەموو هەواڵێکی کوردستانی ئێران و ناوچەکانی تری کوردستان بدەین کەدێنە ناوچەی شۆڕش بەڵام ئێمە ئاگادار نین لەچالاکی ئەوان وەدەرکردنی بەیانات هەرچەندە ئەوان باسی ئەوە ئەکەن کەبیروڕایان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران فەرق و جیاوازی هەیە و ئێمە هەمیشە سیاسەتمان ئەوە بووە پشتگیری هیچ تاقمێك نەکەین کەبیەوێت ریزی پارتیەکی برادەر تێك بدات لەبەر ئەوە ئێستاش رای ئێمە وایە کەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ بدات هەموو ئەو برایانە کۆبکاتەوە بەپێی توانا هەموان بباتەوە سەر ڕێگای راستی یەکیەتی حیزب و ئیش کردن و ئێمەش لەم رووە هەموو یارمەتیەك ئەدەین.

مەوقفی ئێمە هەمیشە برایانە بووە و برایانە ئەبێت بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٢- دەربارەی ئەوراقی عدم تعرض جێ بەجێ کرا بەو شێوەیەی کەپێویست بوو لەپێش ئێستاش زۆر ئاسان بوو جێ بەجێ کردنی ئەگەر هەواڵ مەلا رەسوڵ باسی بکردایە کاتێك لەمەکتەبی عەسکەری عدم تعرضی وەرگرت و ماوەی میانی (م.ع و م.س) لەدوو دەقیقە زیاتر نیە و خۆی دانی بەوە دانا کەهەڵەی کردوە لەو کاتەدا، ئیتر بۆ پێشەوە.

مۆری مەکتەبی سیاسی

بەدوای وەلامی نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم نامەیەی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی کەوا لەژێرەوە بڵاوی دەکەمەوە:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە: ٢١٦

بۆرۆی سیاسی رۆژ: ١٩٧٣/٤/٦

بۆ/ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

برایانی بەڕێز، نامەی ژمارە (٢٧١ ١٩٧٣/٣/٦) ئێوەمان لەهەوەڵی مانگی ٤ وەرگرت و سوپاستان دەکەین، بەپێویست دەزانین لەسەر هێندێ مەسەلەی لەنامەکەتاندا باس کراوە، ڕوونکردنەوەیەك بخەینە بەرچاو.

١- ئێوە دەنووسن (هێندێك برادەری کوردستانی ئێران کەلەناوچەی شۆڕش دەژین بەواجبمان زانیوە یارمەتیان بدەین)، دیارە بەر لەهەموو شت ئێمە لەیارمەتی دانی ئێوە بەکوردەکانی ئێرانی دەبێ سوپاس بکەین، بەڵام ئەو هەقەشمان هەیە پرسیارتان لێ بکەین کەداخوا لەناوچەکانی شۆڕش هەر ئەوان دەژین کەدژی حیزبی ئێمە هەڵدەسووڕێن و یارمەتیان دەدەن یا ئەندامانی حیزبی ئێمەش لەناوچەی شۆڕش هەن؟ لەوەش زیاتر داخوا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆی حیزبێکی کوردستانی و لەپارچەیەکی تری کوردستان نییە؟ ئەدی بۆچی بەم چەشنە یارمەتی نادرێ و مەقەڕی بۆ ناکرێتەوە و نەك هەر چەکی نادرێتێ بەڵکو هێندێ لەئەندامانی لەلایەن مەسئولینی پێشمەرگەوە چەکیش دەکرێن.

٢- ئێـوە دەنووسـن ئێمـە ئاگـادار نـین لەچـالاکی ئـەوان و دەرکردنـی بـەیانات، بەراستی ئەوە خۆی جێگای سەرسوڕمانە، لامان وایـە کـەس ناتوانـێ حاشـا لـەوە بکا کەئەوڕۆ بەبێ ئیجازە و ئاگـاداری کاربەدەسـتانی شـۆڕش هـیچ کـەس بتوانـێ لەناوچەیەکی شۆڕش بەیان و نووسـراوە بڵاوبکاتـەوە، بەتایبـەتی لـەدژی حیزبێـک کەدەنووسن (مەوقیفی ئێمە هەمیشە بەرامبەر بەو برایانە بووە و برایانە دەبێت).

٣- لەبارەی (فەرق و جیاوازی بیروڕای) ئـەو تاقمـە بەرەڵایـە، وەک دەزانـن لـەناو هەموو حیزب رێکخراوێکدا جیاوازی بیروڕا هەیە، ئەوانەی کەئەندامی حیزبن تـەنگ و چەڵەمەی جیاوازی بیروڕا لەچوارچێوەی رێکخراوی حیزبدا بـاس دەکـەن و رێگـا چارەی بۆ دەدۆزنەوە، بـەڵام ئەگـەر لەچوارچـێوەی رێکخـراوی حیزبـی دەرچـوو، دەبێتە بەرەڵایی و ئاژاوەچیەتی و خزمەت بەدوژمن.

ئێوە بێ گومان چاوتان بەبەیاناتی ئەو تاقمە کەوتوە کەلەنیزیکی ئێوە دەردەچـن و بڵاو دەکرێنـەوە، داخـوا بەراسـتی مەسـەلەی جیـاوازی بـیروڕا لەسـەر خـەبات و تێکۆشانیان تێدایە؟ تازە ئەگەر جیاوازی بیروڕا و ناکۆکیش لەناو حیزبێکدا هەبێ، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین چارە کردنـی تـەنیا ئـەرکی حیزبەکـە خۆیـەتی و خـۆی دەبێ چاری بکا، ئێستاش هەرکـەس لەوانـە کـەلایان داوە، ئامـادە بـێ بەرنامـە و پێڕەوی حـزب قبـوڵ بکـا و بچـێتە ژێـر بـاری دیسـیپلینی حیـزب، حیـزب رێگـای گەڕانەوەی لێ ناگرێ.

هاوڵانی بەڕێز!

یارمەتیدانی ئەوانە کەخۆشتان دەزانن هێندێکیان خاوەنی رابردوویەکی خاوێن نین لەپێش ئەوەدا ببێتە هۆی کزبوونی خەباتی حیزبی ئێمە، دەبێتە هۆی دڵ ئێشی و دڵساردی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێـران لەشـۆڕش و زیـان بەهاوپێوەنـدی و پتەوبوونی برایەتی و هاوکاری ئێمە دەگەیەنێ.

ئێمە لەکاتێکدا کەهەروەک رابردوو سیاسەتی خۆمان لەسەر برایەتی و هاوکاری و لەبەرچاو گرتنی قازانج و مەسڵەحەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پتەوتر کردنی هاوپێوەندی دوو حیزب درێژە پێ دەدەین، هەر لەو کاتەش دا ناتوانین ئەندامانی حیزب و گەلی کورد لەکوردستانی ئێران قانیع بکەین کەرابەرایەتی پارتی و شۆڕش ئاگایان لەو کردەوە نالەبارانە و لەو ئاژاوە نانەوە و هەڵسووڕانی دژی حیزبی ئێمە نییە و لێی بێ خەبەرن.

٤- لەجێ بەجێ کردنی وەرەقەکان سوپاستان دەکەین و هیوادارین کەهاوپێوەندی و برایەتی دوو حیزبی ئێمە رۆژ بەرۆژ پتەوتر بێ و گێرە شێوێنی و ئاژاوەچیەتی چەند کەسی نەزان و بێ ئامانج و بێ بیروباوەڕ ناتوانێ زیان بەپێوەندی برایەتی ئێمە بگەیەنێ، لەگەڵ سڵاوی شۆڕشگێڕانە بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وێنە بۆ سەرۆک بارزانی.

نەورۆزی ١٣٥٢- مارسی ١٩٧٣

نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی بۆ ئێمە ساڵێکی رەش و خەفەتبار بوو، هاوڕێیەکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مەلا قادری وردی کەبۆ کاری حیزبی لەگەڵ برادەرێکی تر چووبۆوە ئێران، لەشاری بانە شەهید کرا.

مەلا قادر وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، بەرپرسی ناوچەی بانە بەچالاکی تێ دەکۆشا و خەریکی زیندووکردنەوەی رێکخراوی حیزب بوو، زستانی ١٩٧٣ جارێکی دیکە چووبۆوە ئێران و لەشاری بانە بناخەی رێکخراوی حیزبی داڕشتبوو، کابرایەکی خۆفرۆش و جاسوس بەناوی (سەلیمی خات شەرافەت) خۆی لێ نێزیک کردبۆوە و ببوە جێگای بڕوا و متمانەی مەلا قادر.

سەلیم دوو جار هاتبۆوە سولەیمانی و رۆژنامەی کوردستانی بۆ بانە بردبۆوە لەمانگی رەشەمەی ١٩٧٣دا مەلا قادر خەبەری دامێ گوتی کەسەلیم هاتۆتە

سولەیمانی و پێم خۆشە چاوت پێ بکەوێ، کەچووم سەلیم لەماڵی مەلا قادر بوو وەزعی ئێران و شاری بانەم لێ پرسی، گوتم چۆنە وا هاتووچۆ دەکەی؟ گوتی: من وەک قاچاخچی دێم و دەچم و رۆژنامەی کوردستانیش لەگەڵ خۆم دەبەم، دایکی مەلا قادری بانگی کردم گوتی: کاک کەریم نازانم بۆچی دڵم لەو کابرایە دەترسێ، ئەوە دوو جارە دێتە ئێرە، ئەگەر دەیبینم دڵم رادەچڵەکێ.

بەمەلا قادرم گوت تەنیا وەک قاچاخچی کەڵکی لێ وەرگرە و هیچ برادەرێکی دیکەی لەبانە پێ مەناسێنە.

گەڕامەوە بۆ بەغدا دوو رۆژ مابۆوە بۆ نەورۆز مەلا قادر تەلیفۆنی کرد گوتی: سەلیم هاتۆتەوە، هەلێکی باشە، محەمەد سدیق لەگەڵ خۆم دەبەم و دەچمە بانە، لەوچانی نەورۆزدا دەتوانم خەڵک زۆر ببینم.

پێم گوت: تا پاش نەورۆز سەفەر مەکە، پێویستە من ببینی جا برۆی.

بەڵام مەلا قادر لەسەر چاو پێ کەوتنی من رانەوەستابوو، سەلیمی بەدەرفەت زانیبوو رەگەڵی کەوتبوو بۆ بانە، دەگەنە شاری بانە، سەلیم مەلا قادر و محەمەد سدیقی دەباتە ماڵێک و خۆی دەچێ خەبەریان لێ دەدا، ساواکی و ژاندارم و پۆلیس دەوری دەدەن، مەلا قادر دەمانچەیەکی چاردەخۆری پێ بوو، تا دوا فیشەک شەڕ دەکا، پاشان بەگوللەی دوژمنانی گەل شەهید دەکرێ، محەمەد سدیق بەبریندارى دەردەچێ و لەماڵێکی دیکە دەرمانی دەکەن، بەڵام گیر نابێ بەنا بەڵەدی لەشار وەدەردەکەوێ و دەچێ لەسەر رێگای بانە– سەقز رادەوەستێ، لەوێ جاشی کورد تووشی دەبن و دەیگرن، محەمەد سدیقیش لەگەڵ برادەرێکی دیکە بەناوی عەزیزی مستەفا زادە دەبەن بۆ شاری سنە و مانگی نوامبری ١٩٧٣ ئەو دوو هاوڕێیەش ئیعدام دەکرێن.

مەلا حەسەنی رەستگار لەسولەیمانییەوە تەلیفۆنی بۆ کردم گوتی گیر مەبە وەرە بۆ ئێرە، خەبەر هاتووە کەمەلا قادر گیراوە، کەچوومە سولەیمانی خەبەری

کوشتنی مەلا قادر و گیرانی محەمەد سدیق گەیشتبۆوە سولەیمانی، گەڕامەوە بۆ بەغدا و مەسەلەکە لەبۆرۆی سیاسی دا باسکرا، دکتۆر قاسملۆ رەخنەی لێ گرتم کەگۆیا پەشێواوم و زۆر بەتالۆکە لەسولەیمانی گەڕاومەوە و دەبوایە لەوێ گیر بام تا بەتەواوی خەبەرم وەگیر دەکەوت.

رەخنەی دکتۆر قاسملۆ بەجێ بوو، بەراستی پەشۆکابووم، هاوڕێیەکی تێکۆشەر، برادەرێکی خۆشەویستم لەکیس چووبوو.

بۆرۆی سیاسی بەگشتی سوار بووین چووینە سولەیمانی، سەرەخۆشیمان لەدایك و خێزانی مەلا قادر کرد، وەزعێکی خەفەتبار و دڵتەزێن بوو، دەتوانم بڵێم پتر لەدوو سەعات دەگریام و خۆم پێ رانەدەگیرا، پاشان بڕیاردرا کەپرسە و سەرەخۆشی بۆ دابنێین، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ برادەرانی تر گەڕاوە بۆ بەغدا، من و کاك حەمەدەمین بۆ مەجلیسی سەرەخۆشی لەسولەیمانی ماینەوە لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ پرسە و سەرەخۆشی شەهید مەلا قادر ئەوپەڕی هاوکاری و هاوەردی و میوانداری نیشاندا، لەمزگەوتێك سەرەخۆشیان دانا، سێ ڕۆژ پێشمەرگەی پارتی شەو و ڕۆژ کێشکیان دەکێشا، یەکێك لەبرایانی بەڕپرسی لق یا کۆمیتەی شار هەمیشە لەوێ بوو، لەچەند ماڵ نان و چێشتیان بۆ میوانان ساز دەکرد، بەکورتی ئەوەی پێویست بوو لقی چواری پارتی ئەنجامی دا، لقی پێنجی پارتی لەبەغدا، یەکێتی لاوانی دیموکرات کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق نامەی سەرەخۆشیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات ناردبوو، کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بەنامەیەك سەرەخۆشی لەحیزبی دیموکرات کرد، بەڵام نەمەکتەبی سیاسی پارتی، نەکۆمیتەی ناوەندی، نەبارەگای بارزانی سەرەخۆشیان لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەکرد.

کۆمیتەی ناوەندی لەکۆبوونەوەی بەرینی خۆیدا لەمەسەلەی چوونەوەی مەلا قادر و شەهید بوونی هیچ رەخنەیەکی لەمن نەگرت، تەنیا ئەسپاردی کەلەمەودوا لەشێوەی کاری ئێراندا وریاتر و وردتر بم.

ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بێجگە لەشەهید بوونی سێ ئەندامی تێکۆشەری حیزبی چالاکی تەشکیلاتیشی تا رادەیەکی زۆر تووشی تەنگ و چەڵەمە کرد، بەدوای شەهید بوونی مەلا قادر و گیرانی محەمەد سدیق و عەزیزی مستەفا زادە برادەرانی مابوونەوە ئەو خەبەرەیان بۆ ناردین:

محەمەد سدیق بەبریندارى چۆتە مالّى (سدیقى قالە چاوشین)، شەو لەوێ ماوەتەوە، بەڵام بۆ رۆژى دووەم خاوەن ماڵەکە دەرى کردوە، ناردوویەتە مالّى جیرانێك بەناوى (حسینى حاجى سالّح) حسین کەهاتۆتەوە ئەویش دەرى کردوە، رووى کردۆتە دەرەوەى شار، تەسادوف چۆتە سەر ئەو جادەیە کەبۆ سەقز دەچێت، لەوێ چریك گرتوویانە، برینەکەى لەباسکیەتى.

گیراوەکانیش ئەمانەن:

١- ناجى حەمەسوور نانەوا.

٢- ئەنوەرى وەسمان کارمەندى بانکى صادرات.

٣- حاجى مستەغاى شافیعى دوکاندار.

٤- حەمەدەمینى وەستا عەولاى خەیات معلم.

٥- تاهیرى عەزە حاجى.

یەکى دیکە لەرۆڵە زانا و تێکۆشەرەکان بەناوى مەلا (عوسمانى میراوەیى) کەبە (جەلال) ناسرابوو، لەبانە لەکن مەلا شێخ جەلال دەرسى دەخوێند، پاش رووداوەکە رادەکا و دێتە قەڵادزە، برادەران خەبەریان دامێ کەمەلا عوسمان هاتوە، کەچووم بیبینم، سەرگوزەشتەى ژیان و خەباتى خۆى بەنووسین دامێ لەگەڵ خۆم هێنامە بەغدا، تا ئاخرى تەمەنى پڕ لەشانازى کەسالّى ١٩٨٠ لەسەردەشت بەدەستى پاسدارانى کۆمارى ئیسلامى شەهید کرا، لەدەبیرخانەى حیزبى دیموکرات مایەوە و سەرپەرشتى کارى رۆژنامە و نووسین و کتێبخانەى حیزبى گرتبوە ئەستۆ و نموونەى راستى و پاکى و جوامێرى بوو، بێجگە لەوە

جەلال بۆ کۆپی زانیاری کوردیش کاری دەکرد و بۆ هێنانەوەی شریتی فۆلکلۆر یارمەتی دەدان.

سەفەر بۆ ئەورووپا

هاوینی ساڵی ١٩٧٣ ئیجازەم وەرگرت بۆ سەردانی منداڵەکان بێمەوە بولغارستان، رۆژی ١٩٧٣/٦/٢ بەماشێن بەرەو سوریا کەوتمەڕێ، پاش ئەوەی لەئەبوو شامات لەمەرکەزی گومرگ و جەوازی سەفەری سوریا نەجاتم بوو، بەتەما بووم شەو بچمە حەڵەب، لەسەر رێگا ئەفسەرێکی سوری راوەستا بوو لێم پرسی، رێگای حەڵەب بەکوێ دایە؟ گوتی: چەند کیلۆمیتر بڕۆی رێگاکە لادەدا، منیش بۆ ئەولا دەچم سوارم کە.

کابرام سوار کرد و زۆر نەڕۆیشتبووین رێگایەك بۆ دەستی راست لای دەدا، گوتم: رەنگە ئێرە بێ.

– نا ئێرە نییە، ئەگەر گەیشتینێ پێت دەڵێم.

نێزیکەی پەنجا کیلۆمەتر رۆیشتم تەماشام کرد لەپەنا دیمیشقین، بەکابرام گوت: ئێرە دیمیشقە، بۆ درۆت کرد، مەیدانێك بوو بامداوە و کابرا گوتی راوەستە من دادەبەزم.

ئێستا پێت دەڵێم لەکوێ دەبێ دابەزی، لەسەر سەد و چل کیلۆمیتر ئاژوام.

کابرا دەستی کرد بەهەرا: رایگرە نەم زانیوە.

– تۆ درۆ دەکەی و ناپیاوی، رام نەگرت هەتا گەیشتمەوە سەر رێگای حەڵەب ئێوارە درەنگ بوو دامبەزاند و گوتم: دەبڕۆ بەخێر نەچی.

شەو چوومە حەڵەب لەهوتێلێك دابەزیم، بەیانی کەوەختەبەر هاتم، هەموو لەشم رەق ببوو، نەم دەتوانی سەر هەڵێنم، خۆ ببزێوم، شان و پیلم نەدەبزوتن،

هەرچۆنێك بێ بەزەحمەت خۆم گەیاندە حەمام، ئاوێکی ساردم بەخۆدا کرد، تۆزێ دەست و باسکم بزاوتن، کەمێك هاتمەوە سەرخۆ کەسواری ماشێن بووم فەرمانم پێ نەدەگیرا، زۆر بەکاوەخۆ هەتا گەیشتمە سنووری تورکیا لەسەر ٥٠ کیلۆمیتر دەم ئاژواند، لەسنوور تەماشای پاسپۆرت و نێو ماشێنیان کرد لەبەغداوە هێندێك نانی تەندورم لەگەڵ خۆ هێنابوو، کابرایەکی خەڵکی سەقز لەبەغدا نانی زۆر تەنك و جوان و برژاوی دەکرد، لەبەغدا جەدیدە نانمان لێ دەکڕی، کابرای گومرگ کەچاوی بەنانەکە کەوت گوتی: لەبولغاریا نانیش وەگیر ناکەوێ، لێرەوە نان لەگەڵ خۆت دەبەی.

لەچایخانەی سەر سنوور نان و چایەکم خوارد و هاتمەوە سەرخۆ، شان و پیلم گەرم داهاتن و سوار بووم کەوتمەڕێ.

سەفەری ماشێن بەتەنیایی ناخۆشە، بەتایبەت ئەگەر ڕێگا دوور بێ، بەڵام ئەگەر شریتی گۆرانی محەمەدی ماملێت پێ بێ هاوڕێیەکی باشە و ناهێڵێ وەڕەز بی، منیش لەو سەفەرەدا محەمەدی ماملێم لەگەڵ بوو، گۆرانییەکانی ئەو بەتەنیایان نەهێشتبوومەوە.

نێزیکەی سەد کیلۆمیترێك مابوو بگەمە ئانکارا، لەپڕ تەگەری پشتەوە تەقی لەو ئاژوانی خێرادا، ماشێن دەسووڕا و بەم لا و لای ڕێگادا خولی دەدا، چابوو وەرنەگەڕا، ماشینێك لەئانکاراوە دەهات، گەیشتنە راستی من و رایانگرت لەپێشدا پرسییان خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی عێراقم.

– موسوڵمانی؟

– بەڵێ موسوڵمانم.

– ئە الحمدلله (دین قارداشی)!

وەخۆ کەوتن، تەگەری زیادیم پێ بوو، دەریان هێنا و تێیان خست، یەك دوو خەیاریان دامێ و پاشان گوتیان: خێرا ماژۆ، تەگەری زیادیت پێ نییە لەرێگا دەمێنییەوە.

کەوتمەڕێ لەنێزیك ئانکارا لەهوتێلێك لام دا و شەو لەوێ سەرم کردەوە، بەیانی یەك شەمۆ چوومە ئانکارا دوکان و بازاڕ نەبوو، لەبنکەیەکی ماشێن شوشتن و رۆن گۆڕین لام دا یەکێك لەکرێکارەکان هاتە پێشێ و پرسی:

– ماشێنەکەت چی گەرەکە.

– شوشتن و رۆن گۆڕین و سرویسی تەواو.

– خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی عێراقم.

– موسوڵمانی؟

– بەڵێ موسوڵمانم.

– دین قارداشی، کارت چییە؟

– مامۆستای زانستگام لەسولەیمانی.

– من ناوم باشارە، دوازدە ساڵە لێرە کار دەکەم، ژیانێکی وام نییە، ناتوانی بم بەی بۆ عێراق و کارێکم بۆ پەیدا بکەی؟

– بۆ دەچی بۆ عێراق؟ ئەوە نییە لێرە کار دەکەی.

– بەشم ناکا، رۆژی ١٢ ساعات کار دەکەم، سەری مانگ هیچم نییە.

– باشە... هاسانە بێی بۆ عێراق ئەگەر پاسپۆرتت هەبێ.

– ئەگەر تۆ بانگم بکەی لێرە پاسپۆرتم دەدەنێ.

– هاسانە.. من دەتوانم بانگت بکەم.

– مانگی لەوێ چەندەم وەگیر دەکەوێ؟

– بەو کارەی تۆ دەیکەی، رەنگە مانگی ٦٠ دینار پەیدا بکەی.

– ٦٠ دینار...

لەبەر جۆیەوە لێکی دەداوە، دینارەکەی دەکرد بەدۆلار، دۆلارەکەی دەکرد بەلیرەی تورکیە، زۆر دەردەچوو.

گوتی: (چۆخ تەشکور ئیدەرم) شەش مانگ لەعێراق کار دەکەم لەوێوە دەچمە کوێت، شەش مانگیش لەوێ کار دەکەم، پاشان دەچمە ئالمانی رۆژئاوا مێرسیدیسێکی دەکڕم و دێمەوە تورکیا.

– بەڵێ... شەش مانگ لەکوێت کار بکەی دەتوانی دوو ماشێن بکڕی، هیچ مەچۆ ئالمان، لەکوێت هەرزانترە، من ئەو ماشێنەم لەوێ کڕیوە.

– هەر پێم خۆشە (باتتە ئالمان) ببینم.

کابرا ماشێنی برد بۆ شوشتن، لەلای راوەستام بەهاوکارەکانی دەگوت:

– عەموو من دەبا بۆ عێراق، کارم بۆ دەبینێتەوە، مەعاشەکەم ٦٠ دینار دەبێ، لەوێشەوە دەچمە کوێت.

ماشێنی گریسکاری کرد و شوشتی، گوتم یاشار تەگەرم نییە رێگام دوورە دوکان و بازارپیش نییە، چی بکەم؟

– قەی ناکا من پەیدای دەکەم.

لەگەڵم سوار بوو چووینە مالّی کابرایەك، دابەزی بانگی کرد و لەگەڵ خۆی هێنای دووکانی پێ هەڵگرت و تەگەرێکی تازەی بە ٢٠٠ لیرە لێ کڕی و پاشان گوتی: دەبێ بچین میوانی من بی.

– ناکرێ... رێگام دوورە دەبێ برۆم.

– نابێ من خەبەرم داوە لەمالّێ نان و چێشتیان ساز کردووە.

چار نەبوو چووینە مالّی یەشار، لەپێش خانووبەرەیەکی بەرزی هەشت قات دا ماشێنمان راگرت، یاشار وەپێش کەوت و دوو قات چووینە ژێر عەرزی، ژوورێك بچوك، تاریك، تاقە پەنجەرەیەکی هەبوو لەگەلّ عەرزێك و هیچ کون و رووناکییەکی تێدا نەبوو، باشخانەیەکی بچوکی میتر و نیوێك بەرین و دوو میتر درێژ، دوو منداڵی زەرد و لاواز، ژنێکی رەنگ زەرد و کز لەم ژێرخانەدا دەژیان، کەوەژوور کەوتین یاشار گوتی:

– میوانمان هاتوە، دەچێتە ئەوروپا، لەگەڕانەوەدا لەگەلّ خۆی بۆ عێراقم دەبا، لەوێشەوە دەچمە کوێت.

سەربازێك لەمالّەکەیان بوو، یاشار گوتی: ئەوە ئامۆزای ژنەکەمە، سەربازی ناتۆیە.

– یانی چی سەربازی ناتۆ؟ سەربازی تورکیا نی؟

– نا... ئەوانەی سەربازی ناتۆن، لەپێگە نیزامیەکانی ناتۆدا دەمێننەوە و مانگی ٣٠٠ لیرە وەردەگرن.

ژنەکە پرسی: عەموو تورك نییە، چونکە تورکی باش قسە ناکا.

– نا... ئەز کرمانجم، ژنەکە گوتی: ئەزیش کرمانجم، خەلّکی حەکاریم... لێ کرمانجی نەزانم، دایك و بابم زەمانی مستەفا کەمال لەکوردستان دوورخراونەوە، من لەنێو تورکان ناچار بووم بەتورکی قسە بکەم، کوردی نازانم ئێستا دایك و بابم چوونەوە کوردستان، من لێرە شووم کردوە، ئەو سەربازەش پزمامی منە ئەویش کوردی نازانێ.

نانێکی خۆشی ساز کردبوو، نانمان خوارد و رووم کردە یاشار پرسیم:

– مـن لـەعێراق بیسـتوومە، رۆژنامـەش دەیاننوسـێ کەلـەتورکیا هـەموو رۆژێ خوێنـدکاران لەزانسـتگا و لەشـەقامەکان کۆدەبنـەوە و لەشـارەکان خۆپیشـاندان هەیە، ئەوانە چییان دەوێ و دەڵێن چی؟

– ئەوانـە ئەنارخیسـتن، لەدەوڵـەتی ڕووس پارەیـان وەرگرتـوە کۆمارەکـەمان لێ بڕوخێنن، ئەوانە کۆمۆنیستن.

– یاشار مـن نـازانم، بـەڵام وەک ڕۆژنامـەکان دەنووسـن ئەوانـە نایانـەوێ کۆمـاری تورکیا بڕوخێنن، ئەوانە دەڵێن: لەتورکیا فەقیر و هەژار زۆرە، کار وەگیر ناکـەوێ، کرێکار مەعاشیان کەمـە، دەڵـێن: بۆچـی کابرایـەک لەکۆشـکی ئـاوا بـەرزدا بـژی و خاوەنی ئەو کۆشک و تەلارە بێ، بەڵام تۆ لەژێرخانی ئەم کۆشکەدا جێگات وەگـیر نەکەوێ؟ بزانە منداڵەکانت خۆر نابینن، بۆیە ڕەنگیان وا زەردە، ئەوان دەڵێن: بـۆ دەبێ کرێکاری تـورک لـەتورکیا کاریـان وەگیر نەکـەوێ، ناچـار بـن بـۆ کـار بچـنە وڵاتانی دیکە، ئەوانە نەکۆمۆنیستن نەپارەیان لەڕووس وەرگرتوە، ژنەکە گوتی:

عەموو ڕاست دەکا، بەسەریاندا وێران بـێ، لـەو ژێـر عـەرزەش دەیانـەوێ دەرمـان بکەن، کەس کاری وەگیر ناکەوێ، شتومەک ئەوەندە گرانە لەکڕین نایە.

پـێم خـۆش بـوو، لەئاسـت تـەبلیغاتی حکومـەتی تورکیـا و شـۆڤێنیزمی تـورک دڕ دۆنگیم خستبوونە ناو، لەنێو خۆیاندا تووشی دم بەدمە ببوون، هـەر لـەو کاتەشـدا هەم زگم بەکورد دەسووتا کەچی لێ قەوماوە و منداڵی کورد ناتوانێ بەزمانی خۆی قسە بکا، هەروەها زگم بەدواکەوتوویی وهەژاری زەحمەتکێشـانی تـورک دەسـووتا کەوا بەهاسانی فریو دەدرێـن، ڕەخنەشـم لـەخۆم دەگـرت کەبۆچـی ئـەو کابرایـەم بەتەما کردووە بیبەم بۆ عێراق.

هەستام مانّاواییم کرد و کەوتمەڕێ، ماشێنەکەم لەهـەموو بارێکـەوە سـاز و تـەیار بوو، لەڕێگا لەچایخانەیەک لام دا، جێگایەکی خۆش و ئاوەدان و خەڵکێکی زۆری لێ

بوو، لەسەر مێزێك دانیشتم و داوای چاییم کرد، سێ گەنجی تورك لەسەر مێزەکەم بوون، پرسیان خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی عێراقم.

– موسوڵمانی؟

– بەڵێ موسوڵمانم.

– لەعێراق پارتی کۆمۆنیست هەیە؟

– بەڵێ هەیە، هەرسێك بەجارێك دەستیان لەئەژنۆیان دا و گوتیان:

– دینەکە لەوێش فەوتا، لەوڵاتێك کۆمۆنیست هەبێ، دین نامێنێ.

کەوتمەڕێ و شەو گەیشتمە ئەستەنبوڵ، بەیانی گەیشتمەوە سۆفیا، لەسۆفیا گێر بووم تا منداڵەکان دەرسیان تەواو بوو، هەوەڵی مانگی گەلاوێژی ١٩٧٣ لەگەڵ منداڵەکانم گەڕامەوە بۆ عێراق.

لەرێگا لەیەکێك لەشارەکانی تورکیا لەپێش دوکانێك راوەستاین میوە بکڕین، کابرای دوکاندار پرسی:

– ماڵت لەکوێیە؟

– لەبولغاریا، لەسۆفیا دەژیم.

– چۆن دڵت دێ ئەو منداڵە جوانانە لەوڵاتی کۆمۆنیستی رابگری؟

– ئاخر ئەوە لەوڵاتی کۆمۆنیستین بۆیە وا جوانن، نابینی چەند زیندوو و ژیرن.

لەنێزیك ئانکارا ماشێنەکەمان لەرێگای لای دا و شاسی شکا، ئێوارە بوو دامابووین، منداڵەکان زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوون، مینی بوسێك هات ماشێنەکەیان بۆ هێنامەوە سەر رێگا و بەحەفتا لیرە رایانکێشا تا ئانکارا.

بردیانە پێش سرویسێك و کابرا گوتی: بەیانی چاکی دەکەینەوە، شەو لەهوتێلێك حەساینەوە، رۆژی دوایی ماشێنەکەمان چاکراوە و کەوتینەڕێ، شەو چووینە ئەدەنە، شەو درەنگ بوو هوتێلێکمان دۆزیەوە، خزمەتچییەکانی کورد بوون ژوورێکیان داینێ، هەوەڵ پرسیار ئەوەبوو، کرمانجن؟

– بەڵێ کرمانجین، خەڵکی کوردستانی عێراقین.

– سترانی محەمەد عارف جەزراویتان لەلا نییە؟

شریتێکی عارف جەزراویم پێ بوو، دامێ، گەلێك سوپاسیان کرد و خزمەتێکی باشیان کردین.

دەمانویست بچینە بیروت بەڵام سوریا ڕێگای نەدا ناچار شەو چووینە لازیقیە ڕۆژی دوایی چوینە شام و دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، پاشان چوینەوە بەغدا.

لەماڵی مام جەلال

پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ برایم ئەحمەد و مام جەلال ئیتر وازیان لەنێوی پارتی و شەڕی پێشمەرگایەتی هێنابوو، مام جەلال لەبەغدا دانیشتبوو، ڕۆژێك دکتۆر قاسملۆ گوتی: مام جەلال بانگێشتنی کردووین، دەچین کاك هەژاریش لەگەڵ خۆمان دەبەین و ئاشتیان دەکەینەوە، ئێوارێ من و مامۆستا هێمن و کاك حەمەدەمینی سیراجی و مامۆستا هەژار و دکتۆر قاسملۆ چووینە ماڵی مام جەلال، وەك لەبیرم بێ لام وایە لەلای شارع فەلەستین دادەنیشت.

بەخێرهاتنێکی گەرم و دۆستانە و میوانداریەکی کوردانە، دەستکرا بەخواردنەوە و هەروەك باوە لەگەڵ خواردنەوەی ویسکی باسی سیاسیش هاتە گۆڕێ، مام جەلال ئەو دەم مانیوستێکی تۆخ بوو، بۆ مانیوستیش باسی گرینگ پەلاماردانی یەکێتی سۆڤیەتی و ڕەخنە لەکۆمۆنیستەکان بوو، من وەدەنگ هاتم، هەڵوێست و

بۆچوونی مائویستیم بەچەوت دانا و باسم لەسەر کرد، تازەش کتێبی (کاروانی شەهیدان) بڵاوببۆوە، باسەکەمان توند بوو، مام جەلال گوتی تۆش کتێبت نووسیوە، نەتوێراوە بەئاشکرا مەلا مستەفا تاوانبار بکەی کەسولەیمانی موعینی کوشتوە، نەکەی جارێکی تر کتێب بنووسی.

گوتم: یەکەم کتێبەکەی من لەلایەن حیزبەوە بڵاوکراوەتەوە، نێوەرۆکی لەلایەن بۆرژی سیاسییەوە پەسند کراوە، دووهەم باسی کوشتنی سولەیمانی موعینی کراوە تەنیا ناوی مەلا مستەفا نەهاتوە، سێهەم هەق نییە تۆ باسی کتێب نووسین بکەی چونکە خۆت سەد و هەشتا دەرەجە بات داوەتەوە، لەچاپی کوردی (کوردایەتی)دا مەلا مستەفات شتۆتەوە و نەت هێشتووە، بەڵام لەچاپی عەرەبیەکەدا هەر باست نەکردووە.

باسەکەمان توند بوو وەک هەموو دم بەدمەیەکی کوردەواری بەتوند قسەمان دەکرد، مامۆستا هەژار وەدەنگ هات گوتی:

بابم راوەستن، وەک کاک کەریم قسە دەکا ملی باریکە لەوانەیە رەگی ملی بپچڕێ، ژن و منداڵەکانیشی لێرەن، جارێ با وەسیەت بکا پاش خۆی منداڵەکانی بنێرینەوە بولغارستان، یا بچنەوە نەغەدە.

باسەکەمان بەگاڵتەی کاک هەژار دوایی هات، تا ساڵی ١٩٨١ مام جەلالم نەدیتەوە، ساڵی ١٩٨١ کەلەگەڵ کاک عەزیز محەمەد هاتبوە دۆڵی دیموکرات و میوانی حیزبی دیموکرات بوو، شەوێ پاش نان خواردن و دانیشتنێکی درەنگانە، من و مام جەلال و کاک عەزیز محەمەد چووینەوە ژوورەکەی ئەوان، تا سەعات سێی نیوەشەو دانیشتین و باسی زۆر مەسەلەمان کرد، مام جەلال زۆر گۆڕابوو، رەخنەی لەهەڵوێستی ماوەیەکی رابردووی خۆی دەگرت و قسەکانی جێگای هومێد بوو، خۆش ئەوە بوو زۆژی پێشتر ئێوارەیەک کۆبوینەوە و برادەران پرسیاریان لەزۆر بارەوە لەمام جەلال دەکرد، مام جەلال گوتی: کورد سەردەکەوێ، گومانم نەماوە

کورد ئەمجارە سەردەکەوێ، دکتۆر قاسملۆ گوتی: ئەوە چییە مام جەلال دەڵێی خەونت دیوە.

مام جەلال گوتی: خەونم نەدیوە، بۆ هەوەڵ جار ئەمن و کاک کەریمی حسامی دەگەینە یەک و بۆچوونمان وەک یەکە.

مەسەلە ئەوەبوو وتارێکم بۆ (کوردستان) ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان نووسیبوو، مام جەلال لەژمارەی دواییدا لەژێر ناونیشانی (کاک کەریمی حسامی چاکی بۆ چووە) وتارێکی بڵاو کردبۆوە.

ئەو ماوەی منداڵەکانم لەبەغدا بوون سەفەرێکی کوردستانمان کرد چەند رۆژێکی لەکۆیە میوانی مەلا رەسووی بووین، پاشان چووینە سولەیمانی سەری منداڵەکانی مەلا قادری شەهیدمان دا و چەند رۆژێک لەسولەیمانی بووین، ئەو سەفەرەمان یەکێک لەو سەفەرە خۆشانە بوو کەئێستاش منداڵەکان لەبیریان ناچێتەوە.

گەڕاینەوە بۆ بەغدا کودیتای ناظم گزار کرا، هەڵدراوسێ مالّی ئێمە شەو بوو بەتەقە، دکتۆر سوڵتانی وەتەمیشی دەگریا و دەیگوت: تێداچووین هیچمان دەرناچین، منداڵەکانی من دەچوونە دەرێ و دەهاتنەوە ژوور بەدکتۆر سوڵتان پێ دەکەنین لەمامۆستا هێمنیان دەپرسی: ئەوە بۆ دەگرێ؟ مامۆستا هێمن دەیگوت: زۆری خواردوە زگی دێشێ.

شایانی باسە کەئەو دکتۆر سوڵتانە لەسۆفییتەوە هاتبۆوە بەغدا و ببوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بۆرۆی سیاسی، پاشانیش بەبیانووی سەفەر بۆ سەردانی منداڵەکانی گەڕاوە بۆ سۆفیەت و ئێستاش نەمان دیتەوە.

گێڕەشێوێنی لادەران

پاش ناردنی ئەم یادداشت و نووسراوانە بۆ مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی کابرایەک بەناوی (سابیرە لوتە) کەلەگەڵ تاقمی مەلا سەید رەشید کەوتبوو، هاتبوە کۆیە و بەبرادەرانی گوتبوو کەپەشیمان بوومەوە و هاتووم وەرم بگرنەوە

و دێمەوە نێو حیزب، من خەبەرم دانێ وەزعی خۆی بنووسێ، رووبی بکاتەوە لەکوێ بووە، بۆ رۆیشتووە، ئێستاش بۆ دێتەوە نێو حیزب؟

سابیر لەچەند لاپەڕەدا نووسیبووی چوومەوە ئێران لەوێ گیراوم، ساواک لەسەردەشت داوای هاوکاری لێ کردووم، بۆ ئەوەی نەمگرن بەڵێنم پێداون کەهاوکاربیان بکەم، پاشان رامکردوە چوومە لای مەلا سەید رەشید و خالیدی حسامی و عەولای مەحمود ئاغای ئالانی و ئەوانی تر، کەزانیومە بەشی پاراستنی شۆڕش دژی حیزب هانمان دەدا، بەجێم هێشتوون و هاتووم پەشیمان بوومەوە.

خەبەرم دایە جارێ با لەکۆیە یا لەسەنگەسەر بێ هەتا دێم چاوم پێ دەکەوێ، پاش چەند رۆژ چوومە کۆیە سابیر هات، گوتی چەند کەسی دیکەشم پەشیمان کردوونەوە هاتوونە سەنگەسەر، دەیانەوێ چاویان بەتۆ بکەوێ.

گوتم باشە... تۆ بچۆوە لای ئەوان بەیانی دێمە سەنگەسەر و لەگەڵیان دەدوێم، سابیر رۆیشت تومەس بەرنامە و نەخشەیان ئەوە بووە کەمن بگرن و لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ گوندی (ئێندزە) کەلەوێ مەکۆیان هەبوو، سابیر سێ کەسی دیکە لەگەڵ خۆی دەهێنێ و لەسەر رێگای رانیە- کۆیسنجاق خۆ مات دەکەن و چاوەڕوانی من دەبن، من ئەو رۆژە نەچووم بۆ قەڵادزە، بەڵام (ئەحمەد نەستانی) لەگەڵ برادەرێکی دیکە دەچن بۆ قەڵادزە، سابیر و هەڤاڵەکانی پێشی ماشێن دەگرن و تەماشا دەکەن ئەز لەماشێن دا نیم، ئەحمەد نەستانی دەبینن، کەدەزانن ئەحمەد ئاشکرایان دەکا دەیهێننە خوارێ و زۆری لێ دەدەن و دەیبەن بۆ (ئێندزە)، رۆژی دوایی کەچوومە قەڵادزە خەبەرم زانی کەئەحمەدیان گرتووە، گەڕامەوە بۆ بەغدا و دەفتەری سیاسی ئەم نامەیەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات نووسی کەوا دەقی نووسراوەکە بڵاو دەکەمەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) ژمارە: ٢١٩

بۆرۆی سیاسی رۆژ: ٧٣/٥/٢٠

بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق)

وێنە: بۆ سەرۆك بارزانی

بەدەرفەتی دەزانین بەو بۆنەوە سلاوێکی گەرمی برایانە پێشکێش بەئێوە و هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بکەین.

برایانی بەڕێز:

لەبەرئەوەی ئێمە هاوکاری نێوان حیزبی خۆمان و حیزبی ئێمە و بەهێزکردنی پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ حیزبەکەتان بەقازانجی ئێستا و پاشەڕۆژی هەردوو حیزب و جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەزانین، پێمان خۆشە هەر چەشنە گیروگرفتێك لەپێوەندی نێوان حیزبەکانماندا بێتە گۆڕێ بەئاشکرایی لەگەڵتان باس بکەین و هەوڵ بدەین رێگای چارەسەرکردنی بۆ بدۆزینەوە، بۆیە سەرنجی ئێمە بۆ ئەم نوختانەی خوارەوە رادەکێشین:

١- ماوەیەك لەمەوبەر لەبارەی ئەو چەند کوردە ئێرانییەوە کەدژی حیزبی ئێمە دەجوڵێنەوە نامەیەکمان بۆ ئێوە نووسیبوو، هەرچەند تا ئێستا وەڵامی ئەو نامەیەمان بەرەسمی وەرنەگرتووە بەڵام بەڕێز کاك سامی نەزەری مەکتەبی سیاسی لەوبارەوە بەئێمە راگەیاند و زۆرمان پێ خۆش بوو کەبڕیارتان داوە مەجالی تێکۆشانی سیاسی بەوانە نەدەن و هیوامان وایە ئەو هەڵوێستە راستییە درێژەی هەبێ.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستە ئوسوڵییە لەلایەکی ترەوە دەبینین کەرۆژ بەرۆژ زیاتر چەك و ئیمکاناتیان دەدرێتێ، کاری ئەوانە گەیشتۆتە جێگایەك کەئەم دواییانە بەئاشکرایی دەست درێژی بۆ سەر برادەرانی ئێمە دەکەن، رۆژی هەشتی

ئـەم مانگـە برادەرێکـی ئێمـە بـەناوی ئەحمـەد نەسـتانی لەکۆیـەوە بـەرەو رانیـە کەوتۆتە رێگا و لەنێوان کۆیە و رانیەدا بـێ سـەر و شـوێن بـووە، پـاش چـەند رۆژ ئاگادار بووین کەئەو لادەرانە لەگوندی بێستانە رفاندوویانـە و بردوویانەتـە بنکـەی خۆیان لەگوندی (ئێندزە) پاش چەند رۆژ لێدان و ئازاردان لەشـەکەتی و کەلـەلایی هێناویانەتـەوە قـەڵادزە، هـەروەها دوو رۆژ دواتـریش لەشـاری کۆیـە کەچـەند کەسێکیان لەوێ و حەوت، هەشت تەماتێکیان دراوەتێ هەوڵی رفانـدنی هـەڤاڵێکی تری ئێمەیان داوە بەڵام ئەو جارە سەرنەکەوتن.

بۆیە زۆر بەئیسرارەوە داواتان لێ دەکەین کەرادەیەك بۆ جوڵانـەوەی ئـەو لادەرانـە دابنێن و ئەوانەش بەتونـدی سـزابدرێن کـەبرادەر ئەحمـەد نەسـتانییان رفانـدووە، پێویستە ئەوەش بگوترێ کەئەو برادەرەی ئێمە هەر لەعێراق چەند کەسێك خزم و نێزیکی خـۆی هـەن و هێندێکیشـیان ئەنـدامی حیـزب نییـە، جـا ئەگـەر ئێـوە لـەو بارەوە هەنگاوی کاریگەر هەڵنەهێنن زۆر مەترسـی ئـەوە هەیـە کەهێنـدێ شـتی وا بقەومێ کەئێمە نەبەرگریمان پـێ دەکـرێ و نـەدەتوانین مەسئولیەتەکەشـی قبـوڵ بکەین.

٢- هەرچەند ئێمە زۆرجـار داوامـان کـردووە کـەکۆتایی بـەگرتن و ئـازاردانی ئێمـە بهێنرێ بەڵام بەداخەوە دەبینین ئەم جۆرە رەفتارە ناوبەناو لەلایـەن لێپرسـراوانی پێشمەرگەوە دووپاتە دەکرێتەوە، رۆژی ١٩٧٣/٥/٨ سێ برادەری ئێمە لەناوچـەی پشتەر بەناوی مەلا رەحمـانی فـاتحی ئیمـامی گونـدی شـۆڕان و سـەید رەسـوڵ، سـەید حەمـەد و ئۆمـەرە سـووتاو بەسـەردان چـوونە گونـدی سـونێ کـاك حەسـۆ میرخان مەفرەزەی ناردوونە سەر و بەبەندی هێناویانن بۆ دەربەندی بێلولە، پـاش چوار رۆژ راگرتن کەلقی چواری پارتیش بروسکەی ناردوە بەریان داون، بەڵام پاش چەند رۆژ سەرلەنوێ گرتوویانننەوە بێ ئەوەی هیچ سووچ و تاوانێکیان هەبێ، بۆیە جارێکی تر داواتان لێ دەکەین کـەکارێکی وا بکـەن لـەوە زیـاتر ئەنـدامانی حیزبـی ئێمە نەکەونە بەر گرتن و ئازاردان.

برایانی بەڕێز بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە لەپاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەتایبەتی دوای کۆنفرانسی سێهەمی حیزب لەحوزەیرانی ١٩٧١دا بەهەموو توانایەوە هەوڵی داوە و هەوڵ دەدا کەسەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێك باشترین پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ حیزبی ئێوە رابگرێ، بەڵام با ئەو راستیەش بگوترێ کەئەرکێ پاراستنی ئەو پێوەندییە بەتەنیایی لەسەر شانی حیزبی ئێمە نییە، بەشێکیشی دەکەوێتە سەر شانی بەڕێوەبەرایەتی پارتی بەتایبەتی کەئێستا پارتی ئیمکاناتێکی زۆری هەیە و لەبەشێکی کوردستاندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هیوادارین لەهەردوو لاوە هەوڵ بدرێ بۆ بەهێزکردنی پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری هەردوو حیزب و ئەو تاقیکردنەوە تاڵەی لەبارەی حیزبەکان و جوڵانەوەی بەشەکانی تری کوردستانەوە لەرابردوودا رووبداوە جارێکی تر دووبارە نەکرێتەوە.

لەگەڵ سڵاو

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان

(ئێران)

ماوەیەك پاش نووسینی ئەو نامەیە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم نامەیەی ژێرەوەی لەوەڵام دا نووسیبوو کەوا بڵاوی دەکەمەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە: ٧٣٢

مەکتەبی سیاسی ڕۆژ: ١٩٧٣/٦/٦

بۆ: بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێز

نووسراوتان ٢١٩ ١٩٧٣/٥/٢٠ گەیشت وەئێمە لێرەوە قسەمان لەگەڵ هەڤاڵتان مەلا رسوڵ کردووە بۆ وەڵامی نوسراوەکەتان ئەم خاڵانەتان بۆ دەنووسین:

١- پێش ئێستا وەڵامی نوسراوەی ئێوە کەدەربارەی جوڵانەوەی هێندێك کەس دژی حیزبتان نووسرابوو درایەوە و ئێستا گومان نییە ئەبێت پێتان گەیشتبێت.

٢- دەربارەی گرتنی ئەحمەد نستانە تەحقیقی ورد کراوە هەرچەند ئێمە بەپێی تەحقیقات کەبرادەرتان (مەلا رسوڵ)یش دیویەتی گومانمان هەیە کەئەم شەخصە (ئەحمەد نستانە) مخلص بێت بەڵام سزای تاوانبار ئەدرێت و دڵنیابن ماوە نادرێت کاری وا دووپات ببێتەوە.

٣- دەربارەی ئەو برادەرەی کەحسو میرخان گرتبووی ئێمە هەمان رۆژ کە مەلا ڕەسوڵ هات بروسکەمان کرد و بەردرابوو و ئێمە حەسۆ میرخان و عەلی شەعبان ئاگادار ئەکەین کەهەر مشاکلێك هەبێت چارەسەری بکەن و لەمەودوا ئەو جۆرە کارانە دووبارە بنەوە.

کارەکانی تر کەباسکران لەگەڵ مەلا رسوڵ دەربارەی عدم تعرض جێ بەجێ کران و ئێمەیش وەکو ئێوە هەوڵمان داوە و هەوڵ ئەدەین کەهاوکاریمان بەهێز بێت بۆ سودی هەردوولا و بەرژەوەندی میللەتی کوردمان وەبەو رادەیەی لەتوانادا هەیە.

ئیتر بۆ پێشەوە، مۆری مەکتەبی سیاسی

ئەم نووسراوانە کورتەیەك بوون لەشێوە پێوەندی شۆڕشی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکرات لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئێمە سەبارەت بەوەزعی کوردستانی عێراق هیچی وامان نەدەکرد کەزیان بەشۆڕش بگەیەنێ، هەرچەندە لەکۆمیتەی ناوەندی دا برادەر هەبوون دەیانگوت: باشترە بچینەوە چیاکانی وڵاتی خۆمان و لەوێ خەبات بکەین و هەرچی بەسەرمان دێ با بێ، بەڵام ئەوانە هەمیشە لەکەمایەتی دا بوون، بەراستی چاومان بڕیبوە وەزعی کوردستانی عێراق و چاوەڕوان بووین بزانین چی بەسەر دێ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا خەریك

بووین تەشکیلاتی حیزبی لەئێران پێك بێنین، رۆژنامەی کوردستان دەگەیشتەوە ولآت و تەئسیری خۆی هەبوو.

لەباری چاپەمەنییەوە لەعێراق کاری زۆرمان کردبوو، رۆژنامەی کوردستان هەموو مانگێ بەرێکوپێکی دەردەچوو لەسەرانسەری کوردستانی عێراق بەباشی بلآودەبۆوە و خوێنەری زۆر بوو، رۆژنامەی کوردستان نەك هەر لەباری نێوەرۆکەوە، بەلکو لەباری رێنووس و رێزمانیشەوە لەکوردستانی عێراق کاری خۆی کردبوو، تەنانەت لەزانکۆی ئەدەبیات بەشی کوردی بەدەرس دەگوتراوە، بێجگە لەکوردستان گۆڤاری تێکۆشەر وەك نامیلکەی نێوخۆی حیزب بلآودەبۆوە، بێجگە لەئەندامانی حیزب دەدرا بەزۆر کەس لەدۆست و ناسیارانیش.

کتێبی کوردستان و کورد نووسینی دکتۆر قاسملۆ، تاریك و روون دیوانی شیعری مامۆستا هێمن، گێلە پیاو وەرگێڕانی عەبدولآی حەسەن زادە، کاروانی شەهیدان، وەرگێڕاوی کتێبی دایك (ماکسیم گورکی)، کورتە ژیان و کردەوەکانی لینین، نووسراوە و وەرگێڕانی کەریمی حسامی، چەگیڤارا وەرگێڕانی حەسەن رەزگار، بەرهەمی تێکۆشانی ئەدەبی ئەم چەند کەسە بوو کەلەعێراق لەهەلومەرجی دژواری پەنابەرایەتیدا دەژیان.

بەراستی دەتوانم بلّێم لەبارودۆخێکی دژواردا دەژیاین، بێجگە لەدکتۆر قاسملۆ کەلەوەزارەتی بەرنامەدانانی عێراقدا کاری دەکرد و مانگی ۳۰۰ دیناری وەردەگرت برادەرانی دیکە لەوەزعێکی باش نەدەژیان، بەتایبەت ئەو برادەرانەی لەکوردستان دەژیان وەزعی ژیانیان زۆر دژوار بوو، کاریان وەگیر نەدەکەوت، یا بلّێن کاریان نەدەدانێ، لەکۆیە هێندێك برادەری کادری حیزبی لەئیدارەی توتندا وەك لەوێنەکەیان دیارە حەمبالّیان دەکرد، مەسەلەی ژیان و بەڕێچوونی برادەرانی حیزبی بۆ ئێمە ببوە مەسەلەیەك و بەشێکی کار و تێکۆشانی رۆژانەی رێبەرایەتی حیزبی بەخۆوە مەشغولّ کردبوو

لەبارەگای لقی پێنجی پارتی

ئێستا کەباسی (رۆژنامەی کوردستان) هاتە گۆڕێ، بێ جێ نابێ باسێکی خۆشیش لەبەشی پاراستنی لقی پێنج بگێڕمەوە.

لەگەڵ مەکتەبی سیاسی باسکرابوو کەلەهەموو ژمارەیەکی رۆژنامەی کوردستان دە دانە بۆ بارەگای بارزانی و دە دانەش بۆ مەکتەبی سیاسی بنێرین، ٣٠٠ دانەش بۆ پارتی بدەین بەلقی پێنج کەئەو بڵاوی بکاتەوە، بڵاو دەکراوە یا دەسووتێنرا ئیتر ئەوەمان نەدەزانی، بەڵام لقی پێنج هەموو جارێ یا بەچەند مانگ جارێك پارەی رۆژنامەکانی دەدا.

رۆژێك بەیانی چوومە لقی پێنجی پارتی لەگەڵ سەیدا سالحی رەحمەتی کارم هەبوو، سەیدا نەهاتبوو، کاك کەمال محێددین لەوێ بوو، لەژوورەکەی ئەو دانیشتم، چایان هێنا، لەسەر هەڵوێستی پارتی سەبارەت بەکوردە ئێرانییەکانی دژی حیزب و هێندێك هەڵوێستی تر گلەییم کرد، کاك کەمال گوتی: هەقت نییە گلەیی بکەی، نازانی چ دەزگایەك بەسەر پارتی دا حکومەت دەکا؟ ئێستا هەرچی هەیە بەشی پاراستنە، جا بزانە ئەوانەی لەبەشی پاراستن دان کێن؟ با قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، رۆژێك بەیانی زوو کەهاتمە ئێرە، حەمە رەزا کەبەرپرسی بەشی پاراستنە لەلقی پێنج دا، بەهانکە هانك و بەپەلە وەژوور کەوت و گوتی: کارێکی زۆر گورج و بەپەلە هەیە، زوو پیاوێك ئامادە بکە بچێ بۆ سەرێ، گوتم: چییە، بۆ وا بەپەلە، چی تازە رووی داوە؟

حەمە رەزا گوتی: بەڵێ... برادەرانی ئێمە ئاگایان لەهیچ نییە، ئەو کوردە ئێرانیانەی کەلەبەغدا دەژین، لەچاپخانەی بەعس رۆژنامە دەردەکەن، هەمووی دژی ئێرانە، دژی سیاسەتی پارتیمانە، بەدزی لەکتێبخانەی بەغدا دەیفرۆشن، ئەوەتا نوسخەیەکم بۆ پەیدا کردووە پێویستە گورج هەر ئێستا بینێرم بۆ سەرێ.

رۆژنامەیەکی کوردستانی هێنا دەرێ و نیشانی دام بەڵام نەیدا دەستم، تاوێک تەماشام کرد و گوتم:

– جا کەوایە ئەگەر کەست نارد بۆ سەرێ تکایە ئەم ٣٠٠ ژمارەشی پێدا بنێرە، دوو سێ.رۆژە هاتوە هێشتا بەڕێمان نەکردووە.

– ٣٠٠ ژمارەی چی؟

– هەر ئەم کوردستانەی کەوا تۆ ژمارەیەکت پەیدا کردووە، حیزبی دیموکرات هەموو جارێ ٣٠٠ ژمارە بۆ پارتی دەنێرێ، ئێمەش بۆ مەکتەبی سیاسی دەنێرین و پارەکەشیان دەدەینێ.

کەوام گوت وەک ئاوی ساردی پێداکەی تەریق بۆوە و سەری بەرداوە و وەدەرکەوت، کاک کەمال محێددین گوتی: برام ئەوەیە بەشی پاراستن تۆ گلەیی لەچی دەکەی؟

دیسان ئیعدام

لەگەڵ شەهید بوونی مەلا قادر دوو ئەندامی حیزبیش بەناوی عەزیزی مستەفا زادە و محەمەد سدیق دەگیرێن و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەیانبەن بۆ سنە و لەوێ لەدادگا بەئیعدام مەحکوم دەکرێن، لەڕێگای تەشکیلاتی بانەوە خەبەرمان وەرگرت کەئەو دوو برادەرە لەدادگای چاو ڕێخشاندنەوەی نیزامی دا حوکمەکەیان مسۆگەر کراوە و لەوانەیە ئیعدام بکرێن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هاتە سەر ئەو باوەڕە کەنامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسێ و داوای لێ بکا کەتکایەکیان بۆ بکا بەڵکو لەئیعدام ڕزگار بن.

لەتـەئریخی ۱۹۷۳/۹/۱ بـۆرۆی سیاسـی حیزبـی دیمـوکرات نامەیـەکی بـۆ سـەرۆك بارزانی و نامەیەکیشی بۆ مەکتەبی سیاسی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق نووسی.

حەبیب محەمەد کـەریم وەك سـکرتێری پـارتی گوتبـووی دڵنیـا بـن ئێمـە هەرچـی لەدەستمان بێ درێخی ناکەین، برادەرانی ئێمە نامەکـەی سـەرۆك بارزانیـان دابـوو بەئیدریس ئەویش گوتبووی: دڵنیا بن ناهێڵین بکوژرێن.

بەڵام وادە و بەڵێنی هەر تك لا هەر قسە بوو، تەنانەت بەئێمەشیان رانەگەیانـدەوە کەچییان کردوە و نەتیجەی چ بووە.

لێرەدا دەقی نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران بـۆ مەلا مستەفا بارزانی و بۆ مەکتەبی سیاسی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق بڵاو دەکەینەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران — ژمارە: ۲۲۳

کۆمیتەی ناوەندی — رۆژ: ۱۹۷۳/۹/۱

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی

پاش سڵاو و ڕێزێکی بێ پایان:

ئاگادارتان دەکەین کەدوو کەس لەئەندامانی حیزبی ئێمە بەناوی عەزیز کوڕی حەمە مەلا شۆڕەت مستەفا زادە و محەمەد سدیق لەئێران لەدادگای نیزامی سنەدا بەئیعدام حوکمدراون و ئێستا گیانیان لەمەترسی دایە، بۆ ئاگاداریتان دەتوانین بڵێین کەئەو دوو برادەرە بێجگە لەئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تێکۆشانی هێمنانەی سیاسی هیچ تاوانێکی دیکەیان نەبوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە هاتە سەر ئەو باوەڕە کەبۆ ڕزگاری گیانی ئەو دوو کوردە بێ تاوانە کەهەر یەکەی خاوەنی پیرە دایك و باب و ژن و منداڵی زۆرن موڕاجەعە بەجەنابت بکا و داوات لێ بکا کەبۆ ڕزگاری گیانی ئەو دوو برادەرەی ئێمە لەنفوزی خۆتان کەڵك وەربگرن.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین و دڵنیاین کەوەك سەرۆکێکی کورد و باوکێکی دڵسۆز ئەوەی لەتواناتاندا بێ، بۆ نەجاتدانی گیانی ئەو دوو برادەرەی ئێمە دریغ نافەرموون.

سەلامەتی و سەرکەوتن و تەمەنی درێژتان بەئاوات دەخوازین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە: ٢٢٤

کۆمیتەی ناوەندی ڕۆژ:

١٩٧٣/٩/١

پاش ڕێز و سڵاوێکی برایانه:

بەپێویستی دەزانین پێتان رابگەیەنین کەدوو کەس لەئەندامانی حیزبی ئێمە بەناوی عەزیز حەمە مەلا شۆڕەت مستەفا زادە و محەمەد سدیق کەماوەیەک لەمەوبەر گیراون لەئێران لەدادگای نیزامی سنە بەئیعدام حوکمدراون و ئێستا گیانیان لەمەترسی دایە، بۆ ئاگاداریتان دەتوانین بڵێین کەئەو دوو برادەرەی ئێمە بێجگە لەئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تێکۆشانی هێمنانەی سیاسی تاوانێکی دیکەیان نەبووە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە هاتە سەر ئەو باوەڕە کەبۆ ڕزگاری گیانی ئەو دوو کوردە بێ تاوانە و دوو ئەندامی تێکۆشەری حیزبی داوای یارمەتی لەئێوە بکا و لامان وایە لەهەلومەرجی ئێستادا تەدەخولی ئێوە لەسەر ڕزگاری گیانی ئەو دوو ئەندامەی حیزبی ئێمە و ئەو دوو کوردە بێ تاوانە تەئسیری لەباری دەبێ.

داواتان لێ دەکەین کەبۆ ڕزگاری گیانی ئەو دوو برادەرەی ئێمە هەنگاوی پێویست هەڵێنن و ئێمەش لەنەتیجەی بڕیار و ئیقدامی خۆتان ئاگادار بکەن.

لەگەڵ ڕێز و هیوای سەرکەوتن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەداخەوە نووسراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی هیچ کاریان نەکردە سەر هەڵوێستی مەلا مستەفا و پارتی، لەڕاستیشدا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بێجگە لەمەسڵەحەتی تاکتیکی خۆی هیچی دیکەی لەبەرچاو نەبوو.

مانگی خەزەڵوەری ١٩٧٣ ئەم دوو هاوڕێیەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسنە ئیعدام کران.

کۆنگرەی سێی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کەلەمانگی سێپتامبری ١٩٧٣دا کۆنگرەی حیزب ببەستێ، بێجگە لەو برادەرانەی لەکوردستانی عێراق بوون و شیاوی ئەوە بوون کەلەکۆنگرەدا بەشداربن بڕیار درا لەئێرانیشەوە چەند برادەرێك بەشداری بکەن.

رۆژی ١٩٧٣/٩/٢٢ لەبەغدا کۆنگرە کرایەوە، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەم لەلایەن حیزبی بەعسەوە خانویەکی گەورە ئامادە کرابوو کەلەوێدا کۆنگرە ببەستین، تا کۆنگرەش تەواو دەبێ لەوێ وەدەر نەکەوین، رۆژی هەوەڵ گومانمان لێ پەیدا بوو کەئەم خانوە هەروا بەلاش بۆ کۆنگرەی حیزبی ئێمە ئامادە نەکراوە کاك حەمەدەمینی سیراجی کەتۆزێك بەنێو خانوەکەدا گەڕا، خانوی ناسیەوە، گوتی: ئەو خانوە ژەنەراڵ پەناهیان و دار و دەستەکەی تێدا دەژیان، ئیتر بۆمان روون بۆوە کەدەزگای گوێگرتن و تۆمارکردنی قسەکانی تێدایە، بەر لەوەی کۆنگرە دەست بەکار بکا چەند کەس دەستیان کرد بەپشکنینی کەلێن و قوژبنی خانوو، ئاخرەکەی دکتۆر حەسەنی شەتەوی لەچەند جێگا مەکنەتۆفۆنی دیتەوە کەلەسەر رەفعەی لەدیوار گیرابوون و خۆڵیان بەسەردا کرابوون، ناچار هەیوانێکی هەبوو کۆبوونەوەمان هێنا هەیوان و دەرگای ژوورەکانمان پێوەدا.

کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات بەسروودی ئەی رەقیب (سروودی میللی کورد و پەسندکراوی کۆماری دیموکراتی کوردستان) کرایەوە، لەپێشدا شاعیری مەزنی کورد مامۆستا هێمنی رەحمەتی بەوتارێکی کورت و جوان، وەك پیرترین ئەندامی کۆنگرە پیرۆزبایی کرد، پاشان بەشدارانی کۆنگرە ٤٩ کەس بوون، هەریەکە کتێبێکی (کورد و کوردستانیان) بەدیاری لەدکتۆر قاسملۆ وەرگرت.

پێش راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەوە باس ساز بوو کەداخوا ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتە یا کۆنگرەی دووەمە؟

دکتۆر قاسملۆ لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کەئەمە کۆنگرەی دووەمی حیزبە، هێندێ لەبرادەران لایان وابوو ئەمە کۆنگرەی سێیەمە و کۆنگرەی دووەم لەساڵی ١٩٦٤ لەسونێ گیراوە، بەتایبەت کاك ئەمیری قازی لەسەر ئەوە سوور بوو کەبڕیار و بەیاننامەکانی کۆنگرەی دوو لێرەدا بخوێنرێنەوە، ئەو پێشنیارەی کاك ئەمیری قازی بەزۆربەی دەنگ رەتکرایەوە، پاش دەنگ وەرگرتن بەزۆربەی دەنگ کۆنگرەی سونێ بەکۆنگرەی دوو ناسرا و ئەم کۆنگرەیە بوو بەکۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

پاشان مەلا عەولای حەیاکی پێشنیاری کرد کەبڕیار و بەیاننامەکانی کۆنگرەی دوو (کۆنگرەی سونێ) بەلادەری بناسرێن و رەت بکرێنەوە، ئەم پێشنیارە بەزۆربەی (٤٣) دەنگ پەسند کرا، پێشنیاری پەسند کراو بەم جۆرە بوو: کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیان و بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم بێجگە لەبەشێکی زۆر کەمیان کەلەسەر مەسایلی سیاسین رەت دەکاتەوە، بەتایبەت هێندێك هێرشی ناڕەوا و نادروست بۆ سەر کۆماری دیموکراتی کوردستان و بەشێك لەبەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزب مەحکوم دەکات.

راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیسیۆنی تەشکیلات، پاش باس و لێکۆڵینەوە بەتێکڕایی دەنگ پەسەند کران، لەکۆنگرەدا دەسەڵات درا بەمن وەك بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب دوو برادەری حیزب لەکوردستانی ئێران، بەبێ ئەوەی ناویان بێنم و بیاناسێنم بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندی پێشنیاریان بکەم، پێشنیارەکە پەسند کرا، کۆنگرە بەهەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کاری خۆی کۆتایی پێ هێنا.

بیروڕا و بۆچوون و پێشنیاری کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێیەمی حیزب

پێش دەست پێ کردنی کۆنگرە بۆڕۆی سیاسی ئەسپاردی کەلەگەڵ ئەندامانی حیزب، بەشدارانی کۆنگرە دابنیشم و بیروڕا و پێشنیاریان وەربگرم کەلەبەڵگە و نووسراوەکانی کۆنگرەدا، کەڵکیان لێ وەربگرین.

.لەکۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتەدا لەگەڵ برادەرانی حیزبی بیروڕا و بۆچوون و پێشنیاری جۆربەجۆرم یادداشت کردوون کەبێ ئەوەی پێویست بێ ناوی برادەران بێنم، بڵاویان دەکەمەوە.

– هروژمی حکومەتی تورکیا و سوریا بەرامبەر بەگەلی زەحمەتکێشی کوردستانی سوریا و تورکیا مەحکوم بکرێ.

– بیروڕای خۆمان سەبارەت بەچارەی مەسەلەی کوردستانی عێراق، بەحکومەتی عێراق و بەرەی یەکگرتوو رابگەیەنین.

– دیفاع لەزیندانیە سیاسییەکان لەرێگای رێکخراوە جیهانییەکانەوە.

هاودەردی لەگەڵ کوژراوەکانی ئێران.

– نابێ بڵێین بەتەنیا لەکوردستان شۆڕش دەکەین، ئەگەر خۆمان لەهێزە ئێرانیەکان جیاکەینەوە بەقازانجی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێرانە.

– دەورەی زیاتر بۆ ئەندامانی حیزب بکرێتەوە.

– یارمەتی بەخێزانی شەهیدان و گیراوە سیاسیەکان بکرێ.

– یەکگرتن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران بەتایبەت جەبهەی میللی ئێران.

– پتەو کردنی دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق.

– ناردنی چەند خوێندکارێك بۆ دەرەوە.

– کاری رێکخستن و تەبلیغاتی حیزب گورج و گۆڵتر بکرێ.

- هەموو ئەندامانی کۆمیتەی داهاتوو لەنێو خەڵک بن، لەعێراق بژین و کاری حیزبی بکەن.

- پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی دەگەڵ تەواوی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی دژی رژێم لەئێراندا.

- بەهەموو تواناوە هەوڵ بدرێ بۆ زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی لەوڵاتدا.

- هەڵبژاردنی کادری حیرفەیی و مسۆگەر کردنی ژیانیان.

- هەوڵدان بۆ چاپخانەیەکی حیزبی.

- بێجگە لەبۆرۆی سیاسی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی داهاتوو لەکوردستان بن و لەگەڵ ئەندامانی تر بژین.

- ئەوانەی پاش کۆنفرانسی سێیەم لەحیزب لایان داوە، دەربکرێن.

- پاش تەواو بوونی وەعدەی بەیانی ١١ی ئازار، حیزب لەئێراندا شۆڕشی چەکدارانە دەست پێ بکات.

- دامەزراندنی تەشکیلاتی حیزبی لەنێو یەکێتییەکانی کرێکاری و پیشەیی دا.

- رێگا نەدرێ بیروباوەڕی دژی ئیسلام لەنێو ئەندامان و خەڵکدا بڵاو بکرێتەوە.

- کۆنگرە بۆ هەموو جوڵانەوەکانی رزگاریخوازی، بەتایبەت بۆ گەلی وێتنام و کوبا پەیام بنێرێ.

- کۆمیتەی ناوەندی هەوڵ بدا رۆژنامەکانی زەمانی پێشەوا چاپ بکاتەوە.

- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەندامی حیزبی لەئەوروپا بۆ بەشداری لەکۆنگرە و کۆبوونەوەکانی خوێندکاری دا.

– ئەوانـە و گـەلێك وردە شـتی تـر بۆچـوون و پێشـنیاری ئەنـدامانی بەشـداربووی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات بوون، کەلەهەلومـەرجی ئەوسـادا، بـۆ حیـزب گەنجینە بوون.

پاش کۆنگرەی سێیەم

کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبـژێردراوی کـۆنگرەی سـێیەم، پـاش تـەواو بـوونی کـاری کۆنگرە کۆبوونەوەی خۆی پێك هێنا و دەبوایە لەدوو مەسەلەی گـرنگ بکۆڵێتـەوە و بڕیاریان لەسەر بدا.

یەکەم ئەوەبوو کەهەست بەوە دەکرا وەزعی عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا و لەوانەیە لـەنێوان پـارتی و حکومەتـدا شـەڕ سـاز بێتـەوە، ئـەودەم حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران دەبێ چبکا؟

دووەم– پـاش ئـەوە کەنـەمانتوانی بـوو لەگـەڵ جەماعـەتی ژەنـەراڵ پـەناهیان و مـرادی رزمـاور لـەرادیۆدا کـار بکـەین، داوامـان لـەحیزبی بـەعس کردبـوو کەبەرنامەیەکی نیو سەعاتیمان لەرادیۆدا بدەنێ، بەو شەرتەی وتار و نووسـراوە و سیاسەتی سەربەخۆی خۆمانی تێدا بڵاو بکەینەوە و کەس کۆنترۆڵی نەکات، پـاش هەوڵێکی زۆر بەعس موافەقەتی کرد بوو کەنیو سەعات بەرنامە بڵاو بکەینەوە.

لەبارەی مەسەلەی یەکەم، پاش باس و لێکۆڵینەوەیـەکی زۆر، کۆمیتـەی ناوەنـدی بەزۆربەی دەنگ بڕیاری دا کـە: ئەگـەر لەکوردسـتانی عێـراق شـەڕ هەڵگیرسـێتەوە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان، عێـراق بـەجێ بێڵـێ و بچـێتەوە ئێران و خەباتی خۆی لەکوردستانی ئێران درێژە پێ بدات، کۆمیتەی ناوەندی هەر لەئێستاوە پێویستە هەنگاو بۆ ئامادەبوون باوێژێ، ئـەم بڕیـارە بەزۆربـەی دەنـگ پەسند کرا.

لەبارەی مەسەلەی دووەم هێندێ لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەوە بوون کەحیزبی دیموکرات لەعێراق لەرادیۆدا وتار بڵاو بکاتەوە، کۆمیتەی ناوەندی بەزۆربەی دەنگ بیروڕای ئەوانی بەوشکەڕۆ دانا و بڕیاری دا لەو دەرفەتە کەڵک وەربگیرێ و دەست بکرێ بەبڵاوکردنەوەی وتار و پڕۆگرامی حیزبی دیموکرات و راپۆرتی کۆنگرەی سێیەم و شیعر و سروودی نەتەوایەتیش بڵاو دەکرانەوە، کاربەدەستانی حیزبی بەعس، یا بەشێوەیەکی دی بڵێین (موخابرات) بەهیچ جۆر لەکاری رادیۆ لەنووسین و بڵاوکردنەوە دەخالەتیان نەدەکرد و خۆیان تێهەڵنەدەقورتاند، لەئێرانەوە نامەمان بۆ دەهات و لەبڵاوکردنەوەی وتارەکان پشتیوانی دەکرا، تا سەر و بەندی رێککەوتنی شای ئێران و سەدام حوسێن بڵاوکردنەوەی وتارەکانی ئێمە لەرادیۆ درێژەی هەبوو، پاشان دایانخست.

پاش کۆنگرەی سێ دکتۆر قاسملۆ بۆ سەردانی منداڵەکانی چۆوە چیکوسلواکی لەگەڕانەوەدا لەبۆرۆی سیاسی باسی سەفەری خۆی کرد و ئەم قسانەی ئەو لەم یادداشتانە وەرگیراون کەئەودەم لەکۆبوونەوەدا نووسیومنەوە.

قسەکانی دکتۆر قاسملۆ

لەسەر سازمانی ئەورووپا نەمتوانی لەگەڵ ئەمیر تەماس بگرم، چاوم بەمحەمەدی موهتەدی کەوت، پێمگوت برادەران لەوەزعی تۆ حاڵی نەبوون، وەزعی خۆت روون بکەوە، دەگەڕێیەوە یان ناگەڕێیەوە، تەنانەت حاجیش (مەبەستی رەحمانی حاجی ئەحمەد)ە گوتی: لێی حاڵی نەبووم محەمەد دەڵێ چی.

کوردی ئێران لەئەورووپا زۆر بوون، پێشنیارم کرد لەکریسمەس کۆببنەوە و سەر و سامانێك بەکاروباری دەرەوە بدەن.

چوومە فەرانسە قەرارم دانابوو لەگەڵ پۆل (کەرۆژنامەنووسێکی فەرانسییە) لەگەڵ بنکەیەکی چاپ قسە بکەین بەڵکو بتوانین کتێبێك لەسەر کورد بنووسین، من بینووسم و ئەو تەماشای بکا، دیارە ئیمکان هەیە، یەکێك لەنووسەرەکانی (جۆن

ئەفریك)م چاو پێ كەوت لەتاران ببوو، لای وابوو وەزعی رژێم لق و لۆقە باڵیۆزخانەكانی رۆژئاوا چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێك دەكەن، دەیگوت: ناتوانین لەسەر ئێران هیچ بڵاو بكەینەوە، چونكە حكومەتی ئێران ئیعلانەكانی دەدا بەئێمە، مودیری گۆڤاری (ئێكس پرێس)م دیت، دەیگوت: كوردستان نەوتی هەیە، ئێوە لەگەڵ شیركەتەكانی نەوت پێوەندی بگرن، پێتان وانیە كەمۆنۆپۆڵەكانی نەوت لایەنگری سەربەخۆیی كورد بن؟

كامەران بەدرخان چۆتە ئێران، هەموو كوردستان گەڕاوە، ئاخرینجار ساڵی ١٩٧٠ چاوی بەشا كەوتوە، بەشای گوتوە: مەدرەسەی كورد دابنێ و رۆژنامەی كوردی بڵاو بكاتەوە، لەزانستگای تاران دەرسی زمانی كوردی بكاتەوە.

پێشنیاری كردوە كەجەمال نەبەز و نورەدین زازا بۆ مامۆستای كوردی لەزانستگای تاران بانگ بكا، شا لەوەڵامدا گوتویە: ئەگەر ئەم پێشنیارانەی تۆ جێ بەجێ بكەم، ئیمپراتۆری ئێران تێك دەچێ.

بۆیە مەلا مستەفا قەولی بەشا داوە كەلەگەڵ هەموو كەس رێك بكەوێ لەگەڵ حیزبی بەعس رێك ناكەوێ، چاوم بەمەسئولێكی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە كەوتوە.

لەبەرئەوەی بۆرۆی سیاسی بڕیاری نەدابوو كە دكتۆر قاسملۆ بچێتە فەرانسە لەشیكردنەوەی خۆیدا سەفەری قاسملۆشی بەسەفەری تایبەتی خۆی دانا و قسەكانیشی هەروەك خەبەرێك وەرگرت.

وەزعی كوردستانی عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، لەنێوان پارتی و حیزبی كۆمۆنیست دا كێشە و هەرا ساز ببوو، بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموكراتی كوردستان رۆژی ١٩٧٣/١٢/١٥ لەكۆبوونەوەی خۆیدا كەبۆ لێكۆڵینەوەی وەزعی عێراق پێكهاتبوو بڕیاری دا دكتۆر قاسملۆ بچێتە لای مەلا مستەفا و ئەو مەسەلانەی خوارەوەی لەگەڵ باس بكا:

١- ئێمە کێشەی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست بەجێگای داخ دەزانین، بەربەرەکانی و دوژمنایەتی کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندی پارتی و جولانەوەی کوردی تێدا نابینین.

٢- لەسەر خودموختاری و پێوەندی ئێران و عێراق و پێوەندی ئێران و پارتی دیموکراتی کورستانی عێراق لەگەڵ مەلا مستەفا قسە بکا.

لەگەڕانەوەدا دکتۆر گوتی: بەمەلا مستەفام گوتوە ئێران و عێراق رێکدەکەون، ئەودەم جولانەوەی کورد توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دەبێت.

مەلا مستەفا لەوەڵامدا گوتویە: ئەگەر ئەوان رێککەون، منیش لەگەڵ ئێوە رێکدەکەوم (لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان) و شەڕ دەخەمە کوردستانی ئێران و بەبیست و چوار سەعات پێشمەرگە دەگەنە سەر چەمی ئاراز.

ئەو قسانەی مەلا مستەفا کەدکتۆر قاسملۆ دەیگێڕانەوە، خەیاڵێکی خۆش و هیوای بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێکهێنابوو، بەڵام من هەر لەسەر بیروڕای خۆم بووم، کەئێران وەهای دەست خستۆتە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق زەحمەتە رێگا بدا لەگەڵ حکومەتی عێراق رێك بکەوێ، لەسەر ئەو مەسەلەیە ناکۆکی بیروڕامان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بەردەوام بوو.

رۆژی ١٩٧٣/١٢/٨ بۆ سەردانی منداڵەکانم هاتمەوە سۆفیا، سااڵی تازەی نوێم لەگەڵ منداڵەکان رابوارد، ئێوارەی شەشی مانگی ژانویەی ٧٤ دکتۆر قاسملۆ تەلیفۆنی کرد کەبگەڕێمەوە بۆ بەغدا، رۆژی ١٩٧٤/١/٩ گەڕامەوە بەغدا. کێشە و هەرای نێوان پارتی و حیزبی کۆمۆنیست درێژەی هەبوو، رۆژی ١٩٧٤/١/١٥ لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیست و لەگەڵ کاك عەزیز و کاك کەریم ئەحمەد لەسەر بارودۆخی عێراق و کێشەی نێوان پارتی و حیزبی کۆمۆنیست باسێکی درێژمان هەبوو، رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٣یش لەگەڵ دکتۆر چووینە بارەگای لقی پێنجی پارتی و لەگەڵ سەیدا صاڵح یوسفی رەحمەتی باسمان کرد و

نیگەرانی خۆمان لەناکۆکی نێوان پارتی و حیزبی کۆمۆنیست نیشان دا، سەیدا لەوەزعی پێکهاتوو فرە ناڕازی بوو، بەڵام دیار بوو هیچی لەدەست نەدەهات.

بۆڕۆی سیاسی لەکۆبوونەوەی خۆی دا بڕیاری دابوو کەکلاسێکی سیاسی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و چەند کادری خوێندەوار و تێکۆشەر بکاتەوە، من بەمەسئولی کلاسی کادر و ئامادەکردنی دیاری کرابووم.

١٩٧٤/١/٢٥ خەبەرمان زانی کەئیرەجی ئەسکەندەری و کیانوری هاتوونە بەغدا و میوانی حیزبی بەعس بوون، بەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیان گوتبوو کەدەیانەوێ چاویان بەبرادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەوێ، بەڵام حیزبی بەعس رێگای نەدابوون.

بەگوێرەی بڕیاری پێشوو رۆژی ١٩٧٤/٢/٢ کلاسی دەرس دەستی بەکار کرد، هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەشدار بوون، دکتۆر قاسملۆ لەو کلاسەدا دەرسی فەلسەفە و ئابووری سیاسی و مەسەلەی کورد و پێوەندی نێونەتەوایەتی دەگوتەوە و بەراستی کەڵکی زۆری هەبوو، کلاس ٢٥ رۆژی خایاند، رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٧ دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد: ئێستا کەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەبەغدان، مەترسی ئەوەش هەیە کەپارتی و حکومەتی عێراق بەیەکجاری تێك بچن پێویستە ئێمە باسی ئەم وەزعە بکەین و بزانین لەحاڵەتێکی ئاوادا دەبێ چ بکەین و هەڵوێستمان چ دەبێ، پێویستە بڕیاری ئاخری بدەین.

من گوتم لام وایە بۆ ئەو مەسەلەیە کۆبوونەوە پێویست نییە چونکە کۆمیتەی ناوەندی لەکۆبوونەوەی پێشوودا بڕیاری داوە ئێستا پێویستە خۆمان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە ئامادە بکەین، بەتایبەت ئەندامانی حیزب چ ئەوانەی لەکوردستانی عێراق دەژین و چ ئەوانەی لەکوردستانی ئێرانن نامە دەنووسن و داوا دەکەن کەحیزب هەڵوێستی خۆی روون بکاتەوە و لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕدا حیزبی دیموکرات چ دەکا.

زۆربەی برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لایەنگری ئەوە بوون کەجارێکی دیکەش لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە و کۆبوونەوە ساز بکرێ.

رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٨ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێکرا، دکتۆر قاسملۆ گوتی: پێویستە لەسەر بڕیاری پێشووی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی چوونەوەی رێبەرایەتی حیزب بۆ ئێران لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەکوردستانی عێراق هەڵوێستی خۆمان روون کەینەوە، پێویستە برادەران بەوردی لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە.

لێرەدا بەکورتی نەزەر و بیروڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تۆمار دەکەم کەلەکاتی کۆبوونەوەدا لەدەفتەری بیرەوەریەکانمدا نووسیومن.

مامۆستا مەلا عەولا: بەلەبەرچاو گرتنی وەزعی ئێستای عێراق، کەبارزانیش دژی جولانەوەیە لەکوردستانی ئێراندا، ئێمەش ئەو هێزەمان نییە کەهەم دژی رژێمی شا و هەم دژی بارزانی بین، باشترە بڕیاری پێشوو هەڵوەشێنینەوە.

مەلا سمایلی حاجی: ئەگەر شەڕ لەکوردستانی عێراق دەست پێ بکاتەوە ئیمکانی ئەوەمان نابێ کەلەکوردستانی عێراق بمێنینەوە، کەوابوو با بچینەوە ولاتی خۆمان و بڕیارەکەی پێشوو هەر لەجێگای خۆی بێ.

هاشمی کەریمی: ئەگەر بچینەوە ئێران و چەند مانگ خۆ رابگرین لەوانەیە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش یارمەتیمان بدەن، کەوابوو بڕیارەکان لەجێگای خۆی بێ باشترە، گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئێران رێگای یارمەتی بەشۆڕشی عێراق ناگرێ، راپەڕینی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوە کەئێران پتریش یارمەتی بەشۆڕشی کوردستانی عێراق بکا.

مامۆستا هێمن: بڕیاری پێشوو لەبارەی گەڕانەوەمان بۆ ئێران لەجێگای خۆی بمێنێتەوە، پێویستە بچینەوە ولاتی خۆمان یا لەولاتی خۆمان کار بکەین با خۆ

بەکوشت دانیشی تێدا بێ. یا وەك پیاوان دەست لەرێبەرایەتی هەڵبگرین و وەك کوردێك سەربەخۆ بژین.

مەلا رەسوڵ: موافقم ئەو قەرارە لەجێگای خۆی بمێنێتەوە ئەوەی ئێستا هەمانە ئەگەر بگەڕێتەوە وڵات خۆمان رادەگرین، وەزع باشتر دەبێ، ئەو تەشکیلاتەی ئێمە دەمانەوی لەژێر لولەی تفەنگدا نەبێ ساز نابێ، لەسەردەمی شەڕدا لەکوردستانی عێراق وا فێرکرابووین چاومان بڕیبووە شۆڕش و دەمانگوت ئەگەر شۆڕش سەرکەوێ ئێمەش دەبینە شتێك، بەڵام ئێستا لەسەرتاسەری کوردستانی عێراق شۆڕش دژی ئێمە تەبلیغات دەکا، ئیمانم بەکۆمیتەی ناوەندی و بەکادر و تەشکیلاتی خۆمان هەیە و گەڕانەوەمان تاقە رێگایە.

حەمەدەمینی سیراجی: من لام وایە دەبێ ئەو بڕیارەی پێشوو هەڵوەشێتەوە، مەسەلە ئەوە نییە مەرگی شەرافەتمەندانە لەژیانی سەرشۆڕی باشترە، مەسەلە لێکدانەوەیە، هێزی خۆ و دوژمن لێك بدەینەوە، نابێ کارێکی وا بکەین بەزیانی شۆڕشی کوردستانی عێراق بێ.

کەریم حەداد: ئێمە شەش مانگیش خۆمان راناگرین، میللەت ناڕازی نییە لەئێراندا، ناتوانین لەوڵات بمێنینەوە، کەوابوو بڕیارەکەی پێشوو هەڵوەشێتەوە.

دکتۆر سوڵتان: ئەوانەی گوتران هەمووی تەعەسوبە، ئێمە نابێ بۆ موقەدەراتێکی مەجهول بچین، چوونەوەی ئێران ئینتیحارە، موافقم بڕیارەکە هەڵوەشێتەوە.

کەریمی حسامی: ئەو بڕیارە واتە بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ ئێران ئەگەر شەڕ لەکوردستانی عێراق دەست پێ بکاتەوە، لەکۆبوونەوەی پێشوودا بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا، ئەو دەم تەنیا دوو کەس دژی گەڕانەوەی ئێران بوون، کاك حەمەدەمین و مامۆستا مەلا عەولا، ئێستا سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لێرە نین کەهەرسێکیان لەسەر گەڕانەوە بۆ ئێران پێیان دادەگرت، من لام وایە هیچ مەسەلەیەکی وا نەهاتۆتە پێش کەئێمە کۆبینەوە و دوو رۆژ لەسەر ئەو مەسەلەیە

قسە بکەین، بڕیارێکە دراوە، لام وایە دەبێ لەجێگای خۆیدا ئەنجام بدرێ، ئەگەر بمانەوێ وەک حیزب بمێنین و لەبەر یەک بڵاو نەبین پێویستە لەسەر ئەو بڕیارەی پێشوو ڕاوەستین، زۆر لەبرادەران باسی مەلا مستەفا و شۆڕشی کوردستانی عێراقیان هێنا گۆڕێ، من نازانم تاکەی ئێمە خۆمان بەپارتی و بەئەم شۆڕشەوە دەبەستینەوە، بۆ خۆمان فریو بدەین شۆڕشی کوردستانی عێراق هەوساری بەدەست ئێرانە، با بۆ جارێک دەست لەوانە هەڵگرین، بچینەوە ولاتی خۆمان خەبات بکەین و خەڵک وریا بکەینەوە.

دکتۆر قاسملۆ: نەزەردان لەو بارەوە دڕوارە، هەردووک لا دەلیلی موخالیف و موافقیان هەیە، دەلیلی هەوەڵ بۆ چوونەوە ئەوەیە کەهەر حیزبێک دەبێ لەنێو میللەتی خۆی بێ، چوونەوەمان کارێکی موسبەتە، چونکە ئێمە لەواقعیەتی ولاتی خۆمان دوورین، زۆرمان ئاگا لەولاتی خۆمان نییە.

دەلیلی دووەم ئەوەیە ساڵەهای ساڵە لەولات دوورین، دەبێ لەولاتی خۆم بم تا بتوانم قەراری ڕاپەڕین بدەم، راستە چوونەوە دڕوارە، بەڵام ئەوەش تەجروبەیەکە، ئێستا ناتوانم بڵێم بگەڕێنەوە یا نەگەڕێنەوە، نازانم سەردەکەوین یان نا، وەک قومارێکە، ریسکە، وێ دەچێ خەڵکێکی زۆر وەدوامان کەون، ئەو دەم بارزانیش ڕەئی دەگۆڕێ، بەڵام ئێستا لەئێران تەشکیلاتمان نییە، خەڵکی ئێران بەگشتی لەرژێمی ئێران بێزارە بەڵام ئەو بێزارییە پاسیڤە، تەنانەت جوڵانەوەی خودیە خودیش نییە، میللەتەکەمان ترساوە، جاشێتی و خۆفرۆشی لەنێودا بۆتە باو، کاتێک وەدوامان دەکەون کەبزانن سەردەکەوین، تا ئێستا نەمانتوانیوە لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی ڕێکبکەوین، شەراییتی دەرەوەش دەبێ لەبەرچاو بگرین، ولاتەکانی سۆسیالیستی، حکومەتی عێراق، شۆڕشی کوردستانی عێراق، دەبێ بزانین شۆڕش تا چ ڕادەیەک کۆمەکمان دەکا، حکومەتی عێراق چەندە موساعیدەی دەکا، ولاتەکانی سۆسیالیستیش کۆمەک ناکەن، دەبێ مەسەلەکە

بەوردی لێك بدەینەوە، مەوجودییەتی حیزب لەگۆڕێ دایە، هاتوو گەڕاینەوە و هەموو لەبەین چووین.

من پێشنیارم کرد بەدرێژی لەوبارەوە قسە کرا، برادەران بیروڕای خۆیان دەربڕی، سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کەلەدەرەوەن لەکۆبوونەوەی رابردوودا دەنگیان بۆ گەڕانەوە داوە، کەوابوو با ئێستا باسەکە ببڕینەوە و دەنگ وەربگرین.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: لەمەسەلەی گرینگدا دەنگدان رێگای هەرە باش نییە، با رێگا بدەین ئەمشەو برادەران بیری لێ بکەنەوە و بەیانی کۆبوونەوە درێژە پێ دەدەین.

ئەو رۆژە کۆبوونەوە دوایی پێ هات، برادەران هەموو لەخانووی حیزب میوان بوون، بەڵام دکتۆر قاسملۆ خانوی تایبەتی هەبوو بەتەنیا دەژیا، شەوێ مەلا سمایلی حاجی و هاشمی کەریمی بانگێشتن کردبوو، هەم نانێکی چاکی دابوونێ و لێوی تەڕ کردبوون و میشکی شوشتبوونەوە کەلەبیروڕای خۆیان پەشیمان ببنەوە، رۆژی دوایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێکرا.

یادداشتەکانی من لەو کۆبوونەوەدا کەبەکورتی نووسراون بەم جۆرەن:

دکتۆر قاسملۆ: تکا لەبرادەران دەکەم بەمەسئولییەتەوە بێ ئیحساسات نەزەر بدەن و فیکری لێ بکەنەوە.

حەمەدەمینی سیراجی: من لام وایە کەبرادەران لەسەر ئیحساسات و هەستی کورتە ناموسی قسەیان کرد، لەبارەی برادەرانی دەرەوە سەرەڕای رێز دانان، ئەوان لەدنیای شوعاری توند و تیژ و چاپەمەنی و تەبلیغاتدا دەژین، ئاگایان لەوەزعی ولآت نییە، بڕیارێکی ئەوتۆ مەسئولییەت و فیکر کردنەوەی دەوێ، من لەسەر فیکری خۆم ماومەوە کەبڕیاری پێشوو هەڵوەشێتەوە.

مەلا رەسوڵ: من زۆرم لێکداوەتەوە بەو تەجروبەی کەهەمە ئەگەر شەڕ بێتەوە بەهیچ جۆر ناتوانین لەنێو شۆڕشی کوردستانی عێراقدا خۆمان بپارێزین، بەیت و باومان بۆ هەڵدەبەستن، هەموو کارێکمان لەگەڵ دەکەن، دەبێ بگەڕێینەوە لەژێر لولەی تفەنگدا رێکخراو ساز بکەین، دەتوانین خۆمان رابگرین.

مامۆستا هێمن: لەسەر باوەڕی خۆم ماوم دەتوانین بچینەوە، خۆشمان رادەگرین، هەر بگەینەوە ولاتی خۆمان دەمێنینەوە، ئەگەر نەچینەوە با دەست هەڵگرین و با میللەتەکەمان بۆ خۆی خەبات بکا و رێگا ببینێتەوە.

هاشمی کەریمی: با راوەستین سااڵێك چاوەڕوان بین، پاش سااڵێك بچینەوە.

مەلا سمایلی حاجی: پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لام وایە ئەگەر نەچینەوە ئێران دەتوانین بمێنینەوە و شۆڕشیش دەستمان لێ نادا، با بڕیاری پێشوو هەڵوەشێنینەوە.

مەلا عەولای حەیاکی: هەل و مەرجی ڕاپەڕین لەولاتدا نییە، ئەگەر هەیە با هەر ئێستا بچینەوە، من لەسەر فیکری خۆم ماوم و پێویستە بڕیاری پێشوو هەڵوەشێتەوە.

کەریم حەداد: خۆمان پێ ڕانەگیرێ، ناتوانین بمێنینەوە، بڕیاری پێشوو هەڵوەشێتەوە باشترە.

کەریمی حسامی: من لام وایە ئەم هەموو بێنە و بەرەیە هەر بۆ ئەوەیە کەبڕیارەکەی پێشوو هەڵوەشێتەوە، مەلا سمایل و کاك هاشمی کەریمی ئەگەر شەوێکی دیکە بانگ بکرێن لەوانەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حیزبیش بڕیار بدەن، بێجگە لەچوونەوە بۆ ئێران ڕێگای دیکە نییە، با بچینەوە و لەولاتی خۆمان خەبات بکەین.

دکتۆر قاسملۆ: خاتر جەم نیم لەوە لەچوونەوەدا خۆمان بۆ رادەگیرێ یانە، بەڵام لەوە دڵنیام کەدەتوانین خۆمان بپارێزین، نەتیجەی باس و لێکدانەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش دوو رۆژ وتوێژ ئاوایە:

حەمەدەمین، دکتۆر سوڵتان، کەریم حەداد، مەلا سمایل، مەلا عەولا موخالیفی چوونەوەن، کاك هاشم تا سااێك بۆ چوونەوە مۆڵەت دەخوازێ، مەلا رەسول، مامۆستا هێمن موافقی ئەوەن لەکاتی سازبوونەوەی شەڕدا بۆ ئێران بگەڕێنەوە.

پاش ئەم نەتیجەگیرییە، دکتۆر قاسملۆ بڕیاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەخەتی خۆی نووسی، من پێشنیارم کرد کەزۆربەی دەنگی لێ زیاد بکرێ و بنووسرێ: کاك کەریم، مەلا رەسوڵ، مامۆستا هێمن دژی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێشوون.

ئەوەش دەقی چلك نووسی بڕیارەکەیە بەخەتی دکتۆر قاسملۆ:

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا:

١- بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی کەبریتی بوو لەوە کەئەگەر لەکوردستانی عێراق شەڕ دەستی پێ کردەوە بەڕێوەبەری و ڕێکخراوی حیزب لەعێراق بەچەکداری بچێتەوە کوردستانی ئێران و خەباتی چەکداری دەست پێ بکا، هەڵوەشێتەوە و پێڕەوی لەتیۆری راپەڕینی چەکداری ئیجباری نەکا کەنەتیجەی وەمەترسی خستنی هەموو حیزبە.

٢- درێژەپێدان بەتێکۆشانی حیزبی لەهەموو هەلومەرجێکدا بەتەنیا رێگای ئوسوڵی دادەنێ و بەپێویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە لەئێستاوە تێ بکۆشێ.

بەم جۆرە بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئێران لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەکوردستانی عێراق هەڵوەشاوە.

پـاش کۆبوونـەوە لەگـەڵ دکتـۆر قـاسملۆ و کـاك حەمـەدەمینی سـیراجی چـووینە بارەگای حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق کەچـاومان بـەکاك عـەزیز محەمـەد بکـەوێ و لەسەر وەزعی کوردستان قسە بکەین، کاتێك چووینە ژوور کاك نەوزاد نوری سـاڵح بەرپرسی رێنوێنی هاتووچـۆکەران بـوو گوتمـان دەمانـەوێ چـاومان بـەکاك عـەزیز بکـەوێ، کـاك نـەوزاد پسـوڵەیەکی نووسـی و نـاردی بـۆ سـەرێ، پـتر لەسـەعاتێك چاوەڕوان بوین خەبەرێك نەبوو، بەنەوزادم گوت ئەوە چ بوو تـۆ نەتنووسـیوە کـێ هاتوون؟ یەکی دیکەی نارد، برادەرەکـە گـەڕاوە و کەوتـە پێشـمان چـووینە سـەر کەدەرگامان کردەوە، کاك عەزیز واقی وڕما، هەستا بۆ پێشمان هات و گوتی: دەك خودا مەبارەکی نەکا کوڕە تۆ کەریم ئێرانی؟ نەوزاد پسوڵەیەکی نووسـیوە دەڵـێ: کـەریم ئێرانـی لەگـەڵ دوو کـەس دەیانـەوێ بێنـە لات، منـیش هەرچـەند بـیری لێ دەکەمەوە هیچ کەس بەناوی کەریم ئێرانی ناناسم دەبێ ئـەو کـەریم ئێرانییـە کـێ بێ؟

ئەوە لەکاتێکدا لەگەڵ نـەوزاد بـاش یـەکترمان دەناسـی و زۆر لـەپراگ و لەسـۆفیا پێکەوە بووین.

دانیشتین باسی وەزعی کوردستانمان کرد، کاك عەزیز گوتی: وەزع زۆر شـپرزەیە، وادیارە رێك ناکەون، کاتێك باسـی وەزعـی خۆمـان کـرد، کـاك عـەزیز لەسـەر ئـەو باوەڕە بوو کەتا بتوانین خۆمـان بـێ لایـەن رابگـرین و لـەعێراق بمێنینـەوە و وەك پێگەیەك بۆ خەبات لەوڵاتی خۆمان کەڵکی لێ وەربگرین.

پاش چاو پێکەوتنی کاك عەزیز بۆڕۆی سیاسی بۆ ڕوونکردنەوەی تـەکلیفی حیـزب لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شـەڕ کۆبوونـەوەی پێکهێنـا، دکتـۆر قـاسملۆ گـوتی مـەلا مستەفا نەزەری ئەوەیە مەسئولییەتیان هەبێ لەحیزبی ئێمەدا بچن لەکانی ماسـی لای ئەسعەد خۆشەوی دابنیشن.

ئەمن و کاك حەمەدەمین و مامۆستا هێمن لەگەڵ ئەو پێشنیارە موخالیف بووین، پاش باسێکی زۆر و گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و ناکۆکی بۆچوون، دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد: کەپێویستە دابەش بین، بەڵام نابێ پێوەندی حیزبیمان تێکبچێ، دەبێ تێکۆشانی حیزبمان درێژەی هەبێ، گەیشتینە ئەو بڕیارە کەوەزعی بەغدا تێکنەدەین، بەڵام بڕێك خۆمان سوك بکەین، هێندێك لەبرادەران بچنەوە کوردستان، ئەوانی دیکەش لەبەغدا بن.

رۆژی ٩ی مانگی مارسی ١٩٧٤ کاك ئیدریس بارزانی کەبۆ وتوێژ هاتبۆوە بەغدا بێ نەتیجە و رێك کەوتن گەڕایەوە، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ کاك سامی چووبوە لای ئیدریس و لەراستیدا ئەو سەر و بەینە دکتۆر پتر لەگەڵ کاك سامیو ئەندامانی پارتی تێکەڵ بوو تا لەگەڵ حیزبی دیموکرات، لەگەڕانەوەدا بەجارێك لەرێك کەوتن ناهومێد ببوو، حیزبی بەعسی تاوانبار دەکرد و زۆر بەتوندی لەهەڵوێست و لەسیاسەتی سەرۆکایەتی شۆڕش پشتیوانی دەکرد.

ناکۆکی توندی بۆچوون و بیروباوەڕ لەسەر وەزعی کوردستانی عێراق و سیاسەتی پارتی لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا توند بوو، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەتێکڕایی پشتیوانییان لەسیاسەتی مەلا مستەفا دەکرد و سیاسەتی سەرکردایەتی شۆڕشیان پێ راست بوو، تەنیا من سیاسەتی پارتیم پێ چەوت بوو، دەمگوت: ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش نییە کەلەگەڵ بەعس رێك ناکەوێ، بەڵکو ئەوە شای ئێرانە نایەوێ کورد لەکوردستانی عێراق خودموختاری هەبێ، شا بەوە رازی نابێ کەلەئێران کورد نەتوانێ بەزمانی خۆی بخوێنێ، بەڵام لەسولەیمانی زانستگای کوردی هەبێ، دەمگوت: شۆڕشی کوردستان ئەوە چوار ساڵە لەکوردستان حکومەت دەکا، با ئێستاش خودموختاری بەکەم و کوڕییەوە قبوڵ بکا، چەند ساڵ کوردستان ئاوەدان بکاتەوە، بەخەڵك بخوێنێ، کادری سیاسی و زانستی ئامادە بکا، پێوەندی خۆی لەگەڵ ئێران بپچڕێنێ و یارمەتی بکا بەجوڵانەوەی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان.

بەڵام فایدەی نەبوو، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی بەسەرکردایەتی دکتۆر قاسملۆ وەها لەدەریای دەمارگیری ناسیۆنالیستی دا نقوم ببوون کەباسکردن لەگەڵیان دژوار بوو، دکتۆر قاسملۆ دەهاتەوە دەیگوت: شۆڕش چەکی وای وەگیر کەوتوە دەتوانێ لەکەرکوک بداوە چاو و راوی تر.

رۆژی ١٠ی مانگی مارس لەکۆبوونەوەی بۆرۆی سیاسی دا بڕیاردرا کەئەگەر شەڕ لەکوردستان ساز بێتەوە و نەتوانین ئەم وەزعەی ئێستا بپارێزین و مانەوەمان لەبەغدا نەکرێ بڵاوەی بکەین بەم جۆرە:

مەلا عەولای حەیاکی لەگەڵ کادر و ئەندامانی حیزبی بچێتە کانی ماسی، کاك هاشمی کەریمی لەسولەیمانی لەماڵی ئامۆزایەکی بمێنێتەوە.

من بچمەوە بولغارستان، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی لەبەغدا بمێنێتەوە.

رۆژی ١١ی مارسی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق پێشنیارە تازەکانی پارتی قبوڵ نەکرد لەڕێککەوتن ناهومێد بووین و بڕیارمان دا وردە وردە دەست بەخۆ سووك کردن بکەین، ماوەیەك بوو ماڵی سەید رەسوومان هێنا بووە بەغدا و لەرادیۆدا هاوکاری دەکرد، رۆژی ١٩٧٤/٣/٢٣ ماڵی سەید رەسوومان نارەوە کۆیە، مەلا عەولای حەیاکی و مەلا رەسوڵی پێشنمازمان لەگەڵ هێندێ لەکادرەکان، نارەوە کوردستان و کران بەنوێنەری حیزبی دیموکرات بۆ پێوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، رۆژی ٣/٢١ بۆرۆی سیاسی نامەیەکی ئاوای بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسی:

بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

برایانی بەڕێز! سڵاوێکی گەرمی برایانەتان پێشکێش دەکەین، هیوامان سەرکەوتن و پێشکەوتنتانە، لەبەرئەوە کەوەزعێکی نوێ هاتۆتە گۆڕێ، بۆ چارەسەر کردنی

گیروگرفتەکانی رێکخراوی حیزبی ئێمە لەکوردستانی عێراق بەپێویستمان زانی هەواڵانی مەسئول کاك عەبدوڵڵا حەسەن زادە و کاك رەسوڵ عەبدولڕەحمان بنێرینە لاتان، ئێمە دڵنیاین کەئێوە لەم بارەوە لەهیچ چەشنە یارمەتیەك درێخی ناکەن. .

سەرکەوتنی ئێوەمان ئاواتە

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کاك حەسەنی قزڵجی کەماوەیەك بوو لەکوردستان دوورکەوتبۆوە و زۆر بەئاوات بوو سەرێکی عێراق بداتەوە و چاوی بەدۆست و برادەران بکەوێ، چەند جاریش داوای لەرێبەرایەتی حیزبی تودە کردبوو کەئەو سەفەرەی بۆ ئامادە بکات، بەڵام سەرنەکەوتبوو، داوای لەئێمە کرد کەڤیزا و بلیتی فڕۆکەی بۆ بنێرین سەفەری عێراق بکا، لیسە پاسێمان بۆ وەرگرت و بلیتی فڕۆکەمان بۆ نارد و ڕۆژی ٣/٢٧ کاك حەسەنی قزڵجی پاش ١٣ ساڵ دووری لەعێراق گەیشتەوە بەغدا، ئەو برادەرە حیزبیانەی کەلەبەغدا بوون، بەتێکڕایی چووینە فڕۆکەخانە و پێشوازیمان لێ کرد، ماوەی مانگێك لەعێراق بوو، ئەوەی لەتوانا دا بوو خزمەتی کرا و زۆر رازی بوو، پاش ١١ی ئاداری ١٩٧٤ لەکوردستان شەڕ دەست پێکرابۆوە، لەخانووی حیزبی دیموکرات لەبەغدا، دمە تەقە و شەڕە دندووکە لەسەر چەوتی و راستی هەڵوێستی پارتی بەردەوام بوو، تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەرێبەرایەتی دکتۆر قاسملۆ پشتیوانیان لەسیاسەتی پارتی دەکرد، سەیر ئەوەبوو ئەو برادەرانەی کەپێشتر مائویست و خۆیان بەشۆڕشگێڕ دەزانی و شۆڕشی کوردیان بەدەسکردنی شا و ئیمپریالیزم دەدا قەڵەم، ئێستا ببوونە ناسیۆنالیست و قسەیان لەگەڵ نەدەهات، من بەتەنیا لەسەر بیروڕای خۆم سوور بووم و پێم وابوو شەڕ بەقازانجی کورد نییە و شای ئێران نایەوێ کورد خودموختاری هەبێ و ئەوە شەڕی ساز

کردۆتەوە، مەسەلەیەکی تر کەلەنێوماندا جێگای باس و دم بەدمە بوو، مەسەلەی رۆیشتنی خەڵك بەتایبەت رووناکبیران بەدەستووری پارتی بۆ نێو شۆڕش و لەراستیشدا بۆ ئێران و بۆ ژێر چنگی ساواك، من دەمگوت: ئەوە کارێکی هەڵەیە و پێوینستە رووناکبیر و خەڵکی دیکەش لەشارەکان دا بمێننەوە و خەبات رێك بخەن، دکتۆر قاسملۆ دەیگوت: ئەوە سیاسەتێکی راستە، بەو کارە بەحکومەتی عێراق نیشان دەدرێ کەخەڵك لەگەڵ شۆڕشە.

لەسەر بڕیاری پێشوو، من و دکتۆر قاسملۆ و دکتۆر سوڵتان و کاك حەمەدەمین و مامۆستا هێمن لەبەغدا ماینەوە.

رۆژی ١٩٧٤/٥/٨ بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان و باسی کوردستانی عێراق بۆڕۆی سیاسی کۆبوونەوەی پێك هێنا، پاش باسێکی زۆر لەسەر سیاسەتی شۆڕش و پێوەندی لەگەڵ ئێران و ناکۆکی لەنێو ئێمەدا لەسەر ئەو مەسەلەیە بەردەوام بوو، ئاخرەکەی پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ بەم چەشنە پەسند کرا: سەرەڕای ناکۆکی بیروڕای شەخسی لەسەر مەسەلەی کوردستانی عێراق، دەبێ بێ لایەنی خۆمان بپارێزین و دژی بەعس و پارتی هیچ نەنووسین و تەبلیغات و خەباتی خۆمان دژی ئێران سارد نەکەینەوە، پاش پەسند کردنی ئەو پێشنیارە و هێدی بوونەوە، بۆڕۆی سیاسی ئەم بڕیارەی پەسند کرد بەو شەرتەی کەتەنیا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئاگاداری بن و بەگشتی بڵاو نەکرێتەوە.

ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

الف: بۆڕۆی سیاسی شەڕی براکوژی کە لەگەرمێندا دەستی پێکردوە، بەرێگای حەللی دروستی مەسەلەی کورد لەم وڵاتەدا نازانێ و لەو بڕوایە دایە کەمەسەلەی کورد دەبێ لەرێگای ئاشتی و بەشێوەی دیموکراتی چارەسەر بکرێ و رێگای

حەللی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوە خەبات بۆ گەڕانەوە سەر وتوێژ لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی جوڵانەوەی گەلی کورد لەگەرمێن بەئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی گەرمێن و هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان دەزانێ.

ب: دیفاعی گەلی کورد لەنیشتمانی خۆی دیفاعێکی عادیلانە و داوای خودموختاریەکی تەواو کەهەموو ناوچەکانی کوردستانی گەرمێن بگرێتەوە، داخوازێکی رەوایە.

ج: حیزبی ئێمە بەپێی بەرنامەی خۆی دژی رژێمی کۆنەپەرستی شا و بۆ هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکراتی لەئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەبات دەکا و رژێمی شا بەدوژمنی ئەسڵی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران دادەنێ، بڕیار درا دەقی ئەو بڕیارە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەکوردستان و لەئەوروپا بنێردرێ.

لەسەر بڕیاری پێشووی حیزب، رۆژی ١٩٧٤/٥/٨ گەڕامەوە بۆ سۆفیا، دایکی کەمال و منداڵەکان لەفڕۆکەخانە چاوەڕوان بوون، رۆژی دوایی نامەیەکم بۆ کاك ئەمیری قازی نارد و بڕیاری بۆڕۆی سیاسی و هێندێ دەنگ و باسی عێراقم بۆ نووسی، رۆژی ٥/١١ نوێنەری حیزبی تودە لەسۆفیا هاتە لام و گوتی: رەفیق ئیرەجی ئەسکەندەری ویستوویە کە لەبەرلین چاوی پێت بکەوێ.

گوتم خەبەر دەدەمە برادەران و ئەگەر موافیق بوون، مانیعم نییە، هەر ئەو شەوە بەتەلیفۆن لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ قسەم کرد، گوتی: قەی ناکا، بچوو بیان بینە بزانە دەڵێن چی؟ دوایە خەبەرمان بدەوە.

رۆژی ٧٤/٥/١٦ چوومە بەرلین، چاوم بەئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە کەوت، رەفیق ئیرەج گوتی: زۆرم هەوڵ داوە بەبرادەرانی خۆمان بسەلمێنم کەلەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان لێك نێزیك بینەوە و رادیۆی پەیکی ئێران دەبێ زمانی حاڵی گشت هێزە ئێرانیەکانی دژی رژێمی شا بێ، پێمان

خۆشە چاومان بەقاسملۆ بکەوێ، پاشان کەیانوری هات، ناوبراو هەر لەسەر هەوای جاران بوو، دەیگوت رێگا هەر ئەوەیە کەحیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبی تودە ببێتە یەک، ئێوە دەبێ لەسەر شەڕی کوردستان هەڵوێستی خۆتان روون کەنەوە.

گوتم: ئێستا پێویستە بۆ هاوکاری بەرنامەیەک دابڕێژین، یەکگرتنەوەی دوو حزب لەدەرەوەی وڵات هیچ نرخێکی نییە، باشترە بۆ پێکهێنانی بەرە و هاوکاری کار بکەین، کەیانوری لەقسەی خۆی نەدەهاتە خوار، پاشان گوتی: پێشنیار دەکەین قاسملۆ بێتە سۆفیا و لەوێ چاومان بەیەکتر بکەوێ.

رۆژی ٥/١٨ گەڕامەوە بۆ سۆفیا، رۆژی ٥/١٩ نامەی کاك ئەمیری قازیم بۆ هات کەلەوەڵامی نامەی من و برپاری بۆرۆی سیاسی دا نووسیبووی، کاك ئەمیر دوای بەخێرهێنانەوە و سڵاوی گەرم و برایانە، لەسەر برپاری بۆرۆی سیاسی نووسیبووی: .... بەڵام دەمویست لێم روون بێ و بزانم و حاڵیم بکەی کەئەو رەئیە بەرامبەر بەو مەسەلەیە کەبۆرۆی سیاسی حیزب کۆبوونەوەی بۆ دەکا و لەسەری ساغ دەبێتەوە، بۆیە کەهەر بۆخۆی و کۆمیتەی ناوەندی بزانن یا جیهاتی تر و ئەفرادی خۆی و کەوادریش دەبێ بیزانن و دیفاعی لێ بکەن؟

٢- بەگوێرەی برپاری تازەی بۆرۆی سیاسی حیزب، ئەوەڵەن دیفاعی گەلی کورد لەنیشتمانی خۆی دیفاعێکی عادیلانەیە و داوای حوکمی زاتییەکی تەواو کەهەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بگرێتەوە داخوازێکی رەوایە و ثانیەن مەسەلەی کورد دەبێ لەرێگای ئاشتی و بەشێوەیەکی دیموکراتی چارەسەر بکرێ و بۆ ئەوە خەبات بۆ گەڕانەوە سەر وتوێژ لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی جوڵانەوەی گەلی کورد لەعێراق بەئەرکی هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عێراق و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان دەزانێ لەگەڵ بێ لایەنی حیزب لەو مەسەلەیەدا دەگونجێ و زیندو نەقیز نین؟ لێم ببورە نامەوێ هیچ عەرز بکەم، بەڵام من تێ نەگەیشتم و بەراستی تا ئێستاش نازانم چۆنە، لەو سیاسەتە سەرم دەرناچێ، جا ئەگەر کەمێك بۆم روون بکەنەوە زۆرم پێ خۆش دەبێ و سوپاست دەکەم...

رۆژی ٢٥ی ١٩٧٤ نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و پێشنیاری رێبەرانی حیزبی تودەی ئێرانم پێ راگەیاند، هەروەها ١٩٧٤/٥/٢٥ لەوەڵامی نامەی کاك ئەمیری قازی دا ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ کاك ئەمیر نارد:

..... پاش سڵاو و چاك و خۆشی.... لەسەر وەزعی خۆمان و بڕیاری بۆڕۆی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی بەر لەوەی شەڕ ساز بێتەوە، لەکۆبوونەوەکانی خۆی دا بەدرێژی پاش باسێکی زۆر بڕیاری بێ لایەنی دا، دەگەڵ قیادەی شۆڕش و بەعس ئەو بێ لایەنیە باس کرا، هەردوك لا موافەقەتیان کرد کەئێمە بێ لایەن بین، کاتێکی کاك ئیدریس هاتبوە بەغدا دووبارە لەگەڵ ئەو قسە کراوە، دەگەڵ بێ لایەنی موافیق بوو، بەڵام موافیقی ئەوە نەبوو کەئێمە هەموومان بچینەوە کوردستان، بەنەزەری من هەر چاوەدێری ئەو تعهداتەیە کەلەبەرامبەر ئێراندا هەیانە، لەبیرم چوو بۆ گەڕانەوەی ئێرانیش دەپێشدا دەگەڵ شەخسی مەلا مستەفا قسە کرا بوو، بەتوندی موخالیف بوو، ئەوەش هەر لەبەر تعهدات بوو، یەکێك لەدەلیلی برادەرانی بایان دابۆوە هەر ئەوە بوو.....

لەسەر وەزعی شەڕ و کاراکتر و چۆنیەتی شەڕەکە و تەسریحاتەکانی بارزانی و کۆمەکی بەئاشکرای ئێران و قبوڵکردنی خودموختاری بەکەم و کورتیەوە یا پێ چەقاندن و شەڕ سازکردنەوە، لەناو ئێمەش دا ئیختیلاف هەبوو، برادەری وا هەبوو کەلای وابوو ئێران و ئەمریکا مەسەلەی کوردیان کردۆتە بیانوو بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و بەئاشکرا کوردەکانیان هانداوە بۆ سازکردنەوەی شەڕ، کەمن یەکێك لەلایەنگرانی توندی ئەو بیروباوەڕەم، لام وایە دەکرا بارزانی خودموختاری بەهەموو کەم و کوڕیەوە قبوڵ بکا، بناخەی قایمی خودموختاری و دەسەڵات لەکوردستان دابمەزرێنێ، بەتەدریجی هەرچەندەی وەزعی عێراق بەرەو سەقامگرتوویی و دیموکراسی چووبایە و بڕوایان پتر بەیەکتر کردبایە مەسەلەی کەرکوکیش بەرەو چارەسەرکردن دەچوو، لام وایە دە ساڵی دیکەش شەڕ بکەن بەشەڕ ناتوانن کەرکوك بگرن و حوکماتی تێدا بکەن، مومکینە شەڕ ببێتە هۆی

رووخانی بەعس، بەلای منەوە رووخانی بەعس نەک هەر نابێتە هۆی ئەوە کەخودموختاری تەواو بۆ کورد دابین بکا، بەڵکو دەبێتە هۆی لەبەین چوونی یەکجاری مەسەلەی کورد، چونکە (عبدالغنی راوی) و ئەمثالی ئەو دێنە سەر کار، ئەو دەم ئێران و ئەمریکا ئەوان بەکورد ناگۆڕنەوە، بەلای منەوە ئێران عاشقی چاوی رەشی کوردەکانی ئەودیوی سنوور نییە، ئێران بەو کۆمەک و بەو دیفاع و بەو تەبلیغاتە دەبێتە هۆی فەوتانی جوڵانەوەی کورد و لەپشتیوانی هێزە پێشکەوتوەکانی دنیای بێ بەش دەکا، بەلای منەوە ئێران نەیدەویست کورد خودموختاری هەبێ، سەقام گرتوو بێ، کوردستان ببووژێتەوە و ببێتە بنکەیەکی قایمی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، جا بۆیە کوردەکانی بۆ شەڕ هاندا، ئێستاش دەزگای تەبلیغاتی ئێران خەبەری شەڕ بڵاو دەکاتەوە، کۆمەک دەکا، بەڵام هەر چونکە دەگەڵ بەعس بەغدا بەشەڕ دەکەن، تورکیا کەکوردەکان بەتورکی شاخی دادەنێ ئێستە بەردی کورد خۆشەویستی لەسنگی دەدا، بەلای منەوە بەعس زۆری غەڵەت کرد سیاسەتێکی شووێنیستی بەکارهێنا، لەهەڵوێستی غەررەیی و لوت بەرزیەوە قسەی کرد، هەرچی بفەرموویی خەراپ و چەوت بوو، بەڵام لام وایە دەبوایە قیادەی شۆڕشی کورد ئەوە لەبەرچاو بگرێ کەلەگەڵ حیزبێکی بورژوازی عەرەب تەرەفە کەبۆ هەوەڵین جار مەجبور بووە ئیعتراف بەحقوقی کورد بکا و زۆر هەنگاوی لەباریش هەڵبڕێ، ئەو ئیعتراف و خودموختاریە ناقیصە رێگای بۆ چارەی رادیکالنری مەسەلەی کورد خۆش دەکرد، بەڵام بەداخەوە دوو کەلە رەق کەوتوونە بەرامبەری یەک و نەتیجەشی لەبەین چوونی کوردستان و خەڵکی بێ تاوان و شایی و کەیفخۆشی ئێران و ئیمپریالیزمە.

.... بەڵام لەبارەی ئەوە کەدەفەرموویی چ جواب بدەمەوە، لام وایە دەبی شقی هاوەڵیان بێ: کەئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆی عێراقە و ئێمە حیزبی ئێرانین، لام وایە لەو بارەوە دکتۆر بۆی نووسیبووی، چونکە سەرەڕای ئەوەی مەسەلەیەکی دژوارە: بەڵام چاوەدێری کردنی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و بۆرۆی سیاسی بۆ

ئێمە پێویست تـرە، منـیش وەك تـۆ ئێستا تووشـی ئـەو پرسـیارانە بـووم، بـەڵام گوتومە ئێمە حیزبی ئێرانین و کارمان لەکوردستانی ئێرانە، هەروەك پـارتی باسـی جنایەتی شا و کوشتاری ئێرانی نەکردوە، مومکینـە کۆمیتـەی ناوەنـدی بڕیـارێکی تازە بدا، ئەو دەم دیسان رعایەتی دەکەین...

رۆژی ١٩٧٤/٥/٢٠ نامەیـەکم بـۆ دکتـۆر قـاسملۆ نووسـی و پێشـنیاری ڕێبـەرانی حیزبی تودەم پێ ڕاگەیاند.

رۆژی ٧٤/٦/٢ کاك حەسەنی قزڵجی لەبەغدا گەڕایـەوە، دکتـۆر قـاسملۆ ئەسپارد بووی کەرۆژی ٦/٣ لەبیروتەوە تەلەفۆنم بۆ دەکـا، پـێم سـەیر بـوو، چـونکە بڕیـار وابوو هەتا من دەگەڕێمەوە بۆ عێراق ئەو لەبەغدا بمێنێتەوە، بەڵام مەسـەلە چـۆن بوە، داخوا کێ لەڕێبەرانی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق بـەقاسملووی گوتـوە لـەو هەل و مەرجەدا تۆ لەبەغدا نەبی باشە، دکتـۆر ئـەوەی لـەبۆڕۆی سیاسـی دا قـەت باس نەکردبوو، پاش سەفەری من ئەندامانی بۆڕۆی سیاسی تەنیا ٣ کەس لەبەغدا دەمێننـەوە، (قـاسملۆ، سـیراجی، دکتـۆر وەتەمیشـی) مامۆسـتا هێمنـیش وەك ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی، دکتـۆر قـاسملۆ بـێ ئـەوە باسـی سـەفەر لـەبۆڕۆی سیاسی دا بێنێتە گۆڕێ و موافەقەتی ئـەوان وەربگـرێ، بەحەمـەدەمینی سـیراجی دەڵێ: بۆ چاوپێکەوتنی هێزە سیاسـیەکانی ئێـران پێویسـتە سـەفەرێکی ئـەوروپا بکەم بۆ ئەوە حەمەدەمین دژی نەوەستێ دەڵێ: تۆش بێی باشە، ئیتر لەگەڵ کاك حەمـەدەمینی سـیراجی سـواری فڕۆکـە دەبـن و دەچـنە بـیروت و پاشـانیش بـۆ ئەوروپا.

لەبیروت لەگـەڵ باڵیۆزخانـەی کۆمـاری یەمـەنی دیمـوکراتی پێوەنـد دەگـرن و داوا دەکـەن کەدەسـتەیەکی نوێنەرایـەتی حیزبـی دیمـوکرات سـەر لەیەمـەن بـدات، درەنگانێـك کەمـەلا عـەولای حـەیاکی لەکوردسـتان چـاوی بەڕێبـەرانی شـۆڕش دەکەوێ، پێی دەڵێن: دکتۆر قاسملۆ لەوکاتـەدا لەبەغـدا بـێ باشـترە، مـەلا عـەولا ئـەوەی بـۆ مـن نووسـیبوو، منـیش لەنامەیـەك دا بـۆ دکتـۆر قـاسملۆم نووسـی

رێبەرایەتی شۆڕش بەمەلا عەولّایان گوتوە کە دکتۆر لەبەغدا بێ باشترە، کەوایە پێویستە بێیەوە عێراق، دکتۆر قاسملۆ لەنامەیەک دا تاریخی ٧٤/١١/١٢ نووسیبووی: زۆرم پێ سەیرە کەلەلای (نۆك خۆر)[1] گوتراوی (بابی مینا)[2] لەبەغدا بی باشترە، دووجار راستەوخۆ بەخۆمیان گوتوە کەلەبەغدا نەمێنم پاش گەیشتنی ئەو نامەیە کۆمیتەی ناوەندی بۆی روون بۆوە کەدکتۆر قاسملۆ بەقسەی یەکێ لەرێبەرانی پارتی برادەرانی حیزبی و عێراقی بەجێ هێشتووە.

رۆژی ٧٤/٦/٣ دکتۆر قاسملۆ لەبیروتەوە تەلیفۆنی کرد و گوتی: بەرێبەرایەتی حیزبی تودە بڵێم کەبلیتی فڕۆکەی بۆ پراگ بۆ بنێرن، دەچێتە پراگ و لەوێ دەیانبینێ، بەڵام نوێنەری حیزبی تودە لەسۆفیا گوتی: ناتوانین لەپراگەوە بلیتی بۆ بنێرین، بەڵام لەسۆفیاوە بۆی دەنێرین و با بێتە سۆفیا، لەئاخری مانگی ٦ چاویان پێی دەکەوێ.

رۆژی ٦/١١ دکتۆر قاسملۆ تەلیفۆنی کرد و گوتی: من دەچمەوە پراگ، تۆ خەبەریان بدەیە بۆ دیتن و وتوێژ لەگەڵیان دا ئامادەم، هەر ئەو رۆژە قسەکانی قاسملۆم بەنوێنەری حیزبی تودە راگەیاند.

رۆژی ٦/١٨ لەگەڵ منداڵەکانم چووینە ڤارنا لەکەنار بەحرێ بحەسێینەوە، لەوێوە تەلیفۆنم بۆ دکتۆر قاسملۆ کرد، گوتی: ٧٤/٦/٢٩ لەفرانکفۆرت کۆدەبینەوە، لەبەرئەوە کەپاسپۆرتی تەواو نییە تۆ ناتوانی بەشدار بی، پاش ئەم وتوێژە، لەبارەی هاتنە دەریان بەجووتە و بێ بڕیاری بۆرۆی سیاسی و کۆبوونەوەیان بێ بەشداری من، نامەیەکی درێژم بۆ نووسی و رامگەیاند کەبۆ بەغدا دەگەڕێمەوە، تا چواری مانگی حەوت لەڤارنا بووم، رۆژی سێی مانگی حەوت چوومە لای کاك عەزیز محەمەد کەئەویش هاتبوە ڤارنا، نانی نیوەڕۆم لەگەڵ ئەو خوارد و باسی وەزعی کوردستان و پێوەندی ئێمە و بەعسمان کرد.

---

(١) نۆك خۆر نازناوی مەلا عەولای حەیاکی بوو، مامۆستا هێمن بۆی دانابوو.

(٢) بابی مینا ناوی دکتۆر قاسملۆ بوو، لەنووسراوەکان دا ئەوەمان بەکاردەهێنا.

کاتێك لەڤارنا گەڕامەوە نامەی دکتۆر قاسملۆ هاتبوو، دکتۆر لەباسی هاتنە دەری کوتوپڕی خۆیان نووسیبووی: .... پاش رۆیشتنی تۆ لەبەغدا هێندێ شتی تازە رووی دا و ئێمەی هێنا سەر ئەوە کەجارێ بەغدا بەجێ بێڵێن، دیارە سەفەرەکەمان هەم بەموافقەتی برایانی بەعسی و هەم بەیارمەتی ئەوان بوە، یەك دوو جار بەکاك حەمەدەمینیان گوتبوو کەکەنگێ مەوقیفی خۆتان روون دەکەنەوە، لەپاشان ئەمن و کاك حەمەدەمین چووین بۆ لای خەلیل، لەوێش هێندێ قسەی بێ تامی کرد کەدەبێ گوزارشی کاری خۆتان مانگ بەمانگ بدەن، ئێمەش بەپێچەوانەی نەزەری کاك ئەمیر و تۆ جارێ هەر لەو بڕوایە داین کەئەوەندەی پێمان بکرێ بێ لایەن بمێنینەوە، لەسەر ئەو ئەساسە بڕوای برادەران ئەوەیە کەجارێ تۆ لەسۆفیای و نەچنەوە بەغدا هەتا یەکتر دەبینین و بەدرێژی لەسەر هەموو گیروگرفتەکان قسە دەکەین....

پاش گەیشتنی ئەو نامەیە لەسۆفیا مامەوە و چاوەڕوانی هاتنی دکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمینی سیراجی بووم.

رۆژی ٧٤/٧/٦ کاك عەزیز محەمەد سەفەری دەکرد چوومە لای، گوتی ئێمە لەگەڵ کاربەدەستانی بەعسیش باس دەکەین ئەگەر لێتان بگەڕێن بێ لایەنی خۆتان بپارێزن و خەریك بن لەوڵاتی خۆتان شتێك وەسەر یەك نێن و کاری خۆتان بکەن.

رۆژی ٧/١٢ نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و راسپاردە بەنرخەکانی کاك عەزیز و هێندێ دەنگوباسی وڵاتم بۆ نووسی.

٧/١٤ رۆژی لەدایکبوونی کەمالی کوڕم بوو، زۆر لەدۆست و برادەران هاتبوون و شەوێکی شادمان بردە سەر، رۆژی ٧/١٨ دکتۆر قاسملۆ لەبەرلینەوە تەلیفۆنی کرد و گوتی: چاوم بەکەیانوری کەوتووە، پاش وتوێژێکی زۆر بڕیارمان داوە رۆژی ٣٠ مانگی حەوت تۆ و کاك حەسەنی قزڵجی بێنە ئاڵمان و لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودە کۆبوونەوەمان دەبێ.

رۆژی ٧/٢٦ بۆ عەمەلێکی جەراحی کەمالم بردە خەستەخانە، گەلێك ناڕەحەت بووین، بەڵام نامەیەکی خۆش و دۆستانەی کاك ئەمیری تۆزێکی هێنامەوە سەرەخۆ، کاك ئەمیری قازی نامەیەکی بۆ نووسیبووم و پاش سڵاو و چاك و چۆنیەکی گەرم نووسیبووی: کاك ڕەحمان و کاك حەمەدەمین ماوەیەکە لێرەن (واتە لەسوید) رۆژی ٢٩ی مانگ واتە رۆژی دووشەممە لێرە دەڕۆن، بۆ کوێ و چۆن نازانم، قەراریان وایە کەبەلای تۆدا بێن جا کەنگێ دەبێ نازانم، وادیارە دەیانەوێ ئیسپاتی بکەن کەعەرز خڕە....

رۆژی ١٩٧٤/٧/٣٠ لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی سواری فڕۆکە بووین بۆ ئەڵمان، دکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمینی سیراجی لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانمان بوون، سواری ماشێن بووین بۆ لایپزیگ، شەو ئیرەجی ئەسکەندەری هاتە لامان و نانی لەگەڵ ئێمە خوارد، بڕێکی قسەی خۆش کرد و بڕیاردرا بەیانی کۆبوونەوە دەست پێ بکرێ، بەیانی ئیرەجی ئەسکەندەری و کەیانوری و عەلای گەلاوێژ لەلایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە هاتن، ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی: با دەست بەکار بکەین، کۆبوونەوەکەمان ناوی چ دەبێ، ئێمە دەمانەوێ لەبارەی جوڵانەوەی میللی کورد و ڕووداوەکانی ئەو دواییەی نێو جوڵانەوە و دوورە دیمەنی دواڕۆژی ئەو و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا بۆ ئامادەکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بۆ ئامانجە دیموکراتیەکان، کەوابوو ئێمە ناوی دەنێین کۆبوونەوەی مەشوەرەتی.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: ئێمە ناتوانین لەکۆبوونەوەی مەشوەرەتی دا بەشدار بین، با ناوی بنێین کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بۆڕۆی سیاسی حیزبی تودەی ئێران بۆ باس و لێکۆڵینەوەی وەزعی ئێران و کوردستان.

ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی: موافیقم، لام وایە هیچ ئیشکالێکی نییە.

کەیانووری گوتی: موخالیفم، حیزبی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەرەسمی نەناسیوە.

قاسملۆ گوتی: ناوی کۆبوونەوەکە نانووسین، بەڵام با بزانین ئێوە لەگەڵ کێ کۆبوونەوە؟ کێتان بانگ کردووە بۆ لایپزیگ کەکۆبوونەوەی لەگەڵ بکەن؟

عەلی گەلاوێژ گوتی: من خۆم ئەندامی حیزبی دیموکرات بووم، ژمارەی کارتی ئەندامەتیم لەناوچەی فەیزوڵا بەگی چاردە بوو، حیزبی دیموکرات هەمیشە بۆ هاوکاری و یەکێتی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران ئامادە بووە، حیزبی تودە هەمیشە یارمەتی حیزبی دیموکراتی داوە.

حەمەدەمینی سیراجی گوتی: تۆ کاک عەلی باسی کۆن مەکە، زۆر کەس لەرێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا بوون و پاشان بوون بەجاسوس و بەنۆکەری رژێمی ئێران.

کاک حەسەنی قزڵجی گوتی: من سەرم لەو قسانە سوڕ ماوە، شەو و رۆژ لەرادیۆی پەیکی ئێران دا هاوار دەکەین کەبۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ هێزەکانی دژی رژێم ئامادەین، لەرۆژنامەی مەردم دا نامە بۆ رێکخراوی موجاهیدینی خەلك دەنووسن و داوایان لێ دەکەن کەبێن قسەتان لەگەڵ بکەن، بەڵام ئێستا ناتانەوێ لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کەخۆتان بانگتان کردوون وتوێژ بکەن.

من گوتم قسەکانی رەفیق کەیانوری جێگای سەرنجن، ئەو دەڵێ ئێمە حیزبی دیموکرات بەرەسمی ناناسین، لام وایە بوون و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات بەوەوە نەبەستراوەتەوە کەرەفیق کەیانوری بیناسێ یان نا، ئەم هەڵوێستە یارمەتی بەهاوکاری و خەباتی هاوبەشی دژی رژێم ناکات.

ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی: ئەرکی ئێمە لەهەلومەرجی ئەوڕۆدا لێك نیزیك کردنەوەی هێزەکانە، نەك لێك دوورخستنەوەیان، لەباری سازمانیەوە هیچ

قـەیناکا، ئێـوە لەحیزبێکـدا بەرپرسـن و ئێمـە لـەحیزبێك دا، بـا نـاوی بنـێین کۆبوونـەوەی مەشـوەرەتی نێـوان ئەنـدامانی رێبەرایـەتی حیزبـی تـودە و حیزبـی دیموکرات.

کاك حەسـەنی قزڵجـی گـوتی: ئێمـە لـەرادیۆ چـەند بەیاننامـەمان بڵاوکردۆتـەوە و گوتوومانە ئامادەین لەگەڵ هـەموو رێکخـراوە سیاسـیەکانی ئێـران وتوێـژ بکـەین، ئێستا بۆچی لەسەر ناو تەگەرە دەخەینە پێش.

کەیانوری باسەکەی هێنـا سـەر وەزعـی کوردسـتانی عێـراق و رەخنـە لـەبارزانی و لەسیاسـەتی پـارتی، قـاسملۆش دەسـتی کـرد بـەدیفاع لەسیاسـەتی پـارتی و لەهەڵوێستی بارزانی.

پاشـان قـاسملۆ گـوتی: ئێمـە کـەهاتووین بەسـەداقەتەوە دەمانـەوێ لەگـەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودە قسە بکەین و بگەینە بڕیاردانی هاوبەش و تێکڕایی، باشە نانووسـین دەسـتەی نوێنەرایـەتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، دەنووسـین رێبەرایـەتی حیزبـی تـودە لەگـەڵ ئەنـدامانی حیزبـی دیمـوکرات بـۆ لێکۆڵینـەوەی وەزعی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەی پێکهێنا.

کەیانوری گوتی: لەگەڵ هێنانە گۆڕێ ناوی حیزبی دیموکرات موخالیفم.

من پرسیم: رەفیق کەیانوری نالێی کۆبوونەوەت لەگەڵ کێ کردوە؟

– لەگەڵ چەند کوردی ئێرانی.

– جا ئەگەر کوردی ئێرانیت دەوێ، لەئەڵمانی رۆژئاوا زۆرن، کارمەندی حکومـەتی ئێرانیشیان تێدایە، بچوو لەگەڵ ئـەوان کۆبوونـەوە بکـە، مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم ناتوانم لەگەڵ ئەم هەڵوێستە وتوێژ بکەم، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیمـوکرات لێرەیە و بەبێ ئەم ناوەش کۆبوونەوە سەرناگرێ.

ئیرەجی ئەسکەندەری و عەلی گەلاوێژ لەگەڵ ئەوە بوون ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بنووسرێ، کەیانووری دەستی دا جانتا و گوتی: من بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە ناکەم.

ئیرەج تاوێك دانیشت و پاشان هەستا رۆیشت، عەلی گەلاوێژیش بەدوای ئەودا وەدەرکەوت، ئیرەج شەو هاتەوە لامان و گوتی:

حیزبی ئێمە تووشی نەخۆشیەکی داخراو بووە، ئەشێ چاوەڕوان بین کەی لەو نەخۆشیە رزگار دەبێ، پاشان بەمنی گوت: هاوڕێ عەزیز محەمەد لەبودا پێستە، پێم خۆشە بچی لەرەوەندی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگاداری بکەی، بەقازانجە.

کۆبوونەوە تێکچوو، دەبوایە بڵاوەی بکەن، دکتۆر قاسملۆ بەکەیانوری گوتبوو کەبلیتێکی فڕۆکە بۆ حەمەدەمینی سیراجی بکڕێ بۆ لەندەن، ئەویش بەڵێنی دابوو، پاش تێکچوونی کۆبوونەوە خەریك بوو پاشگەز بێتەوە، بەڵام دکتۆریش لەو نازرنگتر بوو، ئاخرەکەی بلیتی پێ کڕی، کاك حەمەدەمین بۆ سەیاحەت و سەردانی کۆنە دۆستانی بەرەو لەندەن فڕی، دکتۆر قاسملۆش بەرەو فەرانسە بۆ زیارەتی بێشکەی دیموکراسی و ئازادی، ئەزیش لەخزمەت کاك حەسەن دا گەڕامەوە بۆ سۆفیا.

سەفەری مەجارستان

رۆژی ١٩٧٤/٨/٥ لەسۆفیا چوومە باڵێۆزخانەی مەجارستان و داوای ڤیزام کرد کەبچمە بوداپیست، کاغەزێکیان دامێ کەناونیشان و کاری خۆمی تێدا بنووسم داوای پێنج دۆلار و وێنەیان کرد، منیش بۆ کار نووسیم (رۆژنامەنووس).

کابرا کەچاوی پێکەوت گوتی: نابێ، بۆ رۆژنامەنووس ئەشێ وەزارەتی دەرەوە رێگا بدا.

گوتم کاری بەپەلەم هەیە و کاغەزەکە دەگۆڕم و رۆژنامەنووسیش نیم.

– نابێ، تازە نووسیوتە.

کاغەزەکەم لەبەردەستی هەڵگرت و دڕاندم، گوتم ئێستا پەڕێکی دیکە دەنووسم و دەڵێم تۆریستم.

– نابێ.

گوتم دەچمە لای سەفیر.

– لێرە نییە، دەرچوە.

لەو چەقە و کێشەیەدا بووم، سەفیر هاتە دەر، چوومە پێش و گوتم:

دوو سەعاتە لێرەم، دەمەوێ جەنابت ببینم، دەڵێن لێرە نییە، دەمەوێ بچمە بوداپیست و کارم بەعەزیز محەمەد هەیە، ڤیزام نادەنێ.

سەفیر گوتی ئێستا ڤیزای بدەنێ، پێنج دۆلارەکەشیان وێ دامەوە و ڤیزام وەرگرت و چوومە فڕۆکەخانە، سواربووم بۆ بوداپیست، لەفڕۆکەخانەی بوداپیست بەپۆلیسم گوت: هاتومە لای عەزیز محەمەد و دەمەوێ ببینم، بردیانمە ژوورێک و پاش نیو سەعات ماشێنێکیان هێنا سواریان کردم بۆ (بالانون) کاک عەزیز لەوێ بوو.. نانی نیوەڕۆم لەگەڵ ئەوان خوارد، عامر عەبدوڵڵا یش هات، تۆزێ باسی وەزعی کوردستانمان کرد و باسی پێوەندی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە و باسی کۆبوونەوەکەمان کرد و لای ئێوارە ماشێنیان هێنا بردیانمەوە بوداپیست و بەیانی گەڕامەوە بۆ سۆفیا.

کەهاتمەوە سۆفیا نامەی مامۆستا هێمنی رەحمەتیم بۆ هاتبوو، سەبارەت بەشیرینی نامەکە و بۆ رازاندنەوەی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم، وا دەقی نامەکە بڵاو دەکەمەوە.

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم، نامەی ڕۆژی ١٨ی مانگت ڕۆژی ٢١ گەییە دەستمان، هەزار ئافەرین بۆ چەپەرت، برا خەم کەم بوو خەمی عەمل کردنی کەمالت بۆ نووسیوم، ئەویش نەت نووسیبوو، بۆچی عەمەل دەکرێ؟ بەجەلال[٣]م گوتوە پاش هەموو نوێژان بۆی بپارێتەوە، دەنا تازە دوعای مەمانان ناگاتە بارەگای باری تەعالا، حەیف بەلاوی نەهاتمە ئەو ولاتە و ئەو عیبادەت و نوێژ و ڕۆژانەم بەخۆڕایی کرد، ئەمە کەهاوینی ئەو سالّم لێرە تەحەمول کرد، هەزاران سالّ دەتوانم لەسەر کلّی جهەننەمێ رای بوێرم، نازانی گەرما چ دەکا، تەپ و تۆزێکە هەر باسی مەکە، لەبەر موبەڕیدە وەك باڕێزە ئارەق دەڕێژم، ئەمما بەسەری تۆ بەو حالّەوە یەك دەقیقە بێکار دانانیشم، هەر دەنووسم و دەخوێنمەوە.

بەیانیان ڕەحمان ئەگەر بێکار بوو تاقەت دێنێ، بەپتەکانی ئۆسکارمانی بۆ دەخوێنمەوە ئەویش تایپی دەکا، تا ئێستا پتر لە ١٥٠ پەڕەمان هێناوەتە سەر خەتی خۆمان، بەراستی شتێکی زەریفە و من بۆ خۆم زۆر کەلّکی لێ وەردەگرم، خولاّ بکا ڕۆژێك ئەوانە چاپ بکرێن، جا دەزانی شێوەی موکریان چەندە دەولّەمەندە، شاییم بەخۆمە کەهێشتا نەگەیومە پێنج وشەی وا کەنەم بیستبێ و مانای نەزانم، ئەویش لەسایەی کرمانجی یا ئاغایەتیمە، زۆر کەم وەدەردەکەوم، ئەویش تەنیا بۆ کۆڕی زانیاری یا کن کاك عەولاّ[٤] جار جارەش مامۆستا[٥] کەم ئینزارم دەکا، بەلّێ کاکە زۆر بەئاسوودەیی چوومە کن ئاوالّەکانی پێشەوەمان، چوار ڕۆژ دەگەلّ کاك حەسەن و ئاسنگەر و لەخزمەت عەینی دا ڕامبوارد.

بەداخەوە چاپەمەنیەکانیان پێ نەگەیشتبوو، بۆم ناردن، قەرار وابوو ئەوانیش بۆ هەموو لایەکی بنێرن، لەسەر یەك حالّی هەموان باشە و تا خەبەرم هەیە لەنگ و

---

(٣) مەلا عوسمانی میراوەییە، کەسالّی ١٩٧٩ بەدەستی پاسداران ئیعدام کرا.

(٤) یوسفی ڕێزوانییە.

(٥) مامۆستا زەبیحییە.

لۆرمان نییە، کۆڵ و مۆڵەکان[٦] وەزعیان باش نەماوە، بابی ئاوارە[٧] بەدیداری گەردن کێلی خۆی شاد و شوکر بۆتەوە، جا نازانم چ خەمی لەدڵی دا ماوە.

ئەگەر ئەوەندە پەل و سست نەبان لەرەحمان و جەلال زۆر رازیم، چم بەدەست با لەھەردووکیان ئینسانێکم دروست دەکرد، جا بزانە چیان لێ پەیدا دەبوو، لەبیرتە دەڵێن کابرایەکی وەک من پیر کچێکی بەزامن هێنا، بەڵام مەعلوم بوو دۆڕاندوویەتی و بن بەتاڵە، کابرا دەنگی نەکرد و سڕ پۆشی کرد، بەڵام بەیانی کەچووە تەماشای کرد خانم خەریکی گوێی کون دەکا، کابرای ئیمانی پێ نەما، دەرهەڵ بوو گوتی: ئەوە دەبوو لەماڵە بابت کونی کەی، لێرەی کون دەکەی، ئەوەی دەبوو لێرەی کون کەی، لەوێت کون کردووە، خالیدیش ئەوەی دەبوو سالّی حەفتا کردبای، ئێستا دەیکا، دوو چەرخەی کڕیوە بۆ هەموو جێگایەک بەدوو چەرخە هاتوچۆ دەکا، ئێستا کەدکتۆر[٨] نەماوە، براژنە رونا‌ک[٩] هەیە، بەختی هاری هەر دەباری، قەیدی ناکا با مینە[١٠] فەقیرە برێک بسووڕێتەوە و لێوئاڵ و چاوکاڵی ئەو ولاتانە ببینێ بزانێ چەند بەسەلیقەیە، رەنگ بێ ئەگەر ئەوەی خوێندەوە تووڕە بێ و بڵێ: کابرا بۆ بێ سەلیقەم.

کاکە گیان لەبیرم نەبوو بۆت بنووسم خانوەکەی ئەو سالّمان دەوری چۆڵە، ئەرێ وەلاّمی سەرەڕای ئەو هەموو گەرمایە شەوانە کەفێنکی کرد دەبێتە چەق و لووریّک ئەو سەری دیار نییە، شەوانە کەتاژی و تولّەکان چەق و لووریان دێ ئەم شیعرەم وەبیر دێتەوە کەیادی بەخێر بێ دکتۆر قاسملۆ زۆری دەخوێندەوە:

شغال بیشەی مازندرانرا نگیرد جز سگ مازندرانی

---

(٦) مەلا سەید رەشید کۆڵەیە.

(٧) مەلا عەولای حەیاکییە.

(٨) دکتۆر قاسملوە.

(٩) خێزانی حەمەدەمینی سیراجییە.

(١٠) حەمەدەمینی سیراجییە.

مالّ هەر بۆ خۆی نەبوو میوان لەوەندی تریشیان کردبوو، بۆ خۆت دەزانی من وەکی دی خەوم نییە، گەرما و چەق و لووریش لەوێ راوەستێ، سلّاوی براژنە خەجیج دەگەیەنم، چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم، دیسان هیوا دەبڕم کەکەمال ساخ و سلّامەت بێتەدەر، بەداخەوە دیوانەکەم هەر وادێ، درەنگێ دەکەوێ، دەنا هەموو شتی تەواوبوە، نۆرەی وەبەر ناکەوێ، کاغەزی سەربەخۆ بۆ مامۆستا[11] دەنووسم و شتی بۆ دەنێرم، جارێ دەستی ماچ دەکەم، دکتۆر[12] چاکە و سلّاوت لێ دەکا و هیچ وێ ناچێ کەوا زوو دەرچێ و دەرباز بێ.

برات هێمن

لەو ماوەیەدا کەبەشێك لەبرادەرانی ئێمە، لەسەر موافەقەتی پارتی چووبوونە کوردستان، ئەندامێکی حیزبی ئێمە بەناوی فەقێ برایم بەتاوانێکی پووچ لەلایەن شۆڕشەوە گیرابوو، هەرچەند مەلا عەولاّ هەوڵی دابوو، بەریان نەدەدا، دیار بوو لەو ماوەیەدا کە دکتۆر قاسملۆ لەدەرەوە بوو، بێ ئەوەی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی باسی بکا، پێوەندی لەگەڵ قیادەی شۆڕشی کوردستانی عێراق پاراستبوو، لەنامەیەکدا کە ١٩٧٣/٧/١٠ لەرێگای شۆڕشەوە بۆ مەلا عەولاّی نووسیبوو دەڵێ: ..... برا گیان نامەیەکم بۆ جەنابی مەلا مستەفا نووسیوە و نامەیەکیشم بۆ کاك ئیدریس ناردوە هیوادارم لەیارمەتی بەئێوە درێخی نەکەن، هەروەها بۆ کاك ئیدریسی بەڕێز مەسەلەی فەقێ برایمم نوسیوە، ئەگەر تا ئێستا بەریان نەدابێ هیوادارم کاك ئیدریس ئەمری بەردانی بدا... بەداخەوە نامەی دکتۆر قاسملۆش هیچ کاری نەکرد و فەقێ برایم تا ماوەیەکی زۆر هەر لەزیندانی خەلان دا مایەوە.

---

(١١) مەبەست کاك حەسەنی قزڵجییە.

(١٢) مەبەست دکتۆر سوڵتانی وەتەمیشییە.

هاتنی دکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ سۆفیا

لەسەر پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ سەفەری عێراقم وەدواخست و لەسۆفیا مامەوە، رۆژی ١٩٧٤/٨/٢٣ دکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمینی سیراجی هاتنە سۆفیا.

پاش باسی سەفەری خۆمان و لێکۆڵینەوەی کۆبوونەوەی لایپزیك و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان دکتۆر قاسملۆ گوتی: ماوەیەکە لەماڵ و منداڵم دوورم و خێزانم هەر بەتەنیایە و لەبەرامبەر ئەودا خۆم بەخەتابار دەزانم و دەمەوێ ماوەیەك لەدەرەوە بمێنمەوە، بەڵکو بتوانم وەك جاران لەزانستگای پراگ دەرس بڵێمەوە، هیچ یارمەتیەکیشم لەحیزب ناوێ.

کاك حەمەدەمین دڵی قسەکانی وەستا و گوتی: ئەگەر خەیاڵێکی ئاوات هەبوو بۆچی لەکۆبوونەوەی فرانکفۆرت کە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەوێ بوون، باست نەکرد تا ئەوانیش بیروڕای خۆیان دەربڕیبایە، لەو هەل و مەرجەدا تۆ لەدەرەوەبی، لەعێراق حسابێکی دیکەت بۆ دەکەن، وەزعی برادەرانمان روون نییە، مانەوەی تۆ لەدەرەوە لەگەڵ برادەران باس نەکراوە، لانی کەم وەرەوە بەغدا، با کۆمیتەی ناوەندی بڕیار بدا.

منیش پشتی قسەکانی حەمەدەمینم گرت و گوتم: کارێکی زۆر ناحەزە تۆ بەبێ بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی لەدەرەوە بمێنیەوە.

دکتۆر دەستی کرد بەهێنانەوەی شێر و رێوی، نەی دەیگوت کەرێبەرانی شۆڕش پێیان گوتوە لەعێراق نەبێ، پاش باسێکی زۆر دکتۆر پێی چەقاند و گوتی:

نامە دەنووسم بۆ کۆمیتەی ناوەندی و پێشنیار دەکەم کاك کەریم بەجێگری سکرتێر دابنێن و هیوادارم پێشنیارەکەم لەکۆمیتەی ناوەندی دا پەسند بکرێ، لەسەر کاك ئەمیری قازیش بیروڕای خۆم دەنووسم، با کۆمیتەی ناوەندی نەزەر بدات.

پاش ئەوە کەهەولّی من و کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ گەڕانەوەی دکتۆر قاسملۆ بۆ عێراق نەتیجەی نەبوو، دکتۆر ئەو نامەیەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی، کەوا لێرەدا بەشێکی نامەکە بڵاو دەکەمەوە.

١٩٧٤/٩/١ بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

برایانی بەڕێز!

پاش سڵاوێکی برایانە

بەداخەوە هەلومەرجی سیاسی وەزعێکی ئەوتۆی پێکهێناوە کەناچارم ماوەیەك لەئێوە دووربم، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانم بیروڕای خۆم لەسەر هێندێ گیروگرفتی حیزبی پێتان رابگەیێنم.

١- هۆی ئەساسی سەرکەوتنی ئێمە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەتی پاش کۆنفرانسی سێهەم کاری دەستە جەمعی و تەتبیقی ئوسوڵی حیزبی بەتایبەتی سانترلیزمی دیموکراتی لەناوەوەی حیزب دابوو، بۆیە هیوادارم کە لە دواڕۆژیشدا پاراستنی ئوسوڵی حیزبی بەتایبەتی یەکێتی ریزەکانی حیزب بەئەرکی ئەساسی خۆتان دابنێن و بەهیچ جۆر ڕێگا نەدەین ئەو یەکێتییە کەپاش ساڵانی ساڵ لەحیزبی دیموکراتی کوردستان دا پێکهاتووە تێك بچێ.

لەسەر ئەم ئەساسە چەند پێشنیارم بۆ دابەشکردنی کار لەناو ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کەلەمەرکەز دەمێننەوە، دیارە ئەو پێشنیارانە هەتا ئەو وەختەیە کەئەم مەرکەزیەتە لەجێگای خۆی مابێتەوە.

الف- کاك کەریم وەك جێگری سکرتێری گشتی دیاری بکرێ، هیوادارم بەیارمەتی هەموو برادەران لەپێکهێنانی هاوکاری و هاودەنگی لەناو برادەران دا سەرکەوتوو بێ.

ب- کاك محەمەد ئەمین بەمەسئولی کاروباری ئێران دیاری بکرێ و مەسئولیەتی پێوەندیەکانی دەرەوەشی هەبێ.

ج- کاك دکتۆر سوڵتان هەر مەسئولی مالّی بمێنێتەوە.

د- دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بریتی بێ لەچوار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاك جەلال، مەسئولی ئەدەبی (کوردستان) هەر مامۆستا هێمن بێ.

بڕوام وایە ئەگەر برادەران ئەو پێشنیارانە قبوڵ بکەن و دڵسۆزانە و بەدەستە جەمعی لەتێکۆشانی حیزبی دا بەشدار بن سەرکەوتنی زیاترمان لەدواڕۆژدا وەدەست دەکەوێ.

٢- راپۆرتی کاری ئێمە لەو سەفەرەدا لەدەرەوە تەفسیل لەلایەن برادەرانەوە پێشکەش دەکرێ، من پێم وایە کەئەم سەفەرە قازانجی زۆر بوو، هێندێ نەتیجەی موسبەتی سەفەرەکەمان لەدواڕۆژدا دەردەکەوێ..... ئیتر سڵاو لەهەموو برادەران دەکەم و چاوی هەموویان ماچ دەکەم و هیوادارم ئەو دوورییە زۆر نەکێشێ و هەرچی زووتر چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە، براتان ع- رەحمان.

پاش نووسینی ئەو نامەیە بڕیارماندا دکتۆر و کاك حەمەدەمین بچنە بیروت، بەڵکو بتوانن لەبیروت دەرفەتێك بدۆزنەوە کەئەگەر پێویست بوو، ناوەندی حیزب بۆ بیروت بگوێزرێتەوە، لەسەفەری پێشووشدا چووبوونە باڵیۆزخانەی کۆماری یەمەنی دیموکراتی و داوایان کردبوو کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بچێتە عەدەن و چاوی بەرێبەرایەتی ئەم وڵاتە بکەوێ، باڵیۆزی یەمەنی دیموکراتی گوتبووی: پاش مانگێك وەڵام دەدەینەوە، پێویست بوو جارێکی تریش سەر لەباڵیۆزخانەی یەمەن بدەنەوە.

ئێستا کەباسی بیروت هاتە گۆڕێ، با ئەم چەند وشەیەش لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ بگێڕمەوە، باسیان کرد کەلەبیروت چوونە لای جەلال تاڵەبانی.

من پرسیم: مام جەلال ئێستا لەبیروت چ دەکا؟

دکتۆر گوتی: نوێنەری مەلا مستەفایە.

گوتم بیستومانە کەنوێنەری مەلا مستەفا عەزیز شێخ رەزایە.

دکتۆر گوتی: مام جەلال معاونی ئەوە.

گوتم: ئەم جار تکایە لەزمانی منەوە بەمام جەلال بڵێ: بۆ ئەو نابێ ژێر دەستی عەزیز شێخ رەزا بێ، هەر عەیبیشە.

گوتی: بۆ عەیبە، ئەگەر مرۆڤ بڕوای بەمەسەلەیەک هەبێ، لەپێناو ئەودا هیچ کارێک عەیب نییە.

گەڕانەوە بۆ بەغدا

رۆژی ١٩٧٤/٨/٣٠ دکتۆر قاسملۆ و کاک حەمەدەمینی سیراجی بەرەو بیروت کەوتنەڕێ، منیش رۆژی ٧٤/٩/٥ گەڕامەوە بۆ بەغدا، برادەرانی حیزبی بەخڕی هاتبوونە فڕۆکەخانە و بەدیداری یەکتر شاد بووینەوە، پاش دوو رۆژ کاک سیراجی بەکۆڵێک گلەییەوە لەهاوسەفەرەکەی گەیشتەوە بەغدا و بەقەولی مامۆستا هێمن بەدیداری مااڵ و منداڵی شاد بۆوە.

پاش گەڕانەوەم، نامەیەکم بۆ مەلا عەولا نووسی و داوام لێکرد کەکات و شوێن دیاری بکا، تا کۆمیتەی ناوەندی کۆببێتەوە و رووداوەکانی تازە لێک بداتەوە و لەسەر هێندێ مەسەلە بڕیار بدات، زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەودەم لەکوردستان بوون.

رۆژی ١٩٧٤/٩/٨ لەگەڵ کاک حەمەدەمین چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و چاومان بەکاک عەزیز محەمەد کەوت، پاش باسی رووداوەکانی وڵات، کاک عەزیز ئامۆژگاری کردین کەوەزعی خۆمان و بێ لایەنی بپارێزین، گوتی: هەتا لێتان گەڕێن لەعێراق بمێننەوە باشترە، لێرە لەوڵاتی خۆتان نێزیکن، دەتوانن وردە

پێوەندیەک لەگەڵ وڵات دابمەزرێنن، لێرە هەڵقەندرێن دوور دەکەونەوە ئەم تەئسیرەتان نامێنێ.

بێ لایەنی ئێمە سەبارەت بەوەزعی کوردستان بەعسی ناڕەحەت کردبوو، لەبیانوو دەگەڕان کەتێمان هەڵپێچن، دکتۆر قاسملۆ لەسەفەری خۆیدا لەسوید لەگەڵ رۆژنامەی (ئالتن بلادیت) وتوێژی کردبوو، لەقسەکانیدا وەک رۆژنامەکە بڵاوی کردبۆوە، نەک هەر دیفاعی لەسیاسەتی پارتی کردبوو، بەڵکو تا رادەیەک سیاسەتی حکومەتی ئێرانیشی لەمەڕ یارمەتی بەشۆڕشی کوردستانی عێراق بەپەسند دانابوو، بەعس لەوە تووڕە بوو.

تاقی کردنەوەی مێژوویی لەعێراق بەتایبەتی پاش شۆڕشی ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ نیشانی داوە کەگیروگرفتی کورد لەرێگای شەڕەوە چارەسەر ناکرێ و دەبێ لەرێگای ئاشتی و وتوێژەوە حەل بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٧٠ پێ خۆشبوونی خۆی بەرامبەر بەرێککەوتنەکانی ١١ی مارس دەربڕی و لەمانگی مارسی ١٩٧٤یش دا بەهەموو هێزیەوە لایەنگری رێک کەوتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوەندەی لەتوانای دابوو بۆ ئەو رێککەوتنە هەوڵی دا، سیاسەتی حیزبی ئێمە دۆستایەتی لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عێراق بووە، ئێستاش بەو ئەسڵە هەر وەفاداره.

دیارە وەزعی ئێستای کوردستانی عێراق ناتوانێ سەرنجی حیزبی ئێمە بۆ لای خۆی رانەکێشێ، حیزبی ئێمە دژی شەڕ لەکوردستانی عێراقە و زۆر نیگەرانی ئەوەیە کەدوژمنانی گەلی کورد، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بەتایبەتی رژێمی دژی گەلی حەمەرەزا شا لەم وەزعە دژی ئامانجە مێژووییەکانی خەڵکی عێراق و دژی هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ئەم ناوچەیە کەڵک وەربگرن، حیزبی ئێمە لەو

بڕوایەدایە کەمەسەلەی کورد لەعێراق لەڕێگای شەڕەوە چارەسەر ناکرێ و ڕێگای حەللی سیاسی هەیە.

ڕێککەوتنی ستراتیژیکی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پشتیوانی گەلی عەرەب لەئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد، هەروەها پشتیوانی گەلی کورد لەجوڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی گەلی عەرەب، ڕێگای ڕاستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کەئێستا بوون بەهۆی پشێوی وەزعی نێوخۆی عێراق، ئەگەر هەموو گیروگرفتەکان لەروانگەی ڕێککەوتنی دڕێژخایەن لەنێوان ئەو دوو جوڵانەوەدا سەیر بکرێ، ئەو دەم ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەهاسانی پەیدا دەکرێ.

حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایە کەدەست پێکردنەوەی وتوێژ ڕێگەیەکە کەلەگەڵ ئامانجە نیشتمانیەکانی خەڵکی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەت باشتر ڕێکدەکەوێ و دەبێتە سەددی سەر ڕێگای نەخشەکانی دژی ئینسانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بەتایبەتی ڕژێمی دژی گەلی شا لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

ئێمە هیوادارین تەواوی هێزە نیشتمانییەکانی عێراق کەدڵسۆزی قازانجی گشتی گەلانی ئەو وڵاتەن، بۆ چارەسەرکردنی سیاسیانەی وەزعی هاڵۆزی ئێستای عێراق برایانە تێ بکۆشن و نابێ ئەو ڕاستیە لەبیر بەرنەوە کەبەرامبەر بەخەڵکی عێراق بەعەرەب و کورد و کەمایەتییەکانەوە، بەڵکە زیاتر لەوەش، بەرامبەر بەگەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی مەسئولیەتی مێژوویان هەیە.

ئێمە هیوادارین هەتا زووترە هەموو ئەو هێزە نیشتمانیانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە دەست بەکار بن و ڕێگە لەهێزە ئیمپریالیستیەکان و کۆنەپەرستیەکانی ناوچە بەگشتی و ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بەتایبەتی ببڕنەوە، کەدەیانەوێ لەئاڵۆزی باری ئێستای عێراق بەقازانجی ئامانجە دژی

گەلیەکانیان زیاتر کەڵک وەربگرن، بەبڕوای ئێمە ئەوە ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عێراق، هەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهانە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

پاش کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کەمەلا عەولاّ دەچێتەوە کوردستان و لای بنکەی سەرکردایەتی شۆڕش، چاوی بەکاك (ـــــــــــــ) دەکەوێ و باسی دەرکردنی بەیان نامەکە دەکات، کاك (ـــــــــــــ) دەڵێ: بێدەنگیتان باشترە و هیچ بڵاو مەکەنەوە، مەلا عەولاّ بیروڕای کاك (ـــــــــــــ) بۆ من نووسیبوو، بەڵام بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەیانەکە بڵاوکرایەوە، پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە بەعس ناڕازی بوو کەپەلاماری شۆڕشی کوردمان نەداوە، مەلا عەولاّش لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم: ..... لەسەر بەیانەکە.. مالّی پیرۆت (مەبەست بارەگای بارزانییە) بەتێکڕایی پێیان باش نەبوو، بەتایبەت لەبەرئەوە هێندە گشتییە و ناوی دیارالبشری تێدا نییە، لەبەخێرهاتنەکەیان دا فەرقێکی کەمم لەچاو جاران هەست پێکرد، جوابی منیشیان هێندە وەدرەنگ خست کەبەدووری نازانم بۆ مانگی داهاتوو.....

لەوەڵامی نامەی مەلا عەولاّدا، بۆیم نووسیەوە: لەبەرچاو گرتنی قازانجی حیزب لەوشکایەتی بەهێزتر بێ باشترە، راستە ئەو بەیاننامەی ئێمە هیچ لایەکی رازی نەکرد، بەڵام قازانجی ئەوە بوو لەو کاتە ناسکەدا کەکەس هیچ نالّێ، ئێمە بەدوو کەس و نیوەوە شتی زۆر گەورەمان گوتوە، هەربۆیەش لەنێو خەڵکدا پرستیژی حیزبی ئێمە زۆر چۆتە سەرێ.

بەراستیش هەر وابوو، وەستانی ئێمە لەسەر سیاسەتی ئوسوڵی و بێ لایەنی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا و نەچوونە ژێر باری هەڕەشە و داخوازییەك لای، ئێمە و حیزبەکەی ئێمە لەنێو خەڵك دا بەگشتی خۆشەویست کردبوو.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کەلەبارەی کۆبوونەوەمان لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە و تێکچوونی کۆبوونەوە، نامەیەك بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی و حیزبەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی بنووسین و لەسیاسەتی خۆمان و بۆچوونی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ئاگاداریان بکەین، نامەکان بەزمانی ڕووسی نووسران و بەداخەوە لێرەدا جێگای چاپکردنیان نابێتەوە.

هەڵوێستی حیزبی بەعس

پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ڕووداوەکانی عێراق، کەبەقسەی بەعس شۆڕشی کورد پەلامار نەدرابوو، حکومەتی عێراق کەوتە لالوتی لێمان، لەپێشدا بۆ سەفەری کوردستان پسوڵەی پێش پێ نەگرتنیان دەداینێ، ڕۆژنامەکەیان بۆ چاپ دەکردین، کتێب و نامیلکەیان بۆ چاپ دەکردین، بەڵام ئەمجار نەك هەر ئەوانەیان هەموو لێ بڕین، بەڵکو بێ سوچ و تاوان و بەڵگە، پێنج ئەندامی حیزبی دیموکراتیان لەشاری کۆیە گرت و تا ماوەیەکی زۆر بێ سەر و شوێنیان کردن، هەرچەند برادەری بەرپرسی پێوەندی هاواری دەکرد و دەیپرسی کەسۆراغیان بزانێ، کابرای بەعسی بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئێمە دەیگوت: بشرفی نازانم، چۆن شتی وا دەبێ برادەری ئێوە بگیرێن؟ جا وەرە بڕوای پێ بکە، پاش ماوەیەکی زۆر برادەرێکی کورد لەزیندانی کەرکوك ئازاد دەکرێ و وەك پیاوان خەبەری بۆ هێناین کەوا پێنج کوردی ئێرانی لەزیندانی کەرکوك دان و دەفریایان کەون، ئەوجار کەبەکابرامان دەگوت: برادەرانی ئێمە وا لەبەندیخانەی کەرکوك دان، عەجیب، بشرفی مەیسر هیچی.....

گرتنی ئەو برادەرانە هێندێ نیگەرانی بۆ ئێمە پێکهێنا، چەند کەس لەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی هاتنە سەر ئەو بڕوایە کەبەغدا بەجێ بێڵێن، بەڵام مەسەلە تەنیا دەرچوونی ئەندامانی مەسئول نەبوو، نێزیکەی ٢٨٠ کەس لەئەندامانی حیزبی و مالّ و منداڵیان لەکوردستانی عێراق بوون، نەدەکرا ئەوان بەرەڵا بکرێن و ئێمەش بۆی دەرچین، بێجگە لەوە چوونە دەرمان لەعێراق، بەجارێك لەوڵاتی خۆمانی دوور دەخستینەوە.

نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و لەگرتنی برادەران ئاگادارم کرد، دکتۆر چواری مانگی نوامبری ١٩٧٤ نامەیەکی بۆ نووسیوم سەبارەت بەوەزعی ئێمە لەعێراق نووسیبووی: ..... برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەدەرەوە لەو بڕوایەدان کەئێوە لەبەغدا نەمێنن، من لەگەڵ ئەو نەزەرە نیم، پێم وایە هەتا بتوانن و ئیمکان هەبێ بەو شەرتەی لەبێ لایەنی دەرنەچن هەر لەوێ بن، بەڵام دەبێ فیکر لەوە بکەنەوە ئەگەر وەزع لەوێ باش نەبوو، یەك دوو برادەر بتوانن بچنە بیروت، گرتنی لەتیف و برادەران خۆی هۆشدارێکە، تەنانەت ئەگەر بشڵێن هەڵەیە کافی نییە، بەراستی دەبێ زۆر ئیحتیات بکەن، تەنیا ئەو کەسانە لەبەغدا و لەناوچەی حکومەت بمێنن کەپێویستن و کەسی تر لەم ناوچەیە نەمێنێ...

برادەرانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی بێجگە لەکاك هاشمی کەریمی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەپێوەندی لەگەڵ بەعس نەپچڕێنین و هەتا بکرێ لەعێراق بمێنینەوە.

رۆژی بیست و چواری مانگی ئۆکتۆبەر چوومە لای کاك عەزیز محەمەد کەتازە لەسەفەر هاتبۆوە، ئەحوالّی برادەرانی پرسی و منیش باسی گرتنی برادەرانم کرد، بانگی دکتۆر رەحیم عەجینەی کرد و گوتی: تەلیفۆن بۆ نەعیم حەداد بکە و داوای لێ بکە برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکەرکوك گیراون ئازاد بکرێن.

ئازاد بوونی برادەران درێژەی کێشا و پێنج مانگ بەبێ تاوان لەبەندیخانەدا مانەوە، گرتنی ئەوان باسێکی خۆشیشی بۆ ساز کردین کەجاروبار دەبوە نوقڵی مەجلیس و دانیشتنی خۆمانەمان، لێرەشدا بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنەری بەڕێز زیندووی دەکەمەوە، ئەو برادەرانەی مااڵیان لەکۆیە بوو، پێنجیان گیرابوون مەلا ڕەسوڵ و سەید ڕەسوڵیش لەسەرێ لەکوردستان بوون، کاك حەمەدەمینی سیراجی دەبوایە بچێ سەریان بدا و یارمەتیان پێ بکا، کاك حەمەدەمین سەفەری کرد بۆ کۆیە و بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی برادەران، دەچێتە ماڵی سەید ڕەسوڵ و دەڵێ ژن و منداڵی برادەران با بێن چاوم پێیان بکەوێ، ژن و منداڵی برادەران لەکاك حەمەدەمین وەکۆ دەبن و بەخێرهاتن و چاك و خۆشی، پاشان کاك حەمەدەمین دەڵێ: ناڕەحەت مەبن، برادەران ئازاد دەبن و ئێستاش ئەوە من هاتووم و چ ناگوزێری و پێداویستیەکتان هەیە تا بۆتان جێ بەجێ بکەم.

ژنەکان چاو لێك دەکەن و لەقاقای پێکەنین دەدەن

خێزانی مەلا ڕەسووی کەژنێکی کەیخودایانە و ژیر و قسەزانە، دەڵێ: کاك حەمەدەمین جا کوا ئەتو ئیحتیاجی ئەو هەموانەت پێ دابین دەکرێ، ژنەکان لەقاقای پێکەنین دەدەن و حەمەدەمین تازە تێدەگا کەچی گوتوە و ئەوان چۆنیان لێکداوەتەوە.

بەڵای لابەلا

ئێمە لەو حاڵە پەرێشانەدا، هەوڵمان دەدا کەبێ لایەنی خۆمان بپارێزین و هەر لەو کاتەش دا لەگەڵ کۆڕە ئەدەبیەکان و ڕۆژنامە و کۆڕی زانیاری پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاریمان بەرقەرار بوو، تازە (تاریك و ڕون) دیوانە شیعری مامۆستا هێمن بڵاوببۆوە، دکتۆر قاسملۆ پێشەکیەکی جوانی بۆ نووسیبوو، لەپڕ کابرایەك بەناوی دڵشاد مەریوانی وتارێکی لەسەر پێشەکیەکەی دکتۆر قاسملۆ

لەرۆژنامەی هاوکاری دا بڵاو کردەوە، وتارەکە نەک هەر پێوەندی بەپێشەکی دکتۆرەوە نەبوو، بەڵکو بێشەرمانە دکتۆر قاسملۆی پەلامار دابوو، هاوڕێیانی دکتۆری بەیاخی ناو بردبوو، نێوەرۆکی شیعرەکانی هێمنی شێواندبوو بەقسەی هاتەران پاتەران لەخۆوە رێبازی حیزبی دیموکراتیشی بەیاخی بوون ناساند بوو.

ناچار دەبوایە وەڵامی بدرێتەوە، مامۆستا هێمن ئەو شەڕە چەقەی بەستۆی من دابڕی، هاوکاری بازاڕێکی بەبرەوی پەیدا کرد، چەند وتارم لەسەر شیعرەکانی هێمن و تێنەگەیشتنی ئەو برادەرە نووسی و ئەویش وەڵامی دەدایەوە، نووسەرانی دیکەش کەوتنە قەزاوەت و بیروڕا دەربڕین، کاکە حەمەی مەلا کەریم لەمۆسکۆوە وتارێکی نووسیبوو، بۆچوونەکەی منی بەراست دانابوو، کاکەی فەلاحیش هەروا بەوتارێك بۆچوونی دڵشاد مەریوانی بەهەڵە و بێ جێ لێك دابۆوە، نووسینی ئەم وتارانە، لەم کاتەدا کەچاپەمەنی رۆژنامەی کوردستان تووشی تەگەرە ببوو، بوو بەهۆی تەبلیغاتێکی بەهێز بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەکی دیکەشەوە دکتۆر قاسملۆ و مەلا عەولاّ رەخنەیان لەسەر ئەم شەڕە نووسینە هەبوو، دکتۆر قاسملۆ لەئەوروپاوە بۆی نووسیبووم: لەوتارێکدا وات نیشان داوە کەوا ئێمە رۆژنامەی کوردستان لەبەغدا دەردەکەین، ئەوە هەڵەیەکی سیاسییە، چۆن ئێمە بەخەڵك دەڵێین کەوا ئێمە رۆژنامەی کوردستان دەردەکەین.

برادەران رەخنەی قاسملۆیان پێ سەیر بوو، ئێمە لەبەغدا بووین، رۆژنامەی کوردستان لەبەغدا چاپ دەکرا و لەکوردستان و لەبەغداش لەکتێب فرۆشەکان دادەنرا و دەفرۆشرا، بەڵام ئەوەی من نووسیبووم: دکتۆر قاسملۆ و هاوڵاّکانی یاخی نین و شۆڕشگێڕی سیاسین، رۆژنامەیەکی وەك رۆژنامەی کوردستان دەردەکەن کەئەستێرەیەکی پڕشنگدارە لەئاسمانی ئەدەبی کوردی دا، بەهەڵەی سیاسی دانابوو، مەلا عەولاّی حەیاکیش کەئەودەم لەناوچەی شۆڕش لەکوردستان بوو، نووسیبووی: تۆ جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی، چۆن خۆ دێنییە ریزی دڵشاد مەریوانییەك کەکەس نازانێ سەری بەکوێوە بەندە و

بۆ ئەو هەرایەی ناوەتەوە، پێش گەیشتنی رەخنەی ئەو برادەرانە، نووسینەکان کۆتاییان پێ هاتبوو.

منیش لێرەدا کۆتایی بەو بەشەی بیرەوەریەکانم دەهێنم و خوێنەرانی بەڕێز لەچاوەڕوانیدا رادەگرم، کەبەشی پێنجەمی بیرەوەریەکانم، بخوێننەوە کەپڕە لەرووداوی سیاسی و بەسەرهات و بەشێکە لەمێژووی جوڵانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ١٩٧٥وە تا ١٩٧٩.

لەبارەی بیرەوەرییەکانی کاك کەریمی حسامی

نووسینی: جەعفەری شێخ الاسلامی

وەی من پەی سەفای یاران هام دەم

ئای پەی ئەو سەیران ماردم و کەڵ رەم

یاران گرین شین وەتوونای تووندا

هەر خەیاڵ مەندەن نەتۆی دەروندا

مەولەوی تاوەگۆزی

تاڵ یان شیرین، رەمەکی یان سەرنج راکێش، تاکی یان کۆمەڵایەتی، هەمووکەس بیرەوەری تایبەت بەخۆی هەیە، هی وایە مەسنەوی حەفتامەنی بەنووسینەوەی بیرەوەریەکانی راناگا، بەڵام بیرەوەری کاتێك نرخی شیاوی خۆی پێدەدرێ کەتۆمار بکرێ و گەل لێی ئاگادار بێ.

تۆمارکردن و نووسینی بیرەوەری و ژینامە لەلایەن مرۆڤە هەڵکەوتەکانەوە، لەمێژ ساڵە باوە، لەئەدەبیاتی کوردیدا پێم وانییە زۆر بۆ زوو بگەڕێتەوە، باشترین

نووسراوە لەو بوارەدا، کەبکرێ لەزۆر بارانەوە بایەخی پێدرێ و من دیبێتم (لەکوێ وە بۆ کوێ)ی مامۆستا هێمنی نەمرە کەلەدیوانی (تاریك و روونی)دا هاتوە، لەم سالانەی دواییدا چەند کەسێك ئەو شێوازەی هێمنیان وەبەر دڵ کەوت و ژینامە و بیرەوەری خۆیان نووسی، ئەوانە هەرچەند مریشکی کەسیان لەئاو نەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەوتۆش نەبون کەخوێنەری کورد بەهێندیان بگرێ.

دوو ساڵێك لەمەوبەر لەرێگای دەربەدەری بەرەو ئەم لایەم داگرت، بیستم کەبەرگی یەکەمی (بیرەوەریەکانم)ی کاك کەریمی حسامی دەرچووە، ئەوکات، لانی کەم نووسەرم تا رادەیەك لەدوورەوە، وەکو سیاسیکارێکی لەمێژینە و نووسەرێك بەهۆی کتێبەکانی (کاروانێك لەشەهیدەکانی کوردستانی ئێران) و (دایك) و (کۆمەڵە چیرۆکێکی هەڵبژاردە لەئەدەبی بێگانە) و.... دەناسی، بیرم کردەوە کەبیرەوەریەکانی دەبی بۆ مەمانان تۆی بەسەرهاتی نەبیستراو و ئاگاداری تازە و ئەزموونی بەکەڵك بێ، خوێندنەوەی ئەو کتێبەش بوو بەسەربارێ تاسەگەلی ئاوساوم، هەتا ئەوەی کەلەسایەی تاسەدارانەوە، ئەم تاسەم هەناسەی وەبەرهات، لەباتی بەرگێك، بەجارێك سێ بەرگ ١ و ٢ و ٣ی (لەبیرەوەریەکانم) ژووری تەنیایی و غەریبییان ئاوەدان کردمەوە.

(لەبیرەوەریەکانم) خوێندەوە، چبوو، رۆمانێك؟ چیرۆکێکی مێژووییە؟ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە؟ نا، هیچکام لەوانە نییە، کەچی هەمووی ئەوانەشە، بەسەرهاتی مرۆڤێکە، بەسەرهاتی کوڕە زەحمەتکێشێکی کورد کەلەساڵەکانی نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانەوە دەست پێدەکا، بەسەرهاتێکی پڕ پێچ و پەنا، تۆی کارەسات و رووداوی سەیر و سەمەرە و تاڵ و شیرین، خوێنەر دەگەڵ خۆی دەبا، وەپێکەنینی دەخا، دەیشێوێنێ، دەیگرێنێ، لەتوێژ و چینەکانی جۆراوجۆری خەڵك، وەکو رەشایی، جوتێر، ئاغا، شێخ، مەلا، رێگر، شۆڕشگێڕ، ژاندرمە، خۆفرۆش..... بەتۆبەی خۆیان دەلەبزن، بەو چەشنە لەرۆمانێك دەکا، کەسایەتییەکانی بەسەرهات، شوێن و کاتی رووداوەکان خەیاڵی نین و راستەوخۆ

ناوبراون، کەوابوو وەچیرۆکێکی مێژوویی دەچێ، بەڵام هەروەکی نووسەر خۆی لەپێشەکی بەرگی دووهەم دا دەنووسێ: (من چیرۆك و رۆمانم نەنووسیوە کەبەخەیاڵ پاڵەوان دروست بکەم، ژیان و بەسەرهاتی خۆم نووسیوە.....) ئوسڵوبی چیرۆك نووسین لەگۆڕێ دا نییە و تەنیا بیرەوەرییەکانی نووسەرە کەوەکو چیرۆکێکی شیرین خۆ دەنوێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێك جار بیرەوەرێکی نووسەر، لەکورتە چیرۆکێکی ژیکەڵەی مێژوویی دەچێ، لەلابەلای ئەو کورتە چیرۆکانەدا، دابونەریتی چەندین ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵی کوردەواری، دزی و فزی ئاغاوات، راوەروتی شێخ و موشایخ، ملهوڕی و کەڵەگایی ژاندارمە، خەبات و بەربەرەکانی گەل دەردەکەون، نووسەر دەگەڵ ئەودا کەلەو بارەوە زۆر شتی تازەمان بۆ تۆمار دەکا، کاتێ پیاوەتی و نیشتمانپەروەری لەئاغا و شێخێکی وەبیر دێتەوە، خۆی لێ نابوێرێ و دەینووسێ، بەرگی یەکەم بەتایبەت، وەکو ئاوێنەیەکی ئەوکاتی بەشێکی کۆمەڵی کوردەواری، کەم وێنەیە، دەڵێن: بیری منداڵی زۆر تیژە، هی کاك کەریم وەکی نیشانی داوە، یەکجار تیژە و بەراستی دە هێزی لەبیرمانەوەی ئەو بیرەوەرییە شیرینانە شیاوی پێ هەڵگوتنی تایبەتە.

نووسەر هەرچەند لەپێشەکی بەرگی یەکەم دا نووسیویەتی: (ئەز نامەوێ مێژوو بنووسم، لەتواناشم دا نییە....) بەڵام هەروا کەباسی ژیانی خۆی و بیرەوەریەکانی دەکا، لەراستیدا خەریکی تۆمارکردنی مێژوویە، لەدووڕەوە یان لەنزیکەوە ئاگاداری هەلومەرجی سیاسی ئێران و عێراق تاڕادەیەك و کوردستان (گەرمێن و کوێستان) بەتایبەت، بووە. ئەوەندەی پێوەندی بەژیانی خۆیەوە هەبێ رووداوەکان دەپشکنێ و تەنانەت فاکت و بەڵگە بەدەستەوە دەدا، لەوانەن: کۆماری مەهاباد و کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی ئێران، راپەڕینی وەرزێرانی موکریان، راپەڕینی ٦٧–٦٨ی زایینی کوردستانی ئێران، شۆڕشی بارزانی و ..... ئەو بابەتە مێژووییانە لەهەموو بەرگەکاندا کەم تا کورت جێی تایبەتی خۆیان هەیە، تا ئەوەی کەلەبەرگی سێهەم دا، ژیانی تایبەتی نووسەر

زۆرتـر لەبیانوویـەکی دەچـێ، بـۆ ئـەوە کـەبتوانێ لـەو رێگەیـەوە گـرنگترین رووداوەکـانی راپـەڕینی چـەکدارانەی ٦٧–٦٨ی زایینـی کوردسـتانی ئێران و لـەو پێوەندیەدا هەڵوێستی هێزی چەپی ئێرانی و شۆڕشی ئەوکاتی کوردسـتانی عێـراق و تاڕادەیـەک دەوڵـەت و هێـزی چـەپی عێراقـی روون بکاتـەوە، تـا ئێسـتا زۆرجـار لەسـەر ئـەو قۆناغـەی خـەباتی گەلەکـەمان نووسـراوە، نووسـینی کـاک (کـەریمی حسـامی) لـەوبارەوە شـتێکی نوێیـە، هـەر تـەنیا نامـەکانی رێبـەرانی جووڵانـەوە، بۆخۆیـان زۆر راز ئاشـکرا دەکـەن کەخـەتی خۆیـان دەقـاودەق چـاپکراون، جیـا لەبایەخی مێژوویی، راگرتنـی نامەگـەلی کـاک سـولەیمانی مـوعینی و کـاک سمـایلی شەریف زادە و..... کەنموونەی فیداکاری و لەخۆبردوویی بۆ رۆڵە بەشـەرەفەکانی کوردن، جێگای سوپاس و رێزە بۆ نووسەر، بەبڕوای نووسەری ئەم دێڕانە، یـەکێک کەگـەرەکی بـێ دیسـان بەشـێوەی زانسـتی، مێـژووی ئـەو قۆناغـە تۆمـار بکـا، بیرەوەرییەکانی کاک کەریم، دەتوانێ بکاتە یەکێک لەباشترین سەرچاوەکانی خۆی.

ئەوانەی کەبێ ئیمان دەژین

لەبەرەکەتی (هیوا) بێ بەشن

بەڵام، دەبێ بەکێ و بەچی ئیمانت هەبێ؟

هیندییەکان دەڵێن: بە (راستی)

جلال برگشاد– رۆمانی (بابەک)

لەنووسـیندا، بەتایبـەت نووسـینی بـیرەوەری، گـرنگترین خـاڵ کەهـەبوونی دەسـتەبەری سـەرکەوتوویی نووسـەر، وەپشـتگوێ نەخسـتنی (راسـتی) بـەهیچ کلۆجێکـە، کـاک کـەریم حسامی لـەناوهێنانی هـیچ شـوێن و کەسـێک کەپێوەنـدی بەبیرەوەرییەکـەوە بووبـێ خـۆی نەپاراسـتوە، بەسـەدان کەسـی ناوهێنـاوە کەئێستاش هەر دەژین، لەو رووداوانەی کەباسی کردوون ئاگادارن، زۆر کەس ماون

کەناویان نەهاتووە و راستەوخۆ پێوەندیان بەبیرەوەری نووسەرەوە نەبووە، بەڵام بەو رووداوانە دەزانن، ئەوە زۆرتر دڵنیامان دەکا و هێندەی تر بایەخی نووسراوەکەی بەرەو ژوور بردووە.

هەروەکی پێشتر باسم کرد، نووسەر نیشانی داوە کەهێزی لەبیرمانەوە و زەینی زۆر تیژە، بەتایبەت بیری منداڵی، بەڵام دیسانیش سەیر نییە کەزۆر شتی هەر بەپێویست نەزانیبێ باس بکا، مامۆستا هێمن، وەختی خۆی لەبیر نەمابێ، لەوانەشە هێندێك شتی لەو بارەوە دەنووسێ: .... ژیانی هەموو کەس دەمی وای تێدا هەیە کەرووی نایە بۆ نێزیکانی خۆی بگێڕێتەوە، تەنانەت دەیەوێ لەبیر خۆشی بەرێتەوە!! هەرچەند بەدوور نییە ژیانی کاك کەریمیش دەمی ئەوتۆی تێدا بووبێ، بەڵام دیسانیش زۆر بەسەرهاتی سەردەمی هەرزەکاری خۆی و رووداوی تری نووسیوە کەهێندێك کەس ناوێرن باسی بکەن، زۆر کەسیش حەز دەکەن ئەو راستەقینانەی ژیانی هەر مرۆڤێك، تا سەر لەبن چاکی عەبا و چارشێو و روالەتی فریودەرانەدا حاشا بدرێ، بەبڕوای من نووسەر لەو بوارەشدا بەڵگەیەکی تری بۆ راست بوونی نووسینەکانی بەدەستەوە داوە و گۆی سەرکەوتنی رفاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەهێندێك شوێن بابەتی ئەوتۆ نەنووسراوە کەوێ ناچێ نووسەر لەبیری نەبووبێ و باسکردنیشی بێ شك قازانجی لەزیانی زۆرتر دەبوو، بۆ وێنە لەبەرگی یەکەم، ل ١١٧دا، کاك کەریم ژن دێنێ (ئەویش ژن بەژنە)، لەلاپەڕی ١٧٧دا، کوت و پڕ دەنووسێ: (من ئەودەم خێزانم نەمابوو) پێشتر لەهیچ کوێدا باسی ئەوە ناکا کەچی بەسەر خێزانی هاتووە، بەدوور نییە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ژن و مێردایەتییە هەر بەهۆی (ژن بەژنە)وە بووبێ، لەو حاڵەدا باسکردنی ئەو بابەتە دەیتوانی بیانوویەك بێ بۆ کورتە لێکۆڵینەوەیەکی، یان هەر وەبیر هێنانەوەی نەریتێکی چەوتی کوردەوارای کەئێستاش باوە، دیسان لە ل ٣٠٩دا، لەناکاو دەنووسێ: (تازە ژنم هێنابوو.....) بەبێ ئەوە کەخوێنەر بزانێ کەی و

چۆن هێناویەتی، ئەو بابەتە لای خوێنەر کاتێک وەکو رەخنەیەک خۆ دەنوێنێ کەدەبینێ نووسەر تەنانەت حەزلێکردوویی ئاسایشی نەبواردوون و باسیکردوون.

لەهێندێك شوێن، بەداخەوە نووسەر باسی رازی خەڵکی تری کردووە کەپێم وایە نەتەنیا قازانجی نییە، بەڵکو بێ زەرەریش نییە، بۆ نموونە باسکردنی مەسەلەی پاسپۆرتی خێزانی د.قاسملۆ، کەچ نازناوێکی هەبووە یان چی بەو پاسپۆرتە کردووە، (بەرگی دووهەم– ل ٦٩)، کاك کەریم حسامی لەمێژە وەکوو نووسەر و وەرگێڕ ناسراوە و مافی خوێنەر کەچاوەڕوان بێ نووسینەکەی لەوردە ئیرادی خەتیش بێ بەری بێ، لەچەند جێگا رووداوەکان پاش و پێش کراون.

بۆ نموونە، دەبوو باسی (محەمەد جەیران) ل ٣٠١، لەپێش باسی (بایزە بۆر) ل ٢٩٩– بەرگی یەکەمدا بێتە گۆڕێ، چونکە لە ل ٣٠٠ دا دەنووسێ: حەمە جەیرانی گۆرانی بێژ گیرابوو..... بەڵام لە ل ٣٠١ دا دەنووسێ: (محەمەد جەیران گۆرانی بێژێکی ناوچەی سەردەشت بوو، رۆژێك دەژوورێیان کرد.....) ئەوە لەئیرادەکانی دووپاتکردنەوەشە، کەلەو بارەوەش نموونە کەم تا کورت وەبەرچاو دێن، بۆ وێنە لەبەرگی دووەم، ل ٦٥دا دەنووسێ: (بێجگە لەوە کەژنەکەشی هێنابووە بەغدا (د. قاسملۆ).... پێوەندی بەحیزب و تێکۆشانەوە نەمابوو) ئەو بڕگەیە دیسان لە ل ٦٩دا هاتۆتەوە، لەلاپەڕەی ٧٧یش دا دیسان دێڕێکی لەو بڕگە نووسیوتەوە، دوو، سێ هەڵەی نووسینم وەبەرچاو هاتن (مەبەستم هەڵەی ڕێنووس یان ڕێزمانی نییە) کەنووسەر لەبیری چووە راستیان بکاتەوە، بۆ وێنە لەبەرگی ١، ل ١٨١، ڕیزی ١٧ دا، لەباتی گوندی (ئاڵیاوێ)، (مەمەلیان) نووسراوە، هەروەها لەبەرگی ١، ل ٢٥٢، بڕگەی ئاخر، دێڕی ١، ١٥٣٨ نووسراوە، کەدەبوو ١٣٥٨ (١٩٧٩) بێ.

ئەوە پوختەی بۆچوونی خوێنەرێکی بوو، خوێنەرێك کەلەسەردەمی رووداتی ئەو بیرەوەریانەدا، یان هێشتا لەدایك نەبووە، یان بەڵانی زۆرەوە، تاو کۆتایی بەرگی سێهەم واتە ساڵی ١٩٧٥ز، منداڵێکی دە ساڵانە بووە.

نووسەر لەپێشەکی بەرگی یەکەمدا نووسیویەتی: (..... بەو مەبەستە بوو (نووسینی- لەبیرەوەرییەکانم-) کەنەتەوەکەم، لەژیان و بەسەرهاتی کوڕە جوتێر و زەحمەتکێشێکی کورد ئاگادار بێ و لەپەنا بیرەوەریەکانیدا لەگۆشەیەکی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی بۆ ئازادی و رزگاری لەسالّەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانەوە شارەزا بێ.....).

لەسەر ئەو بڕوایەم کەنووسەر نەتەنیا بەمەبەستی خۆی گەیشتووە، بەڵکو لەویستی تێپەڕاندووە و (لەبیرەوەریەکانم) شوێنێکی تایبەتی لەکتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی کردۆتەوە، هەر ئەمەش ناچارم دەکا خۆزگەیەک بخوازم، بریا وەکو کاک کەریم هەست بەگرینگایەتی کارێکی ئەوتۆ بکردرێ و هەموو ئەو کەسانەی دەستیان قەڵەم دەگرێ، لانی کەم حەوتووی نیو سەعات دانیشن و لاپەڕەیەکی لەبیرەوەیەکانیان بنووسنەوە، لەوانەیە یەکێك هەست بکا، بیرەوەرییەك، بەو مەرجە راست بنووسرێ قازانجی لەزیانی زێدە تڕە، بەڵام ئەو دەست بەقەڵەمە دەتوانێ کارێکی تر بکا، ئێستا بەدەیان کەس هەیە کەچەندین ساڵ پێشمەرگە بووە و رووداوی وا دەگێڕێتەوە کەنە لەهیچ فیلمێکدا دیتوومانە، نەخوێندوومانەتەوە، تۆمارکردنی بیرەوەری ئەوانەش بۆخۆی هەنگاوێکی یەکجار بەنرخە و وابزانم لانی کەمی خزمەتێکە کەدەتوانین لەپێناوی ئەدەب و مێژووی نەتەوە بەشخوراوەکەماندا بیکەین.

لەبیرەوەریەکانم پڕە لەقسەی خۆش، منیش بەدەربڕینی هیواداری سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی بەرگەکانی تری (لەبیرەوەریەکانم)، بەبیرەوەریەکی برادەرێك لەکاك کەریمی حسامی نووسراوەکەم کۆتایی پێ دێنم.

لەمەهاباد (یوسف غوول)ێك هەبوو- نازانم ئێستا ماوە یان نا- لە (مەیدانی ئاردی) باربەری دەکرد، دەنگی زۆر گڕ و بۆر و لەشاردا شاز بوو، هێندێك لەدەنگی کاك کەریم دەچوو، ساڵی ١٩٨٠ کەکاك کەریم بەرپرسی تەشکیلاتی ح.د.ک.ئ لەمەهاباد بوو، رۆژێك گیروگرفتێك لە (مەیدانی ئاردی) پێش هاتبوو،

کاك کەریم وەکو هەمیشە گەیشتبووە جێ و خەریکی قسەوباس دەگەڵ خەڵك بوو، (یوسف غوول) کەلەپشت کاك کەریم راوەستابوو، قسەیەکی کرد، کاك کەریم خێرا وەرسووڕاوە و گوتی:

– ئەوە کێ بوو؟

– ئەمن بووم.

– بۆ ئاوا قسە دەکەی؟

– چۆنم قسە کردوە قوربان؟

کەکاك کەریم دەیدیت هەر بەو دەنگە قسە دەکا، زیاتر توڕە بوو و تێی راخوڕی: (.... ئەوە لاسایی من دەکەیەوە؟)

(یوسف غوول) هەروا دەکشاوە، دەیگوت: (من و کاری وا؟).

پێرست

پێش دەستپێك ٧٢٥
پێشەكی ٧٢٧
بادانەوەیەك بۆ دواوە ٧٣٢
گەڕانەوە بۆ نێو كۆڕی تێكۆشان ٧٣٩
سەرۆكی خۆشەویست كاك مستەفا بارزانی ٧٤١
ئەندامی یەكێتی نووسەرانی كورد ٧٥٣
كۆنفرانسی ٣ی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ٧٥٥
سەفەر بۆ بارەگای بارزانی ٧٦٠
چوونەوە بۆ حاجی ئۆمەران ٧٧٠
رادیۆی شۆڕشگێڕانی ئێران ٧٨٢
كۆمەڵەی رزگاری كوردستان ٧٨٧
سەفەر بۆ ئەوروپا ٧٩٤
بەقەد زەرێكی ون نابێ ٧٩٩
قەستە سەركردنی بارزانی ٨٠١
تێكۆشان بۆ پێكهێنانی رێكخراوەكانی حیزبی ٨٠٢
جارێكی دیكەش مام عەولا و حەسەنی ئەردەهاڵی ٨٠٨
پێوەندی لەگەڵ وڵات ٨١١
كاروانی شەهیدان ٨١٣
یادێكی شێخ لەتیفی حەفید ٨١٦
سەفەری كوێت ٨١٨

پێکهێنانی کلاسی کادری حیزبی ٨٢٠
سەفەرێك بۆ گەلاڵە ٨٢٤
بیرەوەری بارزانییەکان ٨٢٥
هەڵوێستی کادرەکانی شۆڕشی کوردستان ٨٢٦
نووسراوەکانی عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامێر بەتالیۆنی شارباژێڕ ٧٢٩
یارمەتی شۆڕش بەکوردەکانی کوردستانی ئێران ٨٣٦
نەورۆزی ١٣٥٢-١٩٧٣ ..... ٨٤٧
سەفەر بۆ ئەورووپا ٨٥١
لەماڵی مام جەلال ٨٥٨
گێرەشێوێنی لادەران ٨٦١
لەبارەگای لقی پێنجی پارتی ٨٦٧
دیسان ئیعدام ٨٦٨
کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٨٧٢
پاش کۆنگرەی سێیەم ٨٧٦
قسەکانی دکتۆر قاسملۆ ٨٧٧
سەفەری مەجارستان ٩٠٣
هاتنی دکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ سۆفیا ٩٠٧
گەڕانەوە بۆ بەغدا ٩١٠
هەڵوێستی حیزبی بەعس ٩١٤
بەڵای لابەلا ٩١٦

لەبیرەوەرییەکانم

بەرگی پێنجەم

١٩٧٥–١٩٧٩

پێشەکی ناچاری

بەهیوا نەبووم بۆ ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم پێشەکی بنووسم، پێویستیش نەبوو چونکە هەر زنجیرەی ئەو سەربردانەیە کەپێشتر باسییان کراوە و پێکەوە پێوەندیان هەیە و لێك نەپساونەوە.

بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی بەرگی چوار هێندێ نامەم لەلایەن دۆست و ئاشنا و نەناسیارانیشەوە پێگەیشت کەگلەییان لەم برگەی پێشەکی بەرگی چوارەم کردبوو کەنووسیبووم: (شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ بەناچاری تا رادەیەك کاری کردە سەر نووسینەکانی من و بەپێویستم نەزانی ئەسکۆی بگەیەنمە بنی دیزە و بەسەر گەلێك مەسەلەدا بازم دا، رەنگە بەشەکانی تری بیرەوەریەکانیشم سەبارەت بەو کارەساتە تووشی کەم و کوڕی بێن).

ئەو برادەرانە نووسیبوویان: بیرەوەریەکانی تۆ بۆ بەرەی تازە پێگەیشتووی کورد بەتایبەت لەکوردستانی ئێران سەرچاوەیەکی بەنرخی ئاگاداری و شارەزایین لەخەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رووداوەکانی کوردستان بەگشتی، بەڵام وادیارە بەبیانووی شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ دەتەوێ خۆت لەوونکردنەوەی هێندێ لەرووداوەکان بدزیەوە و باسیان نەکەی، هێندێ شت لەژێر پەردە و لێڵیدا بهێڵیەوە بەم کارە خوێنەری کورد بەتایبەت لاوانی سەردەم لەئاگاداری هێندێ رووداوی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بێ بەش دەکەی.

لەلایەکی تر هێندێ قسە و قسەڵۆکی پاشملەم دەبیستەوە کەگوێا ئەوانەی لەبیرەوەرییەکانمدا نووسراون تەواو نین و یاخود بەقەولی نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی (زەق نیشاندانی نەخشی خۆمن)، یان نەدەبوایە هێندێ شت بنووسرێن و یا ناوی هێندێ کەس نەهاتبا باشتر بوو یا هێندێ نووسراوە و بەڵگە بڵاو نەکرابانەوە و یا و .... یا و .... یا.

بۆ ڕوون بوونەوەی برادەرانی نووسەری نامەکان دەبێ بڵێم: ئەوەی کەلەپێشەکی بەرگی چوارەم دا سەبارەت بەشەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ نووسیومە مەبەستت ئەوە نییە کەڕووداوەکانی سیاسی و مەسەلەی خەبات و تێکۆشان پاشقول بدەم و باسیان نەکەم، هەرچی پێوەندی بەهەڵوێست و بۆچوون و تێکۆشانی دکتۆر قاسملۆی شەهیدەوە هەبێ باس دەکرێن، بەڵام من پتر لەبیست ساڵ لەنێزیکەوە و زۆر نێزیک دۆست و هاوڕێ و هاوکاری سیاسی دکتۆر قاسملۆ بووم، لەو ماوەیەدا بێجگە لەتێکۆشانی سیاسی لەگەڵ گەلێك کاراکتێر و هەڵسوڕانی شەخسی دکتۆر شارەزا بووم، پێم وابوو ئەگەر خۆی لەژیاندا بایە دەکرا گەلێکیان بنووسم و نووسراوەکان دەوڵەمەندتریش دەبوون، بەڵام بەداخەوە کەئێستا خۆی لەژیاندا نییە ئیتر بێجگە لەمەسەلەکانی سیاسی شتی تر نانووسم و نووسینیشیان هیچ سوودێك بەخوێنەر ناگەیەنێ، ئەگەر وا نەبا دوور نەبوو زۆر کەس لەنووسینەکانم کەوتبانە گومانەوە، چونکە زاراوەی (درۆی پاش مردوو) لەنێو کووردا زۆر مەشهورە، زۆر کەسیش خووی پێگرتوە، نمونەی بەرچاو زۆرن و نامەوێ جارێ باسیان بکەم، بیرەوەری و شتی وا پاش شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ لەسەر ئەو نووسراون کەئەگەر خۆی لەژیان دا بایە نوسینەکان و نووسەرەکان و خاوەن (بیرەوەرییەکانی) بەتەواوی وەدرۆ دەخستەوە، من وام نەکردوە، هیچ مەسەلە و ڕووداوێکی کەکاتی خۆی یادداشتم کردوون و لەبیرم ماون بەسەریاندا تێ نەپەڕیوم، لەنێو نامەکاندا لەوانەیە هێندێ ڕستە و دێڕم هەڵبواردبن کەمەسەلەی سیاسی نین و ناوی خەڵکیان تێدایە و بەپێویستم نەزانیوە بڵاویان بکەمەوە، بێجگە لەوانە خۆ شەرتیش نییە ئەوەی دەنووسرێ بەدڵی هەموو کەس بێ و هەموو خوێنەرێك لێی ڕازی بێ، بەقەولی مەشهور (بەچەوت یا بەدرۆ دانانی نووسراوەیەك هیچ شتێك لەحەقیقەت و ڕاستی نووسراوەکە ناگۆڕێ)، بەقەولی مەلا عەولای حاجی سمایلی (سەربردەی) ژیانی خۆم نووسیوە، خۆشم بەخەتابار نازانم کەلەپێناوی سەربەستی نەتەوەکەم و ڕزگاری زەحمەتکێشانی کورد لەچەوسانەوەی بێگانە و خۆماڵی دا ئەوە سەربردەی ژیانم بێ.

گرنگی بیرەوەرییەکانی من لەوەدایە کەلەماوەی ژیانی خۆمدا بڵاو دەبنەوە و بەشی نێزیك بەتەواوی ئەو کەسانەی کەناویان هاتوە و لەمەودواش دێن زیندوون، وەك هێندێ کەس نەمخستونە دوای ژیانم کەبیانومە دەست ئەو کەسانەی کەلەقسە و قسەڵۆکی پاشملە و باسی خەڵك بەدرۆ ئازان، نان و پیوازی پێوە بخۆن، لەکانگای دڵمەوە سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە هەڵەو چەوتی بیرەوەرییەکانم، ئەوەی لەبیریان بیو من لەبیرم چوو بێ، بەنووسین وەبیرم خەنەوە لە دەوڵەمەندکردنی بەڵگەو بەسەرهاتو رووداوەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بەشداری بکەن.

جارێکی دیکەش سووپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کەبۆ تەواو کردنو بڵاوکردنەوەی بەرگی پێنجەم زەحمەتیان کێشاوەو پێوەی ماندووبوون.

کەریمی حسامی.

ســـــاڵی ١٩٧٥

ساڵی ١٩٧٤ کە بەرەو تەواو بوون دەچوو، بۆ کوردستانی عێراق و تەنانەت بۆ گەلی کورد بەگشتی ساڵێکی ناهەموار و دژوار بوو، وەزعی ئێمەش لەگەڵ ناهەمواری کوردستانی عێراق تا دەهات بەرەو شپرزەیی دەچوو، هێندێ لەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی چووبوونە کوردستان و سەرپەرشتی ئەندامانی حیزبیان دەکرد و لەگەڵ ولاتیش لەپێوەندیدا بوون و هەر لەو کاتەشدا لەگەڵ رێبەرایەتی پارتی نزیك بوون و ئاموشۆیان هەبوو.

ئەندامانی دەفتەری سیاسی بێجگە لەدکتۆر قاسملۆ لەبەغدا بەکاری نووسین و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی تێکۆشەر (تێکۆشەر وەك نامیلکەی نێوخۆیی حیزب دەردەچوو) و هێندێ پێوەندی خەریك بوون، مەسەلەی مانەوەمان لەعێراقدا ببوە جێگای باس و لێکۆڵینەوەی نێو خۆمان، دکتۆر قاسملۆ کەلەئەوروپا مابۆوە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەئێمە لەعێراق بچینە دەر بەبێ ئەوەی کەشوێنی باشتر و رێگای تری دۆزیبێتەوە، بەتایبەت پێشنیاری ئەوە بوو کەکاك حەمەدەمینی سیراجی و کەریمی حسامی بچنە دەر و برادەرانی دیکەش بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیشەوە لەعێراق خۆ وەشێرن و یا بچنە کوردستانی عێراق، ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەتێکڕایی دژی ئەم بۆچوونە بوون، دەبوایە لەگەڵ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندیش پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ باسبکرێت، هاتوچۆش بۆ کوردستان بێ پسولەی میری دژوار بوو، خەبەرمان دا برادەران بێنە سولەیمانی تا چاومان پێك بکەوێ و لەوەزعی خۆمان بکۆڵینەوە.

برپارمان دا هەرچۆنێك بێ من لەگەڵ مامۆستا هێمن و یەك دوو برادەری دیکە بچمە سولەیمانی، ماشێنێکی تویوتای سپیمان هەبوو، سواری بووین و لەگەڵ برادەران کەوتینەڕێ، لەسەیتەرەی کەرکوك رایانگرتین، من ماشێنم داڕوا.

پەنجەرەی دەستی لای خۆم کردبۆوە، کابرای عەسکەر هاتە پێش و بەعادەتی خۆیان بە (بیچمێکی شیرین) پرسی: (هویاتکم؟).

من بەتووڕەیی و بەژێستێکی ئامیرانە گوتم: (سەییارە حیزبیە!) کابرا وەک لەدەمی بدرێ هەنگاوێك کشایەوە و دەستی هەڵێنا و گوتی: (نعم سیدی سییارە حیزبیە... تفضل.... سیدی). من پێم پێوە نا، مامۆستا هێمن و کوڕەکان دەستیان کرد بەپێکەنین، مامۆستا هێمن گوتی: چاکی نەجاتی بوو، ترسی هەبوو گوێی ببڕێ، تا گەیشتینە سولەیمانی باسەکەمان هەر ئەوە بوو، دەمانگوت بزانە لەبەردەستی کێ داین و لەوڵاتی خۆمان کێ داوای ناو و نیشانمان لێ دەکات؟! کابرا هەر نەیپرسی: کام حیزب، ئێوە چکارەن؟ ماوەیەکی زۆر (سەییارە حیزبیە) لەنێوماندا ببوە نوکتە و باسی خۆش.

هەر لەسەر ئەو پێودانە کاك حەمەدەمینیش جارێك دەچێتە کوردستان و لەسەر پردی تەقتەق رایدەگرن و داوای هویەی لێ دەکەن، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: (سەییارە حیزبیە)، کابرا دیارە زۆر کەر نابێ، دەپرسێ کام حیزب و تۆ چکارەی؟ رایدەگرن، تا خەبەرمان زانی و بەعسمان ئاگادار کرد، شەو و رۆژێکیان راگرتبوو.

لەسولەیمانیش پاش لێکۆڵینەوەی وەزعی وڵات بەتێکڕایی بەپێچەوانەی بۆچوونی دکتۆر قاسملۆ هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبڵاوبوونمان و چوونە دەری ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەقازانج نییە و ئیمکانیشی نییە.

نزیکەی ٢٧٠ کەس ئەندامانی حیزبی دیموکرات بەژن و منداڵەوە لەکوردستانی عێراق بوون، ئەوانە بێکار و لەسەر حیسابی حیزب دەژیان، جا بەجێ هێشتنی ئەو برادەرانە و بڵاوبوون لەگەڵ دابی حیزبایەتی ئێمە و جوامێری و هاوکاری نەدەهاتەوە، بڕیار درا کەنامەیەك بۆ دکتۆر بنووسین و لەوەزعی خۆمان ئاگاداری بکەین.

رۆژی ۱۹۷٤/۱۲/۲۱ خێزانم کەبەسەفەر هاتبوە عێراق دەگەڕاوە بۆ بولغارستان، نامەیەکمان بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیمان پێ ڕاگەیاند و لەوەزعی خۆمان ئاگادارمان کرد.

ساڵی ۱۹۷۵ دەستی پێکرد، بەڵام بۆ کورد هیچی خۆشی لەگەڵ خۆی نەهێنا، شەڕ لەکوردستانی عێراق بەردەوام بوو، ئێمە تا رادەیەک بڵاو ببووین و لەکوردستان و لەعێراق مەترسی هەڕەشەی لێدەکردین، لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکان و سیاسەتی پارتی دم بەدمە لەنێوماندا درێژەی هەبوو، پێوەندیمان لەگەڵ حکومەت بەرەو ساردی دەچوو، ڕێگایان نەدەدا هاتووچۆی کوردستان بکەین.

رۆژی ۷۵/۱/۳ لەگەڵ کاك حەمەدەمین چووینە کن کاك عەزیز محەمەد، لەسەر وەزعی خۆمان و بارودۆخی عێراق تۆزێ دوایین، کاك عەزیز وەك برایەکی دڵسۆز گوتی: (هەتا بۆتان دەکرێ بێ لایەنی خۆتان هەر ئاوا بپارێزن، هەتا بکرێ باشترە لەعێراق بمێننەوە، لەوڵاتی خۆتان نێزیکترن و دەتوانن وردە پێوەندێکتان لەگەڵ خەڵکەکەتان هەبێ و بەجارێك لەخەڵك و وڵات دوور نەکەونەوە).

حکومەتی عێراق لەوکاتەدا دژی ئێران و بۆ پشتیوانی لەخۆی خەریکی پێکهێنانی کۆنفرانسێکی گەورە بوو، لەحیزب و ڕێکخراوەی وڵاتانی جۆر بەجۆری گێڕابۆوە کەبەشداری بکەن، بۆ هەوەڵین جار بەنامەیەکی ڕەسمی لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان گێڕاوە کەبەشداری کۆنفرانس بکا، لەنامەکەدا نووسیبوویان: (وتارەکەتان پێش خوێندنەوە لەکۆنفرانسدا پێویستە نیشانی ئێمەی بدەن).

رۆژی ۷۵/۱/٤ نامەی داوەتەکەمان بۆ دکتۆر قاسملۆ نارد و بۆمان نووسی کەدەرفەتێکی باشە بەبیانووی بەشداری کۆنفرانس بگەڕێینەوە بەغدا ڕەنگە لەسەر وەزعی ئێستای خۆمان تەئسیرت هەبێ، لەوەڵامی نامەی ئێمەدا دکتۆر نووسیبووی: (ئێمە هەموو کردەوەیەکی دژی ڕژێمی شا تەئیید دەکەین، بەڵام

پێویستە چونکە جاروبار لەبڵاوکردنەوەی قسەکاندا برادەرانی ئەوێ زۆر دەقیق نین کۆنفرانسەکەش وا دێتە بەرچاو شتێکی وا گرنگ نەبێ، پێم وایە بەشدار بین و شتەکی کورتیش بنووسرێ کەمەحکوم کردنی رژێمی شای تێدا بێ و بەکورتی شتێکی وا نەکرێ کەلەسەرەوە پێیان ناخۆش بێ). (لەسەرەوە مەبەستی بارەگای بارزانی بوو)

لەجیاتی گەڕانەوەی خۆیشی داوای کردبوو کەمن بۆ لای ئەو سەفەر بکەم، وەزعێکی نالەبار هاتبوە پێش، لەلایەك بانگیان کرد بووین لەکۆنفرانسدا بەشدار بین، لەلایەکی تر رێگای بزووتنەوەیان لێ گرتبووین، یارمەتیان لێ بڕیبووین، برادەرێکی ئەندامی حیزبیان گرتبوو پاش ئازارێکی زۆر لێیان بزر کردبووین، کاتێك پاش هەوڵێکی زۆر دیتمانەوە لەبەندیخانەی حلله بەدە ساڵ زیندان حوکم درابوو، راست لەو سەروبەندە و بۆ فشاری زیاتر بیانوویان پێ گرتین کەگۆیا ئەمیری قازی هەڤاڵی ئێوە لەبێرووتەوە خەریك بووە بچێتە کوردستان و لەسوریا گیراوە و پاش سێ رۆژ ئازاد کراوە، ئێمە لەبەغدا هیچ ئاگامان لەو سەفەرە نەبوو، بەعس پێی وابوو کەدکتۆر قاسملۆ ناردوویە بۆ پێوەندی لەگەڵ رێبەرایەتی پارتی، دکتۆر قاسملۆش لەنامەیەکدا بۆی نووسیبوین کەلەلاوە بیستوومە کاك ئەمیر چۆتە بێروت، من ئاگام لەو سەفەرە نییە.

هەر لەو کاتەشدا مەلا عەولا ۷۵/۱/۱۳ لەکوردستانەوە نووسیبوی (وەك بیستومانە سیامەك لەماڵی سەلاحە و نامەی بۆ مێردی مەعسوم[1] نووسیوە کەدێتەوە کوردستان، تا ئێستا سەر و سەکوتی دەرنەکەوتوە، هەرکاتێ پەیدا بێ تەنیا وەك میوان سەیری دەکەین).

لەجەنگەی ئەم کۆنفرانس سازکردنە و شەڕە جنێوی بەغدا و تاران، کۆڕە سیاسیەکانی ئاگاداری کەین و بەینی پشت پەردەی سیاسەت، لایان وابوو

---

(1) مەبەست مامۆستا هەژارە.

کەلەبنەوە واسیتەکاریەك و دانووساندنێك نێوان ئێران و عێراق لەگۆڕێ دایە و خەریکە ڕێکدەکەون، ڕۆژی ٧٥/١/١٤ دیپلۆماتێکی سۆڤێتی هاتە لام، ئێمە جۆرە پێوەندیەکمان بەگشتی لەگەڵ باڵیۆزخانەی وڵاتی سۆسیالیستی هەبوو، بۆ هێندێ مەزاسیم و ئاهەنگی ئاسایی بانگیان دەکردین و ئێمەش ئەوانمان بانگ دەکرد، کابرای سۆڤێتی گوتی: (ئەڕێ ئێوە نازانن بۆچی مەلا مستەفا ئەوەندە سۆڤێیت پەلامار دەدا؟) ڕۆژنامەیەکی ئوبزیر ڤێری ئینگلیزی پێ بوو کەلەوێدا لەقەوڵی بارزانیەوە نووسرابوو (ڕۆژئاوا لەدوو بارەوە پێویستە یارمەتی ئێمە بدات، یەکەم لەباری ئەخلاقی و دووەم لەبەرئەوە هەر ئێمە دەتوانین لەڕۆژهەڵاتی نێزیك پێشی کۆمۆنیزم بگرین).

من گوتم ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆژئاوا گەلێك شتی ناڕاست دەنووسن، لام وانییە بارزانی بەم جۆرە لەگەڵ هەواڵدەران بدوێ، کابرا گوتی: (ئێمە نابێژین بارزانی ببێتە کۆمۆنیست، بەڵام داخوا لەم حاڵەدا پەلامار دانی سۆڤێت و کۆمۆنیزم هیچ قازانجی کوردی تێدایە؟) من لەگەڵ ئەوەش کەئەودەم لەنێو کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تاقە کەس بووم کەسیاسەتی ڕێبەرایەتی پارتیم بەدڵ نەبوو، بەڵام زۆر دیفاعم لەمەلا مستەفا کرد و گوتم: ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا زۆرجار خەبەری درۆ بڵاو دەکەنەوە.

پاش ئەو قسانە کابرا ڕۆیشت، ڕۆژی ٧٥/١/١٧ هاتەوە گوتی: (ئێوە خەبەرتان هەیە کەئێران و عێراق خەریکە ڕێکدەکەون، ئێوە ڕێگایەکی وا ئەمین و دڵنیاتان هەیە کەبتوانێ بارزانی ببینێ و پێی ڕابگەیەنێ کەبەر لەوەی دەرفەت لەکیس بچێ نوێنەرێکی خۆیان دیاری بکەن لەتاران یا لەبێروت یا لەئەوروپا لەگەڵ نوێنەری ئێمە دابنیشێ تا بزانین بارزانی چی گەرەکە و ئێمە چیمان لەدەست دێت تا دەست بەکاربین و ڕێگایەك بدۆزینەوە).

من گوتم هەنگاوێکی پیرۆزە، بەڵام ئەو کارە بەراسپاردن نابێ، هاتوو بارزانیشمان دیت، ئەو چۆن بۆ مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ باوەڕ بەراسپاردە دەکات، ئێوە

نامەیەك بنووسن، ئێمە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بیگەیەنین، کابرا سەعاتێك لەسەر گرنگی مەسەلە و نهێنی کاری و بڵاوەنەبوونەوەی دوا، پاشان گوتی هەر لای خۆت بێ من دێمەوە، رۆژی دوایی کابرا هاتەوە.

پسوڵەیەکی بچووکی پێچراوەی پێ بوو، ئەوەندەی دیکە لەسەر رازداری و نهێنی قسەی کرد، پسوڵەم لێ وەرگرت و نامەیەکم بۆ مەلا عەوڵا نووسی و پێم راگەیاند کەبەگورجی بگاتە بارەگای بارزانی و ئەم پسولەیە بدات بەدەستی خۆی، نابێ هیچ کەسیتر بزانێ و لای کەس نابێ باسبکرێ، دە ئەوەندەی کابرا لەسەر نهێنیکاری پێم داگرت، برادەرێکمان هەبوو هەرچەندی بێژی بۆ سەفەر و هاتوچۆ گورج و چالاك و توندوتۆڵ بوو، مەلا عەوڵا ناوی نابوو (باسکە)، هەر ئەو رۆژە باسکەم تێ بەردا بەرەو کوردستان، من تەنیا کاك حەمەدەمینی سیراجیم لەو مەسەلەیە ئاگادار کرد و لەم بارەوە نامەیەکیشم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی.

کاتێك نامە دەگاتە مەلا عەوڵا گورج وەك فڕفڕە دەگاتە سەرێ، زۆر هەوڵ دەدات کەچاوی بەمەلا مستەفا بکەوێ ناتوانێ، ناچار پسوڵەکە دەدا بەکاك ئیدریسی رەحمەتی و داوای وەڵامی لێ دەکات، دوای دوو رۆژ مەحتەلکردن کاك ئیدریس دەڵێ: ئەگەر کارمان پێیان بوو خەبەریان لێ دەگێڕینەوە، وەڵامی کاك ئیدریس مەلا عەوڵای لەدین بردبوە دەرێ، لەنامەیەکدا بۆی نووسیبوم: (لەبارەی نێوانی سۆفی و پیرۆتەوە[۲] پێم خۆش نییە خۆت ماندوو بکەی، قسەکانی ئەوانم هەموو بۆ نەنووسیوی، هەر پێمن، زۆر شتی تریش لەبارەی مالّی پیرۆتەوە دەزانم کەناکرێ بیاننووسم).

دکتۆر قاسملۆش لەم بوارەدا وێڕای پشتگیری لەو تێکۆشانە لەنامەیەکدا بۆ مەلا عەوڵای نووسیبوو: تکام ئەوەیە جارێکی تر لەتەرەف منەوە لەگەڵ کوڕی

(۲) مەبەست سۆفێت و بارزانییە.

پیرۆت[٣] مەسەلەکە باسبکەوە، منیش خۆم دوو کەلیمەی بۆ دەنووسم، ئەگەر ویستیان من لێرەوە دەتوانم دەست بەکار بم، دەبێ بەراستی و بەجیددی بێ، نابێ ئەو هەلە لەکیس بدەین، بەتایبەت پێویستە وەخت و جێگا دیاری بکەین و زۆریش موتالای لەسەر بکەن، با ئەوەش بڵێم کەنابێ ئەو مەسەلەیە لەهیچ جێگایەك باسبکرێ، هێنەری ئەو نامەیەش ئاگای لەشتی وا نییە، دکتۆر قاسملۆ لەو نامەیەی مەلا عەولاشدا جارێکی تر لەسەر چوونە دەرمان لەعێراق و بڵاوەبوونمان پێی داگرتبوو نووسیبوی: (بابی کەمال خەبەری بۆ ناردبووم کە (ئۆرگان) دەرناچێ). (مەبەست رۆژنامەی کوردستانە)

شەرت و شروتی وایان بۆ داناوە کەتازە لەو جێگایە ئیمکانی دەرچوونی نییە، چونکە وەزعی بابی کەمال و دۆستەکانیشی باش نیە، من لەو باوەڕە دام کەبەرە بەرە جێگای خۆیان بەتاڵ بکەن، بەشێك بچن بۆ ئەو جێگایەی کەبڕیار درابوو(ب).[٤] بەشێکیش بێن بۆ لای ئێوە. (مەبەست کوردستانە) ئۆرگانیش لە (ب) دەرچێ).

پاش هاتنی نامەی دکتۆر قاسملۆ بڕیارماندا لەکۆنفرانسی بەغدادا بەشداری بکەین، وتارێکمان نووسی و کردمان بەعەرەبی و بڕیاردرا دوو برادەرمان بەکوردی و عەرەبی بیخوێننەوە، نوسخەیەکی عەرەبیەکەمان نارد بۆ بەعس تەماشای بکەن، پاش رۆژێك کابرای پێوەندیدار هات و گوتی: (دژی مەلا مستەفا هیچتان نەنووسیوە، هەڵوێستی ئێوە دۆستانە نییە، ئێوە لەکۆنفرانسدا دەبێ مەلا مستەفا بەعەمیلی ئەمریکا ناوبەرن و مەحکومیشی بکەن)، من گوتم: (ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانین، نامانەوێ لەکاروباری نێوخۆی عێراقدا دەخالەت بکەین، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان هەیە و خۆمان بڕیار دەدەین کەدژی کێ قسە بکەین و دژی کێ نەکەین، ئەمە وتاری ئێمەیە بۆ کۆنفرانس، پێتان خۆشە

---

(٣) مەبەست کاك ئیدریسە.

(٤) مەبەست بێروتە.

دەیخوێنینەوە، پێتان ناخۆشە ئەوا بەشداری ناکەین) کابرا بەگرژی رۆیشت، پاش رۆژێك بەتەلیفۆن رایگەیاند و گوتی: (ئێوە بەشداری بکەن لەکۆنفرانسدا، وتارەکەشتان بخوێننەوە).

رۆژی ۷۵/۱/۱۵ لەلایەن موخابەراتەوە پێیان راگەیاندین کەنابێ رۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاو بکەنەوە، یان دەبێ دژی مەلا مستەفا بنووسن و بەعەمیلی ئەمریکا ناوی بەرن، ئێمە پاش باس و لێکۆڵینەوە بڕیارماندا کەرۆژنامەکە رابگرین بەڵام هیچ شتێك دژی بارزانی و بزووتنەوەی کورد نەنووسین.

هەوەڵی مانگی فیوریەی ۱۹۷۵ کۆنفرانسی پشتگیری لەحکومەتی عێراق لەزانسگای موستەنسەریە دەستی بەکار کرد، رۆژی کردنەوەی کۆنفرانس من و کاك حەمەدەمینی سیراجی بەشداریمان کرد جەلال و رەحمان وتاری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان خوێندەوە، وتارەکەی ئێمە سەرنجی بەشدارانی کۆنفرانسی راکێشا، تاقە دەستەی نوێنەرایەتی بوو کەلەو کۆنفرانسەدا مەلا مستەفا و شۆڕشی کوردستانی پەلامار نەدا، وتارەکەی ئێمە لەنێو برا کوردەکانی عێراقیشدا بەباشی دەنگی دایەوە، هەروەك وتاری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات سەرنجی خەڵکی راکێشابوو، دوو شتیش لەو کۆنفرانسەدا ببوونە جێگای سەرنجی من، یەکەم وتاری منیف رەزاز، عەرەبیەکی رەوان و غەلیز و وشەی قەڵەو و تەعریف پێ هەڵاگوتنی سەدام و عێراق و عەرەب، نازانم ئەو کابرا گۆیا (چەپە)، چۆن لەو هەموو فیشاڵە و پێ هەڵا گوتنە درۆیەدا ئارەقی نەکرد و تەریق نەبۆوە، دووەم قەرەچی ئۆینی هێندێ کەسی بەناو نوێنەری رێکخراوی گۆیا پێشکەوتووی ئێرانی کەهەریەکە بۆ خەستکردنی یاریەکەیان جامەدانیەکیان لەسەر و ئەستۆی خۆیان هاڵاند بوو، بۆ ئەوەی گۆیا نەناسرێنەوە، لەوپەڕی بێشەرمیدا هێرشیان دەبردە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیەکی کەبەتاوانی ویستی رەوای مافی نەتەوایەتی وەبەر پەلامار کەوتوە

رۆژی ١٩٧٥/٢/١ دکتۆر قاسملۆ بەتەلیفۆن داوای لێ کردم کەبەزووترین کات بۆ دیتنی ئەو بچمە پراگ، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی سەفەری منیان لەو کاتە ناسکەدا بەباش نەدەزانی و لایان وابوو لەنێو برادەرانی حیزبی دا تەئسیرێکی باشی نابێ، بێجگە لەوە لەباری ڤیزا و پاسپۆرتەوە بەبێ ئیجازە سەفەرم بۆ نەدەکرا، پێوەندیشمان لەگەڵ حکومەت لەوەدا نەبوو کەداوای چوونە دەریان لێ بکرێت، من دکتۆرم لەوەزعی خۆمان و بڕیاری برادەران تێگەیاند، هەر لەوکاتەشدا پێشنیارم کرد ئەگەر قەرار بێ سەفەر بکەم، واباشترە کەمەلا عەولاشم لەگەڵ بێ، مەبەستم ئەوە بوو کەهەر بڕیارێکی بدرێت با بەبیروڕای سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی بێت.

پاش چەند رۆژ نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم بۆ هات کە ٧٥/٢/٥ نووسرابوو، دکتۆر لەو نامەیەدا لەسەر سەفەری من پێی داگرتبوو، نووسیبوی: (با مەلا عەولا لەرێگای شۆڕشی کوردستانەوە سەفەر بکات و لەبێروت یەکتر بگرنەوە، ئەگەر شۆڕش یارمەتی نەدا، تۆ بەتەنیا حەتمەن دەبێ سەفەر بکەی، نووسیم بۆ مەلا عەولا کەداوا لەرێبەرانی پارتی بکا بەڵکو پاسپۆرتێکی بدەنێ و لەرێگای خۆیانەوە بیگەیەننە بیروت، لەوەڵامدا مەلا عەولا نووسیبووی: (ئێوە بەخەیاڵ دەژین، ئەوان چۆن دڵی ساواك دەشکێنن و یارمەتی ئێمە دەدەن)، پێویستە بۆ تاریخ ئەوەش بڵێم کەلەمانگی ئەپریلی ٧٤ەوە کەهێندێ لەبرادەرانمان چوونە کوردستانی عێراق پارتی بڕیاری دابوو کەمانگی چوارسەت یا پێنجسەت دینار یارمەتیان پێ بکات و ئەو یارمەتییە نێوە نێوە پێیان دەگەیشت.

دکتۆر قاسملۆ لەنامەی خۆیدا نووسیبووی: (گوتت ئیجازەی هاتنە دەرت زەحمەتە، جا ئەگەر وابێ نەخۆشیەکە زۆر تونده، ئەو وەختە بەتەواوی سەفەرت بۆ دەرەوە بۆ موعالەجە زۆر پێویستە، جا نازانم چۆن تەگبیر دەکەی بەڵکو باوکی فێنك و خزمەکانی بتوانن یارمەتیت بدەن، دیارە ئەگەر هاتیە دەرێ دراوت لەبیر نەچێ، هەرچەندی بۆت هەڵدەگیرێ لەگەڵ خۆت بێنە).

لەنامەیەکی دیکەدا بەتاریخی ٧٥/٢/١٧ کەبەبرادەرێکی عێراقیدا نارد‌بووی، بۆی نووسیبووم: (پێم وایە هەر لەئێستاوە دەبێ فیکرێکی دیکە بۆ خۆمان بکەین، پێم وایە مەوزوعی ئەساسی ئەوەیە کەهەرچی زووتر تۆ بۆ دەرەوە سەفەر بکەی، ئەگەر نۆك خۆر (مەلا عەولا) بتوانێ لەرێگای سوریاوە لەگەڵت بێ زۆر باشترە، بەم جۆرە دانیشتنی تۆ لەوێ فایدەی نییە، تەرتیبی وا بدە کەبرادەرانی تریش بەرە بەرە جێگای دیکە بۆ خۆیان پەیدا بکەنن هەر سوڵتان و رەحمان لەوێ بمێنن بەسە، جا نازانم نەزەری ئێوە چییە؟ من پێم وایە وا بڕوا وەزع مومکینە زۆڕ بەرۆڕ خەراپتر بێ، ئەو وەختە دەرچوون زەحمەتتر دەبێ، بەڵام دیارە نابێ پێوەندی لەگەڵ بەعس بەتەواوی بپسێنن).

برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی لەبەغدا بوون بەناڕەحەتی ئەو پێشنیارەیان وەرگرت، چونکە نەدەکرا کەمن و دکتۆر بچینە دەر و برادەرانی دیکەش خۆیان جێگای تۆ بدۆزنەوە و پێوەندیش لەگەڵ بەعس نەپسێنین، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئوسوڵی حیزبی نەدەهاتەوە.

رۆژی ١٩٧٥/٣/٨ لەموخابراتەوە داوایان لەکاك حەمەدەمینی سیراجی کرد کەبچێ بیان بینێ، کەگەڕاوە پێیان گوتبوو لەئێستاوە دەبێ هەموو تێکۆشانێکی چاپەمەنی رابگرن، هاتووچۆی ئێران نەکەن، بەبێ ئاگاداری ئەوان هاتووچۆی کوردستان نەکەین، کاك حەمەدەمین دەقی قسەکانی ئەوانی بەعەرەبی بەم جۆرە یادداشت کرد بوو کەدەیاننوسمەوە:

١- ايقاف عملية التسلل والذهاب من والى ايران وفي الوقت الحاضر.

٢- يمنع التحرك على قواطع الحدود في الوقت الحاضر والسلطة تكون غير مسؤولة عن ما حدث.

٣- منع التسلل والذهاب الى الشمال في الوقت الحاضر والى اشعار اخر وبعلمنا.

ئەمە هەوەڵین دیاری پەیمانی شومی الجەزایر بوو لەئاست ئێمە کەرۆژی ١٩٧٥/٣/٦ دەنگوباسی بڵاوکرایەوە.

پاش ئەوەی بەعس ئەو بڕیارەی پێ راگەیاندین، ئێتر برادەرانی حیزبی بەتوندی دژی سەفەری من وەستان بۆ دەرەوە، دیارە من بڕیارم دابوو کەلەو هەلە ناسکە برادەران بەجێ نەهێڵم.

پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی پەیمانی ئەلجەزایر، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی کەئەوسا لەکوردستان بوون نیگەرانیان پتر بوو، پەیتا پەیتا داوایان دەکرد بچمە سولەیمانی و ئەوانیش دەگەڕێنەوە و کۆبینەوە و بزانین چ دەکەین.

رۆژی ١٩٧٥/٣/١٥ مەلا عەولا لەسولەیمانیەوە تەلیفۆنی کرد و گوتی ئێمە هەموو هاتووینە سولەیمانی و هەرچۆنێك بێ پێویستە خۆت بگەیەنییە ئێرە.

دیارە ئەو بڕیارەی میری رێگای جولانەوەی لێ گرتبووین، ناچار بڕیارماندا بچم، کاك حەمەدەمینمان وەك بنکە بەجێهێشت و چوومە لای کاك یوسفی رێزوانی کەبرادەرێکی لەمێژینە و جوامێر و کوڕی تەنگانەی جاروبار بوو، کەلەگەڵم سواربێ و بچینە سولەیمانی، یوسف دەمێك بوو لەعێراق بوو، دەفتەری نفوسی عێراقی هەبوو، خوای تەعالا ماشێنی سواریشی دابوویبە، وەك پیاوان خۆی ساز کرد و کەوتینەڕێ، لەنزیك کەرکوك ماشێن وەستا، بەزەحمەت رامانکێشا تا کەرکوك و لەوێ لەمالێ خزمێکی وی بەجێمان هێشت، بەتاکسی چووینە سولەیمانی، باشبوو ئیجازەیەکی شوفێری عێراقیم هەبوو لەسەیتەرە دەربازی کردم، لەگەڵ برادەران شەو و رۆژێك خەریکی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان بووین، باسی بارودۆخی کوردستانی عێراقیش کەبەهەق بۆ هەموو کەس جێگای باس و سەرسوڕمان بوو، بەشێکی زۆر کاتی کۆبوونەوەی گرتبوو، پاش هەڵسەنگاندنی وەزعی خۆمان گەیشتینە ئەو بڕیارانەی خوارەوە:

١- سەربەخۆیی سیاسەتی خۆمان بپارێزین و ئەوەندەی ئیمکان هەبێ پێوەندی لەگەڵ بەعس نەپچڕێنین.

٢- ئەگەر داوای لیستەی ناوی برادەرەکانیان کرد بیاندەینێ.

٣- داوای پسوڵەی هاتووچۆیان لێ بکەین کەبرادەران بتوانن هاتوچۆی کوردستان بکەن، ئەگەر میری نەیدا، داوای یارمەتی لەحیزبی کۆمۆنیست بکەین.

٤- ئەگەر شۆڕشی کوردستان بەتۆڵەی خەیانەتی شا باداتەوە سەر ئێران و شەڕ بخاتە ئێران، ئێمە بەهەموو تواناوە بچینە نێو و پشتیوانی لێ بکەین.

ئەوەش خۆی لەسەر بنەمای قسەکانی دکتۆر قاسملۆ بۆ هێندێ برادەران ببووە خەیاڵێك کەدەیگوت: مەلا مستەفا گوتویە: (ئەگەر شا و سەدام ڕێککەون، منیش لەگەڵ ئێوە ڕێکدەکەوم، ئەودەم شەڕ دەخەمە ئێران).

٥- ئەگەر لەعێراق شەڕ بەردەوام بێ، تا ئەو کاتەی بەعس دەستی لێ نەداوین ئێمە بێ لایەنی خۆمان دەپارێزین، بەو شەرتەی نابێ بەهیچ جۆر دژی شۆڕشی کورد لەعێراق بجوڵێنەوە.

دیارە سەبارەت بەبارودۆخی کوردستانی عێراق، ئێمە هێزێکی ئەوتۆ نەبووین کەکار بکەینە سەر ڕووداوەکان، بێجگە لەوە ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراقیش بەهیچ جۆر نەیاندەویست ئێمە لەنێو ڕووداوەکانی شۆڕشدا دیار بین و لێیانەوە نێزیك کەوین، سەرکردەکانی شۆڕش ئەوەیان نەدەشاردەوە، بەڵام ئێمە جۆرێکی دیکە بیرمان دەکردەوە، لامان وابوو شکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆ کورد زەرەرە نەك تەنیا هەر بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام چمان لەدەست دەهات؟ پاش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆمانە، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەنامەیەك بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بنووسین، بەداخەوە دەقی ڕوونووسی نامەکە بەدەستەوە نییە و لەوڵات لەگەڵ زۆر بەلگەی گرنگی دیکە پارێزراوە، بەهیوای ئەو ڕۆژە دەستم پێیان ڕابگاتەوە، کورتە و نێوەڕۆکی

نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی ئاوا بوو: (ئێستا کەشای ئێران خەیانەتی لەگەڵ شۆڕشی کورد کرد و لەپشتەوەڕا خەنجەری لێدا، کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا پێشنیار دەکا: شەڕ بخەنە ئێران و با شۆڕشی کورد درێژەی هەبێ و بتەنێتەوە، ح.د.ک.ا شان بەشانی خەڵکی کوردستان وەک پێشمەرگەیەک لەژێر ڕێبەرایەتی پارتی دا بەهەموو تواناوە بەشداری دەکات، تکاتان لێدەکەین چەک دامەنێن، بڵاوە بەشۆڕش مەکەن، با خوێنی هەزاران لاوی کورد بەفیڕۆ نەڕوات).

ڕۆژی ١٩ی مانگی مارسی ١٩٧٥ مەلا عەولای حەیاکی نامەی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا هەڵگرت و بەرەو حاجی ئۆمەران کەوتەڕێ، بەر لەوەی بگاتە حاجی ئۆمەران لەڕێگادا لەناوچەی پشدەر لەسەر هێستر دەکەوێ و باسکی دەشکێ، تا باسکی هەڵدەبەستنەوە و دەگاتە حاجی ئۆمەران، بەسەر هەواری خاڵی دا دەکەوێ، بێجگە لەکاك..... کەس لە (سەرێ) نامێنێ و بەرەو کوردستانی ئەودیو مەیدانی خەبات چۆڵ دەکەن.

ئاشبەتاڵ

٢٢ی مارسی ١٩٧٥ هەواڵدەرەکانی هەندەران دەنگوباسی شکانی شۆڕشی کوردستانی عێراقیان بڵاوکردەوە، ئاژانسە خەبەرییەکان لەزمانی مەلا مستەفاوە ڕایانگەیاند کەگوتوویە: (کورد بێ پشتیوان مایەوە، شەڕ تەواو بووە و شۆڕش کۆتایی پێکهاتوە).

برادەرانی ئێمە لەبەغدا لەرادەبەدەر خەفەتبارن، تەلەفیزیۆنی بەغدا تەسلیم بوون و چەك دانانی پێشمەرگە نیشان دەدا، باس و لێکدانەوەی سەیر لەنێو برادەران دەست پێ دەکا، کاك حەمەدەمینی سیراجی وەك سیاسییەکی بەغیرەت دەڵێ: (دەبێ ئیعتیراف بکەین ئێمە بەهەڵە چووبووین، ڕێبەرایەتی شۆڕش فریوی شای

ئێرانی خوارد و تووشی ئەو رۆژە بوو ئێمەش فریوی قسەکانی دکتۆر قاسملۆمان خوارد، کورد بوو بەفیدای سەودا و بازرگانی دەولّەتە مەزنەکان).

شەوی ٢٤ی مانگی مارس خێزانم لەبولغاریاوە تەلیفۆنی کرد، خەبەری ئاشبەتالّی لەرادیۆ بیستبوو زۆر بەپەرۆشەوە دەگریا و دەیگوت کورد چی لێ دێ، بۆ وای لێ هات؟ تۆزێ دلّخۆشیم داوە، ئێمە بێجگە لەخەم و پەژارەی شکانی بزووتنەوەی کورد بیری چارەنووسی برادەرانی خۆشمان لێ ببووە بارێکی قورستر و لێمان روون نەبوو تووشی چ دەبین.

رۆژی ٢٩ی مارس کاك عەبدولقادری شێخی لەکوردستانەوە هاتبوە بەغدا، تەلیفۆنی کرد بچم ببینم گەلێك بەپەرۆشەوە جۆرێك باسی وەزعی کوردستانی دەکرد کەئەو دیمەنە نایەتە سەر کاغەز، هەروەها ئەوەشم بۆ نەخش ناکرێ کەچەند کوردێکیش لەوێ بوون و زۆر بەنامەردی دەیانخوێند، یەك دوو کەسم لەوانە پێشتر دیتبوون، گوێم لەقسەکانیان هەلّخستبوو، سەرم سووڕما کەئەم خەلّکە چۆن دەتوانێ بێ ئەوەی تەریق بێتەوە، وەك گولّەبەڕۆژە هەر رۆژە بەلایەکدا بسووڕێ و هەر دەمە بەبارێکدا بکەوێ.

هەر ئەو رۆژە نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و تا رادەیەك لەوەزعی خۆمان و بارودۆخی کوردستان ئاگادارم کرد.

لەم بەینەدا ئێمە هەولّێکمان دابوو کەسەفەرێك بۆ کۆماری یەمەنی دیموکراتی بکەین و ئەگەر بکرێ پێگەیەك بۆ رۆژی پێداویست لەوێ ساز بکەین، دکتۆر قاسملۆ لەبێروت چووبووە بالّیۆزخانەی یەمەن و لەوبارەوە قسەی کردبوو.

١٩٧٥/٤/٣، دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بۆ ناردبووم نووسیبووی: (کۆماری یەمەنی دیموکراتی داواکەی ئێمەی قبوڵ کردووە و رایان گەیاندوە کەدەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات دەتوانێ ٢٥ی مانگی مارس بچێتە عەدەن، پێویستە تۆ خێرا بۆ دەرەوە سەفەر بکەی تا پێکەوە بچینە یەمەنی جنوبی).

برادەرانی دەفتەری سیاسی لایان وابوو لەو کاتەدا نابێ من سەفەر بکەم، باشترە دوکتۆر بەتەنیا ئەو سەفەرە بکا، ئەو بڕیارەمان لەنامەیەکدا بەدکتۆر قاسملۆ راگەیاند، رۆژی ١٩٧٥/٣/٢٥ لەرێگای دایکی کەمالەوە نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم پێگەیشت کە ١٩٧٥/٣/١٩ نووسیبووی، دکتۆر قاسملۆ لەو نامەیەدا دەنووسی:

برای بەڕێز کاك کەریم رۆژباش:

نامەی تاریخی ١٤ی مانگ، ئەوڕۆ پێم گەیشت، هەتا ئێستا قەت نەبوە نامە ئەوەندە زوو بگا، منیش هەر ئێستا وەڵامت دەنووسمەوە و بەهۆی دایکی کەمالەوە بۆت دەنێرم، پێم وایە ئێستا وەزعەکە هەر چەندیش ناخۆش بێ لایەکی باشە کەئیدی هەموو شتەك رووندە، هەموو لا ئەو رێککەوتنەیان پێ خۆشە، گەلی کورد نەبێ، بەپێی وەزعی تازە کە پێکهاتوە من نەزەرم بەو جۆرەیە:

١- مانی ئێوە لەوێ ئیدی هیچ قازانجێکی بۆ ئێمە نییە و دانیشتن و دەست لەسەر دەست دانانیش کاری ئێمە نییە، لەبەرئەوەی پێشنیاری پێشووی خۆم دووبارە دەکەمەوە، لەگەڵ نامیق[٥] رێککەون، یانی حاڵیان بکەن کەئێستا بەقازانجی ئەوان نییە ئێوە لەوێ بن، تۆ هەر چۆنێك بێ دەبێ فکری دەرەوە بکەی و هەر نەبێ داوای ئەوە بکەی کەبچی بۆ لای ماڵ و منداڵ، لەوەزعی ئێستادا من بەراستی دەزانم کاك مینە بچێ بۆ لای نۆك خۆر و ئەوان (مەبەست کوردستانە) و لەقەرار و بڕیاریاندا بەشدار بێ و مەرکەزییەتێك لەوێ پێك بێ، دکتۆر و مامۆستا هێمن و ئەوانی تر جارێ دەتوانن هەر لەجێگای خۆیان دانیشن و ئەگەر ئیمکان هەبوو پێوەندییەکە بپارێزن، ئێمەش لەدەرەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە دەبین (جارێ ناتوانم بڵێم لەکوێ) بەڵام ئیمکانی ئەو کارە هەیە تا بزانین.

---

(٥) مەبەست حکومەتی عێراقە.

٢- ئەگەر بتوانی بۆ بێروت سەفەر بکەی، هاتنی من بۆ ئەوێ و پاش یەکتر دیتنمان چوونمان بۆ یەمەن خراپ نییە، بەڵام من بەتاقی تەنیا لێرەرا هەستم بچم بۆ یەمەن پێم وایە قازانجێکی وای تێدا نییە، لەپاشان بەتەنیا هەر باشیش نییە.

٣- پێم سەیرە کە ب. فێنك و ئەوان هیچیان لەدەست نایە ئەدی ئەو بەرە پان و بەرینە بۆ چییە؟ دەترسم ئاخرەکەی خۆشیان توش بن.

٤- ئەگەر لەبیرت مابێ وەختی خۆی زۆر قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد کەهەموومان بچینەوە ولاتی خۆمان و تۆ زۆر ئیسرارت هەبوو کەهەرچی زووتر ئەو کارە بکەین، پێم سەیرە کەبرادەران ئێستا کەوەزع لەم بارەوە لەبارترە و هەلومەرجیش ئیجاب دەکا باسی ئەو مەسەلەیە ناکەن پێم خۆش بوو نەزەری ئێوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بزانم.

٥- تکام ئەوەیە ئەو نامەیە بۆ هەموو برادەران بخوێنەوە و نەزەری هەمووانم بۆ بنووسە، دیارە هەرچی زووتر بنووسی باشترە، چونکە بەراستی زۆر نیگەرانم و پێشم وایە کەدەبێ خەریك بین و دەست لەسەر دەست دانەنێین.

نامەی دکتۆر قاسملۆ بۆ هەموو برادەران خوێنرایەوە، بەتێکڕایی دەنگ لەگەڵ بۆچوونی دکتۆر نەبوو، پێیان وابوو کەدکتۆر زیاتر لەدەرەوە بەخەیاڵ کارەکان رادەپەڕێنێ، بەراستیش سەیر بوو لەکاتێکدا کوردستان گیرابۆوە، شۆڕشی کورد شکابوو، بەعسی بەتەواوی زاڵ ببوون، دکتۆر پێشنیاری کرد کەحەمەدەمین بچێتە کوردستان و لەوێ (مەرکەزیەت) پێك بێنن، لەکاتێکا برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی کەلەکوردستان بوون خودا خودایان بوو نەجاتیان بێ و بگەنەوە بەغدا، لەلایەکی تر دەینووسی (مانەوەی ئێمە لەعێراق هیچ قازانجێکی نییە) هەر لەو کاتەشدا دەینووسی دکتۆر سولتان و مامۆستا هێمن و برادەران هەر لەبەغدا بن، یان دوای شکانی شۆڕشی کوردستان دەینووسی (هەلومەرج ئیجاب دەکا کەبچنەوە ولاتی

خۆمان)، لام وایە برادەران لەسەر هەق بوون کەلەگەڵ پێشنیار و بۆچوونی دکتۆر قاسملۆ نەبن.

تێبینی:

لەم بەشەی بیرەوەریەکانمدا وەک دەبینین نامەکانی دکتۆر قاسملۆ هەموویان هەر بەناوی من نووسراون و وەڵامیش دراونەوە، پێویستە روونی کەمەوە لەتەواوی ئەو ماوەیەدا کەدکتۆر قاسملۆ لەکۆمیتەی ناوەندی دوور بووە، لەدوو نامە بەدەر هیچ نووسراوەیەکی بەناوی کۆمیتەی ناوەندی نەنووسیوە، هەموو نامەکانی هەر بۆ من نووسیون و منیش وڵامم داونەوە، بەڵام تەواوی نامەکانی دکتۆر قاسملۆ دەگەڵ وەڵامەکانیان بۆ دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خوێنراونەوە، جا لێرەدا بەپێچەوانەی بۆچوونی کاك حەمەدەمینی سیراجی مەبەست (زەق نیشاندانی نەخشی خۆم) نییە بەڵکو بارودۆخ ئەم نەخشەی بەسەر من دا سەپاندبوو ناچار هەر دەبێ ناوی خۆم لەنووسینەکاندا بێتە گۆڕێ).

رۆژی ١٩ی مارس پێیان راگەیاندین کەرۆژی ٣١ (خەلیل) بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئێمە، دەیەوێ چاوی پێتان بکەوێ، ئەم دوو رۆژە بەشی زۆری بیرمان لەوە دەکردەوە کەداخوا چی بەدمەوەیە.

رۆژی ٣٠ مارس کاك کەریم حەداد لەبەغدا پەیدا بوو، ناوبراو بەڵگە و پسوڵەی عێراقی هەبوو دەیتوانی هاتووچۆ بکا، ئەو برادەرانەی لەکوردستان بوون زۆر نیگەران بوون و ناهەقیش نەبوون، چونکە بەراستی وەزعێکی ئەوتۆ لەکوردستان پێك نەهاتبوو کەجێگای نیگەرانی نەبێ، بەتایبەت بۆ برادەرانی ئێمە کەچارەنووسیان نادیار بوو، کاك کەریمیان ناردبوو تا بزانن خەبەر چییە و ئەوان چ بکەن و ئێمە چیمان بەسەر دێت، کاك کەریم حەدادمان راگرت تا نەتیجەی چاوپێکەوتنی (خەلیل)مان دێتە دەست.

رۆژی ۱۹۷۵/۳/۳۱ لەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی چوویینە لای خەلیل، کەوەژوور کەوتین کابرا زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، بانگی کرد قاوەیان هێنا و ئەحوالپرسی کرد پاشان گوتی: (ئێمە سیاسەتی حیزبی و دەوڵەتیمان لەگەڵ یەک فەرقی هەیە، (رەنگە ئەوەش لەوڵاتانی سۆسیالیستی فێر بووبن)، پێوەندی ئێمە لەگەڵ ح.د.ک.ا هەروەک جاران دۆستانە دەبێ، یارمەتیتان دەدەین، ئێوەش پێویستە لیستەی ناو و ئادرەسی هەموو ئەندام و برادەرەکانتان بدەن بەئێمە، تا بزانین چەندن و لەکوێ دەژین، تا ئەگەر تووشی گیروگرفتێک بوون، بزانین برادەری ئێوەن).

پێمانگوت ئێستا خۆشمان لەوەزعی برادەران ئاگادار نین، بەر لەهەموو شت پێویستە پسوڵەی ڕێگامان بدەنێ تا بچین سەری برادەران بدەین و بزانین چ دەکەن و چیان بەسەر هاتوە، بەڵێنی دا کەوەرەقەی عدم التعرض مان بدەنێ بچین سەری برادەران بدەین، بەڵام هەر قسە بوو، خستیانە پشتگوێ و یەک دوو جار داوامان کرد جوابیان نەداینەوە.

رۆژی هەوەڵی ئەپریلی ۱۹۷۵ کاک کەریم حەدادمان نارەدەوە بۆ کوردستان، نامەیەکم بۆ مەلا عەوڵا نووسی و ڕام ئەسپارد کەهەموو برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی بێنە سولەیمانی تا کۆببینەوە و بزانین چ دەکەین.

رۆژی ۷۵/٤/۲، نیشتمانپەروەرێکی کورد و دۆستێکی بەراستی ئێمە کاک ..... کەچووبووە نێو شۆڕش نامەیەکی بۆ ناردبووم و داوای کردبوو کەبچمە لای کاک عەزیز محەمەد و بزانن ڕای چۆنە لەسەر گەڕانەوەیان، بگەڕێنەوە یان نە، هەروەها ویستبووی کەکاک عەزیز کارێکی وا بکا بەڵکو میری داوایان لێ بکات بگەڕێنەوە.

کاک عەزیز گوتی: (لەم بارودۆخەدا پێم وانییە میری کاری وا بکات، خەبەری بدەیە با بگەڕێنەوە، مانەوەیان لەدەرەوە هیچ دەردێک دەوا ناکات).

گورج خەبەرم دایە کەبگەڕێنەوە، هەر بەو کەسەدا کەنامەی ئەو دۆستەی هێنابوو، مەلا عەولاش نامەیەکی بۆ ناردبووم نووسیبووی: (هەرچۆنێك بێ لەگەڵ بەعس رێککەون، بەپەنابەری بێ، بەراگرتن بێ، هەر نەبوو بەتەبەعیەتیش بێ، کارێکی وا بکەن کەدەستمان لێ نەدەن).

نامەی مەلا عەولا نیشانی دەدا کەشکانی شۆڕش و چەك دانان و زاڵ بوونی حکومەت بەتەواوی کاری کردۆتە سەر وڕەی برادەران و نیگەرانی کردوون.

ڕۆژی ١٩٧٥/٤/٣ لەڕێگای برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە نامەیەکی دیکەی مەلا عەولام پێ گەیشت، لەگەڵ نامەی من نامەیەکیشی بۆ کاك کەریم ئەحمەد نووسیبوو کەئەویشیان هەر بۆ ناردبووم، ئەمەش دەقی هەر تك نووسراوەکانی مەلا عەولایە کەبڵاودەکرێنەوە.

برای زۆر گەورەم کاك کەریمی حیسامی
لەگەڵ دەست گوشین و سڵاو

چاومان خێل بوو، ملمان خێس بوو هێندەی تەماشای ڕێگا بکەین بەڵکو یەکێکتان، یا خەبەرێکتان پەیدا بێ، نەبوو. من پێم وایە خۆتان دەزانن کەئێمە لێرە کەس ناناسین و کەسیش نامان ناسێ، پێشم وایە هۆی دیار نەبوونتان هەر ئەوەیە کەنەتانتوانیوە کەس ببینن، بەڵام دیسان هەر پێم سەیرە، بەباوەڕی من دەبوو بەهەر وەسیلەیەك بێ کەسێکی مەسئولتان لەگیر هێنابا و دەستورێکتان وەرگرتبا، ئێستا ئەگەر کەسێکمان گونی بەتەڵەوە بێ وابزانم لێکردنەوەی زۆر دەخایەنێ.

بەهەرحاڵ هیوادارم ساخ و سڵامەت بن و وەزعیشتان باش بێ، زۆر بەپەلە چاوم لەڕێتانە هیوام ئەوەیە پێش گەیشتنی ئەم نامەیە یەکتان بەدەستورێکی ڕوونەوە لێرە بێ، لەبەرئەوەی زۆر نیگەرانین ئەگەر ئیمکانی هاتنیش نەبێ تکایە دەست

بەجێ وەڵامی نامەکە بدەنەوە و رەئی خۆتان بۆ ئێمە بنووسن، ئێمە تا ئێستا لەجێگای خۆمانین، لەسبەینێ پا رەنگە وردە ئاڵوگۆڕێك لەشوێنی خۆماندا بکەین.

بەناشکوری نەبێ کاك مامەندیش[٦] بەپێویست نازانێ بێتەوە و تەنیا من دەبێ وەك داشە هارە بێم و بچم.

قسەم زۆرە و هەڵیاندەگرم، تەنیا ئەوەندە تکرار دەکەمەوە کەزوو دەستوری تازەمان بۆ بێنن، ئەگەر چوو دەچێ و هەزار هاوار بەپوڵێك دەبێ.

برادەران تا ئێستا سەڵامەتن و هەمووش وەك من و زیاتریش چاوەڕێن، سڵاو بۆ مامۆستا و باوکی مزگین و حەکیم و هەموو برادەران، هیوادارم پێشبینییەکەی من و مامەند نەهاتبێتەدی.

بەهیوای خەبەرێکی زوو، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ١٩٧٥/٤/١

نامەی دووەمی مەلا عەولا
برای زۆر گەورە و بەڕێزم مامۆستا کەریم ئەحمەد
لەگەڵ سەلام و عەرزی ئیحترام

ماوەیەکی زۆرە لەبرادەرانی خۆمان کاك کەریمی حسامی و ئەوان بێ خەبەرین، بەتایبەتی دوای ئەم وەزعە تازەیە زۆر چاوەڕوان بووین کەبێن و تەوجیهی تازەمان بۆ بێنن، بەداخەوە تا ئێستا هیچ خەبەرێکیان نییە، ئێمەش لەو ناوچانە لەبەر ئەوەی مەسئولین نامان ناسن ناچار بووین هەروەك جاران دانیشین و چاوەڕوانی ئەمری قیادە بکەین.

بۆیە هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەلەڕێگای ئێوەوە خەبەرێکیان وەربگرین، تکام ئەوەیە بەزووبی ئاگاداریان بکەن کەرەئی خۆیان لەبارەی وەزعی ئێمەوە بەزووبی

---

(٦) مەبەستی مەلا رەسولی پێشنمازە کەبەجێی هێشتبوو چوبۆوە کۆیە.

بۆ ئێمە بنێرن و ئەگەر دەکرێ هەر خۆیان بێن، ئەوا نامەشم بۆ ئەبو کەمال نووسیوە.

لەحاڵەتێکدا برادەرانی خۆمان خوانەخواستە شتێکیان بۆ هاتبێتە پێش داوا لەقیادەی ئێوە دەکەین کەمەسەلەی ئێمە لەگەڵ کاربەدەستان باس بکەن و ڕێگایەکمان بۆ بدۆزنەوە، ئێمە دڵنیاین کەحیزبی ئێوە وەک هەموو کاتێکی تر لەهیچ یارمەتیەک و هاوکاریەک دریغ ناکا، زۆر بەپەلە چاوەڕوانی وڵامم و سوپاس.

زۆر عەرزی ئیحترامم هەیە بۆ بەڕێز کاک عەزیز و ئەبو سامان و باقی برادەران، ئیتر بەهیوای سەرکەوتنتان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان.

بۆ بچوکتان عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٩٧٥/٤/١

سێ ڕۆژ دوای ئەو نامەیە مەلا عەولا گەیشتەوە بەغدا، شەو هاتە ژوورەکەی من و تا سەعاتی چواری دوای نیوەشەو دانیشتین، بەدرێژی باسی وەزعی نێو شۆڕشی بۆ دەگێڕامەوە، بەچاوی خۆی تیخزان و چالاکی ساواکی ئێران و ئەفسەر و فەرمانبەرانی ئەرتەشی ئێرانی لەنێو شۆڕشی کوردستان دیتبوو، زۆر ناهومێد ببوو، هێندێ بیروڕای تازە و بۆچوونی تازەی هەبوو، لەوانە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەبزووتنەوەی کورد بەبێ یەکێتی و هاوکاری لەگەڵ بزوتنەوەی سەرانسەری ئەم وڵاتانەی کوردی تێدایە، سەرناکەوێ. بەداخەوە سەبارەت بەرەوشت و خەسڵەتی مەلایەتی نەیتوانی قەت لەسەر پێودانێک بوەستێ، بەتایبەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەنێو حیزبی دیموکراتدا بۆ کوتانی بیری پێشکەوتوخواز و خۆنەبەستنەوە دەورێکی ناحەزی گێڕا کەلەجێی خۆیدا باس دەکرێ.

رۆژی ۱۹۷۵/٤/۹ مەلا عەولامان بردە خەستەخانە و باسکیان دەگێچی گرت، بەڵام هەتا ماوەیەکی زۆر درێژ بەداخەوە هەر وەک خۆی لێ نەهاتبۆوە.

بۆچوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوای شکانی شۆڕشی کوردستان

پاش ئەوەی کەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەموو لەبەغدا کۆبوونەوە شەو و رۆژ باسەکەمان ئەوە بوو کەهەڵوێستی ئێمە لەئاست شۆڕش و هەڵگیرسانەوەی شەڕ چۆن بووە؟ دەتوانین لەروورداوەکان چ دەرسێك وەربگرین؟ لەسەر یەك برادەران هاتبوونە سەر ئەو رایە کەرێبەرایەتی شۆڕشی کوردستان لەساڵەکانی دوای ۱۹۷۰وە، سیاسەتێکی ژیرانە و سەربەخۆی نەبوە، دانیان بەوە دانا کەبرادەرانی ئێمەش کەوتوونە ژێر تەئسیری ئەو سیاسەتە و لێکدانەوەکانیان تەواو نەبووە، تەنیا دکتۆر قاسملۆ نەیدەویست ئیعتیراف بکا کەنەك هەر خۆی لەشیکردنەوەی سیاسەتی رێبەرانی شۆڕش بەهەڵە چوە، بەڵکو بەقەولی کاك حەمەدەمین، برادەرانیشی بەهەڵە بردووە، لەپێوەندی لەگەڵ ئەو باس و لێکۆڵینەوانەدا دکتۆر قاسملۆ لەنامەی ۱۹۷۵/٤/۲۵ نووسیبووی: (ئێمە پشتیوانیمان لەگەلی کورد و لەداخوازیەکانی کردوە نەك لەشەخسێکی تایبەتی)، بەڵام لەبیری بردبۆوە کەدەیگوت: (مەلا مستەفا سیاسەتی گەورە لەهەموو کەس باشتر دەزانێ)، نەیدەویست دان بەوە دا بنێ کەلەکوردستان شەڕ و ئاشتی تەنیا بەدەست (شەخسی تایبەتی) بوو، کاتێك ئەو بڕیاری شەڕ وەستاندنی دا، ئیتر نە (کورد و نەداخوازیەکانی گەلی کورد) لەکولەکەی تەڕیشدا دیار نەبوو.

لەوە سەیرتر هەر لەنامەی ۲۵ی ئەپریل دا دکتۆر نووسیبووی: (ئێستا وەزعێکی بەتەواوی تازە هاتۆتە گۆڕێ، من نەزەرم ئەوەیە کۆسپێکی گەورە لەسەر رێی خەباتی ئێمە هەڵگیراوە) تازە پێی وابوو ئەو شۆڕشەی شەو و رۆژ تەبلیغاتی بۆ

دەکرد بە (رەسەنی دەزانی) کۆسپی سەر رێگای خەباتی ئێمە بووە و ئێستا ئەو کۆسپە نەماوە.

دکتۆر قاسملۆ کاتی خۆی رووناکبیرە کوردەکانی هان دەدا کەبچنە نێو شۆڕش، بەڵام هەر لەو نامەیەدا دەینووسی: (ئەگەر ئیمکانت هەیە خەبەر بدە بەدارا و خەسرەو هەتا زووە بگەڕێنەوە، مانەوەیان لەدەرەوە بەتەواوی بێ مانایە، پیاو لەنیوەی رێگاش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، ئێستا ئیدی سەنگەرەکان بەتەواوی دیارن و هەرکەس دەبێ رێبازی خۆی بەرووتی دیاری بکا).

بەلای منەوە یەکێك لەهەڵەی گەورە و لەخۆ رانەدیوی رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەتا ئێستاش لەوەدایە کەقەت ئەو غیرەتەیان نەبووە کەبەراستی و بەئاشکرا هۆیەکانی شکست و پاشەکشە هەڵسەنگێنن و راستەو راست خەڵك لەسیاسەتی خۆیان ئاگادار بکەن و لەو رێگایەوە بڕوای خەڵك بۆ لای خۆیان رابکێشن.

هەموو هەڵەکانیان لەژێر پەردەدا هێشتۆتەوە و ئاشکرایان نەکردووە و لەجیاتی ئەوە راستە و راست هۆیەکانی شکست و هەڵسوکەوت بەخەڵك بڵێن هەمیشە هەر باسی ژیری و سەرکەوتنیان کردووە کەقەت وەدەستیان نەهێناوە.

رۆژی ١٩٧٥/٥/٣ کۆبوونەوەی ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کەلەعێراق بوون، بەبەشداری چەند هەڤاڵی کادر بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان دەست پێکرا، پاش چەند رۆژ باس و شیکردنەوە و بیروڕا گۆڕینەوەی برایانە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دران:

١- کۆمیسیۆنێك لەکاك حەمەدەمینی سیراجی و کاك هاشمی کەریمی و دکتۆر سوڵتانی وەتەمیشی دیاری کرا کەخەریك بێ بەلگە و ئاگاداری تەواو کۆبکاتەوە و بە وردی رووداوەکان و چۆنیەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ١١ی مارسی ١٩٧٠ەوە تا ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ شی بکاتەوە و راپۆرتێك بۆ کۆمیتەی ناوەندی

ئامادە بکات، لام وایە بەڵگە و ئاگاداری زۆریشی کۆکردبۆوە، بەڵام راپۆرتەکە ئامادە نەکرا.

٢- بڕیار درا ناوەندی حیزب هەر لەعێراق بمێنێتەوە، هەتا بکرێ پێوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس بپارێزین و بێ لایەن بمێنینەوە.

٣- بڕیاردرا لیستەی چەکەکانمان بگرین و ئەگەر حکومەتی عێراق داوایان بکا بیاندەینەوە، کاك حەمەدەمینی سیراجی دژی ئەوە بوو کەئەو چەکانە بدرێنەوە بەحکومەتی عێراق، هێندێ چەکمان هەبوو پاش شکانی راپەڕینی ٦٧-٦٨ ئەو برادەرانەی هاتبوونە عێراق هێنابوویانن، هێندێك شۆڕش لێی ئەستاندبوون و هێندێکیش کۆکرابوونەوە لەلای مەلا رەسو داندرابوون.

٤- بڕیاردرا ئەگەر رێگامان بدەن، من و مەلا عەولاّ سەفەری لای دکتۆر قاسملۆ بکەین.

نامەیەکم بۆ دکتۆر نووسی و لەبڕیارەکانی کۆبوونەوە ئاگادارم کرد، لەوەڵامی نامەی مندا رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٥ دکتۆر قاسملۆ لەنامەیەکدا دژایەتی خۆی لەگەڵ دوو مەسەلە دەربڕیبوو، یەکەم مانەوەی مەرکەزیەتی حیزب لەعێراق، دووەم دانەوەی چەکەکان بەحکومەت، بەڵام نەینووسیبوو دەبێ چ بکەین و ئەو چەکانە چ لێ بکەین.

رۆژی ١٩٧٥/٥/٢١ پێیان راگەیاندین کەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات، پێویستە بچنە لای نوێنەری قیادەی قوتری حیزبی بەعس، نەشیانگوت ئەو نوێنەرە کێیە؟ ئەم بانگکردنەی بەکۆمەڵ تۆزێکی تر نیگەرانی کردین، وامان بەباش زانی کەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ئاگادار بکەین، لەبارەی بەڵگە و نووسراوەکانی حیزب، هێندێ کار قایمیمان کرد و بەنیگەرانی چاوەڕوانی دیتنی نوێنەری قیادەی قوتری بووین، رۆژی ٥/٢٢ لەگەڵ بەیانی هاتن و هەموومانیان سوار کرد و لەبەر دەرگای موخابەرات دایان بەزاندین، لەوێ سرت و خورت پەیدا

بوو، نیگەرانیمان پتر بوو، موخابەرات لەکوێ و قیادەی قوتری لەکوێ، ئێمە نۆ کەس بووین، هەموومان بەجلی ئەفەندییەوە، مەلا سمایلی حاجی نەبێ جامەدانێك لەسەر و کەوا و پاتۆڵی کوردی و پشتێندێکی زل، کاك حەمەدەمینی سیراجی کەجاروبار بەسەر قسەی خۆش دادەکەوی گوتی: (کوڕینە ئێستا ئەگەر لەم دەوروبەرانە بمان بینن دەڵێن: بەهەشت بەعسیان کوردێکیان هێناوە).

قسەی کاك حەمەدەمینی رامان و مات بوونی کرد بەپێکەنین.

بردیانینە قاتی پێنجەم یا شەشەمی خانویەکی گەورە، لای سەعدون شاکر، نەماندەناسی بەڵام ناوەکەی لەبەردەمی نوسرابوو.

کەچووینە ژوور هەستا و بەخێرهاتنی کردین، قاوەیان هێنا، ئەحواڵ پرسی کرد و دەستی پێکرد: (دەمەوێ بەئاشکرا پێتان رابگەیەنم کەئێوە لەگەڵ ئێمە راست نین، هاوکاری ئێمە ناکەن، بۆ هەموو کەس دەرکەوت کەبارزانی عەمیلی ئەمریکا و شای ئێرانە، ئێوە باستان نەکرد هیچتان لەسەر نەنووسی).

من وەك ریش سپی برادەران لەوەڵامیدا گوتم: (ئێمە حیزبێکی کوردستانی ئێرانین، نامانەوێ دەست دەکاروباری عێراق وەربدەین، ئەگەر هیچمان لەسەر عێراق نەنوسیوە، لامان وایە بەقازانجی ئێوەیە، ئەگەر ئێمە لەسەر وەزعی عێراق بنووسین، دەبێ باسی بارودۆخی ئێستای کوردستانیش بکەین کەئەو هەموو گوندانە وێران دەکرێن و ئەو خەڵکە دێنن بەزۆرەملێ لەکەمپەکاندا کۆیان دەکەنەوە).

بەقسەکانی من تۆزێك چڕژا و گرژ بوو گوتی: (شلۆن... ماکو هیچی...).

گوتم: (ئێمە وامان بیستوە خۆ نەچووینە کوردستان هەموو کەس وا باس دەکا، ئێوە رێگا نادەن بچین سەری برادەرانمان بدەین، ئێستا نازانین ئەوان چیان بەسەر هاتووە و لەکوێ دەژین، رۆژنامەکەمان مانگی جارێك دەردەچوو، ئەویشتان راگرتووە، لام وایە ئێمە مافی گلەییمان هەیە).

سەعدون شاکر هاتەوە سەرخۆ گوتی: (ئێمە پێوەندی حیزبمان لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی فەرقی هەیە، لەگەڵ ئێوە پێوەندیمان پێوەندی حیزبییە، تۆ برادەرێکی ئێمە لەگەڵ خۆت بەرە بچۆ شیمال، سەری برادەرانتان بدە، لەهەر شارەی یەکێك لەبرادەرانتان بەبرادەرانی ئێمە بناسێنە، لیستەی ئەندامانی حیزبتان بدەن بەئێمە تا ئەگەر تووشی شتێك بوون بزانین، ئەو چەکانەی هەتانە ئێستا بەکارتان نایە، بیاندەنەوە بەئێمە، کاتێ چەکتان پێویست بوو ئێمە چەکمان زۆرە).

کابرا لەقسەکانی خۆیدا باسی رۆژنامەی نەکرد، ئێمەش لەسەری نەڕۆیشتین، بەراستی چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە نەبووین، بەپێچەوانەوە بیرمان لەوە دەکردەوە کەکۆیان کردووینەوە بێ سەروشوێنمان بکەن.

سەعدون شاکر گوتی: (ئێوە فەرموون بچنەوە، برادەرانی ئێمە پاشان ئاگادارتان دەکەن کەی دەبێ سەفەر بکەن).

مانّاوایمان خواست و هاتینە دەر سواری ئەسانسۆر بووین کەبێینە خوارێ لەپڕ لەقاتی شەشەوە وەك بەردێك بکەوێتە خوار ئاسانسۆر یەکسەر تا قاتی ژێرو بەربۆوە خوارێ، هاتنە خوارەکەی ئاسایی نەبوو، وەك زنجیرەکانی پسابن و بکەوێتە خوار، درۆ نابێ کەبێژم زۆر چڕاین و سەرمان سووڕ ما، بەڵام بەقەوڵی مامۆستا هێمنی رەحمەتی: (نەجات بوونمان موجیزە بوو)، لەبەینی خۆماندا زۆرمان لێکداوە، بەڵام نەتیجەشمان لێ وەرنەگرت.

من دکتۆر قاسملۆم لەم چاوپێکەوتنە ئاگادار کرد، لەوەڵامدا دکتۆر نووسیبووی: بڕیاری دانەوەی چەکەکان بەحکومەتی عێراق شتێکی زۆر گرنگ نیشان دەدا، ئێمە دەمانەوێ خۆمان بەبەعسەوە ببەستینەوە، لەنەتیجەدا ئەوەمان بەسەر دێ کەبەسەر مەلا مستەفا هات).

لەو بەینەدا خەبەرمان پێگەیشت کەدکتۆر قاسملۆ لەپراگ لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی لایەنگری پارتی تێکۆشانی هەیە و خوێندکارە کوردەکانی هان داوە بچنە باڵیۆزخانەی سوید و لەوێ مان بگرن.

کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و پێمان راگەیاند کەلەهەلومەرجی ئێستادا بەسەلاح نییە تۆ وەك سکرتێری حیزبی ئێمە خۆت لەگەڵ خوێندکاران تێکەڵ بکەی و پێویستە خۆت بپارێزی).

لەوەڵامی نامەی ئێمەدا دکتۆر نووسیبووی: (زۆرم پێ سەیرە برادەران شتی وا دەنووسن، یا من بەمنداڵ دەزانن کەلەسیاسەت هیچ حاڵی نابم، یا پێیان وایە کەبەبێ مەسئولیەت و بەکەیفی خۆم دەجوڵێمەوە، مەلا مستەفا بۆ من بۆیە مەلا مستەفا بوو، چونکە گەلی کوردی لەگەڵ بوو، بۆیەش دژی نەدەوەستام، ئێستا وەزعێکی دی هاتۆتە پێش و مەلا مستەفا ئیتر بۆ من ئەو مەلا مستەفا نەماوە).

دکتۆر هەر لەو نامەیەدا نووسیبووی: (رێبەرایەتی حیزبی تودە بەرەبەرە خەریکە لێرە وەزعێکی وا پێکبێنێ کەمن ئەگەر لێرە بم ناتوانم هیچ کارێك بکەم، مەجبورم دەکەن ئێرە بەجێ بێڵم، دیارە من ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە، هەتا پێم بکرێ تێدەکۆشم هەر لێرە بم، بەڵام پێم خۆش بوو ئاگادارتان بکەم ئەگەر مەجبور بم یا دەچمە پاریس یا سوید کەبتوانم هەم خۆم لەباری ماددییەوە دابین بکەم و هەم تێکۆشانم زیاتر بێ، پێم خۆشە ئێوەش دیسان نەزەری خۆتان بدەن).

ئاخرەکەی دکتۆر چووە پاریس، بەڵام نەك هەر لەباری ماددیەوە خۆی دابین نەکرد بەڵکو خەرجێکی لەرادەبەدەریشی خستە سەر بودجەی فەقیر و ناتەواوی حیزبی دیموکرات.

پێش ئەوە بۆ کوردستان بچین رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٤ هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چوینە دەفتەری حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، کاك عەزیز محەمەد و کاك کەریم ئەحمەد لەگەڵمان دانیشتن، بەدرێژی باسی بارودۆخی دژواری کوردستان و

لەو بەینەدا خەبەرمان پێگەیشت کەدکتۆر قاسملۆ لەپراگ لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی لایەنگری پارتی تێکۆشانی هەیە و خوێندکارە کوردەکانی هان داوە بچنە باڵیۆزخانەی سوید و لەوێ مان بگرن.

کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و پێمان راگەیاند کەلەهەلومەرجی ئێستادا بەسەلاح نییە تۆ وەك سکرتێری حیزبی ئێمە خۆت لەگەڵ خوێندکاران تێکەڵ بکەی و پێویستە خۆت بپارێزی).

لەوەڵامی نامەی ئێمەدا دکتۆر نووسیبووی: (زۆرم پێ سەیرە برادەران شتی وا دەنووسن، یا من بەمنداڵ دەزانن کەلەسیاسەت هیچ حاڵی نابم، یا پێیان وایە کەبەبێ مەسئولیەت و بەکەیفی خۆم دەجوڵێمەوە، مەلا مستەفا بۆ من بۆیە مەلا مستەفا بوو، چونکە گەلی کوردی لەگەڵ بوو، بۆیەش دژی نەدەوەستام، ئێستا وەزعێکی دی هاتۆتە پێش و مەلا مستەفا ئیتر بۆ من ئەو مەلا مستەفا نەماوە).

دکتۆر هەر لەو نامەیەدا نووسیبووی: (رێبەرایەتی حیزبی تودە بەرەبەرە خەریکە لێرە وەزعێکی وا پێکبێنێ کەمن ئەگەر لێرە بم ناتوانم هیچ کارێك بکەم، مەجبورم دەکەن ئێرە بەجێ بێڵم، دیارە من ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە، هەتا پێم بکرێ تێدەکۆشم هەر لێرە بم، بەڵام پێم خۆش بوو ئاگادارتان بکەم ئەگەر مەجبور بم یا دەچمە پاریس یا سوید کەبتوانم هەم خۆم لەباری مادییەوە دابین بکەم و هەم تێکۆشانم زیاتر بێ، پێم خۆشە ئێوەش دیسان نەزەری خۆتان بدەن).

ئاخرەکەی دکتۆر چووە پاریس، بەڵام نەك هەر لەباری ماددییەوە خۆی دابین نەکرد بەڵکو خەرجێکی لەرادەبەدەریشی خستە سەر بودجەی فەقیر و ناتەواوی حیزبی دیموکرات.

پێش ئەوە بۆ کوردستان بچین رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٤ هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چوینە دەفتەری حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، کاك عەزیز محەمەد و کاك کەریم ئەحمەد لەگەڵمان دانیشتن، بەدرێژی باسی بارودۆخی دژواری کوردستان و

وەزعی خۆمنا کرد، نانی نیوەڕۆ میوانی ئەوان بووین و پێکەوە نانمان خوارد، هەروەک جاران ئامۆژگاریان ئەوەبوو کەخۆمان بێ لایەن رابگرین و هەتا بکرێ لەعێراق بمێنینەوە، لەوڵاتی خۆماندا خەریکی تێکۆشان بین و لەدەرەوە دوور لەئێران هیچمان بۆ ناکرێ و وەک حیزبەکانی ترمان لێ دێ.

سەفەر بۆ کوردستان

رۆژە ١٩٧٥/٥/٢٦ کابرایەکی بەعسی بەناوی ابو ستار (خوا بزانێ ناوی چ بوو) هات و گوتی: (مامۆستا هاتوم پێکەوە بچینە شیمال، سەری برادەرانت بدە و لەهەر شارێکیش نوێنەرێك بەئێمە بناسێنە).

برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی کەلەبەغدا بوون دەبوایە هێندێکیان بگەڕێنەوە کوردستان، دەمویست لەم سەفەرەدا مەلا رەسوڵیش لەگەڵ خۆم بەرم، سوار بووین بەرەو کەرکوك کەوتینەڕێ، لەکەرکوك لەهوتێل کەرکوك لامان دا، خەریکی نان خواردن بووین، لەپڕ ابو ستاریان بانگ کرد، چووە دەرێ و هاتەوە گوتی: (لەبەغداوە خەبەریان دا کەنابێ بڕۆن و لەکەرکوك راوەستن).

سەیر بوو، دیسان کەوتینە سرت و خورت و بیرکردنەوە: بۆ لەبەغدا هیچیان نەگوتوە و لەکەرکوك رامان دەگرن؟ دەکرا بیر لەزۆر شت بکرێتەوە، کەوتینە فکری ئەوە حەمەدەمینی سیراجی ئاگادار بکەین کەلەبەغدا مابۆوە، ابو ستار گوتی: (ئێوە لێرە بن من دەچمە دەرێ کارم هەیە و دێمەوە)، کابرا رۆیشت، دیار بوو دوو سێ کەسیان لەدەوروبەری هوتێل دانابوو، جاروبار قوتە قوتیان بوو چاوێکیان لەمە دەکرد، گومان نەما لەژێر چاوەدێری دابووین، تاو تاوە یەك لەبرادەران هەتا بەر دەرگا دەچوو، دەگەڕاوە دەیگوت: (ئەو سەگبابانە وریای ئێمەن).

هەستام چوومە دەر تاوێك لەبەر دەرگا راوەستام، پاشان بۆ لای بازاڕ دوورکەوتمەوە، بەتەما بووم تەلیفۆنێك بۆ بەغدا بکەم، هەستم کرد خێسەم لێ

دەکەن و دەیانەوێ بزانن چ دەکەم و بۆ کوێ دەچم، گەڕامەوە گوتم لەژێر چاوەدێری داین، بەڵام هیچ نییە، پتر لەسەعاتێك ئاوا گوزەرا، برادەران زۆر ناڕەحەت بوون، خۆزیا ئێستا خۆیان لێرە بان و یەك یەك قسەکانی ئەو دەمی خۆیان نووسیبا و چاپم کردبان.

ابو ستار پەیدا بۆوە، هیچی نەگوت دانیشت و قاوەیەکی خواردەوە هەستا گوتی: (ئوستاز با برۆین... برادەرانی تر با هەر لێرە بن).

ئیتر ناڕەحەتیەکە پتر بوو، گەیشتبووینە ئەو قەناعەتە کەوا یەك یەك لێکمان جیا دەکەنەوە، بەکابرام گوت: (بۆ کوێ دەچین؟ برادەران بۆ لێرە بن؟ مەسەلە چییە بۆ پێمان نالێی؟).

گوتی: (هەر کاریان بەتۆیە، ئەوانی تر با لێرە چاوەڕوان بن).

رۆیشتین بەرەو ئێزگەی شەمەننەفەر، چووینە هوتێل چەند کەسی موخابەرات راوەستابوون، کەچووینە ژوور کابرایەك هەستا و تۆقەی کرد و خۆی بە (عبدالصمد) ناساند ناوی ئەو کابرایەم بیستبوو، دەمزانی سەردەمێك بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئێمە بوە، کاك حەمەدەمین باسی کردبوو، هەر ئەویش رایگەیاندبوو کەنابێ هاتووچۆی کوردستان بکەن و تێکۆشانتان هەبێ.

کابرا: (ئەهلەن... شلۆنەکی) گوت و دانیشتین، کەدەستی بەقسان کرد زانیم هیچی تازەی پێ نییە، هەر قسەکانی خەلیل و سەعدون شاکر کاوێژ دەکاتەوە، پتر لەسەعاتێك قسەی کرد، منیش جاروبار بە (نعم)ێك لەنگەرم بۆ رادەگرت، ئیتر دڵنیابووم مەترسیەك نییە، بەڵام ئەو سەعاتە بۆ برادەرانی هوتێل بەسااڵێك گوزەرابوو، کەگەڕاینەوە هەر خۆش بوو گوێت لەتەفسیر و لێکدانەوە و قسەی برادەران بایە، پشوویەکیان هاتەوەبەر و بەرەو سولەیمانی کەوتینەڕێ.

لەولای قەرەهەنجیر ماشێنەکەی من پەکی کەوت، لەرێگا بەجێمان هێشت و چووینە سولەیمانی، کابرا لەئێمە هەڵبڕا و چووە لای داروەدستەی خۆی، ئێمەش

بەکۆمەڵ چووینە ماڵی کەریم حەداد، بەیانی خزمێکی کاك کەریممان نارد بۆ لای ماشێنەکە، ئەگەر وەکار کەوێ بیهێنێ بۆ سولەیمانی، دەنا بیباتە کەرکوك و لەکاراژێك دای بنێ، ئەوەی دووەمی ئەنجام دابوو.

دوو رۆژ لەسولەیمانی ماینەوە، چاوم بەبرادەران کەوت لەباری رێکخستن و شێوەی تێکۆشان و پێوەندی لەکاتی پێویستدا رێ و شوێنێکمان دانا، کاك سدیقم وەك نوێنەری حیزبی دیموکرات بەبەرپرسی بەعس لەسولەیمانی ناساند، ناوی چەند برادەرێکمان نووسی کەهیچ پسوڵە و بەڵگەیەکیان نەبوو.

پاش دوو رۆژ لەگەڵ مەلا رەسوڵ و ابو ستار چووینە قەڵادزە، لەرێگا لەچایخانەی کانی وەتمان لاماندا، چایچی و شاگردەکان بەدیتنمان شاد بوون، پێشتر بەهاتوچۆدا ببوینە ناسیار، نەك هەر لەگەڵ ئەوان، بەڵکو دەتوانم بێژم برادەرانی ئێمە لەکوردستانی عێراق جۆرێك جوڵابوونەوە کەبرا کوردەکانمان بەتێکڕایی خۆشیان دەویستین، دیارە موسوڵمانی واش هەر هەبوون کەلەرێی خودا دا زمانیان بەچاك نەدەگەڕا، چەندە پێ شاد بووم کەچایچی و شاگردەکان و خەڵکی تر کەلەوێ بوون دەیانگوت: (لەم کێشە و هەرایەدا زۆر لەخەمی ئێوەدا بووین کەداخوا چتان بەسەر هاتووە)، پرسیاری سواردم کرد، ئەو کوردەی کەناوی مەغدید بوو، ناوەکەیم گۆڕی بوو بەسوارە، لەبەرگی چواری بیرەوەریەکانمدا باسم کردووە، وتیان ژنی هێناوە و لەخەڵەکان چایخانەی هەیە.

دوای چا خواردنەوە و حەسانەوە کەوتینەڕێ و چووینە قەڵادزە، کابرا چووە لای دار و دەستەی خۆی، منیش لەگەڵ مەلا رەسوڵ چوینە ماڵی کاکە شێخە، باسی کاکە شێخەی هات، نەدەکرێ بەسەریدا باز دەم، نەقەڵەمەکەم لەتوانایدا هەیە جوامێری و پیاوەتی و میواندار و دڵ ئاوادێیی و برایەتی ئەو پیاوە گەورەیە لەسەر کاغەز تۆمار بکا، ناسیاری من لەگەڵ کاکە شێخە دەگەڕاوە بۆ ساڵەکانی ٦٧–٦٨ کاتێك بۆ دیتنی کاك سولەیمان و کاك سمایلی شەهید چوبومەوە عێراق،

رۆژێك لەمالّی كاك رەحمانی چاپچی توشی كاكە شێخە بووم دایكی هێنا بووە سەر دكتۆر، پرسیاری لێكردم: خەڵكی كوێی؟

- خەڵكی زینوێ شێخیم.

- بابم تكایە خۆم لێ مەگۆڕە، ئێواران هەتا لەرادیۆ گوێمان لەدەنگی تۆ نەبێ، نە نانی دەخۆین و نە نوێژی دەكەین.

ئەوە سەرەتای ناسیاری ئێمە بوو كەببووە برایەتی و یەك مالّی، خۆ من لەعێراق هیچ مالّم نەبوو، بەڵام مالّی كاكە شێخە هەمیشە بۆ من لەمالّی خۆم گەلێك مالّ تر بوو.

لەقەڵادزە لەدوای برادەرانم نارد، مەلا سمایلی حاجیم وەك نوێنەری حیزب بەبەعس ناساند، هێندێ قەرار و رەمزی پێوەندیمان دانا، دوو سێ رۆژ لەقەڵادزە بووین، من نەدەچومە دەر، رۆژانە لەوەتاخەكە دادەنیشتم، برادەران دەهاتن و یا خەریكی نووسین دەبووم، مالّە كاكە شێخە هەمیشە پڕ بوو لەمیوان، رۆژێك دوو میوانی هاتن نەمدەناسین، دانیشتن و چایان بۆ هێنان، چاوەڕوان بوون كاكە شێخە بێتەوە، دەستیان كرد بەقسان لەنێو خۆیاندا، گوێم هەڵخست هەستم كرد یەكیان لەزیندانی رایەت (بەندیخانەی شۆڕش) بوە و پاش ئاشبەتاڵی هاتۆتەدەر و باسی زیندانی بۆ هەڤاڵەكەی دەگێڕاوە، من دەستم لەكارەكەی خۆم هەڵگرت و دەستم كرد بەنووسینەوەی قسەكانی كابرا، بێ ئەوەی وا بكەم هەست دەكا، من گوێم بۆ ئەو راگرتووە و قسەكانی دەنووسمەوە.

دەقی قسەكانی كابرا ١٩٧٥/٥/٣: (عەبدولڕەحمان لەبەر لێدان مرد، قەڵەو بوو زۆریان لێدەدا، بستە جێیەكیان دابویە لێ راكشێ، پاش لێدان بەردیان پێ دەكێشا، هەموو لەشیان بریندار كردبوو، سەید رەسوولی مرۆتە سووریان چوار مانگ زنجیر كرت، رۆژێك لەسەر ئەوە لێیان دا كەلەگەڵ برایم عەولا تۆقەی كردبوو، ئەگەر یەكێك هاواری كردبا و گوتبای سەرمایە، یا داوای ئاوی كردبا،

دەبوایە دەستی لەکونی دەرگای زیندان بەرێتە دەر، هەتا هاواری دەکرد لێیان دەدا، ئەوەندەی من لەوێ بووم هەفتا و شەش کەس لەبەندیخانەدا مردن، هەموو رۆژ سەعید مەسیفی دەهات لەسەر نوێژ نەکردن جنێوی بەگیراوەکان دەدا، زیندانیەکان دەیانگوت (ئێمە میزی دەخۆ دەکەین چۆن نوێژمان بۆ دەکرێ) زیندانی وا هەبوو پێشتر لەقزلقەڵای تاران حەبس ببوو، دەیگوت قزلقەڵا لەزیندانی رایەت باشترە، لەوێ ئەوەندە خەڵك ئازار نادەن).

کاتێك گوێم هەڵخستبوو ئەو قسانەم دەنووسیەوە، دەمگوت ئەوانە دەبێ بۆ ئێمە دەرس بن، بەڵام ئێستا کەئەو بیرەوەریانە دەنووسمەوە جاروبار چاوم بەبۆلیتنی و رۆژنامەکانی هێزەکانی کوردستانی ئێران دەکەوێ کەدەنووسن: (فلان کەس بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ رژێم (ئیعدامی ئینقلابی) کرا). بیر لەوە دەکەمەوە نەکا پێشمەرگەی کوردستانی ئێرانیش دەستیان بەخوێنی خەڵکی بێتاوان سوور کردبێ.

رۆژی ۹۷۵/٥/۳۱ گەڕاینەوە بۆ کۆیە، دوو رۆژ لەوێ بووین، چەکەکانمان داوە بەکابرا و رەسیدمان لێ وەرگرت و چوینە هەولێر، رۆژی ۷٥/٦/۳ بەرەو حاجی ئۆمەران کەوتینەڕێ، شەو لەچۆمان بووین، چاومان بەبرادەران کەوت پارەیەکمان لەلای برادەرێك بوو وەرمان گرت، ئەو پارەیە یەکێك لەنیشتمانپەروەرانی دەوروبەری دەزگای شۆڕش لەکاتی هەڵات دا دابووی بەبرادەرێکی ئێمە و گوتبووی: شتەکە زۆرە کەس نازانێ چی لێدێ، با ئەوەندەش بۆ حیزبی دیموکراتی ئێران بێ سوپاسی دەکەم.

سەفەری چۆمان ئەو خێرەشی هەبوو کەپاش ۱۸ ساڵ بۆ هەوەڵین جار هەڤاڵی خوشکەکانم زانی، ژنێك لەئێران گەڕابۆوە لەوێ لەلای خوشکەکانم ببوو، ئێستاش سوپاسی دەکەم خەبەری سلامەتی و ژیانی ئەوانی پێ بوو.

لەچۆمان گەڕامەوە، لەکەرکوك مەلا رەسوڵ چۆوە کۆیە و منیش ماشێنەکەم سواری لۆریەك کرد و چوومەوە بەغدا.

کاتێك لەقەڵادزە بووم، ئەحمەد نەستانی برادەرمان رادیۆیەکی ترانزیستۆری زۆر جوانی دامێ، کاکە شێخەش بەتۆیەکی شازی ئیسفەهانی دامێ و گوتی ئەوە لەمێژە رام ئەسپاردووە لەئێرانەوە بۆت بێنن و هەر بۆ تۆم هەڵگرتوە، منیش خۆ عادەتم نییە دەستی کەرەمی برادەران بگێڕمەوە، چونکە لەخۆم رادەبینم کەتۆڵەی پیاوەتی بەپیاوەتی بکەمەوە.

پاش چەند رۆژێك مەلا رەسوڵ نامەیەکی بۆ ناردبووم و نووسیبووی: (لەو سەفەرەی کەلەگەڵ تۆ کردم زۆر رازیم و سەفەر لەگەڵ تۆ زۆر خۆشە و ئەو چەند رۆژە پێکەوە بووین لەو رۆژانەن کەلەبیرم ناچنەوە، بەڵام پێم ناخۆش بوو ئەو دیاریانەت وەرگرت، چونکە دەترسم بۆت بکەنە قسەیەك و نازانی زمانی خەڵك چۆن دەگەڕێ).

بۆم نووسیەوە زۆر سوپاس، منیش سەفەری لەگەڵ تۆم پێ خۆشبوو، لەبارەی دیاری خۆتی پێوە ماندوو مەکە، مەبەستم نییە خەڵك دەڵێ چی، ئەگەر راست دەکەی هەر ئێستا تۆش دیاریەکم بۆ بنێرە بزانە چۆن وەری دەگرم، هەرچەندە خوا هەڵناگرێ کاتێکی ماشێنم کڕیبوو مەلا رەسوڵ و کەریم حەداد هەریەکەی قالیچەیەکی جوانی ئێرانیان دابوومێ بۆ نێو ماشێنەکە و ئێستاش هەر وا جوانن و هەر ماویشن.

سەفەر بۆ ئەورووپا

لەو ماوەیەدا کەمن چووبوومە کوردستان، نامەیەکی دکتۆر قاسملۆ هاتبوو، جارێکی تر داوای کردبوو کەمن سەفەر بکەم و ئەگەر بکرێ مەلا عەولاش لەگەڵ خۆم بەرم، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق موافەقەتی کرد، رۆژی ١٩٧٥/٦/٢٧ لەگەڵ مەلا عەولا بەرەو لوبنان باڵمان گرت و وەحەوا کەوتین، کاتێ گەیشتینە

بێروت و مەلا عەولاّ گوێی لەعەرەبی لوبنانی بوو گوتی: (٢١ ساڵ عەرەبیم خوێندە، کەهاتمە عێراق نەمدەتوانی قسەی پێ بکەم و زانیم عەرەبی نازانم، ئەو چەند ساڵە لەبەغدا فێر بووم، ئێستا کەهاتوومە ئێرە، دەزانم کەعەرەبی نازانم).

چەند رۆژێك لەبێروت بووین، لەبەر شەڕ و تەقە چوونە دەر و گەڕان نەدەکرا، رۆژی ١٩٧٥/٧/٣ سواری فڕۆکە بووین بۆ سۆفیا، لەفڕۆکەخانەی ئاتین چەند سەعاتێك گیر بووین، پاشان سواربووین و لەسۆفیا دابەزین.

دەبوایە بچینە پراگ لای دکتۆر قاسملۆ، بەڵام تەلەفۆنی کرد کەتا ١٥ مانگ دەستی بەتاڵ نییە، ناچار ١٢ رۆژ لەسۆفیا لەماڵی ئێمە ماینەوە.

لەسۆفیا کۆنستانتینۆڤ بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران لەحیزبی کۆمۆنیستی بولغاریا لەدوای ناردم و گوتی: (حیزبی تودەی ئێران نامەی نووسیوە و دەڵێ: کەریمی حسامی ئێستا لەرێکخراوێکی ناسیۆنالیستی دژ بەحیزبی تودە کار دەکا، چونکە بۆ کاری رادیۆی ئێمە هاتۆتە بولغاریا، ناتوانێ لەسەر حیسابی حیزبی ئێمە لەسۆفیا بژی).

گوتم باشە... با حیزبی تودە بنووسێ، ئێوە ئێژن چی؟

گوتی: (ئێمە حیزبی دیموکرات بەرەسمی ناناسین، تۆ دەبێ فیکرێك بۆ خۆت بکەی و وەزعی منداڵەکانت روون کەیەوە).

گوتم: وەزعی منداڵەکانم روونە، ئەوان دەخوێنن، ئەگەر بەرەسمی منداڵەکانی من دەربکەن، ئەو دەم جێگای دی هەیە، ئێستا جارێ دەمەوێ لەگەڵ منداڵەکانم بچمە پراگ، ڤیزای چوون و گەڕانەوەم بدەنێ، ئەگەر هاتمەوە قسەی لێ دەکەین.

کابرا پاسپۆرتەکانی لێ وەرگرتم و پاش دوو رۆژ پاسپۆرتەکانی نارد‌ەوە، ڤیزای چوون و هاتنەوەیان لێدابوو.

رۆژی ١٩٧٥/٧/١٥ لەگەڵ مەلا عەولآ چووینە پراگ و میوانی دکتۆر قاسملۆ بووین، پاش دوو رۆژ کەمال و دایکیشی هاتن و حەوتوێك لەپراگ بووین.

شاری پراگ بێجگە لەجوانی و شوێنەواری کولتوری و مێژوویی، کانگای شووشەی کریستاڵ و متو موری جوانە، ئەوەی پتر سەرنجی مەلا عەولآی راکێشابوو موورو و خشڵی ژنانە بوو، لەبەر دەرگای هەموو دوکانێکی موورو فرۆشی رادەوەستا، من و دکتۆر دەڕۆیشتین، مەلا عەولآ بەدرەنگەوە دەهات، دکتۆر دەیگوت: لێگەڕێ با تەماشا کات، بۆ ئەو جوانی و کولتوری پراگ لەو موورواندا ساخ بۆتەوە مەلا ژنی وەبیر دێنێتەوە) کاتێك رۆژانە لەشاری پراگ دەگەڕاین زۆرجار تووشی هاوکارانی کۆنی دکتۆر قاسملۆ دەبووین، چاك و خۆشیان دەکرد، دکتۆر دەیگوت: ئەوانە لەحیزب دەرکراون، جارێك مەلا عەولآ گوتی: ئەرێ دکتۆر ناکرێ لەو شارە گەورە تووشی برادەرێکی تۆ بین و لەحیزب دەرنەکرابێ؟

رۆژی ١٩٧٥/٧/٢٣ ئەز و مەلا عەولآ و دایکی کەمال و کەمال بەقەتار لەپراگەوە بەرەو بەرلین کەوتینەڕێ، دەمانویست بچینە بەرلینی رۆژئاوا، بەڵام نەشارەزا بووین و نەزمانمان دەزانی، کوتوپڕ تووشی دکتۆر کەمال فوئاد بووین، پاش چاك و چۆنی گورج تەلەفۆنی کرد، هوتێلی بۆ گرتین و لەگەڵمان هات و زۆری یاریدە داین، ئەو شیعرەی شێخ رەزام وەبیر هاتەوە کەدەڵێ:

ئەگەر خالیق ببێ مەیلی کەعەبدێکی بکا خوشنود

لەرێگای دوورەوە بۆی دێ، بەپێی خۆی شاهێدی مەقسود

بەراستی دکتۆر کەمال بۆ ئێمە ئاوا بوو، پاش رۆژێك دکتۆر قاسملۆ، ئەمیری قازی و حەسەنی شەتەوی هاتن، یەك دوو رۆژ لەسەر وەزعی خۆمان قسەمان کرد و هێندێ بڕیارمان وەرگرت بەم جۆرە:

لەگەڵ پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ سەبارەت بەگواستنەوەی مەرکەزیەتی حیزب لەعێراق بۆ دەرەوە موخالفەت کرا، بڕیاردرا پێوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس

بپارێزین، لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دا بەشدار بین، بەڵام برادەرانی ئێمە دژی بەعس قسە نەکەن، رۆژنامەی کوردستان لەدەرەوە چاپ بکرێ، برادەرانی سوید چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

ئێمە پێشتر وتارەکانی رۆژنامەی کوردستانمان بۆ سوید ناردبوو کەئەمیری قازی و سەلیمی بابانزادە چاپیان بکەن، لەم ژمارەیەدا دوو وتاری ئەساسی هەبون، یەکیان دکتۆر قاسملۆ لەسەر وەزعی کوردستانی عێراق و ئاشبەتاڵ نووسیبووی، یەکیشیان من لەوەڵامی بەیاننامەی حیزبی تودەدا نووسیبووم.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەژمارەی ١٣٦ی رۆژنامەی مەردم دا، بەیاننامەیەکی بۆ کوردەکانی ئێران بڵاوکردبۆوە و پاش ئەوەی خۆی بە (دایکی شۆڕشگێڕانی کورد) دانابوو، هێرشیان بردبوە سەر رێبەرانی جوڵانەوەی کوردستانی عێراق و (دەستە راستییەکانی نێو جوڵانەوەی کوردستانی ئێران)یان بەلادەر و کۆسپی رێگای (یەکێتی رێکخراوەیی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران) تاوانبار کردبوو، نووسیبوویان: (ئێمە لەهەموو تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی کورد داوا دەکەین وەك تێکۆشەری شۆڕشگێڕەکانی ئازربایجان و گەلانی تری ئێران پاڵ وەحیزبی تودە بدەن و سوننەتی شۆڕشگێڕانەی یەکێتی رێکخراوی و سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزبی دایك، حیزبی تودەی ئێران حیزبی سەرانسەری چینی کرێکاری ئێران دووبارە زیندوو بکەنەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویستی کورد! تێبکۆشن بەسەر ئەم کەند و کۆسپانەدا کەلەپێش جوڵانەوەی کوردی ئێرانەدا هەن و بێگومان بەسازانی خاینانەی رابەرایەتی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەگەڵ رژێمی شا زیاتریش بوون، زاڵ بن. سەرەڕای ئەم هەموو کەند و کۆسپە رێکخراوە جۆر بەجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بناخەی بەرنامەی سیاسی و ئامۆژگاری حیزبی تودەی ئێران دابمەزرێننەوە و دەگەڵ ناوەندی حیزبی تودەی ئێران پێوەندی بەرقەرار بکەن...

دکتۆر قاسملۆ وتارەکانی ناردبوو بۆ سوید کەلەوێ چاپی بکەن.

لەبەرلین بڕیارمان دا مەلا عەولاّ چەند رۆژ بۆ وەرگێڕان و نووسینی چەند وتاری تر لەلای دکتۆر قاسملۆ بمێنێتەوە. من رۆژی ١٩٧٥/٧/٢٩ لەگەلّ دایکی کەمال و کەمالی کوڕم گەڕاینەوە بۆ سۆفیا، کەهاتمەوە نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی هاتبوو ٧/٢٧ نووسیبووی، نامەی کاك حەمەدەمین هەمیشە دوور و درێژ و خۆش و بەتام بوون، لەپەنا مەسەلە سیاسیەکاندا، شتی تایبەتی و دوعا و سلاّوی بۆ هەموو عالەمی خودا و قسەی خۆشی بۆ دەنووسین کەبلاّو کردنەوەی دەقەکەیان تەنیا پەڕی کتێبی پێ زیاد دەبن، بەلاّم هێندێ بڕگەی نووسراوەکەشی، بابەتەکە بەتام و چێژ دەکات.

کاك حەمەدەمین نووسیبووی (هیوام وایە سەفەری پراگ گەرمای ئێرە و خەم و خەفەتی مانەوە و مانەوەی منداڵەکانی لەسۆفیا لەبیر بردبیەوە... خەبەری بەیانەکەی جەلال تاڵەبانی و راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بیستوە... هیوام وایە سەفەرەکەتان لەهەموو بارێکەوە سەرکەوتوو بێ و مامۆستاش (مەبەست مەلا عەولاّیە) دوور لەچاوی ئەغیار بەدنیایەك (بارید) بگات...

کاك حەمەدەمین لەو نامەیەدا مزگێنی بلاّوبوونەوەی (تحفەی مظفریەی) مامۆستا هێمنی بۆ نووسیبووم کەکۆپی زانیاری کورد چاپی کردبوو، مامۆستا هێمن بەو تەمەنە و بەو گەرمای بەغدا و سەخڵەتی ژیان ملی دەبەر ساخکردنەوەی ئۆسکارمانی نابوو، کەئەم کارەی بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر جێگای تەقدیر و بەتایبەت بۆ ئێمە جێگای شانازی بوو.

رۆژی ١٩٧٥/٨/٦ نامەیەکم بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان نووسی و داوام کرد کەرێگا بدەن منداڵەکانم تا خوێندن تەواو دەکەن لەسۆفیا بمێننەوە، من هەر لەسۆفیا بووم نامەیەکی دیکەی کاك حەمەدەمین هات

٧٥/٨/٢١ نووسیبووی، داوای کردبوو بەزووترین کات بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، نووسیبووی: مالّ و منداڵی وەستا برایم گیراون و داوام لەبەعس کردووە بەریان بدەن، جوابیان نەداوەتەوە، داوام کردوە کەڕێگا بدەن سدیق حەسەنی شیوە سەڵی و جەلال و رەسمان لەمەدرەسەی ئێواران بخوێنن قبوڵیان نەکردوە، لەباری بەشداری ئێمە لەکۆمەڵەی خوێندکاراندا تێبینی و لێکدانەوەی زۆری دەوێ و ناکرێ لام سەرلایی بڕیاری لەسەر بدرێ.

خۆزیا تۆ لەگەڵ دکتۆر بەوردی لەو قسە و قسەڵۆکانەتان کۆڵیباوە کەلەزمان دکتۆرەوە کەوتوونەتە سەر زار و زمانان و من خۆم بڕوایان پێ ناکەم...

لەو ماوەیەدا کەلەسۆفیا بووم، چەند وتاری دیکەم بۆ دکتۆر نارد کەلەڕۆژنامەدا چاپ بکرێن، کاتێک مەسەلەی چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستان لەسوید باسی دەکرا، من گوتم: ئەو پێشنیارە بەمانای ڕاگرتنی ڕۆژنامەکەیە، چونکە ئەو برادەرانەی لەسوید دەژین نە مرۆی ئەو کارەن و نە دیسپلینی حیزبی لەبەرچاو دەگرن، دکتۆریش هەر مەبەستی ئەوە بوو کەڕۆژنامەی کوردستان بێتە دەرەوە و لەژێر دەستی خۆی دا بێت.

من هەر بۆ ئەوە کەئەو هەنگاوەش تاقی کەینەوە لەسەری نەڕۆیشتم.

دکتۆر قاسملۆ ڕۆژی ٢ی سپتامبری ١٩٧٥ نامەیەکی بۆ سۆفیا بۆ ناردبووم و داوای کردبوو بچمە پراگ، لەنامەکەدا نووسیبووی:

(دوێنێ لەگەڵ حەسەنی خۆمان (مەبەستی دکتۆر حەسەنی شەتەوی خوشکەزای بوو) قسەم کرد پرسیم ڕۆژنامەکە بۆچی دیار نییە، دەیگوت ئەمیر نەزەری هەیە لەسەر ڕۆژنامەکە، بەراستی ئاگرم گرت. ئەگەر میوانم لەلا نەبوایە، نازانم چم بەحەسەنی دەگوت، بەڵام دیسانەکە پێم گوت بەئەمیر بڵێ تەلەفۆنم بۆ بکا، شەو قەرار بوو تەلەفۆن بکا نەیکرد، منیش ئێستا نامەیەکی ئێکسپرێسی بۆ دەنێرم، بەحەسەنیشم گوت بیلا فاسلە دەبێ ڕۆژنامەکە چاپ بێ، با هەزار غەڵەتیشی تێدا

بێ، (دیارە بەنەزەری ئەمیر) (ئێستاش ئەوە نامە بۆ ئەمیر دەنووسم کەهەر سێ ژمارە هەروا کەقەرار دراوە، دەست بەجێ چاپ بکا، بۆ ژمارەکانی تریش نەزەرم ئەوەیە کەلەسوید چاپ نەکرێ، کەهاتیە ئێرە باسی لەسەر دەکەین و رۆژنامەکە دەبەینە بەیروت، لەسەر موجاهیدین پێویستە تەماسیان دەگەڵ بگرین، بەڵام نابێ دوو شتمان لەبیر بچێتەوە، یەکەم دەبێ زۆر ئیحتیاط بکەین و بەراستی بزانین ئەوانە نوێنەری موجاهیدینن یان نا! دووەم دەبێ خۆمان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە باش ئامادە بکەین، جا کە هاتیە ئێرە باسی دەکەین).

دیسان سەفەری پراگ

رۆژی ١٩٧٥/٩/٦ لەسۆفیاوە چوومە پراگ، تەلەفۆنمان بۆ کاك ئەمیری قازی کرد کەوتارەکانی رۆژنامە بنێرێتەوە بەرلین، دەبوایە من بچمە بەرلین و لەوێ چاپیان بکەم، رۆژی ٩ی سپتامبر چوومە بەرلین تەلەفۆنم بۆ سەلیمی بابانزادە کرد کەوتارەکان بنێرینەوە بەرلین، سەلیم کەدکتۆر قاسملۆ کردبوویە ئەندامی حیزب گوتی: (ئێمە موخالیفی ئەم وتارەین کەلەسەر وەزعی کوردستانی عێراق و ئاشبەتاڵ نووسراوە) گوتم وتارەکان لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە پەسند کراون، موخالیفەتی ئێوە ئێتر مانای نییە، وتارەکان بنێرنەوە و هەر موخالیف بن، رۆژی ١١ی سپتامبر وتارەکان پاش چەند مانگ بەدەست لێ نەدراوی هاتنەوە بەرلین، وتارەکانیان ماشێنیش نەکردبوو، لەبەرلین پیتی کوردی لەچاپخانەکان نەبوو، کابرایەکی تودەیی هەبوو دوکانی کتێبفرۆشی هەبوو، چووم هێندێ کتێبم لێ کڕی، پاشان پێم گوت: من لەئێرانەوە هاتووم، ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم دەمەوێ رۆژنامەیەکی کوردی چاپ بکەم ئەگەر بۆ چاپکردنی یا دۆزینەوەی چاپخانەیەك یارمەتیم بدەی فرە مەمنون دەبم.

کابرا ناوی پرسیم.

– ناوم محێدینە، تازە هاتوومەدەر و شارەزا.نیم.

کابرا گوتی: سۆزی وەرە وەڵامت دەدەمەوە.

بەیانی کەچوومەوە گوتی: (لەگەڵ هاوڕێیانی رێبەری قسەم کردووە، دەڵێن ئێمە چاپخانەمان هەیە، بەڵام لەپێشدا با چاومان پێی بکەوێ، لەسەر یەکێتی حیزبەکان و خەبات قسە بکەین و بگەینە یەک).

کەوای گوت زانیم کابرا ئەندامی حیزبی تودەیە، گوتم من سەڵاحیەتی پێوەندی و باسی سیاسیم نییە، من تەنیا دەمەوێ رۆژنامەیەکی دژی رژێمی ئێران چاپ بکەم، پارەش دەدەم و نالێم بەخۆڕایی بۆم چاپ بکەن.

کابرا گوتی دەپرسم.

چووبوو بەکەیانوری گوتبوو. کەیانووری تەلەفۆنی بۆ کاك حەسەنی قزڵجی کردبوو لێی پرسیبوو: (کەسێکی کوردی ئێرانی ئەندامی ح.د.ک.ا بەناوی محێددین دەناسێ، تازە هاتۆتە بەرلین و دەیەوێ پێوەندیمان لەگەڵ بگرێ).

کاك حەسەن گوتبووی ناینناسم.

رۆژی دوایی کەچوومەوە کن کابرا گوتی:

– تۆ ناتەوێ لەگەڵ رێبەرانی حیزبی تودە دانیشی و لەسەر وەزعی خەبات و یەکێتی قسە بکەی؟

– گوتم: (نەخێر نامەوێ، ئێوە ناتانەوێ بەپارەش رۆژنامەیەکی دژی رژێمی ئێران چاپ بکەن، دەتانەوێ باسی خەبات و یەکێتی بکەن، ئەوەی ناو لێ دەنێن خەبات!).

رۆژی ۷۵/۹/۱۳ بێ ئەوەی بتوانم رۆژنامەکان چاپ بکەم گەڕامەوە بۆ پراگ، لەپراگ بڕیارماندا بچمە بێروت، هەم رۆژنامەکان چاپ بکەم، هەم بەڵکو بنکەیەك ساز بکەم کەدوو کەس لەبرادەران بنێرین لەبێروت کاری چاپەمەنی بکەن.

دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بۆ کۆمیتەی ناوەندی بەناوی (برایانی بەڕێز) نووسی.

ئەوە یەکێك لەو دوو نامەیەیە کەدکتۆر قاسملۆ لەو ماوەیەدا کەلەدەرەوە بووە بەناوی کۆمیتەی ناوەندی نووسیوە، ئەوەش دەقی نامەکەیە بێ دەست لێدان بڵاوی دەکەمەوە:

برایانی بەڕێز! رۆژتان باش!

١٩٧٥/٩/١٣

سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش دەکەم ئارەزووم خۆشی و ساخی و سەرکەوتنی هەمووتانە، برایان بەموناسبەتی ٣٠ هەمین ساڵی دامەزراندنی حیزب نامەیەکی کورتم بۆ ناردبوون، هەرچەندە تا ئێستا هیچم لەلای ئێوە را پێ نەگەیشتووە، بەڵام هیوادارم نامەکەتان پێ گەیشتبێ، زۆر ئاواتم ئەوەیە کەدووری لەیەکتر لەوە زیاتر درێژەی نەبێ و هەرچی زووتر چاومان بەیەکتری بکەوێ، دیارە کاك کەریم هەموو شتەکتان بۆ باس دەکا، پێم وایە هەتا ئێستاش مامۆستا زۆر شتی بۆ باس کردوون، بەڵام دیسانەکە پێم خۆش بوو باسی دوو مەسەلەتان بۆ بکەم.

یەکەم مەسەلەی رۆژنامەیە، بەداخەوە رۆژنامەکە نەك هەر لەوەختی خۆیدا دەرنەچوو، بەڵکو دەرکەوت کەبەراستی زۆربەی برادەرانی سامرەند[٧] و بەتایبەتی ئەوانەی لەسوێدن هەر لەبناخەوە دیسیپلینی حیزبییان پێ قبوڵ نییە، چونکە من بۆ خۆم لەوانە بووم کەپاش ئەو هەموو تاقی کردنەوە هیوام بەوە بوو کەرۆژنامەکە لەسوید دەربچێ، بێ جێ نازانم بڵێم کەبەراستی بەهەڵە چووم و بەداخەوە برادەرانی ئێمە هەر بەتەواوی لەئوسوڵی ئیبتیدایی حیزبی دوورن، هیوام ئەوەیە کەبەو جۆرەی کەئێستا دامان ناوە رۆژنامەکەمان هەرچی زووتر دەربچێ و زیاتر لەوە زیان بەپرستیژی حیزبەکەمان نەگا، دڵنیام کەهەمووتان بڕیاری ئێمە بۆ ئەوە کەمەسەلەی دەرکردنی رۆژنامەمان لەسوید کان لم یکن فرض کرد،

---

(٧) مەبەست رێکخراوی ئەوروپایە.

قبولّ بکەن. چونکە بەداخەوە لەماوەی چوار مانگان دا پاش خەرجێکی زۆر و نووسین و ئامادەکردنی هەموو مەقالەکان برادەرانی سوید کەمەسئولیان سیامەك بوو نەیانتوانی و نەیان ویست یەك ژمارە رۆژنامە دەربکەن، بۆشم دەرکەوت کەبەراستی هەر مەردی ئەو مەیدانەش نین، بێجگە لەوە کەبیروباوەڕیان زۆر لەبیروباوەڕی سەرۆکایەتی حیزب دووڕە، پاش ئەوە کەلەسەفەر گەڕامەوە، رۆژی دووی مانگی سێپتامبر کاك سیامەك خەبەری دامێ، (پاش ئەوە کەچەند رۆژ بەتەلەفۆن بەدوای دا گەڕام) کەلەسەر مەقالەی ئەساسی کوردستانی عێراق نەزەری هەیە ! شتەك کەباسی کرابوو قەراریش لەسەر درابوو مانگ و نیوێك راگیراوە و لەپاشان نەزەری لەسەر هەیە کەئەویش بریتی بوو لەوە کەلەباتی شا بنووسێ شای جینایەتکار و نەنووسین کەحکومەتی عێراق عفوی عمومی داوە ! بەکورتی ناوی ئەو کارەی کەلەلایەن سیامەك و ئەوانی تر کراوە ئەگەر سابوتاژ و خەڕاپکاری دا نەنێم دەبێ بێ دیسیپلینی و بێ مەسوولی دابنێم کەبەنەزەری من سزای حیزبی هەیە.

مەسەلەی دووهەم کەدەمەویست باسی بکەم وەزعی خۆمانە، من لەو بڕوایە دام کەوەزعی ئێران بۆ ئێمە بەرەو باشی دەڕوا و هێزەکانی دیموکراتی ئێران رۆژ بەرۆژ بەرهەڵستیان دژی رژێم زیاتر دەبێ ئێمەش دەبێ خۆمان بەجیدی بۆ خەباتێکی توند و تیژتر ئامادە بکەین، لەبەر ئەوە رۆژی ئەوڕۆ پاراستنی یەکێتی ریزەکانی حیزب و پاراستنی ڕێبازی راستی حیزب کەکۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە مەسەلەی هەرە ئەساسیە، تکام لەهەموو برادەران ئەوەیە کەزیاتر لەهەموو وەقتێك لەفیکری کوردستانی ئێراندا بن و واز لەشتی وردە و بەتایبەتی شەخسی بێنن، گەلی کورد لەکوردستانی ئێران (نەك هەر لەکوردستانی ئێران) هیوای بەحیزبی ئێمە زۆرە، وا بکەن نائومێدی نەکەین و وەك حیزبی پێشرەوی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بجوڵێنەوە، ئێستا شۆڕشگێڕانی گەلانی تری ئێران و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕەکانیش بەرە بەرە تێ دەگەن کەکوردستانی ئێران و حیزبە

پێشڕەوەکەی دەتوانن لەشۆڕشی سەرانسەری ئێران دا نەقشێکی گرنگیان هەبێ، با ئەوانیش نائومێد نەکەین، ئەو چەند مانگە پڕ لەتەنگ و چەڵەمەیەش (دیارە زیاتر لەباری فیکریەوە) تێ دەپەڕێ و دڵنیام کەحیزبی ئێمە سەربەرز لەو تاقی کردنەوەیە دێتە دەر، بەڵام بۆ ئەوە دڵسۆزی و تێکۆشانی هەموومان پێویستە و پتەوتر کردنی ریزەکانی حیزب پێویستیەکی مێژوویە.

جارێکی تر سڵاو لەهەموو برادەران دەکەم و ئاواتم سەرکەوتنی یەک یەکی ئێوە و حیزبە خۆشەویستەکەمانە.

براتان پەحمان

کەهاتمەوە سۆفیا بەعادەتی هەمیشەمان کاك حەسەنی قزڵجی هاتە لام، باسی قسانمان کرد و گوتی: (دیارە لەئێران بەناوی حیزبی دیموکرات جموجۆڵێك هەیە و هاتوونە ئەوروپاش بەتەمان رۆژنامە دەربکەن).

گوتم: نەمانزانیوە، پێم وانییە شتێکی وا هەبێ، چونکە برێکم ئاگا لەوەزعی ئێران هەیە.

گوتی: نا... نا یەکێك هاتوە لەناوی محێدین، ویستوویە لەگەڵ حیزبی تودە تەماس بگرێ، لەمنیشیان پرسی، گوتم نایناسم.

لەقاقای پێکەنینم دا گوتم: رێبەرانی حیزبی تودە هەر بەو قسانە دەژین، کوڕە ئەوە من بووم ناوی خۆم نابوو محێدین و بەپارەش رۆژنامەیان بۆ چاپ نەکردم، کەیانووری دەیویست بمبینێ و یەکێتی ساز بکا، منیش خۆم نیشان نەدا.

قسە خۆشەکانی کاك حەسەن: (وەك رووی بابیان ..... بێ، خۆ ئەو کابرایەی ئێرە (مەبەستی جەوانشیر بوو) دوو سێ رۆژە مێشکی سەری منی بردوە، دەڵێ برادەرانی حیزبی دیموکرات لەئێرانەوە هاتوون پێوەندی لەگەڵ ئێمە بگرن).

لەسۆفیا بووم نامەی هاوڕێی خۆشەویستم جەلال (مەلا عوسمانی میراودەری)م بۆ هات بەیادی جوامێری و تێکۆشەری و هاوڕێی و حەسانەتی ئەو کوڕە پاک و بەنرخی دەقی نامە خۆشەکەی لێرەدا بڵاو دەکەمەوە.

بۆ تاتی بەڕێز و خۆشەویست

تا نامە دەبا سڵاوی گەرمت پێشکەش دەکەم، هیوادارم سەرما و هەڵامەتەکەت زوو بەسەرچوو بێ و ئازاری نەدابی، مەعلووم ئەگەر ئێرە سەرمای وێت لەبیر دەچێتەوە، خوا بکەم وا بێیەوە هەندێکت بەش بەگەرمای ئێرەوە بێ و هەندێکیشمان رەمەزان دەگەڵ بگری، تاتی ئەو دوو نامانەی دوایەت تەڕدەست و لەبار گەیشتن، رۆژی ٤ی مانگ چووم نامەکەم لەهەڵگری وەرگرت، یەعنی بەدوو رۆژان گەیشت، نامەکەی لەمەڕ حەمەش لەمێژە گەیشتوە، مەقالەکان هەرگیز ناکەم، پاکنووسیان دەکەم و دەیاندەم، تەنیا حەیفێکیان هەیە، درێژن. شەش لاپەڕی پاکنووسیان دەکەوێتێ، هاوکاری ئێستا کەیفی بەمەقالەی کورت دێ، ئەوی دیکەم بڕێك کورت کردەوە و ئەوە لەژمارە ٢٨٣ی دا چاپکراوە، ئەوی دوومیش ئەوڕۆ بردم کەلەژمارە ٢٨٤دا بڵاوی بکەنەوە، بەڵام بەقسەیان نەکردم، چونکە جێ بەتاڵ نەبوو بۆ ژمارە ٢٨٥ یان هەڵگرت، دیارە تەنیا بەزیانی رۆژنامەکەی تەواو بوو، ئێستا هەموو رۆژێ لەجیاتی ئەبوو ئاوارەی دەچم لەوێ یەك دوو سەعات دەوام دەکەم.

بۆ مەسەلەی چیرۆکەکان هێشتا دەستم پێ نەکردوون، دیارە لەبەر تەنبەڵی و تەنەخیەش نییە، ئەگەر بڕوا ئەکەی دەرفەتم زۆر کەمە، پێت سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم کاری کۆنیشم لەسەر کەوتۆتەوە، پیاو بەو هاوینەی کاری لەبەر راناپەڕێ بەتایبەتی بەین بەین وەك ئێستا بەتەنێ دەمێنمەوە و وردەکاری مااڵێشم بۆ زیاد دەبێ، بەڵام وەك کابرا گوتی: بەسیطە!، ئەوە رەمەزان داهاتوە ئیشاڵڵا خودا تۆفیقێ دەنێرێ هەر زوو تێکی دەپەڕێنم!

عەرزم کردی ئێستاش هەر بەتەنێ لەمالێم ئەگەر خالید و منداڵەکان حیساب نەکەم، هەموویان چوونە سەفەرێ، مام هێمنیشمان دەگەڵ چووە، ئەبو ئاوازە دوو رۆژ پێشتر بۆ لای مـاڵ و منـداڵی رۆیشـت، خانوێکیشـمان لـەلای مەشـتەل بـۆ گرتوە رەنگە بۆ ١٠ی مانگێ ئەگەر خانووەکە تەواو بێ ئەویش ماڵ و منداڵی بێنێ و ئـاوەدانی کاتـەوە، دکتـۆریش وەتـی چـۆتەوە خەبـەری نییـە، نـە نامـە و نـە تەلەفۆن، خوا بکەم بێ مزەڕەت بێ منداڵەکان رۆژیانە.

بۆ خانوەکەی خۆمان کابرای ساحێب خانوو خانووێکی دیکەی هەیە بۆ خۆی تێـی دایە، هـەر لـەو گوزەرەشـە، قـەرار وایـە قسـەی دەگـەڵ ببڕینـەوە هێندێکمان بـۆ پەرداختر کا و بۆ وێ بگوێزینەوە، دیارە وەک خانووی ئێستا نابێ بەڵام ناچاریـە.

تاتی نامە و چاپەمەنیت بۆ دەنێرین وا دیـارە بەریـدیش دەردی منـی گرتـووە و وا درەنگ شت پێ دەگا!

ئێمـە هـەموو لایـەک سـاغ و سـەلیمین، خۆشـی ئێوەمـان دەوێ هـەموو رۆژتـان لێ دەپرسـن، رەحمـانی فـەقێریش وردە وردە گەرمـە بریـنـی لـەبیر دەچـنەوە بـەڵام بەناشکوری نەبێ بەچییان ساڕێژ کاتەوە.

خۆزگـــەم بـــەخۆیان، کـــەمال و شـــلێر وەک خـــەڵکی دەرگـــای مەدرەســـەیان لێ دانەخراوە، سڵاوی گەرم و پیرۆزبایی ساڵی نوێی خوێندنیان لێ دەکەم.

خۆزگە تاتی دەتزانی ئەو ساڵ چەندەم ئیشتیای مەدرەسەی هەستاوە، رەفیقیشم ساز کردوون، بەڵام بەداخەوە دەڵێن تێـی نابـێ، بـا بمێنـێ تـا دێیـەوە، زۆر سـڵاو لەخوشکە خەجیجێ دەکەم و یەک دنیا ئەحوالّی دەپرسم.

ئیتر خۆشیتان: جەلال ١٩٧٥/٩/٦

لەیەکێتی سۆڤیەت هەموو ساڵی کتێبێك بەناوی (ولاتانی دنیا) بڵاو دەکرێتەوە، لەو کتێبەدا ناوی گشت ولاتانی دنیا، ئەژماری خەڵکیان، پێوانەی عەرزیان، وەزعی ئابووری و کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەنووسرێ، منداڵەکانی من کەخوێندنی سەرەتایی و ناوەندیان بەزمانی رووسی بووە، هەموو ساڵێ ئەو کتێبەیان دەکڕی و تەماشایان دەکرد.

کەمالی کوڕم کتێبی ساڵی ١٩٧٤ی کڕیبوو، هێنایەوە ئەو بەشەی لەسەر ئێران و تورکیا و ئەژماری کورد بوو، بۆی خوێندمەوە و پرسی ئەوەیان راست نووسیوە یان نا؟

گوتم راست نییە و راستیەکەی وەك دەمزانی پێم گوت، کەمال گورج نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەری ریداکسیۆنی کتێبەکە نووسی و کابراش وەڵامی دابۆوە، لێرەدا دەقی نامەی کەمال و وەڵامی رێداکسیۆنی کتێبەکە چاپ دەکەم و دەقی رووسیەکەشی لەپاشکۆی کتێبەکەدا بڵاو دەکەمەوە.

بۆ H.A پۆلیاکۆڤ، بەرپرسی رێداکسیۆنی کتێبی سترانی میر

زۆر بەڕێز هاوڕێ پۆلیاکۆڤ

ساڵی ١٩٧٤ لەچاپەمەنی سیاسی ئێوە کتێبێك لەلایەن کۆمەڵێك نووسەر بەناوی (ولاتەکانی جیهان) بڵاو کراوەتەوە، من کەکوردێکی ئێرانیم و لەبولغارستان لەمەدرەسەی رووسی دەخوێنم ئەو کتێبەم کڕی و خوێندمەوە، لەبۆ زانیاری گشتی کتێبێکی فرە بەکەڵکە، بەڵام ناکرێ لەهێندێ کەم و کوڕی ئەو چاو بپۆشرێ.

بۆ نمونە: نیشاندانی ئەژماری چەوت و ناراستی لەبارەی ولاتەکانی ئێران و تورکیا، بەتایبەت لەئاست نەتەوەکانی ئەو ولاتانە، لەبارەی کۆماری تورکیاوە

دەنووسێ: خەڵکی ئەم وڵاتە ٣٦=٧ ملیۆن و نیوە، ساڵی ١٩٧٢. سەدی نەوەدی تورکن، لاپەڕی ١٧٨.

یەکەم: دەکرێ پرسیار بکەین سەتی دەیەکەی تر کێن؟

دووەم: ئامارەکان نیشان دەدەن نێزیکەی ٨ ملیۆن کورد لەتورکیا دەژین، لەوانە. ٦٧٥٦٩٧ لەکوردستانی تورکیا دەژین- کوردستان و کوردەکان- دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، ١٩٧٣ بەزمانی کوردی.

بێجگە لەوانە لەو ساڵانەی دواییدا لەیەکێتی سۆڤیەتی چەند کتێب لەبارەی کوردەکانەوە چاپکراون، بۆ نمونە: کوردستان و مەسەلەی کورد (م.س. لاواریف. مۆسکۆ ١٩٦٤-١٩٧٢).

کتێبی دیکەی زانایانی سۆڤیەت لەبارەی کوردەکانەوە، ئەوەبوو کورتی لەبارەی کوردستانی تورکیا و کوردەکان.

لەبارەی کوردستانی ئێران لەکتێبی (وڵاتەکانی جیهان)دا نووسراوە: (خەڵکی ئێران ٣١ ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەسە، سەرژمێری مارسی ١٩٧٤، لەسەدا پەنجا و یەك فارسن، ئازربایجانی و ئەرمەنی و عەرەب و تورکەمان و ئاشۆری و جولەکە نێزیکەی چوار ملیۆن و نیون، کورد، بەختیاری، بەلوچ، لوڕ، ژیانی کۆچەری بەسەر دەبەن) لاپەڕەی ١٢٤.

ئەم نیشاندانە وەڵامدەری راستی و واقعیەت نییە، چونکە خوێنەر لەئەژماری خەڵکی ئازەری و ئەرمەن و عەرەب و تورکەمان و ئاشۆری و جولەکە ئاگادار ناکات، بێجگە لەوە نووسەرەکانی ئەو کتێبە ئەوەندەیان خۆ ماندوو نەکردوە کەتەنانەت لەبارەی کوردەکانی ئێرانەوە تەماشای نووسراوەی نووسەرەکانی سۆڤیەتیش بکەن، زۆر ئاشکرایە کەکوردەکان لەئێراندا لەژیانی کۆچەریدا نین، کوردەکان لەکوردستانی ئێران لەسەر نیشتمانی خۆیان نیشتەجێن و کۆچەر نین.

ئەژمارەکان دەری دەخەن کەلەسەدا حەفدە دانیشتوانی ئێران کوردن، ژمارەی کوردەکان لەئێران دەگاتە چوار میلیۆن و ٥٢١٢٨ کەس (کوردستان و کوردەکان- دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ لاپەڕەی ٢٧، ١٩٧٣).

کوردەکانی ئێران وەک کوردی هەموو بەشەکانی تری کوردستان سالّەهای سالّە بۆ مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیموکراتی خەبات دەکەن، لەکوردستانی ئێران سالّی ١٩٤٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، لەژێر رێبەرایەتی ئەو حیزبەدا کۆماری دیموکراتی کوردستان بەرێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد دامەزراوە، (مێژووی هەرە نوێ ئێران) م.س. ئیوانۆڤ لاپەڕەی ١١٢–١١٣ مۆسکۆ ١٩٦٥، بۆ ئاگاداریتان من ئەوا بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان بۆ دەنێرم، لەکۆتاییدا دەمەوێ بلّێم: ئەگەر زانایانی سۆڤیەت ٥ ملیۆن کوردی ئێرانیان بەکۆچەر داناوە، لەبارەی ٨ ملیۆن کوردی تورکیا باسێکیان نەکردووە، ئەوە جێگای داخە کەئاگاداری ناڕاست لەبارەی کوردەکانەوە بلّاو دەکەنەوە.

١٨ سیپتامبری ١٩٧٥ کەمال حسامی

ریداکسیۆنی ناوبراو بەم نامەیەی خوارەوە وەلّامی کەمالی داوەتەوە.

بەڕێز کەمال حسامی:

ریداکسیۆن سپاست دەکا بۆ سەرنجەکانت لەکتێبی (ولّاتەکانی جیهان) و بۆ ئەو یارمەتییە راستکردنەوەی ئاگاداری لەبارەی کوردەکان لەم ولّاتانەدا، بەداخەوە لەکتێبەکەدا لەبەر تەنگەبەری بارستایی وتارەکان لەبارەی دانیشتوانی ولّاتان تەنیا ئەژمارەی نەتەوەکانی زۆربە بلّاو دەکرێنەوە، لەکتێبی سالّی ١٩٧٥دا بەگوێرەی نووسراوەی رۆژهەلّات ناسان لەبارەی ژمارەی کوردەکان لەم ولّاتانەی کەتۆ باست کردووە ئاگاداری راستکراوەتەوە، لەچاپەکانی داهاتوودا، پاش پرس و راوێژ لەگەلّ پسپۆرەکان هیوادارین ئاگاداری راست و دەقیق بلّاو بکەینەوە.

لەگەلّ باشترین ئارەزوو بۆتان

ن. پۆلیاکۆڤ ٢ی دیسامبری ١٩٧٥

سەفەر بۆ لوبنان

لەگەڵ ئەمەش کە لەبێروت شەڕ و ئاڵۆزی بوو، ناچار دەبوایە لەبەر چاپکردنی رۆژنامەکان هەر بچم، رۆژی ١٩٧٥/٩/١٩ لەبولغارستانەوە بەرەو بێروت سواری فڕۆکە بووم و ئێوارە درەنگ لەبێروت دابەزیم، لەرۆخی دەریا چوومە هوتێلێک، بەیانی بەر لەهەموو شت چووم مالّی کاک سەلاح بدرالدینم دیتەوە، جانتا و شتومەکم هەلگرت و لەمالّی کاک سەلاح خۆم بەعەرزی دادا.

ئێستا کەباسی کاک سەلاح هاتە گۆڕێ، بێ جێ نابێ چۆنیەتی ناسیاریم لەگەڵ (سەلاح بدرالدین) باس بکەم.

لام وایە سالّی ١٩٦٨ بوو، رۆژێک لەسۆفیا لەمالّەوە دانیشتبووم، تەلەفۆن زەنگی لێدا، کەهەلّمگرت دەنگێکی نەناسیار بەکرمانجی مەرحەبای گوت و پاشان گوتی: من ناوم سەلاح بدرالدینە، کوردی سوریام، لەسوریا دوو سالّ لەحەبسی دا بووم، کەهاتوومە دەر چوومە لوبنان ئێستا لەئالّمانەوە سواری فڕۆکەی بولغاری بووم کەبچمە بێروت، پاسپۆرتەکەم سوریيە بەلاّم تەواو نییە و ساختەیە، پۆلیسی بولغاریا لێی وەرگرتووم و دەلّێن پاسپۆرتەکەت ساختەیە و دەمنێرنەوە بۆ سوریا، ئەگەر کارێکم بۆ نەکەی، بمدەنەوە بەسوریا نەجاتیم نابێ، کاک کەریم من تۆ ناناسم و تەنیا ناوی تۆم بیستووە و تەلەفۆنی تۆم لەبەرلین لەبرادەران وەرگرتووە.

گوتم تەلەفۆنەکە بدە بەپۆلیس، بەپۆلیسم گوت: ئەو برادەرە ترانزێتە و نایەتە سۆفیا و هیچ کاری بەولاّتی ئێوە نەداوە و بۆچی پاسپۆرتی لێ وەردەگرن؟

پۆلیس گوتی: پاسپۆرتەکەی سوریيە بەلاّم ساختەیە و ئێمە دەبێ بینێرینەوە بۆ سوریا.

دیتم بەتەلەفۆن لەگەڵ پۆلیس هیچ ناکرێ، گوتم باشە من ئێستا دێم، بەکاک سەلاحم گوت نیگەران مەبە، ئێستا دێم.

چوومە لیژنەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولغاریا و کابرای بەرپرسی ئێرانم دیتەوە، حاڵ و نەقڵەکەم تێگەیاند و گوتی: ئەو برادەرە دەچێتە لوبنان، لەسوریا قاچاخە، کابرایەکی سیاسییە و بۆ کاری خۆی پاسپۆرتی ساختەی پەیدا کردووە، خۆ پۆلیسی ئێوە نابێ پارێزەری رژێمی سوریا بێ و کابراش. ناچێتەوە سوریا، تا دوو رۆژی دیکەش فڕۆکە بۆ بێروت نییە، تکایە رێگای بدەن بێتە ماڵی من و پاشان کاتی فڕۆکەی بێروت هەبێ دەڕوات.

زۆری مەمنونم گوتی: بچۆ فڕۆکەخانە، بیهێنە ماڵی خۆت، با پاسپۆرتەکەی لەکن پۆلیسی فڕۆکەخانە بێ تا سەفەر دەکات، چوومە فڕۆکەخانە و کاك سەلاحم سوار کرد و هاتینەوە ماڵێ و منیش چەند رۆژ لەگەڵی چوومە فڕۆکەخانە، سوار بوو بۆ بێروت، ناسیاریمان لەگەڵ (سەلاح بدرالدین) لەو خاڵەوە دەستی پێکرد و گەیشتە یەکماڵی، پاشان ساڵی ١٩٧٠ لەکوردستان لەگەڵ کاك حەمەدەمین ببوە ئاشنا و ئەو دەم هەردووکیشیان مریدی مائۆی رەحمەتی بوون و ناسیاری و هاڤاڵەتی کاك سەلاح لەقالبی نەفەرێك و دوان چووە دەر و بوو بەپێوەندی حیزبایەتی و لەسەفەر و هاتوچۆی برادەرانی ئێمەدا زۆری هاوکاری دەکرد.

لەبێروت چاپخانەیەکمان دیتەوە، خاوەنەکەی دۆستی کاك سەلاح بوو، پیتی فارسی هەبوو، رۆژنامە و نووسراوەی رێکخراوە ئێرانیەکانی چاپ دەکرد کرێکارەکانی چاپخانە میسری بوون، فارسی و کوردییان نەدەزانی و بەئیشارە پیتەکانیان دەچنی، جاری وا هەبوو لاپەڕەیەکم چوار جار دەسکاری دەکرد، چاپخانەکە لە (خندق العمیق) بوو، لەماڵی کاك سەلاح دوور و لەبەر شەر و تەقەی رۆژانە تاکسی کەمتر وەگیر دەکەوت، هەموو رۆژێ بەیانی دەچوومە چاپخانە و ئێوارێ دەگەڕامەوە، یەك دوو جاریش گوللە تۆپ لەناوچەکە وەعەرزی دەکەوتن و خۆمان دەژێرخانی چاپخانەکە رادەکرد.

لەبەر درێژەی شەڕ و نەبوونی پۆست و تەلەفۆن، مانگ و نیوێك لەبێروت حاسیە بووم، فڕۆکەخانەی بێروت بەسترابوو، لەو ماوەیەدا هەم لەبرادەرانی عێراق و هەم

لەدکتۆر و هەم لەمالّی خۆمان بێ خەبەر بووم، رۆژنامەکانم چاپکردن و رۆژی ١١ی مانگی ئۆکتۆبەر خەبەریان دا کەفڕۆکەخانەی بێروت کراوەتەوە و فڕۆکەی بولغارستان لەم حەوتوەدا دێتە بێروت، بڕیارم دا بچمە بالّیۆزخانەی بولغار و ڤیزا وەربگرم بۆ سۆفیا، کاك سەلاّح بدرالدین لەپێشدا موخالیف بوو، دەیگوت بالّیۆزخانەی بولغارستان لە (گالیری سمعانە) و کەوتۆتە نێوان دوو هێزی شەڕ و هەمیشە تەقەیە.

گوتم چار نییە، ناتوانم هەر لێرە بمێنمەوە، هەرچۆنێك بێ دەبێ بچم ڤیزا وەربگرم، کەزانی لەسەر چوون سوورم، گوتی با بچین، منیش لەگەلّت دێم.

رۆژی ١٩٧٥/١٠/١٢ وەدەرکەوتین، چووینە سەر شەقام، مزگینی ژن برای کاك سەلاّحیش هات، راوەستاین و چاوەڕوانی تاکسی بووین، تاکسی پەیدا بوو رامانگرت، کاك سەلاّح قسەی دەگەلّ کرد و گوتی بۆ (گالیری سمعان) بالّیۆزخانەی بولغارستان.

شوفێر گوتی: یالاّ سوارین!

دەرگامان کردەوە و کاك سەلاّح گوتی: (با نەچین ئەم ناوچەیە خەتەرە).

گوتم: پتر ناتوانم مەحتەل بم، با بڕۆین.

– بەراستی من نایەم، لەو شوێنە شەڕ تونده.

– باشە... تۆ مەیە، من دەچم... ئەگەر کوژرام، تکایە رۆژنامە و نووسراوەکانم بۆ برادەران بنێرەوە، من سواری تاکسی بووم و کاك سەلاّح و مزگین گەڕانەوە.

گەیشتینە بالّیۆزخانەی بولغارستان کەمێکی مابوو بادەینەوە بۆ بەر دەرگا، شۆفێر لەرێگا لای دا، دارێکی زەلام لەپەنا دیواری بالّیۆزخانە بوو، ماشێنەکەی لەنێوان دار و دیواری بالّیۆزخانەدا راگرت، تۆپێك تۆزێ لەولاتر وەعەرزی کەوت، ئیتر رانەوەستاین بچینە بەر دەرگا و زەنگ لێ بدەین و دەرگامان لێ بکەنەوە،

بەسەر دیواری دا خۆمان هاویشتە نێو حەسار و چووینە ژوور، لەپێشدا وایان زانی لەترسی شەڕ خۆمان هاویشتۆتە حەساریێ، پاشان گوتم بۆ ڤیزای سۆفیا هاتوم، بردیانینە سنەریێ، قاوەیەکیان داینێ و ڤیزایان لەپاسەکەم دا و هەر بەو تاکسییە گەڕامەوە بۆ مالّی کاك سەلاح.

کەچوومە ژوور تۆزێ ئارەقەی کرد و گوتی: فرە نیگەران بووم، دەبوایە هاتبام و بەجێم نەهێشتبای.

گوتم نیگەران مەبە، جارێ با ئەم رووداوە لەدەفتەری رۆژانەم دا بنووسم.

– نابێ بیاننووسی، تازە رۆیشت، نەدەبوایە جێم هێشتبای.

تا ماوەیەك ئەو باسەمان وەك گاڵتە هەر دەهێنا گۆڕێ، ئێستا ئەوە قسەی خۆم دەبەمە سەر و وێڕای سوپاس لەمیوانداری مالّی کاك سەلاح، ئەم هەڵوێستەشی هەر یاد دەکەم.

رۆژی ۷۵/۱۰/۱۳ بەفڕۆکەی لوبنانی چوومە ئاتن و لەوێشەوە بەفڕۆکەی بولغاری گەیشتمە سۆفیا، شەو تەلەفۆنم بۆ دکتۆر قاسملۆ کرد، پاش چاك و چۆنی گوتی: بەدرێژی نامەت بۆ دەنووسم، نامەی ۷۵/۱۰/۱٤ی دکتۆر قاسملۆم پاش دوو رۆژ پێگەیشت نووسیبووی:

برای بەڕێز کاك کەریم! پاش سڵاوێکی گەرم

بەراستی دوێنێ کەگوێم لەدەنگت بوو گەشامەوە، رۆژی شەممە بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ خوشکە خەجیج کرد، کەدیتم ئەویش هیچ ئاگای لەتۆ نییە، هەرچەند بەزاهیر خۆم ئارام نیشان دا و لەسەرەخۆ لەگەڵی دوام، بەڵام بەراستی نیگەرانم زیاتر بوو، دوێنێ تێلگرافم بۆ ئەبو ئەڤین (کاك سەلاح) کرد و کارتم نووسی بۆ بێروت و بەغدا.

ئەوڕۆ نامەکانی دکتۆر سوڵتانم پێگەیشت ئەوە بۆ دەیان نێرمەوە، زۆر شتی جالبی تێدایە)... پاشان لەسەر وەزعی خۆی نووسیبووی: (وەزعم لێرە بەو جۆرەیە کەمانگ بەمانگ وەرەقەمان بۆ تەمدید دەکەن، دەفتەرچەی ئیقامەتمان نادەنێ، ئەوڕۆ دیسان هەتا ١٥ی مانگی یازدە تەمدیدیان کردەوە، من بەرە بەرە هاتوومە سەر ئەوە کەئێرە بەجێبێڵم، بۆ ئاگاداریت جارێکی دیکەش چوومە لای کوبا[٨]، لەگەڵ یەکی دیکەش قسەم کرد، هەر قسە کۆنەکان دوپات دەکەنەوە، قسەکەشی هەر ئەوەیە کەتۆش لەبرادەرە بولغاریەکەت بیستوە، چونکە پاسپۆرتی من ئاخری مانگی ١٢ تەواو دەبێ، دەبێ هەتا ئەو وەختە فیکرێك بۆ خۆم بکەم... مەسەلەکانی دیکەمان باسکردووە نامەوێ تیکراریان بکەمەوە.....).

پاش چەند رۆژ مانەوەم لەسۆفیا، گەڕامەوە بەغدا، برادەران هەموویان هاتبوونە فڕۆکەخانە، لەو ماوەیەدا جەماعەتی عەزیزی عەقراوی یەك دوو جار داوایانکردبوو کەیەکتر ببینن.

هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەزەرەری نییە چاومان بەخاڵ عەزیز بکەوێ و بزانین فیکر و بۆچوونیان چییە و چەدەکەن، رۆژێکیان لەسەر قەراری پێشوو لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی لەرەستورانتێکی شارع سەعدون لەگەڵ خاڵ عەزیز دانیشتین، لەقسەکانی خاڵ عەزیز و ئاخافتنمان بۆمان دەرکەوت کەخاڵ هیچ بڕوای بەحیزبی بەعس و حکومەتی عێراق نییە و دەزگاکەی خۆی بەشتێکی کارتۆنی دەزانێ و لای وابوو لەنێو هێندێ کەس خۆفرۆش دا گەمارۆ دراوە.

قەرارمان دا جارویار یەکتر ببینین، لام وایە لەگەڵ کاك حەمەدەمین گەیشتینە ئەو قەناعەتە کەسەرەڕای تووشبوونی ئەو هەڵە و جیابوونەوە، خاڵ عەزیز کوردێکی نیشتمانپەروەرە.

---

(٨) بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئێرانیەکان بوو لە ك.ن.ح.ك چیکۆسلۆڤاکیا.

با دانیشتنەکەمان باری سیاسی و شیکردنەوەی هێندێ لایەنی سیاسەتی پارتی و شۆڕشی کورد و هەڵوێست و سیاسەتی بەعس بوو بێ، بەڵام قسەی خۆشیشی هەر لەگەڵ بوون.

کاک حەمەدەمین دەیویست بەبادینی یا کرمانجی لەگەڵ خاڵ عەزیز بپەیڤی و چاکیشی نەدەزانی، خاڵ گوتی:

(کاک حەمەدەمین خۆ من سۆرانی دەزانم و خۆشم سۆرانی قسە دەکەم، تۆ بۆ بەزمانی خۆت ناپەیڤی، خۆ من هیچت تێ ناگەم) تۆزێ پێکەنین و دانیشتنەکەمان بەبڕیاری یەکتر دیتنەوە کۆتایی هات.

پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا، سەفەرێکی کوردستانم کرد و سەری برادەرانم دا، رۆژی ۷۵/۱۱/۷ کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس و لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان و رێگای تێکۆشان و پێوەندیمان لەگەڵ حکومەتی عێراق کۆبووە، لەو ماوەیەدا پێوەندیمان لەگەڵ بەعس هەر سارد بوو.

برادەرانمان لەکوردستان بێکار بوون کاریان نەدەدانێ، یارمەتیان راگرتبوو، رێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەیان نەدەدا.

پاش باس و شیکردنەوەی بارودۆخی خۆمان کۆمیتەی ناوەندی ئەو بڕیارانەی دا:

١- نامەیەک بۆ رێبەرایەتی حیزبی بەعس بنووسین و هەموو مەسەلەیەک بەراشکاوی باس بکەین و بڵێین ئەگەر پێوەندیمان هەروا بەساردی بمێنێتەوە، رێگایەکی تر بۆ خۆمان دەدۆزینەوە.

٢- لەگەڵ نووسینی ئەو نامەیەش، هەوڵ دەدەین هەتا بکرێ پێوەندی لەگەڵ بەعس بپارێزین و لەو هەڵە بۆ تێکۆشان لەوڵاتانی خۆمان کەڵک وەرگرین.

٣- پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ ح.ک.ع پتەوتر بکەین.

٤- سەبارەت بەجەماعەتی عەزیز عەقراوی، تەنیا بەدیتنی جاروباری خاڵ عەزیز واز بێنین و هیچ پێوەندیەکی ڕەسمی و حیزبانەیان لەگەڵ دانەمەزرێنین.

٥- ئەگەر حیزبی تودە لەهەڵوێستی خۆی پەشیوان بێتەوە و پێوەندی دۆستیمان لەگەڵ بگرێ، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین، بەڵام خۆمان بۆ ئەو پێوەندییە دەستپێشخەری ناکەین.

٦- لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانیەکان بەتایبەت جریک و موجاهیدین هەوڵی لێک نزیکبوونەوە و دۆستایەتی دەدەین.

٧- لەپێوەندی لەگەڵ کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیدا، پشتگیری لەو بەشەیان دەکەین کەخەباتی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی بەڕێوە دەبەن.

لەکۆبوونەوەدا کاک هاشمی کەریمی پێشنیاری کرد کەڕێبەرایەتی حیزب و کادرەکان بچنەوە کوردستانی ئێران، پاش باسێکی زۆر ئەو پێشنیارە ڕەتکرایەوە.

هەروا پێشنیار کرا ئەگەر بەعس ڕێگا بدا، پەنجا کەس لەئەندامانی حیزب بۆ یارمەتی بەبەرەی ڕزگاریخوازی زەفار بنێرین.

٨- هەوڵ بدەین لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی پێوەندی دۆستانە دابمەزرێنین، لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستیش دا، سەرپشکی بۆ پێوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی بێ، هاشمی کەریمی و حەمەدەمینی سیراجی دژی بەشی دوایی ئەو بڕیارە بوون.

٩- بڕیار درا بۆ کاری ڕۆژنامە و چاپەمەنی کاك حەمەدەمین بچێتە بێروت و لەوێ بنکەیەك ساز بکات.

پاش کۆبوونەوە نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیم پێ ڕاگەیاند و بەدرێژی لەوەزعی خۆمان ئاگادارم کرد.

دکتۆر لە ١٩٧٥/١١/٢٥ نامەیەکی بۆ نووسیبووم لەنامەکەدا دەنووسێ:

١- وەزعی ئیقامەتەکەم هەر وەك خۆیەتی، مانای ئەوەیە بڕیارم داوە ئێرە بەجێ بێڵم، چونکە رێبەرایەتی حیزبی تودە و نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نەزەری خراپیان لەسەر من داوە.

٢- بەداخەوە ئەو کارەی لەپاریس هەبوو، بۆ ئەمساڵ لەکیس چوو، بەم جۆرە ماوەیەك دەبێ ژیانم تەئمین بێ، لەبەرئەوە زۆر پێویستە هەم بۆ من و بەتایبەت بۆ هەڵسوڕانی کاروباری خۆمان هەرچی بتوانن پارە بێتە دەرێ باشە، ئێستا جارێ ٣ هەزار دۆلارم لەلایە، بەڵام لەئەورووپای رۆژئاوا، ئەوە بەشی حەوت مانگ زیاتر ناکات.

٣- لەسەر ناردنی باوکی موژدە[٩] بۆ بێروت، نازانم هۆی ئەساسی چییە کەئەوتان هەڵبژاردووە.

٤- مەسەلەی ناردنی ٥٠ کەس بۆ زفار لەئەساس دا باشە بەڵام نەزەرم ئەوەیە کەموتاڵایەکی زیاتری لەسەر بکەن باشترە، بەقەولی هەواڵی لای ئێوە هەر عاطفی نەبێ.

٥- بەنەزەری من ئێستا مەسەلەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی زۆر موهیمە، زۆر شت هەیە دەبێ لەو کۆبوونەوەیەدا بەیەکجاری حەل بکرێ، جا بۆیە پێم وایە ئەگەر بەعس یارمەتی مادّیش نەکا، دیسان هەر کۆبینەوە، سۆفیام پێ باشە، بەڵام دەبێ جێگا بۆ برادەران بدۆزینەوە، چونکە دە کەس ناتوانن لەمادّی ئێوە بنوون، مەگەر هیچ عیلاج نەبێ، نابێ رێگا بدەین حیزبی تودەش بزانێ، چونکە ئەو دەم مومکینە تووشی کێشەمان بکەن، پێم وایە دەستوری کۆبوونەوەی ك.ن بەم جۆرە دەبێ:

١- راپۆرتی تێکۆشانی کۆمیتەی ناوەندی لەکۆنگرەی سێهەمەوە تا ئێستا، خوێنەری راپۆرت بابی شلێر[١٠].

---

(٩) مەبەست حەمەدەمینی سیراجییە.

٢- ئەرکەکانی ئێستا و دواڕۆژی حیزب، خوێنەری ڕاپۆرت بابی هیوا[١١].

٣- دابەشکردنی کار لەناو کۆمیتەی ناوەندی دا.

پاسپۆرتەکەم تەواو دەبێ، جا ئەگەر پاسپۆرتێکم بۆ نەنێرن، نازانم چی بکەم.

ئەگەر سەفەرتان کرد پەتۆیەکی قاوەیی گەورەم لەلای خالید هەیە بۆم بێنن، یا بەواستەی نەوزاد بۆم بنێرن... سڵاو بۆ هەموو برادەران....).

بەدوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا، نامەیەکمان بۆ قیادەی قوتری حیزبی بەعس نووسی و لەسەر شێوەی پێوەندی نێوان دوو حیزب و ڕاگرتنی ڕۆژنامەی کوردستان و گیروگرفتی ژیان و بێکاری برادەران ڕەخنە و پێشنیاری خۆمان ڕاگەیاند.

سەرەڕای کزی پێوەندی لەگەڵ بەعس و گیروگرفتی ژیانی برادەران، ئێمە خەریکی ئەوە بووین کەپێوەندیمان لەگەڵ وڵات بەهێزتر بکەین، لەناوچەی بانە و سەردەشت و نێو مەنگوڕان هێندێ هاوڕێ و برادەری باوەڕ پێکراو دۆزرابوونەوە، پێوەندیمان لەگەڵ بەرقەرار کردبوون، ناوی هێندێ کەس خەڵکی شامات و شار وێرانم دابوو بەکەریم حەداد کەئەگەر بێنە قەڵادزە خەبەرم بداتێ، بەحوکمی ئەوە کەلەم ناوچەیە لەرابردوودا کاری حیزبیم کردبوو، ئەندامانی حیزبم دەناسی، دەمویست لەهاتووچۆی قاچاخچیان بۆ دامەزراندنی پێوەندی کەڵک وەرگرم.

ساواکی ئێران بۆ هاتوچۆی قاچاخچیان زۆر توندی نەدەگرت، نەک هەر ئەوە بەڵکو ڕێگاشی دەدان هاتووچۆی عێراق بکەن بەدوو شەرت، یەکەم نووسراوە و ڕۆژنامە

---

(١٠) مەبەست کەریمی حسامی.

(١١) دکتۆر قاسملۆ.

و کتێب لەگەڵ خۆ نەبەنەوە ئێران، دووهەم لەسەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات خەبەر و ئاگاداری کۆ بکەنەوە، زۆر لەقاچاخچیەکان ئەوەیان بەئێمە دەگوت.

١٩٧٥/١١/٢٦ کاك کەریم حەداد خەبەری دامێ کەقادری سۆفی هەمزەی خەڵکی دارەلەك هاتۆتە قەڵادزە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، قادری سۆفی هەمزەی یەکێ لەئەندامە تێکۆشەر و نەبەزەکانی حیزب بوو، لەبەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم دا بەدرێژی باسی تێکۆشانی ئەو برا و هاوڕێ خۆشەویستەم کردووە، قادر سەبارەت بەتێکۆشانی حیزبی لەناوچەدا جێگای رێز و ئیحترامی خەڵکی ناوچە بوو.

کەچوومە قەڵادزە پاش ١٨ ساڵ بەدیتنی هاوڕێیەکی هاوسەنگەر شاد بووم و گومانم نەبوو کەئەویش بەدیتنی من لەرادەبەدەر شاد بوو، تا بەیانی پێکەوە دانیشتین، وەزعی وڵات و شێوەی تێکۆشان و دەنگ و باسی نێو خەڵك و رێگی پێوەندیمان باسکرد، بۆ لای چەند کەسی بڕواپێکراوی هەرتکمان راسپاردەم نارد.

لەگەڕانەوەدا بەسەر خەبەرێکی ناخۆشدا کەوتم کەتۆڵەی شادی قادری دەکردەوە، کەچوومە ژوورەکەی خۆم نامەیەکی مەلا عەولاّ لەسەر مێزەکەم دانرابوو، بەخوێندنەوەی چڕژام و لەرادەبەدەر ناڕەحەت بووم.

مەلا عەولاّ لەئەندامەتی دەفتەری سیاسی ئیستعفای نووسیبوو لەسەر مێزەکەی منی دانا بوو، لەئیستعفاکەی دا نووسیبووی: (تەنیا لەکاروباری رۆژنامەدا هاوکاری دەکەم). دیارە ئەوە جاری یەکەم و دووەم و سێیەم نەبوو کەمەلا عەولاّ زیز دەبوو لەبەرپرسی دەکشاوە، لەسەرەتاوە کاتێك ئیستیعفای دەدا لەبەری دەپاڕاینەوە ئەویش پتر پێی دەچەقاند، پاشان دکتۆر قاسملۆ کەوتبوە سەرباری، لەگەڵکو ئیستعفای دەدا، دکتۆر دەیگوت: (قەیناکا، مامۆستا ئەو کارەی پێ ناکرێ با کارێکی دیکە بکات). مەلا عەولاّ بای دەداوە و دەهاتەوە سەرخۆ، بەڵام ئەم جارە هەم دکتۆر لەلامان نەبوو، هەم پێویستیمان بەهاوکاری مەلا عەولاّ

هەبوو، من بەدڵ دەمویست لەمەموو کارێکدا خاوەن پرس و را بێ و کەڵکی لێ وەربگرم.

لەکاك حەمەدەمینی سیراجیم پرسی: (ئەو نووسراوە چییە و مامۆستا بۆ ئیستیعفای داوە؟).

گوتی لەسەر پێنج دینار.

مەسەلە ئەوە بوو کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دابوو کرێ خانوو بۆ مەلا عەولا بدا لەگەڵ مانگانە ٧٠ دینار، مامۆستا لەڕۆژنامەی هاوکاری دامەزرابوو مانگی بە ٦٠ دینار، حیزبیش مانگی ١٠ دیناری دەدایە و ٧٠ دینارەکە پڕ دەبۆوە.

لەڕۆژنامەی هاوکاری مەعاشی مەلا عەولایان کردبۆوە ٦٥ دینار، واتە پێنج دیناریان بۆ زیاد کردبوو، کەهاتبوە لای حەمەدەمین دە دینارەکەی وەربگرێ، گوتبووی لەڕۆژنامە پێنج دینار مەعاشەکەم زیاد بوە، کاك حەمەدەمین گوتبووی: کەوابوو من هەر پێنج دینارت دەدەمێ.

مەلا عەولا گوتبووی، حیزب دە دیناری بۆ من داناوە، تۆ پێنج دینارم لێ مەگێڕەوە، حەمەدەمین بۆی نەسەلماند بوو، مامۆستا ئیستیعفانامەی نووسیبوو، لەسەر مێزەکەی منی دانابوو.

بە کاك حەمەدەمینم گوت: لەسەر پێنج دینار نەدەبوایە دڵی مامۆستا بشکێنی، منداڵی هەن و پاشانیش لەڕۆژنامە مەعاشی زیاد بووە، ئێمە بۆ لێی کەم کەینەوە.

گوتی: قەرار بوە مەعاشی مامۆستا ٧٠ دینار بێ، ئێستا کەتۆ بۆی زیاد دەکەی بنووسە چەندی دەنووسی دەیدەمێ.

لەدوای مەلا عەولام نارد، هەرچەندی هەولم دا و تکام لێ کرد فایدەی نەبوو، ئاخرەکەی سوێندی خوارد گوتی: (هەتا دە حیزبی دیموکرات دابم مەسئولیەت قبوڵ ناکەم).

مامۆستا لەئەندامەتی دەفتەری سیاسی ئیستیعفای دا و بەڵام وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مایەوە.

دوای گەڕانەوەم لەکوردستان نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم پێگەیشت لە ۱۹۷۵/۱۱/۳۱ نووسیبووی: ..... پێم خۆشبوو لەگەڵ مالّی نامیق نێوانتان باشە، باشترە هەرچی قبوڵ دەکەن دەست بەجێ پێیان جێ بەجێ بکەن و هەروەها مۆڵەتێکی دەقیق بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو کارێك لەگەڵیان دابنێن، هیوام وایە ئەوەتان کردبێ، دیسانەکەشی دەبێ لەگەڵ ئەوانیش وریا بن، باشتر نەبوونی وەستاهیان لەگەڵ[12] (ئوتیج)[13] خۆی ئاژیرێکە بۆ ئێمەش، زۆر ترسی ئەوەم هەیە بەداخەوە پێشبینییەکانم راست دەربچن... باسی رۆژنامەکەت نەکردبوو، باشە دیسان رۆژنامەکە وەدوا بخەین، یا چ فیکرێکی ئەساسیتان بۆ رۆژنامەکە کردووە، تکایە لەو بارەوە زوو خەبەرم دەنێ...).

پێشبینی دکتۆر ئەوەبوو کەبەعس جێگای بڕوا نییە، ئاخرەکەی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست تێکدەچێ و ئێمەش دەکەوینە بەر پەلامار، لەسەر ئەو ئەساسە هەمیشە پێشنیاری ئەوەبوو کەلەعێراق وەدەرکەوین، بەڵام بچینە کوێ و برادەران چ لێ بکەین، دیار نەبوو، لەسەر ئەوە کەبەعس جێگای بڕوا نییە لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ هیچ ئیختلافمان نەبوو، بەڵام بێ دەرەتانی دیکە و نێزیکی لەوڵات کەدەستکرابوو بەزیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزب لەکوردستانی ئێراندا بەجێ هێشتنی عێراق لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو.

ئێمە بێجگە لەکاری سیاسی خۆمان، هێندێك لەبرادەران لەکاری نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەدا لەنێو چاپەمەنییە کوردییەکانی عێراق چالاکیەکی باشیان هەبوو، لەتاریخی ۱۹۷۵/۱۲/۸ دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی

---

(12) بەزمانی ------ یانی پێوەندی.

(13) ------ نیشتمانی عێراقە.

کوردی کتێبێکیان بۆ ناردم بەنێوی (حاجی بابا) کەنووسەرێك بەناوی حامید فەرەج لەفارسیەوە کردبووی بەکوردی بۆ ئەوەی تەماشای بکەم و هەڵیسەنگێنم، لەکاتی خۆیدا کتێبەکە و وەڵامەکەم بۆ ناردەوە، دەیانگوت بۆ کاری ئاوا پارەیەکیش دەدەن بەڵام بەخوای ئێوە چەندتان دی منیش هەر ئەوەندە!

سەرەتای ساڵی ١٩٧٦

لەسەر یەك هەروا بەنیگەرانی و دڵە کوتەوە، ساڵی ١٩٧٥مان بەجێ هێشت و پێمان نایە ١٩٧٦، پتر لەدوو مانگ بوو داوای ڤیزام کردبوو کەسەفەر بکەم و بچم چاوم بەدکتۆر قاسملۆ بکەوێ، برادەران بڕیاریان دابوو کەمن سەری دکتۆر بدەم و لەنێزیکەوە لەسەر وەزعی خۆمان راوێژ بکەین.

لەلایەکی ترەوە دکتۆر لێکدا لێکدا داوای دەکرد کەبچمە دەر و برادەران لەوێ نەمێنن و پاسپۆرتی بۆ پەیدا بکەین.

لەم بارودۆخەدا هەوەڵین نامەی ساڵی تازەی دکتۆر قاسملۆم پێگەیشت کە ١٩٧٦/١/٣ نووسرابوو، دکتۆر هێندێ پێشنیاری لەبارەی ژمارەی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان و وتارەکان نووسیبووی: (ناوێرم بڵێم بەڵام هەق ئەوە بوو مامۆستا هێمن با شتەك بنووسێ یا شیعرێك دابنێ. (بەڵام خۆ شیعر بەسفارش نابێ!).

لەسەر وەزعی خۆم پرسیوتە، لەنامە درێژەکەدا بۆم نووسی بووی، ئەوە دووپاتەی دەکەمەوە، بەکورتی لەگەڵ مالّی کوبا بەم جۆرە رێککەوتووم کەبەموافەقەتی ئەوان ئێرە بەجێ بێڵم، وەعدەکە تا ئاخری مانگی فیوریەیە، دیارە بۆ مانەوە مومکینە زۆر کۆست نەیەنە پێش، بەڵام بۆ تێکۆشان و هاتووچۆ رێگام نادەنێ، دەچمە فرانسە، لەهەموو بارێکەوە بۆ من باشترە، بۆ تێکۆشانیش باشترین جێگایە، مومکینە لەمانگی ئۆکتۆبردا بتوانم کارێك بدۆزمەوە، بەڵام هەتا ئەو وەختە دەبێ ژیانم دابین بکرێ، نووسیوتە پێش رۆیشتنت یەکتر ببینین

باشترە، منیش لەو بڕوایە دام، بەڵام ئەوە ئیدی پێوەندی بەئێوە هەیە، ئایا دەتوانن بێنە دەرێ یان نا؟).

دکتۆر پاش باسی نەبوونی پاسپۆرتی نووسیبووی: (ئەوە ودکایەکیشتان بۆ دەنێرم لەشایی مەلا رەحمان بیخۆنەوە! دیارە ئەویش بەیەکجاری لەشۆڕشگێڕی کەوت و تووشی نەخۆشی ابو مجده[١٤] بوو، خودا دوا رۆژمان بەخێر بکا! سڵاو بۆ هەموو برادەران).

لام وایە یەکێك لەخەسڵەت و ئاکاری باشی کورد ئەوەیە کەگیروگرفتی زەمانە و شپرزەیی ژیان و بەسەرهات ناتوانن چۆکی پێ دابدەن و دەستەو ئەژنۆی بکەن.

زۆر جاری وا هەبوە کابرا نانی شەوی نەبووە، یا لێقەوماو و لەدەرکان بووە، بەڵام کوتوپڕ ژنی هەڵگرتوە، یا دەگڕ کارێکی گەورە راچووە...

ئێمەش لەم بارودۆخەدا کەنەماندەزانی چیمان بەسەر دێ و دوا رۆژمان روون نەبوو، مەلا رەحمانی کاژەیی کادرێکی بەردەست و قوچاخ هەڵپێچاین ژنی بۆ بێنین.

رۆژی ١٩٧٥/١١/٣٠ ژنمان بۆ رەحمان گوێزتەوە و بۆ دکتۆریشمان نووسی، دکتۆر بەم بۆنەوە ڤۆدکای بۆ ناردبووین.

دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بەتەئریخی ١٩٧٦/١/٦ بۆ نووسیبووم کەبۆ برادەران جێگای بیرکردنەوە بوو، ئەوەش دەقی نامەکەی دکتۆر قاسملۆ:

(برای بەڕێز کاك کەریم! رۆژباش سڵاوێکی برایانەم هەیە و هیوام هەر خۆشی و سەلامەتیتانە.

---

(١٤) مەبەست کاك حەمەدەمینی سیراجییە.

پێرێ وەلامی نامە کورتەکەم نارد و دوێنێ نامە درێژەکەت گەیشت، هیوادارم هەروا ساخ و سلامەت و خۆش بن، هەروەك لەنامەکانی پێشوودا نووسیبووم، بابی مینا[١٥] هەتا ئاخری مانگی فیوریە ئێرە بەجێ دێلێ و نەزەری ئەوەیە کەئەگەر هەر لێرە بێ کارێکی وای پێ ناکرێ و هەرچۆنێك بێ هەلومەرجی ئێستا ئەوەی دەوێ کەزۆر خەریك بێ، پێم وایە جێگای نیگەرانی نییە، بەراستی هێندێ خورمای بۆ بنێرن بەو ئادرێس و وەرەقە کەپێتانە. بەراستی بەزستان خورما خۆشە و بەتایبەتی کەهەوای ئەوروپا سارەد، بڕیار وابوو بەرێکوپێکی هەموو مانگێ بۆی بنێرن نەکا لەبیرتان چووبێ! چونکە هیچ باسی ناکەن!

لەسەر وەزعی ئێوە زۆرم پێ خۆشبوو کەحاڵتان باشە و کارەکان بەباشی دەچنە پێش لەبەر ئەوە نەزەرم ئەوەیە کەموسیتی هیند زاچیت ئودخوا[١٦] چونکە بابی مینا دەنگ و باسی تایبەتی لەسەر ئێوە بیستوە، کەپێویستی بەوە دەکا هەر بەخۆشیەوە لەوێ بمێننەوە و نیکدۆی گرنگ نێسمی[١٧] لەوێ بمێنێتەوە، بابی شلێر خۆی دیارە وەلامی بابی مینا دەداتەوە.

تکایە بەگەیشتنی ئەم نامەیە کارتێك یا نامەیەکم بۆ بنووسی تا نیگەران نەبم، دوێنێ تەلەفۆنم بۆ خوشکە خەجیج کرد و لەگەڵ کەمال قسەم کرد، حاڵیان باشە، زۆر سلاویشم هەیە بۆ کاك جەلیل و هیوادارم ئیدی زیز نەبێ! هەروەها سلاوم هەیە بۆ گشت دۆست و برادەران و ئاواتم هەر سلامەتیتانە، پیرۆزبایی لەمەلا رەحمانیش دەکەم کەژنی هێناوە... برات رەحمان.

نامەی دکتۆر قاسملۆ کەداوای کردبوو: هەر دەست لەجێ دەست بەوە دەرکەوتن بکەن و نابێ (کەسی گرنگ لەوێ بمێنێ) بۆ برادەران جێگای سەرسوڕمان بوو.

---

(١٥) مەبەست دکتۆر قاسملۆیە.

(١٦) دەبێ جێ بەجێ دەست بکەن بەوەدەرکەوتن.

(١٧) هیچ کەسی گرنگ نابێ.

بێجگە لەوە کەدیاری نەکردبوو، چۆن و بۆ کوێ بچینە دەر، نزیکەی ٢٧٠ ئەندامی حیزب بەماڵ و منداڵەوە لەعێراق دەژیان و رێگای دەرچوون و بەڕێچوونیشیان نەبوو.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات کە زۆربەیان لەعێراق دەژیان، رۆژی ١٩٧٦/١/٢٠ بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ کۆبوونەوەی پێکهێنا، پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق پێشنیاری دکتۆر هاتە سەر ئەو بڕیارە کەنامەیەك بۆ دکتۆر بنووسێ، هەروەها بڕیاردرا کەوەڵامی پەیامی رادیۆیی حیزبی تودە بدرێتەوە و لەم بارەوە نامەش بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بنێرێ.

نامەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دکتۆر قاسملۆ ١٩٧٦/١/٢٤:

(برای بەڕێز کاك رەحمان رۆژ باش، هیوام وایە ساخ و سەلامەت بن.

نامەکانت هەردوکیان گەیشتن زۆر سوپاس، وەزعی ئێمە هەر وەك خۆیەتی، لەبارەی سەفەر و پاسپۆرت هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە، کاکە مینە سەفەری کرد بۆ سەرێ و برادەران هەموو سەلامەتن، پێوەندیمان لەگەڵ وڵات باشە، رۆژنامە و تێکۆشەریان پێ دەگا.

لەبارەی پێشنیارەکانت کەلەنامەی دواییدا نووسیوتە (موسیتی هێندزا چیت ئود خود) پێمان نالێی چۆن وەردەکەوین؟ بێ پاسپۆرت و ئیجازەی ئێرە چۆن دەتەوێ بێینە دەرێ؟ پاشان هاتنە دەر بۆ کوێ؟ لەکۆبوونەوەدا زۆر بیرمان لەو شتانە کردەوە بەراستی ئێمە سەری لێ دەرناکەین، تۆش بۆمان نانووسی چۆن؟ بۆ کوێ؟ پاشان چێ؟ لەبارەی چوونە دەرت لەپراگ، زۆر بەوردی باسمان کرد، بەتێکڕایی لەسەر ئەو باوەڕەین کەچوونە دەر ئێستا مەسلەحەت نییە، بەکورتی

لەسەر ئەو باوەڕەین کەهەتا ڕوون بوونەوەی وەزعمان لێرە و تا چاوپێکەوتنی گشتی لەپراگ بمێنیەوە باشترە.

لێرە وەڵامی پەیامەکەمان کردەوە بەڕووسی و لەگەڵ نامەیەک ئەیدەین بەو چەند حیزبانە.

یەمەنی دیموکراتی جارێ وەڵامی نییە، ئەمڕۆ چاومان بەباوکی فێنک کەوت، سڵاوی بۆت هەبوو، قەولی دا خۆی لەگەڵ سەفیری یەمەن قسە بکات، نەزەری ئەوەبوو تا ماوەیەکی دیکەش لەپراگ دەرنەچێ باشترە.

برادەران سڵاویان هەیە و خۆشی تۆیان دەوێ.

٩٧٦/١/٢٤

نوێنەرانی موجاهیدینی خەڵک

لەڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ١٩٧٦دا، ڕۆژێک کاک حەمەدەمینی سیراجی گوتی: (ریاحی تەلەفۆنی کردووە کەبچم ببینم) ریاحی برادەرێکی ئێرانی بوو، ڕای کردبوو هاتبوە بەغدا و سەر بەڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بوو، لەرادیۆی بەغدا لەبەشی فارسی کاری دەکرد.

کاک حەمەدەمین چوو، هاتەوە گوتی: (دوو ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدین هاتوون و دەیانەوێ لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکرات دانیشن و لەسەر هاوکاری و خەبات قسە بکەن).

لەدەفتەری سیاسی مەسەلەکەمان باسکرد و بڕیاردرا کەمن و حەمەدەمین بچین لەگەڵیان دانیشین، کاک حەمەدەمین ڕۆژ و سەعاتی چاوپێکەوتنی دیاری کردبوو، چوویە مااڵی ریاحی، دوو گەنجی لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا، لەژوورێک هاتنە دەر و هەر یەکە بەناوێک خۆیان ناساند، پاش چاک و چۆنی باسەکەمان هێنا سەر هاوکاری و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی دژی ڕژێمی.شا.

ئەوان گوتیان بەنەزەری ئێمە ئەگەر بەرەیەك لەنێوان هێزەکانی دژی رژێمی شا پێك بێ، نابێ رێگا بدرێ کەحیزبی تودە بەشداری بکات.

ئێمە گوتمان ئەگەر بەرەی دژی رژێم بێ، بوونی حیزبی تودە لامان وایە زەرەری نییە، چونکە ئەویش دژی رژێمی ئێستای ئێرانە.

گوتیان مەسەلەکە بۆ ئێمە روونە، ئەگەر حیزبی تودە لەبەرەی یەکگرتوودا بێ، یەکێتی سۆڤیەتی یارمەتی بەو بەرەیە دەکات، ئەو دەم لەرێگای یارمەتییەوە، نفوزی سۆڤیەت لەنێو بەرەو لەئێراندا زیاد دەبێ.

کاك حەمەدەمین گوتی: (ئەم بیروڕایە سەیر دێتە بەرچاو، لام وایە دەبێ هەوڵ بدرێ یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی بەرەیەکی ئەوتۆ بکات.

گوتیان: ئێوە بەهەڵە چوون، یارمەتی سۆڤیەت دەبێتە هۆی ئەوە لەکاتی رووخانی رژێمی شادا ئێران بکەوێتە دەست رووسەکان، مەترسی ئەوان بۆ ئێران لەرژێمی شا و لەئەمریکا پترە، ئەمریکا ناسراوە، بەڵام ئیمپریالیزمی شورەوی نەناسراوە، ئیمپریالیزمی تازەیە.

من گوتم: قسەکانی ئێوە، لەبارەی سۆڤیەتەوە لەگەڵ وتارەکانی رادیۆ تاران فەرقی نییە.

کابرا گوتی: (تەبلیغاتی رادیۆ تاران دژی سۆڤیەت لەمەقتەعی موعەییەندا راستە).

یارمەتی سۆڤیەت بەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕیەکان بۆ ئەوەیە کەوڵاتەکە بکاتە موستەعمەرە.

ئێمە گوتمان وادیارە بۆ پێکهاتنی بەرە هێشتا تاقیکردنەوەی پتر پێویستە، ئێمە دەبێ ئەم چاوپێکەوتنانە درێژە پێ بدەین.

کۆبوونەوە دوایی هات و من باسی کۆبوونەوە و وتوێژم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی. پاش ماوەیەک، رێکخراوی موجاهیدین لەنامیلکەیەکدا بەناوی: (پەیدابوونی ئیمپریالیزمی ئێران لەناوچە و شیکردنەوەی پێوەندی نێوان ئێران و عێراق).

لەلاپەڕەی ئاخری دا بەناوی (رووبەرووبوونەوەیەک) نووسیبوویان: (لەپێشوودا کەباسی رۆژنامەی کوردستان کراوە لەبەر ئەوە بووە کەلەماهیەتی سازشکارانەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاگادار نەبووین و نەمانزانیوە کەئەو حیزبە سەر بەریویزیونیستەکانی جیهانی و ریویزیونیستەخائنەکانی حیزبی تودە بووە).

رۆژنامەی کوردستان لەژمارە ٤ی دیسامبری ١٩٧٦دا وەڵامی ئەو قسانەی دابۆوە، دکتۆر قاسملۆش لەنامەیەکدا نووسیبووی: (ئەم هەڵوێستەی موجاهیدین نەتیجەی چاوپێکەوتن و وتووێژی بەغدا بووە، وتووێژی ئێوە بۆتە هۆی ئەم بیروڕا چەوتەی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران).

ناکۆکی بیروڕا لەگەڵ سکرتێری حیزب

مانەوەی دکتۆر قاسملۆ لەئەوروپا و پێ داگرتنی لەسەر بەجێ هێشتنی عێراق بەبێ دیاریکردنی شوێن و ئیمکانی دەرچوون ببوە هۆی ئەوە بیروڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەلەعێراق بوون لەگەڵ بۆچوونی دکتۆر فەرقی هەبێ، بەراستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی لەبەغدا بوون، کەوتبوونە بارودۆخێکی دژوار، لەلایەک حکومەتی عێراق بیانووی پێ دەگرتین کەگوایا سکرتێری حیزب لەدەرەوە دژی بەعس دەجوڵێتەوە، لەلایەک دکتۆر قاسملۆ تاوانباری دەکردین کەمانەوە لەعێراق دەست لەسەر دەست دانانە و کەوتنە ژێر باری بەعسە.

بەڵام هەڵوێستی ئێمە و نەچوونە ژێر باری فشاری حکومەتی عێراق و هیچ نەنووسینمان لەدژی هێزە کوردیەکان، پرستیژ و رێزی ئێمەی لەلای برا

کوردەکانی عێراقی زیاد کردبوو، براددەرانی کۆمیتەی ناوەندی کەلەکوردستان دەژیان، بەهەق لەلای خەڵك خۆشەویست بوون و ڕێزیان لێ دەنان، ئێمە چەند کەس کەلەبەغدا مابووینەوە لەلای بڕا ڕووناکبیر و زانا و نووسەرانی کورد چ لەکۆڕی زانیاری و چ لە ڕۆشنبیری کورد و چ دەزگای هاوکاری و چ لە دەرەوەی ئەوانە، نەك هەر هەستمان بەغەریبی نەدەکرد، بەڵکو هەستمان بەڕێزگرتن و خۆشەویستی و جێگای بڕوا دەکرد.

بۆم نایەتە سەر کاغەز ئەو هەستە پاك و برایەتیە بنەخشێنم کەلەکۆڕی زانیاری و لەدەزگای ڕۆشنبیریەکان و لەگەڵی نیشتمانپەروەرانی تری کورد دا سەبارەت بەخۆمان هەستمان پێ دەکرد، بەڵام بەراشکاوی دەتوانم بێژم کەلەگەڵ خەڵکی تر فەرقێکیان بۆ دادەنایین، باسی مامۆستا هێمن ناکرێ کەچۆن خەڵك دەیپەرست و چ ڕێز و خۆشەویستیەکی هەبوو لەنێو بڕا کوردەکاندا، ئەگەر بڵێم ئەو وەك شاعیرێکی مەزن و وەك (هێمن) هەقی خۆی بوون ئێمەی تر کەهیچیشمان لەبارااندا نەبوو، دەمانزانی خەڵك خۆشی دەوێین، من لام وایە ئەوە تەنیا سەبارەت بەهەڵوێستی سیاسی ئێمە و خۆڕاگرتنمان بوو لەبەرانبەر فشاری بەعسدا.

نەك هەر ئەوە، بەڵکو کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕانی کەگەڕابوونەوە بۆ عێراق بۆ خواروی عێراق دووریان خستبوونەوە، کەلەسەفەر دەهاتنەوە بەغدا، پێوەندیان لەگەڵ ئێمە دەگرت و لەسەر گەلێك مەسەلە پرس و ڕایان پێدەکردین.

ئەوانەی زۆرجار داوایان دەکرد کەچاومان بەیەکتر بکەوێ دکتۆر خالید سەعید و ڕەسوڵ مامەند و عەلی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی و مەلا ناصح و هی دیکە بوون و چەند جاریش لەگەڵ دارا تۆفیق دەچووینە لای سەیدا سالح یوسفی و باسی ڕووداوەکان و دواڕۆژمان دەکرد.

دکتۆر خالید لەخەستەخانە یا پۆلیکلینیکی-ێك کاری ئیداری دەکرد، زۆرجار داوای دەکرد سەری بدەم و یا لەدەرەوەی یەکترمان دەبینی و لەسەر نەخشەی زیندووکردنەوەی خەبات باسمان دەکرد، دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو کادر و تێکۆشەرانە بێجگە لەچەك هەڵگرتن و وەچیا کەوتن بیریان لەهیچ شێوەیەکی تری خەبات نەدەکردەوە، زۆرتر بەڵگەیان ئەوە بوو کەنابێ بێڵێن برین سارد بێتەوە، دەنا وەرەی خەڵك بەجارێك نزم دەبێ و گیانی شۆڕشگێڕی نامێنێ.

کاك رەسوڵ مامەند کەبەناوی ئیمتحانی زانستگا هاتبوە بەغدا و لەهوتێلێك دەژیا زۆرجار داوای دەکرد بچمە لای کاك عەلی هەژاریش بەشداری دانیشتنەکەمان دەبوو، لام وایە یەك دوو جار لەگەڵ برادەرانی دیکە دەچووین، بەڵام پاشان دانیشتنەکانمان کرد بەنهێنی، ئەوان دەستەی مەکتەبی سیاسی کۆن و رێبەرایەتی پارتی و شەخسی مەلا مستەفایان لەشکانی شۆڕشی کوردستان بەخەتابار دەزانی، لەسەر ئەو باوەڕە بوون پێویستە رێکخراوێك ساز بکەن کەجێگای ئەوان بگرێتەوە، لەسەر وەشاخی کەوتن ناکۆکی بیروڕامان هەبوو، من لەسەر ئەو باوەڕە بووم کەلەپێشدا خەریکی تەنزیمی نهێنی بن، ئەوانیش لایان وابوو کەلەژێر دەسەڵاتی بەعسدا تەنزیم ناکرێ و پێوە دەبن.

ئاخرەکەی گەڵاڵەی پرۆگرامێکیان بەناوی (حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان) هێنا و داوایان کرد کەبیخوێنمەوە و بۆشیان ماشین بکەین و لەباری زمانی عەرەبیشەوە برادەرانی عەرەبی زان دەستی لێ بدەن.

پاش یەك دوو جار باس لەسەر کردن، گەیشتینە ئەو قەناعەتە کەناوەکەی بگۆڕین، لەم دانیشتن و پێوەندییەدا، تەنیا کاك حەمەدەمین و مامۆستام ئاگادار دەکرد و رای ئەوانم وەردەگرت، لەسەر ئەوە یەکدەنگ بووین کەئەوەی لەدەستمان بێ یارمەتی بەبرادەرانی کوردی عێراق بکەین بۆ سازکردنەوەی رێکخراوی تازە.

هـەر لەسـەر ئـەم بۆچـوونە، پـاش ئـەوەی گەلالّـەی پرۆگرامـی (بزوتنـەوەی سۆسیالیستی کوردستان)یان بۆ هێنام، دام بـەبرادەری خۆمـان ماشـینییان کـرد، لـەبێروت مـۆری (بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)م بـۆ سـاز کـردن و بـۆم هێنانەوە.

لەسەرەتای سالّی ۱۹۷۷ لەبەرلین هەوەلّین بەیاننامـەی دامەزراندنی (بزوتنـەوە)م بۆ چاپ کردن و لەکاغەزێکی زەرددا بۆ گەلێك ئادرێس و شوێنانم نارد.

کاك رەسـولّ مامەند وەشـاخی کـەوت و لەوێشـەوە جاروبـار پێوەنـدی دەگـرت و لەسەر مەسەلەکانی رۆژ داوای پرس و راوێژی دەکرد، تا لەعێراق بـووم کـاك عـەلی هەژار پێوەندی دەگرت و لەرووداوەکان و کاروباری خۆیان ئاگاداری دەکردم، لـەو پێوەندیانە حەمەدەمین و مامۆستا تەواو ئاگادار دەکران.

رۆژی ۱۹۷٦/۲/۱۲ کۆمیتـەی ناوەنـدی مـەوجود لـەعێراق لەشـاری کۆیـە بـۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکانی دکتۆر قاسملۆ کۆبوونەوەی دەست پێکرد، پـاش دوو رۆژ باس و لێکدانـەوە، بـەتێکڕایی دەنـگ ئـەم بڕیـارەی پەسـند کـرد: (کۆمیتـەی ناوەنـدی پێشـنیاری دکتـۆر قـاسملۆ لـەبارەی بـەجێ هێشـتنی عێـراق و گـۆڕینی سیاسەتی حیزب رەت دەکاتەوە، پێویستە بەدرێژی نامەی بۆ بنووسرێ و کەریمی حسامی سەفەر بکا و بچێ قسەی لەگەڵ بکات).

لـەو کۆبوونەوەیـەدا جـارێکی تـریش لەگـەڵ زیزبـوون و ئیسـتیعفای مـەلا عـەولاّ رووبەڕوو بووین، مـەلا عـەولاّ داوای کـرد کەمانگانـە ۸۰ دینـاری بـدرێتێ، داواکـەی لەکۆبوونەوە پەسـند نـەکرا، مـەلا عـەولاّ گـورج وەدەرکـەوت و ئـەم ئیسـتیعفایەی نووسی و دای بەکۆبوونەوە، ئەمەش دەقی نامەی مەلا عەولاّ:

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)

دوای هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و حیزب و گەلەکەمان:

پێم وایە پێویست نییە لەم نووسراوەدا بچمە نێو وردە مەسایلەوە چونکە خۆتان ئاگادارن، بۆیە مەبەستەکەم لەوەندەدا کورت دەکەمەوە کەوەک خۆتان دەزانن (ئەگەر ئیعتراف بکەن) بۆ چوار ساڵ دەچێ ئەندامەتی من لەرابەرایەتی حیزبدا بۆ ئێوەش و بۆ خۆشم مایەی ناڕەحەتی و ژانەسەر بووە.

لەبەر ئەوە هاتمە سەر ئەو بڕوایە کەبەیەکجاری ئەو ژانە سەرە لەکۆڵ خۆشم و ئێوەش بکەمەوە و لەئەندامەتی بەڕێوەبەرایەتی ئیستیعفا بکەم، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو راستییە کەمن بڕیاری یەکجاریم داوە هیوادارم ئێوەش زۆر قاطعانە بجوڵێنەوە و رەسمەن قبوڵی ئەو ئیستیعفایەم پێ رابگەیەنن، تکاشم ئەوەیە زیاتر لەوەی بووە شەڕی ئەعصابم لەگەڵ نەکەن و وەک نۆرگانێکی مەسئول بەبڕشتەوە بڕیار بدەن، لەکۆتاییدا بەڕێویستم زانی پێتان رابگەینم کەلەمەودواش لەچوارچێوەی ئەرکی ئەندامێکی ساکاردا ئامادەم ئەوەی لەتوانا و دەرەتانم دا بێ بۆ کاروباری جیزبی کۆتایی نەکەم.

لەگەڵ دووپاتە کردنەوەی تکام بۆ هەڵبڕینی یەکجاری ئەو مەسەلە و چارەسەری ئەو ناسۆرە کۆنە کەتا ئێستا چەند جار سەری هەڵداوەتەوە، سەرکەوتنتان بەئاوات دەخوازم).

براتان عەبدوڵڵا حیاکی ١٩٧٦/٢/١٣

بڕادەران ئیستیعفاکەیان قبوڵ نەکرد، ئەویش لەسەری سور بوو، هەستا و کۆبوونەوەی بەجێ هێشت، من تکام لەبرادەران کرد کەلەسەر داوای مەلا عەولا موافەقەت بکەن، برادەران ٨٠ دیناریان بۆ پەسند کرد، پاش دوو رۆژ مەلا عەولا هاتەوە و گوتی هەتا پلینۆم چاوەڕوان دەبم.

دوای گەڕانەوە لەکۆیە، داوامان لەحکومەتی عێراق کرد کەڤیزا بدەن بەمن بۆ سەفەری ئەوروپا، لەم بەینەدا چوار ژمارەش رۆژنامەی کوردستان ئامادە کرابوون

کەدەبوایە لەبێروت چاپیان بکەم، رۆژی ١٩٧٦/٢/٢٧ بەغدام بەرەو بێروت بەجێ هێشت.

لەبێروت رۆژنامەکانم دا بەچاپخانە و دوای سێ رۆژ وەرم گرتەوە و هێندێکم ناردنەوە بەغدا بڕێکیشم بۆ ئەوروپا بردن، رۆژی ٣ی مانگی مارسی ١٩٧٦ گەیشتمەوە سۆفیا، تەنیا دوو رۆژ لەماڵێ گیر بووم، رۆژی ٥ی مارس چوومە پراگ، لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ برپارمان دا، بچینە سوید کەلەگەڵ رێکخراوی ئەوروپا کۆببنەوە، دکتۆر دەبوایە ڤیزای چوون و گەڕانەوە بۆ پراگ وەربگرێ پێکەوە چوونە ئیداری پۆلیس کەڤیزا وەربگرێ، پاسپۆرتەکەیان لێ وەرگرت و نێزیکەی نیو سەعات چاوەڕوان بووین، پاشان دکتۆریان بانگ کرد، کەهاتەوە دەر زۆر چڕژا بوو، بەناڕەحەتی گوتی: (سەگبابانە وەدەریان نام).

من لەدکتۆر پتر ناڕەحەت بووم، هەڵوێستێکی فرە نائینسانانە بوو، گوتم: با بچینە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکی و قسەیان لەگەڵ بکەین.

گوتی: تۆ تەلەفۆن بۆ کوبا (بەرپرسی ئێرانیەکان بوو لەکۆمیتەی ناوەندی دا) بکە و بڵێ ئێستا دەتەوێ ببینی، لەگەڵ کابرا قسەم کرد و گوتم فلان کەسێکم و دەمانەوێ لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ چاومان پێت بکەوێ.

کابرا گوتی فەرموون، من دێمە خوارێ، کەچووین کابرا چاوەڕوان بوو، دکتۆر گوتی: (ئێوە برپار بوو ئیقامەم بۆ نوێ بکەنەوە ئێستا پۆلیس برپارێکی وای داوە).

من گوتم: (بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم هەنگاوەی پۆلیس ئیعتیراز دەکەم، دکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزبی ئێمەیە و ئەم هەنگاوەی پۆلیس لەنێو حیزب و گەلی ئێمەدا باش دەنگ ناداتەوە.

کابرا گوتی: (پۆلیس لەخۆڕا بڕیاری وا نادا، دەبێ لەرفیق قاسملۆ بپرسین کەبۆچی پۆلیس ئەو بڕیارەی داوە).

دکتۆر گوتی: (پۆلیس گەلێك بڕیاری چەوت دەدا و مانای وانییە بڕیارەکانی پۆلیس هەموویان راستن).

کابرا گوتی: (ئێمە بڕوا بەپۆلیسی خۆمان دەکەین و ئەویش بڕیاری داوە)، بەکورتی بێ نەتیجە وەدەرکەوتین و یەکسەر چووینەوە ماڵێ، کەباسمان کرد خێزانی دکتۆر لەرادەبەدەر تێکچوو، هیچ نەدەکرا، دکتۆر خۆی ئامادە کرد و رۆژی ٨ی مارسی ١٩٧٦ لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ سواری فڕۆکە بووین بۆ سوید، هەرتکمان بێ ڤیزا بووین، بەڵام پاسپۆرتی ئێرانیمان پێ بوو، لەفڕۆکەخانە رایانگرتین، دەیانگوت بلیتی گەڕانەوەتان نییە، پاشان من بڕێکم پارە پێ بوو کەپێمان نیشاندان، پاسپۆرتەکانیان وێداینەوە و چووینە دەرێ، کاك ئەمیری قازی چاوەڕوان بوو، چووینە نێو شار و میوانی کاك ئەمیر بووین کەلەخانووی خوێندکاری دا دەژیا، چەند رۆژێك لەستۆکهۆڵم بووین، بەفر و سەرمایەکی سەخت، پتر لەژوورێ دا بووین، کۆبوونەوەی رێکخراوی ئەوروپاش بێجگە لەوە کەسورەت حیسابێکی چەند هەزار مارکییان لەپێش دانام کەخەرجی سەفەری بەفڕۆکەی کەریمی پیرۆتی و حەسەنی شەتەوی بوو، هیچی تری پێوە نەبوو.

رۆژێکیش چووینە ئۆپسالا، من شەوێ لەکن سەلیمی بابانزادە نوستم، تەماشای کتێبەکانم دەکرد تەماشام کرد رۆژنامەی کوردستانی چەند مانگ پێش کەگۆیا دەبوایە بڵاوبان بکاتەوە لەوێ دا زیندانی کرابوون.

شەوێك کاك عومەر شێخ موس کوردی سوریا و ئەندامی رێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوەتی کردین بەخواردنەوە و بەکوتانی سیاسەتی سۆڤیەت دانیشتنێکی خۆشمان بردەسەر، لەو چەند رۆژەدا لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ دوو ژمارە رۆژنامەی کوردستانمان بۆ چاپ ئامادە کرد، بەڵام هەرچەند هەوڵ درا، ئیمکانی

چاپ نەبوو، لەگەڵ دکتۆر دەبوایە لێك جیا بینەوە، ئەو دەچووە پاریس و منیش دەبوایە بێمە بەرلین رۆژنامەکان چاپ و بڵاو بکەمەوە، دکتۆر پێشنیاری کرد کەلەگەڵ ئەو بچمە پاریس و گوتی: (دیتنی پاریس ئەوە دێنێ، تاڵوکەی گەڕانەوەت لەچییە؟ بابچینە پاریس و لەوێوە بگەڕێوە، پارەیەکی پێم بوو ٣ هەزار دۆلارم دایە و من بۆ بەرلین گەڕامەوە، فڕۆکە یەکسەر نەدەهاتە بەرلین، لەفرانکفۆرت فڕۆکەم گۆڕی و هاتمە بەرلین، لەوێش بەیارمەتی برادەرانی کاك سەلاح بەدرالدین رۆژنامەکانم چاپ کرد و رۆژی ١٨ی مارسی ١٩٧٦ گەڕامەوە بۆ سۆفیا، بڕیارم دابوو کەرۆژی ٢٧ی مارس بچمەوە بەغدا، کەچی تێلگرافێکی کاك حەمەدەمینی سیراجیم پێگەیشت، نووسیبووی: (مەیەوە چاوەڕوانی نامەی من بکە).

نامەی کاك حەمەدەمین کە ٧٦/٣/٢٧ نووسرابوو، بەرێگا تایبەتیەکانماندا گەیشت پاش سڵاو نووسیبووی: (هیوام وایە بەر لەگەڕانەوەت ئەم نامەیەت پێ بگا و بتوانی لەچەند رۆژ زیاتر مانەوە لەسۆفیا هەم (کوێرەوەری) ئەم سەفەرە دوور و درێژەت تا رادەیەك لەبیر بچێتەوە و هەم ئەگەر بکرێ لەهەلومەرجی کۆنگرەی ١١ی حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان بۆ هێندێك پێوەندی کەڵك وەرگرێ، دوو رۆژ لەمەوبەر لەگەڵ کاك هێمن چووینە لای باوکی فێنك (کاك عەزیز محەمەد) هەواڵی گەیشتنی موافەقەتی سەفەری یەمەنمان پێ راگەیاند، زۆری پێ خۆشبوو، وای پێ باشبوو تۆ لەسۆفیا بی، بتوانی لەرۆژەکانی کۆنگرەدا لەگەڵ ئەو بەیەکەوە چاوتان بەعبدالفتاح اسماعیل بکەوێ، هەم لەنزیکەوە لەگەڵ یەکتر ئاشنا بن و هەم لەباری سەفەرەکەوە بدوێن، ئەم پێشنیارەم پێ باشبوو، هەربۆیە بەرقیەی خێرام بۆ کردی کەچاوەڕوانی نامە بی.

هەواڵی بەرچاوی ئەم حەوتوە، هێندێ نامە و هەواڵن لەکوێستانەوە، گیراوەکانی بۆکان و سەقز بەردراون، نامەیەکی بێ باکیش هاتوە، هەروەك نامەکانی پێشووە، کەریم نەستانی گیراوە و بردویانە بۆ سولەیمانی هاوەڵێکی ترمان بەناوی عەبدوڵڵا

لەسولەیمانی گیراوە، تا ئێستا بەرنەبوە، پێرێ پێم گوتن، گوتیان تەلەفۆن دەکەین بەریان بدەن..... هەر ئیمڕۆ کارتێکم بەپۆست دا بۆ ناردی، هیچ نییە تەنیا مەبەست شوێنە ونەکەی نامەکەیە و بەس، با لەوەشت ئاگادار کەم جەماعەتی شێخ عەلی لەچەمچەماڵ بەرەو حیللە هێنراون...).

پێشنیاری کاك حەمەدەمین بەجێ بوو، چونکە حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان کۆنگرەی ١١ی دەبەست و رێبەرانی حیزبە کۆمۆنیستەکان بەشدار دەبوون، دەرفەت بوو ئەگەر بتوانم چاوم بەتێکۆشەر عبدالفتاح ئیسماعیل بکەوێ و مەسەلەی سەفەری یەمەنی دیموکراتی لەگەڵ ببڕمەوە.

بەتەلەفۆن لەگەڵ کاك عەزیز محەمەد قسەم کرد و تکام لێکرد کەوادەیەکم بۆ لەعبدالفتاح ئیسماعیل وەربگرێ کەبتوانم ببینم.

رۆژی ٣١ی مانگی مارس دەمە و ئێوارە کاك عەزیز تەلەفۆنی کرد و گوتی: (ئەمڕۆ زووتر لەرۆژان کۆبوونەوەی کۆنگرە تەواو بووە، نامەوێ بچمەوە سەرێ دەمەوێ بێمەوە لای ئێوە).

– فەرموو گەلێکمان پێ خۆشە.

– تەلەفۆنەکە بدە بەدایکی کەمال با ئەو قسەم لەگەڵ بکات.

تەلەفۆنم دا بەدایکی کەمال، کاك عەزیز گوتی: ئەگەر ساواڕێکم بۆ لێ دەنێی و سەلکە پیوازێکی لەپەنا دادەنێی ئەوە دێم.

– فەرموو تۆ وەرە، بەخێربێی شتێك هەر دەبێ.

ئێوارێ کاك عەزیز هات و یەکێك لەو شەوە خۆشانەی ژیانمان بوو، بەهەڵکەوت ژن و مێردێکی خەڵکی سولەیمانی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کەلەسۆفیا دەیانخوێند و لەبەر شۆڕشگێڕی هەر ئاوریان لێ دەبارى و سوێندیان هەر بەکوردستان بوو، بەقسە و بڕیاری خۆیان لەسەر تەواو کردنی دەرسەکەیان

راوەستابوون و دەنا یەکسەر بۆ کوردستان دەگەڕانەوە و قەولیان دابوو لەچیاکانی کوردستان بیاندۆزمەوە و پاشان لەکوردستانی ئێران بیستم کەلەکوردستانی سوید سەریان وەدەرناوە، ئەوشەوە هاتنە مالّی ئێمە و پاشان بەقسەی خۆیان بەدیتنی کاك عەزیز گەلێك شاد ببوون.

لەنێو قسەکانماندا باسی دکتۆر رەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاوێژ هاتە گۆڕێ، کاك عەزیز گوتی: (دەمێك بوو پێم خۆشبوو ئەم دوو کوردە لەباکۆ ببینم، لەباکۆ بەمیواندارەکەم گوت دوو کوردی ئێرانی بەناوی دکتۆر رەحیمی سەیفی قازی و دکتۆر عەلی گەلاوێژ لێرەن و پێم خۆشە بیان بینم).

کابرا گوتی: (خەبەریان دەدەمێ).

پاشان هاتەوە گوتی: (بەیانی بۆ فراوین لەهوتێل دێنە لات، سبەی پتر لەدوو سەعات لەسەریان مەحتەل بووم، ئێستاش نەهاتن.

من گوتم کاك عەلی گەلاوێژ لێرەیە و لەرادیۆی پەیکی ئێران کار دەکا، گوتی: (کوردە و زانایە و خۆشە مرۆڤ بیناسێ، پێیم خۆشە ببینم، پاشان تەلەفۆنی ژووری عبدالفتاح ئیسماعیلی دامێ، گوتی: دواندوومە، دەتناسێ، تەلەفۆنی بۆ بکە و بچوو لەسەر سەفەرەکەتان رێککەون.

شەو درەنگ ماشێنی بۆ هات و چۆوە هوتێل و رۆژی دوایی کاك عەلی گەلاوێژ تەلەفۆنی کرد و گوتی: (چ دەکەی، دوای نیوەڕۆ وەرە تاوێك بسووڕێینەوە و هێندێ قسەی خۆمانە بکەین).

دوای نیوەڕۆ چووم لەگەڵ کاك عەلی دەگەڕاین و باسی وڵاتمان دەکرد، گوتم راستی دوێنێ شەو لەگەڵ کاك عەزیز زۆرمان باسکردی، جێگات خاڵی دانیشتنێکی خۆشمان هەبوو.

کاك عەلی قوت بوو گوتی: کاك عەزیزت لەکوێ دیت؟

– لەماڵی خۆم، شەو لەماڵی ئێمە بوو، تا درەنگانێك دانیشتین.

كاك عەلی مات بوو، وەك شتێكی سەیر و عەجایبی بیستبێ، ئێوارێ لێك جیا بوونەوە.

بەیانی لەماڵێ دەرنەچوو بووم، سەعاتی دە كاك عەزیز تەلەفۆنی كرد، پاش رۆژباش گوتی: (ئەرێ ئەو برادەرانی تودە لەكوێ زانیویانە من شەو لەماڵی ئێوە بووم؟

گوتم لەمن، من عەلی گەلاوێژم دیوە و پێم گوت لەگەڵ كاك عەزیز شەو باسمان كردی و كاك عەزیز پێیخۆشبوو بتبینێ.

گوتی: (راستە، كەوابوو عەلی گەلاوێژ ئەو خزمەتەی كردووە، پاشان گوتی: ئەمڕۆ كەدەهاتین بۆ كۆنگرە كەیانووری و ئیرەجی ئەسكەندەری دوای سڵاوێكی سارد گوتیان: (ئێمە لەئاست چوونی تۆ بۆ ماڵی كەریمی حسامی رەخنەیان هەیە، چوونی تۆ بۆ لای ئەو پرستیژی ئەو زیاد دەكا).

گوتم: (تێكۆشانی حسامی پرستیژی ئەو زیاد دەكا، نەك چوونی من، پاشان بێجگە لەپێوەندی حیزبی، ئێمە یەكماڵین و عەلاقەی خانەوادەگیمان هەیە، بەڵام پێم خۆشە نیوەڕۆ لەسەر مێزێك دانیشتین و لەو بارەوە قسە بكەین.

نیوەڕۆ كاك عەزیز و باقر ئیبراهیم و ئارا، دەگەڵ ئیرەجی ئەسكەندەری و كەیانووری و جوانشیر لەسەر مێزێك دادەنیشن، كاك عەزیز دەڵێ رەخنەی ئێوە جێگای داخە، حیزبی ئێمە لەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران پێوەندی رەسمی هەیە، بێجگە لەدۆستایەتی شەخسی، كەریمی حسامی بەنوێنەری حیزبی دیموكرات دەزانین و لەگەڵی دادەنیشین، ئەوە سیاسەتی حیزبی ئێمەیە و بۆچوونی تاكی و شەخسی نییە).

تومەس کاك عەلی گەلاوێژ ئەو ئێوارەیە کەئەم قسانە لەمن دەبیسێ، گورج وەك خزمەتێکی حیزبی تەلەفۆن دەکا بۆ کەیانووری و راپۆرتی هاتنی کاك عەزیز بۆ مالّی من پێشکێش دەکات.

من رۆژی دوای تەواوبونی کۆنگرە تەلەفۆنم بۆ ژووری عبدالفتاح ئیسماعیل کرد، سالم سالّح بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوە تەلەفۆنی هەلّگرت.

گوتم فلّان کەسم و دەمەوێ کاتێکم بۆ دیاری بکەن، چاوم بەرفیق امین العام بکەوێ.

گوتی: (ئێمە دوێنێ چاوەڕوانی تەلەفۆن و هاتنت بووین، ئێستا ئەوە خۆمان بۆ رۆیشتن ئامادە کردووە و دەچین بۆ مەتار، لەبەغدا بچۆ بالّیۆزخانەی ئێمە، کاتی سەفەرەکەتان بۆ عەدەن بەسەفیر دەگوترێ، رفیق امین العام سلاّوی هەیە).

گەڕانەوەم بۆ بەغدا

رۆژی ١٩٧٦/٤/٧ بۆ بەغدا گەڕامەوە، برادەران هاتبوونە فڕۆکەخانە و پێك شاد و شوکر بووینەوە، لەسوید لەگەلّ دکتۆر قاسملۆ بڕیارمان دا کەهەولّ بدەین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەمانگی ئەپریلی ١٩٧٦ ببەسترێ، لەسۆفیا بووم دکتۆر تەلەفۆنی کرد و گوتی: (حەسەنی شتەوی دەلّێ کار دەکەم ناتوانم لەمانگی چوار ئامادەی کۆبوونەوە بم، با بیخەینە مانگی مای، من جەریانی سەفەر و رۆیشتنی دکتۆر قاسملۆ بۆ پاریس و وادەی عبدالفتاح ئیسماعیل و شتی دیکەم بۆ برادەران باسکرد و ئەوانیش بڕیاری پێك هێنانی پلینیۆمیان پەسند کرد، دەفتەری سیاسی رۆژی ١١ی ئەپریل نامەیەکی بۆ حیزبی بەعس نووسی و داوای کرد کەبۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەئەوروپا لەباری پاسپۆرت و خەرجی سەفەر یارمەتیمان بدەن.

لەگەلّ برادەران هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبولغارستان باشترین جێگایە و دەکرێ بەبیانووی حەسانەوەی سەر دەریا لە (وارنا) هوتێل بگرین و کۆبوونەوە بکەین.

پـاش گەڕانـەوەم بـۆ بەغـدا نامەیـەکی دکتـۆر قـاسملۆم بـۆ هـات کـە ١٩٧٦/٤/٥ نووسیبوی، لەنامەکەدا دەڵێ: (دوو سێ رۆژە لەدەرەوەی پاریس لای دۆستەکانی خۆم دەژیم، بـۆ کۆبوونـەوە جێگـام دیوەتـەوە، لێـرە زۆرباشـە و هەرزانـە، تکـام ئەوەیە وابکەن هەرچۆنێك بێ لـەمانگی مـای دا کۆبوونەوەکـەمان بکـەین، چـونکە دواخستنی لەهیچ باریّکەوە باش نییە... هیوادارم ئەگەر سەفەرت کرد بۆ یەمـەن، سەفەرەکەت سەرکەوتوو بێ، لەپێش دا بڕیـار وابـوو، خەبـەر بـدەی منـیش بچـم، بەڵام دیارە نەزەر گۆڕاوە، هەرچۆنێك بێ ئەگەر پێویست بێ من ئامادەم).

حیزبی بەعس وەڵامی نامەی دەفتەری سیاسی دایەوە و موافەقـەتیان کـرد چـەند پاسپۆرتمان بدەنێ، بـەڵام نـەك پاسـپۆرتی خۆیـان، رۆژی ١٩٧٦/٤/١٧ بـۆ جـاری دەیەم داوام لەمەلا عەولاّ کرد کەئیستعفاکەی وەرگرێتەوە، هەست بەبەرپرسی بکا و هاوکاری دەست پێ بکاتەوە، چونکە بەراستی پێویستمان بـەهاوکاری مامۆسـتا بوو، فایدەی نەبوو، پێی چەقاند و لەسەر بڕیاری خۆی سوور بوو.

گـوتم ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـۆ کۆبوونـەوە دەچـنە ئـەوروپا، تـۆ کەئیستعفاکەت وەرنەگریەوە، ناتوانێ لەگەڵمان سەفەر بکەی.

گوتی: خۆ ئێوە ئیستعفاکەتان قبـوڵ نـەکردوە، پـێم خۆشـە بـێم، لەکۆبوونـەوەدا دەلیلی ئیستعفاکەم دەڵێم، برادەران گوتیان با بێ لەوێ با دەداتەوە.

رۆژی ٤/١٨ خەبەریان بۆ هێناین کەدوو ئەندامی حیزبی بەناوی مام عـەلی و فـەقێ برایم گیراون و بـۆ هـەولێریان بـردوون، نامەیـەکمان بـۆ حیزبـی بـەعس نووسـی و داوامـان کـرد ئازادیـان بکـەن، بـەڵام هـەروا بەهاسـانیش نامـە و تەلـەفۆن کـاری نەدەکرد.

لەشـیرکەتێکی توریسـتی لـە (ڤارنـا) قـەراخ بـەحری رەش هوتێلێکمـان گـرت، زۆر هەرزان و رۆژی ١٩٧٦/٥/١١ ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـەرەو سـۆفیا سـواری فڕۆکە بووین، دکتۆر رۆژێك پێشتر هاتبوو لەمالّی ئێمە دابەزیبوو.

رۆژی ١٩٧٦/٥/١٢ بەفرۆکە هەموومان چوینە ڤارنا و بۆ رۆژی دوایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێکرا، هەروەک دکتۆر پێشنیاری کرد بوو من لەسەر ئیش و کاری کۆمیتەی ناوەندی و بارودۆخی تەشکیلاتیمان لەعێراق راپۆرتێکم پێشکێش کرد.

دکتۆر قاسملۆ لەسەر تێکۆشانی داهاتوو گەلاڵەیەکی پێشکێش کرد بەناوی گەلاڵەی (سیا–می) واتە (سیاسی نیزامی) کەلەنامیلکەی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی وەرگرتبوو، بەگوێرەی ئەم گەلاڵە کەپاش دەست تێوەردان و هەڵسەنگاندن و سەنگ و سوکی کردن پەسند کرا، دەبوایە وردە وردە بگوێزینەوە بۆ ئێران و چەک پەیدا بکەین و دەستەی جۆر بەجۆر لەئەندامان و بەڕێوەبەران بچنەوە ئێران، بەڵام دکتۆر خۆی و حەسەنی شەتەوی خوارزای و حەمەدەمینی سیراجی بۆ ئەوروپا هێشتبۆوە، لەگەلاڵەی سیا–می دا، دەبوایە لەکرماشان و سنە و ورمێ و تەورێز و تاران و مەهاباد کۆمیتەی سێ نەفەری و یا کەمترمان هەبن و ئەوانە پێکەوە پێوەندیان هەبێ، دیسان قسەی خۆشی کاك حەمەدەمینی سیراجی نەخشەکەی بەپێکەنین خاو کردەوە، کاك حەمەدەمین گوتی: (دکتۆر لەم نەخشەیەدا شتێکی لەبیر چوە، ئەویش هێلیکۆپتەرە، دەنت بەهێلیکۆپتەر نەبێ ئەو هەموو پێوەندییە قەت بەرقەرار نابێ، ئەویش لەزەمانی حکومەتی شادا.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمیتەیەکی بۆ جێ بەجێ کردنی (سیامی) هەڵبژارد، کەقەت هیچی بۆ نەکرا، هەرچەند دکتۆر ئیسراری هەبوو کەمن بەرپرسی کۆمیتەکە وەئەستۆ بگرم، ملم بۆ رانەکێشا، چونکە یەکەم ئیمانم بەئەنجامدانی نەبوو، بەڵگە و دەلیلی تەواویشم باسکرد، دووەم دەمگوت کەسێك کەپێشنیارێك دەکا و گەلاڵەیەك دێنێتە گۆڕێ، دەبێ خۆشی بۆ بەجێ گەیاندنی لەپێش هەموو کەس دابێ.

کاتێك لەڤارنا گەڕاینەوە لەماڵی ئێمە دوو رووداوی سەیر رووبان دا، یەکیان ئەوەبوو، من بەرپرسی خەرجی برادەران بووم و لام وایە خەراپیشم بەخێو

نەکردبوون، لەتۆڵەی خزمەت و ماندووبوون، مەلا عەولاّ بەدکتۆر قاسملۆی گوتبوو کەفلاّن کەس پارەی لەبانگ نەگۆڕیوەتەوە و لەبازاڕی رەش گۆڕیوەتەوە و زیادیەکەی هەلگرتوە، چا بوو خودا و راستان سێ وەرەقەی رەسمی بانگم پێ مابوون پاش باسکردن و نیشاندانی وەرەقەکان کۆبوونەوە قسەکەی مەلا عەولاّی بەبۆچوونێکی ناحەز دانا و دکتۆر گوتی: (خەسڵەتی مەلایانە بەرچاو تەنگیبە)، رووداوی دیکە ئەوەبوو لەدانیشتنێکدا خاریج لەکۆبوونەوەی رەسمی من لەسەر هێندێ شت لەرادەبەدەر توند بەگژ دکتۆر قاسملۆدا هاتم.

دکتۆر پێشنیاری کرد کەهەتا مانگی دە واتە بۆ ٥ مانگ مانگی ٦٠٠ دۆلاری بدرێتێ، برادەران بەروو تەنگیەوە موافەقەتیان کرد، پاش ئەوە ئێمە هەندێ پارەمان هەبوو گوتی ئەو پارەیە با لەلای من بێ لەفەرەنسا، لەکاتێکا ئەو بەتەنیا لەپاریس دەبوو، هەموو ئەندام و دەزگای حیزبی دیموکراتیش لەعێراق لەوڵات بوون.

ئیتر من تونـد بەسەری دا هاتم و هەندێ مەسەلەی دیکەشم هێنانە گۆڕێ کەنەدەبوو لەدکتۆر رووبان دابا، لەبیرم ناچێ، دکتۆر گوتی: (کاك کەریم چونکە مالّی خۆیەتی، بۆیە وا حەمله دەکا) رەنگە حەملەکەم تونـد بووبێ، بەلاّم قەت مالّی خۆم لەئاست برادەران بەهی خۆم نەزانیوە، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەلّ ئەوە لایەنگری قسەکانی من بوون بەتایبەت لەباری ماددییەوە، بەلاّم هێرشی منیان بەکارێکی توند دانا و بڕیاریان ئەوەبوو کەداوای لێ بوردن لەدکتۆر بکەم، منیش بەدلّەوە داوای لێبوردنم کرد و بڕیاریان دا کەپارەکە بەشێکی زۆری لەمالّی ئێمە دابندرێت، بەلاّم دکتۆر قەت ئەوەی لەبیر خۆ نەبردەوە.

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە و گەڕانەوەی برادەران، مەلا سمایلی حاجی–م بۆ عیلاجی چاوی بردە لای دکتۆر و ناردیان بۆ شاری (بوتیف گراد) لەنەخۆشخانەیەکی چاو خستیان، مامۆستا هێمنیشم گێڕاوە و بردە لای دکتۆر و کەمالی کوڕیشم بۆ گەڕانی نێو شار لەخزمەتی دابوو، بەکورتی هەتا رۆژی

١٩٧٦/٦/٩ کەبەڕێم کردنەوە لەخزمەتیان دا بووم، خۆم بۆ معالەجەی معیدە و زراوم دەبوایە بچمە خەستەخانە و بۆ ڕۆژی ٦/١٦ جێگام بۆ قۆرخ کرابوو.

ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٥ کۆنستانتینۆڤ بەرپرسی ئێرانیەکان لەبەشی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان داوای کرد بچم ببینم، کەچووم پاش بەخێرهێنان گوتی: (حیزبی تودە لەئاخری مانگی مای دا، نامەیەکی نووسیوە و دەڵێ کەریمی حسامی بۆ کار لەرادیۆ پەیکی ئێراندا لەسەر حیسابی ئێمە هاتۆتە بولغارستان، ئێستا لەحیزبێکی ناسیۆنالیستی دا کار دەکا و دژی حیزبی تودە و دژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵدەسووڕێ، کەوابوو تۆ دەبێ وەزعی خۆت روون کەیەوە، چونکە ئێمە حیزبی تودە بەرەسمی دەناسین).

گوتم: وەزعی من روونە، نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و کۆمۆنیستی هەر ئەوە نییە کەمرۆڤ ئەندامی حیزبی تودە بێ، من پارەکە لەنامەیەکدا داوام لەحیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان کردوە کەرێگا بدەن منداڵەکانم خوێندن تەواو بکەن، ئێستا ئەگەر بەقسەی حیزبی تودە رێگا نادەن، راستە و راست بڵێن، من جارێ بۆ معالجەی معیدەم دەچمە خەستەخانە، تا دێمە دەر تکایە تۆش روونی بکەوە.

گوتی: (جارێ بچۆ نەخۆشخانە کەهاتیە دەر تەلەفۆنم بۆ بکە).

ڕۆژی ٧٦/٦/١٦ چوومە خەستەخانە و خستیانم، ژوورێکی بەتەنیایان دامێ هەلێکی باش بوو، زۆر بەجیددی لەزمانی ڕووسیەوە خەریکی پێداچوونەوەی کتێبی (دایك) بووم، من لەبەغدا کتێبەکەم لەفارسییەوە کردبوو بەکوردی، بەڵام زۆر پێویست بوو لەگەڵ ئەسڵی ڕووسیەکە بەرئاوردی بکەم، شلێری کچم کەلەمەدرەسەی سۆفێتی دەیخوێند، زۆر ڕۆژان دەهاتە لام و لەپێداچوونەوەی دا یارمەتی دەدام.

رۆژی ١٩٧٦/٦/٢٥ لەخەستەخانە هاتمەدەر و نامەیەکم سەبارەت بەمانەوەی منداڵەکانم لەبولغارستان بۆ حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان نووسی و رۆنووسی نووسراوەکەشم بۆ دکتۆر قاسملۆ نارد.

رۆژی ١٩٧٦/٦/٢٦ کەمالی کوڕم دیپلۆمی وەرگرت و بەبۆنەی تەواو بوونی ساڵی خوێندن لەمەدرەسە ئامەنگێکی خۆش ساز کرابوو، بەشداریمان کرد.

هەرچەند برادەران لەبەغداوە داوایان دەکرد کەزوو بگەڕێمەوە، لەسەر پێشنیاری دکتۆر کەجارێ بۆ گەڕانەوە تاڵوکەی نەکەم، لەسۆفیا مامەوە، رۆژی ١٩٧٦/٧/٢ لەگەڵ کەمالی کوڕم، چووینە کۆمیتەی بەرپرسی خوێندکارانی بێگانە و داوامان کرد کەرێگا بدەن لەزانستگا خوێندنی بەرز درێژە پێ بدات.

لەو سەروبەندەدا کەلەسۆفیا بووم، نامیلکەیەک لەلایەن رێکخراوی حیزبی تودەی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە لەنووسینی دکتۆر رەحیمی قازی و دکتۆر عەلی گەلاوێژ، نووسراوەکە لای خۆی بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە ٢٦/ ئەپریلی ٧٦ نووسرابوو، بەڵام بێجگە لەوە کەنووسەرانی بەڕێز بۆچوونەکەیان دوور لەواقعیەت و لەسەر خەیاڵی دوورە وڵاتی بوو، بێ ئەوەی لەخەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات ئاگادار بن ریزە و شەیەکیان هۆندبۆوە، بۆ ئەوان حیزبی دیموکرات تا ئەو دەمە هەبووە کە گوێا لەگەڵ حیزبی تودە بووە و یان تا کۆماری دیموکراتی کوردستان هەبوە، پاش ئەو دەم گوێا حیزبی دیموکرات نەماوە و لەسەرانسەری نامیلکەکەشدا ئەم پەیامەی حیزبی تودە بڵاوکرابۆوە کەدەڵێ: (ئێمە تەواوی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی کورد لەئێراندا بانگ دەکەین کەوەکو تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی ئازربایجان و گەلانی تری ئێران لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران یەک بگرن و سوونەتی شۆڕشگێڕی و یەکێتی سازمانی و سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی دایک– حیزبی گشتی چینی کرێکاری ئێران سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە).

نامیلکەی دکتۆر رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژم بۆ دکتۆر قاسملۆ نارد، لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی پێشنیارمان کرد کەدکتۆر وەڵامی بنووسێتەوە، لەوەڵامی نامەی مندا دکتۆر نامەیەکی بۆ ناردبووم باسی دوو مەسەلەی کردبوو: یەکەم لەمەڕ گەڕانەوەی خۆی بەسەفەر بۆ عێراق کەئێمە داوامان دەکرد بۆ ماوەیەك بێتەوە بەغدا، بەڵام حکومەتی عێراق وێزای نەدەدایە، لەو بارەوە نووسیبووی: (نەزەرم ئەوەیە کەکاك مینە (حەمەدەمینی سیراجی) بۆ خۆشی بەقەولی خۆی تێبکۆشێ بەڵکو بتوانێ نەبزیان تاقی بکاتەوە، پێویست نییە مەسەلەکە راستەوراست مەترەح بکا، بەڵکو دەتوانێ بڵێ کەباوکی هیوا (دکتۆر قاسملۆ) خەیاڵی سەفەری هەیە بۆ عێراق و داوای پاسپۆرت بکا بزانێ دەڵێن چی....).

دووەم لەسەر وەزعی من و وەڵامی نامیلکەی ناوبراو نووسیبووی: (لەسەر وەزعی خۆت و منداڵەکان نەزەرم ئەوەیە کەحیزبی تودە بەهەموو هێزییەوە خەریکە وەزعی تۆ وەك وەزعی من لێ بکا، بەداخەوە ئێمە ئێستاش نامانەوێ ئیعتیراف بکەین کەئەوەی لەوڵاتانی سۆسیالیستی دڕی ئێمە کراوە، لەحیزبی تودەوە سەرچاوە دەگرێ، نەزەریشم ئەوەیە هەتا ئەتۆ لەحیزبی دیموکراتدا مەسئول بی و هەتا حیزبی دیموکرات ئامادە نەبێ بچێتە ژێر باری ئەوان، هەر خەریك دەبن و ئیمکانی سەرکەوتنیشیان زۆر زۆرە، هەموو ناوێکیشت لەسەر دادەنێن، شێوەکەیا ئەوەیە، جا دەبێ مەسەلەکە لەو بارەوە تەماشا بکەین و فیکرێکی ئەساسی بکەین، دەنا هەڕەشەی حیزبی تودە وەك شیری دیمۆکلیس هەر لەسەرمان دەبێ، نووسراوەکەی رەحیم و عەلیم خوێندەوە، نە موافقی پێشنیاری کاك حەسەنم و نە موافقی نوسراوەی تۆ، بۆچی ئێمە دەبێ حاڵەتێکی دیفاعی بۆ خۆمان بگرین و کارمان ئەوە بێ کەئیسپاتی بکەین کەهەین، بەنەزەری من ئێمە دەبێ شتێکی درێژ لەسەر ئەم نامیلکەیە بنووسین و هەموو شتێك بەجوانی و بەباشی تەحلیل بکەین، موافقی ئەوەم کەتۆ بینووسی و منیش تەماشای بکەم، بەڵام موافق نیم کەبەناوی خۆت بینووسی، هەرچەند نەزەرم ئەوەیە کەحیزبی تودە هەموو شتێك

دژی تۆ هەر دەکا، بەڵام پێم وایە باشترە بەناوی خۆت جارێ تەحریکیان نەکەی، نەزەری برادەرانیش لەو بارەوە بپرسە....).

من دەستم کرد بەنووسینی وەڵامی نامیلکەی حیزبی تودە کەدوای دیتنی دکتۆر قاسملۆ، وەچاوپێکەوتن و دەست تێوەردانی برادەرانی دەفتەری سیاسی بەناوی (وەڵامێك) بەناوی (شیروان) بەفارسی و بەکوردی بڵاو کرایەوە.

ئەو ماوەیەی کەلەسۆفیا بووم بێجگە لەکاك حەمەدەمینی سیراجی کەبەردەوام بەهۆی نامە و تەلیفۆن پێوەندی هەبوو، مامۆستا هێمن و برادەرانی دیکەش نامەیان دەنووسی، بەتاریخی ١٩٧٦/٧/١٤ هاوڕێی بەنرخ و خۆشەویستی هەموو لایەك مەلا عوسمانی میراوەیی ناسراو بە (جەلال) نامەیەکی بۆ ناردبووم، بەیادی ئەو دەقی نووسراوەکەی بڵاو دەکەمەوە.

تاتی[١٨] گیان نامەکەی نووسیبووت ٧/١ گەیشت و چاون پێ روون بۆوە، بەتیر و تانەی سەرەتاکەی نامەکە شیرینتر ببوو، بەتایبەتی بۆ من کەهانی دام هێندە تەنبەڵ و سڕ نەبم، هیوادارم تا ئێستا نەخۆشیەکەت بووبێتە تۆزی بانان و سەر و شوێنیشی نەمابێ، دیار بوو لەنەخۆشخانە زۆر تووشی ناڕەحەتی ببوی، نامەکە باسی هیچ نەخواردن و رشانەوە و جەرگ و زراو پشکنین و مانەوەی زۆری تێدا بوو، بێ مزەڕەت دەبی ئیشەڵا و بەسڵامەتیش لەبەردەستی ئەو پەرستارە سەیر و فەقیرانە ! نەجاتیت دەبێ.

تاتی گیان ئەگەر درۆیەت دەخزمەتدا نەکەم، تەنبەڵی و سڕیەکەم لێ کەم نەبۆتەوە و دەترسم زیادیشی کردبێ، لەبەر دوو سێ سەبەبیش: یەکێکیان گەرمای زۆر و بێ جێ و ڕێ کەبەڕاستی تەئسیرێکی زۆری هەیە دیوەکانی سەرێ یەك دوو سەعاتی پێش نوێژی نەبێ هیچیان لێ ناکرێ، گەرما پیاوی هار دەکا، خوارێش بۆ خۆت دەزانی ئاوەدان و بۆ ئی وەك من سست و سڕ جێ کار نییە،

---

(١٨) لەزمانی منداڵەکانی خۆمەوە کەلەجیاتی (بابە) پێم دەڵێن تاتی.

یەکێکیان ئەوەیە بەناشکوری نەبێ دەرد و نەخۆشی هەر رووی دەلایەکی نەکردوە، لەمالّی مەدا هەر خالید و رەحمان بەساخی دەرچوون، مەسەلەن من بیست رۆژ دەبێ موم لەقامکی شادە هاتوە ئەو لەو دەمی وەرە بۆ هەوەلّجار ئەو چەند خەتەی پێ دەنووسم، بەلّام چابوو زوو لەنەخۆشخانەی بۆیان دەرهێنام و بڕێك بەهاسانی چاری کرا، قازانجی ئەوەبوو دەستی چەپەم کەمێك فێری وردە کار بووە، سێهەمیان ئەوەیە خۆ تاتی لێرە نییە زوو زوو تێم راخورێ و کارم بۆ ببینێتەوە و هانم دا و وەکارم خا، وەك جەمال بەئەبوو مژدەی گوت: (مالّی خۆیەتی کەیفی لێ بێ دوو نانان دەخوا و کەیفی لێ بێ سێ نانان دەخوا).

جەمالی فەقیریش چاك نەبۆوە، پێویستی بەعەمەل هەبوو مانگی داهاتوو عەمەلیاتی دەکەن، بوکیش نەخۆشیەکەی هەروەك خۆیە و رۆژ یەك دوو جار دەڕشێتەوە، رەنگە ئەویش تووشی عەمەلیات بێ، زلّێخا چاو ئێشەی گرتوە و بەقسەی دکتۆری تەراخومیەتی، بەلّام شوکر یەك دوو رۆژە چاکە، مامەپیرە (مامۆستا هێمن) هەر لێگەڕێ گەرمای هاوینیش لەدەردەکانی پێشووی بۆتە سەربار.

تاتی گیان لەبارەی رۆژنامەکانەوە خەتای رەحمان مەگرە، چونکە بەزۆری من بۆی دادەنێم بۆت بەڕێ بکا، ئەوانی تکراری هیچ، ئەوانی پێت ناگەن من بۆت نانێرم چونکە جێ وایان تێدا نییە، لەبارەی سۆمالّییەوە بێجگە لەوەی تۆ نووسیبووت رێگا گەلەکان شتی دیکەشیان تێدایە، دیارە ئالّوگۆڕێکی ژیکەلّەیان بەدی هێناوە، زۆر بەیانم خوێندۆتەوە، تاتی گیان لەنامەی پێشوودا نووسیبووم ئەگەر گەرما بێلّێ خەریکی خوێندنەوەی دایك دەبم و وردە وردە دەستیشی لێ دەدەم، بەلّام تا ئێستا هیچم لێ نەکردووە، مەگەر لەوەی پاش بڕێك ئازاتر بم، لەو ماوەیەدا کاری گەورەم رۆژنامە خوێندنەوە بووە، تاتی شەرەفنامە بەریدی نایهێنێ، چونکە قاچاخ کراوە، ئەبو مژدە (حەمەدەمینی سیراجی) دوو رۆژە چۆتە سەرێ دە پازدە رۆژی پێ دەچێ، دەگەلّ ئەبو ئاوارە و (مەلا عەولا)

رەحمانی خەریکی تەقەتەق و پاکنووسین و ویستا لێ نەبووینەوە هەموو سڵاویان هەیە بۆ تۆ و بۆ براژنم و بۆ منداڵان، بەتایبەت خالید و زوڵێخا زۆر و لێ دەپرسن، هەر بەخۆشی بژین.

جەلال ٧٦/٧/١٤

مەسەلەی پاسپۆرت

پاسپۆرتێکی ئێرانیم هەبوو کەبۆ ئەورووپای رۆژئاوا سەفەرم پێ دەکرد، بەڵام ماوەی تەواو ببوو، دەبوایە درێژ بکرێتەوە، کاتێك لەڤارنا کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی هەبوو، دکتۆر حەسەنی شەتەوی گوتی: (پاسپۆرتەکەت بدە بەمن بۆت درێژ دەکەمەوە و بەپۆستەدا بۆت دەنێرمەوە)، دەرفەتێکی باش بوو، پاسپۆرتەکەم دایە تا ئەو ماوەیە کەلەسۆفیا بووم پاسپۆرتەکەی نەناردەوە، تەلیفۆنم بۆ کرد، گوتی: (پاسپۆرتەکەم درێژ کردۆتەوە و ناردوومە بۆ خاڵم (دکتۆر قاسملۆ) کەبۆت بنێرێتەوە)، مانگ و رۆژ چوون و پاسپۆرت دیار نەبوو نەهاتەوە، لەکۆبوونەوەی پاریس داوای پاسپۆرتەکەم کرد، حەسەنی شەتەوی گوتی: (بەپۆستی سفارشی دا بۆ خاڵم ناردوە، بەڵام پسوڵەی پۆستەم لێ ون بوە لام نەماوە)، دکتۆر قاسملۆ دەیگوت: (پاسپۆرتەکەم پێ نەگەیشتوە)، گوتم: سەیرە چۆن لەدیموکراسی فەرانسە و ئاڵماندا نامە و پاکەتی سفارشی ون دەبێ؟ دکتۆر گوتی: (جاری وا هەیە ئەگەر لەپۆستخانە هەستیان کرد پاکەتە شتێکی تێدایە هەڵی دەگرن، لەفەرانسە شتی وا دەبێ)، بەکورتی لەنێوان خاڵ و خوارزا (سکرتێر و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی) و دیموکراسی فەرانسە ئاڵماندا پاسپۆرتەکەی من سەری تێداچوو.

گەڕانەوە بۆ بەغدا

برادەرانی کەلەعێراق بوون پەیتا پەیتا دەیانووسی کەزووتر بچمەوە بەغدا، رۆژی ١٩٧٦/٨/٢٥ بەرەو بەغدا رۆیشتم لەبەغدا هەوەڵ کارمان ئەوەبوو کەداوا

لەحکومەتی عێراق بکەین ڤیزا بۆ دکتۆر قاسملۆ بنێرێ و بۆ ماوەیەک بێتەوە نێومان، کابرای بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هاتە لامان و گوتی: (قاسملۆ لەئەوروپا دژی ئێمە دەجوڵێتەوە، ئێمە خەبەرمان هەیە لەپاریس لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆبۆتەوە)، نەدەکرا حاشا بکەم، گوتی: دکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزبی دیموکراتە و کەسێکی ناسراوە، خەڵک دەچنە لای، دوور نییە چاوی بەجەلال تاڵەبانیش کەوتبێ، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نییە کەدژی حکومەتی عێراق بجوڵێتەوە، کابرا گوتی: (هەر کاتێ قیادە بڕیاری دا ڤیزا بدرێ بەقاسملۆ، خەبەرتان دەدەینێ).

لەسەر بڕیاری پلینۆم سەبارەت بەتێکۆشانی پتر لەکوردستانی ئێران بڕیارمان دا چەند کەس بنێرینەوە بۆ وڵات، لەنێو براەرانداسەید رەسوڵی بابی گەورە و فەقێ عەوڵای قەلەڕەشە ئامادەیی خۆیان نیشان دا، هەڵبژاردنی سەید رەسوڵ بۆ ئەو سەفەرە لەبەر ئەوە بوو کەمرۆیەکی ئازا و شارەزای رێگاوبان و لەناو خەڵکی ناوچەشدا ناسرابوو، رۆژی ١٩٧٦/٨/١٠ لەبەغدا تفەنگێکی کلاشینکۆفم لەگەڵ دەمانچەیەک لەبن دۆشەگی ماشێن تاقەت کرد و چوومە کۆیە، خەبەرم دا فەقێ عەوڵاش هاتە وێ، لەکۆیە پا سێ تفەنگی کلاشینکۆف و دوو دەمانچەی چاردە خۆرم لەماشێن نا و دایکی مەلا رەسول و خێزان و منداڵەکانی سەید رەسوڵم سواری ماشێن کرد و بەرەو قەلادزە، پێشتر سەید رەسوڵ و فەقێ عەوڵا و میرزا عەلیم بەرێ کردبوون، لەگوندی خەندەکە لەنزیک قەلادزێ لەسەر چۆمی لام دا، ژن و منداڵ دابەزین بەبیانووی سەیرانێ سەید رەسوڵ و فەقێ عەوڵاش هاتن، ناردم لەماڵی کوێخا رەسوی مەنگور بارگینێک و تێرێکیان هێنا، چەکەکانمان خستە نێو تێڕ و منداڵێکی ماڵی کوێخا رەسوڵمان سوار کرد و بەرەو بناری خستمانەڕێ، سەید رەسوڵ و فەقێ عەوڵا و میرزا عەلیش وردە وردە بەپێیان بەدوای بارگیندا هەڵکشان.

هەوەڵین هەنگاوی ئێمە بوو کەکادرێکی خۆمان راستەوخۆ بنێرینەوە کوردستانی ئێران، ئێمە پێشتر پێوەندیمان دامەزراندبوو، تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لەژوورەوەی وڵات دەست پێکرابوو، لەگەڵ بانە و سنە و سەردەشت و تارانیش پێوەندیمان هەبوو، بەڵام سەفەری ئەم جارەی سەید رەسوڵ کارێکی تایبەتی بوو بەرەو هەنگاوی بەکردەوە لەلایەن رێبەرایەتی حیزبەوە.

دیارە بەرهەمی سەفەرەکە تەنیا شارەزایی و دۆزینەوەی هێندێ مزڵ و پێگەی سەر رێگا و ناسیاری چەند کەسێك بوو، لەمەهاباد بێجگە لەبرادەرێك کەدۆستی سەید رەسوی بوو کەسی تری نەدیبوو، سەید رەسوڵیش بەگوێرەی بۆچوون و هەڵوێستی خۆی وەك فەقێ عەولا دەیگوت لەم سەفەرەدا پتر باسی شۆڕشی کوردستانی عێراقی بۆ خەڵك کردبوو، چونکە بەراستی سەید رەسوڵ هەموو دوارۆژی کورد و ئازادی و سەرکەوتنی کوردی لەشەخسی بارزانی و شۆڕشی کوردستانی عێراقدا دەبینی، هەرچەندە سااڵێك بەسەر هەرەس هێنانی شۆڕشی کوردستانی عێراقدا تێپەڕی بوو، بەڵام سەید رەسوڵ زەرەیەك لەدەروێشایەتی بارزانی کەمی نەکردبۆوە.

لێرەدا کەباسی سەید رەسوڵ و سەفەرەکەی هاتە گۆڕێ، ناکرێ زۆر بەکورتیش بێ یادی نەکەمەوە، هەرچەندە نووسینی گشت رەوشت و ئاکاری سەید رەسوڵی بابی گەورە زۆر هەڵدەگرێ، خۆزیا ئەو برادەرانەی پتر لەگەڵی بوون و پتر هاوکاریان کردوە بەدرێژی لەسەری بنووسن، چونکە سەید رەسوڵی بابی گەورە بەچاك یان بەخراپ لەمێژووی ئەم دواییەی خەباتی حیزبی دیموکرات و لەنێو کۆمەڵیشدا شوێنی دیارە و کوشتنی ئەو لەلایەن هەرکەس و هەر تاقمێکەوە بێ جینایەتە و مەحکومە.

سەید رەسوڵ پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بوو، لەکارەسات نەدەپرینگاوە، هەرچەند بیری لێ بکەیەوە مرۆڤێکی جوامێر و دەست و دڵ ئاوااڵ و میوانگر و سەخی بوو، بەداخەوە هەمیشە دەست تەنگ و قەرزداری میواندارێ پیاوەتی و دەست والایی

بوو، پیاوێکی بەسەلیقە و بێ فیز و دڵسۆز و خزمەتگوزاری هاوڕێیانی بوو، ژیان ناچاری کردبوو هێندێك جار وەدەو بڕیارەکانی نەباتە سەر، لەرێگای کورداییەتیدا سوتا بوو، من بڕوام هەیە هەرچی دەیکرد بەبۆچوونی خۆی لای وابوو بۆ کوردە و بۆ ئازادی کوردستانە جا چەندە راست بوو یا خەڵکی تر چۆنی بیر لەسەر دەکردەوە شتێکی تر، لەبەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانمدا هیوادارم پتر خزمەت و فیداکاری سەید رەسوڵ بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بێ وەفایی رێبەرایەتی حیزب دەرهەق بەسەید رەسوڵ روون بکەمەوە، ئێستا ناکرێ باسێکی خۆشی سەید رەسوڵ نەگێڕمەوە یەکێك لەرەوشتی سەید رەسوڵ زارپاراوی و قسەی خۆش و تەعریفکردنی شت بوو، ساڵی ١٩٧٤ لەبەر شەڕی کوردستان و پرسیار و پشکنینی سەیتەرە رێگا هاتوچۆ بۆ کوردستان دژوار بوو، دەبوایە بۆ سەردانی برادەران بچمە کوردستان، لەگەڵ سەید رەسوڵ سواری ماشێن بووین و سەعات چوار گەیشتینە کەرکوك دەمانویست بچینە سولەیمانی، لەسەیتەرەی کەرکوك رایان گرتین و رێگایان نەدا تێپەڕین، ناچار گەڕاینەوە بۆ کەرکوك، چ بکەین، شەو مانەوە لەهوتێلەکانی کەرکوك نەدەکرا، گوتم با بچینە ماڵی حاجی رەشید، (جەمال رەشید) لەسۆفیا دەیخوێند یەك دوو جار نامەی بەمندا بۆ ماڵی باوکی ناردبوو، چووبوومە ماڵیان ئەوانیش شتیان بۆ جەمال ناردبوو، لەگەڵیان ببومە ئاشنا، پیاو هەق بڵێ لەرادەبەدەر میوانگر و خزم دۆست بوون، بەڵام هەموو جارێ حاجی رەشید لای وابوو من وەزیری دەستە راستی مەلا مستەفام، دەیگوت: (لەسەر شۆڕشی کورد هوتێلیان تاڵان کردووم، دەبێ بەمەلا مستەفات بڵێی بۆم ببژێرێ)، هەرچەندی دەمگوت من مەلا مستەفا نابینم، لەبولغاریا دەژیم، پێوەندیم بەمەلا مستەفاوە نییە، فایدەی نەبوو وەری نەدەگرت، بەراستی سەرەڕای میوانداری و بەخێرهێنانیان، نەمدەویست بچمە ماڵیان، چونکە قسە و باسی حاجی رەشید تەنیا هوتێل و داوای تۆڵە و بژاردنی زەرەر و زیان بوو، ئەو شەوە بەناچاری چووینە ماڵی حاجی رەشید، وەك جاران زۆریان بەخێرهاتن کردین، نان و خوانێکی کوردانەیان ساز کرد، سەعات هەشتی ئێوارێ حاجی

نوێژی کرد و نان خورا و سەید رەسوم بەحاجی رەشید ناساند، گوتم: ئەم برادەرەی من باپیری شێخ بوە و یەکێك لەدەستبڕەکانی ولاتی ئێمە بوو، خۆشی شۆڕشگێڕە و سەیدە و ئەولادی رەسوڵی خودایە، لەکن مەلا مستەفاش زۆر نێزیکە، حاجی گوتی: (ئێمەش لەسەید و شێخەکانی شاهۆین، دایمەزراند و شەجەرە و بنەچەکە و سەربردەی خۆی لەگەڵ بەتالان چوونی هوتێل بۆ سەید رەسوڵ باس بکا، نێوە نێوە پێشی دەگوت ئەگەر بچیە کن مەلا مستەفا دەبێ باسی منی بۆ بگێڕیەوە).

سەید رەسو گوێچکەی بۆ شل کرد، لەنێو برادەرانی ئێمەدا قاو بوو کەسەید رەسو زۆر قسان دەکا، پیاو هەق بڵێ دم و راوێژی سەید رەسو ئەوەندە پاراو و لەبار بوو مرۆڤ لێی بێزار نەدەبوو، ئەو شەوە تا سەعاتی دوازدە حاجی رەشید نەیهێشت سەید رەسو زمانی بگەڕێ، تەنیا جار و بار بەڵێی دەگوت و سەری بۆ دەلەقاند، خودا و راستان حاجی چووە دەستشۆری، بەسەید رەسوم گوت: تۆ کەمێشکی سەری ئێمەت بردووە بۆ زمانت ناگەڕێ، وەی دەستی خۆش بێ، گوتی: (کۆڵەوارم گەیشتوومە پیاوی خۆم خوا بتگرێ تووشی کێت کردووم) باش بوو دوای سەعات دوازدە من گوتم خەوم دێ، حاجی هەرچەند قسەکانی تەواو نەببوو بەناچاری چۆوە ژوورێ و ئێمەش خەوتین.

نامەی سەید رەسوڵ

کاتێك لەگەڵ فەقێ عەولا و میرزا عەلی چووبۆوە ئێران، لەدەوروبەری مەهابادەوە نامەیەکی بۆ نووسیبووم، بێجگە لەباس و وەزعی رێگا و قۆناخەکان و دیتنی خەڵك و هێندێ داخوازی هەمیشەیی کەبریتی بوو لەپارە نووسیبووی: (چوومە ماڵە رەسوڵی فەتحەی کەلەزیندانەدرە بەقاچاخی تۆ لەماڵیان بووی زۆرت یاد دەکەن و زۆریان پێ خۆش بوو کەگوتم ئاگام لێیەتی و لەلای ئەوڕا دێم، پورە شەم پرسی تو ئەو خودایەی چۆنە سەلامەتە، گوتم: حاڵی زۆرباشە بەڵام لەتاو

فەقیر و هەژاران هەموو سەر و ردێنی سپی بووە، پورە شەم گوتی: کاکە بەخوا هەروا بووەو هەر فەقیر دۆست بووە گوتم: ئێستاش هەر وایە هەتا بۆی بکرێ نانی دەوڵەمەند و شێخو ئاغایان دەخوا و روو لەمالّی فەقیران ناکا دەڵێ با زەرەریان لێ نەکەوێ، گوتی: بەقوربانی بم لێرەش هەروا بوو، چاك چاك دەکا زاڵمن).

سەید رەسو باسێکی زۆری ولّات و رەمز و نیشانەی پێوەندی لەگەڵ خەڵکی بۆ ناردبووم کەپێویست بەنووسینەوەیان ناکات.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی رێگایان نەبوو بێنە بەغدا، ناچار من و حەمەدەمین و مامۆستا هێمن و مەلا عەولاّ چووینە کوردستان و لەکۆیە لەمالّی مەلا رەسوڵی پێشنماز ١٩٧٦/٩/١٨ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێکهات، لەکۆبوونەوەدا لەبارەی رێکخراوی حیزبی لەعێراق هێندێك برِیار دران، هەروەها برِیار درا کەوتارەکانی رۆژنامەی کوردستان پێویستە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن و پاشان چاپ بکرێن، برِیارێکی دیکە ئەوە بوو کەدکتۆر قاسملۆ بۆ ماوەیەك بێتەوە عێراق و کاك ئەمیری قازیش بەیەکجاری لەئەورووپا بگەڕێتەوە.

برِیاری پەسند کردنی وتارەکانی رۆژنامە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە لەبەر ئەوە بوو کەدکتۆر قاسملۆ بەتەنیا لەئەورووپا رۆژنامە بڵاو نەکاتەوە، لەنامەیەکدا کەبۆ دکتۆر قاسملۆ نووسیم برِیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیم پێ راگەیاند و داوام لێ کرد لەسەر برِیاری کۆمیتەی ناوەندی پێویستە بێتەوە عێراق، نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندیش هەر لەرێگای دکتۆرەوە بۆ کاك ئەمیر ناردرا کەبۆ گەڕانەوەی یەکجاری خۆی ئامادە بکات، حکومەتی عێراق موافەقەتی کردبوو کەدکتۆر و کاك ئەمیر بەسەفەر بێنەوە عێراق.

سەرەتای مانگی رەزبەر سەید رەسوڵ لەسەفەر گەڕایەوە، لەراپۆرتی خۆیدا گوتی: (لەگەڵ چەند کەس لەروناکبیرانی مەهاباد قەرارم داوە کەبێنە دەرەوەی

شـار و داوا دەکـەن کەیـەکێك لەبەرپرسـەکانی حیـزب بچـێ و لەگـەڵیان بـدوێ، پێشـنیاری کـرد کەیـەکێك لـەبرادەرانی بـەرپرس دەگـەڵ خـۆی بچـێتەوە ئێـران و بناخەیەکی پتەوی حیزبی لەمەهاباد دابمەزرێ، پێشنیارم کرد کەمن بـۆ خـۆم ئـەو سەفەرە بکەم، سـەید رەسـوڵیش لەسـەر چـوونی مـن پێـی دادەگـرت، برادەرانـی دەفتەری سیاسی دژی ئـەوە بـوون کـەمن ئـەو سـەفەرە بکـەم، پێشـنیاریان کـرد کەمەلا عەوڵای بنێرین، لەگەڵ مامۆسـتا باسـم کـرد، وەك پیـاوان ئامـادەیی خـۆی دەربڕی، پاش ئـەوەی کـەبڕیار درا مـەلا عـەوڵا و سـەید رەسـوڵ پێکـەوە سـەفەر بکەن، بانگم کردن و پاش رێنوێنی و بـیرەوەری و راوێـژی پێویسـت گـوتم: دیـارە ئێوە وەك هاوڕێ و ئەندامی حیزب سەفەر دەکەن، بەڵام لـەو سـەفەرەدا مامۆسـتا مەلا عەوڵا دم راست و بەرپرسە، نابـێ لەقسـەی ئـەو بچنە دەر و بڕیـاری نیهـایی بەدەستی ئەوە.

مـەلا عـەوڵا گـوتی: (ناچـم، مـن سـوێندم خـواردوە لـەحیزبی دیموکراتـدا هـیچ مەسئولیەتێك وەئەستۆی خۆم ناگرم، ئیستیعفام داوە و بڕاوەتـەوە، تـەنیا ئەگـەر دەڵێـی وەك پێشـمەرگەیەك لەگـەڵ سـەید رەسـوڵ دەچـم، نـانی بـۆ هەڵـدەگرم و کێشکی لێ دەکێشم و هیچی تر).

هەرچەندی هەوڵمدا نەچووە ژێربار، کاك حەمەدەمین گوتی: (خۆت ماندوو مەکە با بڕوا سەفەرەکەی بکا لـەوێ ئەگـەر خـەڵك ببینـێ و بکەوێتـە وتوێـژ نـۆرەی سـەید رەسوی نادات).

رۆژی ١٩٧٦/١٠/٢٧ سەید رەسو و مەلا عەوڵام سواری ماشێن کرد بۆ کۆیە، لـەوێ کەریم نەستانیشم رەگەڵ خستن و بەڕێم کردن، لەگەڕانەوەدا سەید رەسوڵ گوتی: (قسەی کاك حەمەدەمینی وەراست گەڕا، مەلا عەوڵا لەو سەفەرە نەیهێشتوە زمانم بگرێ هەر خۆی پێ راگەیشتوە).

پاش بەڕێ کردنی مەلا عەولاّ و سەید رەسوڵ لەکۆیە چوومە سولێمانی، لەگەڵ مەلا عەبدولخالقی کادری حیزب چووینە هەڵەبجە چەند ئەندامی حیزبی دیموکرات کەلەوێ دەژیان داوایان کردبوو کەپێوەندیان لەگەڵ بگیرێ، لەگەڵ ئەو برادەرانە کۆبوونەوە و لەبارەی پێوەندی لەگەڵ وڵات و شێوەی تێکۆشان و هاتوچۆ و پێوەندی لەگەڵ بەرپرسی کاروباری ئێران قەرار و مەدارمان دانا و رۆژی ٣٠ی مانگێ گەڕامەوە بۆ بەغدا.

رۆژی ١٩٧٦/١١/٣ چاوم بەنوێنەری حیزبی بەعس کەوت رایگەیاند کەدکتۆر قاسملۆ و ئەمیری قازی دەتوانن بێنەوە عێراق و پێویستیان بەویزا نییە، لەنامەیەکدا بڕیاری حکومەتی عێراقم بۆ دکتۆر راگەیاند و بۆم نووسی کەوا چاوەڕوانی هاتنەوەیان دەبین، رۆژی ١٩٧٦/١١/١٧ دکتۆر و کاك ئەمیر هاتنەوە بەغدا، رۆژی ١١/٢١ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێکرا، پاش باسێکی چەند رۆژە و هەموو لایەنە لەسەر بارودۆخی تێکۆشان و لێکدانەوەی هەلومەرجی خەبات بڕیاردرا کەبۆ پیادەکردنی نەخشەی سیاسی نیزامی (سیامی) هەنگاو باوێژرێ. بۆ پیادەکردنی ئەم گەلاّلەیە رۆژی ١١/٢٣ بەپێشنیاری دکتۆر کۆمیتەیەك لەم برادەرانە هەڵبژێردرا، دکتۆر قاسملۆ، کاك ئەمیر، کاك حەمەدەمین، مەلا رەسوڵ و مەلا عەولاّ، بڕیاردرا ئەو کۆمیتەیە دەسەلاّتی تەواوی هەبێ و هەموو دەرەتانێکی حیزبی بخرێتە بەردەستی بۆ کار لەئێراندا، پاش دوو رۆژ مەلا عەولاّ لەئەندامەتی کۆمیتەی سیامی پاشگەز بۆوە و مەلا سمایل بەزۆربەی دەنگ لەجێگای ئەو هەڵبژێردرا، کۆمیتەی ناوەندی هەروەها بڕیاریدا کەبەخۆی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە بەحیزبی تودە رابگەیەنرێ بەو شەرتەی کەلەئیدعای پێشووی خۆی سەبارەت بەحیزبی دیموکرات پاشگەز بێتەوە ئێمە ئامادەین لەسەر پێکهێنانی بەرەیەك وتوێژی لەگەڵ بکەین، لەکۆتایی کۆبوونەوەدا دکتۆر قاسملۆ گوتی: (کۆمیتەی ناوەندی وەك ئۆرگان باش کاری نەکردوە ئەگەر مەسئولیەت بەش بکەین دەپێشدا سکرتێری حیزب و پاشان بێرۆی سیاسی و

کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسن، هۆی ئەم وەزعەش ئەوەیە کەپێکەوە کارمان نەکردوە، وەزعی عێراقیش هۆیەکی تر ناکۆکی فکرییە لەسەر مەسەلەکان لەنێو کۆمیتەی ناوەندی دا، لەسەر بۆچوونی مەسائیل ناکۆکی هەیە)، من پێشنیارم کرد کەئێستا کۆمیتەی سیامی بۆ پیادە کردن هەڵبژێردراونە باشترە دکتۆر قاسملۆ و کاك ئەمیر نەچنەوە ئەوروپا و لێرە بن، بەتایبەت کەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێشتر بڕیاری داوە کاك ئەمیر بەیەکجاری بگەڕێتەوە، دکتۆر قاسملۆ لەدژی پێشنیاری من برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی قانیع کرد کەبڕیاری گەڕانەوەی یەکجاری هاتنەوەی کاك ئەمیر هەڵوەشێتەوە و ئەوان بگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا، دیسان بەرپرسی رێکخراوی حیزبی لەعێراق وەك جێگری سکرتێر و ئەندامی دەفتەری سیاسی خستەوە سەر شانی من، بەڵام گیروگرفتەکانی باسکراو لەکۆمیتەی ناوەندی دا چارەسەر نەکران.

کاتێك دکتۆر قاسملۆ لەبەغدا بوو رۆژێك دوو کەس بەناوی نوێنەری حیزبی بەعس لەگەڵ کابرای پێوەندیدار بۆ بەخێرهێنانەوەی دکتۆر هاتنە لامان، لەسەر گەلێك مەسائیل لەگەڵ دکتۆر دوان و پرسیاریان لێ کرد و وەڵامیان وەرگرتەوە، مەزانە لەو دوو کەسە یەکیان کورد بووە ئێمە نەمان ناسیوە لەهێندێ قسەکانی دکتۆر و کاك حەمەدەمین حاڵی بووە، دوای گەڕانەوەی دکتۆر کابرای بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئێمە چاوی بەکاك حەمەدەمین دەکەوێ و دەڵێ: قاسملۆ لەگەڵ ئێمە راست نییە، راستی پێ نەگوتوین، زۆر شتی باسکردەوە کەوا نەبووە).

رۆژی ١٩٧٦/١١/٢٧ دکتۆر گەڕاوە بۆ ئەوروپا، هەرچەند برادەرانی حیزبی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەلانی کەم مانگێك بمێنێتەوە و چاوی بەئەندام و کادرەکانی حیزبی بکەوێ، چەند رۆژێکی پێ چوو کابرای پێوەندیدار هات و گوتی: سەعدون شاکر، کەئەودەم مودیری موخابرات بوو داوای کردوە چاوی پێت بکەوێ، رۆژی چاوپێکەوتنی دیاری کرد، لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی لەکاتی دیاری کراودا چووین، پاش دانیشتن و ئەحوالٌ پرسی گوتی: (ئێوە لێرە دەژین، ئێمە

یارمەتیتان پێ دەکەین بەڵام ئێوە بەهیچ جۆر یارمەتی ئێمە ناکەن، ئێستا ئێوە باش دەزانن عەسابەی جەلال تاڵەبانی لەکوردستان دەسوڕێنەوە، مەلا مستەفا نۆکەری ئیمپریالیزمە، بەڵام ئێوە قەت باسیان ناکەن، دەمانەوێ لەسەر عەمالەتی مەلا مستەفا و عەسابەی جەلال تاڵەبانی بەیانێك دەربکەن و کردەوەی ئێستا و رابردوویان بەتوندی مەحکوم بکەن، بێجگە لەوە سکرتێری ئێوە لەدەرەوە لەگەڵ دوژمنانی ئێوە پێوەندی هەیە و لەگەڵ ئێمە راست نییە).

لەوەڵامدا بەئیجازەی کاك حەمەدەمینی گوتم: لەبارەی خەباتی دژی ئیمپریالیزم و حکومەتی ئێران ئێمە هاوخەباتی ئێوەین و هەرچی لەدەستمان بێ یارمەتی دەکەین، بەڵام لەبارەی عێراقەوە ئێمە حیزبی کوردستانی ئێرانین، بڕیارمان داوە دەست دەکاروباری نێوخۆی عێراق وەرنەدەین، چونکە ئەگەر باسی عێراق بکەین و وەك ئێوە دەڵێن لەسەر مەلا مستەفا و جەلال تاڵەبانی بنووسین، ئەودەم ناچارین دەبێ بەگشتی باسی وەزعی کوردستانی عێراق بکەین کەوا چۆڵکراوە، باسی هەزاران خاو و خێزانی کورد بکەین کەبەزۆرەملێ لەکوردستان دوورخراونەوە و لەنۆردوگاکاندا کۆکراونەتەوە، باسی ئیعدامەکانی موسڵ و بەغدا بکەین، ئێمە پێمان وایە بێدەنگی ئێمە لەسەر عێراق بەقازانجی ئێوەیە، ئێمە هیچ پێوەندیمان لەگەڵ جەلال و مەلا مستەفا نییە و سیاسەتی ئەوانیش تەئییدناکەین.

سەعدون شاکر گوتی: (ئەگەر وایە ئێوە لەدەرەوەی عێراق شۆێنێك بۆ خۆتان بدۆزنەوە، مانەوەتان لەعێراق نابێ).

گوتم: ئەگەر حکومەتی عێراق جوابمان بکا، یا بۆ شۆێنێکی تر دەرێین، یان دەچینەوە ولاتی خۆمان و خەبات درێژە پێ دەدەین، بەڵام جارێ دەمانەوێ سەفەرێك بۆ یەمەنی دیموکراتی بکەین، تکایە بۆ ئەو سەفەرە یارمەتیمان بکەن، پاشان ئێمەش بیرێك لەخۆمان دەکەینەوە و بڕیارێك دەدەین.

وتوێژمان تەواو بوو هاتینەدەر، هەڵوێستی تازەی حکومەتی عێراق لەگەڵ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی باسکرا، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەپێویستە بەشێلگیری بیرێك لەوەزعی خۆمان بکەینەوە.

لەو سەروبەندەدا ئەنوەر سادات سەرکۆماری میسر دەهاتە عێراق، ئێوارەیەك کابرایەکی موخابرات هات و گوتی: (ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات کەلەبەغدان، پێویستە بەیانی پاکیان لێرە خانووی حیزب کۆوەبن، نوێنەرێکی قیادەی قوتری دێت و قسەتان دەگەڵ دەکات).

شتێکی تازە بوو، قەت شتی وا نەببوو بێجگە لەبەرپرسی پێوەندیەکان کاریان بەئەندامی حیزبی بووبێت، ترسی ئەوەمان لێ پەیدا بوو کەبمان پێچنەوە، هێندێ تەگبیری پێویستمان کرد ئەو بەڵگە و نووسراوانەی حیزبی کەپێویست بوون بپارێزرێن گواستمنەوە و بردم بۆ جێگایەکی ئەمین کەبۆ لای دایکی کەمال بنێردرێنەوە، هێندێك دراوی حیزبی لای کاك حەمەدەمین هەبوو بردمن لەشوێنێکی ئەمین دامان نا، ژنەکانمان فێرکرد کەئەگەر پیاوەکان گیران ئەوان چ بکەن، چوومە بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ئەوانم ئاگادار کرد کەلەسەر هەست بن، قەرارمان دانا رۆژی دوایی تەلیفۆن بۆ ماڵەکەمان بکەن، لەگەڵ وەڵامدانەوە لەحاڵ و باڵمان ئاگادار دەبن.

رۆژی دوایی بەیانی زوو کابرای بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ یەکی تر پەیدا بوو، گوتی: (لەئێستاوە نابێ هیچ کامتان لەم خانوە وەدەرکەون، خۆمان نان و خواردەمەنیتان بۆ دێنین، ئەو برادەرەش لەلاتان دەبێ و چاوەدێرتانە، کابرای بەجێ هێشت و ئێمەش هەموومان لێی دانیشتین، ئەو چەند رۆژەی ئەنوەر سادات لەبەغدا بوو، ئێمە لەو ماڵەدا لەژێر چاوەدێری دا بووین بەیان و نیوەڕۆ و ئێوارە نان و چێشتێکی خەستیان بۆ دێناین، خولا هەڵناگرێ ناخۆشیش نەبوو، دەستمان کردبوو بەگاڵتە و گەپ و شتی سەیر رووی دەدا، کابرای هاتبوو ئاگای لەئێمە بێ کەوەدەر نەکەوین وەك گا لێی دەنووست، مەلا رەسوڵ دەیگوت با بنوێ ئێمە

کێشکی لێ دەکێشین نـەوەك بچـێتە دەر و رابکـات، هێنـدێك جـار دەمـانگوت وەك عەلی حەسـەن ئاغـای مـەنگوڕ بـا دەرگـای لەسـەر داخـەین و بـڕۆین هـەتا ئێـوارێ نەگەڕێینـەوە، برادەرانمـان لەکوردسـتانەوە دەهـاتن لەپـەنجـەرەوە ئیشـارەمان دەکرد لامەدەن و بڕۆن تێماندەگەیاندن کەمەسەلە چییە، لەهەمووی خۆشـتر مـەلا حەسەنی رەستگار بـوو، مـەلا حەسـەن لەکوردسـتان دەژیـا جاروبـار بێکـار و بـار پـەیـدا دەبـوو هەشـت نـۆدە رۆژ لـەخانووی حیزبـی خـۆی بەعـەرزی دادەدا و سیغارەکانی مامۆسـتا هێمنـی خـلاس دەکـرد، رۆژێکـی لـەو ئاسـتەدا پـەیـدا بـوو، لەپـەنجەرەوە تێمانگەیاند هەواکەی هەورە، نەکەی لابدەی، تێی تەقاند و رۆیشـت مامۆستا هێمن گوتی: (خـوا چـاکەیان بـۆ بکـا ئـەو جـارەش سـیغارەکانم لەچـنگ حەسەنی رزگار بوون).

بەشەو دوو کـەس دەهـاتن لامـان دەمانـەوە شـەوێك بـەمنیان گـوت: (ئوستاذ بـۆ لەگـەڵمان نایـە دەرێ نـەختێ بسـوڕێنەوە)، بـەبرادەرانم گـوت: لەگـەڵیان وەدەر دەکەوم، مەبەستم ئەوە بوو بـزانم سـوڕانەوەی لەقاموسـی ئـەوان چـییە، سـواری ماشێن بووین چوینە بەر دەرکی سێ چوار خانوی فرە تازە و جوان و چەند قـات، یەکیان دەچوە سەر و دەگەڕاوە دەیگوت: (مەشغوڵە)، لەپێشـدا پـێم وابـوو مـاڵی خۆیانـە و دەیانـەوێ بـۆ خواردنـەوە داوەتم بکـەن، پاشـان لەقسـەکانیان بـۆم دەرکەوت هەموویان خانووی ژنی خۆفرۆشن و سەر بەدایرەی موخابەراتن.

پاشان گوتیان با بچینە (مەلها)، بەراستی لەژیانمدا مەلهام نەدیبوو، پـێم نـاخۆش نەبوو بزانم چییە و ئەوانە پێوەندیان لەگەڵ ئەو شوێنانە چۆنە، لەهەوەڵی جادەی کەڕادە، لەنێزیك ئاوەکەی عـەلی بابـە ماشـێنەکەیان راگـرت و لەخانویـەك چـووینە ژوور کـەوەژوور کـەوتین خاوەنەکـە و پێشـخزمەتەکان بەپیریانـەوە هـاتن و چـەند کورسـی خـاڵی دانرابـوون، دیـار بـوو هـەر بـۆ ئـەو کەسـانە راگیرابـوون، چـووین دانیشتین گورج سێ پێك وێسکی و مەزەیان هێنا چـەند ژنـی فلیپینـی و تایلەنـدی

سەمایان دەکرد وبسکیمان خواردەوە و گوتم با بڕۆین برادەران نیگەران دەبن، سوار بووین چووینەوە حیکایەتی ونە دەرم بۆ برادەران گێڕاوە.

سەفەر بۆ یەمەنی دیموکراتی

لەمانگی دیسامبری ١٩٧٦دا بالْیۆزخانەی کۆماری یەمەنی دیموکراتی لەبەغدا خەبەری داینێ کەلەحەوتووی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەعەدەن پێشوازی لێ دەکرێ، بۆ ڕۆیشتن خۆ ئامادە بکەن، بێرۆی سیاسی بڕیاری دا کەمن و دکتۆر قاسملۆ ئەو سەفەرە بکەین، لەنامەیەکدا دکتۆر قاسملۆم ئاگادار کرد، بەتەلیفۆن قەرارمان دانا کەڕۆژی ١٩٧٧/١/٧ لەفڕۆکەخانەی کوێت یەکتر بگرینەوە، داوامان لەحکومەتی عێراق کرد کەدکتۆر بێتەوە بەغدا و پێکەوە بڕۆین موافقەتیان نەکرد، ڕۆژی ٧ی ژانویەی ١٩٧٧ لەبەغدا سواری فڕۆکە بووم و چوومە کوێت، لەفڕۆکەخانەی کوێت چاوەڕوانی دکتۆر بووم نیوەشەو لەپاریسەوە گەیشتێ، بەیانی ڕۆژی ٧٧/١/٨ بەرەو عەدەن سواری فڕۆکە بووین، لام وایە ڕێگا نێزیکەی سێ سەعاتی خایاند، لەفڕۆکەخانەی عەدەن کەس بەدیارمانەوە نەبوو چونکە لەبەر هاتنی دکتۆر ڕۆژی گەیشتنمان دیاری نەکردبوو، پاش ئەوەی خۆمان ناساند زۆری پێ نەچوو ماشێنێك هات، تابلۆیەکی لەسەر داندرابوو (وفد الحکومی) دوو کەس هاتنە دەرێ و بەخێرهاتنیان کردین و بردیانین بۆ هوتێل، لای نیوەڕۆ سالم سالْح وەزیری دەرەوەی یەمەنی دیموکراتی و بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوە هاتە لامان، بەخێرهاتنی کردین و نانی نیوەڕۆی لەگەڵ ئێمە خوارد، پاشان گوتی: (ئێوە بحەسێنەوە و تەرتیبی چاوپێکەوتنتان ئامادە دەکرێ)، ئەو ڕۆژە ئێمە دوای نان خواردن نەختێك حەساینەوە و پاشان چوینە نێو شار، عەدەن شارێکی جوان و لەسەر دەریا و لەنگەرگایەکی گەورە و پڕ لەپاپۆڕ و شارێکی فەقیر سێبەری شومی دەسەلاتی ئیستیعماری بەریتانی هەر بەسەرەوە مابوو، ئەوەی پتر سەرنجی منی ڕاکێشا بیرە خواردنەوە و فۆتەی لینگی پیاوەکان بوو، لەشەقام و

لەچایخانەکان خەڵك دادەنیشتن و بیرەیان دەخواردەوە لەهوتێل و لەچایخانەکان پیاوەکانیان لەجیاتی شەلوار فۆتەیەکی سووریان دەخۆ وەرگرتبوو.

دوای رۆژێك بەیانی سالم سالّح هات و گوتی: (هاوڕێ ئەمین العام (سکرتێری گشتی) سەعاتی یازدە چاوەڕوانیتان دەکات، من دێمەوە پێکەوە دەچین).

راست لەکاتی خۆی دا پەیدا بۆوە، سوار بووین بۆ لای هاوڕێ (عبدالفتاح اسماعیل) سکرتێری گشتی رێکخراوی سیاسی بەرەی نەتەوایەتی یەمەنی دیموکراتی، کەچووینە بارەگای کۆمیتەی ناوەندی نێزیکەی بیست دەقیقە لەکن سکرتێری عبدالفتاح اسماعیل دانیشتین، قاوەیان بۆ هێناین پاشان لەگەڵ سالم سالّح چوینە ژووری سکرتێری گشتی، تا بەر دەرگا بەپێرمانەوە هات، لەئامێز گرتن و ماچ کردنێکی گەرم و برایانە، کەدانیشتین دکتۆر قاسملۆ گوتی: (هاوڕێ ئەمین العام بێگومان کاری زۆرە و سەری قاڵە، پێمان خۆشە بزانین بۆ وتوێژ لەگەڵ ئێمە چەندە کاتی هەیە تا پتر لەوە وەختی نەگرین).

عبدالفتاح اسماعیل گوتی: (جارێکیان لەمۆسکۆ دەچوومە لای بریژینیف پێیان گوتم هاوڕێ بریژینیف نەخۆشە تکایە زوو قسەکانت تەواو کە، کاتێك چووم ژوور پێم گوت تۆ حاڵت باش نییە پێم خۆشە ماوەی ئاخافتنمان دیاری بکەین تا زۆر کاتت نەگرم)، لەوەڵامدا گوتی: (هاوڕێ عبدالفتاح هەر لەئێستاوە هەتا سبەی بەیانی کاتم هەیە لەگەڵ تۆ بدوێم)، منیش تا سبەینێ کاتم هەیە لەگەڵ تۆ دابنیشم.

پاشان رووی لەمن کرد و گوتی: (بەداخەوە لەسۆفیا نەکرا یەکتر ببینین بالّیۆزی خۆمانم راسپارد لەبەغدا چاوی پێت بکەوێ، پاشان لەسەر چۆنیەتی خەباتی حیزبی دیموکرات و بارودۆخی ئێران پرسیاری کرد و گوتی: (دەبێ ببورن کەسەفەری ئێوە وەدوا کەوت، ماوەیەك بوو بالّیۆزی ئێمە داخوازی سەفەری ئێوەی بۆ عەدەن ناردبوو، بەڵام تا هاوڕێ عەزیز محەمەد نەهات ئێمە لامان وابوو

کەپارتی دیموکراتی بارزانی داوای هاتنی کردووە، ئێمەش نەمانویستوە لەگەڵ ئەوان پێوەندیمان هەبێ، ئەوان بەنێزیك بوونەوە لەشای ئێران و لەئەمریکا زیانێکی زۆریان بەبزوتنەوەی کورد گەیاند، پاشان گوتی: ولاتی ئێمە زۆر فەقیرە بەڵام دڵمان دەوڵەمەندە، هەر یارمەتیەکی لەتوانامانداا هەبێ دەیکەین)، بەسالم سالحی گوت: (بەیاننامەی هاویەش ئامادە بکەن، ئەگەر پێتانخۆشە با لەرادیۆ بخوێنرێتەوە و لەرۆژنامەکانیشدا بڵاو بکرێتەوە)، گوتی: (بەرنامەی دیتنی عەدەن و شوێنەکانی دیکەیان بۆ تەرتیب بکەن، چاویان بەسەرۆکیش بکەوێ).

دکتۆر قاسملۆ لەبارەی سیاسەت و خەباتی حیزبی دیموکرات و بارودۆخی ئێران و کوردستان بەدرێژی قسەی کرد، پتر لەدوو سەعات دانیشتین و ئاخافتنمان درێژەی هەبوو پاشان وەدەرکەوتین بەرنامەیەکی بۆ ئێمە ئامادە کرابوو بریتی بوو لە: چاوپێکەوتنی وەزیری ئابووری، یەکێتی لاوان، یەکێتی کرێکاران، مۆزەی شۆڕش و فابریکی سیغار پێچانەوە، بردیانین بۆ پلاژیکی مەلەکردن کەپێشتر شوێنی تایبەتی ئینگلیسەکان بووە و کەسی تر رێگای نەبووە بچێ لەوێ مەلە بکا، دوای سەرکەوتنی شۆڕش خەڵك ئازاد کرابوو هەموو کەس دەچوو لەوێ مامەڵەیان دەکرد، ئەو رۆژەی کەئێمە چووین دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی اکل- ی قبرس لەوێ میوان بوون، هەلێك بوو چاومان بەوانیش کەوت، بەدرێژی باسی مەسەلەی کوردمان کرد، شارەزاییەکی تەواویان لەسەر کوردستانی تورکیا هەبوو، پێشنیارمان کرد کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات سەر لەقبرس بدا، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە نەکرا.

لەدەرەوەی عەدەن بردیانین بۆ سەردانی مەزرایەتی فرە مۆدێرن و جوان بەراستی وەك باغی ئیرەم بوو، لەرێگا بایەکی دەهات خیز و خۆڵ دەست بەجێ رێگاکانی پڕ دەکردەوە دەشت و بیابانێکی وشکاڕۆ تاق تاقە دارێکی چکۆڵە بەبایەکی قەوی رادەژا، بردیانین بۆ فابریکەی چنین و هۆندنەوە کەچینیەکان بۆیان دروست کردبوون و پسپۆری چینی لەوێ فێریان دەکردن، ئەو رۆژانەی ئێمە لەوێ بووین

حەوتووی گۆڕینی فەرمانەکانی ترومبێل و ڕێنوێنی جادەکان بوو، یەمەنی خواروو لەبەر ئەوەی کۆلۆنی ئینگلیز بوو ترومبێلەکان بەشێوەی ئینگلیزی فەرمانیان لەلای ڕاستە بوو، یەمەنی دیموکراتی فەرمانەکانی دەگۆڕین، بۆ ڕێنوینی جادەکان منداڵی مەدرەسەیان هێنابوو جلی تایبەتیان دەبەر کردبوون و ئەفسەری و پۆلیسی ڕێگا چاوەدێریان دەکردن، ڕۆژێك ئەو شوفێرەی هاتوچۆی بەئێمە دەکرد دەیبردین بۆ دیدار لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین، لەبەر ترافیك لای دابوو بەکۆڵانێکدا دەڕۆی کەماشێن حەقی نەبوو بەوێ دا بڕوات، دوو قوتابی کەنیشانی پۆلیسی ڕێگایان بەباسکیەوە بوو، پێشیان گرت و هێنایانە خوارێ، هەرچەندی کابرا دەیگوت: (میوانی حکومەتن کاریان هەیە) فایدەی نەبوو، سەیربوو منداڵەکان دەیانگوت: (تۆ کەشوفێری حیزب و حکومەتی ڕێ و شوێن ڕەچاو ناکەی، خەڵکی تر چۆن ڕەچاوی بکا؟).

ڕایانگرتین چاك بوو ئەفسەرێکی پۆلیس پەیدا بوو تکای لێ کرد و پێشیان بەرهەڵداین.

لەعەدەن چاومان بەدەستەی نوێنەرایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی عومان کەوت، دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەرەستورانێکی چینی شەوێ داوەتیان کردین، نوێنەرانی بەرەی یەکگرتووی یەمەنی شمالی لەعەدەن بوون، دوو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەوان بۆ ساز کردین، بەیاننامەیەکی هاوبەشیمان پەسند کرد کەوا دەقی بەیاننامەکە لەپاشکۆی ئەم بەرگەدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی سەیر هاتە بەرچاو نوێنەرانی بەرەی یەکگرتووی یەمەنی شمالی کەهاتن بۆ کۆبوونەوە هەریەکە فۆتەیەکی حەمامیان دەلینگان وەرگرتبوو.

ئاخرین دیداری ڕەسمیمان چاوپێکەوتنی سەرکۆمار (سالم ربیع علی) بوو، بردیانین بۆ لای ئەو لەحەوشێکی زەلام چواردەوری بەپەڕژینی قامیش گیرا بوو تاقە سەربازێکیش لەبەر دەرگا وێستابوو، لەهۆدەیەکی گەورە کەفەڕشەکانی

مـۆکێتی چیکۆسـلۆڤاکی بـوون، دەسـتێك مۆبیـل و چـەند کورسـی دانـدرابوون، تفـەنگێکی لـەقوژبنی هۆدەکـە هەڵواسـرابوو کەلـەکاتی شـەڕی ئازادیخوازیـدا بـەو تفەنگە شەڕی کردبوو، تا بـەر دەرگـا بەبێشـوازمانەوە هـات، بەگـەرمی لـەئامێزی گرتین، چاك و خۆشیەکی برایانە، مرۆڤێکی سادە و رووخـۆش و هەرچـەندی بڵێـی بەڕێز و میهرەبان، دەست بەقسان کرا وەزعی کوردستان و ئەژماری خەڵك و ژیـان و شـێوەی خـەباتی پرسـی، دکتـۆر قـاسملۆ گـوتی: (ئێمـە شـێوەی خـەباتی چەکداریمان هەڵبژاردووە خۆی بۆ ئامادە دەکەین).

پرسی: چەکتان هەیە؟ لەنێو خەڵکدا چەك وەگیر دەکەوێ؟

دکتۆر گوتی: (لەنێو جوتیاران چەك هەیە، خەڵك چەکی شاردۆتەوە).

گوتی: (ئەوە چەك نییە، بڕوایان پێ مەکەن، ئێمە تاقیکردنـەوەمان هەیـە، کاتێك شەڕی پارتیزانی دەست پـێ بکـەن، ئەوانـەی چـەکیان هەیـە دەیشـارنەوە و دێن داوای چەك لەئێوە دەکەن، پاشان گوتی: بۆ تەبلیغات رادیۆیـەکتان هـەبێ باشـە، ئەگەر ئێوە دەزگای رادیۆ پەیدا بکەن دەتوانن لێرەی دابنێن، ئێران دوورە دەنگی رادیۆی ئێمە ناگاتە ئێران).

پتر لەدوو سەعات لای دانیشتین قاوەمان خواردەوە و باسێکی خۆشمـان هـەبوو، جاری دوایی عبدالفتاح اسماعیل داوەتی کردین و بەیاننامەی هاوبەشـیمان پەسـند کرد کەوا دەقی بەیاننامەکە لەپاشکۆی ئەم بەرگەدا بڵاوکراوەتەوە.

دکتۆر قاسملۆ بلیتی گەڕانەوەی بـۆ پـاریس نـەبوو، ئیسراریشـی هـەبوو کـە ١٧ی مانگ بگاتەوە پاریس، تەنیا یەك خەت هـەبوو کـە ١٦–ی مـانگ لەهیندوسـتانەوە دەهاتە کوێت و دەچووە پـاریس. چـووین کـەبلیت بکـڕین، بـرادەری میوانـدارمان نەیهێشـت ئێمـە خۆمـان بلیتـی فڕۆکـە بکـڕین، لەسـەر فـەقیری خۆیانـەوە بلیتـی فڕۆکەیان بۆ دکتۆر کڕی هەتا پاریس.

رۆژی ۱۹۷۷/۱/۱۵ عەدەنمان بەرەو کوێت بەجێ هێشت، لەفڕۆکەخانەی کوێت دکتۆر یەکسەر بۆ پاریس سەفەری کرد، منیش دەبوایە شەو و رۆژێك راوەستم تا فڕۆکە دەبێ بۆ بەغدا، شەو لەهوتێلێك بووم بەیانی چوومە بازاڕ، دەبوایە سەری بازاڕ بدەم، منداڵی برادەرەکانی دانیشتوی بەغدام فێرکردبوو هەرچەندی سەفەر بکەم دیاریان بۆ بێنم، ئەمجارە منداڵەکانی مەلا رەسوڵ و سەید رەسوڵیش لەبەغدا بوون و بەهەمووان دەبوونە دە پازدەیەك، زۆر گەڕام چیان بۆ بکڕم، خوا و راستان تووشی فودانەی رەنگا و رەنگ بووم، نێزیکەی سی (۳۰) دانەم کڕی دانەی بەپێنج فلوس، کەهاتمەوە بەغدا بڕادەران هاتبوونە فڕۆکەخانە، گەیشتینەوە ماڵێ و منداڵ دەورەیان دام، گوتم: وەرن بڕوام پێ بکەن هەموو بازاڕی کوێت گەڕاوم هیچی لەوانە هەرزانترم نەدیوەتەوە بۆتان بکڕم، هەموویان بەدیتنی فودانە گەشکە بوون و پێم وایە پێیان دیارییەکی زۆر بەقیمەت بوو! دوای گەڕانەوەی من کۆمیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەی سەفەری ئێمە بۆ عەدەن کۆبۆوە و پاش بیستنی راپۆرتی سەفەرەکە وێڕای وەبیر هێنانەوەی هێندێك کەم و کوڕی سەفەرەکەی بەسەرکەوتوو زانی، بڕیاریدا کەلەگەڵ کۆماری یەمەنی دیموکراتی پێوەندی خۆمان بپارێزین.

بۆ ئاوێتە

دوای گەڕانەوەم لەعەدەن بۆ سەردانی برادەران چوومە سولەیمانی و قەڵادزە و هاتمەوە کۆیە، برادەرێکی خۆشەویستی کوردستانی عێراقمان هەبوو کەبەراستی دۆست و هاوڕێی نێزیکی هەموومان بوو، لەبیتوێن لەگوندی خدران ببووە مامۆستا، داوەتی کردین کەبچین میوانی بین، ماڵی مەلا رەسوڵ و سەید رەسوڵ و یەك دوو برادەری دیکە چوینە خدران، میواندارییەکی کوردانە و خۆمانە و خۆش، رۆژێکی دوای فراوین مەلا رەسوڵ و سەید رەسوو راکشابوون و ئێمە و خاڵ عەبدەش تەختەمان دەکرد، لەپڕ کابرایەکی ریش سپی کورتەباڵا لێمان وەژوور کەوت، سڵاوی کرد و بێ سێ و دوو گوتی: (ئەمانە بۆ درێژ بوون دەڵێی ژنی

زەیستانن؟) زۆر سەیر بوو کابرای نەدیو و نەناسیو، قسەی وا قۆڕ و بێ جێ، مەلا رەسو سەری هەڵێنا و چاوێکی لەکابرای کرد و گوتی جا ئێستا پیاو بڵێ چی؟ سەید رەسوڵ سەری هەڵێنا کابرا ناسیاو دەرچوو بەخێرهاتنیان کرد.و دەرکەوت کابرا ناوی وەستا عەولایە و بەننای دیواری خشتە و هەمیشە سەرخۆشە و بەسەر خۆشی لەقاتی دوو، سێ دیوار دادەنێ

وەستا گوتی: (هاتووم پرسیارێکتان لێ بکەم، ئێوە خوێندەوارن، ئەشێ وەڵامم بدەنەوە).

سەید رەسوو گوتی: (فەرموو مامۆستا پرسیارەکەت چییە؟)

– باشە، خودای تەعالا لەم عاسمانە چ دەخوا؟

سەید رەسو کەدم لەپێشتر بوو گوتی: (خودا خەمی ئەو هەموو کوردە فەقیر و هەژار و لێقەوماوانە دەخوا، بزانە ئەم کوردە چی لێ قەوماوە).

– نا.... نەتزانی، ئەوە نییە لەقورعاندا باسی هەنجیر و زەیتون دەکا والتین والزیتون، خودا هەنجیر و زەیتون دەخوا.

سەید رەسو گوتی: کوڕە مامۆستا هەنجیر و زەیتون زۆر رەوانن ئەوانە بخوا لەو سەرەوە خۆی پێ راناگیرێ و چ ولات ناهێڵێ.

– ئەی گەوادە شیوعییە!!

گەلێك پێکەنین و وەستا وەدەرکەوت، ئێمەش رۆژی دوایی هاتینەوە کۆیە.

رۆژی ١٩٧٧/٣/٦ برادەرێکی ئێرانی کەبە (ناسر) خۆی دەناساند و دەیگوت نوێنەری رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکە چاوی بەکاك حەمەدەمین کەوتبوو داوای کردبوو کەمنیش ببینێ، کەدیتمان گوتی: (دەمەوێ هێندێ چەك لەبەعس وەرگرم ئێوە بۆم بگەیەننەوە ئێران، بێجگە لەوە کەکابرا بۆ ئێمە ناسیاو نەبوو، لێی دڵنیا نەبووین، ئەو کارەشمان پێ رانەدەپەڕی، چونکە لەو سەروبەندەدا

برادەرێکی ئێمەیان بەناوی محەمەد بێژوەیی گرتبوو، لەکۆیە ڕا هێندێ فیشەکمان پێدا ناردبوون بۆ ناوچەی پشتدەر کەلەوێوە بچنەوە ئێران، ڕاپۆرتی لێدرابوو پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر تاوانبار کرابوو کەئەو فیشەکانە بۆ جەلال تاڵەبانی دەبا، هەرچەندی ئێمە بۆ بەرپرسانی حکومەت ڕوونمان دەکردەوە کەفیشەکی ئێمەن و دەماننارد‌ەوە بۆ ئێران بێ فایدە بوو، بردبویانە زیندانی ئەبو غرێب، حەمەدەمین و مەلا ڕەسوڵ جاروبار سەریان دەدا و کابرای پێوەندیداریش لەگەڵ ئێمە کەدەهات دەیگوت چەند ڕۆژی تر ئازاد دەبێ، هەتا ئیعدامیان کرد.

ڕۆژی ١٩٧٧/٣/٧ ڕۆژنامەی کوردستانمان پێ گەیشت کەدکتۆر قاسملۆ لەفەرانسە چاپی کردبوو ناردبوویەوە، ئەم وتارانەی دەستەی نووسەران بۆی ناردبوو، چاپی نەکردبوون، بۆ خۆی شتی دیکەی بڵاو کردبوونەوە لەباری زمانییەوە پڕ بوو لەهەڵە، مامۆستا هێمن وەک بەرپرسی ئەدەبی ڕۆژنامە، نامەیەکی بۆ دکتۆر نارد منیش ٧٧/٣/١٤ لەنامەیەکدا بۆم نووسی: (..... ڕۆژنامەکە لەجیاتی ئۆرگانی حیزب بۆتە ئۆرگانی خۆت، کاری دەستە جەمعی خراوەتە ژێر پێ، لەباری ئەدەبییەوە ئەوە مەسئولی ئەدەبی ڕۆژنامە بەجیا نامەی بۆ نووسیوی و بۆت دەنێرم، وەزعی ئێمە لەگەڵ نامیق (بەعس) هەر وەک خۆیەتی، هێشتا لەبارەی هاتنەوەی تۆ وەڵامیان نەداوینەوە، ئێمە لێرە وەک کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەو باوەڕەین کەبەرێگایەکی دیکەدا و بەشێوەیەکی تر یەکسەر بگەڕێیەوە و لەنێزیک وڵات بگیرسێیەوە، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو گەڵاڵەیەی کەداتناوە و کۆمیتە و بەرپرست بۆ دیاریکردوون نەهاتنەوەی بەغدا و مانەوەت لەئەوروپا فایدەی نییە، جا مەگەر تەنیا بۆ ئەوە بێیەوە بەغدا گەڵاڵەکەیان پێرەد کەیەوە، کاک مامەندیش (مەلا ڕەسوڵ) ئەوە لێرەیە و نامەی بۆ نووسیوی کەوا بۆت دەنێرم، ئێمە تا هاتنەوەی تۆ نەکۆبوونەوە دەکەین و نەبڕیاریش دەدەین، چونکە ئەگەر بڕیارێکیش بدەین کەهاتیەوە پێیان هەڵدەوەشێنیەوە، کۆمیتەی ناوەندی گیروگرفتی زۆری لەپێشە و هاتنەوەت زۆر پێویستە، لەسەر ئەو باوەڕەم کاک

ئەمیریش بگەڕێتەوە، لام وایە ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستا خێرا هەنگاو نەنێین لەوانەیە زۆر زیان بکەین....).

رۆژی ١٩٧٧/٣/٢١ بەیەکجاری لەوەرگێڕانی کتێبی دایک بوومەوە و دام بەمەلا عەولا بیخوێنێتەوە، بۆ عەمەل کردنی لوتم چوومە نەخۆشخانە سێ رۆژ لەنەخۆشخانە کەوتم، نەورۆزی ١٣٥٦ (١٩٧٧/٣/١٢) برادەرانی حیزبی ئەوانەی لەبەغدا دەژیان بەخاو و خێزانەوە لێک وەکۆ بووین و شەوێکی خۆشمان رابوارد، بۆ بەیانیش چووینە سەیران و زەماوەند، کوردەکە ئەوەی باشە لەهەموو بارودۆخێکدا سەیران پەک ناخات.

رۆژی ٢٥ی مارسی ١٩٧٧ لەگەڵ دارا تۆفیق چومە سەردانی سەیدا سالح یوسفی، نێزیکەی دوو سەعات دانیشتین و باسی رابردووی شۆڕشی عێراق و ئێستای وەزعی کورد کرا، پاشان لەگەڵ مامۆستا هێمن چوینە جێژنە پیرۆزەی کاک مەسعود محەمەد و برایانی کۆڕی زانیاری کورد، لەجێژنەکاندا بەگشتی دەچووینە پیرۆزبایی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، سەری مامۆستا زەبیحی و مەلا عەولای حاجی سمایلمان دەدا.

دیارە چوونی لای کاک مەسعود محەمەد پێوەندی بەجێژن و رۆژە هەڵکەوتەکانەوە نەبوو، دیداری کاک مەسعود هەموو رۆژێ بۆ ئێمە جێژن بوو، لەجەنگەی ناوەحەتی و لەگێژاوی فیکر و تەنگ و چەڵەمەدا کەبێگومان بۆ کوردە عێراقیەکانمان هەستیان بەدەری ئێمە نەدەکرد زیارەتی کاک مەسعود محەمەد دەبوە خەمڕەوێن، خۆ وەنەبێ لای ئەو هیچ باسی گیروگرفت و مەسەلەی سیاسی و لێقەوماوی خۆمان کردبێ و ئەویش رێگا چارەی نیشاندابین، بەڵام ئیحتیرام و رووخۆشی و بەخێرهێنانی گەرمی ئەو، پاشان قسەی خۆش و بەنرخ و حەکیمانەی تارادەیەکی زۆر ئارامی دەکردین و شانازییەکمان هەست پێ دەکرد، تەربیەت و ئەخلاقی کاک مەسعود بەرانبەر بەهەموو کەس وابوو، دیارە بەزۆری من و مامۆستا هێمن دەچووینە لای، من هەستم دەکرد کەبۆ ئێمە فەرقێک قایلە، زۆرجار مامۆستا

هێمن دەیگوت: (دە هەستە با بچینە لای کاك مەسعود گوێمان لەدوو قسەی خۆش بێت)، مامۆستا هێمن ئەگەر توانیبای رۆژ بێری نەبوو، کەدەهاتەوە مالێ ئێتر قسەکانی ئەو رۆژەی کاك مەسعودی دەگێڕانەوە و هەموومان چێژمان لێ وەردەگرت.

بێجگە لەکاك مەسعود کەشوێن و جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، هەموو کارگێڕ و فەرمانبەرانی کۆڕی زانیاری کورد کەهەق وایە بڵێم (هەموو برایانی کۆڕ) بەرانبەر بەئێمە ئەو هەست و هەڵوێستەیان هەبوو، زۆرجار لەگەڵ مامۆستا هێمن سەری دەزگای رۆشنبیری کورد و یەکێتی نووسەرانمان دەدا، برایانی کارگێڕ و فەرمانبەر و نووسەران و ئەندامانی ئەو دەزگا رۆشنبیریانە هەڵوێستیان ئەوپەڕی برایانە و دۆستانە بوو، بەراستی زۆر خۆشە مرۆڤ بکەوێتە وڵاتێکی بێگانە و لەنێو خەڵکی ئەم وڵاتەدا هەست بەبێگانەیی و غەریبی نەکات، ئێمە لەنێو برا کوردەکانی کوردستانی عێراقدا ئاوا بووین.

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دابوو کەخراپ نییە جاروبار چاومان بەخاڵ عەزیز عەقراوی بکەوێ کەزۆرجار خۆی داوای دەکرد یەکتر ببینین، کەیەکترمان دەدەدیت ئێتر خاڵ عەزیز هەر داخ بوو هەڵی دەڕشت و خوێنی جەرگی دەخواردەوە.

گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان

ئێمە کەلەژێر پاڵەپەستۆی حکومەتی عێراقدا ئامادە نەبووین هیچ شتێك لەسەر چالاکی و سیاسەتی هێزە سیاسیە کوردەکانی عێراق بنووسین، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەنهێنی هەرچی لەدەستیشمان هاتبایە یارمەتیمان پێ دەکردن، بەداخەوە ئەوان هەڵوێستێکی دیکەیان هەبوو، بۆ نمونە یەکەم بەیاننامەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ئێمە لەبەرلین بۆمان چاپ کردن و بۆمان بڵاوکردنەوە، لەبێروت مۆری بزوتنەوەم بۆ ساز کردن و بۆم هێنان، نامەکانی نێوان رەسوڵ

مامەند و برادەرانیان لەبەغدا بەرێگای ئێمەدا دەگەیشت، لەگەڵ دکتۆر خالیدی رەحمەتی کەپێش چوونە دەری لەخەستەخانەیەك ئیشی دەکرد، حەوتووی جارێك یەکترمان دەدیت و لەسەر مەسەلەکانی رۆژ باسمان دەکرد، ئێمە ئاگامان لەهەڵسوڕانی یەکێتی نیشتمانی هەبوو لەکوردستانی ئێراندا، بۆ نمونە برادەرانی ناوچەی پیران نامەیەکیان بۆ ناردبووین نووسیبوویان: (جەماعەتی یەکێتی نیشتمانی لەتورکیاوە بەرێگای شنۆ و بەکوێستانەکانی پشتی جەلدیان و زێوکە و دەلاوان و تەمەرچەیان و کۆنە لاجان و قەڵاتە رەشێ دا باری شەش هێستر و بارگینیان چەك هێناوە، لەهەموو رێگادا بەئاگاداری پاسگای ژاندارمەدا تێپەڕ بوون، لەدەلاوان کەمی مابۆوە لەگەڵ ژاندارم بەشەڕ بێن، پاشان ژاندارمە رێگای داون و تێپەڕیون، هەروەها نووسیبوویان، بەڕێوەبەرانی یەکێتی لەماڵی مەلا عەلی مەلا خەلیلی لەگوندی موسالان لەگەڵ ئەفسەرەکانی ئێرانی کۆبوونەوە).

بێجگە لەوانە خەبەرمان هەبوو کەمام جەلال بۆ کز کردنی حیزبی دیموکرات و بۆ ساز کردنی بەرهەڵست و یا شتێکی لەجێی حیزبی دیموکرات لەدوو لاوە هەوڵی دەدا، یەکەم لەرێگای یارمەتی و هاندانی کۆمەڵە کەتازە دەهات گەرای دادەنا، دووەم لەرێگای هێنانەوەی هێندێ عەجەمی مانۆیست بەسەرۆکایەتی (سمایل عەجەم) لەمانگی چواری ۱۹۷۷ مەلا عەزیز ئەندامی حیزبی دیموکرات و بەرپرسی رێکخراوی حیزب لەپشدەر هاتە بەغدا و نامەیەکی سەیری لەگەڵ خۆ هێنابوو، نامەکە بەئیمزای مام جەلال و بەمۆری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەقەڵەمێکی سوور لەپارچە کاغەزێکی بچووکدا بۆ دکتۆر تالیب ناوێك کەلەناوچەی پشدەر بەرپرسی کاروباری یەکێتی بوو نووسرابوو، مام جەلال نووسیبوی: (بەبرادەرانی حیزبی دیموکرات رابگەیەنە کەلەناوچەی پشتدەر دەژین، ئەوا رێبەرایەتی حیزب لەگەڵ من گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، پێویستە ئەوانیش بێن لەژێر رێبەرایەتی حیزبدا لەکوردستانی ئێران شۆڕش بەرپا بکەن و دەست لەوانەی بەغدا هەڵگرن).

دکتۆر تالیب کەکوردێکی دڵسۆز و پاك و بێ خەبەر لەرووداوەکان بوو، نامەیەکی بۆ برادەرانی ئێمە نووسیبوو لەقەڵادزە و دەقی نامەکەی مام جەلالیشی لەگەڵ پێچابۆوە و ناردبووی، (دەقی هەر تك نامەکان لەوڵات پارێزراون و بەداخەوە لێرە بەدەستەوە نین).

ئێمە نێوەرۆکی نامەکەمان سەیر هاتە بەرچاو، کەوتینە بیرکردنەوە دەبێ رێبەرایەتی حیزب کێ بێ لەگەڵ مام جەلال گەڕابێتەوە، نامەکانی دکتۆر قاسملۆ دەریاندەخست کەنەك هەر لەگەڵ مام جەلال ناگەڕێتەوە بەڵکو لێشی رازی نییە، کەوتینە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەرێگای برادەرانمان لەوڵاتەوە، دەرکەوت مام جەلال سمایل عەجەمی فارسی هێناوەتەوە و خەریکە بیکا بەرێبەری حیزبی دیموکرات، ئێمەش پێشتر (کاك سمایل)مان دەناسی و سەردەمێك برادەری زۆر نێزیکی کاك حەمەدەمین و هاشمی کەریمی بوو.

رۆژی ١٩٧٧/٤/١٢ برادەرێکی ئێمە بەناوی (مەلا ئەحمەدی عەولا چاو شینی) خەڵکی ناوچەی سەردەشت کەجاروبار دەهاتە قەڵادزە و پێوەندی رێکخراوی هەبوو، نامەیەکی حیزبی دێنێ بۆ قەڵادزە، لە (بازار) تووشی دەستەیەك چەکداری کوردی عێراقی دەبێ بەسەرۆکایەتی عادل ناوێك، برادەرانی چەکداری کورد مەلا ئەحمەد دەگرن و پیلی دەبەستن و دەیبەن دەیدەنەوە بەپاسگەی ژاندارمەری لەبازار، وەك برادەران لەکوردستانەوە خەبەریان بۆ ناردین گوایا دەستەی ناوبراو سەر بەجەماعەتی بارزانی بوون، مەلا ئەحمەد تا رووخانی حکومەتی شا لەبەندیخانەدا مایەوە.

١٩٧٧/٤/١٤ باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەتی لەبەغدا بەبۆنەی پێنج ساڵەی پەیمانی دۆستایەتی سۆڤیەت و عێراق ئاهەنگێکی ساز کردبوو لەئێمەشیان گێڕابۆوە، دەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی چووین، ئەوەی سەرنج راکێش بوو ئەمە بوو کەتاقە کەسێکیش لەرێبەران و بەرپرسەکانی حیزبی و حکومەتی عێراق

لەو ئاهەنگەدا بەشدار نەبوون، رووسەکان بەتەنیا بۆ ئەو پەیمانە چەپڵەیان لێدەدا.

رۆژی ١٩٧٧/٤/١٦ مامۆستا مەلا محەمەدی شەڵماشی لەسولێمانییەوە هات فرە نەساخ و هیلاك بوو، دەبوایە زوو بیگەیەنینە دکتۆر، دکتۆرێکی برادەری نێزیکم هەبوو لەبولغاریا تەواوی کردبوو ژنی بولغاری هێنابوو، ئەو دکتۆرە بۆ ئێمە ببوە لەمپەر و هەر کەسێك لەبرادەرانمان نەخۆش دەبوو گورج بۆ لای دکتۆر ئیتر بێ پارە و بێ راگرتن چی لەدەست هاتبایە دەیکرد و زۆرجار دەرمانیشی بۆ دەکردین، ئەو دەم کەمامۆستا هات دکتۆریان ناردبوو بۆ (سویرە) لەشێست کیلۆمیتری بەغدا لەنەخۆشخانەیەك کاری دەکرد، گورج مامۆستام سوار کرد بۆ (سویرە) دکتۆر بەجیددی تەماشای کرد و دەرمانی دایە و نوسخەی بۆ نووسی و لەوسەر بەسەلامەتی گەڕاینەوە، هاتنی مامۆستا مەلا محەمەد کەجاروبار سەری دەداین بۆ هەموانمان وەك جێژن وابوو، ئەو رۆژانەی ئەو لەبەغدا لەلامان دەبوو زۆر خۆشمان رادەبوارد.

رۆژی ١٩٧٧/٤/١٨ مەلا عەبدولخالق- برادەرێکی حیزبیمان لەسولێمانیەوە هاتە بەغدا و گوتی: (سازمانی ئەمنی عێراق لەسولێمانی دەسەری کردووین کەئەندامانی حیزبی دیموکرات هەموویان دەبێ ناو و نیشان و شوێنی کار و دانیشتنیان بدەن بەئەمنی سولێمانی).

دەفتەری سیاسی پاش لێکۆڵینەوە هاتە سەر ئەو بڕیارە کە: چار نییە ناکرێ ئێمە لەعێراق بژین و برادەرانمان بشارینەوە و قاچاخیان بکەین، بڕیارمان دا کەئەوانەی پسولەو دەفتەری نفوسی عێراقیان هەیە، ناوی خۆیان نەدەن و خۆیان دەرنەخەن، برادەرانی تر کەبێ بەڵگە و پسولەن با ناوەکانیان بدەن، ئێمە لەوە بێ خەبەر بووین کەپێش رۆژێك مالّ و منداڵی برادەرانی دانیشتوی کۆیەیان پێچاوەتەوە و دە لۆری عەسکەریان ناون و بردوویانن، پاش ئەوە داوایان لەبرادەرانی دانیشتووی سولێمانیش کردووە کەناو و نیشانیان بدەن بەئەمن.

١٩٧٧/٤/١٩ شەو درەنگانێك لەکۆبەوە تەلیفۆنیان کرد و گوتیان ئەوە دوو رۆژە مالّ و منداڵی مەلا رەسوڵ و سەید رەسوڵ و رەحیم کەپەکەندی و حەسەن بێورەیی و لەتیفیان دە لۆریان ناون و کەس نازانێ بۆ کوێیان بردوون، ئالۆزی و ناڕەحەتی دەستی پێ کرد، ترسی ئەوەمان هەبوو بردبیانن بۆ قەسری شیرین و دابێاننەوە بەئێران، چونکە پێشتر خەڵکی دیکەیان لەرێگای قەسری شیرنەوە دابۆوە بەئێران، شەو بۆ چەند جێگایان تەلیفۆن کرا خەبەرێکمان وەگیر نەکەوت، برادەران زۆر تیگەران بوون، بەتایبەت مەلا رەسوڵ لەبەر منداڵەکان لەرادە بەدەر نیگەران و پەشێو بوو، بەیانی زوو لەترسی ئەوەی نەکا بێن و ئێمە بپێچنەوە بێ ئەوەی پرس و راوێژ لەگەڵ ئێمە بکا ئێمەی بەجێ هێشتبوو چووبۆوە مالّی یوسفی رێزوانی.

بەیانی تەلیفۆنم کرد بۆ کابرای بەعسی، وەك هەموو جارێ دەستی کرد بەسوێندی (بشەرەفی) کەئاگای لێ نییە و نازانێ، بەڵام کەسوێندی (بشەرەفی) خوارد زانیمان درۆ دەکا، نیگەرانی برادەرانمان زیاتر بوو، هەر ئەو رۆژە مەلا عەبدوالخالق لەسولێمانییەوە گەڕاوە و گوتی: (برادەرانی کۆبەیان لەماشێن ناوە و کەس نازانێ بۆ کوێیان بردوون، رۆژی ٢٠ی مانگ حەسەنی شیوەسەلی-مان نارد بۆ کۆبە بەڵکو سۆراخێکیان بکات، جارێکی تر تەلیفۆنم کرد بۆ کابرای بەعسی و گوتم: مالّ و منداڵی برادەرانی ئێمەتان بردوە پێمان بڵێن بۆ کوێتان بردوون و چتان لێ کردوون؟

دیسان وەك بارانە سوێندی (بشەرەفی) هەڵڕژاند کەئاگاین لێ نییە، حەسەنی شیوەسەلی گەڕاوە و گوتی: (ئێوارەیەکی درەنگ ئەمن و موخابەرات لۆرییەیان بردۆتە بەر دەرکەی مالّەکان و باریان کردوون دەڵێن بردوویانن بۆ ڕومادی، خەڵکی بەشەرەفی کۆبە لەدەوری ماشێنەکان کۆبوونەوە و هاوەردی و پەژارەی خۆیان نیشان داوە).

دەرکەوت کەکوتوپڕ مالّ و منداڵی برادەرانیان کۆکردۆتەوە بۆ ڕۆمادی، لەپێشدا برادەر زۆر ترساون کەنەکا بیانبەنەوە بۆ ئێران، پاشان لەباقوبە تێپەڕیون بەرەو بەغدا تۆزێك هاتونەوە سەرخۆ، نیوەشەو لەبەغدا سەید رەسوڵ زۆری هەوڵداوە تەلیفۆن بکا نەیانهێشتوە، بردوویانن بۆ ڕومادی و لەوێ لەمەیدانێکی فوتبالّ لەبەر تاوێ هەڵیان رشتوون و ڕێگاشیان نەداوە کەس لەو مەیدانە بچێتە دەرێ، پاش دوو ڕۆژ سەید رەسول خۆ دەدزێتەوە و دەچێتە نێو شار و راست دەچێتە کن ئوستاندار (محافظ) باسی وەزعی خۆیان دەکا و دەڵێ تکام ئەوەیە ڕێگا بدەن تەلیفۆن بۆ برادەرانم بکەم، ئوستاندار دەڵێ: (ئێمە هیچ ئاگامان لەو کارە نییە، بەئێمەیان نەگوتوە تۆ هەر ئێستا برادەرانت ئاگادار بکە)، سەید رەسو تەلیفۆن دەکا بۆ دوکانی یوسفی ڕێزوانی و خەبەرەکەی پێ دەڵێ، تەلیفۆنم کردەوە بۆ کابرای بەعسی گوتم: ئاخر ئێوە دەوڵەتن، چۆن نازانن ئەو برادەرانەی ئێمە چییان بەسەر هاتووە، بۆچی پێمان نالّێن؟ گوتی: ((بشەرەفی) ئاگامان لەهیچ نییە، ڕەنگە ئەمن ئەو کارەی کردبێ، موخابەرات ئاگادار نییە).

گوتم: ئەگەر ئێوە ئاگادار نین با پێت بڵێم ئێمە دۆزیومانەنەوە ئەوە لە ڕومادی لە (ملعب الشعب) لەبەر هەتاو دەژین، پێم سەیرە لەعێراق کارێك بکرێ و موخابەرات ئاگادار نەبێ، کەوام گوت حەپەسا واقی وڕما گوتی: (ئاە..... شلۆن... شلۆن یەسیر... کێ پێی گوتون.... چۆن زانیوتانە؟).

گوتم: خەبەرمان هەیە و منیش هەر ئێستا دەچم بۆ ڕمادی.

– کەوایە تکایە بوەستە هەتا من دێمە لات.

زۆری پێ نەچوو کابرا پەیدا بوو، دەستی کرد بەسوێند و بەدرۆیان، گوتی با (سالم)یش لەگەڵت بێ.

– قەیناکا با سالم بێ و لەنێزیکەوە وەزعی برادەرانی ئێمە ببینێ، ڕۆیشت کەسالم بنێرێ هیچ خەبەر نەبوو، ویستم خۆم ڕێگا داگرم، برادەران بەباشیان زانی

کەلەگەڵ سالم بچم، لای ئێوارە سالم تەلیفۆنی کرد گوتی: (ئێستا درەنگ بووە، بەیانی دێم و دەچین بۆ ڕومادی).

٧٧/٤/٢٣ لەگەڵ سالم (مەعموری موخابەرات) چوومە ڕومادی، گەڕاین مەیدانی فوتبالّمان دیتەوە، کەمندالّەکان چاویان بەمن کەوت کردیانە هەرا و هەڵپەڕین، بڕادەران لێم کۆبوونەوە و دڵخۆشیم دانەوە و ڕەسمێکم لێ هەڵگرتن کەوا لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا چاپ کراوە.

لەمەیدانێکی گەورەی فوتبالّ هەڵیان ڕشتبون ژوورێکی زەلامی درێژ، دەتگوت (هۆڵی حاجی تاغی)یە لەلایەکی مەیدانەکە بوو، کوڕەکان شڕە و بڕەیان بردبوە ژوورەکە، سەید ڕەسو پیاوانە و برایانە جێگای هەموویانی دیاری کردبوو، نان و خواردەمەنی بۆ هەموان پێکەوە ئامادە کردبوو، پیاوەکان زۆر بەهیمەت و لەسەرخۆ بوون. ژنەکان زۆر لەوە ترسا بوون کەئێمەیان دابێتەوە بەئێران، نانیان ئامادە کرد لەگەڵ ئەوان نانمان خوارد پێشتر هێندێك مالّی جوانڕۆییان بردبوە ڕومادی، چووم سەری ئەوانیشمدا، سێ سەد (٣٠٠) دینارم دا بەسەید ڕەسو بۆ خەرجی ڕۆژانەیان، لای ئێوارێ گەڕامەوە بۆ بەغدا.

کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی بۆ سەر کۆماری عێراق و بۆ حیزبی بەعس نووسی و داوای کرد کەبرادەرانمان بۆ کوردستان بگێڕنەوە و دەست لەبرادەرانی دانیشتووی کوردستانیش نەدەن.

ڕۆژی ٧٧/٤/٢٤ لەگەڵ کاك حەمەدەمین چوینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیست و لەگەڵ کاك عەزیز محەمەد باسی وەزعی خۆمانمان کرد، پاشان حەمەدەمین و مەلا ڕەسوڵ هەریەکە بەجیا نامەیەکیان بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی، ناردمان بۆ دایکی کەمال لەسۆفیا کەبۆ دکتۆریان بنێرێ، باسی ئەو نامانەش بۆ زاخاوی مێشکی خوێنەر بێ تام نییە، بڕیارمان دا کەدکتۆر ئاگادار بکەین، دامان نا دوو نامە بنووسرێن، یەکیان کاك حەمەدەمین بینووسێ، تەنیا ئیشارەیەك بکا و نامەکە

وەك شتێكی ئیعتیادی بەپۆستەدا بینێرین، شتێكی وای تێدا نەبێ كەمەعمورەكان هەستی پێ بكەن، نامەی مەلا رەسوڵ بەوردی هەموو شتی تێدا بنووسرێ و سیاسەتی بەعس و جینایەتی و بارودۆخی عێراق روون بكرێتەوە، ئەو نامەیە بەرێگای تایبەتی خۆماندا دەچوو، كەنامەكەمان خوێندەوە، نامەی ئاسایی كاك حەمەدەمین زۆر رووتر و ئاشكراتر لەنامەی مەلا رەسوڵ نووسرابوو، مەلا رەسوڵ گوتی كەوایە با نامەكان بگۆڕینەوە، نووسراوەكەی من بەپۆستەدا بچێ و نامەی كاك حەمەدەمین بەرێگای تایبەتی دا، نامەیەكم بۆ دكتۆر (محەمەد كەریم شكاكی) برادەرێكی كوردی عێراقی لەسوێفیا نووسی كەبڵاوی بكاتەوە: (كوردەكانی ئەندامی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانیان بۆ خواروی عێراق گواستۆتەوە) بەتەلیفۆن بەدایكی كەمالم گوت كەكوردەكانی ناسیاو لەسوێفیا لەم كارە ئاگادار بكا.

مەترسی تازە و تەگبیری پێویست

بارودۆخێكی تازە هاتبوە پێش حكومەتی بەعس خەریك بوو هەموو برادەرانی حیزبی بۆ خواروی عێراق بگوێزێتەوە، دۆست و برادەر و نیشتمانپەروەرانی كوردی عێراق، ئەوانەی ئێمەیان دەناسی و دەماندیتن لەئێمە پتر بەو كارەوە ناڕەحەت بوون و هەستی هاودەردی خۆیان دەردەبڕی، دیارە هەموو فشار و پاڵ پەستەی بەعس هەر بۆیە بوو كەئێمە لەسەر مام جەلال و بارزانی شتێك بنووسین، دكتۆر قاسملۆ لەپاریسەوە دەینووسی كەدەبێ عێراق بەجێ بێڵێن بێ ئەوەی رێگایەكی تر نیشان بدات، یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش هەڵوێستی ئەمە بوو كەباسكرا، لەسەر ئەوەشەوە حكومەتی عێراق دەیگوت سكرتێری حیزبی ئێوە لەئەوروپا دژی ئێمە دەجوڵێتەوە و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی پێوەندی هەیە.

ئێمە پێمان وا نەبوو كەدكتۆر قاسملۆ پێوەندییەكی ئەوتۆی لەگەڵ مام جەلال هەبێ، نەك هەر ئەوە بەڵكو لەكۆمەڵەی خوێندكارانی كوردیش كەبڕیارمان دابوو

بەشداری بکەین کشابۆوە، بەڵام دیار بوو بەعسییەکان لەپێوەندی دکتۆر لەگەڵ برادەرانی کوردی عێراقی ئاگادار بوون، لەم سەروبەندەدا لەرێگای دایکی کەمالەوە نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم پێ گەیشت کەبەتاریخی ١٩٧٧/٤/١٧ نووسیبووی دکتۆر پاش باسی رۆژنامەی ژمارە ٤٧ کوردستان دەنووسی: (تکایە ئەو دوو نامەیە بگەیەنە، نووسەری ئەم دوو نامەیە د.... خولەیە (دکتۆر مەحمود عوسمان) هاتبوە ئێرە بۆ دیتنی من، لەوانەی کەپاش ئاشبەتاڵ هاتبوونە دەرێ (دیارە لەکار بەدەستەکانیان) لەهەموان باشترە، چونکە لەکاتی خۆیدا بەر لەئاشبەتاڵ سامی و موحسین دزەیی لەدەرەوە بوون، لەفرانکفۆرت پێم گوتن ئێستا کەهاتونە دەرێ خراپ نییە بچن سەرێکی مۆسکۆش بدەن، چونکە پارتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێوەندی رەسمی هەبووە، چونتان رەنگە تەئسیری هەبێ، کاک موحسین پێشنیاری منی پێ باش بوو بەڵام کاک سامی گوتی: (ئێمە ناچینە بەر دەرکی دوژمن)! لام وایە نووسەری ئەو نامانە لەهەموانیان باشترە، باسی هەموو شتەک دەکا و هەموو شتەک بەبێ ئەملا و ئەولا باس دەکا و هیچ شتەک ناشارێتەوە، نامەکان یەکێک بۆ باوکی فێنکە، زۆری پێ خۆشە چاوی بەیەکێک لەوان بکەوێ بیروباوەڕیشی تارادەیەکی زۆر نێزیکە لەو بیروباوەڕەی کەلەسەفەری دوایی من دا باوکی فێنک بۆی باسکردین، بەتایبەتی نەزەری لەسەر مالّی نامیق نوقتەی موشتەرەکی لەگەڵ نەزەری باوکی فێنک زۆرە، لەلای ئێوەڕا رەسوڵ مامەند نامەی بۆ نووسیوە و ئەویش وەڵامەکەی ناردوە، لەمانگی ئاخیردا نەزەری بەرامبەر بەبرایم و جەلالیش زۆر خراپتر بووە و بەهەقیش، هەروەها کەدەبینی جەلال لەگەڵ مەسعود پێکەوە نامەی هاوکاریان ئیمزا کردووە، لێرە زۆربەی لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی دژی ئەو هاوکاریەن، مەلا مستەفاش دوو نامەی نووسیوە بۆ کارتێر و دەڵێ گەلی کورد مەسەلەی کوردی لەلای ئەو بەئەمانەت داناوە، ئەویش ئەو ئەمانەتە پێشکەشی کارتیر دەکا! نوسخەیەک لەبلاّوکراوەکانی دەستەی خولەشتان بۆ دەنێرم، ئەگەر پاش خوێندنەوەی بۆ رەسوڵ مامەندی بنێرن خراپ نییە، تکام ئەوەیە لەمەسەلەی

نامەکان خۆت و ئەبو مژدە (حەمەدەمینی سیراجی) نەبێ کەسی تر ئاگادار نەکرێ، مەبەستم ناردنەکەی بەواسیتەی ئێمەیە).

لەگەڵ نامەکانی دکتۆر مەحمودی دوو لاپەڕە نووسراوەی دکتۆر مەحمودی بۆ ناردبووم کەسەر و کلکیان پەڕیبوو، بێ ناو و نیشان و بێ ئیمزا، نووسیبووی بۆ ئاگاداریتان، ئێمە بڵاوکراوەکانی دکتۆر مەحمودمان بۆ رەسوڵ مامەند نارد، نامە سەر و کلك پەڕیوەکەش کەنەمزانی بۆ کێی نووسیوە وا لێرەدا بۆ تاریخ بڵاوی دەکەمەوە.

دەقی نامەکە: (بۆ وەزع نێزیکن لەیەکتر، ئێستا ئەوێ لەسەر مەسرەحی کوردە لەم قیادەی موقەتە کەلەقیادیە ناسراوەکان سامی تێدایە، وەنوری شاوەیس (بەڵام چالاکی کەمە) و ئەمانە هەر چەندە شت زۆر ئەنووسن بەڵام تابعی مالّی بارزانین و بەلای منەوە هیچ فەرقیان لەگەڵ رێگای کۆن نەکردوە و خراپترییش بوون و مەعلومە کەسەر بەئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلن و لەناو کورد و جیهانی پێشکەوتووی تر و لەدنیا بەگشتی زۆر ریسوا بوون و تەنها هۆیەکی چالاکی پێوە ئەکەن بوونی پارەیەکی زۆرە لایان، هەروەها بوونیان بووە بەمەترسی لەسەر کێشەی کورد چونکە ناهێڵن رێبازێکی نیشتمانی بگرێت و هەر ئەی بەستن بەو بێگانانەوە کە دوژمنی کوردن، یەکێتی نیشتمانی خۆت باشتر ئەزانیت چۆنە و بەراستی نیسبەت بەمالّی مەلا هەنگاوێکە بۆ پێشەوە بەڵام سەرکردە کۆنەکانی وەکو ئیبراهیم ئەحمەد و تا رادەیەکیش عومەر و جەلال تاڵەبانی رێگایەکی یەکسەر ناگرن کە تەراجیعی لێ نەکەن ئیبراهیم ئەحمەد زۆر ریسوا بووە و هیچ سومعەیەکی باشی نەماوە لەناو خەڵکدا چونکە پێوەندی بەهەموو لایەکەوە ئەکا و خەتی وەتەنی واضحی نییە، بێگومان جەلال تاڵەبانی عونصرێکی باشە و سودی لێ وەرئەگرێت بەشەرتێك لە ضمنی قیادەیەکی جەماعی حەقیقی دا بێت چونکە من لەسوریا هیچ قیادەی جماعیم نەدیوە، بەڵام لەسەر رای خۆی سابیت نییە و ئێستا پاش ئەم سالّ و نیوە خەباتی (اتحاد وطنی) لەسەر رێگایەکی تازە

ئیمزای ئتفاقی کردووە لەگەڵ مەسعود بارزانی بێ ئەوەی مەسعود و مالّی مەلا هیچ لەسیاسەتی خۆیان بگۆڕن و ئەمە بەلای منەوە مساوەمەیە لەسەر مەبادی و خەتی سیاسی کەنەدەبوو بکرێت ئەگەرچی مومکنە ئەسبابی وا هەبێ لای ئێوە فەرزی بکات (وەك خۆیان ئەڵێن بەڵام من بەمە قەناعەتم نییە) و تەصەوڕ ئەکەم زەغتی سوریا زیاتر دەوری هەبوو لەم مەوزوعەدا، مع العلم ئەویی کەمن لەسوریا تێی گەیشتوم هیچی بۆ کورد پێ نییە و تەنها ئیستغلال کردنە بۆ مەصالحی خۆی مقابل بەهێندێك ئیمکانیاتی کەم کەئەیدات بەیەکێتی نیشتمانی، بێگومان سود وەرگرتن لەم وەزعە باشە).

لەگەڵ ئەمە دکتۆر وەرەقەی عەمەلی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ حکومەتی عێراق بۆ ناردبووم کەوا هەر بەعەرەبی بڵاوی دەکەمەوە کەبەداخەوە بۆم نەکراوە بەکوردی.

پاش گواستنەوەی مالّ و منداڵی برادەران بۆ ڕومادی دەفتەری سیاسی ڕۆژی ٧٧/٤/٢٧ بەهاوبەشی چەند کادری دەوروبەری کۆمیتەی ناوەندی بۆ ڕێگا دۆزینەوە و چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە کۆبوونەوەی پێك هێنا، پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بڕیار درا کە: ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێ دەست لەبرادەرانی دانیشتوی کوردستان بدات (کەبەمالّ و منداڵەوە ٢٦٠ کەس بوون، ١٠٤ کەس ئەندام و کادری حیزبی بوون) و بیانگوێزێتەوە بۆ خواروی عێراق، هێندێ لەو برادەرانەی کەکۆمیتەی ناوەندی دیاریان دەکات خۆ بەدەستەوە نەدەن و ڕێك بخرێن و بچنەوە کوردستانی ئێران و لەوڵاتدا خەبات بکەن، بەو شەرتەی لەکوردستانی گەرمێن بنکە و پێگە نەکەنەوە و لەگەڵ کوردە چەکدارەکانی عێراقیش تێکەڵ نەبن، تەنیا وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەئێراندا خەبات بکەن). کاك حەمەدەمینی سیراجی بەتەنیا دڕی ئەو بڕیارە بوو، برادەران پێشنیاریان کرد لەبەرئەوە کەمەسەلەیەکی گرنگە باشتر وایە لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هێندێ لەکادرەکانیش کەلەکوردستان

دەژین باسبکرێ، هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەبچمە کوردستان و لەگەڵ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکان لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە، ئەو دەم سەلاح بەدرەدین بەژن و منداڵەوە هاتبوە بەغدا و میوانی ئێمە بوو، حەزی دەکرد کوردستان ببینێ، ئەوانیشم هەڵگرت و چوینە سولەیمانی و میوانی کەریم حەداد بووین، دیارە ئەوە جاری هەوەڵ نەبوو کەبەکۆمەڵ میوانی کاك کەریم دەبووین، بەڵام لەو کاتەوە کەماڵی هاتبوە سولێمانی ماڵەکەی فەرقی کردبوو، لەسولێمانی نەیتوانی بوو خانووی سەربەخۆ بدۆزێتەوە، مامۆستا کەریم زەند لەحەسارەکەی خۆی دوو ژووری دابووێی، مامۆستا کەریم زەند کەنووسەرێکی ناسراو و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی کورد بوو ساڵەکانی ٤٥-١٩٤٦ هاتبوە کوردستانی ئێران و لەبزوتنەوەی نیشتمانی ژ.ك و کۆماری کوردستاندا بەشداری کردبوو، لەئاست کوردەکانی ئەودیو، بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دیموکرات هەستێکی برایەتی و هاوەردی و دڵسۆزانەی هەبوو، لەشارەکان زەحمەتە یەکێك هەڵکەوێ دەروازەی حەساری خۆی بەسەر بێگانەنداندا بکاتەوە و حەساری هەمیشە پڕ بێ لەخەڵکی جۆراوجۆر، مامۆستا کەریم زەند هەرچەندە ژن و کیژی ئازەب و جواب و بەحەیا و بەشەرەفی هەبوو دەرگای حەساری بەسەر برادەرانی ئێمەدا هەمیشە ئاوااڵە بوو، کات و بێ کات برادەرانمان لەو حەسارە وەژوور دەکەوتن بۆ لای کەریم حەداد، مامۆستا کەریم و خێزانی جار لەجار رووخۆشتر بوون، نەك هەر ئەوە وەك نیشتمانپەروەرێك شانازی بەوە دەکرد کەئەندامانی حیزبی دیموکرات یا کوردێکی لێقەوماو هاتووچۆی حەساری ئەو دەکەن و یا لەحەساری ئەو کۆبوونەوەی حیزبی دەگرن، هەموو جارێ کەدەچوومە سولێمانی مامۆستا کەریم ئێواران دەهات لەماڵی کەریم حەداد تا نیوەشەو لەلام دادەنیشت و باسەکەشمان هەر باسی کورد بوو، دەیگوت: (ئەم حەسارە هەر دەبێ کاری کوردایەتی تێدا بکرێ. دەیگوت، کاتێ مەلا مستەفا لەسولێمانی دەست بەسەر بووە زۆرجار لەم حەسارە کۆبوونەوەی کردوە، گوێا پارتیش هەوەڵین کۆبوونەوەی لەم حەسارە بووە)، هەموو جارێ کەمن سەبارەت بەهاتوچۆی برادەرانمان بۆ ماڵی کەریم حەداد داوای

لێبوردنم دەکرد، مامۆستا کەریم دەیگوت: (ئێرە حەساری کوردە و مالّی ئێوەیە)، ئێستا کەئـەم بیرەوەریانـە دەنووسمـەوە لـەتوانای قەڵەمەکـەم دا نییـە کـەوەک پێویستە، دڵ ئاوااڵیی و پیاوەتی و جوامێری و دڵسـۆزی مامۆسـتا کـەریم زەنـد و منداڵەکانی باس بکەم، تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم کەهەتا مردن لەبیر ناچـنەوە و سوپاسیان دەکەم.

لەسـوڵێمانی کادرەکـانی حیزبـی و برادەرانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی کەلـەوێ بـوون کۆبوونەوە و داوام لێ کردن کەبەمسئولیەتەوە لەو مەسـەلەیە بکۆڵنـەوە و بڕیـار و بۆچوونی خۆیـان بـۆ دەفتـەری سیاسـی بنووسـن، لەگـەڵ کـاك سـەاڵح بەدرالـدین چووینە قەاڵدزە، لەگوندی خەلەکان میوانی سواڕە بـووین. (ئـەو کـوڕەی کەچـەند ساڵ پێش لەچایخانەی کانی وەتمان ناوم لێ گۆڕیبوو لەمەغدید–ەوە کردبـووم بـە (سواڕە) جێگای خۆی گرتبوو کاك سـەاڵح لەمیوانـداری ئـەو کـوڕە زەحمەتکێشـە سەری سوڕمابوو، سواڕە کەوێکی بەدیاری دامێ کەلەبەغدا ببوە گوڵی مالّەکەمان، دەگەڵ خۆم دەبردە کوردستان، لەمالّێ کوڕەکان یاریان لەگـەڵ دەکـردن، لەگـەڵ میوانان هەتا بەردەرگا دەچوو و دەگـەڕاوە، نیوەڕۆیـان دەهاتـە سـەرێ بەدنـدوک لەدەرگای ژوورەکەی منی دەدا تا دەرگام لێ دەکردەوە، ئێستا کەباسی ئەو کەوە هاتە پێشێ بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنـەری بـەڕێز بـا ئـەو باسـەش بگێڕمـەوە، قەیناکا ئیواش پەیدا بن بڵێن: (جا عەیبە نەدەبوایە ئەوەش بنووسێ!).

مالّی برادەران دوورخرابوونەوە بۆ ڕومادی دەبوایە منداڵەکانیان لەکۆیە ئیمتیحـان بدەن، پاش هەوڵ و تەقەاڵیەکی زۆری کاك حەمەدەمین ئیجازەی بـۆ وەرگرتبـوون بچنەوە کۆیە و منداڵەکان ئیمتیحان بدەن، دەبوایە چـەند ڕۆژێـك لـەوێ بمێنـەوە، خۆ ئەگـەر سـاڵێکیش مابانـەوە خـەڵکی بەشـەرەفی کۆیـە نەیاندەهێشـت هەسـت بەغەریبی و بێ مالّی بکەن هەموو مارّ مالّی خۆیان بوو.

جارێـك چـووبوومە کوردسـتان و بڕیارمـدا لەگەڕانـەوە دا بچـمە کۆیـە سـەرێك لەمنداڵـەکان بـدەم بـزانم کـەی دەگەڕێنـەوە و ئیمتیحانـەکانیان گەیوەتـە کـوێ،

کەچوومە مالّی مەلا عەولّای مەنگوڕ گوتیان بۆ نانی نیوەڕۆ لەمالّی برادەرێک داوەتکراون، من کەوەکەم لەخزمەت دابوو چوومە مالّی برادەری میواندار کەنەمدەناسی ژن و منداڵی برادەران لەوێ بوون، هیچ پیاو دیار نەبوون، ژنێکی گەلێک جوان و شۆخ و کابان خزمەتی دەکرد و خەریکی نان و چا و میوانداری بوو، گەلێکی بەخێرهاتن کردم، ژن و منداڵی مەلا رەسوڵ و برادەران زۆر شاد بوون کەسەرم داون، کەوەکەش لەهەیواندا دەهات و دەچوو، پرسیم خاوەن مالّ لەکوێیە، گوتیان نان کەرە و لەدوکان کار دەکات، زۆری پێ نەچوو پیاوەکە هاتەوە بەخێرهاتنی کردم و لەگەڵکو چاوی بەکەوەکە کەوت، قوت بوو، چوو کەبیگرێ، کەو خۆی پێدادا، کوڕەکان لەبەغدا فێرە شەڕیان کردبوو، یەک دوو گەڕ شەڕە چنگی دەگەڵ کرد و گوتی: (من کارم شەڕە کەوە، کەو دەکرم بەدە پازدە دینار بەشەڕی دەدەم، ئەگەر بەزی دەیکوژمەوە، ئەو کەوەی تۆ سەد دیناری دێنێ)، نەختێکی تر بەدەوری کەوەکەدا هات و چوو گوتی: (ئیجازە دەدەم بیبەم بەبرادەرانی نیشان بدەم) گوتم قەیناکا، بەو شەرتەی بەشەڕی نەدەی و بیهێنیەوە، برادەری خاوەن مالّ کەوی برد و ڕۆیی، زۆری پێچوو نەهاتەوە، ژنەکەی لەسەری رانەوەستا نان و چێشتێکی گەلێک تەواوی ساز کردبوو، نانی دانا و دەستمان کرد بەنان خواردن، من بۆ گاڵتە گوتم: ئەو برادەرە نەهاتەوە، نەکا کەوەکەم بەرێ و ئەو ژن و مالّە بۆ من بەجێ بێلّێ، ژنەکەی بەپێکەنینەوە گوتی: (کاک کەریم دەترسم زەرەر بکەی)، تاوێک بەو گاڵتەیە رامانبوارد برادەر هاتەوە، زۆر دڵی بەکەوەکەوە بوو، کاتی ڕۆیشتن پەیکەری کەوێکی بەدیاری دامێ کەلەگێچ دروستکرابوو، تا ئێستاش لەسەر کتێبخانەی مالّەکەمان وەک کەوی زیندوو هەڵنیشتوە و هەتا دەیبینم یادی ئەو مالّە و میواندار و جوامێریان دەکەمەوە، کەوەکەمان پێنج شەش مانگ لەگەڵمان ژیا پاشان شەوێک لەگەڵ میوانان چوو بووە دەرێ و لێمان بزر بوو، زۆری بۆ بەداخ بووین بەتایبەت جەلالی ڕەحمەتی تازیەی بۆ داگرتبوو.

لەباسی کۆیەدا لەتوانام دا نییە وەك پێویستە، پیاوەتی و میوانداری و کوردایەتی خەڵکی کۆیە، بەتایبەت دڵسۆزی و ڕێزگرتن لەبرادەرانی ئێمە وەك پێویستە بنەخشێنم، بەڵام ناکرێ میوانداری شەوێکی (گیپەی) ماڵە یەکێك لەبرایەکانی کاك کەمال محێددین لەبیر بەرمەوە، بەتایبەت میوانداری ئەو شەوە کەبەزەیتونی نێو ڕوبی هەنار ڕازابۆوە لەوانە نییە قەت لەبیرم بچێ و زۆرجاریش باسم کردووە.

لەقەڵادزە لەگەڵ برادەرانی حیزبی باسی مەسەلەکە کرا و بەتێکڕایی پێشنیاری گەڕانەوە بۆ کوردستانیان پەسند کرد.

ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١ لەگەڵ کاك سەڵاح چوینە شارەزوور، دەشتی شارەزوور لەگوڵاڵە سورە خەملاّبوو پیاوی سەرخۆش دەکرد، چوینە سەرای سوبحان ئاغا و لەگەڕانەوەدا لەگوندی کانی پانکە کەلاکی بەرخێکمان کڕی و بەدەربەندیخاندا گەڕاینەوە بۆ بەغدا، نەتیجەی سەفەر و بڕیار و پێشنیاری برادەرانم بەدەفتەری سیاسی ڕاگەیاند، کاك حەمەدەمینی سیراجی پێشنیاری کرد: (لەبەرئەوەی مەسەلەکە زۆر گرنگە پێویستە کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری کادرەکان لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، تەلیفۆنمان کرد برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی دانیشتووی کوردستان هاتنە بەغدا، ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٣ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری چەند کادری دەوروبەری کۆمیتەی ناوەندی پێکهات، پاش باس و لێکدانەوە بڕیاری دا: کەئەگەر حکومەتی عێراق دەست لەبرادەران بدات بۆ خواروی عێراقیان ڕابگوێزێ، هێندێ لەو برادەرانەی کەدەفتەری سیاسی دیاریان دەکات، بۆ کوردستانی ئێران بگەڕێنەوە، کاك حەمەدەمین لەدژی بڕیارەکان بوو، بۆ بەڵگەی دژایەتی خۆی لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ئێران لەو هەل و مەرجەدا نامەیەکی لە ١٧ لاپەڕەدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسیبوو کەلەسەرەتای کۆبوونەوەدا خوێنرایەوە، کاك حەمەدەمین بەباسکردنی تاقیکردنەوەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٦٧–٦٨ و بەڕوونکردنەوەی نەبوونی ڕێکخراو و تەشکیلاتی حیزبی

ئامـادە نـەبوونی هەلومـەرجی وڵات بـۆ خـەباتی چـەکداری بـیرۆڕای خـۆی دژی گەڕانەوە و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی راگەیاندبوو.

لێـرەدا لەبـەر ئـەوەی تـەنیا رووداوەکـان وەك بـیرەوەری خـۆم دەنووسمـەوە لەشیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی بۆچـوونی کـاك حەمـەدەمین و هێندێ بۆچـوونی دکتۆر قاسملۆ، وەهێنانەوەی شێر و رێوی لەمەڕ نەگەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێـران خۆ دەبوێرم.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی سـێ رۆژی خایاند و ئـەو بڕیـارەی دا کەبەخـەتی حەسەنی شیوەسەلی نووسراونەوە و لێرەدا چاپ دەکرێن.

١٩٧٧/٥/٣

١- کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش باس و لێکۆڵینەوە لەسـەر ئـەو وەزعـەی تازە کەلەعێراقدا بۆمـان هاتۆتـە پـێش بڕیاریـدا ئەگـەر حکومـەتی عێـراق بیـەوێ ئەنـدامانی حیزبـی ئێمـە بـۆ جنـوب بگوێزێتـەوە و نەیـەڵێ لەکوردسـتان دانیشـن، هێندێك لەئەندامانی حیزب بەگوێرەی بڕیاری کۆمیتـەی ناوەنـدی خـۆ بشـارنەوە و خۆیان بەدەستەوە نەدەن.

١٩٧٧/٥/٥

٢- کۆمیتـەی ناوەنـدی بـۆ ئـەو بڕیـارەی سـەرەوە کۆمیتەیـەکی حـەوت کەسـی هەڵبژارد لەو برادەرانەی ناویان نووسراوە: ١- کـاك حەمـەدەمین. ٢- کـاك سـەید رەسوڵ. ٣- کـاك مـەلا رەسـوڵ. ٤- حەسـەن عەبدوڵڵا. ٥- کـەریم حـەداد. ٦- جەمال. ٧- ئیسماعیل حاجی.

١٩٧٧/٥/٦

١- لەبەرئـەوەی کـاك حەمـەدەمین ئامـادە نـەبوو ئەندامـەتی کۆمیتـە قبـوڵ بکـا کۆمیتـەی ناوەنـدی بڕیاریـدا کـاك پـێران ببێتـە ئەنـدامی کۆمیتەکـە، لەسـەر ئـەو

ئەساسە کەلەبەغدا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی وەزعی برادەران لەعێراق و پێوەندی لەگەڵ حکومەت روون دەبێتەوە. کاتێك کۆمیتە تەشخیس دەدا کەبوونی لەولآت پێویستە ئەوکاتە جێگرێك بۆ خۆی دیاری دەکات و بەزووترین کات خۆی دەگەیەنێتە برادەرانی کۆمیتەکە.

٢- کاتێ برادەران گەڕانەوە بۆ ولآت مەسئولی عەلاقات بە (صراحت) بەنوێنەری حکومەتی عێراق رادەگەیەنێ کەئەوانە لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی چوونەوە بۆ کار و تێکۆشانی حیزبی وەپێشیان سپێراوە کەهیچ کارێك نەکەن زیان بەسیاسەتی خارجی عێراق بگەیەنێ.

٣- ئەو کۆمیتەیەی کەبڕیاردرا لەئێران کار بکا بەویستی هەموو برادەران ناوی نرا کۆمیتەی رابەر (ك.ر)، کۆمیتەکە بەتێکڕایی دەنگ پیرانی بەمەسئولی گشتی دیاری کرد، مامەند و سەلیم بەیارمەتیدەری سیاسی و عەسکەری بەتەرتیبی نووسین هەلّبژارد.

٤- کۆمیتەی رابەر بڕیاریدا سەلیم لەگەڵ سدیق و شێخ باقی لەناوچەی بانە کار بکەن.

٥- جەمال لەگەڵ فەتاح و مەحمود لەناوچەی گەورکان و کەلّوێ و سویسنیاندا کار بکەن.

٦- کەمال لەگەل مستەفا ئاوارە و مەلا خدر لەناوچەی ئالان و سەردەشتدا ئیش بکەن.

٧- مامەند لەگەڵ عەولآ و رەحیم لەناوچەی مەنگوڕان و بەشێکی گەورکان و مەهاباد کار بکەن.

٨- پیران لەگەڵ سیمان و غەریب لەناوچەی لاجان و پیران و سندوس و شاروێران و مەهاباد بەشێکی مەنگوڕان کار بکەن.

٩- بڕیار درا لەسەرەتاوە ئەو برادەرانەی کەقەرارە بۆ کاری ئێران خۆ بشارنەوە لەسێ شوێن (چواس و بامین و خوار و کوترەڵ) خۆیان بشارنەوە هەر لەئێستاوە هێندێك هەنگاو بۆ دابینکردنی ئازوخە باوێژرێن، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارە بڕیاردرا حەسەن قەلەڕەشی و فەقێ عەولا بچنە چواس، وەتمان و مەحمود بۆ پشتی زێوکە، مەلا محەمەدی زودیش هەر لەجێگای خۆی، هەریەکەی سەد و پەنجا دیناریان لەلا دابنرێ).

رۆژی ١٩٧٧/٥/٩ بالێوزخانەی چیکۆسلۆڤاکیا بەبۆنەی ئازادی پراگ و تێکشکانی فاشیزم جێژنی گرتبوو، ئێمەشیان داوەت کردبوو، لەگەڵ کاك حەمەدەمین و کاك هاشمی کەریمی چووین، بەشداری ئەو جۆرە شوێنانە دەبێتە هۆی ناسیاری خەڵك و ئاگاداری لەگەلێك دەنگ و باس و رووداوە، رۆژی ٧٧/٥/١٥ حەقدە منداڵ و چوار ژنی خێزانی برادەرانی راگوێزراو بۆ ڕومادی هاتنە بەغدا کەلەبەر ئیمتیحانی منداڵەکان بچنەوە کۆیە، ئەو شەوەش ئێمە کاك غەسان (عیسمەت جاوید) ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان کەلەبەغدا بوو داوەتمان کردبوو، دیمەنێکی سەیر و هەر لەو کاتەشدا خەفەتبار بوو، ئەو هەموو ژن و منداڵە لەحەسارێ کۆببوونەوە، کاك غەسانم بردە تەماشایان و گوتم: ئەمە وەزعی برادەرانی ئێمەیە لەعێراق.

دکتۆر قاسملۆ لەوەڵامی نامەی مەلا رەسوڵ و کاك حەمەدەمین دا کەداوایان لێکردبوو بەهەر ڕێگایەکدا بێ خۆ بگەیەنێتەوە کوردستان پێشنیاری کردبوو کەکۆمیتەی ناوەندی لەفەرانسە کۆبێتەوە، دیار بوو بەبێ ئیجازە و یارمەتی حکومەتی عێراق ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەیاندەتوانی سەفەر بکەن، دەفتەری سیاسی نامەیەکی بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی بەعس نووسی و داوای کرد کەلەهەموو بارێکەوە سەفەری فەرانسەمان بۆ پێکبێنێ.

لەلایەکی تر بێجگە لەئەرکی جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ٧٧/٥/٥ بەتێکڕایی دەنگ

بەبەرپرسی کۆمیتەی رابەر بۆ کار لەکوردستانی ئێران دیاری کرابووم، دەبوایە بۆ پیادە کردنی ئەم بڕیارە هەنگاو بنێم، لەنامەیەکدا دەقی بڕیارەکەم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و داوام لێ کرد کە لەمبارەوە ڕێنوێنی و پێشنیاری خۆی رابگەیەنێ و لەگەڵ کاك ئەمیری قازی و حەسەنی شەتەویش پرس و ڕاوێژ بکا، دکتۆر لەوەڵامدا سەفەری پاریس و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار کردبوو.

١٩٧٧/٥/٢٧ تفەنگێکی کلاشینکۆف و دوو دەمانچەی ١٤ خۆرم لەبن دۆشەکی ماشێن قایم کرد و لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ چووین بۆ قەڵادزە و بۆ ئەو شوێنە ناردران کەدەبوایە کەرەسە و ئامڕازی پێویستی لێ کۆ بکرێنەوە.

ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٣٠ کابرای پێوەندیدار پەیدا بوو گوتی: (مودیری موخابەرات سەعدون شاکر داوات دەکا)، کەچووم دەستی کرد بەکاوێژ کردنەوەی بەیت و بالورەی کۆن، پاشان گوتی: (واباشە فیکرێك بۆ خۆتان بکەنەوە، ئێوە بەو چەشنە کەهیچ یارمەتی ئێمە نادەن، ناتوانن لەعێراق بژین).

گوتم: هەروا کوتوپڕ بڕیاردان بۆ من دژوارە، ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە دەتوانێ لەعێراق بچێتەدەر، بەڵام ئێمە نێزیکی ٢٧٠ کەسمان لەکوردستان هەیە، داخوا ئێوە بۆ مانەوە و ژیانی ئەوان چ بڕیار دەدەن، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بەئارامی چارەسەر بکرێ و بۆ ئێوە نەبێتە جێگای تەبلیغات کەحیزبی دیموکراتتان دەرکردوە، ڕێگا بدەن دکتۆر قاسملۆ بەسەفەر بێتەوە بەغدا و کۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە و بڕیاری نیهائی بدات.

گوتی: (قاسملۆ دژی ئێمە دەجوڵێتەوە و ڕێگا نادەین بێتەوە عێراق، بەڵام تۆ دەتوانی سەفەر بکەی و لەگەڵ قاسملۆ وتووێژ بکەی و بڕیاری خۆتان بدەن).

گوتم: مەسەلەکە گرنگە و پێوەندی بەچارەنووسی ئێمەوە هەیە، کەوابوو رێگا بدەن هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەفەر بکەن بۆ پاریس و کۆبینەوە، بۆ ئەو کارەش بۆچوون و هاتنەوەی برادەران یارمەتیمان بدەن.

گوتی: (بچۆ قاسم نەتیجەت پێ رادەگەیەنێ)، لەنامەیەکدا دکتۆر قاسملۆم لەم وتوێژ و چاوپێکەوتنە ئاگادار کرد و چاوەڕوان بووین.

١٩٧٧/٧/١٥ برادەرێکی تێکۆشەری حیزبی لەبانەوە هاتبوە سولەیمانی، خەبەری دا کەناتوانێ گیر بێ و دەبێ بچم ببینم، رۆژی جومعە بوو بەیانی زوو چوومە سولەیمانی، چاوم بەبرادەر کەوت و بۆ یەکەم جار تەشکیلاتی نهێنی حیزب لەبانە بەقاچاخی و بەزەحمەت تایپو رۆنیۆی پەیدا کردبوو، پارەیان دەویست، چەندی پێویست بوو پارەم دایە و پاش رێنوێنی و قەرار و مەدار هاتووچۆ و پێوەندی بەڕێم کردەوە و خۆشم گەڕامەوە بۆ بەغدا.

سەفەر بۆ پاریس

رۆژی ١٩٧٧/٧/٢٠ خەبەریان دایێ کەدەتوانن سەفەر بکەن بۆ فەرانسە، دەست بەجێ بۆ کرینی بلیت و وەرگرتنی ڤیزا دەست بەکار بووین و رۆژی ٧/٢٤ هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەرەو پاریس وەحەوا کەوتین، دکتۆر قاسملۆ لەهۆتێلێکی فەقیرانە جێگای بۆ رێزیر و کردبووین و بۆ کۆبوونەوەش لەشاری (شانیۆ– مۆن لیۆژ) لەمالّی برادەرێکی رۆژنامەنووس خۆی بەناوی (پۆل) جێگای گرتبوو، دوو رۆژ لەپاریس ماینەوە و رۆژی ٧/٢٦ بەقەتار بۆ شوێنی کۆبوونەوە کەوتینەڕێ، پیاو هەق بلّێ هەرچەندی بلّێی جێگایەکی خۆش و خانوو و حەسارێکی گەورە، ئارام و هێدی، تەرتیبی خواردن و نوستن و حەسانەوەی تەواوی دابوو.

رۆژی ١٩٧٧/٧/٢٧ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەهەوایەکی ناکۆک و رەخنە و رەخنەکاریدا دەستی بەکار کرد.

دکتۆر قاسملۆ بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی بەم چەشنە پێشنیار کرد.

١- کەریمی حسامی وەك جێگری سکرتێر و لێپرسراوی پێوەندی دەرەوە و راپۆرتی کاری خۆی پێشکەش بکا.

٢- لێپرسراوی (سیامی) راپۆرتی کاری خۆی پێشکەش بکا.

٣- سکرتێری حیزب راپۆرتی کار و تێکۆشانی دەرەوە پێشکەش بکا.

پاش ئەو راپۆرتانە من نامەیەکی ١٥ لاپەڕەییم بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسیبوو، داوام کرد بخوێنرێتەوە و باسی لەسەر بکرێ، نامەکەی من بۆچوونی خۆم رووبکردنەوەی وەزعی حیزب و چۆنیەتی کار و تێکۆشان و خەسڵەتی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوو، کەیەك یەك باسم کردبوون، بەشی زۆری خەتاکەم خستبوە سەر ئەستۆی سکرتێری حیزب، لەبەرئەوە نامەکەی من بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی نووسرابوو، لەکۆبوونەوەدا خوێنرابۆوە و باسی کاراکتەر و بۆچوون و پلەی زانیاری و ئاکار و کردەوەی یەك یەکی برادەرانم بە حوزووری خۆیان باسکردبوو، بەپێویستی نازانم لێرەدا تەواوی ئەو نامەیە بڵاو بکەمەوە، بەڵام دەستپێکی نامەکە بڵاو دەکەمەوە کەبۆچوونی خۆم بووە و تەنیاش بەمەبەستی دڵسۆزی و باشبوونی کار و تێکۆشان نووسیومە، ئەمەش سەرەتای نامەکەیە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوێکی برایانە، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئەو دەرفەتەی پێکهێناوە کەبۆچوون و لێکدانەوەی خۆم لەبارەی کار و تێکۆشانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و وەزعی ئێستای حیزب بخەمە بەر بیروڕای برادەران.

دەمێکە هەستکردن بەمەسئولیەت و عەزابی ویژدان ئازارم دەدا ناوێکی گەورەمان لەخۆ ناوە کەلەگەڵ کردەوە و تێکۆشانمان عەرز و ئاسمانی فەرقە، لەسەر ئەو

باوەڕەم ئەوەی ئێمە بەناوی حیزبەوە دەیکەین، بۆ بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزب کەلەعێراق دەژین تەنیا بۆ رابواردنی رۆژ و سااڵ و بۆ بەڕێچوون و ناو و ناوبانگە، هەڵسوڕان و کردەوەی ئێمە بەهیچ جۆر لەگەڵ کردەوە و خەسڵەتی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ نایەتەوە.

ئەگەر بەوێژدانێکی حیزبی و شەرافەتی شۆڕشگێڕی لەساڵی ١٩٧٣–وە یانی لەپاش کۆنگرەوە سەرنجێکی کار و تێکۆشانی خۆمان بدەین، نەك هەر هەنگاوێکی نەچووینە پێش، بەڵکو بۆ دوایەش گەڕاوینەوە و لەسەر سوێی هەڵدێران و پەرش و بڵاوی راوەستاوین، رەنگە زۆربەی برادەران هەست بەم راستیە بکەن، کەوابوو با تۆزێك بیر لەکردەوەی ئەو چەند ساڵەی دواییمان بکەینەوە، تۆزێك لەو ناوەی خۆمان و لەمیللەتەکەمان شەرم بکەین، با بەروحێکی شۆڕشگێڕی و شەرافەتی حیزبی چاوێك بەهەڵسوڕان و کردەوەی خۆماندا بخشێنین، ئەگەر دەزانین پیاوی ئەو مەیدانە نین، با وازبێنین و لانی کەم ئەو شەرەفە بۆ خۆمان بپارێزین کەسەودامان بەچارەنووسی گەل نەکردبێ و سیاسەتمان تەنیا نەکردبێتە وەسیلەی ژیان و بەڕێچوون و ناو لەخۆ نان.

هاتوومە سەر ئەو باوەڕە ئەوەندەی بتوانم هۆیەکانی پێکهێنانی ئەم وەزعە بەشەهامەت و بەوێژدانی حیزبیەوە روون بکەمەوە و داواش لەبرادەران بکەم کە لەلێکدانەوە و چارەسەری گیروگرفتەکاندا هەست بەبەرپرسی بکەن و بەوێژدانی حیزبی بۆ مەسەلەکان بچن.

هۆیەکانی ئەم کارەساتە کامەن و لەکەیەوە دەست پێ کراون؟

پاش لێکۆڵینەوەی نامەکەی من برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەزۆر بارەوە رەخنەکانیان لەسەر دکتۆر قاسملۆ بەراست زانی.

دکتۆر لەوەڵامی نووسراوەکەی منا گوتی: (نووسینی کاك کەریم بەبێ دیاریکردنی رێگای چارە تێکدانی حیزبە، مەسەلەش هێندە سەیر و پڕ لەمەترسی نییە کە یان

دانیشین و یان خۆ بەئاور دادەین، عەیبی گەورەی گەلەکەمان ئەوەیە کەم چیکلّدانەیە و خۆڕاگر نییە، لەبارەی ئەو وەزعە کە پێکهاتووە من خۆم زیاتر لەهەموو کەس بەتاوانبار دەزانم).

برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەبەرانبەر نووسینەکەی منداً، هیچ قسە و دیفاعێکیان نەبوو، ماوەی سێ رۆژان باس و لێکۆڵینەوەمان درێژە پێدا و هێندێ بڕیارمان دا کەبریتی بوون لە:

١- پێکهێنانی کۆنفرانسێکی حیزبی لەماوەی ١٢ مانگدا.

٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی پێنج کەسی بەناوی دەفتەری سیاسی بۆ جێ بەجێ کردنی: گرتنی کۆنفرانس و پیادەکردنی نەخشەی سیامی و درێژە پێدانی کاری چاپەمەنی و پێوەندییەکانی دەرەوە.

٣- لەماوەی سالێکدا بەرە بەرە ناوەندی حیزب لەبەغدا بگوێزرێتەوە.

رۆژی ١٩٧٧/٧/٣٠ دەفتەری سیاسی لەپێنج کەس هەڵبژێردرا و لەدابەشکردنی کاری دەفتەری سیاسی دا بڕیار درا دکتۆر قاسملۆ وەك سکرتێری حیزب لەدەرەوە لەگەڵ ئەمیری قازی بۆ دۆزینەوەی پێگەیەکی تر و هەم بۆ کۆنفرانس هەوڵ بدەن.

لەعێراق کەریمی حسامی بەرپرسی رێکخراوی حیزب دەبێ، حەمەدەمین و مەلا رەسوڵ هاوکاری دەکەن، حەمەدەمینی سیراجی بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزبی دەبێ.

١٩٧٧/٨/١ کاروباری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆتایی پێ هات، بەڵام ناکۆکی و ناتەبایی نێو کۆمیتەی ناوەندی نەك هەر چارە نەکرد بەڵکو بەسەریدا تێپەڕی و هیچ عیلاجی دیکەشی نەبوو، پاشان بڕیارماندا کەدکتۆر و کاك ئەمیر بەنۆرە سەرێکی تورکیا بدەن و بەڵکو بتوانن جێ پێیەك لەوێ ساز بکەن کەلەئێران نێزیکترە و لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانیش پێوەندی بگرن، هەروەها

بڕیاردرا کە دە کەس لەئەندامانی بژاردەی حیزب بنێرین بۆ یەمەنی دیموکراتی، کەپێشتر کاری لەسەر کرابوو، ئەوانیش موافەقەتیان کردبوو کەدەورەیەکی سێ مانگی بۆ برادەرانمان بکەنەوە.

تا رۆژی ١٩٧٧/٨/٣ لەپاریس ماینەوە و دکتۆر بەراستی زۆرمان پێوە ماندوو بوو، میوانداریەکی باشی کردین.

گێڕانەوەی بیرەوەری خۆ هەر باسی سیاسەت نییە، باسی چلاو کەبابی ئێرانی هاتە پێش و کابرای ئێرانیش لەهەر جێگایەك بێ، هەست بەهەبوونی چلاو کەباب بکا و نەیخوا، وەك هیچی نەکردبێ و نەخواردبێ وایە، دەی چۆنی بخۆین، چلۆکەباب و لە (شانزەلیزە)ی پاریس مەلا خۆرە نییە، کاك حەمەدەمینی سیراجی بەرپرسی مالییە و نەك هەر چلاوکەباب خۆ لەشانزەلیزە ئاویشمان بۆ ناکڕێ، دکتۆر حەسەنی شەتەوی گوتی: (من دەڕۆم و ناتوانم بمێنمەوە، بەڵام لەسەر حسابی من هەموتان بچن چلاو کەباب بخۆن، کاك ئەمیر لەجیاتی من پارەکەی دەدا و پاشان ئێمە حیسابی خۆمان دەکەین، پێشەکی سوپاسمان کرد و بەرەو شانزەلیزە بۆ چلاو کەبابی ئێرانیێ، رەستورانی چلاو کەبابی ئێرانیمان دیتەوە، جێگایەکی تازە و پاك و خاوێن، دانیشتین، لەسەر مێزەکان دەفتەری نرخی خۆراکەکان هەبوو، کاك حەمەدەمین نازانم لەگەڵ کام یەك لەبرادەران لەئێمە دوورتر دانیشتبوو، تەماشای قیمەتەکانمان دەکرد لەپڕ تەماشامان کرد کاك حەمەدەمین هەستا وەدەرکەوت و برادەرانیش بەدوای ئەودا یەك یەك، من و کاك ئەمیر و مامۆستا هێمن ماینەوە، پێمان سەیر بوو، گوتمان با بچین بزانین چ بووە، بۆ رۆیشتن، کەچوویند دەرێ و پرسیمان کاك حەمەدەمین گوتی: زۆر گرانە و ئەوە بۆ ئێمە نابێ! گوتمان خۆ پارەی حیزب نییە، دکتۆر شەتەوی داوەتی کردوین و کاك ئەمیر لەجیاتی ئەو پارەکەی دەدا، دەی تازە ناگەڕێینەوە عەیبە، چلاو کەباب نەخورا، وەباڵ کەوتە سەر ئەستۆی کاك حەمەدەمینی سیراجی.

رۆژی ۱۹۷۷/۸/۳ برادەرانمان گەڕانەوە بۆ بەغدا، مەلا رەسوڵ لای خەلیلی بۆ بەجێ ما و منیش بۆ سەردانی منداڵەکانم چوومەوە سۆفیا.

۷۷/۸/۱۰ چوومە لای کونستانتینۆڤ بەرپرسی ئێرانییەکان لەحیزبی کۆمۆنیستی بولغاریا و سەبارەت بەمانەوەی منداڵەکانم قسەم لەگەڵ کرد، گوتی: (منداڵەکانت دەتوانن لێرە بمێننەوە، بەڵام هیچ یارمەتیان نادەین و دەبێ لەسەر حیسابی خۆت بژین).

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بڕیاری دابوو کەمانگی ۵۰ دینار یارمەتی بەمنداڵەکانم بکات، لەم بارەوە تۆزێ ئاسودە بووم، بەتایبەت لەسەر راسپاردەی کاک عەزیز محەمەد، شلێری کچمیان لەزانستگا وەرگرت کەپزیشکی بخوێنێ.

رۆژی ۷۷/۸/۱۲ کاک عەبدولرحمان نەقشبەندی لەگەڵ خێزانی هاتە سۆفیا و میوانمان بوون، چەند رۆژێك زۆر خۆشمان رابوارد، چووینە پلوفدیف سەری کەمالمان دا، برادەرێکی بولغاری لەوێ رۆژێك دەعوەتی کردین، بەداخەوە چەند رۆژێك پتر نەمایەوە و هەرچەند بەدڵ پێمان خۆشبوو پتر لەخزمەتی دابین.

رۆژی ۷۷/۸/۱۵ مەلا رەسوڵ لەپاریسەوە گەیشتەوە سۆفیا، پێشتر خەبەری نەدابوومێ تا ڤیزای بۆ وەرگرم، یەکسەر لەفڕۆکەخانە دابەزیبوو، دەبوایە ۲۰ دۆلار هەقی ڤیزای هاتنە ژوور بدا، ئەویش وردەی پێ نەبوو، سەد دۆلاری دابوو، پۆلیس ۲۰ دۆلاری ڤیزای گێڕابۆوە، لەجیاتی ۸۰ دۆلارەکەی ۷۸ لیویان دابوویە، لەکاتێکا لەبازاڕی رەش دەیکردە ۲٤۰ لیو، تەلەفۆنی بۆ کردم بەماشێنی کاک عەبدولڕەحمان نەقشبەندی چووم هێنامەوە مااڵێ، تووڕە ببوو هەر ئاوری دێنان و ۸۰ دۆلاری چوو بوو بولغارستان و سۆسیالیزمی دەهاڕی، دەیویست حەوتویەك لەسۆفیا بمێنێتەوە، دەبوایە ڤیزای حەوتویەکی بۆ وەرگرم، چووینە پۆلیس و خەڵکێکی زۆر چاوەڕوان بوون و دەبوایە چەند سەعات راوەستین، بەهەڵکەوت ناسیارێکی بەرپرسی ڤیزا پەیدا بوو، پاسپۆرتی مەلا رەسووی وەرگرت و چووە

ژووری، دوای ۱۰ دەقیقە مۆری مانەوەی لێدا و هێنایەوە، مەلا رەسوڵ هاتەوە سەرخۆ دەیگوت: (وڵات هەر بولغاریایە و رێگاش هەر سۆسیالیزمە!)، لام وایە زۆرجار لەپێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی دا ئەم مەسەلەم گێڕاوەتەوە.

رۆژی ۷۷/۸/۱۸ کاک حەمەدەمین تەلەفۆنی کرد کەزوو بچمەوە بەغدا، مەلا رەسوڵ ۸/۲۰ دەگەڕاوە، ئەوەی پێویست بوو لەگەڵ ئەو باسم کرد، رامئەسپارد کەکاک حەمەدەمین لیستەی گیراوەکانی کوردستانی ئێرانم بۆ بنێرێ کەبۆ دکتۆریان بنێرم، دکتۆر لەگەڵ ئەمنیستی (رێکخراوی لێخۆشبوونی نێو نەتەوەیی) هێندێ کاری کردبوو، بۆ بەردانی کاک عەزیزی یوسفی پارێزەرێکی بیلژیکی ناردبوە تاران و ناوی غەنی بلوریان کەوتبوە لیستی ئەو کەسانە کەئەمنیستی بۆ ئازادکردنیان کاری لەسەر دەکردن

رۆژی ۸/۲۷ لەگەڵ کەمالی کوڕم، چووینە پراگ و رۆژی دوایی بەشەو چووینە بەرلینی رۆژئاوا، تاریك و رووتی بەیانی قەتار گەیشتە بەرلین، بەڵام ئێمە خەومان لێکەوتبوو دانەبەزیبووین، قەتار گەڕابۆوە بەرەو روستۆف، کەوریا بووینەوە، پرسیمان ۱۰۰ کیلۆمیتر لەبەرلین دوورکەوتبووینەوە، لەئێزگەیەك دابەزین و وەستاین تا قەتارێکی تر هات چووینەوە بەرلین، سەعات هەشتی بەیانی گەیشتینە (فریدە شتراسی) کەسنوری دیواری بەرلین بوو، ئەمجارە لەدەست پۆلیسی ئەڵمانی رۆژهەڵات نەجاتیمان نەدەبوو، دەیگوت ۳ سەعات وەدوا کەوتوون، لەکوێ بوون، تا بەهەزار حاڵ تێمانگەیاندن و نەجاتیمان بوو سەعات بوو بە ۱۰، لەبەرلین میوانی (حوسێنی شیلازەر) بووین، کوڕێکی کوردی ئێرانی، خەڵکی قارنجەی ناوچەی چۆمی مەجیدخان، چەند ساڵ پێشتر عەلی قازی لەگەڵ خۆی هێنابوویە ئەڵمان کەخزمەتی بکات، پاشان لەکنی نەمابوو، کرێکاری دەکرد و ژیان و مااڵێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو، ئێوارەیەك لەنێو شار دەچووینەوە ماڵی حوسێن، ئۆتۆبوس لەپێش دەرگای ماڵەکەی ئەو دەوەستا، دابەزین و چووینەوە ماڵێ، کەتەماشام کرد کیفی پارەم پێ نەماوە، دوو پاسپۆرت و ۳ هەزار مارك و

٤٠ دیناری عێراقی تێدا بوو، نێو شتومەکم پشکنی نەبوو، حوسێن هاتەوە پێم گوت و زۆر ناڕەحەت بووم، بەتایبەت کەمال لەبەر پاسپۆرت و گەڕانەوە لەرادەبەدەر تێکچوو بوو.

لەگەڵ حوسێن چووینە ئیزگەی ئۆتۆبوس، ئۆتۆبوسێك وێستا بوو، حوسێن مەسەلەکەی تێگەیاند، کابرا بەتەلەفۆن لەگەڵ شوێنی قسەی کرد و گوتی: (سەعات ٨ بچنە فلّان شەقام، ئیزگەی ئۆتوبۆسانە، کیفەکەتان وەرگرنەوە).

کەسەعات ٨ چووین، ناونیشانی کیف و پارە و پاسپۆرتەکانیان پرسی، تەواو و کەماڵ کیفەکەیان دایەوە، بوتڵە ئارەقێکم بۆ کابرای شوفێر کڕی، ڕۆژی ٧٧/٩/٢ لەگەڵ کەمالی کوڕم گەڕاینەوە بۆ بولغارستان.

چەند ڕۆژێك لەماڵەوە بووم نامەی کاك حەمەدەمینم بۆ هات ٧٧/٩/٤.

لەنامەکەدا دەنووسی: (.... لەگەڕانەوەدا چاوم بە حوسێن (کابرای بەرپرسی پێوەندی ئێمە و بەعس) کەوت کۆڵێکی گلەیی لەتۆ هەبووە کەوەدرۆت خستۆتەوە، جاری دوایە هاتەوە سەفحە کۆنەکەی لێدا و گوتی: (پێوەندی ئێمە ڕۆتینییە، هاوکاریمان ناکەن، هەر بەقسە ئێمە بەدۆست دەزانن، نەقڵی ئەوەیە حسامی بەئێمە دەڵێ دەچنە پاریس، لەکاتێکا بەشەرەف و بەچی و چی کۆبوونەوەتان لەسۆفیا کردوە، دەگەڵ ئێمە راست نییە).

من هیچ جوابم نەداوە، بۆ محەمەد بێژەیی ناچارم سەرلەنوێ نامەیەکی دیکەیان بدەمێ، دەوروبەری بەیەکجار چۆڵ بووە هەر زەندەقی چووە، جەماعەتی سەرێ هەر لەترسی ڕاگواستن دان و هاوار هاواریانە کەچاریان بکەین، دەوروبەریان بەشی ئاو دەشت زۆربەی سوتێنراوە و خەڵکەکەشیان بۆ سەنگەسەر و چوارقوڕنە هێنراون، جموجۆڵ هەر هەیە و تەقە و لێککوشتنیش هەروا.....

کاك (ئەحمەد) (عەلی هەژار) خانەخوێی هەولێرت دووجار هاتوە و چاوم پێکەوتوە، دوێنێ زۆر بەپەلە هات، داوای کرد کەزۆر زوو بگەڕێمەوە، دەیگوت

شتی وا لەگۆڕێ دایە کەپێی خۆشە رای تۆ لەمبارەوە بزانێ، داوای ئەو شتەی دەکرد کەخۆت و ئەو دەیزانن، پێشنیاری کرد کەکاك رەسوڵ مامەند لەرۆژئاوایە، دەکرێ چاوتان پێی بکەوێ بەر لەوەی بگەڕێتەوە، لیستی گیراوە سیاسیەکانت داوا کردبوو، بۆم ناردی بۆ ئاگاداریت عەزیز ئەحمەد ئاغایی و خدر میر بەربوون، هیوام وایە هەم نامەکەم زوو بگا، هەم شتەکان بەرێگایەکی قایم دا بنێریەوە و هەم خۆشت زووتر بگەڕێیەوە، نازانم سەفەری لای مام هۆمەر (مەبەست قەزافی)یە بەکوێ گەیشت).

ئێمە لەپاریس بڕیارماندا بوو کەدکتۆر لەسەر پێشنیاری (حەسەنی ماسالی) سەفەرێکی لیبی بکات، حەسەنی ماسالی برادەرێکی ئێرانی کەبەناوی جەبهەی میللی لەئەوروپا و لەعێراق و یەمەن و لیبی هەڵدەسوڕا، پێشنیاری کردبوو کەدکتۆر سەر لەلیبی بدات، چونکە من (ئەو) گوێا لەگەڵ کاربەدەستانی لیبی باسی حیزبی دیموکراتی کردووە.

رۆژی ۷۷/۹/۱۵ گەڕامەوە بۆ بەغدا، رۆژی ۱۹۷۷/۹/۲۲، مەلا عەزیزی برادەرمان لەقەڵادزەوە پەیدا بوو، خەبەرم هێنا کەشەوی پێشتر دوو ئەندامی حیزبی دیموکرات (کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی) لەنزیك سنور تووشی چەند چەکداری سەر بەیەکێتی نیشتمانی دەبن بەسەرۆکایەتی سالحی دەرویش قادر و فەقێ قادری کوڕی، دەیانگرن، ۵۰ هەزار تمەن پارەیان پێ دەبێ لێیان دەستێنن و باڵیان دەبەستن دەبەن دەیاندەن بەپاسگای ژاندارمەری لەبەردەپان، دەفتەری سیاسی نامەیەکی بۆ دکتۆر تالیبی بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی نارد و لەپێشدا داوای کرد بەگورجی ئەو تاوانە روون بکرێتەوە و تاوانبار سزا بدرێن، پاش چەند رۆژ برادەرانمان خەبەریان دایناێ کەدوو کەس لەتاوانبارەکان چوونە ئێران و پەکیان گیراوە و دکتۆر تالیب پرسیاری لێ کردووە و شریتی ئیعتیراف و قسەکانی تاوانبارەکەشی بۆ ناردووین.

بۆرۆی سیاسی لەرۆژی ۷۷/۱۰/۱ راگەیاندنێکی بەم چەشنە باڵو کردەوە:

راگەیاندنێك لەلایەن بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

لەساڵەکانی رابردوودا، لەماوەی هاوکاری سەرۆکایەتی جوڵانەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق لەگەڵ رژێمی شا، بەرانبەر بەخەباتکەرانی کوردی ئێران زۆر کاری ناپەوا کران کەیەکێك لەوانە گرتن و تەسلیم کردنەوەیان بەجەللادانی رژێمی شا بوو.

هێزە پێشکەوتەکانی کوردستانی عێراق لەکاتی خۆیدا بەتێکڕایی ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد، پاش هەرەس هێنانی سەرکردایەتی بارزانی ئەم کارە لەهەموو لایەکەوە بەیەکێك لەلاپەڕە رەشەکانی مێژووی ئەم جوڵانەوەیە دانرا، بەداخەوە هێندێ کەس لەمێژوو تەجرەبەیان وەرنەگرتووە و ئێستاش نۆکەرایەتی رژێمی شایان بەئەرکی خۆیان داناوە.

شەوی ١٣٥٦/٦/٣٠ (١٩٧٧/٩/٢١) چەند خۆفرۆشی چەکداری کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی ساڵحی دەرویش قادر و فەقێ قادری کۆپی تووشی دوو کوردی نیشتمانپەروەری کوردستانی ئێران بەناوی کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی هاتوون و پاش ئەوەی رووتیان کردوون و باڵیان بەستون، بردوویانننە پاسگای بەردەپان و تەسلیمی حکومەتی ئێرانیان کردوون.

ئەو دوو نیشتمانپەروەرە کەپتر لە دە ساڵە لەسەر ئازادیخوازی و خەباتی دژی رژێمی شا دەربەدەر بوون و لەلایەن رژێمی پۆلیسی و دیکتاتۆری شاوە را و نراون، بەدەستی چەند کوردی خایەن و خۆفرۆش گیراون و بەدیاری دراونەوە بەحکومەتی کۆنەپەرستی ئێران و ئێستا گیانیان لەمەترسی دایە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکاتێکدا ئەو کردەوە بێشەرمانەیە بەتوندی مەحکوم دەکا، بەمافی خۆی دەزانێ کەلەدواڕۆژدا هاندەر و دەستکیسی ئەو تاوان و خۆفرۆشیە بەگەلی کورد بناسێنێ، دڵنیایە کەگەلی کورد لەکوردستانی ئێران لەکردەوەی خاینانەی ئەو تاوانبارانە خۆش نابێ و بەسزای خۆیان دەگەیەنێ.

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هەوەڵی ئۆکتۆبری ۱۹۷۷– ۱۳۵٦/۷/۱۰

۷۷/۹/۲۵ نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم پێگەیشت کە ۷۷/۹/۱٤ نووسیبووی وا دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە:

برای بەڕێز کاك کەریم!

۱۹۷۷/۹/۱٤

پاش سڵاوێکی گەرم

ئەوە عەکسی خۆم و کاك ئەمیرت بۆ دەنێرم، هیوادارم پێت بگا، هەروەها هێندێ مەتبووعاتی مانگی کاك هۆمەرت بەجیا بۆ ڕەوانە دەکەم.

سەفەرەکەم لەسەر یەك باش بوو... بەداخەوە وەختەکەی ناخۆش بوو نێزیکەی سەد دەستەی نوێنەر لەهەموو وڵاتانی جیهانەوە بۆ بەشدار بوون لەجەژندا هاتبوون، کۆسپی دیکەش ڕەمەزان بوو، وڵاتێکی یەکجار زۆر ئیسلامیە، بەڕۆژ خەڵك هەتا سەعاتی یەك دیار بوون، پاش نیوەڕۆ کەس دیار نەبوو، شەویش کەئیدارە لەگۆڕێ دا نەدەما، من کاك هۆمەرم دیت بەڵام هەروا سەرپێ، لەپاشان داوام کرد بەجیا ببینم، لەبەر خەڵك بەرم نەکەوت و نەشمدەویست لەوە زیاتر گیر بم، بەتایبەتی کەجێژنی ڕەمەزانیش لەپێش بوو و لەوێ پێنج شەش ڕۆژان هەموو جێ دادەخرێ! بەڵام بەرپرسی ڕاستەوخۆیەکەم دیت و نێزیکەی دوو سەعات قسەم لەگەڵ کرد، لەپاشان دانیشتووم و شەش لاپەڕە بەتایپ، کورت و پوخت لەسەر ح.د.ك و ڕابردووی و داواکانمان نوسی بۆم نارد بڕیار وایە تا مانگێکی تر خەبەرمان بدەنێ، کەلەسەفەری تورکیا گەڕامەوە دیارە موڕاجعەیان پێ دەکەم، ئەگەر هات و موافەقەتیان کرد و داواکانمان قبوڵکردن دەبێ بۆ چەند ڕۆژان سەفەرێکی دیکە بکەم، چونکە یەکێك لەپێشنیارەکانمان مەسەلەی ڕادیۆیە،

بەلەبەرچاو گرتنی وەزعی ولاتەکە پێم وایە دوو کەس بنێرین بۆ ئەوێ کەهەر لەو کاتەشدا بین بەرابتمان و دەفتەری ئێمە لەوێ ئیدارە بکەن، چونکە عەرەبی زانین لەوێ زۆر موهیمە پێشنیار دەکەم کەمامۆستا مەلا عبدالله و جەلال بچن بۆ ئەوێ، دیارە ئەگەر مامۆستا قبولّ بکا، پێم وایە دەبێ زۆر ئیسرار بکەین کەقبولّ بکا چونکە زۆر بەقازانجی ئێمە تەواو دەبێ، وەزعی لەوێ لەهەموو بارێکەوە لەعێراق باشتر دەبێ، خانووی دەدەنێ و ماشێنی دەدەنێ، چونکە عەرەبی دەزانێ زۆر بەکارمان دێ، بەداخەوە مەسئولەکانیان زۆر کەم ئینگلیزی دەزانن، دەشتوانێ مالّەکەشی بەرێتە ئەوێ، چونکە منالّەکانیشی عەرەبی دەزانن ئیدی ئیشکال نامێنێ، سەیر ئەوەیە عەرەبیەکەی ئەوان لەهی میسرو لوبنان لەعەرەبی عێراق نزیکترە، بەکورتی پێم وایە دەبێ هەولّ بدرێ مامۆستا قبولّ بکا، بەتایبەتی کەوەزعی عێراق هیچ مەعلووم نییە چی لێ دێ و پێوەندیان لەگەلّ ئێمە دەگاتە کوێ.

لەوێ تووشی ئەو برا موجاهیدەش بووم کەئێوە چاوتان پێکەوتبوو، زۆرمان قسە کرد و من سیاسەتی خۆمان بەتەواوی بۆ باس کرد بڕیار ئەوەیە دیسان چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە.

دیارە داوای کەرەستەشم کردوە، کابرای مەسئوول پێی وابوو وەلّامی (ئینشاالله) ئیجابی دەبێ، بەکورتی چەند رۆژان بەرۆژوو بووم، جا بزانم نەتیجەی دەبێ.

چونکە پێش رۆیشتنت من لێرە نابم، پێش ئەوە لێرەڕا سەفەر بکەم تەلەفۆنت بۆ دەکەم، کاك حەمەدەمینیش دوێنێ تەلەفۆنی کرد و پێکەوە قسەمان کرد.

مالّ و منداڵی ئیدریس و عەلی عەبدوللّا بۆ خۆی و محسن دزەیی لەگەلّ مالّ و منداڵی پێرێ گەیشتونەتە لەندەن، وادیارە نێوانی ئێرانو عێراق زۆر باش نییە، چونکە هەموو بەپاسپۆرتی ئێرانی هاتوون و عەلی عەبدوللّاش دەگەڕێتەوە! بۆ ئاگاداری گوزاریش کرا.

زۆرم سڵاوم هەیە بۆ خوشکە خەجیج و کاک حەسەن، چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم.

برات رەحمان

رۆژی ۷۷/۱۰/۱ دەفتەری سیاسی کە ۳ کەس بووین لەبەغدا کۆبوونەوە لەسەر شێوەی تێکۆشان لەئێران و پێوەندی زیاتر لەگەڵ وڵات هێندێ بڕیارمان دان، سەبارەت بەگێڕانەوەی مالّ و منداڵی برادەرانمان بۆ کوردستان و ئازادکردنی محەمەد بێژوەیی نامەیەکمان بۆ رێبەرایەتی حیزبی بەعس نووسی.

بەدوای ئەوەدا خەبەرمان بەبرادەرانی ئێرانی دا کەشوێنی ئەو تاوانبارانە هەڵبگرن و جێگایان بدۆزنەوە.

رۆژی ۱۹۷۷/۱۰/۵ کاک حەمەدەمین و مەلا رەسوڵ بۆ سەردانی محەمەد بێژوەیی چوونە زیندانی ئەبو غرێب، لەگەڕانەوەدا گوتیان کەناوبراو ئیعدام کراوە، ئێمە فرە لەو کردەوەی وەحشیانە بێزار و ناڕەحەت بووین، ئەمەش زەنگێکی دیکە بوو کەوریاتر بیر لەوەزعی خۆمان بکەینەوە.

لەبارەی پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ سەبارەت بەچوونی مەلا عەولاّ بۆ لیبی، قسەمان لەگەڵ کرد، مامۆستا قبوڵی نەکرد و ئامادە نەبوو ئەو پێشنیارە قبوڵ بکا، نەك هەر ئەوە بەڵکو لەنامەیەکدا لەئەندامەتی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کوردستان) و نامیلکەی (تێکۆشەر)یش ئیستیعفای دا، ئەمەش دەقی ئیستعفانامەی مەلا عەولاّی حەیاکی:

بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

لەگەڵ ڕێز و حورمەت، لەبەر وەزعێکی ڕووحیی و جسمی کەتێیدا دەژیم تکا دەکەم ئیستعفای من لەئەندامەتی دەستەی نووسەرانی (کوردستان و تێکۆشەر) قبوڵ بکەن، ئاواتە خوازی سەرکەوتنتانم

عەبدوڵڵا حەسەن زادە ۱۹۷۷/۱۰/۵

لە بارەی ئیستعفای مەلا عەوڵا و ڕوونکردنەوەی پێشنیاری سەفەری بۆ لیبی، دکتۆر قاسملۆ لەنامەی ۷۷/۱۰/۲۱ نووسیبووی: (لەسەر مامۆستا ئەگەر ئەوەی کەمن پێشنیارم کردووە بۆ لای مام هۆمەر قبوڵ نەکا، نەزەرم ئەوەیە کەسەربەستە ئەگەر دەیەوێ لەمەسئولیەت بکشێتەوە، دیارە هۆی ئەساسی ئەو کارە نازانم چیە، بەڵام بەراستی حیزبایەتی بەزۆر نابێ...).

ڕۆژی دوایی کەئیعدامی محەمەد بێژوەییمان لێ مسۆگەر بوو، کابرای بەروالەت پێوەندیدارمان بانگ کرد کەبێتە لامان، کابرا هات و خەبەری ئازاد بوونی محەمەد بێژوەییمان پرسی، لەوەڵامدا گوتی: (بشەرەفی محەمەد ئازاد دەکرێ، ئێمە بۆ سەرۆکمان نووسیوە کەعافوی بکات).

من ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا گوتی: (ببووڕە ئوستاد، ناکرێ جارێك درۆ سوێند (بەشەرەف) نەخۆی، ئێوە برادەری ئێمەتان ئیعدام کردوە، هاتووی بە (شەرەف) سوێند دەخۆی کەئازاد دەکرێ...

کابرا ڕەنگی هێنا و برد و گوتی: (لا من ئاگام لێ نییە، شلۆن یسیر... ئێوە لەکوێتان زانیوە)، ئیتر قسەم لەگەڵ نەکرد و هەستا ڕۆیی.

ڕۆژی ۷۷/۱۰/۸ دەفتەری سیاسی بڕیاریدا لەسەر ئیعدامی محەمەد بێژوەیی نامەیەکی ڕەخنە و ئیعتیراز بۆ حیزبی بەعس بنووسێ و من و مەلا ڕەسوڵ بۆ

سەرەخۆشی لەخێزانی بچینە پڕدەر و بێجگە لەیارمەتیەکی نەغدی بۆ سەرەخۆشی، مانگێ ١٥ دیناریش موچەی دایمی بدرێ بەمندالەکانی.

هەر ئەو رۆژە لەگەڵ مەلا رەسوڵ بەرەو پڕدەر کەوتینەڕێ، چووینە قەڵادزە.

مـاڵ و منـداڵی شـەهیدکراو لەگونـدێکی نێزیـک قـەڵادزە بـوو، چـوینە ماڵەکـەیان و لەقەڵادزە سەرەخۆشیمان دان و دوای دوو رۆژ گەڕاینەوە.

پـاش گەڕانـەوەمان بـۆ بەغـدا، هاتینـە سـەر ئـەو بـاوەڕە کـەبۆ شـارەزایی پـتر لەبارودۆخی وڵات و دۆزینـەوەی رێگـا و شـوێن و کەسـانی بـاوەڕپێکراو، بـرادەری بەکار و هەڵسوڕ بنێرینەوە بۆ ئێران، مەلا رەسوڵ ئامادەیی خـۆی راگەیانـد، رۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٥ سواری ماشێنم کرد بۆ پشدەر و لەگەڵ دوو کەسی تـر بـەڕێم کـردن بۆ وڵات.

باش بوو مەلا رەسوڵ هەتا دەوروبەری میراوێ و گوندی چەکۆ چووبوو، نـاردبووی باب و براکانی کەماوەیەکی زۆر بوو نەیدیبوون، هاتبوون و چاوی پێیان کـەوتبوو، یەک دوو کەس لەمامۆستایانی ناوچـە و کۆنـە حیزبـی دیتبـوون و رەمـز و قـەرار و مـەودای پێوەنـدی و هاتووچـۆی لەگـەڵ دانـابوون و لـەدەنگ و بـاس و چـۆنیەتی جموجـۆڵی وڵات ئاگـادار ببـوو، رۆژی ١٩٧٧/١١/٧ گەڕایـەوە، سـەفەری مـەلا رەسـوڵی تینـی وەبـەر نـاین کـەپتر لـەبرادەران بنێرینـەوە بـۆ وڵات و رێگاوبـان و چۆنیەتی ناوچەکان شـارەزایی پەیدا بکـەن، رۆژی ٧٧/١١/١٣ چـوومە قـەڵادزە و مەلا خدری دۆڵە گـەرمی و دوو بـرادەری دیکـەم بـۆ ناوچـەی سەردەشـتێ نـاردن، ئەرکی ئەو برادەرانە ئەوەبوو کەلەرێگای بـرادەران و ناسـیارانەوە ئـەو تاوانبارانـە بدۆزنەوە کەئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانیان گرتبوو و دابویـان بەژاندارمـەری حکومەتی ئێران.

لەگونـدی قوڵـە سـوێرەێ، دەچـنە مـاڵی کابرایـەکی خزمیـان، رۆژێـک لـەوێ دەحەسێنەوە و بەرۆژ دەیانباتە کێوی و ئێوارێ دەگەڕێنەوە تاوێک پاش دانیشـتن

کابرا دەچێتە دەر و دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە دەڵێ: (ژاندارم هاتن، خۆ نەجاتدەن)، برادەرانی مە دەست دەدەنە تفەنگان و وەدەردەکەون و ئیتر هەر ئەو شەوە دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە.

هەر لەقەڵادزە بووم شەوی ٧٧/١١/١٤ نامەی بەرپرسی تەشکیلاتی وڵاتم بۆ هات، هێندێ پێشنیاری کردبوو، هەر ئەو شەوە وەڵامەکەم ناردەوە، بۆ مانەوە لەتەئریخدا وەڵامی نامەی ئەو شەوەی برادەری وڵاتم لەلا ماوە، چاپی دەکەم، بۆ ئەوە کەشێوەی نووسینی نامە و پێوەندی ئێمە لەگەڵ وڵات با لەسەر لاپەڕەی نووسراوەیەکدا بمێنێتەوە، رەنگە ئی واش هەبن بڵێن جا بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە فایدەی چییە! یان بەقەولی کاک حەمەدەمین هەر بۆیەیە لاپەڕەی کتێبەکەی پێ زیاد بن!

برای بەڕێز گۆران دەستەکانت دەگوشم، نامەکان گەیشتن، ٤٤-١١-٣٤-١٤-١١-٤٤ ئەم شێوەیە زۆرباشە، لەمەودوا بەکاری بێنە، سوپاس (٢١-٢٢-٢٦-٢٢-٣٣) ١٥-٣٣-١١-١٥-٣٣، بۆرۆی سیاسی لەزەحمەت و تێکۆشانی ئێوە رازیە، ٣٦-٣٨-٢٤-٣٣ ئێستای تۆ زۆرباشە، ١٤-١١-٤١-٢٦-٤٦ لەبارەی (١٣-١١-٢٢-١١-٢٤) دوو مەبەستم هەیە، یەکەم بۆ ئەوەی (١٤-١١-٢٦-١٤-٢٦-٤١-٤٤) بەگوێرەی هەلومەرج پێکەوە.

دووەم بتوانی لە نێزیکەوە، ١٥-٣٣-١١-١٥-١٢-٤٦-٣٣، (١٣-٣٢-٢١) پەیدا بکەین، خەتی ئێستا مەترسی نییە، (٢٧-١٢-٤٦-٣٣) بەباشی دەزانم بیر لەخەتێکی دیکەش بکەینەوە، ئەگەر خەتەکە سەریعتر بێ باشترە، وابەباش دەزانم (٢٥-١٤-٣٤) کوێخا... تاقی بکەینەوە، بەو ناونشانەی بۆم نووسیوی، هێندێ شتی پێدا بنێری (٤٤-١١-٢٢-٢٢) (٤-٣٣-٣٦-١١-٤٤-١٢-٣٣) (٢١-٢٢-٣٤) (٤٤-٢٢-١٥-٣٣-٢١-٢٢-٣٣) ئەو برادەرەی (٤٤-١٣-٢٤-٢٢-٣٣) بەکوردێکی باش دەزانم، (١٢-٢٦-١١-٤١-١٢-٢٦-١٢-٣٣) (١٢-٢٤-٢٢-٣٣) (٢١١٢-١١-٣٦-٤١-١٢-٤٤) بەئاشکرا داوای هاوکاری لێ بکە و

پێی بڵێ: (کاك ناسر ئاوەکی سڵاوت لێدەکا، (١٢-١١-٢٢-١٤-١١-٢٦-٣٣) بزانە هەڵوێستی چۆنە، بەراستی هەر گرتنی (٢١-١١-١٥-٢١-٢٢-٢٦-٤٦) و ١٥-١٢-٣٥-١٢-٢٦-٤٦ ئەگەر بۆ جارێکیش بێ، ئەوە نامەی ٤٤-١١-٣٤-١٢-٣٣ لەگەڵ (١٤-٢٢-٢٦-٤١-١٥-٤٦-١١-٤٤) و (٢١-١٢-٣٣-١١-٤٤) و (٢١-١٢-٣٣-٤٤-٤٦-٣٣-١٤-٢٢-٣٦-١٢-٢٦) لەبارەی (٢١-٢٦-١١-٤١-١٢-٣٦-١٢) هێندێ اقداممان کردوە، بەڵکو ١١-٢٥-٤١-١١-٢٤ هەر خەبەرێکتان وەگیر کەوت لەو بارەوە ئاگادارمان کەن، نازانم دەخۆت پادەبینی (١٤-٢٢-٢٦-٤١-١٢-١٤-١١-٤٤-٣٣-٢٤-٢٢-١-٢٦-١١-٢٢-١٢-١٤-١١-٤٤-٣٣).

نازانم لەسەر ٣١-٢٤-٣٣-٢٤-٣٣-١٤-١١-٤١-١١-٤٤-٣٣ نەزەرت چییە، ئەگەر نامەی بۆ بنووسم دەتوانی بیدەیەی.

(١٥-٣١-٢٤-٣٣) (٣٤-٢٢-٢٦) ١٤-٢٦-١١-٢٢ زۆر پێویستە، لەبارەی شێوەی کارکردن لە (٤١-٣٣-١٢-١١-٤٦) و (٣٦-١١-٢٦) نەزەری خۆتمان بۆ بنووسە، مەسەلەی دۆزینەوە و دەست لێوەشاندنی (١١-١٢-٢٢)، (١٢-٤٦-٣٣-٢٢-١٢) زۆر پێویستە، ئەم نامانە زوو راپەڕێنە).

خەبەرمان زانیبوو کەئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی پاش ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بردوویانن بۆ ورمێ و دادگایی دەکرێن.

نامەیەکم بۆ یوسفی کورد نیژاد نووسی کەپارێزەرێکی بەناو بانگ و کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بوو، من پێشتر لەگەڵ کورد نژاد ئاشنایەتیم هەبوو، کاتێك لەسالّەکانی ٥٠ لەخەستەخانەی تاران کەوتبوو، چەند جار سەرم دابوو، لەوێ تێکۆشانی کوردایەتیم بەگوێ دادابوو، کاتێك لەزیندانی ورمێ بووم وەك لەبیرم بێ تەنیا کورد نیژاد و تاهیر خان هەریەکە جارێك هاتبوونە سەردانم، دیارە تاهیر خان لەبەر مەسەلەی توتن هاتبوو، توتنی لەدخانیە هەبوو، کابرای قرسێنەر

مسیویەکی یۆنانی بوو، لەگەڵ من ببوە دۆست و فیکرێکی چەپی هەبوو، یارمەتی دەدا، بۆ کورد نژادم نووسی کەهەرچی لەدەست دێن بۆ رزگاریان درێخی نەکات و پارێزەریان لەدادگا وەئەستۆ بگرێت.

نامەیەکیشم بۆ عەلیاغای ئەمیر عەشایری نووسی کەنوێنەری ناوچەی سەردەشت و لاجان بوو لەپارلمانی ئێران و داوام لێکرد کەبۆ ئازادبوونیان یا پێشگری لەئیعدامیان هەوڵێ بدات، بۆ برادەرانم نووسی لەمەهابادەوە بۆی بخەنە پۆست.

١٩٧٧/١١/١٩ برادەرانی کەچووبوونە کۆماری یەمەنی دیموکراتی گەڕانەوە، شەو دانیشتنێکی خۆشمان هەبوو، بەدرێژی چۆنیەتی کار و پێوەندی و فێربوون و هەڵوێستی یەمەنیەکان و بەڕێوەچوونی خۆمانیان باسکرد و لەسەفەرەکەیان رازی بوون، زۆر شت فێر ببوون و دەبوایە بۆ خەبات کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

لەلایەکی تـرەوە دووری ئـەو برادەرانـە لەتێکۆشـان و هەڵسـوڕانی رێکخراوەیـی هێنـدێ ئـاڵۆزی لەنێویانـدا پێـک هێنـابوون کەپێویسـتی بەچارەسـەرکردن و لێکۆڵینەوە هەبوو، داوایان کرد کەکۆبوونەوەیەکی بـەرین لەئەندامانی کۆمیتـەی ناوەندی و لەهێندێ ئەندامانی حیزبـی کەلەکوردسـتانی عێراق دەژیـان پێـک بـێ، دەفتەری سیاسی بڕیاریـدا کـەرۆژی ٢١ی نـوامبری ١٩٧٧ ئـەم کۆبوونەوەیـە سـاز بکرێ، کۆبوونەوە لەرۆژی خۆیدا بەو وتارەی خوارەوە لەلایەن منەوە کرایەوە:

هاوڕێیانی بەڕێز و خۆشەویست!

بەناوی بۆرۆی سیاسیەوە بەگەرمی بـەخێرهاتنتان دەکـەم، پـێ خۆشـبوونی خـۆم دەردەبڕم کەتوانیومانە پێکەوە کۆببینەوە و بەگیانێکی حیزبیانـە و برایانـە باسـی وەزع و کاروباری خۆمان بکەین، بێگومان ئەم جۆرە کۆبوونەوە و چـاوپێکەوتنانە ئەگەر نەشتوانن بڕیاری قەتعی لەسەر مەسـەلەکان بـدەن، بـۆ زیندوویی حیـزب و بزواندنی کاروباری رێکخراوەکان، وەبـۆ پێشـگری لەهەڵـە و بـۆ پتـەوکردنی ریـزی

حیزب و نێزیکی بیروباوەڕ زۆر بەکەڵك و باشن، زۆر بەپەرۆشم کەچەند کەس لەبرادەرانی رێبەرایەتی و چەند کادری حیزبی لەبەر هەلومەرجی زۆڕ نەیانتوانیوە لەکۆبوونەوەی ئێمەدا بەشدارین.

برادەران دەبێ بزانن ئێمە لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا دەژین، وەزعێکی ئێمە تێداین لەهیچ بارێکەوە لەبار نییە، لەباری عەینییەوە ئێمە لەوڵاتێکی بێگانەدا دەژین کەهیچ ڕێ و شوێنێکی حیسابی و قانونی و ئینسانی تێدا ڕەچاو ناکرێ، خەت و رێبازێکی دیاریکراوی نییە، بەگوێرەی سیاسەتی زۆڕ و لەبەرچاو گرتنی مەسڵەحەتی خۆی، پێوەندی لەگەڵ ئێمە لەنەوەستاندایە، ئەوەش مەسەلەیەك نییە کەئێمە بتوانین تەئسیری تێدا بکەین یان بڕوای تەواومان پێ هەبێ و پێمان باش بێ و پاڵی وێ بدەین، ناچار دەبێ ئێمەش بەگوێرەی پاراستنی قازانج و مەسڵەحەتی حیزبی خۆمان لەم وەزعە کەڵك وەربگرین و تا ئەم ڕادەیە کەزیان بەسەربەخۆیی سیاسی و پاراستنی رێباز و بیروباوەڕمان نەگەیەنێ دەگەڵی بڕۆین، ئەوەش دەبێ باش بزانین کەلەهیچ هەلومەرج و بەهیچ شێوەیەك نابێ بچینە ژێر فشارێك کەسەربەخۆیی سیاسی و رێبازی حیزبەکەمان بخاتە ژێر پێوە.

لەباری زێنییەوە بەداخەوە دەبێ بڵێم وەزعمان لەبارەکەی تر باشتر نییە، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەر بارە عەینییەکەی، رێبەرایەتی حیزب لەئەندام و کادرەکان دوورە، لەجێگایەك کۆنەبۆتەوە، کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەدرەنگی دەکەون و رێکوپێك نین، لەنێو رێکخراوەکاندا مەسەلەی خەباتی ئیدیۆلۆژی و پتەوکردنی بیروباوەڕ بەبەرنامە و سیاسەتی حیزب بەگرنگ دانانرێ، دەتوانم بڵێم ئەندامانی حیزبی سەرنجی ئەوە نادەن کەخەباتی بیروباوەڕ گرنگترین خەباتی حیزبە بۆ سەرکەوتن لەتێکۆشاندا.

ئەو قسە بەنرخەی لینین زۆر کەمتر لەبەرچاو دەگیرێ کەگوتویە: (بەبێ بوونی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕ، رێکخراوی شۆڕشگێڕیش نابێ و شۆڕش ناتوانێ سەر بکەوێ)، ئێمە بێ ئەوەی بچین لەنێو کتێبەکاندا بۆ ئیسپاتی ئەو مەسەلەیە

لەسەنەد و بەڵگە بگەڕێن، تاقی کردنەوەی زۆرمان لەبەرچاوە کەڕێکخراوی زۆر گەورە و بەهێز هەبوون، چونکە خاوەنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕ و زانستی نەبوون تێکشکاون، دەتوانین واز لەجوڵانەوەی گەلانی تر بێنین، هەموو ڕاپەڕینەکانی کورد یەکێك لەهۆی سەرەکی تێشکانیان نەبوونی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و ڕوون نەبوونی ستراتیژی و ڕێباز بووە، لەئەنجامدا ڕێکخراوی پتەو و شۆڕشگێڕیشیان نەبوە، لەسەردەمی ئێستادا خەباتی ڕزگاریخوازی و شۆڕش تەنیا ئیحساسات و خەیاڵ و مەڵ ئەستورکردن و گورەگور نییە، بەڵکو زانستە و پێویستی بەلێکدانەوەی زانستی و بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕی بەڕێکخراوی یەکگرتوو پتەو هەیە، بەبێ چەکدار بون بەچەکی بیروباوەڕی زانستی کەلەپێڕەوی ناوخۆی حیزبی ئێمەشدا هاتوە، سەرکەوتن لەخەباتی ڕزگاریخوازیدا خەون و خەیاڵ و خۆ فریودانە.

یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی کەلەڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا هاتووە و کۆنگرەی سێهەم پەسندی کردووە پێکهێنانی یەکێتی فکری و سیاسییە لەنێو حیزبدا، پاش چوار ساڵ با لەوەزعی خۆمان ورد بینەوە، بزانین لەو بارەوە هەنگاومان هاوێشتوە و یەکێتی فیکری و سیاسیمان پێکهێناوە؟ پێم وایە ئەوەمان بۆ نەکراوە، هەر ئەوەش خۆی گەورەترین مەترسییە لەسەر خەبات و تێکۆشانی حیزب، لەباری تەشکیلاتیشەوە هەر دواکەوتووین، بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم پێوەندی ئێستای نێو حیزبی ناکرێ بەپێوەندیەکی ساخ و سەلیمی حیزبیانە و هاوڕێیانە دابندرێ، نامەوێ من پێشدەستی بکەم بۆ دۆزینەوەی ریشە و هۆیەکانی ئەم وەزعەی کەباسم کردن، برادەران دەبێ خۆیان بیر لەوە بکەنەوە کەئوسوڵ و ڕێوشوێنی حیزبایەتی تا چ ڕادەیەك لەڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمەدا پیادە کراوە.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕێبەرایەتی حیزب لەبارەی کاروباری نێوخۆی حیزب و سیاسەتی دەرەوە بەگوێرەی توانا هەنگاوی گرنگی هاویشتووە، لەوتاری جۆر

بەجۆردا زۆرجار لەسەر چۆنیەتی کاری حیزبی و پاراستنی نهێنی و شێوەی رەخنە و رەخنەکاری چەشنی پێوەندی هاوڕێیانی باسکراوە، رێبەرایەتی حیزب دەورەی کلاسی کادری پێکهێناوە هەرچەندە ئەم دەورانە کەم بوون و زۆریش کاریان نەکردۆتە سەر بیر و تێکۆشانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام لەمێژووی حیزبی ئێمەدا پێشتر شتی وا نەکراوە، بەداخەوە هیچ یەک لەو هەنگاوانە نەیانتوانیوە بەشێوەیەک کار بکەنە سەر مێشک و کردەوەی ئەندامانی حیزب کەئەوانیش بتوانن بەنۆرەی خۆیان کار بکەنە بکەنە سەر وەزعی رێبەرایەتی، لەبردنە پێشی سیاسەتی حیزبدا دەوریان هەبێ، ئێستا ئیتر وای لێهاتووە کاری ئەندامانی حیزب لەجیاتی تێکۆشان بۆ یەکێتی و خۆ پێگەیاندن و دەور گێڕان لەکاروباری سیاسی حیزبدا، بۆتە غەیبەت و بوختان و تاوانبار کردنی یەکتر، ئەوانەی لەنێو حیزبدا لەقسە و قسەڵۆکان دەگەڕێن، بۆ نمونە جارێکیش لەسیاسەتی دەرەوەی حیزب و لەرێباز و کاروباری سیاسی رەخنەیان نەگرتوە، چل و نۆ ژمارە رۆژنامەی کوردستان دەرچووە، تا ئێستا یەک نامەی رەخنە و رێنوێنی لەسەر نووسراوەکانی کوردستان لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکانی حیزبیدا باسی ئەوە ناکرێ کەلەسەر ئەو هەموو کەم و کوڕی و ناتەواوییەوە، سەرەڕای ئەوەی هەموومان برادەرانی رێبەرایەتی دەناسین و پلەی زانیاری و تێکۆشانی سیاسی و لێهاتوویان دەزانین حیزب توانیویە درێژە بەتێکۆشانی خۆی بدا و لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکانی جیهانیدا بناسرێ، باسی ئەوە ناکرێ کەرێبەرایەتی حیزب لەباری سیاسیەوە چ هەڵەیەکی کردووە و رێگای راستکردنەوەی چییە؟ لەنێو ئەم گێژاوی سیاسەتدا دەبێ چ بکەین؟ بەڵام باسی ئەوە لەنێو کادرەکانی حیزبیدا زۆرە کەگۆیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەند فیشەکی فرۆشتوە و قاچاخچیەتی دەکا و یا بودجەی حیزب لەنێو ئەندامانی کۆمیتەیدا دابەش دەکرێ.

لەهەلومەرجێکدا کەیەکێتی ریزەکانی حیزب ئەرکێکی گرنگە، بڵاوبوونەوەی قسە و قسەڵۆکی بێ جێ لەسەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ناکرێ بەرێبازێکی راست و بەدڵسۆزی دابندرێ.

بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکمان لەرابردوو کردبێ، هۆیەکانی پێکهاتنی وەزعێکی ئاوا ناحەزمان شیکردبێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی راستی و ناراستی هێندێ لەو قسە و قسەڵۆکانە بۆ هاوڕێیان دەرکەوتبێ، لەسەر پێشنیاری برادەران کۆبوونەوەی ئێستامان بەپێویست زانی، هیوامان وایە هاوڕێیان بەوپەڕی هەستکردن بەمەسئولیەتەوە لەوتوێژی کۆبوونەوەدا بەشداری بکەن و بۆ ئەوەی رێگای دابینکردنی یەکێتی ریزەکانی حیزب بدۆزینەوە و پێشی بڵاوکردنەوەی تۆوی شێواندنی ریزەکانی حیزب و دووبەرەکی نانەوە بگیرێت، داوا سەرکەوتنتان بۆ دەکەم).

کۆبوونەوە رۆژێکی خایاند و لام وایە هێندێ برپاری گرنگ دران.

کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان

ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەپلنیۆمی ڤارنا لەکۆبوونەوەی پاریسدا، برپارمان دابوو، مادام حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، جەماعەتی پارتی و جەماعەتی جەلال تاڵەبانی بەئاشکرا رەخنە لەسیاسەت و هەڵوێستی شاشی رابردووی خۆیان نەگرن، ئێمە هاوکاریان نەکەین، بەڵام دکتۆر قاسملۆ لەکۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا، سەر بەیەکێتی نیشتمانی بەشداری کردبوو، بەئێمەشی رانەگەیاندبوو.

لەبەغدا بەعسییەکان پێیان راگەیاندین کەقاسملۆ لەکۆنگرەی کۆمەڵەدا بەشدار بووە، بەدوای ئەوەدا لەکەنالێکی دیپلۆماتیەوە خەبەرمان پێگەیشت کەحیزبە کوردستانیەکان لەسوریا کۆبوونەوەیان هەبووە، دیارە ئێمە وەک برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لەکۆبوونەوەی ئاوا بێ خەبەر بووین،

١٩٧٧/١٢/٢٥ کابرای پێوەندیدار هات و گوتی ئەمیری قازی لەسوریا و لەبێروت بووە، گوتمان ئێمە خەبەردار نین.

کاک سەلاح بەدرەدین نامەیەکی بۆ نووسیبووم، گوتبووی: (وەک زانیومانە نوێنەری حیزبی ئێوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی و حیزبە کوردییەکانی سوریا کۆبوونەوەی هەبووە).

خەبەرەکە وەڕاست گەڕا، دکتۆر قاسملۆ لەئەوروپا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی و دکتۆر مەحمود عوسمان دانیشتبوو، هاتبوونە سەر ئەو بڕیارە کەلەگەڵ حیزبە کوردییەکانی سوریا و دوو حیزب یا رێکخراوی کوردی تورکیا کۆببنەوە و لەسەر ستراتیژی کورد قسە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە کاک ئەمیری قازی وەک نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەفەری کردبوو بۆ بێروت و سوریا و لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لیژنەی ئامادەیی پارتی دیموکراتی کوردستان (دکتۆر مەحمود عوسمان) و حیزبی دیموکراتی پێشکەوتووی کوردی لەسوریا و حیزبی دیموکراتی کوردستان سوریا (الپارتی) و حیزبی دیموکراتی چەپی کورد لەسوریا کۆبوونەوەیان کردبوو، کاک ئەمیر (وەرەقەی عەمەلی رێکخراوە کوردستانییەکانی) هێنابوو بۆ کۆبوونەوە کەدکتۆر قاسملۆ نووسیبووی و ببوە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە.

ئێمە لێرەدا دەقی نووسراوەکەی دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ دەقی بڕیارەکانی کۆبوونەوە بڵاو دەکەینەوە، وەبیری دەخەینەوە کەدەقی بڕیارەکان بەعەرەبی بووە و مەلا عەولاّ حەیاکی کردوویە بەکوردی، وەرەقەی عەمەلی کۆبوونەوەش بەخەتی دکتۆر قاسملۆ بووە لەبەر ئەوەی کەبەمەسلەحەتی نەزانی نووسراوەکە بەخەتی خۆی بیهێنمەوە بۆ عێراق کورتەی نووسراوەکەی دکتۆرم نووسیوەتەوە و لێرەدا لەگەڵ بڕیارەکانی کۆبوونەوە بڵاوی دەکەینەوە، هەروەها دەقی عەرەبیەکەش هەر بەزمانی عەرەبی لەپاشکۆی کتێبەکەدا بڵاو دەکرێتەوە.

دەقی بڕیارەکان

ڕۆژی ٢ی دیسامبری ١٩٧٧ حیزبە پێشکەوتوەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان لەبێروت پێکهێنا کەنوێنەرانی ئەم حیزبانەی خوارەوەی تێدا بەشدار بوون:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی پێشکەوتووی کورد لەسوریا، پارتی دیموکراتی کوردستان (لیژنەی ئامادەیی) عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان– سوریا، حیزبی دیموکراتی دەستە چەپی کورد لەسوریا.

نوێنەرانی ڕێکخراوی (هەورا) و پارتی شۆڕشی میللی کوردستان بەهۆی هەل و مەرجی تایبەتی خۆیانەوە نەیانتوانیبوو بەشداری کۆبوونەوەکە بن، کاروباری کۆبوونەوە بەسێ دەقیقە ڕاوەستان بەئیحترامی گیانی شەهیدە نەمرەکانی گەلی کورد کرایەوە.

پاشان یەکێك لەهاوڕێیان سەرۆکایەتی کۆبوونەوە و دوو هاوڕێی تر داڕشتنی بڕیارەکانیان گرتە ئەستۆ، ئەمجارە هاوڕێیانی نوێنەرانی حیزبەکان بەگیانێکی هاوڕێیانە و بەهەستکردن بەو مەسئولیەتە مێژووییەی لەم هەل و مەرجەدا کەگەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا پێدا تێدەپەڕێ، دەکەوێتە سەر شانی ئەم حیزبانە، وتوێژی خۆیان دەربارەی ئەو مەسەلانەی هاتبوونە گۆڕێ دەست پێکرد، ئەمەی خوارەوە ئەو بڕیارانەن کەکۆبوونەوە دەریکردوون.

١– ئەم کۆبوونەوە و کارەکانی یەکجار نهێنی دەبن.

٢– لەلایەن حیزبەکانی بەشداری کۆبوونەوەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر ئەم نوختانەی خوارەوە دەکرێ و دەدرێ بەکۆبوونەوەی ئایندە.

ا- هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی کورد لەقۆناخی رابردوودا بەگشتی و هی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی تایبەتی.

ب- لێکدانەوەی وەزعی بزوتنەوەی کورد لەقۆناخی ئێستادا.

ج- لێکدانەوەی وەزعی گشتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لەنێو دابەشکراوە.

د- لێکدانەوەی وەزعی جیهانی و بەتایبەتی وەزعی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٣- کۆبوونەوەی ئایندە لەمانگی ئاوریلی ١٩٧٨دا و بەشێوەیەکی مەبدەئی لەکوردستانی عێراق دەبەسترێ.

٤- لیژنەیەک لەهاوڕێیانی نوێنەرانی ئەم حیزبانەی خوارەوە پێکهات.

ا- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ب- پارتی دیموکراتی پێشکەوتووی کورد لەسوریا.

ج- پارتی دیموکراتی کوردستان (لیژنەی ئامادەیی) عێراق.

ئەرکی ئەم لیژنەیە چاوەدێری جێبەجێ کردنی بڕیار و راسپاردەکانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکا تا کاتی کۆبوونەوەی ئایندە و هەروەها پێوەندی گرتنە بەپارتی شۆڕشی میللی کوردستان و رێکخراوی (هەورا) بۆ پێراگەیاندنی بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوە.

٥- هەموو لایەنێک دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەپلەی بەڕێوەبەریدا دەنێرێ بۆ کۆبوونەوەی ئایندە کەلەدوو ئەندام زیاتر نەبێ.

٦- پشتگیری شۆڕشی کورد کەئێستا لەکوردستانی عێراق هەڵگیرساوە بەهەموو ئیمکاناتێک.

هەروەها کۆبوونەوە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی بۆ کۆبوونەوەی ئایندە دەرکرد.

١- قبوڵکردنی ئەو بەرنامەی کارە کەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد پێشکێشی کردووە و ئەمەش نوسخەیەکی تەواوی ئەو بەرنامەی کارەیە:

٢- دامەزراندنی لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی خەباتی نیشتمانی کوردستان) بۆ رێکخستنی خەباتی ستراتیژی هاوبەش لەنێو حیزب و رێکخراوە پێشکەوتوەکانی کوردستاندا.

٣- ئەگەر بڕیارێکی گرنگ دەربارەی دواڕۆژ و چارەنووسی شۆڕشی کورد لەکوردستانی عێراق بدرێ کۆبوونەوە بەپێویستی دادەنێ کەپێش دەرکردنی بڕیارەکە رای هەموو حیزبە کوردستانییەکان وەربگیرێ.

هەموو لایەنەکانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە نوسخەیەکی ئەم سورەت جەلەسە و پاشکۆیەکانی وەرگرت.

بێروت ١٩٧٧/١٢/٢

ئەمەش ئەم (وەرەقەی عەمەل) یا نامەی کارە کەدکتۆر قاسملۆ پێشکێشی کردووە:

بۆ کۆبوونەوەی رێکخراوە کوردستانییەکان.

سەرەتا:

*** شەرتەکانی هاوکاری:**

١- نهێنی راگرتنی کۆبوونەوە- بایەخدان بەباری هاوکاری راستەقینە نەك باری پڕوپاگەندە.

٢- بەئیخلاس و بەدڵەوە و راست و رەوان هاوکاریکردن.

٣- وەلا نەنانی هیچ هێزێکی پێشکەوتوو لەهیچ پارچەیەکی کوردستان.

٤- ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی (یەکێتی نیشتمانی) ئایا هی هەموو کوردستانە؟ ئەگەر نا بۆچی کوردی ئێران و سوریای تێدایە؟ بردنی ئێرانی بۆ کوردستانی عێراق بۆ ناو پێشمەرگە بۆچییە؟

٥- ڕوونکردنەوەی پێوەندی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ رژێمی ئێران و مەترسی پێکهێنانی ئەو پێوەندییە- تەحویلدانەوەی دوو برادەری ئێمە، مەسەلەی برایم ئەحمەد.

ئامادەکردنی کۆبوونەوەی داهاتوو

١- لەبەهار زووتر نەبێ.

٢- موافەقەتکردن لەسەر پێشنیارەکانی ئێمە (ئەساسی پێشنیارەکان).

٣- ئەوەی لەکۆبوونەوەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ دەبێ لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانەوە پەسند بکرێ.

٤- جێگا و وەختی کۆبوونەوە بەتەواوی نهێنی بێ.

* پێویستی دانانی یەك ستراتیژی

* مەبەست لەستراتیژی گشتی چییە؟

١- ڕێککەوتن لەسەر سیاسەتێکی گشتی درێژخایەن.

٢- لێك گرێدانی تێکۆشان لەدەرەوەی کوردستان.

٣- دامەزراندنی پێوەندییەکی ڕێك و پێك.

٤- لەهەلومەرجی ئێستادا هەڵبژاردنی لەبارترین پارچەی کوردستان بۆ زەبر وەشاندن و یارمەتی بەو بەشە.

٥- چونکە هەل و مەرجی سیاسی لەهەر کام لەم ولاتانەدا کەکوردی تێدا نیشتەجێیە جیاوازە، مومکین نییە یەک تاکتیک و یا یەک سیاسەتی رۆژ بۆ هەموو جولانەوەی کورد دیاری بکرێ، بۆیە هەر رێکخراو و حیزبێک تاکتیکی سەربەخۆی خۆی و سیاسەتی رۆژی خۆی هەیە.

* سیاسەتی درێژخایەن دەبێ چۆن بێ

١- پشت بەستن بەکۆمەلانی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان.

٢- رێکخستنی جولانەوەی گەلی کورد بەگشتی لەسەر بارێکی پێشکەوتوو دیاریکردنی دۆست و دوژمن.

٣- سیاسەتی ژوورەوەی جولانەوەی گەلی کورد.

ا- لەکوردستان جولانەوەی پێشکەوتوو- جولانەوەی زەحمەتکێشانە و بۆ جێ بەجێ کردنی داخوازەکانی ئەوان خەبات دەکا.

ب- پێوەندی ئۆرگانیک لەنێوان گیروگرفتی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی.

ج- دامەزراندنی پێوەندی هاوکاری و یەکێتی و کردەوە لەگەڵ هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم ولاتانەی کەکوردی تێدا نیشتەجێیە.

لەبارەی سیاسەتی دەرەوە

دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی و هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان لەمبارەوە سێ ئەرکی گرنگ پێویستن:

١- راکێشانی سەرنج وپشتیوانی یەکێتی سۆڤیەتی بۆ گیروگرفتی کورد بەگشتی نەک هەر لەیەک پارچەی کوردستان.

١- دامەزراندنی پێوەندی و راکێشانی سەرنج و پشتیوانی هەموو رێکخراوەکانی سۆسیالیستی و دیموکرات و حیزبە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان.

٣- دابەزاندنی ستراتیژی لەهەلومەرجی ئێستادا.

الف- خەبات بۆ زاڵکردنی رێبازی پێشکەوتوو لەجوڵانەوەی گەلی کوردا.

١- رەتکردنەوەی بەتەواوی رێبازی بارزانی نەوەك رێبازی شەخسێك، بەڵام وەك رێبازی ناسیۆنالیستی کۆنەپەرست و هاوکاری رژێمی شا و ئیمپریالیزم.

٢- کوردستانی عێراق بۆ بنکەی جوڵانەوەی کورد لەبارى سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەبارە، بەڵام لەبارى جوغرافیاییەوە نالەبارە، بێجگە لەوە حکومەتی عێراق تەنیا حکومەتێکە کەئیعتیراقی بەخودموختاری گەلی کورد کردووە و لەدەرەوەش لەلای وڵاتانی سۆسیالیستی و حزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بەحکومەتی پێشکەوتوو ناسراوە، لەدەرەوە زۆرجار لەلایەن دۆستانی گەلی کوردەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش کەبۆچی جوڵانەوەی چەکداری گەلی کورد هەر لەعێراق کۆکراوەتەوە؟

٣- بەبیروڕای ئێمە کوردستانی ئێران لەهەلومەرجی ئێستادا پارچەیەکە لەکوردستان کەنوختەی زەعفی دوژمنە.

٤- رژێمی ئێران بەکۆنەپەرستترین رژێمی ناوچە ناسراوە، دۆستانی ئێمە (وڵاتانی سۆسیالیستی و هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان) لێی بێزارن.

بەداخەوە نووسراوەی دکتۆر قاسملۆ بەناوی (بەرنامەی کار) بۆ کۆبوونەوەی رێکخراوە کوردستانیەکان زۆر لەوە دەوڵەمەندتر و درێژتر بوو کەمن تەنیا ئەوەندەم لەبەر نووسیوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٨ بۆ ئێمە موژدەی خۆشی پێ نەبوو، حکومەتی عێراق دەسەری کردبووین کەدەبێ لەعێراق وەدەرکەوین، دیارە هەڵسوڕان و بۆچوونی دکتۆر قاسملۆی کردبووە بیانوو، دەنا پێمان وابوو کەنیوەڕۆك و جەوهەری سیاسەتی بەعس هەر ئەوە بوو کەئەوانەی نەچووبانە ژێربار و بەهەوای ئەو هەڵنەپەڕیبان، لەعێراق رای نەدەگرتن.

لەلایەکی تر برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەعێراق و سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی لەمەڕ گەلێك مەسەلە و بابەتی رۆژ ناکۆکی بیروڕا و بۆچوونیان هەبوو، ئێمە لەنامەیەکدا هەم بڕیاری حکومەتی عێراقمان بەدکتۆر راگەیاند و هەم داوامان لێکرد کەلەسەر چۆنیەتی کۆبوونەوەی حیزبە کوردییەکان و بەشداری نوێنەری ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا، کۆمیتەی ناوەندی رووڕنکاتەوە.

رۆژی ١٩٧٨/١/٨ دەفتەری سیاسی لەگەڵ برادەرانی حیزبی کەلەبەغدا دەژیان بۆ باس لەسەر هەڵوێستی حکومەتی عێراق کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا، پاش لێکدانەوە و شیکردنەوەی رووداوەکان بەتێکڕایی بێجگە لەکاك حەمەدەمین، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەنەچینە ژێر باری حکومەتی عێراق و بۆ ولاتی خۆمان بگەڕێنەوە، بەڵام دەبوایە بۆ هەنگاو هاویشتن کۆمیتەی ناوەندی بڕیار بدات و لەگەڵ سکرتێری حیزب و دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیش کەلەئەورووپا دەژیان پرس و راوێژ بکرێ.

لەو سەروبەندەدا نامەیەکی دکتۆر قاسملۆم پێگەیشت کەرۆژی ١٩٧٨/١/٩ نووسیبووی، دکتۆر لەنامەکەدا وەڵامی ئەو شتانەی نەدابۆوە کەئێمە داوامان لێکرد بوو، بەڵام نووسیبوی: (برای بەڕێز کاك کەریم، پاش سڵاوێکی گەرمی برایانە هیوادارم برادەران هەموو سەلامەت بن و بەخۆشی بژین، هەتا ئێستا دوو نامەی تۆم پێ گەیشتوە کەیەکیان هی مانگی دەیە، ئەوی تازەکەیان تاریخی ١٩ی مانگی دوازدەیە.

من نێزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر نامە و هێندێ شتم ناردبوو کەپێوەندی بەمانگی رەسوڵی گەرمیانەوە هەبوو (مەبەستی رەسوڵ مامەندە) چونکە لەنامەکانتدا هیچ ئیشارەت پێ نەکردبوو، تکایە بنووسە بزانم ئەم نامانەت پێ گەیشتوون یان نە؟ دیارە بەهۆی دایکی کەماڵەوە نامەکانم ناردبوو.

لەسەر سەفەری باوکی شەپۆل (مەلا رەسوڵ) هیچی وات نەنووسیوە، بەڵام ئەوە کەدەرەتانێکی تازە لەودیو پەیدا بووە کەجێگای هومێدە زۆرباشە، بەنەزەری من هەرچی زیاتر لەودیو کار بکەین کەمان کار کردووە.

(کاروانی شەهیدان و پێکەنینی گەدام) پێ گەیشت، زۆر سوپاس، نازانم بۆچی باوکی موژدە (حەمەدەمینی سیراجی) هۆشی نەماوە، کەچاومان بەیەکتر کەوت داوای کاروانی شەهیدانم کرد، یادداشتی کرد، بەڵام وادیارە زۆر مەشغوڵە، چەند جار هەوڵمدا تەلەفۆن بۆ تۆ بکەم بەڵام خودا هەڵناگرێ قەت لەماڵێ نی، لەگەڵ باوکی موژدەش کەقسە دەکەم زۆر فایدەی نییە، نازانم بۆچی ئێوە هەر نەبێ هەفتەی جارێك تەلەفۆن ناکەن، لەمەودوا ئەگەر من تەلەفۆنم کرد رۆژی جومعە بەینی سەعاتی ١٠ هەتا ١١ بەوەختی ئەوێ تەلەفۆن دەکەم، تکایە وابکە لەو فاسلەیەدا لەماڵێ بی.

زۆر سوپاس بۆ رەخنە و پێشنیارەکانتان، هەم هی خۆت و هەم هی مامۆستا، دیارە هەمووی بەجێ نییە، بەڵام ئەگەر لەسەر هەموو ژمارەکان نەزەری خۆتان بەم جۆرە بۆمان بنووسن زۆر یارمەتیمان دەکات، بەراستی نازانم بۆچی ئێوە لەسەر مەسەلەی مالی بەچی دابنێم، جاران پێم وابوو کەمتەرخەمی دەکەن، بەڵام هاوینی رابردوو ک.ن بڕیارێکی روونی داوە، دەبوایە هەموو مانگێك ٨٠٠ دۆلار بۆ من بنێرن کەبەگوتنی باوکی موژدە دەکا ٢٥٨٠ فرانك، سێ مانگ لەمەوبەر کەباوکی موژدەم دیت مەسەلەکەم بەتەفسیل بۆ باسکرد، بۆ ئێوەشم نووسی، بەڵام بەداخەوە وادیارە مەسەلە لەکەمتەرخەمی دەرچووە، بەم جۆرە مەسئولیەتێکی زۆر گرنگ دەخەنە سەرشانی خۆتان، باشم لەبیرە کەباوکی موژدە

سێ مانگ لەمەوپێش دەیگوت کەپێمان وایە ئەوەندەت بەسە تەنانەت ئەوەندەشی کەمەبەست بوو، بۆ منی نەهێنا بوو، بۆ ئەوەی زیاتر لەم مەسەلەیە نەدوێم، پێم وایە دیسان بەناچار دەبێ برادەرێک بێ و خورما (پارەیە)ی لەگەڵ خۆی بێنێ، پێشنیارم ئەوەیە بێجگە لەکەسرەکەی مانگەکانی رابردوو هی مانگی ٢و٣یش لەگەڵ خۆی بێنێ، بێجگە لەوە پێشنیار دەکەم، ٢٠٠٠د، دیکەش ئەگەر کرا بگۆڕدرێ و بۆمان بنێردرێ، ئەگەر نەکرا هەر وەک خۆی بە دینار بنێردرێ من رێگایەکم دیوەتەوە دەتوانم باشی بگۆڕم، سڵاوم هەیە بۆ هەموو برادەران).

برات رەحمان

لەم نامەیەدا باسی یەک دوو کەسی کردووە بەپێویستم نەزانی باسیان بکەم.

١٩٧٨/١/١٦ نامەی دکتۆر مەحمود عوسمانمان بۆ هات کەگەڕابۆوە کوردستان، بۆ مانەوە لەمێژوودا دەقی نامەی کاك دکتۆر مەحمود چاپ دەکەم.

ئەمەش دەقی نامەکە:

١٩٧٨/١/٦ بۆ هەڤاڵانی حیزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بەپێویستی ئەزانین بەبۆنەی هاتنمان بۆ ناو شۆڕش لەماوەی (دوو مانگ) لەمەوبەرەوە گەرمترین سڵاوتان پێشکەش بکەین و ئاواتمان ئەوەیە کەسەرکەوتوو بن لەکاروباردا لەهەموو رووبەکەوە، ئێمە لەماوەی بوونمان لەدەرەوەی وڵات هەمیشە پەیوەندیمان هەبوە لەگەڵ هەڤاڵانتان بەتایبەتی لەسوید و فەرانسا و چی پێویست بووبێ لەبیروباوەڕ ئاڵوگۆڕمان کردووە و لەزۆر رووەوە بیروباوەڕمان لەیەکتر نێزیك بووە بەتایبەتی لەرووی دانانی ستراتیژیەکی یەککگرتوو (موحد) بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا وەلەم بارەیەوە بێگومان بەهۆی هەڤاڵانتان لەدەرەوە ئاگادار کراون لەبەرئەوە

نامانەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە، تەنیا ئەوەندە بەپێویست ئەزانین کەئاگادارتان بکەین لەم چەند خاڵەی خوارەوە لەرای ئێمە:

١- ئێمە بەپێویستی ئەزانین کەبزوتنەوەی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی کەئێستا شێوەی چەکداری وەرگرتۆتەوە سیاسەتێکی پێشکەوتنخواز و دژ بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی هەبێت و ستراتیژیەتێکی ئەوتۆی هەبێ دۆست و دوژمن بەروونی لەیەکتر جیا بکاتەوە و دژ بێ بەئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئێران و سەهیۆنیەت و بە (مالّی مەلا) کەکلکی ئەم لایەنانەن و دۆست بێ بەکامپی سۆشیالیست و بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیات و بەهێزە پێشکەوتنخواز و رزگاریخوازی عێراقی و عەرەبی و جیهانی لەهەموو رووبەکەوە و بەهیچ جۆرێك و یان هیچ بەهانەیەك موساوەمە نەکات لەم بارەیەوە.

٢- پێویستە هەوڵ بدرێت کەرێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکرێت ئەگەر ئەوان هاتنە پێشەوە و ئامادە بوون بگەڕێنەوە بۆ روحی بەیانی یازدەی ئازار و وازیان لەو سیاسەتە هێنا کەبوو بەهۆی ئەوەی رۆڵەکانی کوردستان لەعێراقدا جارێکی تر بێنەوە چیا و دەست بدەنەوە چەك، ئەم خاڵە زۆر گرنگە چونکە بەلای ئێمەوە ئەگەر رێککەوتن نەبێت و جارێکیتر شەڕ توند بێت و پەرە بسێنێت مەترسی ئەوەیە کەجیهانی ئیمپریالی بەتایبەتی بەهۆی ئێرانەوە کەئێستا دیارە لەگەڵ عێراق زۆر رێك نین دەست بخەنەوە ناو جولّانەوەکە و هەوڵ بدەن بۆ سودی خۆیان بەکاری بهێنن. (ئەگەر سەرکردایەتی جولّانەوەکەش ئەمەی نەوێت و یان هەوڵ نەدات بۆی)، لەبەرئەمە بەلای ئێمەوە چون ئێمە لەو قەناعەتەین و هەوڵ ئەدەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەسەر ئەساسی راست و بەپێی بەیانی یازدەی ئازار ئومێد ئەکەین کەئێوەش وەکو پارتیەکی دۆست هەوڵ بدەن لەلای ئەو جیهاتانەی کەئەیانناسن و ئەتوانن لەگەڵ عێراق دەور ببینن بۆ ئەوەی زەخت بخەنە سەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەم مەبەستە لەهەموو رووبەکەوە تا هەوڵ و

تەقەلای ئێمەش لێرەوە بتوانێت جێی خۆی بگرێت و سوودی هەبێت و دڵنیاین ئێوە درێغیتان نەکردووە و نایکەن.

٣- بەلای ئێمەوە پێویستە پێوەندی لەمیانی پارتییە کوردستانییەکان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا (واتە ئەو پارتیانەی کەپێشکەوتنخواز و دژ بەئیمپریالیزمن) بەهێز بکرێت و هەوڵ بدەن هەموو پێکەوە ستراتیژیەتێکی مۆحەدیان هەبێت و لەرووی نەتەوایەتیەوە هاوکاری لەگەڵ یەکتر بکەن بێ ئەوەی هیچ پارتیەك خۆی بەسەرۆکی ئەوانی تر بزانێت یان دەست بخاتە ناو ئیش و کاریان وەکو کۆن رووی دا و ئێمە وەکو ئەبینین ئەڵقەی بەهێز لەجوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد دەبێت وردە وردە لەکوردستانی ئێران بچەسپێت چونکە زروفی مەوزوعی لەوێ ئامادەیە لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان زیاتر بۆ جوڵانەوە چ سیاسی و چ چەکداری وەبێ گومان زۆر گرنگە بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ ئەم مەبەستە کەچارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بدۆزرێتەوە بۆ کێشەی کورد لەکوردستانی عێراقدا بەو پێیەی کەباسمان کرد، وەلەمبارەیەوە ئێمە بەدرێژی لەگەڵ هەڤاڵانی ئێوە لەدەرەوە قسەمان کردووە و بیر و رامان وەکو یەکە دەربارەی، بێگومان ئەگەر پارتیە کوردستانیەکان ئاگاداری یەکتر نەبن و هەریەکە بەجۆرێك بجوڵێتەوە و چوارچێوەیەکی نەتەوایەتی نەبێت بۆ بزوتنەوەیان تووشی هەڵە و ناڕێکی ئەبین و دوور نییە وای لێ بێت هەریەکە بەجۆرێك رەفتار بکات و لەئەنجامدا راو جوڵانەوەیان جیاواز بێت و یەکتر نەگرنەوە، لەمبارەیەوە بڕیاردرا کەکۆنگرەیەك بۆ پارتییە کوردستانییەکان لەکوردستانی عێراق بگیرێت و لەسەرەتای مانگی دوازدەی ١٩٧٧ کۆبوونەوەیەکی پێشەکی بکرێت لەنوێنەرەکانیان لەبێروت بۆ ئامادەکردنی موقەدیماتی کۆنگرەکە نازانین ئەم کۆبوونەوەیە کراوە یان نا.

بەڵام لەسەر هەردوو پێشنیارەکە پارتیمان و پارتی ئێوەش موافق بووین و باسمان لێی کردووە و ئێمە ئومێد ئەکەین کەلەئێستا بەدواوە زیاتر پێوەندی

نێوانی پارتیمان و حیزبی ئێوە بەهێز ببێت و هەمیشە بیروباوەڕ لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەین و ئێمە لێرە بێگومان لەکارکردندا هاوکاریمان هەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بەگشتی و لەگەڵ بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بەتایبەتی، وەڕایمان وایە کەیەکێتی پێویستە ببێت بەبەرەیەکی نیشتمانی کەهەر پارتە تێیدا دەور و شەخسیەتی موستەقیلی خۆی هەبێت و یەکێتی ئەبێت بەردەوام نەبێت بۆ رووداوە سەلبیەکانی کۆن چ جەلالی و چ مەلایی و ئەبێت هەردوو لا هەریەکە بەو ئەندازەیەی کەهەیەتی مەحکوم بکرێن و هەوڵ بدرێت کەهەموو لایەك لەسەر بناغەی سەرکردایەتی کۆمەڵی لەیەکێتی نیشتمانی دەوریان هەبێت و ئەگەر لەسەر ئەم بناغە راستانە یەکێتی نیشتمانی بوو بەبەرەی نیشتمانی و هەر پارتە سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبوو وەسیاسەتێکی راستی پێشکەوتنخواز و دژ بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی پەیڕەوی کرد و ئەو خاڵانەی لەم نووسراوەدا هەن رەچاو کران بەپێی پڕۆگرامێکی مەرحەلی ئەوا پارتی ئێمەش ئامادەیە بەشێك بێت لەو بەرەیە ئەگەر نا ئەوا ئێمە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی و بەشەکانی ئەکەین لەو شتانەی کەبەرژەوەندی گەلەکەمانی تێدایە و رای خۆمان و رەخنە بەتەواوی دەرئەبڕین لەو شتانەی کەبەراستی نازانین و زەرەری یەکترمان بدایە زۆر پێویست بوو زۆر خاڵ هەن بۆ باسکردن.

هەڵاڵانی بەڕێز

زۆر بەداخەوە خەبەری ئەوەمان بیست کەچەند خۆفرۆشێك دوو هەڵاڵی تێکۆشەری ئێوەیان تەحویلی رژێمی شا داوەتەوە و ئێمە لەکاتێکدا کەئەم کردەوە دژ بەکورد و جاسوسانەیە بەتوندی مەحکوم ئەکەین دڵنیاتان ئەکەین کەپارتیمان درێغی ناکات لەبەشداربوون لەهەوڵدان بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران و بۆ ئەوەی کەسزای پێویستی خۆیان وەربگرن و لەم رووەوە دڵنیاتان ئەکەین.

ئیتر بۆ پێشەوە

تکایـە ئـەم نووسـراوەمان کەبەفەرانسـی نووسـراوە بگەیـەنن بـە (دکتـۆر. ق) وەهەروەها لەم نووسراوە کوردییەش ئاگاداری بکەن.

١٩٧٨/١/٦ مۆری پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئامادەکردن ١٩٧٦

کـاك دکتـۆر مـەحمود لەگـەڵ ئـەو نامەیـە وەرەقـەی عەمـەلی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانی بـۆ نـاردبووین کـەدرابوو بەحکومـەتی عێـراق بـێ تـاریخ و نـەمانزانی کەیەکێتی نیشتمانی کەنگێ ئەم پێشنیارانەی بەحکومـەتی عێـراق کـردووە، ئێمـە دەقی عەرەبیەکەی لەپاشکۆی کتێبەکەدا بڵاو دەکەینەوە.

رۆژی ١٩٧٨/١/٢٣ سێ ئەندامی سیاسی کەلەبەغدا بـوون، نامەیـەکیان بـۆ دکتـۆر قاسملۆ نووسی و بڕیاریاندا کەمن سەفەر بکەم بۆ پـاریس و لەگـەڵ دکتـۆر و کـاك ئـەمیری قـازی کەئەنـدامی دەفتـەری سیاسـی بـوون، دابنیشـم و لەسـەر ئـەو مەسەلانەی هاتوونە پێش و جیاوازی بۆچوون و بیروڕا بپەیڤین و بڕیـاری پێویسـت بدەین.

ئێمە وەك سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی لەنامەکەدا نووسیبوومان:

برای بەڕێز کاك ڕەحمان، دوای سڵاو هیوامانە لەخۆشی دابی، ماوەیەکـە لێـت بـێ خەبـەرین و تـا ئێستا ئـەو نامـەی بـەڕێگای دایکـی کەمالتـدا نـاردوە نەگـەیوە، سەبارەت بەوەزعی ئێرە باوکی کەمال بەگشتی ئاگاداری وەزع و گیروگرفتـەکان و بۆچوونی هەواڵانی ئێرەیە و بەدرێـژی لەهـەموو بارێکـەوە قسـەت لەگـەڵ دەکـات، بەڵام هێندێك مەسەلەی زەق و بەرچاو هاتونە پێش کەبەپێویستمان زانی ئاگادارت کەین و بیروباوەڕی خۆمانیشت وەك نـەزەری زۆربـەی ئەنـدامانی بـۆرۆی سیاسـی لەمبارانەوە بۆ بنووسین.

یەکەم لەبارەی رۆژنامەی کوردسـتان و نـاو ئـاخنی– لـەبارەی زمـان و نووسـین و ناوەڕۆکەوە هەڵەی زۆری تێـدا بـوو، ئـەم دوو ژمـارە و هەڵـەکانی بـەجوانی دەری

دەخەن کەکاری تاقە کەس، هەرچەند ئەو کەسە لێزان و پسپۆریش بێ، باش دەرناچێ، لەبەرئەوە ئێمە داوا دەکەین لەمەودوا ئەو مەسەلە سیاسیانەی کەهێنانە گۆڕیان لەلایەڕەکانی کوردستاندا بەهەڵوێست و لێکدانەوە و ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەنرێن، پاش پەسەند کرانی لەلایەن بۆرۆ یان دەستەی نووسەرانی (کوردستان)ەوە چاپ بکرێن، ئەندامێك بەتەنیایی با سکرتێری حیزبیش بێ ناتوانێ لەلایەڕەکانی کوردستاندا بیروباوەڕی تەنیایی خۆی دابەزێنێ.

دەستەی نووسەرانی کوردستان و هاواڵ م.ح.– نامەی تایبەتیان نووسیوە کەئاگاداری دەبی، لێرە هەم بۆرۆ و هەم دەستەی نووسەرانی کوردستان بڕیاری چاپکردنی نامەی هاواڵ– م.ح– یان داوە و پێویستە لەیەکەم ژمارەی داهاتوودا چاپ بکرێ.

سەبارەت بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان.

کاك ڕەحمان! باسی ڕابەرایەتی بارزانی و ڕابەرایەتی کاتی ناکەین خۆشت دەزانی، بەڵام سەبارەت بەیەکێتی نیشتمانی و دەمڕاستەکەی ئەگەر لەبیرت بێ بۆچوونت لەبۆچوونی ئێمە نزیك دەبۆوە بەگوێرەی ڕاسپاردەت بە (کاك ئازاد)دا، بۆت دەرکەوتوە کەئێستا ئەویش یا ئەوانیش پێوەندیان لەگەڵ کۆنەپەرستی ئێران هەیە و هەر ئێستا زۆربەی ئەو (شۆڕشگێڕانە) یا وردتر بڵێین (ڕابەرانی شۆڕشگێڕ) لەئێران دان، لەوەزعێکی ئاوادا باسی یەکێتی و بەرەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان و... نەك دروست نییە، بەڵکو هەڵەشە.

شتی سەیر و داخ ئەوەیە، بێ ئەوەی هاواڵانی هاومەسئولییەت ئاگاداری ئەم مەسەلەمان بکەن و لەم لاو لاوە ئەویش بەتەنکیدەوە خەبەری کۆبوونەوەی بێڕوتمان پێگەیشتوە، پاش ئەوە نامەی (د.م.ع) و ئەو هەواڵانەی لێرە و لەوێ دەبیسرێن دەری دەخەن کەکۆبوونەوەی ئاوا لەگۆڕێدا بووەو سەفەری باوکی

تاراش بۆ بێروت وا وێدەچێ بۆ ئەو کۆبوونەوە بووبێ، هەنگاوی ئاوا بەبێ ئاگاداری و هاوفیکری رۆربەی برادەرانی بۆرۆ و راوێژکردن لەگەڵ ئێمە بەکارێکی هەڵەی دادەنێین.

داوامانە ئاگاداری کاری ئەو ماوەیەمان بکەن بەتایبەتی لەباری ئامادەکردنی کۆنفرانس، گەیشتونەتە کوێ بۆمان بنووسن، باوکی کەمالیش کاری ئێرەتان بۆ باس دەکات.

هەریژی، لەلایەن سێ ئەندامی بۆرۆی سیاسییەوە

١٩٧٨/١/٢٣

حکومەتی عێراق جارێکی تر دەسەری کردین کەوەڵامیان بدەینەوە و هەڵوێستی خۆمان دیاری بکەین لەوەڵام دا گوتم کەکۆمیتەی ناوەندی بڕیاری خۆی داوە، پێویستە بچمە پاریس لەگەڵ سکرتێری حیزب باسی بکەم و لەگەڕانەوەدا، هەنگاو دەنێین.

١٩٧٨/١/٣١ بەرەو بولغارستان سواری فڕۆکە بووم، چەند رۆژێک لەماڵێ بووم، رۆژی ١٩٧٨/٢/٤ گەیشتمە پاریس، دکتۆر هاتبوە فڕۆکەخانە و چووینە ماڵی ئەوان، کاک ئەمیری قازیش هاتبوو.

رۆژی ١٩٧٨/٢/٥ من و دکتۆر قاسملۆ و کاک ئەمیر دەستمان کرد بەباس و لێکۆڵینەوەی مەسەلەکان، لەسەرەتاوە من باسی هەڵوێستی حکومەتی عێراقم کرد و گوتم پێویستە بڕیارێکی لێبڕاو بدەین، رامگەیاند کەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەبەغدا بێجگە لەکاک حەمەدەمین بەگشتی لایەنگری گەڕانەوەن بۆ ئێران و ئێستا ئێمە دەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە ساخ بینەوە کەدەبێ چ بکەین.

پـێش ئـەوەی بێنـە سـەر باسـی بڕیـاردان لەسـەر چـۆنیەتی تێکۆشـانمان، دکتـۆر قاسملۆ گوتی: (لەسەفەری تورکیا بۆم دەرکـەوتوە کـەدەکرێ لـەتورکیا جـێ پـێ خۆش کەین و ڕێگای پێوەندی و هاتووچۆ بۆ کوردستانی ئێران بدۆزینەوە).

پاشـان کـاك ئـەمیر نەتیجـەی سـەفەری خـۆی بـۆ تورکیـا باسـکرد و لەدەفتـەری یادداشتەکانمدا بەم جۆرە تۆمار کراون، کاك ئـەمیر گـوتی: (حیزبـە سیاسـیەکانی کورد لەناوچەی سەر سنوور نفوزیان نییە، لـەنێو عەشـیرەتە کوردەکانـدا نـاکۆکی هەیە، سازمانی ئەمنیەتی تورکیا دەستی خستۆتە نێو عەشیرەتەکان، کوردەکانی تورکیـا پـتر بـەکاری قاچـاخەوە خـەریکن و هاتووچـۆی ئێرانیـان زۆرە، ڕاپـۆرت لێکـدەدەن، مەسـەلەی زمـانیش بـۆ ئێمـە دژوارە، ئەگـەر سـەرۆك عەشـیرەتەکان کەسێکمان بۆ نەحاوێننـەوە، لـەدێهاتی سـەر سـنوور مانـەوەمان دژوارە، لـەحاڵێ حازردا لەبەر نەبوونی شارەزایی نابێ حیسابی زۆری لەسەر بکـەین، لـەم ناوچـەیە شرۆخۆر زۆرن و جاسوسی دەکـەن، ئێسـتا کـارکردن لـەتورکیا دژوارە) بۆچـوونی کاك ئەمیر لەگەڵ بۆچوونی دکتـۆر قـاسملۆ سـەبارەت بەپەیدا کردنـی شـوێن پـێ لەتورکیا فەرقی هەبوو.

پاشان هاتینە سەر باسی وەزعی گیروگرفتی لەعێراق هاتبوە پێش.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: (من بـۆ چارەسـەرکردنی وەزعـی ئێسـتا گەڵاڵەیـەکم ئامـادە کردووە، پێویستە برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی تەماشـای بکـەن و بەنـەزەری مـن تاقە ڕێگای عیلاجە)، ئەمەش دەقی گەڵاڵەیـە بەخـەتی دکتـۆر قـاسملۆ کـەوا بـڵاو دەکرێتەوە:

لەسەر هەڵوێستی تازەی حکومەتی عێراق

١- بەلەبەرچاو خستنی سیاسـەت و هەڵوێسـتی ڕابـردووی حکومـەتی عێـراق ئـەم وەزعە چاوەڕوان دەکرا و شتێك نییە کەئێمەی غافلگیر کردبێ.

٢- هۆیەکانی ئەم هەڵوێستە ئەمانەن:

الف- ئەم هەڵوێستە لەپێشدا نەتیجەی مەنتقی سیاسەتی گشتی عێراقە کەبریتییە لەخۆ نێزیك کردنەوە لەئێران و وڵاتەکانی رۆژئاوا.

ب- چارەسەر نەکردنی گیروگرفتی کورد لەعێراق و بەرێوەبردنی سیاسەتێکی شۆڤێنیستی بەرانبەر بەگەلی کورد لەعێراق و تەنانەت ترس لەوە کەخەباتی گەلی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان پەرە بستێنێ.

ج- ئەم هۆیانە کەنوێنەرانی حکومەتی عێراق باسی دەکەن بیانویە و تەنیا دەتوانین بەهۆی جەنبی دابنێن کەهەڵوێستی نوێی حکومەتی عێراقی وەپێش خستووە.

٣- بۆچوونی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی وەزعی خۆمان.

الف- دەبێ هەموو گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی ژیرانە و لەسەرەخۆ و بێ خۆ دۆراندن چارەسەر بکرێن.

ب- هەموو هەوڵێك بەکاربهێنرێ بۆ ئەوە تێکۆشانی حیزبیمان نەك هەر پاش نەکەوێ بەڵکو لەمەودوا زیاتر پەرە بستێنێ.

ج- بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری کۆنگرەی سێ کەشێوەی خەباتی چەکداری بەشێوەی ئەسڵی هەڵبژاردووە و هەروەها دابەزاندنی تەرحی سیامی و خستنە بەرچاوی نەزەری زۆربەی برادەران کەلەبەغدا کۆبوونەتەوە باشترین رێگای هەڵ ئەوەیە کەئەندامانی حیزب لەدەرەوە بەسێ بەش دابەش بکرێن.

بەشی یەکەم: ئەو ئەندامانەی کەلەبەر وەزعی تایبەتی خۆیان و لەبەر زۆری مالّ و منداڵ ئیمکانی جوڵانەوەیان نییە لەعێراق داوای پەنابەری سیاسی دەکەن.

بەشی دووهەم: پێنج تا شەش کەس جارێ لەدەرەوەی وڵات دەمێننەوە و سێ ئەرکیان لەپێش دەبێ:

الف- دابین کردنی یارمەتی بەخەباتی ژوورەوە ماددی و سیاسی.

ب- پێوەندی لەگەڵ هێزە پێشکەوتوەکان بۆ راکێشانی پشتیوانیان.

ج- هەڵسوڕاندنی کاروباری پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە.

د- دابڕ کردنی پێوەندی لەگەڵ ژوورەوە.

بەشی سێیەم:

کەنێزیکەی سی تا چل (٣٠-٤٠) کەس لەمەسئولەکان و ئەندامان دەگرێتەوە دەبن بەچەند دەستە بەچەکداری دەچنەوە وڵات بۆ دابەزاندنی تەرحی سیامی.

الف- لەپێشدا دەبێ بگوترێ کەچوونەوە بەم جۆرە مانای شۆڕش نییە، تەنانەت ڕاپەڕینێکی چەکداریش نییە، مەسەلە تەنیا بەکارهێنانی شێوەیەکی خەباتە کەکۆنگرەی سێهەمی حیزب پەسندی کردووە.

ب- ئەو ئەندامانە کەلەگەڵ مەسئولەکانیان دەچنەوە دابەش دەکرێن بەچەند دەستەی گەڕۆك کەلەچەند ناوچەی هەڵبژێردراو دەست بەتێکۆشانی حیزبی دەکەن.

ج- لەقۆناغی یەکەمدا ئەوەندەی کەمومکین بێ دەستە گەڕۆکەکان خۆیان لەوە دەپارێزن کەبەرەنگاری دوژمن بن و ئەرکیان بریتی دەبێ لە:

- بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای حیزب لەناو دانیشتوانی کوردستانی ئێران.

- پێکهێنانی بنکەی حیزبی لەم ناوچانەدا.

- دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ شارەکانی کوردستان.

- دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دەرەوە.

د- مەبەست دەبێ خۆڕاگرتن و سازکردنی بنکەی حیزبی بێ، بەچەشنێك بەرەبەرە هەموو بەڕێوەبەرانی حیزب بۆ ژوورەوە بگوێزرێنەوە.

هـ- لەحاڵەتی مەترسیدا ئەم دەستە گەرۆکانە بۆ خۆ پاراستن دەتوانن لەناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا کەڵك وەربگرن.

زۆربەی زۆری ئیمکاناتی ماددی حیزب بۆ کارکردن لەئێران تەرخان دەکرێ.

ز- چوونەوە بۆ وڵات دڵخوازە، هیچ کەس لەئەندامان دژی ویستی خۆی نابێ بەئەندامی دەستەی گەرۆك.

ح- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەم شێوەیە دابەش دەبن: هێندێ لەم ئەندامانە کەوەزعی تایبەتیان هەیە با لەبەر ماڵ و منداڵ بەویستی خۆیان دەتوانن بچن بەپەنابەری سیاسی، جارێ سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، شێرۆ (دکتۆر قاسملۆ) و مینە و دکتۆر سەعید (حەسەنی شەتەوی) لەدەرەوە دەمێننەوە بۆ ئەم کارانە کەلەپێشدا دیاری کراون، شێرۆ کاری رۆژنامە و پێوەندی بەرێوە دەبا، مینەش لەبێروت دەبێ و بەرپرسی گەیاندنی یارمەتی بۆ دەرەوە دەبێ، دکتۆر سەعید لەپاش پێکهاتنی بنکە لەکوردستان و جێگیربوونی سیامی لەوڵات دەچێتەوە، هەروەها کەبەرێوەبەرایەتی گوێزرایەوە بۆ ژوورەوە، شێرۆ و مینەش دەچنەوە، برادەرانی تری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئێستا لەگەڵ ئەندامانی حیزب بۆ بەرێوەبردنی دەستە گەرۆکەکان دەچنەوە وڵات.

کاك ئەمیری قازی دژی گەلاڵەی دکتۆر بوو، لایەنگری گەرانەوە بوو بۆ کوردستان بەڵام بەو شەرت و شروتەی خۆی داینابوو، قسەکانی کاك ئەمیر بەم چەشنە لەدەفتەری یادداشتەکانمەوە دەگوێزمەوە بۆ ئێرە کاك ئەمیر گوتی: (مەسەلەکان دوون، لەپێشدا بۆ مانەوەی بیروباوەڕی سیاسی و مانەوەی حیزب بکەوینە خەباتێکی حادتر و خەباتێکی سیاسی نیزامی، ئەگەر ئەوانە نەکەین خەڵك بۆ خۆی کارێکی دەکا و رێبەرایەتی هەڵدەبژێرێ، ئەگەر لەئێران شێوەی خەبات نەگۆڕین عەمەلەن مەحکوم بە فەوتانین.

١- بۆ ئەم کارە لانی کەم دەبێ رێبەرایەتیەکی یەککگرتوو هەبێ لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو گەلاڵەیە، ئەو بەڕێوەبەریە لەباری فیکریەوە یەك بێ بۆ دەست پێکردنی ئەو کارە.

٢- لانی کەمی چەك کەبریتی بێ لە ١٥٠ چەکی مۆدێرن دژی هێلیکۆپتەر، یەك میلیۆن تمەن پوڵ، لانی کەمی تەشکیلات، پێگە لەتاران و بۆکان و بانە و سەقز و مەهاباد دابنێ، کاك ئەمیر گوتی: من نەزەری خۆم لەنامەیەکدا بۆ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی دەنێرم، دکتۆر قاسملۆ لەشێوەی نووسینی نامەی سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی زۆر تورە بوو، لەگەڵ کاك ئەمیر نەزەریان ئەوە بوو کەدەفتەری سیاسی ئەکسەریەت و ئەقلیەتی نییە، تەنیا ئەگەر هەموو پێکەوە بن ناوی بیرۆی سیاسیە، دەنا بیرۆی سیاسی نییە، گوتی: من لەو بارەوە بەدرێژی نامە بۆ برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی دەنووسم.

ئەوەش دوو نامەی کاك ئەمیرن کەوەك خۆی بڵاو دەکرێنەوە.

نامەی یەکەم کەکاك ئەمیر بۆ سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نووسیوە:

پاریس ١٩٧٨/٢/١٢

برایان کاك پیران، کاك مامەند، کاك ئازاد

لەگەڵ سڵاو: بەپێویست دەزانم لەسەر ئەو نامەی کەبەنێوی کاك شێرۆ (مەبەست دکتۆر قاسملۆ)یە نووسیوتانە و بەمۆری بیرۆی سیاسیش مۆرتان کردووە بیروڕای خۆمو پێ رابگەیەنم.

- شێوەی نووسینەکەتان بەدڵی من نییە، پێم وایە دەبێ بەو شێوە نووسینانە کۆتایی بدرێ.

– نەدەبوایە بەنێو و مۆری بیرۆی سیاسی بینووسن چونکی بەگوێرەی قەرار نە ئێوە لەوێ بیرۆی سیاسین و نە ئێمە لێرە، لەئێمە بەگشتی بیرۆی سیاسی پێکهاتوە غەڵەت یا سەحیح ئەوە قەرار و بڕیاری ئێمە بوە.

– نەزەری ئێوە لەسەر ژمارەکانی ٤٩ و ٥٠ی کوردستان کەدەڵێن لادانە لەرێبازی گشتی حیزب، بەباوەڕی من سەحیح نییە، ئەوەی کەنووسراوە نە لادانە و نە دەشتوانێ لادان بێ، تێگەیشتنی من لەو دوو ژمارەیە بەتایبەتی لەسەر مەقالەی (بارزان) تەواو لەدژی حاڵی بوون و لێکدانەوەی ئێوەیە.

– لەمەڕ دەستەی نووسەرانی کوردستان، واقعیەت ئەوەیە کەمن ڕوون نیم و نازانم قەرارمان چۆن داوە، ئەوەندەی من لەبیرم بێ قەرارێکی تایبەتیمان نییە بۆ ئەو مەسەلەیە من لەو باوەڕەدام دەستەی نووسەران لەو جێگایە دەبێ ببێ کەرۆژنامەی لێ دەردەچێ.

ئیدی حورمەت– سیامەك

نامەی دووەمی کاك ئەمیر پاریس ١٩٧٨/٢/١٢

برایانی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای سڵاو:

کاك پیران هاتە ئێرە تا لەسەر گیروگرفتی تازە پێکهاتوەکان بۆ برادەران لەبەغدا بدوێن و رێگا چارەیەك بدۆزینەوە، بەداخەوە ئێوە لەوێڕا نە بەنووسراو و نە بەراسپاردە هیچ پێشنیارێکی ڕوون و موشەخەستان نەبوە و هیچ لێکدانەوەیەکی نوێش لەسەر وەزعی پێشهاتووی مەنتیقە و بەتایبەتی لەسەر کوردستانی ئێران دیار نەبوو، ئەوەی کەئێمە لێرە تێگەیشتین ئەوەبوو کەزۆربەی ئەندامانی حیزب لەوێ وایان پێ باشە بگەڕێنەوە ئێران، بەبێ ئەوەی کەباسی چۆنیەتی گەڕانەوەکە ڕوون بکەنەوە، مەسەلەن بۆ ئێمە ڕوون نەبوو برادەرێکی کەخاوەن شەش حەوت سەر خێزانە چ چارەسەرێکی بۆ خۆی لەبەرچاو گرتووە؟ ئایا دەگەڕێتەوە وڵات دەمێنێتەوە، مالّ و منداڵی دەبا، بەجێیان دێڵێ یان چییان لێ

دەکا؟ سەرەنجام بۆ خۆی بڕیار لەسەری خۆی دەدا یا حیزب بڕیاری بۆ دەدا؟ بۆیە بۆ ئێمە یا لانی کەم بۆ شەخسی من زەحمەت بوو حاڵی بم و بزانم کێن و چەند و چین تا بەو گۆڕەپانە لانی کەم رای خۆم لەسەر گەڕانەوە و نەگەڕانەوە دەربڕم.

ئێمە لێرە چەند رۆژان سێ کەسی دانیشتین، زۆرمان پێکەوە باسکرد و گوتمان، تەنانەت وەزعی یەك یەکی برادەران بەتایبەت لەوێ هاتە گۆڕێ و لێیان دواین، لەسەر هێندێ شتی وردە یەك دەنگ بووین، بەڵام لەسەر مەتڵەبی هەرە ئەساسی واتە گەڕانەوە بەتەواوی بیروڕامان جوێ بوو، لەلایەك کاك پیران کەهەر لەبنەڕەتەوە دژی چوونەوە بوو لای وابوو کەجارێ دەبێ کاری سیاسی بکرێ و گەڕانەوە نابێ لەگۆڕێ دابێ، لەلای دیکەوە کاك شێرۆ و من کەموافقی گەڕانەوە بووین بەڵام لەسەر چۆنیەتی و مەرجەکانی گەڕانەوە بۆ وڵات- واتە شێوەی گەڕانەوە- بیروڕای جیاوازمان هەبوو، جیاوازی و لێك جوێ بوونی بیروباوەڕی ئێمە لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگ و ئەساسی شتێکی زۆر تەبیعییە، ئێستاش هەر دەبوو وابێ، چونکە تا ئێستا نەبووە بەڕێوەبەرایەتی ئێمە قاتیع بەو دیتنە جۆر بەجۆرانە جواب بداتەوە و هەڵبژێرێ، لەجیاتیان هەر خەریکی پینە و پەڕۆی ئارا و ئەفکار بووین بەچریش پێکەوە نووساندون، کۆبوونەوەی سااڵی رابردوو نمونەیەکی باش و بەجێیە، ئەگەر لەبیرمان بێ کۆبوونەوەی پارەکە گەیشتە ئەوە قەناعەتە کەبۆ کارێکی جدی لەکوردستانی ئێران لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ کۆنفرانسێکی حیزبی پێك بێ تا گیروگرفتی ناوەندییەت چارەسەر بکات، ئەوکاتە پێمان وابوو کەبەو تەرکیبەوە بەو بیروباوەڕە لێك جوێیانەوە لەسەر گرنگترین مەسەلەی گەل و حیزب واتە خەباتی چەکدار چمان بۆ ناکرێ، هەربۆیەش بوو مەسەلەی بەجێ گەیاندنی گەاڵەی سیاسی- نیزامی کەدەهات و دەچوو، جارجار درێژ و هێندێ جاریش لێی هەڵدەپاچرا، عەجەلەتەن تا کۆنفرانس خرا پشت گوێ.

ئێستا کەهەڵوێستی برا عەرەبەکانمان دیوی جوانی خۆی نواندوە، وەزعێکی ئاڵۆز بۆ ئێمە پێکهاتوە، نابێ لەبیرمان بچێ کەئەو هەڵوێستە تازەیە نەك هەر عەجیب و سەیر نییە بگرە تەواو سروشتی و تەبیعیشە، زۆر لەمێژوو رووناە کەگومبەزی ئاواڵ هەر شەخسی ئەوتۆشی تێدا دەبێ، هەرچەند زۆر لەبرادەرانی ئێمە قەت رۆژێك لەرۆژان لەو باوەڕەدا نەبوون کەوای لێ دێ و دەتوانێ لەئێستا خراپتریشی بەسەر بێ.

ئێستا با بڵێین هەڵوێستی برا عەرەبەکانمان گۆڕاوە، ئەو گۆڕانە لەنێو ئێمەدا و برادەرانی ئەوێ بیروباوەڕی گەڕانەوەی بەهێز کردووە (هەرچەند روون نییە کێ، چەند و چۆن؟) بەڵام هیچ شتێك لەماوەی بەینی سااڵنێك لەوەو پێش و ئێستا نەگۆڕاوە، یانی هیچ شتێکی وا نەهاتۆتە گۆڕێ تا ئێمە کەپارەکە دژی گەڕانەوە بووین ئەو سااڵ موافقی گەڕانەوە بین، بەڵکە تەواو بەر عەکسە چۆن؟

یەکەم- بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئەساسیترین مەسەلەی حیزب واتە خەباتی چەکدار ئێستاش یەك دەنگ نییە، بێجگە لەو برادەرانەی کەهەر لەئەساس و بنەڕەتەوە دژی خەباتی چەکدارن، لەنێو ئەو کەسانەش کەباوەڕیان بەو چەشنە خەباتە هەیە، لەسەر شێوەکەی یەك دەنگ نین و بەتەواوی ساخ نەبوونەوە، با بزانین بۆچی؟ چونکی کۆمیتەی مەرکەزی لەجیاتی خەباتی چەکدار، بڕیاری لەسەر بەجێ گەیانی گەاڵڵەیەك داوە بەناوی گەاڵڵەی سیاسی- نیزامی، بەگوێرەی گەاڵڵەکە چەند دەستەیەکی چەکدار خەباتی سیاسی لەوااڵت هەست پێ دەکەن، زۆربەی ئەو برادەرانەی کەئەو بڕیارەیان بەاڵوە پەسند بووە و هەیە، اڵیان وایە مەسەلەکە هەر بەوەندە دەبڕێتەوە، یانی چەند دەستەیەکی چوکی چەکدار خەباتی سیاسی دەست پێ دەکەن و ئەگەر دوژمن هوجومی بۆ هێنان دیفاع دەکەن، دەنا هیچ و خەباتی سیاسی لەاڵیەن ئەو دەستە چوکانەوە درێژەی دەبێ و گەل بۆ شۆڕش یا خەباتی چەکدار ئامادە دەکەن، هەڵبەت ئەگەر هەر ئەوەندە

با زۆرباش دەبوو، بەڵام هەروا نامێنێتەوە، ئێمە ئەگەر چوکترین ناسیاویمان لەسەر دوژمن هەبێ و حەساسیەتی رژێم بەرامبەر بەچووکترین جوڵەی ئازادیخوازی لەئێران و بەتایبەتی لەکوردستان بزانین، بێگومان ئەوەشمان قبوڵ دەبێ کەئیدی گەڵاڵەی سیاسی- نیزامی وەک نەفسی گەڵاڵەکە موقاوەمەت ناکا و ناشتوانێ بیکا، ئەو دەستە چووکانە زۆر زوو یا دەبێ هەڵێن و مەیدان بەتەواوی بۆ دوژمن چۆڵ کەن، یا مەحکوم بە لەبەین چوون و فەوتانن کەدیارە هیچ کام لەوانەش مەبەستی ئێمە نین، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین موقاوەمەت بکەین و لانی کەمی دەسەڵاتمان لەبەرانبەر هێرشی دوژمن دا هەبێ، مەجبورین لەچوارچێوەی گەڵاڵەی سیاسی- نیزامی تێپەڕین و پەنا بۆ خەباتی چەکدار بەرین، لەزۆر جێگا هوجومی دوژمن بکەین و نەیەڵین پێش دەستی کردن تەنیا ئی دوژمن بێ.

دووهەم: هەل و مەرجی ئێستا لەئێران تا رادەیەکی زۆر بەزەرەر گۆڕاوە، خیلافی بیروباوەڕ و ساخ نەبوونەوە و دەست پێ نەکردنی خەباتی چەکدار یا هەر نەفسی گەڵاڵەی سیاسی- نیزامی ئێمەی زۆر وەدوا خست و هەلی زۆر باشمان لەکیس چوو ماوەی چەند ساڵی رابردوو کەلەئێران خەباتی چەکدار لەشارەکان درێژەی هەبوو، سازمانی مارکسیستیەکانی (فیدایی) و (چریك) قارەمانانە لەو رێگایەدا خەباتیان دەکرد ئێمە مەشغوڵی عەمر و زەید بووین و نەگەیشتینە نوقتە وەسڵێك بۆ کارێکی جدی عەمەلی، بەداخەوە ئێستا ئەو سازمانانە بەتایبەتی (سازمانی جیریك و هەای فدایی خلق) لەدەسەڵات کەوتوون تا ئەو جێیە کەزۆربەی زۆری بەڕێوەبەرانی فیدایی شەهید کراون و لەبەین چوون، بۆ کەس شاردراوە نییە کەلەکیس چوونی ئەو هەلە گرنگە بۆ خەباتی ئێمە و گەلی ئێمە، تەنانەت بۆ جوڵانەوەی گشتی گەلەکانی ئێران کەلێنێکە کەبەهاسانی پڕ نابێتەوە.

سێیەم: لەبارەی تەنزیمی رێکخراوەییەوە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تەنانەت ئێستاش هیچ کارێکی بەرچاو و بەکەڵکمان بۆ نەکراوە تا بتوانین هیچ کۆنە حیسابێکی بۆ بکەین، تا ئەو جێیە کەپێگەیەکیشمان لەکوردستانی ئێران بەدەستەوە نییە.

چوارەم: لەمەڕ کارە سەرەکییەکان وەک وەدەست هێنانی هێندێك چەك و چۆڵ بەتایبەتی چەکی زیددی هیلی کۆپتر پارە و ئەو چەشنە پێداویستییە گرنگانەش هیچ شتێکی تازەمان بۆ نەکراوە هیچ بگرە ئەوەی بۆ عەرەبەکانیش دەیاندایێ ئیدی ویشکاوی هاتوە و لەحاڵی حازردا بەتەواوی بۆ کارێکی جددی داماوین.

پێنجەم: وەك گوترا، ئێستاش هیچ شتێك نەگۆڕاوە تەرکیبی بەڕێوەبەرایەتی ئێمە هەروەك پێشوو وایە، دیارە ئەو تەرکیبە ناتوانێ هیچ کارێکی جیددی بەڕێوە ببا، ئێمە لەسەر ئەساسی پینە و پەڕۆ ئەویش زۆر بەزەحمەت مەرکەزیەتی خۆمان پاراستوە، ئەو پاراستنەش تەنیا ئی دەورانی سەبر و حەوسەڵەیە و بەس، لەبەرئەو چەند هۆیە سەرەکیانە و زۆر شتی وردی دیکەش کەجەنبین لەو باوەڕەدان تا حەل نەبن گەڕانەوەمان بەقازانج تەواو نابێ و زەرەر دەگەیەنێ، ئەوە لێرە و پاشان.

لەمەڕ وەزعی تازە کەلەوێ لەسەر هەڵوێستی برا عەرەبەکان هاتۆتە گۆڕێ، مەسەلەیەکە لەراستیدا بەملماندا هاتووە و لێمان بووە بەریش پێویستە چارەی بۆ بدۆزینەوە، بەباوەڕی من جددی بوونی مەسەلە دروست لەو کاتەدا کەبەرهەمی ئەو هەڵوێستە تازەیە لەئێمە دەخوازێ کەجارێکی دیکەش بچینەوە سەر ئەسڵی خەباتی دیاریکراو واتە خەباتی چەکدار یا لانی کەم گەڵاڵەکە، دەبێ هەڵوێستی خۆمان هەر لەمەسئولینی کۆمیتەی مەرکەزییەوە تا سادەترین ئەندامی حیزب لەو بارەوە روون کەینەوە، دەبێ لەپێشدا روون بێ ئایا کۆمیتەی مەرکەزی دروست ئێستا و بەلەبەرچارە گرتنی وەزعی تازە لەوێ، ئامادەیە هەنگاو بنێ بۆ بەجێ

گەیاندنی لانی کەمی گەلاڵەکە (سیاسی- نیزامی)؟ ئەگەر جوابی پرسیارەکە (ئایا) ئەوکاتە فەردی مەسئولین و ئەندامانی حیزب لەدەرەوە هەر لەکۆمیتەی مەرکەزییەوە تا سادەترین ئەندامی حیزب دەبێ لێیان بپرسرێ و هەڵوێستی بە (ئا) یا بە (نا) دیاری بکەن.

برادەرانی کەلەبەر هەر هۆیەک جوابی (نا) دەدەنەوە و لەگەڵ نین واتە موافیق نین لەمەڕ مانەوە و نەمانەوە بەتایبەتی لەبیرۆی سیاسی، بۆخۆیان قەراری بۆ دەدەن، بەشەکەی دی حیزب قەراریان بۆ دەدا، ئەو برادەرانەی کەلەگەڵن دەبێ بەرەو ناوچەکانی سنوور بن و لەوێ بەدەستەی هەشت کەسی بەش بن، جار جار لەکوردستانی ئێران و جار جار لەئی عێراق بن مەبەست خۆپاراستن و مانەوەیە و بەس، ئیبتیکاری کردەوە لەدەست خۆیان دایە، هەموو ئیمکاناتی حیزب دەبێ لەبەر دەستی ئەوان دابێ، لەئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی هەرچی لەگەڵە دەبێ بەرەو سنوور بڕوا و خەریکی سازماندەهی بێ لەوێ، بەغەیری کاک شێرۆ و کاک سەعید کەس نابێ بێتە دەرێ واتە ئەوروپا، مانەوەی کاک شێرۆ لەئەوروپا دەبێ مەحدود و دیاریکراو بێ، پاشان ئەویش خۆ بگەیەنێتەوە سنوور بۆ نێو برادەران.

سیامەک

دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد کەچەند رۆژ بمێنمەوەو تارەکانی رۆژنامەی کوردستان ماشین بکەم و لەنووسینیش یارمەتی بدەم.

بڕیارماندا کاک عەزیزی یوسفی کەتازە لەزیندان هاتبوە دەرێ بیهێنین بۆ ئەوروپا، دکتۆر پێوەندی لەگەڵ گرتبوو، رەمز و نیشانەی پێوەندییەکانی دا بەمن، لەگەڕانەوەدا گورج بەو رەمز و نیشانانە پێوەندیم لەگەڵ گرت و وەسیلەی هاتنی هەتا دەگاتە عێراق بۆ ئامادە کرا، بەداخەوە نەساخی و هێندێك دوو دڵی و ساوە ساوی خۆی نەکرا بێتە دەر و مانۆاوایی لەگەل و نیشتمان کرد.

شۆڕش لە پاریسەوە

لێرە قاوەخانەیەک هەیە، خوێندکارە کوردەکانی لێ کۆ دەبنەوە، قاوەیەک دەخۆینەوە و گوێ دەدەینە قسان و رەنگە ناسیاوی لای خۆمانیش ببینین.

دەوری سەعات دەی بەیانی بوو، قاوەخانەی گۆرین تازە دەکرایەوە، ئێمە چووین لەسەر مێزێك دانیشتین، زۆری پێ نەچوو، ببوە سەعات دە و نیو وردە وردە پێنج شەش خوێندکاری کورد پەیدا بوون، دانیشتن و لەپێشدا هەرکەس پاکەتە سیغاری خۆی هێنا دەر و لەپێش خۆی دانا، درەنگانێك گارسۆن هات هەرکەس بەگوێرەی دڵخوازی خۆی داوای قاوە یا چای کرد و سەرەتای شۆڕشی دژی رژێمی ئێران بەباسی سەر مێزی قاوەخانەی شانزە لیزەی پاریس دامەزرا، بەر لەهەموو شت ئەوەی بۆ من سەرنج راکێش بوو ئەوەبوو کەهەموویان کورد بوون، بەڵام ئەوەی بەسەر زاریان نەدەهات مەسەلەی کورد و شۆڕشی کورد و ناوی کورد بوو، باسەکە لەسەر شۆڕشی ئێران بوو، ناکۆکی بیروڕا و دمە تەقەیان لەسەر ئەوە بوو کەلەئێراندا شۆڕش لەکوێوە و لەکام ناوچە و مەڵبەندەوە دەست پێ بکا، یەك دەیگوت: کوردستان باشترین جێگای شەڕی پارتیزانیە، ئەویدی دەیگوت: شیمال باشترە، لێرەواری چڕی زۆرە، خۆم ماوەیەك لەوێ بووم، خۆڵا بۆ شەڕی پارتیزانی دانـاوە، یەکی تریان دەیگوت: ناوچەی قەشقایی و بلوجستان موناسبترە، قەشقایی عەشیرەتێکی ئازان، ئەوی دیکە لوڕستانی هەڵدەبژارد و دەگەیشتە سەر خەلیجی فارس، بەڵگەشی ئەوەبوو دەیگوت ئەگەر لایەکی دەریای بەدەستەوە بێ رێگای یارمەتی و هاتووچۆی بۆ مسۆگەر دەبێ.

پاشان لەسەر ناوەندی دەستپێکی شۆڕشیش ناکۆکی بیروڕا توند بوو، هێندێ لایان وابوو لەگوندەوە دەست پێ بکرێ و شارەکان گەمارۆ بدرێن، ئەوانی تر بەباشیان دەزانی لەشارەوە دەست پێ بکرێ، نەدەگەیشتنە یەك.

من و کاك ئەمیر گوێمان هەڵخستبوو، من قسەکانی مەلا مستەفای رەحمەتیم هاتبۆوە بیر کەبەدکتۆر قاسملۆی گوتبوو: (روناکبیرە کوردەکان لەئەوروپاوە نەخشەی شەڕ ناکێشن؟).

لەگەرمەی باسەکەدا سەعاتیان وەبیر هاتەوە: ئەها... کوڕە خۆ درەنگ بوە، من وەعدەم هەیە... منیش دەچمەوە ستیە، هەستە با بڕۆین، من دەرسم هەیە، وەدواش نەکەوم باشە، گورج و بەپەلە راست بوونەوە و شۆڕشیان هێشتەوە بۆ رۆژێکی تر، من و کاك ئەمیریش، پێم وایە چووینە سینەما.

رۆژی ١٩٧٨/٢/١٥ بەرەو سۆفیا کەوتمەڕێ، دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد کەلەگەڕانەوە بۆ بەغدا سەرێکی بێروت بدەم سیاسەتی تازەی حکومەتی عێراق سەبارەت بەجوابکردنی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبەکانی لوبنانی و فەلەستینیش باس بکەم، هەر وەها بیر لەجێ پێیەکیش بکەمەوە کە لەبێروت هەمانبێ.

چەند رۆژێك لەسۆفیا بووم، رۆژی ١٩٧٨/٣/٥ چوومە بێروت، میوانی کاك سەلاح بەدرەدین بووم، لەرێگای کاك سەلاحەوە لەگەڵ جورج حەبەش پێوەندیمان گرت و رۆژی ٧٨/٣/٧ چوومە بارەگای بەرەی ئازادیبەخشی فەلەستین چاوم بەجۆرج حەبەش کەوت، بەگەرمی بەخێرهاتنی کرد و پاش چاك و خۆشی گوتی: (بیستومە حیزبە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیان هەبوە و نوێنەری حیزبی ئێوەش بەشداری کردوە، ئەوە هەنگاوێکی باشە، من باسی بڕیاری حکومەتی عێراقم کرد گوتی: (من ئەو رۆژانە دەچمە بەغدا، مەسەلەی ئێوە لەگەڵ قیادەی حیزبی بەعس باس دەکەم، بەڵام پێم وانییە فایدەی هەبێ و لەو بڕیارە پاشگەز ببنەوە، ئەوە بڕیاری سیاسییە و لەژێر پاڵپەستی ئێراندا دراوە، سەفەرێکی لیبی دەکەم لەگەڵ قەزافی باسی دەکەم کەیارمەتیتان بدا، وابا‌شە پێگەیەك لەبێروت بکەنەوە، ئێمەش بۆ گشت هاوکاریەك ئامادەین).

رۆژی دوایی لەگەڵ عیسمەت جاوید ئەندامی پۆلیت بیرۆی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان قەرارم هەبوو، نانی نیوەڕۆم لای ئەوان خوارد و باسی وەزعی کوردستان و عێراق و بزوتنەوەی کوردمان کرد، ئەو پێشنیاری کرد و گوتی: (ئەگەر ئێوە رازی بن با کۆبوونەوەیەك بەبەشداری حیزبی ئێمە و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودەدا پێك بێ، ئێمە لەو بارەوە دەست بەکار دەبین، گوتم ئەو مەسەلەیە لەگەڵ سکرتێری حیزب و کۆمیتەی ناوەندی باس دەکەم، پێم وانییە ئێمە دژی کۆبوونەوەیەکی ئاوا بین.

رۆژی ۷۸/۳/۹ چاوم بە (نەسیر) بەرپرسی پێوەندیەکانی رێکخراوی کاری کۆمۆنیستی کەوت، باسی وەزعی بزوتنەوەی کوردمان کرد، ئەویش گوتی: بیستومانە کوردەکان دەیانەوێ قیادەی قەومی پێك بێنن، ئەوە کارێکی شۆڕشگێڕانەیە.

زۆر تۆند بوو دژی عێراق و گوتی: (ئێمە هەرچی لەدەستمان بێ هاوکاری و یارمەتی دەکەین، هەر ئەو رۆژە لەماڵی وەلید جونبلات چاوم بەو کەوت، ژوور و دیوەخانەکەی عەشایری دەهاتە بەرچاو، بەدرێژی باسی کوردستانمان کرد، گوتی: (من خۆم بەبێگانە نازانم، بابم زۆرجار باسی مەسەلەی کوردی کردووە لەگەڵ مەلا مستەفا دۆست بووە)، گەلێك دژی حکومەتی عێراق دوا و پاشان گوتی: (پشت بەستن بەو حکومەتانە ئەنجامی نییە).

گوتی: (پێم خۆشە بڵێی ئێمە چیمان لەدەست دێ بۆ یارمەتی ئامادەین، ئەگەر لێرە دەمێنی با بچینە گوندی).

رۆژی ۱۹۷۸/۳/۱۰ چاوم بەئەبو ئەیاد کەوت، بڕیاری حکومەتی عێراقم لەگەڵ باسکرد، گوتی: (ئێمە بۆ هەموو یارمەتیەك ئامادەین).

رۆژی ١٢ی مارس ١٩٧٨ چوومەوە بەغدا، رۆژی ٣/١٤ کابرای بەعس پەیدا بوو، پێم گوت ئێمە بڕیاری ئاخریمان داوە، پاش چەند رۆژی تر کۆمیتەی ناوەندی بڕیارەکەتان پێ رادەگەیەنین.

خەبەرماندا برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی لەکوردستان بوون بێنە بەغدا و لەنەتیجەی سەفەری من و گەلاڵەی دکتۆر بکۆڵنەوە، هێندێ لەکادرەکانی حیزبیش بانگ کران کەلەکۆبوونەوەدا بەشداربن، لەراستیدا ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەندەیە ناوی کۆنفرانسی لێ نەنرابوو، دەنا کۆنفرانسێك بوو، ٢١ کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکان بەشداریان کردبوو.

رۆژی ١٩٧٨/٣/١٦ کۆبوونەوە دەستی بەکار کرد، پاش ٣ رۆژ باس و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بارودۆخی ولات بێجگە لەکاك حەمەدەمین بەتێکڕایی دەنگ بڕیاردرا کەنەچینە ژێر باری زەختی حکومەتی عێراق و ئەگەر دەست لەبرادەران بدا، ئەوانەی بیرۆی سیاسی دیاریان دەکا بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران، ١٥٤ کەس ژن و منداڵ و هێندێ برادەری کەگەڕانەوەیان هیچ کەڵکی نەدیوە، بکرێن بەپەنابەر و لەعێراق بمێننەوە، ٧٦ کەس کادر و ئەندامی حیزبی بۆ گەڕانەوە یا هەر کارێکی تر ئامادەی بڕیاری نیهائی کۆمیتەی ناوەندی دەبن.

بەپێویستی نازانم ئاخافتنی هەموو برادەران لەسەر گەڕانەوە بۆ ئێران و موافەقەتیان لێرەدا بنووسمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کاك حەمەدەمین بۆچوونی تایبەتی هەبوو لەسەر گەڕانەوە و دژایەتیش لەو بۆچوون و لەتاقیکردنەوەی خۆی سەرچاوەی دەگرت، دەقی قسەکانی کاك حەمەدەمین دەنووسمەوە کەلەدەفتەری یادداشتەکانم تۆمار کراون.

کاکە مینە: جێگای خۆشبەختییە کەهەستی چوونەوە بۆ ولات لای هەموو برادەران زۆر بەهێزە، قسەکانم بۆ ئەوە نییە کەبرادەران تەعدیل لەبیروڕای خۆیاندا بکەن، خۆم بەرپرس دەزانم کەئەوانەی لەمێشکم دایە بیانهێنمە گۆڕێ،

ئەوانەی دەچنەوە ئێران هەروا بەهەوا ناژین، بەڵام تا ئێستا هیچ جێگا و ڕێگامان نییە.

من بڕوام بەچوونەوە نییە و بەڵام هەر بڕیارێکی لەسەر خۆم دەیدەن بۆ ئیجراری ئامادەم، بۆ من بوونی ئەندامەتی بیرۆی سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی مهم نییە.

برادەران دەبی دابەش بکرێن، هێندێك بەن بەلاجی و هێندێك بچنەوە وڵات، ئەو برادەرەی پێی دەکرێ و خەڵك دەناسێ با بچێتەوە، دەبێ تێکەڵ بەجوڵانەوەی گشتی ئێران ببین، دەکرێ دەپێشدا دە برادەر بچنەوە، جێ پێ پەیدا بکەن و پاشان دەی دیکەش بچنەوە، لەبەرانبەر گەل و حیزب و گیان و مالّی برادەران دەبێ هەست بەمەسئولیەت بکەین، دەبێ هێزی خۆمان لێك بدەینەوە، لەئێران بنکە و جێگامان نییە، تا ئێستا ئەگەر برادەرمان بۆ دوو ڕۆژ چۆتەوە ئێران حکومەت زانیویە، ئەگەر لەسەر چوونەوە ساخ بینەوە، مانای ئیعلانی شەڕە لەگەڵ ڕژێم، ئەو هەنگاوەی دەیهاوێژین، دەبێ بزانین قازانجی چییە، دەتوانین گەرایەك بۆ خەباتی دواڕۆژ دابڕێژین یا هەر خۆ بەکوشتدان و لەدەستدانە، پاراستنی ئەو جەمعەی ئێستا هەمانە ئەساسە، نەك لەبەین بردنیان، من بەهیچ جۆر لایەنگری ئەوەی نیم کەبۆ خاتری مانەوەشمان بیروبڕوا و سەربەخۆیی سیاسی خۆمان لەدەست بدەین، جارێکی دیکەش محاوەلەی مانەوەمان دەکەین ئەگەر نەبوو هەرکەسێك داو تەڵەبە با بچێتەوە ئێران، ئێمە ئەو هێزە نین کەتخ لەعێراق بکەین و بچینەوە، توانای چمان هەیە ئەوەی بکەین، لەشەرایتی ئەوڕۆدا ئەرکی ئێمە پێکهێنانی تەشکیلاتە، ئێستا ئەوەی ئیمکانی هەیە، ئەوەیە کەدوو سێ برادەر بچنەوە وڵات و تەشکیلات پێك بێنن.

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەی بەرین، کۆمیتەی ناوەندی وەڵامی نامەی دکتۆر قاسملۆی نووسیەوە، دکتۆر قاسملۆ لەنامەکەیدا نووسیبووی: (ئەو ڕەخنە و ڕەخنە کاریانە ئالا هەڵگریان هەیە)، پاشان نووسیبووی: (بیرۆی سیاسی وەك ئۆرگانە نە لەعێراقە و نەلەئەوروپا).

کۆمیتەی ناوەندی لەنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: (.... پاش سڵاوی گەرم و رێزنامە بێ تاریخەکەی کەبۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (نەك بۆ کۆمیتەی ناوەندی)ت نووسیبوو، بەهۆی (پیرانەوە) پێمان گەیشت، چەند جاران بەتەنیا و بەدەستە جەمعی خوێنرایەوە، لەلاپەڕەی یەکەمدا کە (ئاڵا هەڵگر بۆ نووسینی نامە و رەخنە گرتن لەکاری سیاسی و چۆنیەتی رۆژنامە دیاری دەکەی، بەلای ئێمەوە بێجگە لەبەکەم گرتنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بیرۆی سیاسی و بیروڕای ئەندامانی حیزب تەقەڵایەکیشە بۆ بەربەستکردنی رەخنە و رەخنەکاری لەناو حیزبدا، ئەوە راست نییە کەئۆرگان یا ئەندامێك رەخنەی گرت، لات وابێ ئەو ئۆرگان و ئەندامە هیچ تێناگا و (ئاڵا هەڵگری) هەیە.

١- پێمان سەیرە کەدەنووسی: (بیرۆی سیاسی وەك ئۆرگان نە لەعێراقە و نە لەئەورووپا) کەوابوو بیرۆی سیاسی حیزب لەکوێیە؟ ئەم کارانەی دەکرێن کێ دەیانکا؟ کام ئۆرگان بەرپرسە؟ ئەم بۆچوونە بەکردەوە نەهێشتنی ئۆرگانی راپەڕاندنی کاری حیزب نییە؟

ئێمە ئەو نەزەرە بەراست دەزانین کە کاری تاقە کەسە، هەرچەندە ئەو کەسە لێزانو پسپۆریش بێ باش دەرناچێ... هەروەها پێمان وایە ئەندامێك با سکرتێری حیزبیش بێ، ناتوانێ بیروڕای تەنیای خۆی لەلاپەڕەکانی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە، وەك لەنامەی پێشووی بیرۆی سیاسیدا بۆ سکرتێر نووسراوە.

٢- رۆژنامەی کوردستان دەستەی نووسەرانی هەیە و (پیران) بەمەسئوڵی سیاسی بەبڕیاری کۆمیتەی ناوەندی دیاریکراوە، لەبەر وەزعی تایبەتی بڕیاردرا تۆ لەدەرەوە سەرپەرشتی رۆژنامەکە بکەی، تەنانەت ئەوەش گوترا کەلەمەسەلە ئەساسیەکاندا نووسینەکانی جەنابیشت دەبێ لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە تەماشا بکرێن، هیچ رۆژنامەیەکی حیزبی بەبێ دەستەی نووسەران بڵاو ناکرێتەوە، لەو بارەوە بەکارهێنانی وشەی (لەشکرکێشی..... پەروەندە سازی) بەکارت هێناون بەراست و بەجێیان نازانین.

٣- لەبارەی چاپکردنی نامەی هاواڵ م.ح. لەکوردستاندا، ئێمە لامان وایە چاپکردنی نامەی رەخنە ئەگەر سێ ئەندامی بیرۆی سیاسی و دەستەی نووسەرانیش داوای چاپکردنی بکەن، با رەخنە لەهەرکەسێش یا لە (کوردستانیش) بێ شتێکی سەیر نییە، چاپ نەکردن و گوێ نەدان بەبیروڕای کۆمەڵێك ئەندامی حیزب لەگەڵ ئوسوڵی حیزبی و ئەو دیموکراسیەی کەجەنابت زۆر تەکیەی لەسەر دەکات، رێکناکەوێ.

٤- لەنامەکەتدا خۆت لەمەسەلەیەك بواردوە، ئەویش ئەم شێوە پێوەندییە بەرێکخراوە کوردستانیەکان و ئیمزا کردنی ئیتفاقیە و قەولی هاوکاری و...هتد.

ئەو کارانە بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەکارێکی هەڵەیان دەزانین، جا بۆیە لەگەڵ تۆ موافقین کەکار و کردەوەی غەیرە حیزبیانە پێویستە لەتێکۆشانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبدا مەحکوم بکرێ.

٦- لەبارەی گەڵاڵەی نەزەری خۆت لەسەر وەزعی ئێستامان، پێمان خۆشترە لەنێزیکەوە بۆ پیادەکردنی ئەم گەڵاڵەیە وەك ڕێبەری حیزب بەسەر ئیجرای بڕیارەکاندا چاودێریت هەبێ، لەبارەی وەزعی ئێستاوە پێران بەوردی بۆت دەنووسێ، ئیتر خۆشیتان، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١٩٧٨/٣/١٨

دەنگی یەکێتی

کاتێك لەفەرانسە بووم دکتۆر قاسملۆ رۆژنامەیەکی دامێ بەناوی (دەنگی یەکێتی) بڵاوکەرەوەی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی، لەوێدا لەسەر ئەو کەسانەی کەدوو برادەری ئێمەیان دابوونەوە بەئێران نووسیبووی:

(تاوانبارکردنی ئەو رووداوە حکومی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشیان بەسەردا جێ بەجێ کراوە و گوللە باران کراون) من گوتم: ئەوە راست نییە، چونکە ساواك ئەوانەی لەسەردەشت راگرتبوو، ئێمە نەخشەمان کێشابوو کەدەستیان لێ بوەشێنین، لەپڕ برادەرانی ئێمە لەسەردەشت خەبەریان داینێ کەراگوێزراون و بۆ جنوبیان بردوون.

دکتۆر قاسملۆ گوتی باشتر لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە، ئەگەر وانەبوو رووبکردنەوەیەك بڵاو بکەنەوە کەگەڕامەوە داوامان لەبرادەرانی ئێران و پشدەر کرد کەبەوردی لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە، پاش ماوەیەك خەبەرمان بۆ هات کەسالّحی دەروێش قادری ئەوە لەنێو جەماعەتی یەکێتی نیشتمانی نان بۆ (شۆڕش) دەکا، ئەوانی دیکەشیان ناردوە بۆ ئێران.

بێرۆی سیاسی ۱۳۵۷/۱/۵ (۱۹۷۸/۳/۲۵) ئەم رووبکردنەوەی بڵاوکردەوە:

رووبکردنەوەیەك لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی:

دوای بڵاوبوونەوەی راگەیاندنی رۆژی ۱۳۵٦/۷/۱۰، بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەربارەی تەحویلدانەوەی دوو تێکۆشەری کوردی ئێران بەکاربەدەستانی رژێمی کۆنەپەرستی حەمەرەزاشا، بڵاوکراوەیەکمان بەناوی (دەنگی یەکێتی) (ژمارە سێ، کانونی دووەمی ۱۹۷۸) پێگەیشت کەلەوێدا ئیدعا کراوە گوێا (تاوانبارانی ئەو رووداوە حوکمی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشیان بەسەردا جێ بەجێ کراوە و گوللەباران کراون).

حیزبی ئێمە بۆ ئاگاداری گەلی کورد و بیروڕای گشتی جیهانی رادەگەیەنێ کەئەم ئیدعایە دوور لەراستیە و تاوانبار و بەکرێ گیراوەکانی ساواک لەگوڵ کاڵتریان پێ نەگوتزاوە، بەپێی ئاگاداریەکی کەگەیشتۆتە دەستی ئێمە سێ کەس لەتاوانبارەکان- فەقێ قادر کوڕی سالحی دەرویش قادر، حەسەنی کوێخا مستەفا یەکێکی تریان- ئێستا لەئێران و سازمانی ئەمنیەت بۆ جنوبی ئێرانی بەڕێ کردوون، دوو کەسی تریشیان کەیەکێکیان سالحی دەرویش قادر سەردەستەی خەیانەتکارانە هەر ئێستا نێزیک سنووری ئێران لەباوەشی ئەو کەسانەدا حەواونەوە کەئیدعا دەکەن تاوانبارانیان گوللەباران کردوە.

بەم جۆرە رادەگەیەنین کەئەم نووسراوەی (دەنگی یەکێتی) تەنیا بۆ فریودانی بیروباوەڕی گشتییە و فڕی بەسەر حەقیقەتەوە نییە.

بۆڕۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ۱۳۵۷/۱/۵ (۱۹۷۸/۳/۲۵)

من بێجگە لەنامەی کۆمیتەی ناوەندی، نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و لەکاری کۆبوونەوە و بەشداری و بیروڕای برادەران و بڕیارەکانی کۆبوونەوە ئاگادارم کرد، دکتۆر پێی وابوو کەنامە و رەخنەی برادەران هەمووی بەهاندانی منە و ئەوانی تر هیچ دەوریان نییە، لەنامەکەشیدا ئەوەی نەشاردبۆوە.

۱۹۷۸/٤/۱۸ نوێنەری موخابەراتی عێراق هات و گوتی: دوای حەوتوویەک چاوت بەئەبو رعد (سەعدون شاکر) دەکەوێ و دەبێ لەسەر مەسەلەی چوونە دەرتان لەعێراق ساخ بنەوە.

ئێمە دەمێک بوو داوامان لەبالێۆزخانەی سۆڤیەت کردبوو کەدوو برادەرمان وەربگرن لەزانستگا لەمۆسکۆ دەرس بخوێنن، پاش ماوەیەک دیارە بەیارمەتی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، خەبەریان دایێ کەبەڵگە و شەهادەی خوێندن و ژیاننامەیان بدەین بەبالێۆزخانە کەبۆ ناردنیان ئامادە بن.

رۆژی ٧٨/٥/٦ شەهادە و بەڵگەی پێویستی مستەفا شەڵماشی و رەئوفی نەویدی خەڵکی بانە کەکۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر دابوون، بۆ باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤێتی ناردران.

رۆژی ٧٨/٥/١٥ لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی چووینە لای سەعدون شاکر، هەر دوای دانیشتن لام وایە قاوەیەکیشیان بۆ هێناین و گوتی: پێویستە لەعێراق بچنە دەرێ، ئێوە هاوکاریمان ناکەن و سکرتێری حیزبەکەشتان لەئەوروپا دژی ئێمە کار دەکات، ئێوە کۆسپی پێوەندی نێوان ئێمە و ئێرانن، گوتی: قاسم دێتە لاتان و لەسەر چوونەدەر و کاتی رۆیشتنتان قسە بکەن.

رۆژی ٧٨/٥/١٩ کۆمیتەی ناوەندی کۆبۆوە تا لەسەر بڕیاری تازەی حکومەتی عێراق بڕیار بدات، بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕە بووین کەبەچوونەدەر یا بەمانەوە سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین و نەچینە ژێر بار و لەسەر کوردەکانی عێراق هیچ نەنووسین، لەکۆبوونەوەدا پێشنیارم کرد ئێستا کەبەعس وا لێی تونـد کـردووین و ئێمەش بڕیارمان داوە خۆ رابگرین و ئەو بڕیارەش لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی دا پەسند کراوە، با چەند کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەدڵخواز و داوتەڵەب بگەڕێنەوە و خەریکی دۆزینەوەی پێگە و شوێن و جێگای حەوانەوە بن.

بێجگە لەسەید رەسوڵی بابی گەورە، هیچ کەس ئامادە نەبوو کەبگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام لەکۆبوونەوەدا لەسەر ئەمە ساخ بووینەوە کەچەند کەس و کێیانە لەعێراق بچنەدەر و چەند کەس و کێیانەش بمێننەوە، بڕیاردرا کەهەتا ئەوکاتەی کەئیقامەی ئەو برادەرانەی کەدەمێننەوە لەگەڵ وەزعی ژیان و بەڕێچوونیان دابین دەکرێ من لەبەغدا بمێنمەوە.

رۆژی ١٩٧٨/٥/٢٢ کابرای نوێنەری موخابەرات پەیدا بوو، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین وەك ئەوان دەیانویست یازدە کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکان

لەعێراق بچنە دەر، حکومەتی عێراق یازدە پاسپۆرتی ئێرانیمان بداتێ، ئەو دەم پاسپۆرتی ئێرانی بۆ رۆژی ئاوا ڤیزای نەدەویست، بلیتی فڕۆکەش بۆ ئەو یازدە کەسە بۆ شوێنی مەقسەد بکڕن.

ئەوان لەسەر ئەوە پێیان دادەگرت کەبەناوی خانووی حیزب ئیتر خانوومان نەمێنێ، هەموو تێکۆشانێك لەعێراقەوە دژی ئێران بوەستێنین.

پێشنیارم کرد کەلەبەر ئەوە گەلێك برادەر و ژن و منداڵی برادەران لێرە دەمێننەوە، کاتێکی هاتنەوەی برادەرێکمان بۆ سەردانیان بۆ عێراق پێویست بێ، ڤیزای بدرێتێ و بتوانێ بەهاسانی هاتووچۆ بکات، هەروەها ئەگەر پێویست بوو لەو برادەرانەی دەمێننەوە یەکیان بۆ دەرەوە سەفەر بکات، پاسپۆرتی بدەنێ و بلیتی فڕۆکەشی بۆ بکڕن.

کابرا گوتی: (ئەو پێشنیارانە دەبەمە لای قیادە و خەبەرتان دەدەمێ).

١٩٧٨/٥/٢٣ کاك عەلی هەژار هاتە لام و داوای کرد کەشتێکیان بۆ تایپ بکەین، نامەیەکی هێنابوو کەبینێرین بۆ سەنگەسەر، باسی هێندێ ناکۆکی کرد کەکەوتۆتە نێوان بزوتنەوە و یەکێتی نیشتمانی.

هەر ئەو رۆژە حەسەنی ماسالی تێکۆشەرێکی ئێرانی داوای کرد بوو کەچاومان پێ بکەوێ، لەگەڵ کاك حەمەدەمین چووینە دیتنی، ناوبراو گوتی: (رادیۆیەکمان بەناوی (دەنگی نیشتمانیپەروەرانی ئێران) ساز کردووە کەبەناوی هیچ هێزێکی دیاریکراو قسە ناکات، بەگشتی لەسەر بارودۆخی ئێران دەدوێ، بێجگە لەحیزبی تودە و موجاهیدین هەموو هێزی ئێرانی دژ بەرژێمی شا دەتوانن بەشداری تێدا بکەن، پێشنیار دەکەین کەئێوەش دوو برادەر بنێرن و لەرادیۆکەدا بەشدار بن، هەلێکی باش بوو ئەگەر کرابا، ئێمە لەرادیۆیەکی ئاوا دا دەنگی خۆمان بەکوردی بڵاو بکەینەوە، گوتمان پێشوازی لەو پێشنیارە دەکەین و پاش لێکۆڵینەوە لەکۆمیتەی ناوەندی خەبەرتان لێ دەگێڕینەوە، باشبوو دوو پاسپۆرتی ئێرانیمان

لەکاك حەسەنی ماسالی وەرگرت، بەو هیوایە دوو کەس بۆ بەشداری لەرادیۆدا بنێرین، رۆژی ١٩٧٨/٥/٢٤ سەید رەسووی بابی گەورە و میرزا عەلی و مەحمودمان بۆ ئێران بەڕێکردنەوە، نامەیەکم بۆ کاك جەلیلی گادانی نووسی و لەسەر دانانی کاك عەزیزی یوسفی پێم داگرت کەبەڵکو هەتا لێرە ماوین، بینێرین بۆ دەرەوە، کەبەداخەوە نەگەیشتێ.

لەمانگی ١٩٧٨/٤ چاپکردنی کتێبی دایك لەکۆڕی زانیاری کوردی تەواو ببوو، بڵاوکرابۆوە، ئەگەر لەماوەی پێشوودا، هێندێ ناسیار و برادەری نێزیکی کوردی عێراقی و هێندێ نیشتمانپەروەری سیاسی وەك ئەندامێکی حیزبی دیموکرات و یا لەرێگای نووسینی هێندێ وتاری گۆڤار و رۆژنامەکانەوە دەیانناسیم، پاش بڵاوبوونەوەی (دایك) لەرێگای وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی (دایکی ماکسیم گورگی) خەڵکێکی زۆر و بەتایبەت لاوان و خوێندکاران بوونە دۆست و ناسیارم، لەرێگای نامە و نووسینەوە پیرۆزباییان لێ دەکردم، خۆ قەت ئیدعا ناکەم کەبڵێم خودا نەخواستە بەقەدرایی شاعیری گەل (هێمن ناسرابووم) بەڵام بڵاوبوونەوەی دایك رەفاقەتی هێمن و پتر گەڕانمان منیشی لەنامەی شیرین و جوان بێ بەش نەدەکرد، بەخوای دوو کەرەت هەر لەکن هێمن کرام بەهێمن و مامۆستاش هەر ئەوەندەی پێکرا پیش بخواتەوە و سەیرمان بکا، لەیادی هێمندا باسم کردوە، لەخۆبایی بوون نییە ئەگەر بڵێم تێکۆشانی ئەدەبی و نووسین و بڵاوکردنەوە لەنێو برایانی ئەدەب دۆست و نیشتمانپەروەری کوردی عێراقدا شوێنی تایبەتی بۆ ئێمە کردبۆوە، بەپێنج شەش کەس لەو ماوەیەدا کەلەبەغدا دەژیاین بەرهەمی نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەمان فرە بەرچاو بوو، بێجگە لەنووسین لەچاپەمەنییە کوردییەکانی عێراقدا، وەبێجگە لەدەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی تێکۆشەر، ئەم کتێب و نامیلکانەی خوارەوە بەرهەمی تێکۆشانی ئەدەبی ئێمە بوو.

١- کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران (کوردی و عەرەبی- کەریمی حسامی بنکەی پێشەوا).

٢- کوردستان و کورد- دکتۆر قاسملۆ- بنکەی پێشەوا.

٣- تاریك و روون- مامۆستا هێمن- بنکەی پێشەوا.

٤- دایك ماکسیم گورگی- کەریم حسامی- کۆڕی زانیاری کورد.

٥- وەڵامێك فارسی و کوردی- کەریمی حسامی- بنکەی پێشەوا.

٦- ژیان و کردەوەکانی لینین- کەریمی حسامی- بیری نوێ.

٧- نالەی جودایی- هێمن.

٨- پێکەنینی گەدا- حەسەنی قزڵجی- بنکەی پێشەوا.

٩- توحفەی موزەفەریە- ئۆسکارمان- هێمن- کۆڕی زانیاری کورد.

١٠- چەند شریتی فۆلکلۆری ساخکردنەوەی جەلال- کۆڕی زانیاری کورد.

١١- پەخمە- عەبدوڵڵا حەسەن زادە- دەزگای ڕۆشنبیری کوردی.

١٢- ئەفسانە کوردیەکان- کەریمی حسامی- چاپ نەکرا.

١٣- گوڵبژێرێك لەئەدەبی بێگانە- کەریمی حسامی- لەدەزگای ڕۆشنبیری کوردی دا گیری خوارد.

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٧ لەکۆڕی زانیاری کورد ١٠٠ دانە کتێبم وەرگرتەوە کەبۆ خۆمیان دانابوو، ئەو ڕۆژە لەژیانم دا ڕۆژێکی فرە خۆشبوو، چونکە بەدەستی خۆم لەپشتی کتێبەکە دەمنووسی و ئەم شاکارەم پێشکەش بەدۆست و برادەران دەکرد.

١٩٧٨/٥/٣١ کابرای موخابەرات هاتەوە و گوتی: (داخوازەکانتان پەسند کراون، وێنەی ئەو برادەرانەی وەرگرت کەدەبوایە سەفەر بکەن بۆ ئەوەی پاسپۆرتیان بۆ ساز بکا، بەڵێنی دا کەپاش چەند ڕۆژ پاسپۆرتی ئێرانیمان بۆ بێنێ، لەلای من هەستا و لەگەڵ کاك حەمەدەمین چووە دەرێ، لەدەرەوە بەکاك حەمەدەمینی گوتبوو: (پاسپۆرتی ئێرانیمان نییە، ئەفغانی یا بەحرەینی-تان بۆ دێنین).

٧٨/٦/٦ کابرا هاتەوە و دانیشت و یازدە پاسپۆرتی ئەفغانی هێنا دەرێ و لەپێشی دانام، من بەبێ ئەوەی چاویان لێ بکەم بەتووڕەیی پاسپۆرتەکانم تووڕ هەڵدا و گوتم: (بۆ ناکرێ جارێك بۆ نموونە قسەکەتان وەڕاست گەڕێ، ئەوانەمان ناوێ، ئەگەر پاسپۆرتی ئێرانیتان نییە، سواری فڕۆکەمان بکەن و بۆ کوێمان دەنێرن، بنێرن، دەڕۆین).

کابرا گوتی: ئوستاز چاوەڕوانی ئەو تووڕەییە نەبووم، هەوڵ دەدەین پاسپۆرتی ئێرانی پەیدا بکەین، بەڵام رەنگە وەدرەنگی بکەون). هەستا پاسپۆرتە ئەفغانیەکانی کۆکردەوە و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٩ دکتۆر قاسملۆ داوای کرد کەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێنبە بەغدا بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ بکەن، خەبەرم دانێ کەبێن لەگەڵ دکتۆر بپەیڤن، دکتۆر بەبرادەرانی گوتبوو، بۆ هاتنە دەر و یا گەڕانەوە بۆ ئێران زۆر پەلە نەکەن، لەوانەیە بتوانم سەرێك لەبەغدا بدەم.

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ نامەی سەید رەسوڵی هات کەگەڕابۆوە بۆ وڵات، لەنامەکەدا تەواوی ڕێگا و شوێن و پێگەی سەر ڕێگای دیاری کردبوون، لەگەڵ چەند کەس پێوەندی گرتبوو رەمز و شفرەی لەگەڵ دانابوون نووسیبووی، داوای کردبوو کەبەگورجی هێندێ ڕۆژنامەی کوردستان و کتێبی کاروانی شەهیدان و دایکی ماکسیم گورگی و کوردستان و کوردی بۆ بنێرین، پاشان خەبەری کۆچی دوایی کاك عەزیزی یوسفی بۆ نووسیبووین، بێ جێ نابێ کورتەی نامەی سەید رەسوڵی لەمەڕ کۆچی دوایی کاك عەزیزی یوسفی بڵاو بکەمەوە.

(.... جا با بێمەوە سەر مەرگی عەزیزی کورد و بەهەق خەڵکی ئێرانیش، کاك عەزیز لەتارانێ مردوە لەماڵی جەلیلی گادانی بوە و خەریکی پاسپۆرت دەرکردن بووە بۆ دەرەوە و نازانم بۆی کراوە یا نا؟ گرنگ نییە، لەپڕ تووشی سەکتە بووە و تەواو بوە، هەر ئێستا هاوڕێیەکی حیزبیم لەلایە کەبۆ خۆی لەکاك جەلیلی

گادانی بیستوە کەلەکاتی گیانەڵڵا دا عەزیز ئاوای گوتوە: (کاك جەلیل تۆ سەر وەسیەت بە کەبەمردوویش سەربازێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانم) ئەوە ئێستا لەکوردستانی ئێراندا خەڵك بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، وەسیەتی کردووە گۆڕی لەمەهاباد بێ، کاك جەلیل وەسییەتەکەی بەجێ گەیاندووە، زیاتر لە ٣٥٠ ماشێن تا مەراغەی بەپیر مەیتەکەوە چوون.

کەدەچنە سەر قەبران باسی زۆری خەڵك و داخستنی بازاڕ ناکرێ ڕۆژی ١٦ یا ١٧ی خرداد بوە، لەڕێوە مەلا شێخ عزالدین دەڵێ خوشك و برایان عەزیز پێویستی بەتەڵقین و نوێژ لێکردن نییە، عەزیز وەك شیری پاکە، عەزیز ڕۆڵەی گەلە و خۆشەویستی گەلە، ئەو جار کك جەلیل وەقسە هاتوە و بۆتە شعاردان و بژین تێکۆشەرانی کورد و سلاو لەگیانی شەهیدانی کوردستان، پاشان عومەری قازی و سەید حەسەنی هاشمی قسەیان کردووە، خوشکێکی معلم شیعرێکی کوردی خوێندۆتەوە.

پاشان خەڵك هاتوونە سەر قەبری فایەقی ڕەحمەتی و بەکۆمەڵ تا نێوەڕاستی شار هاتوون، خەڵك زۆر گیراوە، بەڵام هێندێك ئازاد کراون و ٢٩ کەس ماونەوە...) ناوی گیراوەکانیشی نوسیبوو بەڵام بەپێویستم نەزانی بڵاویان بکەمەوە.

ڕۆژی ٧٨/٦/١٦ نامەی کاك جەلیلی گادانی هات، خەبری کۆچی دوایی کاك عەزیزی نووسیبوو، دەبوایە وەڵامی نامەی سەید ڕەسوڵ بنێرمەوە و ئەوانەی داوای کردبوو بۆی بنێرم، جەلالی ڕەحمەتی و میرزا عەلی-م سوار کرد و چوومە کوردستان، لەسەنگەسەر قادر لاجانیشم ڕەگەڵ خست و بەڕێم کردنەوە بۆ کوردستانی ئێران.

ماوەیەك بەئاوات بووم هەموو ناوچەکانی کوردستان ببینم، تا لەئێران بووم سەردەمێك لەبەر کوێرەوەری و نان پەیدا کردن، پاشانیش لەبەر زەبر و زەنگی حکومەت و بەندیخانە و دانانی ئیجباری نەمتوانی بوو تەنانەت سنە و

کرمانشانیش ببینم، لەکوردستانی عێراقیش لەهەولێر و شارەزوور و پشدەر تێ نەپەڕیبووم، لەو سەروبەندەشدا بووم کەکوردستان بەجێ بێڵم و دیدار ئاخرەت بم، بەهەلم زانی کەسەیرانێکی ناوچەی بادینان بکەم.

لەقەڵادزە مەلا سمایلی حاجی و جەلالی رەحمەتیم سوار کرد و بەرەو ناوچەی بادینان رێگامان داگرت، شەو لەهەولێر بووین، بەیانی چووینە موسڵ و لەوێوە بەرەو بادینان، چووینە، دهۆك و سەرسەنگ و ئامێدی و زاخۆ.

بەهەشتی کوردەواری، ولاتی جوان و بەپیت و بەرەکەت و داگیرکراو، لەهەر چەند کیلۆمیترێك، لەم بەهەشتە جوان و سەر سەوزە، سەربازێکی عەرەب پێشی پێدەگرتین و داوای پسوڵە (هویە)ی لێدەکردین، هەموو جارێ قسەکانی عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕم وەبیر دەهاتەوە.

دەڵێن جارێکی عەلی حەسەن ئاغا لەبەغدا گەڕاوەتەوە و لەکەرکوك عەسکەری عەرەب رای گرتووە و داوای هویەی لێکردووە، عەلی ئاغا دابەزیوە و گوتوویە: ((انت هویتکم) ئێرە کوردستانە و من کوردم و ولاتی خۆمە، ئێوە هویەتان نیشانبدەن، کێن و لەچی دەگەڕێن).

زۆر کەس داوای کتێبی دایکی لێ دەکردم، لەکتێبخانەکان نەمابوو، لەزاخۆ چووینە کتێب فرۆشیەك، دیتم دە دانە (دایکی) لێیە. هەموویانم کڕی و گەڕامەوە بۆ بەغدا.

رۆژی ٧٨/٧/٢٠ لەبالێۆزخانەی سۆڤێتییەوە خەبەریان داینێ کەخوێندکارەکانی ئێوە قبولّ کراون و ئامادەیان بکەن بۆ رۆیشتن و ئێمەش بلیتی فرۆکەیان بۆ دەکڕین، کاك حەمەدەمین بەگورجی سەفەری کرد بۆ سولەیمانی تا نامە بۆ برادەرانی بانە بنووسێ کە ڕەئوفی نەویدی بنێرن، بۆ مستەفای شەڵماشی پاسپۆرتمان ساز کرد و چاوەڕوانی هاتنی برادەری بانە بووین کەبەڕێیان بکەین.

بەدوای تەلەفۆنی دکتۆر قاسملۆدا لەگەڵ برادەران، کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری هێندێ لەکادرەکان کۆبوونەوەی پێك هێنا کەجارێکی دیکەش لەسەر چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ئێران و ناردنەوەی کادرەکان راوێژ بکات، لەو کۆبوونەوەیەدا مەلا رەسوڵی پێشنماز بەشێوەیەکی زۆر ناحەز و غەیرە حیزبیانە بەگژ من داهات کەئەندامی دەفتەری سیاسی و هاوکارم بوو.

سەیر ئەوە بوو پێشتر قەت نەببوو یەکجاریش دژی بیروڕای من دەنگی دابێ و یا قەت نێوانمان ناخۆش بووبێ، بەگژ دا هاتنی مەلا رەسوڵ ئەوەندە بێ ئوسوڵ بوو، من لەکۆبوونەوە دەرچووم و بڕیارمدا کە لەگەڵ مەلا رەسوڵ لەکۆبوونەوەی حیزبیدا دانەنیشم، هەتا کۆبوونەوەی گشتی دەبێ.

ماوەیەك پێ چوو، سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەی نەبوو، من لەگەڵ کاك حەمەدەمین کارەکانم ئەنجام دەدا، کاك حەمەدەمین یەك دوو جار دەیگوت: (دەبێ چاو پۆشیت هەبێ، ئەو برادەرە هەرچی بێ بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی، وەلا نانی بەو شێوەیە باش نییە).

من نەمدەتوانی لەگەڵ کەسێك دانیشم کەئاگای لەزاری خۆی نەبێ، ئێوارەیەك لەگەڵ سولەیمانی بەتەلەفۆن قسەم دەکرد، مەلا رەسوڵی پێشنماز هاتبوو لەلام راوەستابوو، پێم وابوو چاوەڕوانی تەلەفۆن دەکا، کەمن تەلەفۆنەکەم دانا ئیتر بەبێ گفتوگۆ وەرم گەڕایە، من کەوتم مستێکی بەقامکی بەئەنگوستیلە لەسەرم دا سەرم شکا، کوڕەکان لەماڵێ بوون گەیشتنێ وەدەریان نا، من زۆرم هەوڵدا کەپۆلیسی خەبەردار بکەم، نەیانهێشت چونکە هیچ ڕێی دیکە نەبوو.

کاك حەمەدەمین ڕۆژی دوایی برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی کۆکردبۆوە لای خۆی کەداروڵە لەیەك بۆ سەر سەریەتی مەلا رەسوڵ دا بنێ، لەجیاتی ئەوە ئێستا پێم وایە بۆ ئەوەی خۆیان لەترس و کێشەی گەڕانەوە بۆ ئێران رزگار بکەن کەدکتۆر ئەسپاردبووی، بڕیاریان دابوو کەتا کۆبوونەوەی گشتی من و مەلا رەسوڵ دەست

لـەکاروباری حیزبـی وەرنـەدەین، مـن بڕیارەکـەم ئەوەنـدە پـێ بـێ جـێ بـوو، بەنیشانەی رەخنە بڕیارم دا تا پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەنی بچمەوە سۆفیا.

رۆژی ١٩٧٨/٨/١٨ گەڕامـەوە بـۆ بولغارسـتان، بـەدوای منـدا کـاك حەمـەدەمین تەلەفۆن بۆ دکتۆر قاسملۆ دەکات، چوونەوەی من و رووداوەکەی پێ رادەگەیەنێ.

دکتۆر قاسملۆ کەبەزمێکی ئاوای لەخودا دەویست، گـورج وەخـۆ دەکـەوێ پێشـتر دەگـەڵ دکتـۆر مـەحمود قسـەی کردبـوو کەببێتـە واسـیتە لای بـەعس و دکتـۆر مەحمود بێنێتەوە بەغدا، دکتۆر کەلەپێشدا لەسـەر ئـەوە سـوور بـوو ئێمـە عێـراق بەجێ بێڵێن و دەیگوت هاوکاری ئەوان لەگەڵ ئێمە پایەی ئوسوڵی نییـە، دەچـێتە باڵیۆزخانەی عێراق و دەڵێ بۆ ئەوەی دکتۆر مەحمود بگەڕێتەوە پێویسـتە لەگـەڵ قیادەی بەعس قسە بکەم و پێشنیارەکانی دکتـۆر مـەحمودیش رابگەیـەنم، دیـارە بەعس واسیتەیەکی ئاوای لەخودا دەویست.

شەوی ٨/٢٢ دکتۆر قاسملۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، بێ ئەوەی باسی کێشـە و بڕیـاری برادەران بکا بپرسێ من بۆچی هاتوومـەوە سـۆفیا، گـوتی کـارێکم هەیـە لەوانەیـە بچـمەوە بەغـدا، بەحەمـەدەمینم گوتـوە بچـێ قسـە لەگـەڵ بەعسـییەکان بکـا، لەفەڕەنسـەش خـۆم چـوومە باڵیۆزخانـەی عێـراق و قسـەم لەگـەڵ کـردوون، ئـیتر بەمنی نەگوت کاری چییە و بۆچی وا بەتاڵوکە دەچێتەوە بەغدا.

لەسۆفیا کاك بەهادین نوری هاتە لام کەئەو دەم لەبولغاریا بوو، لەسەر بـارودۆخی ئێـران بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد باسـێکی گرنگمـان هـەبوو، هـەرتکمان گەیشتینە ئەو بڕوایە کەتێکۆشەرانی کوردی ئێران پێویسـتە بگەڕێنـەوە بـۆ وڵات، لەدەرەوە پاسیف و بێ کەڵك دەبن و پەکی تێکۆشانیان دەکەوێ.

لەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو

رۆژی ١٩٧٨/٩/٤ دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵڵا تەلەفۆنی کرد و گوتی: دکتۆر کەمال خۆشناو لێرەیە و گەرەکیەتی چاوی پێت بکەوێ، بۆ رۆژی دوایی قەرار و وەعدەمان دانا و رۆژی ٩/٥ چوومە لای دکتۆر کەمال خۆشناو، پاش بەخێرهێنان و چاك و خۆشی گوتی: پێم خۆشە بەکورتی باسی وەزعی خۆمانت بۆ بکەم، ئێستا ئێمە لەیەکێتی دا رێبازێکی تازەمان گرتۆتە بەر کەکاکڵەکەی بریتییە لەم چەند بەندە:

١- یەکێتی سۆڤێتی بەدۆستی جوڵانەوەی کورد دەزانین و هەوڵ دەدەین کەکۆمەڵەی مارکسیستی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی-ش بەم قەرارە مولتەزیم بن.

٢- هەوڵ دەدەین لەو حیزبە کوردستانیانەوە نێزیك کەوین کەبیروباوەڕی پێشکەوتوویان هەیە و دەست لەکاروباری حیزبە کوردستانیەکان وەرنەدەن.

٣- هەوڵ دەدەین لەهێزە پێشکەوتووخوازەکانی عەرەبی، بەتایبەت حیزبە کۆمۆنیستەکان نێزیك بینەوە، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بەهێزێکی ئەساسی دەزانین، بڕیارماندا‌وە باسی مەشاکلی کۆنیان لەگەڵ نەکەین و لەهەموو شوێنی لەئەندامەکانیان نێزیك بینەوە.

٤- نامانەوێ لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی بسەپێنین.

هەوەڵین هەنگاو بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو بڕیارانە بەعومەر دەبابەمان گوتوە کەبەناوی جوڵانەوەی کورد قسە نەکات، لەقامیشلی بووە، پێمان گوتوە یا بێتەوە کوردستان یا بچێتەوە لەندەن، بەبرایم ئەحمەدمان گوتوە باشترە لەگەڵ تۆفیق وەهبی خەریکی کاری ئەدەبی بێت، بەکەمال فوئادمان گوتوە دەست لەکاروباری خوێندکاران و کۆمەڵە هەڵبگرێ و لەگەڵ کاك برایم کاری ئەدەبی بکا.

ئەم بڕیارانەمان بەلایەنگرانی خۆمان راگەیاندووە و بۆ کوردستانیشمان ناردۆتەوە، گوتم دکتۆر کەمال ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی هەنگاوی گرنگن و ئەم ڕێبازە خزمەت بەپتەو بوون و پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورد دەکات، بەڵام کردەوە پێچەوانەی ئەم هەنگاوانە نیشان دەدا، ئێمە دەزانین مام جەلال دەست لەکاروباری کوردەکانی ئێران وەردەدا، کابرای عەجەم دێنێتەوە، ناوی حیزبی دیموکراتی لەسەر دادەنێ، ئەوانەی کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانیان داوەتەوە بەئێران، لای خۆی ڕایاندەگرێ و لەئەوروپاش لە (دەنگی یەکێتی)دا بڵاوی دەکەنەوە کەگوایا ئیعدام کراون.

دکتۆر کەمال گوتی: (ئەوانەی تەسەرپوفاتی شەخسین و سیاسەتی یەکێتی نییە، ئێوە نابێ حیساب لەسەر تەسەرپوفاتی شەخسی بکەن، ئەوەی لەدەنگی یەکێتی دا نووسراوە، کەمال فوئاد بەقسەی مام جەلال نووسیویەتی، ئەو خەبەری داوە کەتاوانبار گیراون و ئیعدام دەکرێن، من داواتان لێ دەکەم لێمان نێزیک بنەوە، ئێوە دەتوانن لەسەر ڕێبازی ئێمە تەئسیرتان هەبێ و باڵی چەپی پێشکەوتنخوازی بزوتنەوەی کورد بەهێز بکەن، ئێمە ئێستا مانۆئیستەکانمان دوور خستۆتەوە و لەنەمساو سوید بوون بەتروتسکیت، ڕەنگە هێشتا وەک فەرد یا بیروباوەڕ لەنێوماندا مابن، بەڵام وەک دەستە و ڕێباز نەمان و لەگەڵمان نابن).

سوپاسی دکتۆر کەمال خۆشناوم کرد و گوتم ئەم قسانەی تۆ لەکۆمیتەی ناوەندی دا باسی دەکەم و بێگومان ئێمە لەهەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەی بزوتنەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانی دەکەین.

ڕۆژی ۷۸/۹/۹ خوێندکارە کوردەکانی کەلەشاری (پلوفدیڤ) دەیانخوێند، داوەتیان کردم بۆ باسێك لەسەر بارودۆخی کورد و ڕەوشی ئێستای کوردستان بچم باسێکیان بۆ بکەم، شەو تا درەنگانێك کۆبوونەوەیەکی خۆمانە و دۆستانە و باسێکی گەرم و پرس و وەڵامی ڕێك و پێك و کوردانەمان بردە سەر.

گەڕانەوەی دکتۆر قاسملۆ بۆ بەغدا

پاش ئەوەی کەدکتۆر بەبالّیۆزخانەی عێراق دەڵێ کەبۆ گەڕانەوەی دکتۆر مەحمود پێویستە بچێتە بەغدا، بەعس موافەقەت دەکا و رۆژی ٧٨/٩/١٥ کاك ئەمیری قازی و حەسەنی شەتەویش لەگەڵ خۆی سوار دەکا و دەچێتەوە بەغدا، لەکاتێکا پێشتر هەرچی دەمانکرد بەبڕیاری حیزبیش نەدەگەڕانەوە بۆ عێراق.

لەوێ کەباسی ئەوە دەکا دەیەوێ لەسەر گەڕانەوەی دکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵ بەعس قسە بکات، کاك حەمەدەمین و مامۆستا هێمن پیسی بەگژدا دێن و کاك حەمەدەمین دەڵێ: (دکتۆر ئێستا ئێمە هیچ کاری دیکەمان نەماوە دەبێ دەڵاڵی بۆ بەعس بکەین).

راست لەو کاتەش دا رەئوفی نەویدی کەبڕیار بوو بێ و بۆ خوێندن بچێتە سۆفیەت دەگاتە بەغدا و ئامادە دەبن لەگەڵ مستەفای شەڵماشی بڕۆن.

دکتۆر قاسملۆ دەڵێ: (وەختی ئەوەی نییە و ئێستا ئەو کادرانە پێویستە لێرە بن)، گورج ڕەئوفی نەویدی دەنێرێتەوە ئێران، هێندێ کتێب و رۆژنامەشی پێدا دەنێرێتەوە، ناوبراو لەنێوان سەردەشت و بانە دەگەڕێ و دەکەوێتە بەر ئەشکەنجە و ئازاری ساواك و تا روخانی رژێمی شا لەبەندیخانەدا مایەوە و پاشانیش ئیتر نەهاتەوە نێو کۆڕی تێکۆشانی سیاسی.

پاش ئەوەی ناهێڵێ ئەو دوو برادەرە بۆ خوێندن بچن، داوا دەکا لەکۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە، یەك یەکیش ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بانگ دەکا و ئامادەیان دەکا بۆ کۆبوونەوە، کاك حەمەدەمین و هێمن دەڵێن پێویستە کاك کەریم کەجێگری سکرتێر و بەرپرسی کاروباری حیزبی بووە بەشدار بێ، بەتوندی دژی کۆبوونەوە دەوەستن.

کاك حەمەدەمین تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: دکتۆر هاتۆتەوە و حەسەنی شەتەوی و ئەمیری قازیشی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوەو دەیەوێ پاشملەی تۆ کۆبوونەوەی

کۆمیتەی ناوەندی پێك بێنێ، من دژی کۆبوونەوە بووم، پێویستە گیر نەبی بگەڕێیەوە، دەست بەجێ قسەی کاك نەژادم وەبیر هاتەوە.

کاك نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا کەدۆستێکی فرە نێزیکی دکتۆر قاسملۆ بوو، چەند ساڵ پێکەوە لەپراگ خوێندبوویان و برادەر و دۆست بوون دەیگوت: (رەحمان حسی شامە (هەستی بۆن کردنی) لەهەموو کەس بەهێزترە، شەش مانگ پێش ئەوەی کەبزانێ قازانجی لەکوێیە، بۆن دەکا و خۆی دەگەیەنێتێ، شەش مانگ پێش ئەوەی بزانێ مەترسی و زیان لەکوێیە، خۆی دەرباز دەکات و بۆی دەردەچێ).

ئەو قسە زۆرجاران لەسەر دکتۆر قاسملۆ وەڕاست گەڕابوو، بەڵام بەداخەوە ئەمجارە لەبەرانبەر پیلانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەم هەستەی لاواز بوو، ئەوەش دوو کار و سەبەبی زۆر جۆر بەجۆری هەن، بەهیوای ئەو رۆژەی هەموویان بەراستی رووبکرێنەوە.

رۆژی ۷۸/۹/۲۲ من گەیشتمەوە بەغدا، رۆژی دوایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێ کرا، هاشمی کەریمی کەلەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئیستعفای دابوو دکتۆر هێنابوویەوە و لەوێی دانابوو.

لەسەرەتاوە دکتۆر قاسملۆ ترسی لەناکۆکی و جیابوونەوە هەبوو، پێش هەموو شت مەسەلەی مالی و دارایی حیزبی هێنا گۆڕێ، مەبەستیشی ئەوەبوو پارەیەکی حیزبی کەهەبێ بیخاتە بەردەستی خۆی، من پێشنیارم کرد: مەسەلەی مالی ئەوەندە گرنگ نییە، ئێستا مەسەلەی سیاسی و رێگا دۆزینەوە بۆ گیروگرفتی حیزب لەگۆڕێ دایە، ئێوە لەئەوروپا هێندێ کارتان کردووە کەبەبۆچوونی من لەگەڵ سیاسەتی حیزب نایەنەوە، پێویستە راپۆرتی تێکۆشانی خۆتان پێشکەش بکەن، پاشان تۆ ئێستا وەك سکرتێری حیزب کەوتویە سەر رێبازێك دەتەوێ دکتۆر مەحمود و شەمسەدین مفتی بۆ ئەو حکومەتە بێنیەوە کەچەند ساڵە ئێمەت

هەڵپێچاوە دەستی لێ بەر دەبن، بێ ئەوەی ڕێگایەکی تر بدۆزیەوە، با کۆمیتەی ناوەندی لەو کارانە بکۆڵێتەوە، لەیەکێتی سۆڤیەتی خوێندکاریان لێ قبوڵ کردووین کەبچن بخوێنن، هاتویەوە نەتهێشتوە بچن، پێم وایە ئەوانە پێویستیان بەباسکردن هەیە.

کاك حەمەدەمین کەمەسئوڵی مالّی بوو، پێی چەقاند کەدەبێ مەسەلەی مالّی لەکۆڵ من بکرێتەوە و لەوە زیاتر نامەوێ مەسئولیەت قبوڵ بکەم.

من گوتم: ئەگەر وایە با داهات و دەرچوونی مالّی ڕوون بکرێتەوە و پاشان ئەگەر بەڕپرسی تازەی مالّی دیاری کرا پارە و حیساب هەرچی هەبێ تەحویلی ئەو دەدرێ.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەمەسەلەی دراویان پێ لەهەموو شت گرنگتر بوو بڕیاریاندا کەلەپێشدا لەمەسەلەی مالّی بکۆڵنەوە، لەئەنجامدا هێندێ پارەمان بەئەمانەت لەلای برادەرێك دانابوو چووم وەرم گرتەوە و هێنامەوە، کاك حەمەدەمین هەر پارەیەکی لەلای هەبوو هێنای نەغد لەپێش دکتۆر قاسملۆی دانا، هەرچەند من داوام لێکرد کەئەو کارە نەکات، پاشان وەك مەسئولی مالّی داوای ریزی داهات و خەرجی ئەوروپای لەدکتۆر قاسملۆ کرد، لەسەر کەم و کوڕی حیساب دم بەدمەیەکی توندیان بوو، وای لێهات کەکۆبوونەوە ناچار بێ پشوو بدات، دوای کۆبوونەوە دکتۆر ریزە حیسابێکی دیکەی هێنا و مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنە کرا.

پاشان دوو پێشنیار هاتنە گۆڕێ: یەکەم پێشنیاری من بوو کەدەمگوت: (لەپێشدا باسی مەسەلە سیاسیەکان بکرێ و لەو کارانە بکۆڵینەوە کەلەپلینۆمی رابردوو دا تا ئێستا کراون، چمان کردووە و ئەنجامی چ بووە).

دووەم پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ بوو کەدەیگوت: (لەپێشدا لەکێشەی مەلا ڕەسوڵ و کاك کەریم بکۆڵینەوە)، ئەمیری قازی، حەسەنی شەتەوی و کەریم حەداد لەگەڵ

پێشنیاری دکتۆر بوون، مامۆستا هێمن، حەمەدەمینی سیراجی، هاشمی کەریمی، سمایلی حاجی و مەلا رەسوڵ پشتی پێشنیاری منیان گرت، پاش باسێکی زۆر کاك حەمەدەمین پێشنیاری کرد با دەنگ وەرگرین، دەنگەکان دیار بوون، دکتۆر قاسملۆ گوتی: (با جارێ پشوویەك بدەین و قاوەیەك بخۆینەوە پاشان دادەنیشینەوە) هەستا و بەدوای ئەودا کۆبوونەوە راگیرا، لەگەڵ قاوە خواردنەوە و سرت و خورت و گەڕانەوە بۆ کۆبوونەوە، کاك هاشمی کەریمی و سمایلی حاجی بایان داوە، گوتیان با لێکۆڵینەوەی مەسەلە سیاسیەکان بخەینە دوایە و جارێ باسی کێشەی کاك کەریم و مەلا رەسوڵ بکەین.

مامۆستا هێمن ئیتر دەر هەڵ بوو، زۆر تۆند بەگژیاندا هات و بەدکتۆری گوت: (ئەوە چاو بەستنە ئەوە حۆقە بازییە، ئەوە سیاسەت نییە)، هەستا و کۆبوونەوەی بەجێ هێشت و چووە دەرێ، بەدوای ئەودا کاك حەمەدەمین و مەلا رەسوڵیش گوتیان ئەگەر لەپێشدا مەسەلە سیاسیەکانی حیزب باس نەکرێن، بەشداری ناکەین و هەستان وەدەرکەوتن، من گوتم: کێشەی من و مەلا رەسوڵ کێشەی سیاسی نییە پێویستە وەزعی ئێستامان بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە ئەگەر وا نەبێ من بەشداری کۆبوونەوە ناکەم، هەستام و چوومە دەرێ.

بەدوای رۆیشتنی ئێمەدا کەسێ ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بووین، پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هاشمی کەریمی ئیستیعفا درا و برپارێکیان لەسەر من و مەلا رەسوڵ دابوو کە: (بۆ ماوەی سالێك لەئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵپەسێردرێن)، لەسەر من ئەوەندە زیاد کرابوو کەلەو ماوەیەدا هیچ مەسئولیەتێکم پێ نەسپێردرێت، بەداخەوە دەقی برپارەکە لەولاتە و بەدەستەوە نییە چاپی بکەم، رۆژی ١٩٧٨/٩/٢٦ کابرای نوێنەری بەعس کەبەرپرسی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بوو، تەلەفۆنی کرد و گوتی: (با سبەینێ پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین) رۆژی دوایی کەچووم دانیشتین باسی ناکۆکی نێو کۆمیتەی ناوەندی هێنا گۆڕێ، گوتم شتی وا نییە، لەنێو هەموو

حیزبێکدا لەسەر بۆچوونی مەسەلەکان رەنگە ناکۆکی هەبێ، بەڵام وانییە وەک تۆ باسی دەکەی.

گوتی: (ئوستاذ وانییە.. لەسەر تۆ بڕیار دراوە و بۆ سااڵێك موعەلەق کراوی، دکتۆر قاسملۆ دوێنێ بانگی منی کردوە و پێی راگەیاندووم و گوتی: (لەبەر ئەوەی رەفیق حسامی زۆر لەحیزبی کۆمۆنیستی عێراق نێزیك بۆتەوە، کەلەگەڵ سیاسەتی حیزبی ئێمە ناگونجێ، بۆ سااڵێك دوورمان خستۆتەوە)).

گوتم: نازانم دکتۆر قاسملۆ چی گوتوە، بەڵام لەبڕیارەکەدا لەبارەی تێکۆشانی سیاسیەوە رەخنەم لێ نەگیراوە.

کابرا گوتی: (ئێستا تۆ چ دەکەی؟)

– دەچمەوە سۆفیا و لەم سااڵە دادەنیشم دەحەسێمەوە و خەریکی نووسین دەبم.

– ئوستاذ کەریم تۆ چەند سااڵە لەحیزبی دیموکراتدا ناسراوی، کارت کردوە، مەسئوڵی دووەمی حیزب بووی، تۆ وا مەکە حیزب بەجێ مەهێڵە، ئێمە هەموو یارمەتیەکت پێ دەکەین.

– سوپاستان دەکەم، نامەوێ لەحیزبی دیموکراتدا دوو بەرەکی ساز بکەم، جیابوونەوە بەقازانجی جوڵانەوەی کورد نازانم، ئەوەندەم یارمەتی لەئێوە دەوێ کەبلیتی فڕۆکەم بۆ بکڕن بچمەوە سۆفیا.

پاش ئەو بڕیارە کەپێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و یەکی ئیستیعفا کردوو بەناوی کۆمیتەی ناوەندی دابوویان ڕۆژی ۱۹۷۸/۱۰/۵ نامەیەکم لە ۱۳ لاپەڕەدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی و ریشەی ناکۆکیەکان و سەرخەتی دەستپێکیان و هۆیەکانی ئەم هەڵایەم ڕوون کردبۆوە، بەپێویستی نازانم دەقی تەواوی نووسراوەکە کەڕوونکردنەوەی هێندێ ناکۆکی نێو حیزب و بۆچوونی جیاواز و شێوەی تێکۆشان و کاراکتێری هێندێ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تێدا باسکراوە لێرەدا چاپ بکەم، بەڵام پێم وایە لەبەر دوو هۆی گرنگ زۆر پێویستە بۆ ڕوون

بوونەوەی دیموکراسی نێو حیزبی دیموکرات و دیموکراتیەتی دکتۆر قاسملۆی شەهید ئەو بەشەی نووسراوەکەم بڵاو بکەمەوە کەهەم پێوەندی بەخۆمەوە هەیە و ئەو هۆیانەی کەبوونە دەرکردنی بڕیاری پێنج کەسی و هەم پێوەندیی بەشێوەی بڕیاردانەکەوە هەیە، ئەمەش دەقی ئەو بەشەی نووسراوەکەمە:

بەشێك لەنامەی من ١٩٧٨/١٠/٥ بۆ کۆمیتەی ناوەندیم نووسیوە: (.... ئەوانە کورتەیەك بوون لەکردەوەکانی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات کەزۆر باسی دیموکراسی و ئەقەلیەت و ئەکسەریەتی نێو حیزب دەکات، پاش چاردە مانگ کەدەبوایە کۆمیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەی تێکۆشانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە و لەسەر چۆنیەتی وەزعی حیزب و ئێران و جیهان گوێ بۆ راپۆرتی سکرتێر رابگرێ و لەو هەل و مەرجە ناسکەدا رێگا بۆ خەباتی دواڕۆژ لەوڵات دیاری بکەین، لەپێشدا کێشەی من و مەلا رەسوڵ دێنێتە گۆڕێ و تەواوی مەسەلە سیاسیەکان دەخرێنە پشتگوێ، سکرتێری حیزب بۆ ئەوەی کەدوو ئەندامی دەفتەری سیاسی (من و مەلا رەسوڵ) لەباس و لێکۆڵینەوەی کارەکانی ئەودا بەشدار نەبین مەسەلەی کێشەی من و مەلا رەسوڵ بۆ دەستوری کۆبوونەوە بڕیار دەکا، لەسەرەتاوە هەموو دەزانن فرۆفێڵی بەڕێوەبەری کۆبوونەوە ئەوەندە ئاشکرا بوو کەتەنانەت کاك هاشمی موستەعفی و مەلا سمایلیش هاتنە سەر ئەو باوەڕە کەپێویستە باسی رابردووی کارەکانی دەفتەری سیاسی بکرێ و نەزەری لەسەر بدەین، دکتۆر کەهەستی کرد کەپێشنیارەکەی ناچێتە سەر بەناوی وچان و قاوە خواردنەوە کۆبوونەوەی راگرت و کاك هاشم و مەلا سمایلی برد کەمێشکیان ئاو بدا و بەقەولی مستەفای نووڕانی (ادمشان کند) واتە: (بیانکە بەئینسان).

پاش گەڕانەوە بۆ کۆبوونەوە دەرکەوت کەکاك هاشمی کەریمی و مەلا سمایل بوونەتە (ئینسان)، ئەو قسەی کەپێش دە دەقیقە کردبوویان قوتیان داوە و بە (شەهامەتی حیزبییەوە) گوتیان: (چونکە باسەکە لێکۆڵینەوەی کێشەی کاك

کەریم و مەلا رەسوڵ بوە ئەوان حەقیان نییە وەك دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی لەباس و لێکۆڵینەوەی کاروباری رابردووی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشدار بن)، ئەوەبوو ئیتر مامۆستا هێمن و کاك حەمەدەمین نەیانتوانی ویژدانی حیزبی خۆیان ئازار بدەن، کۆبوونەوەیان بەجێ هێشت.

بەڵام لەسەر ئەسڵی بڕیارەکە :

١- دەبێ بڵێم چونکە لەتەواوی رووداوەکەدا ئامانج تۆڵە ئەستاندنەوە و غەرەزی شەخسی بووە، هەر لەسەرەتاوە بەئاواژوو کردنەوەی حەقیقەت و شێواندنی رووی راستی مەسەلەکەوە دەست پێکراوە، جارێ هەر لەسەرەتاوە لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەرۆژی ١٩٧٨/٩/١٧ پێکهات)، لەکاتێکا من رۆژی ١٩٧٨/٩/٢٠ هاتوومەوە بەغدا، مەلا رەسوڵیش هەتا ئەو رۆژە ئامادە نەبووە، جا ئەمە چۆن کۆبوونەوەی گشتییە ؟

٢- لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (لەکۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٨/٩/٢١ پاش باس و لێکۆڵینەوە لەدەستوری جەلەسەکان بڕیاردرا تا روون بوونەوەی تەکلیفی ئەو دووبرادەرە و قەرارى قەتعی کۆمیتەی ناوەندی لەو بارەوە لەسەر هیچ مەسەلەیەکی تر لەکۆبوونەوەکاندا بڕیار نەدرێ)، ئەگەر ئەوە راستە ئەدی بۆچی دەستوری کۆبوونەوە گۆڕدرا و رۆژەکانی ٢٢ و ٢٣ی مانگی ٩ بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی مالّی دیاری کران و کۆمیسیۆنی بۆ گیرا و ئاوا بەجوانیش نەتیجەی دەرکەوت؟!!

٣- لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (بەگوێرەی نامە و نووسراوەکان کەبۆ کۆمیتەی ناوەندی هاتوون)، زۆر سەیرە تا ئێستا یەك نامەش لەو بارەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی نەهاتوە، یا هاتوە و شاردراونەوە، گوایا بەگوێرەی ئەو هەموو نامە دیتراوانە (کاك کەریم کەڵکی خراپی لەمەسئولیەت وەرگرتوە)، لام وایە تەنیا گێڕانی نوکە قەڵەمێکی کەبەژاری غەرەزی شەخسی و ئیختیلافی بیروباوەڕی

سیاسی ئاودرابێ بۆ تاوانبار کردنی کەسێك بەس نییە، ئەگەر هاتنی ئەو نامانە راستە دەبوایە روون کراباوە کەکام کەڵکی خراپ لەمەسئولیەت وەرگیراوە؟ چ زیانێکم بەسیاسەتی حیزب گەیاندوە؟ کام کار و تێکۆشانی سیاسیم بەپێچەوانەی ڕێباز و سیاسەتی حیزب بووە؟ دەنگ دەرانی بڕیارەکە نەیانتوانیوە نوختەیەك لەو بارەوە باس بکەن، بەڵام وادیارە غەرەز و ناکۆکی بیروباوەڕ لەلای هێندێ کەس هەموو ئەخلاق و ئوسوڵێك لەژێر پێ دەنێ، بۆ نمونە کاك هاشمی کەریمی گوتی: (بۆیە دژی تۆ دەنگم داوە چونکە پارەکە هاوکاری منت لەدەفتەری سیاسی دا قبوڵ نەکرد)!

٤- لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (کاك کەریم بەناحەق هەموو مەسئولیەتەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە وەك: جێگری سکرتێر، مەسئولی یەکەم لەحیزبدا لەعێراق، مەسئولی تەشکیلاتی کوردستانی ئێران و مەسئولی پێوەندیەکانی دەرەوە)، تۆ بڵێی ئەوانەی دەنگیان بۆ ئەو بڕیارە داوە، نووسراوەی ئەم بڕیارەیان خوێندبێتەوە؟ بڕوا ناکەم، چونکە سەنەد و بەڵگەکانی حیزب ماون، لەسەر پێشنیاری سکرتێری گشتی بەتێکڕایی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەجێگری سکرتێر هەڵبژێردراوم، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەمەسئولی یەکەمی حیزب لەعێراق دیاری کراوم، هەر لەلایەن دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیەوە کراوم بەمەسئولی تەشکیلاتی حیزب لەکوردستانی ئێران، دیارە مەسئولی عیلاقاتیش دیار بووە و من نەبووم، جا ئەگەر ئەوەی لەو بڕیارەدا هاتوە راست بێ و من بەناحەق ئەو مەسولیەتانەم لەخۆدا کۆکردبێتەوە، بێجگە لەوەی کەبێ پرستیژی و خوا نەخواستە بێ شەخسیەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نیشان بدا مانایەکی دیکەی نییە، دەبێ چۆن بێ لەو ماوەیەدا یەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یا یەك ئەندامی حیزبی ڕەخنەی لەوە نەگرتبێ و یا باسی نەکردبێ، چۆنە سکرتێری حیزب هەموو مەسەلەکانی حیزبی و کاری تەشکیلاتی ئێرانی هەر لەمن داوا هەموو نامەکانی حیزبی هەر بۆ من و هەر بەناوی من نووسیوە؟ دیارە وەڵامی ئەو

پرسیارانە لەنێو تەومژی بوغز و غەرەز و ئیختیلافی بیر و بۆچوونداا بزر بوون و نادۆزرێنەوە.

٥- لەبڕیارەکەدا نووسراوە: (پاش لێپرسینەوە لەکۆبوونەوەی ١٩٧٨/٨/٤ کاک کەریم رایگەیاندوە کەتەنیا خۆی بەحیزب دەزانێ و لەهەر جێگایەک بێ حیزب لەوێیە) لەو بەندەدا نەگوتراوە ئەو کۆبوونەوەیە چ بووە کێ بوون و چ بڕیارێکیان داوە، بڕیاری ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەندە بێ جێ و ناڕەوا بووە کەتەنانەت سکرتێری حیزبیش بەناڕەوا و غەیرە ئوسوڵی داناوە، بەڵام سەیرە کەلێرەدا بەتاوانی دادەنێ، دیسان ئەگەر لەتوڕە بووندا شتێکی ئاواشم گوتبێ دیارە بەهەڵەی دەزانم و رەخنە لەخۆم دەگرم، هەرچەندە دڵنیا نیم کەعەینی ئەم جوملەیەم بەکارهێنا بێ.

٦- لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (کاک کەریم شێوەی کاری فەردی لەحیزبدا گرتۆتەبەر و تووشی نەخۆشی خۆبینی بووە، لەئاکاری خۆیدا شێوەی ئەمر و تەحمیلکردنی نەزەری خۆی لەنێو حیزبدا بەکارهێناوە و زۆرجار بەکادرەکان و برادەرانی سادە تەوهینی کردووە).

ئەو شریتانەی کەقسەکانی کۆبوونەوەیان لەسەر تۆمار کراوە هەموویان مەوجودن، هیچ یەک لەئەندامانی دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی باسی یەک نوختەیان نەکردوە کەمن نەزەری خۆم تەحمیل کردبێ، برادەرانی دەفتەری سیاسی کەهاوکارم بوون بەپێچەوانەی نووسراوەی ئەم بڕیارە، رایانگەیاند کەتەواوی کارەکانی حیزبی بەپرس و راوێژ و بەتێکڕایی بڕیاریان لەسەر دراوە، هیچ کارێکی حیزبی یان چاوپێکەوتنێکی سیاسی نەبووە کەبەبێ ئاگاداری و پرس و رای برادەرانی دەفتەری سیاسی کرابێ، لەکۆبوونەوەشدا ئەوەیان راگەیاندوە، نووسەری بڕیار دەبووایە نمونەیەکی دیاری و موشەخەس لەکاری فەردی و تەحمیل کردنی نەزەر باس بکەن، کاری فەردی و بڕیار شکاندن ئەو کارانەن کەسکرتێری حیزب و ئەندامێکی دەفتەری سیاسی کردوویانە و نەشیان ویست لەکۆبوونەوەی گشتیدا باسیان بکەن، ئەو هەموو هەرایەش هەربۆیە بوو کەباسی

رابردووی تێکۆشانیان نەکرێ، لەسەر ئەوەی کەگۆیا تووشی (نەخۆشی خۆبینی) بووم دیارە ئەوە نەخۆشیەکی زۆر خراپە لەحیزبدا بەڵام من ئەوە بەخۆبینی یا خۆبایی بوون نازانم، بەڵکو بەشانازی و بەشایی بەخۆ بوونم دادەنێم لەراپەڕاندنی کاروباری حیزبی دا و هەڵسوڕانم بۆ کاری حیزب، من بۆ راپەڕاندنی کاری حیزبی ترس و حەسانەوە و ماندووبوونم نەزانیوە، ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کەلەگەڵ من بوون و ئێستا دەنگیان بۆ ئەو بڕیارە داوە، هەروەك لەکۆبوونەوەدا بەڕەوڕوو پەنجەم دە چاوی بڕین، تێکۆشان و راپەڕاندنی کاری حیزبیان بەشی هەرە زۆری لەمندا دیوە، من کەسێك نەبووم لەبەر تەوژمی رووداوەکان رابکەم و بچم لەئەوروپا دابنیشم و لەدوورەوە بەقسە رێگا بەبرادەران نیشان بدەم، مالّ و منداڵی خۆم بەجێ هێشتوە، لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ ئەندامانی حیزب ژیاوم، رەنگە ئەوانە بەخۆبینێ بزانن، دیارە ئەگەر ئەوانە خۆبینی بن شتێکی خراپن بەڵام من بەشانازی بۆ تێکۆشانی حیزبیان دادەنێم، چونکە ئەم خۆبینییە هیچ شتێکی بەزیانی حیزب بەدواوە نەبوە.

لەسەر (تەوهین بەکادر و بەبرادەرانی سادە) هەموتان ئەخلاقی من دەزانن کەلەقسەکردندا رەنگە توندوتیژ بم، بەڵام توندوتیژیم بوغز و کینەی لەگەڵ نەبووە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی حیزبیدا لەکادر و ئەندامانی حیزبی تورە بووم، بۆ نمونە: (کاتێکی کاك کەریم حەداد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رۆژ هەتا ئێوارێ لەقاوەخانەکانی سولێمانی لەسەر تەختە و دۆمینە شەردندوکەیەتی، خۆشی بەرێبەری حیزب و بەئەدیب دەناسێنێ، وەلەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و بەویستی خۆی لەگەڵ چەند کادری حیزبی بۆ کار لەوڵات دەینێرمەوە بۆ ئێران، هەر لەشەوی هەوەڵدا لەرێگا قەڵەمی دەست و پێیانی دەشکێ و خۆ دەگەیەنێتە کن حاجی برایمی و بەیانی دەگەڕێتەوە، بەڵێ بۆ پێشگری لەئابڕووچوونی حیزب لێی تورەبووم و قسەشم پێ گوتوە و دەسەڵاتم هەبا دەریشم دەکرد، جا ئەویش ئێستا ئەوە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و دەنگ بۆ بڕیارێکی ئاوا دەدا، یان کاتێکی حەسەنی شێوە سەڵی بۆ کاری حیزبی دەنێرمەوە ئێران، لەجیاتی بەڕێوەبردنی

ئەرکی پێ ئەسپێردراوی دەچێ دەگەڕێ خێزانی برادەرێکی تر دابمەزرێنێ و جوابکردنی ئێمەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەڵاڵ بڵاو دەکاتەوە بەجۆرێك کەپرادەری مەسئولی رێکخراوی کوردستانی ئێران بەنامە بۆمان دەنووسێ و رەخنە دەگرێ، بەڵێ لێشی تورە بووم و قسەشم پێ گوتوە و دەبوایە سزاش بدرێ، بەڵام پاداشتی ئەوە ئێستا سکرتێری حیزب دەکاتە بەرپرسی ماشێنی حیزبی، بەڵام داخوا برادەرێك هەیە لەئەندامانی حیزب داوا بکا کەلەسەر کاری شەخسی لێ تورە بوبم یا قسەم پێ گوتبێ؟

٧- بەشی ئاخری بڕیارەکە کەدەبوایە لەسەرووی هەموانەوە بێ دەڵێ: (لەئاکار و کردەوەی خۆیدا لەگەڵ ژنان بەجۆرێك جوڵاوەتەوە کەدژی پرستیژی مەسئولێکی حیزبییە و لەگەڵ شوێن و دابی کوردەواری رێك ناکەوێ)، بڕیارێکی گەلێك بێ جێیە و زۆر قسە هەڵدەگرێ، مەسەلەکە بەرووی نەگوتراوە، چونکە (جوڵانەوە لەگەڵ ژنان دژی پرستیژی مەسئولێکی حیزبی) هیچ مەعنای نییە، هەموو باش دەزانن وەك مەسئولێکی حیزبی رێز و ئیحترامێکی زۆرم بۆ خێزانی برادەران هەبووە، لەنێو مالّ و منداڵی ئەندامانی حیزبی دا ئیحترامم لەهەموو کەس زیاترە، بەڵام ئەو بەشەی کەدەڵێ: (لەگەڵ ئاداب و شوێنی کوردەواری رێکناکەوێ)، لەوی تر بێ ماناترە، کام شتە لەگەڵ داب و شوێنی کوردەواری رێکناکەوێ؟ دەبوایە نووسەری بڕیار کەشارەزای داب و شوێنی کوردەواریبە رووبی بکاتەوە، دیارە نەیتوانیوە بەرووبی قامك لەسەر هیچ شتێك دابنێ، مەبەست لەو هەموو شت ساز کردنە ئەو درۆ و بوختانە بێشەرمانەن کەمەلا رەسوڵ بۆ دوو ژنی بەشەرەفی برادەری کۆمیتەی ناوەندی لەکۆبوونەوەدا گوتیان: (سازکردنی ئەو درۆ و بوختان و شت هەڵبەستنە خەسڵەتی تایبەتی مەلا رەسوڵ-ە و بەتەواوی ئەو بوختانە بێ شەرمانە رەت دەکەمەوە، هەردووکیان ئینسانی بەشەرەف و وەفادار بەمێردەکەیانن، سەیر ئەوەیە لەبەرانبەر ئەو بوختانەی مەلا رەسوڵدا مێردەکەی بەنامە سوپاسی کردوە کەمن ئەرکی خۆم لەبارەی ئاگاداری و خوشك و برایەتی لەئاست منداڵەکانی بەجێ گەیاندووە،

شتێکی تر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کەئەم بڕیارەی داوە دەبوایە بپرسێ داخوا هیچ یەك لەو ژن و مێردانەی کەئەو بوختانە بێ شەرمانەیان بۆ هەڵبەستراوە شکایەت و گلەییان لەمن هەیە؟ ئەو پێنج کەس و یەکی ئیستعفا کردووی کەرۆژێك پتر کاتی خۆیان بەو بوختانە بێ شەرمانەوە رابواردوە دەبوایە تۆزێکیش بیر لەوە بکەنەوە کەلەماوەی ئەو دوو پلینۆمەدا بۆ کاری حیزبی چ هەنگاوێکیان ناوە.

بەڵام لەبارەی پرستیژەوە، من شانازی بەو پرستیژ و ئیحترامە دەکەم کەلەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیر و کۆمەڵانی خەڵکدا هەمە، ئەوانەی ئەو بوختان و درۆیە بۆ من هەڵدەبەستن، زۆرجار شانازیان بەوە کردووە کەرۆژێك لەگەڵ من لەمیواندارى و چاوپێکەوتنێکی سیاسی دا بەشدار بن.

لەبڕیارەکەدا گوتراوە: (کاك کەریم بەبیانووی پێشنیاری گۆڕینی دەستوری جەلەسە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەجێ هێشت)، بەداخەوە نووسەری بڕیارەکە ئەوەندە شەهامەتی حیزبی نەبووە کەبنووسێ: (کاك کەریم لەبەرئەوە کۆبوونەوەی بەجێ هێشت کەسکرتێری حیزب ئامادە نەبوو راپۆرتی کاروباری دەفتەری سیاسی بدا بەکۆمیتەی ناوەندی)، دەکرێ لەو پێنج ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی و یەکی ئیستیعفا کردوو بپرسین: ئەدی کاك حەمەدەمینی سیراجی و مامۆستا هێمن و مەلا رەسوڵ بۆچی کۆبوونەوەیان بەجێ هێشت؟ چونکە بەئاشکرا فرۆفێڵی غەیرە حیزبیانەیان دەبینی و وێژدانیان قبوڵی نەکرد لەکۆبوونەوەیەکدا بەشدار بن کەهەموو رێ و شوێنێکی حیزبی لەژێر پێ بنێ، ئێستا بەم پێیە بەبڕیاری پێنج کەسی کۆمیتەی ناوەندی و یەکی ئیستیعفا کردوو کەناوتان ناوە (کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی) تا ساڵێك ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لەمن وەرگیراوەتەوە، ئەو بڕیارە بەبڕیارێکی ناڕەوا و غەیرە حیزبی دەزانم، ئەوەی ناوتان ناوە کۆبوونەوەی گشتی، بەکۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی دانانێم، کردەوەی ئەم شەش کەسە بەکردەوەیەکی غەیرە حیزبیو غەرەزی شەخسی دەزانم کەبۆ هێندێکیان ریشەی ئیختیلافی بیروبۆچوونی سیاسی هەیە و هەندێکیشیان بێ بیروباوەڕی هەڵپەڕین

بەهەواوی رۆژە، لام وایە گیروگرفتی نێو حیزب بەم شێوەیە چارەسەر ناکرێ و لام وا نییە ئەو مەسەلەیە کەچوار کەس لەکۆمیتەی ناوەندی بچنە دەرێ و چارەنووسی حیزب بکەوێتە دەست چەند کەسێك کەرادەی تێکۆشانیان لەم سالآنەی دواییدا بۆ ئەندامانی حیزب روونە چارەی مەسەلەکان بکا و حیزبی ئێمە لەدووبەرەکی نەجات بدا، بەندی ۹ی پێرەوی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی حیزبی پێکهاتنی کۆنفرانسی لەبەرچاو گرتووە، دیارە گیروگرفتێکی ئێستا هاتۆتە پێش کۆمیتەی ناوەندی نەك هەر نەیتوانیوە چارى بکا بەڵکو قوڵتری کردووە.

بەمەبەستی بەرژەوەندی حیزب و پێشگری لەپەرش و بڵاوی لەم کاتە ناسکەدا پێشنیار دەکەم لەماوەی حەوتوێەکدا کۆنفرانسێك لەکادر و ئەندامانی حیزبی ببەسترێ و چارى ئەم وەزعە بکا، من بەهەستکردن بەمەسئولیەتی حیزبی رادەگەیەنم کەئەگەر لەو ماوەیەدا کۆنفرانسێکی حیزبی نەبەسترێ هەموو پێوەندییەکی خۆم لەگەڵ ئەم شەش کەسە دەپچڕێنم و بۆ تێکۆشان لەسەر رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەهیچ هەوڵ و تەقەلآیەك دریغی ناکەم.

کەریمی حسامی

۱۹۷۸/۱۰/٥

دوای ئەو بڕیارە و بڵاوبوونەوەی خەبەری هەڵپەساردنم مەلا حەسەنی رەستگار نامەیەکی بۆ ناردبووم، کاك مەلا حەسەن سالّی ۱۹۷٥–یش دوای هەرەسی شۆڕشی کوردستانی عێراق و ترس و لەرزی ئەندامانی حیزبی دیموکرات و مەترسی دەرکردن و تەحویلدانەوە بەئێران نامەیەکی بۆ نووسیبووم، چەندەم پێ خۆش بوو نامەکانی کاك مەلا حەسەنی لێرە بەدەستەوە بان و هەر تکم بڵاو کردبانەوە، لەنامەی یەکەمدا سالّی ۷٥ کاك مەلا حەسەن نامەیەکی ئەوتۆی لەسەر ئازایی و نەبەزی و خۆڕاگری و پیاوی تەنگانەی (بابی کەمال) نووسیبوو، بەراستی

خۆم بڕوام بەخۆ نەدەکرد کەوا بم، نامەی مەلا حەسەنی رەستگار شێوە نووسینی فارسی زمانی دەورانی (مستوفییانی) وەبیر دەخستەوە، لەنامەی دووەمدا هەرچەندە ئەو بڕیارەی بەکۆدیتا ناوبردبوو بەڵام نووسیبووی: (تک دەستیان خۆش بێ، با ئەم وشترە لەدەرگای تۆش بنوێ، چۆن تۆ مەعاشی منداڵەکانی منت بڕی، ئاواش مەعاشی منداڵەکانت ببڕێ)، لەکاتێکا بەراستی مەعاشی منداڵانی مەلا حەسەن قەت نەبڕابوو، لەهەموو ماوەی هاوکاریماندا لەگەڵ مەلا حەسەن دۆستایەتیمان تێك نەچووبوو، بەڵام خەتای من بوو مەلا حەسەن جارێك بەنامە و دەستخەتی سکرتێری حیزب و دوو جار بەبڕیاری دەفتەری سیاسی لەبەر بێ دیسپلینی و شەڕ لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سزا درابوو، جا دنیاش دەوران دەورانە، هەروا بوە و هەرواش دەبێ، ئێستا وەك كاك مەلا حەسەن لەوتوێژی رادیۆیی دا گوتویە و لەکوردستانی سەربەخۆیاندا چاپکراوە: (کەریمی حسامی دەبێ لەئەوروپا خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانی بێ)، دیارە ئەویش لەعێراق رێبەری شۆڕشگێڕە !).

دوای چەند رۆژ بەهەستکردن بەبەرپرسی یەکێتی ریزەکانی حیزبی دیموکرات و بۆ قۆڵ نەبوونی ناکۆکی لەتاریخی ۱۹۷۸/۱۰/۱۲ نامەیەکی دیکەم بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نووسی کەوا دەقی ئەو نامەیەش لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:

(پاش سڵاو، بەدوای نامەی رۆژی ۱۹۷۸/۱۰/۵ لەبارەی رەخنە و بێزاری لەسەر بڕیاری ناڕەوا و غەیرە حیزبیانەی پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامێکی ئیستیعفا کردوو لەسەر من، بەپێویستی دەزانم سەبارەت بەبێشگری لەدوو بەرەکی و لەت بوونی حیزب جارێکی تر نەزەری خۆمتان پێ رابگەیەنم.

هەروەك لەنامەی پێشوودا نووسیومە، بڕیارێکی ئەو شەش کەسە بەناوی کۆمیتەی ناوەندی داوتانە و بۆتە هۆی دەرچوونی چوار کەس لەکۆمیتەی ناوەندی لەهەلومەرجی ئێستادا نەك هەر بۆ حیزب و جوڵانەوە هیچ قازانجی نییە بەڵکو زیانێکی زۆریش بەحیزب دەگەیەنێ، ئەوە بێجە لەوە کەئەو بوختانانەی بۆ من

هەڵبەستراون شتێکی زۆر بێ مانان و لەسەر تێکۆشانی سیاسی من هیچ ڕەخنە نەگیراوە، وەزعی نێوخۆی حیزبی ئێمە و هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران بۆیە نابێ کەلەکۆمیتە ناوەندییەکەی بەو تەرکیبەوە، چوار کەس بچنە دەرێ، ئەم کارە بێجگە لەقوڵترکردنی ناکۆکی و پەرش و بڵاوی ریزەکانی حیزب و تەئسیری مەنفی لەوڵاتدا قازانجێکی دیکەی نییە.

لەبەرئەوەی هەست بەمەسئولیەتێکی گەورە دەکەم و بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەند و مەسڵەحەتی حیزب و پێش گرتن لەتەشەنە کردنی ئیختیلاف و ناکۆکی بۆ نێو وڵات و بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی دۆست و ناسراو، جارێکی تر داواتان لێ دەکەم کەئەو بڕیارە بێ جێیە هەڵوەشێننەوە و مەسڵەحەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی حیزب و گەلەکەمان بخەنە پێش ویست و دامرکاندنی کین و بوغزی هێندێ کەس و تۆڵە هەستاندنەوە.

پێ چەقاندنی ئێوە لەسەر ئەو بڕیارە ناڕەوایە تەنیا بۆ دابینکردنی غەرەزی شەخسی و سەپاندنی بیروباوەڕی چەوت بەڕپرسیەکی گەورەتان دەخاتە سەر شان و زیانێکی زۆر بەخەباتی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگەیەنێ.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئێستای وڵات پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسێك دەکەم کەلەپێڕەوی ناوخۆی حیزبیشدا هاتوە، ئەوەندەی لەتوانامدا هەبێ بۆ تێك نەچوونی ریزی حیزب و بۆ یەکێتی کردەوە لەهەلومەرجی ئێستادا بەتۆزەی خۆم تێدەکۆشم).

١٩٧٨/١٠/١٢

پاش ئەو بڕیارە کاك حەمەدەمین زۆر لەمن زیاتر لەهەڵوێست و لەشێوەی بەڕێوەبردن و ئاکاری حیزبی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێزار بوو، زۆرجار بۆ من پێشنیاری ئەوە بوو کەبەیەکجاری واز لەحیزبی دیموکرات بێنین و بچینە نێو

حیزبی تودە، زۆرجار دەیگوت: ئێمە کەخۆ بەمارکسیست دەزانین دەبێ جێگامان لەنێو حیزبێکی مارکسیستی بێ، من هەمیشە دژی پێشنیاری کاك حەمەدەمین بووم، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بووم کەپێویستە هەر ئێستا بچینەوە کوردستانی ئێران و خەبات درێژە پێ بدەین، پاشان یا لەسەر ئوسوڵێك یەکدەگرینەوە یا لێك جیا دەبینەوە، چونکە ئەو رێبەرایەتیە لەوانە نییە بچنەوە ئێران و خەبات بکەن، بەداخەوە کاك حەمەدەمین لەبەرئەوەی لەئەساسدا لەتێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات جارێ ببوو، لەگەڵ بۆچوونی من یەك نەبوو، پاشان لەگەڵ کاك حەمەدەمین چوینە مەکتەبی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و لەگەڵ ئەبو سەلیم و ئەبو سامان دانیشتین، بەدرێژی باسی وەزعی خۆمان و رووداوەکانی ئێرانمان کرد، ئەوان هەر تکیان پاش روونکردنەوەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەنابێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەجێ بێڵێن، سەبارەت بەمن نەزەریان ئەوە بوو کەهەرچەند ئەو برپیارە ناڕاست و هەڵەش بێ، باشترە ملی بۆ راکێشی و لەحیزبدا بمێنیەوە، هەرچەندی خۆشم هەر لەسەر ئەو باوەڕە بووم، مەگەر کاك حەمەدەمین لەگەڵم هاتباوە بۆ کوردستانی ئێران، رۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٢ نامەیەکی دیکەشم بۆ برادەرانی برپاردەری کۆمیتەی ناوەندی نووسی و داوام کرد، کەلەو کاتە ناسك و حەستەمەدا ئەو برپارە هەڵوەشێننەوە، بەڵام دکتۆر بۆ دورخستنەوەی من هەڵێکی باشی بۆ هەڵکەوتبوو، کاك حەمەدەمین و مامۆستا هێمن و مەلا رەسوڵیش ئیتر بەشداری کۆبوونەوەیان نەدەکرد، سەیر ئەوە بوو هەرچەند رۆژ پاش برپارەکە کەریم حەداد و مەلا سمایل حاجی لەدەنگدان بۆ برپارەکە پەشیمان ببوونەوە و دەهاتنە لام دەیانگوت: (ئێستا نەکۆمیتەی ناوەندی هەیە و نەدەفتەری سیاسی، هیچ نازانین دکتۆر بەتەنیا چ دەکات)، رۆژی ١٩٧٨/١٠/٢٣ لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی چووینە سولێمانی و قەڵادزە، لەقەڵادزە شێخ حوسێنی بۆسکێنی خەبەری زانیبوو کەلەقەڵادزەم، ناردبووی کەلەگەڵ هەموو برادەرانی کەلەقەڵادزە دەژین بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی ئەو بین.

ئێستا کەباسی شێخ حوسێنی رەحمەتی ئەو بنەماڵە گەورەیە هاتە پێش ناکرێ بەسەریدا تێپەڕم و باسیان نەکەم، هەرچەندە لەوانە نییە بتوانم ئەوەی پێویستە بیهێنمە سەر کاغەز و حەقی خۆیان بدەمێ.

لێرەدا دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو شیعرەی فارسی کەدەڵێ:

(دوستی با مردم دانا نکو است دوشمن دانا به از نادان دوست)

ئەو دۆستەی ئێمە کەجێگای باسە کاك مەسعود محەمەد هەم دانا بوو، هەم دڵسۆز و هەم لێزان و هەم قسەخۆش، هەم کەسێك بوو مرۆڤ لەلای ئەو ئارامیەکی بەسەر بیر و دڵی دا دەهات، رۆژێك لەکۆڕی زانیاری کورد گوتی: (فلان کەس کارێکم پێتە ئەگەر بتوانی) وای چەندەم پێ خۆش بوو دەبێ کاك مەسعود کاری چی بەمن هەبێ، خۆ گومانم لەوەدا نەبوو لەرێگای دانیشتنی جۆربەجۆر و هێندێ باسی ئەملاولا رەنگە پرسیاریشەوە دەیزانی من چەپم، ئەگەر بەکۆمۆنیستی نەزانیبم بەچەپ و یا بەمارکسی دەناسیم، بەڵام قەتیش لەدیتن و دانیشتن و ئاخافتندا هەستم بەوە نەکرد کەحیسابی چەپم بۆ دەکا و یا لانی کەم بە (چەپی خوار)م دەزانێ، یەك دوو جاریش لەنادی مەحامین داوەتی کردین قەت منی هەڵنەدەبوارد، ئەگەر لەکۆڕی زانیاریش بەتەنیا و یا لەگەڵ مامۆستا هێمن دەچوومە لای، هەستم دەکرد بەرووپەکی خۆش و بەدڵێکی سافەوە لەگەڵم رووبەروو دەبوو.

گوتم فەرموو هەرچی لەدەستم بێت ئامادەم، گوتی خزمێکمان لەسۆفیا لەلای نەخۆشێکە و پارەی لێ بڕاوە، پارە ناردنیش لێرەوە تۆزێ زەحمەتە، ئەگەر بکرێ وابکەی دوو هەزار دۆلاریان بگاتە دەستی زۆر مەمنون دەبم.

بەراستی هەر کارێکی لەمنی ویستبایە لەوە هاسانتر نەدەبوو، گوتم زۆر هاسانە و بەچاوان ئادرێسم بدەیە، هەر ئەوڕۆ تەلیفۆن دەکەم خێزانم بچێ بیاندۆزێتەوە، پارەیان بداتێ بیاننناسی و بیانباتە ماڵێ.

زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: (نامەشی هەیە، نامە و پارەکەت بۆ دێنم بۆیان بنێرە)، رۆژی دوایی پارە و نامەکەم وەرگرت نامەکەم بەپۆستی دا بۆ دایکی کەمال نارد و بەتەلیفۆن گوتم بچێ لەخەستەخانە بیاندۆزێتەوە، گولێزار خان بەرێتە مالێ و دوو هەزار دۆلاریشی بداتێ.

خێری ئەم کارە هەر ئەوە نەبوو کەتوانیبووم ئەم ئەرکە بچووکە ئەنجام بدەم، خێری مەزن و هەرگیز لەبیر نەچۆوە لەوەدا بوو کەلەرێگای کاك مەسعودەوە لەگەڵ شێخ حوسێنی بۆسکێن و گولێزار خان و بنەماڵەی ئەو خانەوادە مەزنە بوومە ئاشنا.

بەدوای ئەودا سەفەرم کرد بۆ بولغاریا، ئەودەم شێخ حوسێن و گولێزار خان لەسۆفیا بوون، هەوەڵ رۆژ چوومە خەستەخانە لای نەخۆشەکە کەبرازای گولێزار خان بوو، ئادرەسەکەم دۆزینەوە، لەهوتێلێکی ناخۆش مەنزڵیان گرتبوو، چوومە لایان و پاشان بەقەولی کوردەواری گەورەیان کردم و هاتنە مالێ، بەدڵ پێم خۆش بوو هەوڵیشمدا کەلەهوتێل نەمێنن و بێنە لای ئێمە، گومانیشم نەبوو خزمەتیشم پێ دەکرا، ئەوان نەهاتن بەڵام ئەوەندەی من لەسۆفیا بووم لێك خافڵ نەبوین، لەبەغدا هەرچەند جاری شێخ حوسێن یا گولێزار خان هاتبانە بەغدا تەلیفۆنیان دەکرد و یەکترمان دەدیت و زۆر جاریش نانی نیوەڕۆمان پێکەوە دەخوارد.

نەك هەر ئەوە چەند جاری چووبامە قەڵادزە گولێزار خان داوەتی دەکرد و دەیگوت دەبێ هەموو برادەرەکانت لەگەڵ خۆت بێنی، ئەوەش نەجارێك و نەرۆژێك، دەتوانم بڵێم، گولێزار خان و دایکی لەرادەبەدەر دڵسۆزیان دەنواند، پێوەندیەکی خانەوادەیی لەبەینماندا پەیدا بوو سااڵی دواتر لەگەڵ دایکی چووبوونە سۆفیا و سەری لەماڵی ئێمەش دابوو، خێزانم هاتبوە عێراق و گولێزار خان داوەتی کرد و چوینە سەردانی، نەك هەر ئەوە دوای شۆڕشی ئێران کەگەڕابوومەوە کوردستان و لەچیا بووم، گولێزار خان لەرێگای مالە خزمێکیەوە پێوەندی لەگەڵ گرتم و نامەی نووسیبوو هەرچی پێویستە لەم چیایە بنووسە تا

بـۆت بنێـرم، لەسـولێمانییەوە رادیۆیـەکی ترانزیسـتۆری باشـی بـۆ نـاردبووم، هەرچەندی فلیم هەبا بۆم دەنارد دەیدا دەیشوشتنەوە و چـاپی دەکـردن و بـۆی دەناردمەوە، جارێکیان لەگەل فیلمەکان دە دینارم نـاردبوو، بـەتوڕەیی پارەکـەی ناردبۆوە، نامەیەکی لەگەڵ نـاردبوو، ئەوەندەی جـوامێری و پیـاوەتی هـاوڕەردی نیشاندابوو، لەناردنی پارە تەریق بوومەوە.

کەهاتمەوە ئەوروپاش لەرێگای نامەوە پێوەندیمان هەر مـابوو، زەحمەتـە ژیـری و تێگەیشـتوویی و شـەرافەتمەندی و خزمدۆسـتی ئـەو کێـژە کـوردە نەجیبـە لـەبیر بکەم، ناحەق نیم کەلەمەتڵەب لام داوە چونکە لەژیانمـدا هەمیشـە بـۆ دۆستایەتی کەسانی لێهاتوو، تێگەیشتوو، بەشەخسیەت نرخم داناوە.

من شێخ حوسێنی بۆسکێنم نەدەناسـی، لـەم لاولا نـاوم بیسـتبوو، لەسـایەی کـاك مەسعودەوە لەنێزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد، لام وایە سێ جار لەبەغـدا و دوو جـاریش لەقـەڵادزە پێکـەوە دانیشـتین و باسـی سیاسـەت و کوردایـەتی و کوردسـتانیش هاتـە گـۆڕێ، نـازانم رادەی خوێنـدەواری چـەند بـوو، بـەڵام دەزانم بەوردی مەسەلەکانی شی دەکـردەوە و بۆچـوونی لەسـەر رووداوەکـان روون بـوو، بەدڵسۆزی باسی بارودۆخی کوردستانی دەکرد.

ئەو جارەش لەقەڵادزە ناردی کەلەگەڵ هەموو برادەرەکان بۆ نیـوەڕۆ میـوانی ئـەو بین، بەخوای لام وایە یازدە کەس بووین، لەدیوەخانی شێخ حوسێن دانیشـتبووین من لەسەر کورسی بووم و برادەرانیش لەسەر فەرشی کاشان دانیشتبوون، ئەوەش وەنەبێ زێدەییەك بووبێ بۆ من بەڵام کۆت و شەلوارم لەبـەر دابـوو شـێخ حوسـێن ئیسراری هەبوو کەلەسەر کورسی دانیشم.

لەپڕ عەلی حەسەن ئاغای رەحمەتی مەنگوڕ هاتـە ژوورێ، سڵاوی کـرد و یەکسـەر هـات زیـاد لەهـەموان دەسـتی لەدەسـتی مـن نـا و کورسـییەکی هـەڵگرت و بـردی لەبەرانبەری ئێمە دانیا و لەسەری دانیشت و خـۆی لـەهیچ کـەس نەگەیانـد، مـەلا

حەسەنی رەستگار گوتی: (عەلی ئاغا پێم وایە کاك کەریمی حسامی ناناسی، ئەوە کاك کەریمە) هەستا و هات جارێکی دیکەش تۆقەی کرد و بەخێرهاتنی کردم، منیش کورسیەکەی خۆم هەڵگرت و چوم لەکن عەلی ئاغا دانیشتم بەخێرهاتنم کرد و دەستمان کرد بەقسان.

عەلی ئاغا دەستی پێ کرد بەدەردی دڵ لەئەمن و موخابەراتی عێراق، بەشێخ حوسێنی گوت: (بەسەری تۆ لەبەیانیەوە لەوێ رایانگرتووم نەیانهێشت بچمە ژوورێ، خەریك بوون دەمانچەشم لێوە کەن)، عەلی ئاغا ئەوەندە بەزەلیلی و بێ دەسەڵاتی باسی خۆی دەکرد نایشارمەوە هەستێکی دڵسۆزیم بۆ بزوت، نەك بۆ عەلی ئاغا وەك کەسێك کەهەر لەخزمەت دوژمنی گەل دا بوو بێ، بەڵکو بۆ بێ دەسەڵاتی میللەتی کورد کەهەرچی بێ عەلی ئاغاش یەك لەو میللەتە بوو، هەرچەند من لەژیانمدا لەگەڵ دەرەبەگی زاڵم و دژ بەمیللەت قەت دانوم نەکولێوە.

گوتم: عەلی ئاغا تۆ ئەو سااڵنەش چوویە چیا و بەڵام زووش گەڕایەوە، ئەم رۆیشتن و گەڕانەوەت لەچی بوو؟ گوتی: (بەسەری تۆ چوومە چیا، تەماشام کرد ئەو جارە چی بەسەر چیبەوە نییە، هەر کەس بۆ لای خۆی رادەکێشێ، منیش بامداوە و ئەوە هاتومەوە)، پاش سێ رۆژان لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی گەڕاینەوە بەغدا.

١٩٧٨/١١/٦ باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەتی بەبۆنەی سەری ساڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە داوەتی کردبووم، لەگەڵ کاك حەمەدەمین چووین و بەشداری ئاهەنگەکەمان کرد.

بۆ مل راکێشان بۆ بڕیارێکی غەیرە حیزبیانە، سەبارەت بەخۆپاراستن لەسازکردنی دوو بەرەکی لەحیزبی دیموکراتدا دەبوایە بگەڕێمەوە سۆفیا بەڵکو بتوانم دوای حەوت ساڵ دووری لەمندااڵنەکانم ساڵێك لەگەڵیان بژیم و بحەسێمەوە، لەوە ناڕەحەت نەبووم کەلەجەخزی ناکۆکی و درۆنگی و هێندێ شێوە ئاکاری ناحەز

دێمە دەرێ، بەڵام پێم ناخۆش بوو کەلەجەخزی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە و دیداری دۆست و برادەرانی کوردستانی عێراق دوور دەکەومەوە، چونکە من لەبەغدا نەک هەر تەنیا لەتێکۆشانی سیاسی حیزبی دیموکراتدا دەجوڵامەوە، بەڵکو لەمەیدانی نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەشدا تا رادەیەک دەستم لەکار دابوو.

داوام لەبەعس کردبوو کەبلیتی فڕۆکەم بۆ بکڕن تا بچمەوە بولغارستان، ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٥ کابرای بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هاتە مالّی کاک حەمەدەمینی سیراجی کەمن لەوێ دەژیام، دکتۆر قاسملۆ گوتبووی چونکە هەڵپەسێردراوە لەباری (دیموکراسی)یەوە باشترە لەخانوی حیزب نەبێ و بچێتە مالّی حەمەدەمین، خوێنەری بەڕێز پێت سەیر نەبێ ڕەنگە لەهەموو ڕێکخراوە کوردیەکاندا ئەو شێوە دیموکراسیە زاڵ بێ هەر لەگەڵ بۆچوونێکی جیاوازت لەگەڵ (ڕێبەر) هەبوو، با ئەو بۆچوونە بەقازانجی جوڵانەوەش بێ، سزای کەم کەدەسەلاتیان نەبێ وەدەرنانە لەخانوی حیزبی، با ٣٠ ساڵیش خەباتت کردبێ، ئەگەر دەسەلاتیشیان هەبوو حەپس و دەرکردن لەحیزب و تەنانەت کوشتنیشە.

کابرا پرسی: (کەنگێ تۆ سەفەر دەکەی؟) گوتم: کەنگێ ئێوە بلیتم بۆ بکڕن.

کابرا چوار هەزار دۆلاری هێنا دەر و گوتی: (ئەو پارەیە سێ هەزار دۆلار بۆ تۆیە و هەزار دۆلاریش بۆ ڕەفیق حەمەدەمینە)، کاک حەمەدەمین زۆر بەناقایلی پێی چەقاند و گوتی: ئەمن پارەم ناوێ، پێویستم بەپارە نییە، هیچ مانای نییە پارەیان بۆ من ناردوە.

گوێم نەدا کاک حەمەدەمین پارەکەم هەموو وەرگرت، پاشان دوو هەزار دۆلارم بۆ کاک حەمەدەمین بەجێ هێشت دەمزانی لەو سەروبەندە و لەم هەرایەدا پێویستی بەپارە دەبێ، بلیتی فڕۆکەم کڕی و ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٨ بەغدام بەرەو بولغارستان بەرەو ئامێزی خاو و خێزانم بەجێ هێشت، بەو هیوایە بووم کەلەسایەی

دیموکراسی دکتۆر قاسملۆدا سالێك بحەسێمەوە و خۆم بەنووسین و خوێندنەوە خەریك بکەم، بەلام وادیار بوو کەسروشت لەسەرەتای ژیانەوە لەگەڵ حەسانەوە و هێدی و ئارامی من ناکۆك بووە، لەلایەکی تر هەستکردن بەبەرپرسی لەئاست چارەنووسی گەل و نیشتمانم ئەم خەون و خەیاڵەی پوچ کردەوە کەلەسیاسەت دوور خرێمەوە و مەیدانی تێکۆشان چۆڵ بکەم.

لەبەرگی شەشەمی بیرەوەریەکانمدا خوێنەری بەڕێز لەگەڵ: تێکۆشانم کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان و رووداوەکانی پێش شەڕی نەغەدە، شەڕی نەغەدەو مانەوەم لەنەغەدەدا لەجەنگەی شەڕ، کۆبوونەوەکانی حوسنییەت لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی، کێشەی شنۆ و ئەستاندنەوەی چەك لەئاغاکانی زەرزا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەڵپەساردنم، بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد، شەڕی سێ مانگە و مانەوەم لەمەهاباد، ئەندامەتی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، کۆنگرەی چوار و جارێکی دیکەش وەلا نانی پەردەی دیموکراسی، وەلەگەڵ گەلێك بەسەرهات و رووداوەکانی دوای کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی پێنجەم...هتد شارەزا دەکەم.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی

برای خۆشەویستم کاك کەریم

دوای سڵاوی گەرم و گوڕی هاوڕێیانە هیوایە لەشت ساخ و سەرت بەرز بێ، سوپاسی ناردنی بەرگی دووهەم و سێیەمی بیرەوەرییەکانت دەکەم و ئاواتە لەداهاتووشدا لەکاری وا درێخی نەکەی.

سەبارەت بەکاری نووسین و بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانت دەبێ بڵێم، چاپ و بڵاوکردنەوەی بیرەوەری، بەتایبەتی هی ئەو کەسانەی بەشداری کارەساتەکان بوون یان لەنزیکەوە، زۆر یان کەم ئاگاداری رووداوەکانن و تافی لاوینیان پتر بەخەباتی دژی زۆرداران و سەرنج دانە کارەساتەکان بردۆتە سەر و ئێستاش دڵیان بۆ پارێزگاری لەمان و گەیشتنی نەتەوە زۆر لێکراوەکەیان بەگشت مافەکانی ئینسانی خۆی، لێدەدا، نەك جێگای رێزە و بەس و لەباری مێژوویی‌یەوە دەبێتە چاوگەیەك بەڵکو لەزۆر باری تریشەوە، ئاوێنەی ئاڵا نوینی کۆمەڵ و پلەی پێگەیشتوویی و لێکدانەوەی ئەو سەردەمەی خەڵك و نووسەری بیرەوەرییەکان خۆی نیشان دەدا و ئەم بیرەوەریانەش، بێگومان یارمەتی پڕکردنەوەی گۆشەیەکی مێژووی کارەساتی نێو سەدەی رابردووی گەلەکەمان لەگۆشەیەکی کوردستان دەدەن و بەرگری لەفەوتان و لەبیرچوونەوەی دەکەن.

پێشم باشتر دەبوو، بەدەست و دڵ فراوانییەوە گشت بەڵگەکانی پێویست و هاوپەیوەندی ئەو ماوەیەت لەبیرەوەرییەکاندا جێ بکردایەوە، چونکی ئەوەی نرخی بیرەوەرییەکان زیاتر دەکا، ئەو چەشنە بەڵگانەن کەبنەمای نووسینەکان پێك دێنن بەڵام وادیارە بەپارێزەوە کەڵکت لەو بەڵگانە وەرگرتووە کەلەبەر دەستت دابوون و فارس گوتەنی دەستە و عەسا چویە پێش، ماڵەکەی سۆفیا-ت ئاوەدان بێ کەمەکۆی پاراستنی ئەمانە بووە و هەموو بەڵگەکانی ناو کیفە رەشی گوڕینی من خۆش بن کە، بەشێکی بەرچاویان، لەبیرەوەرییەکانتدا رەنگیان داوەتەوە.

ئەمەی کەنووسیوتە: (هەرچی سەدا و سەد لەسەری سوور نەبووبم، نەم نووسیوە) لەروانگەی خۆتەوە رەنگە راست بێ بەڵام بەم مانایە نییە کەهەرچی سەدا و سەد ئێوە لەسەری سوور بوون راستە و پێچەوانەکەی ناراست، زۆرجار هەموومان تووشی هەڵەی وا بووین و شتێکمان پێ راست بووە و لەسەری سوور بووین بەڵام پاشان دەرکەوتووە کەنا، راستەقینە جیاوازیان هەر پاش باس و شیکردنەوەی نێوخۆیی، راستەقینەمان بۆ دەرکەوتووە، جا چەندە باش دەبوو، بەر لەبڵاوبوونەوەی ئەو بەشانەی کەهەردووکمان بەپلەی جیاوازی زیاد و کەم ئاگاداریانین چاوێکیان پێدا خشابایەوە بۆ ئەوەی نرخی سەرچاوە بوونی بیرەوەریەکانی بردبا سەر و ئەو هەڵە و کەمایەسیانەی نەهێشتبا کەبەکورتی بیرتانی دەخەمەوە و هیوایە لەسەردەمی نوێ یان سەرەتای بەرگی چوارەم دا بیخەیە بەرچاوی خوێنەرانی رۆژنامە یان بیرەوەریەکانت.

لاپەڕەی ١٩ی بەرگی ٣ی بیرەوەریەکانت بەم چەشنەیە!... پاشی (بەستنی) کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەنێو ئەندامانی حیزبدا ناکۆکی پەیدا دەبێ، شەهید سولیمان موعینی لەگەڵ دەستەیەکی چەکدار... دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران و... هەر لەو کاتەدا رۆژنامەیەکیش بەناوی (رۆژ) ئۆرگانی لقی سێی حیزبی دیموکرات بەرۆنیۆ بڵاو دەکاتەوە.

لێرەدا چەند خاڵ جێگای روون کردنەوەن:

یەکەم دوای کۆنگرە هەر کاك سولێمان بەچەکەوە سەری لەئێران نەدا، بەڵکو کاك ئەحمەد تۆفیق، کاك باپیر و بەشێکی زۆر لەکادر و بەرپرسان، لەسەر بڕیاری کاری کۆنگرە بەچەکەوە گەڕانەوە ئێران و کاك سولێمان یەکێك لەوان بوو.

دووهەم- ناکۆکی نێوان کاك سولێمان و کاك ئەحمەد یەك دا بەدوو، دوای کۆنگرە نەبوو، لەناوەڕاستی بەهاری ٤٤ دوای ئەوە بوو کەدەستەی نوێنەرایەتی حیزب کەبریتی بوون لە: کاك سدیقی ئەنجیری، کاك سولەیمانی موعینی، کاك ئەمیری

قازی- کاك نوح پاشایی (باپیر شکاك) وەك ئەندامانی رابەری (ك.ن) و کاك رەشە ئەندامی چاودێری بەرز، لەسەر راسپاردنی کۆنگرە بۆ لێ گێڕانەوەی ناڕازییەکان و پتر ئەوانەی ڕێگای بەشداری کۆنگرەیان نەدرابوو، کەوتە وتووێژ و ئەنجامی ئەو وتوێژە، ڕێککەوتن بۆ پێك هێنانی کۆنفرانسێکی هاوسەنگی کۆنگرە بوو کەلەودا، هەم چەوتی و هەڵەکانی کۆنگرەی دوو لەباری لێکدانەوە و بۆچوون لەوەزعی رابردوو و ئێستای خەباتی حیزب راست دەکاتەوە و هەم رابەرییەکی نوێ بکاتە جێگری رابەری هەڵبژاردەی کۆنگرەی دوو.

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە- بڕیار درا بەئەندازەی ژمارەی ك.ن، راوێژکەر دیاری بکرێ کەهاوپرس و خاوەن دەنگ بن لەگەڵ ئەندامانی هەڵبژاردەی کۆنگرەی ٢ی، ئەم ڕێککەوتنە کەهەنگاوێکی بەرز بوو بۆ دابین کردنی یەکێتی ریزەکانی حیزب و دوور خستنەوەی لەرابەری تاکەکەسی، سەرەتای بەرهەڵستکاری کاك ئەحمەد بوو لەدژی تێکڕای ئەوانەی بەنوێنەری دیاری کرابوون و بەتایبەتی کاك سەدیق و کاك سولەیمان.

سێهەم دەرکردنی ڕۆژ، پایزی ساڵی ١٣٤٥ واتە دوو ساڵ دوای کۆنگرەیە، هی کاتێکە کاك سدیق و کاك نەحۆ شەهید کراون و کاك سولەیمان گەلێك لەئەحمەد تۆفیق دوور کەوتۆتەوە و لەئێمە نێزیك بۆتەوە (لەلایەنگرانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزب کەبەنهێنی دامەزرابوو).

چوارەم- ناکۆکی، بەشێوەی سەرەکی لەنێو رابەری دا لەلایەك و لەلایەکی تر لەنێو بەرهەڵستکارانی ڕێبازی راست ئاژو و تەسك بینانە، لەگەڵ رابەری تاکەکەسی بەر لەکۆنگرە و رابەری هەڵبژاردەی کۆنگرە کەچاوبەستراو پەیڕەوی لەرای کاك ئەحمەد دەکرد، لەگۆڕێ دابوو نەك ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی حیزب دا (وەك لەلاپەڕەی ١٩دا هاتووە).

– لاپەڕەی ٤٣ (پاش ئەوەی کەلەنێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات ناکۆکی پەیدا دەبێ، کاك سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، برادەرانی حیزب، ئەوانەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و چەپ و دیموکراتیان دەبێ، کۆدەبنەوە و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنێ).

لێرەدا گەڕانەوەی کاك سولەیمان پێوەندی بەناکۆکی نێوان ئەندامان و ئەندامانی رابەری حیزبەوە نییە بەڵکو لەترسی گرتن و چەرمەسەری دوای گرتن لەلایەن بەڕێوەبەری شۆڕشی کوردستانی عێراقە کەکاك سولەیمان دەگەڕێتەوە، جیا لەمە پێك هاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی هەم بەگوێرەی نامەی کاك سەعید کۆیستانی کەدڵنیام گەلێك دواتر لەپێك هاتنی کۆمیتەکە نووسراوە و هەم (تیشك) و هەم بەیاننامەی کۆمیتە کەبەکاوخۆ، زیاتر لەهەشت مانگ بەر لەگەڕانەوەی کاك سولەیمان دەرچوون و هەروەها نامەی کاك سولەیمان خۆی کەبەر لەگەڕانەوە لە ٦٧/٥/١٢ (لاپەڕەکانی ٦٠–٦١) بۆ ئێوەی نوسیوە بەجوانی دەری دەخەن کۆمیتەکە بەر لەگەڕانەوەی کاك سولەیمان دامەزراوە و تێکۆشاوە و ئەوەی ئێوە لەمەڕ دامەزراندنی (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دوای گەڕانەوەی شەهید نووسیویانە دروست نییە.

لاپەڕە ٥٩ دەنووسی: وەك پاشان بۆم روون بۆوە، کاك حەمەدەمین و (کاك) سولەیمان دەچنە گەڵاڵە– بڕیار بوو ئێمە (کاك سولەیمان– من، کاك ئەمیر) بۆ مەسەلەی پێك هێنانی کۆنفرانس بچینە لای (مەکتەبی تەنفیزی) بەڵام کاك سولەیمان، لەترسی پیلانێکی کەلەدژی خۆی لەلایەن هێندێك بەرپرسی شۆڕشەوە هەستی پێ دەکرد، بەر لەو کاتە، خۆ حەشاردا و دوایە گەڕایەوە ئێران.

ل–٧٥ پاراگرافی ئاخر بەبەڵگە هێنانەوەی نامەکەی من دەگێڕیەوە: (هەرکە گەڕاینەوە... بۆ بەڕێوەبەرایەتی ٢١ کەس دیاری کران کەلەوانە یەکیان ئێوەن– پاش بڕێکە چەقە چەق هەڵواسرانی دکتۆر بەستراوەتەوە بە....).

سەرنجی بەڵگە دەستنووسەکەی من کەسەرچاوەی ناکۆکی بۆچوونی نووسەری بیرەوەرییەکان لەگەڵ (کریس کۆچیرا)یە نیشانی دەدا کەلەنامەکەدا بەم چەشنە نووسراوە ! هەرکە گەڕاینەوە و برادەرانمان گرتەوە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی ٢١ کەس (بیست و یەک کەس) دیاری کران کەلەوانە یەکیان ئێوەن و ئەوی تریش (پاش بڕێک چەقە چەق) دکتۆرە کەدەڵێم پاش بڕێک چەقە چەق، نیازم هەڵواسرانی بەستراوەتەوە بەشاهیدێکی دیکە کەلەکۆبوونەوەدا نەبوو، بەڵام ئەویش لەسدیق ئازەری بیستوە کەتا سەرەتای ساڵی ٤٥ لەسەر دکتۆر فریوی ئەحمەدی خواردوە بەڵام ئەویش بۆی دەرکەوتوە کەئەحمەد راست نەبوە و تاوانبارکردنی رەحمان بێ جێ بووە، جا ئەو شاهیدەی ئاخری لەسەدا، سەد لەگەڵمان...

بەم چەشنە هەڵبژێرانی دکتۆر وەک یەکێک لەو بیست کەسە جێگای شک نییە تەنیا بۆ رێز لەرای شەهید سولەیمان و دڵنیا کردنی لەوە کەئەوەی لەباری رەحمانەوەی بیستویە وانییە، راوەستاین تا عەولای موعینی کەبریندار بوو، لەوکاتە لای شێخ لەتیف شێخ مەحمود خەریکی دەرمانکردنی برینەکەی بوو، گەڕایەوە و مەسەلەی سدیقی گێڕایەوە کەگوتویە بەهەڵە چووە، بەڵام بەداخەوە تا دوایە کاک سولەیمان دیسان هێندێک لەخرت و خاڵی بۆچوونەکانی کاک ئەحمەدی لەباری دکتۆرەوە هەر پێ مابوو.

– سێ دێڕی ئاخری لاپەڕە ٩٠ و سەرەتای لاپەڕە ٩١ دەنووسی: (ئێمە هاتووین لەپلەی یەکەمدا چاومان بەرێبەرایەتی حیزبی تودە بکەوێ، ئەگەر ئەوان ئامادە بن دەمانەوێ وەک دوو حیزب هاوکاری بکەین، داوایان لێ دەکەین لەباری ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتیمان بدەن، ئەگەر دەستمان بەوان رانەگەیشت یان ئەگەر ئەوان ئامادەی هاوکاری نەبوون و یارمەتیان نەداین کۆمیتە بڕیاری داوە لەگەڵ حیزبی بەعس پێوەندی بگرین و لەگەڵ ئەوان قسە بکەین).

بەشێکی ئەم نووسراوە پێویستی بەورد و دەقیقتر کردنە و بەشێکیشی راستکردنەوە، ئەمە راستە بۆ یارمەتی و لەپلەی یەکەمدا یارمەتی حیزبی تودە و

هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزبە رێگامان داگرتبوو، بەڵام لەهەلومەرجی دەست پێ رانەگەیشتن بەرابەری حیزب و یان ئامادە نەبوونیشیان بۆ ئەم کارە، بڕیار بوو هەنگاوی دوایی واتە پێوەندی لەگەڵ رژێمی عێراق، دوای باس و رەزامەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق هەڵێنینەوە، مەسەلەی جێگای راستکردنەوە پێوەندی لەگەڵ بەعسە، ئەو کاتە واتە کاتی هاتنی کاك سولەیمان و من بۆ دیتنی رابەری حیزبی تودە حیزبی بەعس دەسەڵاتدار نەبوو کاتێك (١٧ی ژوئیەی ١٩٦٨) بۆ دووەم جار گەڕایەوە سەر حوکم کەنەکاك سولەیمان مابوو نە سمکۆ و عەولا و زۆر لەکادر و ئەندامانی حیزبی.

– لەلاپەڕە ٩١، پاراگرافی ٣ نووسراوە: پاشان دەیانەویست بچنە باڵیۆزخانەی چین و گوایا داوای پێوەندی (دەبێ مەبەست یارمەتی بێ) لەوان بکەن، ئەو دەم بیروباوەڕی چەوتی مائویستی خۆی گەیاندبۆوە نێو شاخ و داخی کوردستانیش، من بەتوندی دژی ئەوە راوەستام، ئەوانیش بەوە رازی بوون کەپێوەندی (بە) چین لەئاژاوە بەدەری خێری تیدا نییە، هەر لەوێ نامەیەکیان بۆ برادەران نووسی کەلەگەڵ لایەنگرانی چینی کەلەرێگای تاڵەبانیەوە چووبوونە کوردستان پێوەندی نەگرن.

ئەوەی راست بێ هەرچی بیرم لەم بەشە کردەوە، نەهاتەوە بیرم، بەر لەهاتنی گەرمێن هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی بزوتنەوەی چەکداری مستەفا نورانی لەلایەن دەستەیەکەوە بۆ پێکهێنانی پێوەندی هاتبۆوە کەتەنیا توانیبووی شەهید مەلا مەحمود زەنگەنە ببینی و ئەمە کەئەوانە دەستەی سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەن یان تۆفانی یان یەکێك لەو دار و دەستانەی کەئەو کاتەش لەئەوروپا کەم نەبوون بۆ هیچمان روون نەبوو، ئێمە کاتێك لەگەرمێن بووین تا گەڕانەوەی سولەیمانی و چاو پێ کەوتنی شەهید خەلیل شەوباش لەکولەکەی تەڕیشدا ئاگامان لەوە نەبوو کەسازمانی ئینقلابی دوو کەسی ناردوە کەلەعێراقەوە خۆ بگەیننە مەڵبەندی بزوتنەوە لەکوردستانی ئێران و لەعێراقیش لایەنگرانی مام

جەلال پێیان گوتوون کەراوەستان تا دەتانێرین و یەکێك لەوانە دوای سێ چوار مانگ چاوەڕوانی گەڕاوەتە و دووهەمیش کە کورش و لاشایی (دکتۆر جەلال) بێ لەشاری سولەیمانی چاوەڕوان بوو کەرێگای بۆ بدۆزرێتەوە بەرەو ئێران بێ، لەو کاتەدا کەبەبەرینی لەمەڵبەندی شۆڕش پڕوپاگەندە دەکرێ کەبزوتنەوەی کوردستانی ئێران پێوەندی بەعێراق و جەلال تاڵەبانییەوە هەیە، هەم شەهید سمایل و هەم مەلا ئاوارە بەجیا نامە بۆ مام جەلال دەنووسن و پێویستی یارمەتی بەبزوتنەوەی کوردستانی لێ دەخوازن و هەروەها لەگەڵ نامەی مام جەلال چەندین نامەی پڕ لەهەواڵ و رووداوەکانی ئەو ماوەیەش بەشەوباش دا دەنێرن بۆ ئێمە، شەوباش پاش دڵنیایی لەمە کەئێمە لەلای مام جەلال نین بەرێکەوت دۆستێکی قەڵادزەیی دەبینێ و هەواڵی ئێمەی لێ دەپرسێ و دەڵێ: لەئێران قاو بوە کەبرادەرانمان لای مام جەلالن و ئێستا ئەوە پتر لەمانگێکە لێرە لای ئەوانم، بەڵام وادیارە لای ئەوان نین، داوایە هەوڵێکم بۆ بدەی بەڵکو چاوم پێیان بکەوێ، برادەری قەڵادزەیی خێرا لەگەڵ برادەرانی ناسیاوی حیزبی کۆمۆنیست پێوەندی دەگرێ و ئێمە بەهۆی کاك حاجی نوری قادر دا شەوباشمان دیتەوە و راست هێنایانە ئەو جێگایەی لەگەڵ شەهید سولەیمان لەوێ بووین، پاش سێ چوار سەعات قسە و باس و خوێندنەوەی نامەکان شەوباش باسی ئێرانیەکی دکتۆر ی فارسی هێنا گۆڕێ کەئەو نێزیکەی پێنج مانگە چاوەڕوانی گەڕانەوەیە و بڕیار بوو ئەگەر ئێوە نەدۆزمەوە بگەڕێمەوە و لەگەڵ خۆمی بەرمەوە، مام جەلال و جەماعەت دەیناسن گوێا زۆر برادەری دکتۆر و مەهەندیس و ئەفسەریان هەیە کەئەگەر رێگایان بدەین دەگەڕێنەوە و یارمەتیمان دەکەن و پێم باشە چاوتان پێی بکەوێ، ئێمەی تینووی یارمەتی دەر بەیارمەتی لەکاتێکدا برین پێچێکمان لەحەودا دەقۆستەوە پێشوازیمان لەپێشنیاری شەوباش کرد و گوتمان بزانین کێیە و دەڵێ چی و خۆی و هاوڵانی چ یارمەتیەکمان دەتوانن بدەن، تەنیا ئەوکاتە و پاش هێنانە گۆڕی شەوباش ئاگاداری بوونی دوو کەس ئێرانی لەلای مام جەلال و رۆیشتنەوەی یەکیان بۆ ئەوروپا و مانەوەی دووهەمیان لە (سولەیمانیە) بووین،

بەم چەشنە ئەمە کەباسی پێوەندی گرتن لەگەڵ باڵێوزخانەی چین لەسەرەتادا نەبوە و هەروەها پێوەندی نەگرتن بەو کەسانەی کەلەرێگای مام جەلالەوە چووبوونە کوردستان، باس و کێشەی دوایەیە کەبرادەرانی خۆمان کاك کەریم و دکتۆر قاسملۆ پتر لەرادەنیش تورە بوون کەچۆن رێگاتان داوە کەسێکی ناوی نازانن و رابردووی وەزعی ئێستای ئەوتان لێ روون نییە دەیبەنە کوردستان و بڕیار بوو بۆ کاری ئاوا پرس بەرابەری حیزبی تودەی ئێران بکرێ و رای ئەوان وەرگیرێ و ئەم باسانەش دوای هاتنی دکتۆر بۆ گەرمێن و لەنێوەڕاستی ژوئیەی ٦٨ و کاك کەریم لەئۆکتۆبری ٦٨ دا بوو.

– ل٩٥ بەم چەشنەیە: (زۆرم هەوڵ دا تا رازیم کرد قاسملۆ بەشدار بێ و سولەیمانیش بەرەو روو بیدوێنێ).

کاك کەریم، ئەمە راستە کەسولەیمان لەسەرەتادا ئامادەی دیتن و باس لەگەڵ دکتۆر نەبوو و زۆر هەوڵ درا کەواز لەم هەڵوێستەی بێنێ و لەوانەی کەبگورجی لەم بارەوە هەوڵیان دا یەکێکیان تۆ بووی بەڵام هەموو ئەو برادەرانەی دکتۆریان نەدیبوو وەدەنگیان بۆ دابوو بڕوایان بەپێویستی بوونی دکتۆر لەتەرکیبی کۆمیتەی ناوەندی بزوتنەوەکەدا بوو، دژایەتی کاك سولەیمان لەبەر ئەو پڕوپاگەندەیە بوو کەلەمەڕ درکاندنی راو بۆچوون و بڕیارەکانی رابەرایەتی کاتی ح.د.ك، لەلایەن دکتۆرەوە لەلای دکتۆر کەیانووریەوە لەگۆڕێ دابوو، دەگوترا دکتۆر قاسملۆ نامەی رەخنەی رابەری کاتی ح.د.ك، لەجیاتی ئەوەی بەجێگای خۆی بنێ داویەتە دەست رابەری ح.ت.ا، و لەهەمان کۆبوونەوەشدا کەئەم باسە کرا رادەنیشی رەحمەتی بەکاك سولەیمانی گوت شتی وا دروست نییە و ئێمە نەلەرێگای دکتۆر رەحمانەوە، بەڵکو لەرێگای (خزمانەوە) ئاگاداری رەخنەی ئێوە (ح.د.ك) لەسیاسەتی پێشووی خۆمان بەرانبەر بەدکتۆر موسەدیق و هەروەها رووداوەکانی دوای کۆدێتا بووین و هەق بڵێین سەدی هەشتا و پێنجی

رەخنەکانتان لەئێمە بەجێ بوون، پاش پاکانەی رادمەنیش و هەوڵی هەموومان کاك سولەیمان وازی لەهەڵوێستی خۆی هێنا.

ناڕەحەتی و تۆرانی سەختی ئەو کاتەی شەهید سولەیمان کاتێك بوو کەتۆ مەسەلەی لەئارادا بوونی (کۆمیتەی ئینقلابی و تیشك)ت لەدەم دەرپەڕی و رۆژ و نیوێك ناڕەحەت و شەکەت و تووشی سەرەگێژە بوو، پاش هەوڵی زۆری هەموو لایی بەتایبەتی ئێوە و دوایەش شەو کەباوکی فێنك هاتوو لەسەر پێویستی یەکێتی و وەلا نانی ناکۆکی و کێشەی پێشوو زۆر دوا، هاورێمان هێدی بۆوە.

– ل١٠٠ دوای بەیاننامە نووسیوتە: (لەبەیاننامەکەدا بەدەستخەتی دکتۆر قاسملۆ ئەم بڕگەیەش نووسراوە:

(هیئت اجرائیە حیزبی تودە ایران...) تا ئاخری.

ئەم بڕگەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێوە لەکاتی ئامادە کردنی بەیاننامەکەدا نەنوسراوە و پێوەندی بەدوا سەفەری دکتۆر رادمەنیشەوە بۆ بەغدا لەساڵی ١٩٧٠دا هەیە، کەکاتێك باسی هاوکاری حدکا و حتا هاتە گۆڕێ، هاوڕێ گوتی کەئێوە لەخۆوە کار دەکەن و وادیار بوو سەفەری لای مەلا مستەفا و پێوەندی گرتنی حیزبی لەگەڵ حیزبی بەعس دوای بەیانی یازدەی مارس کەبەبێ راوێژ لەگەڵ ئەو و را وەرگرتنی (ه.ا) بوو بەدڵ نەبوو، ئێمەش بەجوتە دڵنیامان کرد کەمەسەلەی تێکۆشانی ئێمە نەلەدژی حتا (مەبەست حیزبی تودەی ئێرانە) بەڵکو بەقازانجی ئەوە و هەر دۆست و هاوپەیمانەکەی پێشووین، دوایە گوتی کەوایە بۆ بێ دەنگ کردنی ئەوانەی دژی هاوکاری ئێمە دەدوێن و پێیان وایە ئێوە وازتان لەرێکەوتنی فیوریەی ١٩٦٨ هێناوە، شتێك بۆ (ه.ا) بنووسن و دەم و دەست دکتۆر بەپەلە ئەوەی نووسی و من پاکنووسم کرد و دامانە دەست دکتۆر رادمەنیش، سەرنجێکی ورد نامە دوو سێ دێرپەکە ئەمە دەسەلمێنێ

کەرێکەوتننامەی ٦٨ ئەم نامەیەی دوایی، هاوکات نین و دوای ماوەیەک بەڵێنی پێشوو تازە کراوەتەوە.

– دیسان لاپەڕە ١٠٠ پاراگرافی چوار دەنووسی: (پاش ئەو بەیاننامەیە دکتۆر رادمەنیش یارمەتیەکی نەغد و باشی دا بەکاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین)، وەهەروەها لەلاپەڕە ١٠١ پێنج دێڕ بۆ ئاخری دەنووسی: (بەڵام بەداخەوە جەریان قەت لەپشت جوڵانەوە رانەوەستا)، بەڵای منەوە ئەمە دروستە کەبەشێوەی جیددی جەریان پشتی جوڵانەوەی نەگرت ئەگینا خۆت دوای گەڕانەوە لەئەوروپا بەتایبەتی کاتی شەڕی سێ مانگە و تازە کرانەوە شەڕ لەبەهاری ٥٩، لەنێزیکەوە پێداویستی جوڵانەوەی چەکدارانە و یارمەتی نەغد و باش دەزانی چییە و ئەگەر وا نەبا گلەیی نووسینی ئەم بەشەم لێ نەدەکردی، با قسەیەکی خۆشی زەکی خەیری بگێڕمەوە، کاتی هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر حیزب و سازمان و راکردنی سەدان کەس بەرەو چیا، برادەرێکی رابەری حیزب هەزار یان دوو هەزار مارك دەنێرێ کەزەکی خەیری بیگەیەنێتە دەستی هاوڕێیانی چیا، کاتێك چاوم بەناوبراو کەوت ئاوری دێنا و دەبرد کەمانای چییە ئەندامێکی رابەری بۆ پتر لەدوو سەد کەس ئەم پارە کەمە دەنێرێ، لەسیاسەت دا کابرای سیاسی پارەی ئاوا تەنیا دەدا بەئاوگر یان داروگرەوەی حەمام نەك بۆ ژیان و جل و بەرگ و.... سەدان کەس دەینێرێ، وابزانم ئەو پارە نەغد و باشەش کەبیرت خستۆتەوە هەر دوو سێ هێندەی ئەوەبوو کەزەگی خەیری باسی دەکا.

ل١٠٢، پاراگرافی یەکەم

(بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆبوونەوە کەهەتا گەڕانەوەیان کەس نەیان بینێ و پێوەندی لەگەڵ کەس نەگرن کەدەچنە سولەیمانی کاك حەمەدەمین لەگەڵ مائوئیستەکانی ئێرانی کەمام جەلال لەبەکرەجۆ کۆی کردبوونەوە و دەیویست لەکوردستان شۆڕشی پورلیتریان پێ بکا، پێوەندی دەگرێ و تەنانەت یەکێکیش بەناوی (کورشی لاشایی) کەپاشان چۆوە تاران و بوو بەساواکی لەگەڵ خۆی

دەباتەوە بۆ کوردستان... پێوەندی کاك حەمەدەمین (بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆبوونەوە کەهەتا گەڕانەوەیان کەس نەیان بینێ و پێوەندی لەگەڵ کەس نەگرن کەدەچنەوە سولەیمانی کاك حەمەدەمین لەگەڵ مائوئیستەکانی ئێرانی کەمام جەلال لەبەکرەجۆ کۆی کردبوونەوە و دەیویست لەکوردستان شۆڕشی پورلیتریان پێ بکا، پێوەندی دەگرێ و تەنانەت یەکێکیش بەناوی (کورشی لاشایی) کەپاشان چۆوە تاران و بوو بەساواکی لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ کوردستان... پێوەندی کاك حەمەدەمین بوو بەهۆی ئەوە کەبڵاو بێتەوە سولەیمان و حەمەدەمین لەرێگای مام جەلالەوە لەگەڵ حکومەت پێوەندیان گرتووە).

لێرەدا روون کردنەوەی چەند شت پێویستە:

یەکەم مەسەلەی تاوانبار کردنی کاك سولەیمان بەپێوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق و دوایەش مام جەلال، بەر لەگەڕانەوەی شەهید سولەیمان بۆ ئێران و دەست پێ کردنی بزوتنەوەی چەکدارانە لەلایەن ئەو بەرپرس و کاربەدەستانەی شۆڕش بڵاو دەکرایەوە کەتێکەڵاویان لەگەل رژێمی ئێران زۆر بوو دەیان ویست لەلایەك بەدووبەرەکی نانەوە کوردەکانی ئێرانی لەمەلا مستەفا دوورخەنەوە و لەلای تر بەپڕوپاگەندەی پێوەندی ئەو کوردانە لەگەڵ مام جەلال و رژێمی عێراق، شۆڕش بۆ سەرکوتکردنی ئەوانە هاندەن، بۆ رژێمی شا فایدەی هەرە کەمی ئەم کارە لاواز کردنی مەلا مستەفا، هاندانی گەلی کورد دژی مەلا مستەفا لەئێران و تەنگەبەر کردنی پێگەی یارمەتی شۆڕش بەدامو دەزگای شا و لەلای تر راونانی خەباتگێڕانی کوردی ئێرانی لەسنورەکانی نێوان ئێران و عێراق و هەڵکەندنیان بەزەبری شۆڕشەوە بوو، دوورخرانەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی و پاشان تێکدانی بنکەی سونێ و راگوێزرانی شەهید سولەیمان و هاوڕێیانی بۆ دۆڵە رەقە سەرەتای پیادەکردنی ئەو نەخشەیە و گرتن و راونانی دوایش، نیشانەی سەرگرتنی پیلانیدار و دەستەی شا یارمەتی دەرانی لەشۆڕش دابوو، گیرانی مەلا رەحیم و کۆڕانی، گرتن و تەحویلدانەوەی برادەرانی هەورامی و هەڕەشە لەئاوارە

بەر لەیەکگرتنەوەی ئێمە لەگەڵ کاك سولەیمان بەکاوەخۆ ساڵێك بەر لەدیتنی (مائویستەکانی بەکرەجۆ) بوو تاوانی ئەوانەش گشت پێوەندی لەگەڵ مام جەلال و لەرێگای ئەوەوە رژێمی عێراق بوو.

دووەەم ئەو مائویستە ئێرانیانەی کەچاوپێکەوتنیان بەلای ئێوەوە بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی پێوەندی ئێمە بەحکومەت لەرێگای مام جەلالەوە، تەنیا هەروەك لەلاپەڕەی چواردا باس کرا کورش بوو کەشەهید سولەیمان و من لەگەڵ شەوباش چاومان پێ کەوت و لەگەڵی دواین.

سێیەەم: ئەم تاقە کەسەی دیترا (نەك تەنانەت یەکێکیش) (کەپاشان چۆوە تاران و بوو بەساواکی) نە بۆ ئێمە روون بوو کە هەڵدەدێرێ و بەو دەردە دەچێ نەبۆ مام جەلال کەنوای دابوو، لەژیانی سیاسی دا شتی ئاوا دەگمەن نەبووە و نابێ، ئەوانەی دوایە لەئەوروپارا گەڕانەوە و لەبەکرەجۆ و بەغدا بوون، لەگەڵ بۆچوونی هەڵەی مائویستی، کاری کۆرشیان نەکرد و تەنانەت چەند کەسیان لێبڕاون لەگەڵ پۆلیسی رژێمی شادا کوژران، بەڵام هاتنی ئەوانە دوو سێ مانگ دوای شەهید بوونی کاك سولەیمان بوو، بەکورتی سادە کردنەوەی هۆی بڵاوبوونەوەی شایعەی پێوەندی ئێمە و رژێمی عەبدولسەلام عارف لەرێگای مام جەلالەوە، بەدیتنی کورشی لاشایی و بردنەوەی ئەو بۆ ئێران نەك دروست نییە و لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لەبەڵگەکانی بەرگی سێیەەمی بیرەوەریەکان یەکتر ناگرێتەوە، بەڵکو بەو پێچەوانەی ئەو ئەنجامانەشە کەخۆت دوایە پێی گەیشتووی.

لاپەڕە ١٢٢ (پەراوێز) حەسەن سەلك هەڵەیە و حەسەن سەکر دروستەکەیەتی.

ل١٣٦، سێ دێڕی ئاخری (دکتۆر قاسملۆ... بەو سەفەری دوایەی هەروەك لەنامەیەکدا کەبۆ منی نووسیبوو لەجیاتی چوونەوە خۆی کردبوو بەقسەکەریان لەدەرەوە).

ئەوەی لەبیرم بێ هەر لەیەکەم چاوپێکەوتن و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕادەنیشی ڕەحمەتی، پێشنیاری کرد کەیەکێك لەئێوە دوو کەس بکەینە ئالقەی پێوەندی واتە (رابیت) لەگەڵ (حتا)، ئێمە هەردوك دکتۆرمان پێشنیار کرد، بەڵام (رام) لەسەر تۆ پێی داگرت ئێمەش لەسەر گەڕانەوەت و کارت لەناوخۆ، (دیارە مەسەلەی ڕادیۆ و تەنیایی کاك حەسەن و هەروەها دوورکردنەوەی دکتۆریش بۆ رام مەبەست و لەبەرچاو بووە)، ئاخرەکەی گوتی: باشترە لەگەڵ برادەرانی تری رابەریش هەموو لایی تەگبیر بکەن، پاشان یەکیان بۆ نوێنەری پێوەندی بەئێمە بناسێن، دوای گەڕانەوە و باس لەگەڵ هاوالآن، بۆچوون و پێشنیاری پێشوومان پەسند کرا و بڕیار درا لەگەڵ هاودەنگی و پشتگرتنی ڕێکەوتنی فوریە، دکتۆریش وەك بەرپرسی پێوەندی بەرابەری حتا بناسێندرێ، ئەمە بەدکتۆر خۆشی ڕاگەیەندرا.

ل ١٣٧، (حەمەدەمین... ئەو ماوەیە کەهاتبوە بەغدا هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست لەمالێکیان دانابوو، لەگەڵ هیچ کەس پێوەندی نەبوو، تەنانەت بۆ ڕۆژنامە کڕینیش نەدەهاتەدەر، هێندێك کتێبی مارکسیستی بەعەرەبی لای خۆ دانابوو موتالآی دەکرد، شەوانە بەپێیان بەلا ڕێدا دەچووە مالّی یوسفی ڕێزوانی ئەگەر یوسف خەبەرێکی لەدوکان وەگیر کەوتبا بۆی دەگێڕاوە، یان ئەگەر هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست لەقەڵادزەوە خەبەرێکیان بۆ هێنابا، دەنا سێ مانگ بوو لەوەزعی کوردستانی ئێران بێ خەبەر مابۆوە).

لام وایە تۆزە سەرنجێکی نووسراوە دەری دەخا مەسەلەکە بەو خەستیەش کەنووسەر لەسەرەتادا دەڵێ: نییە، کەسێك کەلەمالێکی جێگای بڕوا و ئاموشۆی هاوڕێیانی حیزبی دا بژی و ئاموشۆی دوکان یان مالّی برادەرێکی وەك یوسف بکا و برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست لەسولەیمانیە و قەڵادزەڕا خەبەری بۆ بنێرن و سەری بدەن و شەوانە بەلا ڕێدا هاتووچۆ بکا و ناو بەناویش هاوڕێیەکی حیزبی کۆمۆنیست ئاموشۆی بکا و لەرەوتی ڕووداوەکانی بنێ، ئیتر ئەو کەسە ئەوە نییە

کەلەگەڵ کەس پێوەندی نەبێ، ئەوەی راست بێ پاش دوو جار بیرخستنەوەی برادەری دیاری کراو بۆ پێوەندی کە: (هاوڕێیان گلەییان لەئاموشۆی زۆری تۆ بۆ دەرەوەی ماڵ هەیە و مەترسی دەردەبڕن و دەخوازن هەتا بگونجێ کەم ئاموشۆ بکەی)، تا رادەیەکی زۆر پێی گەڕانی بەستبووم پاشان بەبێ ناسنامە یان بەڵگەیەکی گومان لێ نەکراو بەشێوەیەکی سروشتی پەڕ و باڵی هاتووچۆم گەلێك کورت بوو.

ل ١٣٨، حەوت دێر بۆ ئاخری: (رۆژی دوایی پێشنیارم کرد با لەسەر وەزعی کوردستان و... بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەك بڵاو کەینەوە، کاك حەمەدەمین ئەوەشی بەدڵ نەبوو دەیگوت یەکەم چۆن ئێمە دەتوانین بەناوی حیزب بەیان دەرکەین، دووهەم ئەودەم لەوانەیە خەڵك بزانێ ئەمن لێرەم).

ئەمە کەدەرکردنی بەیاننامە پێشنیار و دەستپێشخەری کاك کەریم بوو جێگای گومان نییە، بەڵام بەرهەڵستی من و بەدڵ نەبوونم سەبارەت بەوە بوو کەپێم وابوو دروست نییە دوو کەس وەك سەرکردایەتی یان کۆمیتەی ناوەندی بەیان دەرکا و پاشان مەسەلەی بردنی ناوی تەنیایی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆتایی بەکێشە هێنا، لەم بوارەش ئەوەی لەبیرم مابێ بەیاننامەکە نەك نووسەری بیرەوەرییەکان بەڵکو من نووسیوم و چەند تێبینی نووسەری بیرەوەرییەکان لێی زیاد کرا و پاشان بەرۆنیۆ چەند نووسخەیەك لێدرا و کرا بەعەرەبی.

ل ١٣٩، پاراگرافی یەکەم: (پاشان چوومە لای کاك دارا تۆفیق و لەبارەی گەڕانەوەی برادەرانمان بۆ کوردستانی عێراق قسەم لەگەڵ کرد و هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەنامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسم و کاك دارا بیبا و ولامیش بێنێتەوە، لەگەڵ کاك حەمەدەمین قسەم کرد و گوتم نامەیەك دەنووسم، کاك حەمەدەمین دڵی ئەوە بوو کەنامە بۆ مەلا مستەفا بنووسم، پاش ئەوەی کەمن پێم چەقاند و نامەکەم نووسی، کاك حەمەدەمین خۆی ماندوو کرد و نامەکەی لەدەفتەری خۆیدا نووسیەوە و لەلای خۆی رایگرت).

دژایەتی من لەگەڵ نووسینی نامە هەرچەند بەناوی کاك کەریم-یش بێ لەوە سەرچاوەی دەگرت کەلام سوور بوو کار لەوە ترازاوە بەنامەیەکی هاکەزایی ئاو بەئاگردا کرێ و رێگای گەڕانەوەی برادەران بۆ کوردستانی عێراق و خۆ تێ نەگەیاندنیان تەخت بێ، یادداشتی نامە ئەدەبییەکەی کاك کەریمیش لەکاغەزێکی گەورەدا بەو مەبەستە بوو کەبۆ بیرەوەری خۆش باوەڕی بمێنێتەوە و تاقیکردنەوە نیشانی دا کەنووسەری نامەکە چەندە باش نیشانەی پێکاوە یان نا، زۆر بەداخەوە هەر زوو کاك دارا جوابی هێناوە کەمەلا مستەفا قبوڵی نەکرد چەکدارەکانی کوردستان بێنەوە کوردستانی عێراق و لەناوچەی شۆڕش دانیشن، فایدەی هەرە کەمی خۆ ماندوو کردن و نووسینی نامەکە ئەمە بوو کەشەش لاپەڕی بیرەوەرییەکان پڕ کاتەوە و نەفەوتێ. (دوو دێڕی ئاخری لاپەڕەی ١٤٥ی بیرەوەرییەکان بەرگی سێیەم).

ئەمە بوو بەشێکی سەرەکی لەرەخنەکانم، زۆرم پێ خۆش بوو هەر وەك نووسیوتە بەر لەچاپی چوارەم چاوێکم پێدا خشاندبا چونکی جیا لەئاگادار کردنت لەبیروڕام و پێشنیارم کەپێم وایە بەکەڵك دەبێ، لەباری هەڵەی چاپی و هەڵەی نووسینیش فایدەی هەیە، لەبەرگی سێیەمدا بەداخەوە هەڵەی نووسین و چاپی کەم نییە بۆ نمونە لەرێکەوتنامەی ئێمە و حتا لەدەستنووسەکەی منداً بەدروستی (ئیمپریالیزم) نووسراوە لەکاتێکدا لە تایپکراوەکەدا (ئیمپریالیست)ە، لاپەڕەی ٩٣. ئەبوو نواس بۆتە ئەبوو نەواز یان لەنامەی ئێوە بۆ حتا (هـ.ا) وشەی مەزبور بەهەڵە مذبور لەسەر وەزنی مذكور نووسراوە یان لەتایپی بەشێك لەبەڵگەکان کەم یا زیاد کراوە بۆ نمونە بەڵگەی ژمارە ٩ ل٣٠٩ دێڕی حەوت بەم چەشنەیە: .... کەلەوانە یەکێکیان ئێوەن و ئەوی تریش پاش بڕێك چەقەچەق دکتۆرە کەلەتایپکراوەکەی لاپەڕە ٧٥ پاراگرافی ئاخر ئەو بەشە قرتاوە و لەسەری دێڕی خوارەوە دەست پێ کراوە لاپەڕە ١٨٥ باسی نامەیەك دەکەی کەروونووسەکەی لای خۆتە و ئەسڵەکەی لای من و تاریخەکەی لەسەر روونووسەکە نییە کە

٦٩/١٠/٣١یە، لێرە لەنامەی لای من خانی و لەکتێبەکەدا یوسفی رێزوانییە و لەنامەی ئەسڵی دا تەنیا نووسراوە (خولاّئەوەی بەنسیب خانی بکا بێتە ئەوروپا بەلاّم لەکتێبەکەدا جیا لەوە کەلەجیاتی خانی یوسفی رێزوانی هاتوە لێی زیاد کراوە و ببێتە ژێر دەست لاپەڕەی ١٨٥، یان نامەی کاك سەعید لەئەسڵەکەدا دێڕی سێهەم بەو چەشنەیە (هەروەك لەنامەکانی پێشوودا رامانگەیاندبوو کەقەڕارە شتێك ساز کەین ئەتۆش پێخۆش بوونی خۆت ئیعلام کردبوو)، لاپەڕەی ٢٠١ کەچی لەلاپەڕە ٤٤ ئەو بەشە قرتاوە و هی تر لەم بارەوە.

دوا رەخنەم لەکارەکەت زەق نیشاندانی نەخشی خۆتە، ئەم کارە نەك هەر پەسند نییە بەڵکو لەخوێنەردا چەشنە بێزارییەك پێك دێنێ و لەو بڕوایەدام گەرچی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەرە، بەڵام باشترە نووسەر نەبێتە بناوان و قارەمان گەرچی تەنانەت لەراستیشدا وابێ، هەرچۆنێك بێ ئەم کارەی ئێوە لەگەڵ کەم و کوڕییەکان کارێکی بەنرخە و جێگای رێز و خزمەتێکی بەرچاوە و هیوایە بەش یا بەشەکانی تر پوخت تر و وردتر ئامادە و چاپ بن و سودی پتر بەخوێنەر بگەیەنن.

هاوڕێت مینە ٨٩/٥/١

سوپاسی کاك حەمەدەمین دەکەم کەبیروڕای خۆی لەسەر بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانم لەدە لاپەڕەدا نووسیوە و بۆی ناردووم منیش ئەوە دەقی نووسراوەکەی کاك حەمەدەمینم بەبێ دەستکاری بڵاو کردەوە، لام وایە تۆزێك لێ ورد بوونەوە نووسراوەکەی کاك حەمەدەمین بەگشتی دەقی نووسراوەی بیرەوەریەکانی منی تەئید کردووەتەوە تەنیا ویستویەتی هێندێك بۆچوونی خۆی و هەڵوێستی ئەو دەمی رووداوەکان روون بکاتەوە کەلەکاتێکا رووبکردنەوەکانی کاك حەمەدەمین پێوەندییان بەنووسینی بیرەوەرییەکانی منەوە نییە، من نەهاتووم هەروەك زۆرجار نووسیومە رووداوەکان شی بکەمەوە و هەڵیانسەنگێنم، تەنیا ئەو شتانەم نووسیوە کەرووبان داوە و پێوەندیان بەخۆمەوە هەبوە، بۆ نموونە:

کاك حەمەدەمین دەنووسی: (کاك کەریم ئەمە راستە کەسولەیمان لەسەرەتادا ئامادەی دیتن و باس لەگەڵ دکتۆر نەبوو) زۆرباشە ئەگەر ئەوە راستە ئیتر حیکایەتەکەی تر پێوەندی بەمنەوە نییە ! یان لەسەر لاپەڕەی ٧٥ کەهەڵبژێرانی دکتۆر قاسملۆ (پاش بڕێك چەقە چەق بەستراوەتەوە بەشاهیدێکی دیکە) ئیتر من ئاگام لەبریندارى عەولاى موعینی و شێخ لەتیف نەبوە و پێوەندیان بەبیرەوەری منەوە نییە، یان لەسەر (مستەفا منورانی و تۆفان و خەلیل شەوباش و مام جەلال و چی و چی نەبووە) روون کردنەوەی کاك حەمەدەمین پێوەندی بەبیرەوەرییەکانی منەوە نییە، کاك حەمەدەمین لەسەر لاپەڕەی ١٠٠ پاراگرافی چوار من نووسیومە: (دکتۆر رادمەنیش یارمەتیەکی نەغد و باشی دا بەکاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین) لەرەخنەکەی خۆیدا حاڵی نەبووم مەبەستی چییە خۆ من باسی زۆر و کەمی یارمەتیەکەم نەکردوە ! یان لەسەر بردنەوەی کورشی لاشایی، من تەنیا ئەوەندەم نووسیوە کە: (کورشی لاشایی پاشان بوو بەساواکی و کاك حەمەدەمین لەگەڵ خۆی بردوویەتەوە کوردستان)، ئیتر من نەمگوتوە کاك حەمەدەمین پێشتر ئەو کابرایەی ناسیوە و زانیویەتی دەبێتە ساواکی.

لەسەر لاپەڕەی ١٣٧ و ١٣٨ رووڵکردنەوەی کاك حەمەدەمین هیچ لەئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ یەکەم کەدەڵێم: (لەمالێکیان داناوە و ئاموشۆی خەڵکی نەکردوە یان کەدەڵێم پێشنیارم کردوە بەیاننامەیەك بنووسین کەحەمەدەمین لەپێشدا دژی بووە) لەکاتێکا خۆی کاك حەمەدەمین دەڵێ: (دەرکردنی بەیاننامە پێشنیار و دەستپێشخەری کاك کەریم بووە)، ئیتر من ئەوەم شینەکردۆتەوە کە داخوا راستە (دوو کەس وەك سەرکردایەتی بەیان دەرکەن) یا راست نییە.

لەسەر نووسینی نامە بۆ مەلا مستەفای رەحمەتی، کاك حەمەدەمین دەڵێ: (دژایەتی من لەوە سەرچاوەی دەگرت کەلام سوور بوو کار لەوە ترازاوە بەنامەیەکی هاکەزایی ئاو بەئاگردا دەکرێ و رێگای گەڕانەوەی برادەران بۆ کوردستانی عێراق تەخت بێ).

لێرەدا تەنیا من نووسیومە نامەیەکم بۆ مەلا مستەفا نووسی و کاك حەمەدەمین دژی بوو، نەهاتووم شی بکەمەوە کەداخوا ئەو نامەیە تەئسیری دەبوو یا نەدەبوو، مرۆڤ لەتێکۆشاندا کار دەکا و دەستە وەستان نابێ جار ئەگەر بەدەستیشیەوە نەهات ئەوە نەهاتوە، بەڵام ئەو کاری خۆی کردووە.

کاك حەمەدەمین لەگەڵ هێندێ تێبینی هەڵەی چاپی لەئاخری نامەکەیدا دەنووسێ: (دوا رەخنەم لەکارەکەت زەق نیشان دانی نەخشی خۆتە، ئەم کارە نەك هەر پەسند نییە بەڵکو لەخۆێنەردا چەشنە بێزاریەك پێك دێنێ و لەو بڕوایەدام گەرچی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەرە، بەڵام باشترە نووسەر نەبێتە بناوان و قارەمان گەرچی تەنانەت لەراستیشدا وابێ، هەرچۆنێك بێ ئەم کارەی ئێوە لەگەڵ کەم و کوڕییەکان کارێکی بەنرخە و جێگای رێز و خزمەتێکی بەرچاوە و هیوایە بەش یا بەشەکانی تر پوختتر و وردتر ئامادە و چاپ بن و سودی پتر بەخۆێنەر بگەیەنێ).

زۆر سوپاس بۆ کاك حەمەدەمین، بەڵام دەمەوێ لەسەر ڕوونکردنەوە و ڕەخنەکانی کاك حەمەدەمین بەکورتی رای خۆم دەربڕم.

یەکەم: وەك باسم کرد کاك حەمەدەمین لەو نامە دوور و درێژەدا هێندێ شتی باس کردوە کەپێوەندی بەبیرەوەری منەوە نییە تەنیا ویستویەتی بیرەوەری یا بیرۆڕای خۆی بنووسێ، چونکە لەچەند جێگا دەڵێ: (ئەوە راستە) بەڵام بۆچوون و لێکدانەوە و تێهەڵکێشی خۆی لێ زیاد دەکات کەنەرەخنەیە و نەپێوەندیان بەمنەوە هەیە.

دووهەم: کاك حەمەدەمین زەق نیشاندانی نەخشی نووسەری بیرەوەری بەکاری ناپەسند دەزانێ و گوایا بێزاری لەلای خۆێنەر پێکدێنێ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا ئەم کارەی من بە (کارێکی بەنرخ و بەجێگای رێز و خزمەتی بەرچاو دادەنێ).

بێجگە لەدەیان نامەی دەستخۆشانە کەلەلایەن خوێنەران و نووسەرانەوە لەسەر بیرەوەرییەکانم بۆم هاتوون و دوو کەسیش لەسەریان نووسیوە و لەبەرگی چوارەمدا چاپکراون لەوانەیە زۆر کەسیش نوسینەکانیان بەکەیفی نەبووبێ، بەڵام بۆ روون بوونەوەی کاك حەمەدەمین دەمەوێ بڵێم: من رۆمانم نەنووسیوە تا قارەمانی خەیاڵی ساز بکەم، من ژیان و بەسەرهاتی خۆم نووسیە، چاك یان خراپ بەناچاری هەر دەبێ نەخشی خۆم دیار بێ، چونکە بابەتەکە باسی خۆمە من خۆم گێڕاوەتەوە، ئەو دەم نووسینەکە ناپەسند دەبوو کەلەسەر خۆم باسی شتێکم کردبایە کەنەمکردبوو، بۆ نمونە نووسیبام چوومەوە ئێران لەگەڵ کاك حەمەدەمین لەشۆڕشی چەکدار دابووم، خەڵکم هانداوە چەند شەو و رۆژ بەچیادا دەڕێگا دا بووم و چی و چی، واتە ئەوەی پاڵەوانە درۆزنەکان وەپاڵ خۆیانی دەدەن، ئەو دەم کاك حەمەدەمین و چەند کەسی تریش دەبوایە بنووسن کاکە تۆ درۆ دەکەی قەت شتی وا نەبووە و لەنێو شۆڕشدا نەبووی و...)، بەڵام کاك حەمەدەمین دەنووسێ: (کاك کەریم نامەی بۆ مەلا مستەفا دەنووسی من دژی بووم چونکە دەمزانی بێ فایدەیە) من باسی نامەکە و دژایەتی کاك حەمەدەمین—م کردوە ئیتر باسی ئەوەم نەکردوە کەداخوا بۆچی ئەو دژی نووسینی نامەکە بووە، کەوابوو بەپێچەوانەی بۆچوونی کاك حەمەدەمین من نەخشی خۆم زەق نیشان نەداوە بەڵکو نەخشەکەم لەم رووداوانەدا چۆن بووە هەر ئەوەم نەخشاندوە، بێجگە لەوە نازانم: (کاری ناپەسند و بێزاری پێکهێنەر لەخوێنەردا) چۆن دەبێتە (کارێکی بەنرخ و جێگای رێز و خزمەتی بەرچاو)؟!

پێڕست

پێشەکی ٩٣١
ساڵی ١٩٧٥ ..... ٩٣٤
ناشبەتاڵ ٩٤٦
بۆچوونی نەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوای شکانی شۆڕشی کوردستان .. ٩٥٥
سەفەر بۆ کوردستان ٩٦١
سەفەر بۆ ئەوروپا ٩٦٧
دیسان سەفەری پراگ ٩٧٢
سەفەر بۆ لوبنان ٩٨٢
ساڵی ١٩٧٦ ..... ٩٩٥
نوێنەرانی موجاهیدینی خەڵک ٩٩٩
ناکۆکی بیروڕای لەگەڵ سکرتێری حیزب ١٠٠١
گەڕانەوەم بۆ بەغدا ١٠١٢
مەسەلەی پاسپۆرت ١٠٢١
گەڕانەوە بۆ بەغدا ١٠٢١
کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ١٠٢٦
سەفەر بۆ یەمەنی دیموکراتی ١٠٣٣
بۆ ناوێتە ١٠٣٨
گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان ١٠٤٢
مەترسی تازە و تەگبیری پێویست ١٠٤٩
سەفەر بۆ پاریس ١٠٦١

کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان ۱۰۸۲
شۆڕش لەپاریسەوە ۱۱۱۰
دەنگی یەکێتی ۱۱۱٦
ئەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو ۱۱۲۷
گەڕانەوەی دکتۆر قاسملۆ بۆ بەغدا ۱۱۲۹
نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی ۱۱۵۱

لەبیرەوەرییەکانم

بەرگی شەشەم

١٩٧٩

پێش بار

بۆچی ئەم چەند لاپەڕە پێشەکییەی بەرگی شەشی بیرەوەرییەکانم ناو ناوە پێش بار؟ بەبۆچوونی خۆم ئەم بەشەی بیرەوەرییەکانم بارێکی قورس و گرانن لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەم بەشە کوردستانەدا کەکەوتۆتە بەر دەسەڵاتی حکومەتی فارس و بەکوردستانی ئێران ناسراوە، بارێکی قورس و گرانیش کەوتوونە سەر شانی میللەتەکەمان لەم بەشەی نیشتمانداا، باسی کارەساتی گەلێك دڵتەزێن و خەفەتبارن وەك: شەڕی نەغەدە، کوشتاری خەڵکی قارنێ و قەڵاتان و سۆفیان و کولیج و ئیندرقاش و کورەخانەی ساروقامیش و قەرەگۆل و حەلب و کۆیك و ئیعدامی بەکۆمەڵی لاوانی مەهاباد و گەلێك کارەساتی تر کەکەوتوونە نێو ئەم بەشە و دەکەونە نێو بەشی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیشم، باسی رووداوی گرنگی سیاسی و دەستنیشان کردنی گەلێك بەسەرهاتی دوای راپەڕینی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری رژێمی کۆنەپەرست و چنگ بەخوێنی مەلایان، کەوابوو بارێکی قورس و گرانیشە لەسەر شانی نووسەر کەقەڵەمەکەی لەرێگای راست و نووسینەوەی بابەتی رووداوەکان لانەدا و چۆنی دیتوە و چۆن بەشداری کردووە ئاوای بێنێتە سەر کاغەز و بۆ خوێنەری ئێستا و بۆ وەچەی دواڕۆژ تۆماریان بکا.

بەقەوڵی نووسەری بەناوبانگی تورك (کەهێندێ کەس بەکوردی دەزانن) یاشار کەمال: (نووسینی بیرەوەری ئەدەب نییە، گێڕانەوەی رووداو و بەسەرهاتە)، راست دەکا نووسینی بیرەوەری هیچ شتێکی داهێنان و خوڵقانی ئەدەبی تێدا نییە، باسی هێندێ بەسەرهاتە لەجیاتی ئەوەی بەزمان بۆ خەڵکی بگێڕیەوە، دەیهێنیە سەر کاغەز و خەڵك دەیخوێنێتەوە لەمێژووش دا تۆمار دەکرێ.

لـەکاتی نووسـینەوەی ئـەم بەشـەی بیرەوەریەکانمـدا تووشـی نووسـراوەیەکی سیاسـەتمەداری ئێرانـی (دکتـۆر عـەلی ئـەمینی) هـاتم کەلەسـەرەتای دەسـتپێکی نووسینی بیرەوەریەکانی دا دەنووسێ: (ئـەو کەسـەی بیرەوەریـەکانی دەنووسـێ، دەبـێ وەلامـی ئـەم پرسـیارانە بداتـەوە: (مـن کـێم؟ لـەکوێوە هاتومـە دنیـا؟ چ رووداوێکم دیوە؟ لەچەند و لەچ رووداوێك بەشداریم کردووە؟ ئەو رووداوانەم چـۆن دیون؟ چۆن بەشداریم تێدا کردوون؟ بۆچی بەشداریم کـردووە؟)) واتـە نووسـەری بیرەوەری و سەربردەی شەخسی باسی ئـەم رووداوانـە دەکـا کـەخۆی بەشـداریان بووە و ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، من پێم وایە لەبەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانمـەوە تا ئێستا ئەم رێبازەم گرتۆتە پێش، بـەلام ئێسـتاش هێنـدێ کەسـی خوێنـدەواری کورد لای وایە نووسـەری بـیرەوەری نابـێ باسـی خـۆی بکـا و سـەربردە و شـێوە بۆچوون و چەند و چۆنی بەشداری خۆی بنووسێتەوە، گوایا ئەوە (خۆهەڵکێشان و یا بەزەق نیشاندانی دەوری خۆیەتی)!!

مەبەست لەنووسینی ئەم پێش بارە دوو شت بوو:

<u>یەکەم</u>– ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم قۆناخێکی گـەلێك پـڕ لـەروداو و کارەسـاتی خـەباتی گەلەکـەمان نیشـان دەدا، لـەم قۆناخـەدا، یـا رووندتر بڵـێم لەمـەودای رووداوەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەکوردستان و لـەنێو حیزبـی دیمـوکراتی کوردستاندا زۆر کەسـی تـر بەشـداریان کـردووە، فیـداکاریان کـردووە، ئازایـەتیان نواندوە، دیارە کەسانی خوێڕی و رەزیـل و خۆبەدەسـتەوە دەریـش هـەبوون، زۆر کەسیش هـەر بـۆ بازرگـانی خۆیـان خزانـدبوە نێـو بزوتنـەوە و دەسـتی خۆشـیان وەشاندوە، هەزاران لاوی فیداکار لەرێگای ئـازادی دا گیـانی خـۆی بـەخت کـردوە، هەزاران خاو و خێـزان مـاڵوێران و ئـاوارە و دەربـەدەر بـوون، شـەپی سـێ مانگـە دەستی زۆر کەسی بەزاخا کرد، زۆر کەس دوای شەپی سێ مانگە خۆیـان خزانـدە

نێو ریزی حیزبی دیموکرات بەو هیوایەی سبەی دەبنە فەرمانبەر و کاریەدەستی گەورەی حکومەتی خودموختاری کوردستان.

ئەگەر ئەو کەسانەی بەشداری ئەم قۆناخەی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کردووە، هەرکەس بەگوێرەی توانا و بەنۆرەی خۆی بیرەوەری و دیتنی بەسەرهاتەکان بنووسێتەوە، گەنجینەیەکی پڕ بایەخ و بەنرخ کۆدەبێتەوە و کەلێنێکی گەورە لەمێژووی خەباتی خوێناوی میللەتەکەمان پڕ دەکاتەوە، من تەنیا باسی ئەو شتانەم کردووە کەپێوەندیان بەخۆمەوە هەبووە و بەشداریان بووم، رەنگە زۆر شتم لەبیر نەمابێ، یا تاریخ و رۆژی رووداوەکان پاش و پێش کەوتبن، یا کەم و کوڕی لەچاپکردنی بەڵگەکاندا هەبێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر دووری سەنەد و بەڵگەکان کەلەوڵات بەجێ ماون و بەداخەوە دەستم پێیان رانەگەیشتوە، ئەوەندە هەیە هەرچی باسم کردووە، ئەوەندەی هێندێ نووسراوە و بیروهۆشی خۆم یاریدەیان دابێ بەراستی و بەبێ بۆچوون و مەبەستی تایبەتی هێناومنە سەر کاغەز و وا لەبەر دەستی خوێندەوارانی کورد دایە، خۆ ئەگەر دۆست و برادەری بەشدارانی بزوتنەوەی ئەو قۆناخە هەڵە و کەم و کوڕیەکانم بۆ راست کەنەوە، ئەوە بەرگی حەوتی بیرەوەریەکانمی پێ دەوڵەمەند دەبێ و سوپاسیان دەکەم.

<u>دووەم</u>- بەپێویستم زانی بەناچاری وەڵامی هێندێ ئەو برادەرانە بدەمەوە کەبەنامە و نووسراوە یا لەئاخافتن دا یا لەوردە حیکایەتی پاشملەدا رایانگەیاندووە و دەڵێن: (وادیارە دوای شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ بیرەوەریەکانت کەبەشێکی فرە گرنگن لەمێژووی خەباتی حیزبی دیموکرات و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بەتایبەت بۆ بەرەی تازەپێگەیشتوی نەتەوەکەمان و وەچەی داهاتووش کەڵکیان هەیە، کەم و کوڕییان دێتە ناو و ناتەوێ هەموو شت بنووسی).

ئەو برادەرانە سەرەڕای ئەوەی کەلەپێشەکی بەرگی پێنجەمدا رووبم کردۆتەوە، بەر لەوەش بیرەوەریەکانم بخوێننەوە بەڵام دیسان (سەبارەت بەدڵسۆزی بۆ بیرەوەریەکانی من و بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد) رەخنە دەگرن کەبۆچی باسی دکتۆر قاسملۆ ناکەم، لەوەش بێ تامتر گۆیا بۆچی لەوتاری خۆمدا چاپکراو لەرۆژنامەی سەردەمی نوێ، دکتۆر قاسملۆ—م بەزانا و سیاسەتمەدار و هەڵکەوتووی میللەتی کورد ناساندوە؟ وەك خودا نەخواستە درۆم کردبێ یا کارێکی ناحەز یا وانەبێ.

من لام وایە ئەم کەسانە بەراستی و بەقوڵی نەچوونە نێو ناوئاخن و نێوەرۆك و رەوەندی مێژوویی و گشتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، تەنیا شتی شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی و قینی دڵشکاندن و وردە ناتەواوی دەکەنە نمونەی تێکۆشان و بزوتنەوە، بێ ئەوەی هەموو لایەن و دەوروبەر هەلومەرجی بزوتنەوە هەڵسەنگێنن و کردەوە و سیاسەتی هەموو ئەو کەس و دەستە و تاقمانەی نێو بزوتنەوەی کوردستانی ئێران لەسەرەد و بێژنگی وێژدان و ئینساف بدەن کردوویانەتە بنێشتە خۆشکە و هەموو کاسە و گۆزەی کەم و کوڕی سەرنەکەوتنی جوڵانەوە دەسەری دکتۆر قاسملۆ دا دەشکێنن، بەداخەوە خەنجەر لەتەرمی شەهیدێك دەدەن کەبەدەستی دوژمنانی سەرەکی میللەتی کورد و بەفیتی کۆنەپەرستترین رژێمی سەردەم شەهید کراوە، لەسیاسەتدا تێکەڵکردنی غەرەز و قینی شەخسی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بزوتنەوە، دەردێکی گران و خەتایەکی نەبەخشراوە کەبەداخەوە یەکێك لەکاراکتێر و رەوشتەکانی جێگای رەخنەی دکتۆر قاسملۆی شەهیدیش هەر ئەوەبوو، برادەرانی کەئێستا ئەم رەوشتەیان گرتۆتە پێش، وادیارە لەماوەی هاوکاری لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ دا، هەر ئەوەندەی لێ فێربوون، من ئەگەر لەوتار و لەبۆچوونی خۆمدا زۆر کەمتر لەپێویست باسی

زانایی و کەسایەتی سیاسی دکتۆر قاسملۆم کردوە، هەر لەنووسینی خۆشمدا هێندێ رەوشت و شێوە بۆچوون و خەسڵەتی دیکتاتۆری شەهیدی ناوبراوم وەپاش نەداوە، سەرەڕای هەمووی ئەوانە یەکجار بەداخ و کەسەریش بووم کەشەخسیەتێکی ئاوا زانا و سیاسەتمەداری کورد وابەفیڕۆیی بەدەستی دوژمنانی کورد شەهید دەبێ و خەسارێکی لەرادەبەدەر لەقەرەبوو نەهاتوو، وەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکەوێ.

من لەبیرەوەریەکانمدا باسی مەسەلەی شەخسی و رەوشت و کاراکتێری تایبەتی ئەفراد ناکەم، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەکاروباری سیاسیەوە هەبێ و لکا بێ بەبزوتنەوەی رزگاریخوازی و بەتێکۆشانی حیزبی دیموکرات، مەگەر لەبیرم چووبێ دەنا هیچ شتێکم پاش قول نەداوە و بەسەریدا تێ ناپەڕم، خوێنەرانی بەڕێزی کورد و بەرەی دواڕۆژی میللەتەکەمان لێی دەکۆڵنەوە و شیدەکەنەوە و قەزاوەتی لەسەر دەکەن.

کەریمی حسامی

گەڕانەوە بۆ سۆفیا

لەبەرگی پێنجی بیرەوەریەکانم بەدرێژی باسی ئەو بڕیارە ناڕەوایەم کرد کەپێنج کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی هەڵپەسێرانم بۆ ماوەی سااڵێك دابوویان، دوای ئەم بڕیارە رۆژی ۱۹۷۸/۱۱/۲۸ لەبەغدا سواری فڕۆکە بووم و هاتمەوە سۆفیا، کاك بەهادین نوری ئەودەم لەسۆفیا بوو، رۆژی ۷۸/۱۲/۲ هاتە لام، باسی وەزعی عێراق و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتمان کرد، من باسی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیم بۆ گێڕاوە، ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو کەنابێ بۆ بڕیاری نابەجێ و چەوت پیاو مل راکێشێ.

رۆژی ۷۸/۱۲/۳ کاك سەلاح بەدرەدین هاتە سۆفیا، دوای هێندێ باس و گفتوگۆ، کاك سەلاح پێشنیاری کرد کەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کاك سەلاح و برادەرانی کوردستانی تورکیا (د.د.قەدە) کەحیزبی کرێکارانی کوردستانی تورکیایان پێك هێناوە بەرەیەك دابمەزرێنن، لەوەلامدا گوتم: فکرێکی خراپ نییە، هاوکاری نێوان حیزبە کوردستانیەکان کارێکی پیرۆز و پێویستە، بەلام کارێکی هاسان نییە، سێ حیزبی کوردی، هەریەکە لەولاتێك و بەپرۆگرامێکی تایبەتی خۆیانەوە بەرە پێك بێنن، پێویستی بەبیرکردنەوە و ئامادەکردنی هەل و مەرج هەیە، بەتایبەت مەسەلەیەکی ئاوا دەبێ لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا باس بکرێ، پێویستە لەپێشدا نوێنەری ئەو حیزبانە پێکەوە دانیشن لەسیاسەت و بۆچوونی یەکتر تێ بگەن و پێوەندی سەرەتایی دامەزرێنن، نازانم قسەکانی من چەندە بەدلّی کاك سەلاح بوون، بەلام رۆژی ۷۸/۱۲/٦ سەفەری کرد.

رۆژی ۷۸/۱۲/۸ بەبۆنەی ئازادی غەنی بلوریانەوە تیلگرافێکم نارد بۆ مەهاباد، لەم سەرو بەندەدا کاك عەزیز محەمەد هاتە سۆفیا، شەوی ۷۸/۱۲/۱٦ لەهوتێل ریلا تا نیوەشەو لەخزمەتی دابووم، گەلێکمان باسی وەزعی ئێران و عێراق کرد، من لەسەر ئەو باوەڕە بووم کەبەبێ راوەستان بگەڕێمەوە بۆ ئێران، کاك عەزیز وای پێ باش بوو کەپەلە نەکەم، بحەسێمەوە، چاوەڕوان بم تا کاك حەمەدەمینی سیراجی خەبەرم بۆ دەنێرێ.

رۆژی ۷۸/۱۲/۲۰ بەنیازی کڕینی ماشێن چوومە بەرلین، لەفڕۆکەخانەی سۆفیا بەپاسپۆرتی یەمەنی دیموکرات دەرچوو بووم، بەلام کۆنە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانیشم هەبوو کەپێی دەچوومە بەرلینی رۆژئاوا، ئەودەم پاسپۆرتی ئێرانی زەمانی (رەحمەتیەکەی) پێویستی بەڤیزا نەبوو، لەفڕۆکەخانەی بەرلین پاسپۆرتی ئێرانیم نیشان دا، پاش راگرتنێکی زۆر و دەستا و دەست کردن و وەبەر ماشێن

دان، گوتیان پاسپۆرتەکەت تەواو نییە، مۆری هاتنە دەری سۆفیای پێوە نییە، هەرچەندی من گوتم نە لێم حاڵی بوون و نە گوێیان دامێ، بردیانمە ژوورێك و دەرگایان لەسەر پێوەدام.

کتێبی برژینف بەناوی (زەوی بچوك) تازە چاپ کرابوو، پێم بوو دەمخوێندەوە، نێوەرۆکی کتێبەکە شاکاری هونەری بەرگری و قارەمانەتی بوو، سەرنجی راکێشام و ویستم بیکەم بە کوردی، هەر لەو ژوورە دەفتەر و قەڵەمم دەست دایە و دەستم کرد بەوەرگێڕان، پتر لەسەعاتێك لەوێ دابووم کەس نەهات، ناچار هاتمە دەر و کردم بەهەرا، گوتم یەکێك هەبێ زمانی روسی بزانێ، پۆلیسێکی گەنجی منداڵکارەیان بانگ کرد، دەتگوت بەزۆری رووسی پێدەڵێن، هەرچۆنێك بوو تێمگەیاند کەئەفسەری پۆلیسی فڕۆکەخانەم گەرەکە، کابرا رۆیشت و دوای نیو سەعات لەگەڵ ئەفسەرێك گەڕایەوە، گوتم بۆچی منتان راگرتوە؟ گوتی: تۆ لەسۆفیاوە هاتووی، پاسپۆرتەکەت مۆری هاتنە دەری پێوە نییە، بێجگە لەوە پاسپۆرتەکەت ساختەیە و تەواو نییە.

گوتم: راستە من بەپاسپۆرتێکی دیکە لەفڕۆکەخانەی سۆفیاوە سوار بووم، ئەو پاسپۆرتەش ساختەیە، من ئەندامی حیزبێکی کوردیم کەلەئێراندا دژی حکومەتی شا خەبات دەکا، بەمافی خۆمی دەزانم کەبۆ کاروباری تێکۆشانی سیاسی لەهەموو دەرەتانێك کەڵك وەربگرم، من دەچمە رۆژئاوا ترانزێتم پاسپۆرتی ئێرانی بۆ ئەو بەر ویزای ناوێ، جگە لەوە ئێستا لەئێران دژی رژێمی شا خەباتی گشتی دەست پێکراوە، ئێوە لێرە لەسەر پاسپۆرتی ساختەی ئێرانی من رادەگرن، پاشان پاسپۆرتەکەی یەمەنیم هێنا دەر و گوتم: ئەوەیان ساختە نییە، بەڵام ئەوانە هیچیان ناوی خۆم نین، ناوی راستەقینەی من فلان کەسە.

هەر تك پاسپۆرتی لێ وەرگرتم و رۆیشت، رۆژی پێ نەچوو گەڕایەوە، بانگی کردم لەژوورێك پاسپۆرتەکانی وێدامەوە، شەو چوومە بەرلینی رۆژئاوا و میوانی وستێنی شیلازەر بووم.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی برلینی رۆژئاوا، رۆژی ۷۸/۱۲/۲۲ سیمینارێکی پێك هێنابوو، داوایان لێکردم کەبەشداری بکەم، برادەرێکی کوردی سوریە بەناوی مستەفا کەمال عەلی بەدرێژی لەسەر مێژوی پێکهاتنی کۆمەڵەی خوێندکاران و کۆنگرەکانی و گۆڕانی رێباز و ناکۆکی و هەڵە و لەت بوونی کۆمەڵە قسەی کرد و گوتی: (کوردەکانی عێراق کۆمەڵەی خوێندکارانیان دوو لەت کردووە و شوێنەواری کوردستانییان پێوە نەهێشتوە، کردوویانە بەحیزب، سەردەمێك لەکۆمەڵەدا کەس نەیدەوێرا دژی رژێمی شای ئێران قسە بکات، جەماعەتی پارتی ببوون بەپارێزەری رژێمی شا لەکۆمەڵەدا) پاشان لەنێو یەك دوو کوردی عێراقی و سوری و تورکی و ئێرانی بوو بەدمە تەقە و پەلاماردانی پارتی و یەکێتی نیشتمانی، سیمینارەکە بوو بەباسی بارزانی و جەلالی، بەڕێوەبەرانی سیمینار بۆ هێدی کردنەوەی باسەکە داوایان لەمن کرد کەوەدەنگ بێم، لەسەر دەوری خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات و گرنگی یەکێتی و کوردستانی بوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و خۆنەبەستنەوە بەسیاسەتی حیزبەکانەوە قسەم کرد، بەگەرمی لەوتارەکەم پێشوازی کرا و کێشە و هەرایەش دامرکایەوە، رۆژی دوایی بەیارمەتی حوسێنی شیلازەر ماشێنێکی فولکس واگن–م کڕی و رۆژی ۷۸/۱۲/۲۹ بەرەو سۆفیا کەوتمەڕێ، شەوێك لەئوتریش مامەوە، رۆژی دوایی لەچیاکانی ئوتریش رێگام هەتلە کرد و پاش سوڕانەوەیەکی زۆر شەو گەیشتمە زاگرێپ لەیۆگۆسلاڤیا.

رۆژی ۷۸/۱۲/۳۱ سەعاتی حەوتی ئێوارێ گەیشتمەوە سۆفیا، شەوی سەری ساڵی تازە بوو لەماڵێ دەزگایەکی باش ساز کرابوو، پرسیاری کاك حەسەنی قزڵجیم کرد

کەبۆچی دیار نییە، گوتیان قەرار بووە لەگەڵ فارسەکانی جیرانی شەو پێکەوە بن، تەلیفۆنم بۆ کرد لەماڵێ بوو، گورج سوار بووم و چووم، بەتاقی تەنێ لەژوورەکەی دانیشتبوو، کەچاوی بەمن کەوت گەشکە بوو گوتی: (دەوەرەوە پیاو ئەم بلۆکەی ئێمە گیان لەبەری تێدا نەماوە)، جا کاك حەسەن بێ و لەکاتی ئاوادا وەقسە بێ، ماڵی فارسەکانی جیرانی کەهاوکار و هاو ئەندامی حیزبیشی بوون لێك کۆببوونەوە و کاك حەسەن بەتەنیا مابۆوە، هەستاین چووینە ماڵی ئێمە و ساڵی ١٩٧٨تمان بەقسەی خۆشی کاك حەسەن و باسی رۆژگار بەڕێ کرد.

١٩٧٩/١/١٩ برادەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق هاتە سۆفیا باسی بارودۆخی شپرزەی حیزبی کۆمۆنیست و ئاکاری فاشیستیانەی حکومەتی بەعسی کرد، رۆژی ٧٩/١/٣٠ چاوم بەجێگری بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان کەوت، داوام لێ کرد کەرێگا بدەن مامۆستا هێمن بۆ مانگێك بۆ موعالیجە و حەسانەوە بێتە سۆفیا و میوانی ئەوان بێ، کابرا وەك پیاوان قبوڵی کرد، گوتی: بۆ مانگی یونی لەرێگای یەکێتی نووسەرانەوە بانگی دەکەین بێتە ئێرە، بەداخەوە نەیتوانی ئەو سەفەرە بکا و بۆ چەرمەسەری و بەرەو رووبوونی هەڵوێستی نائینسانانەی هەڤاڵانی نیوەرێگا گەڕایەوە بۆ وڵات، ١٩٧٩/٢/٤ خوێندکارە کوردەکانی دانیشتوی شاری بلۆڤدیف داوەتیان کردم کەبۆ باسێك لەسەر وەزعی کوردستان و ئێران بچمە لایان، شەو و رۆژێکی گەلێك دۆستانە و خۆشمان رابوارد.

سەفەر بۆ ئەڵمان

رۆژی ٧٩/٢/٧ کاك سەلاح بەدرەدین تێلگرافێکی بۆ ناردم کەگیر نەبم بچمە بەرلین، پێم سەیر بوو، نە ئادرەسی هەبوو نەتەلیفۆن کەبزانم چی دەوێ و بۆچی بچم؟ ئاخرەکەی برپارمدا رۆژی ٧٩/٢/١٠ چوومە بەرلین و کاك سەلاحم دیتەوە،

گوتی: نوێنەرێکی فەتح (رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین) لێرەیە دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، هەروەها برادەرێکی حیزبی کرێکاری کوردستانی تورکیاش (د.د.قەدە) لێرەیە دەیەوێ یەکتر ببینن، چوومە بەرلینی رۆژهەلات چاوم بە (ئەبو هشام) کەوت کەبەناوی رێکخراوی فەتح قسەی دەکرد، پێشنیاری کرد کەلەنێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین هاوکاری دابمەزرێت، گوتی: ئێمە دەتوانین کادری پارتیزانیتان بۆ پەروەردە بکەین، لەوەلامدا گوتم: بەم زوانە دەگەڕێمەوە بۆ وڵات و پێشنیاری ئێوە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی باس دەکەم، تەلیفۆن و ئادرێسی منی وەرگرت و تەلیفۆنی خۆی لەبێروت دامێ.

پاشان برادەری د.د.قەدە-م بەناوی شێخ موس چاو پێکەوت، لەسەر وەزعی کوردستان و شێوەی هاوکاری باسمان کرد، ناوبراو گوتی: لەدیاربەکر و ئەستەنبوڵ گۆڤاری ئێمە بەناوی (دەنگی لاوانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) دەردەچێ، بەڵێنی دا بۆم بنێرێ، بەڵام ئێستاش چاوم پێ نەکەوت، کاك سەلاح پێشنیاری کرد کەلەبێروت با گۆڤارێکی مانگانە بەزمانی عەرەبی دەر بکەین وتارەکانی بۆ باسی مەسەلەی کورد بەگشتی تەرخان بکرێ، پێشنیارێکی باش بوو، بەڵام من لەسەر سەفەر بووم بۆ ئێران، دەبوایە بڕیاری ئاخری بۆ پەسند کردنی ئەم پێشنیارە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بدرێ.

وەك لەبیرم بێ کاك (رۆژ)، کوڕی کاك نوری شاوێسی رەحمەتی لەم هوتێلە دەژیا کەمن لێی میوان بووم، رۆژێك (رۆژ) گوتی: (باوکم خەبەری زانیوە کەتۆ لێرەی، دەیەوێ بەتەلیفۆن قسەت لەگەڵ بکا، وەعدەی دانابوو کەبچمە ژوورەکەی ئەو لەگەڵ باوکی بدوێم، ئەو دەم کاك نوری لەلەندەن بوو، پاش سڵاو و چاك و چۆنی گوتی: (داوامان ئەوەیە چاومان پێت بکەوێ، بەتایبەت کاك مەسعود گەلێك

موشتاقەبتبینێ، رۆژی لێك نێزیك بوونەوەیە). پێم گوت: من ئێستا لەسەر سەفەرم، جگە لەوە بۆ ماوەی سالێك لەئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵپەسێراوم، چاوپێکەوتنی من هیچ فایدەی نییە، دەبوایە هەر ئاواش وەڵامی بدەمەوە، چونکو ئێمە لەکۆمیتەی ناوەندی بڕیارمان دابوو کەهەتا حیزبە کوردییەکانی عێراقی بەراشکاوی رەخنە لەرابردووی خۆیان نەگرن لەگەڵیان دانانیشین، هەرچەندە دکتۆر قاسملۆ دەمێك بوو ئەو بڕیارەی شکاندبوو، چاوی بەمام جەلال کەوتبوو، لەگەڵ دکتۆر مەحمود هاوکاری دەست پێ کردبوو، تەنانەت هاتبۆوە کەلەگەڵ حکومەتی عێراق ئاشتیان کاتەوە، کاك نوری شاوێس لەسەر یەکتر دێتن سوور بوو، گوتی: ئەگەر گەڕایەوە بۆ سۆفیا کاك مەسعود قسەت لەگەڵ دەکا.

رۆژی ۷۹/۲/۲۰ گەڕامەوە بۆ سۆفیا و بڕیارم دا کەچاوەڕوانی خەبەری کاك حەمەدەمین نەبم و بگەڕێمەوە بۆ ئێران، رۆژی ۷۹/۲/۲۱ کاك مەلا حەسەنی رەستگار و کاك مەلا رەسوی پێشنماز لەپاریسەوە هاتنە سۆفیا و دەچوونەوە بەغدا، لەگەڵ ئەوان قەرارمان دانا کەلەبەغداوە تێلگرافم بۆ بنێرن و خەبەرم بدەنێ بچمەوە عێراق و پێکەوە بچینەوە ئێران، بەڵام وادیار بوو ئەوان خەبەری تاڵانی سەربازخانەی مەهابادیان زانیبوو، وێڕا نەگەیشتبوون خەبەر بدەنە من گەڕابوونەوە، حەقیش وابوو چونکە جاری وا وەدوا کەوتن قازانج نییە.

لەئێران ڕاپەڕینی خەڵك سەرکەوتبوو، لەرێگای رادیۆ و ئاژانسە خەبەریەکانەوە تا رادەیەك ئاگام لەوەزعی ئێران هەبوو، دەمزانی کە ح.د.ك.ا بەتەواوی لەشۆڕشی گەلانی ئێران پشتیوانی دەکا، نامەیەکم بۆ رۆژنامەکانی لوبنان نارد و پشتیوانی جوڵانەوەی کوردم لەشۆڕشی ئێران ڕاگەیاند، رۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی رۆژی ۱۹۷۹/۲/۲۵ دەقی نامەکەی منی بڵاوکردبۆوە، دیار بوو کاك سەڵاح بەدرەدین

نووسراوەکەی منی کردبوو بەعەرەبی دابووی بەرۆژنامەکان، بێجگە لەناوەکەم (جێگری سکرتێر و ئەندامی دەفتەری سیاسی)یشی لێ زیاد کردبوو، لەکاتێکا ئەودەم من هەڵپەسێرابووم.

رۆژی ۱۹۷۹/۲/۲۲ کاك مەسعود بارزانی تەلیفۆنی کرد و گوتی: (لەبەر دیتنی تۆ هاتومە قبرس، سەبارەت بەپاسپۆرتەکەم کەنامەوێ مۆری وڵاتانی سۆسیالیستی پێوە بێ دەنا دەهاتمە بولغارستان، زۆر پێویستە یەکتر ببینین و پێکەوە بدوێین و لێك تێ بگەین).

گوتم: تکایە دوو رۆژی تر تەلیفۆنم لێ بکەوە عەرزت دەکەم داخوا دەتوانم بێم یان نا، چونکە دەبوایە ڤیزای چوونە دەر و گەڕانەوە وەربگرم، نەمدەزانی بەسانایی وەگیرم دەکەوێ یان نا.

رۆژی ۷۹/۲/۲۳ کاك مەسعود تەلیفۆنی کردەوە و بەجیددی داوای کرد بچمە قبرس، پێم گوت سبەی لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانم بن، رۆژی ۷۹/۲/۲٤ سواری فڕۆکە بووم و لەفڕۆکەخانەی (لارینکا) کاك عارف تەیفور و برادەرێکی تر چاوەڕوانم بوون، سەعات ۱۲ گەیشتمە نیکۆسیا، چوینە ئەم هوتێلی کەکاك مەسعودی لێ دابەزیبوو، بێجگە لەوەندەی کەبەنان خواردنەوە خەریك بووین، ئەوی تر تا سەعات سێ و نیوی شەو لەگەڵ کاك مەسعود دوو بەدوو بەدرێژی قسە و باسمان بوو، کاك مەسعود باسی رابردووی خۆیانی کرد و هاتە سەر زیندووکردنەوەی پارتی بەناوی (قیادەی مۆقەت)، پاشان گوتی: (لەمەودای خەبات دا ئێمە تووشی هەڵەی زۆر بووین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کەخەڵکی تر هیچ هەڵەیان نەکردوە و دەیانەوێ تەواوی کاسە و گۆزە لەسەری ئێمەدا بشکێنن، خەڵکی تریش هەڵەی بووە، ئێمە ناتوانین چونکە هەڵەمان بوە، لەساحەی خەبات دوورکەوینەوە، ئێمە

ئامادەین واز لەناکۆکی رابردوو بێنین، لەگەڵ جەلال و حیزبی کۆمۆنیستیش هاوکاری تازە دەست پێ بکەینەوە).

من مەسەلەی ناردنی نامەی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی–م بۆ گێڕاوە کەچەند رۆژ پێش پەیمانی ئەلجەزایر بەهۆی مەلا عەولای حەیاکی دا بۆم ناردبوون و کاك ئیدریس گوتبووی: (ئەگەر کارمان پێیان هەبوو وەلامیان دەدەینەوە)، گوتم ئێوە وەها کەوتبوونە ژێر تەئسیری شای ئێران کەسی دیکەتان حیساب نەدەکرد، کاك مەسعود گوتی: (ئاگام لەنامەیەکی وا نییە، دوو جار دووپاتی کردەوە کەئاگاداری مەسەلەیەکی ئاوا نەبووە)، پاشان گوتی: (ئێمە ئێستە بڕیارمان داوە کەلەگەڵ هیچ یەك لەو حکومەتانەی بەسەر کوردستاندا حاکمن، پێوەندی و تێکەڵیمان نەبێ)، گوتم کاك مەسعود ئەم بڕیارە زۆر گرنگە، تا ئێستا کورد هەر لەوەدا تێدا چووە کەپاڵی وەدوژمنی کورد داوە، ئیجازە بدە ئەم قسەیەت یادداشت بکەم، گوتی: (کاك کەریم یادداشتی بکە ئەمە بڕیاری ئێمەیە)، دەقی قسەکانی کاك مەسعود کەلەدەفتەری یادداشتەکانمدا تۆمار کراون ئاوایە: (لەگەڵ ئیعادەی رێکخراو بڕیارمان دا کەمەسەلەی کورد لەعێراق رەبط نەکرێ بەهیچ دەوڵەتێك کەکوردی تێدایە، خۆمان لەوڵاتانی سۆسیالیستی نێزیك کەینەوە، بەهیچ جۆر تخونی وڵاتە ئیمپریالیستەکان نەکەوین، هەوڵ بدەین بۆ نێو هێزە دیموکراتیەکانی جیهان بگەڕێینەوە، ئەگەر بەیارمەتی تورکیا و ئێران و سوریا و ئیمپریالیزم سەربەخۆی کوردستان بدرێ نامانەوێت).

من ئەوەندەم لەقسەکانی ئەو یادداشت کرد و بەجێگای هیواشم دەزانی، بەڵام بەداخەوە دواڕۆژ لەئاست ح.د.ك.ا هەڵوێستیان پێچەوانەی ئەوی نیشان دا.

پاشان کاك مەسعود گوتی: (با منیش گلەییەکی بکەم، بیستومە کەقاسملۆ و غەنی بلوریان و شێخ عیزەدین، داوایان کردووە کەبارزانی و کوردە عێراقیەکان

لەئێران دەربکرێن، ئەم کارە لەئێوە بەدوور بوو)، گوتم: من ئێستا دووڕم بەڵام بڕوا ناکەم برادەرانی ئێمە ئەو کارەیان کردبێ، ئێمە ڕەخنەمان لەسیاسەتی ئێوە هەبووە، بەڵام قەت دژی کورد و بزوتنەوەی کوردایەتی نەجوڵاوینەوە، ئێستا بڕوا ناکەم دکتۆر قاسملۆ شتی وا بکات، پاشان کاك مەسعود گوتی: (ڕەنگە بچییە لوبنان ئەگەر چاوت بەفەلەستینیەکان کەوت، پێم خۆشە لەبارەی ئێمەوە قسەیان لەگەڵ بکەی، ئێستا لەسیاسەت و هەڵوێستی ئێمە ئاگادار بووی، ئێمە بۆ هاوکاری ئەوان ئامادەین)، قسەکانی کاك مەسعود جێگای هومێد بوون، هەربۆیەش لەگەڕانەوەمدا بۆ ئێران بەتەواوی لایەنگری دۆستایەتی و یەکێتی حیزبی دیموکرات و پارتی بووم، کاك مەسعود ئادرێس و تەلیفۆنی کەرەجی دامێ گوتی: (ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ تاران تکایە تەلیفۆنم لێ بکە)، من لەقبرس بووم لەگەڵ کاك مەسعود وەدەر کەوتبووین چاومان بەڕۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی کەوت کەلەژمارەی (١٧٤٣–١٩٧٩/٢/٢٥) دەقی نووسراوەی منی بەعەرەبی لەژێر ئەم ناونیشانەدا چاپ کردبوو کەوا وەرگێڕاوەکەی لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:

(حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پشتگیری لەحکومەتی شۆڕشگێڕی ئێران دەکا بەڕێبەرایەتی خومەینی و هیوای بەوەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد هەیە، لەبێروت بەیاننامەیەك لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەئیمزای کەریمی حسامی جێگری سکرتێری گشتی حیزب بڵاوکراوەتەوە کەئەوەی هەواڵدەرەکانی هەندەران لەسەر وەزعی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکەنەوە مەحکومی دەکا و پشتگیری لەحکومەتی شۆڕش لەئێران رادەگەیەنێ، لەبەیاننامەکەدا گوتراوە: (هێندێ رادیۆ و هەواڵدەری بێگانە دەنگ و باسێك لەبارەی وەزعی کوردستانی ئێران بڵاو دەکەنەوە کەنەك هەر راست نییە بەڵکو شێواندنی تەواوی بارودۆخی راستەقینەیە و تەقەڵایە لەلایەن پڕوپاگەندەی

رۆژئاواوە بۆ تێکدانی یەکێتی گەلانی ئێران و شاردنەوەی راستەقینەیەکە ناکرێ لەبیر بچێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەرژێمی شا و هێزە کۆنەپەرستەکان ماوەی ٣٥ ساڵ گەلی کورد و حیزبی دیموکراتیان چەوساندۆتەوە و سەرکوت کردووە، حیزبی ئێمە یەك لەو حیزبانەیە کەلەسەرەتاوە روخانی رژێمی پاشایەتی بەستراتیژی خۆی داناوە و لەبەرنامەی حیزبدا هاتوە: (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەبات دەکا بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری شا و دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی و دیموکراتی و ئازاد و دژ بەئیمپریالیزم) حیزبی ئێمە جارێکی تر پشتیوانی خۆی لەهەنگاوە پێشکەوتوەکانی حکومەتی شۆڕش بەرابەرایەتی خومەینی رادەگەیەنێ و هەموو تەقەلاّیەکی تێکدەرانەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بۆ تێکدانی هاوکاری نێوان گەلانی ئێران مەحکوم دەکا، هەر وەك بەدرێژایی خەباتی دوور و درێژ ئەم پلەو پایەی مەحکومی کردووە، گەلی کورد لەئێران کەچەوساوەی دەستی رژێمی شا بووە نەك هەر ئامادە نییە ببێتە قوربانی ئاژاوە و پلانی ئیمپریالیزم، بەڵکو وەك بەشێکی کاریگەری خەباتی گشتی گەلانی ئێران و هێزێکی تەکانەری پاککردنەوەی دەزگای ساواك و کۆنەپەرستی لەسەرانسەری وڵات دا دەمێنێتەوە، ح.د.ك.ا دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کەلەسایەی یەکێتی گەلانی ئێرانەوە وەدەست هاتوە هیوادارە لەرژێمی کۆماری ئیسلامیدا گەلی کورد بەمافی نەتەوایەتی خۆی بگات، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کەدابین کردنی ئەو مافە دەبێتە هۆی یەکێتی گەلانی ئێران و بناغەیەکی پتەو بۆ پاراستنی رژێمی کۆماری و کۆسپی سەر رێگای پەلەقاژەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، لەبەرئەوە ئێمە جارێکی دیکەش هەموو تەقەلاّیەکی دژی حکومەتی ئێستا مەحکوم دەکەین و پشتیوانی خۆمان لەئیمامی خومەینی رادەگەیەنین).

رۆژی ٧٩/٢/٢٦ گەڕامەوە بۆ سۆڤیا شەو تەلیفۆنم کرد بۆ تاران و لەگەڵ کاك سمایلی ئاهنگەری ژن برام قسەم کرد، پاش بیست ساڵ بۆ هەوەڵین جار خێزانم لەگەڵ بۆ برای گوێیان لەیەکتر دەبوو، رۆژی هەوەڵی مانگی مارسی ١٩٧٩ ئەبو هشام لەبێروتەوە لەلایەن رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینەوە تەلیفۆنی کرد و گوتی: (لەلایەن رێکخراوی فەتحەوە بەرەسمی داوەت کراوی کەبێیە بێروت، چاوت بەئەبو عەمار دەکەوێ لەوانەیە سەبارەت بەمەسەلەی کورد نامەش بۆ خومەینی بنووسێ، بەنوێنەری خۆمان لەسۆڤیا گوتراوە پێوەندیت لەگەڵ بگرێ و رۆژی هاتنت بەئێمە رابگەیەنێ)، رۆژی دوایش کاك سەلاح بەدردین تەلیفۆنی کرد گوتی: (لێرە رێکخراوی فەتح چاوەڕوانتە هەتا زوو بێی دڕەنگە)، ئیتر نەدەکرا راوەستم، بەتایبەت کاك حەمەدەمینی سیراجی خەبەری بۆ ناردم کەگیر نەبم بگەڕێمەوە، لەسۆڤیا لەگەڵ کاك بەهادین نوری چاومان پێك کەوت، پێم گوت: مەسەلەیەکی ئاوایە، من دەچمە بێروت و لەوێشەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئێران.

گوتی: (کوڕە هەلێکی باشە، ئێمە دەمێکە خەریکین بچینەوە ئێران و لەوێشەوە بچینەوە کوردستانی خۆمان، بۆمان دەست نادا، کەوابوو بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێمەش لەگەڵ خۆت بەرە و بمانگەیەنەوە ئێران، دەرفەتی ئاوا قەت هەڵناکەوێ و نابێ لەکیسی بدەین)، فکرێکی باش بوو، ئەوەندە خزمەتەم لەدەست دەهات نەك هەر نەدەبوایە بیخەمە پشتگوێ، بەڵکو بەشانازیەوە دەبوایە ئەنجامی بدەم، هەر ئاواشم کرد، گوتم: زۆرباشە. نوێنەری رێکخراوی فەتح لەسۆڤیا تەلیفۆنی کرد گوتی: کەنگێ دەڕۆی تا خەبەر بدەم بەبێروت پێشوازیتان بکەن، گوتم: ئێمە پێنج کەسین، رۆژی ١١ی مانگ دەگەینە بێروت.

بەرەو بێروت و ئێران

رۆژی ۱۹۷۹/۳/۱۱ لەگەڵ ئەبو سەلام و کاك رەفیق سابیر و مەلا عەلی و برادەرێکی دیکەی ئەوان لەسۆفیاوە بێ پاسپۆرت سواری فڕۆکە بووین بەرەو بێروت، فڕۆکە لەئیستەنبول ٤٥ دەقیقە راوەستا هاتینە خوار لەفری شۆپی فڕۆکەخانە نازانم چم کڕیبوو چووم پارەکەی بدەم، کیژێکی جوانکیلە لەسەر سندوق بوو، منیش هەروا بەکوردی گوتم: پارەکەی چەندە، کیژەکە قوت بوو، پاشان گوتی: (تە کرمانجی!).

– ئەرێ کرمانجم، تەش کرمانجی؟

– ئا... ئەزیش کرمانجم... تە زانی مەلا مستەفا مردیە... دەستی کرد بەگریان...

من نەمزانیبوو، خەبەرێکی کوتوپڕ خورپەم لەدڵی هات زۆر ناڕەحەت بووم، لەبەر بێ خەبەری خۆم و هەست و سۆزی ئەو کیژە تاوێك مات بووم، پاشان پرسیم کەنگێ؟

– بەکوڵی گریانەوە گوتی: پێنج رۆژە.

لەفڕۆکەخانەی بێروت ئەبو هشام و کاك سەلاح بەدرەدین چاوەڕوان بوون، نامەیان بۆ پۆلیسی فڕۆکەخانە هێنابوو، سواریان کردین و چووینە بێروت، رۆژی دوایی رۆژنامەکانی بێروت سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ لوبنان بڵاو کردبۆوە، شەو گۆڤاری (النهاری دولی) وتووێژێکی دوور و درێژی لەگەڵ ساز کردم، رۆژنامەی کەیهانی تارانیش دەقی وتووێژەکەی بەرەسمەوە بڵاو کردبۆوە، بەداخەوە دەقی وتووێژەکە بەدەستەوە نییە کەبڵاو بکرێتەوە، رۆژی دوایی بەگوێرەی بەرنامەیەکی بۆیان دانابووم چاوم بەئەبو ئەیاد (سەلاح خەلەف) کەوت، لەسەر بارودۆخی ئێران و مەسەلەی کورد بەدرێژی

قسەمان کرد، ئێوارێ بردیانم بۆ لای ئەبو جیهاد (خەلیل وەزیر) بەگوێرەی بڕیار دەبوایە چاوم بەیاسر عەرەفات بکەوێ، شەوی ۷۹/۳/۱۳ سەعات ۱۱ی شەو سواری ماشێنێکیان کردم پاش سوڕانەوەیەکی زۆر بەکوچە و کۆڵانی بێروت دا بردیانم بۆ خانوبەکی پڕ لەچەکدار و گەمارۆدراو لەژوورێك دایاننام و قاوەیان هێنا، زۆری پێ نەچوو یاسر عەرەفات وەژوور کەوت، بەرووخۆشی بزەی لەسەر لێو لەئامێزی گرتم و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، دانیشت و لەسەر وەزعی کوردستان، خاك و خەڵك و ئاو و هەوا، پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان و حیزبە کوردیەکان دەستی کرد بەپرسیاران، پاشان گوتی: (ئێوە لەکوردستانی ئێران سێ ئەوەندەی ئێمەن، لەفەلەستینیش کورد هەن لەقەدیمەوە نیشتەجێ بوون و ئێستاش هەر خۆ بەکورد دەزانن، پاشان گوتی: لەسەفەری خۆم بۆ تاران لەگەڵ خومەینی باسی کوردەکانم کردووە و پێم گوتوە ئەگەر دەتەوێ پشتت قایم بێ لەگەڵ کوردەکان رێککەوە، من ئامادەم بۆ بەریوانی بێمە ئێران و بێمە کوردستانیش، چەند رۆژی تر دەستەیەکی نوێنەرایەتی ئێمە دەچێتە تاران من نامە بۆ خومەینی دەنووسم، تۆ دەتوانی لەتاران چاوت بەنوێنەری ئێمە بکەوێ).

من لەگەڵ سوپاس لەهەڵوێستی ئەبو عەمار گوتم: ئێمە بۆ سەفەری تاران نەپاسپۆرتمان هەیە و نەویزا.

گوتی: (پێنج پاسپۆرتیان بدەنێ، نامەش دەنووسم کەڤیزاتان بدەنێ، لەگەڵ حکومەتی ئێران وامان داناوە کەتەنیا بەنامەی من ڤیزای ئێران بدەن، پاشان گوتی: بلیتی فڕۆکەشیان بۆ تاران بۆ بکڕن).

من کلێتەیەکی مەرەزی سووری زۆر جوانم هەبوو کاتی خۆی سەید عەبدولقادری کوڕی حاجی سەید عەولا ئەفەندی بەدیاری بۆی ناردبووم، کلێتەکەم پێشکێش

کرد و گوتم: ئەوە دیاریەکی بچوکی کوردییە، هەستا لەسەری نا و چووە بەر ئاوێنە و گوتی: (عظیم هذا مال مقاتلین) واتە: ئەوە ئی پێشمەرگانە.

گوتم: ئەوە ئی ئەفسەری پێشمەرگانە، تۆش وەک ئەفسەرێک لێت دەوەشێتەوە، پاشان باسی مام جەلالی کرد رەسمێکی مام جەلالی هێنا دەرێ گوتی تازە بۆی ناردووم، من قسەکانی کاک مەسعود بارزانیم لەگەڵ باسکرد.. لەوەڵامدا گوتی: (ئەگەر ئەوان دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەیانێک دەربکەن، ئێمە ئامادەین پێوەندیان لەگەڵ بگرین و هاوکاریان بکەین).

شەو درەنگ مالئاوایم لێ کرد و گەڕامەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم لەو چاوپێکەوتنانەدا کاک سەلاح بدرالدینم هەر لەگەڵ بوو، لەلەنگ و لۆری زمانی عەرەبیش یاریدەی دەدام.

لەرۆژەکانی دواییدا چاوم کەوت بەنایف حەواتمە، جۆرج حەبەش، وەلید جونبولات، برایم قەلیلات و کاک عیسمەت جاوید ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی لوبنان، لەگەڵ هەموان وەزعی ئێران و کوردستان و حیزبی دیموکراتم باس کرد، رۆژی ١٩٧٩/٣/١٧ پاسپۆرت و ویزای ئێران و بلیتی فڕۆکە بۆ هەموومان ئامادە بوو، رۆژی ٣/١٨ لەبێروتەوە بەرەو تاران کەوتینەڕێ، دەبوایە رۆژێک لەیۆنان بمێنینەوە فڕۆکە بگۆڕین، پاش ئەوەی لەفڕۆکە هاتینە خوار، بردیانین بۆ هوتێل (کنگ پلاس) و لەسەر حیسابی شیرکەتی فڕۆکەوانی شەو لەوێ ماینەوە، دوای نیوەڕۆ بوو بۆ تەماشای هێندێ شوێنی مێژوویی یۆنان چوینە نێو شار، زۆر حەیفە مرۆڤ رێی دە یۆنان بکەوێ و لەئاتێن نەچێتە تەماشای ئەو هەموو شوێنەوارە مێژووییە و سەیری ئەو هەموو پەیکەر و کارە هونەریانە نەکات، ئێمەش لەنێو شار دەگەڕاین و تەماشای دوکان و فرۆشگا جوانەکانمان دەکرد، کاک رەفیق سابیر گوتی: (ئەم دوکانانە چەندە پڕ و جوان و رێک و پێکن، بەڵام

حەیف بەدەست چینی کرێکارەوە نین)، گوتم: هاوڕێ راست دەکەی، جا ئێستا ئەوانە بکەونە دەست چینی کرێکار، بەتاڵ بکرێن، هیچیان تێدا وەگیر نەکەوێ خەڵک لەپشت دوکانەکان بۆ کڕینی شتومەک بەسەف راوەستن و وەدەستیان نەکەوێ.

– ئای... هاوڕێ چۆن شتی وا دەڵێی.. کردمان بەگاڵتە و پێکەنین.

شەو لەئاتینەوە تەلیفۆنم کرد بۆ کاك جەلیلی گادانی و پێم گوت کەسبەی لەیۆنانەوە دەگەمە تاران، رۆژی ۱۹۷۹/۳/۱۹ لەئاتین سواری فڕۆکە بووین و پاش چەند سەعات لەتاران دابەزین، لەبەر ئەوەی پاسپۆرتی فەلەستینیمان هەبوو، لەفڕۆکەخانەی تاران بێ پرسیار و پشکنین هاتینە دەر، کاك جەلیلی گادانی لەگەڵ زۆر لەبرا کوردەکانی دانیشتوی تاران لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانمان بوون، دوای چاك و خۆشی و بەخێرهێنان و پێك شاد بوونەوە چوویینە ماڵی کاك جەلیل و نەورۆزی ساڵی ۱۳۵۸–مان لەماڵی کاك جەلیل و لەمیواندارییەکی شازی کوردانەدا بردە سەر، رۆژی دوایی ئەبو سەلام و برادەرانی چوون بۆ هوتێل شەرافەت، خزمێکی خێزانم لەو هوتێلە بوو ئەسپاردم کەخزمەتیان بکا.

رۆژی هەوەڵی بوونم لەماڵی کاك جەلیل ئەوەی پتر سەرنجی راکێشام ئاخافتن و قسەکردنی کاك جەلیلی گادانی بوو بەتەلەفۆن، بەراستی سەرم سوڕمابوو، نەمدەزانی ئەو برادەرە چۆن بەکارەکانی تر و بەخواردن و خەو رادەگەیشت، تا ئێستا نەمدیبوو کەسێك بەتەلیفۆن ئەوەندە وەختی خۆی بەچاك و خۆشی و بەئەحواڵ پرسی زایە بکا، زۆرم دیبوو کەعەرەبەکان پتر لە دەجار (شلونك، بعد شلون و شلون ئەحوال) دووپات دەکەنەوە، بەڵام دیسان هەر نەدەگەیشتنە کاك جەلیل، هەتا خودا و راستان لەسوید کاك فەهد گەردەوانیم دیت کەدەستی کاك جەلیلی لەپشتەوە بەستبوو.

لەتاران زۆر لەناسیار و نەناسیاوی کورد دەهاتنە لام و بەدیداریان شاد دەبووم، رۆژی دوایی کەگەیشتمە تاران کاك فەتاحی قادری بۆ کاك هەباسی ماسوێ کەلەبەرگی یەك و دووی بیرەوەرییەکانمدا باسی جوامێری و پیاوەتی ئەو هاتوە هاتە لام، پاش چاك و خۆشی و باسی ولّات سویچی ماشێنەکەی لەپێش من دانا و گوتی: (تاران زۆر قەرەبالّغە، تاکسی و ئوتوبوس کەم دەست دەکەوێ، تۆش چوونە دەر و هاتوچۆت دەبێ، ماشینەکەی من لەئیختیارت دابێ تا دەچیەوە مەهاباد و ئەگەر ویستت بینێرەوە دەنا با لەخزمەتت بێ)، لەگەلّ سوپاس بۆ هەستی ئەو برادەرە ماشێنەکەم بردەوە مەهابادیش و نەغەدە و شنۆ و ماوەیەکی زۆر لەلام بوو تا چوومەوە تاران.

پاش یەك دوو رۆژ ئەبو سەلام گوتی: دەمەوێ سەرێکی دەفتەری حیزبی تودە بدەم، شارەزا نیم، پێم خۆشە ئەگەر لەگەلّم بێی، چوونە دەفتەری حیزبی تودە، عەمویی لەوێ بوو، باسی وەزعی ولّات کرا و هاتینە سەر باسی کوردستان و حیزبی دیموکرات، عەمویی گوتی: (ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەحیزبێکی دیموکراتی میللی پێشکەوتوخواز دەزانین و بەهاوسەنگەری خۆمانی دەناسین، بەهەموو تواناوە پشتیوانی لێ دەکەین)، ئەو قسانە ئەو دەم بۆ یەکێتی خەبات جێگای هومێد بوون، بەلّام پاشان دەرکەوت هەر قسە بوو، یا ئەودەم بەتەواوی بۆ خنکاندنی خۆیان پەتیان نەدابوە دەست خومەینی.

کاك سمایلی ئاهنگەری ژن برام هاتبوە تاران و پاش ۲۰ سالّ بەدیداری یەکتر شاد بووین، رۆژی ۲ی خاکەلێوە ۱۹۷۹/۳/۲۳ لەگەلّ کاك جەلیلی گادانی و چەند برادەری مەهابادی و ئەبو سەلام و هاوڕێکانی بەسواری چەند ماشێنی تایبەتی بەرەو مەهاباد کەوتینەڕێ، شەو درەنگ گەیشتینە بیجار، تفەنگچی نێو شار رایان گرتین، پاش پرسیار و لێك شارەزا بوون بردیانین بۆ هوتێلێك و شەو لەوێ

ماینەوە، بەیانی زوو بەرەو سەقز کەوتینەڕێ، ئەو دەم لەسنە شەڕ دەست پێ کرابوو، لەنێزیک دیواندەرە ماشێنێك راوەستابوو، کابرایەکی مێزەر بەسەر دەستی هەڵێنا و خەبەری شەڕی سنەی پرسی، کابرا لەمێزەری سپی وەمەلایان دەچوو، لەریش و پەشمی سۆفی بوو، لەپۆشناخی و چاکەت و پاتۆڵی لەکوڕە ئاغایانی دەکرد، لێمان پرسی چکارەی بۆ کوێ دەچی؟ گوتی: نان و خواردەمەنی بۆ پێشمەرگەکانی سنە دەبەم شارەزا نیم، ئێتر ئێمە بەجێمان هێشت و نەمانزانی داخوا گەیوەتە سنە یان گەڕاوەتەوە.

بەیانی تاو هەڵاتێ گەیشتینە سەقز و چووینە ماڵی کاك عەزیزی مامڵێ، ئەو دەم کاك عەزیز لەوێ خەریکی کاری پارێزەری بوو، کاك سەلیمی بابان زادە و مستەفا خانی شێخ ئاغایی لەگەڵ چەند برادەری تر بۆ بەخێرهێنانەوەمان لەبۆکانەوە هاتبوونە سەقز، پاش نان و چا خواردن لەماڵی کاك عەزیزی مامڵێ چووینە دەفتەری حیزبی دیموکرات، دیتم مامە قالەی دەباغی ئەوا لەکۆمیتەی حیزبی هەڵدەسووڕێ، دوای ٣٥ ساڵ مامە قالەم دیتەوە کەلەبەرگی یەکەمدا باسی قادری دەباغیم کردووە کەچووبوو برادەرانی کۆمیتەی حیزبی ئاگادار بکا کۆبینەوە رۆیشتبوو هەتا ئەودەم چاوم پێ نەکەوتەوە، برادەرانی کۆمیتەی حیزبی گوتیان: ئەندام و لایەنگر و لاوەکانمان ئاگادار کردوە ئێستا کۆبوونەوە و چاوەڕوانن بچیە نێویان، ناچار دەگەڵ برادەران چوومە کۆبوونەوە برادەران، لەسەر بارودۆخی تازەی وڵات، ئەرکی ئەندامانی حیزب و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك بەدرێژی قسەم کرد، دانیشتنێکی خۆش و برایانە، دوای وێنەگرتن و حەسانەوە کەوتینەڕێ و لەبۆکان چووینە رێکخراوی حیزب، برادەرانی ئەندامی کۆمیتەی بۆکان زۆریان ئەو کەسانە بوون کەیەکتریان دەناسی و کاتی خۆی پێکەوە کارمان کردبوو، شادی و هەستێکی شۆڕشگێڕانە لەم چاوپێکەوتنانەدا مەوجی دەدا، لەبۆکانەوە

هێندێ لەبرادەران رەگەڵمان کەوتن بەرەو مەهاباد، گەلێك لەدۆست و برادەر و ئەندامانی حیزبی هاتبوونە سێ رای میاندواو، لەوێ ماشێنەکان راوەستان و بەخێرهاتن و ئامێز و ماچ دەست پێکرا، دوای چاك و خۆشی و ئەحوالپرسی و وێنەگرتن سوار بووین بۆ مەهاباد، زۆر لەخزم و دۆست و برادەرانی قەدیمی هاتبوونە دەروازەی شار، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێجگە لەمەلا سمایلی حاجی هیچیان نەهاتبوون، هەرچەند کاك جەلیل خەبەری دابوو، بەڵام لەجیاتی هاتن دکتۆر قاسملۆ بەکاك حەمەدەمینی سیراجی گوتبوو: (کاك کەریم بۆ هاتۆتەوە خۆ ماوەی هەڵپەساردنی تەواو نەبوو).

حەمەدەمین گوتبووی: (کارێکی زۆر باشی کردووە من خەبەرم داوەتێ گیر نەبێ بگەڕێتەوە، دەبوایە زووتریش بێتەوە)، بەکورتی پاش ٢٠ ساڵ و ٩٥ رۆژ گەیشتمەوە نیشتمانی خۆشەویست و داخ و دەردی دوور وڵاتیم لەبیر بردەوە، دیارە مرۆڤ هەمیشە لەباری بۆچوون و بڕیار و هەڵوێستەوە بەقەولی برایانی هەولێری تەواو نییە، دەنا حەق وابوو بەر لەهەموو شت راست بچمە سەر ئارامگای پێشەوا و زیارەتی بکەم دوایە بچمە دەفتەری حیزب، بەڵام بەداخەوە ئەوەم نەکرد و یەکسەر چوومە دەفتەری حیزب، ئێتر ناسیاو نەناسیاو حیزبی و غەیرە حیزبی بۆ بەخێر هێنانەوەم رووبان کردە دەفتەر و جێگا نەدەبوو، زۆر کەسم نەدەناسیەوە بەڵام هەستم بەو شانازیە دەکرد کەخەڵك بەخزمەتکاری گەلم دەزانێ، دوای نیوەڕۆ چووینە مالّی کاك جەلیلی گادانی، تازە دانیشتبووین لەنێو شاری بوو بەتەقە و دەسرێژ، پاش پرسیاران گوتیان خەبەر هاتوە کەسنە گیراوە، هێندێ کەسی چەکدار و بێ مەسئولیەت لەخۆشیان تەقەیان دەست پێ کردووە، لەکاتێکا نە سنە گیرا بوو نە هیچ خەبەر هەبوو، بۆم دەرکەوت کەلەنێو شاردا کەس بەکەس نییە و وڵاتی بێ نەزم و دیسیپلینە.

لەمالّی کاك جەلیل لەئێوارەوە تا دوای نیوەشەو بێ پسانەوە دەستە دۆست و ناسیار و خەلّکی تر دەهاتن و بەدیداریان شاد دەبووم، زەحمەت و میوانداری ئەو شەوەی مالّی کاك جەلیلی قەت لەبیر ناچێتەوە، من راست ئەو رۆژە گەیشتمەوە مەهاباد کەحیزبی دیموکرات و کۆمەلّە و شێخ عیزەدین کۆببوونەوە کەلەسەر بەشداری لەریفراندۆم دا وتوێژ بکەن، کۆمیتەی ناوەندی پێشتر لەسەر ئەو باوەڕە ببوو کەلەرفراندۆمدا بەشداری بکا، بەلّام ویستبوویان لەگەلّ مامۆستا و کۆمەلّەش باسی بکەن و هەموو پێکەوە لەسەر بڕیارێك ساخ بنەوە، دیار بوو لەکۆبوونەوەدا نەیانتوانیبوو بگەنە یەك، بەلّام جەنابی مامۆستا شێخ عزەدین لەژێر تەئسیر و فەرمانی کۆمەلّەدا بەبێ پرس و ئاگاداری حیزبی دیموکرات نووسراوەیەکی بلّاوکردبۆوە بەشداری لەریفراندۆمدا تەحریم کردبوو، بەیاننامەی مەلا شێخ عزەدین ئەوەندە کوت و پڕ و بێ لێکدانەوە بوو کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی وڕ کردبوو، لەلایەك پێشتر لایان وابوو کەلەریفراندۆمدا بەشداری بکەن، لەلایەکی تر بەو مەبەستە کەنەیاندەویست لەکوردستان دووبەرەکی و ناکۆکی ساز بێ لەبەرانبەر ئەم هەنگاوەی جەنابی مەلادا دەستیان بەردانەوە و بڕیاریان دا دەستەیەکی نوێنەرایەتی بنێرنە تاران تا چاوی بەخومەینی بکەوێ و پاشان بڕیاری ئاخری بدەن، لەکاتێکا بەیاننامەی مامۆستا شێخ عزەدین لەلایەك یەکەم هەنگاوی نانەوەی ناکۆکی بوو لەکوردستان و یەکەم هەنگاویش بوو لەلایەکی تر بۆ پساندنی هەموو مەودایەکی رێککەوتن لەگەلّ خومەینی.

مالّی وسێن مەراغەیی

پاش ئەوەی کەتا دوای نیوەشەو دۆست و برادەران بۆ پێوە هاتن مالّی کاك جەلیلییان تۆشی ماندووبوون و زەحمەت کردبوو، وسێن ئاغای ئەحمەدی ناسراو بە (وسێن مەراغەیی) هەستا و گوتی: (دەبێ بچینە مالّی ئێمە). هەرچەندی کاك

جەلیل و براکانی هەولێیان دا کەفەرقی نییە و ئێرەش هەر مالّی خۆیەتی، وسێن ئاغا پێی چەقاند و جانتا و جەمەدانی هەلّگرتن و چووینە مالّی وسێن مەراغەیی، کاتێك پێش ٢٠ سالّ وسێن ئاغام بەجێ هێشتبوو، تاقە منداڵێکی هەبوو لەخانوی کرێ دا دەژیا، ئێستا کچێك و دوو کوڕی زیاد کردبوون و سەرەڕای زیندانی و کوێرەوەری مالّێکی گەورە و چەند ژووری فەڕشکراو و خاوێنی پێکەوە نابوو.

مالّی وسێن ئاغا ئیتر نەك هەر بوو بەمالّ و شوێنی حەسانەوەم بەلّکو بوو بەبنکەیەکی ئاوەدانی سیاسیش، شەو و ڕۆژ بێ پسانەوە لەشار و لەگوند و لەشارەکانی تری کوردستانەوە دۆست و برادەر پێمەوە دەهاتن و باس و بازاڕی سیاسەتیش هەمیشە گەرم بوو، سەماوەری مالّی وسێن ئاغاش قەت هەلّنەدەگیرا و بۆ خۆی و کوڕەکانی لەخزمەتی ئەم خەلّکەدا بوون، ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو خۆشتر و میهرەبانتر بوون، من ماوەی سالّێك هەموو زەحمەت و ژیانم لەسەر مالّە وسێن ئاغا بوو، لەو ماوەیەدا ژوورێکی بۆ من فەرش کردبوو، کوڕەکانی و بۆ خۆی خزمەتی میوان و دۆست و برادەریان دەکرد، زۆرجار زێنەبە خاتونی خێزانی دەیگوت: (کاك کەریم بەقوربانت بم ئەوە بۆ میوانداری ناکەی، بۆ ئەو دۆست و برادەرانەت داوەت ناکەی، ئەدی ئێرە مالّی خۆت نییە؟)، ڕاستیشی دەکرد من بێجگە لەمالّی وسێن ئاغای هیچ جێگا و مالّ و حالّی دیکەم نەبوو، برادەرانی تر کەلەئاوارەیی گەڕابوونەوە لەماوەك یەك دوو مانگدا شوکر هەموویان ببوونە خاوەن خانوو مالّ و ژیانی تێر و تەسەل، منیش لەسەر مالّان لەخزمەتی خەلّکدا بووم، با لەگەلّ سوپاسی بێ پایان بۆ هێندێ لەدۆست و برادەرانی قەدیمی کەبەداخەوە ناکرێ ناویان بێنم کەپارەی نەغدیان لەپاکەتدا بۆ دەهێنام، لەگەلّ سوپاس بۆ خانمێکی کۆنە ناسیارم کەلەباری پارە و لیباس و فەرش و نوێنیش لێم خافلّ نەبوو ئەو باسە کۆتایی پێ بێنم، چونکە ئەگەر هەموو کتێبەکە لەسەر

جـوامێری و خزمـەتگوزاری مـاڵی وسـێن ئاغـا و پیـاوەتی هێنـدێ لـەو دۆسـت و برادەرانە بنووسم، هێشتا هەر کەمە و ناتوانم حەقی خۆیان بدەمێ.

رۆژی ٦ی خاکەلێوە لەگەڵ دوو سێ برادەری کۆنی حیزبی چوومە گوندی دارەلەك سەرەخۆشی قادری سۆفی هەمزە کەکوپی کوژرابوو، کاك قادر یەکێك لەئەندامانی هەرە تێکۆشەری حیزب بوو کەلەبەرگی یەکەمدا باسم کردووە، بەر لەهـەموو شـت دەبوایـە ئـەو کـارە بکـەم چـونکە داب و رەسمـی کـوردەواریم قـەت وەلا نـەناوە، دووەم لەنێو ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب دا تاقە کـەس بـووم کەئەنـدامانی کـۆنی حیزبیم دەناسی و کارم لەگەڵ کردبوون و پێویست بوو بەسەریان کەمەوە.

ئەودەم لەدانیشتنەکاندا بەداخەوە پتر باس هەر باسی تالآنی سـەربازخانە و راو و رووت و تفـەنگ دزیـن و لەبـەر یـەك هەڵتەکانـدنی ماشـێنە ئەرتەشـیەکان و تـالآن کردنی ئەنبارەکانی سەربازخانە بوو، لەنێو ئەم باس و خواسـانەدا زۆر لەدۆسـت و برادەران دەیانگوت: (چاك بوو لەکاتی تالآن و برۆی سـەربازخانەدا لێـرە نـەبووی، دەنا ئێستا تۆش دەکەوتیە سەر زار و زمانان)، راستە لـەوێ نـەبووم، بـەڵام خـوڵا هەڵناگرێ بـێ بەشـیش نـەبووم، چـونکە کـاك مـەلا رەسـوڵی پێشـنماز شـەوێکیان پێمەوە هات و تفەنگێکی ژێ سێی جوانی بۆ هێنا بـووم، برایـەکی خۆشەویسـت و دۆستی ئازیزم کاك عومەر ئەویش تفەنگێکی کلاشینکۆفی بـەدیاری دابوومـێ، لـەو تفەنگانە یەکیان دراوە بەهێزی پێشەوا و یەکیشـم فرۆشـت بـۆ خـەرجی سـەفەری ئەوروپا ساڵی ١٩٨٢.

سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزب بۆ تاران

رۆژی ١٩٧٩/٣/٢٨ دەستەی نوێنەرایەتی ح.د.ك.ا بەسەرۆکایەتی سکرتێری حیزب بۆ چاوپێکەوتنی خومەینی چووە تاران، بێجگـە لەغـەنی بلوریـان و حەمـەدەمینی

سیراجی و دکتۆر قاسملۆ ئەوانی تر هیچیان ئەندامی رێبەرایەتی حیزب نەبوون، پاش ئەوەی چاویان بەخومەینی دەکەوێ و بۆیان نایەتە رەدایە، بێ ئەوەی بێنەوە لەکۆمیتەی ناوەندی دا مەسەلەکە باس بکەن، رایانگەیاند کەلەرێفراندۆمدا بەشداری ناکەن، یانی هەوەڵین بەردی بناخەی ناکۆکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانا.

پاش ئەوەی چەند رۆژێك لەمیوانان سەرم سوك بوو بۆ سەردانی خوشکم چوومە سندووسی، شەو درەنگ سێ چوار ماشێن برادەرانی نەغەدە لەگوندی داشدۆرگە پەیدا بوون، گوتیان هاتووین کەبەیانی بێیە نەغەدە، خەڵك هەموو ئاگادار کراوە و بەیانی زوو عالەمێکی زۆر دێ بۆ سی ڕای محەمەدیار، ئەوان شەو گەڕانەوە، بەیانی کاك مستەفای ئاغا مەجید و کاك سەعید کوێستانی و هەشت نۆ کەسی تر لەسەر چا خواردنەوە گەیشتنە دورگە، لەسێ رای محەمەدیار پتر لەپەنجا ماشێن قەرەپەپاخ و کورد لەنەغەدەوە هاتبوون و راوەستابوون، کەگەیشتینە وێ دابەزیم و لەسەر ماشێنێك بەوتارێکی گەرم بەخێرهاتنی خەڵکم کرد، ئاڵقە گوڵێکیان هێنابوو کردیانە ملم، بەرەو نەغەدە کەوتینەڕێ.

زۆری مابوو بگەینە دەفتەری حیزب لەبەر قەرەباڵغی و زۆری خەڵك ئیتر رێگای ماشێن نەبوو، دابەزین و بەپێیان چووینە دەفتەری حیزبی دیموکرات، کۆبوونەوەی خەڵك لەپێش دەفتەری حیزب دا لەرادەبەدەر بوو، برادەرانی دەفتەر پێشنیاریان کرد کەوتارێك بدەم با خەڵك بڵاوەی بکا، کەهاتمە دەر ئاڵقە گوڵێکی دیکەیان هێنا و کردیانە ملم، بەشی زۆری وتارەکەم بۆ پێویستی یەکێتی کورد و تورك لەسندوس تەرخان کرد، زۆر بەگەرمی پێشوازی لەقسەکانم کرا، پاش وتار و حەسانەوە، چوینە ماڵە کاك ئەحمەدی خەزورم، کاك ئەحمەدی پیرمەندی نەك هەر خەزورم بوو بەڵکو دۆست و برا و هاوکاری قەدیم و تێکۆشەرێکی ناسراوی

رێگـای ئـازادی و دژ بـەخرافات و کۆنەپەرسـتی بـوو، نـان و چێشـتێکی هـەراوی کوردانە بۆ سەد کەس ساز کرابوو، نێزیکەی شێست حـەفتا کـەس لەسـەر سـفرە لێك کۆببووینەوە و یەك لـەو رۆژانـەی جێگـای شـانازی مـن بـوو، دەسـتە دەسـتە خەڵك بۆ بەخێرهاتن دەهات و دەڕۆی، لەگوندەکانی دەوروبەری نەغەدە بـرادەران دەهاتن، لەورمێ وە هەر ئەو رۆژە جەنابی مەلا سالّحی ئیمامی مزگەوتی سـوننیان و کاك یوسفی کورد نیژادی نیشتمانپەروەر بـۆ بـەخێرهێنانم تەشـریفیان هێنـابووە نەغەدە.

سەفەر بۆ تـاران

دوو سێ رۆژ لەنەغەدە گیر بووم برادەرانـی حیزبـی لەشـار و لەگونـد و لەناوچـەی شنۆیە دەهاتن و لەسەر وەزعی خەبات و رێبازی حیزب باسیان دەکرد، لەنەغـەدە دوای راپەڕینی خەڵك لەجیاتی هەنگاونان بۆ یەکێتی کـورد و قەرەپـەپاخ بناخـەی دووبـەرەکی و ئاژاوەنانـەوە دارژابـوو، دوو کۆمیتـەی جیـاوازی کـورد و عەجـەم لەشـاردا پێـك هـاتبوو، لـەنێو کـورد و عەجـەم کەسـانی هەڵەشـە و گێرەشـێوێن دەسـتیان هـەبوو، دکتـۆر قـاسملۆ هێنـابووی رەحمـانی حـاجی ئەحمـەدی بـەبێ ئەوەی رۆژێك رابردووی سیاسـی و تێکۆشـانی حیزبـی و خـەباتی هـەبێ کردبـووی بەبەرپرسی رێکخراوی حیزب لەنەغەدە، ئەوانەی زیندان و دوورخستنەوە و شـەقی ژاندارم و ساواکیان لەسەر خـەبات و تێکۆشـان وێ کـەوتبو دەبوایـە گـوێ راگـری بەرپرسی داسەپاوی دکتـۆر قـاسملۆ بـن، میلاکـو معیـار بـۆ دکتـۆر قـاسملۆ گـوێ لەمسـتی و نۆکـەری سـفەتی بـوو، نـەك رابـردووی تێکۆشـان و خـەبات، یـان کـاك سـەلیمی بابـانزادەی کردبـوو بەبەرپرسـی رێکخـراوی حیزبـی لـەبۆکان کـەرۆژێك نەیزانیبوو حیزبایەتی چییە و خـەبات و تێکۆشـان یـانی چـی، ئـی کـاك سـەلیمی هەرچۆنێك بێ بیانویەکی بۆ دادەتاشرێ، چونکە ماڵەکەی ئـەو ببـوە مزڵـی دکتـۆر

قاسملۆ واتە دەفتەری حیزب و مەکۆی کۆبوونەوە و هاتووچۆ و قەرەبالّغی لەرادەبەدەر، زەحمەت و خەرج و خواردنی ئەو هەموو عالەمەش لەسەر مالّی ئەو بوو، جا دەبوایە لەبەرامبەر ئەو هەموو فیداکاری و زەرەری ماددی دا سەرەپەتێکیشی لەحیزبی دیموکراتدا بەدەستەوە بێ، لەشوێنی دیکەش هەروا، کەریم حەداد کرابوو بەفەرماندەی هێز هەر لەبەر ئەوەی چەند سالّ رای کردووە و لەقەلّادزێ ژیاوە و... هتد.

پاش ئەوەی لەنەغەدە هاتەوە مەهاباد ئەمجار زۆر لەئەندامانی کۆنی حیزبی لەگەلّ چەند مامۆستا و رووناکبیر کەپێشتر دەیاننناسیم دەهاتن و دەیانپرسی: (بۆچی تۆ لەگەلّ دەستەی نوێنەرایەتی حیزب نەچوویە تاران؟)، پێم دەگوتن من ئێستا هەلّپەسێراوم، پرسەکەیان وردە وردە بوو بەپێشنیار بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی تازە و پچڕان لەحیزبی دیموکرات، من لەهەموو ماوەی تێکۆشانمدا دژی دەستەبەندی و جیابوونەوە بووم، رەنگە لەکاتی دیاریکراودا هەلّوێستێکی باش و بەقازانج نەبووبێ، بەلّام لەت بوونم بەقازانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەزانیوە، بەو برادەرانەم دەگوت: دەبێ پشووتان لەسەرخۆ بێ، بێگومان ئەو بڕیارە هەلّدەوەشێتەوە، ئێستا زۆر لەو برادەرانە وەپێشتریش گلەیی دەکەن و بەخەتابارم دەزانن کەبۆچی لەپێکهێنانی رێکخراوێکی جیاواز لەحیزبی دیموکرات خۆم بواردوە.

پاش چەند رۆژ لەگەلّ یەک دوو برادەر سوار بووین و ماشێنی کاک فەتاحی قادریمان بردەوە تاران، ئەودەم دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات لەتاران بوو، چاویان بەخومەینی کەوتبوو بەناڕازی گەڕابوونەوە، شەو لەمالّی ئەحمەدی قاسملۆ کۆببوونەوە ئێستاش نازانم چۆن بوو منیش ئەو شەوە لەو کۆبوونەوەیەدا بووم، باسی ئەوە دەکرا کە لەریفراندۆم دا بەشداری نەکەن، من گوتم: با حیزبی

ئێمە نەکەوێتە ژێر تەئسیری بەیاننامەی مەلا شێخ عیزەدین، باشترە لەریفراندۆم دا بەشداری بکەین و خەباتی خۆشمان درێژە پێ بدەین، فایدەی نەبوو سێ برادەری بەڕپرسی حیزبی بێ بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریان دابوو، هەنگاوی قوڵکردنی ناکۆکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵێنابۆوە، ناچار بەتەنیا لەگەڵ مامە غەنی دوام و گوتم: وام پێ مەسڵەحەتە ئێمە لەریفراندۆم دا بەشداری بکەین، چونکە ئێمە بەشداری بکەین یا نەکەین خومەینی لەو ریفراندۆمەدا سەردەکەوێ، مامە غەنی لەوەڵامدا گوتی: (لەبەر ئەوەی مەلا شێخ عیزەدین ریفراندۆمی تەحریم کردوە ئەگەر ئێمە بەشداری بکەین لەکوردستان دوو بەرەکی پەیدا دەبێ)، ئیتر مامە غەنی نەیدەزانی مەلا شێخ عزەدین بەو بەیاننامەیە رێگای دووبەرەکی خۆش کردوە، یا پێیان کردوە، ناچار نامەیەکی درێژم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و قازانج و زیانی بەشدار بوون و نەبوون لەریفراندۆمدا شی کردەوە، نامەکەمدا بە کاك حەمەدەمینی سیراجی، بەداخەوە رووننووسی نامەکەم لێرەدا بەدەستەوە نییە کەبڵاوی بکەمەوە.

لەتاران لەسەر قەرارى پێشوو تەلیفۆنم کرد بۆ کاك مەسعود بارزانی، گوتی: (ئێستا ماشێن دەنێرم دەبێ بێیە ئێرە)، زۆری پێ نەچوو دیسان کاك عارف تەیفور هات، سوار بووم چوومە کەرەج، لەماڵی کاك مەسعود فراوینمان خوارد، کاك مەسعود گوتی: (ئێستا ئیدریس دێت، تکام ئەوەیە هەڵوێستێکی برایانەت هەبێ)، من قسەکانی کاك ئیدریسم لەسەر خۆم بۆ کاك مەسعود گێڕابۆوە، بۆیە تکای کرد کەبەچاوی دا نەدەمەوە، کاك ئیدریس هات بەخێرهاتنێکی گەرم و دەستمان کرد بەباسی وڵات و پاشان گوتیان: (پێمان خۆشە چاومان بەدکتۆر قاسملۆ و بەغەنی بلوریان بکەوێ)، پێشنیاریان کرد لەتاران لەگەڵیان باس بکەم و وڵامیشیان لێ بگێڕمەوە، زۆری پێ نەچوو مامۆستا هەژاری رەحمەتی هات چاك و

خۆشیەکی گەرمان کرد پاشان عەبدولوەهاب ئەتروشی و رەشید سندی و یەک دوو کەسی دیکەش پەیدا بوون، قاوەیان هێنا، عەبدولوەهاب ئەتروشی هەڵی دایە و گوتی: (ئەرێ کاك کەریم ئێوە بۆ وا دەکەن، بۆ دژی ئێمە دەبزونەوە؟).

گوتم: ئێمە چمان کردووە؟ پێم وانییە ئێمە دژی جوڵانەوەی کورد کار بکەین.

گوتی: (ئەوە نییە بەیانی هەشت ماددەبیتان دەرکردووە کەئێمە لەئێران وەدەرنێن).

گوتم: کاك عەبدولوەهاب، حیزبی دیموکرات شتی وای نەکردوە، تاوانی خەڵکی مەدەنە پاڵ حیزبی دیموکرات، پاشان تۆ هەر نابێ باسی هیچ بکەی، چونکە تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتت کوشتوە، حەوت کەس لەبرادەرانی ئێمەت داوەتەوە بەڕژێمی شا و تا دوێنێ لەبەندیخانە دابوون، ئێستاش هاتووی لێرە دەتەوێ خۆت بەپاك نیشان بدەی و حیزبی دیموکرات خەتابار بکەی.

مامۆستا هەژار وەدەنگ هات و گوتی: (لام وایە ئێستا وەختی ئەو قسانە نییە، کاك کەریمیش با توڕە نەبێ با باسی شتی تر بکەین)، ئیتر مەجلیسەکە مات بوو، پاشان کاك ئیدریس گوتی:

– محەمەد سدیق زانیویە تۆ هاتویە ئێرە، پێم خۆشە چاوت پێ بکەوێ.

– هیچ مانیعم نییە ئەگەر دەتانەوێ قەیناکا، ئیتر هەستاین لەگەڵ کاك ئیدریس و کاك مەسعود و مامۆستا هەژار چووینە مالّی شێخ محەمەد سدیق، تا سەر پلیکانەکان هاتەدەر و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، دانیشتین قاوەیان هێنا و لەبارەی یەکێتی و هاوکاری هەموو حیزبە کوردیەکان قسەی کرد، دوای ماوەیەك مالّئاواییم کرد و گەڕامەوە بۆ تاران، لەتاران پێشنیاری ئەوانم لەگەڵ دکتۆر قاسلۆ باسکرد، گوتی: (زۆرمان پێ خۆشە بیانبینین، خەبەریان بدەیە تەشریفیان بێت).

من تەلیفۆنم کرد بۆ کاك مەسعود و کات و شوێنی دیاریکراوم پێ راگەیاند، ئیتر کارم پێیان نەما، ئەوان هاتبوون لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ و مامە غەنی یەکتریان دیبوو، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات چەند رۆژ لەتاران لەسەر ئەوە گیر .بوو تا دکتۆر قاسملۆ پاسپۆرت وەرگرێ و گۆیا بۆ چاو پێ کەوتنی یاسر عەرەفات بچێتە بێروت، بەڵام ناوی دە لیستەی ئەو کەسانەدا بوو کەحەقیان نەبوو لەئێران وەدەرکەون، پاسپۆرتیان نەدایە و گەڕایەوە بۆ مەهاباد.

گەڕانەوە بۆ مەهاباد

دوای ئەوەی چەند رۆژ لەتاران میوانی کاك جەلیلی پاکزاد دۆست و برادەری قەدیمیم بووم، گەڕامەوە بۆ مەهاباد. کاك کەریم ئەحمەدیش هاتبووە تاران و دەهاتەوە کوردستان، پێکەوە سواری قەتار بووین تا مەراغە، لەوێ تاکسیەکی دەربەستم گرت و هاتینەوە مەهاباد مالّی وسێن مەراغەیی خۆمان.

یەك دوو جار لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ باسی ئەوەم کرد بۆ ئەوەی بەچالاکی لەکاروباری حیزبی دا بەشداری بکەم، با کۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە و لەسەر ئەم بڕیارە ناڕەوایە لەبارەی هەڵپەسێرانم بڕیار بدا، دکتۆر لەلایەك بەمنی دەگوت: (ئەوە نییە تۆ لەهەموو کارێکی حیزبی دا بەشداری)، لەلایەکی تر بۆ ئەوەی لەبڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشدار نەبم ملی رانەدەکێشا، پێویستە ئەوەش بڵێم دوای گەڕانەوەم لەئەوروپا لەراپۆرتێکی دوور و درێژدا چۆنیەتی سەفەری خۆم و هاتنی بێروت و وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەکانی لوبنانی و دیتنی یاسر عەرەفات و رێکخراوەکانی دیکەی لوبنانیم بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی، لەنامەکەدا ئەوەشم بیرخستەوە کەرەنگە ئەم چالاکیانەی من لەباری تەشکیلاتیەوە رەخنەیان لەسەر بێ، بەڵام لەباری سیاسیەوە بەقازانجی حیزب و

جوولانەوەی ئێستای کوردستان بوو، لەکۆمیتەی ناوەندی دا کارەکانی من پەسند کرابوون، مامە غەنی بەمنی گت: (هەنگاوی گەورەت هاویشتوون وەختی ئەوە نییە داخوا چ کارێکی تەشکیلاتی رەخنەی لەسەرە و چ کارێکیش بەقازانجی حیزبە)، بەڵام دکتۆر قاسملۆ لەچەند جێگا بەتایبەت لای کۆمەڵێك لەمامۆستایانی مەدرەسە کەباسی منیان هێنابووە گۆڕێ، گوتبووی: (بەبێ پرس ئەو کارانەی کردووە)، ئیتر نەیگوتبوو کەبڕیاری کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەو کارانەی من چۆن بووە و کارەکانم پەسندکراون.

من بەراستی ئیتر زۆرم گوێ نەدەدایە ئەو بڕیارە، لەگەڵ ئەندامانی حیزبی و کادرەکانی لادێ کەپتر بۆ پرس و را دەهاتنە لای من ئەوەی بەباشم زانیبایە بەڕێوەم دەبرد، ئێوارەیەك لەبارەگای حیزبی کۆبوونەوەیەکی کادرەکانی لادێ پێك هاتبوو کەباسی پێکهێنانی یەکێتی جوتیاران بکات، کاك حەمەدەمینی سیراجی کۆبوونەوەی بەڕێوە دەبرد، پاش باسێکی زۆر داوایان لەمن کرد کەلەسەر ئەو مەسەلەیە بیروڕای خۆم دەربڕم، سەلیمی بابانزادە وەدەنگ هات و گوتی: (نازانم کاك کەریم بەچ ناوێك لێرەیە، خۆ ئەو ئێستا هەڵپەسێراوە)، ئیتر هێندێك لەهاوڕێیانی قەدیمی حیزبی لێی وەدەنگ هاتن، حەمەدەمین شەشە کەیەکێك لەو ئەندامانەی قەدیم و تێکۆشەری ناوچەی شامات و شاروێران بوو لێی راست بۆوە و پێی گوت: (خوێڕی تۆ چکارەی لێرە دەبێ باش بزانن ئێمە کاك کەریم بەمەسئول دەزانین، جنێوی پێ دا، کاك حەمەدەمین کۆبوونەوەی ئارام کردەوە، کاتێك کۆبوونەوە تەواو بوو، حەمەدەمین شەشە و دوو برادەری دیکە دەیانەویست وەدوای سەلیم بکەون و لێی بدەن، بەهەزار حاڵ رامگرتن و هێدیم کردنەوە، دکتۆر قاسملۆ کە ئەو باسەی زانیەوە، لام وایە حیسابێکی هاتە دەست و ئەمجارە راستەوخۆ کاری حیزبی پێ دەسپاردم بێ ئەوەی بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە،

بێجگە لەئەندامان و کادرەکانی لادێ کەناسیاری کۆن بوون و رابردووی تێکۆشانیان لەگەڵ من هەبوو لاوانی مەهابادیش کەئەودەم بەناوی یەکێتی لاوانی کوردستان کاریان دەکرد سەمپاتی و لوتفێکی تایبەتیان لەئاست من نیشان دەدا، پێم وایە ئەو دۆستایەتی و لوتفەی لاوانی مەهاباد لەوە سەرچاوەی دەگرت کەمنیان بەچەپ دەزانی، رەنگە لەژێر هێندێ تەبلیغاتی پڕوپوچ و بەدرۆدا بەتودەیشیان زانیبم، چونکە دەرکەوت زۆربەی ئەو لاوانە تودەیی بوون و پاشان لەگەڵ دەستەی حەوت کەسی رۆیشتن، یەکێتی لاوان داوای کرد کەلەکۆبوونەوەی گشتی دا لەسەر ئەرکی لاوان قسە بکەم، کۆبوونەوەیەکی یەکجار گەورەیان لەخانوی لاوان (خانەی جەوانان) پێك هێنا، یەك لەو کۆبوونەوە گەورانە بوو کەلەهەموو شارەکانی کوردستانەوە لاوان هاتبوون، لەسەر ئەرکی لاوان لەهەل و مەرجی رۆژدا بەدرێژی قسەم کرد، وتارەکەم پاشان بەدەستکارییەوە بەناوی (لەدەوری رێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات کۆبینەوە) وەك نامیلکەیەك چاپکراو بەقازانجی رێکخراوی لاوان فرۆشرا و بڵاو کرایەوە، پاش تەواو بوونی وتارەکەم کەوتمە بەر پرسیاران، زۆربەی ئەو کەسانەی پرسیاریان دەکرد دیاربوو یا کۆمەڵە بوون یا چریکی چەپ و یا لایەنگری یەکێتی نیشتمانی بوون، چونکە زیاتر باسەکە لەسەر قیادەی مۆقەت بوو، زۆر بەراشکاوی دیفاعم لەبارزانی و لەقیادەی مۆقەت کرد، بەیاننامەی هەشت ماددەییم مەحکوم کرد، بەدرێژی رووم کردەوە کەرۆژی ئەوەیە هێزەکانی کورد لێك نێزیك بنەوە، قیادەی مۆقەت هێزێکی گەورەی کورد ئێمە نابێ بێڵێن ئەو هێزە پاڵ وەدوژمنانی کورد بدا، لەو کۆبوونەوەیەدا شتێکی تر سەرنجی راکێشام، هێندێ لەلاوەکان دەیانگوت: لەزۆر وشەکانی تۆ حاڵی نابین، من هەوڵم دەدا بەکوردی پەتی قسە بکەم، ئەوانیش پتر وشەی فارسیان بەگوێ ئاشنا بوو، قسەی کاك حەسەنی قزڵجی رەحمەتیم وەبیر هاتەوە

کەدەیگوت: (ئەو شۆڕشەی ئێران نەبایە، کوردەکانی ئێران هەموو عەجەماوی دەبوون).

بەدوای ئەو کۆبوونەوەیەدا بەبۆنەی تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر شەهیدکردنی سوڵەیمانی موعینی دا لەلایەن حیزبەوە کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز کرا، کۆبوونەوەکە حەسەنی ماوەرانی بەڕێوەی دەبرد، دوای وتاری کاك حەمەدەمین، وتاری من بەو ئیعتیبارە کەلەپاش کۆدێتای ٢٨ی موردداد و روخانی حکومەتی موصەدەق لەگەڵ کاك سوڵەیمان زۆر نێزیك بووم و لەساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ پێوەنیمان زۆر بوو سەرنجی بەشدارانی کۆبوونەوەی راکێشا بوو، لەم کۆبوونەوەیەدا حەسەنی ماوەرانی لەخۆوە وتارێکیشی بۆ برادەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دانابوو کەهیچ جێگای نەبوو، ئەوانیش لەجیاتی ئەوەی یەکێکی رەوان بێژ بنێرن، نەمزانی ئەو برادەرەیان لەکوێ دۆزیبۆوە، کەزمانی تێك دەهاڵا و کەس نەیدەزانی دەڵێ چی و باسی چ دەکا، دکتۆر قاسملۆ بەهەق لەم هەڵوێستەی حەسەنی ماوەرانی زۆر تووڕە بوو.

لەم سەرو بەندەدا کەحیزب دەبوایە خەریکی پتەوکردنی تەشکیلات بێ و کاری تەنزیم و تەبلیغات لەشار و لەگوند رێك و پێك بکا، بەتەواوی هەستم بەکەم و کوڕی کاری تەشکیلاتی و بێ سەروبەرەیی دەکرد.

رۆژی ١٣٥٨/١/١٦ (١٩٧٩/٤/٥) بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە بڕیاری هەڵپەسێرانم، نامەیەکی دوور و درێژم لەچوار لاپەڕەدا لەبارەی کاری تەشکیلاتی و تەبلیغاتی و تێکۆشان لەلادێ و لەنێو تاقم و دەستە و چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتیدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی، لەبەر درێژی نامەکە بەپێویستم نەزانی بەقەولی کاك حەمەدەمینی سیراجی (چەند لاپەڕی کتێبەکەی پێ رەش کەمەوە)، بەڵام هێندێ

خاڵی بەرچاو کەلەنامەکەدا هاتوون و پێشنیارم کردوون دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

لەسەرەتاوە نووسیبووم: (ئەم شێوە کارەی کەئێستا لەحیزبدا دەست پێکراوە، نەك هەر شێوەیەکی دروست نییە و باش نییە، بەڵکو لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی حیزبیش نایەتەوە، ئاواڵە کردنەوەی دەرگای حیزب هەر بەناو نووسین، حیزب دەکاتە کۆمەڵەیەکی بێ سەر و بەری بەناو زۆر و بەناوەرۆك پووچ و بەتاڵ، ترسم هەیە ئەوەندە سەرکەوتنەی ئێستا بەری چاومان بگرێ و بەشی زۆری کاتمان بۆ قبوڵکردنی خەڵك و قسە و باس و دید و بازدید تەرخان بکرێ، لەبارەی کاری ئێستامانەوە بیروڕای خۆم بەم جۆرە دەخەمە بەرچاو:

١- وەرگرتنی ئەندام بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، داواکردنی ئەندامەتی بەنووسین، چاوەدێری، ناساندنی دوو کەسی باوەڕپێکراو، لەوەرگرتنی ئەندام پێویستە زۆر ئیحتیات بکرێ، ئەفرادی هەلپەرست و بێ بیروباوەڕ، کەسانی سەر بەکۆنەپەرستی و کۆرە دەرەبەگی بێ بار کەزوڵمیان لەخەڵك کردبێ نابێ بەئەندامی حیزب وەربگیرێن.

٢- دەزانین کەکۆمیتەی ناوەندی ئێمە زۆر لاوازە، پێویستە لەسەرانسەری کوردستان تێکۆشانی بەربڵاو دەست پێبکرێ و ئەفرادی لێ هاتوو بێنە نێو حیزب و لەو تەنگەبەری جوغرافیایش بێینە دەرێ.

٣- بەپێویستی دەزانم تا پێك هاتنی کۆنگرە کۆنفرانسێکی میللی ببەسترێ، بەو مانایە تەنیا ئەندامانی حیزبی بەشدار نەبن، بەڵکو کەسانی ناسراوی نیشتمانپەروەری غەیرە حیزبی و خاوەن رابردووی خاوێن و خاوەن ئیحترام لەنێو

کۆمەڵدا بەشدار بکرێ، با ئەوانە بەشدار بن، گوێ لەراپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیِ بگرن، لەسیاسەتی حیزب تێ بگەن و لەدواڕۆژدا ببنە پشتیوانی حیزب.

٤- لەناوچە و گوندەکان کۆبوونەوەی خەڵکی ساز بکرێن و بەرپرسانی حیزب بچنە ناویان قسەیان بۆ بکەن، گوێ لەقسە و ویست و پێشنیار و بیرۆڕای خەڵك بگرن).

پاشان لەبارەی پێکهێنانی رێکخراوەکانی پیشەیی و غەیرە حیزبی بەدرێژی باسم کردبوو، دیارە ئەودەم کۆمیتەی ناوەندی نەبەو کارانە رادەگەیشت نەئەوەش بوو کەبتوانێ وەڵامدەری هەل و مەرجی پێش هاتوی ئەو دەم بێ، ناو دەنووسرا و خەڵك گۆیا هەر بەناو نووسین دەبوو بەئەندامی حیزب، بەخۆڕایی نەبوو کاك جەلیلی گادانی ٣٠٠٠ کەسی بەنوێنەرایەتی سی هەزار ئەندامی حیزبی بۆ کۆنگرەی چوار هێنابوو، کاك حەمەدەمینی سیراجی بەهەق لەکۆنگرەدا گوتی: (خۆزیا لەجیاتی ئەو سێ هەزارە سێ سەد ئەندامی تەواوی حیزبیمان هەبوایە).

کۆبوونەوەی نەغەدە

کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا سەرەڕای تێکۆشانی سیاسی و نیزامی نێوخۆی وڵات و سەرقاڵ بوون بەکێشە و هەرای کوردستان و دم بەدمە لەگەڵ حکومەت و گیروگرفتی زۆر، هەوڵیشی دەدا کەلەنێوان هێزە کوردستانیەکانی عێراقیشدا ئاشتی پێك بێنێ و لەو کاتە ناسکەدا قیادە مؤقەتی ئەودەم و یەکێتی نیشتمانی ئاشت کاتەوە، چونکە پزیشکی ئەم دوو بەرەکیە وەکوردستانی ئێرانیش کەوتبوو، مام جەلال لەرێگای کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەدینەوە تۆی ناکۆکی چاندبوو، تەنانەت لەناوچەی شنۆ بۆ هێندێ لەروناکبیرانی کوردی ئێران کەیارمەتیان پێدەکرد، گەلاڵەی پڕۆگرامی کۆمەڵەیەکیشی بۆ ئامادە کردبوون

کەحیزبیان پێ ساز بکا، کۆمیتەی ناوەندی بەپێچەوانەی کۆمەڵە و مامۆستا دەیویست مام جەلال و کاك مەسعود ئاشت کاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درابوو کەلەنەغەدە لەماڵە مامۆستا مەلا سالحی رەحمەتی دکتۆر قاسملۆ، مامۆستا شێخ عزەدین، کاك مەسعود بارزانی و کاك سامی عەبدولڕەحمان کۆببنەوە و باسی ئەو مەسەلەیە بکەن، دکتۆر قاسملۆ بەمنی گوت: کەبچمە شاری شنۆ و کاك مەسعود و کاك سامی بێنم بۆ نەغەدە، سەیر ئەوەبوو دکتۆر قاسملۆ کەملی رانەدەکێشا بڕیاری هەڵپەساردنم هەڵوەشێتەوە، ئەو کارانەشی بەمن دەسپارد.

ماشێنی سواریم لەکاك سوڵتانی شێخ ئاغایی وەرگرت و لەگەڵ کاك وسێنی بەخشی ئەندامی شۆرای شاری مەهاباد چووینە شنۆ کاك مەسعود و کاك سامی بەگەرمی و بەدۆستانە بەخێرهاتنیان کردین لەبارەی لێك نێزیك بوونەوە و یەکێتی باسێکی زۆرمان کرد، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەرۆژی دوایی شەو بچینە نەغەدە، منیش خەبەر بدەم دکتۆر قاسملۆ و مەلا شێخ عیزەدین بێنە نەغەدە.

بۆ نانی نیوەڕۆ لەماڵی حاجیەکی شنۆیی بانگ کرابووین، حاجی کەخودای تەعالا سەروەتێکی یەکجار زۆری پێ بەخشی بوو، تەواوی مەلا و حاجی و گەورە پیاوی شاری داوەت کردبوو، کەوەژوور کەوتین جەنابی قازی خزری (قازی شنۆ) کەلەلای سەرەوە دانیشتبوو هەستا و تا بەر دەرگا هات، بەگەرمی لەئامێزی گرتم و بردمی لەپەنا خۆی داینام، گوتی: (ئەوە دۆست و برای قەدیمی منە، کاتی خۆی لەشنۆ و پاشان لەدەشتە بێڵ یەکترمان دیوە، ئەلحەمدولیلا ئەوە ئەو جاریش یەکترمان دیتەوە)، بەسرتە پێم گوت: (ئەو شیعارانەی تۆم هەروا لەبیر ماون کەدوای گەڕانەوەت لەسەفەری باکۆ لەگەڵ پێشەوا لەتاریفی ستالین و باغرئوڤ دا دات نابوون، دەڵێی چی بۆیان بخوێنمەوە)، دەستێکی لەسەر رانی دانام و گوتی: (لەم قسانە گەڕێ، وەختی نییە، تۆ بڕێك زمان لەقی).

جەنابی قازی خزری لەو کەسانە بوو لەسەفەری دواییدا لەگەڵ پێشەوا چووبووە باکۆ، لەگەڕانەوەدا شیعرێکی دانابوو دەڵێ:

گەلی کورد ئیتفاق و گەر نەدیوە — بچن بۆ خاکی پاکی شۆرەوی وە

تەواریش ئیستراحێکە عروسی — لەجیاتی ئیخوەتی ئیسلام خسوسی

ستالین ئەو رەئیسی وا بەهیمەت — تەواریشە لەگەڵ ئەفرادی میللەت

وەکی میر جەعفەری سەرداری پاکی — دەڵێ یولداش بەعەمبالڵ و بەخاکی

دانیشتنێکی خۆش و بەدیداری گەلێك دۆست و برادەرانی قەدیمی ناوچەی شنۆ شاد بووم، دەبوایە شەو لەشنۆ بمێنمەوە، بەکاك مەسعودم گوت: من دەمەوێ شەو بچمە گوندی چەپەراوێ، خزمێکم لەوێیە پێویستە سەریان بدەم، گوتی: (چەند پێشمەرگەیەك لەگەڵ خۆت بەرە)، گوتم: زۆر سوپاس، پێشمەرگەم ناوێ شارەزام و بەتەنیا دەچم.

هەوا دەهات تاریك دابێ، لەگەڵ کاك وسێنی بەخشی سوار بووین بەجادەی پیرانشاردا بۆ چەپەراوێ، رێگای چەپەراوێمان نەدیتەوە، تەماشام کرد وەختە بگەینە سۆفیانێ، وەبیرم هاتەوە کەئێرە شێخ رەشە و کاتی خۆی لەم مەڵبەندە شارەزا بووم، گەڕاینەوە کوێرەرێیەکمان دیتەوە و گەیشتینە نێو گوندی بنکەی پێشمەرگەی لێ بوو لەدوور دەنگیان داین، پێشمەرگەکان هاتنە پێش، کەناسیانم وەپێشمان کەوتن بۆ مالّی خزمەکەم، زۆری پێ نەچوو مەلا زەینەڵ و دە پازدە کەسی خەڵکی گوندی پەیدا بوون، ئیتر ئەو شەوە تا نێزیك بەیانی نەخەوتین، وای چەند خۆش و بەتامە دانیشتنێکی ئەوتۆ کەخەڵك تامەزرۆی دیدارت بن و بەئاواتی ئەوە بن چاویان پێت بکەوێ، لەو کاتەدا ئەم شیعرەی شێخی جامی–م وەبیر هاتبۆوە کەدەڵێ:

چه خۆش وقتی است و خرم روزگاری که یاری برخورد از وصل یاری

بر افروزد چراغی اشنائی رهایی یابد از داغ جدائی

بەیانی گەڕاینەوە بۆ شنۆیێ، بەتەلیفۆن بەدکتۆر قاسملۆم راگەیاند کەشەو بێنە نەغەدە، دوای نیوەڕۆ ئێمە لەپێش کاك مەسعود و سامی دا هاتین بۆ نەغەدە، تەماشام کرد لەشنۆیەرا هەتا نەغەدە نێوە نێوە بارزانی چەکدار لەمبەر و بەری جادە وەستاون و ڕێگایان خستۆتە ژێر چاوەدێری، کەگەیشتمە نەغەدە دیتم بارزانی لەسەربانی مالّی مەلا سالّح و خانوەکانی دەوروبەری کێشك دەکێشن.

ئێوارە درەنگ دکتۆر و مامۆستا شێخ عیزەدین پەیدا بوون، کاك مەسعود و کاك سامیش هاتن و لەمالّی مەلا سالّحی ڕەحمەتی کۆبوونەوە سازکرا، بەلاّم کۆبوونەوە بوو بەمزگەوت، خەڵکێکی زۆری بێ مەسئولیەت و هێندێ ئاژاوەچی هاتبوونە ژوور و هەر لەخۆوە هەڵیان دەدایە، من چەند جار لەشێوەی پێك هاتنی کۆبوونەوەکە ڕەخنەم گرت، هێندێ کەس هەر بۆیە هاتبوون کەنەهێڵن قسەکان بگەنە یەك، لەکۆبوونەوەدا هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەمامۆستا شێخ عیزەدین لەگەڵ مام جەلال پێوەندی بگرێ و هەلومەرجی چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەیەکی تر پێك بێنێ، ئیتر من بێ خەبەر مامەوە، لام وایە کۆبوونەوەی نەغەدە هیچ بەرهەم و ئەنجامێکی نەبوو، چونکە کەس بەتەنگ یەکێتی هێزە کوردیەکانەوە نەبوو.

تەشکیلاتی شنۆ

لەشنۆیە چەند برادەری حیزبی کۆمیتەیەکیان پێك هێنابوو پتر باری کۆکردنەوەی چەکداری هەبوو، کاك مرادی قادری بەسەریان ڕادەگەیشت، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا بچمە شنۆ و بەڕپرسی ڕێکخراوی شنۆ بگرمە ئەستۆ بێ ئەوەی خۆم لەوێ بمێنمەوە، دیارە لەم سەروبەندەدا مەسەلەی هەڵبژاردن و لەبەرچاو گرتنی

بیروڕای ئەندامان لەگۆڕێ دا نەبوو، لەشنۆیە کۆمیتەیەکی حیزبیم دامەزراند و کاك مەلا محەمەدی مراد رەسوڵیم کرد بەمەسئولی تەشکیلات و کاك مرادی قادریش بەبەرپرسی نیزامی، هێندێ رێ و شوێنی چالاکی حیزبایەتی و شێوەی کارکردنم بۆ دیاریکردن و گەڕامەوە مەهاباد، ئیتر تەشکیلاتی شنۆ راستەوخۆ پێوەندی بەمنەوە هەبوو، پاش ماوەیەك برادەرانی شنۆ لەگوندی نەڵۆس کۆبوونەوەیەکی گشتی مەڵبەندی شنۆیان پێك هێنا، لەهەموو گوندەکانەوە خەڵك بۆ کۆبوونەوە داوەت کرابوو، خەبەریان دا بەمن کەبچم بەشداری بکەم و وتار بدەم، لەگەڵ یەك دوو برادەری تەشکیلاتی مەهاباد لەرۆژی دیاری کراودا چوومە نەڵۆس، پتر لە ٥٠٠ کەس لەسەرانسەری مەڵبەندی شنۆ لەمزگەوتی نەڵۆس کۆببوونەوە، سەفەرێکی لەرادە بەدەر خۆش و دڵکراوە، پاش ٢٨ ساڵ چاوم بەدیداری هێندێ هاوڕێیانی حیزبی روون دەبۆوە کەلەسەردەمی رەش و بەترسی دوای رووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان بەنهێنی پێکەوە خەباتمان کردبوو، ئەودەم هەموومان هاوتەمەنی یەك بووین، بەڵام ئێستا ئەوان لەمن پیرتر دەهاتنە بەرچاو یادیان بەخێر، برادەرانی وەك میرزا قادر کەپێکەوە بناخەی (یەکێتی لاوانی لادێ)مان دامەزراندبوو، قادری قازی، کەهەموومان ساڵەکانی ٤٩ و ٥٠ لەتێکۆشانی نهێنی دابووین، وەك مامۆستا مەلا عەولای ئیمامی، ئەو دۆستە بەڕێزە و ئەو مەلا قسە خۆشە کەپیشێکی وای لەخۆ نابوو تا درەنگ نەمناسیەوە، پاشان یادی کۆنمان زیندوو کردەوە، زۆر کەسی تریش یادیان بەخێر.

لەمزگەوتی گەورەی نەڵۆس بەدرێژی لەسەر بارودۆخی وڵات و سیاسەتی حیزبی دیموکرات و تێکۆشانی سیاسی و ئەرکی ئەندامانی حیزب و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و لەسەر یەکێتی هێزە کوردستانیەکان لەهەموو بەشەکانی کوردستان قسەم کرد، هێندێ برادەری کۆمەڵەش هاتبوون داوایان کرد کەڕێگا

بدەین ئەوانیش قسە بکەن، سەبارەت بەهەڵوێستی یەکێتی خوازانە و نیشاندانی هەستی برایانە گوتم فەرمون ئەوە میکرۆفۆن قسە بکەن، کاك خالیدی عەزیزی کەبەرپرسیان بوو، هاتە پشتی میکرۆفۆن و لەجیاتی باسی خەبات و یەکێتی و شیکردنەوەی بارودۆخی وڵات دەستی کرد بەهێرش بۆ سەر قیادەی مۆقەت و جەماعەتی بارزانی.

گوتم: کاك خالید، ئەو کۆبوونەوەیە ئێمە سازمان کردووە و خەڵك بەدەنگی ئێمە هاتوە، ئێمەش لەهەلومەرجی ئێستادا نامانەوێ لەکۆبوونەوەی ئێمەدا هێزێکی کوردی پەلامار بدرێ و دوژمنایەتی سازبکەین، بەتایبەت دەمانەوێ لەگەڵ قیادەی مۆقەت کەهێزێکی کوردستانیە نیزیك بینەوە، هەوڵ دەدەین لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ئاشتیان کەینەوە، تکایە باسێکی دیکە بکە.

فایدەی نەبوو کاك خالید بەگوێرەی سیاسەتی کۆمەڵە لەسەر قسەکانی سور بوو، ئیتر گوتم: ئێمە رێگا نادەین لەکۆبوونەوەی ئێمەدا دژی سیاسەتی ئێمە قسە بکرێ، کاك خالید گوتی: (ئەوە دیموکراسی نییە، لەگەڵ برادەرەکانی هەستا و وەدەرکەوت)، ئێمە پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە گەڕاینەوە بۆ مەهاباد، پاشان کاك یوسفی رێزوانیم بۆ سەرپەرشتی تەشکیلاتی شنۆ ناردە ئەو شارە کەزۆر لەوێ نەمایەوە.

دەرکردنی وەرزێران لەناوچەی ورمێ

سەیرێکی رەوەندی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردستان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ ئاغا و دەرەبەگی کورد بەتایبەت لەکوردستانی ئێران زۆربەیان یا لەخزمەتی حکومەتی عەجەم دا بوون یا لەبەردەستی ژاندارم و قازاخ دا زەلیل و سەرشۆڕ بوون، ئەگەر حکومەتی عەجەم دەسەڵاتی نەماوە و کورد هەلی بۆ

هەڵکەوتوە، دەرەبەگی کورد دەستی کردوە بەتاڵان و ڕاو و ڕووتی مسکێن و ڕەشایی خەڵك، یا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی، خۆی خزاندۆتە نێو ریزی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی، ئەگەر هەستی بەکزی جوڵانەوە کردووە، بۆتە جاش و دژی میللەتەکەی چەکی دەست داوەتێ.

لەو کاتەدا کەلەکوردستانی ئێران خەبات بۆ خودموختاری و بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی میللی لەگۆڕێ دابوو، لەناوچەی ورمێ لەمەحاڵی دەشت و شوێنەکانی تر دەرەبەگی شکاك و هەرکی دەستیان کردبوو بەتاڵان کردنی گوندیەکان و سەدان ماڵی وەرزێریان لەگوندی وەدەر نابوو، سەدان ماڵ بەخاوو خێزانەوە هاتبوونە شاری ورمێ لەکۆڵانان و لەنێو شار ئاوارە و لێ قەوماو دەسووڕانەوە و یان لەئوستانداری مانیان گرتبوو.

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٧ بۆ سەردانی لێ قەوماوەکان و ئاگاداری لەڕووداوەکە چوومە ورمێ، لەگەڕانەوەدا بەشنۆ و نەغەدەدا هاتمەوە، کاتێك گەیشتمە نێو شاری نەغەدە وەزعێکی ئاڵۆزم هاتە بەرچاو، چەکدار لەسەربان و لەشەقامەکان لەحاڵی ئامادەیی شەڕدا بوون، هێندێ لەشەقامەکانی شار بەدار و بەرد و تەختە گیرابوو، لەماڵی کاك ئاحمەدی خەزورم دابەزیم و پرسیم ئەم ئاڵۆزیە چییە؟ گوتیان دوای نیوەڕۆ ئوتوبوسێك سەربازی بێ چەك لەپێگەی جەڵدیانەوە هاتونە نەغەدە حەمامێ بکەن، لەسەر زینوێ قارنێ، پێشمەرگە تەقەیان لێ کردوون و یەکیان کوشتوە، ئەوانی تر ئێستا ناوێرن بگەڕێنەوە بۆ جەلدیان، کۆمیتەی عەجەمانیش وەخۆ کەوتوون و خەڵکیان چەکدار کردووە و لەتۆڵەی سەربازی کوژراو دوو کوردیشیان گرتوون، کۆمیتەی کوردەکانیش خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کردوە، چوومە کۆمیتەی کوردان پڕ بوو لەچەکدار، یەك دوو کەسی بێ مەسئولیەت هەڵتۆز هەڵتۆزیان بوو، تۆزێك بەسەریاندا هاتم و گوتم: داخوا ئێستا لەسندوس وەختی

شەڕ و کێشەیە؟ دوایە گوتم: ئەو چەکدارانەی سەربان و سەر شەقام کۆ بکەنەوە، من دەچمە کۆمیتەی عەجەمان و بڵاوەیان پێ دەکەم، برادەرانی کۆمیتە گوتیان چۆن دەچی؟ هەموو لەمەتەرێزدان و خۆیان بۆ شەڕ ساز کردووە و نابێ بچیە بەر دەستیان، گوتم: کەس لەگەڵ من نەیە، من دەچم و بڵاوەشیان پێ دەکەم، لەو کاتەدا ماشەڵڵا خانی کوڕی قوڵی خانی هات، کەچاوی بەمن کەوت گوتی: (کاتێکی باش هاتووی، وەزع زۆر ئاڵۆزە، سەربازێك کوژراوە، ئەوانی تر ناوێرن بچنەوە جەلدیان، پێشمەرگە رێگایان گرتوە، ئەو عەجەمە سەگبابانەش هەروا سەرشانی خۆیان دەپچڕن)، گوتم: من ئەوە دەچمە کۆمیتەی عەجەمان، زۆر لەئەندامانی کۆمیتە دۆست و ناسیاوی قەدیم بوون، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم، بەسەریان هاتم گوتم: ئێستا یەکێتی پێویستە، ئەو وەزعە چییە پێکتان هێناوە؟ من بڵاوەم بەکوردەکان کردوە تکایە ئێوەش ئەم چەکدارانە کۆبکەنەوە و ئەم مەتەرێزانەی سەر شەقام و سەربان لابەرن، مەلایەکیان لەنێو بوو دەستی کرد بەشیرەشیر، بەڵام مەشەدی یوسفی بنابی و یەك دوویەکی تر لێی وەدەنگ هاتن و مەلایان بێ دەنگ کرد، گوتیان: (پێشمەرگە رێگای جەلدیانیان گرتووە و ئەو سەربازانە ناتوانن بچنەوە)، گوتم: ئامادەیان بکەن من دەیانبەمەوە، تەسلیمی فەرماندەی پادگانی جەلدیانیان دەکەم، ئێوەش ئەم دوو کوردانە بەڕەڵا بکەن، با یەك لەئەندامی کۆمیتە لەگەڵم بێ و بزانێ کەپێشمەرگە لەسەر رێگا نین و پێشمەرگەش تەقەی نەکردووە، پاش هێندێ گلەیی و قسە و باس بەزەحمەت یەکیان ساز کرد کەلەگەڵ من بێتە جەلدیان، گوتم: ئەوە دەچمەوە پێش کۆمیتەی کوردان، ئوتوبوسی سەربازەکان با بێتە ئەوێ دەکەوینە ڕێ، هاتمەوە کۆمیتەی کوردان بەمەلا سەید ئەحمەدی سەعدەبی—م گوت: سوار بە لەپێشدا بڕۆ بەو

پێشمەرگانەی قارنێ و دۆڵی باو بادینان بڵێ، کەس لەسەر رێگا نەبێ و تا ئێمە دەچین و دەگەڕێینەوە خۆیان نیشان نەدەن.

مەلا سەید ئەحمەد کەوتەڕێ، ئوتوبوسی سەربازان هات بەماشەڵڵا خانم گوت: پێم خۆش تۆش لەگەڵمان بێی با عەجەمەکان دڵنیا بن، سواری ماشێن بووین و وەپێش ئوتوبوس کەوتم تا جەلدیان، سەربازەکانم تەسلیمی فەرماندەی پادگان کردەوە و پێم گوت: ئەوانە دیتیان کەیەک پێشمەرگەش لەرێگادا نییە، ئەوانەی تەقەیان لەئوتوبوس کردووە پێشمەرگە نەبوون، فەرماندەی پادگان سوپاسی کرد و گەڕاینەوە بۆ نەغەدە، ئەمجارە هەرا و کێشەی کورد و عەجەم لەنەغەدە هێدی بۆوە، بەڵام دیار بوو وەک پۆلوی بن خۆڵەمێش پزیسکی ئاگر هەر مابوو، لەسەر ئەوە بەند بوو یەکێك فووی لێ بکا و ئاگر هەستێ و تەپ و ویشك پێکەوە بسووتێنێ، بەداخەوە ئاخرەکەشی هەروای لێهات.

لەگەڕانەوەدا لەمەهاباد باسی وەزعی لێ قەوماوەکانم پێشکێش بەبرادەران کرد، من لەسەر ئەو باوەڕە بووم کەحکومەت نەیدەویست ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکا و دەرکراوەکان بنێرێتەوە سەر گوند و رێ و شوێنی خۆیان، کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات رۆژی ١٩٧٩/٤/١١ بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و کردەوەی دەرەبەگانی مەحکوم کرد و لەبەیانەکەدا هاتبوو کە: بۆ گێڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ سەر شوێن و جێگای خۆیان بەهەموو تواناوە تێ دەکۆشین، لەسەر بانگەوازی حیزبی دیموکرات دەستکرا بەکۆکردنەوەی یارمەتی بەلێ قەوماوان، رۆژ نەبوو لۆریەك نان و پەنیر و برنج و رۆن و شەکر و چا و پەتو لەمەهابادەوە بۆ لێ قەوماوانی ورمێ بەڕێ نەکرێ، هەر لەو کاتەشدا حیزبی دیموکرات هەوڵی دەدا کەمەسەلەکە بەهێمنی چارەسەر بکرێ و گوندیەکان بچنەوە سەر شوێنی خۆیان و ئەوەی لێیان ئەستێندراوە بیاندرێتەوە، بەڵام ئاغاکان ملیان رانەدەکێشا،

لەلایەکی تـرەوە رێکخـراوە چـەپەکانی وەك فیـدایی و کۆمەڵـە و ئیتحـادی کۆمۆنیستان و پیکار و توفانو ئیتر بێ ئەوەی دەسەڵاتێکیان هـەبێ و چاری مەسـەلەکەیان پـێ بکـرێ ئـاگری کێشـەیان خۆشـتر دەکـرد، دەچـوونە نێـو لێ قەوماوەکان و گۆیا بۆ توندکردنی خەباتی چینایەتی هانیان دەدان.

کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا هاتە سەر ئەو باوەڕە کەلەگەڵ ئوستانداری ورمێ قسە بکرێ، پێشمەرگەی حیزب لەگەڵ ژاندارمی دەوڵەتی بەزۆری دەرکراوەکان بەرنەوە سەر رێ و شوێنی خۆیان و بیانپارێزن، بۆ وتوێژ لەگەڵ ئوستانداری بەو مەبەستە دیسان من دیاری کـرام کەبچمە ورمـێ، رۆژی ١٩٧٩/٤/١٤ چـوومە ئوسـتانداری و لەگـەڵ حـەقگۆ ئوسـتانداری ورمـێ سـەبارەت بەپێشـنیاری حیـزب قسـەم کـرد، بەئوسـتاندارم گـوت: بـا ژاندارمـە لەگـەڵ پێشـمەرگەی حیـزب ئـەو دەرکراوانـە بگێڕنـەوە سـەر جێگـای خۆیـان، پێشـمەرگەی ئێمـە دەیانپـارێزن، ئوسـتاندار دەیگوت: (تا ئەمری دەوڵەت لەمەرکەزەوە نەیـەت مـن نـاتوانم ئـەو کـارە بکـەم)، لەراستیدا دەوڵەت لەلایەك نەیدەویست ئاغاکان سەرکوت بکا، بـۆ جاشێتی دواڕۆژ دەیپاراسـتن، لەلایـەکی تـر نەیدەویسـت کـەحیزبی دیمـوکرات دەسـت بخاتـە نێـو مەسەلەکە و ئیعتیباری لەناو گوندیەکاندا زیاد بکا.

سەننارێ مەمەدی پێشـنیاری دەکـرد کەبـەبێ یارمـەتی ئوسـتاندار و بـەبێ هێـزی دەوڵەتی با دەرەبەگەکان بگرین و زیندانیان بکـەین و دەرکراوەکـانیش بەرینـەوە سەر جێگا و رێگای خۆیان، کۆمیتـەی ناوەنـدی لەبەرئـەوەی شـەڕی خـۆ بـەخۆی کوردەکان ساز نەبێ لەگەڵ پێشنیاری سەنار یەك نەبوو، کـاك مەسـعود بـارزانیش بۆ ئەوەی مەسەلەکە ئاڵۆزتر نەبێ و دەرەبەگ و ئاغاکان ریسـوا نـەبن و سـەرکوت نەکرێن، هەوڵی دەدا کەوەرزێرەکان دەست لەمانگرتن و شکایەت هەڵگرن و لەگەڵ ئاغاکان رێککەون، ئەو رۆژەی من بۆ سەردانی مانگرتوەکان لەسالۆنی ئوستانداری

چووبوومە نێویان، کاك مەسعودیش هات، قسەی بۆ دەکردن و داوای لێ دەکردن کەدەست لەمانگرتن هەڵگرن و بگەڕێنەوە.

پاش باس و وتوێژ لەگەڵ مانگرتوەکان گەیشتینە ئەو بڕیارە کەچەند کەس هەڵبژێرن و بۆ شکایەت بچنە تاران، من گەڕامەوە بۆ مەهاباد، حیزبی دیموکرات لەم مەسەلەیەدا هیچ هەنگاوی لێ بڕاوی ناویشت، ئەوەندە دەزانم بێجگە لەحیزبی دیموکرات ئەو دەستە و گرۆی تر، گشتیان دەیانەویست بەقازانجی مەرام و سیاسەتی خۆیان لەدەربەدەری و لێ قەوماوی ئەم خەڵکە کەڵك وەربگرن، تۆ بڵێی مێژوو هەر بەم ڕێڕەوەدا نەڕوا و نەڕۆیشتبێ؟!!

سەفەر بۆ قتور

کەچوومەوە مەهاباد دکتۆر قاسملۆ گوتی: (سەننار یەك دوو جار داوای کردووە کەبرادەرێك بێتە ناوچەی قتور لەنێزیکەوە لەگەڵ خەڵك ئاشنا بێ و سیاسەتی حیزبیان بۆ ڕوون کاتەوە، پێم باشە کەسێکی دیکەش لەگەڵ خۆت بەری و بچی، قتور ناوچەیەکی گرنگە و ئەگەر لەوێ بنکەیەکی حیزبیمان هەبێ زۆرباشە، ئێستا سەننار لەورمێیە، یەك دوو مەلای خەڵکی ئەو ناوچەیەش هاتبوونە لای مامۆستا، بزانە بەڵکو ئەویش یەکێك بنێرێ).

چوومە لای مامۆستا شێخ عیزەدین و قسەکانی دکتۆرم پێ گوت، فەرموی زۆرباشە مەلا سەعیدی کامەمی لەگەڵ خۆت بەرە، کاك مونتەقیمی قازی ماشێنێکی زۆر باشی هەبوو، بۆ سەفەری وا دوور دەینالاند، پێم گوت: سەفەرێکی ئاوامان لەبەرە پێم خۆشە لەگەڵمان بێی، ئامادەیی خۆی نیشان دا، مەلا حەسەنی ڕەستگاریشم دیتەوە و ئامادەم کرد کەبچم بۆ قتور، سوار بووین لەگەڵ مەلا سەعیدیش چوینە ورمێ لەوێ سەننارى مەمەدیمان دیتەوە، دەهاتین کەبڕۆین

نـازانم مـەلا حەسـەن چـی تـری دیتبـۆوە، خـۆی گێڕایـەوە و نـەهات، ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٦ لەگەڵ سەنناری مەمەدی و مەلا سەعید و مونتـەقیمی قـازی لـەورمێ وە بـەرەو سـەڵماس کەوتینـەڕێ، شـەو لەسـەڵماس میـوانی کـاك سـەننار بـووین، بەیانی سەننار چەند چەکداری خۆی هەڵگرت و کەوتینەڕێ، چووینە شاری خۆیە و لەفەرمانداری دابەزین، لەنێو شار بوو بەقاو کەچـەکداری کـورد هاتونـە نێـو شـار، کۆمیتـەی عەجـەمان لەشـار گـورج چـەکداران کۆدەکاتـەوە و لەفەرمانـداری بـوو بەسەرت و خورت، لێکدا لێکدا دەیاننارده کن فەرمانـدار کەئـەو چـەکدارانە کـێن و لەچی دەگەڕێن، پاش ئەوەی کەبۆیان ڕوون بۆوە میـوانین و دەچـین بـۆ ناوچـەی قتـور، ئەنـدامانی کۆمیتـە هاتنـە لامـان و بـۆ فـراوین و میوانـداریان کـرد و دوای نانخواردن سوار بووین بۆ قتور.

کاتێك مرۆڤ دەگاتە زارگـەلی قتـور، لـەو شـاخ و ڕژد و هەڵـدێر و چـیا سەرکەشـانە سەری سوڕ دەمێنێ و سام دەیگرێ، ڕێگای قەتار بۆ تورکیا بەقەت پاڵی ئەم چـیا و دۆڵەدا کشاوە، لەزۆر جێگا شاخ کون کـراوە و بەراسـتی کـاری حـەزرەتی فیلـە، ئێستا بـیر لـەوە دەکەمـەوە، هێزەکـانی حیزبـی دیمـوکرات ئەگـەر بەراسـتی لـەم ناوچـەیە شـەڕیان دەکـرد، بۆچـی ڕێگـای قـەتاری قتوریـان نەدەتەقاند و پشـتی ئابوری ئێرانیان دەشکاند؟ جێگای وای هەیە بزنیش ناتوانێ پێی هەڵگەڕێ، هێڵـی قەتار بەوێدا کشـاوە، بەبۆمبایـەکی دەسـتی تـەرت و تونـا دەبـێ و بەسـاڵێك چـا ناکرێتـەوە، بـەخۆڕایی نـەبووە کەماوەیـەکی یـەکجار زۆر ئـەم ناوچـە گرنگـەی نیشتمانی کـورد جێگـای کێشـە و نـاکۆکی ئیمپراتـۆری ئێـران و عوسمـانی بـووە، لەڕێگا جاروبار تووشی زەلام دەبووین سـەننار دەیناسـین و یـا دەیپرسـی خـەڵکی کوێن، دەی ئەسپارد کەخەڵکی گوندی سبەی بەیانی لەفلان گوند ئامادە بن، شەو چـووینە گونـدی مـەخین دیـار بـوو ئـەم ناوچـەیە سـەنناریان بەگـەورەی خۆیـان

دەزانی، میوانداریەکی فرە کوردانەیان ساز کرد، بەیانی لەگەڵ تاو هەڵات لەهەموو لایەکەوە زەلام لەچیا دەهاتنە خوارێ و خۆیان دەگەیاندە کۆبوونەوە، تا لای چێشتەنگاوی لام وایە نێزیکەی هەزار کەس کۆبوونەوە، کۆبوونەوە دەست پێکرا، پاش ئەوەی کاك سەننار منی بەخەڵکەکە ناساند نێزیکەی سەعاتێك قسەم کرد، بەڵام گومانم لەوەدا نەبوو کەیەك کەسیش لێم حاڵی نەبوون و نەیانزانی دەڵێم چی، باش بوو کاك سەننار بەگەورەیی خۆی قسەکانی منی بەزمانی خۆیان بۆ دەگێڕانەوە، رەنگە لەزمانی وی تێ گەیشتبن، مەلا سەعیدیش لەلایەن مامۆستاوە قسەی کرد، بەڵام بەراستی هەر بەهەوادا ڕۆیشتن، دوای کۆبوونەوە و نان خواردنی نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ سەڵماس، لەوێ مالاوایمان لەکاك سەننار کرد و شەو هاتینەوە مەهاباد.

شەڕی نەغەدە

ڕۆژگار بەخێرایی تێدەپەڕین، ڕووداوی نالەبار دەهاتنە پێش حیزبی دیموکرات لەتوانایدا نەبوو بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بێ، نەبوونی کادری لێهاتوو، نەبوونی تەشکیلاتی ڕێك و پێك، گێرە و کێشەی چەك و سەربازخانە، گێرەشێوێنی قولّە ڕێکخراوی چەپڕەو،پیلان و لاساری حکومەت، تێکۆشانی حیزبی دیموکراتیان تووشی کەند و کۆسپ دەکرد، دکتۆر قاسملۆ بڕیاری دابوو کەلەشارەکانی کوردستان دەفتەری حیزب بکرێنەوە و بەم بۆنەوە کۆبوونەوەی هەراو ساز بکرێ.

لەنەغەدە وەزع تۆزێك فەرقی هەبوو، دوو کۆمیتەی کورد و عەجەم دامەزرابوون، هەر لەسەرەتاوە ناکۆکی و دم بەدمەیان پێکەوە هەبوو، لەپەنا کۆمیتەی کوردان ڕێکخراوی حیزبیش لەنەغەدە کاری دەکرد، وەك پێشتر باسکرا، دکتۆر قاسملۆ ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی لێ کردبوە مەسئولی ئەو برادەرانە کەپێشتر رابردووی

تێکۆشانیان هەبوو، هەروەها توشی زیندان و دوورخستنەوە و شەقی ساواک و ژاندارمەریش ببوون، لەنێو رێکخراوی حیزبیشدا کەسانی وا هەبوون دەیانویست هێز بەعەجەمەکانی نەغەدە نیشان بدرێ، لەتەشکیلاتی نەغەدە باسی ئەوە دەکەن کەبەڕۆنەی کردنەوەی دەفتەری حیزب میتینگێکی گەورە ساز بکرێ و لەهەموو رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات بگێڕنەوە کەبەچەکەوە بێنە نەغەدە و بەشداری بکەن، لەنێو ئەندامانی رێکخراوی نەغەدەدا برادەری وا هەبوون لەگەڵ پێکهاتنی میتینگ لەنەغەدەدا هاودەنگ نەبوون، لەلایەکی تر کۆمیتەی عەجەمان بەنامەی رەسمی داوای لەکۆمیتەی کوردان کردبوو کەلەم هەل و مەرجەدا میتینگی چەکدار لەنەغەدە ساز مەکەن، ئەگەر هەر دەتانەوێ سازی بکە با لەو شوێنەی دیاریتان کردووە کەنێو جەرگەی گەڕەکی عەجەمانە بیگوێزنەوە بۆ دەرەوەی شار یا بۆ لای گوندی بالفچی، بەڵام بەرپرسی داسەپاوی دکتۆر قاسملۆ بۆ نیشاندانی هێز پێ دەچەقێنێ کەدەبێ هەر لەو شوێنە کۆبوونەوە ساز بکرێ.

رۆژی ١٩٧٩/٤/١٩ سەرهەنگ زەهیر نیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ لەگەڵ جەوادی فەرماندەی ژاندارمەری و یەک دوو ئەفسەری دیکە بەهێلیکۆپتەر هاتنە سەددی مەهاباد و داوایان کرد چاویان بەدکتۆر قاسملۆ بکەوێ، دکتۆر کاک حەمەدەمین و منی لەگەڵ خۆی برد بۆ کۆبوونەوە، باسەکە گەرم و سەرنج راکێش بوو، ئەوان دەیانویست ئەرتەش بێتەوە پادگانی مەهاباد، زەهیر نیژاد دەیگوت: (شۆڕش کراوە، بەڵام سەقامگیر نەبووە، ئێوە دەبێ داوای هیچ نەکەن تا بەتەواوی سەقامگیر دەبێ، ئەودەم ویستەکانتان داوا بکەن).

دکتۆر دەیگوت: (خەڵک بۆیە شۆڕشی کردوە کەناعەدالەتی رژێمی رابردوو بەستەمی نەتەوایەتیشەوە لەبەین بچێ، ئێوە ئەگەر ئێستا مافی خودموختاری

قبولّ بکەن، دیارە بەرێگای رژێمی رابردوودا ناڕۆن، ئەودەم کوردیش بەجیددی تر لەشۆڕش پشتیوانی دەکا).

ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا پتر سەرنجی منی راکێشا قسەکانی ئەفسەرێکی کورد بوو بەناوی رەسولّی خەلّکی شاری سنە کەلەپادگانی خانێ خزمەتی دەکرد، ئەم رۆلّە کوردە جوامێرە بێ ئەوەی گوێ بداتە دواڕۆژی ژیان و دەرەجە و پلەی نیزامی پیاوانە بەگژ فەرماندەی لەشکردا دەهات و لەسەر مافی خودموختاری کوردستان پێی دادەگرت، باسەکەمان یەك دوو سەعاتی خایاند، بەنەتیجەیەك نەگەیشتین.

ئێمە لەسەددی مەهاباد دەگەڕاینەوە تەماشام کرد کەریم حەداد چەند لۆری پڕکردوە لەچەکداری ناوچەی سەردەشت و بۆ میتینگی نەغەدە کەوتۆتەڕێ، چووینەوە دەفتەری حیزب، چەند کەس لەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەوێ بوون باسی میتینگی نەغەدە و هاتنی ئەندامانی حیزب لەشارەکانی دیکەوە کرا، کاك حەمەدەمینی سیراجی گوتی: (دەمەوێ باسی ئەوە بکەم، نازانم لەو هەلومەرجەدا کەلەنێوان کورد و عەجەمی نەغەدە ناکۆکی هەیە، ئێمە ئەم میتینگ و کۆبوونەوەی چەکداری بۆچی ساز بکەین و چ پێویستە، ئێستا لەوێ دەفتەری حیزب کراوەتەوە، کاریش دەکا، ئیتر ئەم بەزمەی بۆچی ساز بکەین؟)، من پشتی قسەی کاك حەمەدەمینم گرت و گوتم: بەنەزەری من هیچ پێویست نییە، لەنەغەدە ناکۆکی زۆرە، دوو حەوتوو پێش من نەگەیشتبامە نەغەدە شەڕ سازدەبوو، میتینگی چەکدار و خەلّك کۆکردنەوە لەنەغەدە لەم هەلومەرجەدا نەقازانجە و نەپێویست.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: (بەرپرسی کۆمیتەی سندوس بڕیاری داوە و لەهەموو رێکخراوەکانی حیزبیان گێڕاوەتەوە، تازە تێکی نادەین)، بەڵام بەرپرسی

کۆمیتەی سندوس ئەگەر بڕیاری دابوو هیچ ئامادەییەکی لەباری چاوەدێری و کێشک و نەزم و ڕێکوپێکی لەبەرچاو نەگرتبوو، ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ١٩٧٩ لەسەرانسەری کوردستانەوە خەڵک بەرەو نەغەدە کەوتبوونەڕێ، چەکدار و بێ چەک ژن و مێر و پیر و لاو لەگەڕەکی عەجەمان لەمەیدانێکی خۆڵە پۆتەی وەرزشی دا کۆببوونەوە و مەیدان هەر زمەی دەهات.

ئەم خەڵکە بەدڵنیایی بەبێ خەیاڵی شەڕ و کێشە بۆ تەماشا و بۆ نیشاندانی پشتیوانی لەحیزبی دیموکرات هاتبوونە نەغەدە، کەس بیری لەشەڕ نەدەکردەوە و بەخەیاڵی شەڕ نەبوو، حیزبی دیموکرات نەخەیاڵی شەڕی هەبوو نەبۆ شەڕ خەڵکی کۆکردبۆوە، بەڵام دیار بوو عەجەمی نەغەدە چەند ڕۆژ پێشتر خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبوو، لەسەربانان مەتەرێزیان ساز کردبوو، لەنێو شاردا ئامادەیی شەڕ بەرچاو دەکەوت، دەیانگوت نانی چەند ڕۆژیان کڕیوە، بەڵام ڕێکخراوی حیزب و کۆمیتەی نەغەدە و ئەو خەڵکەی هاتبوونە نەغەدە لەبەرئەوەی خەیاڵی شەڕیان نەبوو، لەبەرانبەر ئەم ئامادەیی عەجەماندا نەخۆیان سڵ کردبوو نەگوێیان دایە، کەمتەرخەمی و لێ نەزانی بەڕێوەبەرانی میتینگ خەتایەکی گەورە بوو کەلەحیزبی دیموکراتدا قەت لێی نەکۆڵدرایەوە.

کاک حەمەدەمینی سیراجی چووە پشت میکرۆفۆن کەمیتینگ بکاتەوە، تەقەی تفەنگێك هات، تەقەیەکی دیکەشی بەدواوە بوو بێ ئەوەی کەس بزانێ لەکوێوە تەقە دەکرێ، خەڵك شڵەژا، کاك حەمەدەمین چەند جار هاواری کرد تەقەی مەکەن و لەسەرخۆبن، فایدەی نەبوو، دەرپەڕین ڕاکردن دەست پێکرا، هێندێ کەس لەخۆوە بێ ئامانج تەقەی دەکرد، دیوارێکی نەختێك بەرز لەوێ بوو، چوومە سەر دیوار و هاوارم کرد تەقەی مەکەن با بزانین چییە؟ لەپەنا میتینگ تەقە دەکرا، یەکێك لەکوڕەکانی نەغەدە بەسەر زێدە دیوارێکدا چووە سەر و بۆی چوو

کەبێدەنگی بکا، یەك دوو کەس دەستی منیان گرت و لەسەر دیوار هێنایانمە خوار، کا حەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) گوتی: (کوڕە چ دەکەی؟ کەس لێرە نەما با برۆین بەجێت ناهێڵم)، لەسەر دیوارەکە هاتمە خوارێ، لەگەڵ کا حەمەدی رۆیشتین، ماشێنێکی فولکسواگۆن دەهات رایگرت و گوتی: (سواربن)، بەزەحمەت خۆمان تێ ئاختی، کەمێك رۆیشت دیتم مامۆستا هێمن بەتەنیا و بەلاکەلاك دەڕوا، دابەزیم مامۆستام لەجێگای خۆم سوار کرد، گوتم: ئێوە بڕۆن، خۆم مامەوە، عەجەمێك لەسەربان لەمەتەرێزدا بوو، سەری هێنابوە دەرێ تەماشای ئێمەی دەکرد، بانگم کرد: بۆ تەقەی دەکەی؟ دەستی راوەشاند بڕۆ تێپەڕە، لەولاتر چەند کەس خۆیان دابووە بەر بێڵایی دوکانێك، گەیشتمە کن وان گوللەیەك هاتوو یەك لەوان وەعەرزی کەوت رانی بریندار بوو، ماشێنێکی باریِ لەوێ وەستابوو، بەکابرام گوت: وەرە ئەو بریندارە دەربازکە، کابرای شوفێر گوتی: (سواری ناکەم بۆ کوێی بەرم؟)، بەئەوانی دیکەم گوت: هەڵی گرن بێنن سواری کەن، خۆشم سەرکەوتم لەپەنا شۆفێر دانیشتم گوتم: باژۆ بۆ پێش دەفتەری حیزب، کابرا خۆی نەگرت، رۆیشتین، تەقە بەردەوام بوو کەس نەیدەزانی بۆچی تەقە دەکا و لەگەڵ کێ شەڕ دەکا؟

لەپێش دەفتەری حیزب عالەم کۆببۆوە دەنگۆی سەیر بڵاو دەبوونەوە: وەك فلان کەسیان کوشت... ژن و منداڵی کوردەکانیان لەسەر چۆمی وەبەر دەسرێژ داوە... فلان مااڵیان تاڵان کردووە...هتد، پرسیم: دکتۆر قاسملۆ چی لێهاتوە؟ گوتیان لەماڵی مامۆستا مەلا سااڵح–ە، کەچووم رێبەرانی قەوم لەوێ کۆببوونەوە پەشۆکاو و بێ بەرنامە، مەلا سااڵح و کاك حەمەدەمین بەتەلیفۆن لەگەڵ مەلای عەجەمان (میرزا برایمی محرر) قسەیان دەکرد و هەوڵیان دەدا تەقە رابگرن و چەکدار کۆبکرێنەوە، فایدەی نەبوو، دیار بوو پلان و نەخشەی عەجەمان زۆر لەوە

قوڵتر بوو، پێشتر خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبوو، کۆنە ساواکی وەک مەعبودی و مراد فەتاری و هی تر بەسەر چەکداری روت و رەجاڵی عەجەماندا زاڵ بوون و ئاگری شەڕیان خۆش دەکرد، کوردەکان چونکە بەهیوای شەڕ نەهاتبوون بڵاو و سەر لێ شێواو و نەیاندەزانی چ بکەن، تاڵان و راو رووت و گرەوگان گرتن دەست پێ کرابوو، ئەو کوردانەی هاتبوونە نەغەدە زۆربەیان ماشێنەکانیان لەگەڕەکی عەجەمان دانابوو، عەجەم دەستیان کردبوو بەدزین و شاردنەوەی ماشێنەکان.

پاش باسێکی زۆر لەماڵە مەلا ساڵحی هاتنە سەر ئەو بڕوایە، پێویستە بەربەرەکانی بکرێ، بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێن پێویستە چەکی قورس بێنن، دکتۆر قاسملۆ گوتی: (با کاک کەریم بچێتەوە مەهاباد دوو تۆپی گەورە بێنێ)، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە چەکی قورس بۆ شەڕی مەیدان دەبێ، ئەگەر وابایە دەبوو نەغەدە وێران بکرێ، دکتۆر گوتی: (جا کەوایە تۆ گیر مەبە ماشێنێك پەیدا بکە و بڕۆ دوو تۆپی گەورە بێنە)، هاتمە دەر دەبوایە بەپەسوێ و بەمەیدان بەڵەك دا بڕۆم، دەبوایە جیپ یا لەندەوێر پەیدا بکەم، بەماشێنێکی سواری چوومە بالفچی، بەهەڵکەوت شێخ نجمەدینی غەوس ئاباد پەیدا بوو دەچۆوە مەهاباد، سواری کردم، دوای نیوەڕۆ گەیشتمەوە مەهاباد، چوومە پێش دەفتەری حیزب کاك ئۆمەرم دیتەوە کەبەرپرسی پادگان و ماشێنەکانی سەربازخانە بوو، عالەمێکی زۆر لەپێش دەفتەری حیزب کۆببۆوە گوێ راگری دەنگ و باسی نەغەدە بوون، گوتم: ماشێنێکی ئەرتەشی و تۆپێکی ١,٥ ئامادە بکا و لەگەڵ تۆپچی بکەوینەڕێ، گوتیان: (ئەفسەری تۆپخانە تەنیا سەروان جاویدفەرە، ئەویش لەگەڵ مەلا رەسوڵی پێشنماز دەمەقاڵی بووە، تۆراوە و چۆتەوە ماڵێ و دانیشتووە)، گوتم: ئێوە گوللە تۆپ و شۆفێر ساز بکەن من دەچم جاویدفەر دێنم، چوومە ماڵە کاك ئەحمەدی جاویدفەر و گوتم: وەختی تۆران و دڵ ئێشی نییە،

دەبێ بچینە نەغەدە رۆژی تێکۆشانە، گورج راست بۆوە و خۆی ئامادە کرد و چووینە پێش دەفتەری حیزب، ماشێن بەشۆفێر و تۆپەوە ئامادەی حەرەکەت بوو، کاك حامیدی گەوهەری پەیدا بوو، گوتی: (باشە ئەو ماشێنە بەنزینی تێدایە، دەزانن چەندەی بەنزین دەوێ؟) باش بوو چەند تەنەکە بەنزینی زیادیشمان هەڵگرت و کەوتینەڕێ، باران دەباری هەتا پەسوێ رێگا خۆش بوو، لەپەسوێ تێپەڕین ماشێن حاسیە بوو، باران لێی نەدەکردەوە، گەڕامەوە بۆ پەسوێ دوو تراکتۆرم هێنان و بەزەحمەتێکی زۆر لەقوڕ و چەڵپاو دەرباز بووین، لای بەیانی گەیشتینە بایز ئاوێ، لەماڵە کاك سادقی رەحمەتی هاوڕێ و هاوکار و ئەندامی کۆنی حیزب لامان دا، ئاگریان کردەوە خۆمان ویشك کردەوە و نان و چامان خوارد و کەوتینەڕێ، دەمانچەیەکی حەوت تیری بچوکم بەرووتی دەبەر پشتێ نابوو، لەم هاتوچۆ و پاڵ پێوەنان و تەڕ و قوڕپەدا کەوتبوو ئێستاش نەدیتراوە.

تاو هەڵدەهات گەیشتینە باڵفچی، پێشمەرگە لەسەر رێگا بوون گوتیان: (دکتۆر لێرەیە)، کەچووم حەساری کاك عەولای حەسەنزادە هەر زمەی دەهات، بەرپرس و رێبەرانی حیزب نەغەدەیان بەجێ هێشتبوو هاتبوونە باڵفچی، کوردەکان لەنەغەدەبێ نەزم و بێ سەرکردە کەوتبوونە دیفاع و هێرشی عەجەمان توندتر ببوو، تفەنگێکی دووربیندار لەجێگای نەدەدۆزراوە فرزەی لەخەڵك بڕیبوو، هەرچی سەری وەدەرنابایە دەکوژرا.

چوومە ژوورێ و بەدکتۆرم گوت: ئەوە تۆپ لێرەیە چی لێ بکەین؟ بوو بەباس و بیروڕا دەربڕینی جیاواز: با جارێ تۆپەکە بشارینەوە دیار نەبێ، تۆپ و ماشێنیان بردە بناری باڵفچی کەنەیبینن، ماستاو کەرانی دەوروبەری دکتۆر پێشنیاریان کرد بەر لەهەموو شت جارێ با دکتۆر بڕوا و بچێتەوە مەهاباد و لەو کێشە و هەرایە دوورکەوێتەوە، نەوەك خودا نەخواستە شتێکی بەسەربێ و ئەم میللەتە کوردە

هەتیو و بێ کەس بمێنێتەوە، رانك و چۆخەیەکیشیان بۆ ئامادە کردبوو، ئامادەی رۆیشتن.

بڕیاردرا، مەلا ڕەسوڵو سەید ڕەسوڵ وەك مەسئولی پێشمەرگە بمێننەوە، وەزعی شەڕ و بەرگری ڕێك و پێك بکەن، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ دەستەی دەوروبەری بچێتەوە مەهاباد، منیش هەرچەند هەڵپەسێرابووم وەك بەرپرسی سیاسی حیزبی دیموکرات لەنەغەدە بمێنمەوە، من ئیتر لەسەر دکتۆر قاسملۆ گیر نەبووم و لەگەڵ دوو پێشمەرگە کەوتمەڕێ بەپێیان بۆ نەغەدە، با ئەوەش بڵێم سوپاسی ئەو هاونیشتمانیە نەناسراوەم لەبیر نەچێتەوە کاتێکی باسی ئەوەم کرد کەدەمانچەم لێکەوتوە، ئەو جوامێرە دەمانچەیەکی ١٤ خۆری لەقەدی خۆی کردەوە و لەپێشی دانام، نەمدەناسی بەڵام پاش دوو سێ مانگ ڕۆژێك لەمەهاباد هاتە لام، دەمانچەکەم وێ داوە، چونکە ئەودەم کاك سامی بەکاك نەبی قادری دا دەمانچەیەکی نێرگانی کورتی زۆر جوانی بۆ ناردبووم.

لەپردی باڵەچی پەڕیمەوە دیتم ئەوە ژن و منداڵ و خەڵکی بێ چەك بەگریان و ڕۆڕۆ لەنەغەدە وەدەردەکەون، ڕامگرتن، دڵخۆشیم دانەوە و گوتم: ماڵ و حاڵی خۆتان بەجێ مەهێڵن، بۆ کوێ دەچن بگەڕێنەوە، هێندێك لەگەڵ من گەڕانەوە، دیتم ئەوە ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی مەسئولی تەشکیلاتی دکتۆر قاسملۆ بەبن دیواریدا بەدێڵە دزە بەڕەو باڵەچی دەڕوا، گوتم: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

– کەس لەنەغەدە نەماوە، هەموو ڕۆیشتوون، ئەدی چ بکەم؟

– زۆر عەیبە، تۆ مەسئولی تەشکیلاتی، ئەو میتینگ و هەرایە لەسەر بڕیاری تۆ ساز بووە، بگەڕێوە، لەدەفتەری حیزب مەبزوو، ئێستا مەلا ڕەسوڵ و سەید ڕەسوڵیش دێنەوە.

رەحمان لەگەڵ من گەڕاوە چوویتە دەفتەری حیزب، وەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، خەبەری کوشتنی ئەو کوردانەی لەگەڕەکی عەجەمان دەژیان بڵاو دەبۆوە، گرتن و گرەوگان لەهەر تك لاوە دەست پێکرابوو، مەلا رەسوڵ و سەید رەسوڵ هاتنەوە نەغەدە، هەموو فکر و تەقەڵا ئەوەبوو کەجێگای تفەنگە دووربیندارەکە بدۆزینەوە، کەچوومە دەفتەری حیزب، ژوورێك لەسەرەوەی دەفتەر پڕ کرابوو لەعەجەمی رەش و رووت گوتم: ئەوانە چ لێ دەکەن؟ سەید رەسو گوتی: (ئەوانیش کوردیان زۆر گرتوون، رایان دەگرین)، چوویتە مالّی مەلا سالّح عالەمێکی زۆر لەوێ کۆببۆوە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات رۆژی یەکی بانەمەڕ لەسەر شەڕی نەغەدە بەیاننامەیەکی بڵاوکردبۆوە.

سەید رەسو لەگەڵ هێندێ پێشمەرگە چەند حەساری بەرەو قەڵات بڕیبوو بەو هیوایە کەتفەنگچییە دووربیندارەکە بدۆزێتەوە، دەیانگوت لەسەر قەڵات لەعەنباری ئاوێ دایە، دوای نیوەڕۆ هاتەوە گوتی: محەمەد نەستانی کوژرا، خەبەرێکی گەلێك ناخۆش و داخدار بوو، کوڕێکی گەنج، ئازاو لەبەر دڵان، وەرەی چەکدارەکان کز بوو، لەمالّی مەلا سالّحەوە پەیتا پەیتا تەلیفۆنمان دەکرد بۆ میرزا برایمی محرر کەشەڕ رابگرن و براکوژی نەکرێ، جوابیان نەدەداینەوە، تومەس لەگەڵ حەسەنی ورمێ پەیوەندیان گرتووە و داوای یارمەتیان کردووە، لەشکری ٦٤ی ورمێ تانکی ناردوون و چاوەڕوانی هاتنیان دەکەن، دوای نیوەڕۆ بوو رۆژی ٢ی بانەمەڕی ٧٩ خەبەریان هێنا کەتانك هاتنە نێو شار، بەڵام کوردەکان پێیان وابوو کە تانکی ئێمەن و لەمەهابادەوە هاتوون، ئەرتەشیەکان لەمحەمەدیارەوە رەسمی مەلا شێخ عیزەدینیان بەتانگەکانەوە نووساندبوو تا خەڵك بەفریو بچێ، رەسمی مامۆستا ئەوەندە خێرەشی بۆ کورد بەناوچاوە بوو.

تانگ گەیشتە نێو شار و تەقەیان دەست پێ کرد، سەید رەسو زۆر بەگورجی لەمالّی مەلا سالّح ئارپێچی دەپالّ یەک ناو ئامادەی کرد و دای بەپێشمەرگەیەک کەگۆیا شارەزا و وەستای ئارپێچی وەشاندن بوو، خودا هەلّناگرێ زۆریشی ئامۆژگاری کرد کەچ بکا و چۆن بەکاری بێنێ، ئەوانەی لەوێ بوون پشوویەکیان هاتەوە بەر و چاوەڕوان بوون کەئێستا تانک وەسەر یەک دەگەڕێ، زۆری پێ نەچوو تەقەی ئارپێچی دەنگی دایەوە، بەلّام نەک تانگ دووکانی وەسەر یەک گیرابوو، تانگەکان ئیدارەی ئاماری نەغەدەیان ئاگر تێ بەردا، رۆژی ٣ی بانەمەڕ چەکداری کورد لەشاریدا کەم ببوون، سەید رەسو هات گوتی: (جاوید فەر بریندار بوو بەڕێم کرد بۆ بالّفچی)، خەبەرێکی ناخۆش بوو، سەعات حەوتی ئێوارێ لەگەلّ مەلا رەسولّ و سەید رەسو قەرارمان دانا کەبمێنینەوە و دژی تانکەکان کەبەنێو گەڕەکی کوردان دا دەسووڕانەوە ئارپێچی بەکار بێنن، تەواوی رۆژ کاك ئەحمەدی خەزورم دەهات دەیگوت: (با ژن و منداڵ بڕۆن و لێرە نەمێنن)، نەمدەهێشت دەمویست کاپیتان قادری بەڕێ بکەم، نەدەڕۆیی دەیگوت: بەجێت ناهێڵم، سەعات ٩ی ئێوارە بوو لەگەلّ مەلا رەسولّ و سەید رەسو لەخەیابانی بالّفچی لەنێزیک مالّی خەزورم راوەستابووین، تانگێک بەپێش ئێمەدا هات تا دەرەوەی شاری ڕۆیشت و گەڕایەوە، لەخۆڕا تەقەی دەکرد، من گوتم: زۆر هیلاکم دەچم لەمالّی خەزورم تاوێک دەنوم، ئەگەر شتێک بوو خەبەرم دەنێ، دوایە چوومە دەفتەری تەشکیلاتی حیزب بەکاك سەعید کوێستانیم گوت: زۆر هیلاکم سێ رۆژە نەنوستوم، لەمالّی کاك ئەحمەدی تاوێک دەنوم، مەلا رەسولّ و سەید رەسو لێرەن و ئێستا دێنە لات، کەچووم مالّە کاك ئەحمەدی پڕ بوو لەخەلّك، لەدیوێکی راکشام تازە چاوم گەرم دەکرد، کاك ئەحمەد وەخەبەری هێنام و گوتی: (ژن و منداڵی مەلا سالّحی ڕۆیشتن، نەغەدە کەسی تێدا نەماوە، با ئەو ژن و منداڵانەی ئێمەش

بـڕۆن)، دیـتم فایـدەی نییـە خۆیـان کـۆکردەوە و بـەڕێیان کـردن، کـاك حەمـەدی سەروکانی و کاك ئەحمەدی خەزورم و مەلا سەید ئەحمەد و دوو سێ کەسی دیکـە مانەوە، لای بەیانی کاك سەعید کوێستانی هات گوتی:

– کاکە تۆ لێرە چ دەکەی؟ کەس نەماوە، نەغەدە چۆڵ بوو.

– ئەدی مەلا رەسوڵ و سەید رەسو چییان لێهات؟

– ئەوانیش رۆیشتن، ئێمەش ئەوە دەڕۆین، دەفتەریش چۆڵکراوە.

بەیانی بەردابوو هەستام زۆر بەزەحمەت کاپیتان قادریم رازی کرد کـەبڕوا، لەگـەڵ کاك ئەحمەدی بەڕێم کردن، مەلا سەید ئەحمەد لەگەڵ من مایەوە چوینە مالّی مەلا سـاڵحی، هێنـدێ خـەڵك لـەوێ کۆببوونـەوە، خەبـەر و دەنگـۆی نـاخۆش بـڵاو دەبوونەوە، خەبەریان هێنا گوتیـان: (دەفتـەری تەشـکیلاتی حیـزب ئـاگر دراوە)، بەمەلا سەید ئەحمەدم گوت: تکایە بچۆ بزانە راستە یان نـا؟ مـەلا سـەید ئەحمـەد رۆیشت کەخەبەر بێنێتەوە، بەخوای پاش چـەند رۆژ لەمـەهاباد دیتمـەوە، کەمـەلا سەید ئەحمەد نەهاتەوە هەستام گوتم: با بچمە دەر بزانم ئەو دنیایە بۆ وێران بوو، ئاغای خادمی لەگەڵم هـات، کەچـووین دەفتـەری حیـزب نەسـووتابوو، بـەڵام ئـەم دەوروبەرە هەمووی چۆڵ بوو، لەمالێك دەگەڕاین کەتەلەفۆنی هـەبێ بـەڵکو بتـوانم لەگـەڵ مـیرزا برایمـی محـرر قسـە بکـەم و داوای لێ بکـەم کەپێشـی تـاڵانی مالّـە کوردەکان بگرێ، چـونکە ئـیتر بەربـەرەکانی نـەمابوو، مالێکمـان دیتـەوە کـەگۆیا تەلەفۆنی هەیە، کـەوەژوور کـەوتم بـەجارێك حەپەسـام، دیـتم سـەروان جاویدفـەر بەبرینداری لەژوورێکدا درێژ بووە، لەکاتێکا سەید رەسـو گوتبـووی بـەڕێم کـردوە، دوو برین پێچی بۆکانیش لەوێ بوون، لام وایە برادەرانی کۆمەڵە بوون، ماشێنێکی

پەیکان لەحەساریێ بوو، بەخاوەن مالّەکەم گوت: تکایە گورج ئەوانە بگەیەنە بالّەخانەی، گوتی: (ناتوانم ماشێنەکەم بەنزینی نییە).

– کاکە رۆژی ئەو قسانە نییە، ئەوانە دەگیر دەکەون، سویچی ماشێنەکەم دەیە، ئەگەر تۆ نەیانبەیی خۆم دەیانبەمەوە مەهاباد.

ئیتر کابرا لەترسی ماشێنەکەی سوار بوو، جاویدفەر و برا برینپێچەکانیشم سوار کرد و بەڕێم کردن، دەگەڵ خادمی گەڕامەوە مالّی مەلا سالّح، خەڵك بڵاوەی کردبوو، کەم کەس لەنەغەدەدا مابوو.

لەو کاتەدا مەشەدی حەسەن قولی هات، مەشدی حەسەن قولی عەجەمێکی خەڵکی زولّم ئابادی نێزیك عەجەملییان بوو، لەزەمانی حکومەتی موصەدەق–ەوە لەگەڵ رێکخراوی حیزب کاری دەکرد، پیاوێکی ئازا و جوامێر و بەدەسەلّات بوو، لەگەڵ ئاغاکانی دەوروبەر بەربەرەکانی دەکرد، وەختێ خۆی زۆرم یارمەتی دابوو، ئەویش پالّی وەبرادەرانی حیزب دابوو، مەشەدی حەسەن قولی تاوێك دانیشت و گوتی: (ماشێنم هێناوە هەستە با برۆین، بچینە مالّی ئێمە پاشان دەتگەیەنمەوە مەهاباد، سەگبابێك نییە پێشت بگرێ).

گوتم زۆر سوپاس من ئێرە چۆن بەجێ بێڵم، تۆ برۆ من جارێ لێرە دەبم، ئەگەر پێویست بوو خەبەرت دەدەمێ.

مامۆستا مەلا سالّح گوتی: (مەشەدی ئەتو زۆر پیاوی چاکی، هەمیشە لەگەڵ کوردان و دۆستی کورد بووی، بەڵام عەیبێکت هەیە، کۆمۆنیستی کۆمۆنیست).

مەشەدی گوتی: (مامۆستا چۆن شتی وا دەفەرموی، من وا ٢٨ سالّە مریدی کەریمی حسامیم، چۆن کۆمۆنیستم؟

مامۆستا گوتی: (تەواوە ئەوە سابیت بوو کەکۆمۆنیست نی!).

مەشەدی رۆیشت، سێ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەکن من مابوون، یەکیان محەمەد بۆکانی بوو کەلەعێراقیش لەگەڵمان بوو پاشانیش لەگەڵ تاقمی حەوت کەسە رۆیی، ئەوانی تر عەولاّ بارزانی و کوڕێکی گەنجی مەهابادی بوو بەناوی قاسم، گوتیان کاك کەریم: (کەس نەماوە ئێمە چ بکەین؟).

– چۆن کەس نەماوە... ئەوە نییە ئێمە ماوین... بۆ ئێمە کەس نین؟ لێرە دەمێنینەوە با بزانین چۆن دەبێ، محەمەد بۆکانی گوتی: (من نامێنمەوە دەڕۆم)، قاسم و عەولاّ بارزانی گوتیان ئێمە دەمێنینەوە و بەجێت ناهێڵین.

ڕۆژی ٥ی بانەمەڕی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٤/٢٦) لەشەڕی نەغەدە ١٧ کەس لەمالّی مەلا سالّحی مابووینەوە، ١٢ تفەنگمان هەبوو دەگەڵ شێستیری قاسمی، ئاگاشمان لەوە نەبوو داخوا هیچ کوردی چەکداری دیکە یا بێ چەك لەنەغەدە ماونەوە یان نە، ئەوەندەمان دەزانی دەوروبەری مالّی مەلا سالّح چۆڵ ببوو، وەك لەبیرم بێ ئەمانەی خوارەوە مابوونەوە:

مامۆستا مەلا سالّح، خالّە مینی بەرزنجی، دکتۆر کوڕی خالّەمینی، کاك ئۆمەری ئیلخانیزادە، دکتۆر محەمەدی کوڕی مەلا سالّحی، حوسێنی کوڕی مەلا سالّحی، عەولاّ بارزانی، قاسم، لام وایە موحسینی کوڕی مامۆستاش مابێوە، ئەوانی دیکە ناویانم لەبیرنم نەماوە.

قاوەڵتیمان دەخوارد، دکتۆر محەمەد وەك ئەندامی کۆمەڵە هەڵی بۆ هەڵکەوتبوو بەسەر حیزبی دیموکراتدا هاتە خوار: (شەڕیان ساز کرد و خەڵکیان بەجێ هێشت و کەسیان نەیوێرا لەنەغەدە گیر بێ و....).

گوتم دکتۆر: وەختی ئەم قسانە نییە، ئەوەتا من لێرەم و نوێنەری حیزبی دیموکراتیشم، با بیر لەشتی تر بکەینەوە.

کوڕەکانی مامۆستا مەلا سالّحی دەیانگوت با بڕۆین و نەغەدە بەجێ بێلّین، مامۆستا دەیگوت: (بەقسەتان ناکەم، دەبێ لەم خانوەدا بکوژرێم و ئێرە بەجێ ناهێلّم)، دم بەدمەکەیان توند بوو، کوڕەکان دەیانگوت: (تۆ لەبەر ئەو فەرش و نێوو مالّ و خانوبەرەیە ناڕۆی، هەموومان بەکوشت دەدەی، ئێمە دکتۆر و موهەندیسین، کار دەکەین، مالّت بۆ پەیدا دەکەینەوە)، مامۆستا دەیگوت: (لەبەر شەرەف و کەرامەتی کوردایەتی ناڕۆم، ئێرە بۆ عەجەمان بەجێ ناهێلّم)، پاشان مامۆستا رووی لەمن کرد و گوتی: (ئەرێ تۆ دەلّێی چی، چ بکەین، بڕۆین یا بمێنینەوە؟).

گوتم: نابێ بڕۆین، ئابڕومان دەچێ، لێرە دەمێنینەوە و دیفاع دەکەین، نامەوێ باسی ئەوە بکەم کەئەو هەلّوێستەی من چەندە کاری کردە سەر خالّەمین و مامۆستا مەلا سالّحی، چ تۆوێکی دۆستایەتی و موحیببەتی لەنێوان ئێمەدا چاند، بۆ نمونەی ئەم دۆستایەتیە لێرەدا هەودای باسەکە دەپسێنم و دەقی وەرگێڕاوەی نامەیەکی مامۆستا مەلا سالّحی رەحمەتی بلّاو دەکەمەوە کەپاش ٣ سالّ لەسولەیمانیەوە بۆی ناردبووم:

ئەمەش دەقی وەرگێڕاوەی نامەکە:

(بەناوی خوای توانا و میهرەبان.. زانای پایەبەرز، دۆستی بەشەرەف و بەڕێز جەنابی ئاغای میرزا کەریمی حسامی.

دوای گەیاندنی سلاّوی دۆستانە و ئەنجامی ئەرکی دۆستایەتی خالیسانە، هەمیشە سلامەتی و بەختەوەری ئەم دۆستە ئازیز و بەڕێزە لەخوای یەکتا داوا دەکەم. هیوادارم هەمیشە شاد و خەندەدار و بەکەیف و دلّخۆش بی.

برای خۆشەویستم، ماوەیەکی زۆر بوو لێتان بێخەبەر بووم، هەمیشە چاوەڕوانی خەبەری سلامەتی ئەم دۆستە بەڕێزە بووم کەبەخۆشیەوە قاسیدی خۆش خەبەر

ئاغای میرزا وسێنی کرمانجی تەشریفیان هێنا، لەگەڵ ئەوە کەدیتنی ئەو بوو بەهۆی خۆشحاڵیم، مزگێنی سلامەتی ئێوەشی بۆ هێنام و گوتی پێکەوە لەشوێنێك دەژین، بەراستی موژدەی خەبەرێکی شادی هێنەر بوو، گوتم خۆش بەحاڵت کەلەگەڵ مرۆڤێکی تەواو و سیاسەتمەدار رەفیقی کەلەزانست و تەجرەبە و سیاسەتی ئەو بەهرە وەردەگری، خۆشەویستم ئەگەر لەمن دەپرسی شوکر ساخ و سلامەتم، وەك دەزانی لەسایەی بەرەکەتی سیاسەت و موحیبەتی ئێوە لەئاست نەغەدە سەروەت و سامان و مولك و کار و دارایی و نیشتمانی خۆم بەجێ هێشتوە و ئێستا لەوڵاتی عێراق کەبۆتە پەنای غەریبان بوومە پەنابەر و شەو و رۆژ بەیادی خێری دۆستان و دوعای سەرکەوتن بۆ خەباتگێڕانی بەشەرەفی کورد کەدژی رژێمی خوێنخۆری خومەینی شەڕ دەکەن کات دەبەمە سەر.

کەریم گیان، هەرچەند تۆ ئیمانت نییە، بەڵام بزانە بەگوێرەی ان مع العسر یسرا دوای ناڕەحەتی کەیەخەگیری خەڵکی کورد بووە شادی و ئازادیش هەر دێت، بەیادی ئەو رۆژەی کەبێجگە لەمن، تۆ و چەند کەس لەکوردەکان و هەشت کەسی تر کەس لەنەغەدە نەمابوو هەموو لەترسی گوللەی تورکان رایان کردبوو، لەرۆژێکی تاڵی ئەو کاتەدا بێ کەیف دانیشتبووی: گوتم: حسامی ئەوە دەترسی؟ لەوەڵامدا گوتت: ناترسێم، بۆیە ناڕەحەتم کەئەمرۆ هێشتا ریشم نەتاشیوە، بەیادی نوتق و وتار و خەباتی پیاوانەت لەهەموو کۆبوونەوەکانی حوسنییەت دا کەبناغەی هەموویان پلانی رژێمی خومەینی بوو نوێنەرانی رژێم و ئاخوندی فێڵباز هەرچی دەیانگوت درۆ بوو، وەبیرت دێ لەکۆبوونەوەی حوسنی نیەت لەورمێ چ بەڵایەکت بەسەر ئەو جوجە ئاخوندی مێزەر رەشە هێنا؟ بەیادی ئەو رۆژانە کەبەدرۆ دژی مستەفای هیجری کاندیدای حیزب بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی شورای ئیسلامی خۆت وەك نوێنەری شارستانی نەغەدە ناساند و شەو و رۆژ هەوڵمان بۆ دای و ئێمەت لەبەرچاوی حیزبی دیموکرات رەش کرد، لەپڕ بەبێ ئاگاداری خەڵك بەقازانجی مستەفای هیجری خۆت کێشایەوە، بەیادی قسە خۆش و بەتامەکانت کەجاروبار کوفرت دەکرد، بەڵام بەو خودایە لەم دنیایەدا هیچ کافرێکم بەقەدرایی

تۆ خۆش ناوێ، بەیادی قسە خۆش و گاڵتەکانت لەئاست شۆڕشی کوردستان کەدەتگوت: (هەمووی فشەیە)، کاك کەریم وەك بیستوومە تا ئێستا چەند جار خۆت گەیاندۆتەوە بولغارستان، ئیشەڵڵا ماڵ و منداڵت هەموویان ساخ و سلامەتن، دەشزانم لەچەند دانیشتنی کەیف و رابواردنی بێ دینی بولغارستاندا بەشدار بووی کەیفی خۆت تەخت کردووە و بەهێزی تەواو و بەخەیاڵی ئاسوودەوە بۆ خەباتی شێلگیر دژی رژێمی خومەینی هاتویەوە کوردستانی خۆشەویست.

کاك کەریم مەبەست لەوتەی درێژ و گاڵتە و حیکایەتی رابردوو ئەوە بوو، دەمویست بەدرێژی لەگەڵت بدوێم، چونکە لەزانستی بەلاغەدا یەك لەنیشانەی فصاحت و بلاغت ئەوەیە کەلەگەڵ دۆستی بەراستی زۆر قسە بکەی، بەڵام قسەی خۆمان بێ تۆ کەسێکی سیاسی، دەڵێن پیاوی سیاسی کەسی بەراستی خۆش ناوێ، دۆستایەتی سیاسەتمەدار بەگوێرەی مەسڵەحەت و پێداویستیەتی، ئیتر نازانم تۆش لەوانەی یا منت خۆش دەوێ، هیوادارم لەریزی بێ وەفایان نەبی، کاك کەریم ئیتر زەحمەتت نادەم خودا حافیزی دەکەم، ئێوە بەخودای تەعالا دەسپێرم، سڵاو و موحیبەتی بەراستی من قبوڵ بکە، هەموو برایانی پێشمەرگەی حیزب کەلەژێر رێنوێنی ئێوەدا تفەنگ و چەکی شەرەفیان هەڵگرتووە و هەموو ئەو کوردانەی کەخزمەتی ئێوە دەکەن سڵاویان دەگەیەنم، سەرکەوتنی هەمووان لەخودای یەکتا دەخوازم، بەهیوای دیدار و ئازادی کوردستان.

مەلا سالحی رەحیمی

١٣٦١/١٠/٢٧

وەك لەبیرم بێ، کوڕەکانی مامۆستا دوویان رۆیشتن، رۆژی هەوەڵ بێ شەڕ و تەقە رامان بوارد، بەڵام کارەساتێکی ناخۆش رووبدا، جاروبار یەك دوو برادەر دەچوونە دەر کەتەماشای دەوروبەر بکەن و خەبەرێك بزانن، عەجەم دەستیان کردبوو

بـەتالآنی خـانوە چـۆلەکانی کـورد، کـاك ئۆمـەری ئیلخـانیزادە وەدەرکـەوت کەسەیرێکی دەوروبەر بکـا و بزانـێ چ باسـە، کلاشـینکۆفێکی زۆر جـوانی قۆنـداخ ئاسنی پـێ بوو، زۆری پـێ نەچوو بێ تفەنگ گەڕایەوە، بزڕکاو و سپی هەڵگـەڕابوو، واقمان وڕما... ئەوە چییە کاك ئۆمەر کوا تفەنگەکەت؟

گوتی: (لەم لا دیوارە بامداوە (ناوی کـوردێکی هێنـا لـەبیرم نـەماوە) ئـەم کـوردە لەگەڵ چوار عەجەمان سواری سـەرم بـوون و تفەنگەکـەیان لێ ئەسـتاندم، گوتیـان بڕۆ ناتکوژین).

زۆژی هـەوەڵ لـەوەتاخی سـەرێ و لەبـەر پەنجـەرەکان مەتـەرێزمان سـاز کـرد و بڕیارمان دا کەئەگەر بێنە سەرمان بەرگری بکەین، نان و چێشـتێکی باشمـان سـاز کرد، نوێژی شـێوان بـوو، مامۆسـتا مـەلا سـاڵح گـوتی: (بـا نوێژەکـە بەجەماعـەت بکەین)، بێجگە لەخاڵە مین کەس نەبوو نوێژی لەگەڵ بکـا، چـوونە دیـوێکی دیکـە نوێژیان کرد و هاتنەوە لای ئێمە، گوتم: مامۆستا شوکر ئەهلی جەماعەت کەم بوو، لەحەڤدە کەس هەر دووبان نوێژێ دەکەن.

– کافر، لەم حاڵەدا، جا ئەوە قسەیە؟

شـەو بەگاڵتـە و قسـەی خـۆش رامـانبوارد، دکتـۆر بـەرزنجی کـوڕی خاڵـەمین، لەشێروخورشید بریندارێ کوردیان لەبـەر دەسـتی هێنـابوە دەرێ و کوشـتبوویان، نـازانم چـۆن دەربـازی ببـوو خـۆی گەیاندبوە مـاڵی مـەلا سـاڵحی، زۆر دەترسـا و باسەکەی هەر دەهێناوە سەر رۆیشتن.

زۆژی سێیەمی مانەوەمان، مەلا قەسیمی رەحمەتی و کوڕەکەی هاتنە لامـان، دوو زۆژ بوو بەتەنیا لەخانوەکەی خۆی شـەڕی دەکـرد، خانوەکـەیان ئـاگر تـێ بـەردا، بەقونـە شـەڕ بەچـەکەوە خـۆی گەیانـدە لای ئێمـە، لای نیـوەڕۆ ئاغـای رازی و

ئاغازادە هاتن، نان و ماستیان بۆ هێنابووین، مەلا سالّح نامەیەکی نووسی بۆ مەلای عەجەمان، نامەکەیان برد بەلّام ئیتر نەهاتنەوە، رۆژی چوارەم لات و سەر سەری قەرەپەپاخ پەلاماریان هێنا و بوو بەشەڕ، نان و خواردەمەنیمان دەهات کەم بێ، یەکدوو مالّە دراوسێی مامۆستا رایان کردبوو هەموو شتێکیان بەجێ هێشتبوو، یەك دوو کەسم لەگەلّ خۆ برد و چووم چوار پێنج مریشکمان گرت و نان و پێخۆرێکی زۆرمان هێنا، مریشك کوژرانەوە، گوتم مامۆستا خۆت دەزانی ناعیلاجی حەڕامی حەلاّلّ دەکا، ئێستا ئەم مامر گەلە حەلاّلّن، مامۆستا گوتی: (کوڕە هەرچی تۆ دەیکەی حەلاّلّە)، ئەو رۆژە تا سەعاتی دەی شەو شەڕ بوو، ئێمە فیشەکی بەخۆڕایمان نەداویشت، شێست تیری قاسمی عەجەمی تۆقاندبوون، لای بەیانی هێرشیان هێنا، بەبلّیندگۆ هاواریان دەکرد: (ئەگەر تەسلیم نەبن خانوەکە دەتەقێنین)، سەعات ١٢ی نیوەڕۆ بوو لەدەرگایان دا، بانگیان کرد، دەرگا بکەنەوە، لەحەساریّ دامەزراین، دەرگا کردنەوەی چی، پاشان یەکێك بانگی کرد: (جەنابی مامۆستا من ئیرەجی تەبرێزیم، لەگەلّ نوێنەری ئایەتولاّ تالّەقانی و یاریدەدەری وەزارەتی کیشوەر هاتوم، مامۆستا دەنگی کابرای ناسی و دەرگای کردەوە، ئاغای تەبرێزی فەرمانداری تەورێز، درەخشان یاریدەدەری وەزارەتی نێوخۆ، ئاغای سەیفی فەرمانداری مەراغە دەگەلّ کابرایەکی زەلامی سمێل فشی رەشتالّەی سینگ و باسك کوتراو و پۆلێك موجاهیدی سەربەتالّەقانی وەژوور کەوتن، کابرای سمێلّ فش کەجلی نیزامی لەبەردا بوو خۆی ناساند: (سەرگورد جەوادی موئەزین) دانیشت و رەسمێکی خۆی دەرهێنا کەلەگەلّ خومەینی راوەستابوو، دەستی پێ کرد، گوتم: جارێ لەو حیکایەتە گەڕێ، ئەم لات و سەر سەریانە لەدەوری مالّی مامۆستا دوورخەوە، پاشان قسە دەکەین.

موجاهیدەکانی سەرگورد، چەکدارە عەجەمەکانیان لەدەوری مالّی مەلا سالّحی راونا، پاش قسە و باسێکی زۆر ئاغای تەبرێزی پێشنیاری کرد کەبچینە فەرماندارى و لەسەر برانەوەی شەڕ و هێدی کردنەوەی وەزعی نەغەدە بدوێین، من وەلا سالّح و خالّەمین لەگەلّ سەرگورد و درەخشان و تەبرێزی وەدەر کەوتین بۆ فەرماندارى، هێندی لات و سەرسەری قەرەپەپاخ لەدەوری مالّی مامۆستا کۆببوونەوە و خەریك بوون بەگژ مامۆستادا بچن، سەرگورد وەك پیاوان سەردەستەکەیانی وەبەر شەقان دا، ئەوانی تر رایان کرد، کەدەچووین بۆ فەرماندارى دیتمان عەجەم بەپیکاب و عارەبانە و بەکۆلّ شتومەکی مالّە کوردەکان بەتالّان دەبەن، بەسەرگوردم گوت: ئەوەتا ببینە ئاوا کوردەکان تالّان دەکەن، سەرگورد ماشێنی راگرت و پێشی گرتن، شتومەك و بارەکانیان بردە مزگەوتێك و سەربازی لەسەر دانان، پاشان پێم گوت: لەو کۆلّانانەی پێش گەڕەکی کوردان موجاهید دابنێ کەمالّەکان تالّان نەکرێن، چووینە ئیدارەی فەرماندارى، پتر لەهەزار کەس لەپێش فەرماندارى کۆببوونەوە و دژی مەلا سالّح شوعاریان دەدا، پاشان قولّی خانی پوزچلو، لەگەلّ ئاغای رازی و ئاغازادە و چەند کەیخواو ریش سپی نەغەدە هاتن و دەستکرا بەقسە و لێکدانەوە و دۆزینەوەی رێگا بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نەغەدە، ئێمە لەو قسە و باسانەدا بووین، سەعاتی شەشی ئێوارە سەرهەنگ زەهیر نیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ پەیدا بوو، گوتی: (ئێستا بەهیلیکۆپتەر بەهەموو سندوس دا گەڕاوم، پێشمەرگەی دیموکرات لەگەلوان و لەقارنە و خەلیفان و مەحمەشە کۆببوونەوە و ئەمشەو بەسەر گوندی عەجەماندا دەدەن).

درۆیەکی شاخدار، سەرهەنگ کاتێ ئەو قسانەی دەکرد کەلەگوندی ئالّیاوێ بەهێلیکۆپتەر تەقەی لەخەلّك کردبوو، کوڕی کوێخا محەمەدی کوشتبوو، هاتبوە

نەغەدە ئەم درۆیانەشی ساز کردبوو، گوتم: راست نییە، پێشمەرگەی دیموکرات لەهیچ گوندێکی کۆ نەبوونەوە، بەسەر هیچ گوندێکی دانادەن، ئێمە شەڕخواز نین، بۆ شەڕیش نەهاتبووینە نەغەدە، باسەکەمان درێژەی کێشا، ئاخرەکەی گوتیان: (ئەگەر حسامی نەچێ پێشمەرگەکانی دیموکرات لەگوندی قارنە و لەگەلوان بڵاوە پێ نەکا وتوێژ ناکەین، با ئەم شەو بچێ بڵاوەیان پێ بکا، سبەی کۆدەبینەوە). سەرگوردی نوێنەری تاڵەقانی پێشنیاری کرد کەسواری ئامبولانسی گروهی تاڵەقانی بم و بچمە گەلۆان، گوتم دەچم بەو شەرتەی لەو دەستەی ئیمدادی تاڵەقانی یەکێکم لەگەڵ بێ و بزانێ کەسەرهەنگ درۆ دەکا و پێشمەرگەی ئێمە کۆنەبوونەوە، بەراستیش پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی نەبەرنامەی شەڕ و نەبەرنامەی بەرگریان هەبوو، ئەوە سەرەتای شکانی ئێمە بوو لەخەباتی دژی رژێمی خومەینی دا.

پێشنیارەکەم قوبڵ کرد، چوویناوە مالّی مامۆستا، سەعات هەشتی شەو ئامبولانسیان هێنا، بەخەتێکی سووری درشت لێی نووسرابوو: (امداد گروه طالقانی) موجاهیدێك و شۆفێریش هاتبوون، من و دکتۆر بەرزنجی و کاك ئۆمەری ئیلخانیزادە لەگەڵیان سوار بووین و بەرەو باڵەچی و گەلۆان کەوتینەڕێ، لەرێگادا کاك ئۆمەر و دکتۆر بەرزنجی بەنۆرە بەمیکرۆفۆن هاواریان دەکرد: (برایانی پێشمەرگە تەقەی نەکەن کاك کەریمی حسامیمان لەگەڵە)، تا گەیشتینە نێزیك گەلۆانێ بەنۆرە هاواریان دەکرد و جاروبار میکرۆفۆنەکەیان دەدا بەمنیش.

لەریزە بەردەکانی پێش گەلۆانێ پێشمەرگە لێمان راپەڕین و دەنگیان داین، دابەزیم و بانگی سەرپەلی پێشمەرگەکانم کرد، سۆراغی مەلا رەسوڵ و سەید رەسوم پرسی، گوتیان: (ئەوە لەگەلۆان لەمالّی سەید حەسەن-ین).

بۆ شارەزایی دوو پێشمەرگەم سوار کرد و چووینە گەڵوان، ماڵی سەید حەسەنمان دیتەوە، کەچووم مەلا رەسوڵ و سەید رەسو خۆیان لێ بەعەرزی دادابوو، دیاربوو جێگاکەشیان کڕێن نییە!، دەستەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی مەهابادیش هاتبوون کەمصاحبەم لەگەڵ بکەن، لەوتوێژ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، هۆیەکانی سازبوونی شەڕ و پیلانی کۆنە ساواکیەکان و پەلاماری لەشکری ٦٤ و ناردنی تانگ و دەربەدەری خەڵک و تالآنی ماڵە کوردەکان و هاتنی موجاهیدینی تالەقانی و درۆیەکانی سەرهەنگ زەهیرنیژادم بەدرێژی روون کردەوە، شەو لەگەڵوان خەوتین و بەیانی زوو گەڕاینەوە بۆ نەغەدە، ئیتر نەشمزانی مەلا رەسوڵ و سەید رەسو چییان کرد و چییان بەسەرهات و کەنگێ گەڕانەوە مەهاباد، گەیشتینەوە راست ماڵی مەلا سالحی بەدکتۆر بەرزنجی و کاك ئۆمەری ئیلخانیزادەم گوت: ئێوە لێرە دابەزن و بچنە ماڵی مامۆستای تا من دەچمە شێروخورشید و سەرگورد و تەبرێزی دەبینمەوە، دکتۆر بەرزنجی گوتی: (منیش هەر دێمە شێروخورشید)، کاك عومەریش دانەبەزی، رۆیشتین، من لەپێشەوەی ئامبولآنسەکە سوار ببووم و کۆت و شەڵوارم لەبەردابوو، عەجەمی نەغەدە لەمبەر و بەری شەقام و کۆڵان راوەستابوون، پێیان وابوو من نوێنەری تالەقانیم، گەزێك ملیان نەوی دەکرد و سڵاویان دەکرد، لەشێروخورشید ژوورێکی تایبەتی بۆ دکتۆر و برینپێچەکانی گرۆی تالەقانی دیاری کرابوو، لەسەر دەرگاکەش نووسرابوو: (گروه امداد طالقانی)، ئێمە راست چووینە ئەو ژوورە، دکتۆرێکی هیندی کەلەوێ کاری دەکرد و هاوکاری دکتۆر بەرزنجی بوو هاتە ژوورێ، بەدکتۆر بەرزنجی گوت: (ئەوە بۆ هاتویە ئێرە؟ دوو رۆژە لێت دەگەڕێن، چکارت بێرەیە؟) کەدکتۆری هیندی ئەوەی گوت، دکتۆر بەرزنجی و کاك ئۆمەری ئیلخانیزادە چڕژان، گوتیان: زەحمەتە نەجاتیمان بێ، گوتم: پێم گوتن دابەزن و مەیەنە ئێرە، ئێستاش ئێوە هیچ مەڵێن،

من ناناسن، وەك نوێنەری تاڵەقانی قسە دەكەم، چووم لەجێگای دكتۆر لەپشت میّز دانیشتم، عەجەمێك هاتە ژوور كەچاوی بەدكتۆر بەرزنجی كەوت، گورج گەپایەوە، دكتۆر گوتی: (دەرچوو، ئەو سەگبابە من دەناسێ و زۆریش خراپە، تازە نەجاتیمان نابێ).

كابرا وەدەركەوت و زۆری پێ نەچوو لەگەڵ دوو عەجەمی چەكدار وەژوور كەوتن، ئیتر هەر دەرگایان كردەوە من وچانم پێ نەدان، بەفارسیە كێویلكەی خۆم، زۆر بەتوڕەیی دەنگم دان و گوتم: ئێرە دەفتەری ئایەتوڵڵا تاڵەقانیە، چۆن بەچەكەوە بێ ئیجازە وەژوور دەكەون، یا الله جەهەندەم بن، وەدەركەون، پدر سەگ، ئیتر هەر خۆیان نەگرت و گەڕانەوە، دكتۆر بەرزنجی پشویەكی هاتەوە بەر، گورج دوو كەلیمەم نووسی بۆ سەرگورد موئەزین كەلەفەرمانداری بوو، نووسیم فەورەن بگەیە ئێرە وەزع خەتەرە، دام بەپێشخزمەت و گوتم: گورج بەغار بۆ سەرگوردی بەرە، ئیتر زۆری پێ نەچوو سەرگورد پەیدا بوو، گوتم: زوو بمانگەینەوە مالّی مەلا سالّحی، سەرگورد وەك پیاوان سواری كردین و ئەوجاریش دكتۆر بەرزنجی نەجاتی هات، زۆژی دوایی كۆبوونەوە لەفەرمانداری ساز كرا، پاش باسێكی زۆر گەیشتینە ئەو بڕیارە كەهەوەڵین هەنگاوی بۆ هێدی كردنەوەی وەزع، گیراوەكان بگۆڕینەوە، زۆژی ٨ی بانەمەڕی ١٩٧٩ عەباسی ئوستانداری ورمێ هاتە نەغەدە، ئەو زۆژە بوو كە ٤٢ مەیتی كوردە كوژراوەكانمان ناردەوە مەهاباد كەلەوێ بنێژرێن، لەوتوویژدا لەگەڵ ئوستاندار پێشنیارم كرد.

١- هەموو مالّە كوردەكان بگەڕێنەوە بۆ نەغەدە.

٢- شورایەكی هاوبەشی كورد و تورك لەنەغەدە پێك بێ، كۆمیتەی حەسەنی هەڵوەشێتەوە.

٣- سزادانی ئەو کەسانەی کەشەپیان ساز کردووە.

٤- ئەوانەی بەگرۆگان گیراون لەهەر تك لا ئازاد بکرێن.

ئوستاندار گوتی: (پێویستە بۆ چارەسەرکردنی وەزعی نەغەدە کۆبوونەوەیەکی بەرین لەورمێ ساز بکەین، ئێستا تۆ دەبێ لەگەڵم بێی بچینە مەهاباد)، دکتۆر بەرزنجی و دکتۆر کوڕی مەلا سالحی گوتیان: (ئێمەش هەڵگرە)، قاسمی پێشمەرگەشم سوار کرد و لەگەڵ ئوستاندار چووینە مەهاباد، لەرێگا ئوستاندار گوتی: (با راستەوخۆ بچینە سەر قەبران).

گوتم: (مەسڵەحەت نییە ئەوڕۆ ئەو هەموو مەیتە بۆ مەهاباد ناردرانەوە، خەڵك داخدار و بریندارن، تووشی کێشەی دەبین، پێشی خەڵك ناگیرێ، دکتۆر بەرزنجی هەڵی دایە و گوتی: (واباشە جەنابی ئوستاندار راست بچێتە سەر قەبران)، من بێدەنگ بوم، ئیتر شوفێر راست بۆ سەر قەبران ئاژوای، عالەمێکی یەکجار زۆر لەسەر قەبران کۆببۆوە، مەیت ریز کرابوون بۆ ناشتن، دیمەنێکی داخدار و دڵتەزێن، کاتێك ژانیان ئوستاندار هاتوە لەهەموو لاوە رووبان تێ کرد و دەوری ماشێنەکەیان دا، ئوستاندار سپی هەڵگەڕا و چاوێکی بەمانای لەدکتۆر بەرزنجی کرد، پاشان رووی دەمن کرد و گوتی: (ئاغای حسامی ئێستا من چ بکەم، خۆ من خەتایەکم نەکردوە)، بەدکتۆر بەرزنجیم گوت: فەرموو دابەزە پێشی ئەو خەڵکە بگرە، گوتم با نەچینە سەر قەبران، هێرشەکە توندتر دەبوو، مەترسی لێدان و کوشتنی ئوستاندار هەست پێدەکرا، لەماشێن هاتمە دەر و تاکسیەك لەوێ راگیرابوو، چوومە سەر تاکسیەکە و رووم کردە خەڵك و گوتم: هاونیشتمانانی بەڕێز ئوستاندار میوانە و لەگەڵ من هاتوە، بۆ نیشاندانی هاودەردی هاتۆتە سەر قەبران، لەم رووداوەدا پێم وایە خەتایەکی نییە، تکاتان لێ دەکەم بڵاوەی بکەن و با کارەساتی گەورەتر نەقەومێ، ئیتر من ناتوانم سوپاس و شوکرانەی ئەم خەڵکە

زامدار و بەشەرەفە بەجێ بگەیەنم، چەند کەس هاواریان کرد راوەستێ کاك کەریم قسە دەکا، پاش قسەکانی من خەڵکەکە کشانەوە و بڵاوەیان کرد، لەسەر تاکسی هاتمە خوار و ئوستاندارم بردە فەرمانداری، دوای نیوەڕۆ تا سێ رای محەمەدیار لەگەڵی چووم و بەڕێم کردەوە بۆ ورمێ.

کۆبوونەوەی حوسنی نیەت

شەڕی نەغەدە بەڵایەکی لابەلا بوو بەئەستۆماندا هات، خەڵکێکی بێگوناح کوژرا و دەربەدەر بوون و تاڵان کران و خەڵکێکی زۆریش ئاوارە و رووبان کردە مەهاباد، زۆربەیان لەخانەی جەوانان چادریان بۆ هەڵدرابوو، دەستکرا بەشکایەت و ناردنی تێلگراف و ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ تاران، سەیر ئەوەبوو شێروخورشیدی ناوەندی ئێران لەتاران بەنامەی ڕەسمی بۆ شێروخورشیدی ورمێ و نەغەدە و مەهابادی نووسیبوو کەیارمەتی بەلێقەوماوانی نەغەدە مەکەن، دەقی کۆپیەی نامەی شێروخورشیدی تاران لەلای من بوو، بەداخەوە لەگەڵ سەنەد و بەڵگەکانی دیکەی شەڕی نەغەدە و شەڕی پاوە و...هتد، لەوڵات پارێزراون، لێرە بەدەستەوە نین.

مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین پەیامێکی نارد و داوای لەخەڵك کرد کەیارمەتی بکەن، حیسابێکی بانکی بەژمارە ٧٠٠٠ و ٦٩٦٩ بۆ یارمەتی بەلێقەوماوانی نەغەدە کرایەوە، خەڵکی بەشەرەفی کورد هەرچی لەدەستیان هات لەیارمەتی دریغیان نەکرد.

دوای پەیوەندی لەنێوان پیاو ماقوڵ و سیاسی و مەلاکانی ناوچە بەکورد و عەجەمەوە، بڕیاردرا کۆبوونەوەیەك لەورمێ بەبەشداری کەسایەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد و عەجەم لەدانیشتوانی ورمێ و شنۆ و نەغەدە و مەهاباد

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەغەدە ساز بکرێ، لەنەغەدە مامۆستا مەلا سالّح و خالّە مین، لەشنۆیە قازی خزری و میرزا رەحیمی مەحمودی و حاجی حەیدەری قادری و میرزا رەحمانی زەرزا، لەورمێ کاك یوسفی کوردنیژاد و جهانگیر ئاغای دەری و تیللی بەگ، لەمەهاباد مامۆستا مەلا رەحیمی عەباسی و کاك حەسەنی بابەتاهیری بەشداریان دەکرد، لەعەجەمی نەغەدە میرزا برایمی موحریر و مەلا حەسەنی ساواکی سەر دەفتەر و دوو عەجەمی دیکە، لەورمێ ئاغای فەوزی و قوڕەیشی و شارداری ورمێ و ئوستانداری ئازربایجانی ڕۆژئاوا و فەرماندەی لەشکری ٦٤ بەشداریان کردبوو، سەرگورد موئەزین نوێنەری ئایەتولاّ تالّەقانی و درەخشان یاریدەدەری وەزارەتی کشور و خەلّکێکی زۆری دیکەش بەشداری کۆبوونەوە بوون، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دیسان منی بەنوێنەری حیزب بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دیاری کرد، دەگەلّ مەلا سەید ئەحمەدی سەعدەیی چووین بۆ کۆبوونەوە، ئێمە بەماشێن چووینە سێ ڕای محەمەدیار لەوێوە بەهێلیکۆپتەر بردیانین بۆ ورمێ.

کۆبوونەوە لەمێهمانسەرای ورمێ لەلایەن شارداری ورمێ وە ڕێکخرابوو، لەپێشدا کۆبوونەوە بەئایەتی قورئانی پیرۆز (واعتصموا بحبل الله جميعا) کەبۆتە بنێشتە خۆشکە و کەسیش گوێی ناداتێ، لەلایەن قازی شنۆیە کرایەوە، هەر بەدوای ئەودا ئاخوندێکی سەررەشی روتەلّەی باریك، سەری لەبەن عەبا هێنا دەر و دایمەزراند، دەستی پێکرد بەشێوەیەکی بێ ئابڕوانە و ئاژاوەچیانە و درۆی وەهای دەهۆندەوە کەتەنیا مەلای شیعە دەتوانێ سازیان بکا، کەمی مابوو مەجلیسەکە وەگریان خا، دژی حیزبی دیموکرات شتی وای ساز کردبوو، بەراستی کەس نەدیبووی نەبیستبووی، ئاغای قوڕەیشی و فەوزی دەگەلّ قازی خزری کۆبوونەوەیان بەڕێوەدەبرد، یەك دوو جار دەنگیان دا گوتیان: (زۆرت پێ لێ هەلّێناوە)، نەخێر

کابرا بێدەنگ نەدەبوو، هەتا ئوستاندار بەزۆری بێدەنگی کرد، لەمەلا سەید ئەحمەدم پرسی ئەوە کێیە؟

- ئەوە ناوی مەلا حەسەنییە، لەنەغەدە دەفتەری مارە و تەلاقی هەیە، ساواکیەکی ناسراوە، پاشان یەك دوو مەلا قسەیان کرد بەدوای ئەواندا ئوستاندار دەستی پێکرد، دوای ئوستانداری کاك حەسەنی باباتاهیری کەمەعموری دەولەت و فەرمانداری مەهاباد بوو بەشێوەیەکی شێواو و مەنتقی بەورەیەکی بەرز و ئازایانە، دژی سیاسەتی دەولەت لەکوردستان، دژی هەڵوێستی ئوستاندار و فەرماندەی لەشکر دەستی پێکرد، پیلان و نەخشەی کۆنە ساواکییەکانی نێو دەزگای دەولەتی و پلانی حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێی روون کردەوە و ناردنی تانگی بۆ نەغەدە مەحکوم کرد و پیاوانە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و لەمافی خودموختاری دیفاعی کرد، ئوستاندار یەك دوو جار دەنگی دا و گوتی: (تۆ مەعموری دەولەتی، حەقت نییە ئاوا دژی دەولەت قسە بکەی)، کاك حەسەن لەوەڵامی دا گوتی: (تۆ مەعموریکت دەوێ درۆزن بێ مەرایی بکا، بۆ هەموو جینایەتێك بەڵێت پێ بڵێ، من لەو مەعمورانە نیم، دەڵێی تا ئێستا ئیستیعفا بدەم).

من پێشتریش حەسەنی باباتاهیریم دەناسی دۆستایەتیمان هەبوو، بەڵام هەڵوێستی ئەو رۆژەی ئەو پیاوە ئازایە سەد ئەوەندەی دیکە رێزی لەلای من زیاد کرد، دۆستایەتیەکەمان بەهێزتر بوو، ئێستاش کەلێك دوورین ئەم هەستەم لەئاست کاك حەسەنی باباتاهیری هەر بەردەوام و بەهێزە.

پاش قسەکانی باباتاهیری یەك دوو کەسی تریش قسەیان کرد، ئینجا سەرهەنگ زەهیرنیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ هەستا و بەچەند سەرباز دۆشکەیەك و قەتارێك فیشەك و چەند تفەنگی هێنا لەسالۆنی کۆبوونەوە داینا، دەتگوت

لەشەڕی دووەمی جیهانیدا سەرکەوتوە، بەدەورەیاندا دەسوڕا و پاشان گوتی: (ئاغایان تەماشا کەن ئەوانە لەحیزبی دیموکرات گیراون، ئەگەر هێلیکۆپتەرەکان نەگەیشتبانێ و ئەو چەکانەیان نەگرتبا ئێستا نەهاونیشتمانانی نەغەدە دەمان و نەدەسەلاتی حکومەتی ئیسلامی لەئازربایجان)، دیارە ئەو دۆشکە و تفەنگانە لەکاتی شەڕی نەغەدە لەئالیاوێ لەدەستەیەك پێشمەرگەی سەید رەسوی گیرابوون و وەك پێشتر باسکرا چەند کەسیش کوژرابوون، کاك مرادی قادری مەسئولی پێشمەرگەی تەشکیلاتی شنۆ دەنگی فەرمانی زەهیرنیژادی لەهێلیکۆپتەرەوە زەبت کردبوو کەفەرمانی دابوو هەر رەشاییەکی لەسەر زەوی دەیبینن دەستی لێ مەگێڕنەوە، دوای قەرەچی ئۆینی سەرهەنگ زەهیرنیژاد یەکێك لەمەلا عەجەمەکانی ورمێ پێشنیاری کرد با قسە کردن تەواو بێ و باسی بڕیارەکانی کۆبوونەوە بکەین.

من دەستم هەڵێنا و گوتم: (ئەو کۆبوونەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەی شەڕی نەغەدە و چارەسەرکردنی وەزعی نالەباری ئەو شەرە پێك هاتبوو، بەڵام لێرەدا ئاخوندێکی ساواکی و کۆنە قازاخێکی ئەرتەشی شاهەنشاهی کۆبوونەوەیان کرد بەکۆبوونەوەی دژی حیزبی دیموکرات، کەوابوو من وەك نوێنەری حیزبی دیموکرات بەمافی خۆمی دەزانم کەوەڵامیان بدەمەوە و کۆبوونەوەش لەسەر رووداوەکان روون کەمەوە).

ئوستاندار و قازی خزری و مەلا فەوزی گوتیان: (تکا لەئاغای حسامی دەکەین کەلەو مافەی خۆی چاو بپۆشێ با کۆبوونەوە تێك نەچێ).

گوتم: (کورد بەدرێژایی مێژوو هەر چاوی پۆشیوە و مافی پێشێل کراوە، ئەگەر رێگا نەدرێ من قسە بکەم، لەکۆبوونەوە دەچمە دەر و هەر بڕیارێکی کۆبوونەوە بیدا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان قابیلی قبوڵ نییە).

بەدوای قسەکانی منـدا، زۆربـەی بەشـدار بـووانی کۆبوونـەوە گوتیـان بـا ئاغـای حسامی قسە بکا، لەپێشدا گرنگی کۆبوونەوە و پیلانی حەسـەنی ئیمـام جومعـەی ورمـێ و سـازکردنی شـەڕی نەغـەدەم روون کـردەوە، پاشـان بەسـەر و گـوێلاکی ئاخوندی کۆنە ساواکی دا هاتمە خوارێ، یـەک لەمـەلاکان گـوتی: (ئاغـای حسـامی ببووڕە وشەی ئاخوند سوکایەتیە، تکایە ئەم وشەیە بەکار مەهێنە).

گوتم: (ببەخشن، من کوردم و فارسی باش نازانم بـەڵام لام وایـە بـۆ ئـەو ئاخونـدە کۆنە ساواکیە کەلیباسی مەلایانی لەبەر کردووە ئەگەر وشـەی ئاخونـد سـوکایەتی بێ پێ بەپێستیەتی، ئـەو سـاواکیە حـەقی نییـە لەکۆبوونـەوەی حوسـنی نیـەت دا دابنیشێ، وام لێکرد کابار راست بـۆوە عـەبای بەسـەر شـانی دادا و کۆبوونـەوەی بەجێ هێشت و ئیتر کەس نەیدیتەوە، ئەمجار بامداوە سەر سـەرهەنگ زەهیرنیـژاد گوتم: (ئەو نمایشەی سەرهەنگ شتێکی سەیر نییە، ئەو لەئەرتەشی شاهەنشـاهیدا پـەروەردە کـراوە، فرچـکی بـەدرۆ و بوختـان و بـەرتیل و سـەرکوتکردنی خـەڵک گرتوە، ئێستاش خۆی خزاندۆتە نێو شۆڕشـی گـەلانی ئێـران، ئـەو چـەکانەی ئـەو نیشـانی دان و بەکوشـتنی دەیـان کەسـی بـێ چـەکی خـەڵکی ئالّیـاوێ وەچـنگی هێناون لەوێ نەشەڕ بووە و نەکەس خەیاڵی شەڕی هەبووە، بەڵام نیشاندانی چەک شتێك نییە خەڵکی کوردستان چەکدارە و ئەرتەشی شاهەنهاشی چەک کـردوە، بـۆ ئاگاداری ئاغای سەرهەنگ زەهیر نیژاد من لێرە رادەگەیـەنم کەبـەو تیربـارە کـورد چەک ناکرێ، ئێمە چەکی باشتر و چەکی قورسمـان هەیـە و بـۆ وەدەسـت هێنـانی مـافی خودموختـاری بـەکاری دێـنین، ئێمـە هـاتووین لێـرە کۆبینـەوە ئـەم ئـاگرە بکوژێنینەوە کەحەسەنی و زەهیرنیژاد لەنەغەدە هەڵیان کردوە و دوو برای کورد و قەرەپـەپاخیان بەگـژ یەکدا کـردووە کەسـاڵەهای سـاڵە بەبرایـەتی دەژیـن، ئێمـە

نەهاتووین باسی ناکۆکی حکومەتی ئیسلامی و حیزبی دیموکرات بکەین، بەڵام زەهیرنیژاد وەك پاشماوەی ئەرتەشی دژی خەڵکی دەیەوێ ناکۆکی قوڵتر بکا.

زەهیرنیژاد راست بۆوە و گوتی: (من ناتوانم ئەم سوکایەتیە قبوڵ بکەم).

من گوتم: (هەرچی لەدەستت دێ کۆتایی مەکە، هەر تکمان راست بووینەوە، کۆبوونەوە شێوا و خەڵکەکە هەستا سەر پێ، سەرگورد جەوادی موئەزین نوێنەری تاڵەقانی هەستا و بەزەهیرنیژادی گوت: (تۆ لەشەڕ دەگەڕێی، بۆ کێشەی نەغەدە من بەڕپرسم، هەر سەبارەت بەو کێشەیە لەتارانەوە هاتووم)، ئەمجارە سەرهەنگ و سەرگورد دمیان تێك نا و چەقەکە بوو بەهی ئەوان، سەرۆکایەتی کۆبوونەوە رایگەیاند وچانە و نان دەخۆین، نان و خوانێکی هەراو ساز کرابوو، کەهەستاین ئاغاکانی هەرکی و کوردەکانی تۆ هاتن تۆقەیان لەگەڵ کردم و گوتیان بەراستی چاوەڕوان نەبووین ئاوا جوابیان بدەیەوە، سەرت بەرز کردین، جهانگیر ئاغای دەری هات گوتی: (لەئێستاوە مریدی تۆم، دۆستایەتیم پێ دەکرێ)، قسەی راست بوو، لەسالانی دواییدا گەلێك کاری پیاوانەی لەدەست هات.

ئاغای یوسفی کورد نیژاد کرا بەبەڕپرسی نووسینی بڕیارنامەی کۆبوونەوە، دوای نووسین هێنایە لای من و جارێکی دیکەش پێکەوە خوێندمانەوە، لەکۆبووونەوەی دوای نانخواردن بڕیارنامەکە پەسند کرا و لەلایەن بەشداربووەکانەوە ئیمزا کرا، بەداخەوە دەقی بەیاننامەکە کەنوسخەیەکی لەلای من بوو بەدەستەوە نییە، ئەوانەی لەبیرم بن ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە بوون:

١- ئەم کۆبوونەوەیە حەوتووی جارێك لەمەهاباد و نەغەدە و لەپیرانشار و لەشنۆ پێك بێ، بەشداربووەکانی ئێستا بەشداری بکەن.

٢- گیراوەکان بگۆڕدرێنەوە و ئازاد بکرێن.

٣- ماشێنە دزراوەکان لەهەر شوێنێك خاوەنەکەی بیناسێتەوە و سەنەدو بەڵگەی بەدەستەوە بێ، دەبێ وەری گرێتەوە.

٤- شتومەکی تاڵانکراو لەمزگەوتی نەغەدە کۆبکرێتەوە و بدرێتەوە بەخاوەنەکانیان.

٥- کوردەکانی نەغەدە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

٦- گوروهی ئیمدادی تاڵەقانی بەسەر راپەڕاندنی ئەم بڕیارانەیە ڕابگا.

لام وایە یەك دوو وردە شتی دیکەش بوون کەلەبیرم نەماون.

دوای تەواو بوونی کۆبوونەوە ئێمەیان بردە فڕۆکەخانەی ورمێ کەبەهیلیکۆپتەر بمانبەنەوە مەهاباد، برادەرانی شنۆیەش لەگەڵ ئێمە هاتن کەبێنەوە مەهاباد و لەوێوە بچنەوە شنۆ، جێگری ئوستاندار و شارداری ورمێ لەگەڵ ئێمە هاتبوونە فڕۆکەخانە، پتر لەدوو سەعات چاوەڕوان بووین هیلیکۆپتەر نەهات، نێوە نێوە تەلیفۆنیان دەکرد، هیچ دیار نەبوو، کاك حەسەنی باباتاهیری گوتی: (با بڕۆین بەتاکسی بچینەوە نێو شار لەوێ ماشێن پەیدا دەکەین)، ئاخرەکەی دوای چاوەڕوانی و نیگەرانی زۆر هێلیکۆپتەر پەیدا بوو، سوار بووین لام وایە ببوونە ١١ کەس بەراستی هەموومان لەفێڵ و ناڕاستی زەهیرنیژاد نیگەران بووین، گەیشتینە سەر شیرین بلاخ، لەپڕ وەك لەحەوا شتێك بەردەیەوە، هێلی کۆپتەر پتر لە ٢٠٠ میتر کەوتە خوارەوە، یاالله یاالله پەیدا بوو، دڵ کەوتنە لێدان، بەڵام خۆی گرتەوە، ئێستاش نەمانزانی چ بوو کابراش هیچی نەگوت، بەڵام بەراستی ڕەنگ لەروان پەڕیبوون و مەلاکانیش خودایان هاتبووە بیر.

بەدوای ئەوەدا دوو کۆبونەوەی دیکەش لەنەغەدە و لەپیرانشار پێك هاتن لەهەر تکیان دیسان لەگەڵ سەرهەنگ زەهیرنیژاد و ئوستاندار تووشی دەمەقاڵی توند

بووم، بێجگە لەوە ناڕاستی و بوختانی ناڕەوای مەلای شیعەم باشتر بۆ دەرکەوت، من لەزەمانی موصەدەق–ەوە میرزا برایمی موحرر مەلای عەجەمان لەنەغەدە دەمناسی، پیّم مرۆڤێکی موسڵمان و باش بوو، لەکۆبوونەوەی نەغەدە ئەم کابرا ناموسڵمانە هەستا و بەهەر تك دەستان بەسەری خۆی دادا و قیژاندی و گوتی: (کوشتن و تاڵان کردن و سوتاندن قەیناکات، بەڵام وەرن بزانن ئەو کوردانە چ دەکەن، عەجەمێکی پیریان هێناوەتە کن من، سێ کورد لەرێگا گرتوویانە و ئەوەندەیان لاقە کردوە کەلەخۆ چووبوو.

ئیتر من ئاگرم گرت، لێی وەدەنگ هاتم گوتم: (تۆ لای خۆت مەلای، بەڵام دیارە درۆزن و ناموسڵمان و بێ ناموسی، کورد کاری وا ناکا، کوا ئەو پیرە عەجەمە لەکوێیە؟ داوا لەکۆبوونەوە دەکەم ئەو بوختانەی ساخ کاتەوە، کۆبوونەوە شێوا و پاشان تکایان کرد کەواز لەو باسە بێنم، سمایلی ئاغا مەجیدیش هاتبوە نەغەدە و لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوو، نازانم سەرهەنگ زەهیرنیژاد چی پێگوتبوو بانگی کردم و گوتی: (کاك کەریم دەمگرن).

– نا... چۆن دەتگرن؟ تۆ بۆ بەشداری کۆبوونەوە هاتووی ناتوانن بتگرن.

– ناتوانن نییە، ئەو هەموو سەگبابە لێرە کۆبوونەوە، سەرهەنگ بەتەمایە بمگرێ.

– کەوابوو لەسەر تەواو بوونی کۆبوونەوە رامەوەستە، بەبیانوێك بچۆ دەرێ سواربە و برۆ، ئەگەر دەتەوێ تا سەرگوردی نوێنەری تاڵەقانی ئاگادار بکەم، کاك سمایل ئازایانە خۆی دزیەوە و بۆی دەرچوو، لەو هەرای نەغەدەدا وەك بەرپرسی شێروخورشید پیاوانە یارمەتیەکی یەکجار زۆری بەلێقەوماوانی نەغەدە کرد.

کۆبوونەوەی سێیەم لەپیرانشار پێك هات، لەکۆبوونەوەی پیرانشار سەرهەنگ زەهیرنیژاد و عەجەمەکانی نەغەدە نەهاتبوون، پێش کۆبوونەوەی هەموو عەجەمی

دانیشتوی پیرانشار چووبوونە پادگان و دەیانگوت ناوێرین لەپیرانشار بژین ئەمنیەتمان نییە، گەیشتینە پیرانشار ئوستاندار و مەلاکانی ورمێ یوسفی کورد نیژاد و جانگیرخانی دەری و برایانی شنۆ هاتبوون، فەرماندەی پادگانی پیرانشاریش بەشداری کردبوو، کۆبوونەوە لەفەرمانداری دەست پێکرا، یەك دوو عەجەمی کۆنە ساواکی دانیشتوی پیرانشار هاتن و کردیان بەهاوار و ڕۆڕۆ کەئەمنیەتمان نییە و ناتوانین لێرە بژین، ئوستاندار کۆبوونەوەی بەڕێوە دەبرد، خەریك بوو کۆبوونەوە بکاتە باسی شلّتاخ و هەرای ئەو عەجەمانە، گوتم: (ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی وەزعی نەغەدە هاتووین، نابێ کۆبوونەوەی ئێمە کاتی خۆی بۆ شەڕلاتانی ئەوانە تەرخان بکا، ئوستاندار گوتی: (دەبێ چارەی ئەو مەسەلەیە بکرێ، ئەوانە ناتوانن لێرە بژین).

گوتم: ئەگەر ناتوانن لێرە بژین با بڕۆن، تا ئێستا کێ هەڕەشەی لەوانە کردوە، دەیانەوێ شلّتاخ بەکورد بکەن، ئەگەر ترسیان هەیە با بارکەن و پیرانشار بەجێ بێلّن)، دەگەلّ ئوستاندار لێمان بوو بەقڕە، گوتم: (تۆ بوویە لایەنێکی کێشە و موڕافەعە، کەوایە تۆ سەلاحیەتت نییە کۆبوونەوە بەڕێوەبەری دەبێ لەوێ لابچی پاشان کۆبوونەوە درێژە پێدەدەین، ئوستاندار بەناچاری لەسەر کورسیەکە هەستا و مەلا قوڕەیشی هاتە سەر کورسی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، بڕیارنامەیەکی دیکە لەپشتیوانی بڕیارنامەی پێشوو نووسرا و ئیمزا کرا، لەوکاتەدا کەکۆبوونەوە تەواو دەبوو، ڕێکخراوەکانی فیدایی و کۆمەلّە و خەلّکی پیرانشار لەدەوروبەری فەرمانداری کۆبوونەوە و دەیانگوت: (ڕێگا نادەین ئوستاندار و مەلاکانی ورمێ بگەڕێنەوە)، برادەرێکی خەلّکی پیرانشار بەناوی مەلا سەید شێخ محەمەد لەدەرەوە هەر هاواری دەکرد نەمانفرۆشن، ناچار لێی وەدەنگ هاتم و گوتم: (تۆ چ هەرا هەرایەکتە، خۆ مانگا نی بفرۆشرێی)، هێندێك لەمیوانەکان

چوونە دەرێ و پاش هاتووچۆ و گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک، گوتیان تا کاك کەریم قسە نەکا نەڵێ ئوستاندار ئیجازە بدەن ناهێڵێن وەدەرکەوێ، من لەژووری بووم و بەئانقەست خۆم دەبوارد، یەك دوو جار ئوستاندار هات گوتی: (تەکلیفی ئێمە چییە؟ گوتم: فەرموو خۆت بچۆ قسەیان لەگەڵ بکە، پاشان ئاغای قوڕەیشی و قازی خزری هاتن و گوتیان تکا دەکەین کارێکی وا بکە برۆین، ناگەینەوە ورمێ و شنۆ، هەر لەژووری چوومە پشتی میکرۆفۆن و لەپشتیوانی و هاوکاری خەڵك سوپاسم کرد، داوام لێکردن بڵاوەی بکەن و رێگا بدەن میوانەکان برۆن، بەدڵەوە ئێستاش هەر سوپاسی ئەم خەڵکە دەکەم کەبەقسەی من دەست بەجێ بڵاوەیان کرد، هاتمە دەر و ئوستاندار و میوانەکانم گەیاندەوە پادگانی پیرانشار.

یەك لەخاڵەکانی بڕیاری کۆبوونەوەی حوسنی نیەت ئەوەبوو ئەو کەسانەی ماشێنیان ون بووە یان دزراوە لەهەر شوێنێ بیدۆزنەوە دەبێ بدرێتەوە بەخاوەنەکەی، لەهەرای نەغەدە ماشێنێکی پەیکانی دکتۆر قاسملۆش بەتاڵان چووبوو، سەید رەسوی بابی گەورە لەلاجانێ لەگوندی لگبن توشی عەجەمێکی نەغەدەیی دەبێ، ماشێنێکی پەیکانی زەردی لێ ئەستاندبوو هێنابووی دابووی بەدکتۆر، ئەویش لەجیاتی ماشێنی خۆی رای گرتبوو، سواری دەبوو.

دوای کۆبوونەوە و راگەیاندنی ماشێن ئەستاندنەوە، عەجەمی نەغەدە بەپرسیاران وەدوای ماشێنەکەی دەکەوێ لەمەهاباد لەبەر دەرکی بارەگای حیزب ماشێنەکەی دەدۆزێتەوە، دکتۆر لەسەفەر بوو، کابرای خاوەن ماشێن پەیدا بوو، نامەی فەرمانداری نەغەدەی هێنابوو داوای ماشێنەکەی دەکرد، بەکابرام گوت: بچێ قەباڵە و سەندە و بەڵگەی ماشێنەکەی بێنێ، کابرا چووبوو سەندە و بەڵگە و سەید رەسوڵیشی بەشاهێد هێنابوو، ماشێنەکەم داوە بەکابرا و رەسیدم لێ وەرگرت، دکتۆر قاسملۆ لەسەفەر هاتەوە و ماشێن نەمابوو، کردی بەهەرا و بۆچی

ماشێنتان داوەتەوە بەکابرا، با چووبا ماشێنی منی دیتباوە ئەودەم ماشێنەکەی بردباوە، گوتم: من دەچم بەناوی حیزب بڕیارنامە ئیمزا دەکەم کەماشێن بدرێنەوە، تا ئێستا پتر لە ٥٠ کورد ماشێنی خۆیان وەرگرتۆتەوە، ئێستا ئێمە دەبێ ماشێنی خەڵکی داگیر بکەین؟ مامە غەنی بەسەری داهات و گوتی: (ئێمە لەمەسەلەی نەغەدە کاك کەریممان کردۆتە نوێنەری حیزب، کابراش هاتوە لێرە ماشێنی ناسیوەتەوە، دەبوایە دەستی بەسەردا بگرین؟ دکتۆر بەناڕەزایی وازی هێنا، منیش لێرەدا واز لەباسی شەڕی نەغەدە دێنم، بەداخەوە نووسراوە و بەڵگەکانی لەمەڕ شەڕی نەغەدە کەلەلای من بوون بەدەستەوە نین بڵاویان بکەمەوە، ئەوەی لەبیرمە و لەدەفتەری یادداشتەکانم بەکەم و کوڕی نووسراونەوە هێنامنە سەر کاغەز، رەنگە زۆر شتم لەبیر نەمابێ یا پێویست نەبێ بیان نووسم، لەشەڕی نەغەدەدا زۆر کەس بەشدار بوو، رەنگە زۆر ئازایەتیشیان نواندبێ، رەنگە فیشاڵیشی بەبەرەوە بکەن هەرکەسە جۆرە دیتنێکی هەبێ و بەجۆرێك بەشدار بووبێ، ئەگەر هەموو برادەران، هەموو بەشدارانی ئەو شەڕە نالەبار و لابەلایە بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە و کۆ بکرێنەوە، قوڕبنێکی بەرچاو لەبەسەرهاتی کوردستانی ئێران لەمێژوودا پڕ دەکەنەوە من تەنیا ئەو شتانەم بەکەم و کوڕیەوە نووسیوە کەپێوەندیان بەخۆمەوە هەبووە و راستەوخۆ بەشداریان بووم، بەو هیوایەی هەموو ئەو کەسانەی لەسەر شەڕی نەغەدە شتێك دەزانن بیخەنە سەر کاغەز و تۆماری بکەن.

کۆبوونەوەی شێخان

لەبانەمەڕی ساڵی ١٩٧٩دا، کاك سەید عەزیزی شەمزینی لەتەواوی سەرۆك عەشیرەت و ئاغا و دەرەبەگی کوردی ناوچەی مەهاباد و شنۆ و لاجان و پیران و شکاکانی گێڕابۆوە کەلەگوندی شێخان لەناوچەی شنۆ میوانی ئەو بن و

کۆبوونەوەیەک پێک بێنن، لەمەلا شێخ عیزەدینیشی گێڕابۆوە بەڵام کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات داوەت نەکرابوو، ئەودەم سەید رەسوڵی بابی گەورە لەمەڵبەندی لاجان بەسەر بەشی پێشمەرگەی حیزب رادەگەیشت، نامەیەکی بۆ سەید رەسوڵی نووسیبوو ئەویشی داوەت کردبوو.

سەید رەسو نامەکەی ناردبوو بۆ کۆمیتەی ناوەندی، داوای کردبوو کەبرادەرێکی کۆمیتەی ناوەندی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بکات، مامۆستا تەلیفۆنی بۆ من کرد و گوتی: (بۆ ئەو سەفەرەی شێخان ئێوە دێن یان نا؟).

گوتم: سەید عەزیز لەکۆمیتەی ناوەندی نەگێڕاوەتەوە، سەید رەسوڵی داوەت کردووە، ئەویش ئێستا لەشنۆیە و لام وایە دەچێ.

مامۆستا فەرمووی: (پێم باشە ئێوە بێن، ئەم خەڵکە کۆبۆتەوە دیارە شتێک هەیە، با بزانین ئەم کۆبوونەوەیە چییە).

پاشان مامە غەنی تەلیفۆنی لێ کردم گوتی: (سەید رەسوڵ نامەی ناردوە، گوێا لەشێخان کۆبوونەوەیەکی گەورە هەیە، دەبی ئێمە بەشدار بین).

گوتم: (زۆر پێویستە، مامۆستاش تەلیفۆنی کردووە، با یەک لەبرادەرانی کۆمیتەی ناوەندی بچێ).

– کێ بچێ؟ ئێمە قسمان لێ کردووە دەبێ تۆ بچی، چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ خۆت بەرەو بچۆ بزانە چییە.

چوومە دەفتەری حیزب، ئەحمەدی بارام میرزا ماشێنی هەبوو سازم کرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ مامۆستا کەوتینەڕێ، مامۆستا بەعادەتی خۆی یەک دوو کەسی کۆمەڵە و پەیکار و یەکێتی کۆمۆنیستانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەوانە

کاک سەلاحی شەمسی بورهانی و حەسەن ئاغای کوڕی کاک ئا رەجمانی میهمانداری لەگەڵ بوو.

پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ، بەتەلیفۆن بەبرادەرانی تەشکیلاتی شنۆیەم ڕاگەیاند کەئەندامانی حیزب ئەوانەی چەکدارن بێنە گوندی قوڕۆشاوێ و نەلۆس و چەپەراوێ، بەڕپرسی تەشکیلات و نیزامی بێنە شێخان، یەک دوو برادەر دیاری بکەن بۆ پێوەندی نێوان شێخان و برادەرانی کەلەم گوندانە دەبن.

بڕیارماندا بەمەیدان بەلەک و بەلاجانێدا بڕۆین، چونکە دوای شەڕی نەغەدەی سەفەر بەسندووسی دا زەحمەت بوو، لەسەروکانی لەبەرئەوەی پادگانی جەلدیان نەمان بینێ، لامان دا و بەگوندی (تەوان)دا کەنەدیو بوو سەرکەوتین و لاڕێ بەدەشتی سۆفیانێدا ڕێمان داگرت، باران دەباری لەنێزیک سۆفیانێ ماشێنەکان گیرسان، بەپێیان چووینە سۆفیان، تراکتۆرمان ناردن ماشێنەکانیان دەرباز کرد و بەتەڕی گەیشتینە شێخان.

چ بچین، گوندی شێخان قەت وای بەخۆوە نەدیبوو، لەنێو شکاکانەوە بگرە تا بەری مەنگوڕان و مامەش و پیران و قوڵە ئاغای دانیشتووی شارەکان لەشێخان کۆببوونەوە، دوو وەتاخی گەورەی سەید عەزیزی پڕ بوون لەدالآن و پاشخانەش خەڵک ڕاوەستابوون.

لەلایەکی دیکەوە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی لەجیاتی ئەوەی لەم سێ گوندەی دیاریم کردبوون کۆوەبن هاتبوونە شێخان و لەمزگەوت و لەمالآن جێگیر ببوون، پەیتا پەیتا دەیاننارده لای من کە چ باسە، ئەو ئاغایانە بۆ کۆبوونەوە، داخوا خەیاڵی خراپەیان نییە.

نێوە نێوەش پیاوێکی کاك سەید عەزیز دەهات و سرتەیەکی دەگەڵ دەکرد و دەڕۆیشت، سەید عەزیز هەستی پێکردبوو کەخەڵکێکی زۆر رووبان کردۆتە گوندی.

پێش ئەوەی نان بێنن بێجگە لەئەحوالپرسی و قسەی ئیعتیادی هیچ باسێکی سیاسی نەهاتە گۆڕێ، نانیان هێنا، نان و خوانێکی لەرادەبەدەر کوردانە و جوامێرانە، دەزگایەکی شاکار ساز کرابوو، نان خورا و چایی خورایەوە و، میوان مات و بێ دەنگ کەس زمانی نەدەگەڕا، بێدەنگیەکە درێژەی کێشا، من وەدەنگ هاتم و گوتم:

– لام وایە کاك سەید عەزیز تەنیا هەر بۆ نانخواردن ئەم ئاغایانەی داوەت نەکردووە، بێگومان لەهەلومەرجێکی ناسکی ئەمڕۆی کوردستاندا، کۆبوونەوەی ئاوا گەورە بۆ مەبەستی سیاسی دەگیرێ، بەئیجازەی مامۆستا من داوا لەکاك سەید عەزیز دەکەم کەبەوتارێکی خۆی ئەم بێدەنگیە بشکێنێ و با ئاغایان باسەکە بکەنەوە.

کاك سەید عەزیز گوتی: (قسەی من هەر بەخێرهاتنی میوانانە، فەرموون با قسان بکەن.

حاجی حەیدەری قادری کوپی مام وسێنی سۆفیانێ، پڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەباخەڵی هێنادەر و گوتی: (ئێمە لێرە کۆبوونەوە کەباسی ئەم بەندەی پڕۆگرامی حیزبی دیموکرات بکەین کەدەڵێ: (زەوی هی ئەو کەسەیە کەکاری لەسەر دەکا) ئەو بەندە دژی ئێمەیە و مانای ئەوەیە خاوەن مولکی کوردستان دەبێ لەبرسان بمرن، داوامان ئەوەیە کەئەم بەندە لەپڕۆگرامی حیزبی دیموکرات بسڕێتەوە).

بەدوای ئەودا کاك عەولای جەلدیانێ وەدەنگ هات و گوتی: (ئێمە بووین بەژن، دەسەلاتمان نەماوە، ئاغا لەکوردستان لەژن بێ دەسەلاتترە).

میرزا رەحمانی زەرزا گوتی: (ئێمەش خەڵکی ئەم وڵاتەین، دەمانەوێ بژین ئەگەر مولکەکانمان لێ ببڕن زیاتر ژیانمان نامێنێ، ئێستا کەمولکەکەمان لێ بڕاوە، با دەو دوومان بدەنێ، دەنا ناژین).

یەك دوو قوڵە ئاغای دیکە وەدەنگ هاتن و گوتیان: (راستی ئێمە دەمانەوێ وەك پێش ئیسلاحاتی عەرزی شا، مولکەکان وەك خۆیان لێ بێتەوە و مولکانەمان بدەنێ).

پاش دم تێ وەردانی زۆربەی ئاغاکانی بەشداری کۆبوونەوە من گوتم: (مامۆستا تەشریفی لێرەیە و بەرەسمیش داوەت کراوە، با شتێك بفەرموێ).

مامۆستا شێخ عیزەدین گوتی: (لەبەرئەوەی کەباسەکە لەسەر پرۆگرامی حیزبی دیموکراتە، با کاك کەریم وەڵام بداتەوە).

کاك سەلاحی شەمسی بورهانی کەهێندێ ئاژاوەچی عەجەم و چەپی خواری لەخۆی کۆکردبوونەوە و دەیویست لەکوردستان خەباتی چینایەتی بکات، کەباسەکە دەست پێکرا چووە ژوورێکی دیکە، پێش ئەوەی وەدەنگ بێم، هەستام و چووم کاك سەلاحم دیتەوە، گوتم: (کاك سەلاح تۆ کەخۆت بەلایەنگری زەحمەت کێشان دەزانی، ئەوەتا دەیانەوێ ئیسلاحاتی زەوی هەڵوەشێتەوە، فەرموو وەرە بیروڕای خۆت دەربڕە)، کاك سەلاح مرتەقی لەبەر نەهاتەدەر و نەهاتیشە دیوی کۆبوونەوەکە.

گەڕامەوە جێگای خۆم و گوتم: (بەئیجازەی کاك سەید عەزیزی، بۆ من زۆر جێگای داخە لەو کاتەدا کەخەبات بۆ خودموختاری بۆتە گرنگترین ئەرکی سەرشانی

هەموو کوردێکی بەشەرەف، سەرۆك عەشیرەت و ئاغا و خاوەن مولکی کورد کۆدەبنەوە داوای هەڵوەشانەوەی ئیسلاحاتی زەوی دەکەن، دەیانەوێ جارێکی تر نیزامی ئەرباب رەعیەتی بگەڕێتەوە کوردستان و دەست بکەنەوە بەچەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی گوندی، یانی خراپتر لەوەی کەشا کردوویەتی، بەراستی ئەگەر زانیبام ئەم کۆبوونەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیسلاحاتی زەویە، نەدەهاتم و بەشداریم نەدەکرد، من پێم وابوو لەم هەلومەرجە ناسکەدا ئاغا و سەرۆك عەشیرەتی کورد کۆدەبنەوە بۆ وەدەست هێنانی مافی خودموختاری راوێژ دەکەن و بناخەی یەکێتی بۆ ئەم خەباتە دادەڕێژن، بەڵام بەداخەوە وادیارە ژێردەستی ژاندارم و حکومەتی عەجەمیان لەبیر چۆتەوە، دەیانەوێ دابی ئاغا و رەعیەتی زیندوو کەنەوە، من وەك نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لێرەدا بەئاشکرا رادەگەیەنم کەرێگا نادەین ئیسلاحاتی زەوی دەستکاری بکرێ و سیستەمی ئاغا و رەعیەتی جارێکی تر لەکوردستان زیندوو بێتەوە).

پاش قسەکانی من مامۆستا شێخ عیزەدین گوتی: (قسەکانی کاك کەریم تەئیید دەکەم و هیچی زیادیم نییە کەبیلێم).

بێدەنگی جارێکی دیکەش بالّی بەسەر کۆبوونەوەدا کێشا، ئەوەندە نەبێ کاك سەید عەزیز گوتی: (ئەرێ بۆ چای ناهێنن).

برادەرانی حیزبی کەلەشێخان کۆببوونەوە لێکدا لێکدا دەیانناردە ئێمە چ بکەین، باسەکە چووبووە دەرەوە و خەڵکی تۆزێك هاروژاندبوو، من جارێکی تر وەدەنگ هاتم و گوتم: (ئێستا کەلێرە کۆبوونەوە باشتر نییە لەسەر پێك هێنانی شورایەکی کاتی سەرانسەری کوردستان قسە بکەین؟ بۆ ئەوەی کەوا دەرنەکەوێ کۆبوونەوەی ئاغایان هەر بۆ نانخواردن بووە با بەرنامەیەك بۆ ئەم کارە دابنێین و بڕیارنامەیەکیش بنووسین، گرنگی ئەم هەنگاوە لەوەدایە کەنیشانی بدەین،

دەوڵەتیش تێ بگا کەلەکوردستان هەر حیزبی دیموکرات نییە داوای مافی کورد دەکا، بەڵکو هەموو خەڵکی کوردە بۆ ئەو مافە خەبات دەکات).

بەتێکڕایی پێشنیارەکەی منیان پەسند کرد، پاش باس و لێدوانی چەند کەس گەیشتینە ئەو بڕیارە کەنوێنەرێکی مامۆستا شێخ عیزەدین و نوێنەرێکی حیزبی دیموکرات بەکوردستاندا بگەڕێن و لەماوەی مانگێك دا کۆبوونەوەیەکی مەزن لەهەموو ئاغا و سەرۆك عەشیرەت و مەلا و شێخ و شەخسیاتی دیکەی کورد لەهەموو دەستە و تاقمێك لەمەهاباد ساز بکرێ و شورای کاتی ناوەندی سەرانسەری کوردستان دابمەزرێت.

میرزا رەحمانی زەرزا و حاجی حەیدەری قادری دیاری کران کەبڕیارنامەکە ئامادە بکەن، پاشان هێنایانە لای من کەچاوێکی پێدا بخشێنم، منیش بەعادەتی خۆم بەقەولی کاك ئەمیری قازی (هیچیشی تێدا نەبێ نوکە قەڵەمێکی هەر دەگەیەنمێ) لام وایە یەك دوو نوکە قەڵەمم گەیاندنێ و بڕیارنامە بۆ دانیشتوانی کۆبوونەوە خوێندرایەوە و بەتێکڕایی پەسندیان کرد و دەست کرا بەئیمزاکردنی، لام وایە نێزیکەی شێست ئیمزای پێوە نووسابوو، نوسخەیەکی دەقی بڕیارنامەکە بۆ دەوڵەت و بۆ ئوستانداری و بۆ رۆژنامەکانی تاران ناردرا، نوسخەیەکی لەلای من راگیراوە و بەداخەوە لەوڵات ماوەتەوە لێرە نییە کەوەك سەنەدێکی مێژوویی بڵاو بکرێتەوە، وەك لەبیرم مابێ پاش سەرەتایەك لەبارەی مافخوراوی گەلی کورد ئەو چەند مادەی سەرەکی تێدا گونجێنرابوو.

١- دیفاع لەشۆڕشی ئێران بەرێبەرایەتی خومەینی.

٢- پشتیوانی لەشۆڕشی ئێران لەبەرامبەر پیلانی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا.

٣- پشتیوانی و خەبات بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری لەکوردستان.

٤- پێکهێنانی شورایەکی کاتی ناوەندی سەرانسەری کوردستان.

تا دەهات شێخان پتر قەرەباڵغ دەبوو، خەڵکی گوندەکانی شنۆ مزگەوت و ماڵی خەڵکیان پڕ کردبوو، هێندێك لەئاغاکان لەگەڵ کاك سەید عەزیز کەوتنە سرت و خورت، پاشان کاك سەید عەزیز گوتی: (خەڵکێکی زۆر لێرە کۆبۆتەوە، پێشنیارم ئەوەیە کاك کەریم بچێتە مزگەوت و بڕیارنامەکە بۆ خەڵك بخوێنێتەوە و بڵاوەیان پێ بکا.

هەستام چوومە مزگەوت، بارانێکی نەرم دەباری، عالەمێکی یەکجار زۆر لەبەر باران و لەهەیوان و لەژووری مزگەوت کۆببوونەوە، خەڵکم بەخێرهاتن کرد و لەوریایی و ژیری ئەم خەڵکە سوپاسم کرد، گوتم: (کۆبوونەوەی ئیمڕۆ ئەنجامێکی باشی هەبوو، ئەم بڕیارنامەیە کەبۆتان دەخوێنمەوە بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا و ئیمزا کراوە، بڕیارنامەکەم خوێندەوە بوو بەچەپڵەڕێزان و پاشان خەڵك بڵاوەی کرد، ئێمەش لەخزمەت مامۆستادا گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

بەداخەوە بڕیارنامەکە هەر لەسەر کاغەز مایەوە، من ئیتر ئاگام لێ نەما کەبۆچی بۆ پێك هێنانی شورایەکی ئاوا کەباسکرابوو هیچ هەنگاو ناوێژرا، دەتوانم ئەوەندەی بڵێم لام وایە حیزبی دیموکرات لەبەر لەخۆبایی بوون نەیدەویست کەسی تر لەکوردستان لەدەسەڵات و لەشورادا بکاتە شەریك، پێی وابوو هەموو شت تەواوە و حکومەتی خودموختاری دامەزراوە، نمونەی ئەم لەخۆبایی بوونە، کۆبوونەوەیەك بوو لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵە پێك هات، بڕیاردرا کەحیزبی دیموکرات لەگەڵ کۆمەڵە لەسەر هاوکاری و هاوئاهەنگی خەبات وتوێژ بکا و بگاتە ئەنجامێك، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە کاك ئەمیری قازی و من دیاریکران کەبچین وتوێژ بکەین، بڕیار وابوو لەماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین کۆبینەوە، کەچووین لەلایەن کۆمەڵەوە تەنیا کاك عەبدوڵای موهتەدی هاتبوو، من پێم وابوو

چونکە مامۆستاش تەشریفی هەیە نوێنەرانی کۆمەڵەش دەبوونە دوو کەس، لەوتوێژەکەدا بەراستی باسەکەمان پتر لەسەر دەسەڵات و حاکمیەت بوو لەکوردستان، نەك هاوکاری و خەبات بۆ خودموختاری، لەکاتێکا دەسەڵاتی گەورەتر هەڕەشەی لێ دەکردین، با ئەوەش بڵێم کاك ئەمیر گەلێك نەرمتر بوو، بەڵام من بەگوێرەی بیروڕای رێبەرایەتی حیزب کەلەکوردستان دەبێ دەسەڵاتی هەموو شت بەدەست حیزبی دیموکرات بێ، توندتر پێم دەچەقاند.

هەڵوەشانەوەی بڕیاری نابەجێی هەڵپەسێرانم

لەمانگی جۆزەردانی ۱۹۷۹ کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری کادر و بەرپرسی رێکخراوەکانی حیزبی، بەناوی پلینۆمی حیزب کۆبوونەوەیەکی سازکرد، نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی، داوام کرد کەبڕیاری هەڵپەسێرانم هەڵبوەشێتەوە، تا وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەپلینۆمدا بەشداری بکەم، ئەگەر وانەکەن، داوا لەپلینۆم دەکەم و مەسەلەکە لەوێ دێنمە گۆڕێ، کاك ئەمیری قازی و دکتۆر قاسملۆ دژی هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە بوون تا سااڵێك تەواو دەبێ، مامە غەنی هەوەڵجار بوو دیتم بەتوندی وەدەنگ هات و گوتی: (نۆرم پێ سەیرە لەوەتی کاك کەریم گەڕاوەتەوە قورسایی تێکۆشانی حیزب لەسەر شانی ئەو بووە، شەڕی نەغەدە، پێوەندی لەگەڵ مەعمورەکانی دەوڵەتی، کۆبوونەوەی ورمێ و نەغەدە و خانێ، کاروباری دێهات، نازانم ئێوە چتان کردووە؟ بڕیارێکی بێ جێ دراوە، کاك کەریمیش گوێی نەداوەتێ و کاری کردووە، کاك کەریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە و بڕیاری ئاواش دەبێ هەڵوەشێتەوە)، برادەرانی تریش پشتی مامە غەنیان گرت، ئەمجارە دکتۆر شتێکی دیکەی هێنا دەرێ، نووسیبووی گوتی: (ئەگەر وایە با کاك کەریم ئەو نووسراوە ئیمزا بکا)، نووسیبووی کەلەمەودوا بەبێ ئیجازەی حیزب نابزومەوە)، بەراستی گاڵتەم بەهەڵوێست و بەکێن تۆزی دکتۆر

قاسملۆم هات، پێش ئەوەی من وەدەنگ بێم مامە غەنی گوتی: (ئەوە قۆریاتە، ئیمزای بکە با بزانین دەبڕێتەوە)، من بێ ئەوەی هیچ بڵێم ئیمزام کرد و بەدکتۆرم گوت: (باشی هەڵگرە لێت بزر نەبێ)، لەپلینۆمدا بەدرێژی لەسەر کەموکوڕی کاروباری تەشکیلات و سازکردنی شەڕی نەغەدە و سیاسەتی حیزب قسەم کرد، دوای کۆبوونەوە مامۆستا هێمن بەمودیری رۆژنامەی کوردستان و چاپەمەنی حیزب دیاری کرا، دکتۆر قاسملۆ پێشنیاری کرد کەمنیش لەرۆژنامەدا کار بکەم، مەبەستی ئەوەبوو کەلەکاری تەشکیلاتی و پێوەندی دەگەڵ خەڵک دوور کەومەوە، دەنا ئەودەم نووسەری رۆژنامە زۆر بوون، وەک: فەتاحی کاویان، فەتاحی ئەمیری، عەلی حەسەینانی، مامۆستا هێمن، مەلا عەولا و ئیدیکە، کوڕەکانی یەکێتی لاوانیش هەرچەند بەشی زۆریان ئەندام یا لایەنگری حیزبی تودە بوون بەڵام خۆیان خزاندبۆوە نێو حیزبی دیموکرات، کاروباری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان و بەجوانی رایاندەپەراند، بەتایبەت کاک حەسەنی ماوەرانی کەشارەزاییەکی زۆری هەبوو.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بێجگە لەدزی هەموو شت، دزی ئەدەبیش ببوە باو، هەرکەسێك دەستی رۆشتبا و بۆی کرابایە کتێبی نووسەرێکی وەگیردەخست و چاپی دەکرد و بڵاوی دەکردەوە و دەیفرۆشت بێ ئەوەی لانی کەم ئیجازەی چاپکردنەوە لەدانەری کتێب وەربگرێ، مامۆستا هەژاری رەحمەتی لەسەر ئەو مەبەستە شتێکی جوانی نووسیبوو.

رێکخراوی چریکە فیدایەکانی خەڵکی ئێران بەبێ پرس و ئیجازەی من دوو کتێبی منی (دایك و کاروانی شەهیدان) چاپکردبوو بڵاوی کردبوونەوە، لەبەرئەوەی زۆریش شۆڕشگێڕ بوون، وێنەی پێشەوای شەهیدیان لەسەر بەرگی کتێبی کاروانی

شـەهیدان لابردبـوو، کابرایـەکی چـەکداریان بەکلاشـینکۆفەوە لـەجێی ئـەو قـوت کردبۆوە.

چاپکردن و بڵاوبوونەوەی کتێبەکان بەزمانی کوردی لەو بارودۆخەی کوردستاندا، هەنگاوێکی بەکەڵك بوو، بەڵام پرس نەکردنیان و چەوتی سیاسەتیان کەمن لەگەڵی نـەبووم وای لێکـردم کەبەیاننامەیـەك بنووسـم و ئـەو کـارەی چـریکەکان بـەدزی ئـەدەبی و بـێ ئـەخلاقی شۆڕشـگێڕی دابنـێم، بەیاننامەکـەم نووسـی و کوپەکـانی یـەکێتی لاوان چـاپیان کـرد و بـەڵام پـێم گـوتن بـەهیچ جـۆر نابـێ دەنکێـك بـڵاو بکرێتەوە، چریکەکان کەخەبەریان زانیبـوو شـتێکی ئـاوام نووسـیوە، هاتنـە لام و گوتیان: (تۆ لـەئێران نـەبوی، کتێبـەکانمان چـاپ کردۆتـەوە، ئێسـتاش زانیومانـە کەشـتێکت لەسـەر ئێمـە نووسـیوە، هـاتوین کـەتکا بکـەین ئـەو نووسـراوە بـڵاو نەبێتەوە، ئێمەش بەناوی دیاری دە هەزار تمەنت دەدەینێ.

گوتم: (ئەگـەر پـێش چـاپکردنەوە پرسـتان پـێ کردبـام هیچـم نەدەویسـت ئێسـتا کەئەو پارەیە دەدەی قەیناکا بڵاوی ناکەمەوە).

گوتی: (کەوابوو من دەچم پارەکـە دێنم، راسـت لـەو کاتـەدا تـەلیفۆنیان بـۆ کـرد کەگوشـی تـەلیفۆنی هـەلگرت، هەسـتم کـرد چـڕڤا، گـوتی: (کـاك کـەریم بەیانەکـە بڵاوکراوەتەوە).

– شتی وا نییە... من گوتوومە رایبگرن و دەنکێك بڵاو مەکەنەوە.

بەتەلیفۆن هێندێ دەقـی بەیاننامەکـەیان بـۆ خوێنـدەوە، راسـت بـوو، کوپەکـانی یەکێتی لاوان بڵاویان کردبۆوە، ئەودەم حیزبی تودە لەگەڵ چریکەکان ناکۆك بوو، کاك حەسەنی ماوەرانیش وەك تودەییـەك بەخـەیاڵی خـۆی کەزەرپـە لەچـریکەکان بـدا و لەبـەر فـرە شۆڕشـگێڕی سـەرەڕای ئـەوەی کـەمن ئەسـپاردبووم بـڵاوی

نەکەنـەوە، دابـووی بەتودەییـەکان و لەشـاردا بلاویـان کردبـۆوە، سـەیر ئـەوەبوو پاشان خۆشی بەو کردەوەیە رادەنا ! !

برادەری چریك گوتی: (ئێستا چ بکەین؟

– نازانم... خۆتان بڕیار بدەن، راستیەکەی ئەوەیە کەئەو کارە بەبێ ئاگاداری مـن کراوە، بەکارێکی بـێ ئەخلاقیشـی دەزانم، بـرادەری چـریك گـوتی: (ئەگـەر شـتێك بنووسی کەئەو بەیاننامەیە نووسراوەی تۆ نییە، ئێمە پارەکە دەدەین).

گـوتم: (شـتی وا نانووسـم، چـونکە بەیاننامـە مـن نووسـیومە، بـەلام مـن ئاگـام لەبلاوکردنەوەی نییە، کابرا هەستا و رۆیشت، بەکورتی ناکۆکی نێوان حیزبی تودە و چریك گەل و شۆڕشگێڕی حەسـەنی مـاوەرانی دە هـەزار تمـەنی لـەکیس مـن دا، دوایە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەسـەقز و سـنەش لـەنێوان تـودە و چـریك بـوو بـەدم بەدمە و بەیان بلاوکردنەوە.

لەرۆژنامەدا دەستم بەکار کرد، بەلام پتر لەکاری رۆژنامە خەلك پێویستی بـەکاری سیاسی و تێکۆشانی مـن هـەبوو، کۆمیتـەی رێکخـراوی شـاری مـەهاباد نامەیـەکی رەسمی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی و داوای کردبوو کە: (کـاك کـەریمی حسـامی بەبەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد دیاری بکا)، لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەنـدی دا نامەکـە خوێندرایـەوە، دکتـۆر قـاسملۆ دژی ئـەوە بـوو کـەمن ببمـە مەسـئولی تەشکیلاتی مـەهاباد، برادەرانـی تـری کۆمیتـەی ناوەنـدی لەگـەڵ بـیروڕای دکتـۆر نـەبوون، دەفتـەری سیاسـی بەنامەیـەکی رەسمـی منـی بەمەسـئولی تەشـکیلاتی مەهابادی حیزبی دیموکرات دیاری کـرد، ئـەو برادەرانـەی کەلەتەشـکیلاتدا بـوون، ئەوپەڕی پێشوازیان لەو بڕیـارە کـرد، دەسـتمان کـرد بەدابەشـکردنی کـار و پێـك هێنانی رێکخراوە لەهەموو ناوچەکانی سەر بەمەهاباد، حـەوتووی رۆژێـك دەچـومە

یەك لەگوندەكانی سەر بەناوچەی مەهاباد و قسەم بۆ خەڵك دەكرد، لەچۆمی مەجیدخان، لەشامات لەشار وێران لەبەری مەنگوڕان كۆبوونەوەی گوندەكان پێك دەهات و دەچوومە ناویان، بڕیارماندا رۆژنامەیەكی ئۆرگانی تەشكیلاتی مەهاباد بەناوی (پێشەوا) دەربكەین كەلەرۆژنامەی كوردستان ئۆرگانی ناوەندی رێك و پێكتر دەردەچوو، پێویستە ئەوەی لەبیر نەكەم كەرێك و پێكی و مەحتەل نەبوونی دەرچوونی رۆژنامەی پێشەوا بەشی هەرە زۆری بەرهەمی چالاكی و وچان نەدانی كاك سەڵاحی گادانی بوو.

كەلاسی دەرسی سیاسیمان بۆ لاوان دانا، حەوتووی رۆژێك نێزیكەی ٧٠ كەس كێڕ و كوڕی لاو بەتاسەوە دەهاتن و دەرسم پێ دەگوتن، دەرسەكان بریتی بوون لەمێژووی خەباتی گەلی كورد، كورتە مێژووی حیزبی دیموكرات، جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، شێوەی تێكۆشانی رێكخراوەیی و تەبلیغاتی، لەپەنا رێكخراوەكانی حیزبیدا دەستمان كرد بەدامەزراندنی یەكێتی پیشەیی لەشار و لەدێهاتیش یەكێتی جوتیارانمان دامەزراند، بێجگە لەو كارانەی كەپێوەندیان بەچالاكی حیزبیەوە هەبوو، لەتەلەفیزیۆنی مەهابادیش حەوتووی ئێوارەیەك لەسەر مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كوردرێزە وتارێكم بڵاو دەكردەوە كەلەلایەن خەڵكەوە پێشوازی گەرمی لێ دەكرا، رۆژێك لەكۆڵانێك تووشی پیرە پیاوێك بووم، سڵاوی كرد و گوتی: (ببەخشە ئەرێ تۆ كاكی مێژوو نی؟).

لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین و شورای شاری مەهاباد

دوای گەڕانەوەم بۆ مەهاباد چەند رۆژ پێ چوو، چوومە زیارەتی مامۆستا، ئەودەم لەسالۆنێكی گەورە (نازانم كوێ بوو) دادەنیشت، خەڵك بەنۆرە دەچوونە ژوور و دەهاتنە دەرێ، لام وایە مەلا سەعیدی كامەمی بەرپرسی بەردەرگا و ئیجازەی

چوونە ژوور بوو، من پێشتر بەخزمەت مامۆستا نەگەیشتبووم، بەڵام لەدوورەوە دەمناسی چەند فەقێی مامۆستا کەئەندامی حیزبی دیموکرات بوون، لەرێگای ئەوانەوە ئاگام لەوەزعی مەلاکان هەبوو، وەك بزانم مامۆستا لانی کەم خۆی بەلایەنگری حیزبی دیموکرات نیشاندەدا، ئەو رۆژەی من چووم حەمەدەمینی کاکە سوار و چەند ئاغای دیکەی مەنگوڕ هاتنە لای و شکایەتیان دەکرد کە: (چەك و جبەخانەی سەربازخانە هەموو حیزبی دیموکرات بردوویە و کەس نازانێ چی لێ هاتووە، بەکورتی داوای ئەوەیان بوو کەبەشیان بدرێ.

مامۆستا شێخ عیزەدین ئەورۆژە بەمەنتیق دیفاعێکی رەوای لەحیزبی دیموکرات کرد، لەبیرمە گوتی: (حیزب لەگەڵ حکومەت لەخەبات و بەربەرەکانی دایە، داوای خودموختاری دەکا، پێویستە ئەو چەکانە رابگرێ و بۆ رۆژی خۆی بیانپارێزێ، ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی عەشیرەتێك یا چەند کەس چەکدار بن)، وەڵامێکی ئەوتۆی نەدانەوە کەبەدڵی ئاغاکان بێ، پاشان پرسیارێکم لەمامۆستا کرد و گوتم: مامۆستا لەئێران دژی رژێمی شا شۆڕشکراوە، ئێستا ئەو کوردستانەی ئێمە سێ کەسی وای تێدا نەبوو کەبگیرێن و بەتاوانی خەیانەت بەمیللەت و هاوکاری لەگەڵ ساواك دادگایی و ئیعدام بکرێن؟ مامۆستا فەرمووی: (بەرێ وەڵا دەکەسی ئاوا موستەحەقیش هەبوو، بەڵام ئیدی ئەوە نەکراوە)، لەهەستاندا مامۆستا گوتی: (تۆ خۆت ون مەکە و جاروبار سەرێکی ئێرە بدە)، من هاتوچۆم بۆ لای مامۆستا درێژە پێدا و گەیشتە ئەو رادەیە ئیتر بۆ زۆر مەسەلەکانی نێوانی حیزبی دیموکرات و مامۆستا من لەبەین دا بووم، من رۆژەکانی چوونی خزمەت مامۆستا و باس و مەسەلەکانم لەدەفتەری یادداشت نووسیوەتەوە، بەداخەوە ئەو دەفتەرە لەوڵات ماوەتەوە، ئێوارەیەك لەماڵی وسێن مەراغەیی بووم ماشێنێك هات، گوتی: (مامۆستا لەدوای ناردووی)، سوار بووم

وەك لەبیرم بێ، لەسەرەوەی رادیۆ تەلەفیزیۆنی مەهاباد لەکۆلانێك لەبەر دەرگای مالێك دایبەزاندم، کەوەژوور کەوتم سێ چوار کەسی دیکەشی لێ بوون تەنیا مامۆستا و مەلا سەعید و کاك محەمەدی ئیلخانیزادە و سەید عومەری زەمبیلیم نلسین، دانیشتین باسی وەزعی کوردستان و حیزب و رێکخراوەکان هاتە گۆڕێ، هەستم پێ کرد کەتەگبیر لەپێکهێنانی حیزبێك یا رێکخراوەیەك دەکرێ، مامۆستا رووی لەمن کرد و فەرمووی: (کاك کەریم چ بکرێ باشە؟ تۆ نەزەرت چییە؟).

گوتم: مامۆستا من لەسەر ئەو باوەڕەم کەهەموومان لەحیزبی دیموکراتدا کۆبینەوە و بەهێزی بکەین و بەرەو باشتری بەرین، ئیتر باسەکە کۆتایی پێ هات، من رانەکێشرام بۆ لایەکی تر و مامۆستاش لەکۆمەڵە دوور نەکەوتەوە، هەرچەند وەك ئاگادار بووم یەك دوو جاری دیکەش بۆ دامەزراندنی حیزبێك کەوتە هەوڵ و تەقەڵا، مامۆستا زەبیحی و کاك سەعدی رەحمەتی و چەند کەسی تری کۆکردەوە کەحیزبێك دروست بکا، تەنانەت مامۆستا زەبیحی رەحمەتی گەڵاڵەی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبەکەشی ئامادە کردبوو، بەڵام دیسان لەم کارەدا سەرنەکەوت، جارێکی تر هەوالّدەری رۆژنامەی کەیهان وتوێژی لەگەڵ مامۆستا کردبوو، دەقی پرسیار و وەڵامەکان چاپکرابوون و رۆژنامەکە لەکن مامۆستا بوو، کەچووم بەگوێرەی عادەت ژوورەکان پڕ بوون، رۆژنامەکەیان بۆ دەخوێندەوە، مامۆستاش کەیفی پێ دەهات و تەسبیحەکەی هەڵداویشت و دەیگرتەوە، گوتی: (کاك کەریم پێت چۆنە؟).

گوتم: مامۆستا زۆر جوانت وەڵامداوەتەوە، راست وەك کادرێکی حیزبی دیموکرات قسەت کردووە، پێکەنی بەڵام هیچی نەگوت، لام وایە قسەکەی منی بەدڵ نەبووبێ.

جارێکی تر ئێوارە بوو کەهەڵدەستام هاتە بەردەرکێ و دوو کاغەزی هـەزار تمـەنی خستە گیرفانم، گوتم ئەوە چییە مامۆستا خۆ من بێ پارە نیم.

فەرمووی: (پوڵ هەر لازم دەبێ، ئەوە شتێك نییە با هەت بێ).

ئەودەم لەدەفتەری سیاسی بڕیاردرابوو حەملەیەکی یارمەتی و پیتـاك کۆکردنـەوە بکەین، کاك ئەمیری قازی کرابـوو بەبەرپرسـی ئـەو حەملەیـە، هێنـدێ لـەئاغاکانی دیبوکریان بۆمن دیاری کردبوو کەداوای یارمەتیان لێ بکەم، رۆژی دوایی پارەکـەی مامۆستام دا بەکاك ئەمیر و قەبزی یارمەتی دوو هـەزار تمـەنم لێ وەرگـرت و گـوتم: مامۆستا داویە، کەچوومە خزمەت مامۆستا قەبزەکەم دایە.

– ئەوە چییە کاك کەریم؟

– مامۆستا قەبزی کۆمەکە بەحیزبی دیموکرات.

– مـن ئـەو پارەیـەم بـۆ گیرفـانی خـۆت دابـوو، حیزبـی دیمـوکرات پـارەی زۆرە، سوپاسم کرد و گوتم: فەرقی نییە، پێم خـۆش بـوو بـزانن کەمامۆسـتاش یارمـەتی بەحیزب دەکا.

لەگەڵ کاك عەلی سە نجاری

لام وایە هەر لەم سەروبەندەدا بوو، ئێوارەیەك جەعفـەر ئاغـای کـەریمی تـەلیفۆنی کرد و گوتی: میوانێکم هەیە دەیەوێ چاوی بەتۆ بکەوێ.

– کێیە؟

– ئەگەر بێی دەیناسی و زۆر بەئاواتە بتبینـێ، ئـەوە ماشـێنت بـۆ دەنێـرم تکایـە تەشریف بێنە.

ماشێن هات و ئەگەر چووم کاك عەلی سەنجاری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بەخێرهاتن و چاك و خۆشی، هاتبوو بچێته کەرەج بۆ سەرەخۆشی خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی.

کاك عەلی گوتی: دەمەوێ بچمە تاران، هاتوم تا ئەو جێگایەی پێویستە ئێوە بەڕێم بکەن، بەیانیش دێمە دەفتەر و پێم خۆشە هێندێ قسە بکەین.

شەو تا درەنگ دانیشتین و بەیانی کاك عەلی هاتە دەفتەری حیزب، دوای تاوێك دانیشتن و چا خواردنەوە چووینە ژوورێك، کاك عەلی حەمەدەمینی سیراجیم بانگ کرد کەبەشداری وتوێژمان بێت، من بەکاك عەلیم گوت: لەبەر ئەوەی پێویستە کۆمیتەی ناوەندی لەم چاوپێکەوتن و ئاخافتنەدا ئاگادار بکەم، دەبێ ببووری فەرمایشتەکانت یادداشت دەکەم، بەداخەوە دەقی یادداشتەکان لێرە بەدەستەوە نین، کاك عەلی هەرچی لەسەر پێوەندی رێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەملاو لاوە دەیزانی و سەفەری هێندێ لەسەرۆك و رێبەرانی شۆڕش بۆ ئیسرائیل و بۆ کوێ و کوێ باسی کرد و منیش دەقیق یادداشتم دەکردن.

دوای تەواو بوون فرە سوپاسم کرد بۆ ئەو هەموو مەعلوماتە، ماشێنێك و پێشمەرگەمان دەئیختیار نا هەتا سەقز، نامەیەکم بۆ رێکخراوی سەقز نووسی کەلەوێرا تا ئەو جێگایەی پێویستە بەڕێی بکەن.

سەفەری مامۆستا بۆ تاران

لەماوەی راوێژ و هاودەنگی هەموو لایەك وابەباش زانرا کەمامۆستا سەفەرێکی تاران بکا و چاوی بەخومەینی و ئایەتولاّ و مایەتولاّیان بکەوێ، دکتۆر قاسملۆ گوتی: (ئێستا کەمامۆستا ملی بۆ سەفەر راکێشاوە، وام پێ باشە تا دەکەوێتە ڕێ بۆ بەڕێ کردنی لەوێ بی، وابکەن بەلّکو مامۆستا مەلا کەریمی شاری کەندیش

لەگەڵ خۆی بەرێ، ئیتر یەك دوو رۆژ پێش رۆیشتنی مەگەر شەوانە چووبامەوە، دەنا هەمیشە هەر لەماڵی مامۆستا دەبووم، مەسەلەی چوونی مامۆستا مەلا کەریمی شاری کەندی بۆ تاران هاتە گۆڕێ، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین کەمەلا کەریمی رەحمەتیش لەو سەفەرەدا لەگەڵ بێ، مامۆستاش دوو دڵ بوو، لەوە دەترسا کەلەلای خومەینی مەلا کەریم هەڵوێستێکی دژی ئەو بگرێ، دیارە ئەوانەی لەدەوروبەری مامۆستاش کۆدەبوونەوە زۆر بەتەنگ یەکێتی و بەرژەوەندی گشتی بزوتنەوەی کورد نەبوون و پتر بەرژەوەندی تەنگی حیزبایەتی خۆیان لەبەرچاو بوو، مامۆستاش خۆشی گەرەك بوو کەکۆمۆنیست و چەپڕەو تەنانەت ئاژاوەچیشی لەدەورە بن، باسێکی زۆر کرا، من بەجیددی پێم داگرت و گوتم: بەبوونی مامۆستا مەلا کەریم لەگەڵ تۆ هەم شەخسیەتت زیاد دەبێ و هەم حکومەتیش حیسابی ئەوە دەکات کەلەکوردستاندا یەکێتی هەیە، مامۆستا فەرمووی: (ئەگەر وایە تۆ بچوو بەمەلا کەریمی بڵێ ساز بێ، بەڵام حاڵی بکە کەلەتاران هەڵوێستی جیاواز نەگرێ)، هاتمە دەرێ و چوومە خزمەت مامۆستا مەلا کەریم و لەگەڵم باس کرد، هەڵوێستێکی فرە ژیرانە و جوامێرانەی نیشاندا و گوتی: ئامادەم)، کەهاتمەوە خزمەت مامۆستا بەپێوە راوەستابوو، فەرمووی: (قسەت لەگەڵ کرد، چۆن بوو؟ بەڵام کاك کەریم پێم باشترە لەگەڵ نەبێ، دیاربوو پەشیمانیان کردبۆوە، من تۆزێ لەتوندی و بەلاتاو بەسەر ئەو کەسانەدا هاتم کەنایانەوێ لەکوردستان یەکێتی هەبێ، پێشتر هەستم بەوە کردبوو کەمامۆستا لەهەڵسوڕانی خۆیدا لەزۆر مەسەلەدا بڕیاری بۆ دەدەن، بەڵام ئیتر لەوێدا گومانم نەما کەمامۆستا لەبڕیارەکانیدا بەتەواوی سەربەخۆ نییە.

رۆژی ۱۹۷۹/٥/۱۳ مامۆستا بۆ تاران بەرێ کرا، لام وایە هیچ رێبەرێکی نیشتمانی تا ئەوڕۆژە ئاوا بەڕێز و حورمەت بەرێ نەکرابوو، لەماڵی مامۆستاوە تا

سەربازخانە و بن بالّی هێلیکۆپتەر خەڵك راوەستابوون، من ماشێنی دکتۆر قاسملۆم بۆ هێنابوو سوارم کرد، ئەوەندە خەڵك وەسەربانی ماشێنەکەش کەوتبوون کەپاشان چەند هەزار تەن خەرجی راستکردنەوەی ماشێنەکە بوو، رۆژی ۷۹/٥/۲۰ وتوێژی مامۆستای لەرۆژنامەی ئیتلاعاتدا بڵاوکرایەوە، مامۆستا لەتوێی ئەوەدا کەدەڵێ: ئێمە موسڵمانین و ئێرانین و بێجگە لەخودموختاری هیچی دیکەمان ناوێ، چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ خومەینی و تاڵەقانی زۆر بەباشی باسکردبوو، مامۆستا ئاوا بەڕێ کرا بەڵام بەداخەوە ئاوا نەهاتەوە لەجیاتی ئەوەی لەپاداشتی ڕێز و حورمەت و دڵسۆزی خەڵك راست بێتەوە مەهاباد و ڕاپۆرتی سەفەری خۆی بدا بەو خەڵکەی کەئاوا بەڕێیان کردبوو، کەوتبووە لای سەردەشت و لەپێشدا سەرێکی مام جەلالی دابوو پاشان گەڕابۆوە، رۆژی ۱۹۷۹/٥/۲٦ پەیامی مامۆستا لەبارەی سەفەرەکەی بۆ تاران لەرادیۆ تەلەفزیۆنی مەهاباد بڵاو کرایەوە، مامۆستا لەپەیامەکەی دا فەرمووی: (لەحوسنی نیەتی ئیمام و ئایەتوڵا تاڵەقانی ئێستا دەتوانم مزگێنی بدەم بەخەڵك خودموختاری کەئاواتی خەڵکە بەئەنجام دەگات).

لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ مەهاباد شورای شاری مەهاباد هەڵوێستێکی دۆستانە و دڵسۆزانەی لەئاست من نیشان دا، لەشیرکەتێکی شاماتی هێندێ ماشێن بەجێ مابوون، ئیجازەیان دا کەماشێنێکی سواری بۆ خۆم بێنم، کاك حەمەدەمینی عیسازادە لەگەڵم هاتە شیرکەت و ماشێنێکی سواری بۆ هەڵبژاردم کەسواری دەبووم، پاشان کەبڕیاریان دا ماشێنەکانی شیرکەتی بدەنەوە، ماشێنەکەی منیشیان وەرگرتەوە، شورای شار بەنامەیەکی ڕەسمی لەخانوەکانی کوی فەرەح خانویەکیان دامێ، لەنامەکەدا نووسرابوو (شورای شاری مەهاباد بەپاداشتی خزمەت و تێکۆشانت لەپێناو نیشتماندا ئەو خانوەت دەداتێ)، لەسایەی هیمەتی

دۆست و برادەران و هاوڕێیانی کۆمیتەی شار چوومە دەخانویەکی ساز و پەرداخ و پڕ لەهەموو شتێکی پێویست بۆ ژیانێکی ئاسودە و ئارام، بەڵام زۆری پێ نەچوو شنەپێ سێ مانگەی بەسەردا هات، خانوم بەجێ هێشت و دوای گەڕانەوە بۆ مەهاباد تا ماوەیەکی زۆر چوومەوە سەر مالآن، جێگای خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کەماڵەکەیان ئاوەدان کردبۆوە، هەرچەند تێیدا نەحەسامەوە.

پیرانشار و ئایەتوڵا رەببانی شیرازی

لەپیرانشار وەزع بەرەو تێکچوون دەچوو، هێندێ کەس لەگەڵ کوڕەکانی شێخی گەسگەسك شورایەکیان پێك هێنابوو، چریك و کۆمەڵە و هێندێ کەسی تر دژی ئەم شورایە بوون، دوو رۆژ بوو دوکان و بازاڕ داخرابوون، پادگانی پیرانشان لەبیانوو دەگەڕا کەدەست دەکاروباری شار وەربدا، برادەرانی پیرانشار داوایان کرد کەبچم و بەهەموو لایەك وەزعی شار هێدی کەینەوە، پاش کۆبوونەوە و باس و وتوێژێکی زۆر لەگەڵ هەموو دەستە و رێکخراوەکان گەیشتینە ئەو بڕیارە کەشورای کوڕەکانی شێخی هەڵوەشێتەوە و لەرێگای هەڵبژاردنەوە بۆ هەموو پیرانشار شورایەکی تازە دابمەزرێ.

لەوکاتەدا ئایەتوڵا رەببانی شیرازی وەك نوێنەری خومەینی هاتبوە کوردستان و بەشارەکاندا دەگەڕا، چووبووە ورمێ و نەغەدە و سەردەشت و گەڕابۆوە گەسگەسك ماڵە کاك سەید تەهای.

رۆژی ۱۹۷۹/۵/۳۱ کاك حەمەدەمینی سیراجی هاتە پیرانشار و گوتی: (رەببانی شیرازی چۆتە ماڵە شێخی و با بچین بزانین لەچی دەگەڕێ)، لەسەردەشتەوە لەگەڵ چەند ئەفسەری ئەرتەشی و جەوادی فەرماندەی ژاندارمەری ورمێ و هێندێ

شلە و قوڵەی دیکە میوانی شێخی بوون، ئێمەش لەگەڵ کاك حەمەدەمین چووین و خۆمان کردە شەریکی میواندارى.

دەستکرا بەباسی وەزعی کوردستان، ئێمە رەخنەمان لەسیاسەتی چەوتی حکومەت دەگرت و شەڕ هەڵایسێنەری ئەرتەشمان روون دەکردەوە، رەببانی شیرازی گوتی: (ئاغای حسامی بۆ ناوی حیزبەکەتان ناگۆڕن؟).

– باشە، بەگۆڕینی ناوی حیزبی دیموکرات مەسەلەکان چارەسەر دەکرێن؟ چ ناوێکی لێ بنێین؟

– ناوی بنێن حیزبی ئیسلامی، کاتێك دیکتاتۆر هەبوو لەبەرامبەر ئەودا دیموکرات وشەیەکی پەسند بوو، ئێستا کەرژێمی دیکتاتۆری نەماوە ئیتر دیموکرات مانای نییە).

بەراستی گاڵتەم بەئاقڵی ئاخوندان هات و بەزەیشم بەحاڵی خەڵکی ئێران دا هات کەچارەنووسیان لەبەردەستی کێ دایە.

ئێمە دەهات لەقسە و باسان ببینەوە، نان خورابوو، کابرایەکی قوتەی روشەڵ بەریشێکی کۆرپەی حیزەوە، راست بۆوە و هات لەنێوەڕاستی مەجلیسێ چۆکی دادان و دەستی پێ کرد، لەپێشدا ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە و پاشان بەفارسیەکی خەست لەشێوەی ئەو ئاخوندە شیعانە کەمەرسیە دەخوێنەوە و خەڵك وەگریان دەخەن دایمەزراند و هەرچی دەیگوت نەیدەگوتەوە، لەپێشدا وامزانی پاسدارە و یا ئاخوندی عەجەمانە، خوا چاکەی بۆ بکا یەکێك لەکوڕەکانی شێخی هاتە بن گوێم و گوتی: (کاك کەریم ئەوە کوردە و خەڵکی سەردەشتە، دوێنێ لەنەغەدە لەسەر گۆڕی کۆژراوەکانی نەغەدە بەناوی نوێنەری کوردەکانی

نەغەدە وتاری دا)، راوەستام هەتا لەسەگوەڕەکەی بژوە، چوو لەلای دەرکێ راوەستا، مەجلیس دەهات بلاوەی بکا، هەستام چوومە پەنای گوتم:

– تۆ خەڵکی کوێی؟

– من موسڵمانم.

– لەوەت لێ ناپرسم، دەزانم موسڵمان نی و فڕت بەئیسلامەتیەوە نییە، دەڵێم خەڵکی کوێی؟

– موسڵمانم و خەڵکی ئێرانم.

– سەگبابی موسڵمان تۆ کەی نوێنەری کوردەکانی نەغەدەی کەدەچی لەسەر قەبران بەناوی ئەو لێقەوماوانە وتار دەدەی؟

– ئەی... کابرا تۆ بۆ جنێو دەدەی؟ جنێو بۆ موسڵمان نەهاتوە.

– سەگباب، ئێستا لەتەویلەت دەکەم، جا ئەودەم پێت نیشان دەدەم کەئیسلامەتی چۆنە.

– بەراستیتە، باوکم تۆ قسەی سوك دەکەی.

– قسەی سوك دەکەم و چاویشت دەردێنم.

جەوادی فەرماندەی ژاندارمەری هەستی کرد کەوا بەتوندی لەکابرای راساوم، گوتی: (ئاغای حسامی مەگەر شتێك رووی داوە؟).

– بەڵێ، ئاغای جەوادی زۆر شت رووی داوە، ئەو بێ شەرەفە ناموسڵمانە کەس نازانێ سەگی کوێیە، لەگەڵ خۆتان دەیگێڕن، بەناوی کورد قسەی پێدەکەن، ئێستا من دەیگێڕمەوە هەتا بزانین لەکەیەوە بۆتە نوێنەری کوردەکانی نەغەدە.

جەوادی گوتی: (تکایە حەوسەڵەت بێ، کاری گەورەتر لەپێشە).

دوایە جەنابی شێخی تەشریفی هەستا و گوتی: (کاك کەریم ئێرە مـاڵی خۆتـە خـۆ ناکرێ لەماڵی خۆت جنێو بەمیوان بـدەی بـا خـەتاباریش بـێ، تکایـە لێ گـەڕێ بـا بڕوا)، ئیتر هیچم پێ نەکرا، من لەکۆنـەوە لەخزمـەت کـاك سـەید تـەهادا ئـیرادەتم هەبوە، ئێستاش هەر ئەو ئیرادەتەم لەجێی خۆیەتی.

پاشان دەرکەوت ئـەو کابرایـە خـەڵکی سەردەشت بـووە و نـاوی رەحمـەت بـووە چۆتە قوم بۆتە شیعە و ئاخرەکەشی بەدەستی شۆڕشگێڕانی کـورد بـۆ بەهەشـتێ بەڕێ کرا، ئایـەتوڵا رەببـانی لەگەڕانـەوە بـۆ تـاران راپـۆرتێکی ئاژاوەچـیانە و پـڕ لەدرۆ و ئائینسـانانەی لەرۆژنامەکانـدا بـڵاو کردبـۆوە، کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی دیموکرات ١٩٧٩/٦/١٨ لەبەیاننامەکەدا تەواوی قسەکانی ئایەتوڵا رەببانی شیرازی وەدرۆ خستەوە.

وەزع بەرەو ئاڵۆزی دەچوو

حکومەت لەبیانو دەگەڕا لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کەئەرتـەش بێتـەوە پادگـانی مەهاباد، حیزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەش دژی هاتنەوەی ئەرتەش بـوون بـۆ پادگان، دکتۆر قاسملۆ بـۆ چـاوپێکەوتنی وەزیـری بـەرگری و فەرماندەی گشـتی ژاندارمـەری سـەفەرێکی تـارانی کـرد، پـاش وتوێـژ بـۆ نیشـاندانی هەڵوێسـتی ئاشتیخوازانە بەڵێنی دابوو کەچەند ئەفسەر دەتوانن بێنە مـەهاباد و بچـن چـاویان بـەپادگان بکـەوێ و بـزانن کـەوێران نـەکراوە، هـەر لـەو کاتەشدا بـوو نیشـاندانی هەڵوێستی ئەوان داوای پاسپۆرتی کردبوو، ماوەیـەك چـاوەڕوان بـوو پاسـپۆرتیان نەدابویە، دوای گەڕانەوە لەتاران لەراپۆرتێکدا کەدای بەکۆمیتەی ناوەندی، دکتـۆر گوتی: (لەگەڵ ئەو رژێمـە هـیچ نـاکرێ، حوسـنی نیـەتیان نییـە، تەنانـەت ئامـادە

نەبوون پاسپۆرتێکیش بدەن بەمن)، پێشنیاری کرد کەبۆ شیکردنەوەی بارودۆخی ئێستا و هەڵوێست گرتن لەئاست سیاسەتی حکومەت، کۆمیتەی ناوەندی بەبەشداری هێندێ کادر و موشاویر و بەرپرسی کۆمیتەکانی شارستان کۆبوونەوەیەك پێك بێنێ، پێویستە وەبیر خرێتەوە کەهێندێ لەکادر و ئەندامی حیزبی بەموشاویر دیاری کرابوون، لەم بەینەدا رۆژێك پێنج شەش ئەفسەری ئەرتەشی ئێران هاتنە مەهاباد و هاتنە دەفتەری حیزب، دکتۆر قاسملۆ لەمەهاباد نەبوو، داوایان کرد لەسەر بەڵێنی دکتۆر قاسملۆ بچن چاویان بەپادگان بکەوێ، کاك حەمەدەمینی سیراجی لەگەڵیان چوو تاوێك لەنێو پادگان سوڕانەوەو لێیاندا ڕۆیشتن، کاتێك دکتۆر هاتەوە کاك حەمەدەمینی هەڵپێچا کەبۆچی ئەفسەرت بردوونە نێو پادگان، ئێتر برادەران بەسەری دا هاتن و گوتیان تۆ لەتاران قەولت پێ داون و لەسەر بەڵێنی تۆ هاتوون، چۆن لێرە دەڵێی، نەدەبا چووبانە نێو پادگان!

ڕۆژی ١٩٧٩/٦/١٤ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بەبەشداری کادری موشاویر و بەرپرسی ڕێکخراوەکان بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی وڵات و وەزعی پادگانی مەهاباد کۆبوونەوەی دەستی پێ کرد، من بەخۆشیەوە کورتە و پوختەی وتەی یەك یەکی بەشدار بوانی کۆبوونەوەم یادداشت کردوە و دەقەکەیان دەنووسمەوە.

پاش ئەوەی کەدکتۆر قاسملۆ بەوتارێکی جوان بەلێکدانەوەیەکی بابەتی کۆبوونەوەی کردەوە، مەلا سمایلی حاجی وەدەنگ هات و گوتی:

– ئەگەر مەسەلەی ئێران بەهاتنەوەی حکومەت بۆ پادگانی مەهاباد چارەسەر دەکرێ، با بەکەیفی ئەوان بکەین، بەڵام وادیارە دەیانەوێ مەهاباد بگرنەوە، کەوابوو نابێ ڕێگا بدەین بێنەوە پادگان.

فەتاحی خولەس: (لام وایە مەبەستی حکومەت تەنیا هاتنەوەی پادگان نییە، مەبەستی سەرکوتکردنی جولانەوەی کوردە، دەیانەوێ پادگانی مەهاباد و پیرانشار و پەسوێ بکەنە یەك).

یوسفی ڕێزوانی: (لام وایە پیلانە، بەهیچ وەجە نابێ بێڵێن بێنەوە پادگانی مەهاباد).

کەریم حەداد: (مەبەستیان بێ دەسەڵات کردنی حیزبی دیموکراتە، ئەگەر بزانین میللەتەکەمان خۆ ڕادەگرێ و تەحەمول دەکا، بەشەپیش بێ نابێ ڕێگا بدەین بێنەوە مەهاباد).

ڕەحیمی بەغدادی: (بەهیچ وەجە نابێ ڕێگا بدەین بێنەوە مەهاباد).

ئەمیری قازی: (سەرفی نەزەر لەنیەتی دەوڵەت یا کۆمیتەکان زوو یان درەنگ لەگەڵ ئەو دەزگایە تووشی شەڕ هەر دەبین، بەڵام ئێستا لەسەر پادگان شەڕ بەسەڵاحی ئێمە نییە، ئەوان هەوڵ دەدەن بێنەوە پادگان، ئێمە توانای شەڕمان نییە، ئەوان هەر دێنەوە، داوای ئێمە نابێ ببەسترێتەوە بەپادگان، ئێمە دەبێ لەسەر مەسەلەی گەورەتر دەرگیر بین، نابێ لەسەر پادگان موقاوەمەتی موسەلەحانە بکەین، دەبێ لەسەر خودموختاری و مافی گەل شەڕ بکەین).

هێمن: (ئێمە لەسەر هاتنەوە تەجروبەی تاڵمان هەیە، دەبێ حیزبی دیموکرات هەر لەئێستاوە مەهابادیان بۆ چۆل بکات).

غەنی بلوریان: (پێویستە بنکەی نیزامی لەشاری مەهاباد بەرینە دەر، ئەوە خۆی مانۆرێکە لەباری سیاسیشەوە، دەبێ مەرکەزێکی جیاوازمان هەبێ، لەوەزعی ئێستادا نابێ بەخاتری مەسەلەی کوردستان شەڕ بکەین دەبێ بەخاتری ئێران

شەڕ بکەین، وا فیکر نەکەینەوە کەلەکاتی دەرگیری دا عێراق پشتیوانیمان لێ دەکا، دەبێ هێزەکانی خۆمان بۆ شوێنە ستراتیژیەکان بکێشینەوە).

حەمەدەمینی سیراجی: (بەگوێرەی بەرنامەی حیزب مەسائیلی ئەرتەشی لەئیختیاری دەولەتی مەرکەزی دایە، ئێمە پادگان نەکەینە دەست ئاویز و سەبەبی دەرگیری، ئیسرار لەسەر نەدانەوەی پادگانی مەهاباد هیچ فایدەی نییە).

ئەحمەدی سالحی: (مەبەستی دەولەت لەهاتنەوەی پادگان پێگەیەکە بۆ سەرکوتکردنی جولانەوەی رزگاریخوازی، تا ئەو رادەیەی ئیمکان هەبێ، نەهێلێن بێنەوە، ئەگەر بزانین دەرگیری تێدایە، نابێ دەرگیری بەوجود بێنین).

عوسمانی ئەحمەدی: (هەموو لەسەر ئەو باوەڕەین کەشەڕمان لەپێشە، واباشە حیزب هەلوێستی خۆی روون کاتەوە، با بچینە تێکۆشانی نهێنی، هێزەکانی تر پێمان دەلێن سازشکار، بەلام قەی ناکا).

حەسەنی رەستگار: (بافشاری بکەین کەنەینەوە پادگان، بەلام ئەگەر هەر بێنەوە دەرگیری ساز نەکەین، شەڕ کردن لەسەر پادگان دەگەڵ دەولەت بەقازانجی حیزبی دیموکرات نییە).

سادقی شەرەفکەندی: (دەبێ کۆمەك لەهێزە دیموکراتیەکانی ئێران بخوازین، ئەو شەڕە بخەینە دواوە، ئێستا وەختی شەڕ نییە، تێکۆشانی سیاسی دەست پێ بکەین، لەگەڵ هێزە دیموکراتیەکان پێوەندی بگرین).

مەلا سمایلی حاجی بۆ جاری دووەم: (ئەگەر هەر وایە با رێگا بدەین خەڵك پادگان هەلوەشێنن، یا بچنە نێوی و تێدا دانیشن نەهێلن سەرباز بێنە نێو).

ئەحمەدی قازی: (ئەگەر پاشەکشە بکەین هەم دەولەت چێ دەبێ و هەم رووحیەمان کز دەکا، موقاوەمەت و وتوویژی جیددی).

کەریمی حسامی: (پێویستە رێگای وتوێژ نەبەستین، ئێستا شەڕ بەقازانجی ئێمە نییە، لەدنیای دەرەوە لەسەر ئەم حکومەتە باش بیر دەکەنەوە، باشترە هێزە چەکدارەکانی خۆمان لەشار بەرینە دەر و لەنێو شارەکاندا تێکۆشانی سیاسی بکەین، لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە، خۆمان بەهێز بکەین، شەڕی نەغەدە نیشانیدا کەلەباری تەشکیلاتیەوە بێ هێزین، لەباری نیزامیشەوە ئەو هێزەمان نییە کەبتوانین شار بپارێزین، دیسیپلین لەنێو پێشمەرگە و رێکخراوی حیزبدا لاوازە).

دکتۆر قاسملۆ: (نەتیجەی قسەی برادەران ئەوەیە کەنابێ شەڕ بکەین، پێویستە هەموو فرسەتێکی هێمنانە بۆ وەدواخستنی هاتنەوەی ئەرتەش بۆ پادگانی مەهاباد بەکاربێنین، تەبلیغ بکەین، وا نیشان بدەین کەموقاومەت دەکەین، کۆمیتەی ناوەندی نابێ مەهاباد بەجێ بێڵێ).

کۆبوونەوە بەگشتی هاتە سەر ئەو باوەڕە کەنابێ شەڕ بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی شەڕ نەکەین چ بکەین هیچ رێگایەك نەدۆزرایەوە، لەشکری ئێران لەرێگای ورمێ و میاندواوەوە هێزی کۆدەکردەوە، ئێمەش پەیتا پەیتا ناوی خەڵکمان دەنووسی و پێشمەرگە و خەڵکمان بۆ ئەم دوو رێگایە دەنارد بێ ئەوەی رێکوپێکی ئەرتەشی یان پارتیزانیمان هەبێ، ئێوارەیەك دەچوومە پادگان، کاك حامیدی گەوهەری خەڵکی سواری ماشێنان دەکرد و بۆ جەبهەی دەنارد، کابرایەکی زەلامە نازانم سوار نەدەبوو یا چی کردبوو، کاك حامید شەقە زللەیەکی لێدا، من زۆرم پێ ناخۆش بوو، وەدەنگ هاتم گوتم: کاك حامید چۆن وادەبێ چ کاتی ئەوەیە، گوتی: (کوڕە لەگەڵی هەراسان بووم نازانم چی لێ بکەم)، یەك دوو تانکمان تا زینوێ بارامڵوان دەنارد و دەگەڕانەوە سەرگورد عەباسی رەحمەتی ئێواران دەچوو لەلای

ئەمیر ئاباد و تالاّو، هێزەکانی دەولّەتی کەلەلای میاندواو بوون، وەبەر تۆپانی دەدان.

بەکورتی روون نەبوو دەبوایە چ بکەین، پاسداریش بەتۆلّەی تۆپەکانی سەرگورد عەباسی گوندەکانی سەرچنار و قەباگەندی و سەوزی و ئیدیکەیان وەبەر تۆپان دەدا.

لەلایەکی دیکەش راست لەو کاتەدا کەحیزبی دیموکرات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەشەڕ نەکا و لەرێگای هێمنانەوە مەسەلەی پادگان چارەسەر بکا، سەرهەنگ زەهیرنیژاد و حەسەنی ئیمامی جومعەی ورمێ لەرادیۆ تەلەفیزیۆنی ئێران لەوپەڕی بێ شەرمی دا دژی حیزبی دیموکرات و میللەتی کورد بوختان و درۆیان بلاّو دەکردەوە، رۆژنامەکانی ئێرانیش هاوشان لەگەلّ رادیۆ تەلەفزیۆن ئەو درۆ و بوختانانەیان دووپات دەکردەوە، بۆ نمونە درۆیەکی حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ نووسیبووی: (قاسملۆ کوڕەکەی ناو ناوە لینین)، کەبەداخەوە هەر کوڕی نەبوو، یان نووسیبووی: (پاسداریان سەربڕیوە و جەرگ و دلّەکەیان کردۆتە کەباب)، بەراستی تەنیا ئاخوندی عەجەم دەیتوانی ئاوا بەبێ شەرمی درۆ بهۆنێتەوە.

ئێمە لەمەهاباد و لەپیرانشار و لەشنۆ دژی حەسەنی و زەهیرنیژاد تۆمارێکی گەورەمان ئیمزا کۆکردەوە پتر لەهەزار کەس ئیمزای کردبوو، ناردمان بۆ سەرۆك وەزیر و رادیۆ و رۆژنامەکان، من وتارێکی دوور و درێژم دژی زەهیرنیژاد و حەسەنی نووسی و رۆژنامەی ئایندگان بلاّوی کردبۆوە.

داوای پاسپۆرت

کاتێك دکتۆر قاسملۆ لەتاران داوای پاسپۆرتی کردبوو، منیش هاتمە سەر ئەو بیرە کەبۆچی داوای پاسپۆرتێك نەکەم، چومە شارەوانی، کارمەندەکانی شارەوانی مەهاباد وەك پێویست بوو هەموو شتێکیان نوسی و ئامادەیان کرد و گوتیان خۆمان دەینێرین بۆ ورمێ بەشی پاسپۆرت، دوای حەوتوێك زۆر بەتێڕادیوی، بەهیوای وەرگرتنی پاسپۆرت چوومە ورمێ کەچوومە ئیدارەی شارەوانی بەشی پاسپۆرت، لەمەهاباد ژمارەیەکیان دابوومێ، ژمارەکەم دا بەکابرایەك و دوای ماوەیەك پەروەندەیەکیان هێنا و لەپێش رەئیس دایان نا، کابرا تەماشای کرد و پاش هێندێك ئەودیو و ئەودیوی لاپەڕەکان مات بوو، پاشان گوتی: (ئاغای عبدالکریمی حسامی خۆتی؟).

– بەڵێ خۆمم.

– بەداخەوە تۆ قەراری (ممنوع الخروج) یانی وەدەرنەکەوتن–ت لەسەرە و ناتوانی لەئێران وەدەرکەوی.

– باشە ئەو قەرارە کەنگێ دراوە؟

– قەراری ئیدارەی ساواکە ساڵی ١٩٥٦.

– باشە، ئێستاش ئیدارەی ساواك ماوە و بڕیارەکانی هەر لەجێی خۆن؟

– ئیدارەی ساواك نەماوە، بەڵام هیچ بڕیارێکی تازە لەسەر هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی پێشووی ساواك بەئێمە نەگەیشتوە.

– ئاخر ئێستا نە ساواک و نە شای ساواک و نە رژێمی پاشایەتی ماون، مانای ئەوەیە خەڵک بۆ لابردنی یاسا و داب و شوێنی رژێمی پاشایەتی راپەڕیوە و شۆڕشی کردووە، تۆ چۆن هێشتا بەیاسا و بەفەرمانی ساواکەوە نووساوی؟

– ئاغای حسامی ببەخشە من هیچ خەتام نییە، ئێمە فەرمانمان پێ دراوە تا دەستوری تازەمان بۆ نەیە، قەرارەکانی پێشوو هەر وەک خۆی دەمێننەوە.

سێ کێژی جوانی ئازربایجانی لەوێ کاریان دەکرد، وادیار بوو کارمەندی تازەی ئەم ئیدارەیە بوون یا کارمەندی پێشوو بوون و دەرنەکرابوون، لەکابرای رەئیس وەخۆ کەوتن و گوتیان: (ئەوە ئابروچوونە شۆڕش کراوە، رژێم و ساواک گۆڕ بەگۆڕ چوون، تۆ هێشتا فەرمانی ئەوان جێ بەجێ دەکەی، ئەدی ئەم شۆڕشە یانی چی، خەڵک بۆچی خۆی بەکوشتداوە؟).

کابرای رەئیسیش زۆر لەسەرخۆ دەیگوت: (من هیچ دەسەڵاتم نییە، سەر بەمەرکەزم، هەرچی لەوێوە نەیڵێن من ناتوانم بیکەم)، کچەکان دەیانگوت: (ئاغا مەرکەزی چی، فڕێیاندە بێنە ئەم کازەغە پیسانەی ساواک هەموو بسووتێنە، پاسپۆرتی ئاغای حسامی بدە، تۆ مەگەر ناینناسی)، سوپاسی کێژەکانم کرد، بەکابرام گوت:

مانای ئەوەیە لەساڵی ١٩٥٦ەوە قەراری ممنوع الخروجم لەسەرە.

– بەڵێ، بەداخەوە وایە.

– باشە، ئەدی ئەوە نییە خروجم کردووە و وروديش، چوومە دەرێ لەئەوروپا بووم، ئێستاش هاتومەوە، هەرکاتێ بخوازم دیسان دەچمەدەر و دێمەوە، تۆش لێرە ئەم بڕیارەی ساواک چاک بپارێزە، کچەکان لەچەپڵەیاندا و گوتیان: (ئاغا ئەم ئیدارانە پاک نەکرانەوە).

کابرا گوتی: (من تێلگراف دەکەم بۆ مەرکەز و کەسبی تەکلیف دەکەم).

– زۆرباشە من جارێکی دیکەش دێمەوە، یەك لەکچەکان گوتی: (هەر جوابێك بێتەوە من بۆ دەفتەری حیزبی دیموکرات لەمەهاباد دەنووسم)، سوپاسمکردن و گەڕامەوە.

ئێستا کەباسی پاسپۆرت هاتۆتە گۆڕێ با بەیەکجاری ئەم حیکایەتە ببڕمەوە و بەسەریدا باز نەدەم، پاش ماوەیەك چوومەوە ئیدارەی پاسپۆرت لەورمێ، کابرا ژمارەیەکی دامێ و گوتی: (بەم ژمارەیە تێلگرافم کردوە جواب نەهاتۆتەوە)، بێدەنگەم لێ کرد، شەڕی سێ مانگە بەسەردا هات دوای شەڕی سێ مانگە جارێك لەورمێ لەگەڵ ئوستاندار باسم کرد، ئوستاندار نامەیەکی نووسی بۆ ئیدارەی پاسپۆرت کەپاسپۆرتم بدەنێ، کابرا لەگەڵ نامەی ئوستانداری جارێکی تر داوای کەسبی تەکلیفی لەمەرکەز کردبوو، دوای نامەی ئوستاندار جارێکی تر وەدوای کەوتم، کابرا نامەیەکی نیشان دام کەلەتارانەوە نووسرابوو: (قەراری ممنوع الخروج بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەسەریانە، هەروەك خۆی دەمێنێتەوە)، لەو نامەیەدا پتر لەنێوەڕۆکی شۆڕشی گەلانی ئێران حاڵی بووم، لەکاتی شەڕی سنەدا چوومە تاران، لەوێ بەهەلم زانی چوومە ئیدارەی پاسپۆرت، دوای مەحتەل بوونێکی تەواو چوومە ژووری رەئیسی ئیدارە، سەرهەنگێك دانیشتبوو سڵاوم کرد و ژمارەی نامەی کابرای وەرمێم دایە، بانگی کرد، ژمارەکەی دا بەکابرایەك و گوتی: (ئەم پەروەندەیە بێنە)، کابرا رۆیشت و پەروەندەیەکی ئەستوری هێنا لەبەردەمی داینا، تۆزێك تەماشای کرد و گوتی:

– ئاغای حسامی کێیە؟

– من، حسامیم.

– بەراستی هەر بۆ خۆتی.. ئاغای عبدالکریمی حسامی تۆی؟

– بەڵێ... خۆمم، تا ئەودەم هەروا لەسەر پێی وەستابووم، گوتی: (فەرموو وەرە دانیشە)، دانیشتم گوتی: (پێم ناڵێی چۆن هاتویە تاران؟ مەحافیزت لەگەڵە).

– تاران وڵاتی خۆمە و هاتووم، موحافیزیشم گەرەك نییە.

– پێم سەیرە، ئەوەتا... لەوەزارەتی کیشوەرەوە نووسراوە ئەگەر بۆ پاسپۆرت موراجعە بکەی بتگرن، دەزانی چەمران ئێستا مەسئولی ئەم بەشەیە، پاشان گوتی: (ناوی ٣٧٤ کەسمان بۆ هاتوە کەئەوانە حەقیان نییە لەوڵات وەدەرکەون، نابێ پاسپۆرتیان بدرێتێ، یەکیان تۆی، ناوی ئاغای قاسملۆش لەگەڵیانە).

گوتم: زۆر سوپاس، باشتر بوو لەخۆمان گەیشتین، ئەمجارە خۆمان بەسەربەستی دەچینە دەر و دێینەوە، بانگی کرد چایان هێنا، گوتی: (دوو پرسیارم هەن، یەکەم مەبەستی ئێوە لەخودموختاری چییە؟ یانی ئەگەر کوردستان خودموختار بوو من ئەشێ بەپاسپۆرت بێمە مەهاباد؟).

– جەنابی سەرهەنگ چۆن شتی وا دەفەرموی، مەهاباد بەشێکە لەئێران، ئێمە دەمانەوێ لەجیاتی ئەوەی مەعموری فارس و تورك لەکوردستان لەسەر خەڵك حکومەت بکەن با خەڵکی کورد خۆی چارەنووس و کاروباری خۆی بگرێتە دەست، با لەتاران مەعمورمان بەسەردا نەسەپێنن، دەمانەوێ بەزمانی کوردی مەدرەسە و کتێب و رۆژنامە هەبێ، تۆ فەرموو هەر ئێستا وەرە مەهاباد، بزانە ئەوەی لێرە دەینووسن هەمووی درۆیە یان نا؟

گوتی: (ئێوە بۆ سیستەمێکی وەك ئەمریکاتان ناوێ، لەوێ هەر ئەیالەتەی حکومەتی خۆی هەیە، مەرکەزیش سیاسەتی جیهانی و شەڕ بەڕێوەدەبا، من لەئەمریکا بووم، لەهێندێ ئەیالەت لیباسی پۆلیسیشیان جیایە).

گوتم: خۆ ئێمە کەمتریشمان داوا کردووە، وا دەمانکوژن.

– پرسیارێکی دیکەشم هەیە، ئێستا لەسنە شەڕە، ئەوەی لێرە دەینووسن دەڵێن سێ یان پێنج پاسدار کوژراون راستە؟

– نەخێر هەمووی درۆیە، رۆژی وا هەیە سەد پاسداریش دەکوژرێ، لەترسی بیروڕای گشتی ناوێرن ناویان بڵاو بکەنەوە.

– ئێمەش لێرە هەر پێمان وایە، ئەوانە درۆ دەکەن، پاشان گوتی: تۆ ناتوانی شتێکی تر بکەی؟ سجیلێکی دیکە پەیدا بکە، دە هەزار تمەن لەبانکی دابنێ، بۆ ئەوەی بەڵگە بێ کەتۆ لەتاران دەژی و کاسبی دەکەی، پاشان وەرە پاسپۆرتت دەدەمێ و تەواو دەبێ)، سوپاسم کرد و وەدەرکەوتم.

چەکدارکردنی دەرەبەگی کورد

دوای شەڕی نەغەدە حکومەتی جمهوری ئیسلامی وەک هەموو دەسەڵاتدارانی دوژمنی کورد، ویستی لەنێوخۆدا هۆرە بۆ دار بتاشێ و لەکوردستان بەکورد دوژمنایەتی حیزبی دیموکرات بکات، دەستی کرد بەچەکدارکردنی دەرەبەگەکان بۆ ئەوەی بەگژ حیزبی دیموکراتیاندا بکا، دەڵێم: بەگژ حیزبی دیموکراتدا، چونکە بەراستی دەوڵەت حیزبی دیموکراتی بەهێز و بەتەرەفی خۆی دەزانی و حسابی لەسەر دەکرد، رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتیش تا رادەیەک بەو لەخۆبایی بوو، شەڕ و کێشەی تەنیا داویشتە سەر ئەستۆی خۆی، بەو مانایە کەهەر خۆی لەکوردستاندا بەهێز دەزانێ، لەکاتێکدا دەکرا هێزەکانی دیکەش یان کەسان و سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگی دیکەش بێنێتە نێو خەبات و بەشداری کاروباری وڵاتیان بکا و بەقەولی کاک حەسەنی قزڵجی رەحمەتی (دەستیان بەزاخاکا)، دەرەبەگی کورد بەشی هەرە زۆریان بۆ خزمەتی بێگانە و دوژمنایەتی لەگەڵ

هێزی ئازادیخوازی کورد سەری پێوە نەبووە، جا بەتایبەت ئەگەر مەسەلەی چەک و تاڵانیش هاتبێتە گۆڕێ، مەنگوڕەکانی دەوروبەری مەهاباد خۆیان بەشەریکە بەشی تاڵان و بڕۆی سەربازخانە دەزانی و دەیانەوێست حیسابیان لەسەر بکرێ و بەشداری کاروباری هەرێمی مەهاباد بن، دیارە مەبەستی ئەسڵێشیان وەدەست هێنانی هێندێ چەک و کەلوپەلی تر و گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئاغایەتی پێش ئیسلاحاتی زەوی شا بوو، هەرچەند مامە غەنی سەبارەت بەکپکردنی هەرا و کێشە، بەو مانایەش کەلەگەڵ برایم ئاغای نەوزەری خزمایەتی هەبوو، زۆری هەوڵدا ئارامیان بکاتەوە، وەک لەبیرم بێ، جارێکی ١٢ تفەنگیشی دا بەمەنگوڕەکان، بەڵام فایدەی نەبوو، ئەوان لەکیتە بنکەی خۆیان دانابوو، دەیانەوێست وەک زەمانی شکاکان باجی رێگا وەربگرن، مەنگوڕەکان بەوەش وازیان نەهێنا، چوون نێزیکەی ٢٢٠ تفەنگیان لەژاندارمەری وەرگرت، ئاغاکانی زەرزاش بەدوای ئەواندا ١٢٠ تفەنگیان وەرگرتبوو.

ئاشکرایە لەهەلومەرجێکی ئاوا ناسک دا، بەتایبەت کەحکومەت پێگە و پشتیوانی لەکوردستاندا نەمابوو، دەیویست لەرێی چەکدار کردنی ئەو خاوەن مواڵکانە پێگەیەک بۆ خۆی ساز بکا و بیانکاتە بەرهەڵستی حیزبی دیموکرات، ناچار دەبوایە پێشی ئەو چەکدارانە بگیرێ، نەک هەر حکومەتی ئێران، بەڵکو رژێمی بەعسی عێراقیش بۆ کوردستانی ئێران نەخشەیەکی ئەوتۆی هەبوو، ئەویش کوێخا و ئاغای خۆفرۆشی چەکدار دەکردن.

دەرەبەگی کورد کەچەکیان وەردەگرت، نەک هەر بۆ دژایەتی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵکو بەر لەهەموو شت دەسەر رەعیەت و مسکێنی گوندیان دەکرد کەخەرج و مواڵکانەی دە ساڵی رابردووشیان بدەنێ، بڕیاردرا کەچەکەکان لەئاغایانی مەنگوڕ وەربگیرێنەوە، دیارە لەو کارەدا هێندێ تونڕەوی کرابوو، حیزب چەکی

قـورس و تـانکی بردبـووە سـەر مـەنگوڕەکان کـەرێگای سەردەشـت مـەهابادیان گرتبوو، پاشان لەکۆمیتەی ناوەندی دا لام وایە رەخنە لەو توندڕەویە گیرا، هێندێ سەر لق و بەرپرسی پێشمەرگە لەماڵی ئاغاکان شتیان هێنابووە دەرێ، نامەیـەکی ئاغاکانی قوڵفتەپـەم لەلایە کەنووسخەیەکیشیان بۆ دەفتەری سیاسـی حیـزب و بـۆ کۆمیتەی ناوەندی بۆ کاك ئەمیری قازی ناردوە، شکایەتیان لەبەرپرسێکی حیزبـی کردووە کەتفەنگ و خەنجەر و دووربینی لێ ئەستاندوون، بەداخەوە دەقـی نامەکـە لەدەستدا نییە و لەوڵات پارێزراوە بەڵکو لەدواڕۆژدا بڵاو بکرێتەوە.

١٩٧٩/٦/٢٥ بۆ ئەستاندنەوەی چەکەکان لەبەری مێرگـان لەگونـدی قـەڵات سـەید رەسو لەگەڵ مەنگوڕان تووشی شەڕ دەبـێ و لام وایـە یـەك لـەئاغاکان دەکـوژرێ، لەکیتکـە و دەوروبـەری مـەهابادیش پێشـمەرگە بڵاوەیـان پـێ دەکـات، ئاغاکـانی مـەنگوڕ رادەکـەن و دەچـنە پادگـانی پیرانشـار و جەلـدیان، لەدەفتـەری سیاسـی هاتبوونە سـەر ئـەو بڕیـارە کـەبۆ ئاشـتکردنەوەیان هـەنگاو باوێـژرێ و کـارێکی وا بکەین کەبێنەوە سەر جێ و رێی خۆیان، بەتایبەت لەشکری ٦٤ی ورمێ نەخشـەی ئەوەبوو کەلەهەوو ناوچەکانی کوردستان چەك بڵاو بکاتەوە.

دەفتەری سیاسی بڕیاریدا من و مامە غەنی بچینە جەلـدیان و پیرانشـار، ئاغاکـانی مـەنگوڕ دڵخۆشـی بدەینـەوە و ئاشـتیان کەینـەوە بیانبەینـەوە سـەر گونـدەکانی خۆیان، وامان بەباش زانی دەپێشدا بچینە شنۆیە چاومان بەکاك مەسعود بـارزانی بکەوێ، لەرێگای ئەوانیشەوە لەگەڵ لەشکری ٦٤ی ورمێ هـەوڵ بـدەین کەدەسـت لەچـەکدارەکانی ئاغاکـان و لەگێرەشـێوێنی هـەڵبگرێ و بـا تووشـی شـەڕ و پێـك هەڵپڕژان نەبین.

ئەودەم کاك مەسعود لەگەڵ کاك سامی و هێزێکی بارزانیان هاتبوونە ناوچەی شنۆ و لەگوندی شاوانە بارگە و بنەیان بەعـەرزی دادابـوو ئێمـە وەك حیزبـی دیمـوکرات

پێمان وابوو هاتنەوەی بارزانیەکان بۆ مەڵبەندی کوردستانی عێراق بۆ ئەو مەبەستەیە کەدەچنەوە کوردستانی عێراق و خەبات درێژە پێ دەدەن، لەو ئامانجەدا ئێمە هانیشمان دەدان و یارمەتیشمان پێ دەکردن، لەگەڵێك شوێن لەبارەی جێگای حەوانەوە و خانوبەرە یارمەتیمان دەدان، نموونەی ئاوا زۆر بەدەستەوەن، یەك لەوان هاتنەوەی حەسۆ میرخان بوو، رۆژێك کاك ئەمیری قازی حەسۆ میرخانی هێنا لای من و گوتی: (ئەوە بارزانیەکان وردە وردە دەیانەوێ بەرەو سنوری عێراق بگەڕێنەوە و بچنەوە ولاتی خۆیان خەبات بکەن، کاك حەسۆش ئەوە هاتوە و بەڵام لەباری شوێن و جێگای حەوانەوە لەتەنگانەدان، پێم خۆشە وا بکەی لەخانوەکانی شیرکەت لەشارۆچکان یا لەخەلیفەلیان چەند خانویەکیان بدەنێ)، هەرچەند حەسۆ میرخان ئەوپەڕی خراپەی لەپشدەر لەگەڵ برادەرانی ئێمە کردبوو، من وەك بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد نامەم دایە لەشیرکەتی شارۆچکان خانویان دانێ.

ئێمە هەر بەو ئامانجە و خەیاڵە لەهاتنەوەی بارزانیەکان، یا بەقەولی ئەودەم (هێزەکانی قیادەی مۆقەت) پێشوازیمان دەکرد، بەڵام بەداخەوە شەڕی پاوە و شەڕی شنۆ دەریانخست کەبۆ یارمەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران دژی حیزبی دیموکرات هاتبوونەوە ناوچەی کوردستان، بەڵگەی رەسمی و زیندووی حاشا لێنەکراوم لەم بوارەدا کەوتنە دەست کەلێرە بەدەستەوە نین و لەولاتە پارێزراون.

رۆژی ١٩٧٩/٦/٢٧ لەگەڵ مامە غەنی سوار بووین چووینە شاوانە، لەکن کاك مەسعود فراوینمان خوارد، دوای باسی بارودۆخی کوردستان و یەك بیروڕا لەمەڕ ئاشتی و هێمنایەتی و پشتیوانی لەکۆماری ئیسلامی، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەمن و کاك سامی بچینە ورمێ و لەگەڵ کاك ئیدریسی رەحمەتی بچینە کن فەرماندەی لەشکر و بەدرێژی قسەی لەگەڵ بکەین، کاك سامی چەند

پێشمەرگەیەکی لەگەڵ خۆی سوار کرد و کەوتینەڕێ، مامە غەنی بەجێ ما، لەگوندی بالانیش چەکەکانیان لەپشتی ماشێندا تاقەت کرد و چووینە میهمانسەرای ورمێ کاك ئیدریس لەگەڵ چەند ئاغا و دەرەبەگی هەرکی و شکاك لەوێ بوو، پاش حەسانەوە و قاوە خواردنەوە، کاك ئیدریسمان تێگەیاند کەبۆچی هاتووین، گوتی: (هەستە با هەر ئێستا بچینە کن فەرماندەی لەشکر)، ئیتر بێ ئەوەی تەلیفۆن بکا یا خەبەری بداتێ رابووین، لەبەر دەرگای میهمانسەرا کەدەچووینە دەر ئاوڕی داوە بەکاك سامی گوت: (تۆ لەچی دەگەڕێی؟ تۆ مەیە) ئیتر کاك سامی گەڕایەوە، من ئەو جۆرە دەنگدانەم زۆر گران هاتە بەرچاو.

کاتێك چووینە ستادی لەشکری ٦٤، سەرگورد سادقی سەرۆکی ستادی لەشکر لەوێ بوو، سادقی منی نەدەناسی و کاك ئیدریسیش منی پێ نەناساند، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و دایمەزراند، سادقی بەکاك ئیدریسی گوت: (تۆ نابێ خۆت بەعێراقی حیساب بکەی، ئێمە لەهاوکاری تۆ فرە مەمنونین، تۆ هەر لەخۆمانی)، دیار بوو کاك ئیدریس دەیویست لەو باسە هەتڵەی بکا و بیباتە سەر باسێکی تر، کابراش هەر لەسەر هاوکاری دەڕۆیشت، لەپڕ سەرهەنگ زەهیرنیژاد فەرماندەی لەشکر وەژوور کەوت، کەمنی بینی گوتی: (ئەوە ئاغای حسامی چۆن هاتۆتە لەشکر)، پاشان تۆقەی لەگەڵ کردین و بەخێرهاتنی کردین، سەرگورد سادقی کەناوی منی بیست بوو، گوتی ببورە ئاغای حسامی، جەنابی ئیدریس خان لەپێشی تۆی موعەریفی نەکرد، دیار بوو زۆر شتی درکاندبوو کەپێویست نەبوو لەلای من بیدرکێنێ، لەگەڵ زەهیرنیژاد هاتینە سەر باسی چەکدارکردنی ئاغاکان و سازبوونی شەڕ و کێشە لەکورستان، گوتی من هیچ ئاگاداری چەکدارکردنی خاوەن مولکان نیم، ژاندارمەری ئەو کارەی کردوە، من لەژاندارمەری دەپرسم)، کاك ئیدریس بەدرێژی لەسەر ئەمنیەتی ناوچە قسەی کرد و گوتی:

(ئێمەش بەنۆرەی خۆمان هەموو حەول و تەقەلّامان ئەوەیە کەلەکوردستان ئاژاوە ساز نەبێ و هەموومان لەحکومەتی ئیسلامی بەرێبەرایەتی ئیمام پشتیوانی دەکەین).

بەکورتی سەفەرەکەمان بێ ئەنجام بوو، وەلّامی فەرماندەی لەشکر هەر ئەوەبوو: (لەژاندارمەری دەپرسم) هاتینەوە میهمانسەرا و لەگەلّ کاك سامی گەڕاینەوە بۆ شاوانە.

ئێمە لەگەلّ مامە غەنی ساز بووین کەبچینە پادگانی جەلدیان و ئاغا مەنگوڕەکان ببینین، برایم ئاغای کا قادری لەوێ بوو لەگەلّ خۆمان بیبەینە پیرانشار و ئاغاکانی دیکەش ئاشت کەینەوە، کاك مەسعود گوتی: (کەوایە منیش دێم و دەچین دلّخۆشیان دەدەینەوە، لەگەلّتان دێمە پیرانشاریش).

کاك مەسعود لەگەلّ ئەوە کەوای دابنێن لەبەر خاتری مامە غەنی لەگەلّمان دەهات، بەلّام مەبەستی سەرەکیشی خۆ تێ هەلّقوتاندنی کاروباری ناوچە و ناکۆکی حیزب و ئاغاکان و نیشاندانی دەوری خۆی لەناوچەدا بوو، چونکە لەسالّی ۱۹۷۵ەوە دوای رۆیشتنی مەلا مستەفای رەحمەتی، ئیدریس و مەسعود نەهاتبوونە پیرانشار، رێکخراوەکانی کۆمەلّە و چریکی فیدایی و هێندێ تاقمی سەر لێشێواویش کەلەتاران راونرابوون، لەکوردستان قورسایی کار و تەبلیغات و نووسینیان خستبوە سەر دژایەتی بنەمالّەی بارزانی و قیادەی مۆقەت.

کاك مەسعود ساز بوو، لام وایە شەش ماشێنی پڕ لەبارزانی چەکدار کەوتنەڕێ، چوونە پادگانی جەلدیان، برایم ئاغای کاقادری و عەلی باپیر ئاغای کەوپەڕ و یەك دوو ئاغای تر لەوێ بوون، لەگەلّ سەرهەنگ شابازیان فەرماندەی ژاندارمەری تۆزێك باسی وەزعمان کرد و رەخنەمان لەژاندارمەری گرت، کەبۆچی ئەو چەکانە

بلّاو دەکاتەوە، پاشان داوامان لێ کرد کەبانگی ئاغاکان بکا بێنە لامان، ئەوان لەژوورێکی دیکە بوون، برایم ئاغا و عەلی باپیرئاغای هاتن، بەگەرمی بەخێرهاتنمان کردن، مامە غەنی کەئاوالّ زاوای برایم ئاغا بوو، زۆری دلّخۆشی داوە، کاک مەسعودیش لەسەر یەکێتی و ئاشت بوونەوە جوان قسەی کرد.

عەلی باپیرئاغای دەستی پێکرد دژی حیزبی دیموکرات و گوتی: (ئێوە چەکی پادگانی مەهابادتان هەموو دا بەعێراق)، گوتم: کا عەلی وەختی ئەو قسانە نییە، بەم قسانە لەلای ژاندارم خۆشەویست نابی، چەکی پادگانی مەهاباد بەدەست پێشمەرگەوەیە بۆیە تۆ دەرپەڕیوی و هاتووی لەپەنای ژاندارمەدا دەژی، برایم ئاغا گوتی: (کاک کەریم ئێمە خەتابارین، دەبێ ببوورن ئەو شتە وای لێهات، ئێمەش نەماندەویست بگاتە ئەو رۆژە).

تکامان لەبرایم ئاغا کرد کەلەگەلّ ئێمە بێتە پیرانشار و مەنگوڕەکانی دیکەش رازی بکا و ئاشت بینەوە و بچنەوە سەر مولّک و مالّی خۆیان، برایم ئاغا ئاغاکانی دیکەشی بانگ کرد و دەستکرا بەناز و گلەیی و ئاشت بوونەوە، بەتێکڕایی بڕیارماندا کەپادگانی جەلدیان بەجێ بێلّن و بچنەوە گوندەکانی خۆیان، غەنی بلوریان نامەیەکی بۆ سەید رەسوی بابی گەورە نووسی و پاشان چوویتە پادگانی پیرانشار، ئاغاکانی دیکەشمان چاو پێکەوت و بڕیاردرا هەر ئەو رۆژە پادگانی پیرانشار بەجێ بێلّن، ئێمە دەچوویتە پیرانشار کاک مەسعود لەگەلّمان هات بۆ پیرانشار و چوویتە فەرمانداری، کەخەبەر بلّاو بۆوە مەسعود بارزانی هاتووە کۆمەلّە و فیدایی و دەستە و تاقمی دیکە خەلّکێکی یەکجار زۆریان کۆکردبۆوە و بازاڕیان داخستبوو دژی هاتنی مەسعود بۆ پیرانشار میتینگ و کۆبوونەوەیان ساز کردبوو، ئێمە لەژووری فەرمانداری بووین، دکتۆر کەمال یەکێك لەکادرەکانی قیادە مۆقەت کەپێشتریش لەگەلّ ئێمە پێوەندی هەبوو، لەشەڕی نەغەدەش بریندار

ببوو، هاتە ژوورێ و بانگی کردم بچمە دەرێ، دکتۆر کەمال گوتی: (ئەگەر نەیەی و ئەم خەڵکە ئارام نەکەیەوە، لەوانەیە ئاژاوە ساز بێ و وەزع تێك بچێ، خەڵکێکی زۆر کۆبۆتەوە و بازاڕ داخراوە و دژی کاك مەسعود شوعار دەدەن).

چوومەوە ژوورێ و بەمامە غەنیم گوت: وەزعی شار ئاوایە چ بکەین؟

– بچۆ بەخەڵك بڵێ کاك مەسعود میوانی ئێمەیە و بەخێرهاتنی دەکەین، خۆشت هەرچی دەیزانی بیڵێ و بڵاوەیان پێ بکە)، کەچووم عالەمێکی زۆر کۆببۆوە، هێندێ کەس بەنێویان دا دەگەڕان و هانیان دەدان کەبۆ پێش فەرماندار بێن، چوومە سەر بەرزایی رۆخی شەقام و لەپێشدا بەخێرهاتنی خەڵکم کرد، لەبارەی یەکێتی و بارودۆخی کوردستان و سیاسەتی حیزب و دەستی ئاژاوەنانەوەی کاربەدەستانی حکومەت قسەم کرد، پاشان گوتم: ئێمڕۆ ئێمە بۆ یەکێتی خەڵك لەکوردستان هەوڵ دەدەین، ئاغا مەنگورەکانمان هێناوەتەوە ئاشتمان کردوونەتەوە و دەچنەوە سەر مووڵك و مااڵی خۆیان، کاك مەسعود بارزانی لەگەڵمان هاتوە و میوانی ئێمەیە، نامانەوێ هێزێکی ئازادیخوازانەی کوردستانی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد جیا بکرێتەوە، بەناوی حیزبی دیموکرات تکا لەخوشك و برایانی بەڕێز دەکەم کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێنن و بڵاوەی بکەن.

خەڵك بەهاواری بژی حیزبی دیموکرات پێشوازی لەقسەکانم کرد و بڵاوەیان کرد، هاتمەوە فەرمانداری و کاك مەسعودمان بەڕێ کرد گەڕایەوە بۆ شاوانە و من و مامە غەنیش گەڕاینەوە بۆ مەهاباد، رۆژی دوایی بڵاوکراوەیەکی رێکخراوی فیداییانی خەڵك لەگەڵ هێرشێکی توند بۆ سەر قیادەی مۆقەت و بارزانیەکان نوسیبووی: (کەریمی حسامی، مەسعود بارزانی هێناوەتە پیرانشار و گوتوویە میوانی ئێمەیە)!.

چەکدار بوونی زەرزاکان و هەرای شنۆیە

دوای هــەرای مــەنگوڕان و چــەککردنی ئاغاکــان، دەوڵــەت وازی لەسیاســەتی چەکدارکردنی دەرەبەگی کورد و ئاژاوەنانــەوە نــەهێنا، ئــەمجار ئاغاکانی زەرزای چــەکدار کــرد، ســولەیمان خــانی زەرزا ١٢٠ تفــەنگی بڕنــۆی لەژاندارمــەری ورمــێ وەرگرتبوو بەسەر ئاغاکانی زەرزادا دابەشی کردبوو، ئەوانیش هــەر دەست لــەجێ لەسەر رەعیەتەکانیان کردبوو کەدەبێ خەرج و باج و مووڵکانەی دە ساڵەی رابردوو بــدەن، وەرزیرەکــانی مەڵبەنــدی شــنۆ لەهــەموو گوندێکــەوە رووبــان کردبــۆوە تەشکیلاتی حیزب، کۆمیتەی تەشکیلاتی شــنۆ گــورج چــەکداری کۆکردبوونــەوە و شــنۆی گــەمارۆ دابــوو، لەســەر ئاغاکانیــان کردبــوو ئەگــەر ســبەینێ تــا ســەعاتی دوازدەی نیوەڕۆ چــەکەکان نەدرێنــەوە بەتەشکیلات، تــاڵان و کوشــتاری ئاغاکــان دەست پێ دەکەین، لەهەموو مەڵبەندی شــنۆ هــەر کەســێکی چــەکی هــەبوو رووی کردبوە شار و وەزعی شــاری شــنۆ شــڵەژابوو، رۆژی ١٩٧٩/٦/٣٠ ســەعات پێنجــی بەیانی زڕەی تەلیفۆن رای پەڕاندم، مامە غەنی بوو بانگی کرد: (کاك کــەریم هــەر ئێستا بگــە دەفتــەری حیــزب منــیش ئــەوە بــۆ وێ دەچــم، وەزعــی شــنۆ ئــاڵۆزە، ئاغاکانی زەرزا دەورە دراون، سولەیمان خان نیوەشەو دەرپەڕیوە و ئێستا ئــەوە لێرەیە، ئەگەر نەگەیە شنۆ لەوانەیە خوێنێکی زۆر بڕژێ).

هەستام لەپێشدا ریشم تاشی و چوومە دەفتەری حیزب، پێشمەرگەیەکم نارد کــاك حوســێنی بەخشــی و مــەلا ســەید ئەحمــەدی ســەعدەیی بــانگ کــات، کەچــووم ســولەیمان خــانی زەرزا و ئاغایــەکی تــر لەدەفتــەری حیــزب بــوون، مامــە غــەنیش گەیشتێ، سولەیمان خان گوتی: (ئێمە فەقیرین، ئەو ئاغایانــە هیچیان نییــە، ١٢٠ تفەنگم لەژاندارمەری وەرگرتوە کەبەناوی پارێزەری سنور هەر ئاغایەی مانگێ ٥٠٠

تەن وەربگرێ، ئێستا دەوری ماڵەکانمان دراوە، ئەگەر نەگەنێ دەبێتە فەرتەنە و خوێن دەڕژێ، کاك کەریم وەرە چەکەکان وەربگرەوە با ئەم ئاگرە بکوژێتەوە.

بڕیارماندا بچمە شنۆ تفەنگەکان وەرگرمەوە، گوتم: تەلیفۆن بۆ شنۆ بکەن کەوا من کەوتوومەڕێ و دەست رابگرن، حوسێنی بەخشی و سەید ئەحمەدی سەعدەیم هەڵگرت و کەوتینەڕێ، من لەگەڵ سولەیمان خان سواری ماشێنی ئەوان بووم و حوسێنی بەخشی بەماشێنی مەلا سەید ئەحمەد بەدوای ئێمەدا، مارف ئاغا کەماشێنی داڕوا، ئەوەندە بەپەلە بوو نەیدەزانی چۆن داڕوێ، لەنەغەدە تێپەڕین، لەپێچەکانی گوندی ئاغچەزێوە دیتم ماشێن بەرەو کەنداڵی چۆم دەڕوا و لەسەر هەڵدێرگەیە کەبچینە نێو گادەر و تەرت و تووناً بین، دەنگم دا کوڕە هەڵدێراین، کابرا لەتاوان بەخێرایی ١٢٠ کیلۆمیتر بەرەو چیا بای داوە، ئەمجارە پێشی ماشێنی دەکەندالی رۆخی جادە کوتا و ماشێن وەسەر پشت گەڕا و کوژایەوە، مەلا سەید ئەحمەد و حوسێنی بەخشی گەیشتنێ، بەزەحمەت ئێمەیان هێنا دەرێ، من و شوفێر ساخ بووین، بەڵام سولەیمان خان پشتی زەحمەتی دیبوو خۆی رانەدەگرت، ماشێنەکەمان راست کردەوە هەڵنەدەبوو، من و سولەیمان خان سواری ماشێنی مەلا سەید ئەحمەدی بووین و رۆیشتین، حوسێن بەجێ ما کەلەگەڵ مارف ئاغا ماشێنەکەی بگەیێنێتەوە شنۆ، گەیشتینە نێو شار وەزع ئاڵۆز دەهاتە بەرچاو، چەکدار لەهاتوچۆدا بوون، خەڵك لەمزگەوت کۆببۆوە، کاك یوسفی رێزوانی لەنێویان بوو قسەی بۆ دەکردن و گوتبووی چاوەڕوان بین ئێستا کاك کەریم دەگاتێ.

یەکسەر چوومە مزگەوت و لەبڵێندگۆ داوام لەخەڵك کرد ئارام بن، گوتم: هیچ کەس حەقی نییە دەستدرێژی بکا و ئاژاوە بنێتەوە، ئاغاکان چەکەکان دەدەنەوە، ئەم مەسەلەیە دەبێ بەهێمنی چارەسەر بکرێ.

ئەندامێکی کۆمەڵە لام وایە کاك موحسنی کوڕی مامۆستا مەلا سالّحی بوو هاتە پشتی میکرۆفۆن و قسەی سوکی بەئاغاکان گوت، یەك دوو ئاغا هەستان وەڵامیانِ دایەوە و دەهات وەزع بشێوێ، من هەستام گوتم: نابێ لەشنۆیە ئاژاوە و شەڕ ساز بێ، ئێمە رێگا نادەین، سێ چوار چەکداری کۆمەڵە لەمزگەوت بوون، هەستان وەدەرکەوتن، ئێمە لەو باس و قسانەدا بووین خەبەریان هێنا کەپێشەرگە مالّی عیسمەت خانی زەرزایان دەورە داوە و لەوانەیە ببێتە شەڕ، وەدەرکەوتم کەچووم سەید وەفا ناوێك کەخۆی بەکادری حیزبی دەزانی مالّە عیسمەت خانی گەمارۆ دابوو، چوومە ژوورێ دوو تفەنگی لەلابوون لێم وەرگرتەوە و سەید وەفام نارد‌ەوە بۆ رێکخراوە.

ئاغاکانی زەرزا کەکەوتبوونە تەنگانە چووبوونە شاوانە لای کاك مەسعود بارزانی، من لەتەشکیلات بووم نامەیەکی کاك مەسعودم بۆ هات، نووسیبووی: (دوای سلاّو کاك کەریم وادیارە وەزعی شنۆ ئالۆزە، چونکە ئێمە لەم ناوچەیەین، باش نییە وەزع تێك بچێ، لەبەر ئەوە وام پێ باشە جارێ دەست لەئاغاکان مەدەن، پاشان من قسەیان لەگەڵ دەکەم و مەسەلەی تفەنگەکانیش چارەسەر دەکرێ).

من گورج لەوەڵامدا بۆ کاك مەسعودم نووسی: (ئەم مەسەلەیە پێوەندی بەئێمەوە هەیە، دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە ئەو چەکانە وەربگرینەوە، تکایە ئێوە دەست لەکاروباری ئێمە مەدەن با خۆمان ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین).

پاشان چوومە کن سولەیمان خانی پشتی ژانی دەکرد و راکشابوو، سولەیمان خان گوتی: (من ناردوومە هەموو چەکەکان کۆ بکەنەوە و بیان هێننە ئێرە، تکام ئەوەیە هەتا شەو دەست رابگرن، ئێمە ئابڕومان دەچێ و لەنێو خەڵکدا سووك دەبین، شەو ماشێن بنێرە و تفەنگەکان بەرەوە با ئەو هەرایەش بکوژێتەوە).

مـن دەمویسـت بـەهێمنی چـارەی مەسـەلەکە بکـرێ، لەتەشـکیلاتیش بـرادەری وا هەبوون لایەنگری توندوتیژی بوون، بەسولەیمان خـان-م گـوت بنێـرە تفەنگـەکان کۆبکەنەوە شەو دێم دەیانبەمـەوە، لـەماڵی سـولەیمان خـان گەڕامـەوە خەبـەریان هێنا کـەوا عیسـمەت خـان و سمایـل خـانی زەرزا رایـان کـردووە و چـوونە ورمـێ، برادەرانی رێکخراوی شنۆ لایـان وابـوو کـەدرۆ دەکـەن، خـەریکن بـۆ بەربـەرەکانی خۆیان ئامادە بکەن، خەبەرێکی دیمان بۆ هـات کـەگوایا عیسـمەت خـان و سمایـل خان چوونە لای حەمەدەمین چیچۆ کەبەهاواریانەوە بێ، برادەرانی کۆمیتـەی شـار دانیشـتین بڕیارمانـدا چـەکدارەکان کۆبکرێنـەوە و لەدەروبـەری شـار لەشـوێنی پێویست و جێگـای بـەرگری خـۆ قـایم بکـەن و ئامـادە بـن، هێنـدێ پێشـمەرگەش بنێرینە دەرەوەی شار سەر رێگای ورمێ- شنۆ، نامەیەکم بۆ کاك مەسعود بارزانی نووسی و کاك نەبی قادری نامەکەی برد، بۆ کاك مەسـعودم نووسـی کەخەبـەرێکی ئاوامان زانیوە، ئێمە پێشمەرگەمان ئامادەیە و بۆ سـەر رێگاشمـان نـاردووە، پـێم خۆشە تۆش خەبەر بدەی بەحەمەدەمین چیچۆ کەبێر لەهاتنی شنۆ نەکاتەوە.

کاك مەسعود لەوەڵامی نامەی من دا نووسیبووی: (کاك کەریم بۆ ئـەوەی کێشـەکە گەورەتر نەبێ، باشترە مەسەلەکە بەخۆشی چارەسەر بکرێ، ئێمە دەتوانین پـاش چەند رۆژ ئەم چەکانە وەربگرینەوە و هیچ هەراشی لێ ساز نەبێ)، دەقی نامەکانی کاك مەسعود لەگەڵ سەنەد و بەڵگەی دیکـە بەداخـەوە لێـرەدا بەدەسـتەوە نـین و لەوڵات پارێزراون.

لەلایەکی تر لەگەڵ هەرای شنۆ لەجەلدیانیش هـەرا سـاز ببـوو، رەحمـانی کـەریمی دەگەڵ هێندێ پێشمەرگە چووبووە سەر کاك عەولای جەڵدیانێ، هێندێ بـارزانیش لەوێ بوون پارێزەریان لەکاك عەولا دەکرد، کاك عەولای قـادری نامەیـەکی بـۆ مـن

نووسیبوو داوای کردبوو کەکارێکی وا بکەم پێشمەرگە بکشێنەوە و با شەڕ و کێشە ساز نەبێ.

من نامەیەکم بۆ کاك رەحمانی کەریمی نووسی و کاك نەبی قادری نامەی برد و چووە جەڵدیان، بۆم نووسیبوو کەکارێکی وا نەکا لەوێ لەپەنا پادگان شەڕ و کێشە ساز بێ، لەدەوری جەلدیان بکشێتەوە.

شەو لەگەڵ چەند پێشمەرگە چووینە مالّی سولەیمان خانی کەتفەنگەکان وەرگرینەوە، پاش چا خواردنەوە گوتم: کوا تفەنگەکان لەکوێن، با پێشمەرگە بیانبەنە نێو ماشێن، سولەیمان خان گوتی: (هێشتا هەموویان نەهێناونەوە، تۆش وەزعی ئێمە لەبەرچاو بگرە)، لەو قسانەدا بووین عەبدەلموهەیمینی برازای مەلا مستەفا و حەمید ئەفەندی کادری چەکداری بارزانیەکان هاتنە مالّی سولەیمان خانی، لەگەڵ هاتنی ئەوان یەك دوو قولّە ئاغای زەرزا وەدەنگ هاتن و گوتیان: (کاك کەریم ئێمە ئەو تفەنگانەمان بۆ دوژمنایەتی حیزبی دیموکرات وەرنەگرتوە، ئەو هەرایە بەخۆڕایی ساز بووە، ئەگەر لەلای ئێمەش بن هەروا بزانە بەدەست پێشمەرگەی خۆتانەوەن)، گوتم: تازە لەوەی دەرچوە، ئەو تفەنگانە لەحکومەت وەرگیرابوون بۆ دژایەتی خەڵك، من لەبەر خاتری سولەیمان خان هاتم کەبەبێ شەڕ و خوێن رێژی مەسەلەکە تەواو بێت، بێجگە لەوەرگرتنەوەی تفەنگەکان هیچ رێگای دیکە نییە.

حەمید ئەفەندی هەڵی دایە و گوتی: (ئێستا ئەم هەرایە چییە؟ ئەم خەڵکە چی دەوێ؟ وەڵاهی من بم پەنجا کەلاك لەم شارە دەخەم)، بەتوڕەییەکی کەجاروباری بەسەرم دا دێ دەرهەڵ بووم و گوتم: (حەمید ئەفەندی شاش هەر فەرمایشتی وای دەفەرموو، نەك هەر پەنجا کەلاك بەهەزاران کەلاکی خست، ئەمەش چارەنووسیەتی کەرەنگە ئاگادار بی، پاشان بەچ حەقێك تۆ ئیجازە بەخۆت

دەدەی دم لەو کارە وەربدەی، ئەوە مەسەلەی ئێمەیە تۆ حەقت نییە قسەی لێ بکەی)، عەبدولموهەیمین وەدەنگ هات و گوتی: (کاك کەریم تۆ ناڕەحەت مەبە ئەمە ئیشی خۆتانە، ئێمە تەنیا بۆ دیتنی تۆ هاتووین و کارمان بەهیچ نەداوە).

بەسولەیمان خان–م گوت: من پتر دانانیشم، ئەگەر تفەنگەکان حازر نین من دەڕۆم، ئیتر ناشتوانم پێشی خەڵك بگرم کەبڕیاریان داوە ئەو تفەنگانە بستێننەوە، سولەیمان خان گوتی: (پێی ناوێ بێنن ئەو تفەنگانە بدەنەوە)، تفەنگەکانیان لەژوورێکی دیکە هێنانە دەر و خستیانە نێو ماشێن و لەتەشکیلات، تەحویلی کاك مرادی قادریم دان.

بەیانی دەوری سەعات هەشت لەتەلیفۆنخانە خەبەریان هێنا کەوا چەند تانك و چەند ئوتوبوسی پڕ لەپاسداری نەغەدە خەریکن بەرەو شنۆ بکەونەڕێ، تاوێك پێ چوو دیسان لەتەلیفۆنخانە هاتن گوتیان: لەورمێ وە بەپادگانی جەلدیان گوترا کەچەند تانك و پاسدار بۆ شنۆیە بنێرێ و لەگەڵ تانکی نەغەدەی یەکتر بگرنەوە، هاتمە ڕێکخراوی حیزب لەگەڵ کاك مرادی قادری کەبەرپرسی نیزامی بوو، وەبرادەرانی تر بڕیارماندا بۆ ئەوەی شار ئالۆزی نەکەوێتە نێو، پێشمەرگە لەشار بچنە دەر و لەدەروبەری شار لەشوێنی پێویست ئامادە بن، ناردم شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ مارفی کەبەخشداری شنۆیە بوو هاتە تەشکیلات، پێم گوت: (خەبەرێکی ئاوامان پێ گەیشتوە، با پێکەوە بچینە نەغەدە بەڵکو فەرماندەی ژاندارمەری رازی بکەین کەتانك و پاسدار بۆ شنۆیە نەنێرێ)، شێخ عەبدولڕەحمان پێشنیاری کرد و گوتی: (بۆچی لەگەڵ ئوستاندار قسە ناکەی؟ ئەویش تێ بگەیەنە کەوەزعی شنۆ ئارامە و با ئەو دەستور بدا تانك و موجاهید نەیەن بۆ شنۆیە)، چوومە تەلیفۆنخانە و لەگەڵ ئوستانداری ورمێ پێوەندیم گیرا و پێم گوت: (وەزعی شنۆیە ئارامە، بیستومانە لەنەغەدە و لەجەڵدیانەوە تانك و

پاسدار دەنێرن بۆ شنۆیە، کارێکی چەوتە شەڕی لێ پەیدا دەبێ، ئێمە نامانەوێ لەشنۆیە شەڕ ساز بێ).

ئوستاندار گوتی: (من ئاگام لەشتی وا نییە، هەر ئێستا بەفەرماندەی ژاندارمەری دەڵێم تانك و پاسدار بۆ شنۆیە نەنێرێ، تۆ خۆشت بچۆ نەغەدە و لەگەڵ فەرماندەی ژاندارمەری قسە بکە، من دژی ساز بوونی شەڕ و کێشەم) هەرچەندی لەتەلیفۆنخانە هەوڵمان دا نەمانتوانی بەتەلیفۆن لەگەڵ نەغەدە پێوەند بگرین، ناچار بڕیارم دا خۆم بچمە نەغەدە، لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمانی دوو بەدوو سواری جیپی تازە و جوانی ئەو بووین و کەوتینەڕێ، لەزینوێ پیرناسری بەدیوی گوندی قەڵاتاندا تووشی دوو تانك و چوار ئوتوبوسی پڕ لەلات و سەرسەری چەکداری قەرەپەپاخی نەغەدە بووین کەبەرەو شنۆ دەهاتن، دوای شەڕی نەغەدە هەرچی رەش و روت و دز و سەرسەری عەجەمی نەغەدە بوو بەناوی موجاهید چەکیان لەژاندارمەری وەرگرتبوو، هێزی غەیرە نیزامی بوون.

لەپێش تانکەکان ماشێنمان راگرت و هاتمە خوار و دەستم بەرز کردەوە، فەرماندەی تانك هاتە خوارێ تۆقەمان کرد و خۆم پێ ناساند، پێم گوت: ئێستا لەگەڵ ئوستاندار قسەم کردوە، وەزعی شنۆ ئارامە هیچ پێویست نییە تانك و چەکدار بچنە وێ، تکا دەکەم بگەڕێوە با شەڕ ساز نەبێ، منیش ئەوە دەچمە نەغەدە لەگەڵ فەرماندەی ژاندارمەری قسە بکەم.

کابرای ئەفسەر لەوەڵامدا گوتی: (خۆت دەزانی ئێمە مەعمورین، منیش وەك تۆ دژی شەڕم، بەڵام ئەمرم پێ کراوە، تۆ مەچۆ نەغەدە، چونکە فەرماندەی ژاندارمەری ئەم مەڵبەندە لەجەڵدیانە، لەوێوە بەنەغەدە گوتراوە کەتانك بۆ شنۆ بنێرێ، بڕیاریش وایە فەرماندەری ژاندارمەری خۆشی لەگەڵ تانك و موجاهید لەجەڵدیانەوە بێت بۆ شنۆ لەوێ ئێمە یەکتر بگرینەوە، لەئیستلاحی نیزامیدا ئەمە

پێی ئێژن (گازنەنبوری) باشترە بچیە جەڵدیان و فەرماندەی ژاندارمەری لەم هەنگاوە پەشیمان کەیەوە، من قەولت پێ دەدەم لەگوندی (گوندە وێلە) هەورازتر ناچم، لەسەر ئاوی گوندە وێلە دەوەستین تا ئەمری دیکەی فەرماندەم پێ دەگات).

سوپاسی کابرام کرد، لەپڕ دیتم کاك سولەیمانی قادری کوڕی کاك حەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) پەیدا بوو، کاك سولەیمان بەیانی لەشاری شنۆ دەچێتە تەشیکلاتی حیزب، لەوێ پێی دەڵێن کەفلان کەس چۆتە نەغەدە، ئێتر سواری ماشێن دەبێ و بەدوای منـدا بـەرەو نەغـەدە، ئێمـە لـەم بـاس و خواسـەدا بووین گەیشتێ، نامەیەکم هەر لەوێ بۆ فەرماندەی ژاندارمـەری نەغـەدە نووسـی و داوام لێ کرد کەتا لەجەڵدیانەوە خەبەرت پـێ دەگـات بـا تانـك و موجاهیـد نەچـنە شنۆ، وەزعی شنۆ ئارامە با شەڕ ساز نەبێ، نامەکـەم دا بـەکاك سـولەیمان کـەبیبا بۆ نەغەدە، مـن لەگـەڵ شـێخ عەبـدولڕەحمان بامـان داوە بـەکوێرە رێـی حەسـەن نوران و دێشەمس و قەرە سەقەڵ و سەلگیز و دنخە و سەردەرێدا رێگامـان بـڕی و چـووینە نـەلۆس، لەنـەلۆس ئەنـدامانی شـورای گونـدی و رێکخـراوی نەلۆسـم کۆکردەوە، وەزعەکـەم تـێ گەیاندن گـوتم: تـەواوی خـەڵکی گونـدی ژن و پیـاو و گـەورە و بچـوك پێویسـتە بچـنە سـەر جـادەی شـنۆ– جەڵـدیان و لەسـەر رێگـا دابنیشن، پێشی ئەو تانکانە بکرن کەقەرارە بـێن بـۆ شـنۆ، هەرچـی پێشـمەرگە و خـەڵکی چـەکداریش هەیـە لەنـەدیو لەشـوێنی قـایم خـۆ مـات کـەن و ئامـادە بـن، رۆیشتین بۆ چەپەراوێ، لەگوندی چەپەراوێ شورای گوندی و برادەرانی رێکخراو و خەڵك کۆبوونەوە پێم گوتن کەورد و درشتی گوندی بچنە سـەر جـادە و دانیشـن و رێگا بەر مەدەن، من کەقسەم بۆ خەڵك دەکرد پیرێژن و پیرەپیاو و هێندێ گـەورە کچـیش کەتمـەس دەروێـش بـوون و چـووبوونە مـاڵی شـێخ مـارفی، دەوری شـێخ

عەبدولڕەحمان یان دابوو، دەست و باسکیان ماچ دەکرد و بەقوربانی دەبوون، شێخ عەبدولڕەحمان لاوی جوان چاك بەحاڵ لەدەست ژنان نەجاتی دەبوو، ناچار کەوتینەڕێ و لەگوندی سۆفیان لەپێش ڕێکخراوی حیزب راوەستاین، سۆفیان شارەدێیە و ٢٠٠ ماڵ زیاترە، لەگەڵ ئەندامانی شورای گوند و ڕێکخراوی حیزبی مەسەلەکەم هێنا گۆڕێ و گوتم: لەوانەیە ئێستا تانك بەرەو شنۆ بێن، پێویستە هیچ کەس لەنێو گوندی نەمێنێ و لەسەر ڕێگا دابنیشن.

کاتێك گەیشتینە پادگانی جەڵدیان دوو تانگ لەپادگان هاتبوونە دەر و ئامادەی حەرەکەت بوون، چوار ئوتوبوسیش پڕ کرابوون لەلات و سەرسەری عەجەمی سندوس، ئامادە راوەستا بوون، لەپێش پادگان دابەزیم و پرسیاری فەرماندەم کرد، بەتەلیفۆن پێیان گوت کەریمی حیسامی هاتوە، گوتبووی با بێتە لام، شێخ عبدالرحمان نەهات و لەماشێنەکەش نەهاتە خوارێ، کەچوومە نێو پادگان و دەفتەری فەرماندە، سەرگورد شەهبازی فەرماندەی پادگان وەك سەگ بەگژم داهات: (ئەو هەرایە چییە؟ بۆ ئاگرتان کردۆتەوە، ئەم لەشکرەتان بۆ لەشنۆیە کۆکردۆتەوە، خەبەرم هەیە کەشەش هەزار چەکداری حیزبی دیموکرات شاری شنۆیان گەمارۆداوە و دەیانەوێ ئاغاکانی زەرزا کەچەکیان لەژاندارمەری وەرگرتوە قەتڵو عام بکەن).

گوتم: ئێوە هەراتان ناوەتەوە، دەتانەوێ شەڕ ساز کەن، ئێوە ئاغاکانتان چەکدار کردووە تا سیستەمی ئەرباب ڕەعیەتی زیندوو کەنەوە، شنۆ گەمارۆ نەدراوە، لەشکری حیزبیش لەوێ نییە، ئێمە تفەنگەکانمان وەرگرتۆتەوە، ئێستا لەدەفتەری ڕێکخراوی حیزب دانراون، فەرموو لەگەڵ من وەرە شنۆ تا بزانی خەبەڕێکی بۆ تۆ هاتووە درۆیە.

– من دێم بۆ شنۆ، بەڵام بەتانك و بەچەکدارەوە دێم، تانکەکانیش ئامادەن.

– پێویست نییە تانک و چەکدار لەگەڵ خۆت بێنی، با کێشە ساز نەبێ، فایدەی نەبوو، تا ئێمە هاتینەدەر تانک و ئوتوبوس کەوتبوونەڕێ، سەرگورد سواری ماشێنێکی رەنجوێر بوو منیش چوومەوە خزمەت شێخی و سوار بووین کەوتینەڕێ، تانکەکان لەپێشەوە تەپ و تۆزێکیان ساز کردبوو نەدەکرا وەپێشیان کەوینەوە یا نێزیک لێیان باڕووین، زۆر لەدوایە بەجێ مابووین، کاتێک ئێمە گەیشتینە سۆفیان تانکەکان راوەستابوون، پتر لەهەزار کەس ژن و مێر و گەورە و بچووک لەسەر جادە دانیشتبوون، ژنێک و پیاوێک هەریەکەی منداڵێکیان لەسەر دەستی بەلووتی تانکەکانەوە نابوو، تانک راوەستابوون، سەرگورد دابەزی و چووە پێشێ، خەڵک کردی بەهەرا گورج گەڕایەوە و هاتە لای ئێمە گوتی: (ئاغای حسامی پیادە بە بزانە ئەم خەڵکە بۆ لێرە کۆبۆتەوە؟).

گوتم: دابەزم بڵێم چی؟ من پێم گوتی با ئەو تانک و چەکدارە نەیەن، هەتا تانک و چەکدار نەگەڕێنەوە من دانابەزم، خۆت چۆن عیلاجی دەکەی بیکە.

سەرگورد دەنگی تانک و ژاندارم و عەجەمی سندووسی دا وەگەڕێن بۆ پادگان، ئوتوبوس و تانک گەڕانەوە، سوار بوو کەبکەوێتە ڕێ، بەرەو شنۆ، خەڵک پێشی ماشێنەکەیان گرت و گوتیان: (تا کاک کەریمی حسامی نەیە ناهێڵین تێپەڕی)، سەرگورد هاتەوە لامان، ئێمە لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان کشابووینەوە و دوورتر وەستابووین، هات گوتی: (پیادە بەوەرە بزانە ئەم خەڵکە چی گەرەکە، ناهێڵن بەتەنیاش بچم بۆ شنۆ، ڕۆژ درەنگە من ئەشێ بگەڕێمەوە).

من دابەزیم و شێخ دیسان نەهاتە خوارێ، چوومە نێو خەڵک و لێم کۆبوونەوە، لەخۆشیان کوڵی گریانم دە ئەوکێ ما و هەرچی کردم قسەم بۆ نەکرا و زمانم نەگەڕا قەڵەمێکم شێواو هەستێکی هونەرمەندانەی شارەزای دەوێ کەئەم دیمەنە بێنێتە سەر کاغەز و بینەخشێنێ، خەڵک چاوی دەزاری من بڕیبوو، منیش

لەخۆشی فیداکاری ئەم خەڵکە کوڵی گریانم دەئەوکێ مابوو زمانم نەدەگەڕا، بەزەحمەت توانیم ئەوەندە بڵێم: (سوپاستان دەکەم، ئەو فیداکاریەی ئێوە بێگومان لەمێژووی خەباتی میللەتی کورددا تۆمار دەکرێ، من بێجگە لەوە کەلەکانگای دڵەوە سوپاستان دەکەم ئێستا هیچی دیکەم پێ ناگوترێ، تکایە رێگا بدەن با برۆین)، دەهات کەبکەوینەڕێ، یەکێك لەپەنجەرەی دەفتەری حیزبەوە کەلەسەر رێگا بوو هاواری کرد: (کاك کەریم من گیراوم)، سەیرم کرد کاك سولەیمانی قادریە کەنامەم پێدا ناردبوو بۆ نەغەدە، کاك سولەیمان نامەی بردبوو دابووی بەفەرماندەی ژاندارمەری نەغەدە و گەڕابۆوە بەدوای منداکەبێتە پادگانی جەڵدیان، رێکخراوی حیزب لەسۆفیان بەهەڵە وادەزانێ، کەئەوە خەبەری شنۆیە بۆ جەڵدیان دەبا، هەرچەند دەیناسن و لەم گوندە مامۆستا بووە، بەڵام چونکە خزمی کاك عەولای جەڵدیانێ بوو دەیگرن، کاك سولەیمانم هێنادەر و بەرەو شنۆ کەوتینەڕێ.

گەیشتینە راست گوندی چەپەراوێ، خەڵك لەسەر رێگا دانیشتبوون، دابەزیم سوپاسم کردن و گوتم: تانگ و موجاهید گەڕاونەوە لەراست گوندی نەڵوس پتر لەهەزار کەس و ژن و منداڵ و پیر و لاو لەسەر جادە کۆببوونەوە، سەرگوردی ژاندارمەری حەپەسا بوو، دابەزیم سوپاسی خەڵکم کرد و چووینە شار و راست چووینە مزگەوتی جامیعە، بەبڵێندگۆ داوا لەخەڵك کرا لەمزگەوت کۆوە بن، سەرگورد داوای کرد کەتفەنگەکان بدەینەوە بەخۆی، گوتم: دەبێ لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی قسە بکەم، تەلیفۆنم کرد بۆ مەهاباد مامە غەنی گوتی: (لەکۆمیتەی ناوەندی باسمان کردووە، هاتووینە سەر ئەو بڕیارە کەتفەنگەکان بدەینەوە بەحکومەت و کێشەکە هێدی بێتەوە)، سەرگورد لەمزگەوتێ هەستا و قسەی کرد، پاشان من لەسەر سیاسەتی شەڕخوازانەی حکومەت و گێرەشێوێنی حەسەنی

ئیمام جومعەی ورمێ و کردەوەی دزێوی ژاندارمەری بەدرێژی قسەم کرد، شایانی سەرنج بوو ئەوکاتەی ئێمە لەمزگەوت بووین کاك مەسعود بارزانی هاتبووە شنۆ و لەبەخشداری دابەزیبوو، بەکاك یوسفی رێزوانیم گوت: چەکەکان تەحویلی پیاوی سەرگورد بداتەوە و رەسیدیان لێ وەرگرێ، هەرای شنۆیە بەم چەشنە کۆتایی پێ هات، بەڵام هاتووچۆی بارزانیەکان بەچەکەوە بۆ نێو شار خەڵکی بێزار کردبوو، کۆمەڵێك خەڵك هاتنە رێکخراوی حیزب و سکاڵایان بوو، نامەیەکم بۆ کاك مەسعود نووسی و داوام لێ کرد کەبارزانی با دەست لەکاروباری شنۆ وەرنەدەن، بەڵام رووداوەکانی دوایی دەریان خست کەنەك هەر دەست تێوەردان، بەڵکو لەجیاتی ژاندارمە لەشنۆیە خەڵکیشیان کوشت.

وەزعی شنۆ ئارام بۆوە بەڵام رۆژنامەکانی تاران رۆژ بەرۆژ وتاری ئاژاوەچیانیان دەنووسی و خەبەری درۆیان بڵاو دەکردەوە، چەند رۆژ دوای هەرای شنۆ رۆژنامەکانی تاران نووسیبوویان: لەشنۆ ئاڵای حکومەتیان هێناوەتە خوارێ و ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە، دوو هەڤاڵدەری گۆڤاری تاران مصور بەپەلە خۆیان گەیاندە مەهاباد و داوایان لەدەفتەری حیزب کرد کەبیان نێرن بۆ شنۆ تا بزانن ئاڵای حکومەتی ئیسلامی لەوێ ماوە یان نە؟

لەگوندی حەسەن نوران یەکێتی جوتیارانی شنۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی ساز کردبوو داوایان کردبوو کەبچم بەشداری بکەم، هەڤاڵدەرەکانی تاران مصوریشم سوار کرد و چووینە حەسەن نوران، وێنەیەکی زۆریان لەکۆبوونەوەی جوتیاران هەڵگرت و لەگەڵ چەند کەس وتوویژیان کرد و چووینە شنۆیە، دیتیان ئاڵای ئێران لەسەر تێلگرافخانە و ئیدارەی بەخشداری دەلەرێتەوە، رەسمیان هەڵگرت و گەڕاینەوە بۆ مەهاباد، لەتاران بەدرێژی چەند وتاریان بڵاو کردبۆوە و رۆژنامەکانیان وەدرۆ خستبۆوە.

دوای ئارام بوونەوەی شنۆ، رۆژی ١٣/٧/١٩٧٩ بۆ ئەوەی لەدەرەوەی حیزبی دیموکراتیش تێکۆشانی سیاسی بۆ هێدی کردنەوەی وەزع و هێمنایەتی دەست پێکرابێ، ٦٣ کەسمان لەخەڵکی شنۆ و پیرانشار و سندوس و لاجان و شاروێران کۆکردەوە و ناردمانن بۆ تاران کەئەگەر بتوانن بچنە کن خومەینی و دەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش قسە بکەن، من قادری خالیدیم وەک چاوساخ و قسەکەر پێ ناساندن و لەبەر دەرکی بارەگای حیزب بەڕێمان کردن.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەیاندەویست و نەیاندەهێشت کوردستان ئارام بێتەوە و گەلی کورد بێ شەڕ و کێشە ژیان و خەباتی سیاسی خۆی درێژە پێ بدا.

١٢/٧/١٩٧٩ شەڕی پاوە و مەریوانیان ساز کرد، خەبەرمان بۆ هات کەپێشمەرگەکانی قیادە مۆقەت بەسەرۆکایەتی نالە هەورامی رێگای مەریوانیان گرتووە و ناهێڵن یارمەتی کوردەکان بگاتە پاوە و مەریوان، دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کەبچمە کن کاک مەسعود بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵیان باس بکەم کەئەوە کارێکی دۆستانە نییە و لەگەڵ قەول و قەراری دۆستایەتی رێک ناکەوێ و دەبێ پێشی ئەم کارە بگیرێ، کاک مەسعود لەشنۆیە نەمابوو، ناچار چوومە پیرانشار، ئەودەم هێزێکی بارزانیەکان لەبەری مێرگان لەنێزیک گوندی کەوپەڕ لەدۆڵی ئاوخواردە لەخێوەتان دا بوون و کاک سامی بەرپرسیان بوو، دیارە پتر بۆ پێشگری لەهاتنی هێزی یەکێتی نیشتمانی بۆ لای شنۆ و ناوچەی پیرانان چووبوونە وێندەرێ، لەپیرانشار فەتاحی خولەس بەرپرسی رێکخراوی حیزبی دیموکراتیشم هەڵگرت و چووینە دۆڵی ئاوخواردە، کاک سامیم دیتەوە، لەبن خیوەت و لەگەڵ شوتی خواردن باسی بارودۆخی وڵاتمان کرد و گلەییم لێ کرد، کاک سامی گوتی: (ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە، لەبەرامبەر حیزبی دیموکراتدا ئێمە

لایەنی حکومەتی ئێران ناگرین، بەیانی من نامە و زەلامێکی خۆمان دەنێرم، بەس پێویستە ئێوە ئەم زەلامەی ئێمە بگەیەننە کن نالە هەورامی).

هەڵوێستەکەم زۆر بەدڵ بوو، گوتم: چاوەڕوان دەبم، هەر بگاتە مەهاباد بەڕێی دەکەین، من هەر ئەو رۆژە گەڕامەوە بۆ مەهاباد و چاوەڕوانی زەلام و نامەی کاك سامی بووم بەڵام ئێستاش نە نامە هات و نە زەلام و نە سیاسەتیشیان گۆڕا، ئێمە کۆپیەی تێلگرافێکی رەسمی فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێرانمان کەوتە دەست کەدەنووسێ: (ئەو چەکدارانەی بەسەرۆکایەتی نالە هەورامی لەشاری پاوە یارمەتی ژاندارمەیان داوە هەریەکەی ٥٠٠ تمەن پاداشیان بدرێتێ، ئەم بەڵگەیە لەلای من لەوڵات پارێزراوە.

دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کەمەلا رەسوڵی پێشنماز بەسەرۆکایەتی پۆلێکی پێشمەرگە بچێ بۆ پاوە و مەریوان، کاتێك مەلا رەسوڵ دەگاتێ و دەزانێ کەوا پێشمەرگەی قیادە مۆقەت رێگایان گرتووە، لەبەر ئەوەی نایەوێ شەڕی کورد بکا، دەگەڕێتەوە. لەگەڕانەوەدا لەگەڵ جاشان تووشی شەڕێکی لابەلا دەبێ و بەداخەوە عەلی برای شەهید دەکرێ و مەیتەکەشی دەکەوێتە دەست پاسداران.

نامەوێ باسی ئەوە بکەم کەلەرێگای ئوستاندار و فەرماندار و تەلیفۆن بۆ ئەملا و ئەولا بۆ ئوستانداری زەنگان و هی تر چەندە هەوڵمدا تا مەیتەکەمان ئەستاندەوە و هێنایانەوە مەهاباد، لەدەروازەی شارەوە تا سەر قەبران خەڵك لەپێشوازی ئەو مەیتەدا بوون و بەراستی تازیەدار بوون، لەسەر قەبران شین و گریانی ژنان عاسمانیشی وەگریان خستبوو، وەك بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر قەبران لەوتاری خۆمدا گوتم: (ژنی کورد هەق نییە رەشپۆش بێ و بۆ شەهیدان شین بگێڕێ، چونکە شەڕێکی ئەم حکومەتە بەسەر

ئێمەی دا سەپاندووە، هەموو رۆژێ شەهیدمان بۆ دێتەوە و دەبێ هەر لەسەر قەبران بین، تازە شیوەن و شین گێڕان بۆ کورد نابێ).

شەڕی ناوچەی ورمێ

١٩٧٩/٧/١٨ ژاندارمەری ورمێ کەبەراستی بۆ شەڕ هەڵگیرساندن ئاژاوەی دەناوە بەنیازی گۆیا پاکسازی بەرەو ناوچەی برادۆست و سێرۆ سەر سنوری تورکیە وەرێ دەکەوێ، تاهیر خان و جانگیرئاغای دەری لەگوندی حەسار لەنازلو پێشی پاسداران دەگرن، شەڕێکی توند دەقەومێ، پاسدار و ژاندارمەیەکی زۆر دەکوژرێن، کوردەکان داوایان لەحیزبی دیموکرات کرد کەیارمەتیان بۆ بنێرێ، کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکۆڵینەوە بڕیاریدا کەبچم بۆ ورمێ و لەگەڵ ئوستاندار قسە بکەم، پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو کەشەڕ بوەستێ و لەشکر و پاسدار بگەڕێنەوە بۆ نێو شار، ئێمەش داوا لەکوردەکان بکەین بکشێنەوە، رۆژی ٧٩/٧/١٩ چوومە ورمێ، پاش وتوێژ لەگەڵ ئوستاندار بەڵێنی دا کەبەتەلیفۆن بەفەرماندەی لەشکر بڵێ شەڕ رابگرێ، پاشان لەسەر کشانەوەی هەر تک لا قسە بکەین، لەئوستانداری دەهاتمە دەر کوڕی حەمەدەمین چیچۆ دەهات بۆ ئوستانداری، گوتی: باوکم دەچوو بۆ سێرۆ، ژاندارمە گرتوویانە، ئەگەر بەئوستاندار نەڵێی تازە بەری نادەن، گەڕامەوە بۆ کن ئوستاندار و پێم گوت: (ئێمە لەلایەک دەمانەوێ وەزع هێدی بێتەوە، ژاندارمەش پتر ئاگری شەڕ خۆش دەکا، ئێستا حەمەدەمین چیچۆیان گرتوە و تکایە خەبەر بدە بەری بدەن)، گوتی: (هەر ئێستا تەلیفۆن دەکەم کەئازادی بکەن)، بەڵام هەرچی گوتی درۆ بوو، شەڕ شەش رۆژی خایاند، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لەو شەڕەدا چاوەڕوان مایەوە و هیچ هەنگاوی ناویشت، ئیتر من ئاگام لێ بڕا کەچۆن ئەو شەڕە کۆتایی هات، بەڵام درەنگتر کەچاوم بەجانگیرئاغای دەری کەوت باسی ئەو شەڕەی بۆ گێڕامەوە کەیادداشتم

کردووە، جانگیرئاغا گوتی: (کوردەکان شاری ورمێیان خستبوە مەترسیەوە، من بەنێو بەگزادەکانی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕدا دەگەڕام کەهانیان بدەم ئەوانیش لەلای (بەند)یەوە شار پەلامار بدەن، حکومەت فشاری بۆ هاتبوو، وای لێهات کەچەمران و فەلاحی فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێرانیان ناردە ورمێ، حکومەت هەر بەوەش وازی نەهێنا، دەستەو داوێنی ئیدریس و مەسعود بارزانی بوو، ئەوان هاتنە مەرگەوەڕ و بەگزادەکانیان پەشیمان کردەوە کەلەشەڕدا بەشداری بکەن، پاش ئەوەی کەحیزبی دیموکرات یارمەتی پێ نەکردین لەکۆبوونەوەیەکدا کەئیدریسیش بەشداری کرد بڕیارماندا شەڕ رابگرین، بەو شەرتەی ئەرتەش یا ژاندارمە بچێتە سێرۆ و ئێمەش چەکدار بمێنینەوە، دیارە ئیدریس و مەسعود لەم شەڕ راگرتنەدا بەقازانجی حکومەتی ئیسلامی دەورێکی گرنگیان هەبوو).

رۆژی ١٩٧٩/٧/١٩ سەرهەنگ زەهیرنیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ لەتەلەفیزیۆنی سەرانسەری ئێران ریزە وتارێکی پڕ لەدرۆ و بوختان و شەڵاتانی دژی حیزبی دیموکرات بڵاو کردەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی وتاری زەهیرنیژاد ئێمە ناچار بووین رۆژی ١٩٧٩/٧/٢٢ لەهەموو شارەکانی کوردستان دژی قسەکانی زەهیرنیژاد و تەلەفیزیۆنی تاران خۆپیشاندان ساز بکەین، من وتارێکی دوور و درێژم لەم بارەوە بۆ رۆژنامەی ئایندەگان نووسی کەبڵاوی کردبۆوە.

رۆژی ١٩٧٩/٧/٢٣ شورای شاری مەهاباد بەسەرۆکایەتی مامۆستا مەلا رەحیمی عەباسی سەفەری تارانی کرد کەبەڵکو چاوی بەرێبەرانی کۆماری ئیسلامی بکەوێ و لەبارەی هێمنایەتی وڵات وتوێژ بکا، رۆژی ١٩٧٩/٧/٢٤ ئەرتەش بەیاننامەیەکی هەڕەشە و راسانی بڵاوکردەوە کەبەتەواوی بۆنی شەڕی لێ دەهات، لەوکاتەدا هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان لەسەرانسەری ئێران لەکایەدا بوو، رۆژی

١٩٧٩/٨/٤ نەتیجەی هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان بڵاو کرایەوە، دکتۆر قاسملۆ لەئازەربایجانی رۆژئاوا بە ١١٥٣٠ دەنگ بەنوێنەری مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر چوون و نەچوونی دکتۆر قاسملۆ بۆ تاران و بەشداربوونی لەیەك دوو دانیشتندا باسی کرد، لەئەنجامدا گەیشتە ئەو بڕیارە کەدکتۆر بچێتە تاران و بەشداری بکا، لەبارەی هێندێ پاراستن و ئاگاداری دا تەگبیر کرا، دکتۆر قاسملۆ لەم کاتە ئالۆزەدا ئامادەیی خۆی بۆ چوونی تاران راگەیاند، دوو رۆژ پێش ئەوەی کەدکتۆر سەفەر بکا، خومەینی لەکۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگاندا پرسی: (کوا قاسملۆ لێرەیە؟... خۆزیا لێرە بایە نەمدەهێشت بگەڕێتەوە)، ئیتر بەم قسانە و لەم بارودۆخەدا چوونی دکتۆر بۆ تاران هەڵەیەکی روون و ئاشکرا بوو.

رۆژی ١٩٧٩/٨/٦ کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی دوور و درێژی سەبارەت بەپیلانی لەشکر و شەڕ هەڵایسێنەری کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ خومەینی نووسی، بەڵام حکومەتی ئێران، بەتایبەت خومەینی دیار بوو بڕیاری شەڕیان داوە و نامە و پاڕانەوەش کاری تێ نەدەکردن.

جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ سالۆڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات

تەشکیلاتی مەهاباد بڕیاریدا کەپاش ٣٣ ساڵ بەئاشکرا و بەئازادی یادی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات بکاتەوە و ئاهەنگ بگێڕێ، کۆمیتەیەکی ئامادەییمان بۆ پێکهێنانی ئاهەنگ دیاریکرد، رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لەپێش خانەی جەوانان ئاهەنگی لەدایکبوونی حیزب دەست پێکرا، کۆڕی لاوان بەسرودی ئەی رەقیب ئاهەنگی کردەوە، مامە غەنی وتاری کۆمیتەی ناوەندی خوێندەوە، وتار و شیعر و گۆرانی سابلاغی هێنابوە جۆش، چەند هەڤاڵدەری بێگانە لەوێ بوون و

ڕەسمیان هەڵدەگرت، هەر چەند بڵێی ئاهەنگێکی ڕێك و پێك بەڕێوەچوو، لەبیرم ناچێ دکتۆر ڕەحیمی قازی هاتە لام و گوتی: (کاك کەریم بەدڵ پیرۆزبایت لێ دەکەم، مەگەر لەوڵاتانی سۆسیالیستی دەنا لەهیچ کوێ مەراسیمی ئاوا بەڕێوە ناچێ)، ئێمە لەمەهاباد جێژنی دامەزراندنی حیزبمان دەگرت و هەوڵمان دەدا لەڕێگای ئاشتی و هێمنانەوە مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەین، بەڵام ڕژێمی خومەینی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هێرشی دەهێنا و شەڕی پێ دەفرۆشتین، هەتا ڕۆژی ۱۹۷۹/۸/۱۹ خومەینی دژی میللەتی کورد فتوای خەزای دا و حیزبی دیموکراتی بەحیزبی شەیتان ناوبرد، بەدوای فتوای خومەینی دا ۷۹/۸/۲۳ پەلاماری ئەرتەش بۆ سەقز دەست پێکرا، کۆمیتەی ناوەندی کەریم حەدادی لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە بۆ سەقز نارد، بەڵام بێ ئەوەی بگاتە شەڕ و بەربەرەکانی گەڕایەوە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی تازە ڕۆژی ۷۹/۸/۲۳ کۆبوونەوەیەکی پێك هێنا، مەلا محەمەدی جوانڕۆیی وەك بەرپرسی نیزامی ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی لەبارەی بارودۆخی هێزەکانمان و چەك و ئیمکانی بەرگری و بەربەرەکانی پێشکێش کرد، پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە ئەو بڕیارەی کەلەشار بچێتە دەر و چاپخانە و کتێبخانە و بەڵگە و کەلوپەلی پێویست ڕابگوێزرێن، مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بەرنامەی دامەزراندنی جەبهە و دابینکردنی چەك و قۆرخانە و دابەشکردنی پێشمەرگە لەشوێنی پێویست دەست پێ بکا.

من پێشنیارم کرد، کەتەشکیلاتی مەهاباد نابێ شار چۆڵ بکا من لەشار دەمێنمەوە، ئەگەر هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بچنە دەرێ، هەم وەی خەڵك کز دەبێ و هەم ئابڕوومان دەچێ، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیاری

منیان پەسند کرد و بەرپرسایەتی سیاسی هێزی پێشمەرگەیان پێ ئەسپاردم، وامان دانا برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەماوەی چەند رۆژدا یەك یەك و دوو دوو لەشار وەدەرکەون، بەڵام دیاریمان نەکرد بۆ کوێ بچن و لەکوێ کۆببنەوە، دەستکرا بەڕاگواستنی چاپخانە و کتێبخانە و سەنەد و بەڵگەی حیزبی، ئەوەندە بەشپرزەیی و نالەباری راگوێزرابوون کەکتێبخانەی حیزب دنیایەك کتێبی بەنرخ و نایابی تێدا کۆ کرابۆوە بێ سەر و شوێن چوو، تەنانەت سالّی ٨٤یش نەدۆزرابۆوە، چونکە تەنیا مەلا عوسمانی میراوەیی (جەلالی رەحمەتی) رای گواستبوون و کەسی تر نەیدەزانی بۆ کوێ ناردراون، جەلالیش شەهید بوو، کتێبخانەش بەنان و ئاودا چوو.

مەسەلەی چەك و کەلوپەلی نیزامی و ئازوخەی سەربازخانەش هەر بەم دەردە چوو، رۆژانە چەند ماشێن کەلوپەلی نیزامی ئازوخە بۆ دەرەوەی شار دەناردرا، بەڵام هەر ئەوەندە بوو لەشار وەدەردەکەوت ئیتر جێگای پاراستن و راگرتنی دیار نەبوو، نمونەیەکی داخدار دەگێڕمەوە کەلەگەڵ خۆم سەروکاری هەبوو، سەرگورد عەباسی رەحمەتی کابرایەکی عێراقی بەناوی نەقیب محەمەد هێنابوو لەسەر تانك کاری دەکرد، گوێا ئەفسەری ئەرتەشی عێراق بووە و پێشتر هاتۆتە ئێران و بۆتە پەنابەر، رۆژێك لەجەبهەی کۆسەکەرێز لەگەڵ تانکی حکومەت تووشی شەڕ دەبێ و لەپڕ گوللە تۆپی تانکی لێ دەبڕێ، کابرا گەڕاوە نێو شار توڕە و هەراسان داوای گوللە تۆپی کرد، مەلا محەمەد گوتی: (من هیچ ئاگام لێ نییە، سەید رەسو رایگوێزتوون)، سەید رەسو لەدەست دا نەبوو، دەی چ بکەین چار چییە؟ بەپەلە ماشێنێکم نارد بۆ گوندی سەیدئاوا لای سەید تەهای بۆ سەید رەسو، بەڵکو جێگای گوللە تۆپان بزانێ، ماشێن گەڕایەوە بێ گوللە تۆپ و بێ نەتیجە، لەپڕ خوداو راستان سۆفیەکی پێشمەرگەی ریش درێژ، کەوا رەسمی لەنێو

پێشمەرگەکاندا دیارە خەڵکی گوندی سۆغانلوی هات گوتی کاك کەریم من بەگوللە تۆپان دەزانم، لەگەڵ سەید رەسوی بردوومانن بۆ لای کێڵی هەوشینان، سۆفی و پێشمەرگە و ماشێنم نارد و گوللە تۆپیان هێنانەوە.

نمونەی ئاوا زۆر بەدەستەوەن بەپێویستی نازانم باسیان بکەم، نەکا پاشان کاك حەمەدەمین بڵێ هەر دەیەوێ لاپەڕی کتێبەکەی پێ زیاد بکات، بێ تەمرینی لەسەر چەکی مۆدێرن و لێ نەزانی یەکێك لەو هۆیانە بوو کەحکومەتی ئێران بۆ هاتنی مەهاباد چێ تر دەکرد، ئێمە موشەکی تاومان هەبوو لەپادگانی مەهاباد بەجێ مابوو، ئەودەم لەهەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا ئێران خاوەنی ئەو موشەکە بوو کەهەشتیان لەمەهاباد بەمیرات بەئێمە گەیشتبوو، دیارە بەکارهێنانی دەزگای ئەلیکترۆنی موشەکی ئاوا شارەزایی دەوێ، موشەکێکیان بردبۆوە جەبهەی کۆسەکەڕێزە و بەتانکیانەوە نابوو، دەیانگوت مووشەك وەك فیشەکە شێتە کەس نەیزانی روو لەکوێ دەکا. یان ئارپێچی، باسم کرد کەلەنەغەدە نەمانتوانی بەکاری بێنین و تانکێك بشکێنین، لەجەبهەی شاروێران بەدیوی گۆڵ و چۆمەڵاندا مەلا رەسوڵ بەرپرسی پێشمەرگە بوو، لەبناری شێخ مارفی تانکی دێتە سەر ئەویش خۆی چۆکی لەبەردا دەدا و سێ ئارپێچی پێوە دەنێ هیچیان نائەنگێوێ، خوداو راستان تانك دەگەڕێتەوە، ئەوە خۆی یەکێك لەهەڵەی هەرە گەورەی فەرماندە و بەرپرسە نیزامیەکانی حیزبی دیموکرات بوو کەسەبارەت بەرەشیدی فیداکاری راستە و راست خۆیان پێش هەموو کەس دەچوونە مەیدان و بەر گوللەی دوژمن، کاك هەژار (جاویدفەر) کاك کەریمی عەلیار، سەروان حاتەم، ئۆمەر قەیتەران، عەلی پیرۆتی، قادری قادری، برایم شێخ خالی و هی تر هەموویان بەم جۆرە شەهید کران، لەکاتێکا هونەری فەرماندە رێبەرایەتییە نەك خۆ بەکوشتدان، هێنانەوەی ئەم چەند نموونەیە بۆیە بوو کەبەراستی پێشمەرگەکانی

حیزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەش بەفەرماندەوە لەقارەمانەتیدا بێ وێنە بوون، بەڵام هێشتا لەبەکارهێنانی چەکی مۆدێرن و لەتاکتیکی شەڕی پارتیزانی دا شارەزایی تەواویان نەبوو.

لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تاق و جووت لەشار وەدەرکەوتن، رۆژی ٧٩/٨/٢٧ دکتۆر قاسملۆ مەهابادی بەجێ هێشت، لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا مەلا سمایلی حاجی لەکن من مایەوە و ئەندامانی کۆمیتەی شاریش هەموویان لەمەهاباد بوون، لەم بەینەدا ٢٨ لاوی خەڵکی قەسری شیرین کەبەسەرباز گیرابوون لەسنەوە دەیانبەن بۆ پادگانی ئازەرشار، لەبۆکان پێشمەرگە گلیان دەدەنەوە، نێزیکەی حەوتوویەك هەموو رۆژێ خەڵکی قەسری شیرین لەمزگەوت کۆدەبوونەوە و مەلا و ریش سپی و دایك و باوکی سەربازان بەتەلیفۆن هەراسانیان دەکردین و داوای ئازادکردنیان دەکرد، خەبەرم دا بەبرادەرانی بۆکان سەربازەکانیان هێنانە مەهاباد، بەتەلیفۆن لەگەڵ دایك و بابیان قسەیان کرد و پاش چەند رۆژ تەحویلی فەرماندارم دان و بەڕێمان کردن تا میاندواو، نەیاندەویست بگەڕێنەوە بۆ قەسری شیرین، رۆژی ٧٩/٨/٢٨ هەڤاڵدەری ئاسۆشێتێت پرێس لەتارانەوە تەلیفۆنی کرد و بارودۆخی شاری پرسی، گوتم: شار ئارامە و خەبەرێکی وا نییە کەبەکارتان بێ، لەو کاتە شپرزە و ئاڵۆزەدا مەسەلەی کوێخا شەریف و عەلاخانی شەهیدی-یش ببووە مەسەلەی رۆژ، سەید رەسوی بابی گەورە وەك پیاوان کوێخا شەریفی قاتلی سمایلی شەریف زادەی گرتبوو هێنابویە مەهاباد لەپێشدا لەسەربازخانە و لەبەردەستی خۆمان راگیرابوو، من چەند جار پێشنیارم کرد کەکوێخا شەریف وەك قاتلێ کاك سمایل ئیعدام بکرێ، عەولا خانی شەهیدیش لەگەڵ کوێخا شەریف گیرابوو دایان بەشارەوانی، چەند ئاغای بانە و هێندێ کەسی مەهابادی و کاك سەعدی موهتەدی

هـەولێیان دەدا کەعـەولاخان ئـازاد بکـرێ، مـن نەمـدەتوانی بڕیـاری وا بـدەم، ئاخرەکـەی چـووبوومە لای دکتـۆر قـاسملۆ، دکتـۆر نامەیـەکی بـۆ نووسـیبووم کەعـەولاخان ئـازاد بکـرێ، بـەلام ئـیتر عـەولاخان درابـوو بەشـارەوانی و دەبوایـە دادستانی شۆڕش بڕیاری ئازادبوونی بدا، ناردم سەید هاشمی ئەفسەری شارەوانی هات و تکام لێ کرد با عـەولاخان ئـازاد بکـەین، گـوتی: (نـاوی چـۆتە دەفتـەر مـن ناتوانم ئەو کارە بکەم، دوو رێگای هەیە، یا دەبێ دادستان حوکمی ئازادی بدا، یـا پێشمەرگە بنێرە یەک دوو تەقە بکەن و بێنە نێو زیندان و بەزۆری بیهێننە دەرێ).

یەک دوو جار بەتەلیفۆن تکام لەدادسـتان کـرد کـەکارێکی وا بکـا عـەولاخان ئـازاد بکرێ، بـەلێنی دەدا و نەیـدەکرد، منـیش لەبـەر خـاتری مـەحمود حەڵـەبی بـاوکی کەکۆنـە حیزبـی و کۆنـە دۆسـت و کۆنـە جـیرانم بـوو، هیچـم پـێ نـەدەگوت، کـاک سـەعدی رەحمـەتیش هـەموو رۆژێ دەهاتـە دەفتـەر و داوای ئـازادی عـەولاخانی دەکرد بەناچاری پێشمەرگەم نارد دادستانیان هێنا، گوتم: دیارە تۆ گاڵتـە بەئێمـە دەکەی ئەو کابرایـە ئێمـە گرتوومانـە، ئێمـەش دەمانـەوێ ئـازادی بکـەین، تـۆ بـۆ خزمەت بەحکومەت ناتەوێ بڕیار بدەی، ئێستا دەتنێرم بۆ زیندانی چـیا بـا تـامی حەپسێ بچێژی. دەژوورێکیان کرد و دەرگایان لەسەر داخست، زۆری پـێ نەچـوو کاک برایمی شێرزاد ئەندامی شورای شـار و دۆسـتی بـەڕێزی هـەموو لایـەک هـات و تکای کرد و دادستانی بردەوە، ئێمە عەولا خان و کوێخا شەریفمان نەپێ سزادرا و نەپێمان ئازاد کران، بەڵام دەوڵەت هاتـەوە ئـەو تاوانبارانـەی ئـازاد کـرد، چـا بـوو برایانی کۆمەڵـە وەک شۆڕشـگێڕان لەپاشـان کوێخـا شـەریفی تاوانبـاریـان بەسـزای خۆی گەیاند و کوشتیان، یـان مـەحمودی جـەفایی سـاواکی بـەناوبانگ برادەرانـی ئێمەی گرتبوو ئازاری دابوون دوای شۆڕش گیرا و هێنایانە مەهاباد، ئێمـە هیچـمان لێ نەکرد، بـەڵام حکومـەتی ئیسـلامی ئـەو سـاواکیەی ئـازاد کـرد و بـردی لـەتاران

کاریشی پێ ئەسپارد و کاروباری کورده عێراقیەکانی لەتاران بەڕێوه دەبرد، یا مەلا محەمەدی گا پیسی، ئەم ساواکیه لەزیندان رووبەروو شاهیدی بەدرۆی لەسەر برادەرانی حیزبی دابوو، پاش رووخانی رژێمی شا یان پێشتر چووبووه قوم ببوه شیعه، هاتبوه لەکوردستان دەسوڕاوه و تەبلیغاتی بۆ حکومەت دەکرد، گیرا و هێنایان تەحویلی زیندانیان دا، ئەو برادەرانەی کەلەزیندان شاهیدی لەسەر دابوون، هاتن بەرەو رووی بوون و قامکیان لەچاوی بڕی، حکومەتی ئیسلامی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئازادکردنی، لەبیرم نەماوه چۆن و بۆچی بەرهەڵاکرا، با لێرەدا هەر حیزبیش تاوانبار نەکەم کەلەو کارانەدا لێ بڕاو نەبوو، شورای شاری مەهاباد بەرەسمی و بەقانونی خاوەن دەسەڵات بوو هەرچی کردبای دەیتوانی بیکا، برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لایان وابوو کەدەبێ شورا سزای ئەو تاوانبارانە بدا، ئێمە بیانو نەدەینە دەست حکومەت کەبڵێ حیزبی دیموکرات حکومەت دەکات، لەکاتێکا لەسەر کوێخا شەریف و مەلا گاپیسی من لەسەر ئیعدام کردنیان سوور بووم و قسەم نەچووه سەر.

شەوی ۷۹/۸/۲۹ ئەرتەش لەمحەمەدیارەوه گوندەکانی کۆنه دێ و گردی یاقوبیان لەشاروێران وەبەر تۆپان دا لەنیوەشەودا بریندار و کوژراو و هەڵاتوو گەیشتنه مەهاباد، بریندارەکانمان نارده شێروخورشید و هەڵاتوو و لێقەوماوەکانیش بڵاوکران، رۆژی دوایی عەجەمی سندوسی نۆ کەسی خەڵکی کۆسەکەرێزیان گرتبوو، خەڵکی کۆسەکەرێزی هاتنه دەفتەری حیزب و سکاڵایان بوو، نامەیەکم بۆ ئوستاندار نووسی و پاشان ئازاد کرابوون، بۆ شەوێ پێشمەرگەی گوێکتەپە مەلای گوندیان بەژن و ماڵ و منداڵەوه گرتبوو هێنایانه دەفتەری حیزب، دەیانگوت لەمزگەوتی گوتوویه ئەگەر حکومەت بێتەوه لەسەر رێیه قوربانی دەکەم، بڕێکم

مەلا نسحەت کرد و ناردمەوە، بەڵام پاشان هەڵات چووە ورمێ و بوو بەهاوکاری دەوڵەت.

من ئیتر شەو و رۆژ لەدەفتەری حیزب دەمامەوە، لەهەمووی زەحمەتتر وەڵامدانەوەی تەلیفۆنی خەڵکی شار بوو، وەك باران پرسیار دەبارین: (وەزع چۆنە؟... خەڵك چۆنە؟ خەڵك چ بکا؟... پێشمەرگە زۆرە یان کەم؟...) مەلا سمایلی حاجی و کاك ئومەر و کاك سەید حەسەنی هاشمی لەگەڵ کوڕەکانی یەکێتی لاوان هەمیشە لەدەفتەری حیزب بوون و دەورەیان چۆڵ نەدەکردم، دەفتەرێکمان لەپێش پادگان دانابوو، ئەوانەی دەیانویست ببنە پێشمەرگە دەچوون ناوی خۆیان دەنووسی و دەچوونە نێو پادگان و برایانی مەسئول جێگا و رێگایان پێ نیشان دەدان، دوای ئەوەی کەئیتر گومانمان لەوەدا نەما هێرش بۆ سەر مەهاباد دەست پێ دەکرێ، داوام کرد کۆمیتەی شارستانی تەشکیلاتی مەهاباد کۆببێتەوە، دوای باس و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی رۆژ، بڕیار درا کەئەوەندەی ئیمکان هەبێ ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لەشار وەدەر نەکەون، ئەگەر لەماڵی خۆیان نەبن دەتوانن جێ گۆڕێ بکەن، تەلیفۆنی هەموو برادەرانم وەرگرت و هێندێ ژمارە تەلیفۆنی دیکەش کەقەرار بوو ئەگەر لەماڵی خۆیان نەبن هێندێکیان لەوێ بدۆزمەوە، ٢١ ژمارە تەلیفۆنم وەرگرت، بڕیارمان دا ئەگەر هاتو لەشار وەدەرکەوتین، لەکۆنە دێ و لەوزینەدەرێ دوورتر نەڕۆین، رۆژێ دوایی وەدەرکەوتن لەکۆنە دێ یەکتر بگرینەوە.

رۆژی ٧٩/٨/٣٠ لەگەڵ کاك ئۆمەر و مەلا سمایل و کاك سەید حەسەنی هاشمی لەدەفتەری حیزب دانیشتبووین وەڵامی تەلیفۆنی خەڵکمان دەداوە و چاوەڕوانی کارەسات بووین، تەلیفۆن زەنگی لێدا، کەهەڵم گرت، دەنگی ناسکی کیژێك بوو. (جا ئێستا ئەگەر ئەو باسە بنووسم لەوانەیە هێندێ لەو کەسانەی گوێا قەت

لەگەڵ ژن نەدواون و هەموو کاری چەپەڵیان لەژێر پەردە و چارشێودا کردووە و غیرەتی ئەوەیان نەبووە پێ لەراستی ژیان و کردەوەی خۆیان بنێن، رەنگە بڵێن دەبوایە ئەوەندەی نەنووسی)، تەلیفۆنم هەڵگرت و گوتی: کاك کەریمی حسامیم دەوێ.

– فەرموو، لەسەر تەلیفۆنە.

– ئێوە پێشمەرگەی کێ رادەگرن؟ من دەمەوێ ببمە پێشمەرگە.

– کێ و کوڕ لای ئێمە فەرقی نییە، هەرکەسێك چەك هەڵگرێ دەتوانی ببێتە پێشمەرگە، لەپێش پادگان دەفتەرێکمان داناوە ئەوانەی دەیانەوێ چەك هەڵگرن دەچن ناوی خۆیان دەنووسن و پاشان برادەرانی مەسئوڵی نیزامی جێگا و ئەرکیان بۆ دیاری دەکەن، تۆش بچۆ لەوێ ناوی خۆت بنووسە.

– من ناچم، لەوێ ناوی خۆم بنووسم، من تیر ئەندازی دەزانم.

– نابێ، ئەگەر نەچی مانای ئەوەیە ناتەوێ ببیە پێشمەرگە.

– من دەمەوێ ببم بەپێشمەرگەی تۆ.

– من پێشمەرگەم نییە، هەموو پێشمەرگەی حیزبین، ئەگەر لەنێو شار منت دیبێ، دەزانی قەت پێشمەرگەم لەگەڵ نەگەڕاوە.

– دەتوانم بێمە دەفتەر؟

– بۆ ناتوانی، فەرموو، رۆژانە دەفتەر پڕ لەخەڵکە.

برادەرانی لەوێ دانیشتبوون لەم وتووێژە قوت بوون و گوێیان هەڵخستبوو، زۆری پێ نەچوو لەخوارەوە هاتن گوتیان کچێك هاتوە دەیەوێ بێتە لات، ڕێگای بدەین؟

– با بێ، مالّ و خرا نەبێ، چۆن رێگای کچ نادەن، کچ وەژوور کەوت، کچی چی مانگی چاردە، گورج و گۆڵ، وریا، ژیر و جوان و لەدەستان خۆش، هاتە پێشێ دەستی لەدەستی من نا و خۆی لەکاك ئۆمەر و مەلا سمایل نەگەیاند، دانیشت و گوتی: (من بووم تەلیفۆنم کرد، هاتووم ببمە پێشمەرگە).

– زۆر بەخێرهاتی دەفتەرمان لەبەر دەرگای پادگانە، فەرموو بچۆ ناوی خۆت بنووسە، راست لەو کاتەدا تەلیفۆن زەنگی لێدا، خانمێکی هەڤاڵدەری نیوزویك بوو لەتارانەوە پرسی:

– ئەمڕۆ وەزع چۆنە لەمەهاباد؟

– ئەمڕۆ وەزع ئارامە، هەوا یەکجار خۆشە، لەدوێنێ خۆشترە.

– راستی دیارە فرە سەر حاڵی، چۆن لەمەهاباد وەزع ئارامە، یانی شەڕ نییە؟

– نەك هەر شەڕ نییە ئێستا کێژێکی زۆر جوانیش لەپەنام دانیشتوە و دەیەوێ ببێتە پێشمەرگە.

– لەتۆ خەبەر وەرناگیرێ.

– بەراستی خەبەر هەر ئەوەیە پێت دەڵێم، ئەگەر باوەڕ ناکەی فەرموو خۆت وەرە ئێرە، مەلا سمایل گوتی: (چاکت پێ گوت)، ئەو بێدەنگ بوو، روونـاك وەدەنگ هات و گوتی:

– من تیرئەندازی دەزانم، دەمەوێ ببمە پێشمەرگەی تۆ.

– زۆر سوپاس من پێشمەرگەم لەگەڵ نییە.

– باشە، تەلیفۆنم بۆ بکە.

– دەزانی سەرم چەند شلۆقە، تەلیفۆنیشت نازانم.

هەستا، هاتە پێش مێزەکەی من و قەڵەمی هەڵگرت و ژمارە تەلیفۆنێکی نووسی، گوتی: (بڵێ رووناکم دەوێ)، دەستی دەدەستی نام و رۆیشت، بەداخەوە قەت نەمتوانی تەلیفۆنی بۆ بکەم.

ئەو رۆیی، بەقەولی برادەرانی کوردی عێراق (تەعلیق) دەست پێکران، مەلا سمایل کەتا ئەودەمی واقی ورمابوو چاوی لێ دەرپەڕیبوون گوتی: (دەجا وەرە تۆ ئەو خولایە، کوڕە وەڵاهی بەختت هەیە، بابم لەساوی پاك بۆت دەبارێ، پێشمەرگە... بەڵێ پێشمەرگە!).

کاك ئۆمەر هەزار جار یادی بەخێر گوتی: (کوڕە خۆ پێم وابوو ئاقڵی، ئاخر پیاو چۆن پێشمەرگەی وای ناوێ؟).

راستە وەزع بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، ئێوارەی ئەوێ رۆژێ واتە شەوی ۷۹/۸/۳۰ مەلا محەمەدی جوانڕۆیی کەقەت نەخۆی دەنووست و نەدەیهێشت من تاوێك چاوم گەرم کەم، نیوەشەو تەلیفۆنی کرد و گوتی: (گیر مەبە وەرە بۆ پادگان)، کات دوای نیوەشەو بوو، هەستام و چوومە پادگان، کەچووم دیتم پێشمەرگە برا کوردەکانی عێراق هاتوون، دیاربوو دکتۆر داوای کردبوو، حیزبی سۆسیالیست ناردبوونی وابزانم ئەودەم حیزبی یەکگرتوی سۆسیالیست بوو، چونکە دکتۆر مەحمود هاتبوە نێوی، مەسئولەکانیان بریتی بوون لەجەلالی حاجی حوسێن و سەید سەلیم، نێزیکەی ۵۰ پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ بوو، نان و چایان بۆ ساز کردن، جەلال دەستی پێ کرد کەلەسولەیمانی چی کردوە و لەتۆپ شارەزایە و هیچ هێزێك خۆی لەبەر ناگرێ و وای کرد پێم وابوو تانکیش دەشکێنێ، بەراستی بەقسەکانی جەلالی حاجی حوسێن هیوایکی تەواوم هاتە دڵی، زیاتر بەم خەیاڵەش کەوا پتر لە ۱۵ ساڵ برادەرانی کوردی عێراق لەشەڕ و هەرادا بوون و خاراون، جێگای هومێد بوو. بەمەلا محەمەدم گوت: ئێمە لەجەبهەی میاندواو تۆپی ۱۰۵مان

هەیە، چیاکانی تالاو زۆر قایمن و دەتوانن نەهێڵن دوژمن لەشامات بێتە پێش، بڕیارماندا جەلالی حاجی حوسێن و سەید سەلیم بچن بۆ جەبهەی میاندواو، واتە لەئەمیرئاباد و بەردە رەشان دامەزرێن، تیربارێکی دژی هەوایش لەسەر کەلکی بەگزادان دامەزرێنن، پەلێکی پێشمەرگەمان هەبوو بەسەرۆکایەتی غەفوری خوارزای ئەحمەد تۆفیقی، لەئەمیر ئاباد ئەویش یارمەتیان بدا و هاوکاریان بکا، هەر بەو شەوە مەلا محەمەد سواری کردن و ئازوخە و کەلوپەلی پێویستی بۆ ئامادە کردن و بردنی بۆ شوێنی دیاریکراو، بەیانی زوو گەڕایەوە گوتی: (لەشوێنی پێویستِ داممەزراندوون ورەیان بەرزە).

رۆژی ۷۹/۹/۱ لەشارەوە دەستکرا بەتەلیفۆن و پرسیاران، پتر خەڵک پرسیاریان لەجەبهەی میاندواو دەکرد، لەوەڵامدا دەمگوت جەبهەی میاندواو زۆر قایمە، هێزی تازەمان بۆ ناردوە عەجەم ناتوانن لەخەتی میاندواو بێتە پێش، بڕواشم بەقسەکانی خۆم هەبوو، چونکە جەلالی حاجی حوسێنی وای نەکردبوو کەگومانم بمێنێ.

شەوی ۷۹/۹/۲ خەبەری کوشتاری قارنێ هات، عەزیزی کوڕی کاك عەولای جەڵدیانێ وەپێش پاسداران دەکەوێ و دەیانباتە قارنێ و دەست بەکوشتار دەکەن، مەلای گوندی قورئانیان دەباتە تکایە، بەڵام پاسداری حکومەتی ئیسلامی قورئانی پی پنگیش نییە، مەلای قورئان لەسەر دەستیش سەر دەبڕن، ئەو رەسمانەی کەلێرەدا دەیانبینن نمونەی جینایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامین لەکوردستان.

شەو درەنگ هەڤاڵدەری رۆیتر تەلیفۆنی کرد و وەزعی شار و جەبهەی پرسی، خەبەری کوشتاری قارنێم دایە و گوتم: شار ئارامە، بەڵام دەوڵەت خەریکە پەلامار بێنێ، ئێمە دیفاع دەکەین و پێشمەرگە ئامادەی بەرگرییە.

پێشنیار و ئیبتیکاری خەڵك

ئەوانەی سیاسی و خۆ بەزۆرزان دەزانن یا بەقەولی کاك حەسەنی قزڵجی دم هەراش و قوتن کۆمەڵانی خەڵك بەهێند ناگرن و تەنانەت بەنەزانیشیان دادەنێن بەڵام هەر ئەم خەڵك رەمەکی ناسیاسیانە هێندێ جار ئەوەندە ژیر و خاوەن بیر و بە ئیبتیکارن کەسیاسیە دم هەراشەکان هەر بیریشی لێ ناکەنەوە لەرۆژەکانی ئاخری ئوت و هەوەڵی سێپتامبەری ١٩٧٩ شەڕ قونی دەدەرکێ نابوو، خەڵك ترسی رێ نیشتبوو، کوڕەکانی یەکێتی لاوان لە هێندێ شوێنی نێوشار لەسەربان و لە کۆڵانان خەریکی سازکردنی مەتەرێزان بوون لە خانەی جەوانان شەو و رۆژ شیعر و دروشم و سرودی شۆڕشگێڕی بڵاو دەکرانەوە، لەم دوو رۆژەدا، خەڵکی شار دەستە دەستە دەهاتن و پێشنیاری جۆربەجۆریان دەکرد کەهێندێکم یادداشت کردوون.

١- چەند هاونیشتمانێك هاتن گوتیان: (کاك کەریم ئێوە لەدوو جەبهەوە شەڕتان پێ ناکرێ، ناتوانن هەم لەرێگای ورمێ و هەم لەرێگای میاندواو پێشی ئەرتەش بگرن، موهەندیسەکانی سەدی مەهاباد بدۆزەوە، نەخشەی بەند و جۆگەی ئاویان لەلایە، با ئەو بەردەنە دەشتی وسوکەند، ئەو دەشتە نەرمان و زەوی و زارە دەبێتە قوڕ و لیتە، تانك لەو قوڕ و لیتاوە دەرناچن و ناتوانن بۆ شار بێن، ناشتوانن بەرژد و چیای پشت وسوکەند هەڵگەڕێن.

٢- چەند کەس هاتن گوتیان: (بەرقی شاری ورمێ و ئەم شارانەی ئەولای بەشارویران دا تێدەپەڕێ، بنێرە با لەچەند جێگا مەخزەنەکان بتەقێنن، سیمەکانی بەرق هەڵبڕن، ورمێ و شارەکانی ئەولای لەتاریکایی دا دەمێننەوە).

٣- چەند کەس هاتن گوتیان: (خەڵک دەنگ بدەن با سەربازخانە وێران بکەن و داری لەسەر بەردی نەهێڵن).

٤- دەستەیەکی تر هاتن دەیانپرسی: (ئەو هەموو تانک و تۆپی پادگان چیان بەسەرهات؟).

بەکورتی دڵسۆزی و هاوکاری خەڵک بەگوێرەی سەلیقە و بۆچوون و توانا لەو رۆژانەدا خۆی دەنواند، برادەرێکی نیشتمانپەروەر هات ٢٠ خەشابی کلاشینکۆف و سندوقێکی فیشەک هێنا، فڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامی رۆژانە بەسەر شاردا دەگەڕان و بەڵام تەقەیان نەدەکرد.

رۆژی ١١ی خەرمانان، ١٩٧٩/٩/٢ لەبڵێندگۆی خانەی جەوانانەوە رامانگەیاند کەخەڵکی شار لەسالۆنی فەرمانداری کۆبنەوە، تا لەبارەی وەزعی شار و چۆنیەتی بەرگری بارودۆخی ئێستا راوێژ بکەین، ئەندامانی شورای شار مامۆستاکانی ئاینی بەگشتی، ریش سپی و تاجر و بازاڕی و کرێکار، مامۆستا و ژنانی شار بەشداری تەواویان کردبوو، سالۆن پڕ ببوو، جێگای خەڵک نەدەبۆوە، کاک برایمی شێرزاد کۆبوونەوەی بەڕێوەدەبرد، هەستام دوای بەخێرهێنان و سوپاس بۆ هاوکاری و دڵسۆزی خەڵک گوتم:

(ئێمە شەڕخواز نین، حیزبی دیموکرات هەوڵ و تەقەڵایەکی زۆری داوە کەتووشی شەڕ نەبین و مەسەلەی کورد لەڕێگای ئاشتی و هێمنانەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام حکومەتی ئیسلامی شەڕمان پێ دەفرۆشێ، پەلاماردانی پاوە، سەرەتای هێرشی سەرانسەری بوو بۆ سەر کوردستان، حیزبی دیموکرات خۆی لەخەڵک بەجیا نازانێ، هەر بۆیەش ئەمڕۆ داوام لەهاونیشتمانانی بەڕێز کردووە کەلێرە کۆببینەوە

بـزانین چ بکـەین، پـێم خـۆش بـوو خـەڵکی گونـدەکانی ناوچـەی مـەهابادیش لـەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بان، بەڵام بەداخەوە ئەم بارودۆخە رێگا نادات).

دوای قسـەکانی مـن دوو کـەس هەسـتان بـەئاخافتنی بـێ مەسـئولیەت مەسـەلەی سوننی و شیعەیان هێنا گۆڕێ و کاتی کۆبوونەوەیان گرت.

مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی هەستا و گوتی: (موبـارەزە شـکلی زۆرن، شـەڕ تاقە شکلّی خەبات نییە، من لام وابـاشە رێگاکان ئازاد بکەین، ئەگەر بوو بەشەڕ با لەچیاکان شەڕ بکەین، حیزب بەتێلگرافێك بۆ خومەینی بنێـرێ و بڵـێ بـۆ حوسـنی نیەت رێگـا چـۆڵ دەکـەین بـا لەشـتر بێتـەوە پادگـان، ئەگـەر پاسـدار و ئەرتـەش دەست درێژیان بۆ خەڵك کرد ئەو دەم شەڕ دەکەین، با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا و ببنـە پشـتیوانی ئێمـە لـەنێو شـار، ئـەودەم ئـەوانیش نـاوێرن دەسـت لەشار بدەن).

لەنێو قسەکانی دا مامۆستا مەلا کەریم یەك دوو پلاریشـی دەمـەلا شـێخ عیـزەدین گـرت، بـەدوای قسـەکانی مامۆسـتادا، هەسـتام گـوتم: (لام وایـە کـاتی زینـدوو کردنـەوەی کۆنـە حیسـابان نییـە، هەرچـی بـێ ئێستا مامۆسـتا شـێخ عیـزەدین لەچیایە، باشترە ئێمە لێرە تەگبیر لەوەزعی ئێستا بکەین).

مامۆستا مەلا کەریم لەوەڵامی قسـەکانی منـدا کەهەسـتم کـرد پـێ ناڕەحـەت بـوو گوتی: (پێم وایە ریشەی ئەم رووداوانـە دەبـێ بدۆزینـەوە هـیچ رووداوێك کوتـوپڕ سـەر هـەڵنادەن، ئێمـە نـەمانتوانیوە بەباشـی لەگـەڵ رووداوەکـان بـڕۆین و یـا بەردەستیان بکەین).

بەدوای قسەکانی مامۆستادا برادەرێك بەناوی (ئەحمەدی داودی) هەستا و گـوتی: (من دوێنێ لەتەورێز هاتووم‌ـەوە، شـەش سـەد تانـك لەمیانـدواو بـەرێز راگـیراون و

ئامادەی حەرەکەتن، جا لەگەڵ ئەوانە شەڕ چۆن دەکرێ؟ باشترە رێگایان بۆ بەردەن و حیزب و پێشمەرگەش با لەشار وەدەرکەون، بابم شەڕ لەگەڵ ئەو لەشکرە ناکرێ).

خەڵکەکە بێدەنگ بوو، کاك برایمی شێرزاد هەستا و گوتی: (زۆر کەس بیروڕای خۆیان دەربڕی، وادیارە کەس نەماوە قسە بکا، ئێستا قسەی ئاخری ماوەتەوە بۆ کاك کەریم و بڕیارەکەش بەدەست ئەوانە).

هەستام گوتم: (لەپێشدا لەخزمەت مامۆستا مەلا کەریم داوای لێ بوردن دەکەم، هەستم کرد کەقسەکانی منی لەدڵی گران هات، بەڵام من بێجگە لەهەوڵدان بۆ یەکێتی مەبەستی دیکەم نەبوو، پڕ بەدڵ جارێکی دیکەش سوپاسی مامۆستاکان دەکەم کەبەدەستە جەمعی تەشریفیان لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووە، سوپاسی خەڵکی بەشەرەفی مەهاباد و هەموو بەشدارانی کۆبوونەوە دەکەم، بەر لەوەی بێمە سەر قسەی ئاخری وەك کاك برایم فەرمووی، با سوپاسێکی ئەو تانکانەی میاندواویش بکەم کەکاك ئەحمەدی داودیان نەخواردوە و رێگایان داوە بگاتەوە مەهاباد و ئەو خەبەرەمان بۆ بێنێتەوە، بەڵام ئەویش دەبێ خێرێکی بکا کەوا هاسان نەجاتی بووە، بوو بەپێکەنین و چەپڵە لێدان، پاشان گوتم: پێشنیارم ئەوەیە کەمامۆستاکان تەشریفیان بچێتە تێلگرافخانە و بەتەلیفۆن لەگەڵ قوم و مەلاکانی تاران قسە بکەن، ئەوە خۆی رێگایەکە، دەکرێ لەتێلگرافخانە مانیش بگرن، بەڵام خۆتان دەزانن حیزبی دیموکرات دەیان جار رای گەیاندووە کەشەڕخواز نییە، ئێستا کەکۆماری ئیسلامی شەڕمان پێ دەفرۆشێ من لێرەدا بەئاشکرا رادەگەیەنم ئێمە مەهابادی دەکەینە ستالینگراد، بوو بەچەپڵەرێزان، کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بەماڵ شەڕی تێدا دەکەین، داوا لەخەڵکی بەشەرەفی شار دەکەم لەو خەباتە پیرۆزەدا پشتیوانیمان لێ بکەن، ئێمە شەڕخواز نین شەڕمان

بەسەردا سەپاوە، پاشان گوتم: با ئەوەش رابگەیەنم کەفانتۆمەکان شەو دێنە سەر شار، دیواری دەنگ دەشکێنن و دەنگەکەش زۆر بەسامە، بەڵام بۆمباران ناکەن لەو بارەوە ترس نییە، پەنجەرەکان بکەنەوە با شوشەکان نەشکێن، جارێکی تر سوپاستان دەکەم، خەبەری فانتۆمەکان برادەرانی بەشی نیزامی پێیان راگەیاندبووین.

کۆبوونەوە بڵاوەی کرد، ئێمە چوویندوە دەفتەری حیزب وەزع ئارامتر بوو، خەڵک کەمتر هاتووچۆی دەکرد، کاك سەید حەسەنی هاشمی و کاك ئۆمەرو مەلا سمایل هەمیشە لەدەفتەر بوون، لەتارانەوە هەڤاڵدەرەکان پەیتا پەیتا دەیانپرسی و جوابمان دەدانەوە، چوومە پادگان مەلا محەمەد خەریکی سوك کردنی پادگان و راگواستنی کەلوپەل بوو، سەعات یەکی شەو چوومەوە چاوێك گەرم بکەم، سەعاتی پێنجی بەیانی بەدەنگی فانتۆمەکان وەخەبەر هاتم، بەسەر شاردا دەسوورانەوە و دیواری دەنگیان دەشکاند، بەپەلە وەدەرکەوتم بۆ دەفتەری حیزب، برادەرانی نیزامی تانکێکیان ناردبوە لای سێ ئاشان و لەمەیدانی مەلا جامی وەستابوو، دەیویست تەقە لەفانتۆمەکان بکا، پێم گوت: بچێتەوە پادگان ئەوان بۆمباران ناکەن، ئێمە بۆچی تەقەیان لێ بکەین؟ تانکەکە گەڕاوە بۆ پادگان کەچوومە پادگان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی گوتی: هەروا خەریکم ئێرە سووك بکەم، جارێ هیچ خەبەر نییە، سەعاتی ١١ هەموومان لەبەر دەرگای دەفتەری حیزب راوەستابووین، خەڵك لەدەورەمان کۆببۆوە، فانتۆمێك هاتە سەر دەفتەر و لەسەر پادگان دەسوڕاوە، کورێکی مێرمنداڵ لام وایە هەر دوازدە سێزدە ساڵ دەبوو، دەمانچەیەکی سەگتڕێنی پێ بوو، هەر هەڵیکێشا دەمانچە و فانتۆمی وەبەر دەمانچان دا، ئێمە هەموو واقمان وڕما، مەلا سمایل غاری دایە زللەیەکی لێدا و دەمانچەکەی لێ ئەستاند، پاشان دەمانچەکەمان وێ داوە، لەسەرێ تەلیفۆن

زەنگی لێدا، هاتن گوتیان بانگت دەکەن، کەچوومە سەر کاك سولەیمانی چیرە بوو لەکۆمیتەی نیزامیەوە تەلیفۆنی دەکرد:

– کاك کەریم چ دەکەی؟ خۆ ئەوە ئەرتەش گەیشتە نێو شار.

– کوڕە چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەدی ئەو هێزەی ئێمە چی لێ هاتووە؟

– نازانم چی لێهاتوە! بەڵام ئەرتەش ئەوە لەدەروازەی شارە، من ئەوە دەڕۆم، گیر مەبە وەدەرکەوە.

هاتمەوە خوار و گوتم: دەڵێن لەشکر گەیوەتە نێو شار، ئێمە لەو قسانەدا بووین تۆپێکی ١,٦مان بۆ جەبهەی میاندواو ناردبوو، دیتمان ئەوە بالّی گرتوە و دەگەڕێتەوە بۆ پادگان، دەستمان هەڵێنا کەرایگرێ بزانین چ باسە، رانەوەستا هەر ئەوەندەی گوت: لەشکر هات، تێپەڕی بۆ پادگان، لام وایە حەسەن بێ کەسی رەحمەتی لەسەر بوو.

برادەران گوتیان چ دەکەی بۆ راوەستاوی؟ با لەشار وەدەرکەوین، خەڵکەکە بڵاوەی دەکرد، شوکرە و جەمالی پێشمەرگە لەندوێرێکیان پێ بوو مەلا سمایل و کاك سەید حەسەن و سۆفی ریش درێژی پێشمەرگە لەگەڵ ئەوان سوار بوون، من و کاك ئۆمەر و وسێن مەراغەیی و عەزیزی کوڕی سواری ماشێنی کاك ئۆمەر بووین و سەعاتی ١٢ رۆژی ١٢ی خەرمانان ٣ی سێپتامبری ١٩٧٩ لەشاری مەهاباد وەدەرکەوتین، گەیشتینە پشت تەپی دوو کیلۆمیتری شار، لەبەر دەرکی مالێك راوەستاین، ژن و پیاو و گەورە و بچوك وەك مێروو لەشار دەهاتنە دەر و بەرەو پشت تەپ و قەرە چەلان و زیندەرێ رێیان داگرتبوو، چووینە حەساری مالّەکە و گوتم: (کوڕینە ئێمە هەروا بەهاسانی شارمان بەجێ هێشت بێ ئەوەی بزانین

لەشکر چ دەکا؟ ئێمە دەمانتوانی لەشار بمێنینەوە، لەماڵاندا خۆ حەشار دەین و ئاگامان لەوەزع هەبێ، ئێستاش دوور نەکەوتووینەوە با بگەڕێینەوە بۆ شار).

تێکرا گوتیان کوڕە گەڕانەوەی چی؟ شار ئەوە چۆڵ دەبێ تۆ دەگەڕێیەوە چ دەکەی؟ کاك ئۆمەر دیسان بەقسە خۆشەکانی گوتی: شوجاعانی فیراری ئەوە لەسەردەشت ئاوا بوون، تۆ تازە دەچییەوە نێو شار؟ (شوجاعانی فیراری) لەقەبێك بوو کاك ئۆمەر دابووی بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، گوایا ناوی فیلمێك بووە.

گوتم: کەوایە تکایە ئێوە لێرە بن من سەرێکی شار دەدەمەوە با بزانم ئەندامانی کۆمیتەی شار لەکوێن، لەنێو شار ماون یا رۆیشتون؟ هەموویان دژی گەڕانەوەم بوون، گوتم دەچمەوە، هەر دەچمەوە ئێوە چاوەڕوانم بن، ئەگەر نەهاتمەوە ئیتر خۆتان دەزانن، بەشوکرە و جەمالی بەشەرەفم گوت: سوار بن با بچینەوە شار، پیاوانە ماشێنیان هەڵکرد و گەڕاینەوە، لەسەر شەقامی نێزیك مەیدانی حەیوانان کەپاشان بوو بە (مەیدانی خومەینی) خەڵکێکی زۆر راوەستابوو، کەچاویان بەمن کەوت لێم هاڵان و پرسیم لەم ماڵانە کێ تەلیفۆنی هەیە؟ ماڵێکیان نیشان دام پێم وایە ماڵی ئاغاکانی کەرێزە بوو، کوڕەکان ماشێنیان لەپەنایەك راگرت و چوومە ماڵەکە هەر ئاوەدان بێ، دەستم کرد بەتەلیفۆنان برادەرانی کۆمیتەی شار یەکیش نەمابوو، بۆ چەند ماڵی دیکە تەلیفۆنم کرد کەقەرار بوو هێندێکیان لەوێ بن، کەسم وەگیر نەکەوت، کۆنە دۆستێکی سالانی ٤٩–٥٠م هەبوو تەلیفۆنم بۆ ئەو کرد، تەلیفۆنی هەڵگرت:

– ئەیرۆ ئەوە لەکوێی؟

– لێرە لەنێو شارم، دەتەوێ لەکوێ بم؟

– جا چۆن لەنێو شاری، ئەوە نییە دەڵێن ئەرتەش هاتۆتەوە؟

– با ئەرتەش بێتەوە بەمن چی؟

– ئەیڕۆ چۆن... کەس نەتبینێ، وەرە مااڵی ئێمە، کەس فیکری مااڵی ئێمە ناکات، گیر مەبە.

– نایەم هەر ویستم بزانی لەشار نەماوم وەدەردەکەوم.

یەك دوو ئەیڕۆی دیکە و قسەی خۆشی کرد و تەلیفۆنم دانا و وەدەرکەوتم، سوار بووین خواحافیزیم لەخەڵکەکە کرد کەلەدەوری ماشێن کۆببوونەوە، چووینەوە پشتەپ.

برادەران گوتیان: (با لەگوندی وەدەرکەوین لەو قەتپاڵە لەبن ئەو گیشە گەنم و وێنجانە دادەنیشین)، ماشێنی کاك ئۆمەرمان لەحەساری مااڵی برادەرەکە بەجێ هێشت، من بەڵگە و نووسراوەی حیزبیم هێنابوونە دەر، دام بەکابرا و پێم گوت: لەخۆم بەدەر یا بەنامەی من نەبێ نەیاندەیەوە بەهیچ کەس، کاك ئۆمەر گوتی: (بۆ بەتەمای هەر زیندوو بی و بێیەوە ئەوانە وەرگرییەوە؟) هێندێکی دیکەش پێکەنین، عەزیزی کوڕی وسێن مەراغەیم ناردەوە نێو شار و چەند رەمز و قەرارێ پێوەندیم لەگەڵ دانا، لەپشتەپ وەدەرکەوتین، ئەمجارە هێلی کۆپتەر دوو دوو دەهاتن و بەسەر رێگا و خەڵکی راکردوودا دەسووڕانەوە، بەاڵم تەقەیان نەدەکرد. فانتۆمەکان چەند بۆمبایان بەدەوروبەری پادگان دادا و یەك دوو عەنبار ئاگریان گرت، ئیتر پێوەندیمان لەگەڵ مەال محەمەدی جوانڕۆیی و برادەرانی بەشی نیزامی بڕا و نازانم بۆ کوێ چوون.

ئێمە تاوێك لەبن گیشە و وێنجە دانیشتین و پاشان هەڵکشاین بۆ بن دارەکانی سەروی پشتەپ، خەڵکێکی زۆر لەو بن دارانە کۆببۆوە، چوومە نێویان دڵخۆشیم

دانەوە و گوتم بگەڕێنەوە بۆ نێو شار و هیچ باس نییە و مالّی خۆتان بەجێ مەهێلّن، مالّیان ئاوەدان بێ بەقسەکانی من تۆزێك هاتنەوە سەرخۆ، وردە وردە هێندێکیان بەرەو شار گەڕانەوە، ئێمە دانیشتین تەگبیر بکەین چ بکەین و بچینە کوێ؟ برادەران گوتیان: (کۆمیتەی ناوەندی کادر و بەرپرسی حیزبی بەگشتی رووبان دەلای سەردەشت کردووە، ئێمەش با بۆ ئەولا بچین و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بدۆزینەوە.

گوتم: ئێمە لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی شار بڕیارماندا شار بەجێ نەهێلّین، ئەگەر وەدەرێش کەوین لەکۆنەدێ کۆوە بین، ئێستا رەنگە زۆربەی برادەران لەوێ بن، ئەگەر لەوێش نەبن دەیاندۆزینەوە پێویستە لەگەلّ شار پێوەند بگرین، بەسەر سەنگی ملیان راکێشا، سۆفی ریش درێژ گوتی: (کاك کەریم ئەگەر ئیجازەی بدەی من دەڕۆم و دەچمەوە گوندەکەی خۆم)، خواحافیزی لێ کردین و ملی ڕێگای داگرت.

شەو بەسەردا هات، فانتۆم دەسووڕانەوە، نورئەفکەنیان هەلّدەدا و بەجارێك ولّات رووناك دەبوو، لەنێزیك وزیندەرێ تووشی جێ خەرمانێك بووین، خەرمان هەلّگیرابوو، بەلّام کایەکە هەر مابۆوە، گوتمان بەو نیوەشەوەی لەحاجی حەسەنی وەژوور کەوین هەر زراویشی دەچێ، با لەنێو ئەم کایە بخەوین و بەیانی بچینە وزیندەرێ، شەو هەموومان خۆمان لەکایی خزاند و لێی نووستین، بەیانی کەهەستاین پتر لەسەعاتێك هەر خەریك بووین خۆمان بتەکێنین، بەتایبەت من رانك و چۆخەم لەبەردا بوو، خاوێن هەر نەدەبوومەوە، رۆیشتین تازە تاو هەلّدەهات چووینە وزیندەرێ مالّی حاجی حەسەنی قازی، گورج نان و چا ساز کرا هاتینە دەر دیتمان هەروا خەلّکە لەشار وەدەردەکەوێ و بەرەو مەنگوران ڕێیان داگرتووە.

پـاش نـان و چـا خـواردن شـۆڕ بووینـەوە بـۆ کۆنـەدێ، جێـژوانی کۆبوونـەوەی ئەندامانی کۆمیتەی شار، گەیشتینە نێزیک گوندی تەماشام کـرد پێشـمەرگەکانی کوردستانی عێراق بەسـەرۆکایەتی جـەلالی حـاجی حوسـێن و سـەید سـەلیم ئـەوە لەنێو باخی حاجی عەولا لێی کەوتوون، پرسیم کـاك جـەلال لەکوێیـە؟ گوتیـان: وا لەوبن دارە نووستوە) ئەدی ئێوە چۆن گەیشتوونە ئێرە؟ تۆپ و دۆشکە چییان لێ هات؟

– کاکـە تـۆ چـی ئـەلێی، بـەخوا نـەمانتوانیوە گوللەیـەکیش بتـەقێنین، کۆپتـەر لەسەرمان بوو، خوا هەڵناگرێ نەیویست تەقـەمان لێ بکـا، ئـەگینا یەکیشـمان دەر نەدەچوو، جەلال و سەید سەلیم هاتنە لام هیچیان نـەبوو بیڵـێن، ئەوەنـدە نـەبێ گوتیان: (ئێمە حەساوینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ لای برادەرانمان).

چووینە نێو گوندی مالی حاجی عەولای، چ بچین حەسار و ژوور و باخ و بن دیوار و کۆڵانی گوندی پـڕە لەخـەڵك و دواییشـی نەپسـاوەتەوە و هـەروا دێـن، بـەڵام یـەك ئەندامی کۆمیتەی شاریش لەوێ نییە، نانێکی باشمان خوارد، مەلا سمایـل گـوتی: (من دەڕۆم دەپەڕمەوە بۆ بەری ماسوێ و سۆراخێکی مەلا محەمەدی جـوانڕۆیی و برادەران دەکـەم)، سـەید حەسـەن گـوتی: (دەڵێم جـارێ لێـرە بم تـا خەبـەرێکی منداڵەکان دەزانم)، ئێمە لەو قسانەدا بـووین کـەریم بێـژەنی ئـازا و جـوامێر پەیـدا بوو، نامەیەکی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی هێنابوو، مەلا محەمەد نووسـیبووی: (مـن و سەرگورد عەباسی هـاین لەگویجکـەدەرێ، تکایـە گـیر مەبـە بگـە ئێـرە)، بـەکاك ئۆمـەرم گـوت: بـا بـڕۆین، کـاك قـاسمی کـوڕی حـاجی عـەولای کیسـە خـەوێکی ئەفسەری لەرادە بەدەر باشی هێنا و گوتی: (بیدە بەکەریمی بـا هـەڵی گـرێ، لـەو دێهاتە پێخەفی خاوێنت وەگیر ناکەوێ) سوپاسی دەکەم، بەراستی ئیتر پێویسـتم

بەپێ خەف و منەتی نوێن نەمابوو، شەوانە دەچووم دەکیسە خەو و لەکیچ و ئەسپێ و مار و مێروو لەئەماندا بووم.

رۆژی ٧٩/٩/٤ لەگەڵ کاك ئۆمەر و حوسێن مەراغەیی و کەریم بێژەن و دوو پێشمەرگە بۆ لای مەلا محەمەدی جوانڕۆیی کەوتینەڕێ، لەگوندی بیرەم لامان دا، خەڵك لێمان کۆبۆوە، (بەیرەم ئەو گوندە بوو کەمن لێی هاتبوومە سەر دنیا) تۆزێکم قسە بۆ خەڵك کرد، پەلێکی پێشمەرگەمان لەوێ هەبوو، گوتم لێرە بمێننەوە تا خەبەرتان دەدەمێ، لەوێ گیر نەبووین بەرەو گوندی بەرەجۆ، لەنێوان بەیرەم و بەرەجۆ تووشی دوو کەسی قۆچاخ بووین یەکیان تاپڕێکی لەشانی دا بوو، ئەوی تریان تەورداسێکی بەدەستەوە بوو، کەماشێنی پێشمەرگەیان دیت، راوەستان و گەش بوونەوە، ماندوو نەبوونیان لێ کردین و گوتیان: (ئۆخەی شوکر پێشمەرگە ماوە، ئێمە ئەوە بەهاواری خەڵکی مەهابادەوە دەچین، دەڵێن شار چۆڵ کراوە، لەدڵسۆزی ئەم خەڵکە، حیکایەتی شێخی جامی– م وەبیر هاتەوە لەباسی یوسف و زوڵێخادا دەڵێ: (کاتێك یوسفیان لەمەیدان راگرتبوو، بیفرۆشن و هەڕاجیان دەکرد، کڕیار بەزێڕ و درهەم لەسەر یەکتریان زیاد دەکرد، پیرێژنێکیش چەند گوریسی هۆندبوونەوە، هاتبوو لەریزی کڕیاران وێستابوو، جامی لەشیعرەکەیدا دەڵێ:

شنیدم کز غمش زالی براشفت　　تنیده ریسمانی چند می گفت

همین بس گرچه بس کاسد قماشم　　که در سلك خریداران باشم

ئەم دوو کوردە زەحمەتکێش و دڵبریندارەش کەخەبەری هاتنەوەی ئەرتەشیان زانیبوو، بەتاپڕ و تەورداسەوە بۆ یارمەتی خەڵکی سابڵاخ کەوتبوونەڕێ، کاك ئۆمەر دەیگوت: (بۆ تاڵانی دەچن).

گوتم برا گیان باشترە ئێوە لەنێو گوندی خۆتان لەگەڵ خەڵکی ئاوایی یارمەتی بەو مالآنەی مەهابادێ بکەن کەڕایان کردووە و جێگایان نییە، نان و پێخۆریان بۆ کۆبکەنەوە، جێگایان بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر پێشمەرگە هاتن یارمەتیان بکەن، خەبات خۆ هەر شەڕە تفەنگ نییە، گوتیان: (بەقوربانی زارت بین ئەگەر وایە ئەو مەلا گوێلکەی ئێمە تێ بگەیەنە).

– خەڵکی کوێن؟

– خەڵکی بەرەجۆرین.

– مەلای گوندی کێیە؟

– میرزا برایمی عەولآ مەرجانیە.

گوتم ئەوە دەچم میوانی مەلای دەبم، کاك ئۆمەر گوتی: (بەو حاڵە هەرچی تووشی بین و ئەوەندە قسەی لەگەڵ بکەی شەو هەر لەمەزرایە دەبین).

دەگەڵ ئەو میرزا برایمە کەئێستا ببووە مەلا برایم، بەمندالّی لەگوندی بەیرەم لەکن میرزا رەسوڵی پێکوڵە پێکەوەمان خوێندبوو، ئەو لەئێمە گەورەتر بوو، لێك هەڵبڕابووین، ئەو رێگای مەلایەنی بۆ بەڕێ چوونی ژیان گرتبووە پێش، بەڵآم بێجگە لەفاتیحە و پێش نوێژی چی تر فێر نەببوو، منیش تووشی ئەم چارەنووس و بەزمە ببووم کەوا لەبیرەوەریەکانمدا دەیخوێننەوە، مەلا برایم سالّی ١٩٦٧ رەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کەوتبوو، دوای شکانی بزوتنەوە گیرابوو، کەوتبووە بەر ئازار و ئەشکەنجەی ساواك، پاشان ئازاد کرابوو لەگوندی بەرەجۆ مەلایەتی دەکرد

گەیشتینە نێو گوندی، مالّی مەلام پرسی، نیشانیان دایـن و چـووین لەبـەر دەرکـێ دابەزین، کچێکی رەش ئەسمـەری قەڵـەو دەتگـوت لا دیـوارە لێمـان وەدەرکـەوت، پرسیم مامۆستا لەماڵە؟

– نەخێر لەماڵ نییە، لەنێو دێیە.

– لەدوای بنێرە بێتەوە، ئەدی بۆ نالّێی فەرموون، خۆ ماڵەکەتان بەقوڕ نەگیراوە، زوو نان و چـایەکمان بـۆ سـاز کـەن، کـچ لەقسـەکانم واقـی وڕمـا، خـۆی دەژووڕێ کوتاوە، ئێمە چـووین لـەوەتاخێ دانیشـتین، ئـەمجار مـەلا ژن هـات، بـەخێرهاتنی کردین گوتم:

– جەنابی مەلا لەکوێیە؟... هەروەک جاران بێ ئەقڵە؟

– جا ئەوە خۆتان دەزانن، ئەرێ بۆ نەزانم کێمان میوانە؟

– زانینی بۆ چییە، هەرکەس میوانی بێ خۆ نان و چایەکی هەر دەدەنێ، من فلّان کەسم.

– ئەیڕۆ رەبی بەخێر بێی، بەقوربانت بم، دەبا باسـکت مـاچ کـەم، مـەلا چـەندەت باس دەکا، کتێبی تـۆی بەقاچـاخی وەگـیر کـەوتبوو هـەر بەشـەو دەیخوێنـدەوە، ئەگەر لەسەر رادیۆ قسەت دەکرد مەلا دەگریا، دەیگوت پێکەوەمان خوێندووە.

مـەلا ژن چـۆوە ژووری و مـەلا بـرایم هاتـەوە، پێیـان گوتبـوو کـێ میوانـە، هـەر لەدەرەوە ڕا دەستی پێ کرد:

– دەک خولّا بەخێرت نەهێنێ، هاتیەوە ئێرەشت تێکدا، جا بزانە لەچ وەخێکدا لێم میوان دەبی، لەگەڵ ئەو قسانە وەژوور کەوت و دەستی کـردە ئەسـتۆم و دەسـتی

کرد بەگریان و گوتی: (ئەرێ بۆ وامان لێ هات؟ دوو شەوە خەو لەچاوم ناکەوێ، ئەو خەڵکە چی بەسەر دێ؟

– ئەو شین و گریانەی ناوێ، خەڵکیش چی لێ بەسەر نایە، بەگونی مەلای دا دەڕین، دڵت نەتۆقێ شەڕ دەکەین کوردستانیان لێ دەکەینە جەهەندەم، ئێوەش لەسەر بەرماڵ لەکونجی مزگەوت بەملی شکاوتان هەر دوعامان بۆ بکەن.

ئەمجار کەوتینە چاك و چۆنی و قسەی خۆش و یادی سەردەمی منداڵی، گوتم: (رۆژی گریان نییە، خۆت مەکە جل و پەڵاس، خەڵکی گوندی کۆوەکە، چەند کەسی چالاك دیاری بکەن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پێشمەرگە، ئەگەر پێشمەرگە هاتن پێداویستیان هەبوو، یارمەتیان بدەن، ئەم خەڵکەی ڕای کردووە، ئەگەر بێنە ئێرە، جێگا و خواردەمەنیان بۆ دابین بکەن، لەسەد نوێژ خێری پترە).

دەستی کرد بەپرسیاری سەیر و مەلایانە و قسەی خۆش، نانێکی باشیان ساز کردبوو، نانمان خوارد و کەوتینەڕێ، لەگوندی میرەدێ لەسەر ڕێگا لەبەر دەرگای مااڵێك ڕاوەستاین داوای دۆمان کرد بخۆینەوە، میرە دێ پڕ بوو لەماڵە سابلاغی، نازانم چۆن بەو دوو ڕۆژە ئەو هەموو عالەمە گەیشتبوونە ئەم گوندە، لەبەرامبەر ئەو ماڵەی دۆیان بۆ ئێمە دەهێنا شێری ئاو هەبوو، ژنی لێ هاڵابوون، لەنێو ژنەکان یەك بانگی کرد: (ئەرێ ئەوە کاك کەریمی حسامی نییە؟) کەریم بێژەن گوتی: (بەڵێ ڕاست خۆیەتی)، غاری دا هاتە پێش، گوڵخاتر، کیژی وەستا عەبدولخالقی ئاسنگەری خەڵکی نەغەدە، بەخێرهاتنی کردم و پرسیم: (لێرە چ دەکەی؟).

– هەڵاتووین، خزمان هەیە لێرە، فەرموون لادەن، ماسیمان هەیە، ئێستا سازی دەکەین.

– سوپاس وەختی لادان نییە، ئێستا لەبەرەجۆ نانمان خواردووە و دەبێ بڕۆین.

– نابێ، بەقوربانت بم دەبێ هەر لادەن... ئامینیش لێرەیە.

– ئامین بۆ لێرەیە شوێ نەکردووە؟

– ناوەڵا شوێ چی.. ئەوەی ئامین دەیەوێ هێشتا لەدایك نەبووە، هەر دەبێ لادەی، ئامین بزانێ بێرەدا هاتووی لات نەداوە چەند ناڕەحەت دەبێ.

کاك ئۆمەر دیسان هەزارجار یادی بەخێر لەسەرەخۆ گوتی: (بەخوڵای ناڕۆی، دەبچۆ ئامینیش ببینە)، بوو بەپێکەنین، گوڵخاتر گوتی: (فەرموون دەبێ هەموتان بێن چایەك بخۆنەوە)، ناچار چووین بۆ ماڵەکە، گوڵخاتر لەبەر دەرگا بانگی کرد: (کچێ ئامین وەرە ئەوەتا کاك کەریم لێرەیە)، گەیشتینە بەر دەرگا ئامین هاتە دەر، دێتن و تێك هەڵەنگوتن و تێك روانینمان هەزار بیرەوەری لێ دەباری، ئامین وەختێ خۆی کێژێکی لەرادەبەدەر جوان بوو، بەتەما بووم بیخوازم، بەڵام زیندان و دەربەدەری دووری خستبوومەوە، نەمزانی ئەو کێژە جوانە بۆ ماوەتەوە و شووی نەکردووە، چاك و خۆشیمان کرد و چایەکمان خواردەوە و کەوتینەڕێ.

کەچووینە گوێچکەدەرێ، چ بچین، ئەم گوندە ببووە بنکە و پێگەیەکی گەورەی نیزامی، بەدەیان لۆری کەلوپەلی عەسکەری لەوێ هەڵڕژابوو، مەلا محەمەد لەپادگانەوە هەرچی توانیبووی ناردبوویە گوێچکەدەرێ، سەرگورد عەباسی رەحمەتیش لەکێتکە بنکەی دانابوو ئەویش هات، بەیانی نامەیەکی دکتۆر قاسملۆ هات، نووسیبووی: (کاك کەریم لەهەر جێیەك بێ، ئەگەر بۆ چەند سەعاتیش بێ پێویستە سەرێکمان لێ بدا)، ئیتر زانیمان کە دکتۆر و برادەرانی دەفتەری سیاسی لەکوێن، دانیشتین. پاش لێکۆڵینەوە و باسی بارودۆخ هاتینە سەر ئەو بڕیارە: کەکەلوپەل و ئامرازی عەسکەری هەرچی لەوێیە، بۆ لای سەردەشت و کاوڵان و

کوران بەڕێ بکرێ، پێشمەرگە هەرچی ئامادەیە و هەرچی لەمەودواش دەگاتێ، لەکیتکە و لەگوێچکەدەرێ بمێننەوە تا من لەلای دکتۆر دەگەڕێمەوە.

ڕۆژی ٧٩/٩/٥ دوای نیوەڕۆ درەنگ لەگەڵ کەریم بێژەن و مەلا قادری لاچینی بەرەو سەردەشت کەوتمەڕێ، تاریکدا هاتبوو گەیشتینە سەردەشت، چووینە ڕێکخراو، مەلا حەسەنی ڕەستگار بەرپرسی ڕێکخراوی سەردەشت بوو، بەڵام لەوێ نەبوو، ملی ڕێگامان گرت بۆ بێوران، لەنێزیک بێوران تەماشام کرد سندوقە گوللە و قۆرخانە و کەلوپەلی نیزامی بێ خاوەن و بێ سەرپەرشت لەبن داران و لەمبەر و ئەوبەری جادە فڕێ دراون، شۆفێر هێناویانن نەکەس هەبووە وەریانگرێ، نەئەوانیش زانیویانە چییان لێ بکەن، لەو دەشتە هەڵیان ڕشتوون، هەرچی بەرپرس و کادری سیاسی و نیزامی بووە لەمەهاباد هاتۆتە دەر و تێیان تەقاندووە بۆ سەردەشت و لەوێشەوە بۆ بێوران و لەوێش گیر نەبوون بۆ بن وخەڵێف.

ئێمە ڕێگای بنوخەلێف شارەزا نەبووین، پێمان وابوو ئەویش وەک بێوران لەسەر جادەیە، بەرقەی ڕێگادا دەمانکوتا، شەوە، نەچرایەک نەئاوەدانیەک، لەپڕ گەیشتینە سەر سنور، ئەودەم زانیمان ئەوە جادەی ئەرتەشی زەمانی شا بووە بۆ بەردەپانی سنووری عێراق، حکومەتی ئێران وەختی خۆی لەوێوە قەڵادزە و پژدەری تۆپباران کردووە، ڕاوەستاین کەمێک دوورتر دیتمان لەپێش ئێمە چەند ماشێن وەستاون، دابەزیم لێیان چوومە پێش، دەبینم ئەوە حەسەنی بلوریان و یوسفی ڕێزوانی و یەک دوو کەسی تر خێزان و کچەکانی غەنی بلوریان و ژن و منداڵی یوسفی ڕێزوانی و یەک دوو ماڵی دیکە بۆ عێراق دەبەن، ئیتر ئاگرم گرت، زۆر بەتوندی بەسەریاندا هاتم گوتم: کێ گوتوویە ژن و منداڵ بۆ عێراق بەرن، ئەگەر کادر و بەرپرسی حیزبی ژن و منداڵ ڕاگوێزێ، ئەدی خەڵکی تر چ بکا؟ خەڵک چمان پێ دەڵێ؟ دەبێ ئێستا بگەڕێنەوە.

ئێمە گەڕاینەوە بەلاڕێیەکدا کەماشێن بەحاڵ دەردەچوو، لەدوور رووناکاییەک پەیدا بوو، کەچووین تاقە ماڵێک لەو کێوە چرای دایسا، لێمان وەدەرکەوتن، ڕێگای بنو خەڵێفمان پرسی، کابرا گوتی: (ڕێگای ماشێن نییە، بەم شەوە ڕێگای پیادەش دیار نابێ، باشترە ئەمشەو لێرە بن، بەیانی یەکتان ماشێنەکە بەرێتەوە، ئەوانی دیکەش بەپێیان بچنە خوارێ دەگەنە بنوخەڵێف.

شەو لەو ماڵە ئاوەدان و بەڕێزە ماینەوە، وای ئەم خەڵکە زەحمەتکێشە چەندە فیداکار و دڵسۆز و بەئەمەکە، لەبەرانبەردا بەشی هەرە زۆری ڕێبەرە سیاسیەکانیش لەئاست ئەم خەڵکە چەندە بێ وەفا و قەدر نەزان و لووت بەرزن، بەیانی زوو نان و چایەکمان خوارد، کەریم بێژەن ماشێنەکەی بردەوە بۆ بێوران، من و مەلا قادری لاچینیش بەلاڕێدا داپەڕینە خوارێ و لەپڕ لەدۆڵێکی قوڵدا بنوخەڵێف وەدەرکەوت، چووینە خوار، هەر لەپێشەوە چایخانەیەکی گەورە و دەوروبەری مزگەوت هەر زمەی دەهات، پڕ بوو لەهەڵاتووی لای مەهاباد، نازانم ئەو هەموو خەڵکە چۆن گەیشتبوونە ئەم کەژ و کێوە، چەند کەس لەئەندامانی کۆمیتەی شارستان لەچایخانەکە بون، کەچاویان بەمن کەوت هاتنە پێش، گوتم: (ئێرە کۆنە دێیە؟ بڕیار وانەبوو لەکۆنە دێ کۆبینەوە؟) خەریك بوون دەست بکەن بەهێنانەوەی شێر و ڕێوی، گوتم: لێرە باسی هیچتان لەگەڵ ناکەم، لەکۆنە دێ قسەی لەسەر دەکەین، ئێتر لەسەریان ڕانەوەستام، چوومە لای برادەرانی دەفتەری سیاسی لەگەورە ماڵێکی گوندی، کەچووم مامە غەنی و کاك حەمەدەمین و کاك ئەمیری قازی لەوێ بوون، دکتۆر چووبووە مزگەوت هاتەوە، هێشتا قاوەڵتیان نەخواردبوو، نانمان خوارد و دەورەمان چۆڵ بوو دەستمان کرد بەقسان، گوتم: (بەخۆڕایی گەیشتوونە ئێرە، لەدەوروبەری مەهاباد جێگای قایم هەبوو، دەکرا بمێننەوە. ئەو هێزەی هاتۆتە شار ئەوە نییە کەمەیدانی بۆ چۆڵ

بکرێ، بێجگە لەوە ئەو هەموو عالەمە بۆ لێرە کۆبۆتەوە، هەرچی هات رووەکاتە ئێرە، ئێوە دەبێ دەورەتان چۆڵ بێ، ئەو هەڵاتو و بەڕەڵایانە وەدەربنێن با بڕۆنەوە بۆ جێگای خۆیان، ئەو کەسانەی لەدەورەتان بن کەپێویستە هەبن.

دکتۆر وەزعی شاری پرسی ئەوەندەی دەمزانی بۆم باسکردن و گوتم: پێویستە نەخشەی بەربەرەکانی بکێشرێ، بۆم دەرکەوت هێشتا نەهاتبوونەوە سەرخۆ و جارێ هیچ نەخشەیان نەبوو، ئەوەندە نەبێ، بڕیاریان دا من بگەڕێمەوە بۆ دەوروبەری مەهاباد و هەموو رۆژێ برادەران لەوەزعی شار و ناوچە ئاگادار بکەم.

پاشان بەمامە غەنیم گوت: بۆچی خێزان و منداڵەکانت بۆ عێراق دەنێری؟ ئەوە کارێکی زۆر ناحەزە، خەڵك چمان پێ دەڵێ؟ گوتی: ئاگام لێ نییە، حەسەن وای کردووە، لەکاتێکا کاك حەمەدەمین دەیگوت مامە غەنی خۆی ناردونی و نامەشی لەگەڵ نووسیون کەئاگاداریان بکرێ.

ئیتر من رانەوەستام و گەڕامەوە، لەسەر بستوێ بنو خەڵیف هێندێ ماشێن راگیرابوون، نەمزانی سویچم لەکێ وەرگرت یا کێ هات بمگەیەنێتە بێوران، بەڵام کەوتینەڕێ زۆر نەڕۆیشتین ماشێن پەنچەر بوو هیچمان بۆ نەکرا، بەجێمان هێشت بەپێیان و بەلاڕێدا کەوتینەڕێ، رەحمانی حاجی ئەحمەدیش لەگەڵ من دەهاتەوە، بەڵام نەمزانی ئەو بەرپرسەی تەشکیلاتی نەغەدە بۆ گەیوەتە بنو خەلیف و ئێستا دەچێتە کوێ و بۆچی دەوروبەری رێبەرایەتی چۆڵ دەکا؟ لەبێوران لێم بزر بوو، پاش ماوەیەك لەئاشی پشکاوێ دیتمەوە.

ئێمە دەهاتین و فانتۆمەکان بەسەرمان دا دەسوڕانەوە دووڕتر لەئێمە یەك دوو راکێتیان لەکۆنە پۆستێکی ژاندارمەری دا و ئاگر و دووکەڵ بەرز بۆوە و بەسەر ئێمەدا دەگەڕانەوە، لەپەنا دارێك راوەستاین، مەلا قادری لاچینی خۆی دەبن

پنچـکه گـەڵ و گـوێنی رادەکـرد، بـۆم دەرکـەوت ئـادەمیزاد ئەگـەر ترسـا لەکەرۆێشکیش چووکتر دەبێتـەوە. دەنگم دا گوتی: لـەو نێو دارنـەدا کێ ئێمە دەبینێ، تۆ بۆچی وا خۆت دەبن ئەو دڕوانە رادەکەی؟

هـاتین تووشـی بێسـتانێك و خـەرمانێکی بـووین لامانـدا، لـەوێ بووینـە میـوانی جوتیارێکی زەحمەتکێشی بەشەرەفی کورد، گورج چای سازکرد تەماتە و خەیاری هێنا، ماستاوێکی خەست و ساردی دروستکرد، نانی وا بەتام و چێژ هەر لەلای ئەم زەحمەتکێشانە دەستدەکەوێ، بـرای جوتیـار دەسـتی کـرد بەپرسـیاران و منـیش وەڵامم دەداوە، ئاخرەکەی گوتی: (خودا بۆ خۆی دەزانێ کەیفی خۆیەتی).

گوتم: (شێتێك بەنێو شاردا منداڵی کەوتبوونـە دوو، بـەردیان پێـدا دەدا، سـەگیان تـێ بـەردابوو ئـەویش رایـدەکرد، کابرایـەك تووشـی بـوو، لێـی پرسـی تـۆ خـودای دەناسـی؟ شـێتە گـوتی: (بـۆ ناینناسـم ئـەوە منـداڵی وەدوا خسـتووم، سـەگی تێبەردەوام، ئەو پەندەی بەسەر هێناوم، خودا خۆیەتی)، ئێستا ئـەو خودایـەی تـۆ دەڵێی خۆی دەزانێ و کەیفی خۆیەتی هەر ئەو تووشی ئەم رۆژەی کـردووین)، زۆر پێکەنی و بەخۆشی مانّاوایمان لێ کرد، هاتینە قاوەخانەی بێـوران، کـەریم بێـژەن لەوێ چاوەڕوان بوو، سوار بووین هاتینەوە سەردەشت، شەو چـووینە مـاڵی مـیرزا کەریمی زاوای وسێن مەراغـەیی، دەسـت بـەجێ جلـەکانیان بـۆ شوشـتم و چـوومە حەمام و هاتمەوە سـەرخۆ، بـەیانی رۆژی ۷۹/۹/۷ لەسەردەشتەوە گەڕامـەوە بـۆ گوێچکەدەرێ، کەچـووم مـەلا سمایـل و سـەید حەسـەنی هـاشمی و کـاك ئۆمـەر و سەرگورد عەباسی و مەلا محەمەدی جوانڕۆیی و کەریم خاڵدار و هێندێ سـەرپەل و پێشمەرگە لەوێ کۆببوونەوە.

پێش من جەلالی حـاجی حوسـێن و کـادرێکی حیزبـی سۆسیالیسـت بـەناوی مـلازم کەمال کە یەك دوو ساڵ پێشتر لەمەهاباد بوو لەگەڵ برادەرێکـی دیکـەیان بـەناوی

شوان هاتبوونە گوێچکەدەرێ پێش ئەوەی باسەکەمان لەسەر بارودۆخی رۆژ دەست پێبکەین داوامان لە برادەرانی کوردی عێراقی کرد کەئێجازە بدەن ئێمە کۆبونەوەی خۆمان دەست پێبکەین ئەوان چوونەدەر و ئێمە دەستمان کرد بە هەڵسەنگاندنی وەزع و دۆزینەوەی رێگای تێکۆشان پاش هێندێ وتووێژ رووبان دەمن کرد کەرای خۆم دەربڕم گوتم لەباری تەشکیلاتیەوە ناتوانم لێرەدا باسی هیچ بکەم، ئەوەی پێویستە لەسەری ساخ بینەوە بەشی نیزامی و پێشمەرگە و پاراستنی چەک و چۆڵ و کەلوپەلی عەسکەرییە، هەروەک لەگەڵ برادەرانی دەفتەری سیاسی باسکراوە، کاك سەرگورد عەباسی لەگەڵ هێزی خۆی پێویستە لەکیتکە بمێنێتەوە، مەلا سمایل حاجی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بە (داغەدا) بپەڕێتەوە بچێتە سێڵەکە و ماسودایماو، مەلا رەسوڵ دەگەڵ کاك سەید حەسەن بچنە کاولان و کۆران و لەم ناوەیە بن، مەلا محەمەد تا ئێرە سووك دەکا هەر لێرە بێ و پاشان بپەڕێتەوە بۆ لای دەفتەری سیاسی، منیش دەچمەوە دەوری مەهاباد، جێگای خۆمتان پێ رادەگەیەنم کەلەکوێ دەمێنمەوە، بەگشتی ئەم بڕیارە پەسند کرا، پاشان لەسەرگورد عەباسیم پرسی: (جەلالی حاجی حوسێن و ملازم کەمال و شوان لێرە چ دەکەن و بۆ هاتوونە ئێرە؟) سەرگورد گوتی: (ئارپێچییەك و پێنج تفەنگم داونێ دەچنەوە بۆ لای شار، ئەوانەی جاش و پیاوخراپن تەمبێیان دەکەن).

گوتم: کاك سەرگورد کارێکی باشت نەکردوە، دەبوایە راوەستی تا من دێمەوە، پاشان بۆچی برادەری کوردی عێراقی بچێ لەمەهاباد جاش تەمبێ بکا؟ ئێمە بۆچی هەر لەئێستاوە وشەی جاش دەخەینە سەر زار و زمانان؟ بێجگە لەوە ئەگەر جاش و پیاو خراپ لەمەهاباد هەبێ، بۆچی خۆمان تەمبێی ناکەین؟ برادەران تێکڕا پشتی قسەکانی منیان گرت، گوتم: کاك جەلال و ملازم کەمال بانگ

کـەن بێنـە ئێـرە، کەهاتنـە ژوور پرسـیم: (کـاك جـەلال ئێـوە چ دەکـەن و پێشمەرگەکانتان لەکوێن؟).

گـوتم: (ئێمـە هێنـدێ لەپێشـمەرگەکان لەگـەڵ سـەید سـەلیم دەنێرینـەوە بـۆ لای سەرکردایەتی، لەگەڵ کاك سەرگورد قسەمان کردوە، من و مـلازم کـەمال و شـوان لەگـەڵ یـەك دوو پێشـمەرگەی بـەکار دەچـینەوە لای مـەهاباد، خـەڵك دەناسـین دەزانین کێ جاشە و لەگەڵ حکومەت هاوکاری دەکا، شەو لێی وەژوور دەکەوین یا دەیکوژین یا پارەی لێ دەستێنین، لەمەودوا پێشمەرگە پێویستی بەپارە دەبێ).

گوتم: (کاك جەلال یەکەم، لێرە وەك بەرپرسـی حیزبـی مـن بڕیـار دەدەم، دووەم ئێمە لەمەهاباد جاشمان نییە، هەر لەئێستاوە ناوی جاش بەسەر خەڵکدا نـابڕین، کەسیش ناکوژین، پـارەش لەکـەس ناسـتێنین، بێجگـە لـەوە ئێمـە خۆمـان خـەڵك باشتر دەناسین، دەزانین کێ دەبێ تەمبێ بکـرێ، خـۆت دەزانـی ئێستا بـۆ ئێمـە چەك لەپارە پێویسترە، تکایە ئەو چەکانەی وەرت گرتوون بماندەنـەوە، لـەجیاتی ئەوە بچنە مەهاباد بچنە رێگای نێوان بانـە و سەردەشـت کەبیسـتوومانە ئەرتـەش خەریکە بەرەو سەردەشت بێ، یارمەتی بەئێمە ئەو کارەیە).

جـەلال گـوتی: (ئێمـە دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ لای سـەرکردایەتی)، چـەکەکانمان وەرگرتـەوە، بـەڵام تفـەنگێکیان هـەر بـرد، نامەیـەکم بـۆ دکتـۆر قـاسملۆ نووسـی کەبەبرادەرانی کوردستانی عێراق رابگەیەنێ، زۆر سوپاسیان دەکەین لەمـەودوا بـا یارمەتیمان بۆ نەنێرن.

ئەوان رۆیشتن، خەریك بووین پـەلێك پێشـمەرگە لەگـەڵ کـەریم خالّدار بنێـرین بـۆ رێگـای نێـوان بانـە و سەردەشـت، خەبـەریان هێنـا کەئەرتـەش گەیشـتە نێـو

سەردەشت و پردی رەبەتیش گیراوە، ئەمجار دەبوایە گورجتر ئەو پێگەیە سووک بکرێ.

لەشەڕی کۆسەکەرێزی فەقی ئەحمەدی بۆ حاجی بایزی گیرابوو، حاجی بایز هاتبوو تکای دەکرد کەوا بکەین براکەی لەگەڵ چەند پاسدار بگۆڕینەوە، نامەیەکم بۆ ئاغای فازیلی جێگری فەرماندەری مەهاباد و نامەیەکیش بۆ مامۆستا مەلا رەشیدی قەرنی زادە کەلەگەڵ دەوڵەت یەک بوو نووسی و داوام لێکردن کەبکەونە وتووێژ بۆ گۆڕینەوەی چەند پاسدار لەگەڵ فەقێ ئەحمەدی برای حاجی بایزی.

دوو کێژی مەهابادی مامۆستای قوتابخانە رایان کردبوو، بانگم کردن رازیم کردن بگەڕێنەوە نێو شار و لەشاردا کار بکەن، هەریەکەی ناوێکی (ساختە)م بۆ دانان و ناوێکی ساختەی خۆشم بۆ نووسین کەپێوەندیان پێوە بگرم و بڵێم چ بکەن، وەک هەوەڵین ئەرک پێم ئەسپاردن کەهەوڵ بدەن تاپێکی نووسین و هێندێ کاغەز لەئیدارەی فەرهەنگ یا مەدرەسەکان بێننە دەرێ بۆ کۆنەدێ، گوتم: بەیانی بچنە کێتکە سواری ماشێنی سەردەشت بن و بچنەوە نێو شار، وسێن مەراغەیشم لەگەڵ هێندێ نیشان و رەمزی پێوەندی بەڕێ کردەوە بۆ مەهاباد.

نیوەشەو تێپەڕی بوو برادەران خەریک بوون بڵاوەیان دەکرد و هەرکەس بۆ شوێنی خۆی دەچوو، من هەستام گوتم: کێ لەگەڵ من دێ با ئامادە بێ بڕۆین، کەس نەبوو دەست هەڵێنێ، کوڕێکی تازە پێگەیشتووی مەنگوڕ بەناوی محەمەد کەلەشەڕی کۆسەکەرێزی پیاوانە خۆی دەربباز کردبوو، گوتی: من لەگەڵ خۆت بەرە، بەڵام تفەنگم نییە، کوڕێکی ژیر و چالاک و روح سووک، تفەنگێک و چەند دەراخ فیشەکم بۆ لەمەلا محەمەدی جوانڕۆیی وەرگرت و دامێ، دیتم کاک ئۆمەر دیار نییە، بەکەریم بێژەنم گوت: کاک ئۆمەر چی لێهات؟ گوتی: (ها لەوێ لەسەر بەردێک دانیشتووە).

– بچۆ پێی بڵێ بێ با بڕۆین.

چوو ماتەوە گوتی: (کاك ئۆمەر دەڵێ من نایەم، ئێستا کەس نایەتەوە بۆ لای مەهاباد، تۆ بەتەنیا دەچیەوە چ دەکەی؟).

– بەتەنیا نیم، ئەوە نییە تۆم لەگەڵی و محەمەدیش و کاك ئۆمەریش گاڵتە دەکا هەر دێت، ئێمە نابێ شار بەجێ بێڵێن، ئابڕوچونە، چوومە کن کاك ئۆمەر و گوتم: (ئەوە بۆ دانیشتووی؟ شەو درەنگە دەبێ بڕۆین).

– بۆ کوێ؟ خۆت شێت کردووە ئەوە هەموو کەس بۆ عێراق و بۆ لای سەردەشتێ خۆ دەکوتێ، تۆ دەچیەوە لای شار چ دەکەی؟

– هەستە با بڕۆین، ئەوانەی بۆ عێراق و سەردەشت خۆ دەکوتن با بڕۆن و نەیەنەوە، ئێمە دەچینەوە لای شار، پێوەندی دەگرین، مات و بێدەنگی دەشکێنین، خەبات هەر وایە هەوراز و نشێوی هەیە.

– هیچت لەگەڵ ناکرێ، با بڕۆین بزانین چ دەکەین.

کاك ئۆمەر هەستا و سواری جێبە شڕەی ئەرتەشی بووین و لەکێتکە تێپەڕین، ماشێن راوەستا تاریکەشەو هەرچی کردمان هەڵنەبوو، کاك ئۆمەر گوتی: (هێندێ خزمی ئاغامان لێرە هەن، با بچین بزانین یارمەتیمان دەدەن؟ یان چونکە ئاغان یارمەتی ئەوانت ناوێ؟!) چوویە نێو گوندی مااڵ ئاغامان دیتەوە، لێمان وەدەرکەوتن فەرموون و بەخێرهاتنێکی پیاوانە، گوتمان نایەینە ژوور، ماشێنمان پەکی کەوتووە دەمانەوێ بەماشێنی خۆتان بمانگەیەننە (خەڵدەلیل و پیر میکایل)، کورێکیان وەك پیاوان گورج ماشێنی هەڵکرد و سوار بووین، سێسەد فیشەکی تاپڕم لەمەلا محەمەدی وەرگرتبوو بۆ حاجی عەولای قازی ئەویشمان لەبیر چوو، لەنێزیك پیرمیکایل، ئیتر ماشێن دەرنەدەچوو هەموو بەردەاڵن و

کوێرەڕێ، ناچار ئێمە دابەزین و بەپێیان کەوتینەڕێ و ماشێنەکە گەڕایەوە، تازە بەیانی بەردەدا گەیشتینە نێو گوندی، کاك ئۆمەر گوتی: (دەچاکە... ئەوە چوویەوە مەهاباد، ئێستا بەو بەیانە کەس لەخەو رانەبوە دەچیە کوێ؟).

– راست دەچمە مالّی مەلا، کەسیش رانەبووبێ، ئەو لەبەر نوێژێ هەر هەستاوە، چووینە مالّی مامۆستا تازە لەخەو هەستابوو، بەخێرهاتنی کردین بەلاّم دیار بوو ناچاری بوو، چووینە ژوور. ئەگەر چووین چوار برادەری چەکداری کۆمەلّە رایان کردبوو لەمالّی مەلا لێی نووستبوون، لەو ماوەیەدا کەوەزعی شار ئالۆز بوو لەفەرمانداری کۆبوونەوە هەبوو، باسی بەرگری و بەربەرەکانی دەکرا، چاوم بەیەك ئەندامی چەکداری کۆمەلّە نەکەوتبوو، ئێستا ئەوە لەمالّی مامۆستا چوار برادەری کۆمەلّەم دەدیتن.

مامۆستا زۆری بەخێرهاتن کردین، نان و چایان ساز کرد، لەسەر نان خواردن بووین سەیدێکی ریش سپی قسەخۆش ماشەلاّ نێوچاوان نورانی و ژیر و قسەزان وەژوور کەوت، پاشان زانیمان ئەوە سەید حەمەدەمینە و لەنێو خەلّك و لەناوچەدا بە (سەید تەشقەلّە) ناسراوە.

سەید و مەلا کاك ئۆمەریان ناسی، لەرادەبەدەر بەخێرهاتن و ئیحترام تازە کرایەوە، زۆریان گوێ نەدا من، پاشان پرسیاری منیان کرد، گوتم: منیش وا لەخزمەت کاك ئۆمەری دام، تۆزێ مات بوون، گوتیان کوڕە دەنگی تۆمان لەرادیۆ بیستوە، سەید گوتی: کوڕە دەلّێی چی؟ دوێنێ شریتی دەنگی تۆیان بۆ هێناوم کەلەفەرمانداری قسەت کردووە، کوڕە تۆ کەریمی حسامی نەبی؟) کاك ئۆمەر گوتی: (ئەدی ئەو نەبێ کێ بەو بەیانەی وەسەر مالاّن دەگەڕێ و خەو لەخەلّك حەرام دەکا؟!!).

ئـەو جـار مامۆسـتا: (کـوڕە بـەئاوات بـووم رۆژێـك چـاوم پێـت بکـەوێ یـاخوا بـەخێرهاتی، برایـانی کۆمەڵـە نـان و چـایان خـوارد و رۆیشـتن، ئێمـەش چـووین لەژوورێکی خاوێن لێی نووستین.

کەهەستاین لای نیوەڕۆ بـوو، مـاڵی مامۆسـتا رەبـی بەخانـەی خـودای بـێ، نـان و چێشتێکی گەلێك بەتام و چێژیان ساز کردبوو، نان و چامان خوارد و قسە و باسی خۆشمـان دامەزرانـد، لـەپڕ کـوڕە لاوێکـی رەنـگ پیاوانـە و گـورج و گـۆڵ وەژوور کەوت، پاش بەخێرهاتن و دانیشتن گـوتی: (مـن کـوڕی سـەید حەمـەدەمینم، بـابم نـاردوومی دەیگـوت دەبـێ تەشـریفیان بێتـە ئێـرە)، هەسـتم کـرد مامۆسـتا ئـەو خەبەرەی گەلێك لەئێمە پێخۆشتر بوو، هەستاین چووینە گوندی (عەینەمەلا) مـاڵی سەید حەمەدەمینی.

عەینە مەلا مالّی سـەید حەمـەدەمین و دوو مـاڵی تـری لێ بـوون، گونـدێکی لاپێ و چەپەك، لەبن چیایەکی رژد و بـەردەڵان و جـێ حاشـارگە، هـەر لـەنێو بـەردەکانی پشـت گونـدی سـەدان کـەس دەتـوانن خـۆ بشـارنەوە و کـەس نەیاندۆزێتـەوە، دەیـانگوت: لـەرژێمی شـادا مـەکۆی قاچاخچـیان بـووە و هـەر لـەوێ خۆیـان شاردۆتەوە، ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی ئێمـە دەکـرا سـاڵێك لـەو گونـدە خـۆ وەشـێرن و نەگەنـە بنـو خـەڵێف و ئاشـی پشـکاوێ، کەچـووین، چ مـاڵ؟ مـاڵێکی ئاوەدان، دیوەخانی فەرشکراو، سەماوەر هەر هاژەی دەهات و پڕ لەدەستە نوێن، ئەوەندەی خوا حەز بکا سەید حەمەدەمین روو خۆش و قسە خۆش و دڵ ئاواڵـە و میوانگر، مـاڵ و منداڵی بەتێکڕایی کانگای ڕێز و موحیبەت و رووخۆشی بوون، شەو لـەوێ بـاش حەسـاینەوە، بـەیانی زوو بەکـەریم بێـژەنم گـوت: (پێویسـتە بچـیە کۆتەدێ، لەوێ لەگەڵ کاروانی ماست و دۆفرۆشـان بچـیەوە نێـو شـار، ئـادرەس و رەمزی پێوەنـدی کچـەکانم دایـە و نامـەم بـۆ یـەکیان نووسـی، دەبوایـە تایپێـك و

کاغەزی رۆنیۆ پەیدا بکەن و بیگەیەننە دەرێ، زۆرم بیر خستەوە کەنابێ بەبوون و نەبوون پتر لەدوو رۆژی پێ بچێ، کەریم وەك تێکۆشەرێکی ئازا گیر نەبوو کەوتەڕێ، ئێمە ماینەوە کوڕێکی سەید حەمەدەمینم نارد بۆ قزڵجەی خوارێ مالّی کاك وسینی حەمە شێخەی، پێش دەرکەوتنم لەشار کیفێکی دەستیم پڕ کردبوو لەنووسراوە و سەنەد و بەڵگەی حیزبی دابووم بەکاك وسێن بیانبا بۆ قزڵجە و لەبەر دەست نەبن، چوو کیفەکەی هێناوە، بەڵام کاك وسێنیش بۆ دڵنیایی کوڕێکی خۆی لەگەڵ ناردبوو، مالّە سەید حەمەدەمینی ئیتر بوو بەدەفتەری تەشکیلات، دوو رۆژی پێ نەچوو کەریم بێژەن گەڕایەوە، تایپ و کاغەزی هێنابوو، دەستمان کرد بەنووسینی بەیاننامە و لەسەر کاغەزی رۆنیۆ تایپمان کرد، کەریم بردیەوە بۆ شار کەرۆنیۆ بکرێ و بەجوانی بەیەك شەو لەهەموو گەڕەك و کۆڵان و شەقامی شاردا بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی ١٩٧٩/٩/١٠ بەبۆنەی پەلامار و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەیاننامەی لەچیا بڵاو کردبۆوە، تەشکیلاتی شار هەوەڵین بەیاننامەی حیزبی ٩/١١ لەسەرانسەری شاردا بڵاو کردەوە، لەبەیاننامەکەدا داوا لەخەڵك کرابوو: دژی دوژمنی داگیرکەر پێویستە هەموو چەشنە خەباتێك بەکار بێنین، نابێ بێڵین داگیرکەر لەمەهاباد بحەسێتەوە و خەو لەچاوی بکەوێ، قوتابیانی شار کوڕ و کیژی لاو لەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەدا دەوری گرنگیان یاری کرد، دوو کیژ کەبەداخەوە ناکرێ ئێستا ناویان بێنم نەکا ئەم بەرگە بڵاو بێتەوە و رژێمی دژی ئیسلامی لەئێران هەر بمێنێ، لەپێوەندی و هاتوچۆ و هێنانی خەبەر و بردنی نامە بۆ شار دەوری قارەمانانیان هەبوو، هیوادارم بارودۆخێکی ئاوا بخوڵقێ کەبەخەڵکیان بناسێنم و لەخەڵك پاداش وەرگرن، نەك لەحیزبی دیموکرات، چونکە بۆ حیزبی دیموکرات

فیداکاری و خزمەت بەگەل و نیشتمان ئەوەندە جێگای بایەخ نەبوو، ماستاوکردن و ریایی و مەرایی و دوو زمانی بڕەوی پتر بووە.

من کەریم بێژەنم راسپارد لەکۆنەدێ ئادرەس و جێگای من بەحاجی بڵێ و ئەو کەسانەی بڕوایان پێ دەکا پێیان رابگەیەنێ.

دوو ڕۆژ پێ نەچوو هەروەك بۆنیان کردبێ دەورەم پڕ بوو، مەلا ڕەسوڵ بەماشێنێك چەکدارەوە پەیدا بوو، بەدوای ئەودا مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بەماشێنێك پێشمەرگەوە پەیدا بوو، ئیتر ماڵە سەید حەمەدەمینی بوو بەبنکەی پێشمەرگە و دەفتەری حیزب، ئەو پێشمەرگانەی بڵاو ببوون، نازانم چۆن زانیبوویان کەمن لەو کوێرە دێیە و لەو بن شاخەم ڕوویان دەکردە ئەوێ و میوان بوون، گورج بەڕێم دەکردن بۆ لای سەرگورد یا مەلا ڕەسوڵ یان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی، پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکانی تەشکیلاتی مەهاباد، بزوتنەوەیەکی هەراوی دژی حکومەت لەنێو شار دەست پێکرا، وەك... جنێو بەپاسداران، شت پێ نەفرۆشتن، نووسینی دروشم لەسەر دیواران و...هتد، ناکرێ وەبیری نەخەمەوە دوو کەس لەکێژەکانی ناو شار نامەیان نووسیبوو داوایان کردبوو کەسندوقێك نارنجۆکی دەستیان بۆ بنێرم، لەهەلومەرجێکی ئاوادا پێویست بوو لەشار نێزیکتر بمەوە، ماوەیەکیش ماڵە سەید حەمەدەمینیش بەجێ بێڵم با لەدەست میوانان پشوویەك بدەن و تێدا نەچن.

تراکتۆری سەید حەمەدەمینمان ساز کرد و لەگەڵ کاك ئۆمەر و محەمەدی پێشمەرگە و کەریم بێژەن چووینە وزینەرێ، هێندێ پێشمەرگەمان گلداوە و لەسەر زینوێ وزینەرێ دامان نان کەکێشك بکێشن، کەریم بێژەنم بەیەکجاری ناردەوە نێو شار، ڕۆژانە لەگەڵ کاك ئۆمەر دەچووینە دەرەوەی گوندی لەنێو شیناوەرد و بێستانی حاجی دا دەمانبردە سەر، ڕۆژێك مەلا محەمەدی جوانڕۆیی

هاتبوە لام و لەدەرەوەی گوندی دانیشتبووین، پێشمەرگەکان جێبێکی دەوڵەتیان بەچوار کەسەوە هێنا، مەعموری ئیدارەی ئیسلاحاتی عەرزی بوون لەورمێ.

لێم پرسین ئێوە چۆن هاتوونە ئێرە و لەچی دەگەڕێن؟

– بەئێمەیان گوتوە ضد انقلاب نەماوە، وڵات ئارامە، بچن سەری ئەو دێهاتە بدەن، زۆر دەترسان، گوتم: (ماشێنەکەتان لێ ناستێنم، بچنەوە بەئوستاندار بڵێن کەکوردستان هەمووی چەکدارە و ئیتر ڕوو دەو لایە نەکەنەوە، ئەوان گەڕانەوە، پێشمەرگەکان گلەییان کرد کەنەدەبا ماشێنەکەت وێ دابانەوە، گوتم: ڕاپەڕینی ئێمە بۆ ماشێن ئەستاندن و تاڵان نییە، ئێمە لەبەرانبەر ئەرتەش و پاسداردا بەربەرەکانی دەکەین، دەبێ لەگەڵ خەڵک باش بین و بەخەڵک نیشان بدەین کەچەکمان بۆ خەباتی سیاسی و بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی هەڵگرتووە، نەک بۆ ماشێن ئەستان و ڕووتکردنی خەڵک، بەداخەوە بەهەڵە چووبووم، یەکەم ماشێنی دەوڵەتی بوو، حەق وابوو نەیاندەمەوە، بەتایبەت ئەو دەم ئێمە ماشێنمان نەبوو، دووەم ماشێن دزین و ڕاو و ڕووت پاشان بوو بەکار و کاسبی هێندێ لات و سەرسەری لەکوردستان و بەداخەوە پێشمەرگە و هێندێ لەمەسئولەکانیش نەکرا خۆی لێ دوورخەنەوە، لەسەر ماشێن دزین چەند نامەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسیوە.

دوو ڕۆژ لەوزیندەرێ بووین، ئێوارەیەك غەفوری خوارزای سەید عەولای ئیسحاقی پەیدا بوو، غەفور لەبنکەی ئەمیر ئابادی سەر ڕێ میاندواو، مەسئولی پێشمەرگە بوو، لێم پرسی لێرە چ دەکەی، پێشمەرگەکان لەکوێن، چەکەکان چییان لێهات؟ لەوەڵامدا گوتی: (نەمانتوانی لەبەرانبەر تانکەکانی حکومەت خۆڕابگرین، ڕۆیشتین و بڵاو بووین و هەرکەس ڕووی دەمالّی خۆی کردۆتەوە، منیش لەگەڵ براکەم هاتووینە ئێرە، چوار تفەنگیشمان پێن، حەز دەکەم لێمان وەرگریەوە)، ناردم

تفەنگەکانمان وەرگرتەوە، پاشان چووینە کۆنەدێ بنکەی سەرەکی ماوەی شەڕی سێ مانگە.

دوای چوونەوەی کەریم بێژەن کاك کەمالی دەباغی رەوانی شاد بێ کەئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو پەیدا بۆوە، ئیتر گیر نەبوو چۆوە نێو شار و بڕیارماندا هەموو رۆژێ دوو جار خەبەری نێو شارم بۆ بنێرێ.

پاش دوو رۆژ لەشارەوە کاك کەمال خەبەری دا کەهەڤاڵدەری رۆژنامەیەکی ئینگلیسی هاتوە لەمەسئولێکی حیزبی دیموکرات دەگەڕێ)، گوتم بیهێنن بۆ ئێرە بەڵام کەسێکی دەگەڵ بنێرن کەئینگلیسی باش بزانێ، هەر ئەو رۆژە کابرایان هێنا و کاك سمایلی قازی مامۆستای زمانی ئینگلیسی لەگەڵ هاتبوو، کابرا زۆر بەدرێژی لەسەر وەزعی کوردستان و چۆنیەتی پێشمەرگە و چەك و ئازوخە و بەربەرەکانی و ناکۆکی دەگەڵ دەوڵەت پرسیاریکرد، بەگوێرەی پێویست وەڵامم دایەوە، رەسمێکی زۆری هەڵگرت و ناردمانەوە بۆ مەهاباد، خەبەری هاتنی رۆژنامە نووس و پرسیار و وەڵامەکانم نارد بۆ دەفتەری سیاسی، بەداخەوە دەقی نووسراوەکان بەدەستەوە نین تا لێرە بڵاو بکرێنەوە.

ئێوارەیەك شوانێکی خەڵکی سەید ئاوا پەیدا بوو، گوتی تیربارێکم لەسەر چیای پشتی کەلکی بەگزادان دۆزیوەتەوە و سێسەد فیشەکیشی لەگەڵە، ١٥٠ تەنم مزگێنی دایە چوو هێنایەوە، هەر ئەو تیربارە بوو کەدرابوو بەسەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن بۆ بەرگری لەجەبهەی میاندواو لێیان بەجێ مابوو.

سەفەر بۆ ئاشی پشکاوێ

دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی تەشکیلاتی مەهاباد وەرەی خەڵك بەرز ببۆوە، بەئاشکرا لەنێو شار لەگەڵ ئەرتەش و پاسدار و دوژمنایەتی نیشان دەدرا، رۆژێك

لای چێشتەنگاو مەلا محەمەدی جوانڕۆیی پەیدا بوو، ئەو هێشتا لەبنکەی گوێچکەدەرێ نەبزوتبوو، نامەیەکی دکتۆر قاسملۆی هێنا بوو، دکتۆر نووسیبووی: (بۆ دوو رۆژیش بێ، پێویستە سەرێکمان لێ بدەی)، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کاك ئۆمەر و مەلا محەمەد کەوتینەڕێ، لەوزیندەرێ خەبەرمان زانی کەپاسدار ویستوویانە بچن بۆ سەردەشت لەگوندی کیتکە بۆتە شەڕ و پێشمەرگە لێیان داون، ئێمە رێگامان بەگوندی کیتکە دابوو، نەماندەزانی داخوا کیتکە گیراوە یا پێشمەرگەی تێدایە، لەنێزیك گوندی لەنەدیو راوەستاین، مەلا محەمەد گوتی: (ئێوە لێرە بن، من لەگەڵ چەند پێشمەرگە دەچم، ئەگەر فیشەکی نورانیم هەڵدا ئێوەش وەرن، ئەگەر بوو بەتەقە ئێوە بگەڕێنەوە، من نەمدەویست مەلا محەمەد خۆی بچێ، بەڵام گوێی نەدامێ، لەوە سەرنج راکێشتر خوشکە زێنەبە رەش بوو، مەلا محەمەد پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو بەناوی زێنەب، زێنەبە رەشیان پێ دەگوت، نارنجۆك هاوێژێکی هەڵگرتبوو گورج و ئازا، هەرچەندی مەلا محەمەد گوتی: (تۆ مەیە و لای ئەوان بمێنەوە، قبوڵی نەکرد و رەگەڵ پێشمەرگەکان کەوت، ئێمە ماشێنەکانمان لەنەدیو راگرت، زۆری پێ نەچوو فیشەکی نورانی لەئاسمان تەقیەوە، ئیتر ئێمەش سوار بووین و چوینە کیتکە، کەچووین ئامبولانسێکی مۆدێرنی درێژ راگیراوە پڕ لەعەجەمی ساخ و بریندار، نۆ خوێندکاری پزیشکی لەتاران کلیلی بەهەشت لەئیمام خومەینی وەردەگرن و دێن بۆ کوردستان یارمەتی پاسداران بدەن، لەمەهاباد پاسدار پێیان دەڵێن: (رێگا ئازادە و ضد انقلاب نەماوە ئێوە بچن بۆ سەردەشت، خوێندکاری ناشارەزا لەگەڵ دوو پاسدار رێگا دادەگرن بەرەو سەردەشت کەدەگەنە کیتکە و دەیانەوێ تێپەڕن، پێشمەرگە رایان دەگرن، داوایان لێ دەکەن بێنە خوارێ و تەسلیم بن، هەرچەندی بەخۆشی پێیان دەڵێن، جواب نادەنەوە، پاسدار دەیانەوێ تەقە

لەپێشمەرگە بکەن، ئێتر محەمەد زەنگەنەی رەحمەتی لەسەر تۆپی ١٠٦ دەبێ تەقە لەئامبولانس دێنێ، مەکینەی هیچی لێ نەهاتبوو، بەڵام بانەکەی هەڵگرتبوو، سێ کەسیان کوژرابوون، دوویان زۆر بریندار بوون ئەوانی دیکەش بەنیوە گیان ئەسیر کرابوون، بەمحەمەدی رەحمەتیم گوت: (کارێکی باشت نەکردوە، تۆپی ١٠٦ دژی تانك بەکار دێ، بەڵام ئەو بەکاری هێنابوو کوشتبوونی.

دوایە بەخوێندکارەکانم گوت: ئێوە دەزانن لەکوردستان شەڕە، بۆچی هاتونە ئێرە و لەچی دەگەڕێن؟ گوتیان: (ئیمام فتوای داوە ئێمە لەرێی ئیسلامدا شەهید دەبین، تۆزێکی دیکەم دواندن بەڵکو پەشیمان بنەوە و ئازادیان بکەم، دیتم بەراستی شەڕی کوردیان پێ خەزایە و وەها دیفاع لەخومەینی دەکەن، قسەیان دەگەڵ نایە، ئێتر هەر بەئامبولانسی خۆیان بەرێ کران بۆ لای سەردەشت، ئێتر نەمزانی چوونە بەهەشت یا گەڕانەوە بۆ زیارەتی ئیمام، لەگوێچکەدەرێ کەمێك گیر بووین مەلا محەمەد قافڵەی ئامادە کرد و کەوتینەڕێ، لەکاولان سەید حەسەنی هاشمیمان رەگەڵ کەوت، سۆراغی مەلا رەسوڵم گرت گوتیان: ژن و منداڵەکانی بردووە بۆ لای عێراق، سەید رەسوڵ و مەلا رەسوڵ ژن و منداڵان بەرەو عێراق دەبەن لەدۆڵەتو هێلی کۆپتەر تەقەیان لێ دەکا سەید رەسو کوڕی مەلا رەسوڵ بریندار دەبن، ئێتر دەیانگەیەنن قەڵادزە، مەلا رەسوڵ دەگەڕێتەوە بۆ لای برادەرانی دەفتەری سیاسی و سەید رەسوڵیش جارێ بۆ موعالیجە دەمێنێتەوە

ئێمە لەگوێچکەدەرێ کەوتینەڕێ، لەشکر پردی رەبەتی گرتبوو، دەبوایە خوارتر بەلاڕێدا لەچۆمی وەپەڕین، چرای ماشێنەکان دەبوو بکوژێتەوە، کوڕەکان شارەزای رێگا بوون لەچۆمی پەڕینەوە و بەتەنگی گرژاڵ و بەمیرئاوێدا تێپەڕین و

بۆ دیوی کونە مشکێ و ئاڵوەتان تێ هەڵبووین، لەو ڕێگایە تڕێ ڕەشە عەرزی داپۆشیبوو کوڕەکان تڕێیان دەهێنا و چێژێکی تایبەتی هەبوو.

گەیشتینە دەشتی مرداوێ، لەسەر بەستوی بەدیوی دۆڵەتۆیدا ئیتر ماشێن دەرنەدەچوو، بەدەیان لۆڕی و ماشێنی ئەرتەشی و لەندوێر و ماشێنی سواری لەم دەشتە پان و بەرینە بێ خاوەن کەوتبوونەوە، هێلی کۆپتەر ڕشاندبوونی زۆریان سووتابوون و یان کون کون کرابوون، چەند لۆڕی سیم و کەلوپەلی عەسکەری و ئارد و بڕینج و ئازوخە لەم دەشتە هەڵڕژابوو، هەر کەس هاتبوو گەیشتبووە مرداوێ باری هەڵڕشتبوو، ماشێنی بەجێ هێشتبوو، بەرەو دۆڵەتوو ئاشی پشکاوێ و قەڵادزە شۆڕ ببۆوە، هەر ئەودەم لەوە ناهومێد بووم کەئێمە بتوانین جەبهەی شەڕ و پێشمەرگە ڕێکوپێك بکەین.

لەدەشتی مرداوێ بریندارێك بەجێ مابوو، بەچوار دەستەکی بەزەحمەت لەو لێژ و نشێوی دیوی دۆڵەتوێ بردمانە خوارێ و لەبنکەی پێشمەرگەمان دانا، لەدۆڵەتوو خەڵکی گوندی خەریك بوون بڕەون و بەرەو قەڵادزە بڕۆن، بنکەیەکی پێشمەرگە لەوێ داندرابوو، ژوورێك پڕ ببوو لەپاسدار و هەواڵدەر و عەجەمی جۆربەجۆر زیندانی کرابوون، سەید ڕەسوڵ هێندێ چەکی قورسی گەیاندبوە ئەو دۆڵە، وەك پێشمەرگەکان گوتیان: (حاجی حاجی برایمی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بەئیجازەی کاك ئەمیری قازی هاتبوو هێندێ چەکی هەڵبژاردبوو بردبووی، ئێمە لای ئێوارە شۆڕ بووینەوە بۆ ئاشی پشکاوێ، بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق لەم دۆڵە هێندێ کاولیان بەبەردان دروست کردبوو، چەند خیوەتێکیشیان هەڵدابوو، ئەودەم دکتۆر مەحمود عوسمان لەوێ بوو، سەیر ئەوەبوو برادەرانی ئێمە پتر چووبوونە خوارێ بۆ لای عێراق، برادەرانی سۆسیالیستیش پتر هەڵکشابوون بۆ لای ئێران، چووینە

خوارێ و لای دکتۆر مەحمود لامان دا، دکتۆر گوتی: (مەچنە خوارێ، ناردوومانە دکتۆر قاسملۆ و جەماعەت دێن شەو میوانی ئێمەن ماسیمان هەیە).

زۆری پێ نەچوو جەماعەت پەیدا بوون، دکتۆر قاسملۆ، کاك ئەمیری قازی، مامۆستا هێمن، مامە غەنی مەلا رەسول، کاك حەمەدەمین، فەتاحی کاویان، دکتۆر خوسرەوی راکردوەکانی کۆمیتەی نەغەدە و دەوروبەریان گەیشتنێ، زۆر سەیر بوو کەسانی وا گەیشتبوونە ئەوێ کەنەهیچیان لەسەر بوو نەقەت لەهیچ دا ببوون، تەنانەت ئەندامی حیزبیش نەبوون، بەنێو دارستان و بەقەراخ چۆمیدا هەڵکشاین بۆ بن چادری سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست، نێوە نێوە هێندێ کاول دروست کرابوون یەك دوو داریان بەسەردا رایەڵ کرابوو، کاغەزێکی گەورە بەدیواری کاولەکانەوە هەڵاوەسرابوو، لێی نووسرابوو: (لقی دوو)، لەوی دیکە نووسرابوو: (هەرێمی چوار)، لەیەکیان نووسرابو، (هەرێمی یەك) زۆرم پێ سەیر بوو، سەرم لەوە سوڕما کەئێەم کوردە چۆن بەروالّەت و زاهیرسازی و بیرۆکراسیەوە نووساوە، دەنا لەم دۆڵ و چڕ و دارستانەدا کەبەحاستەم خودای لێ دیارە، ئەم هەرێم بازیە قازانجی چییە؟

گەیشتینە خێوەتی سەرکردایەتی و دانیشتین، جێگایەکی خۆش، فێنك و خاوێن میواندارییەکی کوردانە، دەستمان کرد بەقسەی ئیعتیادی، گوتم: (حەیفە با قسەی خۆش ون نەبێ، دوای تێکچوونی رژێمی پەهلەوی کوردستان لەژاندارم و ئەرتەش پاك کرابۆوە، بەڵام هێشتا لەئازربایجان هەر مابوو، ئیدارەی ژاندارمەری لەمیاندواو خانویەکی گەورەی چەند هۆدەیی گرتبوو، تابلۆیەکی زەلامیان لێ هەڵاوەسیبوو، لێی نووسرابوو: (ادارە ژاندارمری شمالغرب) لەسەر هۆدەکان نووسرابوو: (ژاندارمەری خانە)، (ژاندارمەری مهاباد)، (ژاندارمەری سردشت)، (ژاندارمەری بانە و...)، لەدیوی دەفتەر بانگی پێشخزمەتیان دەکرد نامەیەکی دەدایە و دەیانگوت:

(ببر بە بانە... ببر بـە سردشـت و...هتـد)، کـابرا لـەدیوی دەفتـەر دەهاتـە دەر و دەچـووە هۆدەکـەی پـەنای و نامەکـەی دەدا بەیـەکی تـر و هیچـی دیکـە، ئـەم نووسینەی ئێوە، ئەم لق و هەرێمەش ئـاوا هاتـە بەرچـاو، لـەم چـیا و دارسـتانەدا هەرێمی چی و لقی چی؟

دکتۆر مەحمود دەنگی نەکرد، بەڵام دکتۆر قاسملۆ گوتی: (دکتۆر بزانە کاك کەریم دەڵێ چی؟).

گوتم: جا کەوایە پێشنیارێکی دیکەم هەیـە، کردیـان بەگەمـە: (دەی ئـەویش بێـژە بزانین چییە ؟).

– دەبینم برادەرانی ئێمە کەدەیانەوێ لەئێران شۆڕش بکەن و ئێستا لەشەڕ دایـن، زۆر بەرەو عێراق تێکشاون و لەئێوە تێپەڕیون، ئێوەش وەك حیزبی سۆسیالیسـت کەدەتانـەوێ لـەعێراق شـۆڕش بکـەن، سـنورتان بـەجێ هێشـتوە و بـەرەو ئێـران هەڵکشاون، جا کەوایە پێشـنیارم ئەوەیـە بیگۆڕینـەوە، بـا ئێمـە لـەعێراق شـۆڕش بکـەین و ئێـوەش لـەئێران، بـوو بەپێکـەنین... بـەڵام دیـاربوو بـۆ هێنـدێکیان پێکەنینێکی شیرین نەبوو، شەو درەنگ گەڕاینەوە بـۆ بنکـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی لەئاشی پشکاوێ.

لەگۆڕەشێر بەسەر کاولاندا تێپـەڕین کەفڕۆکـە بۆمبـارانی کردبـوو بـەجارێك وێـران کرابوو، برادەرنی ئێمە لەدۆڵی پشتی ئاشەکە لەبن بەردان کەبۆمبا نەیدەگرتـەوە، جێگایان چاکردبوو، تاقە مااڵێك لەخوارەوە دەژیا، نانی بۆ دەکـردن، نـان چ نـان، نانی تیری نەبرژاو هەر هەویر و هەر بەوان دەخورا، پێخۆریان تەنیا ترێ رەش بوو هیچی تر نیوەڕۆیان برینج و شلەیەکی بێ تام، بەراستی لـەو بـارەوە لەویشـکانیدا دەژیان، قسـەی گاڵتـە و هەلـەق و مەلـەقی فـەتاحی کاویانیـان دەکـردە ئاوێتـە و

پێخۆر، لام وایە بێجگە لەمەلا سمایل و کەریم حەداد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گشتیان لەوێ بوون.

دکتۆر پێشنیاری کرد، ئێستا کەزۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لێرەن با کۆبوونەوە بکرێ و بزانین چ دەکەین، لەسەرەوەی خێوەتەکە و دوور لەخەڵکی دەوروبەر لەبن بەردێك کەجێگای دانیشتنی لێ چاکرابوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێکرا، لەپێشدا لەسەر بنەمای راپۆرتی من کەیاسر عەرەفات قەولی دابوو کەئامادەیە بێتە ئێران و بەریوانی بکا و سەری کوردستانیش بدا باسی ئەوە کرا کەبرادەرێك بۆ ئەو مەبەستە بچێتە لوبنان، دکتۆر قاسملۆ سێ پێشنیاری کردن.

یەکەم: کاك حەمەدەمینی سیراجی بچێتەوە بەغدا وەك نوێنەری حیزب لەوێ بێ و لەگەڵ باڵوێزخانەی یەکێتی سۆڤیەت پێوەندی بگرێ کەدکتۆر قاسملۆ و مامە غەنی بتوانن سەفەرێك بۆ یەکێتی سۆڤیەتی بکەن.

دووەم: کاك ئەمیری قازی بچێتە لوبنان و چاوی بەیاسر عەرەفات بکەوێ.

سێهەم: لەبەر ئەوەی رەنگە سەفەری دکتۆر قاسملۆ و مامە غەنی سەربگرێ کاك کەریمی حسامی لێرە لەئاشی پشکاوێ بمێنێتەوە.

من گوتم: لام وایە بۆ سەفەری بێروت من باشتر بم، تازە لەوێ گەڕاومەوە، یاسر عەرەفاتم دیوە، رێبەری حیزبەکانی دیکە دەناسم، چاوم بەهەمووان کەوتوە، وتوێژی چاپەمەنیم کردوە، شارەزای وەزعی بێروتم، غەنی بلوریان پشتی پێشنیاری منی گرت، بەڵام شێر و ریوی هێنانەوەی دکتۆر برادەرانی رازی کرد کەکاك ئەمیر بچێتە بێروت، دیارە دکتۆر قاسملۆ لەو پێشنیارە مەبەستی بردنە پێشی کار و بەرژەوەندی بزوتنەوە نەبوو، لەناردنی کاك حەمەدەمین بۆ بەغدا

مەبەستی دوورخستنەوەی کاك حەمەدەمین بوو، چونکە بێجگە لەوەی کەکاك حەمەدەمین خاوەن بیروڕا بوو هەڵوێستی خۆی لەسەر مەسەلەکان بەئاشکرا دەردەبڕی تووشی هەڵەیەك ببوو کەنەدەبوایە بیکا، هێشتا لەمەهاباد بووین کاك حەمەدەمین لام وایە بەکاری حیزبیەوە چووبووە لای کرماشان، رۆژێك دکتۆر قاسملۆ بەمنی گوت: (حەمەدەمین لەکرماشانەوە چۆتە تاران، لەدەفتەری حیزبی تودە دیتویانە)، کاك حەمەدەمین لەگەڕانەوەدا لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی (کەئەودەم من بەشداریم نەدەکرد) گوتبوی: (لەتاران بووم کەیانوری گوتوویە ئەگەر دکتۆر قاسملۆ سکرتێری حیزب نەبێ ئێمە حیزبی دیموکرات بەرەسمی دەناسین و یارمەتی دەدەین)، ئیتر ئەم مەسەلەیە دکتۆر قاسملۆی لەرادەبەدەر بێزار کردبوو، دەیویست بەبیانووی نوێنەرایەتی حیزب لەعێراق کاك حەمەدەمین دوورخاتەوە، کەس دژی ئەو پێشنیارەی دکتۆر قسەی نەکرد، پێشنیاری دکتۆر لەبارەی منەوە که لەئاشی پشکاوێ بمێنمەوە بەو مەبەستە بوو کەلەتێکۆشان و لەنێو خەڵك دوور کەومەوە، بەتایبەت لەو چەند رۆژەدا ئیتر هەموو کاری حیزبی لەمەڵبەندی مەهاباد کەوتبووە سەر ئەستۆی من، من گوتم: ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانم بدەنێ بەو شەرتەی لەو کەژ و کێوە بمێنمەوە نامەوێ، کوردستانێکی پان و بەرین هەیە، لەدەوروبەری مەهاباد شوێنی قایم زۆرە، دەتوانین بمێنینەوە، با هەموومان بگەڕێینەوە بۆ ناوچە و شەڕی پارتیزانی ڕێك بخەین، مامە غەنی گوتی: (لام وایە کاك کەریم لەمەهاباد بمێنێتەوە، ئێستا بەکردەوە تەنیا ئەو لەوێ ماوە، هەم خەڵك و هەم هەلومەرج دەناسێ، بێتە ئێرە چ بکا؟) دکتۆر دوو پێشنیاری پەسند کرابوون، ئیتر لەسەر مانەوەی من پێی دا نەگرت، کۆبوونەوە بڕیاری دا کەکۆمیسیۆنی پێشمەرگە پێك بێ، مەلا ڕەسوڵی پێشنماز بەمەسئولی بەشی نیزامی و کەریمی حسامی بەمەسئولی سیاسی بەشی پێشمەرگە و بەرپرسی

حیزب لەماباد دیاری کران، سەرهەنگ سمکۆ عەلیار بەفەرماندەی هێزی ناوچەی سەردەشت و سەرگورد کەریمی عەلیار بەفەرماندەی هێزی ناوچەی سەردەشت و سەرگورد کەریمی عەلیار فەرماندەی ناوچەی لاجان دیاریکران، بڕیاردرا مەلا محەمەدی جوانڕۆیی کەهەتا ئەودەم فەرماندەی بەشی پێشمەرگە بوو ئەو هەموو چەرمەسەری لەگەڵ پادگان و کەلوپەلی نیزامی دیبوو، بچێ بۆ لای پاوە و سنە و مەریوان، مەلا محەمەد پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو بەناوی ئەحمەد کوڕێکی مەرد و ڕەند و ژیر و لێهاتوو، کاتێك دەڕۆیشتن لەدۆڵەتوو هات گوتی: (کاك کەریم ئێمە ئەوە لێك هەڵدەبڕێین، دەچین بۆ پاوە و مەریوان دەمانچەم نییە دەمانچەیەکم دەیە، پێشتر باسم کردوە کەکاك سامی بەکاك نەبی قادری دا دەمانچەیەکی ئەرگانی لولە کورتی بۆ ناردبووم، دەمانچەم لەقەدی خۆم کردەوە و دام بەئەحمەدی، بەداخی گرانەوە لەشەڕی سنە شەهید کرا و نەگەڕایەوە، دەمانچەیەکیشم دا بەکاك جەلیل و ئێستاشم نەدیتەوە.

دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دکتۆر قاسملۆ گوتی: (هێندێ چەك لەگەڵ خۆتان بەرنەوە)، پێم سەیر بوو، چەکی چی؟ دکتۆر گوتی: (هێندێ چەکمان لەعێراق وەرگرتووە، کاك ئەمیر دێ تەحویلتان دەدا)، کاك ئەمیر هات هەشتا تفەنگی پەڕەشوتی زەمانی هیتلەری بەفیشەکەوە تەحویل داین، کابرای خاوەن تاقە مالێ ئێستری هەبوون و کرێ باری دەکرد، مەلا ڕەسوڵ تفەنگی لەئێستران قایم کرد و هاتینە دۆڵەتوێ، لەوێ چەند کەردار بەکرێ گیران کەتفەنگەکان لەهەورازی دۆڵەتوێ وەسەرخەن بۆ دەشتی مرداوێ، ئێمە ماشێنەکانمان لەدەشتی مرداوێ بەجێ هێشتبوون، تفەنگەکانیان گەیاندە کن ماشێنەکان، بەڵام چەند تفەنگ دوورتر مابوونەوە، کاك ئۆمەر بەیەکێکی گوتبوو بچێ ئەو تفەنگانەش بێنێ، برادەر گوتبووی ناچم، کاك ئۆمەر زۆری پێ دەڵێ

کەبەجێ دەمێنن، پیاوی چاك بە بچۆ بیانهێنە، کابرا گوێ ناداتێ، کاك ئۆمەر زللەیەکی توندی لێ دەدا، من دوور بووم گوێم لەهەرای کاك سەید حەسەنی بوو کەبەسەر کاك ئۆمەردا دەهات، کەچووم ئەو برادەرە هاتە پێش و گوتی: (ژاندارمەش هەر ئاوا لەخەڵکیان دەدا)، دڵخۆشیم دایەوە و زۆر تۆند بەسەر کاك ئۆمەر دا هاتم و گوتم: (زۆر عەیبە بۆ تۆ ناتوانی لەخەڵك بدەی)، زۆر بەکاوەخۆ گوتی: (چۆن ناتوانم ئەوە نییە توانیومە و بڕاوەتەوە)، هیچم پێ نەکرا، کابراش وەك پیاوان چوو تفەنگەکانی هێنا.

کاك ئۆمەر گوتی: (جا هەر بڵێ ناتوانی... ئاخر وا نەبا نەیدەهێنان)، کەوتینەڕێ لەدەشتی مرداوێ یەك دوو ماشێن دەهاتن، کەدەنگمان دان کوڕەکانی مەهاباد بوون پرسیان ئەرێ کاك کەریمتان لەگەڵ نییە؟ گوتمان: وا لێرەیەن دابەزین و هاتنە لام ئەوانیش دەچوون بۆ لای برادەران، گوتم: کامەتان شۆفێری چاکە لەگەڵ من بگەڕێتەوە، حەمەدەمینی بارام میرزا (چرچەی رەحمەتی) دابەزی و گوتی: (من دەگەڕێمەوە)، هات سوار بوو کەوتینەڕێ، بەدیوی ئاڵوەتاندا دەبوایە چرای ماشێنەکان بکوژێنینەوە، چونکە ئەرتەش هاتبوە گوندی هەنگەوێ، شەو بەری میراوێ و ئاڵوەتانی وەبەر تۆپان دەدا، مەلا رەسوڵ لەپێشدا دەڕۆی و تێپەڕ بوو، چرچە ڕێگای لێ گۆڕا، من و کاك ئۆمەر لەپێشەوە سوار ببوین، دوو پێشمەرگە و هێندێ تفەنگ و دوو تەنەکە بەنزین لەپشتەوە بوون، لەپڕ دیتم لەسەر کەندالێکین، تا گوتم: کوڕە ئێرە ڕێگا نییە هەڵدێراین، ماشێن بەسەر تەنیشتێدا وەرگەڕا و لاجەولاج لەکەندالی کەوت، من کەوتمە نێوان شۆفێر و کاك ئۆمەر پەراسوم کەوتبوونە سەر فەرمانی ماشێن، پێشمەرگەکان زوتر توانیان بێنە دەر و بەزەحمەت دەرگای پێشەوەیان کردەوە، کاك ئۆمەر چووە دەرێ، دوایە من و چرچەشیان بەزەحمەت راکێشا دەرێ، هەوڵێکی زۆرمان دا، ماشێنەکەمان بۆ

راست نەبۆوە، پێشمەرگەکانمان لەکن ماشێن بەجێ هێشت و من و کاك ئۆمەر ملی ڕێگامان گرت، دیتمان ئەوە مەلا ڕەسوڵ بەشوێن ئێمە کەوتوە و دەگەڕێتەوە، پێنج پێشمەرگەی لەگەڵ بوون، هەموومان گەڕاینەوە ماشێنەکەیان راست کردەوە و بەراکێشان هێنامانەوە سەر راستەڕێ، ماشێن وەکار کەوت و حەلەمی لێ نەبوو، لەچۆمی پەڕینەوە، لەکانی ڕەش کەبنکەی مەلا ڕەسوڵی بوو لامان دا، لەوێ مەلا ڕەسوڵ ٦٠ تفەنگی گێڕایەوە و ئێمەش ٢٠ تفەنگمان هەڵگرت و شەو چووینە گوندی قوڵغەتەپە، پەراسووم ژانیان دەکرد و زۆر ناڕەحەت بووم، دەمویست بگەمەوە ماڵە سەید حەمەدەمینی یا مالّی حاجی عەولا، بەیانی کەوتینەڕێ لەگوندی بەیرەم لامان دا کن پێشمەرگەکان، تەماشام کرد سەید حەسەنی ورچان ماشێنێکی ئەرتەشی پێیە و لەگەڵ چەند پێشمەرگە کەهێندێك بێ چەك بوون هاتۆتە ئەوێ، پێنج تفەنگ و هێندێ پارەم دا بەسەید حەسەن و پێم گوت: لەگەڵ دە پێشمەرگەی بەکار بچێتە گوندی ئەمین ئاباد، لەوێ بنکەیەك بکاتەوە و چاوەڕوان بێ تا خەبەری دەدەمێ.

لەگەڵ کاك ئۆمەر چووینەوە عەینە مەلا مالّی سەید حەمەدەمینی خۆمان، ئەو ماڵە ئاوەدانە بۆمان ببووە پەنا و مزڵ و شوێنی حەسانەوە، گورج نیوەنمەکیان ساز کرد و هاویشتیانە سەر پەراسوەکانم و لێی کەوتم، پاش دوو ڕۆژ تۆزێك هاتمەوە سەرخۆ، ئێوارەیەك سوار بووین هاتینە وزیندەرێ، ماشێنمان لەوێ بەجێ هێشت و چووینە کۆنە دێ، تفەنگەکانیشمان لەمەزرایە دا بەبرادەرێکی جوتیاری ئەمین تا پاشان وەرمان گرتنەوە، پاش سێ ڕۆژ ناردم لەدوای سەید حەسەنی ورچان، پێم گوت: (پێویستە بێدەنگی و ماتی نێو شار بشکێندرێ، وەك خەبەرم بۆ هاتوە پاسدار جێگای شورای شار بەرانبەر فەرمانداریان کردۆتە بنکەی خۆیان، کۆلان و گەڕەکی شار شارەزای، کاتی ئەوەیە خۆت بگەیەنیە نێو شار و هیچ نەبێ

دوور بەدوور تەقەیان لێ بکەی، سەید حەسەن وەك پیاوان بەڵێنی دا، شەوی دوایە دەگەڵ چەند پێشمەرگە دەچێتە نێو شار و لەنێزیك بنکەی پاسدارن تەقەیان لێ دەکا، بەنارنجۆکی دەستی ژی سێ پەنجەرە و دیواری بنکەی پاسداران وەبەر دەسرێژ دەدا و دەگەڕێتەوە، بەیانی زوو لەشارەوە خەبەریان بۆ هێناین کەئەمشۆ هاتوونە سەر پاسداران و تەقەیان لێ کردوون، خەبەر بڵاو ببۆوە کەدوو کەسیش کوژراون، چەندە راست بوو نەمزانی.

هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد و چۆڵکردنی ناوچە بۆ ماوەیەکی کەم لەلایەن پێشمەرگەوە ناهومێدی خستبوە دڵی خەڵکەوە، لەشامات و شارۆێرانەوە ئەندامانی حیزبی دەهاتن و داوای چەکیان دەکرد، لەگەڵ کاك ئۆمەر بڕیارمان دا بەناوچەی مەهاباد و چۆمی مەجیدخان و شامات و شارۆێران دا بگەڕێین، بەر لەوەی بکەوینە ڕێ دانیشتین بیرمان لێ کردەوە کەپێویستە ئاگاداری یا بەیاننامەیەك ئامادە بکەین و لەهەموو گوندێك بەدیواری مزگەوتانەوە بدرێ و خەڵك ئاگادار بکرێ، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ئەم ئاگادارییەی خوارەوەمان نووسی و ئامادە کرد:

١- پێویستە لەهەموو گوندێك شورایەنی پێنج کەسی هەڵبژێردرێ، ئەرکی ئەم شورایە بریتی دەبێ لە:

- کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی بۆ حیزب.

- ئەگەر پێشمەرگە یا کادری حیزبی بەکاری سیاسی یا نیزامیەوە هاتە نێو گوندی دەبێ شورا بناسن و شورا کاروباری پێشمەرگە ڕاپەڕێنێ.

– گیروگرفتـی نێـو گونـدی، نـاکۆکی دەر و جیرانـان، هـەر مەسـەلەیەکی دیکـە لەگوندی بێتە پێش، پێویستە لەرێگای شورا و بەقسەی ئەندامانی شورا چارەسەر بکرێ.

٢– ئـەو کەسـانەی لەگونـدی چـەکیان هەیـە، دەبـێ چـەکەکەیان بپـارێزن، ئـەو کەسانەی دەستیان دەڕوا و چەکیان نییە دەبێ چەك بکڕن، ئەگەر خۆشیان چـەك هەڵنەگرن، بیدەن بەشورا، شورا دەیدا بەو کەسانە کەئامادەن چەك هەڵبگرن.

٣– هیچ کەسێکی گوندی بۆ هیچ کاروبارێك نابێ بچێتە لای پاسـداران و ئیـدارەی دەوڵەتی، نابێ دەسەڵاتی حکومەتی داگیرکەر بەرەسمی بناسرێ.

٤– هەرکەس جاسوسی بکا، خەبەر بـۆ پاسـداران بـەرێ، راپـۆرت لەپێشـمەرگە و خەڵکی گوندی بدا، بەدوژمنی گـەل دەناسـرێ و دوای ئیسـپات بـوونی تاوانەکـەی سزای ئیعدامە.

٥– بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە لەجەبهـەی شـەڕ، هەرکـەس لەقسـەی شـورا بچێتە دەر سزا دەدرێ.

پـاش ئامـادەکردنی ئـەم ئاگادارییـە، پێویسـت بـوو بکەوینـەڕێ، مـەلا محەمـەدی جـوانڕۆیی لەنـدوێرێکی بـۆ نـاردبووم لەوزینـدەرێم دانـابوو، پێویسـتی بەهێنـدێ دەستکاری هەبوو، پێشمەرگەیەکمان هەبوو بەناوی عەولا فلان کەسەری لەماشـێن و میکانیکی دەردەچوو، ماشێنی برد کەلەگوندی خەلیفان دەستکاری بکا و چاکی کاتەوە، چەند رۆژ پێ چوو نەهاتەوە، خەبەریان هێنا کەماشێنەکە لەنێوان کێتکـە و خەلیفان وەرگەڕاوە و داری لەسەر بەردی نەماوە، لەم بەینەدا بەهیوای ئەوە تـا ماشـێن دێتـەوە رۆژێـك لەگـەڵ کـاك ئۆمـەر بـەپێیان وردە وسـەر کـەوتین و چووینە قزڵجەی سەرێ سەردانی دۆست ی خۆشەویست و هـەڤاڵ زینـدانیم (کـاك

رەزاقی قازی)، بنکەیەکی کۆمەڵە لەقزڵجە دامەزرابوو، لەجیاتی بەربەرەکانی لەگەڵ رژێمی داگیرکەر بەمەبەستی خەباتی چینایەتی خەڵکەکەیان فێر کردبوو کەبچن دارەکانی کاك رەزاق ببڕن و تەواو ناڕەحەتیان کردبوو، نەمزانی کێ مەسئولیانە بەڵام لەگەڵ برادەرێکی کۆمەڵە کە دمڕاستیان بوو باسم کرد و گوتم: کاتی ئەوەیە کەهێزەکانمان بۆ بەربەرەکانی رژێم کۆبکەینەوە وەکاریان بخەین، ماوە بۆ خەباتی چینایەتی لەبەر ناچێ، تا لای ئێوارێ لای کاك رەزاق بووین، دووربینێکی زۆر باشی نیزامی داینێ، منیش پاشان دام بەسەرگورد عەلیار.

پاش خەبەری نەمانی ماشێن دەبوایە بۆ گەڕانی مەڵبەند ماشێن پەیدا بکەین، برادەرێکی حیزبی فیداکار و تێکۆشەرمان لەگوندی خوێرپاوا هەبوو بەناوی محەمەد، جیبێکی باشی هەبوو، (بەداخەوە پاشان بیستم کەمحەمەد بەگوێرەی یاسای سزادانی حیزب لەزیندانی دۆڵەتوێ لەبۆمباراندا شەهید بووە) کەریم بێژەنم نارد چوو محەمەدی بەجێبەوە هێنا، تا کەریم هاتەوە خەبەرم دا بەکاك وسێنی حەمە شێخە لەقزڵجەی خوارێ ولاخێکی سواریم بۆ بێنێ بچمە قزڵجەی، کاك حوسێن رۆژی دوایە ئەسپی کاك مەنافی شافعی بۆ هێنا بووم، ئەسپ چنگی لەئاسمانێ دەدا و سواری دەویست خۆی لەسەر رابگرێ، ولاخێکی دیکەشمان لەبرادەرێکی کۆنە دێ وەرگرت و شەو چووینە قزڵجە، رۆژی دوایی کاك مامەندی کوڕی میناغای قزڵجە کەپێکەوە شیری دایکی ئەومان خواردبوو، بەمندالی پێکەوە گەورە ببووین و پێکەوە خوێندبوومان، گوایا برۆکە ملکێکی لەقزڵجە مابوو، پەیدا بوو. کەوتە سوێند و تەلاقان نابێ بڕۆی، ناچار مامەوە نیوەڕۆ لەمالی کاك مامەندی لەسەر نانخواردن بووین هاتن گوتیان چوار پێشمەرگە لەنێو گوندین لەکەریمی حسامی دەگەڕێن، بانگم کردن هاتنە وێ، زۆر ماندوو و هیلاك بوون، لەگەڵ ئێمە نانیان خوارد و حەسانەوە، نامەیەکیان هێنادەر و وێیان دام، کەنامەم

کردەوە خەت و ئیمزای غەنی بلوریان نووسیبووی: (کاك کەریم ئەو کوڕانە هاتنەوە بۆ لای تۆ چۆنی پێت باشە جێگا و کاریان بۆ دیاری بکە).

مەسەلە چ بوو؟ لەگەڵ هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد، بەرنامە و تەنزیمێك لەگۆڕێدا نەبوو، هەرکەس وەدەرکەوتبوو، سەری خۆی هەڵگرتبوو بەرەو سەردەشت و سنوری عێراق، لاوەکانی ئەندامی یەکێتی لاوان کەپاشان دەرکەوت زۆربەیان تودەیی بوون و خۆیان خزاندبوە نێو حیزبی دیموکرات یا بیروباوەڕی تودەییان هەبوو رووبان کردبوە ناوچەی سەردەشت و چووبوونە ناو زەنگ و ئاشی پشکاوێ و دەوروبەری بنکەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق سەرکۆنەیان کردبوون و گوتبوویان نەدەبوایە ناوچەی مەهاباد بەجێ بێڵن، ئێستاش بگەڕێنەوە بچنە کن کەریمی حسامی لەخەبات و تێکۆشان دا بەشداری بکەن و خۆتان دوور مەخەنەوە، ئەوانیش دەچنە لای مامە غەنی ئەویش نامەی نووسیبوو ناردبوونیە لای من، هێندێکیش لەلاوەکان دەچنە لای کۆمیتەی ناوەندی، دەیانێرن بۆ قەڵادزەی لەوێ فێری مەشقی نیزامی بن، سەید رەسوش بەرپرسیان دەبێ، کوڕەکان لەوێ تەماشا دەکەن کەناتوانن دەگەڵ سیستەمی بەعسی رێك کەون، بەبێ ئیجازەی مەسئول دەلافی خۆ رودێنن و دێنەوە بۆ ناوزەنگ و پاشان دەچنە کن مامە غەنی لەئاشی پشکاوێ، ئەویش نامەیان دەداتێ و دەیانێرێتەوە بۆ لای من، تەواوی ئەو کەسانەی کەبەنامەی غەنی بلوریان هاتنەوە لای من، بێجگە لەکاك نەویدی موعینی و کاك حوسێنی بەخشی کەلەلای خۆم گلدانەوە، دەنا ئەوانی دیکەم ناردەوە نێو شار و شێوەی تێکۆشانی نهێنی و ئەرکی پێویستم بۆ دیاری دەکردن، ئەوانیش پیاوانە خۆیان نەدەگرت و دەچوونەوە نێو شار و ئەرکی تێکۆشەرانەیان بەجێ دەگەیاند، تا من لەقزڵجە گەڕامەوە کەریم بێژەن لەگەڵ محەمەد و ماشێن ئامادە بوون.

نامەیەکم بۆ کاك کەریمی عەلیار و بۆ کاك مەلا رەسوڵ نووسی و پێم راگەیاندن کەوا خەریکی گەڕانێکم بەناوچەدا، ئەگەر کاریان هەبێ دەتوانن لەم دێهاتە بمدۆزنەوە، لەگەڵ کاك ئۆمەر و کەریم بێژەن سوار بووین چووینە گوندی ئەمین ئاباد، سەید حەسەنی ورچان بەئارپێچییەك و نۆ پێشمەرگەی چەکدار و بەکار، بەجێبێکی ئەرتەشی کەوتنە پێشمان و شەو چووینە گوندی قەمتەرێ، ئەوە هەوەڵین قۆناخی سەفەری یەکمانگەمان بوو، میوانی برادەرانی حیزب بووین، لەبڵێندگۆی مزگەوت رایان گەیاند کەشەو لەمزگەوت کۆببنەوە تا لەسەر بارودۆخی ئێستای وڵات قسە بکەین، لام وایە کەس لەماڵە خۆی نەمابوو، مزگەوتی گەورەی قەمتەرێ بەحاڵ جێگای خەڵکی دەبوو، لەپێشدا لەسەر سیاسەتی حکومەت و فتوای خومەینی و پەلاماردانی کوردستان بەدرێژی قسەم کرد، پاشان سیاسەتی حیزبی دیموکراتم روون کردەوە و گوتم: (ئێمە پێمان وایە لەم قۆناخە ناسکەدا خەڵك دەبێ کاروباری خۆی بگرێتە دەست، هەربۆیەش ئێمە کاروباری گوندەکان بەرێکخراو و کۆمیتەی حیزبی ناسپێرین، بەخەڵکیان دەسپێرین، بۆ ئەوەی خەڵك بۆ خۆی کاروباری بەرگری و یارمەتی و ناکۆکی نێو گوندی خۆی چارەسەر بکا حیزبی دیموکرات بڕیاری داوە کەلەهەموو گوندێك شورای گوندی هەڵبژێرێ و ئەم بڕیارانەش کەبەدیوای مزگەوتەوە دراون ئیجرا بکرێن، رێکخراو و ئەندامانی حیزب بەتەواوی پشتی شورا دەگرن و لەهەموو بارێکەوە یارمەتی شورا دەدەن.

هەر ئەو شەوە لەقەمتەرێ شورای شاریان هەڵبژارد و ناوی ئەندامانی شورام یادداشت کرد و دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی یارمەتی، بەجیا رۆژی دوایی لەگەڵ کۆمیتەی حیزبی کۆبوومەوە، لەباری تەبلیغ، وریایی، چاوەدێری رێگاوبان، وەرگرتنی خەبەر و شتی تر رووبم کردنەوە، رۆژی دوایی تا نیوەڕۆ لەقەمتەرێ بووین، خەڵك دەهاتن لەسەر نۆرە ئاو و زەوی و وردە ناکۆکی شکایەتیان دەکرد،

دەمناردنە کن شورا و بەبرادەرانی حیزبیشم دەگوت کەنابێ دەست لەکاروباری گوندی وەربدەن و دەبێ شورا بەهێز بکەن.

لەماوەی ٢٧ رۆژ لەگوندەکانی قەمتەرە، کولیجە، عیساکەند، بورهان، وەتەمیش، یالاوە، قورغان، غەوساباد، سنجاخ، خات و خاس، پیرۆەلی باغی، سریلاوا، قارنجەی گەورە و بچووک، قەلای رەسولە سیت، حاجی لەک، سەرچنار، قەباکەندی، سەوزی، خەتایی، قولقولە، گردە رەش، زەنگیاوە، کۆخان، دێ مەلا، قەرە گۆل، ئاتابلاغی، قەلاجوخە، تالاو، دی مەسور، خوێرپاوا، حاجی حەسەن، دی وەیساغا، گەوجاوا، تازە کەند، گەزەلێن، مەرجنئاوا، دەلك داش، قزقەلا، بەردەرەشان، ئازاد، قەرەبلاخ و دەرمان شورای گوندیمان دامەزراند، قسەمان بۆ خەلك کرد، لەو ماوەیەدا ٤٩٠ هەزار تمەن یارمەتی نەغد بۆ حیزب کۆکرایەوە، لەهەموو گوندێك پێشوازی بێ وێنەمان لێ دەکرا، وەرەی خەلك بەرز ببۆوە، لاوان ناوی خۆیان بۆ پێشمەرگایەتی دەنووسی، لەزۆر گوند شورا داوای چەکی دەکرد لەگەڕانەوەدا بۆم دەناردن، رێزی ئەو کەسانەم ئێستاش لەلایە کەتفەنگیان وەرگرتوە، بەداخەوە ناکرێ و پێویستیش نییە بێنە سەر کاغەز.

گەشتی مەڵبەندی مەهاباد

دوای نیوەڕۆ درەنگ لەقەمتەرە وەدەرکەوتین بەو نیازەی شەو بچینە کولیجە و میوانی حاجی شێخ عەولا بین، من دوور بەدوور حاجی شێخ عەولام دەناسی، سالەکانی ٦٧ و ٦٦ ئەویش لەگەڵ مامۆستا هێمن و ئازادیخوازانی تر رای کردبوو چووبووە کوردستانی عێراق، دیار بوو لەوێ نەحەوابۆوە گەڕابۆوە، مامۆستا هێمن زۆرجار باسی پیاوەتی ئەوی دەکرد، هیواشم ئەوە بوو لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی

خۆشناو بوو لەناوچەی ئەرکی رێکخستن و هاندان و بەربەرەکانی ئەو قۆڵە بەو بسپێرم.

نوێژی شێوان گەیشتینە گوندی کولیجە، راست کەرێگا دەگاتە نێو گوندی لەدەستی راست خانوبەکی دوو قات و رووکار خاوێن و حەسارێکی بچووك قوت بۆتەوە، ماشێنی پێشمەرگەکان لەپێشەوە بوو، دیار بوو کەدەنگی ماشێن دێت، ژنێکی قۆز و جوان و پاك و خاوێن و بەدیمەن دێتە دەرێ کەچاوی بەپێشمەرگە دەکەوێ هاوار دەکا:

(ئۆخەی... خولایە... خۆ ئەوە پێشمەرگەن... ئەوە مەلائیکەتن... ئۆخەی... رەبی خودا بتانپارێزی، چاومان رون بۆوە، بەقوربانتان بم). بەو قسانەوە هاتە پێش ماشێنەکەی ئێمە و گوتی: (دەلادەن... دەمەڕۆن، مالّی خۆتانە هەموو شت زۆرە... بۆ ئێوە نەبێ ئەدی بۆ کێ بێ؟ رەبی خولایە سەرکەوتوو بن... دابەزن، نابێ بڕۆن)، گوتم زۆر سوپاست دەکەین مالّی خۆمانە ئاوەدان بێ، بەلام دەچینە کن حاجی شێخ عەولا.

– ئەیڕۆ... بۆ ئێرە مالّ نییە... ئاوەدانی نییە، دەبێ لادەن، دەنا راوەستن با بچم نان و پێخۆر بۆ پێشمەرگەکان بێنم.

– زۆر سوپاس ئەو زەحمەتەی ناوێ شەو لێرە دەبین، بەلام تکا دەکەم ناوی خۆتم پێ بڵێ با ئەو دڵسۆزیەی تۆ لەبیر نەچێتەوە.

– ئەیڕۆ بەقوربانت بم ناوم زیبایە.

ئەگەر نووسەر بام، بۆیە دەبوو رۆمانێك لەسەر ئەم دیمەن و دڵسۆزی و ئاخافتنی ئەو ژنە هەڵکەوتوە بنووسم، بەداخەوە توانای ئەو نووسینەوەم نییە، بەلام هەڵوێستی جوامێرانە و قەڵافەتی زیبای (زیبا)م هەرگیز لەبیر ناچێتەوە،

پێشمەرگەکان پێشتر چووبوون دابەزیبوون، حاجی شێخ عەولا لەدەرەوە چاوەڕوان بوو، بەخێرهاتنێکی فرە گەرم و برایانە، چووینە دیوەخانێ، دیوەخان دەتگوت ئەمباری چەك و قورخانەیە، لەئارپێجییەوە بگرە تا تیربار و تفەنگ و نارنجۆك و کۆلەپشك و کیسە خەو و فیشەکدان لەقوژبنێکی هەڵدرابوونەوە، کاك سەلاحی رەحمەتی برای حاجی شێخ عەولا هێندێ عەجەمی پەیکاری و یەکێتی کۆمۆنیستان و مائۆیستی هەلاتووی لەخۆ کۆکردبوونەوە دەیویست لەکوردستان دوور لەکولیجە و لەمالی خۆیان خەباتی چینایەتی بکا و ئاغا و سەرمایەدار لەکوردستان نەهێلێ.

شەو میوانداریەکی کوردانە ساز کرا، دوای نان خواردن، یەك دوویەك لەو برادەرە راکردوانەی تاران لەدیوەخانێ پەیدا بوون و باسی سیاسی و بارودۆخی کوردستان هاتە گۆڕێ، تەماشام کرد بەراستی یا هەر تێناگەن یا بەئانقەست لەئاژاوە و تێکدەری دەگەڕێن، لەباسەکەماندا حاجی شێخ عەولا پشتیوانی لەبۆچوونی من دەکرد، هیوایەکی زۆرم لێ پەیدا بوو، بەداخەوە پاش دوو رۆژ شەو لەنێوان غەوساباد و سونجاخ تووشی ماشێنێك بووین پێشمەرگە دەنگیان دان و لێیان هاتنە خوار، کەسەید حەسەن چۆوە پێشێ دەبینێ حاجی شێخ عەولا لەگەڵ ئەو عەجەمانە شەو دەچێتە گوندەکان و تەبلیغاتیان بۆ دەکا، ماشێنی ئێمە دوور وەستابوو، سەید حەسەن هات گوتی: (حاجییە و عەجەمەکانی دوێنێ شەوێ، چییان لێ بکەین؟)، گوتم: لێ گەڕێن با بڕوا، ئیتر حاجی شێخ عەولام نەدیتەوە تا چوومە سەرەخۆشی کاك سەلاحی برای لەمەهاباد.

بەیانی مالئاوایمان لەحاجی خواست و چووینە عیسا کەندی، خەڵکی ئاوایی لەمزگەوتێ کۆبوونەوە و پاش باس و شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان شورایان هەڵبژارد و دەستیان کرد بەناونووسین بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی لەپاشان

ناردبوویان بۆ تەشکیلات، لای ئێوارێ چووینە گوندی وەتەمیشی، مەکۆی برایانی کۆمەڵە. شەو خەڵکێکی زۆر لەمزگەوتا کۆبۆوە، پاش وتاردان برادەرانی کۆمەڵە دەستیان کرد بەپرسیاران کەپێوەندی بەهەڵکەوت و بارودۆخی گرنگی رۆژەوە نەبوو، ئەوان ئەودەم هێشتا یا بیریان لەبەربەرەکانی نەکردبۆوە یا هێشتا نەهاتبوونەوە سەرخۆ و لەرێبەرایەتی دوور بوون، چونکە رێبەرایەتی کۆمەڵەش بەمامۆستا شێخ عیزەدینەوە شار و ناوچەی بەجێ هێشتبوو لەلای مام جەلال گیرسابوونەوە.

بەیانی کەسوار بووین بڕۆین لەوبەری گوندی مامۆستاکانی مەدرەسە هاتنە پێشمان گوتیان ترێی رەشی زۆر باشمان هەیە دابەزن ترێمان لەلا بخۆن، من گوتم: سوپاستان دەکەین و دەبێ بڕۆین دانابەزین، کاك ئۆمەر گوتی: (ئەوە چۆن بوو وشەی (نا)ت بەسەر زماندا هات، خۆ تۆ (نا)ی نازانی)، رۆیشتین چووینە قۆرغان، عەبدولڕەحمان شەمسی بورهانی کەجاسوسێکی ناسراوی حکومەتی شا بوو لەسەرەتای شۆڕش، شورای مەهابادی گرتبووی، بەڵام دوایە بەڕەڵای کردبوو، نەدەچۆوە مااڵی خۆی لەم گوندانە دەسووڕاوە، خەبەری زانیبوو کەپێشمەرگە دێن بۆ قۆغان، دەرپەڕیبوو چووبووە غەوساباد ماڵە شێخ نەجمەدینی، لەقۆغان چوینە ماڵە مەلا مستەفا ناوێك کەپێشتر لەگەڵ کەریم بێڕەن و چەند کەسی تر یەکێتی لاوانی گوندیان پێك هێنا بوو، لەمزگەوت خەڵك کۆبۆوە و شورایان دامەزراند کوڕەکانی سەعدون ئاغاش هاتنە مزگەوت و گوتیان نابێ بڕۆن شەو میوانی ئێمە بن، ئێمە شەو چووینە مااڵی ئەوان، بەیانی چەند لاوێکی گوندی کەدیاربوو سەر بەچەپی خوار بوون، هاتن گلەییان کرد کەبۆچی چووین لەماڵی ئاغا نانمان خواردوە؟ من بۆم روون کردنەوە کەئێستا ئێمە کەوتووینە بەر پەلامارێکی درندانە و دوژمنی سەرەکی خەڵکی کورد ئەو رژێمەیە کەفتوای خەزای

داوە، ئێمە پێمان وایە لەم قۆناخەدا ئامانج پێکهێنانی یەکێتی ریزەکانە لەکوردستان نەك سازکردنی کێشە و دووبەرەکی.

رۆژی دوایی مەلا مستەفاشمان لەگەڵ خۆ سوار کرد و دوای نیوەڕۆ چووینە غەوساباد ماڵە شێخ نەجمەدینی، شێخ نەجمەدین لەشەڕی نەغەدە منی گەیاندبۆوە مەهاباد و قسەکانمان لێك خۆش هاتبوو، لەدوور بەپیرمانەوە هات، بەخێرهاتنێکی زۆر گەرمی کردین، چووین لەدەرێ کورسیان دانابوو، شێخ عەبدولڕەحمان جاسوسیش لەوێ بوو، لەترسان سپی هەڵگەڕابوو وەك ژوشك رێك هاتبوو، پێی وابوو ئێمە وەدوای ئەو کەوتووین، کەدانیشتین شێخ نەجمەالدین دوای دووپاتە کردنەوە بەخێرهێنان گوتی: (هەموو کەس لەژیانیدا تووشی هەڵە و ئیشتیبا دەبێ لێخۆشبوونیش هەر هەیە، بەتایبەت بۆ کورد کەهەمیشە صرفي نظری هەبووە).

زانیم مەبەستی شێخ عەبدولڕەحمان، گوتم: (لام وایە ئەوانەی خەیانەت بەنەتەوەی خۆیان دەکەن ئاخرەکەی هەر ریسوایی و سەرشۆڕیان پێ دەمێنێ، شێخ عەبدولڕەحمان با نەترسێ، ئێستا کاتی سزادان و تۆڵە ئەستاندنەوە نییە، یەکەم لەبەرئەوەی ئەو ئێستا هاتۆتە ماڵی جەنابت، دووەم لام وایە ئەوەندە بۆ ئەو بەس بێ کاتێك خەبەری هاتنی پێشمەرگە بزانێ، خۆ نەگرێ و رابکا بۆ گوندێکی تر)، شێخ نەجمەدین گوتی: (ئەوە مزگەوت و خەڵکیش کۆدەبێتەوە چۆنی دەفەرمووی وادەکەین)، من چوومە نێو خەڵك، شورای گوندیان دامەزراند، ئەرکی کۆکردنەوەی یارمەتیم خستە سەر شانی شێخ نەجمەدین، مەلا مستەفاش پردی پێوەندی نێوانمان بێ، لام وایە دوای دە دوازدە رۆژ مەلا مستەفا دوازدە هەزار تمەنی بۆ هێنام گوتی: (شێخ نەجمەدین ٢١ هەزار تمەن یارمەتی

کۆکردۆتەوە، ١٢ هەزار تمەنی بۆ حیزب ناردوە و ٩ هەزار تمەنیشی ناردووە بۆ مەلا شێخ عیزەدین).

رۆژی دوایە شێخ نەیهێشت برۆین، چووینە زیارەتیٰ مەرقەدی شێخ بابا و ئەمین الاسلامی رەحمەتی، شەو سوار بووین چووینە سونجاخ و خات و خاس و پاشان هاتینە ئاتە بلاخی، لەئاتەبلاخی بووین کاك نەویدی موعینی و کاك حوسێنی بەخشی هاتن، نامەی مام غەنیان هێنابوو، چەند گوند گەڕابوون تا دۆزیبوویانینەوە، ئیتر نەمهێشت ئەوان بڕۆن لەگەڵ خۆمان بوونە ئەندامی دەستەی گەڕۆك، من لەمزگەوتەکان پتر لەسەر یەکێتی و بێزارکردنی خەڵك لەرژێم و هاندان بۆ بەربەرەکانی و یارمەتی بەحیزبی دیموکرات و بەپێشمەرگە قسەم دەکرد، بڕواشم بەوە هەبوو کەئەرکی گرنگ لەم قۆناخەدا بریتییە لەیەکێتی لەبەرامبەر دوژمنی پەلامارەردا، کاك حوسێنی بەخشی کەدیار بوو ئەو دەم شتێکی لەمێشکی دا دەجولاّ و پاشان درەنگتر تووشی هەڵدێرانی کرد، یەك دوو جار رەخنەی لێ دەگرتم کەبۆچی هەر باسی بەربەرەکانی و یەکێتی و دژی رژێمی خومەینی قسە دەکەم؟ بۆچی باسی خەباتی چینایەتی و کرێکار و چەوسانەوە و دژی دەرەبەگ و سەرمایەدار قسە ناکەم، پێم دەگوت: تۆ دەبێ ئەوەندە بزانی خەباتی ئێستای گەلی کورد لەچ قۆناخێکدایە و ئەرکی گرنگمان چییە؟ خولاّ هەڵناگرێ کاك نەنوید ئەودەم وانەبوو، نازانم پاشان بۆ وای لێ هات و بۆ تووشی ئەو هەڵەیە بوو؟

رۆژی دوایی چووینە گوندی پیر وەلی باخی، شەو لەمزگەوت کۆببووینەوە کا تاهیری عەلیار و سەلیمی بابانزادە لەگەڵ ١٢ پێشمەرگە پەیدا بوون، ئەوان وەك پیاوان ناوچەی بۆکانیان بەجێ نەهێشتبوو، خەبەریان زانیبوو کەئێمە لەو ناوەین هاتبوون لەپیرەوەلی باخی ئێمەیان دۆزیەوە، کاك تاهیر لەبەر بێ پولی و بێ

دەرەتانی هاواری بوو، دەیگوت: (پێشمەرگەکان پێلاویان نییە)، شەو لەمزگەوت داوام لەخەڵک کرد کە بە ئەوەی ئەم پێشمەرگانە گیر نابن و سبەی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی خۆیان پێویستمان بەیارمەتی هەیە، هەر بەو شەوە شەش هەزار و پێنج سەد تمەنیان کۆکردەوە، پارەکەم نەغد دا بەکاك تاهیر و بەیانی گەڕانەوە بۆ لای لەگز، جارێکی دیکەش ١١ هەزار تمەنم بۆ ناردن، بەیانی هاتینە خوار چووین لەمەزرای سریلاوا لەنێو باخ و بێستانی کاك حەسەنی سریلاوە دابەزین، هەوایەکی خۆش، باخ و بێستانێکی لەرادەبەدەر جوان و پڕ لەئاو و میوە، ناردمان نان و چێشتێکی زۆریان بۆ هێناین، لەپڕ تەماشامان کرد لەو مەزرایە سەید ئەنوەر، یا سەید عومەر و سەید تاهیری زەنبیلی پەیدا بوون، نەمزانی چۆن بۆنیان کردوە کەوا ئێمە لەو مەزرایەین، لێشم نەپرسین، چونکە ئەگەر پرسیبام دەیانگوت: (ئەدی بەچی شێخین!) سەیر ئەوەبوو دەیانویست لەم هەلومەرجە ئالۆزە کەڵك وەربگرن، هاتبوون نامەیەکیان بدەمێ بەنوێنەرایەتی حیزب بچنە ناوچەی ساینقەلاّ و هەوشار گۆیا یارمەتی بۆ حیزب کۆبکەنەوە، جا ئیتر خۆیان دەیانزانی چ دەکەن!

لای ئێوارێ چووینە سریلاوا و میوانی کا حەسەنی جوامێر و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووین، لەوێ نە خەڵکم کۆکردەوە نە شورام دامەزراند، چونکە کا حەسەن لەهەموو بارێکەوە ئەرکی رۆژی دەزانی، شەو چوینە قارنجە، ئەو گوندەی پێش ٢٥ ساڵ لەوێ گرتبوویانم، بردبوویانم بۆ زیندان سێ ساڵی رەبەق بەندیان کردبووم باب و خێزان و کچم لەم گوندە کۆچی دواییان کردبوو، خەڵکی قارنجە ئەوانەی پێرێ ئەو سەردەم بوون و چ ئەو لاوانەی تازە پێگەیشتبوون ناوی منیان زانیبوو پێشوازیەکی تایبەتی ئەوتۆیان کرد کەهەرگیز ناتوانم لەبیری بەرمەوە، بەڵام هەروەها قەت داخی ئەوەشم ناچێ کەگیر نەبووم و بچم گڵکۆی

باوك و خێزان و کێژێکی سێ ساڵەم بدۆزمەوە و سڵاوێکیان لێ بکەم و فاتیحەیەکیان بۆ بخوێنم و بڵێم رەوانتان شاد بنون، زیندانی و دەربەدەری من و سەرکردنەوەی ئێوە بەبێ کەسی، ئێستا بەرهەمی خۆی داوە. ئەوا من ئەوجار بەئازادی لەکوردستانێکی ئازاددا دەگەڕێم، ئەوەم نەکرد تا ئێستاش هەروەك مردنی ئەوان داخێك بووە لەسەر دڵم، نەچوونە سەر گلکۆشیان هەروا داخە و زۆرجار وەبیرم دێتەوە و بەهیچ جۆر ناتوانم پاکانە بۆ خۆم بکەم، لام وایە ئەو شەوە موحیبەتی خەڵکی قارنجە و ئەرکی تێکۆشان و بەرپرسیەتی ئەوکاتە ئەم ئەرکە پیرۆزەی دیکەی لەبیر بردبوومەوە، بەڵام بڵێی ئەو رووداوانە بۆ حیزبی دیموکرات بایەخدار بن؟

لەوێوە چووینە قەڵای رەسولّەسیت، بوونگەی مەلا ئەمجەدی شاعیر و خەتخۆش و نیشتمانپەروەر و کورد پەروەر، ئەگەر مامۆستا هەژاری شاعیر لەبەرەو موکریاندا بەخەیاڵ دەچێتە قەڵای رەسولّەسیت و سەر لەمەلا ئەمجەد دەدا، ئێستا وا من لەگەڵ دوو سێ هاوڕێ و هەڤاڵی خۆشەویست و پۆلێك پێشمەرگە نەك هەر لەگوندەکەی مەلا ئەمجەد بەڵکو لەماڵەکەی ئەو میوانم، لەو ماڵە لەرادەبەدەر رێزیان لێ گرتین، چووینە مزگەوت داوایان لەخەڵك کرد کۆبنەوە، لەوێش لەگەڵ برادەرانی چەپی خوار باس و دم بەدمەیەکمان تووش بوو، شورایان هەڵبژارد و پارەیەکی زۆریان کۆکردەوە، لەحاجی لەك لەمزگەوت دانیشتبووین، سەبارەت بەوەی لەرێگای بۆکان- میاندواو و نێزیك بوو، لاوانیش کێشکیان دەکێشا، خەڵك بەحەماسەوە پێشوازیان کرد، مزگەوتی حاجی لەك فەرشی زۆر جوانی لێ راخرابوون، بەڵام فەرشێکی گەورە سەرنجی رادەکێشا، منیش بەعادەتی کاك مەلا رەسوڵی پێشنماز دەستێکم رێخشاند و گوتم: بەراستی مافورێکی جوانە، کوڕێکی مێرمندانّی ژیر گوتی: (بەخوا ئەم فەرشە بۆ حیزب باشترە، بۆ نەیبەین بیخەینە

ناو ماشێنەکەوە؟)، لای نیوەشەو لەحاجی لەکەوە چووینە زەنگیاوا، تۆزێ لاڕێ بوو بەرۆژ دەبوایە لەوێ بمێنینەوە هەرچەند لەمیاندواویش زۆر دوور نەبووین، نیوەشەو گەیشتینە ماڵە مستەفا ئاغای شێخ الاسلامی دەرگا و دەروازەی داخراو بەزەحمەت دەرگای دیوەخانمان دیتەوە، تەقە تەقێکی زۆر کەس وەدەر ناکەوێ، منیش بەتوڕەیی قیژاندم گوتم: (ئەرێ بۆ کەس نایەتە دەر، خۆ بەقوڕ نەگیراوە، مستەفا ئاغا خۆی هەر دەرگای کردەوە گوتی: (ئەوە ناکا کەریمی حسامی بێ؟).

– راست خۆیەتی، بەڵام دەرگای ڵێ ناکەیەوە، چووینە ژوورێ، بەو شەوە سەماوەر و نان و میوە و خزمەتی لەرادەبەدەر، سەید حەسەن کێشک و قەرەوڵی دامەزراند و ئێمەش لێی نووستین، لای چێشتانێ درەنگ هەستاین، خەبەریان هێنا کەچەند ژاندارم لەمیاندواوێ چونە دێی مەلا، عەجەمێکی شکایەتی کردووە و چوە ژاندارمی هێناون، ئەو رێگایەی بۆ دێی مەلا دەچوو لەزەنگیاوا دوور نەبوو، بڕیارێکی بەپەلە و هەڵەمان دا، بەسەید حەسەنمان گوت: پێنج پێشمەرگە لەگەڵ خۆت بەرە و لەسەر رێگایان دانیشە، لەگەڕانەوەیاندا یا چەکیان کە و بەدیلیان بگرە، یا ئەگەر دەستیان کردەوە بیانکوژە، رێگا هەمووی باخ و باخات و کەنداڵ و جۆگەی ئاوە، سەید حەسەن وەرێ کەوت و ئێمەش لەسەر گردی زەنگیاوا بەپێنج شەش تفەنگەوە خۆمان قایم کرد، ماوەیەکی زۆری پێچوو، سەید حەسەن نەتەقەی کرد و نەدیار بوو بگەڕێتەوە، کاك ئۆمەر دەیگوت: (خۆی شاردۆتەوە کەس نەیبینێ، بەشەو دێتەوە)، سەید حەسەن درەنگ پەیدا بۆوە دەیگوت: (ژاندارمە بەرێگایەکی دیکەدا گەڕاونەوە)، چاك بوو لەو نێزیك میاندواوە تووشی شەڕ نەبووین، بەڵام ئیتر سەید حەسەنیش تا ماوەیەك کەوتبووە بەر گەمە و لاتاو و پلاران کەگوێا نەیوێراوە خۆیان ڵێ وەراست بێنێ.

لەگوندی قولقولە خەلکی گوندی بەگشتی لەقەراخ گوندی لەجێ وێنجەیەک کۆبوونەوە، لەکاتی قسەکردن دا بووم دو هێلیکۆپتەر پەیدا بوون، خەلک رای کرد بۆ نێو جۆگە و بن دار و پەنا و پەسیوان، هەرچەندی هاوارم کرد هیچ نییە بڵاوەی مەکەن فایدەی نەبوو، هەروەک لەو رەسمانەوە دیارە بەتەنیا راوەستام تا هیلی کۆپتەرەکان تێپەڕین و خەلک داوەروکاوە، بەکورتی پاش سەردانی شامات و گوندەکانی شارۆیران گەڕاینەوە بۆ دەوروبەری شار و هاتینە شیلاناوێ، بڕیارماندا کەبنکەیەکی دایمی لەوێ دابمەزرێنین، یەک دوو خێوەتی گەورەمان پەیدا کردن لەبن دار قەیسیەکان هەڵمان دان، شیرکەتێکی کشتوکاڵ لەشامات هەبوو، شەوێك ناردمان ماشێنی نوسین و کاغەز و رۆنیۆمان هێنا، لەشارەوە خەبەریان هێنا کەدەوڵەت قەرارە رۆژی جومعە لەمزگەوتی سوور شورای شار دابمەزرێنێ، هەر ئەو رۆژە بەیاننامەیەکمان نووسی و رامانگەیاند کەشورای شار تەنیا پاش وەدەرنانی پاسداران بەئازادی لەلایەن خەلکەوە هەڵدەبژێردرێ، هەرکەسێکی لەهەلومەرجی ئێستادا لەشورای دەوڵەتیشە با بەشداری بکا بەهاوکاری داگیرکەر و بەخائینی گەلی دەناسین، گورج بەیاننامە ماشێن کرا و بەرۆنیۆ ژمارەیەکی زۆر چاپکرا و ناردمانەوە بۆ شار، کاغەزم نووسی بۆ کاك کەمالی دەباغی کەشەوی هەینی بەشێوەیەکی هەرا و لەسەرانسەری شاردا بڵاو بکرێتەوە، کاك کەمالیش رۆژی هەینی لەکۆبوونەوەکەدا بەیاننامەکە بخوێنێتەوە، رۆژی دوایی لەنێو باخەکە خەریکی دامەزراندنی خێوەتەکان بووین دیتم کاك حوسێنی مەدەنی لەگەڵ پیاوێکی دیکە پەیدا بوو، سڵاو و چاك و خۆشی و بەخێرهێنان، من پێشتر کاك حوسێنی مەدەنیم نەدەناسی و ئاشنایەتیمان نەبوو، بەڵام لەدوورەوە دەمناسی بەتایبەت لەکتێبەکەیدا کەمن وەڵامم دابۆوە، بێجگە لەوە ماوەیەك پێش وەدەرکەوتنمان لەشار لەگوندی قەرەقشڵاخی شارۆیران کۆبوونەوەیەکی یەکێتی

جوتیاران ساز کرابوو، کاک حەمەدەمینی سیراجی لەلایەن حیزبەوە بەشداری کردبوو، کەهاتەوە گوتی: (حوسێنی مەدەنی دژی حیزبی دیموکرات هیچی تێدا نەهێشتەوە).

لەکاک حوسێنم پرسی: (خێرە شوکور، چۆنە تەشریفت هێناوە؟).

– حکومەت دەیەوێ شورای شار هەڵبژێرێ، دیارە باشترە ئەو کەسانە بن بەئەندامی شورای شار کەدۆستی حیزب بن و بەقازانجی خەڵک کار بکەن، بۆیە هاتووم ئەگەر ئێوە دژ نەبن خۆم دەست نیشان دەکەم و دەبم بەئەندامی شورای شار، دیارە من دۆستی حیزبم.

– لام وایە حیزب لەو بارەوە بەیاننامەیەکی نووسیوە و ئەم شەو لەمەهاباد بڵاو دەکرێتەوە، سیاسەتی حیزب لەبارەی شورا و ئەو کەسانەی لەم هەلومەرجەدا دەبن بەئەندامی شورا روون کراوەتەوە، ئێمە هاوکاری لەگەڵ ئەم حکومەتە بەخەیانەت دەزانین.

کاک حوسێن سارد بۆوە گوتی: (جا ئەو سیاسەتە راستە؟ ئەم دەوڵەتە ئێستا حاکمیەتی هەیە، باشتر نییە لەنێو ئەم حکومەتەدا کار بکرێ؟).

گوتم: ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە، دژی کورد فتوای خەزا دراوە، ئێمە ئەو حاکمیەتە بەرەسمی ناناسین، کەوابوو شورایەکی ئەم دەوڵەتە هەڵبژێرێ بەشورای خەڵکی نازانین.

کاک حوسێن بەهەناسە ساردی گەڕایەوە، بەڵام خۆڵ هەڵناگرێ کاتێک نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتوێژ هاتبوونە مەهاباد، نامەیەکم بەکاک حوسێنی مەدەنیدا نارد بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین، گیر نەبوو بردبوویە گوندی (بێژوێ) و جوابیشی هێنابۆوە، شەوی هەینی بەیاننامەکە لەسەرانسەری شار بڵاوکرایەوە، بەیانی

لەمزگەوتی سوور کاك کەمالی دەباغی رەوانی شاد دژی پێك هێنانی شورا قسەی کرد و رایگەیاند کەهەر شورایەکی لەم هەلومەرجەدا پێك بێ شورای خەڵك نییە.

دوای ئەوە کەگەیشتینە شیلاناوێ بۆ ئاگاداری پتر لەوەزعی شار کاك نەویدی موعینی چۆوە نێو شار، پاش دوو رۆژان گەڕایەوە قەمسەڵەیەکی زۆر جوانی ئەمریکایشی بۆ من هێنابوو.

گەڕانەوە بۆ کۆنەدێ

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی گەڕانەوەی کۆنە دێ بەئەرکی خۆمی دەزانم زۆر بەکەمیش بێ هەر باسێکی ماڵە حاجی بکەم، لەساڵی ١٩٧٩وە هەر بیر لەوە دەکەمەوە کەدەبێ بتوانم جارێك وەك هەیە ئاوا باسی پیاوەتی و جوامێری و دڵ ئاواڵەیی حاجی بێنمە سەر کاغەز و بەگەڵی کوردی بناسێنم، من لەکوردستان ماڵی گەورە و خانەدان و میوانگر و سەرئاواڵەم زۆر دیون، لەکوردستان زۆر ماڵی ئاوا هەبوون کەدەرگای ماڵیان بۆ ناسراو و نەناسراو، بۆ دۆست و بێگانە ئاواڵە و لەسەر پشت بووە، وەك ماڵە کاکە شێخە دێگەیی لەقەڵادزە، سەید حەمەدەمینی عەینە مەلا، وسێنی حەمە شێخەی، قادری حاجی رەسوی قەرەبڵاخی، میرزا مەحمودی شاوەلێی، حاجی مەلا مستەفای مەحمەشەیی و زۆری دیکەش، بەڵام ماڵە حاجی لەگەڵ هەمووی ئەوانە فەرقی هەبوو، لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە ماوەی دوو مانگ لەماڵی ئەو پیاوە بووم، لەراستیدا ماڵەکەی ببوە بنکەی حیزب، لەو ماوەیەدا شەو و رۆژ، وەخت و بێ وەخت پێشمەرگە بەکۆمەڵ و بەتاك خەڵکی شار و دێهاتی دەوروبەر دەهاتن نامەیان دێنا کاریان هەبوو، من هەمیشە هەوڵم دەدا گورج وەڵامیان بدەمەوە و بەڕێیان بکەم، بەڵام حاجی قەت جارێکیش نەبوو کەبێڵێ بەبێ نان و چا خواردن لەماڵێ وەدەرکەون، بەنیوەشەو ماشێنێك

پێشەمەرگە پەیدا دەبوو، نامەیەکیان دێنا، دەبوایە هەر بەو نیوە شەوە بگەڕێنەوە، نەمدەویست دەورەم ببێتە قەرەلەباڵخ و حەشیمەت زۆر بێ، بەڵام حاجی بەو بنیوە شەوە تا نان و چای نەدابانێ نەیدەهێشت بڕۆن، سیغار و بزەی شیرین قەت لەسەر لێوی دوور نەدەکەوتەوە، ژن و منداڵی شەو و رۆژ خەریکی دروستکردنی نان و چێشت و خزمەتی پێشمەرگە و کادر و ئەندامی حیزبی بوون، خۆزیا حیزبی دیموکرات قەدری ئەو فیداکاریەی دەزانی و نرخی خۆی دەدایە.

کۆبوونەوە لەچوارگا

بۆ ئەوەی نەزم و تەرتیب و ڕێکوپێکی لەبزوتنەوەی پێشمەرگەدا هەبێ و ئایننامەیەکی نێوخۆیی هێزی پێشمەرگە هەبێ داوام لەهەموو بەرپرس و مەسئولەکانی پێشمەرگەی ناوچەی مەهاباد کرد کەلەگوندی چوارگا کۆبوونەوەیەک پێک بێنین، ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/١٥ لەکۆنەدێوە چووم بۆ چوارگا، ڕاست لەو ڕۆژەدا کابرایەک بەناوی (زیباکەلام) وەک نوێنەری دەوڵەت هاتبووە ناوچەی ورمێ و سندوس و هاتبوە مەهاباد گۆیا لەوەزع بکۆڵێتەوە، لەمەهاباد کەدەچێتە فەرمانداری پێشمەرگە دەچن لەسالۆنی فەرمانداری دەیهێننە دەر و ڕاست دەیهێنن بۆ چوارگا، کابرا کەلەوێ چاوی بەو هەموو پێشمەرگە و کۆبوونەوە و هاتووچۆیە کەوت سەرسام مابوو، زۆر دەترسا، ڕاپۆرتێکی لەسەر کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێ بوو، دیاربوو کوردی عێراقی بۆیان نووسیبوو، هێندێ سەنەد و بەڵگەی تری پێ بوون کەبۆ ئێمە بەکەڵک بوون، ئەوانەم لێ وەرگرتن و بڕێک دڵخۆشیم داوە و پێم گوت هیچ مەترسێ ئازادت دەکەین، من سەنەد و بەڵگەکانم هێنا و وامان دانا کەدوای دوو ڕۆژ زیبا کەلام بێننە کن من و بنێرم ئازاد بکرێ، بەڵام مەلا ڕەسوڵ هەر لەوێوە ناردبوویەوە مەهاباد و ئازاد کرابوو.

لەگەڵ کاك سەرگورد عەلیاری رەحمەتی ئایین نامەیەکی دوازدە مادەییمان بۆ کاروبار و هەڵسوڕانی پێشمەرگە ئامادە کرد و لەکۆبوونەوەدا بەگشتی پەسند کرا، ئەفسەرە کوردەکان وەك کاك سمکۆ عەلیار، سەرگورد عەباسی، کاك کەریمی عەلیار کاك هەژار (جاویدفەر) لەوە ناڕەحەت بوون کەمەلا رەسوڵ کراوەتە بەرپرسی گشتی هێزی پێشمەرگەی حیزب، کاك سمکۆ عەلیار نامەیەکی دوو لاپەڕەیی بۆ نووسیبووم و گلەیی و داخی دڵی لەبێ سەرە و بەرەیی هەڵڕشتبوو، من نامەی کاك سمکۆ و گلەیی ئەفسەرەکانی دیکەم بۆ دەفتەری سیاسی نارد، دکتۆر قاسملۆ لەوەڵامدا بۆی نووسیبوومەوە کەپێیان بڵێم: (دەبێ پشوویان لەسەر خۆ بێ، لەشۆڕشدا هەموو شتێك رێك و پێك نییە)، دوای سەردانی ئەم گوندانەی کەباسم کردن بەڵێنم بەشوراکان دا کەهەریەکەی یەك دوو تفەنگیان بۆ بنێرم، نامەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و داوای تفەنگانم کرد، یەك دوو جار ئەوەی من داوام کردبوو دەیاننارد، مەلا رەسول هەموو جارێ لەسەر رێگایە دوو سێیەکی دەگێڕانەوە و ئەوانی دیکەشی بۆ من دەنارد، دیارە مەلا رەسوڵ بێجگە لەمەفرەزەیەکی خۆی بەنێوی شەپۆل چەکداری دیکەشی راگرتبوون، بۆ ئەوەی لەمەسئولیەتی سیاسی بەشی پێشمەرگە نەجاتم بێ، نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و تکام لێ کردن کەلەبەرپرسیەتی سیاسی هێزی چەکدار ئازادم بکەن، بەڵام دکتۆر قاسملۆ لەنامەیەکدا نووسیبووی: (لەرۆژی ئاوادا واز لەبەرپرسی هێنان کارێکی تەواو نییە).

دوای کۆبوونەوەی چوارگا گەڕامەوە کۆنە دێ، شەوێك لەگەڵ کاك ئۆمەر تەگبیرمان کرد بچینەوە نێو شار و دەستێك بوەشێنین، ناردمان سەید حەسەنی ورچان هات، ئامادەیی خۆی نیشان دا کەبچێتەوە نێو شار، وبستم لەگەڵی بچم برادەران بەتوندی دژ وەستان، کاك ئۆمەر گوتی: (خۆم دەچم، سەید حەسەن و

کاك ئۆمەر و چوار پێشمەرگە کەوتنەڕێ و منیش تا قەبرستانی لاچین دەگەڵیان چوومە خوار، لەوێ منیان گێڕاوە و ڕۆیشتن، گەڕامەوە بۆ گوندی بەڵام خەوم لێ نەدەکەوت، لەگەڵ حاجی دانیشتین تا لای بەیانی پەیدا بوونەوە، چووبوونە نێو باغی، لای چۆمی ئارپێجییەك و هێندێ تفەنگیان دوور بەدوور بەپۆستی سەر ڕێگای میاندواوێوە نابوو لای دانیشسەرای کچان و گەڕابوونەوە، کاك ئۆمەر دەیگوت: (لەمەجبورئاوا تانکێکمان بەپەنادا هات، هەرچەندی بەسەید حەسەنم گوت کەلێنە و ئارپێجییەکی لێدە زاتی نەکرد، پاشان چووە دوور بەدوور تفەنگ بەشاخیەوە دەنێ، سەری هاویشتبوە سەر سەید حەسەن و چەند ڕۆژ هەر بەوەمان ڕادەبوارد، کۆنەدێ نەك هەر ببووە بنکەی حیزب، بەڵکو ببوە کانگای مالّی بەڕێچوونی ڕێبەرایەتی بەرپرسەکانیش، ڕۆژێك مەلا سمایل لەبەری دایماو و سێلکەوە پەیدا بوو، هاواری بوو کەپێشمەرگە هیچیان نییە، ٢٠ هەزار تمەنی لێ ئەستاندم، مەلا ڕەسوڵ دەینارد پارەی بۆ بنێرم، سەرگورد عەلیار دەینارد بۆ پارە سەرەڕای ئەوانەش دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی نووسیبوو کەبەنانی ویشکی قڕ بووین پەنیرمان بۆ بنێرە.

برادەرێکمان هەبوو بەناوی مەلا ئۆمەری سەوزی، زەلامێکی بەکار و ئازا و بەدەستەوە، ئیتر باسی ئەوە ناکەم دەیانگوت کاتی خۆی هاوکاری ژاندارمەش بووە، لەو بارەوە تەقە هەڵگیرابوو، بەمەلا ئۆمەرم گوت پەنیر بۆ دەفتەری سیاسی پەیدا بکە، دوو ڕۆژان خۆی ون کرد بەحەوت کوپە پەنیرەوە هاتەوە، پەنیرمان لەکەڕێکی بار کرد هەتا وزیندەرێ، کاك یوسفی ڕێزوانی وەك پیاوان پەنیری گەیاندە دەفتەری سیاسی و شوکور لەقات و قڕی دەرباز بوو.

ڕۆژێك بەیانی زوو خەریك بووم ریشم دەتاشی کەریم بێژەن بەهانکە هانك وەژوور کەوت و هاواری کرد: (وەدەرکەون تانك گەیشتە سەرتان)، سەرم هەڵێنا و بێ

ئەوەی ماندوو نەبوونی لێ بکەم گوتم: تانکی چی بەو بەیانەی ئەو هات و هاوارە چییە؟

– کوڕە هەستە وەدەرکەوە، ئێستا تانک دەگاتە سەرمان.

– راوەستە با ریشم بتاشم جا هەڵدەستم.

حاجی و کاک ئۆمەر و پێشمەرگەکان چوونە دەرێ، کەریم هەر هاواری بوو، حاجی گەڕاوە گوتی:

– تۆ گاڵتە بەکاران دەکەی کەریم لەخۆڕا نەهاتوە ئەوەتا دەنگی تانک دێ.

– هەموو لەشکری ئێرانم وەسەر گەڕێ هەتا ریشم نەتاشم، ئۆدکلۆنی لێ نەدەم نابزوم.

پێشمەرگەکان ئاڵۆزیان تێ کەوت و یەک دوویەک هاتنە ژوورێ و:

– کاک کەریم چ بکەین؟

– راوەستن، ئێستا ئەوە تەواو دەبم و جا لەتانک وەخۆ دەکەوین.

وردە وردە گڕ و کەف دامرکایەوە، نەتانک هات و نەهیچ، دەی ئەو هەرایە چ بوو؟ کەریم بێژەن بەیانی دێتە دەر کەبۆ لای من بێ، لەمەجبور ئاوا تووشی تانکێک دەبێ کەبەرەو لاچین دەڕوا، وادەزانێ دێتە سەر کۆنەدێ، دەگەڕێتەوە سواری ماشێن دەبێ بەلای وزیندەرێدا دێتە وزیندەرێ، ماشێن لەوێ بەجێ دێڵێ و بەپێیان بەغار دێ کەگەیشتە لای ئێمە هیلاک و زمانی دەرکێشابوو، مەسەلەی تانک و هاواری کەریم بێژەنیش چەند رۆژێکی بۆمان ببوە باس و گەمەی رۆژانە.

هاتنی خانخانی بۆ کوردستان

حکومەتی کۆماری ئیسلامی پەلاماری ئەرتەش و پاسدارانی بۆ سەر کوردستان پێ کەم بوو، ئەمجارە سادقی خەڵخاڵی یەکێ لەئاخوندە خوێنخۆرە بەناوبانگەکانی ناردە کوردستان، لەسەرەتاوە هێشتا هەر لەسنە بوو بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە لەسەرانسەری کوردستان خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی قەدەخە کرد، لەسنە و پاوە دەستی کرد بەئیعدامی ئازادیخوازانی کورد رۆژی ٧٩/١٠/٦ چوار کەسی لەسەقز ئیعدام کرد کەیەکیان کوردێکی ١٢ ساڵە بوو بەبریندارى لەخەستەخانەی هێنابوە دەرێ و ئیعدامی کردبوو، رۆژی ٧٩/١٠/٩ گەیشتە مەهاباد، ئێمە هەر ئەو رۆژە بەیاننامەیەکمان نووسی و ناردمان لەسەرانسەری شار بڵاو کرایەوە، خەڵخاڵی هەر بۆ ئەوە کەمەهابادیش لەئیعدام وەپاش خۆ نەدا و خەڵك چاوترسێن بکا، چەند کەسی بێ تاوانی بەتاوانی بەهایگەری ئیعدام کرد کەنەکاریان بەسیاسەت هەبوو، نەلەگەڵ حیزبی دیموکرات پێوەندیان هەبوو، هاتنی خەڵخاڵی نەك هەر خەڵکی مەهابادی نەترساند بەڵکو جموجۆڵی قوتابیان و لاوان دژی داگیرکەر لەنێو شار بەهێزتر دەبوو، بەتایبەت هەڵوێستی مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی شەهید بەخەڵخاڵی پیاوکوژی نیشاندا کەکورد لەسەر مافی خۆی سوورە و ئیعدام و کوشتن چاوترسێنی ناکات، نارەزایی و بێزاری خەڵك پەرەی دەگرت، دەبوایە لەنێزیکەوە رێنوێنی و سەرپەرشتی بکرێ، هەرچەندە من رێگای سەعاتێك لەشاری دوور بووم و هەموو رۆژێ دوو سێ جار کوڕەکان دەهاتن و خەبەری شاریان دەهێنا، بەڵام بڕیارمدا بچمەوە نێو شار، سێ رۆژ پێش ئەوەی بچمەوە نێو شار نامەیەکم بۆ سەرگورد عەلیار نووسی کەبەگوێرەی ئیمکان پێشمەرگە بنێرێتەوە نێو شار، مەلا رەسوڵی پێشنماز پەلێکی پێشمەرگەی ساز کردبوو بەناوی

مەفرەزەی شەپۆل، جاروبار دەیناردنەوە نێو شار و هەر ئەوەش خۆی وەی خەڵکی بەرز راگرتبوو.

خەبەرم دا کاك عەلی... ئەندامی یەکێتی لاوان ماشێنێکی فۆلکس واگۆنی هێنا و هاتە کۆنەدێ، کاك ئۆمەر و حاجی و کوڕەکانی لەگەڵم بوون زۆریان هەوڵ دا کەجارێ بۆ چوونەوەی شار پەلە نەکەم، خۆم پێ رانەگیرا، لیباسێکی فرە شیك و خاوێنم لەبەر کرد، دەمانچەیەکی نێرگانم بەرووتی دەبەر پشتێنی نا و بەتەنیا لەگەڵ کاك عەلی سوار بووم بۆ نێو شار، رۆژی ۷۹/۱۰/۲۲ چوومەوە نێو شاری مەهاباد، گەیشتینە مەجبوور ئاوا، پاسدار و سەرباز خێوەتیان هەڵدابوو رێگای شاریان کۆنترۆڵ دەکرد، خەڵکێکی زۆریش لەدەوروبەریان وەستابوو، ماشێنەکەیان راگرت و گوتیان وەرنە خوارێ، کەهاتمە خوار و خەڵك چاویان بەمن کەوت قوت بوون و بوو بەسرت و خورت، بەجۆرێك ئیشارەم کرد کەبلاوەی بکەن، سەیری نێو ماشێنەکەیان کرد و کەوتنە پرسیاران:

– لەکوێوە دێن؟

– ئاغای گوندی پیر بەلەم دەچمەوە نێو شار.

– فەرموون سوار بنەوە.

ماشێن کەوتەڕێ و یەکسەر چووینە ماڵە کاك عەلی، بێ پشوودان هەر جێ بەجێ ناردم ئەندامانی کۆمیتەی شار ئەوانەی گەڕابوونەوە کۆوە بن، هێندێکیان هاتن. کاك حەسەنی شەرەفی مابوو گوتیان لەنێو شارە، ناردم بەدوایدا، گوتبووی ئێستا دێم، چاوەڕوان بووین نەهات، پسوولەیەکم بۆ نووسی کەپێویستە فەوری تەشریف بێنی، گوتبووی: (تۆزێ تاریك دابێ دێم)، شەویش بەسەردا هات، بوو بەشەڕ هەر نەهات و ئێستاش هەر نەهات، لەوەزعی پێشمەرگەم پرسی، گوتیان زۆر هاتونەوە

نێو شار و بەشەو لەکۆلانان دەگەڕێن، سەعاتی چواری ئێوارە بوو لەلای پردی یەرغو لەشیرکەتی نەوت بوو بەتەقە، ماشێنێکی پاسداران لەمیاندواو دێت، دەگاتە کن شیرکەت و پێشمەرگە لێی رادەپەڕن و دەسڕێژی لێ دەکەن، پاسدار هەڵدێن بۆ نێو شار، پێشمەرگە وەدوایان دەکەون و شارەوانیش پەلامار دەدەن، لەو پەلامارەدا شارەوانی ئاگر تێ بەردرا، سەرۆکی شارەوانی بەناوی سەروان موحسنی یارجانی کوژرا، پێشمەرگەیەک بەناوی عەلی پیرانی بریندار بوو کوڕێکی سمایلی ئاژانیش کوژرا، خەڵک رژابوونەوە نێو شارەوانی و تاڵانیان کردبوو، هەر ئەو شەوە رووداوەکانی شار و چۆنیەتی شەڕم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و بەڕێم کرد، کۆمیتەی تەشکیلاتی شار کەچەند برادەرێک بوون شەو بەدرێژی لەرووداوەکانی کۆڵیەوە و ئەرکی برادەرانی نێو شار دیاری کرا، بڕیار درا کاک ئومەر بێتەوە نێو شار و بەرپرسیەتی پێشمەگەی نێوشار نەزمی شار بگرێتە ئەستۆ، رۆژی دوایی بەیانی کاک م.ش هاتە لام دە هەزار تمەنی بۆ حیزب هێنابوو، دوای نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ کۆنەدێ و کاک ئۆمەرم نارەوە نێو شار و بڕیاردرا پێشمەرگەکان کۆبکاتەوە لەگەڕەک و کۆلانەکانی شار بنکە و شوێنی پێویستیان بۆ دیاری بکا، دوای حەوتوویەک رۆژی ۷۹/۱۰/۳۰ لەگەڵ حوسێنی بەخشی گەڕامەوە نێو شار لەماڵی کاک ک.ش جێگر بووم، بەر لەوەی بەدوای رووداوەکاندا بڕۆم، بەپێویستی دەزانم باسی پیاوەتی و جوامێری و میوانداری ئەو برادەرە بکەم، ماڵەکەی ئەویش وەک ماڵە حاجی بوو بەبارەگا و بنکەی حیزب، ماوەی پتر لەدوو مانگ پێشمەرگەو هەڤاڵدەر و میوانی دەرەوە و خەڵکی شار و دەوروبەر شەو و رۆژ رووبان لەو ماڵە دەکرد، بەراستی ئەگەر مەسەلەی ئازادی نیشتمان و مافی نەتەوەیی بێتە گۆڕێ، خەڵک بەدڵ و گیان تێوەدەچێ و بۆ فیداکاری

ئامادەیە، بێجگە لەمیواندارى و هاتووچۆى پێشمەرگە و میوان بەخۆ و بەبراى شەو و رۆژ کاتى خۆیان بۆ تێکۆشان و راپەڕاندنى کارى حیزب تەرخان کردبوو.

بەدواى منداْ سەروان جاویدفەریش هاتەوە نێو شار، رۆژێک هەموو پێشمەرگەکانمان لەماڵێکى کۆکردەوە و چوومە نێویان و بەخێرهاتنەوەم کردن و پیرۆزبایم لێ کردن، سەروان جاویدفەرم بەمەسئولى پێشمەرگەکانى نێو شار پێ ناساندن، بۆ خەرجى پێویستى بنکەکان و پێداویستى پێشمەرگە هێندێ پارەم دایە، بێ جێ نابێ پیاوەتى نیشتمانپەروەرێکى تر لەبیر نەکەم هەرچەندە جێگاى نییە ناوى بنووسم نەکا ئەو رۆژێمە هەر بمێنێ و بیرەوەرییەکانم بڵاو بنەوە، ئەو برادەرە شەوێك هاتە لام، دەزگایەکى بچوکى بۆ هێنابووم کەلەتەنیشتى رادیۆیەکى سلیندەر قایم کرابوو، وادیارە لەم رادیۆیانەدا جێگاى تایبەتى بۆ ئەم دەزگایە ساز کرابوو، کاتێك دەزگایەکە دەخرا سەر رادیۆ، ئیتر تەواوى وتوێژى بێ سیمى پادگان و قسەى هێلى کۆپتەر و تەلیفۆنى سەحرایى وەردەگرت و رادیۆکەش زەبتى دەکرد، لەشکر لەبەرى مەحمود کانى و لەسەر داشامەجید دامەزرابوو، من رۆژانە وتووێژى پادگانم لەگەڵ بنکەکانى لەشکر تۆمار دەکرد و ئێستاش ئەو شریتەم هەر پاراستوە و جموجۆڵى ئەرتەشم بەجاویدفەر رادەگەیاند.

رۆژى ٧٩/١١/٢ ستونێکى ئەرتەشى بەسێ تانکەوە لەمیاندواوە دەهات بۆ مەهاباد، لەدەروازەى شار کەوتە بەر پەلامارى پێشمەرگە شەڕەکە توند بوو، نێو شارى گرتەوە، دوکان و بازاڕ داخران، من هەموو فەرمان و نەخشەى ئەرتەشیم لەپادگانەوە کەدەدرا یادداشت دەکرد و دەمنارد بۆ پێشمەرگەکان، نەیانهێشت تانکەکان بگەنە سەربازخانە، بەئارپێجى دوویان ئاگردان و یەکیان تەسلیم بوو، پێشمەرگە سوارى بوون و بردیان بۆ لاى بەیرەم وزیندەرێ، منداڵ و پیاوى گەورە

سواری بوون و تانکیان داپۆشیبوو، لەپادگانەوە بەهیلی کۆپتەرەکانیان دەگوت: تەقەی لێ بکەن، کابرای هیلی کۆپتەر دەیگوت: هەموو منداڵن سواری بوون، لەچی بدەم، منداڵ دەکوژرێ، چەکدار لەسەری دیار نین، یان چەند ئەفسەر لەداشامەجیدەوە دەیانویست بەهیلی کۆپتەر رابکەن بچنەوە پادگان، هێندێك سوار ببوون، یەك دوو یەکیش جێگا نەبوو دەیانویست خۆی پێوە هەڵاوەسن، کابرای هیلی کۆپتەر بەپادگانی دەگوت: (من ناتوانم ئەو هەموو عالەمەی لەگەڵ خۆم بێنم، زوو نەیەمەوە لەوانەیە لێم بدەن)، ترسیان کەوتبوە بەر لەپادگانەوە فەرماندرا بەتانکەکانی مەحمود کانی کەبگەڕێنەوە بۆ پادگان، من گورج خەبەرم دا بەکەریم خالّداری کەلەباخی سیسەوە بەدۆشکە تانگەکانی بەری مەحمود کانی دەکوتا، پێشمەرگە خەریك بوون بپەڕنەوە بۆ بەری مەحمود کانی و دەستیان بەسەردا بگرن، دوو رۆژ بوو دوکان و بازاڕ داخرابوو، هێندێك لەریش سپی و کەیخودای شار هاتنە لام، گوتیان: (دوو رۆژە دوکان و بازاڕ نییە، خەڵك نان و خواردەمەنی نەماوە، هاتووین تکا بکەین با شەڕ رابگیرێ تا خەڵك بتوانێ خواردەمەنی دابین بکا)، ئەوان هەر لەوێ بوون کاك حەسەنی باباتاهیری تەلیفۆنی کرد و گوتی: (وەزعی شاری لەبەر نەبوونی نان و خواردەمەنی ئالۆزە، ئێستا خەڵکێکی زۆر هاتونە فەرماندار و لێرە کۆبوونەوە، تکایە با شەڕ رابگیرێ، ئێستا کەئەو تانکانە شکاون ئەوە خۆی سەرکەوتنێکە، خۆ ناکرێ پادگانیش پەلامار بدەن)، بەفەرماندارم گوت: (تۆ لەگەڵ فەرماندەی پادگان قسە بکە، بەو شەرتەی شەڕ رادەگرین کەپاسدار و ئەرتەش لەپادگان نەیەنە دەر و هاتووچۆی نێو شار نەکەن)، کاك حەسەنی باباتاهیری پاش چەند دەقیقەیەك تەلیفۆنی کرد و گوتی: (فەرماندەی پادگان موافەقەتی کردوە)، پسوڵەیەکم نووسی بۆ کاك ئۆمەر

و بۆ کەریم خالّدار، کەتەقە رابگرن و پێشمەرگەکان لەشوێنی پێویست ئامادە بن و بچەسپێنەوە.

نامە گەیشتە پێشمەرگە و تەقە راگیرا، دیارە پێشمەرگەکانیش هیلاك ببوون، رۆژی سێیەم بوو باران دەباری و شەڕیش بەردەوام بوو، لەهەمووی داخدارتر ئەوەبوو لەجەنگەی شەڕدا پێشمەرگە دەهات و داوای فیشەکی دەکرد، منیش نەفیشەکم هەبوو، نەئاگام لەچەك و چۆڵ بوو، لەکاتێکا بەسەدان سندووق فیشەك لەپادگان راگوێزرابوو، کەس نەیدەزانی لەکوێن، مەگەر ئەوانەی دزیبوویان و شاردبوویانەوە، لەو کاتە تەنگانەدا سەید حەسیەنی ورچان پیاوەتیەکی باشی کرد، لەکاتی تالّانی پادگاندا دیاربوو دەستی خۆی وەشاند، فیشەکی هێناوە و چالّی کردوون، کەزانی بۆ فیشەك زۆر تەنگاوین، هاتە لام گوتی: (ئێستا فیشەکت بۆ دێنم)، چوو سێ سندوق فیشەکی ژ. سێ و سندوقێك نارنجۆکی سەری ژ. سێی بۆ هێنام، سندوقێکم لەپێشمەرگەکان دابەش کرد، لام وایە لەرۆژێکی تەنگانەدا، کاتی شەڕی سەقز کاك ئەمیری قازی تەنگاو ببوو فیشەکی وەگیر نەدەکەوت، ئەگەر پێم گوت: من سندوقێك فیشەکت دەدەمێ لەخۆشیان گەشایەوە، سندوقێکم دا بەو، لەشەڕی شنۆیەش برادەرانی شنۆ بۆ چەك و فیشەك هاتبوون، لام وایە پێنج تفەنگ و سندوقێك فیشەکیشم دا بەبرادەرانی شنۆیە.

دوای وەستاندنی تەقە کاك ئۆمەر هاتە لام، هیلاك و ماندوو گوتی: (خومەینی هەتا هەتایە دەبێ مەمنونت بێ، سێ تانکت بۆ نەجات دا، ئەو پسوڵەیەت نەناردبایە ئەو سێ تانکە گیرابوون)، ماوەیەکی زۆر ئەوەی هەر بەچاوی دادەدامەوە، یادی بەخێر.

شەو تەلیفۆنم کرد بۆ هەڤاڵدەری رۆیتەر لەتاران، باسی شەڕ و شکاندن و گرتنی تانکەکانم پێ راگەیاند، رۆژی دوای شەڕ راگرتن بەدرێژی باسی شەڕ و پێوەندی

لەگــەڵ هەڤاڵــدەری رۆیتــەرم بــۆ دەفتــەری سیاســی نــارد، دکتــۆر قــاسملۆ بەیاننامەیەکی کورتی ناردبوو کەبەتەلیفۆن بەهەڤاڵدەرانی بێگانەی رابگەیەنم.

پاسەوانی کرماشانی

کاتێك ئێمە لەشار وەدەرکەوتین، پاسەوانی نێو شار کەزۆربەیان خــەڵکی مــەهاباد بوون لەهاوکاری لەگەڵ رژێم خۆیــان دەبــوارد، حکومــەت نــاردبووی ٧٠ پاســەوانی کرماشانی بۆ شارەوانی مەهاباد هێنابوو، کەگەڕامــەوە نێــو شــار بەیاننامەیــەکمان نووسی و بەپاسەوانەکانی کرماشانیمان راگەیاند کەلەماوەی ٢٤ ســەعاتدا مــەهاباد بــەجێ بــێڵن و بگەڕێنــەوە بــۆ کرماشــان، دەنــا دەکــوژرێن و خۆیــان بەرپرســن، بەیاننامەکە لەسەرانسەری شــار بــڵاو کرایــەوە، کوڕەکــانی قوتــابی جنێویــان پــێ دەدان، بەردیان پێ دادەدان، پاسەوانی کرماشانی بەکۆمەڵ دەچنە لای فەرماندار و دەڵێن: (ئێمە لەمەهاباد نابین و ئەشێ هەر ئەمڕۆ بمانێرنەوە بۆ کرماشان)، کاك حەسەنی باباتاهیری تــەلیفۆنی کــرد و گــوتی: (پاســەوانە کرماشــانیەکان ئامــادەن بگەڕێنەوە، ئوتوبوسیان بۆ گیراوە، تکایە یان دوو پێشمەرگەیان دەگەڵ بنێرە تــا لەســەقزیان تێدەپــەڕێنێ، یــا نامەیــەکیان بــۆ بنووســە بــا بــڕۆن، ئێســتا لــەپێش فەرمانــداری کۆبوونــەوە و چــاوەڕوانی رۆیشــتنن)، خــەریك بــووم بنێــرم کــەدوو پێشــمەرگەیان بــدەنێ، خەبــەریان هێنــا کەپێشــمەرگەی کۆمەڵــە پاســەوانی کرماشانیان گرتوون و بردوویانن دەمزگەوتێکی دا رایــان گرتــوون، ســەرم ســوڕما، کۆمەڵەی چی؟ ئەو هەموو شــەڕ و هــەرا و کێشــە بــووە چــەکدارێکی کۆمەڵــە دیــار نەبووە، ئێستا هاتوون خەڵك دەگرن، نــاردم بــەدوای مــەلا رەســوڵدا، هــاتبوە نێــو شار و مەفرەزەی چــەکداری خــۆی لەگــەڵ بــوو، مەســەلەی کرماشــانیەکانم لەگــەڵ باسکرد و گوتم: تکایە بچوو لەمزگەوت بیانهێنە دەر و سواری ئوتوبوسیان بکــە و پێشمەرگەیان دەگەڵ بنێرە تا لەبۆکان تێدەپەڕن، مەلا رەسوڵ دەچێ لەمزگــەوت

دەیانهێنێتە دەر و سواری ئوتوبوسیان دەکا و بەڕێیان دەکا، برادەرانی کۆمەڵەش بەگەورەیی خۆیان هیچ نالێن، پاش دوو سێ رۆژ چەند کەسی شار هاتن و داوایان کرد کەبۆ ئەمنیەتی شار و هێدی و هێمنەتی با پێشمەرگە بەخۆڕایی بەچەک و ئارپێجییەوە لەنێو شار نەسووڕێنەوە و دەست لەکاروباری خەڵک وەرنەدەن، کەپرسیمان گلەییەک بوو لەبرادەرانی کۆمەڵە، مەلا رەسوڵ و کاک ئۆمەر و سەروان جاویدفەر دەچن لەگەڵ برادەرانی بەرپرسی پێشمەرگەی کۆمەڵە دادەنیشن و داوایان لێ دەکەن کەکارێکی وا نەکرێ وەزعی شار ئاڵۆز ببێ، دیار بوو گەیشتبوونە یەک و داواکەیان قبوڵ کرابوو.

رادیۆی دەنگی کوردستان

دوای گەڕانەوەم بۆ نێو شار کەوتمە بیری سازکردنی رادیۆیەک کەبتوانین دەنگی حیزبی دیموکرات بەخەڵک رابگەیەنین، لەگەڵ برادەران کەوتینە پرس و راوێژ و چارە دۆزینەوە، وتیان کابرایەک لەوەتەمیشی هەیە، رادیۆیەکی ساز کردووە دەنگی دە کیلۆمیتر دەڕوا، ناردم کابرایان هێنا، گوتی: (ئەگەر ئانتێنێکی بڵێند هەبێ، دەتوانم دەزگایەک وەکار بخەم کەدەنگی تا دە کیلۆمیتر بڕوا، پێنج سەد تمەنم دایە و گوتم برۆ هەرچی پێویستە لەبازاڕ بیکڕە، برادەر چووبوو ئانتێنێکی بەرزی کڕیبوو، لەگەڕەکی شوانان لەماڵە خزمێکی دەستی کردبوو بەکار، بەدوام هاتن کەبچم ببینم، کەچووم لەحەساری ماڵە خزمێکی کەدار چنارێکی بەرزی باریکی تێدا بوو، ئانتێنەکەی لەدارچنار قایم کردبوو، سیمەکەشی بردبوە ژوورێ، رادیۆیەکی ئاندریای گەورەی دانابوو، شریتی دەخستە سەر مەگنەتۆفۆن و دەیلکاند بەرادیۆکەوە دەیگوت دەنگی دەڕوا، دەبوایە تاقی کەینەوە، گەڕامەوە شەوێ ناردم دوو کیژی خوێندەوار هاتن لەگەڵ برادەرێک کەلەتەلەفیزیۆنی مەهاباد کاری دەکرد، هێندێ دروشم و یەک دوو شیعر و سرودم نووسینەوە و دوای سێ

جار مەشق و دووپاتە کردنەوە تۆمار کرا، ناردم بۆ برادەری موهەندسیی دارچنار، هەر بەو شەوە هێندێ برادەر و ناسیارمان راسپاردن کەشەو سەعاتی نۆ گوێ لەدەنگی کوردستان رابگرن، رۆژی دوایی کەوتنە پرسیاران، لەدەوروبەری مزگەوتی سوور و لەمەجبور ئاوا چەند مالّ دەنگیان بیستبوو، هیچی تر، دیتم فایدەی نییە، ناردم بەدوای موهەندیس خەیاتی دا کەموهەندیسی ئیدارەی ژاندارمەری مەهاباد بوو، بەلّام نەڕۆیشتبوو، موهەندیسی بێ سیم و کارەبا و موخابەرات بوو، موهەندیس خەیاتی گوتی: (دەزگایەك لەئیدارەی تەلیفۆن و تێلگرافی مەهابادا هەیە کەدەتوانێ لەسەر شەپۆلی ٤١ میتر دەنگ بلّاو کاتەوە، بەلّام یەکجار قورس و زەلامە و راگواستنی زەحمەتە، دەزگایەکی دیکەش هەر لەو بابەتە لەتێلگرافخانەی سەردەشتێ هەیە ئەگەر ئەوانە وەدەست بێنی دەتوانین دەنگی کوردستان بۆ سەرانسەری ئێران بلّاو کەینەوە)، تەلیفۆنم کرد بۆ سەردەشت، برادەرێکمان لەتێلگرافخانە کاری دەکرد، گوتی: (ئەو دەزگایە لێرە نەماوە و بردوویانەتەوە بۆ ورمێ)، دەبوایە ئەوەی مەهاباد بەرینە دەرێ، شەوێك چوار پێنج برادەری تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر کەبەداخەوە ناکرێ ناویان بێنم، لۆریەك دەبەن کابرای دەرکەوان دەگرن و بەزەحمەتێکی زۆر بە دە دوازدە کەس دەزگای زەبەلاح و گەورە دێننەدەر و دەیبەن بۆ گوندی لکبن و بەیانی گەڕانەوە، ئەمجا دەبوایە دوو کەس پەیدا بکەم کەبچن فێر بن و کاری لەسەر بکەن ناردم دوو خوارزای خۆم هێنان، یەکیان عومەری ئەمینی کەخوێندکاری زانکۆی هەوانیروزی ئەرتەشی ئێران بوو، دوای شۆڕش هاتبۆوە کۆسەکەرێزێ و ئەگەر بەجێی نەهێشتبا ئێستا لەهەوانیروزی ئێراندا ئەفسەر بوو (بەو شەرتەی زیندوو ماباوە) تەحویلی موهەندیس خەیاتیم دان و بەڕێم کردن بۆ لکبن، نامەیەکم نووسی بۆ سەید رەسوڵی رەحمەتی کەهەموو توانای خۆی بۆ وەکارخستنی رادیۆ

بـەکاربێنێ، موهەنـدیس دەڵـێ ئـەم دەزگایـە دەبـێ لەجێگایـەکی بـەرز دابنـرێ، بەتراکتۆر دەیبەن تا بەر گەڵی کێڵی بابەکر ئـاوی، لـەوێوە خـەڵکی لکـبن بەشـانی بەزەحمەتێکی زۆر وەسەری دەخەن بـۆ بەرقـەدی شـاخی، سـەید رەسـوڵ خـانوو جێگایـان بـۆ سـاز دەکـا، رۆژی ١٩٧٩/١١/٦ (١٥ی خـەزەڵوەری ١٣٥٨) رادیـۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەرنامەی تاقیکردنەوەی (ئازمایشی) خۆی بڵاوکـردەوە، پاشان درەنگتر دەزگایەکەمان گوێزتەوە بۆ کەڵەکۆکە و ئاخرەکەشی چۆوە دۆڵـی شێخان و بەرەسمی دەستی بەکار کرد، جا ئێستا کاربەدەستانی حیزبی دیموکرات کەهیچیان ئاگایان لەدامەزراندن و سازکردنی رادیـۆ نـەبووە، ١٩٨٠/٦/١٥ بـەرۆژی بڵاوبوونـەوەی دەنگـی کوردسـتان دادەنـێن، واتـە ئەوکاتـەی بـۆ جـاری دووەم کۆمیتـەی ناوەنـدی لەمـەهاباد وەدەرکـەوتوە و لـەدۆڵی شـێخان بارگـە و بنـەی بەعـەرزی داداوە و پێیـان وایـە ئـەوانیش رادیۆیـان سـاز کـردووە و بەهاسـانی لەئاسمان بۆیان هاتۆتە خوار، بـێ ئـەوەی زەحمـەت و تێکۆشـانی ئـەو کەسـانەی کەرادیۆیان ساز کردووە یادیشی بکەن.

پێش ئەوەی بەرنامەی تاقیکردنەوەی رادیۆ بـڵاو بکرێتـەوە خەبـەری بردنـە دەری دەزگا و موهەندیس خەیاتی و هێنانی خوارزاکانم و تێکۆشانی برادەرانی بەشدار و ئیبتکـاری سـەید رەسـو بـۆ خـانو و جێگـا و رێگـام بـۆ دکتـۆر قـاسملۆ نووسـی و مزگێنیم دایە، ئەودەم لەنامەیەکی کورتدا سوپاسی هەموو ئـەو کەسـانەی کردبـوو کەلەو کارە مەزنەدا بەشداریان کردووە، لەسالەکانی دواییـدا کاتێـك لەچـیا بـووین هەتا تووشی موهەندیس خەیاتی دەبووم دەیگوت: (خودا بتگـرێ کـەریم تـۆ منـت تووشی ئەو دەربەدەریە کرد، دەنا من و چیا و شۆڕش؟) فەقیرە دوای ئـەوە ئـیتر نەیوێرا بچێتەوە ورمێ و تووشی چیا و دەربەدەری بوو.

چەند رۆژ دوای شەڕی مەهاباد هاتمە دەر و چوومە فەرماندارى سەرى كاك حەسەنى باباتاهیرى بدەم، لەپێش فەرماندارى خەڵك لێم كۆبۆوە و بەخێرهاتنەوە و پشتیوانى و دڵسۆزى ئەم خەڵكە بەراستى سەربەرزى كردبووم، پاش ئەوەى لەفەرماندارى هاتمەدەر چوومە كتێبفرۆشى ئاغاى موفقى كەسڵاوێكى لێ بكەم و هێندێ دەفتەر و كاغەزیشى لێ بكرم، كەوەژوور كەوتم ئاغاى موفقى بەعادەتى رووخۆشى خۆى هەستا و بەگەرمى بەخێرهاتنى كردم و پێرۆزبایى لێ كردم، هێندێ كاغەز و دەفتەرم لێ كڕى و پاشان گوتى:

– یاخوا بەخێر بێیەوە، عەرزێكیشم هەبوو.

– فەرموو.

– كاتێ دەفتەرى حیزب لەشارى بوو مەلا عەولاى حەیاكى بایى ١٤٦٠٠ تمەن كاغەز و شتى دیكەى بۆ دەفتەرى حیزب لێ كڕیبووم، پوڵەكەشى نەدراوە، ئەگەر كارێكى وا بكەى ئەو پوڵەم پێ بگات زۆر مەمنون دەبم.

– بەچاوان زۆر هاسانە، ئێستا ٥٤٠٠ تمەنى دیكەم بدەیە، كارتێكى ٢٠٠٠٠ تمەنیت دەدەمێ كەیارمەتیت بەحیزب كردووە.

– جا چۆن؟ بەخوا چاكت بۆ وسول كردم! !

– لەم هەلومەرجەدا باشترین رێگا هەر ئەوەیە.

رۆژێك دواى نیوەڕۆ لەدوام هاتن بچمە كۆنە دێ، حاجى خەبەرى دابوو كەپێویستە شەو بگەمە وێ، كەچووم دیتم غەنى بلوریان و سەید حەسەنى هاشمى هاتوونە، غەنى حەڤدە تفەنگى كلاشینكۆفیشى لەگەڵ خۆى هێنابوو، رۆژى دوایە ناردمان ژن و منداڵەكانیشى هاتنە كۆنەدێ، پاش دوو رۆژ مامە غەنیم سوارى ماشێن كرد و هێنامەوە نێو شار، شەو هەر لەكن من مایەوە رۆژى دوایى چۆوە ماڵى خۆیان.

رۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۲ هەڤاڵدەری رۆیتەر و گۆڤاری ئیسێرویێر تەلیفۆنیان کرد، وەزعی شاری مەهابادیان پرسی، پاشان گوتیان: (دەستەیەکی نوێنەری دەوڵەت ئەوڕۆ دێت بۆ مەهاباد، ئێوە لەگەڵیان دادەنیشن؟)، گوتم: ئێمە هیچ دانیشتنێك ڕەت ناکەینەوە، وەزعی شار ئارامە و دەتوانن بێن.

ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۳ لەگەڵ غەنی بلوریان بۆ چاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەت کەلەسەباغیان و موهەندیس سەحابی و داریوشی فروهەر و شەکیبا ئوستانداری سنە پێك هاتبوو، داوایان کردبوو بچین بیانبینین چوویینە سەدی مەهاباد، دیارە چاوپێکەوتنی ئێمە هەر دیتنی سەرەتایی و باسی گشتی بوو، بەتایبەت فروهەر و سەحابی لەگەڵ غەنی لەبەندیخانەدا بوون و ئاشنایەتیان هەبوو، ڕۆژی دوایی نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و نامەیەکیشم بۆ مەلا شێخ عیزەدین نووسی و دام بەکاك حوسێنی مەدەنی و بردی بۆ بێژوێ، هاتنی دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەتیم پێی ڕاگەیاندن، ڕۆژی دوایی جارێکی دیکەش لەگەڵ مامە غەنی چوویینەوە دیداری دەستەی نوێنەرایەتی، ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۵ برادەرێکی کوردی سەر بەڕوکنی دووی ستادی لەشکر لەمەهاباد هاتە لام و خەبەری دامێ کەئەرتەش دەیەوێ بەبیانووی گەڕان لەپادگان وەدەرکەوێ و بێتە نێو شار، گورج خەبەرم دا بەکاك کەریمی عەلیار و جاویدفەر کەخافڵگیر نەبن و لەئامادەیی دابن، تەلیفۆنم کرد بۆ سەباغیان و پێم گوت: (وەك بیستوومانە لەشکر خەیاڵی جموجۆڵی هەیە تکایە بەفەرماندەی لەشکر ڕابگەیەنە کەئەرتەش لەپادگان وەدەرنەکەوێ، چونکە ئێمە ڕێگا نادەین لەشکر و پاسدار بێنە نێو شار، ئێستا کەئێوە لێرەن با تووشی شەڕ نەبین.

دکتۆر قاسملۆ لەوەڵامی نامەی منـدا مەلا عەولای نـاردبوو، نووسـیبووی: (لەوتوویژدا پەلە مەکەن، ئێمە وا لێرە خەریکین، لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و

کۆمەڵە و چریکی فیدایی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ وتووێژ پێك بێنین، لەو سەرووبەندەدا لەنێو شار دەنگۆیان بڵاوکردەوە کەوا حیزبی دیموکرات دەیەوێ بەتەنیا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکا و کۆمەڵە و چریك دژی وتوێژن و تووشی شەڕ و کێشەی نێوخۆ دەبن، چەند کەس تەلیفۆنیان بۆ من کرد و مەترسی خۆیان لەم باسە دەربڕی، دیاربوو تەلیفۆنیان بۆ مامە غەنیش کردبوو، مامە غەنی گوتی: (وام پێ باشە داوا لەخەڵك بکەی لەفەرماندارى کۆبنەوە، بچی لەسەر هاتنی نوێنەرانی دەوڵەت و سیاسەتی حیزب قسەیان بۆ بکەی، رووندیان بکەیەوە، با وانەزانن ئێمە بەبێ ئاگاداری خەڵك دەبزوینەوە و شتیان لێ دەشارینەوە).

رۆژی ۷۹/۱۱/۱۳ لەسەر بانگەوازی تەشکیلاتی مەهاباد ح.د.ك کۆبوونەوەیەکی گەورە لەفەرماندارى پێك هات، خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشدارى کردبوو، کەچوومە پشتی میکرۆفۆن بەشانازیەوە دەڵێم چەپڵە رێزان و شوعاردان سەرخۆشیان کردم، لەپێشدا وتارەکەم بەسوپاس لەخەڵکی مەهاباد و زەحمەتکێشانی کوردستان دەست پێکرد کەبەپشتیوانی و یارمەتی ئەوان و بەهێزی پێشمەرگە ئێمە هاتووینەوە مەهاباد و لەگەڵ خەڵك کۆدەبینەوە، سوپاسی مامۆستایانی ئایینیم کرد کەلەتێلگرافخانە مانیان گرت و پشتیوانیان لەسیاسەتی حیزب کرد.

پاشان لەسەر سیاسەتی حیزب و هاتنی نوێنەرانی دەوڵەت قسەم کرد و رامگەیاند کەوتووێژی ئێمە لەگەڵ دەوڵەت بەبەشدارى هەموو هێزەکانی کوردستان دەبێ و رێگا نادەین دەوڵەت ناکۆکی بخاتە نێو ئێمە، ئێمە بۆ راگرتنی شەڕ و رێککەوتن لەگەڵ حکومەت بەشەرتی قبوڵکردنی پێشنیارەکانی حیزب بەهەموو تواناوە هەوڵدەدەین، ئێمە نامانەوێ لەسەر حیسابی شەڕ و خەڵك بەکوشت دان و وێرانی شار و گوندەکانی کوردستان ببینە قارەمان، دەمانەوێ لەسەر حیسابی خێر و خۆشی میللەتەکەمان و وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد

بەخزمەتکاری خەڵك بناسرێین)، وتاری من بەگەرمی پێشوازی لێ کرا، پاشان مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی هەستا، من بەخێرایی کورتەی قسەکانی مامۆستام بەمجۆرە لەدەفتەری رۆژانەمدا نووسیوەتەوە، مامۆستا گوتی:

(سڵاو لەمیللەتی کورد، سڵاو لەو زەحمەتکێشانەی کەخوێنی خۆیان لەپێناو ئازادی دارشتوە، سڵاو لەحیزبی دیموکرات کەلەسەر سیاسەت حیسابی کرد و ملی پێوەنەنا، پاش پەلامار بۆ سەر مەهاباد ئێمە پشتیوانیمان لەحیزبی دیموکرات کرد، بەکاربەدەستانی دەوڵەتمان راگەیاند کەقەزاوەتی ئێوە لەسەر حیزبی دیموکرات هەڵەیە، لەموخابرات متحصن بووین، بەتەلیفۆن بەشەریعەتمەداریمان گوت: ئەوە ئیسلامەتی نییە، هەرچەندە خەڵخاڵی بێ ئیحترامی بەمن کرد، بەڵام لەبەر خاتری میللەتەکەم چوومە لای، دامنەنواند و داوای مافی میللەتەکەم کرد، ئێستا لەحیزبی دیموکرات پیرۆزبایی دەکەم، سیاسەتی بەخەرج داوە، لەسایەی ئەو سیاسەتەیە کەئێستا میللەتی کورد لەمافی خۆی نێزیك بۆتەوە، ئێمە قەدری ئەوانە دەزانین کەسالەهای سالّ نیشتمانیان بەجێ هێشتووە، ئێمە زەحمەتی ئەوانە لەبیر ناکەین، سیاسەتی حیزبی دیموکرات تەئیید دەکەین کەرێگای ئاشتی گرتۆتەبەر، تا ئەو جێگایەی کەمەسەلە بەوتوێژ حەل بێ رێگای دیکە هەڵەیە، ئەوانەی بەگێرەشێوێنی دەیانەوێ رێگای ئاشتی تێك بدەن بەهەڵە دەچن، هیوادارم نەزەری خۆیان بگۆڕن).

لەکۆبوونەوەدا یەك دوو کەسی تر لەسەر پشتیوانی لەسیاسەتی کرد، ئەو رۆژانەی کەدەستەی نوێنەرایەتی حکومەت لەمەهاباد بوون رۆژانە دەهاتنە نێو شار و دەگەڕان و خەڵکیان دەدواند، لەو گەڕان و دیتن و ئاخافتنانەدا بۆیان دەرکەوتبوو کەهێزی سەرەکی لەکوردستان حیزبی دیموکراتە و خەڵك پشتگیریەتی،

هەربۆیەش لەسەر ئەوە پێیان دادەگرت کەتەنیا لەگەڵ حیزبی دیموکرات وتووێژ بکەن.

پەیامی خومەینی و راوەستانی شەڕ

پاش گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی لەژێر تەئسیری پشتیوانی خەڵك و خەباتی ئازایانەی پێشمەرگە وەبێ هێزی حکومەت لەزاڵ بوون بەسەر کوردستاندا خومەینی ٧٩/١١/١٧ (٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨) لەوتارێکی خۆیدا کەگۆیا لەسەر کوردستان ئەویان بەفریو بردوە، گوتی کوردەکان چییان دەوێ بیانددەنێ، فەرمانی خومەینی لەنێو خەڵکدا بەگەرمی پێشوازی لێ کرا، کۆمیتەی مەرکەزی بەناوی پلینۆم لەدۆڵەتو کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێك هێنا، هەرچەند چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تێدا بەشدار نەبوون، دیارە دکتۆر خەبەری ناردبوو کەئێمە (مەلا رەسوڵ و مەلا سمایلی حاجی و کەریمی حسامی) بچن بۆ پلینۆم، بەڵام کاتەکەی وادانابوو کەدەرەتانی ئەوەمان نەبوو وا بەگورجی بگەینە پلینۆم، لەم کۆبوونەوەیەدا بەیاننامەیەك بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەسند کرابوو، لەبەیاننامەکەدا گوترابوو: (وێڕای پشتیوانی لەهەڵوێستی دژی ئیمپریالیستی خومەینی و تەئییدی پەیامی ٢٦ی گەلاوێژانی خومەینی لەسەر وەزعی کوردستان، ئێمە لەم رۆژەوە تا بیست رۆژ شەڕ رادەگرین و داواش لەدەوڵەت دەکەین کەئەویش شەڕ بوەستێنێ، دیارە درێژەی شەڕ وەستاندن پێوەندی بەچوونەدەری پاسدارانەوە هەیە لەکوردستان، هەروەها لەبەیاننامەکەدا گوترابوو کەئەگەر هێزێکی بێگانە ئێران پەلامار بدا، ح.د.ك.ا سنورەکانی ئێران دەپارێزێ).

پاش پلینۆم دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی نووسیبوو کەبچمە میراوێ، لەگەڵ مەلا رەسوڵ و کاك ئۆمەر و کاك کەمالی دەباغی و چەند برادەری تر سوار بووین چووینە میراوێ، دکتۆر قاسملۆش لەگەڵ هێندێك کەسانی دەوروپشتی هاتبوونە میراوێ، لەوێ کۆبوونەوەیەك بەبەشداری کادر و سەرلق و فەرماندەی هێزەکان پێکهات، من لەنێوەڕۆکی بەیاننامەی پلینۆم کەبۆنی شەڕی لێ دەهات و شەرتی وەستاندنی شەڕی چوونە دەری پاسداران لەکوردستان دانابوو بەتوندی رەخنەم گرت، لەگەڵ دکتۆر قسەکانمان تۆزێ لێك هەڵبەزینەوە، لەبەرانبەر دا دکتۆر قاسملۆ رەخنەی لەوە هەبوو کەمن و غەنی بلوریان نەدەبا چاومان بەنوێنەرانی دەوڵەت کەوتبایە، دکتۆر بەعادەتی خۆی لای زۆر گران بوو لەنێو خەڵك رەخنەی لێ بگیرێ ئیتر زوو داینواند و مەسەلەکەمان هێنا سەر ئەو باسە کەداخوا دکتۆر بێتەوە نێو شار یا هەر لەدەرەوە بێ، من گوتم: بوونی دکتۆر قاسملۆ لەدەرەوەی شار فایدەی نییە، پێویستە هەر ئەوڕۆ لەگەڵ ئێمە بێتەوە بۆ شار، ئێستا کەنوێنەرانی دەوڵەت داوای وتووێژ دەکەن ئێمە پێویستە بەجیددی خۆ ئامادە بکەین، هێندێك لەماستاوکەرانی دەوروبەری دکتۆر دەیانگوت جارێ باش نییە دکتۆر بێتەوە نێو شار نەوەکو خوانەخواستە تووشی ناخۆشیەك ببێ، ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەدکتۆر بگەڕێتەوە، لەمیراوێ بەکۆمەڵ چووینە مالّی براکانی مەلا عوسمانی میراوەیی شەهید (جەلال) سەرەخۆشیمان لێ کردن، پاشان چەند ماشێن سوار بووین و کەوتینەڕێ، لەگوندی قەرەخدری لەمالّی مام رەسوڵی عەبدولسەمەدی لامان دا نانی نیوەڕۆمان خوارد و لای ئێوارێ گەیشتینە قازیاوا، دکتۆر گوتی: (باش نییە وا بەئاشکرا و بەچەند ماشێن پێشمەرگەوە بچینەوە نێو شار، تۆ بچۆ ماشێنێکی سواری پەیدا بکە و وەرەوە سوار دەبین بەبێ دەنگی دەچینەوە نێو شار، باپێشمەرگەکان پاشان خۆیان بگەڕێنەوە)، سوار بووم

بەتەنیا چوومەوە مەهاباد، لەپێش فەرمانداری تووشی حەسەن ئاغای میهماندارى بووم، دابەزیم پاش سڵاو و چاك و خۆشی لێم پرسی چ دەکەی؟ کارت هەیە یان نە؟

– کاریشم هەبێ بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم.

– کارم بەماشێنەکەتە، ئەگەر خۆشت لەگەڵم بێی هەتا گوندی قازیاوا باشتریشە.

– ماشێنی خۆم لەپێش فەرمانداری دانا و لەگەڵ حەسەن ئاغای میهماندارى چووینە قازیاوا، دکتۆرمان سوار کرد و سێ نەفەری گەڕاینەوە، حەسەن ئاغا بەدڵ دەیویست بچین لەماڵی ئەوان دابەزین، دکتۆر ماڵی سەلیمی بابانزادەی پێ باشتر بوو، چووینە ماڵە کاك سەلیم لەجێی جاران دابەزین.

رۆژی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٥٨– ١٩٧٩/١١/٢٠ بەبۆنەی دەرچوونی پەیامی خومەینی و هاتنەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ نێو شار لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز کرا، پێشتر لەرێگای رادیۆ مەهابادەوە بەتەواوی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان راگەیەندرابوو، لەهەموو شارەکانی کوردستانەوە بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوە هەراوەدا خەڵك رووبان کردبووە مەهاباد، دکتۆر قاسملۆ لەوتارێکی بەنرخ و دوور و درێژدا سیاسەتی حیزبی دیموکراتی روون کردەوە و وێڕای پشتیوانی لەپەیامی خومەینی رایگەیاند کە (ئێمە بەپەیامی ئیمام لبیك دەڵێین)، پاش تەواو بوونی وتاری دکتۆر قاسملۆ هاتمە پشتی میکرۆفۆن و ئەم وتارەی ژێرەوەم خوێندەوە، پێویستە وەبیری خەمەوە لەو کاتەدا کەخومەینی بەدرۆ و بەناچاری پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ناردبوو، گەلی کوردیش بەهێزە سیاسیەکانیەوە بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێشوازیان لەپەیامی خومەینی دەکرد و ئامادەیی خۆیان بۆ وتوێژ

رادەگەیاند رۆژنامەکانی تاران چەند وتارێکی بێ شەرمانە و ئاژاوەچیانەی پڕ لەدرۆ و دەلەسەی چەمران و زەهیرنیژادیان بڵاوکردبۆوە، من ناچار بووم لەوتاری جۆمدا باسیان بکەم، ئەمەش دەقی وتارەکەی خۆمە. (لەوانەشە زۆر کەس بڵێن هەر باسی خۆی دەکا!).

خوشک و برایانی بەڕێز! هاونیشتمانانی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر! رۆژێکی پیرۆزە رۆژێکە لەسایەی خەباتی ح.د.ك لەسایەی پشتیوانی بێ وێنەی گەلی کوردی قارەمان و هەڵمەتی ئازایانەی پێشمەرگەی ح.د.ك–وە پێك هاتوە.

هەڤاڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ سکرتێری کۆمیتەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی ئەوەی پێویست بوو رایگەیاند و سیاسەتی حیزبی روون کردەوە. من دەمەوێ باسی چەند مەسەلەیەك بکەم هیوادارم بەگوێی شورای ئینقلابی ئیسلامی ئێران بگاتەوە، ئیمام خومەینی لەپەیامێکی تاریخی دا کەبۆتە هۆی پێکهاتنی ئەمڕۆژە ئێمە لێرە کۆبینەوە بەئاشکرا رایگەیاند کەهێندێ کەسی ئاژاوەچی و دژی ئینقلاب بیروباوەڕی ئەویان تێك داوە و بۆتە هۆی ئەم وەزعە کەلەکوردستان پێك هاتوە.

ئێمە حەقمانە بپرسین بەراستی بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کەئەمڕۆش هێشتا لەم حاڵەشدا دەیانەوێ تۆوی ناکۆکی بچێنن شورای ئینقلاب چی کردووە؟ خۆتان دەزانن گەلی کورد لەسەرانسەری کوردستان ئەوە سێ رۆژە پاش دەرچوونی پەیامی ئیمام دەستی کردووە بەشایی و هەڵپەڕین، دیارە بەلای منەوە رەنگە لاوەکان لەمێژ بێ داوەتیان نەکردبێ و زۆرتر ئەم شایی و هەڵپەڕینە لەبەر ئەوە بێ، دەنا باشترە ئێمە لەناوەڕۆکی ئەو پەیامە حاڵی بین و بزانین ئەو چی گوتوە و ئێمە دەگەینە کوێ؟ بۆ ئێمە زۆر جێی داخە راست لەو کاتەدا کەئیمام ئەو

پەیامەی ناردوە و گەلی کورد پشتیوانی لێ دەکا و دەیەوێ تۆوی ئاشتی لەگەڵ براکانی تر بچێنێ، ئاغای چەمران کەئەندامی شورای ئینقلابی ئیسلامیە رێزە وتارێك بڵاو دەکاتەوە کەفڕی بەئاشتی و دۆستایەتی نێو میللەتانەوە نییە، هێندێ بوختان بەکورد دەکا کەئەسڵەن هەر پیاوی بێشەرمی وەك چەمران دەتوانێ ئەو درۆیانە بهۆنێتەوە، چاکە نمونە بێنینەوە، چەمران دەڵێ: (پێشمەرگەی ح.د.ك بەزۆر لەماڵێکی وەژوور دەکەون و داوای نان دەکەن، کابرا چونکە لایەنگری کۆماری ئیسلامی بووە نانیان ناداتێ، پێشمەرگە کابرا و ژنەکەی دەکوژن) چەمران باسی ئەوە ناکا کەپێشمەرگەی ح.د.ك چۆن لەئامێزی میللەتەکەیاندا حاواونەوە و خەباتیان کردووە، پێشمەرگەی ح.د.ك بۆیە چەکی هەڵنەگرتووە خەڵك بکوژێ، بەڵکو بۆ خزمەتی خەڵك و بۆ دیفاع لەشەرەف و نامووسی کوردایەتی چەکی دەست داوەتێ، ئاغای چەمران هەر بەو بوختانەوە ناوەستێ و دەنووسێ: (هێندێ لەرۆژهەڵاتناس و نووسەری بێگانە دێن کتێب بۆ کورد دەنووسن، زمان بۆ کورد دادەنێن، تەحریکیان دەکەن، تا میللەت و زمانی خۆیان وەبیر بێتەوە، پاشان کوردستانێکی ئازاد تەشکیل بکەن).

هەر ئەم بوختان و درۆیە بوو کەزەینی ئیمامیان پەشێو کرد و وەزعێکی ئاوا ناخۆشیان لەکوردستاندا پێك هێنا، ئاغای سادقی قوتبزاد کەئەندامی شورای ئینقلابە بەجوانی گوتوویە: (زۆر کەس هەن کەئێستاش پیلان دەگێڕن و ناهێڵن ئاشتی لەکوردستان بەردەوام بێ، داوای کردوە کەئەوانە تێکدەرن با خەڵك دژی ئەوانە راپەڕێ)، ئێمە بەتەواوی لەگەڵ قسەکانی قوتبزاد موافقین و داوای ئیجرای دەکەین، ئەوانەی وەك چەمران و زەهیرنیژاد و خەڵخاڵی و حەسەنین دەبێ لەریزی میللەت دەربکرێن و سزا بدرێن.

هاونیشتمانانی بەڕێز! لەسایەی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی ڕێبەرایەتی ح.د.ك و تێکۆشانی ڕێکخراوە پێشکەوتوخوازەکانی سەرانسەری ئێران، هەروەها لەسایەی تێگەیشتوویی هێندێ لەشەخسیەتەکانی ئەندامی شورای ئینقیلاب، پەیامی ئیمام بۆ ئاشتی بڵاو کرایەوە، هەروەك: سکرتێری گشتی حیزب رایگەیاند، ئێمە بەگەرمی پێشوازی لەو پەیامە دەکەین، چاوەڕوانی ئەوەین شورای ئینقلابی ئیسلامی ئێران هەروەك ئیمام گوتوویە بەگورجی داخوازەکانی گەلی کورد کەداخوازی ڕەوان و داخوازی میللەتێکن بەدرێژایی مێژوو خەباتی بۆ کردووە تا بەئازادی بژی، قبوڵی بکەن، ئێمە دڵنیاین هەیئەتی حوسنی نیەت کەبۆ کوردستان دەگەڕێتەوە هەموو پێشنیارەکانی حیزبی ئێمە کەپێشنیاری میللەتی کوردن قبوڵ بکا، وەزعێکی ئەوتۆ پێك بێ کەئەو ئاشتیەی ئەمڕۆ کە لەکوردستان هەیە بەردەوام بێ.

خوشك و برایانی بەڕێز و خۆشەویست! بەم بۆنەوە دەمەوێ باسی مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بکەم، ئەم وەزعەی ئیمڕۆ لەکوردستان پێکهاتووە بەو مانایە نییە کەمندااڵکان نەخوێنن و لەشار و دێهات مندااڵ نەچنە مەدرەسە و مەدرەسەکان دابخرێن، بەتایبەت جێگای داخە کەلەهێندێك گوند مەدرەسەکانیان هەڵوەشاندووە، دەمەوێ لێرەدا ڕایگەیەنم بەراستی شەرمە بۆ ئەو گوندانەی کەمەدرەسەیان تێدا وێران کراوە، من داوا لەهەموو هاونیشتمانان دەکەم، داوا لەهەموو قوتابیە ئازیزەکان دەکەم، هەروەها داوا لەهەموو مامۆستا بەشەرەفەکان دەکەم کەمەسەلەی دەرس و خوێندن زۆر بەجیددی بگرن، وای لێ نەیەت کەئێمە مەجبور بین بەپێشمەرگە بسپێرین لەشار و دێهات ئەو کەسەی مندااڵی نەنێرێتە قوتابخانە سزا بدرێت، ئێمە کەداوای خودموختاری دەکەین، خودموختاریمان بۆ ئەوەی ناوێ کەمندااڵکانمان نەخوێنن، خودموختاریمان بۆیە دەوێ، مندااڵ

بخوێنن و میللەتەکەمان بەختەوەر و تێر و تەسەل بێ و بەئاسایشی بژی و بگاتە ریزی ئەو میللەتانەی کەئەمرۆ ژیانی ئازاد دەبەنەسەر، لەلایەن تەشکیلاتی مەهابادی ح.د.ك.وە سوپاسی ئەو برا گوندیانە دەکەم کەبەشەو و رۆژ کادر و پێشمەرگەی حیزبیان پەنا داوە و خزمەتیان کردووە، سوپاسی ئەو مەلا و مامۆستا ئایینیانە دەکەم کەلەم خەباتەدا بەتەبلیغات و بەکردەوە لەگەڵ میللەت بوون و پشتیوانیان لەسیاسەتی ح.د.ك کردووە، سوپاسی خەڵکی بەشەرەفی مەهاباد دەکەم کەبەدڵەوە لەهەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانی خەباتی حیزبی دیموکرات بوون، سوپاسی حیزبی دیموکرات دەکەم کەتوانیویەتی وەزعێکی ئەوتۆ لەنێو میللەتدا پێك بێنێ کەیەك دڵ و یەك گیان بۆ دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان تێ بکۆشێ، سەرکەوتووبن).

لەم کۆبوونەوە مەزنەیەدا پاش من مەلا رەسوڵی پێشنمازیش وەك بەرپرسی هێزی پێشمەرگە وتارێکی خوێندەوە.

دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد

دوای ئەوەی کەدەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەت هاتە مەهاباد و من و غەنی بلوریان لەگەڵیان دانیشتین، پێشنیاری وتوێژیان کرد، دکتۆر قاسملۆ هێشتا لەچیا بوو لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە و چریکی فیدایی (دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد)یان بۆ وتوێژ لەگەڵ حکومەت دامەزراند، بەم چەشنە کەمەلا شێخ عیزەدین سەرۆك و دکتۆر قاسملۆش وێژەری دەستەی نوێنەرایەتی بێ، لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە ئەم پێنج کەسە بەئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی دیاری کرابوون:

١- دکتۆر قاسملۆ.

٢- غەنی بلوریان.

٣- کەریمی حسامی.

٤- مەلا عەولای حەیاکی.

٥- عەزیزی ماملێ.

ئاغای صارمەدینی صادق وزیریش وەک راوێژکەری دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەتارانەوە بانگ کرابوو کەلەکۆبوونەوەکاندا بەشداری بکا، صادق وەزیری وەک حقوقیەکی زانا و شارەزا و لێهاتوو گەلاڵەی خودموختاری کوردستانی ئێرانی لە ٢٦ مادەدا ئامادە کرد کەلەلایەن دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردەوە پەسندکرا، بۆ مانەوە لەمێژوودا وا دەقی ئەم گەلاڵەیە لەپاشکۆی ئەم بەرگەدا بڵاو دەکەمەوە.

دوای گەڕانەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ شار و تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی خودموختاری لەرێگای ئاشتی و وتوێژەوە، نوێنەرانی دەولەت گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و گەلاڵەی (خودگەردانیان) هێنابوو، بەڵام بڵاویان نەکردبۆوە و خەڵك نەیدەزانی چی تێدایە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ هاتنی ناوی (خودگەردانی)، تەبلیغاتێکی بەربڵاو دژی ئەم زاراوەیە دەست پێکرا، لەلایەکی تر راست لەو سەروبەندەدا رایەڵکەی هاتووچۆی نوێنەرانی رێکخراوە چەپ و بەناو دیموکراتە ئێرانیەکانی هیچ لەدەست نەهاتوو بۆ مەهاباد دامەزرا، هەر رۆژە دەستە و کەس و ناکەسێك دەهاتە مەهاباد و لای حیزبی دیموکرات تەنیا پێشنیاری سەیر و ویشك و بێ ناوەرۆکیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بڕیاری دابوو لەگەڵ نوێنەرانی دەولەت وتوێژ بکا، ئەوانەی لەتارانەوە دەهاتن، جارێ مەسەلەی (شورای خەڵکەکانی ئێران)یان لەتاران دەهێنا گۆڕێ و یا پێشنیاری هاوکاری (هەموو هێزەکانی دیموکرات) و یا

پێکهێنانی (جەبهەی بەناو و بێ کار)یان باس دەکرد، رۆژێك ئاغای مەهدی تارانچی و یەك دوو کەسی تر سەر بە موجاهید و قولّە رێکخراوی بەناو چەپ هاتبوونە مەهاباد و لام وایە لەمالّی کاك مونتەقیمی قازی میوانداری و جێگایان بۆ ساز کرابوو، هەر لەوێش باس و کۆبوونەوە لەگەلّیان دەست پێکرا، مەهدی تارانچی دەستی کرد بەباسی (یارمەتی بەبزوتنەوەی کورد و هاوکاری لەگەلّ دیموکراتەکانی ئێران) و لەو قسانەی کەبەکردەوە قەت ئەنجامێك نادەنە دەست، من وەدەنگ هاتم و گوتم: دکتۆر قاسملۆ ئەوە تەشریفی لێرەیە، بەلّام من لەباس و ئاخافتندا نەختێ رك و راست و رەنگە قسەکانیشم تۆزێ توند بن، ئێوە کەئێستا وا بەگەرمی باسی هاوکاری و یارمەتی دەکەن، دەبوایە لەکاتی تەنگانەدا بیر لەیارمەتی کوردستان بکەنەوە، کاتێك کوردستان کەوتبووە بەر پەلاماری دڕندانەی رژێم، دەبوایە یارمەتی و پشتیوانیتان نیشان دابایە، خومەینی دژی میللەتی کورد فتوای خەزای دا، ئەو هێزو رێکخراوانەی ئێستا تۆ باسیان دەکەی تەنانەت دژی ئەم فتوا ناڕەوایە خۆپیشاندانێکیان ساز نەکرد، بەیاننامەیەکیان بلّاو نەکردەوە، مەسەلەی کوردی دەلّێ: (دۆست لەرۆژی تەنگانەدا دەناسرێ)، من دژی هاوکاری نیم، بەلّام ناشتوانم بەقسە و پێشنیاری بێ پشتیوانە دلّخۆش کەم.

لەو سەروبەندەدا لەتاران دەستدرێژی بۆ سەر مالّی شەریعەتمەداری کرابوو، حیزبی جمهوری خلقی مسلمان لەتەورێز راپەڕی بوو، لەشارەکانی ئازەربایجان بەپشتیوانی لەئایەتولاّ شەریعەتمەداری خۆپیشاندان دەست پێکرابوو، رادیۆ تەلەفزیۆنی تەورێز کەوتبووە دەست لایەنگرانی شەریعەتمداری، لەتەورێز و لەشارەکانی تر ئازربایجان خەلّك دەستی دابوە چەك و شارەکان کەوتبوونە ژێر کۆنترۆلّی خەلّك، بەراستی ئاسۆیەك بۆ پەرەگرتنی راپەڕینی ئازەربایجان و کزکردنی حکومەتی تاران بەدی دەکرا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بۆ

لێکۆڵینەوەی وەزعی ئازەربایجان کۆبوونەوەی پێك هێنا و گەیشتە ئەم بڕیارە کەلەراپەڕینی خەڵکی ئازەربایجان پشتیوانی بکا، بڕیاردرا بەیاننامەیەك بۆ مەحکوم کردنی سوکایەتی بەشەریعەتمەداری بڵاو بکرێتەوە، بەیاننامەیەکیش بۆ پشتیوانی لەراپەڕینی خەڵکی ئازەربایجان و حیزبی جمهوری خلقی مسلمان بنووسرێ و دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بچێتە تەورێز و لەشارەکانی سەر رێگاش بەیاننامەی حیزب بڵاو کاتەوە، برادەران بڕیاریاندا کەمن و کاك ئەحمەدی قازی بچین، کاك تاهیری عەلیار کەبەڵگە و دۆکۆمێنتی خوێندنی لەدانیشگای تەورێز مابوونەوە، دەرفەت بوو لەگەڵمان بێ، هەم یەك بێ لەدەستەی نوێنەرایەتی حیزب و هەم کارەکەی خۆشی راپەڕێنێ.

کاك جەمیلی شافعی کەهەمیشە بۆ کار و زەحمەتی حیزب ئامادە بوو، ماشێنێکی ساز کرد و تەلیسێك بەیاننامە خرانە نێو ماشێن و رۆژی ١٩٧٩/١٢/٣ بەرەو تەورێز کەوتینەڕێ، هەر لەپردی تەتەهو پەڕینەوە، ئازەربایجان لەحاڵی راپەڕیندا دەهاتە بەرچاو، چەکدار بەبازنەی سوور لەقۆڵ دا لەسەر رێگا راوەستابوون و هاتوچۆیان خستبوە ژێر پشکنین و چاوەدێری، ئێمە دروشمێکی گەورەمان بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەپێش ماشێنەکە هەڵاوەسیبوو، لەمیاندواوە تا گەیشتینە تەورێز لەچوار رێگا و لەنێو شارەکانی سەر رێگا بەیاننامەمان بڵاو دەکردەوە و خەڵك پێشوازیان دەکرد.

لای ئێوارە بوو گەیشتینە تەورێز و چووینە مالّی سمایلی ئازەرمیر، کاك سمایلی ئازەرمیری خوالێخۆشبوو، برادەرێکی چەپی پێشکەوتوخوازی ئازەربایجانی بوو، ساڵەکانی ٥٤–١٩٥٥ گیرابوو پێکەوە لەبەندیخانەی ورمێ دابووین، کوڕێکی مەرد و رەند و تێگەیشتوو، دوای ئازادی ئیتر وەدوای ژیان و کاسبی کەوتبوو، زۆر زوو خودای تەعالا سەروەت و سامانێکی باشی بەسەردا رژاندبوو، لەشامات کارخانەی

خشتبڕی ساز کردبوو، لەتەورێز و میاندواو دەزگایەکی شازی بۆ خۆی پێك هێنابوو، لەکاتی شەڕی سێ مانگە و لەپاشانیش یارمەتیەکی باشی بەحیزب دەکرد، مالّی ئازەرمیرمان دیتەوە و لێی وەژوور کەوتین لەرادەبەدەر بەهاتنمان شاد بوو، جێ بەجێ لەگەلّ حیزبی جمهوری خلقی مسلمان پێوەندی گرت و خەبەری دانێ کەدەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات هاتوە، بەلّام رووبی کردینەوە ئەوانە شۆڕشگێڕ نین و تەسلیم دەبن.

داوایان کرد بچینە بارەگای حیزب، سمایلی ئازەرمیر وەپێشمان کەوت تەورێز لەجموجۆلّدا بوو، دەوروبەری بارەگای حیزب پڕ بوو لەچەکدار و هەر زمەی دەهات، رادیۆ لەدەست راپەڕیوەکان دابوو، بەلّام بێجگە لەقورئان و قسەی قۆڕ چیدیکەی بلّاو نەدەکردەوە، لەبارەگای حیزب ئاغای عەدالەتی و ئاغای فەرشی وەك نوێنەری حیزبی جمهوری خلقی مسلمان پێشوازیان لێ کردین، مەلایەك و چەند کەسی تریش هاتن و کۆبوونەوە دەست پێکرا، ئێمە بەیاننامەی حیزبی دیموکراتمان دانێ و پێشنیارمان کرد لەرادیۆی تەورێز بیخوێننەوە، لەبەیاننامەکەدا نووسرابوو:

(ئێمە لەمافی خودموختاری بۆ خەلّکی ئازەربایجان پشتیوانی دەکەین)، مەلا دڕی بەکارهێنانی وشەی خودموختاری بوو، هەرچەندی باسمان کرد و رووبمان کردەوە کەئەمە حیزبی دیموکرات دەیلّێ و قسەی ئێوە نییە، فایدەی نەبوو، مەلا پەتی نەدا، ئاخرەکەی ئەم دێڕەیان لێ لابرد و ناردیان لەرادیۆ بخوێندرێتەوە.

من گوتم: تەورێز رابردوویەکی شۆڕشگێڕی هەیە، سروود و شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕی بەزمانی ئازەری زۆرن، بۆچی لەرادیۆ نایانخوێننەوە؟، دیار بوو رێبەرایەتی بزوتنەوە کەوتبووە دەست کەسانی هەلپەرست و مەسەلەی مافی

نەتەوایەتی یا خودموختاری لای ئەوان جیددی نەبوو، ئێمە لەکۆبوونەوەدا بووین خەبەریان هێنا کەلەتارانەوە ئەرتەش دەنێرن و لەفڕۆکەخانە دادەبەزێ، ئەوان دەیانگوت فڕۆکەخانە بەدەست ئێمەیە و پڕە لەچەکدار و ناتوانن دابەزن، شەو قوڵەی اللە و اکبر لەسەربانان مێشکی خەڵکی بردوو، دەرکەوت کەهەرای حیزبی جمهوری خلقی مسلمان هەر فیشاڵ بوو، شەریعەتمەنداری سەری دانواند و تەورێز بێ دەستکردنەوە تەسلیم بوو.

ئێمە شەو لەماڵی ئازەرمیری خۆشمان رابوارد و سبەی گەڕاینەوە بۆ مەهاباد، سەفەرەکەمان دوو قازانجی هەبوو، یەکەم کاك تاهیری عەلیار بەڵگە و دۆکۆمێنتەکانی زانستگای وەگیر کەوتەوە، دووەم ئازەرمیر زەپتێکی لەرادە بەدەر جوان و نایاب و بەکەڵکی بەدیاری دا بەمن.

لەراپۆرتێکدا کەلەسەر سەفەری تەورێز هەڵوێستی رێبەرانی حیزبی جمهوری خلقی مسلمان بۆ کۆمیتەی ناوەندیم نووسیبوو، رووبم کردەوە کەهەرای تەورێز جێگای هومێد نییە و هیچی لێ شین نابێ.

رۆژی ۱۹۷۹/۱۲/۱۰ دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەماڵی مەلا شێخ عیزدین لەبارەی چۆنیەتی وتوویژ لەگەڵ حکومەت کۆبوونەوەی پێك هێنا، نوێنەرانی حیزبی دیموکرات ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیان وەك بنچینەی وتوێژ لەگەڵ حکومەت پێشنیار کرد:

- ئەوپەڕی نەرمیش نیشان بدەین.
- ئەوپەڕی ئامادەییمان هەبێ.
- لەسەر چوونە دەری پاسداران لەشارەکان پێدابگرین.

– گەلاڵەی پێشنیاری خودگەردانیان لێ وەربگرین و بڵاوی بکەینەوە با خەڵك لێیان تێبگا.

نوێنەرانی کۆمەڵە و چریك بەماوەستاوە هەڵوێستیان تۆزێ تووندتر بوو، لەکاتێکا حیزبی دیموکرات دەیویست هەتا بکرێ لەرێگای هێمنانەوە مەسەلەی خودموختاری چار بکرێ و تووشی شەڕ نەبینەوە، بەڵام کۆمەڵە و چریك و مەلا شێخ عیزەدین لەو کاتەدا کەوتوێژیان رەد نەدەکردەوە بەڵام لایەنگری تووندوتیژی و تەنانەت ئاژاوەش بوون، ئاغای صادق وەزیری کەوەك راوێژکەر لەکۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبوو دەیگوت: (لەئوسوڵ دا ئەشێ ئیستقامەت بکەین، لەسەر هەقی میللەتی کورد نابێ خۆ شل کەین).

لەماوەی شەڕ وەستان و وتووێژدا پادگانی مەهاباد بەحیزبی دیموکراتی راگەیاندبوو کەکاروانێکی ئەرتەشی لەمیاندواوەوە هێندێ پەتوو تەلیس و شڕە و بڕە دێنێ بۆ مەهاباد، داوای کردبوو کەپێشمەرگە رێگای پێ نەگرێ، دیاربوو بەپۆستی پێشمەرگەی سەر رێگا گوترابوو رێگایان پێ نەگرن، کاروان هاتبوو گەیشتبووە کەلکی بەگزادان، چەند پێشمەرگەی کۆمەڵە رایان گرتبوون، دکتۆر قاسملۆ تەلیفۆنی کرد و گوتی: (گوێا ماشێنی ئەرتەشیان لەرێگا راگرتووە، ئەوانە پرسیان بەئێمە کردووە و بەئیجازەی ئێمە هاتوون، بچوو بزانە با بگەنە پادگان)، سوار بووم چوومە کەلکی بەگزادان، بەپێشمەرگەی کۆمەڵەم گوت: ئەم کاروانە نیزامیە چەکی پێ نییە، پاشان پرسیشیان بەحیزبی دیموکرات کردووە، تکایە رێگایان بدەن با بڕۆن، دەبێ سوپاسیان بکەم رێگایان بەردا و کاروان کەوتەڕێ، بەڵام ئەمجارە لەدەروازەی شار پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات پێشیان پێ گرت، دابەزیم هەرچەندی قسەم لەگەڵ کردن رێگایان بەر نەدا، تەلیفۆنم کرد بۆ کۆمیتەی نیزامی حیزب، کاك حامیدی گەورەری هات پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و

کاروان گەیشتە پادگان، بەڵام چەند رۆژ دواتر من لەمەهاباد نەبووم گوێا کاروانێکی ئەرتەشی لەلای ورمێوە دێ بۆ مەهاباد، برادەرانی کۆمەڵە خەڵك و قوتابی مەدرەسە دەبەنە پێش کاروان و لەدەروازەی شار دەبێتە کێشە و هەموو چەك و شتومەکی کاروان بەتاڵان دەچێ و کاروان ناگاتە پادگان، دەقیق لەبیرم نییە ئەم رووداوە چۆن بووە و چۆنیان بۆ گێڕاومەوە.

رۆژی ١٩٧٩/١٢/١٤ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەکامیاران ١١ سەربازی هەوانیرۆزی کرماشانیان بەدیل گرتبوو هێنایانە مەهاباد، راست لەو کاتەدا کەسەربازەکان لەتەشکیلاتی مەهاباد حەپس بوون، برادەرانی کۆمەڵە بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و رایانگەیاند کە ١١ سەربازی هێلیکۆپتەریان بەدیل گرتووە، تەشکیلاتی مەهاباد ناچار بوو لەکورتە ئاگاداریەکدا خەڵك لەم رووداوە روون کاتەوە، دەفتەری سیاسی بڕیاریدا سەربازەکان بدرێنەوە بەپادگانی مەهاباد، بەتایبەت کەبرینداڕێکی شێرزەیان لەگەڵ بوو، رۆژی ٧٩/١٢/١٦ تەلیفۆنم کرد بۆ فەرماندەی ئینتزاماتی پادگانی مەهاباد بەناوی (ستوان نوسرەتی کەربەلایی)، هاتە دەفتەری تەشکیلاتی حیزب و رەسیدیان لێ وەرگرت و سەربازەکانی بردەوە.

سەفەر بۆ بەغدا

دوای ئەوەی حکومەت داوای وتوێژی کرد لەگەڵ حیزبی دیموکرات و شەڕ لەکوردستان راگیرا و دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێك هات، حکومەتی بەعسی عێراق فشاری بۆ نوێنەری حیزب هێنا کەدەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بچێتە بەغدا و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، کاك حەمەدەمینی سیراجی کەنوێنەری حیزب بوو لەبەغدا گەڕایەوە و رایگەیاند کەزەختێکی زۆریان خستۆتە

سەر و هەتا نەنێرن قسەیان لەگەڵ نەکەن ناچمەوە بەغدا، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا دەستەیەکی نوێنەرایەتی بەسەرۆکایەتی نووسەری ئەم دێڕانە بۆ وتوێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق بنێرێتە بەغدا، دەستەی نوێنەرایەتی بریتی بوو لە: کەریمی حسامی، حەمەدەمینی سیراجی، فەتاحی کاویان، کاك فەتاحێکی دیکە. (نەك ئەو فەتاحەی کەئێستا لەپاریس نوێنەری حیزبی دیموکراتەو بەڵام بەناوی حەوت ملیۆن کوردی ئێرانی دەپەیڤی!).

سوار بووین بەرەو عێراق کەوتینەڕێ، لەگوندی سەروکانی گوتم با لابدەین سەرێکی کاپیتان قادری بدەین، پرسیمان گوتیان نەساخە و لەجێی دایە، کەوەژوور کەوتم، یەك پێی راست بۆوە و گوتی: (تەڵاقم کەوێ نەهاتبای دەمردم)، دانیشتین نان و چایەکی باشیان ساز کرد، چەند رەسمێکمان هەڵگرت، بەداخەو ئەوە دوا دیدارم بوو لەگەڵ ئەو پیاوە گەورە نیشتمانپەروەرە و ئەو دۆستە و برادەرە خۆشەویستە، دوای حەسانەوە کەوتینەڕێ و چووینە حاجی ئۆمەران، ئەفسەرانی عێراقی خەبەریان بەبەغدا دا کەدەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات هاتووە، گورج ترومبێلیان ئامادە کرد و شەو چووینە هەولێر، بەیانی بردیانین بۆ لای بەرپرسی بەعسی هەرێمی کوردستان و لای فەرماندەی لەشکری هەولێر، دوای نیوەڕۆ بردیانین بۆ بەغدا و وەك میوانی حکومەتی بەعس لەهوتێلێك دایانبەزاندین.

پاش دوو رۆژ حەسانەوە وتووێژ دەست پێکرا، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێنج کەس بەسەرۆکایەتی (ئەبو ئەحمەد) مودیری گشتی موخابرات بەشداریان کردبوو، کوردێکی ناقۆڵای دانەتاشراویان هێنابوو گوایا ئەگەر، پێویست بێ تەرجومە بکا و یا گوێ لەقسەکانی ئێمە رابگرێ، بەڵام زۆر خراپ لەکوردی حاڵی دەبوو، ئەگەر جاروبار تەرجومەی دەکرد، ناچار کاك حەمەدەمین بۆی راست دەکردەوە، بەر

لەوەی بەرەسمی وتوویژ دەست پێ بکرێ ئەبو ئەحمەد پرسی: (ئێوە بۆ چی نەتانویستوە پادگانی پیرانشار تەحویل وەرگرن و دەزگای دەوڵەتی لەم ناوچەیە پاك کەنەوە؟).

بەراستی لەو پرسیارە سەرم سووڕما، مەسەلەیکی نهێنی کەدەبوایە تەنیا سکرتێری حیزب و برادەری پێوەندیدار بەو مەسەلەیە بزانێ، چۆن وا سەری لەبەغدا وەدەرناوە و موخابراتی عێراق لەم نەخشە و کەین و بەینە ئاگاداره؟ من تۆزێك ئاگادار بووم کەلەگەڵ ئەفسەرانی پادگانی خانێ کەبەداخەوە پاشان ئیعدام کران، پێوەندی و راوێژ و وتوویژێك هەیە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە گرنگ بوو پێم وانەبوو کەلەکانڵ و لەخەتێکی فرە تەنگ بەر دەردەچێ و لەعێراق پرسیاری ئەوەم لێ دەکەن، هیچ چارم نەما بێجگە لەوە کەبڵێم: (من لەمەسەلەیەکی وا ئاگادار نیم بەڵام ئەگەر شتێکی وا هەبێ، لەوکاتەدا کەئێمە لەوتوێژداین، نابێ کارێکی وا بکرێ، کەرەوەندی وتوێژ تێك بچی).

ئەبو ئەحمەد گوتی: (ئێمە لامان وایە کەئەم وتوێژە بێ فایدەیە و لایەنگری وتوێژ نین، ئێمە نامانەوێ ئێوە لەرژێمی خومەینی خودموختاری وەرگرن.

– بۆچی؟ ئەگەر وتوێژ بەنەتیجەی بگا و دەوڵەتی ئێران پێشنیارەکانی حیزبی دیموکرات بسەلمێنێ و خودموختاری کوردستانی ئێران بەرەسمی بناسێ، بۆ دەبێ قبوڵی نەکەین و رێك نەکەوین؟

– بەچەند دەلیل: یەکەم، ئەم حکومەتە نامێنێ و دەڕوا، ئەگەر ئێوە لەم حکومەتە خودموختاری وەربگرن رژێمێکی دیکە کەدێتە سەر کار ئەو خودموختاریە قبوڵ ناکا و سەرلەنوێ تووشی شەڕ دەبنەوە. دووەم، ئەگەر ئێوە لەم رژێمە خودموختاری وەربگرن ئەودەم لەرێگای خودموختاریەوە نفوزی

یەکێتی سۆڤیەتی دەگاتە سەر سنوری رۆژهەڵاتی وڵاتی ئێمە، ئێمە ناتوانین ئەوە تحمل (دەدەربەرین) بکەین.

کاك فەتاحی کاویان وەدەنگ هات، مەسەلەیەکی ئینگلیزی گێڕایەوە و گوتی: (مانای ئەوەیە کەئێستا ئەو حکومەتە لاوازە ملی بۆ وتوێژ راکێشاوە ئەگەر خودموختاریش بسەلمێنێ قبوڵی نەکەین، راوەستین تا حکومەتێکی دیکەی قەوی تر و ملهوڕتر دێت و باشتر دەتوانێ لێمان بدا و هیچیشمان نەداتێ).

پاشان کابرا گوتی: (ئێمە ئامادەین بەچەند شەرت لەهەموو بارێکەوە یارمەتیتان بدەین و هەرچی بتانەوێ بۆتان ئامادە بکەین و لەسەر هیچ شتێك پەکتان نەخەین).

گوتم: سوپاستان دەکەین، بەڵام پێویستە ئێمەش ئەو چەند مەرجانە بزانین دەکرێ بیانفەرمووی؟

ئەبو ئەحمەد گوتی:

١- لەگەڵ حکومەتی خومەینی وتوێژ کۆتایی پێ بێنن.

٢- نوێنەرێکی دایمی ئێمە لای ئێوە بێ و لەکۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشداری بکات.

٣- نوێنەرێکی ئێمە لەکۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات دابێ.

٤- نوێنەرێکی ئێوە بەدایمی لەبەغدا بێ و لەگەڵ ئێمە پێوەندی بگرێ.

٥- نوێنەرێکی ئێوە لەئەورووپا لەگەڵ باڵوێزخانەی ئێمە لەپێوەندی دا بێ و ئاگاداری و دەنگوباس بگۆڕنەوە.

من دەقی فەرمایشتەکانی کابرام بەعەرەبی یادداشت کرد، بەداخەوە لەوڵات بەجێ ماون کەهەر بەعەرەبی بیانووسمەوە، پاش ئەوەی کەفەرمایشتەکانی تەواو کرد، گوتم:

– بەر لەهەموو شت سوپاسی ئەوە دەکەم کەوا رك و راست بۆ یارمەتی کردن بەحیزبی دیموکرات مەرجەکان نیشان دەدەن، لەسالّەکانی پێشوو حیزبی بەعس زۆر یا کەم یارمەتی بەحیزبی دیموکرات کردووە، بەڵام قەت هیچ شەرت و مەرجی دانەناوە، ئێمە وەك حیزبێکی سەربەخۆ بەمافی خۆمانی دەزانین لەگەڵ هەر دەوڵەت و لایەنێکی کەبەقازانجی بزانین پێوەندی بگرین و وتوێژ بکەین، بەڵام سەبارەت بەمەرجەکانی ئێوە بۆ یارمەتی بەحیزبی دیموکرات، من بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەهەوەلەوە تا ئاخر پێشنیارەکانی ئێوە رەد دەکەمەوە، ئێمە هیچ یارمەتیەك بەشەرت و شروت لەهیچ حیزب و حکومەتێك وەرناگرین.

کاك حەمەدەمینیش بۆ پشتگیری قسەکانی من تۆزێك دوا و کۆبوونەوە کۆتایی پێ هات، کاك فەتاحەکان گەڕانەوە و من لەبەغدا مامەوە چاوەڕوان بووم دایکی کەمال لەبولغارستانەوە بێ و لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە مەهاباد، دوای چەند رۆژ خێزانم هات، مەلا رەحمانی کاژەیی کەشۆفێری حیزب بوو سواری کردین و شەو هاتینە قەڵادزە مالّی کاکە شێخە، بەیانی سوار بووین بۆ حاجی ئۆمەران، بەفرێکی زۆر باری بوو ماشێن دەرنەدەچوو، ناچار لەحاجی ئۆمەران گەڕاینەوە بۆ گوندی ئازادی و چوینە مالّی کاك عەبدولقادری شێخی، بەیانی مالّە کاك عەبدولقادری خوریان دەپەنجەی دایکی کەمال وەرگرت و سوار بووین بەزەحمەت گەیشتینە حاجی ئۆمەران، داوام لەعێراقیەکان کرد ماشێنی ئەرتەشی تا پۆستی تەمەرچیان وەپێشمان کەوێ، ماشێن تا بەرگەر و شینکێ هات و حاسیە بوو، ناچار

گەڕاینەوە، هێندێ پێشمەرگە هاتبوونە حاجی ئۆمەران و دەگەڕانەوە بۆ ئەودیو، جەمەدان و شتومەکیان هەڵگرت و وەک لەوڕەسمانەوە دیارە بەپێیان بەزەحمەت گەیشتینە تەمەرچیان، ئەو رۆژە هێندێ برادەری کوردی عێراقی لەئێرانەوە دەگەڕانەوە و ماشێنیان هێنابوون تا تەمەرچیان، سواری ماشێنی ئەوان بووین چووینە پیرانشار.

دکتۆر قاسملۆ چووبووە نەلۆس لەکۆنفرانسی حیزبی لەناوچەی شنۆ بەشداری کردبوو هاتبوە پیرانشار ئەو رۆژە لەمزگەوتی پیرانشار قسەی دەکرد، کەچووینە مزگەوت پۆتینێکی فرە جوان و باشم هەبوو کاک سەلیمی بابانزادە بۆی کڕیبووم، من پۆتینەکانم دا بەمجێور و گوتم: تکایە لەجێیەکی باشیان دابنێ، کۆبوونەوە بڵاوەی کرد لەگەڵ دکتۆر هەستاین کەبڕۆین، زیاد لەهەموو کەس پۆتینی من نەمابوو، لەمزگەوت حاسیە بووم تا سەید رەسو چوو جوتە کەوشێکی بۆ کڕیم و لەمزگەوت نەجاتیم بوو.

لەپیرانشار تەلیفۆنم کرد بۆ نەغەدە براکانی دایکی کەمال هاتن سواریان کردین و بردیانەوە نەغەدە، من لەگەڵ دکتۆر مامەوە، رۆژی دوایی سوار بووین بەمەیدان بەڵەک دا بێینەوە مەهاباد، لەسەر مەیدانێ ماشێن دەرنەچوون و ناچار بەپێیان چووینە گوندی خەلیفان، ناردمان لەمەهابادەوە ماشێنیان هێنان، جەعفەری کەروبی کەپاشان پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بەناحەق و ناڕەوا شەهیدیان کرد، لەگەڵ چەند ماشێن و پێشمەرگە هاتنە خەلیفە، سواربووین و چووینەوە مەهاباد.

پاشکۆ

گەلاڵەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەبارەی خودموختاری کوردستانی ئێران:

مادەی ١- کوردستانی ئێران لەچوارچێوەی جوغرافیایی ئێراندا سەرزەمینێکە لەبارەی مێژوویییەوە نیشتگەی قەومی کورد بووە و ئێستاش زۆربەی دانیشتوانی لەمیللەتی کورد پێکهاتووە، ئەم سەرزەمینە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی ئوستانگەلی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا دەگرێتەوە.

مادەی ٢- کوردستانی ئێران بەشێکە لەوڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کەپێوەندی قوڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی، هاوپێوەندی نەتەوەی کورد دانیشتووی کوردستانی ئێرانیان لەگەڵ نەتەوەکانی تری دانیشتووی ئێران پتەو کردووە.

مادەی ٣- فەرمانڕەوایی میللەتی کورد لەسەر سەوزی کوردستانی ئێران بەشکڵی خودموختاری لەچوارچێوەی یەکێتی سیاسی، ئابووری و تەواویەتی عەرزی وڵاتی ئێراندا بەڕێوەدەچێ.

مادەی ٤- دەوڵەتی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ دابینکردنی یەکێتی سیاسی و تەواویەتی عەرزی وڵات لەسەر زەوی خودموختاری کوردستانی ئێراندا بەسەر ئەو مەسەلانەی خوارەوەدا دەسەڵاتی دەبێ.

ئەلف- کاروباری بەرگری لەسنووردکان و لەسەربەخۆیی و تەواویەتی عەرزی ئێران لەبەرانبەر پەلاماری بێگانانداو بەهۆی هێزەکانی زەمینی و هەوایی و دەریاییەوە لەلایەن ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێ.

ب- کاروباری سیاسی و پێوەندیەکانی دەرەوە و پێوەندی لەگەڵ کونسوڵگەری دەوڵەتانی بێگانەی جێگیر لەسەر زەوی کوردستانی ئێران لەدەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ج- بازرگانی دەرەوە و گومرگات و سیاسەتی گشتی پێوەندیدار بەم کاروبارەوە لەلایەن ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوەدەچێ.

د- بەرنامە رێژی ماوە درێژی ئابووری کەپێویستی بەسەرمایەگوزاری گەورەوە هەیە، تەنزیم و ئیدارەی سیستەمی پوڵی وڵات لەدەسەڵاتی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ڕوونکردنەوەی ١- لەبواری کاروباری بەرگریدا ئەم ئەسڵە لەبەرچاو بگیرێ کەسەربازخانە و بنیاتە نیزامیەکان پێویستە دوور لەشارەکان و لەسەر سنوورەکان بن و لەژێر هیچ ناو و بیانویەکی نیزامی و هی تردا، ئەرتەش نابێ دەست لەکاروباری نێوخۆی کوردستان وەربدا.

ڕوونکردنەوەی ٢- سەرباز وەزیفەی دانیشتوی سەر زەوی خودموختاری کوردستانی ئێران پێویستە لەپێگە و سەربازخانەکانی کوردستاندا خزمەت بکەن.

ڕوونکردنەوەی ٣- لەئیدارەکانی بازرگانی دەرەوە و گومرگات و بەرنامەڕێژی ماوە درێژی ئابووری و ئیدارەی سیستەمی پوڵی وڵات لەکوردستاندا، دەبێ لەفەرمانبەری کورد کەڵک وەربگیرێ.

مادەی ٥- جگە لەوانەی کەلەمادە (چوار)دا ڕوونکراوەتەوە، تەواوی کاروباری سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران بەبێ هەڵاواردن لەدەسەڵاتی ئۆرگانەکان خودموختاردا دەبێ.

مـادەی ٦- مەجلیسـی میللـی کوردسـتانی ئێـران لەسـەر زەمینـی خودموختـاری کوردستانی ئێراندا، بەرزترین ئۆرگـانی فـەرمانڕەوایی میللـەتی کـورد دەبـێ، ئـەم مەجلیسە هەر دوو ساڵ جارێك لەرێگای هەڵبژاردنی ئـازاد و راسـتەوخۆ و نهێنـی و گشتی تەواوی دانیشتوانی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێردرێ و پێك دێ.

ڕوونکردنـەوەی ١- هـەر پـەنجا هـەزار کـەس لەدانیشـتوانی کوردسـتانی ئێـران نوێنەرێك بۆ مەجلیسی میللی کوردستان هەڵدەبژێرن.

مادە ٧- مەجلیسی میللی کوردستان تەواوی بڕیارنامەکانی نیزامنامـەی نێوخـۆ و هەڵبژاردنی شوراکانی شار و گوند ئامادە و پەسند دەکا.

مادە ٨- مەجلیسی میللی کوردستان بەلەبەرچاو گرتنـی یاسـا گشـتیەکانی وڵات، تـەواوی یاسـا و بڕیارنامـەکانی رێکخراوەکـانی خودموختـاری بودجـەی تایبـەتی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان پەسند دەکات.

مادەی ٩- مەجلیسی میللی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی گشت کاروبـاری سیاسـی، ئابووری، ئیداری، کولتـوری و ئینتیزامـی سـەرزەمینی خودموختـاری کوردسـتان، حکومەتی خودموختاری کوردستان هەڵدەبژێرێ.

مادەی ١٠- حکومەتی خودموختاری کوردستان بەتێکڕایی لەبەرانبەری مەجلیسـی میللی کوردستاندا بەرپرس دەبێ، هەر یەك لەئەندامانی حکومەتی خودموختاریش بەتەنیایی لەبەرانبەر مەجلیسی میللی کوردستاندا بەرپرس دەبن.

ڕوونکردنەوەی ١- ئەندامانی حکومـەتی خودموختـاری کوردسـتان لـەباری پلـە و ڕەسمی ئیداری لەپلەی جێگری وەزارەتخانەکانی حکومەتی ناوەندی دا دەبن.

مـادەی ١١- مەجلیسـی میللـی کوردسـتان مـاف و ئـەرکی هەیـە کەهەلومـەرجی تێکۆشـانی ئـازاد و دیمـوکراتیکی ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـەبواری ئـازادی حیـزب و

کۆبوونەوە و چاپەمەنی و دەربڕین و قەڵەم و بیروباوەڕ و ئایین و ئەنجومەنگەلی دیموکراتیك و مافی مانگرتن لەسەرانسەری سەرزەمینی کوردستان ئامادە بکا و بەسەر ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی چاوەدێری بکات.

مادەی ١٢- بودجەی کوردستانی خودموختار لەلایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە ئامادە دەکرێ و دەدرێ بەمەجلیسی میللی کوردستان و دوای پەسند کردن بەڕێوە دەچێ.

مادەی ١٣- کانگای دابینکردنی ئیعتیباری بودجەی کوردستانی خودموختار بریتییە لە:

ئەلف- مالیات و باج و داهاتی تری ناوچەیی.

ب- بەشێك لەبودجەی گشتی وڵات کەلەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەدرێ بەحکومەتی خودموختاری کوردستان.

مادەی ١٤- جگە لەوەی کەلەخاڵی د- مادە چواردا باسکراوە ئەرکی حکومەتی خودموختاری کوردستانە کەبۆ گەشەکردن و پێگەیشتنی ئابووری سەرزەمینی کوردستان و بۆ قەرەبوکردنی دواکەوتوویی ستەمی میللی، بۆ پێکهێنانی پیشەسازی میللی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پێشکەوتنی کاروباری ئاوەدانی و ئاسایش و خزمەتە گشتیەکان، بەرنامەیەك دابڕێژرێ کە گۆڕانی بنەڕەتی لەژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵکی کورددا پێك بێنێ.

ڕوونکردنەوەی ١- پاش کەمکردنی بودجەی کاروباری دەوڵەتی ناوەندی لەداهاتی گشتی، بودجەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کولتوری بەگوێرەی رادەی حەشیمەت بەسەر ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێ، رادەی دابەشکردنی ئەم بودجەیە بەجۆرێك دەبێ کەبۆ قەرەبوکردنی دواکەوتوویی ئابووری کەبەرهەمی

ستەمی نەتەوایەتیە، بەشی دانیشتوانی ئەم ناوچانە، لەوانە کوردستانی خودموختاریش دەبێ بەهاتنەوە لەگەڵ پلەی دواکەوتوویی ئەوان لەداهاتی نێوەنجی سەرانەی ولاّت زیاتر بێ.

مادەی ١٥– زمانی کوردی لەگشت ئیدارەکانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان زمانی رەسمییە، لەگەڵ ئەوەش کەزمانی فارسی هەروەك هەبوو زمانی رەسمی سەرانسەری ئێرانە بەکوردستانیشەوە.

مادەی ١٦– لەسەر زەمینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا فێر بوون لەگشت پلەکانی سەرەتایی و ناوەنجی و بەرز بەزمانی کوردی دەبێ، بەلاّم خوێندنی زمانی فارسیش لەئاخری سالّی چواری سەرەتایی لەهەموو مەدرەسەکانی کوردستانی ئێراندا ئیجباری دەبێ.

رووبکردنەوەی ١– کەمە نەتەوەکان لەسەر زەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران مافی ئەوەیان هەیە کلتور و نەریتی میللی خۆیان بپارێزن و پەرە پێ بدەن و لەمەدرەسەکانی خۆیاندا زمانی زگماکی بخوێنن.

مادەی ١٧– پێکهێنانی بنیات و ناوچەی فێر بوون و فەرهەنگی و بەرنامە دانان بۆ تێکۆشانی ئەم ناوەندە و بنیاتانە، لەسەر زەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەگشت پلەی سەرەتایی و نێوەنجی و بەرزدا لەدەسەلاّتی حکومەتی خودموختاری کوردستاندایە.

مادەی ١٨– هێزی پێشمەرگە کەدەبنە فەرمانبەری رەسمی حکومەتی خودموختاری کوردستان ئاسایشی نێوخۆ و کاروباری ئینتیزامی کوردستانی خودموختار دەپارێزن.

مادەی ١٩- بەرپرسەکانی ئینتیزامی شار و گوند لەحکومەتی خودموختاری کوردستانی ئێراندا، راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە دیاری دەکرێن و لەبەرانبەر ئەودا بەرپرس دەبن.

مادەی ٢٠- هەموو سالێ ژمارەیەك خوێندکار لەکوردستانی خودموختار بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی هێزی بەرگری سەرزەمینی خودموختاری کوردستان لەمەدرەسەی نیزامیدا دەخوێنن، رێکخراوەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران دەبێ گشت هۆ و دەرەتانی پەروەردە و فێرکردنی ئەم خوێندکارانە ئامادە بکەن و پێداویستی چەك و جبەخانەی هێزی ئینتیزامی کوردستان بەشێوەی پێویست دابین بکەن.

مادەی ٢١- هێزی قەزایی لەکوردستانی خودموختاردا جیا لەهێزەکانی تر بەهۆی دادگا سەربەخۆییەکانەوە بەڕێوەدەچێ.

مادەی ٢٢- دادگاکانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەمەسەلە عورفیەکاندا بەگوێرەی قانونی عورفی سەرانسەری وڵات و بەگوێرەی قانونی پەسند کراوی مەجلیسی میللی کوردستانی خودموختار کەلەسنوری سەلاحیەتی خۆیان دایان ناوە بەڕێوەدەچێ، لەو مەسەلانەدا کەپێوەندیان بەئەحوالّی شەخسیەوە هەیە، بەگوێرەی داب و رەسمی ئایینی داواکاران بەڕێوەدەچن، ئەم قانونە پێویستە لەسەر ئەسڵی حقوقی و لەگەڵ بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ پەیمانی جیهانی حقوقی مەدەنی یەك بگرنەوە.

مادەی ٢٣- لقێکی دیوانی بەرزی وڵات لەسەر زەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران دادەمەزرێ و چاوڕێخشاندنەوەی بڕیاری دادگاکانی کوردستانی خودموختار لەم لقەدا دەسکاری دەکرێنەوە.

رووبکردنەوەی ١- پێڕاگەیشتن لە دادگاکانی کوردستانی خودموختاردا بەزمانەکانی کوردیو فارسی بەڕێوەدەچێ.

مادەی ٢٤- بۆ بەهێزکردنی یەکێتی گەلانی ئێران، جگە لەوەی دانیشتوانی کوردستان وەك ناوچەکانی تری ئێران نوێنەری خۆیان بۆ مەجلیسی شورای میللی دەنێرن ژمارەیەکی دیاریکراویش بەپێی حەشیمەتی کوردستان لەئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندی دا (دەستەی وەزیران و وەزارەتخانەکان) بەشدار دەبن.

مادەی ٢٥- بەمەبەستی ڕێك و پێکی بناخەی خودموختاری و پاراستنی مافی تەواوی گەلانی ئێران (شورای بەرزی گەلانی ئێران) لەناوەندی ولآت پێکدێ و گەلانی ئێران هەر یەکەی نوێنەر بۆ (شورای بەرزی گەلانی ئێران) دەنێرن.

ڕووبکردنەوە- سێ کەس لەنوێنەرانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەلایەن مەجلیسی میللی کوردستانەوە هەلدەبژێردرێن.

مادەی ٢٦- تەواوی یاسا پەسندکراوەکانی مەجلیسی شورای میللی ئێران کەپێوەندیان بەمافی گەلانی ئێرانەوە هەبێ، پێویستە لەشورای بەرزی گەلانی ئێراندا بێتە گۆڕێ و باس بکرێن.

(دەستەی نوێنەرایەتی خەلکی کورد)

پێرست

پێشبار ١١٧٥

گەڕانەوە بۆ سۆفیا ١١٧٩

سەفەر بۆ ئالمان ١١٨٣

بەرەو بێروت و ئێران ١١٩١

مالّی وسێن مەراغەیی ١١٩٨

سەفەری دەستەی نوێنەرانی حیزب بۆ تاران ١٢٠٠

سەفەر بۆ تاران ١٢٠٢

گەڕانەوە بۆ مەهاباد ١٢٠٦

کۆبوونەوەی نەغەدە ١٢١١

تەشکیلاتی شنۆ ١٢١٤

دەرکردنی وەرزێران لەناوچەی ورمێ ١٢١٦

سەفەر بۆ قتور ١٢٢١

شەڕی نەغەدە ١٢٢٣

کۆبوونەوەی حوسنی نیەت ١٢٤٦

کۆبوونەوەی شێخان ١٢٥٦

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری نابەجێ ١٢٦٤

لەگەڵ ماموّستا شێخ عیزەدین و شورای شار ١٢٦٨

سەفەری ماموّستا بۆ تاران ١٢٧٢

پیرانشار و رەببانی شیرازی ١٢٧٥

وەزع بەرەو ئالۆزی دەچوو ١٢٧٨

داوای پاسپۆرت ١٢٨٤
چەکدارکردنی دەرەبەگی کورد ١٢٨٨
هەرای شنۆ و ئەستاندنەوەی چەک ١٢٩٦
شەڕی مەریوان ١٣٠٨
شەڕی ناوچەی ورمێ ١٣١٠
جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ ١٣١٢
پێشنیار و ئیبتکاری خەڵک ١٣٢٤
بۆ ئاشی پشکاوێ ١٣٥٢
گەشتی مەڵبەندی مەهاباد ١٣٦٨
کۆبوونەوەی چوارگا ١٣٨٠
هاتنی خەڵخاڵی بۆ کوردستان ١٣٨٤
پاسەوانی کرماشانی ١٣٩٠
رادیۆی دەنگی کوردستان ١٣٩١
پەیامی خومەینی و وەستانی شەڕ ١٣٩٨
دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ١٤٠٤
سەفەر بۆ بەغدا ١٤١١
پاشکۆ ١٤١٧